
سرنوشت گمشده
LOST
BEGINNING
منتدى إقرأ الثقافي
WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM
Rezgar
رومان
رزگار عیسا سوار

# سلسله‌ی آغاز و پایان
# LAST BEGINNING

Rezgar

رومان

رزگار عیسا سوار

**ناوی کتێب : سەرەتایەکی وون**

**ناوی دانەر : رزگار عیسا سوار**

**پێداچونەوە : هێمن مەهدی نەقشبەندی**

**دیزاین و گرافیکی کتێب : هەڵمەت احمد عەلی**

**چاپ : ٢٠١٣**

**چاپخانەی : ئیماک ئۆفسێت**

**خاوەن ئیمتیاز : رزگار عیسا سوار**

**ژمارەی سپاردن : (٧٣٠) ساڵی (٢٠١٢) بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان.**

ئەم کتێبە مافی لە چاپدانی بۆ دانەر پارێزراوە , بۆ هیچ کەس و دامەزراوەیەک نییە لە چاپی بداتەوە یان لە بەری بگرێتەوە یان وەک دراماییەک , فیلمێک , بەکاری بێنێ بەبێ ڕەزامەندی خاوەن ئیمتیاز و دانەر.

# پێشکەشە بە

# (تـــۆ)

سەفەری بێ گەڕانەوە ..... ١
سایەی مەرگ ..... ٢٨
شەڕی خوێناوی ..... ٥٤
سەرزەمینی دابڕان ..... ٧٠
تاسە بۆ جیهانێکیتر ..... ١١٤
سەرخەوێ لەنێو وێرانەیەکدا ..... ١٤٠
ئامۆژگارییەکەی گوڵستان ..... ١٦٧
لە سەرزەمینی کیسەڵە کۆچەرییەکان ..... ٢٠٦
سیمورغی پیر ..... ٢٣٧
دەریاچەی تەرمەکان ..... ٢٧٨
فرمێسکەکانی پێگەورە ..... ٣٠٧
کۆبوونەوەی نێو شادرەختەکان ..... ٣٣٤
بۆسەیەک لەسەر سنوور ..... ٣٤٨
لە قەڵای هەڤسار ..... ٣٩٥
غونچە گوڵە خوێناوییەکان ..... ٤٥٨
لە زیندانی بندنیاییەکان ..... ٥١٥
سزای بێدەنگی و تووڕەیی ..... ٥٣٢
سەردانێ بۆ زیندانی بندنیا ..... ٥٦٥

پەپوسڵێمانکەی سپی ..... ٦١٩
شمشێری زێڕین ..... ٧٤١

# سەفەری بێ گەڕانەوە

چی ڕوویداوە؟

ئێلندیا بە پەشۆکاوییەوە پرسیارەکەی فڕێدایە نێو دنیای شاژن ڕۆناوە، کە لە ڕەسنی پاک و فریادرەسە، بەهەموو جوانی و زیبای ئەفسونگەرانەیەوە بەنیگەرانییەوە لەبەردەم پەنچەرە کریستاڵییە شێوە بازنەکەی نێو تەلارە پڕ شکۆکەیدا بەرامبەر بەندەری ئاواتەکان لەچاوەڕوانیدا وەستاوە.

لەسەرخۆ وەڵامیدایەوە: بەدەست خۆم نییە، فیکر و خەیاڵم بەرەو سەرزەمینە دوورەکان باڵ دەگرن.

ڕووخساری نغرۆی لە بیرێکی ئاڵۆزدا بوو، لەگەڵ جوانی و شۆخ و شەنگییەکەی لە تابلۆیەکی دانسقەی یەکجار سەرنجراکێش دەچوو. بە تایبەت چاوە سەوزەکانی وەک گەڵای تۆخی دار پرتەقاڵەکان دەدرەوشانەوە، بەژنێکی بڵند و ناسک، پرچ و برۆیەکی قەترانی لەنێو ڕووخسارێکدا نەخشابوو بەڵام پەرێشان و ڕەش بە پێچەوانەی هاوڕەسەنەکانیەوە کە پرچیان سپی و شەبەنگدار، بەسەر شانیدا شۆڕببۆوە جوانیەکی سیحراوی و بێهاوتای پێ بەخشیبوو.

ئێلندیا نیگەرانتر بوو، لە نزیک پەنجەرە گەورە کریستاڵییەکەدا وەستابوو،

که رەنگەکانی لەگەڵ هەر شنەبایەک و تیرۆژێکدا بەشێوەیەکی سحراوی دەگۆڕان، گوتی: شەش سەرزەمینەکەی نورپاشات بەجێهێشتووە، خەیاڵی ئەوە لەباوەشی گرتوویت.

رۆنا تەنیا سەرنجی دووری دەدا و بێدەنگ دەیروانی، ئەویش نەیدەزانی بە چ شێوەیەک شانۆ بێنێتە قسە. ئێلندیا ماوەیەکی زۆر نەبوو گەیشتبووە ئەوێ، لە بەرەبەیانێکدا بەباڵە بریقەدارەکانی لە ئاسمانەوە دابەزیبوو، سەری بۆ نێو تەلارە گەورەکە سوڕاندەوە، دەورووبەری بە پەیکەری باڵندە و گیانلەبەرە ئەفسانەییەکان و مەرمەری سپی پازابۆوە و ئەستوندەکانی دەوری تەلارەکەش بە بەردی ئیمیراڵد و گرانیتی رەنگاورەنگ بە نەخشی سوور و زەرد و شین هەڵچنرابون. ژوور و داڵانی تەلارەکە بە مافووری سەرسوڕهێن درێژدەبونەوە بۆ بن مێز و قەنەفە شاهانەکان و لە گۆشەی هەر کون و قوژبنێکی ئەو تەلارە گوڵدانی گەورە دانرابون و دەستەگوڵەکان بەسەریدا شۆڕببونەوە.

هێشتا وەڵامی ئێلندیای نەدابۆوە، خەمگینانە لە ئاسۆی دەڕوانی و خەم سایەیەکی قورسی لەسەر جەستەی دانابوو، تەماشای دەریاکەی ئەوبەری دەکرد کە شەپۆلەکانی سەرشێتانە هەڵدەهاتنەوە و گیانی کەنارەکەیان دەهاڕی. لەناخەوە ئازار لوولی دەدا و دەیان پرسیاری بێوەڵامیش لەدنیای هزر و خەیاڵیدا دەسورانەوە. بەڵام گەوالە هەورە

سپیپەکان کە مزگێنی نەمەی بارانێکیان دەدا بەپێچەوانەی زەین و مێشکی تێکچڕژاوی شاژن رۆناوە بون، شنەبایەکی فێنک ئارام ئارام ئاسمانی شینی تەی دەکرد و بە بی ئەوەی پەلەی بێت بە هەموو جوانی و سەرنجراکێشی بەهارە رەنگینە پڕ بۆن و بەرامەکەی گوڵ و گوڵزارەکانەوە، هەورەکانی لەیەکتری نزیک دەکردەوە، بەپەنجەی نازەوە تابلۆیەکی بەهاریانەی سەرنجڕاکێشی دەخەملاند، تەژی لە گوڵ و گوڵزار، سیخناخ لە لەنجەولاری پەپوولە.

لەخواڕێش ئەوە چەند رۆژێ بوو سەرزەمینی پیرۆز بەردەوام بێئۆقرەیی دەیخواردەوە. ئەمە سەرەتابوو سەرەتا...سەرەتایەک بەهۆی نادیاریی خۆیەوە وا دەردەکەوت تەواوی ڕوکەش و ڕەنگە جوان و سەرسامبەخشەکانی لەبیرچوونەوە و سەرجەم مانا و دەستەواژەکانی لەنێو ڕاز و نهێنیەکان و نیشانە ئاشکراکانیدا لەدەستدابێ. ئێستا ئەو سەرەتا وونە بەتەواوی مەزنیی و سەرلەبەری حیکمەتیەوە بەهەموو مانا و چەمکەکانیەوە ڕوون و ڕۆشن، چڕوپڕ دەبزوێ و وێنەیەکی زیندوو لە ڕۆژە یادکراوەکانی سەرهەڵدانی ڕووناکی لەگەڕووی تاریکستاندا دەنەخشێنێت.

شاژن هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی: پێدەچێت هێشتا لەم ڕۆژە سەرەتایانەی ڕووناکی، تاریکی و ئاستەنگ و سەرسەختی کۆڵی

نەدابێ.

ئێلندیا سەری سوڕما: بۆچی ئەم قسانە دەکەیت، بەتایبەتی ئێستا کە رۆژ و زەمانی داهاتوو ئاوێزانی ڕەنگە سور و زەرد و شین و کەسکەکان دەبن و لەگەڵ سروشت و چوار وەرزی بەخشراو، ژیان دەخەملێنن، لەگەڵ ئاوازی بولبول وسیمورغ و باڵندە دەنگخۆشەکان، سیمفۆنیای دڵرسێنی سەرزەمین و ئاسمانەکان , مزگێنی ژین رادەگەیەنن.

قسەکانی ئێلندیا هیوابەخش بون. ئاخر مزگێنی...مزگێنی ئەو راستیە شاراوە نییە کە هیچ سەرەتایەک بێ کۆتایی نییە و چ کۆتاییەکیش بێ سەرەتایەکی نوێ نابێ. بۆیە مزگێنی لە ئاسمان و دارستانەکاندا لەدەنگی خۆش و مەستی باڵندەکاندا ڕەنگی دەداوە و هەستێ پڕ لەجۆش، گیان و جەستەکانی دەبزواند. هەر لەبەر ئەوەش لە ئێکەمین ڕۆژی بەهار لە ئاسمانی شیندا شەش مانگ و ئێک خۆر پێکەوە دەرکەوتبون. هەرچەندە هێشتا دنیا ڕووناک و تیرۆژ بە نەرمی پەنجە زێڕینەکانی بەسەر زەوی پیرۆزدا دەهێنا بەڵام ئەستێرەکانی هەفت ئاسمان بەو ڕۆژە ڕوونە چەشنی یاقوت و ئەڵماس دەبریسکانەوە و دەیانویست دوور لە نیگەرانی شاژن ڕۆنا لەساتەوەختە سەرەتاییەکانی لەدایکبونی حەوتەمین سەرزەمینی پاشایەتیدا شایەت عەیانی جەرەیان و دامەزراندنی بەرد بە بەردی ئەو شانشینە نوێیە بن.

بەڵام بێناگا لە کارەسات و پێشهاتەکانی داهاتوو، مەرگ و مەرگەسات ، لەرۆژانی ڕەش و سەردەمی تاریکی و ئاگر و وێرانی و دوکەڵی ڕەش ، لەو کات ساتە کە خۆشی و شادییەکی لەرادەبەدەر بریسکەی خستبووە نێو ڕووخسار و چاوی پێنج ڕەسەنی سەرزەمینە دوورەکان، تاک تاک و پۆل پۆل وەک باڵندەکان بە شێوەیەکی ئەفسوناوی لە ئاسمانەکان و سەرزەمینە دوورەکانەوە هەڵدەفڕین ، ئێستا وەک چەشنی خەزانێکی بەگوڕ، بۆ چیا و کێوەکان لەسەرخۆ شۆڕدەبونەوە و تابلۆیەکی پاییزانەیان پیشانی سروشت دەدەن. هەڵدەنیشتنە سەر زەوی پیرۆز، هەندێکیان بە چنگێک و هەندێکی دیکەیان بەدوو چنگ و سێ و چوار خۆیان لە تاشەبەرد و خاکەکە گیردەکرد. بەڵام هەر لەیەکەم خۆرئاوابوندا باڵەکانیان بریسکانەوە و بونە سەدان پارچەی ڕەنگاوڕەنگ و ورشەداری کریستاڵی، وردە وردە هەڵوەرین و وەک پێشان نەمان. نەیانتوانی چیدیکە بەئارەزووی خۆیان ڕووەو ئاسمان هەڵفڕنەوە. تەنیا ڕەسەنی زیبای دەریاکان نەبێ کە لەناخی دەریاکاندا ئارامیان گرت.

ئێلندیا پێی خۆش نەبوو، شاژن ڕۆنا بەو نیگەرانیە ببینێت، بۆیە لەو ئاڵۆزییە دووری بخاتەوە، خۆی وا نیشاندا کە لەناکاو بابەتێکی گرنگ بە میشکیدا هاتووە، ئەمجارە بە ئارامی گوتی: شاژنەکەم گوێبیست

بوومە کە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شاری ئاشتی و تەبایی، دەبێت لە دارستانەکانی دەوروبەرمانەوە دار و کەرەستەکان بێنن. وەبیرت دێت پێشتر وەک رێسایەک کە لە یەکەمین دەسپێکەوە رێچکە ببەستێ نەدەخوازرا هەرەمەکیانە بکەوینە وێزەی دارستان و جەنگەڵەکان، بەڵکو مۆڵەتمان لە سروشت و ژینگەکە دەخواست.

ئێلندیا راستی دەکرد، گەر داریێک ببڕایە، دەبوو لەجێیدا شەتڵەداریێ یان تۆوی رووەکێک بچێنرایە. بەدەنگێکی بڵند و دڵرسێن، سروودی «سروشت سەرچاوەی ژیانە»یان دەچڕی:

هۆ...هۆ...دارستانی پیرۆز، خاوەن دڵی فراوان و بەسۆز، تۆ شادی و پێکی ژیانت نۆشیوە، رەنگی ژیانەوەی ئاسمانت پۆشیوە، لەئامێزی شنەبای خۆشی و مەستیت، دێ بەڕوومانداعەتری خۆشەویستیت، پێمان ببەخشە، درەختێک، لقێ، داریێ، بەئەمانەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی شاریێ، تا ئەستێرەی شین فەڕی بەسەردا باریێ...

ئیدی کە ئاوازەکە کۆتا دەهات، چاوەڕێی وەڵامی سروشت دەبون. لەوسەری دارستانەوە شنەبایەکی فێنک لەسەرخۆ بەنێو درەختەکاندا گوزەری دەکرد و دەست لەملانێی پەلک و گەڵا و گوڵەکان دەبوو، پێکەوە بۆ ساتێک سەمایەکیان سازدەدا و بۆنی هەڵاڵان هەموو شوێنێکی دەگرتەوە، باڵندەکان بەیەکجار دەیانجریواند و لەم چڵەوە بۆ

ئامازەیەک بوو لە خاکی خۆمانەوە، کە لانە و ئارامگەی ئێمە شوێنێکی نوێیە و خاکێکی تازەیە، سەرزەمینی حەوتەمینی پاشاییە. تا ئەو دەمەی دەنگی شەپوری دووەم دێت، ئیدی زەمین و ئاسمان دەبنە یەک و سەرجەم ئاسمانەکان و ئەستێرەکان لەسەر یەک ئاست و یەک هێڵ دەوەستن، هیچ یەکێکیان لەویتر نەویتر و بڵندتر نابێت، کات بە هیچ شێوەیەک و چ مانایەک و هیچ بونێکی نابێت، پەردە لەسەر کاکڵی راستیەکان لادەدرێن، هەموو پەنهانەکان ئاشکرا دەبن، نەبیستراوەکان دەبیسترێن، نەبینراوەکانیش دەبینرێن. ئەو کاتانە هەر کەسێ بەردێکی سپی وەردەگرێت و ناوێکی دیکە لە جێگەی ناویان دادەنرێ.

نیگاکانی کە هێشتا بە نیگەرانی و چاوەروانی بەرەو بەندەری ئاواتەکان لەنگەری گرتبوو، بێئەوەی بەدەست خۆی بێت، رۆژانی رابردووی وەبیردەهاتەوە. سەبوری ئێلندیا گەیشتە هێڵی کۆتایی و گوتی: ئیتر راستیەکانم لێ مەشارەوە، هەرچی لە دڵتدایە بیدرکێنە، با ئەوانە لە تۆ ببیستم نەک لە کەسێکیتر.

هاورێی خۆشەویست و نزیکی بوو، نەدەکرا لەوە زیاتر لە چاوەروانیدا بیهێڵێتەوە، ئاخر ئەو لە سەرزەمینە دوورەکانەوە هاتبوو، ئاگاداری زۆر راستی نەبوو، لەسەرخۆ هاتە گۆ:

«هۆڵمان»ی گەورە جەنگاوەر لەڕەسەنی مرۆڤ، شان بەشانی

نورپاشا، لەمەترسیدارترین و ناسکترین وەختدا، دوور لە پێشبینی رەسەنە نایابەکان، لە شەش سەرزەمیندا شەپی دژ بە هێزی تاریکی بەرپاکرد، لەکاتێکدا هەموو لەشکرەکانی نورپاشا بەرەو تێکشکان دەچون، ئەو بەشێوەیەکی چاوەروانەکراو سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، خۆ ئەوەت لەبیرە؟

ئێلندیا ئەم پرسیارەی زۆر لا سەیر بوو: ئا زۆر باش لەبیرمە، کەس هەیە ئەم راستییە نەزانێت؟!

- کەواتە لەبیریشت نەچووە، کە نورپاشا ئەو سەرکەوتنانەی هۆڵمانی لەبیر نەکرد، مزگێنی پاشایەتی حەوتەمین سەرزەمینی بێ پاشای راگەیاند؟

- بەڵێ شازنەکەم ئەوەش لای من شاراوە نییە، بەڵام دوای ئەو رووداوە بۆ کارێکی پێویست راسپێردرام بچم بۆ سەرزەمینە دوورەکان، ئیتر پاش ئەوە نازانم چی رووبداوە.

- زۆرباشە کەواتە با من پێت بڵێم، ئەوەی تۆ نایزانی ئەمەیە: کاتێک تاجی فەرمانڕەوایی نرایە سەر هۆڵمان، کە تاجێکی زێڕین و ڕازاوە بە یاقوتی زۆر بچکۆلە بوو، وەک ئامازەیەک بۆ ئەستێرەکان لەگەڵ شەش زمرودی سەرنجڕاکێش کە مانای شەش سەرزەمینەکەی نورپاشا دەبەخشی، هەروەها لە ناوەندی تاجەکەش ئەڵماسێکی بێوێنەی

ورشەداری هەزار رەنگ و بێهاوتا، هێمای حەوتەمین سەرزەمینی پاشایەتی رەسەنی مرۆڤی لە گەورەترین تەلاری نورپاشا کە هەر هەمووی بە شووشەی کریستاڵی و یاقوت و ئەڵماس و بەردە بەنرخەکان چنرابون، بەهەزاران قات لەسەر یەک و سەرسوڕهێنەر سەری بۆ ئاسمانی رووناک دەچوو، پڕ لە ئەستێرەی ئاسمانی بێ هەوری رەش و باران، لەوێ جوانترین و بێوێنەترین رووناهی شەوقی دەداوە، لە ڕێورەسمێکی شکۆداردا و ئاواز و تاڤێن و مەی و دەنگی دڵرسێنی مۆسیقا، بە سەرهەڵدانی ئاگری بۆزیسەوە , وەهوفەڕپانە , ئاوروازیشتە , وازیشتە , سپەنیشتە و ئاگری ناخ و ویژدان وەک پاشای سەرزەمینی حەوتەمین ناسێنرا. مزگێنی پاشایەتی هۆڵمان و ئەم بەخششەی نورپاشا، لەتەواوی سەرزەمینەکانی دیکەدا بڵاوبونەوە. ئیدی فەرمان دەرچوو، چوار لە پێنج پەسەنەکە پۆل پۆل دابەزینە سەر سەرزەمینی حەوتەم، بەجلکە ئاوریشمە سپیەکانیانەوە وەخۆکەوتن بۆ خەملاندنی دەشت و چیا و دۆڵ و نهالەکان و ڕێکخستنی ڕێرەوی روبارە شیرینەکان و دیتنەوەی کانیاوەکان لەناوجەرگەی شاخەکاندا، بەجۆرێ ژیان بەشێوەیەکی سروشتی ڕێچکەی خۆی بگرێتەبەر و کاروبارەکان روون و ڕێکوپێک بن. ڕەسەنی زیبای دەریاکانیش وەک بروسکە گەیشتنە شوێنە دوورەکان. بەڵام ژیان و گوزەران لە ئایندەدا

وا پێناچێ ئاسان بێ، لە هەناوی پاشەڕۆژدا زۆر پرسیاری چڕ و پڕ و گرنگ ئامادە کراون و دوودڵی و گومان لەهەموو شتێک دروست دەکەن، گەلێ پرسیار لەسەر ئامانجی ئەم ژیان و بونە پەیدا دەبێ، کە ئاخۆ بەمەبەستێکی دیاریکراو هاتوونەتە بون یاخود هەروا پرۆسەیەکی سروشتی بێ ئارمانجە؟!

ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا لە نواندنی هەڵوێستێکی کتوپڕدا رووبدا، تەواوی ئاسمانەکان هاتنە لەرزین و رەنگەکانی رووناکی پەرش و بڵاو و خراپ و ناڕێک بەیەکدا دەهاتن، یەک لە جەنگاوەرەکانی ئاگر بەناوی «ئیڤڵۆرد»، لەگەڵ بیستنی ئەم مزگێنیە دڵگران بوو، دڵڕەقی و بوغز گرتی و رویکردە نورپاشا و بوێرانە گوتی:

ئەی پاشای رۆژهەڵات و رۆژاوا. ئەوان بەهەرچی پیسی نێو دەروونیان هەیە، خۆیان و سەرزەمینەکەش بەهەموو بەخشش و موعجیزەکانیەوە بەرەو رۆژگارێکی ڕەش و پڕ کارەسات و ماڵوێرانی دەبەن، پاشایان توشی توڕەبون دەکەن، ئەوان شایانی ئەوە نین و شایستەی ئەوەش نابن...

پێی سەیر بوو کە بۆچی ئێستا بیر لەو قسانە دەکاتەوە. بەڵام نیگای لە گەمەی دەریاکە تێر نەدەبو، کە بە شەپۆلەکانی , کەنارەکەیان لەئامێز دەگرت و بە شنەبایەکی تەپیش سڵاویان بۆ دارستانەکان

دەنارد. لەنێو قوواڵایی تابلۆیەکی وادا، ئاوازی سیحراوی باڵندەکان، دووبارە یادەوەری دیکەی وەبەر زەینیدا دێنا، دوبارە درێژەی بە قسەکانی دا: ئەو دەمەی زۆرینەی پەسەنەکان لە تەلاری مەزنی پاشای نور ئامادەببون، بە ئیڤڵۆرد راگەیەنرا:

سەرزەمینی حەوتەمین کە بێ پاشایە، دەکرێتە دیاری بۆ هۆڵمان کە لە پەسەنی مرۆڤە و دەبێ هەموان سەری ڕێز و ستایش بۆ ئەو بڕیارە نەوی بکەن و وەک پاشای سەرزەمینی حەوتەمین بناسرێ.

وەک ئەوەی بروسکەیەک رایچڵەکێنێت، بێدەنگ بوو هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی و بەغەمگینیەوە گوتی: بەڵام هەرکات ئەوان شوێن دوو قسەی فریودەرانەی ئیڤڵۆرد بکەون، ئەوا بەدڵنیاییەوە حەوت نامەی مۆرکراویان پێدەگا، گەر نامەی مۆرکراوی یەکەم بکەنەوە، سوارۆیەک لەسەر ئەسپێکی سپی، بەخۆی و تیر و کەوانەکەیەوە دەردەکەوێ، گەر نامەی مۆرکراوی دووەم بکەنەوە، ئەوا سوارۆیەک لەسەر ئەسپێکی سور بە شمشێرێکی زەبەللاحەوە لەدوور پا دێ، گەر نامەی مۆرکراوی سێیەم بکەنەوە، سوارۆیەکی تەرازوو بەدەست لەسەر ئەسپێکی ڕەش بەرەو ڕوویان دێت، گەر نامەی مۆرکراوی چوارەمیش بکەنەوە، ئەسپێکی ڕەنگ مردوو سوارۆیەکی شمشێر بەدەستی هەڵگرتووە، شمشێرێکی تینوو بە جەستەی گیانەوەرە

درێندەکان و بڕیاری لەناوبردنیان لەسەرانسەری زەویدا دەدا. سێ نامە مۆرکراوەکەی دیکە، کەس لەدەستیان قوتار نابێ، هەموو بەناو یەکدا دێن و دەچن و لەگەڵ ئاسماندا سەرەوژێر دەبن.

ئێلندیا سەرسام بوو، ترس تەزووی بەجەستەیدا دێنا، دیمەنەکان بەخێرایی بە بەردەمی خاتوو «رۆنا»دا گوزەریان دەکرد، لەسەرخۆ دەستیکردەوە بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان: ئەو دەمە بۆ ڕێزگرتن لە هۆڵمان شای ئێکەمین پاشا لە ڕەسەنی مرۆڤ، سەریان نەوی کرد، بەڵام ئیڤڵۆرد سەری سوڕاند، بەوپەڕی فیز و خۆپەرستییەوە گوتی: من ئەو فەرمانە بەجێ ناگەیەنم، سەر بۆ پاشایەک نەوی ناکەم کە لە ڕەسەنی مرۆڤ بێت.

نورپاشا ئەمجارە، بەپێچەوانەی سروشتی خۆیەوە کە ئارام و سەبور بوو، ئۆقرەی لێبڕا و توڕەبوو و پێیگوت کە چۆن فەرمانی من دەشکێنی؟ بەڵام ئیڤڵۆرد هیچ پەشیمانی و بەخۆداچوونەوەیەک لەچاوانیدا دیار نەبوو، بۆیە نورپاشا پەنجەی هەڕەشەی بەرزکردەوە و گوتی: سزات دەرچوونە لێرە، دەبێت هەر ئێستا ئێرە بەجێبێڵیت و سزای خۆت بنۆشیت.

شاژن رۆنا ئەمجارە ڕوی بەرەو بەندەرەکە وەرگێڕا، ڕەسەنەکان بەیەکدا دەهاتن و دەچوون، گەلێ سەرجەنجاڵ بون، وردە وردە

سوارۆ و گالیسکەکان بۆ رۆیشتن تەیار و ئامادە دەبون، پژانە نێو شەقامەکانەوە و رێی دیاریکراوی خۆیان گرتەبەر. شارە تازە دروستکراوەکە لە شارەهەنگ دەچوو، کۆڵان و شەقامەکانی رێک یەک بەدوای یەکدا بونیات نرابون، لەهەموو دەسپێک و کۆتایی شەقامێکدا ستونێک راگیرکرابوو، تۆپێکی کریستاڵی رەنگاورەنگیشی لەسەر دانرابوو. زۆرینەی دەرگا و پەنجەرە و کەلوپەل و پێداویستییەکان لە ئاسن و پۆڵا هاتبونە دروستکردن، پۆتەکەکان بەردەوام لێرە و لەوێ زرینگەیان دەهات، ئەوە نیشانە بوو کە کارێکی بەردەوام لەو شارەدا ئەنجام دەدرێ. هەندێ لە جامەکان شوشە یان کریستاڵ بون، شکاندنیان بۆ نەبوو، پەنجەرەی ماڵانی نێو شار هەموو لەو جۆرە بون، نەخشێکی تەواو نایابیان دابووە شارەکە، ئەو دەستوپەنجە بەهرەمەندەی شارە نوێیەکەی هێندەیتر جوان و رازاوە کردبوو، لە رەسەنی دەسترەنگینەکان بون. رەنگە ئەوەی سەرسوڕهێنەری ئەم سەرزەمینەیە نوێیەی زیاتر وەڕوو دەخست، پەنجەرەی ماڵەکان بێ، گەر بەهەڵە لەلایەن کەسێکەوە بشکایە، دووبارە پارچە ورد و خاشکەوتووەکانی بەشێوەیەکی ئەفسووناوی یەکیان دەگرتەوە وەک ئەوەی هیچ نەشکابێ. خانووەکانیش هەمان تایبەتمەندییان وەرگرتبوو، هەموو شتێ بەوردی لەشوێنی خۆی بونیاتنرابوو، ئەوێ

سەرزەمینێکی سەیر و سەمەرە و سەرسوڕهێنەر بو. دوایەمین کەشتی لەچاوەڕێی فەرمان و ڕێنماییەکانی شارۆندا لەنگەری گرت، بەڵام هێشتا وتە ئازاردەرەکانی ئیفلۆزد زەینی بەجێ نەدەهێشت کە هاواری دەکرد: من لەسەرزەمینی بێ پاشا بەبێ ئەوەی کەس ناچار بکەم و لەسەریان بسەپێنم، تەنیا وەک ڕەشەبایەک لەنێوانیاندا دەسوڕێمەوە تا بگەنە ئاستێ دارستانەکان بسوتێنن، دەریا و ئوقیانوسەکان سور و خوێناوی بکەن، بێگەردی لە ئاسمان بتۆرێنن ، ویژدان و هەست لەناخیان بار بکات.

ڕۆنا زیاتر خەم یەخەی دەگرت. ئەوە هەستێکی نوێ بوو لای ئەو. پێشتر هەرگیز شتێک لە هەناوی ئەودا نەبوو بەناوی نیگەرانی و خەم. بەدرێژایی هەزاران ساڵی تەمەنی ئەو جۆرە ڕەسەنە لە سەرزەمینەکانیتر، نەبیستووە کەوا هەستێکی لەو جۆرەی ئێستا لەنێویاندا دەرک پێکراو بووبێت، بەرامبەر بەخۆی سەرسام ببوو. ئەمە یەکێ بوو لە کاردانەوەکانی سروشتی سەرزەمینی حەوتەم بەسەر گیان و جەستەی خاوێن و ڕۆشنی ڕەسەنە تازە هاتووەکانەوە. پێدەچوو ڕۆح و جەستەیان لەگەڵ ڕەنگ و چوار توخمەکەی ئەو سەرزەمینەدا ئاوێزانی یەکتر بوبن، ئیدی هەستەکان لەدەمار و پێکهاتەی جەستەیاندا کارلێک بکەن، بەبێ ئەوەی ڕەسەنایەتی و ناخیان گۆڕانکاری بەسەردابێ.

هەواڵی گەشتنی «ئیڤڵۆرد» بۆ سەرزەمینی حەوتەم، لەنێو ڕەسەنەکاندا تا دەهات نزیکتر دەبۆوە، بەڵام گرفتەکە لەوەدابوو، کەس شوێنی سەقامگیربون و گیرسانەوەی نەدەزانی و کەسیش ئاگادار نەبو، کە نەخش و ڕێوشوێنەکانی لەکوێوە دەست پێدەکات. بۆیە درێژەدان بەکارەکانیان بەبێ بیرکردنەوە لە»ئیڤڵۆرد» لە ساتەوەختە مەحاڵەکان بوو.

ڕۆنا سەرجەم ئەو سەرگوزەشتانەی بە قورسی بەڕێدەکرد، چاوەروانی ڕۆژگارێکی سەخت بوو، شەن و کەوی ململانێکان بە کردنەوەی دەروازە گەورەکەی پشتەوەی کۆتا هات. چوار ئافرەتی گەنج لەڕەسەنی پاک و فریادڕەس، بەچاوە شین و پرچە سپی و بەژن بڵند و بەرگە ئاوریشمیە ڕوونەکەیانەوە هاتنە ژوڕێ و هەریەکەیان سندوقێکی کریستاڵی شەبەنگییان لەبن هەنگڵدا بوو، پیاوێکی چاو ڕەشی قژ درێژ لە پێشیانەوە بەچەند شەقاوێک لە شاژن ڕۆنا نزیکبۆوە، گۆچانێکی دار لەدەستی ڕاستیدا ئارامی گرتبوو، هەر لەدەسکە چەماوەکەیەوە تا نوکەکەی، بە زمانی دێرینی سەرزەمینەکانیتر، چەندین وشە و پیتی لەسەر هەڵکۆڵرابوو، کە پتر شەقڵێکی نهێنی و تەمومژاوی بە گۆچانەکەوە بوو. شاژن ڕووخساری وا دەردەکەوت کە دەمێکە هەر چاوەروانی ئەم میوانانەیە، بۆیە بەڕەو ڕوبان هات و بەوردی نیگای

خستبووەسەر چوار سندوقە کریستاڵییەکە، کە بەرهەمێکی نایاب و نەخشێنراوی دەستی کارامەی سەرزەمینەکانیتر بوو.

شاژن باشتر لە سندوقەکان وردبۆوە، ئەوجا رویکردە پیاوە چوارشانەکە و بەدەنگێکی ئارام گوتی:

ئەمانە چوار بەرهەمە نهێنیە بەنرخ و پایەدارەکەی سەرزەمینەکانی دیکەن، کە نە لە پێشچاوان بونە و نە زانراویشە بۆ سەرزەمینی حەوتەمی بێ پاشا دەهێنرین، یەکێ لە نهێنیەکان ناوی رۆژهەڵاتە و لەسەرزەمینی پیرۆز لەجێیەکی نهێنیدا دەمێنێتەوە، سیانەکەی دیکە ناوەکانیان باکور و باشور و رۆژاوان، لە سێ شوێنی ئەم سەرزەمینە نایابەدا هەڵدەگیرێن و لەشوێنێکی نهێنیدا بۆ رۆژێک لە رۆژە چاوەروانکراوەکانی مرۆڤ دەپارێزرێن. ئەم گۆچانەش بەفەرمانێک دەدرێتە دەست شوانێکی شایستە، لە رۆژی بهێنفەدانی کە تاتەبەردەکان بەرۆفاژی دەبن، و بۆ ژین و ژیان راستی و دروستی دەستنیشان دەکەن و رۆح بە ئیلهام دەخەملێنن و جەستە بە پاک و خاوێنی لە سەری چیاموسەکان بۆ ئەوەی دەریای پێبکاتە دوو بەشەوە و سەرزەوی و بن زەویش بدورێتەوەو بە یەکتری بگەیەنێ تا دەرگای چینەکانی دونیای بن زەوی بەسەر ژێرزەمینیەکاندا دابخات و چیدیکە نەتوانن بکەونە سەر زەوی..

کەمێ بێدەنگ بوو، حەزی نەدەکرد ئەو قسانە بکات، بەڵام ئەوە ڕاستییەک بوو کە هەر دەبوو دانی پێدا بنێ: ئەگەر ڕەسەنی مرۆڤ لەو ئەرکە سەختە سەرکەوتو نەبن، ئەوا قسەکانی ئیڤلۆرد دێتەدی و لەنێو تاریکستاندا سەرگەردان دەبن، ئێستا سێ کەشتی لە بەندەر چاوەڕێن. گۆچانەکەش دەدرێتە دەست سوارۆیەکی نەناسراو کە بیباتە دوورترین خاڵ.

پیاوە قژ ڕەشەکە بەڕێزەوە سەری نەوی کرد، دەیزانی کە کەم کەس لە هێنانی چوار سندوق و گۆچانەکە ئاگادارە، وەخۆکەوت تا بەرەو بەندەر بڕوات و لەوێ سندوقەکان بداتە دەست ڕێبەری کەشتیەکان و بیانگەیەنێ جێی دیاریکراوی خۆیان.

پیاوە قژدرێژەکە..کە تاڵەکانی شۆڕبوونەوە بەسەر شان و ملیدا لەگەڵ چوار کچەکە، چەند وشەیەکیان لەزاری شاژنەوە بیست کە مانایان بۆ ئەوان جێی تێگەیشتن نەبوو، شیکردنەوەیەکی دروستیان بۆ شک نەدەبرد و بە خودی ئەو شتانە نامۆ بون، ئیدی پەیڤەکانی شاژن ڕۆنا بۆ ئەوان هەر بە ڕاز و تەمومژاوی مانەوە، بۆیە بەڕێزەوە گوتی: گەورەم ئێمە لە سەرزەمینەکانی خۆمان ئەو شتانەمان نەبیستووە کە باستکرد، بەڵام ئێوە زانان و باشتر لەئێمە ئاگادارن، بە فەرمانی نورپاشا ئەو فەرمایشتەتان بەزماندا هاتووە، ئیدی هەر ئێوە لەئێمە

باشتر دەزانن و لەحیکمەت و پاشەرۆژیان ئاگادارن و دەزانن چ دەگوزەرێت. ئەو ئەمانەتانە یەکەمین جارە دەیانبینین و نازانین چین و بۆ چ مەبەستێکیش بەکاردێن، ئەگەر فەرمایشتێکتان نەبێت رێگەمان بدەیت بەڕێدەکەوین، تا بیانگەیەنینە کەسانی خۆیان و لە رۆژی خۆیدا بکەوێتە دەست ئیلهام پێدراوەکان، چونکە تەنیا ئەوان هەر ئەوان و بەس لەکاتی بێدەنگییاندا بە زیکر سواری ئەسپی خەیاڵ دەبن و دەگەنە سەرزەمینی پاشایی سروش و نادیار.

ئاوازێک دوور لە جڵەو و دەسەڵاتی خۆی، هاتە سەرزاری و درێژەی بەقسەکانی دا: شین و شین و شین سوارچاکی ئەسپی خەیاڵ، میوانی بەردەوامی سەرزەمینی پاشایی سروش و نادیار، لەشینی تۆ شین شینە بەڵام، شینی تۆ شینی سروش و رێزە، چونکە گۆچان بەدەست لەسەرزەمینی نادیار و سروش، پێشەوا و پشتیوانە.

شاژن دڵنیابوو کە پاشەرۆژی ئەم چوار سندوقە کریستاڵییە نازانێ و زەینیشی بۆ هیچ شتێ نەدەچوو: بەڕێزان منیش نازانم، بەڵام هێڤیدارم سەنگی ئەم چوار سندوقە بزانرێ و لەکاتی خۆیدا لە هۆڵی «ئێکبون» ببنە یەک. نووکە فەرمون با کات بەهەدەر نەچێت، لە بەندەر چاوەرێتان دەکەن، بەڵام تکایە با کەس سندوقەکان نەبینێت. ئەوجا رووبکردە پیاوە قژرەشەکە: لە بەندەر سوارۆیەکی نەناسراو

لەسەر ئەسپێکی سپی روخساری داپۆشیوە، عەبایەکی خاکی جلکە ئاوریشمیە سپییەکەی دەشارێتەوە، ئەو چاوەڕێت دەکات، لەگەڵ بینینی بەبێ هیچ قسەیەک گۆچانەکەی رادەست دەکەیت.

یەکێک لە کچەکان لە شاژن هاتە پێشەوە و بەئارامی سندوقەکەی سەردەستی بۆ درێژ کرد، رۆنا ئاگاداری هێز و توانای ئەو سندوقە بوو، بە هەردو دەستی ئەمانەتەکەی لێوەرگرت و کچەکە پشتاوپشت کشایەوە:

- دەستخۆش.

ئامارۆیەکی بۆ ئێلندیا کرد کە تا ئەو کاتە بە سەرسامییەوە لێیدەروانین، ئەویش چووە پێشەوە، شاژن دەمی لەگوێی نزیککردەوە، لەسەرخۆ چەند ڕستەیەکی بەگوێیدا چپاند، کە هاوەڵەکانی بەهیچ کلۆجێ گوێیان لێنەبوو، ئێلندیا بەگوێبیستبونی ئەو قسانە ڕەنگی تێکچو، بەئارامی گەڕایەوە دواوە بۆ لای پیاوە چوارشانەکە.

هەر چواریان لەگەڵ ئێلندیا ڕوەو دەرەوەی تەلارەکە بەڕێ کەوتن، پێش ئەوە عەبایەکی دیکەی سپیان دا بە شانیاندا و سندوقە کریستاڵیەکانیان لە ژێریدا حەشاردا.

شاژن سندوقەکەی بەدەستەوە گرتبو، دووبارە سەرنجی دەدا، بەرەو لای پەنجەرە کریستاڵییەکە چوو، دەیڕوانیە چوار نێردراوەکە،

که هەریەکەیان رووەو کەشتییەک هەنگاوی دەنا، پیاوە گۆچان بەدەستەکەش لەنێو ئاپۆرەی بەندەردا چاوی بۆ سوارۆی نەناسراو دەگێڕا.

بەندەر لەنێو قەرەبالّغی ڕەسەنە جۆراوجۆرەکاندا وەک دەریاکە شەپۆلی دەدا، بە رووپەکی گەشەوە بەیەکدا دەهاتن و دەچون، کەشتیەکانیان لەمیوە دەئاخنی و کەلوپەل و پێداویستیەکانی خۆیان لەسەر گالیسکەکان دێنایە خوارەوە و بەرەو کەشتیەکانیان بەڕێدەکرد.

ڕەسەنی پاک و فریادرەس بالّایان نۆ بست و ئارام و ناسک بون، تووڕەبون و هەڵچوون لای ئەوان مانای نەبوو. بە پارچە ئاوریشمێکی سپی جەستەی خۆیان دەپۆشی. خواردنی سەرەکییان گوڵە جۆراوجۆرەکان بوو لەگەڵ هەنگوین. یاوەرەکانیان ئەژدیهای سپی و هەڵۆ و پەرەسێلکە و ئەسپە سپییەکان بون. بەردەوامیش لە ڕێڕۆیشتنیاندا جنە بچکۆلەکان هاوەڵیان بون و لێیان جودانەدەبونەوە.

ڕەسەنی دەستڕەنگین و پێکراوەکان بالّیان هەشت بست دەبوو، پرچێکی زەردی درێژ بریسکەی دەهات، لە تیشکی خۆر دەچوو، چاوەکانیان سەوز و پرشنگدار. جلکی ڕەنگاڵەییان دەپۆشی، زیاتر ڕەنگی قاوەیی و سەوزیان دەپۆشی. خواردنی سەرەکیان میوە بوو، بەتایبەتی زۆر حەزیان بە سێو و جۆرەکانی هەبوو. ئەمانە بەپێچەوانەی

ڕەسەنەکەی پێشووەوە بون، توڕەبون و هەڵچونیان هەبوو، زۆر بزۆز بون، بەڵام دەستڕەنگینیان نکوڵی لێنەدەکرا، ئیشکەربون بەرادەیەک ئەو کارەی بە بونەوەرەکانی دیکە نەدەکرا، بەدەست ئەوانەوە زەلیل دەبو، هەروەها تایبەتمەندییەکی تریان پەی بردنیان بوو بەنهێنیەکان، کە بەهیچ کلۆجێ لە نک ئەوانەوە دزەی نەدەکرد و بە نهێنی دەمایەوە. هەر ئەوانیش دەیانتوانی لە چاوتروکانێکدا خۆیان بزر بکەن و دوبارە بێنەوە پێش دیدە. هاوەڵ و دۆستی سیمورغ و ئینکس و لینگ تیرۆک و زرنانوک تووڵایت و دێوە سەوزە بیست بستیەکان و ئەسپە سور و ڕەشە فریسەکان بون.

ڕەسەنی پیتۆڵ و زاناکان باڵیان لە هەشت بست تێناپەڕێ، پڕچ و چاویان ڕەش و ڕوومەتیان گەش، زۆر بەهێز و لێو بەخەندەن، فرە حەزیان لە جلوبەرگی زەرد و سور و ڕەشە، تڕێ و زەیتوون و خورما لە خۆراکە بەچێژەکانیانە. ڕەسەنی جوان و سەرنجڕاکێشەکان ڕەنگی پرچیان خورماییییەکی درێژی پەلک پەلکی پەخشان بەسەر شان و چاو هەنگوینیەکی بریسکەداری سەرنجڕاکێش بون، بەردەوام جلکی مەخملەڵی ڕەش و قاوەییان دەپۆشی، گەلێ قسەخۆش و جوان بون. خۆراکی سەرەکی ئەمانیش هەنار و پرتەقاڵ و نارنج بوو. بەڵام ڕەسەنی زیبای دەریاکان پرچیان مەیلەوشینێکی ئاسمانی

و چاویشیان هەر هەمان رەنگ بوو، بەهۆی جلکە شینەکانیانەوە تەواو بە دەریا دەچوون، گەلێ بەناز و لێزان و زیرەک بون، بەدەنگە ناسکە بزوێنەرەکانیان دەچونە هەموو شوێنێ، لە سەرزەمین و لە جێگە ئاوییەکانیش دەژیان و هاوەڵی ئەسپە دەریاییەکان بون. ئەمان تەنیا رەسەنێکی گۆشتخۆر بون، بەڵام گۆشتی ئاژەڵە ئاوییەکان، هەر لەبەرئەوەش بوو ددانەکانیان تیژ وەک ئاژەڵە گۆشتخۆرەکان وابوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو رەسەنەکان حەژیان بە شیر و بەرهەمەکانی بوو، بەو هۆیەوە مەڕ و ماڵات بەخێوکردن و کشتوکاڵ، یەکێ بوو لە ئەرکە پیرۆزەکانیان. بەگشتیش شەراب و مەیان دەخواردەوە، بەڵام هەرچەندێکیان بخواردبا، مەست نەدەبون.

هەر پێنج رەسەنەکە خاوێن و بێگەرد، ژیانێکی هەتا هەتایی دەژیان و مەرگ لەسەر ئەوان هەڵگیرابوو. زمانی سروشت و ئاژەڵەکانیان دەزانی و لەگەڵیاندا پەیوەندی هاوەڵانەیان بەستبو، سەرباری ئەو هەموو هێز و توانا شاراوەیە، ئایندەبین نەبون و چاوی دەروونیان هێندە رۆشن نەبوو، کە بەرەو قووڵایی زەمەنێکی پاشتر بڕۆن، دیاربوو هێشتا کلیلی سەرزەمینی پاشای سروش و نادیاریان پێنەدرابوو، ئەو کلیلانە بەبونەوەرێکی تاج بەسەر لە رەسەنی مرۆڤ دەدرێ، کە شایانی بێت. لەگەڵ ئەوانەشدا ئەم بونەوەرانە توانایان هەبو، ئاگر لەسەر ئاو و روبار

و دەریاکان هەڵگیرسێنن، یان ئاگری بێ دووکەڵ لەهەر کات و ساتێکدا ئارەزوویان کردبا، بە ویستی خۆشیان دەیانتوانی لەچاوتروکانێکدا لەبەر دیدەی بزرکەن و تەنیا گەردەلوولێکی بمێنێت. بینایان تا دوورییەکی زۆر بڕی دەکرد، هەروا بشیانویستایە گیانی خۆیان لەگەڵ سیمورخ و هەڵۆ و ڤینکیسەکان ئاوێتە دەکرد و لەچاوی ئەوانەوە هەموو شوێنێکیان دەدیت، کە ئەو باڵدارانە بەسەریدا دەسورانەوە. ئەمە جگە لەوەی گوێبیستی هەموو قسە و گفتوگۆیەکی غەیرە رەسەنی خۆیان بون، چ لە زاریان بهاتایە دەرێ یان لەدڵ و هەناوی خۆیاندا بیانگوتبا. ئەم بونەوەرانە کە حەوتەمین سەرزەمینی بێ پاشاییان هەڵبژارد، دیاری گەورە کە لەلایەن پاشای نورەوە پێیان دەدرێ، نیشتەجێبونیانە لەسەرزەمینێک کە هەڵمژینی هەواکەی و تێکەڵبونی بەخوێن، هەستێ نوێ دێنێتە ئاراوە کە پێیدەڵێن خۆشەویستیی. ئیدی دەتوانن بەخۆشەویستییەکی پاکیزانە جوتی خۆیان ببینن‌ەوە و ببن بە خاوەن ماڵ و منداڵ، دەتوانن خەمخۆر و خۆشەویستی یەکدی بن، لە بەخششەکانی سەرزەمینی حەوتەم چێژ وەرگرن، هەست بە بەختیاری و شادمانی بکەن. هەرچەندە پێنج رەسەنەکە لەجۆر و ڕەسەنی جۆراوجۆر بون، هەندێکیان پلە و پایەی جیاوازیان هەبو، بەڵام کاتێ دابەزینە سەرزەمینی حەوتەمین، تەنیا خۆشەویستی

هەمویانی کۆکردەوە و تەواوی ئەو جیاوازییانەی نەهێشت کە لەنێوان ڕەسەنەکاندا هەبو، ئەڤینداری هەمویانی یەکخست. بەوشێوەیە لەنێو ڕەسەنەکان پلە و پایە نەما، مەرج نییە پاشازادە حەڵاڵزادەش بێت ئەوان تەنیا لەکردار و ڕەفتار و پێندارەوە یەکترییان دەخوێندەوە.

ڕەسەنەکان هێشتا ماوەیەکی کەم بو دابەزیبونە سەرزەمینی حەوتەم، بۆیە هیچ یەکێکیان ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخسابوو خێزان پێک بێنێ و بەمندااڵ بەهرەمەندبن، ئەوە سەرەتابوو تەنیا پێنج ڕەسەنەکە دەبینران و چ زارۆکێک لەو نێوەندەدا نەبوو.

لەبەندەر و نێو شاریشدا، بێجگە لە پێنج ڕەسەنەکە، بەسەدان نێر و مێی کورتەباڵا بەجلوبەرگی ڕەنگاورەنگەوە دەسوڕانەوە. شەرواڵێکی فراوان تا بە ئاسانی شەقاو بهاون، لەگەڵ شاڵێک بەدەوری کەمەریاندا هاتبۆوە. کڵاوەکانی سەریان نووک تیژ و درێژ، تۆشەبەرەیەکی گەورەش لە بەرگە دارێکی گەورە و بەرین، لە پشتیان تووند کردبوو، دیاربوو کە کەلوپەل و پێداویستییەکی زۆریان هاوێشتبووە نێوییەوە. بێجگە لە تۆشەبەرەکەش، چەکوش و بێرکە بە شەرواڵەکانیاندا شۆڕببونەوە، کاتێکیش هەنگاویان دەنا دەنگی قۆری و پیاڵە و دەستەباشی دەهات. کورتە باڵاکان هێز و توانایەکی لەرادەبەدەر جەستەی پێکهێنابون، دەیانتوانی ئەو هەموو شتانە لەپشتی خۆیان ببەستن. بەکۆمەڵ بەرەو

کەشتیە دەستنیشانکراوەکان قەتارەیان بەست. پێدەچوو ئەوان بۆ چیاکان بچن و لەنێو ئەشکەوت و دۆڵ و نشێوەکان ئاکنجی بن، لەوێشەوە بەشوێن خەزێنە شاراوەکاندا بگەڕێن و سەرزەوی زیاتر پێ دەوڵەمەند و ڕازاوە بکەن.

لەو نێوەدا جنەی بچکۆلە کە ڕوخساریان لە ڕەگەزی مرۆڤەوە نزیکبوو، بەڵام گوێیەکانیان تیژ و لە نووکەکەیەوە شاخێکی تیژ و سپی دەرهاتبوو، چاویان شین و سەوزی گەورە بوو، بۆ ڕواندنی گوڵە بۆنخۆشەکان لەگەڵ مێشە هەنگوینەکان لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر هەڵدەفڕین و شان بەشانی پەپۆسڵێمانکە و پەلپەلیتانەکان ئاوازی سروشتیان دەچڕی، هاوکات خۆشیان لە قەلەڕەشەکان دەپاراست.

سێ کچە سندوق هەڵگرەکە بێ ئەوەی هەستیان پێبکرێ، لەنێو ئاپۆرەکەدا لەیەکتری جودابونەوە و هەریەکەیان بەرەو کەشتیەک بەڕێکەوتن کە شێوەیان سادەتر و بچوکتر لە کەشتیەکانیتر بو، چ پەرچەمێکیان بڵند نەکردبۆوە، بە ئارامی سواری کەشتیەکان بون، دیاربوو نەیاندەویست بناسرێن و چاویان لەسەر بێت، بە هێمنی بەرەو هۆبەکان چون و بۆ ماوەیەک لەپێش چاوان بزربون. بەڵام زۆری نەبرد لە کەشتیەکان دابەزین و لەنێو ئاپۆرەکەدا دووبارە خۆیان بزر کردەوە، پێدەچوو سندوقەکانیان ڕادەستی کەسانێک کردبێ، کە بەرەو

شوێنێکی نادیاری ببەن و بەنهێنی بمێننەوە تا رۆژی خۆی دێت.
سێ کەشتیەکەکە کەوتنە جوڵە و لەسەرخۆ شەپۆلەکانی دەریایان بڕی و هەریەکەیان بەرەو رۆژاوا و باکور و باشور سورانەوە.
پیاوە گۆچان بەدەستەکەش لەپاش ماوەیەکی کورت، خۆی بزر کرد و دواتر بەبێ گۆچان گەڕایەوە. شاژن رۆنا لەدوورەوە سەرنجی دەدان، وردە وردە لەپێشچاوی بزر بون. ئەمجارە دەرگا لە پشتیەوە کرایەوە و ئافرەتێ لەرەسەنی پاک و فریادرەس خۆی کرد بەژوردا و لەسەرخۆ گوتی: شاژن.. کەشتیەکان چاوەڕێی فەرمانی بەڕێزتان دەکەن.
شاژن هێشتا سندوقەکەی بەدەستەوە بوو، چاوی هەر لەسەر ئاپۆرای بەندەرەکە کەل نەکردبوو، بەبێ ئەوەی رووی وەربگێڕێ: شەپوری وەڕێکەوتن لێبدەن.
کچەکە سەری نەوی کرد و پشتاوپشت گەڕایەوە.
دەنگی شەپور بەرزبۆوە، کەشتیەکان چارۆگەکانیان کرانەوە و لەنگەرەکانیان ڕاکێشایەوە و ورد ورد لەگەڵ بایەکی فێنکدا سنگی دەریایان شەقکرد، ئاسمانیش دوبارە هەورەکانی ڕێکدەخستەوە و لەسەرخۆ بە نمە بارانێک ماڵئاوایی سەفەری نادیاریان لێکردن.

# سایەی مەرگ

بۆ هەندێکیان چەند چرکەیەک، بۆ هەندێکی تریشیان چەند رۆژ و مانگ و ساڵ تێپەڕیبوو بەڵام ماوەی ڕۆیشتنی کەشتیەکان بۆ سەرزەمینەکانی دیکە، کاتێکی زۆری برد و هەواڵ گەیشت کەوا کەشتیەکان بەشێکیان بەبێوەی و سەلامەتی گەیشتوونەتە جێی خۆیان و تێیدا نیشتەجێ بون، چەندین دەریا و زەریایان بڕیوە و هێشتا بەشێکی دیکەشیان بەردەوامن لە گەڕان و دیتنەوەی شوێنی نوێ.

دۆخی ژیان لە ئەستێرەی شیندا شەقڵی ئاسایی خۆی وەرگرت، ئیتر ئەستێرەکانی ئاسمان لە ڕۆژدا نەدەبینران، شەش مانگەکە بزربون و تەنیا مانگێک لە ئاسماندا مایەوە کە شەوانە وەک چرایەکی گەورەی ڕۆشن بە تەختی ئاسمانەوە ڕووناکی دەبەخشیە زەوی. لەسەرخۆ بەردەوام باران دەباری، بۆیە دارستانەکان سەریان لە ئاسمان دەدا و گوڵ و گوڵزارێکی چڕ سەرزەمینی داپۆشیبوو. یەکێ لەو شوێنانە سەرزەمینی پاشای دارەکان بوو، کە درەختەکانیان بەردەوام بەرزدەبونەوە و دەیانویست هەورەکان لەباوەش بگرن.

هەموو سەرقاڵ و مژیل بون، هیچ کەسێک هەواڵێکی لەبارەی ئیڤڵۆرد نەدەزانی، بەتێپەڕبونی کات تەواوی بەسەرهات و سەرگوزەشتەکانی

لەبیر پێنج ڕەسەنەکان چوبۆوە، ئەو کاتانە هێشتا دڵەڕاوکێ و ترس و دڵتەنگی و بێزاری لە دەروونیاندا لانەی نەکردبوو، تەنانەت گەر هەشبوایە بەلایانەوە نوێ بوو، نەیاندەتوانی وەسفی تەواوی بکەن یاخود لەبارەی بکۆڵنەوە.

ئەرکە دەستنیشانکراوەکان ڕوو لە کۆتایی دەهاتن، هاتنی هۆڵمان پاشاش نزیک ببۆوە، سەرباری ئەو ئارامییەی باڵی بەسەریاندا کێشابوو، دواتر جۆرێ لە چاوەڕوانی و دوودڵییەک لە ڕوخساریاندا پەیدابوو. جار بەجار کەسانێ لە ڕەسەنی پاک و فریادڕەس و ڕەسەنی پیتۆڵ و زانا و دەستڕەنگین و پێکراوەکان ئەرکەکانی خۆی بەجێدەگەیاند و لەسنوری سەرزەمینی خۆیان کەمێک دووردەکەوتنەوە، بەڵام چیدیکە نەدەگەڕانەوە و هیچ شوێن پێ و سۆراغێکیان نەدەما، ئەوە چەندین جار بوو کەسانی دیکەیان بەشوێندا دەناردن، کەچی ئەمانیش وەک ئەوانی پێشو، لەپێشچاوان ون دەبون و نەدەبینرانەوە.

ئەمە دیاردەیەکی ئاسایی نەبوو، ئەوانەشی کە ئاگاداری بزربونی کەسانێک بون لە یاوەران و دۆستانیان، سەرەتا بێدەنگییان لێدەکرد تا هەواڵێکیان دەستبکەوێت، تەنانەت هەوڵی ئەوەشیان وەگەڕخست بە چاوی سیمورغ و هەڵۆ سپیەکان، بۆ زۆر دوورتر بڕوانن و ئەودیوی زەریاکانیش ببینن، بێهودە بوو چ هەواڵێکیان دەست نەکەوت.

زستانێکی سەخت سەرزەمینی پیرۆزی تەنییەوە، بەفرێکی زۆر باری و هەموو شوێنێک سپی دەچۆوە، تەنانەت چەتری سنۆبەرەکانیش دادی دارستانەکانی نەدا، ئیدی رێگەی سەفەر خۆی لەکزی دا. بەدرێژایی ئەو زستانە سەخت و توشە نە کەس توانی بێتە نێو شاری پیرۆزەوە، نە کەسیش توانی لەوێوە کاروانی خۆی بەرەو سەرزەمینەکانیتر بەڕێ بخات. تا رادەیەک کەس لە سەرزەمینی پیرۆز هەواڵی لەودیوی زەریا و ئوقیانوسەکان نەما، شەپۆلەکان سەرشێتانە لە ناوەندی دەریاوە هەڵیدەکرد و بەتوندی خۆی بە کەنارەکاندا دەکێشا، هیچ کەشتیەک ئامادە نەبوو چارەنوسی خۆی بداتە دەست توڕەیی دەریاکان کە زستان بڕستی لێبڕیبون. بەڵام زستانی سارد هێزی خۆراگری بەرامبەر هاتنی پەرەسێلکەکان نەبوو. لەبەرئەوەش دوا ساتەکانی زستان ماندوێتی پێوە دیاربوو، وردە وردە بەفر خۆی لە سەرزەمینە دوورەکان دەکێشایەوە، بۆ بەهارێکی باراناوی خۆی ساز دەدا. داربەڕوو و گوێز و زەیتوون و سنۆبەرەکان ئاهێکیان وەبەردا هاتەوە و لەژێر بەفری تواوەدا دووبارە خۆیان دایەوە بەدەم شنەبا و تیرۆژەوە. جۆگەکان فرمێسکی بەفری رووەو مەزراکان دەنارد و بەشێوەی تاقگە لە چیابەرزەکانەوە شۆڕ دەبونەوە و سیحراویانە مژدەی بە بونەوەرەکان دەدا کە خۆیان بۆ وەرزێکی پڕ پیت و بەفەڕ ئامادەبکەن. گامێشە تینووەکان دەمیان

به ئاوی لێڵی جۆگەکانەوە دەنا و چاوەڕێی خاوەنەکانیان بون بەرەو زەوییەکانیان ببەن و کۆتایی بە پشووی درێژی زستان بێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا هاتنی بەهار جۆرە قورسییەکی سەرسوڕهێنەری لەسەر دەروون و هەستیان دادەنا، ناڕاراميیەکی بەهێز تەواوی بونەوەرەکانی دەتەنییەوە، تەنانەت زەوی و ئاسمان و درەخت و داروبەردیش بێئۆقرەیی لوولی دەدان.

ئەو ساتانەی بونەوەرەکان سەرقاڵی کێڵانی زەوییەکان بون و وەرزێکی کشتوکاڵی بەپیتیان دەخستەڕێ، لەناو قوواڵیی دارستانەکان لەدەرەوەی سنوری شاری شین، دوور گەلێک دوور، سێ کچی سوارۆ لە ڕەسەنی پاک و فریادرەس بەجلوبەرگی سپی ئاوریشمییەوە و چارشێوێکی شینی تۆخ، بەپەلە پروسکێ خۆیان لەنێو دارستانەکان ڕاپسکاند و وەک ئەوەی لەدەست دڕندەیەکی ترسناک هەڵبێن، ئاوها تینیان بۆ ئەسپەکانیان هێنابوو، تا بەزوویی بگەنە سەرزەمینی پیرۆز. ترس و لەرز ناخی داگیرکردبون، ترپەی دڵیان و هەناسەبڕکێی ئەسپەکان تێکەڵی یەکتری ببون، ئەو دیمەنە بەس بوو بۆ ئەوەی بزانرێ، هەڕەشەیەکی گەورە ڕووبەڕوویان بۆتەوە و نەیانتوانیوە بەری پێبگرن و لەدەستی هەڵاتون، تا ئەو شوێنەی لە سنوری کۆتایی دارستانەکە نزیک دەبونەوە، دەنگی ترسناکی دڕندەیەک بەدوایانەوە

بوو، جارجارێکیش سێبەرەکەی لەنێو دارودەوەنەکانی پشتەوە بەرچاویان دەکەوت , هەرچەندێ ئاوڕیان لێدەداوە، لەوە دڵنیابون کە ئەو دڕندەیە مەبەستێتی هەرسێکیان لەناوبەرێت، بۆیە بەتوندی لەبن سکی ئەسپەکانیان دەدا و هێندەیتر باڵیان لێپەیدا دەکردن.

بەو خێراییە لەنێو دارستانەکەدا دەیانویست خۆیان قوتار بکەن، غاردان بەناو دەوەنێکی چڕدا , کارێ ئاسان نەبوو، وەک ڕاکردن وایە بەنێو تۆڕێکدا سەرلەبەری هەموو چەقۆ بێت، بۆیە جلکەکانیان هێندە لە لقی دارەکان و دڕکی هەندێ لە ڕووەکەکان گیربببوو، لەبەریاندا پارچە پارچە بوو , دڵۆپەی شێوە خوێنێ لە برینەکانیان تێکەڵ بە ڕەنگی سپی و شینی جلکەکانیان ببوو، لەبەرئەوەی لە ڕەسەنی پاک و فریادڕەس بون، لەبری خوێن شەبەنگێکی ڕووناکی بە دەمارەکانیاندا دەگەڕا و تەنیا شەوقێکی ڕۆشنایی لە شوێنی برینەکاندا جۆگەلەی بەست. ئەو دڵۆپە ڕۆشناییانە هێندەیتر سێبەرە تاریکەکانی نێو دارستانی هارتر کرد، بە گوڕتر پەلاماریان دەدا تا پێیان رابگەن. یەکێ لە سوارۆکان بەتەواوی هیلاک و شەکەت و ماندو ببوو، ئەسپەکەی چیدیکە لە توانایدا نەما، هاوشانی دوو سوارۆکەیتر بڕوات، دواکەوت سەرباری ئەوەی دەبوا بەهەر نرخێ بووە خۆی لەدەست سێبەرەکان دەرباز بکات، بەڵام مەترسییەکە تەنیا لە سێبەرەکاندا نەگیرسایەوە،

بەڵکو لە پشتسەری و ئەملاو ئەولاشیەوە، چەندین دڕندەی دیکە پەیدابون، گورگ و هەفتیارە چاوسورە کەڵبە تیژەکان خۆیان فڕێدایە سەرشانی سوارۆکە و بە ئەسپەکەیەوە گلا، ئیدی بەدەیان کەڵبەی تیژ چەقیە جەستەی هەردوکیانەوە. دوو سوارۆکەی دیکە گوێیان لە هاوار و نالەی سوارۆی سێیەم بوو، ئەوەندەیتر وڕەی ڕووخاندن و بڕیاریاندا ئاوڕ لە هاوەڵەکەیان نەدەنەوە و بەزوویی خۆیان لەم دارستانە تۆقێنەرە قوتار بکەن.

ڕەشپۆشەکان وردە وردە لەنێو بەردەڵانەکانەوە دەهاتنە دەرێ و دوای دوو سوارۆکە کەوتن، ئەمان لە گورگ و هەفتیارەکان ترسناکتر بون، چارشێوێکی ڕەشیان پۆشیبوو، پێیان لە زەوی بڕابوو، توانای فڕینیان هەبوو، شمشێر بەدەست بون، خاوەن هێزێکی شەڕەنگێزی گەورە، زۆرجار لە دوو سوارۆکە نزیکدەبونەوە، بەتایبەتی لە دووەمیان کە پاش ماوەیەکی کەم توانییان بازنەیەک بەدەوریدا بکەن و گەمارۆی بدەن، ئەوجا هەریەک لەلای خۆیەوە بە شمشێرەکەی جەستەی ڕووناکیان کون کون کرد، پرشنگی ڕووناکییەکە ئازاری دەدان، بەڵام دەیانویست دڵۆپێ ڕۆشنایی لە جەستەیدا نەهێڵن تا بە یەکجاری تاریکی لاشەی فریشتەکەی پێچایەوە و گیانی سپارد.

سوارۆی سێیەم تەواو تۆقی ئەوە یەکەمینجاری بوو کەوتبێتە هەڵوێستی

واوە، خۆی توند بە ئەسپەکەیەوە گرت، ئەو ئازەڵەش بە تەواوی هەستی بە ترس و لەرزی سوارۆکەی دەکرد، بۆیە کەوتبووە پێشبڕکێ لەگەڵ ڕەشەبادا. ڕەشپۆشەکان لەسەر سوارۆی دووەم و ئەسپەکەی خڕپونەوە، دەرفەت بوو بۆ سوارۆی سێیەم گەڵێ دووربکەوێتەوە بەجۆرێ چیدیتر شوێنی نەکەون، ئەمیش خۆی لەپێشچاویان بزر کرد، نەوەستا تا لە دارستان هاتە دەرێ، ئەوجا هەناسەیەکی وەبەردا هاتەوە و بەپەلە وەخۆکەوت بەرەو سەرزەمینی پیرۆز و باخەکانی شاری شین، بۆ ئەوەی شانۆ ڕۆنا لەم کارەساتە ئاگادار بکاتەوە.

سوارۆی سێیەم ماوەی سێ ڕۆژ بوو بەڕێ کەوتبوو لەگەڵ دوو هاوەڵەکەیدا، گەیشتە نزیک سنوری سەرزەمینی پیرۆز و باخەکانی کە دوازدە دەروازەی هەبوو، لەبەردەم هەریەکەیاندا لەرەسەنی پاک و فریادرەس پاسەوانێکی پرچ سپی و جلوبەرگ و تیر و کەوانەکەشی یەکپارچە سپی پۆش وەستابوو. ڕۆژ نیوەی بەڕێکردبوو، کاتێ سوارۆ نزیکبۆوە بەو جلکە شێواوە دەرکەوت سەرنجی خەڵکی دەوروبەری شارەکەی بەلای خۆیدا ڕاکێشا گەڵێ سەرسام بون و بە نیگەرانیەوە لێیان ڕوانی. چووە سەر شەقامێکی پانی بەردڕێژکراو، ئەمبەر و ئەوبەری بەدرەختی بەرز ڕازابۆوە، لەنێوانیشیاندا پەیکەری جوان و سەرنجڕاکێش، ئەوە شەقامی سەرەکی بوو بۆ نێوەندی شار درێژ

دەبڕوە. سوارۆکە سەری قورس ببوو، ماندوێتی بەیەکجاری شەکەتی کردبوو، بەڵام هێشتا زۆری لەخۆی دەکرد، کە بەهەر شێوەیەک بووە خۆی بگەیەنێتە دەریاری شاژن رۆنا، بە ماندوبونێکی زۆر گەیشتە بەردەم تەلارەکە و لەوێدا نەیتوانی خۆی بەسەر ئەسپەکەوە گیر بکات، لەهۆش خۆی چوو، کەوتە خوارێ.

ئەوانەی لەبەردەمی کۆشکەکەدا وەستابون، لەگەڵ کەوتنە خوارەوەی سوارۆکە، پرپیان دایێ و لە عەردی بڵندیان کردەوە و هاوێشتیانە سەر دەستیان، بردیانە نێو کۆشکی شاژنەوە.

جەستەی بێهۆش و بریندارى برایە قاتی یەکەم بۆ ژورێکی گەورەی تایبەت بە حەوانەوە، لەسەر تەختێکی گەورەی بەدەست نەخشێنراو دانرا، بەرامبەر پەنجەرەیەکی گەورە کە دەیڕوانیە سەر دەریا و بەندەری ئاوەتەکان و پەردەیەکی ئاوریشمی تەنک جاروبار شنەبایەک دەیلەرزاندەوە، لە پاسەری تەختی حەوانەوەکەش تابلۆیەکی سەرنجڕاکێش هەڵواسرابوو، کە نموونەیەک بوو لە ژیان و گوزەرانی سەرزەمینە دوورەکانی دیکە. دۆشەکی نەرم و پان و بەرین لەگەڵ چەند سەرینێکدا، پۆشتەیەکی گەرمیش لە پەڕی هەڵۆ سپیەکانی سەرزەمینی چیا و کێوەکان ، کە زۆرجار بە دیاری دەدرایە پەسەنە نایابەکان.

کارەساتی لەو جۆرە گەلێ ناڕاسایی بوو، خورپەی خستە دڵی هەموو کەسێکەوە، ئەوە شەش نەوەیە لەتەمەنی ڕەسەنەکان، ژیانێکی درێژیان بەڕێکرد و هەرگیز دەمەوبەیانێک ڕۆژیان بە هەواڵ و کارەساتێ وا جەرگبڕ نەکردۆتەوە، بۆیە دیمەنی سوارۆیەکی خوێناوی و شەپرێو بڕووسکەئاسا بڵاوبۆوە، هەموو کوچە و کەنارێکی گرتەوە، ترس و ساکان بووە میوانی ڕوخسارە تۆقیوەکان، زۆرێ بێئۆقرەیی وازی لێنەدەهێنان و لە شوێنی خۆیاندا دەهاتن و دەچوون و نەیاندەزانی ئۆبالّی کارەساتێکی وا بخەنە ئەستۆی کێوە. بەشێکیش بەرەو کۆشکی شاژن بەرێکەوتن، تا هەواڵێکی هێوربەخش ببیستن و لەدڵەڕاوکێ دەربازبن، پێشتر ئەوەی بزر بووە، ڕۆیشتووە و نەگەڕاوەتەوە تا بەڵکە و نیشانەیەک بەجێ بێڵێ، بەڵام ئەمەیان بە ئامازەیەکی مەترسیدارەوە هاتوە، کە هەریەکەیان چارەنوسی خۆی بەو شێوەیە دەبینیەوە، گەر بێتوو لەم شار و سەرزەمینە دوور بکەوێتەوە.

ئاپۆرەیەکی زۆر لەبەردەم کۆشکدا دروستبوو. شاژن کە هەر زوو لەو ڕووداوە ئاگادار کرابوو، بە دڵەڕاوکێوە لەگەڵ چەند پیاو و ئافرەتێکدا چونە ژوری حەوانەوە، سوارۆکە بێئاگا کەوتبوو، جەستەی نیشتبووە سەر ئاو، پەیتا پەیتا ئارەقەی دەکرد و لێوەکانی دەلەرزین، ڕووناکییەکی زۆری لەبەر چووبوو، شاژن بە نیگەرانیەوە فەرمانیدا کە

بەوردی چاودێری بکەن و هەر کاتێکیش وەهۆش هاتەوە، بە زووترین کات هەواڵی پێبدەن.

ژوری حەوانەوەی بەجێهێشت رووەو تەلاری گەورە، کە لەوێ بەدەیان کەس لە رەسەنی پاک و فریادرەس، پیتۆڵ و زانا، دەستڕەنگین و پێکراوە و جوان و سەرنجڕاکێشەکان لەگەڵ زیبای دەریاکان بە تەوسەوە چاوەڕێیان دەکرد.

ڕەسەنەکان لەنێو خۆیاندا قسە و راگۆڕینەوەیان گەرم بوو، بەجۆرێ کە هۆڵەکە نغرۆی ژاوەژاوی ئەوان ببوو، کاتێ شاژن خۆی بەهۆڵەکەدا کرد، کەسیان ئاگادار نەبون، تا «دەروازەوان» بەدەنگێکی بڵند هاتنی شاژنی راگەیاند، هەمووان ڕێک ڕاوەستان و بێدەنگ بون، بەوردی تەماشای شاژنیان دەکرد و هەر لە سیمایاندا دیاربوو کە دەیان پرسیار و ڕوونکردنەوەیان هەڵگرتووە و دەبێ وەڵامیان بدرێتەوە، گەرچی تۆزقاڵێک لە وەڵامیان شک نەدەبرد، کە شاژن بتوانێ تینوێتیان بشکێنێ. یەکێ لە ڕەسەنی پیتۆڵ و زاناکان هەنگاوێ هاتە پێشەوە و تەماشای هەموو ئامادەبووانی هۆڵەکەی کرد و ڕوویکردە شاژن:

شاژنی بەڕێز.. هەموومان دەزانین لە بەهارەکانی رابردوو، چ بە تاک و چ بەدەستە کەسانێکمان لەنێو دارستان و شاخ و دۆڵ و نهالەکانی دوور لە سنوری سەرزەمینی ئێمە بزر دەبون و نەدەگەڕانەوە، تەنانەت

ئەوانەش کە بە شوێنماندا دەناردن سۆراغێکیان بکەن، چوونی بێ گەڕانەوەیان بووە. تا ئێستا هیچ یەکێ لەئێمە نە هەواڵێ بە بون و بە نەبون لەبارەی ئەم بزربون و بێسەروشوێنبوانە نازانین.

شاژن بەوردی گوێی بۆ گرتبون، رونکردنەوەیەکی تەواوی لانەبوو، بە ئارامی لە کۆشکەکە بیانێرێتە دەرەوە، کەمێک لێیان وردبۆوە و ئەوجا پێیگوتن:

وەک باستانکرد سالانی رابردووش زۆر کەسمان بزر بون، ئەوە ڕاستییەکە و ناتوانرێ بشاردرێتەوە، بەڵام راستییەکە پڕ لە پرسیار و نهێنی و ترس، بەداخەوە چەندێکیش گەڕاوین و تاوتوێی ئەم دۆخەمان کردووە، نەگەیشتوینەتە ئاکامێک جێی دڵخۆشی بێت و وەڵامی پرس و داواکارییەکانمان بداتەوە. چاوەڕوانی کارەساتی گەورەتر دەکەم و زۆرجار گوێم لە ناڵە و ئازارێکە لە ئاسمانەکاندا، لەنێو دنیای چلەکێشی و نزادا زۆر وێنەی ترسناک و بەسام دەبینم، هەرچەندە کلیلی سەرزەمینی پاشایەتی سروش و نادیارمان لانیە، لەبەرئەوە منیش دڵنیا نیم و ناتوانم هیچتان بۆ بدرکێنم، چاوەڕێی بەهۆشهاتنەوەی میوانەکەمان دەکەم، ئەوجا گوێی لێدەگرم بزانین چیمان پێدەڵێت.

شاژن چاوەڕێی چ پرسیارێتری نەکرد، لە تەلاری گەورە هاتە دەرێ رووەو ئارامگەیەک کە تەنیا خۆی و خۆی بێت. ئامادەبووانی نێو

هۆڵەکەش دۆش دامان، تەماشای یەکتریان کرد و ئەوانیش گەیشتنە ئەو بڕوایە کە دەبێ چاوەڕێ بن میوانە بریندارەکەیان چاو بکاتەوە و بێتە گۆ.

*　　*　　*

بەخێرایی ڕێگەکەی دەبڕی، دەنگی هەناسەبڕکێکەی دەلیل بوو کە زۆر پەلەیەتی و دەیەوێ بەزوترین کات، بێئەوەی تەنانەت چرکەیەکیش بەفیڕۆ بدات، خۆی بگەیەنێتە شوێنە دیاریکراوەکە، دەستوبردی بوو هەواڵەکان ڕاگەیەنێ. ئاخر لەمێژە چاوەڕێن ئەو گرێکوێرەیەیان بۆ بکرێتەوە، لەوە دڵنیابوو کە زۆر شت بەدن بەخستنەڕوی ڕاستییەکان، ڕەنگە بەوەش پەردە لەسەر بەشێکی نهێنیەکان لادرێ، بۆیە هەنگاوەکانی لەگەڵ بادا پێشبڕکێیان بوو.

وردە وردە خۆر بەرەو نێوەندی ئاسمان هەڵدەکشا، سێبەری کچێکی شۆخ لە ڕەسەنی دەستڕەنگینەکان بەسەر ڕێگەی ڕووەو تەلاری شاژن نەخشابوو، خێرا بەرەو ژورەکەی ملی نا، هێشتا شاژن لەسەر کورسییەکەی خەیاڵ دەپێچایەوە و لە پشت مێزێکی پڕ نووسراو و نەخشە، دەستی خستبووە بن چەناگەی و جاروبار سەرنجی نووسینەکانی بەردەمی دەدا، کە بەڕێنووسێ پڕکرابونەوە، پڕ لە ڕەمز و ڕاز، ئەوە زمانی سەیر و سەمەرەی سەرزەمینە نهێنیەکان بوو.

شاژن وەک پیشەی هاوڕەسەنەکانی، جلکێکی سپی ئاوریشمی پۆشیبوو، پرچی ڕەش و درێژ و خاو و قورس بەسەر شانیدا شۆڕبێبۆوە، پەنجەکانی باوەشیان بەیەکتریدا کردبوو، دەستیبرد بۆ پەڕەموچەکەی و دێڕێکی لەسەر کاغەزەکەی بەردەمی نووسی، ئەوجا زوو سەری هەڵبڕی وەک ئەوەی بزانێ کە کەسێک دێت و هەواڵێ گرنگی پێیە، وازی لە نووسین هێنا، هەمان کات کچەی سەر بەڕەسەنی دەستڕەنگینەکان هاتە ژوورێ، هێشتا ماندوێتی لە هەناسەبڕکێی نەخستبوو، هیلاکی تەنیا ئەوەندە بواری دا کە بڵێ: خاتون..میوانە نەخۆشەکەمان هاتەوە هۆش خۆی و چاوەکانی کردۆتەوە.

شاژن دەمێ بوو چاوەڕێی ئەم هەواڵەی دەکرد، بەپەلە پەڕی نوسینی لەسەر مێزەکە دانا و هەستایە سەرپێ:

زۆر باشە..دەبێ هەر ئێستا چاوم پێی بکەوێ.

خێرا ڕووەو دەرەوە ڕۆشت، لە دەستی ڕاست و چەپی تەلارەکەدا، لەبری دیوار، پەنجەرەیەکی بەرز تا بنمیچەکە هەڵکشابوو، لێیەوە ڕووناکی دەبەخشیە پەیکەرە جوانەکان، نەخشەکان هێندەیتر ڕەنگاورەنگ دەبون، گەیشتە بەشی پشتەوەی تەلارەکە کە شوێنی حەوانەوە و پێشوازی میوانەکانە. نەخۆشەکە، تازە وەهۆش خۆی هاتبۆوە و چاوی بەژورەکەدا دەگێڕا، سێ کچی دیکە لە هاوڕەسەنی خۆی بەدەوروبەریدا

دەهاتن و دەچوون و خزمەتیان دەکرد. لەگەڵ هاتنەژورەوەی شاژندا، چەند پیتۆڵ و رەسەنێک لە دەستڕەنگینەکانیش بەدوایدا هاتن. شاژن لەسەر کورسییەکی نزیک لە تەختی رەسەنی پاک دانیشت، هێشتا ترس ڕوخساری بەرنەدابوو، بە ئاژارامییەکی زۆرەوە چاوی بەملاوبەولادا دەگێڕا، شاژن هەستیکرد میوانەکەیان توشی بێمتمانەییەکی زۆر هاتوە و پێویستی بەهێورکردنەوە هەیە، بەدەنگێکی ئارام پێیگوت: من شاژن ڕۆنام. تۆش لە کۆشکی»ئێکبون»یت لەسەرزەمینی پیرۆز و باخەکانی شین..لای ئێمە سەلامەتیت و هیچ مەترسە و بێ خەم بە، بەڵام پێمان بڵێ لەکوێوە دێیت و چیت بەسەرهاتووە وا گەیشتوویتەتە ئێرە؟

بەوردی گوێی بۆ ڕونکردنەوە و پرسیارەکەی شاژن گرت، چاوەکانی بچوککردنەوە وەک ئەوەی بیەوێ ڕووداوەکان بێنێتەوە پێشچاوی خۆی، بەڵام دیسانەوە ترس و لەرز دەیگرت و موچڕکە هەموو جەستەی دەهەژاند، وردە وردە فرمێسک تەزییە چاوەکانی و دەستی بەرزکردەوە و پەنجەی لەو تەڕاییە دەدا کە لە چاوەکانیدا دروستبون، خۆی سەرسام ببوو، ئاخر ئەوە یەکەمین جاری بوو ئاوێکی سوێر لە قوواڵایی بینابیدا بێنە دەرەوە، تا ئەوساتەش بەفرمێسک ئاشنا نەببون، بەخۆشی نەیدەزانی چ ناوێک بۆ ئەو دڵۆپانە بدۆزێتەوە کە دەڕژانە سەر لاپوومەتی.

فرمێسکەکانی سڕی و چاوی بڕیە شاژن، بەدەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی:
من ناوم سێفا-یە، دانیشتووی سەرزەمینی دەشت و زۆزانەکانین،
ئەوێ شوێنێکە لە سەرزەمینە زۆر دوورەکان، لەپاش ئەو خاکەی
ئێمەی تێدا نیشتەجێین، سەرزەمینێکی دیکە هەیە بەڵام نەناسراوە
و کەس خۆی لێنەداوە، ئەوێ دەڤەرێکە پڕ لە چیا و دارستانی تار و
سامناک، هەرکەسێ لە سەرزەمینی ئێمە چووبێتە ئەو خاکە نەناسراوە،
چیدیکە گەڕانەوەی نەبووە، لەبەرئەوە فەرمان درا کە نابێ هیچ کەسێ
ڕێگەی هات و نەهاتی شوێنە نەناسراوەکان بگرێتەبەر، لەوێ زۆرجار
هارە و هاواری سەیر و ترسناک دەگەیشتنە سەرزەمینی ئێمە و
لەوەش واوەتر دەچوو..لەمدواییانە ڕووبەڕووی دۆخێکی تەمومژاوی
بوینەوە، چووبوینە نێو پێنگاڤێکی ترسناکەوە، جارجار سێبەرەکان
بەسەر گیاندارە دڕندەکانەوە پێیان دەهاوێشتە نێو سەرزەمینی ئێمە
و دەسورانەوە، تەنانەت چەندین جار لەنێو گوندە دوورەدەستەکانمان
بینرابون و نائارامی و پشێوییەکی زۆریان لەنێو خەڵکدا نابۆوە..
کەسمان لەو بڕوایەدا نەبووین کە ئەم جموجوڵە نائاساییانە لەبازنەی
خۆی دەربچێ و گەورە و گەورەتر بێ.
بێدەنگ بوو لەگەڵ خۆیدا هۆڵەکەش کش و مات، هەموان بە واقی
ورماوەوە گوێیان شلکرد، ڕووداوەکە چەشنی مەتەڵێک سەرسامی

کردن، سێفا ڕوویکردەوە شاژن و درێژەی بە قسەکانی دا:

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا، بن خاکەکەمان زۆر ترسناکانە گۆڕانی بەسەردا دەهات، دەنگێکی بەهێزی لێوەدەردەچوو، وامانەزانی ئاسمان بەسەرماندا دەڕمێت و سەرزەمینەکەمان ژێرەوژوور دەبێ، بەهەزاران هاڕە و قاڕە لەژێر زەوییەوە دەنگی دەداوە، هەموومانی هێنابووە لەرزە، لەشوێنە جیاجیاکانیش ئاگر وەک کانیە ئاو دەتەقین و هەناوی چیاکانیان بە ئاسماندا دەبرد، دنیا یەکپارچە بووە دووکەڵێکی ڕەش، دەنگە هەراسانکارەکانیش هەر زیاتر و زیاتر دەبون، زۆرێ لە دارستانەکان ئاگریان تێبەربوو.. سووتان، ئیدی لەبری بەفر و باران، خۆڵ و تۆزی بەردە ئاگرینەکان بەسەرماندا دەباری.. خەڵکەکەی ئێمە هەرگیز دیمەنی وایان نەبینیبوو، ترس و ئاڵۆزییەک ڕووی تێکردین بەجارێ سەرمان لێشێوا، بەڕاست و چەپدا ڕامانەدەکرد و هەڵدەهاتین بەڵام دۆخەکە هێندەیتر ناڕەبار بوو، گڕکانەکان بەرزتر و توندتر دەبون زەوی قڵیشی دەبرد و ناڵەیەکی گەورە لەناخیەوە دەردەپەڕیە دەرەوە، لەنێو دارستانەکانیشەوە بەهاوارێکی ترسناک وەڵام دەدرانەوە، جموجوڵێکی نائاسایی لەوێشەوە پەیدابوو، تارماییەکان نزیک دەبونەوە و بەرەو پێشەوە دەهاتن.

سێفا هێشتا لەنێو ئەو ڕۆژانەدا دەژیا و ترس زیاتر گرمۆڵەی دەکرد و

دەیویست خۆی حەشار بدات، فرمێسک چاوە سەوزەکانی خوساندبوو، سەیری هەموانی کرد و دووبارە دەستی بەقسان کردەوە:

لەناکاو بەهەزاران سوار و پیادە و گیانلەبەری پەشپۆش و شاخداری درێژ و نووک تیژ بەسەرماندا دابارین و لەدارستانەکانەوە پەیتا پەیتا دەهاتن و درندانە هێرشیانکردە سەر گوند و شارۆچکە سنوورییەکانمان، ئاوریان تێبەردان و ئەوەی بەردەستیان کەوت لەناویان برد و سوتاندیان، کەسیان بەزیندویی نەهێشت، دروێنەی گیانی ئەو خەڵکەیان کرد... ئێمە سێ کەس بوین هەوڵی خۆقوتارکردنمان دا، پێیان زانین و وەدوومان کەوتن، دوان لە یاوەرەکانم هەر لەنێو دارستانەکاندا بەر پەلاماریان کەوتن و لەناوچوون، تەنیا من توانیم خۆم دەرباز بکەم.

هۆڵەکە سامێکی گەورە گرتی، ترس موچرکەی بەگیانی هەموياندا دێنا، سەرگوزەشتەیەکی گەلێ سەخت بوو، هەرگیز چاوەرێی هاتنی رۆژێکی وا نەبون، گوێبیستی چیرۆکی لەناوبردن و قڕانکردنی یەکێ لە سەرزەمینەکان بن. هەریەکە لەلای خۆیەوە سەری بادەدا و لێوەکانی دەگەست، پرسیارێکی بێوەڵامی فڕێدەدا. شاژن بەوردی بیری لە بەسەرهاتەکە دەکردەوە، دەبوو وەڵامێ بۆ ئەم پشێوییە گەورەیە بدۆزێتەوە، بەڵام سێفا دەنگەدەنگی نێو هۆڵەکەی خامۆش کردەوە و گوتی:

ئەوەی من بینیم بونەوەری سەر ئەم دنیایە نەبون، هەرچییەک بوبن ئەوان لەبن دنیاوە هاتبونە سەر زەوی، ئەوان نیاز و ئاواتیان بەپێچەوانەی ئێمەوە بوو، ئێستا لەباشورەوە بەرەو باکور و بەرەو ئێرە دێن، جا دوور یان نزیک، رەنگە بەمزوانە بگەنە ئێرەش.

لەپڕ شاژن چاوەکانی کرانەوە و هەستایە سەرپێ و هاواریکرد: ئیڤلۆرد...ئیڤلۆرد.

ئامادەبوانی هۆڵ سەرسام بون، هەرگیز شاژنیان بەو شێوازە نەدیتبوو، ویستیان قسەیەک یان داوای رونکردنەوەی زیاتر بکەن، بەڵام دەنگیان لەنێو شەپۆرێکی بەهێزدا بزربوو، ئەوە دەنگی وریاکردنەوەیەک بوو کە کەشتیەکان هاتون و نزیک بەندەر بونەتەوە. هەموان راچڵەکین و شاژن بە نیگەرانیەوە پوانیە دەوروپشتی خۆی، بەپەلە پووەو دەرەوە هەنگاوی نا و لە حەوشە گەورەکەدا گیرسایەوە، لەوێشەوە بەرەو تەلاری شاهانەی خۆی، لە بانیژەکەوە نیگای کەوتە سەر دیمەنێک لێوەکانی دەلەرزین و برۆکانی گرژ بون، لەوێ بە سەدان کەشتی گەورە و بچووک بە تێکشکاوی لەنگەریان گرتبوو. سەرلەبەری خەڵکی شار سەراسیمە، لەو بەندەرەدا کۆببونەوە و بەسەرسوڕمانەوە دەیانڕوانیە کەشتیە تێکشکاوەکان، کە باوەڕیان بەوە نەبوو، دەریاکان هێندە بێبەزەیی بن، بە شەپۆلەکانی هێرش بەرنە سەر کەشتی و

چاوگەدارەکان، هەموان لەنێو دەیان پرسیاردا دەژیان و کەسێکیش نەبوو بەزویی وەلامیان بداتەوە.

خامۆشییەکی ترسناک شاری شینێ تەنیبوو، یەک بەدوای یەکدا کەشتیەکان دەهاتن و لەبەندەردا لەنگەریان دەگرت، خەڵکیش هەروا ئاپۆرەیان چڕتر دەبۆوە و بە سەرسامی لێیان دەڕوانین، ئەو ساتانە هەموو شتێ کپ و بێدەنگ، دنیا کڕ و خاکسەری، نە شنەبایەک هەڵیدەکرد، نە دەنگی ئاوازی تەیرە خۆشخوانەکان بەرگوێ دەکەوتن، تەنانەت باڵدارەکانیش ئاسمانیان لەخۆیان حەرام کردبوو. لەو بێدەنگییە سامناکەدا دەنگی کردنەوەی دەرگای کەشتییەکان، چەشنی هەورەتریشقەیەک سەرانسەری بەندەری هەژاند. لە پێنج رەسەنەکە کەسانێ بەجلوبەرگی دڕاو و شێواو، هێدی هێدی دادەبەزین، خەم و نیگەرانی و هیلاکی ناسنامەی سەرەکی ڕوخساریان بوو. شاژن لەدوور ڕا دەیبینین و لێیان وردەبۆوە، دڵەخورپە گرتی کە ئەوانیش دەشێ ڕووبەڕووی کارەساتێکی هاوشێوەی ئەوەی بەسەر سێفادا هاتووە، بوبنەوە. ئاوڕی دایەوە بۆ دواوە و گوتی:

خێرا ئاگاداری خەڵکی شار بکەنەوە تا بەشێوەیەکی شایستە پێشوازی لەو خەڵکە بکەن، بەزوییش بەرپرسانی کەشتیەکان با بچنە ژوری کۆبونەوە و لەوێ ئامادەبن.

کەمێ وەستا و دواتر گوتی: با نوێنەران و کاربەدەستانی شاری پیرۆزیش ئامادەی کۆبونەوەکە بن..

*  *  *

هێندەی چاوتروکانێک هۆڵی کۆبونەوە گەورەترین ئاپۆرای بەخۆوە بینی، شاژن لە سەروی هەمویانەوە دانیشتبوو، لای ڕاست و چەپی تا دەگەیشتە نزیک دەروازەی هۆڵەکە، بەرپرسانی شاری پیرۆز و نوێنەری لێقەوماوانی کەشتیەکان بەپێوە وەستابون. شاژن دەسپێکی کۆبونەوەکەی بە پرسیار کردەوە و ڕوێکردە کاپیتانی کەشتیەکان:

تکایە قسەی خۆتان بکەن و بۆمان ڕونبکەنەوە چی بووە و چیتان بەسەرهاتووە؟

یەکێک لە ڕەسەنی دەستڕەنگین و پێکراوەکان کە دیاربوو لەلایەن هاوەڵەکانیەوە دەستنیشانکرابوو زمانحاڵیان بێت، هاتە پێشەوە و گوتی:

چیدیکە شاراوە نییە، کە «ئیڤڵۆرد» بەهێزەکانی بندنیا هەڵمەتێکی گەورەی بەرپا کردووە، بەشێوەیەکی بەرفراوان و دڕندانە، لەشکرێکی خراپەکاری ڕموزنی بۆ بەرگرتن بەکار و چالاکییەکانی ئێمە دروستکردوە. یەکێ دیکە لە ڕەسەنی پاک و فریادرەسەکان دیاربوو زۆر نیگەران و ناڕەحەت بوو، ئۆقرەی لێبڕا و هاتە پێشەوە، تووڕەیی و فرمێسکی

تێکەڵ یەکتری ببون:

ئێمە ناتوانین بەرگری لەخۆمان بکەین، چ هێز و توانایەکمان نییە رووبەڕووی لەشکری ئیڤڵۆرد بوەستینەوە... ڕۆشنایی لە سەرزەمینەکانماندا نەهێشت، ئێستا هەورە ڕەشەکان ئاسمانی داهاتوومانی تەنیوە.

شاژن هەستایەسەر پێ، لە ئەگەر و پێشهاتەکانی دەکۆڵییەوە، سەری هەڵبڕی و تەماشای هەموانی کردەوە، بەدەنگێکی بڵند پێیگوتن:

بۆ ئەوەی لای هەمووتان شاراوە نەبێ، بەپێی زانیارییەکانی سێفا، ئەو هێزە گەورە بەرەو سەرزەمینی پیرۆزیش بەڕێوەیە، دیارە کە نیاز و ئامانجیان لە هاتن بۆ ئێرە چییە و چارەنوسمان چی بەسەر دێت گەروا دەستەوسان بین.

ئامادەبووانی هۆڵەکە ساکابون، بێدەنگییەکی ترسناک سەراپای گرتبون، شاژن هەستیکرد پێویستی بەوە هەیە وڕە و تینێکی بەهێزیان پێببەخشێ، بەتایبەتی لەدۆخێکی وادا کە بەڕووداوەستانەوەی ئیڤڵۆرد ئاسۆیەکە بۆ دەریازبون، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و گوتی:

بڕیارەکەش بۆ ئێمەیە کە ئایا ئێستا جێگە بۆ ئیڤڵۆرد چۆڵ بکەین یاخود بەرامبەری بوەستینەوە و نەهێڵین سەرزەمینی پیرۆز بکەوێتە ژێر چنگیەوە؟

بەدروستی لەقسەکانی شاژن تێنەدەگەیشتن و سەرسامبونی زۆر پویکردبووە پوخساریان، زەینی ئەوان لەگەڵ ئەو جۆرە دەستەواژانەدا دەستەمۆ نەببوو، یەکێ لە کچانی ڕەسەنی دەسترۆنگینەکان هاتە پێشەوە و گوتی: مەبەستت چییە؟ بەرامبەر چی بوەستینەوە، شەڕ چییە و چۆن چۆنی دەکرێ؟

شاژن سەری سوڕاند: مانای ئەوەیە دەبێ بەزوترین کات دەستبدەینە ئاسن و پۆڵاسازیی و ئامێری نووک تیژ دروست بکەین...ئەگەر بەم هەنگاوانە هەڵنەستین، ئەوا دڵنیابن ئەوان بە ئامێری زۆر ترسناک لەناوتان دەبەن و بەتۆقێنەرترین شێوە ڕووبەڕووی شتێک دەبنەوە کە ناوی مەرگە.

ئاڵۆزی و غەڵبە غەڵبێک لەنێو هۆڵەکەدا دروستبوو، لە ڕەسەنی پیتۆڵ و زاناکان پیاوێک هاتە پێشێ و بەئارامی گوتی:

شاژنی بەڕێز، ئێمە نە ئاشنایەتیمان لەگەڵ شەڕدا هەیە و نە لەگەڵ مەرگیش، لەژیانی سەرزەمینە دوورەکانی ئێمە، شتی لەو جۆرەمان نەبووە، گەوهەری ئەو دەستەواژانەی باسی دەکەیت، بەڕاستی ئەوە یەکەمین جارە دەیانبیستین، ئێمە لەو شتانە گەلێ دوور بوین.

یەکێکیتریش لە ڕەسەنی جوان و سەرنجڕاکێشەکان، کەوتبوە نێو دۆخێکی شەپرێوەوە،تاویدایە بەرخۆی و گوتی: گەر ئێمە دەست

و پەنجەمان لەگەڵ ئەو شتانە نەرم نەبوبێ، کەواتە چۆن بەرامبەر ئیڤلۆرد بوەستینەوە... سەرەتا ئێمە نازانین هەر خودی»شەڕ» چییە؟ شاژن دۆخێکی ئالۆزی بەڕێدەکرد، هەستیکرد ئەرکەکەی گەلێ دژوارتر بووە. لەناکاو»ئۆلاندێڵ» لەرەسەنی دەستڕەنگین و پێکراوەکان بە بەژنێکی بڵند و قژێکی درێژەوە لەنێو ئاپۆراکە هاتەدەرێ و بەدەنگێکی قورس و گران گوتی:

ئەگەر بڵێین بە»شەڕ» ئاشنا نین وانییە، من بۆ خۆم یەکێ بووم لە بەشداربوانی ئەو جەنگانە و لە سەرزەمینە بێسنورەکان شان بەشانی سوپای نور و مرۆڤە جەنگاوەرەکانی شەڕم کردوە، ئێستاش کە چاو بەنێوتاندا دەگێڕم، هەندێ لەو کەسانە دەبینم کە لەو جەنگانەدا بەشداربون. بەڕێزان..پێویستە بەزوترین کات لەشکرێ لەکۆی هەمومان پێک بێنین و بەرامبەر سوپاکانی ئیڤلۆرد بوەستینەوە

قسەکانی ئۆلاندێڵ هۆڵەکەی بەرەو ئارامی نەبرد، بەڵکو سرتەسرتێکی لەنێو ئامادەبواندا بەرپا کرد، کە بەهیچ کلۆجێ ئۆقرەیان نەدەگرت و بەردەوامیش تەماشای یەکتریان دەکرد و ترس و پرسیار تێکەڵ بەیەکتری ببوو. ئۆلاندێڵ بە ئەزمونێکی گەورەی جەنگەوە، لەپەلامارەکانی لەشکری ئیڤلۆردی دەڕوانی و باشیش ئەو دیمەنانەی لەبەرچاو بوو، گەر پێ بنێتە سەر ئەم سەرزەمینە چ مەرگەساتێ

دەخولقێنن، دووبارە هاتەوە مەیدان و بەدەنگێکی بڵند هاواریکرد: بەڕێزان...کاتمان لەبەردەستدا نییە، دەبێ بەپەلە خۆمان ڕێکبخەین، گەر ئەو کەسانەی لە سەرزەمینە بێسنورەکان بەشداری شەڕیان کردوە و خاوەن ئەزمونێکی پێشینەن، بابێن و خۆیان بناسێنن و یارمەتیم بدەن تا پێکڤە دەست بەمەشق و ڕاهێنان بکەین و کەلوپەل و پێداویستییەکانی جەنگ ساز و ئامادە بێ.

ئۆلاندێڵ بێدەنگ بوو، پێشنیازێکی خستەبەردەم هەمووان تا بڕیاری یەکجارەکی لەسەر بدەن. شاژن بەباشی قسەکانی ئۆلاندێڵ-ی دەخوێندەوە و هەستیکرد ئەوە تەنیا ڕێگەچارەیەکی گونجاوە و دەبێ پەلە بکرێ لەبارەی بڕیارێکی یەکلاکارانە، بۆیە گوتی: ڕاستە کاتی زۆرمان لەبەردەستدا نییە، دەبێ بڕیاری بەپەلە لەمبارەوە وەربگرین، جا داوا لە هەموو ڕەسەنەکانی پاک و فریادڕەس و پیتۆڵ و زانا و دەستڕەنگین و پێکراو جوان و سەرنجڕاکێش و زیبای دەریاکان دەکەم، ئەوانەش کە لە سەرزەمینە بێسنورەکان بەشداربوی جەنگی چاکە و شەڕ بون و خاوەن ئەزمونن، بەزوترین وەخت پەیوەندی بە ئۆلاندێڵەوە بکەن و دەستبەجێ کار و ئەرکەکانی خۆیان بۆ بەگژداچونەوەی شەڕخوازانی ئیفڵۆرد بەجێبگەیەنن...

ئۆلاندێڵ کە جەنگاوەرێ لێهاتوی خاوەن ئەزمون بوو، یەکەمین

هەنگاوی بەوە دەستپێکرد کە لە شوێنێکی گونجاوی دوور لەشار، بنکەیەک بۆ بەڕێوەبردنی فەرماندەیی جەنگ سازبدرێت.

کورتەباڵاکان و زۆرێ لە ڕەسەنەکانی هاوشێوەیان کە بۆ دوورترین شوێن کۆچیان کردبوو، بەهیچ کلۆجێ هەواڵێک لەبارەیانەوە نەبوو، بەڵام وا لێکدرایەوە کە ئەوان بەپێی ئەوەی چونەتە ناخی زەوی بۆ دۆزینەوە خەزێنەکانی بندنیا و زۆرێکیان لە ئەشکەوتەکاندا ئاکنجی بون، دەشێ پێش هەموو ڕەسەنەکانیتر دەرکیان بە شاڵاوەکانی ئیڤڵۆرد و سوپاکەی کردبێ و لەشوێنی خۆیان نەهاتبنە دەرێ، بۆیە هەوڵیان نەدا چارەنوسیان بزانن و چاوەڕێیان بکەن، تا ئەوانیش پەیوەندی بە هێزەکانی سەرزەمینی پیرۆزەوە بکەن، بەهۆی نزیکبونەوەی سات بەساتی سوپای ئیڤڵۆرد لە سنوری سەرزەمینە پەلامارنەدراوەکان.

مەشق بەخەستی دەستیپێکرد، ئۆلاندێڵ بە بەردەوامی شاژن ڕۆنای لەچۆنێتی بەڕێوەچونی کاروبارەکان ئاگادار دەکردەوە، زۆرجار ڕووبەڕووی یەکتر دەوەستان و بۆچونەکانیان ئاڵوگۆڕ و دەهێنا و دەبرد، چاویان دەبڕیبە چاوی یەکتری، هەستێکی نامۆ و گەرم هەردوکیانی پێچ دەدا و بەپەلە ئۆلاندێڵ چاوی دادەخست، هەندێجار پاشەوپاش دەکشاوە و ڕەنگی سور هەڵدەگەڕا، دڵەکوتە دەیگرت و دەستی دەخستە سەر سنگی و نەیدەزانی چ لێکدانەوەیەک بۆ دۆخی

جەستەی خۆی بکات. شاژن جار بەجار ئەو هەستانە لە جەستەیدا زیاتر چەکەرەی دەکرد و خۆی لە تەماشاکردنەکانی ئۆلاندێڵ دەدزییەوە...

# شەڕی خوێناوی

هەڕەشەکان سات بەسات زیاتر دەبن و خورپەی خستۆتە دڵی هەموو ڕەسەنەکانەوە. پایزیش لە بەرەبەیانێکدا بە ئەسپایی بووە میوانی سەرزەمینی پیرۆز و دارودرەختی باخی شێ‌ی لەسەرخۆ ڕوتکردەوە، وردە وردە بایەکی فێنک پەلکە دارەکانی دەشەکاندەوە و ڕەنگێکی نارنجی بەتەمەنی هەزاران ساڵەی ڕەگوڕیشە لەخاک چەقیوەکانی دەدا، زەردبونی قەراغی گەڵاکان، پەیامی ماڵئاوایییان بە بەهار و هاوین دەگەیاند، پایز وەک ئاشقێک لەبەژنی هەموویان دەئاڵا و دەیپێچانەوە. ئەو هێزە ماوەی چەند ڕۆژێک بوو خۆیان لەنێو دارستانە دوورەکان قایم کردبوو کە دەکەوتنە بەرامبەر سەرزەمینەکانی باشورەوە، لەوێشەوە ڕژانە نێو دەشتە پان و بەرینەکانی کۆتایی دارستان و کەوتنە بۆسەنانەوە و ئامادەکارییەکانی. ئەوان دەیانزانی لەشکری ئیفڵۆرد بۆ ئەوەی بگاتە سەرزەمینی پیرۆز و شوێنی یەکەمین پاشا لە ڕەسەنی مرۆڤ، دەبێ بەم پێدەشت و دارستانەدا گوزەر بکا. ئیدی وا چاوەڕوانییان دەکرد یەکەمین شەڕی گەورەی نێوان چاکە و خراپە، پێش هاتنی ڕەسەنی مرۆڤ دەشێ لەم سەرزەمینەدا، لە سەرزەمینی»سیدان» لەماوەی چەند چرکەیەکی داهاتوودا ڕووبدات،

هەواڵەکان بەپەلە دەگەیشتن، بەڵام هیچیان دڵخۆشکار نەبون، شینابیان لە ئاسمان دەتاراند و هەورە پەشەکان جێیان دەگرتنەوە. لەشکری ئیڤلۆرد بەشێوەیەکی بەرفراوان پەلاماری شوێنەکانی دابوو، زۆرێکی لەشار و شارۆچکە و گوندەکان داگیر کردبوو، گەلێ خەڵکیشی بەیەخسیر برد، ئاراستەی هێرشەکەی دیاربوو کە بەهەموو هێزێکیەوە پێشرەوی دەکا.

ئەوانەی دەستگیر دەکران، کۆمەڵ کۆمەڵ زنجیر دەکرایە دەستوپێیان لەژێر لێشاوی لێدانی قامچیدا بەرەو بندنیا دەبران. ئەو کارە بەدێوەکانی نیڤیلیۆم سپێردرابوو کە شان و باڵیان هێندەی شەش کەسی ئاسایی دەبوو، سەروسەکوتێکی زەبەللاحی پووتی بێ مووبان هەبوو، غەبغەبەیان شۆڕ ببۆوە و ددانە تیژەکانیان بەیەکدا دەهێنا و دەست و پەنجە گەورەکانیان ڕادەوەشاند، چاوە سورە بچووکەکانیان زەقدەکردەوە و هەرچەندێ تەماشای یەخسیرکراوەکانیان دەکرد، لیک بەلادەمیاندا دەهاتە خوارێ و بۆگەنێکی ناخۆشی لەو ناوە بەردەدا، بە قامچی لێیان دەدان و دەیاننەڕاند بەسەر دیلکراوەکاندا. نیڤیلیۆم درندەیەکی مردووخۆر بوو، شێوەی ڕەنگی مردووی وەرگرتبوو، هەموو شتێکی تۆپیو و مردارەبۆوەی دەخوارد، بەدەوری گەردن ملیاندا ڕستێک لە ئێسک و پرووسکی قوربانیەکانیان پۆشیبوو، گورزێکی

قاییم و ئەستووریش بە دەستیانەوە بوو، بەتەوسەوە چاوەڕێی فەرمانێکیان دەکرد تا دایببارێننە سەر سەری یەکێ لە بەدیلکراوەکان و خوێن و گۆشتی تێکەڵ بەیەکتری بکەن. بۆ بندنیایان دەبردن، هەندێکیان قامچییەکی ئاگراویان بەدەستەوە بوو، لەهەر کەسێکیان دەدا، جێگەکەی دەسووتاند و ئیدی بۆ هەتا هەتایە نیشانەکەی دەماوە گەر بەخت یاوەری بوایە و بەزیندوویی بمایاتەوە.

ڕەسەنە نایابەکان لەچاوی هەڵۆ و سیمورغ و ققنکیسەکانەوە، ئاگاداری جموجوڵ و پێشڕەوی لەشکری بندنیا بون. لەشکرێکی ڕەشپۆشی گەورە، ئاگر و هەڵمی ژاراوی بەڕاسەریانەوە شەپۆلی دەدا، سوارۆکانیان بەسەر پشتی ئاژەڵێکەوە بون جوتن شاخی گەورە و پان و سەرێکی مودار کە چاوە سورەکانی دەشاردنەوە. هەر لەدیمەنیاندا پەیامی مەرگ دەخوێنراوە. هەندێ سوارۆی دیکەیان پەپیونە سەرشانی جۆرە گیانلەبەرێک لە ئەسپ گەورەتر بون و دوو شاخی تیژ لەنێوچەوانیانەوە دەرچوو بوو، لاقیان درێژتر بوو، لەهەناسەیانەوە تەمێکی سەوزی ژاراوی دەهاتە دەرێ، بەهەزارانیان تیژڕەو بەرەو دارستانەکان دەهاتن. لەشکری پیادەشیان بە شمشێر و نێزە و تیر و کەوانە ڕەش و ژەنگاوییەکانیان لەگەڵ زرێ و تۆپی ئاسنینی دەستیان، تەنراو بەمێخی گەورە و تیژ، بەجلک و چارشێوێکی

ڕەشەوە بەرەو گۆڕەپانی جەنگ شەقاویان دەنا. دێوی نیڤیلیۆم و هەژدیهای گەورە شان بەشانی یەکتری دەشتایی و دارستانەکانیان تەی دەکرد. دەنگی دەهۆڵێکی گەورەش بەردەوام لەنێویاندا زرمەی دەهات. لەنێوانی ئەو درندە زەبەللاحانەدا بەهەزاران گیانداری ترسناکی بچکۆلە هەبون، لە دوو پێ و سێ پێ و چوارپێ و بە چڕنوک و ڕوخسار تۆقێنەر. شەڕکەرانی ئیڤڵۆرد ئاڵاکەیان بریتی بوو لە کۆمەڵە ئێسک و پرووسکێکی گەورە و بچووکی گیانلەبەرە درندەکان، کرابون بە سەری نێزەکانیانەوە و ڕووەو بەرزایی ئاسمان هەڵکشابون.

بۆ جەنگاوەرانی پێنج ڕەسەنەکە، کە شەڕ تەنیا چەند شەقاوێکی ماوە و بەمزوانە دەگاتە لایان، دڵەکوتێ تەنگی پێهەڵچنیبون و دەیانویست زووتر شەپوری جەنگ لێبدرێ، چاوەروانی لەخودی شەڕکردن سەختترە. دەنگ و قیڕە و هاوارەکان نزیکبونەوە و بەهەزاران ڕەشپۆش لەوبەرەوە لەنێو دارستانەکانەوە ڕژانە ناو دەشتەکە و ژمارەیان تا دەهات زیادی دەکرد، تەمێکی سەوزی ژاراوی لەسەر سەریان هەڵنیشت، وردە وردە بەرەو جەنگاوەرانی پێنج ڕەسەنەکە هەنگاویان دەنا، کە هێڵی یەکەم لە ڕەسەنی فریادڕەس و دەستڕەنگین و پێکراوەکان پێکهاتبوو.

ڕیزی یەکەمی لەشکرەکە لە تیرهاوێژەکان پێکهاتبون، لە پشتیانەوە شمشێر و نێزەبەدەستان، لای ڕاست و چەپیان سوارۆکان بون لەگەڵ

دەستەی قۆچەقانی (مەنجەنیقەکان)، لەدواشیانەوە لەشکری یەدەگ کە رەسەنی پیتۆڵ و زاناکان بون. ئۆلاندێڵ بەسواری ئەسپێک لەپێش لەشکرەکەی وەستا و تەماشایکردن و بەدەنگێکی بڵند هاواریکرد:

ئەی جەنگاوەرانی سەرزەمینە پڕ لە ڕاز و نهێنیەکان، هەڵگرانی ڕاستی و ئاشقانی ڕووناکی، دەزانن و دەبێ بزانن کە ئەمڕۆ ڕۆژی ئاوەدانکردنەوە و بێدەنگی و خۆشی و شادی و کشتوکاڵ و بەرد خستنەسەر بەرد و داتاشینی نەخش و جوانیەکان نییە لەسەر بەردەکان، ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە لەشکری ڕەشپۆش و ئیفڵۆردپەرستان دەیانەوێ سەری ئازادمان پێ شۆڕ بکەن و دڵی ڕووناکمان خەفە بکەن، دەیانەوێ ئازیزانمان لەبیابانی ئیفڵۆرد و ئیفڵۆردپەرستاندا لەگۆڕی بەکۆمەڵدا زیندە بەچاڵ بکەن.

شمشێری لەکێلان ڕاکێشا و لەشکری ئیفڵۆردیش کە لەنێو دارستانەکەدا خۆیان مەڵاسدابوو، گوێیان لەدەنگی پڕ جۆش و خرۆشی ئۆلاندێڵ بوو، بۆ ماوەیەک هەموو شتێ لەدەوروپشتیان خامۆشی نواند، لەپڕدا دەنگی هەزاران کەس لەوبەرپانەوە دارستانی هەژاند و ئەوەی چاوەڕێیان نەدەکرد، بەشێوەیەکی زۆر سامناکانە ڕووبەڕوویان هات، بەهەزاران تیری ئاگراوی و بێ ئاگر بە فەرمانی ئۆلاندێڵ لەناو دارستانەکانەوە دەڕچوون و بە ئاسماندا هەڵفڕین، چەشنی هەورێکی ڕەش شینایییان

بەقوببەکەیەوە نەهێشت، کەوتنە دروێنەی جەستەی لەشکری ئیڤلۆرد کە بەپرتاو ڕووەو دارستانەکە پەلاماریان دا، بەبێ ئەوەی سوپای پێنج ڕەسەنەکە ببینن، کوێرانە ملیان نایە بەر دەشتەکە و بونە نێچیرێکی ئاسان بۆ جەنگاوەرانی لەشکری ئۆلاندیڵ، کە بە بەردەوامی لەنێو دارستانەکانەوە تیریارانی بندنیاییەکانیان دەکرد. ژمارەیان گەلێ زۆر بوو بۆ ئەوەی پێڕابگەن و گورزێکی کاریگەریان لێوەشێنن، پێش ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو ژمارە بێشوومارەی شەڕکەرانی لەشکری ئیڤلۆرد بوەستنەوە. هاوکات قۆچەقانیەکان بەتۆپە ئاگراوییە زەبەللاحە ڕەشەکانیان، کەوتبونە تۆپبارانکردنی بندنیاییەکان و بەدەیانیان دەکەوتن و شەل و کوتی دەکردن و دەکوژران، بەڵام لای ئەوان ژیان چ بەهایەکی نەبوو، نەدەوەستان و ئارامیان نەدەگرت، کەس لە کەسی نەدەپرسی و کەس لەخەمی ئەوی تەنیشتی نەبوو، بریندارەکانیان هەرچەندێ هاواریان دەکرد، ئاوڕیان لێنەدەدانەوە و زۆرجار بریندارەکانیان دەبون بەژێر پێوە و چیدیکە هەڵنەدەستانەوە و دەمردن. لەشکری ئۆلاندیڵ بەدرێژایی دارستانەکە دابەش ببوو، کاتێ زانییان شەڕکەرانی هێزی ئیڤلۆرد زۆر نزیکبونەتەوە، دەیان شەیپور فوی پێداکرا و ئامادەسازیی بۆ هێرشکردن لەناوجەرگەی دارستاندا بڵندبۆوە، ئیدی بەهەزاران جەنگاوەر و سوارۆ بەڕەو لەشکری

بندنیا لەنێو دارستانەکەوە دەرپەڕینە دەرەوە. لەشکری پیادەش بەرەو گۆڕەپان هێرشیانبرد، هێندەی چاوتروکانێک هێزی نور و هێزی تاریکی لەناوەندی دەشتێکی پان و بەرینداا ئاوقای یەکتری بونەوە و لێواری شمشێرەکانیان بەسەر یەکتریدا دەخزان و موچڕکەیان بە جەستەی تەماشاچییانی ئەو جەنگەدا دێنا، نێزەکان لوتیان لەیەک گیردەبوو، شەڵاڵی خوێنیان دەڕژاندە نێو دەشت و ساراوە.

بفالۆکان ئاژەڵە ڕەش و سم سورەکان بون، دیمەنێکی تۆقێنەر و قێزەونیان هەبوو، شاخەکانیان بەر هەر سوارۆیەک یان کەسێ کەوتبا، لە زەوی بڵندی دەکردەوە، ئەوجا یا بە سەختی بریندارى دەکرد یان دەمودەست گیانی لەدەست دەدا. لە بفالۆ ڕەشەکان تۆقێنەرتر، خەمە گەورەکان بون کە ئاژەڵێکی لە ئەسپ گەورەتربون، کەڵێکی تیژی هەبوو بەهۆیەوە چەندین ئەسپ و سوارۆیان گلاند و پارە پارەیان کردبون، ئەمە بێجگە لە سوارۆکانی سەرپشتیان کە تۆپێکی ئاسنینی سەنگینی چنراو بە مێخ و بزماری گەورە و پەیوەست بە زنجیرێکی قایم لە چنگیاندا، بەردەوام دەیانسوڕاندەوە و قوربانیان دەخستەوە. خەمە گەورەکان گەلێ ترسناک بون، زمانێکی درێژ لە گەرویان دەهاتە دەرێ و لیکێکی کەتیرەییان فرێدەدا و لە ماوەیەکی کەمدا سوارۆکانیان دەگرت و بەرەو دەمی خۆیان ڕاپێچیان دەکردن،

لەبەرئەوەی دەمیان دەکشا و چەشنی مار وابوو، دەیانتوانی سوارۆکان لووش بدەن و بەددانە تیژەکانیان بیانهاڕن و شلوکوتیان بکەن، ئەوجا بەرەو سوارۆیەکی دیکە زمانیان دەکێشا.

جەنگاوەرانی پێنج رەسەنەکە بە تەواوی هێز و توانایانەوە رووبەڕووی بفالۆ ڕەشەکان و خەمە گەورەکان دەبونەوە و گەمارۆیان دەدان و لەچەندین لاوە بەنێزە کون کونیان دەکردن و بە شمشێرەکانیان زمانە درێژەکانیان دەبڕین. خۆر وردە وردە بەرەو ناوەندی ئاسمان دەکشا و دیمەنێکی تەواو پایزانەی بە گەرما و گەرمی شەڕەکە دەدا، لەشکری هەردولاش هێندە بەیەکدا هەڵپژابون و تێکەڵ بەیەکتری ببون، مەنجەنیقەکانی سەرزەمینی پیرۆز چیدیکە نەیاندەتوانی تۆپە ئاگرینەکانیان ئاراستەی لەشکری بندنیاییەکان بکەن.

هێزێ لە لەشکری بندنیاییەکان کتوپڕ ڕیزەکانیان شەقکرد و بەرەو ناوەندی گۆڕەپانی شەڕ بەپەلە جێی خۆیان گرت، ئەوان لەو دەستە شەڕکەرانە بون کە پێشتر شوێن سێفا و هاوەڵەکانی کەوتبون، چارشێوێکی ڕەشیان پۆشیبوو بەدەستە کرم گرتووەکانیان شمشێری درێژ و ژەنگاوییان با دەدا، بەڵام هێندە تیژ بون بتوانن بەرامبەرەکانیان سەغڵەت بکەن، بە ژمارەیەکی زۆر ڕژانە نێو گۆڕەپانەکەوە پێیان بەسەر زەوی نەدەکەوت، خێرا دەجوڵانەوە و گورزی کوشندەیان دەهاوێشت.

بۆنی پیسی جەستە و بۆگەنی هەناسەی لەشکری بندنیاییەکان، هەوای پایزی لەسەر سنگ قورس کردبوو، جەنگاوەری ئۆلاندێڵ سەرباری سەختی جەنگەکە، هەناسەدانیشیان ببووە بەڵایەک بەسەر سینەیانەوە و توشی تەنگەنەفەسی کردبون.

ئەژدیها سورە ئاگرپرژێنەکان بەشێوەیەکی چڕوپڕ لە پاسەریان دەسورانەوە، بە چڕنوکە تیژەکانیان دەرفەتیان دێنا و لە جەنگاوەرەکانیان گیر دەکرد و بەرەو قوڵایی ئاسمانیان دەبردن و لەوێرا فڕێیان دەدانە خوارەوە. ئەژدیهاکەکان زۆر دڕندانە بەرەو دارستانەکان کشان و شڵەژانێ تووندیان خستە نێو ڕیزەکانی لەشکری ئۆلاندێڵەوە. شاژن ڕۆنا شان بە شانی ئۆلاندێڵ دەجەنگا و هەرچەند لە دیمەنی گۆڕەپانەکە وردەبۆوە، دڵەخورپە دەیگرت، هێزی بندنیاییەکان سات بە سات، ژمارەیان زیادی دەکرد و جێیان بە هێزەکانی ڕووناکی لێژ دەکرد، تەواوی دڕندە و دێو و دێوەزمە و دەعەجانیان ئاوێتە بە جەنگەکە کردبوو، لەگەڵ هاوێشتنی هەر چەپۆکێکدا چوار تا پێنج جەنگاوەریان لەسەر ئەسپ دەگلاند، باڵادەستی جەنگ گەیشتبووە ئاستێ زیاتر بەلای بندنیاییەکاندا دەشکایەوە. هەرچەندە جەنگاوەرانی سەر بە سەرزەمینی پیرۆز بەوپەڕی توانایانەوە مێرخاسانە دەجەنگان، بەڵام بۆ ئۆلاندێڵ و شاژن

رۆنا شاراوە نەبوو، کە چیدیکە توانای بەردەوامبون و بەرگریکردنیان نەماوە و دۆخەکە ڕووەو مەترسیدارتر دەچێ، دەبوایە بەهەر شێوەیەک بووە بکشێنەوە بەرەو قوولایی دارستانەکان، بەپشتیوانی لەشکری یەدەگی ڕەسەنی پیتۆڵ و زاناکان و لەوێڕا دووبارە خۆیان ڕێکبخەنەوە و لاسەنگی جەنگەکە ڕاست بکەنەوە، ئەمە بڕیارێکی ئاسان نەبوو، وەرە ڕووخێن بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ناچار بون پێی هەستن و شەپوری پاشەکشە لێبدرێ. ئاوازێکی دڵخۆشکار نەبوو، لەشکری ڕووناکی لەنێو گەرمەی شەڕ و پێکدادادا بوو، بەزەحمەت و قوربانیدانێکی زۆر خۆیان لە گۆڕەپانەکە کێشایەوە بەرەو هێڵی دووەم. لەشکری بندنیاییەکان ئەمەیان بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ خۆیان زانی، وەدوویان کەوتن بۆ نێو دارستانەکان و هەرچییەکیان دەهاتە سەر ڕێ، وێرانیان دەکرد و دەیانسوتاند.

لەنێو دارستانەکەدا لەشکری یەدەگ لەبۆسەدا بوو، ئامادەبوو بۆ شەڕی دەستەویەخە و مان و نەمان، هەندێکیان هەڵزنابون بەدارەکاندا و لەنێو لق و پۆپیدا بۆسەیان نابۆوە. گەلێ وردە دابەش ببون تا دەرفەت بە جەنگاوەرەکان بدەن بۆ کشانەوە و ڕۆچوونە نێو دارستانەکەوە. لەگەڵ پەلاماری بندنیاییەکان بۆ نێو دارستانەکە، بەسەدان تیر لە میانی لقی درەختە بەرزەکاندا دابارییە سەر ڕەشپۆش و سوار و

پیادەی بفالۆ سم سورەکان و خەمە گەورەکان و دەکەوتنە سەرزەوی و بەردەبونەوە، بەڵام دێو و نقیلێزمەکان زیاتر خۆڕاگربون و بەئاسانی دانەدەڕمان و زیاد لەهەموو درندەیەکی دیکەی بندنیاییەکان زیانیان لە لەشکری ئۆلاندێڵدا، بە رادەیەک وەختە بوو پەرت و بڵاوی بخاتە نێویانەوە، بۆیە بەپەلە لەشکری ئۆلاندێڵ خۆیان ڕێکخستنەوە و هێڵێکی بەرگریان پێکهێنا بەپشتیوانی تیرهاوێژەکان لە جەنگاوەرانی سەر بە ڕەسەنی زانا و پیتۆڵەکان، کە بەسەر درەختەکانەوە توانیبویان گەمارۆی لەشکری بندنیاییەکان بدەن. دووبارە شەپوری هێرشبردن لێدرا و شەڕێکی سەخت لەناو جەرگەی دارستاندا دەستیپێکرد، ئابڵۆقەیەکی سەختیان لەسەر بندنیاییەکان سەپاند، بەڵام ئەژدەهاکان هەژمونیان بەسەر ئاسماندا کردبوو، چ هێزێ لەسەر زەویدا نەبوو، ڕووبەڕوویان بوەستێتەوە، بەئارەزوی خۆیان ئاگربارانی درەختەکانیان دەکرد و جەنگاوەرانیان خستە دۆخێکی ترسناکەوە، کە دەبوو یان خۆیان فڕێبدەنە خوارەوە یا لەگەڵ لق وپۆپی درەختەکاندا گڕیان بگرتایە و کۆتاییان پێبهاتایە. شەڕ هەر بەردەوام بوو، خۆڕیش بەڕەو ئاوابون ڕووەو پشتی چیاکان دەچوو، هەتا تاریکتر دەهات، لەشکری بندنیاییەکان وڕە بەرزتر دەبون، ئەوان تاریکی سەرچاوەی هێز و بونیان بوو، بەڵایانەوە تاریکی تەنیا ڕوخساری شەو نییە، کە پێچەوانەکەی

رۆژە، بەڵکو هێزێکە لە کرۆکی نور و لە تاریکستانی بندنیادا سەرچاوە دەگرێ. لەو هێزەوە بونیان دەخەملێ، کەبونێک نییە هەڵگری ژیان و گوزەران و چێژ بێ. بۆ جەنگاوەرانی پێنج رەسەنەکە تاریکی ئەو هێزە گرفتاوییە نییە توشی پەرێشانی و داتەپینیان بکا، چونکە ئەوانەی هەڵگری هێزی ڕووناکین، لە تاریکی و تاریکستانی بۆ تەنیا ساتێکیش ڕێگە و ئەرک و ئامانج لەپێشچاو و دڵیان بزر نابێ و تاریکی نابێتە ڕێگر، ئەوان خاوەن زەینێ بون بە تێگەیشتن و زانست گەشەی کردبوو، بۆیە لەبەرچاویان شەو و ڕۆژ وەک یەک وابوو، بەڕۆژدا چۆن دەیانبینی، بە شەویشدا هەروا بون.

ئەو شەوە تا بەرەبەیان شەڕ و تێکچڕژان لەوپەڕیدا بوو، لەشکری بندنیاییەکان سات بەسات ژمارەی زیاتریان دەڕژانە نێو دارستانەکەوە و تێکەڵ بەشەڕ دەبون، بەرامبەرەکانیشیان بەپێچەوانەوە، جەنگاوەرانی سەر درەختەکان ناچار بون بۆ ڕاگرتنی شایانی جەنگەکە، بێنە خوارەوە و هاوشانی ڕەسەنەکانیتر بەگژیاندا بچنەوە، بەڵام شەڕەکە پتر ڕووەو لاسەنگی دەشکایەوە.

هەریەکێ لە جەنگاوەرانی پێنج ڕەسەنەکە کە دەکوژرا، گیانی وەک باڵندەیەک سەرزەمینی بەجێدەهێشت و سروشت و دار و درەخت بەخامۆشی ئاوازی ماڵئاواییان بۆ دەگوت...ئاوازێ بوو سەداکەی

تەنیا ڕەسەنە نایابەکان دەیانبیست و هەستیان بەدڵگرانی سروشت دەکرد، کە بە سۆزێکی بزوێنەرانەوە گیانی ئازیزانی دەلاواندەوە، ئەوە ئاوازێ بوو بندنیاییەکان نەیاندەبیست و نە پێشی ئاشنا بون. هەمووان هەستیانکردبوو کە ئەمە دوایەمین ساتەکانی بەرگریکردنە و چیدیکە ناتوانن ڕێگری لە لەشکری بندنیاییەکان بکەن. شاژن ڕۆنا لە هێڵی یەکەمی بەرگریدا بوو، دەیبینی لاشەکان وەک خەزان دەوەرین، ناچار خۆی گەیاندە لای ئۆلاندێڵ کە تارادەیەک لێیەوە دوور بوو، لە پشتیەوە هاواریکرد: ئۆلاندێڵ...جەنگاوەرانمان ناتوانن چیدیکە بەردەوام بن، تێکشکانمان مسۆگەر بووە، هەرچەندێ زووتر بکشێینەوە باشترە، بمانەوێ و نەمانەوێ سەرکەوتوو نەبوین و لەوە زیاتریش توانای بەرگریمان نییە.

ئۆلاندێڵ دەمێ بوو دەرکی بەوە پڕابوو کە بەردەوامبون لەم جەنگەدا، جۆرێکە لە سەرسەختی نواندن، بەڵام ڕێگەچارەیەکی گونجاوتری بۆ سەرکەوتن بەدی نەدەکرد، بەتورەییەکی زۆرەوە دەیڕوانیە جەنگاوەرەکان، کە چەندێ فیداکارانە بەڕووی ئەو دڕندە و دێوە زەبەللاحانەدا دەچنەوە، سەرێکی بادا و ڕووی وەرگێڕا بۆ شاژن و گوتی: باشە شاژن..دوا فەرمانتان چییە؟

دەبێ لە سەرزەمینی سیدان بکشێینەوە، هەرچی زووترە شاری

پیرۆز و باخی شین چۆڵ بکرێت، بۆ پاراستنی گیانی ئازیزانمان پووەو سەرزەمینەکانی باکور بەرێکەوین...ج چارەیەکی دیکەمان نییە.

چۆڵکردنی شاری پیرۆز و باخی شین، کارێ بوو کاتێ زۆری دەویست ئۆلاندێڵ گوتی: ئێمە دەمێنینەوە و هەوڵدەدەین پێشرەوی لەشکری ئیفڵۆرد رابگرین، تا کاتێکی زیاترتان لەدەستدا بێ بۆ کشانەوە و خێرا چۆڵکردنی مەیدانەکە، دەبێ بەرێزتان پەلە بکەن لە گەڕانەوە و ئێمەش لە گونجاوترین کاتدا وەدووتان دەکەوین.

شاژن دەیویست نیازی مانەوەی وەڕووبخات، بەڵام ئۆلاندێڵ دووپاتیکردەوە:

زۆر کاتمان لەبەردەستدا نەماوە، دەبێ پەلە بکەن..بڕۆن و ئێرە جێبێڵن..سات بەسات ئێرە مەترسیدارتر دەبێ، دەستوبرد بکەن.

ئیدی شمشێرەکەی بەرزکردەوە و ڕاست و چەپ وەشاندی و ئاراستەی چەند ڕەشپۆشێکی کرد، کە لەدەوروبەریدا خولیان دەدا، دواتر لفاوی ئەسپەکەی توند گرت و غاری دا بەرەو مەیدانی پێکهەڵپژانەکە. شاژنیش کەمێ گەڕاوە دواوە و خۆی گەیاندە لای سێ جەنگاوەری سەر بە ڕەسەنی پاک و فریادڕەس و پێیگوتن: بەزوترین کات بەرەو شاری پیرۆز و باخی شین بڕۆن، هەرچی ئافرەت و منداڵ هەیە کۆیان بکەنەوە و بەرەو باکور کۆچ بکەن.

لێیان دوورکەوتەوە و دڵنیابوو کە فەرمانەکەی دەستبەجێ جێبەجێ دەکرێ، دواتر بە پێچەوانەی قسەکانی ئۆلاندێڵ، گەڕایەوە نێو گۆڕەپانی جەنگ و شمشێرەکەی توند رادەوەشاند بەڕاست و چەپدا، جۆش و خرۆشێ لەبن نەهاتوو تاوی پێسەندبوو. ئەوەی ئۆلاندێڵ چاوەڕێی نەدەکرد، بینینی شاژن ڕۆنا بوو، لەجێی خۆیدا ساکا و کەمێک لێڕاما، پاشان بەڕەوڕووی چوو، هاواریکرد: ئەی هاوار... خاتوو ڕۆنا لێرە چیدەکەیت ئەی بڕیار نەبوو ئێرە بەجێ بێڵی؟

شاژن زۆر بە ئاسایی وەڵامیدایەوە: دڵنیابە دانیشتوانی شاری پیرۆزم ئاگادارکردۆتەوە..بەڵام ناکرێ بەتەنیا لە گۆڕەپانی جەنگدا بەجێت بێڵم، یان پێکەوە دەمرین، یان پێکڤە بە سەرکەوتویی دەرباز دەبین. ڕووبەڕووی یەک بونەوە، چاویان لەسەر یەکتری گیرسایەوە، هەستێکی نامۆ بەڵام گەرموگوڕ سەراپای تەنینەوە، دڵەکوتەیەکی زۆر گرتنی، هەر ئەوەندە نەبوو لە قەفەسەی سنگیان بێتەدەرێ، بەتەواوی لەهەستی ئەو ڕۆژانە دەچوو لە گۆڕەپانی مەشق یەکتریان دەبینی، دەمارەکانیان دەکەوتنە جۆش، وشەکان بە دروستی لە گەرویان نەدەهاتنە دەرێ، ئەم هەستانە گەمەی بە مێشکیان دەکرد لە ناسکترین وەختیاندا کە مەرگ سێبەری لەسەر هەموو شوێنێک هەڵخستبوو. ئەوەی لە بەیەکگەیشتنی نیگاکانی ئەم دوانەدا بوو، چی نەبوو بێجگە لە ئەفینێ

که دەمێکە بە بێدەنگی چرۆی دەکرد، ئێستا لە تەنگەتاوترین دۆخدا هەمان ئەو گەرموگوڕی نیگایانە بەیەکدەگەنەوە. شاژن رۆنا بە زرێی سپی و شاڵی سەوزەوە، پرچێکی پەش و درێژ شنەی باش نەیدەویست لەسەر شانی لابدات، هێندە لە یەکتری نزیکبونەوە لەبیریان کرد لە گۆڕەپانی جەنگێکی چارەنوسسازدان، ئۆلاندێڵ دەستەکانی شاژنی گرت و چیدیکە خۆی پێڕانەگیرا و لێوی لەسەر لێوە ئاڵەکانی ئارامی گرت و بۆ چاوتروکانێ لە دنیای شەڕ و خوێن دوورکەوتنەوە، هەردوکیان چاویان کردەوە و لەیەکتری ڕامان، ئۆلاندێڵ بەپەلە دوورکەوتەوە، شاژن چاوەڕێی هەڵوێستێکی وای لێنەدەکرد بەڵام گەرمایی لێوی هێشتا لەسەر لێوەکانی مابوو، قامکی خستەسەر دەمی و دەموچاوی سور هەڵگەڕابوو، وەک ئەوەی تایەکی توندی بێت. کەمێ تورەیی لەخۆی هێنا و دووبارە تەماشای ئۆلاندێڵ-ی کردەوە، کە شمشێرەکەی لەجاران توندتر بادەدا، زەردەخەنەیەک گرتی و شمشێرەکەی وەدەستەوە گرت و لێی نزیکبۆوە و پێکەوە کەوتنە وێزەی شەڕکەرانی لەشکری ئیڤڵۆرد کە زیاتر گەمارۆ و فشاریان لەسەر توند دەکردن و دیارنەبوو کامیان لەو جەنگەدا بەزیندویی دەردەچن.

# سەرزەمینی دابڕان

زۆرباش لە راشکاوی پەیامەکە گەیشتبون و دەیانزانی شاژن رۆنا لەخۆڕا فەرمانی وا نادات و بە ئەرکی ئاوها مەترسیداریان ناسپێرێ، بەپەلە لەگۆڕەپانی شەڕ کشانەوە و چونە دواوە، لغاوی ئەسپەکانیان گرت و چەشنی بروسکە دەرچون، خۆیان گەیاندە ناوەندی شار و لەکۆشکی (ئێکبون)ئاگاداری رەسەنی جوان و سەرنجڕاکێش و رەسەنی زیبای دەریاکانیان کردەوە، کە پێشتر دەستنیشانکرابون بۆ سەرپەرشتیکردنی کاری چۆڵکردنی شار، هەرسێ نوێنەر بەوردی راسپاردەکەی شاژن رۆنایان شیکردەوە، کە دەست لەهەموو کاروبارێکیتر هەڵبگرن و ئەوپەڕی توانایان وەگەڕبخەن بۆ بەجێهێشتنی سەرزەمینی پیرۆز.

لەسەر قوللەی هەر دوازدە دەروازەکە، دوازدە کچی بەژن بڵند لەرەسەنی پاک و فریادرەس بە بەرگی سپی ئاوریشمی و تیروکەوانی پشتیان، بەئاوازێکی غەمگین و هەست هەژێن شەپوریان لێدا، کە مانای ئاگادارکردنی خەڵک و چۆڵکردنی سەرزەمینی پیرۆز بوو، ئیدی ئامازەیەکیش بوو کە دانیشتوانی ئەوێ دەستبەرداری هەموو شتێ ببن و ڕووەو دەروازەکانی شار بەڕێ بکەون و چ کەلوپەلێ لەگەڵ

خۆیان نەهێنن، چونکە لەهەر شوێنێ بن، هەرچییەکیان بوێ دروستی دەکەنەوە.

ڕەسەنە نایابەکان توشی تێکشکانی گەورە هاتنەوە، ناچاربون سەرزەمینە دیارییەکەی نورپاشا بۆ بندنیاییەکان بەجێبهێڵن و خۆشیان بەرەو دوورترین شوێن دەربچن. دانیشتوانی شاری پیرۆز و لەشکرە تێکشکاوەکەی ماوەی حەوت ڕۆژ بوو بەرەو باکور و چیا سەختەکانی بەرێ کەوتبون. بە برپارێکی گشتی هەر پێنج ڕەسەنەکە لەنێو تەختاییەکی گەورەی بێ داروباردا لەسەر چیایەکی بڵند، لای پاستیەوە دەریاچەیەکی شین و ڕوون هەبوو، دارستانێکی چڕیش لەدوورڕا دەبینرا، شوێنەکە بەناوەندی قەڵایەک دەچوو، چیاکان لەدوورەوە بەرز و سەرکەش گەمارۆیان دابوو، ڕوبارە پان و بەرینەکان دەشتەکانیان دەبڕی و تێکەڵ بەدەریاچە شینەکە دەبون. سروشتێکی کپ و خامۆش و ئارام هەموو شتێکی لەئامێز گرتبوو. لەوێڕا لەنگەریان گرت، سەختی بارودۆخە نوێیەکە گشت کەسێکی خستبووە نێو خەیاڵ و دڵەڕاوکێ قوڵەوە، هەموو شتێ لەپڕا گۆڕا و داهاتویان بووە گرێکوێرەیەک و بەکەسیان نەدەکرایەوە نەیاندەزانی لەمەودوا چی دەبێ و دەشێ چی بکەن، ڕووداوەکان گەلێ دڵتەزێن بون، تەواوی بیرکردنەوەیانی سەرەوژێر کردەوە.

ج هەواڵێ لە شاژن ڕۆنا و ئۆلاندێڵ نەبوو، ئەوان دوایەمین کەس بون گۆڕەپانی جەنگیان جێهێشت، لەو هێزە دەربازبووەی سەرزەمینی پیرۆز کەسێ نەبوو هەردوکیانی بە زیندویی ببینیێ و بەبێوەیی لەجەنگەکە دەرباز بوبن، هەروەک کەسیش بە کوژراوی بەدی نەکردبون، ئاخر ئەوان چاوەڕێیان کرد تا دوا جەنگاوەریان ڕوبکاتە دەروازەی باکور. بۆ تاوێک ئاژۆمێدییەکی زۆر سەراپای دەربازبوانی گرتەوە، تا لەدوورڕا تارمایی دوو سوارۆ دەرکەوتن کە هەریەکە لە شاژن و ئۆلاندێڵ بون، جلکەکانیان خوێناوی و ڕەشایی دووکەڵ بەنێوچەوان و چەناگەیانەوە نووسابوو، هیلاکی ڕوخساری گەشی شاردبونەوە، یەکسەر بەرەو ناوەندی خەڵکە هەڵاتووەکە چوون، کە لەگەڵ جەنگاوەراندا ئاوێتەی یەکتر ببون. ئەوان تەنیا چەند ساتێکی کەم پێش ئەوان گەیشتبونە ئەو شوێنە. هەر پێنج گەورەی ڕەسەنەکان، دیاربوو چاوەڕێی شاژنیان دەکرد. یەکێ لە ڕەسەنی دەستڕەنگین و پێکراوەکان هاتە پێشەوە و بەدەنگێکی بڵند گوتی:

بەڕێزان. ئێمە لە پێنج ڕەسەنی جۆراوجۆر بەرەو ئەم سەرزەمینە هەڵفڕین، سەرزەمینی حەوتەم کە دیاری نورپاشا بۆ هۆڵمان شا لە ڕەسەنی مرۆڤ، ئاوەدانمان کردەوە و ئەرکەکانمان بەکۆتا گەیاند، ئیتر لەمەودوا داهاتوو بە باش و خراپیەوە، بە زانین و نەزانینیەوە،

بەخوازراو و نەخوازراوییەوە، بە رەفتار و کردار و گوفتارییەوە بۆ مرۆڤ دەمێنن، پاشەرۆژی یەکەمین پاشاش هەر لەدەستی خۆیدایە و ئێستا ئێمە هیچمان بۆ ئەو رەسەنە پێناکرێ.

پووی وەرگێڕا بۆ لای ئامادەبووان و بە نیگەرانییەکی زۆرەوە گوتی: سەردەمی زێڕین کۆتایی هات، سەردەمێ بوو کە کات و زەمانەکەی بەسەرەتایەکی ون دادەنرێ، لەبیر و هزری هیچ کەسێکدا نامێنێ و ڕاستی و ڕاز و نهێنییەکانی بزر دەبن، دەورانی نەزانین و سەختی و سەرلێشێواوی و گەڕان بەدوای سەرچاوە و ڕەسەنی خۆیان و ئایندەی سەرزەمینی حەوتەم و ژیان و گوزەران دەستپێدەکات.. ئێستا هەرێەک لە ئێمە بەناچاری بەرەو شوێنێکی نادیار لەسەر ئەم سەرزەمینە دەڕۆین، هەرێەکەتان ئازادە بەرەو کوێ دەچێ و دوور لە ئیفلێزرد نیشتەجێ دەبن، ئازادن لەوەی چ جۆرە مانەوەیەک لەسەر ئەم زەمینە هەڵدەبژێرن.

گوتەکان ڕوون و دیاربون، هیچ لێکدانەوەیەکی دیکەی هەڵنەدەگرت، دەبوو بڕیارێ بدەن، کەوتنە مقۆ مقۆ لەنێو یەکتریدا و گفتوگۆیەکی زۆر لەنێوانیاندا بەرپابوو، دواجار ڕەسەنی دەستڕەنگین و پێکراوەکان بون بەدوو بەشەوە، بەشی هەرە زۆری بە سەرپەرشتی (ساراوان) بەکۆمەڵ بڕیاریاندا تا کاتی پێویست لەپێشچاوان بزر بن و تەنیا

لەکاتی داواکردن و بە فەرمان دووبارە بێنەوە بەر بینایی، ئەگەریش پێویست بکات وەک مرۆڤ لەنێو رەسەنی مرۆڤدا دەسوڕێنەوە. بەشی دووەمیان لەگەڵ(ئالان) بڕیاریاندا بەرەو چیا و دارستانە دوورەکان کۆچ بکەن، ئەو شوێنانەی کە تەنیا و تەنیا بەفر تێیدا فەرمانڕەوای سەرزەمینەکەیەتی. رەسەنی زیبای دەریاکان لەگەڵ خاتوو(ئانابێڵ) بەکۆمەڵ بڕیاریاندا بەرەو ناخی ئوقیانووسەکان ڕۆبچن و لەگەڵ نەهەنگ و دۆلفینەکاندا بژین، بۆ ئەوان کە دەیانتوانی لەسەر زەمین و لەنێو دەریاش ژیان بگوزەرێنن، بەهۆی هەورە ڕەشەکانی بندنیا کە بەسەر وشکانیەکاندا دەسوراوە، شوێنێکی بێوەی نەمابوو پەنای بۆ بەرن، تەنیا دەریا و زەریا و ئوقیانووسەکان نەبێ، کە وەک باشترین و هێمنترین جێ مابونەوە، بۆیە ئەوێیان دەستنیشانکرد.

بەکێ لە گەورەکانی رەسەنی پیتۆڵ و زاناکان ڕوویکردە رەسەنی پاک و فریادرەس و لێی پرسین: ئێوە چیتان بڕیارداوە؟

دەستڕەنگین و پێکراوەکان چیاکانیان هەڵبژارد و بەشێکیشیان لەپێشچاو بزر دەبن و دنیای نادیاریان دەستنیشانکردوە، دەریا و ئوقیانووسەکان بۆ رەسەنی زەریا...دەمێنێتەوە ئێمە... لەگەڵ شاژن ڕۆنا دەچینە چڕوپڕترین دارستانەکانی سەرزەمینە نەناسراوەکان کە درەختەکانیان بەشای داران ناودەبرێن، دەکەونە دوورترین شوێن لە

باکور...بەرەو ئەوێ دەچین.

رەسەنی پیتۆڵ و زاناکان لەگەڵ جوان و سەرنجڕاکێشەکان پاش ئەوەی ڕوخسەتی قسەکردنیان وەرگرت، لەسەرخۆ وەک رەسەنەکانیتر لەگەڵ شاژن (هێما) بۆ چیا و زۆزانەکان خۆیان سازدا، کە پڕ لە ڕووبار و شیو و کەندەڵان و باخەکانە. رەسەنی جوان و سەرنجڕاکێش لەگەڵ شاژن (سیدرا) بڕیاریاندا پەنا بۆ سارا و کانیاوەکانی زەمزەم بەرن.

شاژن ڕۆنا هێشتا شان بەشانی ئۆلاندێڵ وەستابوو، بەئارامی تەماشای جۆر و رەسەنەکانیتری دەکرد، ئەوجا ڕوویکردە ئەو خەڵکەی کە مابونەوە و لەسەرخۆ پێیگوتن:

خۆشەویستانم...رەسەنە بەڕێزەکان، پاشا و شاژنەکان، ڕاستییەکی شاراوە هەیە هەر لە یەکەمین ڕۆژەوە پەنهان کراوە، ئێستا کاتی هاتووە هەموو لایەکتان بزانن.

شاژن ڕۆنا بەوردی باسی چوار سندوقە کریستاڵییەکە و گۆچانەکەی بۆ کردن، ئەوجا گوتی:

گەر رەسەنی مرۆڤ و ئەو کەسەی کە تاکە کلیلی یەکبونی لەدەستدایە، داوایان لەئێمە کرد ڕووبەڕووی لەشکری ئیفڵۆرد و بندنیاییەکان بوەستینەوە، ئەوا هاوڕێیان دەبین و شان بەشانی مرۆڤ بۆ ئێکەمین پاشا دەجەنگین، لەبەرئەوە تا ئەو دەمە دەستپەنگین و پێکراوەکان

دەستنیشانکراون، کە جلوبەرگی جەنگاوەریی لە شمشێری پۆڵا و کڵاو زێرین و قەڵغان و تەواوی پێداویستییەکان هەڵبەستن تا رۆژی خۆی دێت، هەموو لە یەک ڕیز و یەک ڕەنگدا بە ناوی جەنگاوەرە زێرینەکان بۆ سەرهەڵدانی پاشا بەشداری شەڕ دەبین. ئیدی ئەوە نازانین و ناگادارنین کە یەکەمین پاشا و ڕەسەنی مرۆڤ بە کەشتیەکانی نوڕپاشا لەدەریا و ئوقیانووسی شین و دوور بەڕێ دەکەون بۆ سەرزەمینی داگیرکراو یان نا، ئەوە مەسەلەیەکە لەداهاتوودا ڕوندەبێتەوە.

شاژن ڕۆنا کۆتایی بەقسەکانی هێنا، بەڵام دڵگران و خەمبار، سەری هەڵبڕی تەماشای دەروبەری کردەوە، وەک جاران نە هەڵفڕینی هەڵۆیەک، نە ئاوازی ڤینکیس و باڵندەکان، هەموو شتێ خامۆش وەک سارایەک هەرگیز هەور و باران ڕوی لێنەکردبێ، دیمەنێکی تەواو دڵتەزێن بوو بۆ شاژن، ڕووی وەرگێڕایەوە بۆ لای خەڵکەکە و گوتی:

ئ هەواڵێکیشمان لەبارەی کورتەباڵاکانەوە نییە کە بۆ وەدەستکەوتنی خەزێنەکانی سروشت، ڕۆچوونەتە نێو ناخی زەمینەوە، بەدوایاندا دەگەڕێین، هەوڵدەدەین بیاندۆزینەوە، ئەگەریش نا دیارە چارەنوسیان وەک حەوت گوندە خۆڕاگرەکە بەدەست خۆیان دەبێ. لەکاتی سەرهەڵدانی دووکەڵی ڕەشی بندنیا بۆ سەرزەمینی پیرۆز، ڤینکیس و سیمورخ و هەڵۆ سپیەکان ڕووەو سەرزەمینە دوورەکان هەڵدەفڕن بۆ

ئەوبەری دەریا و ئوقیانوسەکان، دیار نییە ئاخۆ کەی دەگەڕێنەوە، بەڵام تا ئەو کاتە هەریەکە لە ئێمە ئێستا بەرەو سەرزەمینێکی دیاریکراو بەڕێدەکەوین، هیوادارم لەم سەردەمی تاریکستانیە، رووناکی و راستی و دادوەری یار و یاوەرمان بێت، هەموتان پارێزەری ئەو بەهایانە بن و بزانن کە ئەرکمان گۆڕاوە، بەڵام هێشتا کۆتایی نەهاتووە.

لەو دەورانە تاریکیەدا رەسەنە نایابەکان هێشتا زۆر ڕاستی دیکەیان بۆ ڕوون نەبوەوە، سەرباری ئەوەی شاژن رۆنا و گەورەی رەسەنەکان لەبارەی گۆچان و سندوقە کریستاڵییەکانیان دەزانی، بەڵام ئایندە گەلێ تەمومژاوی بوو، نەیاندەزانی چ پێشهات و ڕووداوێتر لە ڕێگەیاندایە، هەموو مۆڵەت درابون بەرەو سەرزەمینەکانیتر کۆچ بکەن، لەیەکتری دووربکەونەوە، ئەوکات لەڕێگەی ئەقڵ و سروشت و زەوی و ئەستێرەکانەوە لە هەواڵی یەکتر بزانن و بشزانن لەسەر ئەستێرەی شین چ باس و خواسێکە.

شاژن رۆنا بە پێویستی زانی جەخت لەسەر گوتەکانی بکاتەوە بەتایبەت بۆ داهاتوویەک لای کەسیان دیار نەبوو:

ئاگادارین...رۆژانی داهاتوو سەخت و ئاڵۆزتر دەبن..ئێرە شوێنی وەستان و ئارامگرتن نییە، دەبێ بەڕێ بکەوین.

ڕەسەنی دەستڕەنگین و پێکراوەکان کە بەشێکیان بڕیاریاندابوو لە

پێشچاوان بزربن، کەوتنە خوێندنی چەند وەرینەیەک لەبەرخۆیانەوە، ئەوجا هەناسەیەکی قوڵیان هەڵمژی و چاویان بڕییە ئاسمان، وردە وردە جەستەیان رەنگی کریستاڵی دەگرت و دەدرەوشایەوە، کاڵ بونەوە و بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەجێی خۆیاندا نەمان و بەئێکجاری ونبون. بەشەکەی دیکەشیان بەرەو دارستانە چڕ و چیا سەرکەشەکان هەنگاویان نا. رەسەنی زیبای دەریاکان بەرەو دەریای شین وەڕێکەوتن کە تەواوی روبارەکانی ئەو دەڤەرە دەڕژانە نێوییەوە، چونکە نزیکی کەنارەکە، کە سپی دەچۆوە، هەتا چاو بڕکات کەنار درێژ دەبۆوە، لەگەڵ گەیشتنیان بۆ ئەوێ شەپۆلەکان ئارام بونەوە، وەک ئەوەی پێشوازی لە بونەوەرێکی خۆیان بکەن، هەرچەندە شەقاویان دەهاوێشت بەرەو دەریا، جلوبەرگەکانیان رەنگی دەگۆڕا، چارشێوە سەوزەکانیان وەک خۆڵەمێشی دوای ئاگر هەڵدەوەرین و بەدەم باوە جەستەی جێدەهێشتن، تەنیا پارچەیەک کە شنەبا ئەفسووناوییەکە بەیتوانی لەجەستەیان جیابکاتەوە، ئاڵا شینەکە بوو کە بیستوپەک نیرۆژەی لەخۆگرتبوو، هێشتا دەشەکایەوە، خەنجەر لە کەمەر و نیروکەوانی سەرشانیان وەک خۆی مابۆوە، ئیدی ئەوە ئاماژەیەک بوو کە هەڵوێەکی سپی گەردن سور لە ناخی قوڵی ئوقیانوسەکانەوە لەگەڵ پەریدۆت و نەهەنگەکان ئاڵاکەیان دەپارێزێ.

کۆمەڵ کۆمەڵ ڕۆچوونە نێو دەریاوە، جەستەیان وەک پوولەکەی ماسیەکان دەبریسکانەوە، دەریا لە ئامێزی گرتن و کردنیە ڕۆڵەی خۆی.

ئۆلاندێڵ بەپێچەوانەی ڕەسەنی دەستڕەنگین و پێکراوەکان لەگەڵ ڕەسەنی پاک و فریادڕەس، دەستی شاژنی گرت و بەرەو سەرزەمینی پاشایی دارەکان بەڕێ کەوتن، ئەوێ یەکێ بوو لە سەرزەمینە دوورەکان، تەژی لە دارستان و ئەو درەختانەی سەریان لەهەورەکان دەدا. ڕەسەنی پیتۆڵ و زاناکانیش وەک بڕیاریاندابوو بەرەو دەشت و سۆزانەکان کۆچ بکەن، ڕەسەنی جوان و سەرنجڕاکێش بەرەو سارا بارگەی جووڵاند و دەیویست بگاتە کانیە ئاوەکانی زەمزەم، ئەوانەشی لەگۆڕەپانی جەنگ گەڕابونەوە لە هەر پێنج ڕەسەنەکە، ئەوێیان بەجێهێشت و کەسی تێدا نەما.

ڕۆشتن بەئومێدی ئەوەی یەکەمین پاشای حەوتەمین سەرزەمین هۆڵمان دەسەڵات بگرێتەدەست و ڕۆژێ لە ڕۆژان مرۆڤ بتوانێ ئەو سەرزەمینە لە تاریکستان دەرباز بکا و سەرکەوتوانە ڕووناکی لەنێو تاریکیدا بدۆزێتەوە و جارێتر بە سەرۆکایەتی مرۆڤ ڕەسەنەکان کۆبکەنەوە و شان بەشانی لەشکری ڕەسەنی مرۆڤ شەڕی دژ بە ئیڤڵۆرد بەڕپا بکەن. دۆڕاندنی جەنگی یەکەمی ڕەسەنەکان سەرەتای سەردەمێ بوو

کۆتایی هات، بەوەش چرۆی سەردەمێکی نوێ و نادیار و تەمومژاوی بۆ رەسەنێکی نوێ دەستپێکرد.

*　　*　　*

هەموو دەرفەتەکان لەبەردەم بندنیاییەکان ئاوەڵا بوو، بەدرێژایی ئەو ساڵانە توانییان ڕەگوڕیشەیان بهاونە نێو کون و کەلەبەرەکانی شار و شارۆچکەکانی سەرزەمینی پیرۆز و تەواوی ئەو جێیانەش کە پێشتر رەسەنە نایابەکانی تێدا ئاکنجی بون. چاوتێبڕینەکانیان سنورەکانی بەزاندبو، بەرەو شوێنی نوێ پەلیان دەهاوێشت، دەیانویست ئامادەییان لەهەموو جێ پێیەکی رەسەنە نایابەکان هەبێ. بەڵام ڕاستییەک هەبوو کە بەدرێژایی سەردەمی گوزەرانیان لەسەرزەمینی پیرۆز دەرکیان پێنەکردبو، ئەویش بێتوانایییان بوو لەسەر بەڕێکردنی تەمەنێکی دوور و درێژ لەسەرزەمینێکی پڕ پیت و فەڕ و وزە، ئەو توخمانەی بەرهەمهێنەری وزەی ئەرێنی سەرزەمینی پیرۆز و دەوروبەری بون، ئاوێتە بە مێشک و زەینیان دەبو، لەگەڵ خوێنیاندا لە جەستەیاندا دەسورانەوە و ئازارێکی زۆری جەستەیی و دەروونی دەدان، بەخۆیان نەیاندەزانی سەرچاوەی ئەو ژانەسەر و گلانە لەکوێوە دێن، بۆیە لەشکری ئیفلێزرد و دێوە گەورەکان و نیفیلیۆمە زەبەللاحەکان بەردەبونە هەموو جوانیەک لەسەرزەمینی پیرۆز و لەگەڵ خاکدا تەختیان دەکرد، بەهەمانشێوە

دەیانگواستەوە بۆ گوند و شارۆچکەکان و وێرانیان دەکردن، تەنیا لەبەرئەوەی جێ پەنجەی بونیاتنەرانەی ڕەسەنە نایابەکان بون، بەڵام ژانەسەر و گینگڵدانەکانیان لەو کاتەدا پەیدا دەبوو، کە تەواوی بەرد و شووشە کریستاڵییەکانیان سەرلەنوێ درەوشاوەتر لەجاری یەکەم یەکیاندەگرتەوە و سەدان ڕەنگی جۆراوجۆریان دەنواند، بندنیاییەکان لەو ڕاستییە نەگەیشتبون، ئەو شتەی بەنیاز و ئامانجێکی باش و ڕووناک بونیات بنرێ، بەهیچ کلۆجێ خراپ نابێت. وزەی ئەرێنی پێچەوانەی وزەی نەرێنییە، کاردانەوە و کاریگەری توند و کوشندەی لەسەر گیان و جەستەی بندنیاییەکان بەجێهێشت، لەکاتێکدا ئەوان دەیانویست باخی شین و سەرزەمینی پیرۆز بکەنە شوێنی ئاکنجیبونی هەمیشەییان، ڕۆژ بە ڕۆژ کاردانەوەی وزەی ئەرێنی لەو سەرزەمینەدا زیاتر و گەورەتر دەبوو، تەنانەت ڕەنگدانەوەی ئەو وزەیە بە چڕی لە باخەکان، لەکوچە و کۆڵانەکان و تەلار و کۆشک و خانووە بەمەڕەمڕ دروستکراوەکان و پەیکەرەکاندا ڕەنگی دەداوە، ئیدی مانەوەی بندنیاییەکان لەو شوێنەدا ببوە جۆرێ لە ڕەنج بەبادان و خۆئەشکەنجەدان، گەورەیی وزەکە و بڵاوبونەوەی لە شوێنە جیاجیاکانی سەرزەمینی پیرۆزدا، توشی ژانەسەر و ئاڵۆزییەکی زۆری کردن، کە هەندێکیان بەهەردو دەستیان کەللەسەری خۆیان دەگرت نەبادا بتەقێ و ببێتە خۆڵەمێش. بەشێکیان

چیدیکه توانای خۆڕاگرییان نەما وەک شێت و هار لەمسەری جادەکان بۆ ئەوسەری هەڵدەهاتن و هاواریان دەکرد، ناچار زۆرێ لەوانە چ بەتاک و چ بە کۆمەڵ، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خۆیان لەشار و شارۆچکەکان کێشایەوە و سەرزەمینی پیرۆزیان جێهێشت بۆ ئەشکەوت و دۆڵ و نهالەکان کە تاریکی و بۆنی ناخۆش و شێ بنکۆڵی کردبون، چونە ئەو جێیانەی تیشکی خۆری ناگاتێ، لەوێ سێرەیان گرت لە هاتنی ڕەسەنی مرۆڤ و گەیشتنی ئێکەمین پاشا بۆ سەرزەمینی نوێ... زۆرێک لە دڕندە چاوسورەکان بەتایبەت دێو و نیڤیلۆمەکان گەڕانەوە سەرزەمینی ئیڤلۆرد، کە خاکێکی تاریک و ڕەش، ڕووباری ئاگری پێدا تێدەپەڕی و دەڕژایە بندنیاوە. ئەوان وا بیریان دەکردەوە کە بەهەرشێوەیەک بووە سەرزەمینی ئیڤلۆرد بەجۆرێ ڕێکبخەن لەگەڵ دەسەلات و ئیمپراتۆریای ئیڤلۆرد یەکبگرێتەوە و لێوەشاوە بێ. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش پێویستیان بە کردار و ڕەفتار و گوفتاری ڕووە تاریکەکەی مرۆڤ هەبوو تا بتوانن بەردێ لەسەر بەرد دابنێن و دیوار و بناغەکان بەرزیکەنەوە و تەلار و کۆشکەکان بۆ ئیمپراتۆریای ئیڤلۆرد هەستێننەوە.

چەرخی زەمان بێوێنە و بێ هاوڕێ و بەهێز و سەربەخۆیە، تەنیا هەبویەکە وەستانی نییە و هەر هەبووە و هەردەشبێ، نە بە تاریکی و

نە بەڕووناکی ڕاناگیرێ، ئەو کاتەی هەورە ڕەشەکانی بندنیا شینایيان لە ئاسمان تۆراند، چەرخی زەمان ئەستێرەکانی دەسوڕاندەوە و ژیانە سەرەتاییەکەی ڕەسەنی مرۆڤ لەسەر ئەو زەمینە بەڕوخسارێ پڕ لە ڕاز و نهێنی، کە تەنیا ئیڤلۆرد دەزانێ چۆن بووە دەستیپێکرد، ئەو دەمەی ڕەسەنە نایابەکان سەرزەمینی پیرۆزییان جێهێشت، هەرچی هەواڵێک هەبوو لەبارەی یەکەمین پاشاوە بەتەومژیی مانەوە، ڕەسەنی مرۆڤ چۆن دێ و چی و کێ پێشوازی دەکا، تەواوی ئەوانە لەگەڵ بزربونی ڕەسەنە نایابەکاندا بەنادیاری مانەوە، چونکە پێش پەلاماری لەشکری بندنیا هۆڵمان شا و هاوەڵانی لەگەڵ ڕەسەنی مرۆڤ بە کەشتییە زەبەللاحەکان، ئوقیانوسەکانیان دەبڕی بەرەو حەوتەمین سەرزەمین، بۆیە جەنگی ئیڤلۆرد ڕەوتی ڕووداوەکانی بەتەواوی شێواند و کەس نەیدەزانی ڕەسەنە نوێیەکان چییان بەسەرهاتووە و لەکوێدا لەنگەر دەگرن.

بەڵام چەند هەڵۆیەکی سپی و سیمورغ و ڤینکیس، کە پێش شەڕ بەرەو سەرزەمینە دوورەکان فڕیبون و توانیبویان خۆیان لە هەڕەشەی ئەژدیها و باڵدارە درندە گەورەکان بپارێزن، گەڕانەوە و لەچیا بەفرگرتوەکان هەڵنیشتن و دوور لە ئاوەدانی هێلانەیان خۆشکرد. جار جار هەڵدەفڕین بەسەر حەوتەمین سەرزەمیندا و هەواڵەکانیان لەیەکتر

دەگەیاند. ئینکیس ڕێگەیەکی گەلێ دووری بڕیبوو، هەناسەبڕکێی بوو، باڵە ڕەنگینەکانی شەقەی دەهات، بەرەو لوتکەی چیایەکی بەرز فڕی و ڕووەو دەمی ئەشکەوتێکی گەورە ئاراستەی وەرگرت کە هەڵۆیەکی سپی لەبەردەمیدا وەستابوو. دیاربوو ئەوە کاتە پێویستەکان بوو، کە دەبوو تێیدا لەدەوری یەکتری خڕببنەوە، چاوەڕێی سیمورغیشیان دەکرد، هەرچەندە نە لە دوور و نە لە نزیک دەنگی شەقەی باڵەکانی لەو دۆڵانەدا نەدەهات. وەستانی هەڵۆی سپی، پتر ڕوخساری چاوەڕوانی بوو، دەمێ بوو لەسەرزەمینە دوورەکان گەڕابۆوە، لەبەردەم هێلانەکەیدا وەستابوو، تیشکی خۆر لە پووشەکۆکراوەکانی دەدا و وەک ڕێڕ دەدرەوشانەوە. ڕوانیە ئینکیس و نزیکبۆوە، بەزمانی مەملەکەتی ئاژەڵ و باڵندەکان پێیگوت: بەخێرهاتی...دەمێکە چاوەڕێت دەکەم.

ئینکیس دووسێ جار باڵەکانی بەیەکدا دا ئەوجا هاتە گۆ: وێستم زۆتر بێم بەڵام ئەژدیها و باڵندە ڕەشە گەورەکان ڕێگریان کردم، زۆری پێچوو تا لەدەستیان دەرباز بوم.

هەڵۆی سپی بەپەلە پرسی: چ هەواڵێک لەبارەی ڕەسەنی مرۆڤەوە هەیە؟

ئینکیس سەری بادا وەک ئامارەیەکی سەرەتایی لەدۆخی بێئومێدبونی: بەداخەوە لاوازی ڕەسەنی مرۆڤ وایکردوە بندنیاییەکان بەهەموو

شێوەیەک ڕکوکینە و سەرسەختی لەدڵ و دەروونیاندا بچێنن، زیاتر بەرەو درندەبونیان دەبەن، گەیشتونەتە ئاستێک بۆ لەناوبردن و کوشتن و ئەشکەنجە و ئازاردانی یەکتری، بەهیچ کلۆجێ سڵناکەنەوە و پەلاماری یەکتری دەدەن، ئەشکەوت بە ئەشکەوت، شاخ بەشاخ، کانی بە کانی، شوێن یەکتری دەکەون و بە تەواوی بە خوێنی خۆیان تینوون.

هەڵۆی سپی ئەو هەواڵەی بەلاوە سەیر بوو، پەرێشان بوو: ئەدی هێشتا خۆیان نەناسیوە؟

- نەخێر...چونکە لەکاتێکدا وا بیر دەکراوە ڕەسەنی مرۆڤ بەرە بەرە ڕووەو خۆناسین دەچن، بندنیاییەکان بتەکانیان دانا وەک خواوەندە بەتواناکان، کە گوایە ئافرێنەری هەموو شتێکن بەتایبەت ڕەسەنی مرۆڤ، وایان بردۆتە مێشکیانەوە کە بتەکان سەرچاوەی هەموو هێزێکە و بەو بێ زمانیە تێیانگەیاندوون، کە لەپێناو خۆشحاڵکردنی خواوەندەکاندا دەبێ قوربانی بدەن.

هەڵۆی سپی هێشتا پرسیاری هەبوو: ئەی سەرزەمینی پیرۆز، ئەوان چییان بەسەرهات؟

- سەرزەمینی پیرۆزیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری تێپەڕینی ساڵ و مانگ و ڕۆژ و چەرخی زەمان کە ڕاوەستانی نییە و بەردەوام لەجوڵەدایە،

شته بەرچاو و پونەکان لەناخی خۆیدا بەنهێنی دەهێڵێتەوە، پازەکان وردە وردە وەپودەخات، هەرچی جوانی و پەنهانییەک لە شار و شارۆچکە و گوندەکاندا هەبوو، هەرچی کۆشک و تەلارێکی بەرز هەبوو، لەنێو قوواڵیی دارستانەکاندا بزربون، درەخت و پووەکە جۆراوجۆرەکان لەنێو چیا و دۆڵ و نهالەکان، هێندەیتر هەڵکشاون بەرەو ئاسمان وەک ئەوەی سروشت بیەوێ تەواوی ئەو دەسترەنگینیانە لە پێشچاوان بزر بکات، ڕەگوڕیشە و گەڵای دارەکان بەدەوری تەلار و خانووەکاندا سوڕاونەتەوە و دەورویەریان لەنێو لق و پۆپ و چڵەکاندا نغرۆ بون، ئەوان بەو شێوەیە سەرزەمینی پیرۆز لەناخی خۆیاندا دەپارێزن، خاکەکەش لەزۆر شوێن بەسەریەکدا هەڵخلیسکاوە بەشێوەیەک کە چیدیکە نەناسرێنەوە، بۆیە گۆڕانی سەرزەمینەکان و بەرزی درەختی نێو دارستانەکان و پەلهاوێشتنی چڵ و پۆپەکانیان و سەختی و دووری ڕێگاکان وایکردوە ئەو سەرزەمینانە بە ونبوو هەژمار بکرێن، بە ئاسانی نادۆزرێنەوە و بەبیر و هزر و خەیاڵی بندنیاییەکانیشدا نایەت، لەتواناياندا بێت بەشوێنیدا کنە بکەن و بیبینەوە. بندنیاییەکان بەهۆی چڕبونەوەی وزەی ئەرێنی لەسەرزەمینی پیرۆز، نەیانتوانی لەوێ بمێننەوە.

هەڵوێی سپی ئەو قسانە دادی نەدەدان، دووبارە پرسی: بەڵام ئەوان چ

پیلانێکیان هەیە و دەیانەوێ بەچی بگەن؟

- دەیانەوێ دڵنیابن کە هیچ مرۆڤێ هەنگاو بەرەو ئەو سەرزەمینە نەهاوێ، کەسیش هەست بە بونی ئەو شوێنانە نەکات و نهێنییەکانی نەدۆزێتەوە، ئەمە شتێکی سەپێنراوە بەسەریاندا و بڕیاری لەسەر دراوە کە نابێ هیچ بونەوەرێ بۆ ئەوێ بڕوات، ئەوان وایان داناوە کە ئەو شوێنە نەفرەتلێکراوە.

هەڵۆی سپی زیاتر گرژ دەبوو، دڵ توند و گوشراو، سەری هەڵبڕی بۆ ئاسمان و گەشبینییەک گرتی وەک ئەوەی راستییەکی بەدی کردبێ کە لە ڤینکیس شاراوە بووە: ئاگادارییە بندنیاییەکان تا ئێستا نەیانتوانیوە پەردە بەسەر ئاسماندا بکێشن و نهێنی و پازەکانی بشارنەوە.

هەڵۆی سپی وابیری دەکردەوە کە رۆژێ دێت ڕەسەنی مرۆڤ لە ڕەنگاڵەیی دەوروبەری رابمێنێ، ئەو چەندان هەزار هەزار ئەستێرەیە ببینێ کە لە ئاسماندا دەدرەوشێنەوە، دەوری خۆیان دەبینن، دەمێ ساردە و دەمێکیش گەرم دەبێ، جارێ بەفر و بارانە، جارێکیش ڕەشەبا و وەیشوومەیە.

گەشبینییەکەی هەڵۆی سپی لەجێی خۆیدا بوو، دوایەمین جار ئەو رۆژە هات کە لە ئەشکەوتەکە هاتنەدەرێ و تەماشای ئاسمانیان کرد، خۆر وەک بەردێکی گڕاوی چەشنی زێڕ زەرد و گەرم بەناوەندی

ئاسمانەوە نووسابوو، نەیاندەتوانی سەرنجی بدەن، بەڵام موچرکەی بەجەستەدا دێنان و گەرمییەکی پێدەبەخشین، جیاواز لەو مەشخەڵە ئاگرانەی لەنێو ئەشکەوتەکاندا هەڵیاندەکرد.

هەرکاتێ پوپان لە زەمین و ئاسمان وەردەگێڕا و دوور دەکەوتنەوە لە تێڕامانەکانیان، پەلاماری ئەملاو ئەولایان دەدا و جۆگەلەی خوێنەکەیان هەڵدەبەستەوە. بەشێوەی دەستە دەستە دابەش ببون.

بندنیاییەکان هەندێکیان لەپوکەشدا بە ڕەسەنی مرۆڤ دەچون، تێکەڵاویان دەبون، فێریان دەکردن پێ لەسەر گوڵەکان بنێن، گیانلەبەرەکان بکوژن و گۆشت و خوێنیان بخۆن و بخۆنەوە، بەهیچ کلۆجێ نزیکی هەنگوین نەکەونەوە و نەیدەنە منداڵەکانیان.

هەڵۆی سپی وەک ئەوەی شتێکی وەبیرکەوتبێتەوە گوتی: جارێکیان سیمورغ باسی سروشتی بۆ کردم..ئەی ئەو چی؟

هێی...هێی..چیت پێبڵێم ڕەسەنی مرۆڤ بێئەوەی سرودی مۆڵەت وەرگرتن بچڕێ، پەلاماری دار و درەختەکان دەدەن و بە تاشەبەردە نیژەکان هەموو شتێ وێران دەکەن و ئاگری تێبەردەدەن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هێزەکانی تاریکستان مرۆڤیان وا فێرکردوە، کە ژیان هەنیا سک تێرکردن و خواردن و وێرانکردنە و چیدیکە نییە.

ڕەسەنی مرۆڤ ئەو دەمانە فێری ئەوەش بوو کە چیدیکە پەنا نەباتە

بەر ئاگری بندنیا و ڕووبکاتە سروشت لەوێ بەردەکان بەیەکدا بدات و بزیسکەی ئاوری لێبکەوێتەوە.

هەڵۆی سپی زیاتر دڵخۆش دەبوو: بەپێچەوانەی هەوڵی بندنیاییەکان کە دەیانویست زۆرترین لە ڕەسەنی مرۆڤ بە ڕووتی لە ئەشکەوتەکاندا بمێننەوە، زۆرێ لە مرۆڤ ڕوێکردۆتە دەشتایی و نزیکی ڕوبارەکان، خەریکە فێری کشتوکاڵ دەبن و لەگەڵ خاکدا دەستوپەنجە نەرم دەکەن.

ڤینکیس هەستی دەکرد هەڵۆی سپی زۆر ڕازی دیکەی لایە: هەڵۆی سپی ئاسمانە بەرزەکان، ڕاستییەک هەیە لێمدەشاریتەوە.

- ئا...ئا..وەبیرم هاتەوە...سەرباری ئەو گۆڕانانە مرۆڤ و بندنیاییەکانی دەورانی ئەشکەوتەکان بونەتە دوو دەستەوە، بندنیاییەکان کە ئامانجیان تێکدانی ڕاستییەکانە، بە ئاژاوەگێڕی و پشێوی نانەوە لەگەڵ بەشێکیاندا دۆخەکەیان بەرەو ئاڵۆزی بردووە و بوەتە هۆی کۆچکردنیان بەرەو شوێنە جیاجیاکانی سەرزەمینەکانیتر، ئەوان دەزانن کە چیدیکە مرۆڤیان پێڕاناگیرێ و ناتوانن جڵەویان بکەن، بەڵکو دەبێ بە ڕەنگ و شێوەیەکی دیکە بەهزر و دڵێکی تاریک و ڕەشەوە چەشنی وەیشومەی مەرگ بسوڕێنەوە.

دوو سێ جاریتر باڵەکانی ڕاوەشاندەوە، ئەوجا گوتی: ئەوانەی لە

ڕەسەنی مرۆڤ و لەنێو ئەشکەوتەکانن، ناخیان بندنیاییەکانە و بەڕوتی لەنێو ئەشکەوتەکاندا دەسوڕێنەوە، ئازەڵە ترسناکەکان ڕاودەکەن، بەردەوام بە مۆڕەکردن و توڕەییەوە تەماشای هاوڕەسەنی خۆیان دەکەن، کە نیشتەجێی دەشت و زۆزان و کەنار ڕوبارەکان بون، زۆرجاریش درندانە هێرشیان دەبەنەسەر و دەیانکوژن، ماڵ و حاڵیان بە تاڵان دەبەن، ئاگر لە داروبەردیان وەردەدەن و دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ نێو ئەشکەوتە قوڵ و ترسناکەکانیان.

سەرەڕای ئەو پەلامارانە، ڕەسەنە نیشتەجێبووەکانی نزیک کەنار ڕوبارە و دەشتاییەکان کۆڵیان نەدەدا و لەبەردەم ئارەزوە ڕەشەکانی ئیقلۆزددا نوچیان نەدا، بۆیە بیری لە شێوازی نوێ کردەوە، تەواوی پیلانەکانی گۆڕی، بەشوێن خاڵە لاوازەکانی ناخی ڕەسەنی مرۆڤدا گەڕا، گەیشتە ئەو بڕوایەی کە پێویستە ڕەسەنی مرۆڤ هێزێکی لەرادەبەدەری لە چنگدا بێت، تا بتوانێ سامان و دەسەڵات بە ئاسانی بەدەست بێنێ و لەدنیای دەروون و ڕووناکی دوور بکەوێتەوە. دەبێ ڕێگەچارەیەک بدۆزێتەوە کە کۆمەڵێ شتی بریقەدار بخاتە بەرچاوی ئەو ڕەسەنە تا زەینکوێڕیان بکا.

سیمورغی گەورە دوو هێندەی هەڵۆی سپی و ققنکیس دەبوو، گەیشتە بەردەم ئەشکەوتەکە، دەمێک بوو چاوەڕێی بون: بۆچی وا درەنگ

هاتی؟

دیاربوو توشی ئەژدیها و باڵندە درندەکان هاتبوو، کە ئەو کاتانە بەچڕی لە ئاسماندا دەسوڕانەوە، سیمورغ وەک جارانی چەلەنگ نەبوو، پیر ببوو نەیدەتوانی خێرا باڵەکانی بەیەکدا بکێشێت و ڕەشەبا بەجێبێڵێ. هەڵۆی سپی بەپەلە بوو: چ هەواڵێکی تازەت پێیە؟

سیمورغ تەمەنێکی درێژی بەسەربردبوو، هەموو سەیر و سەمەرەیەکی لەبارەی ڕەسەنی مرۆڤەوە دەزانی: نورپاشا ڕێگەیەکی دروست و پاکی داڕشت کە هەموان شوێنی بکەون، بەڵام خۆشی و چێژە دەرەکییەکان بونە داردەستی هێزەکانی تاریکی و بەخراپترین شێوە بەکاریان هێنان.

هەڵۆی سپی بەوردی گوێی گرتبوو: لەبەرئەوەیە شەڕ و کوشتن و دوکەڵی ڕەشی وێرانکراوییەکان دوور و نزیک لەنێوان سەرزەمینی ونی ڕەسەنە نایابەکان و سەرزەمینی ڕەشی ڕوبار و تاڤگەکانی ئاگر دەبینرێ.

- بەڵێ هەردو سەرزەمین لەدەڤەری ڕەسەنی مرۆڤ گەلێ دوور بون، ئەوان لەنێوان هەردولادا جێگیر بون، بەڵام لە بونی هیچ لایەکیان ئاگادار نەبون، هیچ کەس و جەنگاوەر و پاشا و شازنێ بەرەو سەرزەمینە دوورەکان نەڕۆیشتوە، ئەوەشی بۆ بەزاندنی سنورەکان و دۆزینەوەی سەرزەمینی پشت چیاکان چووبێ بۆ هەریەکە لەو دوو سەرزەمینە،

چیدیکه نەگەڕاوەتەوە و بێسەروشوێن کراوە.

ئیفلۆزد و بندنیاییەکان بە ئامانجی خۆیان گەیشتن، شەڕی گەورە و خوێناوییان توشی مرۆڤ کرد، کەرت و پەرتییەکی زۆریان لەنێودا دروستکردن، تەنانەت خراپەکاریان گەیشتە ئاستێک ناوی شەڕەنگێزییان لە یەکتری دەنا: سێزدەسەرخۆر، شەش حەرامخۆر، شەشت و شەش درۆزن، شەشسەد و شەش ستەمکار، شەشسەدو شەست و شەش پاشا و مەلیک و میر و ئاغا و خزمەتکاری ئیفلۆزد لە سەرزەمینە جیاجیاکانی نێوان سەرزەمینی رووناکی و تاریکی، چەندین میرنشینیان دامەزراند بۆ ئەوەی بەردەوامی شەڕەکان هەروا لە بڕەودا بن و ڕەسەنی مرۆڤ هەرگیز ئاسودەیی و ئارامی بەخۆوە نەبینێ و بەوەش پێشبینیەکەی ئیفلۆزد بێتەدی و نورپاشای زیاتر نیگەران و ڕەنج بەخەسار بێ.

تاوانی گەورە لەو سەرزەمینەدا خۆشەویستی بوو، ئەڤین وشەیەکی نەفرەتلێکراو بوو. بۆیە دەستەواژەکە لە بنەچەدا هیچ پێناسە و بەهایەکی نەبوو.

زۆرجار بەبیانوی قوربانیدان بۆ خواوەند و بتەکان، کچە پاک و خاوێنەکانیان دەبردە نێو قوڵایی ئەشکەوتەکان، لەوێ لە پەرستگاکاندا دەدرانە دەست درندە و دێوەکان، لێیان نزیکدەبونەوە و دووگیانیان

دەکردن، ڕەسەنێکی بندنیایی و سەردنیاییان هێنایە بون.

ئینکیس و سیمورغ بێدەنگ بون، دیاربوو کە هەڵۆی سپی هەواڵی ڕەسەنە نایابەکانی پێیە، گوێیان بۆ شلکرد: پێنج ڕەسەنە نایابەکە زۆرجار بۆ ئەوەی لە ڕەسەنی مرۆڤ نزیک ببنەوە، شێوە و ڕەنگی مرۆڤیان وەردەگرت و بەرەو نێویان دەچوون، بەڵام ناخیان ڕەش و تاریکی زۆرێ لە مرۆڤەکان، بووە ڕێگر لەبەردەم سەرکەوتنیاندا و لەلایەن بندنیاییەکان ئاشکرا و دەستگیرکران و لەناوەندی شار و شارۆچکەکاندا لەپێشچاوی خەڵک هەڵواسران و هەندێکیشیان ئاگریان تێبەردرا.

کەمێ وەستا و دووبارە دەستی بەقسان کردەوە: بەداخەوە کەسانێ لە ڕەسەنی نایابەکان بەتایبەت لە نەوە نوێکانیان بیروباوەڕیان لاواز بووە و ورەیان داتەپیوە، باوەڕیان نە بەخۆیان و نە بە مرۆڤیش ماوە، لەبەرئەوە چ بە تاک و چ بە کۆمەڵ لەناو ئازیزانی پێشوویان دەردەچن و بەرەو شوێنە مەترسیدارە دوورەکان کۆچ دەکەن.

ئەم قسەیە هەرسێکیانی نیگەران کرد، هەواڵێکی دڵتەزێن بوو، حەزیان نەدەکرد چیدیکە لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە بکەن، بەڵام سیمورغ ڕازێکی ترسناکتری لەدڵدا حەشار دابوو، بەدەست خۆی نەبوو، پێیخۆش بوو هەردو هاوەڵەکەشی ئاگادارین:

بەڵام ئێوە دەزانن لە ناوەڕاستی سەرزەمینەکان لە رەسەنی مرۆڤ کەسێکی تۆقێنەرتر لە ئیڤلۆزرد سەری هەڵداوە؟

چاوەڕێی نەکرد هیچ کامێکیان وەڵامی بداتەوە، بەپەلە درێژەی بە قسەکانی دا:

بێجگە لە سەرزەمینی ڕەشی ئیڤلۆزرد، لەسەرجەم دەڤەرەکانی رەسەنی مرۆڤیش، خاکی میرغەزەب بە گەورەترین و بەهێزترین سەرزەمین ناسراوە.

میرغەزەب توانایەکی لەرادەبەدەری لەناوەراستی سەرزەمینەکاندا پەیداکردبوو، هەموو ئەوانەی لەنێو دەڤەرەکەدا هاوخوان و هاوکۆڕ و هاودەم و هاونشینی بون بەئاسانی شوێنەکانیان دەناسراوە، ئاخر خانووەکانیان لەگەڵ خەڵکیتر جیاواز بوو، هەرچییەک لەوێ بەرهەم دێ و دروست دەکرێ، دەدۆزرێتەوەو دەبێ بهێنرێ بۆ ئەوان، ئەوانە دەستەیەک بون خۆیان بە میخ و خەڵکیان بە ڕیخ دەزانی. جوتیار و رەنجدەرەکان لە گوند و لادێکان، تا وەرزی دروێنەی بەرهەمەکانیان ماندوبونێکی زۆریان دەکێشا، لەگەڵ دروێنەدا بەشی هەرە زۆری دانەوێڵەکان دەبرا بۆ خەزێنەی میرغەزەب، ئەویش چەند ڕپەیەکی دەدانێ تا لەبرسان نەمرن و بەردەوام بن لە کاری خۆیان بۆ سالّی ئایندە. میرغەزەب بەلایەوە گرنگ نەبوو، بەرهەمی دانەوێڵەکە باش بێ

یان خراپ، چونکە خۆی و هاونشینەکانی چ بەرهەمێکی کشتوکاڵییان نەدەخوارد، بەڵکو کۆیان دەکردەوە و دواتر دەیانسووتاندن. ئەوان مردوەکانیان لەسەرزەمینەکان نەدەشاردەوە، لەهیچ جێیەک گۆڕستانیان هەڵنەبەستبوو، ئاخر وەک خۆراک دووبارە لەلایەن درێندە و بندنیاییەکان بەکاردەهاتەوە و ببوە خۆراکی سەرەکییان. ئەوەی سەیر بوو هیچ یەکێ لە رەسەنی مرۆڤ و بندنیاییەکان سواری گالیسکە و ئەسپ نەدەبون و هەمیشە بەپێیان دەهاتن و دەچوون، لەبەرئەوە ئەسپەکان لەدەست بۆنی قێزەونی ئەوان سرک دەبون و هەڵدەبەزینەوە. لەبەرئەوە تەنیا سواری چوارپێکانی بندنیا و خەمە گەورەکان و هەفتیارە چاوسور و گامێشە رەشە سم سورە تووکنەکان دەبون، بەوەدا بندنیایی و سەردنیاییەکان لەیەکتری جودادەکرانەوە. لەو سەرزەمینە تەنیا سک تێرکردن و مەی خواردنەوە و مەستبون و هەتککردن و کوشتن و تاڵانی سەردەست بوو.

هەریەکە لە هەڵۆی سپی و ئینکیس و سیمورغ بێئاگابون لەوەی گونده شاخاوییەکان بە پێنگاڤێکی نائاساییدا تێدەپەڕن، لەوێ خونچەکانی خۆشەویستی دەمیان کردبۆوە و جوانیەکانی سروشت بەجۆرەها ڕەنگ، خۆیان دەخەملاند، لەوێ مەلەکان خۆشترین ئاوازیان دەچڕی. لەوێ پاش ساڵانێک لە بزربون، دووبارە هەنگوین و شەربەتی گوڵەکان

دۆزرانەوە، چێژە لەبن نەهاتووەکان پرویکردەوە دۆڵ و هەوراز و نشێوەکان، هەرکاتێ ماندوێتی تاوی بە یەکێکیان دێنا، لەبن سێبەری درەختەکاندا ئارامیان دەگرت و دەستیان بۆ چۆخەکانیان دەبرد، کە پڕ بوو لە پەنیر و ژاژی و هەنجیرە وشکە و قەزوان و باهێزۆک، گەر کەمێکیش بەدەوری خۆیاندا سوڕابان گوارک و کنگر و سەدان گوڵ و گیای بەسوود و بەتامیان دەدۆزییەوە، هەڵیاندەگرت بێتەوەی دڵۆپێ خوێن لە گیانلەبەرێ بڕژێ. ئەم گوندانە کەوتبونە باکوری سەرزەمینی میرغەزەب، ڕوەو خۆر ئاکنجی ببون، لەوێ ناوێک بەردەوام وەک مۆتەکە ئەشکەنجەی گیانی میرغەزەبی دەدا، ئەو»سورکە»بوو گەنجێ تازەپێگەیشتوی بەژن مامناوەندی، جڵەوی بەرگری و ڕووداوەستانەوەی گوندەکانی لەدەست بوو.

سیمورغ سەرباری هەڕەشە و مەترسییەکان، چەندین جار بەسەر ئەو سەرزەمینانەدا هەڵفڕیبوو، دەڤەری میرغەزەبی بینیبوو:

سیمورغ هێشتا لە هەگبەیدا زۆر شتیتر هەبون، بەڵام نهێنیەک هەیە کە ماڵ و سامان و خەزێنەکان، ئەوەی هەژارەکان لەشێوەی تەلار و کۆشکی گەورەدا ڕازاندویانەتەوە لەسەر چیاکان و لەنێو دۆڵ و نهالەکان دەبریسکێنەوە. هەڵۆی سپی بە سەرسوڕمانەوە پێیگوت: ئەی نەتگوت شاری میرغەزەب تاریک و ماتەم و خراپ و پیسە، ئەم

بریسکانەوەیە لە کوێوە هات؟

سیمورغ پاستییەکانی بەچاوی خۆی بینیبوو، گوتی: ئەوان نایانەوێ گوند و شارەکان و ژیانی خەڵک ئاوەدان و پاک و خاوێن و خۆش بێ، من ئەوان دەناسم و دەزانم چی لەناخیاندا هەیە، ئەمەیان بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە، ئەگەر نا چۆن شارێکی بریسکەدار و چل گوندی وێران پێکەوە ڕێکدەکەون؟

هەڵۆی سپی دەیویست زیاتر لەم گرێگۆڵە تێبگات: چۆن وا دەبێ؟

سیمورغ حەزی نەدەکرد لەوە زیاتر بڵێ، ئەو پێیوابوو هەموو کەسێ دەرکی بەو ڕاستییانە کردووە: هەر ئەوەندەت پێدەڵێم، هەرچی خۆشی و چێژی ئەم دنیایە هەیە بۆ خۆیانی دەبەن.

بەدرێژایی شەو قسەیان کرد، کازیوەیان بەسەردا هات، دەبوو پێش ئەوەی ئەژدیها و باڵداڕە ڕەشە درندەکان بە ئاسماندا بۆ نێچیر بسوڕێنەوە، هەریەکەیان بەرەو سەرزەمینێکی نادیار هەڵفڕن، بەڵام هێشتا ئەوێیان بەجێ نەهێشتبوو، ئینکیس بە ئاوازێکی خەماوی گوتی: پێناچێ هیچ پاشا و شازنێ لەرەسەنی مرۆڤ یان ڕەسەنە نایابەکان هەستێتەوە.

هەرسێکیان لەبەردەمی ئەشکەوتەکەدا دوور هەڵفڕین و وردە وردە لەنێو قوڵایی ئاسماندا بزربون، هەڵۆی سپی بەرەو باشوری ڕۆژهەڵات فڕی،

بەسەر سەرزەمینی میرغەزەب و گورگە برسییەکان و بندنیاییەکان، خاکی پڕ دارستانە ترسناکەکان. ڤینکیس بەرەو رۆژاوا هەڵفڕی کە سەرزەمینی گوڵەکان بون، هاوسنور بوو لەگەڵ سەرزەمینی گورگە برسییەکان، دەڤەرێ چیایی و تەژی لە گوندە دیار و نهێنییەکان.

* * *

میرغەزەب دەیویست بەهەرشێوەیەک بوە دەسەڵاتی تەواو بەدەست بێنێ، بۆیە لە رۆژهەڵاتەوە لەگەڵ سەرزەمینی گورگە برسییەکان، لە رۆژاواش لەگەڵ سەرزەمینی گوڵەکان و لە باکوریش لەگەڵ سەرزەمینی باکور شەڕی دەکرد. لە باشور هاوپەیمانێتی لەگەڵ سەرزەمینی بندنیاییەکان پێکهێنابوو. لە تەواوی دانیشتن و کۆبونەوەکاندا، سەرجەم دانیشتوانی سەرزەمینی میرغەزەب و دۆست و دوژمنانی ڕاستییەکیان دەزانی، کە بۆ بەدەستهێنانی کورسی دەسەڵات بەپیلانگێڕی باوک و براکانی خۆی کوشت و تاجی پاشایەتی نایەسەر، کە لە دڕندانی تیژی درندەکانی بندنیا دروستکرابوو. میرغەزەب ئەو دەمە گەنجێکی بەکاربوو، پوکەشانە خۆی بە دڵسۆز نیشان دەدا و کاروبارەکانی بە باشترین شێوە بۆ باوکی هەڵدەسوڕاند، باوکی خۆی بینیبوو بە چ ڕەنگێ دەورویەری پاکتاو کردبوو، بۆیە بەردەوام بیری لەوە دەکردەوە پێش ئەوەی باوکی چاو بخاتە سەر ئەمیش، بەزویی هەوڵبدات بۆ تاک

و تەریککردنەوەی. بە وردی نەخشەکانی داڕشت و زیرەکانە کەوتە لەناوبردنی برا و هاوەڵەکانی باوکی و لەسەر کار لایبردن بەتۆمەتی ناپاکی لەدژی باوکی، کەسانی سەر بەخۆی دانا، ئەوەی پێیکرا کردی و هەر کەسێکیشی بەدڵ نەبو، بەشێوەیەکی چاوەروانەکراو شوێنبزری کرد. هەر خودی میرغەزەب کوژران و نەمانی ئەو کەسانەی خستە گەردنی نەیارەکانیەوە، بەتایبەت برا گەورەکانی. وردە وردە خەونە گەورەکەی هاتەدی. میرغەزەب هێندەیتر لوتبەرزی و فیز و خۆبەگەورەزانین تێیدا گەورەتر بوو. ئیڤلۆرد هەرچەندە سەرنجی دەدا توشی سەرسوڕمان دەهات، ئەو مرۆڤێکی دەدیت گەلێ لەخۆی دڵڕەشتر و خراپتر.

شەوێکیان پێکە مەیەکان کەللەسەری هەموانی گەرمکرد، میرغەزەب بەخۆی و چەند پاسەوانێکەوە چووە نێو هۆڵی کۆشکی پاشایەتی و دەستی لەکەس نەپاراست، باب و براکانی دایە بەر شاڵاوی شمشێر و بێبەزەییانە سەری پەڕاندن. هێشتا کەمێ گیان لە جەستەی باوکیدا مابوو، هەر لێوەکانی دەجوڵاندەوە و بەڕقەوە تەماشای کورسی و تاجەکەی کرد و چاوی لێکنا. میرغەزەب بۆ ئەوەی پەیامی ترس و تۆقانەکەی بگەیەنێتە هەموو کەسێ، کەللەسەرە بڕاوەکانی بردە ناوەندی شار و کردی بەسەرە ڕم و نێزەکانەوە، ئیدی ئەوە بەس بوو

که بۆ هەموو کەسێ دەرکەوێ میرغەزەب دۆستی نییە و هەرکەسێکیش پێ خوار دابنێ دەیبڕێتەوە.

میرغەزەب هەر لەسەرەتاوە خوێن لە شمشێری تکا، هەرچییەک بێزاری کردبا، سڵی لە لەناوبردنی نەدەکردەوە، لەکاتێ توڕەبوندا هیچ کەسێ خۆی لەبەردەمیدا رانەدەگرت. کاتێ چاوەکانی سور دەبون، دەوروبەری لە ترساندا بەجێیان دەهێشت، چونکە تەنیا بە جوداکردنەوەی کەللەسەرەکان لەسەر شانەکان، ئارامی دەگرت و هێورەدەبۆوە. کەس نەیدەوێرا لەبەرخۆشییەوە وشەیەکی ناشیاو لەبەرامبەر میرغەزەب بەزەویدا بدات، ئاخر بڕوایەکی وا بڵاوببۆوە کە گوایە میرغەزەب خاوەنی هەزار گوێیە، بەدەستی خۆی بڕیونی و لەسەرتاسەری ئەو سەرزەمینە بەمێخ بەدرەختەکاندا هەڵیواسیون، بۆ ئەوەی گوێی لە هەموو چرپە و سرتە و قسەوباسێ بێ، ئاگادار بێ چ دەقەومێ و چ ڕوودەدات.میرغەزەب خاوەن زەینێکی پیلانگێڕی ورد بوو، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی تۆکمەترین نەخشەی دادەڕشت، بەڵام هەواڵێک بەردەوام گرژ و توڕەی دەکرد، ئەویش گوندەکان بون کە بە پێچەوانەوەی ئەوەوە دەژیان و بیریان دەکردەوە. لەبەرئەوە هەرچەندێ شەڕکارانی دەنارد سنوری سەرزەمینی بندنیاکان و پاسەوانانی لەسنوری سەرزەمینی پیرۆزدا دادەنا، چاوێکیشی

دەبڕییە سەرزەمینی باکور و بیری لە ناردنی شەڕکەرانی دەکردەوە بۆ گوندەکانی رۆژاوا، تا کۆتایی بە»سورکە» و لایەنگرانی بێنێ. دەربارەی گوندە نهێنیەکانی سەرزەمینگەلی باشوری رۆژهەڵات چەند هەواڵێکی پێگەیشتبوو، بەڵام هەمیشە زەینی لای گوندە نزیکەکان بوو، بەردەوام مێشکی داگیر کردبوو تووڕەی دەکرد، هەراسان دەبوو وا بەو شێوەیە ماونەتەوە و ئەمیش ناتوانێ بیانخاتە ژێر چنگییەوە. ئاخر لەباشوری رۆژهەڵاتی سەرزەمینی میرغەزەب، دوور دوور لەسەر سنوری سەرزەمینەکانی گورگە برسییەکان، ئەشکەوت ترسناکەکان وەک پەناگەیەک بۆ گوندەکانی سۆرکە، کە لەگەڵ رۆژئاوابوندا، پەنایان بۆ دەبردن، لەباوەشی شاخە بەرزە پڕ لە داروبار و تاڤگە سەرنجراکێشەکاندا دروستکرابون , چەند گوندێک بە درێژایی چەندین بەهار بە نهێنی و دوور لە شەڕ و کوشتن و ئارەزوەکانی ئیڤلۆرد و بندنیایەکان و میرغەزەب لەو بەرزاییە پڕ دارستانە ئەفسونگەرانە، لە دڵی سروشت درێژەیان بە ژیان دەدا.

گوندی (سەروکانی)ی خنجیلانە لەسەر بەرزایی چیایەک گیرسابۆوە، پڕ دارودرەخت و جێیەکی دڵکراوە بوو، ماڵەکان لە نزیک یەکترییەوە ڕیز ببون و هەریەکەیان باخچەیەکی مامناوەندیان لەبەردەمیاندا قوت کردبۆوە کە چەندین بەرهەمی خۆراکییان تێدا چاندبوو، ئەو بەشێ

بوو له گوندەکانی رۆژاوا کە سالانێکی دوور و درێژ بەنهێنی مابۆوە و خۆی لە شەڕ و کوشتاری بندنیایی و ئیفلۆرد و میرغەزەب پاراستبوو، ئەوان لە باوەشی سروشتدا هەناسەی ژیانیان دەدا. تەواوی مالەکانی لەدار دروستکرابوو، تەنانەت ئەو کەلوپەلانەش کە خواردنیان تێدا دەخوارد، لە گۆشەی ژورەکانیشیان هاوشێوەی تەختەمێزیان دانابوو سادە داتاشرابون، ئامازەیەک بوو کە دروستکەرانی کەسانێ ورد و دەستڕەنگین، لەگەڵ سروشتدا دۆست و هاوەڵ بون، گەرچی زۆر نهێنی هەبوو پەییان پێنەبردبوو. بۆ بڕینی دارەکان و سوودلێوەرگرتنیان مۆڵەتیان لە سروشت نەدەخواست و سروودی ژیان-یان نەدەزانی. خواردنیان لەنێو بەردی خارادا چاکدەکرد ناوەراستەکانیان هەڵکۆڵیبوو چەشنی شوشە سافیان کردبون، ئەوان بۆ کوتانی دانەوێڵە و ئامادەکردنی خۆراک سودیان لەو جۆرە بەردە وەردەگرت و لەلایەن خەڵکانی ئەوێ ناسرابوو. لە کورەکانیشیاندا توانیبویان داس و کێرد و خاکەناس دروست بکەن. لەوێ سی تا چل خێزان نیشتەجێ ببون، بەفری زستانان زۆرجاران تا سەرەتای هاوین بڕی دەکرد و بەجێی نەدەهێشتن، زنجیرە چیاکانی دەوروبەریان چەشنی شورایەکی پارێزەر وابوو بۆ ئەم گوندە، ئەمە بێجگە لەوەی چەندین گوندی هاوشێوە لە پشت چیادورەکانەوە بەنهێنی لە قۆناغی گەشەکردندا بون، دوورییان

به شەڕ و شۆڕ وای لێکردبون زیاتر خوو به سروشتەوە بگرن.

ئێستاش کە تەماشای ئەو سەرزەمینە دەکەیت، یەکپارچە سەوز دەنوێنێ، دەتزانی سەرەتای بەهارە، بەهارێکی خۆش و سیحراوی دڵگیر و بۆنخۆشی پڕ لە گوڵ و گوڵزار و پەرەسێلکە ئاشقەکان و پەپووسڵێمانکە شەیداکان، ئاوێتە بە ئاوازی مەستی باڵندە دەنگخۆشەکان، وەرزێکی لەوێدا بەرپاکردبوو، هەر دەڵێی بەشێکە لە سەرزەمینەکانی فیردەوس هێندە بەوێ دەچن، بەتایبەت بەرەبەیانەکانی کە ئاوی کانیاوەکان گوڵەکانیان لە جۆگەلەکاندا لە باوەش دەگرت، بەسەرنجێکی سەرپێی دەتزانی کە لەوێ سەرەتای بەهارە. بەهارێک نەک وەکو هەموو بەهارەکانی پێشتر بەڵام زۆر بۆنخۆش و رەنگاورەنگتر و پڕ جۆش و خرۆشتر، لەخۆڕا نەبوو کە بە رەنگ و دەنگ و بۆنەکان سەرخۆش و مەست دەبوویت. بەتایبەت بەرەبەیانیەکان کە خوناوی گوڵە سورەکانی لەباوەش دەگرت و جوانی و هەست و نەستێکیتری لە دەمارەکاندا دەبزواند، بەتایبەت ئەو بەرەبەیانە پێدەچوو کەسانێک وەک بەهارەکانی پێشتر بۆ ناو دارستانەکە بڕۆن. دیمەنێ بوو کە بەردەوام چاوی بە بێداری دەهێشتەوە، تەنیا چاوەکانی»ئەلڤین» نەبێ کە هێشتا خەو دەستبەرداری نەدەبوو. لەماڵێکی خنجیلانەدا، پشتەوەیان دۆڵێکی قوڵ، هاژەی چەمەکە تێکەڵ بە وشە بە وشەی

هەریەکەیان دەبوو. ژورەکەی پشتەوەیان دەیڕوانیە سەر دۆڵەکە، کە بەدەرگەیەکی بچوک دەچوە نێو بانیژەکەوە، زۆرجارانی شەوانی بەهار ئەلڤین لەگەڵ هاوڵەکانی دەچونە ئەوێ و چەندین باسیان لەوێدا شەن و کەو دەکرد، سەرنجیان لەو ژمارە بێشوومارەی ئەستێران دەدا و سەرسوڕمان و پرسیار مێشکی دەهەژاندن. ئەلڤین هێشتا لەشیرین خەودا بوو، دایکی لە ژورە بچوکەکەی ئامادەکردنی خواردندا، دەنگی دەهات و سێکوچکەکەی گەش دەکردەوە و دووکەڵیش چاوەکانی پرکردبون لە ئاو. دووکەڵکێشەکەیان وردە وردە خەست دەبۆوە و هەناسەکانی ڕووەو ئاسمان هەڵدەکشا. ئەو تەنیا نەبوو، ئاو بە چاو و لوتیدا بێتە خوارێ، بەڵکو کچە حەوت بەهارەکەشی بەزەردەخەنەیەکی پڕ شادی و چاوە شینەکانی هەردەم پر لە خۆشی و بەختەوەری و قسەی شیرنی کە هیچ کات تەواوە نەدەبون بەدەوری دایکیدا دەهات و نەرمە قسەی بۆ دەچڕی، تا چۆخەکەی بۆ ئامادە بکات.

هەموو بەهارێ ' لەگەڵ (هامۆنده قوت) و (نۆردمەنی گەورە) بۆ ڕاوکردن و کۆکردنەوەی گیا و ڕێواس و کوارگ ڕوویان لە شوێنە کەند و کۆسپەکان دەکرد، بەڵام وا پێدەچوو (نۆردمەنی گەورە) ئەم بەهارە زۆر حەزی بە چوونە دەرەوە و دورکەوتنەوە نەبێ، ئەوە ماوەی بیست و یەک شەو و ڕۆژە لەگەڵ کیژێکی گوندەکەیان هاوژین

ببون و نەیدەویست دایکە پیرەکەی و خۆشەویستەکەی جێبێڵێ. نۆردمەنی گەورە تاقانە بوو، باوکی لە پاییزی رابردودا گیانی سپارد، بەپێچەوانەی شوێنەکانی دیکەوە، لە بندارێکی گەورە کردیان بەژێر خاکەوە. ئەوان نەیاندەزانی ئەم نەریتەیان لەکوێوە بۆ جێماوە، بەڵام ئەو شاردنەوەیەی ژێر ئاخیان لە سوتاندن و کۆکردنەوەی خۆڵەمێشی مردوو، پێباشتر و پەسەندتر بوو. هامۆند شەوی رابردوو زۆر سەری نایەسەر نۆردمەنی گەورە و تا رادەیەک دەماریشی گرت بەوەی نابێ هێندە خۆی لە کونی ژورەوە بنێت وەک ئەوەی هەرگیز ژنی نەدیتبێ. ئاخر نۆردمەنی گەورە لە بەهارەکانیتر پڕی دەکردە مااڵی هەمویان و هەراسانی دەکردن کە دەبێ زووبن و خۆیان کۆبکەنەوە و ماڵ جێبێڵن، بەڵام ئەمساڵ، بەهار لای ببووە زستان و ئامادەش نەبوو لە ژورەکەی بێتە بەر هەیوانەکە. هامۆند پەرۆش بوو: ئاخر پێم ناڵێیت ئەو کچە چی لە بنگوێت خوێندوە، وا لەو چوار دیوارە بێزار نابیت؟!

نۆردمەن لە دنیایەکی دیکەدا بوو، بەبێ حەوسەڵەییەوە وەڵامیدایەوە: خۆشم نازانم، بەڵام بەئومێدم ئەوەی بەسەرم هاتووە و لەدەمارەکانمدا دێن و دەچن، پوو لە خراپتر نەکا، چونکە ئەوەی لەمن پرویداوە گەر بەسەر تۆشدا بێت، دڵنیابە وەک عەلەشیشەکان بەدەیان بەهار لەسەر هێلکەکان هەڵنەدەستای و لەماڵ نەدەهاتیتە دەرەوە، تۆ باشیت و

باوک و دایک و سێ برات هەیە، لە زەوییەکاندا کاری جوت و کێڵان دەکەن، ئەگەر نا بەژن و باڵای تۆ هی ئەوە نییە دەست بداتە خاکەناس و بێڵ و سکی خاک هەڵدرێ، دەبوایە لە شاخ و داخەکان وەک بزنە کێوییەکان ئەم بەرد و ئەو بەردت بکردایە و لە برسانیش دەمردی.

هامۆند بەژن و باڵای زۆر بڵند نەبوو، بە پێچەوانەی نۆردمەن کە بەژنێ بەرز و قژێکی رەنگ خۆرەتاو تا سەرشان هاتبوو، ردێن و سمێڵ زەرد، بەهێزترین کەسی نێو ئەو گوند و دەڤەرە بوو، هامۆند وا سەرنجی خستەروو: ئا...ئێستا تێگەیشتم، واتە تۆ لەبەر هێلکەکانت لەماڵ دەرناچیت.

نۆردمەن چاوەکانی زەقبونەوە و تووڕەیی گرتی، بەرەو هامۆند هات بەڵام هەڵات و خۆی لەپشتی ئەڤین حەشاردا، کە پێکەنین قوڵپی پێدەدا، لەبەر دڵی نۆردمەن ئاشکرای نەدەکرد: نۆردمەنی گەورە وازی لێبێنە، مەهێڵە مێشکت تێکبدات و خۆت نیگەران مەکە ئێستا با برۆین، بەیانی وەک هەموو بەهارەکانیتر دەچینە سەر کانی شەکرە و دوو سێ شەو و رۆژێک لەوێ بەسەر دەبەین، چۆخەکان پڕ لە کوارگ و ڕێواس دەکەین و دەگەڕێینەوە.

قسەی ئەڤین کاریگەرییەکی ئەفسوناوی لەسەر نۆردمەن هەبوو، خێرا هێوری کردەوە، زەردەخەنەیەکی گەشی لەسەر ڕوخساری دەنەخشاند،

بۆیە توڕەیی و گرژییەکەی نەما و سەرێکی بۆ لەقاند. ئێستاش شەوێک بەسەر ئەو قسەو باسانەدا تێپەڕیوە، رۆژی دواتر کە چاوەکانی کردەوە، دووبارە ئەو وتووێژانەی وەبیر هاتەوە، زەردەخەنەیەک گرتی، ئاخر ئەوان هەرسێکیان لە منداڵییەوە پێکەوە گەورە بون و ئەڵقین نۆزدە بەهار و هامۆند حەڤدە و نۆردمەن کە لە هەردوکیان بەتەمەنتر بوو بیست و سێ بەهاری تێپەڕاندبوو. لەم گوندە ژیان و هاوڵایەتی بەپێچەوانەی بندنیاییەکان، تەژی بوو لە تێکەڵاوی و بڕوابون بە یەکتر، ئەم ئاکارە لە گوندە بچووکە دوورەکاندا سەردەست بوو. بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن و نەکوژرێن، تێکەڵ بەهیچ شوێن و گوندێکی دیکە نەدەبون، بۆیە ژیانیان چەشنی هێڵێکی پاست وابوو پوداوی کەم، کارەساتی یەکجار کەم، هەموو رۆژێکیان وەک ئەویدیکەیان بوو، هیچ شتێکی ناکاو و چاوەروانەکراو لە ژیانیاندا نەبوو. ئەو جێیانە بازنەیەکیان بەدەوری خۆیاندا کێشابوو، هەرچی سەرزەمین و چیا و نهاڵێک لەدەرەوەی ئەو بازنەیە، نەناسراو و نامۆ و مەترسی و هەڕەشە بوو، بەزاندنی بازنەکە بۆ ئەوان شەڕ و ئاشکرابونی شوێنەکانیان بوو، تێپەڕین و شکاندنی ئەو بازنەیە کردنەوەی دەرگای دۆزەخە بەڕوی خۆیاندا، کە کەس نەیدەزانی کێ دایدەخات و کلۆمی دەدا، بۆیە لەدەرەوەی بازنەی گوندەکەیان، ئاگایان لەو دنیایەی دەرەوە

نەبوو چی تێدا دەگوزەرێ، بەڵام لە نەوە کۆنەکانەوە کۆمەڵێ سەرگوزەشتەیان بۆ بەجێمابوو، کە دەبێ خۆیان لەسەرزەمینی دیکە و کەسانی نامۆ و غەوارە بەدوور بگرن و تێکەڵیان نەبن و قسەی ناخی خۆیان بۆ غەوارەکان نەدرکێنن. نەوەکانی پێشویان باسی شەڕ و شەڕەنگێزی سوپای تاریکی و سەرزەمینی ئیڤڵۆردیان بۆ ڕۆڵەکانیان کردبوو، بەچەندین شەوانی زستانیان لە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتانە بەسەربردبوو.

ئەلڤین لە جێگەکەی هەستایەوە و هاوکات خوشکە بچکۆلەکەی کۆمەکی دایکی دەکرد تا کەلوپەلی پێویست بۆ ڕۆشتن ئامادە بکا بە ناو ژور کەوت و بە پەلە پەل و خۆشەویستی و زەردەخەنەیەکی شیرین و چاوە شینە بریقەدارەکانیەوە، ئەلڤینی توند لە باوەش گرت و بەدەنگێکی ناسک و منداڵانە، بەڵام دڵرسێن و بەسۆزەوە گوتی: ئەلڤین... ئەلڤین چەندە دڵم بۆت تەنگە.

ئەمە ئاکارێکی سەیر نەبوو، هەرگیز بێ ئەلڤین نەدەحەواوە، هەرکاتێ لە ماڵ دەرچوبا بێئۆقرەیی گینگڵی پێدەدا تا ئەو وەختەی دەگەڕاوە، ئیدی غاری دەدا و خۆی لە قەدی دەئاڵاند، بەڵام ئەمجارەیان گەلێ پەرۆشتر بوو، توندتر گرتی و بەکزۆلییەوە گوتی ئەلڤین...ئەلڤین... چۆخەکەی تۆم ئامادە کردووە بەڵام ئەمجارە مەڕۆ...مەڕۆ...حەزدەکەم

بمێنیتەوە...ئەمجارە بەجێم مەهێڵە...نازانم بۆچی بۆ ئەم رۆشتنەت دڵم توند خورپە دەکا.

ئەڵقین دەستێکی هێنا بەسەریدا و دڵنەوایی دایەوە، کە ئەوە یەکەمجاری نییە لە ماڵ دوورییکەوێتەوە، بەڵام نەیدەزانی کە بۆچی ئەمجارە وا خەم بە گرانی، سایەی خۆی لەسەر خوشکەکەی هەڵناگرێ، بۆ ئەوەی دڵی تووندتر نەبێت میهرەبانانە گوتی: ئیڤا گیان هەموو بەهارێ لە گوندەکەمان دوورکەوتومەتەوە و ژیانیش ئاسایی تێپەڕیوە.

- ئا...ئا دەزانم.. بەڵام ئەمجارە هیچ پێمخۆش نیە بە تەنیا بەجێم بێڵێ...دڵم دەترسێ...زۆر دەترسێ.

ئەو قسانە ئاوازێکی نوێ بون، توشی سەرسوڕمان و نیگەرانی کرد: ئاخر چی بووە و لە چی دەترسێ؟!

نەیدەزانی چۆن گوزارشتی لێبکات، فرمێسک تەزیبە نێو چاوییەوە و نەیتوانی وەڵامی بداتەوە. دووبارە ئەڵقین دەستی هێنایەوە بەسەریدا و بە زەردەخەنەیەکەوە پێیگوت: خۆشکێ گیان چیتە وا پەرێشانی؟! هامۆند لە سەربانەکەوە هاتە ژورێ و نەیهێڵا چیدیکە درێژە بە قسەکانیان بدەن: ئیڤا گیان خەم مەخۆ لێت دوورناکەوینەوە، هەر دەگەڕێینەوە...خۆ ئەگەر دووریش بکەوینەوە، لەهەر شوێنێک بین دەتدۆزینەوە و دێینەوە لات.

هاوڕێ بە گاڵتەوە گوتی: دەی زووبن پێش ئەوەی نۆردمەن پەشیمان بێتەوە لە هاتنەکەی، خێراکەن بەڕێکەوین.

لەڕاستیدا نۆردمەنی گەورە پێیخۆش نەبوو لەگەڵیاندا بڕوات لە بەهانەیەک دەگەڕا و هەر لە شەوی ڕابردووەوە چەندین جار تکای کردبوو کە وازی لێبێنن، بەڵام کەس گوێی نەدەدایێ. دایکی ئەلڤین چۆخەکەی هێنا و دایە دەستی و لەگەڵ هاوڕێندە قوت چوونە دەرێ، ئیڤا چووبووە پشت دایکیەوە، باوکی لەنێو ڕەزدا بوو، هەموو بەیانییەک زوو لە خەو هەڵدەستا و بەرەو ڕەزەکەی شۆڕ دەبۆوە، لەوێ نەبوو ماڵئاوایی لە ڕۆڵەکەی بکا. یەکەم هەنگاوی دەرچوونیان نا، لەناکاو ئیڤا لە پشت دایکیەوە غاری دا و هاواریکرد: ئەلڤین...ئەلڤین.

ئەوە دووەمین جاری بوو بەو شێوە هەستەهژێنە گوێی لەناوی خۆی بێت، بە سەرسامی ئاوڕی داوە، دووبارە باوەشی پێدا کردەوە و بەدەنگێکی لە هەنسکدا خنکاو پێیگوت: تکایە مەڕۆ بەجێم مەهێڵە... گەر دەشڕۆیت لەگەڵ خۆتم بەرە.

ئەو هەرگیز بەو شەپرێوییە نەیدیتبوو، هێندە کاری لێکرد دڵەخورپەی هاتێ و لە ڕۆشتنەکەی کەوتە دوودڵییەوە و نەدەویست بڕوات، لەبەرئەوە کاتێ سەری ئیڤای لەباوەش گرتبوو، ڕوپکردە هاوەڵەکانی: کەوایە با نەڕۆین و سەفەرەکەمان دوابخەین.

هامۆند گەلێ حەزی لە گەشتی شاخ و دۆڵ و نشێوەکان بوو، نەیدەویست ئەو دەرفەتەی لەکیس بچێ: جارێک نۆردمەنی گەورە بیانوو دەگرێ و دەبێ پازی بکەم، ئێستاش نۆرەی تۆیە...تکایە ئەمە یەکەمین جاری نییە وا بکات...وازبێنە لەسەر ئەو بیانووە راهاتوین، گەر بەردەوام بین و بگەینە پشتی دارەکان و لەپێشچاوی بزر بین، دڵنیابە چادەبێتەوە و لەبیری دەکات.

دایکشی لەو ئاکارەی ئیڤا نەدەگەیشت، تەواو سەرسام ببوو، هەستیکرد وا کوڕەکان خەریکە توشی دڵەڕاوکێ دەبن، لە ئیڤا چووە پێشەوە و بە هێمنی دەستی گرت: خەم مەخۆ کچم، تەنیا دوو سێ رۆژێکە و دەگەڕێنەوە.

ئەوجا ڕوویکردە هەرسێکیان: ئێوە بەڕێکەون و سەفەری خۆتان ئەنجام بدەن.

ئەلڤین لە دیمەنی ئیڤا ڕادەما و زیاتر دوودڵ دەبوو، نۆردمەنی گەورەش ئەو هەڵوێستەی ئیڤای لاپەسەند بوو، بەپەلە گوتی: دەی زۆر باشە... با ئەمجارە نەڕۆین.

هامۆند زوو بەخۆدا هاتەوە: چیبە هەردوکتان نەتانبینی...گەر ئەمجارە نەڕۆین هەرسێ برایەکانم دەمبەنە نێو زەوییەکان و تا شەوانێکی درەنگ کێڵان و جووت بە من دەکەن... دە خێراکەن با بەڕێکەوین.

ناچار بوو ، پێشتر بەڵێنیان بەیەکتر دابوو، بەڵام پێش ئەوەی بڕۆن لە ناکاو ئەڵقین بە بێئەوەی بە دەست خۆی بێت بیرۆکەیەکی بۆ هات و گەردنبەندەکەی لە ملی داکەند و دایە دەستی ئیڤا:

ئەو گەردنبەندە منم، کە لە ملت کرد واتە من لەگەڵتم و لێت دوورناکەومەوە، هەرکاتێ لات نەبم ئەو گەردنبەندە هێز و توانات پێدەبەخشێ.

گەردنبەندەکە بەردێکی بریقەدار بوو، چەندین ڕەنگی جۆراوجۆری دەنواند، بەهاری رابردوو لەناو ئەشکەوتێکی کانی شەکرە دۆزیبۆوە و هەندێ دەستکاری و داتاشینی تێدا کردبوو، تا ئەو گەردنبەندەی لێدەرچوو بوو. بەزەردەخەنەوە سەرنجیدایەوە و پێیگوت: ئەم بەردە پرشنگدارە بەهێزترین و خاوێنترین و بەنرختترین نهێنی لەخۆگرتوە، بەشێکی خەوتوو لەمنی تێدا پارێزراوە، هەر کاتێ من لەگەڵت نەبم، ئەو بەردە هێز و گوڕ و تینت دەداتێ، لەهەموو مەترسی و هەڕەشەیەک دەتپارێزێ، تەنانەت لە تاریکترین سەردەمیش، لە تۆقێنەرترین شوێن، چەشنی چاوەزارێکە قەڵایەکی سەخت بەدەورتدا دەکێشێ چەندێ دوور بیت، بۆ لای منت دەهێنێتەوە ئیڤا گیان.

ئیڤا زۆر دڵخۆش بوو بەو ڕستانە، کە خودی ئەڵقینیش نەیدەزانی چۆن لەزارییەوە هەڵدەقوڵین، چونکە ئەو باسی لە بەردێ ئەفسانەیی

دەکرد، هەرگیز خۆی بەو شێوەیە لێینەڕوانیوە، هاوەڵەکانی وایانزانی تەنیا بۆ دڵدانەوە ئەو قسانەی بەگوێی ئیڤادا چپاندوە، بەڵام هەر لە ملی کرد زەردەخەنە باوەشی بە سیمای ئیڤادا کردەوە، بە شادییەوە پومەتی ئەلفینی ماچ کرد: ئەلفین گیان هەموو کات لە گەردنم دەبێ، کە تەماشاشی بکەم بەدڵنیاییەوە تۆم بیردێتەوە.

ئەلفین سۆزدارییەکی زۆر گرتی، لە خوشکەکەی ڕوانی و لەگەڵ دوو هاوەڵەکەی ڕوەو دارستانەکە شەقاویان هاوێشت، هێشتا لە پێشچاوان بزر نەببون، ئەلفین دووبارە سەری سوڕاندەوە بۆ دواوە و ئیڤای بینی، کە تا ئەو دەمەش فرمێسکەکان لە چاوی وشک نەببون، بە بێدەنگی سەرنجی دا و لەدڵی خۆیدا گوتی: ئاخۆ ئیڤا بۆچی دەبێ وا بکات؟ تۆ بڵێی شتێ ڕوبدات...بڕوا ناکەم..لەم دەڤەرەی ئێمە تا ئێستا هیچ ڕوینەداوە...نا باوەڕ ناکەم هیچ شتێ ڕوبدات.

لەگەڵ ئەوەشدا بەدڵدانەوەکانی خۆی ڕازی نەبوو، وا هەستیکرد کە ڕەنگە شتێ ڕووبدات، بەو بیرکردنەوانەوە لە درەختەکان تێپەڕین و بەپەلە بەرەو کانی شەکرە هەنگاویان نا، لەگەڵ ئەوەشدا وێنەی ئیڤا و فرمێسکەکانی لە زەینی نەدەسڕانەوە، بۆیە تا ماوەیەکی زۆر ڕۆشت بێئەوەی وشەیەک لە زاری بێتە دەرێ.

# تاسە بۆ جیهانێکیتر

دوور لە سەرزەمینی میرغەزەب و گوندەکەی ئەلقین، لە جێیەکی دوور..گەلێ دوور، مانگ چرایەکی رۆشن بوو بە دەلاقەی ماڵەکانیەوە، دیمەنێکی هێندە ئەفسوناوی بوو، تەنانەت شنەبا فێنکەکانیش دڵیان نەدەهات بەجێی بێڵن، وەک میوانێکی زێدە ئازیز دەستیانکردە ملی لقە گوڵەکان و پێکەوە لەژێر تیشکی مانگەشەودا لەسەرخۆ سەمایەکی ئارام ئارامیان دەکرد، ئەوجا لەوێوە بەباوەشێ بۆن و بەرامەی خۆشەوە پەردە سپیە ئاوریشمیەکانی ژورەکەی هەڵدەفڕاند و پرچی کچە شۆخەکەی لەسەر بانیژەکەدا لە پەرێشانیەوە لول دەدا و خاوی دەکردەوە. ئەو چاوە سەوزەکانی وەک جووتێ پیرۆزە لە روخساریدا دەبریسکانەوە، پرچێکی پەش وەک تاریکی شەوە دەیجورەکان، یەکجار سەرنجڕاکێشی کردبوو جوانیەکی بێوێنەی پێبەخشیبوو. سەرنجی مانگەشەوەکەی دەدا، هەزاران هەست و سۆزی شاعیرانە گەمەی بە میشک و ئاوەزی دەکرد، نیگای نیشتبوە سەر دۆڵ و نهالەکان، خەیاڵی بۆ شوێنە دوورەکان هەڵدەفڕی، غەمگینیەک باڵی بەسەر نیگاکانیدا کێشابوو، ئاگادار نەبوو کە»دادە» لە پشت سەریەوە وەستاوە و تەماشای جوانی و مەستی ئەو دەکا، کە چۆن

تاڵ بە تاڵی قژی ڕادەستی شنەبا دەبێ و شەپۆلێکی سەرشێتانە بەسەر بانیژەکەدا هەڵدەکا و لەپاش خۆی ئارامییەک و بێدەنگییەکی ترسناک وەک خامۆشی گۆڕستان فرێدەداتە ژورەکەوە، لەناکاو هەستی بە تارماییەکی بەدەر لەخۆی کرد و سەری سوڕاندەوە بەملادا، بەدیتنی ڕۆخساری پر لە خەمی پەرێشان و دڵگران بوو، شەقاوێک لێی هاتە پێشەوە و بەدەنگێکی بەسۆزی دایکانەوە، بە نیگەرانیەوە پێیگوت: چیبوە وا بێزار و نیگەرانیت؟

«تیۆدلینا» بەرەو چیاکان ڕوی وەرگێڕا، نیگاکانی بەرەو دوور دەڕۆیشتن، چەشنی شەوانی پێشوتر بە شانازیی و هەستێکی بااڵوە نەیدەڕوانیە شکۆی شاخەکان و سەبوری دۆڵەکان، دنیا خامۆش نە دەنگی باڵندەیەک دەهات، نە خشەی ئاژەڵێ، تەنانەت لە دارستانە دوورەکەشەوە، سرتەیەک نەدەهات، هەستیکرد دادای چاوەڕێی وشەیەکە ئارامیی پێببەخشێ، بێئەوەی سەری بسوڕێنێ بۆ لای گوتی: هیچ نییە...شتێ وا نییە.

- بەپێچەوانەوە ڕوخسار و ئاکارت شتێکیتر دەڵێن، خەیاڵت ئاسودە نییە، پێم بڵێ چی بووە؟

تەماشایەکی کرد، هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی، ناچاری ڕستەکانی پێ فرێدەدا: ئاخر دەترسم..لێم تێنەگەیت.

هەرگیز چاوەڕێی وەڵامێکی وا نەبوو، ئەم قسەیەی تیۆدلینا هێندەیتر دڵی کرمێ کرد، بەسەرسوڕمانەوە لێیڕوانی: چۆن لێت تێناگەم، ئێستاش کە تەماشات دەکەم، ئەو کۆرپە دەبینم لەباوەشمدا شیرین خەو دەیبردەوە و بەدەم باڵای سپی هەورەکانەوە زەردەخەنەی لێدەدا، نازانی بە چ خۆشەویستی و سۆزێکی گەورە ڕۆژ بە ڕۆژ و سات بە سات لەگەڵمدا گەورە بویت..من هەروەک دایک لەگەڵتدا جوڵاوم، چۆن لێت تێناگەم؟!

دادای ڕاستی دەکرد، هەر لە منداڵیەوە ئێلندیا وەک دایکێکی دڵسۆز لە کەناری بووە، وەک کچی خۆی بە نازەوە گەورەی کردوە . سەیر بوو , ئەو هەر لە منداڵییەوە هەستی پێکردبوو کە منداڵێکی جیاواز بوو، ئامادە نەبوو بچێتە نێو منداڵەکانیتر و لەگەڵیاندا تێکەڵ بێ، بەتەنیا گۆشەیەکی بۆ خۆی هەڵدەبژارد و خەیاڵ دەیبردەوە، بەڵام حەزی بە بەشداری کۆڕ و کۆمەڵی کەسە گەورە و بە تەمەنەکان بوو، بەشادی و پەڕۆشییەکی زۆرەوە گوێی بۆ چیرۆکە سەیر و سەمەرەکانی پەیوەست بە سەرزەمین و ڕەسەنەکانیتر دەگرت، سەرسام دەبوو بەو ڕوداو و بەسەرهاتانە و خۆشی دەبوە بەشێک لەو چیرۆکانە، ئەو کاتانەی تەنیاش دەبوو، دووبارە سەرگوزەشتەکان بە مێشکیدا دەهاتنەوە و گوزەریان دەکرد و لەگەڵ خۆیاندا دەیانبرد بۆ سەردەم و زەمانێکیتر.

تەماشای شتەکانی دەکرد و نیگاکانی پڕ لە پرسیار دەبون، بەڵام بەبێ وەڵام دەگەڕاوە نێو هەنوکەی. ئێستاش کە زیاتر بیر لە ژیانی رابردوی دەکردەوە، دەیزانی کە هەر لەگەڵ خەیاڵی ئەو چیرۆکانەدا گەورە بووە. هێشتا دوودڵ بوو لە وەڵامدانەوە، دەترسا»ئێلندیا» لێی حاڵی نەبێ، بۆیە چەندێ بیری دەکردەوە، بەشوێن وەڵامێکدا دەگەڕا یەکسەر بچێتە قوڵایی ناخەوە و چەندوچوونی نەوێت، کەمێ لە چیاکانی ڕوانی ئیجا سەری بۆدایەی سوڕاند و بە دەنگێکی پر لە خەم گوتی: بڕیارمداوە ئێرە بەجێبێڵم.

گەڵێ چاوەڕوانەکراو بوو، چاوەکانی زەقکردنەوە بە ئاڵۆزییەوە پرسی: بۆ کوێ دەچی؟!

تێۆدلینا دووبارە سەیری چیاکانی کرد: دەچمە ئەو شوێنانەی بە منداڵی لە چیرۆکەکانتاندا باستان دەکرد.

بڕۆکانی هێنایە یەک و دووبارە پرسی: کام شوێن؟ مەبەستت کوێیە؟!

- مەبەستم ڕۆشتنە، دەمەوێ بڕۆم...پاییزی خەزان و ڕەنگی زەرد و نارنجی ببینم، زستانی سارد و سپی ، هاوینی گەرم و دڵۆپە ئارەقە سۆڵەکان بچێژم، جوانی و تایبەتمەندییەکانیان، دەوڵەمەندی و هەژاری، هێزدار و لاوازی، شیرین و تاڵی، سەرما و گەرما، برسێتی و تێری و تینوێتی، شادی و خەم و خۆشبەختی و بێبەختی،

زەردەخەنە و فرمێسک، شاری خۆشەویستی و ڕکوکینە، هەموو ڕەنگە جۆاروجۆرەکانی ژیان لەگەڵ خەون و خەیاڵەکانم بەشدار بکەم...

ئێلندیا لەو قسانە دەترسا، گلێنەی چاوەکانیشی دەلەرزین، قسەکانی بڕی: ئەوە چ دەڵێی، دەزانی ئەوەی تۆ دەیڵێیت چەندە مەترسیدارن، هیچ کەسێ لە خەڵکی ئێمە و ڕەسەنی ئێمە داوای ژیانێکیتری نەکردوە لەوەی کە ئێستا هەمانە، نە ئێمە وەک ئەوانمان لێدێت، نە ئەوانیش وەک ئێمە.

جارێتر هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی , سایەی خەم و نارەحەتی گەروی گرتبوو، بەبێزاریيەوە گوتی: پێمنەگوتی لێم تێناگەیت...من حەز دەکەم بژیم...تکایە تێبگە.

ئێلندیا سەری لە قسەکانی دەسوڕما، لێی هاتە پێشەوە و دەستەکانی میهرەبانانە وەک دایکێکی دڵسۆز توند توند گوشی: ئاخر تۆ نازانی چ دەڵێیت، پێش ئێستا گوتت شاری خۆشەویستی و ڕکوکینە، دەزانی ئێمە هەڵگری جوانی و خۆشەویستین، ڕکوکینە لە ناخماندا نییە و ئەوە لە ئێمەوە دوورە، ناتوانین دەرکی پێبکەین، قسەکانت زۆر ترسناکن.

تیۆدلینا خامۆشی لولی دەدا و شنەباکەش گەمەی بەداوە یاخییوەکانی پرچی دەکرد، هەرچەندێ دەیڕوانی و قوڵ دەبۆوە، زیاتر بڕوای بەخۆی

پتەوتر دەبوو، ئێلندیا بە وردی سەرنجی دەدا: تەماشای دەوروبەرت بکە، ئەم سروشتە چ جوانیەکی لەخۆگرتوە، بۆنی خۆشی گوڵە سور و زەرد و سپیپەکان بکە، هەناسەت تەژی بکە لە بۆنێک ژیانی لێهەڵدەقوڵێ، گوێ لەو هەموو ئاوازە جیاوازەی باڵندەکان بگرە. ئەم هەموو بەخششە لەدەوروبەری تۆدایە...ئەمانە بەس نین، ئاخر تۆ کچی شا و شازنێکیت، کە هەردوکیان لەدوو رەسەنی زۆر بەهێزن، هەرچیپەکت بوێ لە زەوی و ئاسمان بۆت ئامادە دەکەن، لای گەورە و بچوک، ئازیز و خۆشەویستی و دەزانی بە چ نازێک گەورە کراویت، ئێستا چۆن بیر لە رۆیشتن دەکەیەوە و بەجێمان دێڵیت؟ تکایە واز لەو قسانە بێنە و ئەو مەراقە لە میّشکی خۆت دەربێنە.

تێۆدلینا وەک ئەوەی پازێکی گەورەتری لا ئاشکرابوبێ، خێرا گوتی: هەموو خۆشیەکان لەدەوروبەرمدا ڕیز بون، هەموو ئەوانە بەردەوام هەن، نە زیاد دەبن و نە کەمیش دەکەن، لەبەرئەوە دەمەوێ بڕۆم، بێجگە لەم ژیانەی تۆ باسیدەکەی هیچی دیکەم نەبینیوە، هەردەم لەم سەرزەمینەدا لە چوار وەرزەکە، تەنیا بەهار دەبینم، دنیایەکی سەوز و ئارام، بەڵام ئێستا حەز دەکەم شتێوە و ژیانێکیتر ببینم، پێم ناڵێیت ئێلندیا بیر لە چی بکەمەوە لە ژیانێکی وادا؟ ئەوە سەد و حەفدە بەهارە دەیبینم، هەتاکەی بیر لە شتێکی جیاوازتر لەمەی کە هەیە

نەکەمەوە؟!

دادە خامۆش داهات، قوڵتر دەیڕوانیە تیۆدلینا و دەیزانی ئەو لەخۆڕا قسە ناکات و دەمێکیشە ئەو جیاوازی بیرکردنەوەیە، وردە وردە لە مێشکدا چەکەرە دەکا، بەڵام هەموان لەسەر ڕاستەڕێیەک ڕاهاتبون، نەیاندەتوانی لەبیرکردنەوە و نائارامی تیۆدلینا تێبگەن. ئەو سەرزەمینی خۆی خۆشدەویست، تەمەنێکی لەوێڕا بەسەر بردوە، بەڵام هەموو کات زەینی دوور دەڕۆیشت و کەمتر تێکەڵی هاوتەمەنەکانی دەبوو، زۆرجار دەوروبەرەکەی بە کەسێکی ئاڵۆزیان دادەنا، لەزوەوە ئەم ئاکارانەی ببونە جێ سەرنجی ئێلندیا و هەردەم دەترسا ڕۆژێ لە ڕۆژان لەگەڵ قسەیەک و پەیڤێکی وا سەیر و سەمەرەی تیۆدلینادا بەرەوڕوو بێتەوە، بۆیە پێیگوت:

نازانم چیت پێبڵێم...بەڵام ئەوەندە دەزانم لە ڕەسەنی ئێمە، تۆ یەکەمین کەسی کە بەمشێوەیە بیربکاتەوە، هەرگیز شتی وا لەنێو ڕەسەنی ئێمە ڕوینەداوە، دڵنیام تۆ ناتوانیت لەوێ بژیت، ئەوێ دڵڕەشی و ناخۆشی و سەرسەختیەکان بالادەستن، ئەوانە شتێکن لە تۆ بەدوورن.

تیۆدلینا ئەو ڕاستییانەی دەزانی، فرمێسک چاوەکانی تەڕ کرد و بەدەنگێ پڕ لە خەمگرتویی دووبارە گوتی: حەز دەکەم بژیم، دەمەوێ

بڕۆم مرۆڤ ببینم، بڕیارمداوە و دەمەوێ لەنێویاندا بژیم.

مانگەشەو لەسەرخۆ ئاسمانی دەبڕی و بەرەو پشتی چیاکان سەفەری دەکرد، ئەستێرەکانیش وەک دانەی مرواری دەبریسکانەوە، پەردەی ژورەکەی تیۆدلینا شنەبا لولی دەدا و سەمای پێدەکرد، ئێلندیا ویستی تیۆدلینا پەشیمان بکاتەوە، بەڵام ئەو شێلگیرانە پێیگوت: تکایە حەز دەکەم بەجێم بێڵیت.

ئیدی ئەو پەیڤە کورتە بەس بوو بۆ ئێلندیا کە تێبگات ناتوانێ پاشگەزی بکاتەوە، ئیتر ئەوە کۆتایی قسەکانیان بوو. بەناچاری لە ژورەکەی هاتە دەرێ. هێشتا بەردەم بانیژەکەی بەرنەدابوو، ئومێدێکی لەدڵی خۆیدا هەڵکردبو، بەوەی دەروازە لەسەر ژیانێکی نوێ بکاتەوە...

*　　*　　*

بەرەبەیانەکان دەسپێکی سەرگوزەشتە و پێشهاتی نوێن، بۆیە بە پێچەوانەوەی رۆژەکانیتر، تیۆدلینا لە رەسەنی نایابەکان لە سەرزەمینی پاشای هەموو دارەکان , بۆ یەکەمینجار لەنێو پێخەفەکەیدا گینگڵی نەدا، بەڵکو چالاکانە هەستا، گەرچی تا شەوێکی درەنگ دەهات و دەچوو، دوودڵ بوو لە بڕیارەکەی ئاخۆ بچێ یان بمێنێتەوە، بەڵام هەر جێگەکەی جێهێشت، هەناسەیەکی قوڵ پڕ بە سیەکانی هەڵمژی و دیاربوو بەڕوخساریدا کە ئەمجارەیان یەکجارەکییە و چیدیکە بەدیار

چاوەڕوانییەوە دۆش دانامێنێ. ڕێگە لەسەرزەمینی پاشای دەرەختان بەرەو شوێنەکانیتر ئاسان نەبوو، تێۆدلینا چ شارەزاییەکی لەو بارەیەوە نەبوو، هەرچەندە لێرە و لەوێ کەسانێ هەندێ نهێنیان پێگوتبوو، کە ئەگەر ڕێگەی بزر کرد شوێن ئەستێرەی گەش بکەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانی پێش ڕۆشتنی دەبێ دووبارە بەرامبەر دایک و باوکی بوەستێ و تەواوی ئەو گفتوگۆیانە دەستپێبکاتەوە، کە پێشتر چەندینجار لەگەڵیاندا بە بنبەست گەیشتوە. هەرکاتێ بیری لەوە دەکردەوە، جەستەی گەرم دادەهات و دەمارەکانی مێشکی گرژ دەبون. بۆ ئەوەی خۆی قورس نەکات، تەنیا چۆخەیەکی لەسەر ملی دانا و گۆچانێکیشی وەدەستەوە گرت. لە ژورەکەی خۆی دەرچوو بەرەو تەلاری شاژن ڕۆنا-ی دایکی بەڕێکەوت، لەدڵی خۆیدا دەیگوت: ئەمجارە هەرچی دەڵێن با بڵێن، چ باش بێ یان خراپ، شوێن ئەقڵی خۆم دەکەوم.

شاژن ڕۆنا و ئۆلاندێڵ لە گۆڕەپانی شەڕدا و لەنێو گەرمەی هەرا و هۆریاکەدا یەکتریان خۆش ویست، بەپێچەوانەی هاوڕەسەنەکانی دیکەی دەسترەنگین و پێکراوەکان، کە بەشێکیان لەدوای شەڕەکە بڕیاری خۆونکردنیان دا و بەشێکیشیان بەرەو سەرزەمینی چیاکان بەڕێ کەوتن، بەڵام شاژن لەگەڵ پاشماوەی ڕەسەنی پاک و فریادرەسەکان هاتنە سەرزەمینی درەخت و دارستانەکان و لەوێ

ماڵەکانیان لەسەر درەختە زەبەللاحەکان بونیات نا، ئیدی لەو رۆژەوە ناونرابوو» پاشای دارەکان» هەموان لەو سەرزەمینە ژیانێکی ئارامیان بەسەربرد و خواردنیان لەسەر گوڵ و هەنگوین بوو. ئەو سەرزەمینە پڕ دارستان و درەختە لە گۆڕەپانێکی پان و بەرینتدا بەسەر بەرزایی نیمچە چیایەک گیرسابۆوە، دەوروبەریشی سەوز دەچۆوە، دوای ماوەیەکی دوور دەگەیشتە درەختەکان کە ڕەگەکانیان لە یەک پێچرابون، ئیتر ئەوە ئاماژەیەکی ئاشکرا بوو بۆ تەمەنیان، سەریان لە هەورەکان گیر دەکرد، دیمەنێکی کەمویّنە بوو، تەنیا لەو سەرزەمینەدا ئەو جۆرە درەختە زەبەللاحانە دەبینرا. بێجگە لە تایبەتمەندی درەختەکان لەم دەڤەرەدا، چەندین گیانلەبەر و باڵندەی دەگمەنی تێدا بوو، ئەوێ سەرزەمینی پەپوسلێمانکەکان بوو، بەتایبەتی ڕەنگ سپییەکانی. ئەو شوێنە بۆ بندنیاییەکان و مرۆڤەکان سەرزەمینێکی گەلێ دوور بوو، بۆیە کەس لە توانای خۆی ڕانەبینیبوو پێ هەڵگرێ بۆ ئەم دەڤەرە، چونکە بێجگە لە دوورییەکەی، سەرزەمینێکی نەناسراو و نهێنی بوو بۆ بندنیایی و مرۆڤەکان. لەو شوێنە بە تەنیا ماڵی شاژن و ئۆلاندێڵ و تیۆدلینا لەسەر درەختە زەبەللاحەکان نەبوو، بەڵکو تەواوی ڕەسەنی پاک و فریادرەسەکان، ئەوانەی لەدوای یەکەم شەڕی درێژی ئیڤڵۆرد لە ژیان مابون، بڕیاریاندابوو لەم سەرزەمینە بمێننەوە و بیکەنە شاری

گەورەی خۆیان، ماڵەکانیان لەسەر درەختە بەرزەکان دروست بکەن، زۆربەیان یەک نهۆمی بوو لە یەکترییەوە هێندە دوور نەبون، ئەوی کەمێک جێیەکەی دوور بوایە ماڵەکەی دەکردە دوو نهۆم یان سێ.

ئەوێ بەهۆی چڕی دارستانەکەوە شارێکی شاراوە و ئاوەدان بوو، سادە و ساکار بونیات نرابوو، تەنیا و تەنیا پەنایان وەبەر داری درەختەکان بردبوو، بەڵام جوانترین دیمەنی بە نشینگەکەیان دابوو، جادە و ڕێگە و بانەکانیشیان هەر بە چڵە دارەکان پێکەوەبەستبوو و کەس پێی بەر زەوی نەدەکەوت. بڕین و هێنانی ئەو دارانە پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتن لە سروشت هەبوو، هێشتا سروودی ژیانیان لەبیر مابوو، تیۆدلینا زۆرجار بەوردی گوێی بۆ ئاوازەکەی ڕادەگرت و لەبەرخۆیەوە دەیگوتەوە. ئەو ئاوازەی کە لە ڕۆژە سەرەتاکانەوە بۆیان بەجێمابوو، سەرباری ئەوەی هەزاران ساڵی بەسەردا تێپەڕیبوو، بەڵام کەس لەخۆی ڕانەبینیبوو دەستکاری بکات. ئەو سەرزەمینە تەنیا یەک وەرزی هەبوو، هەمیشە بۆنی خۆشی بەهاری لێدەهات، زۆرجار لە هەر چوار وەرزە بەهارییەکەدا باران بارین چەندین شەو و ڕۆژ دەباری، گەرما و سەرما لە بەرز و نزمی کەوتبون و لە یەک ئاستدا وەستابون، ماڵەکانیان بەگشتی بنمیچ و کۆڵەگەیان هەبوو، دیوار و دەرگا کەس بە پێویستی نەزانی، دەوروبەریان وەک کەپرێکی گەورەی لێهاتبوو، بە

پەردەی سپی و ئاوریشمی پازێنرابۆوە. هەرچییەکی نێو ماڵیان بوو لە تەختە و دار دروستکرابوو، دیار بوو ئەمە کاری کەسانی سەر بە رەسەنی دەسترۆنگین و پێکراوەکانە، کە ئەو وردەکارییانە تەنیا لەوان دەوەشایەوە.

وەک هەموو بەیانیەکی دیکە، باوک و دایکی تیۆدلینا لە تەلارەکەی خۆیاندا گوڵ و هەنگوین و سێویان دەخوارد، کچە پرچ ڕەش و چاوشینەکەیان کە چەشنی دایکی پێچەوانەی ڕەسەنی پاک و فریادرەسی پرچ سپی، بەگۆچانەکەی دەستییەوە هاتە ناوەندی تەلار و بەخامۆشی وەستا. سەردانەکەی ناکاو و چاوەڕواننەکراو بوو، پێیان سەیر بوو کە تیۆدلینای کچیان بەو بەیانیە زووە، پێخەفە نەرمەکە بەجێبێڵێ و شیرین خەوێ لەخۆی بزڕێنێ، هەردوکیان بەسەرسوڕمانەوە لە کێژەکەیان ڕامان، تیۆدلینا لە تەماشاکردنەکەیان تێگەیشت و یەکسەر پێیگوتن: بڕیاری خۆمم داوە...من دەڕۆم.

دایکی و باوکی بەیەک دەنگ گوتیان: بۆ کوێ دەڕۆی؟

- بۆ سەرزەمینی پیرۆز و سەرزەمینی مرۆڤەکان.

ئەمە یەکەمین جاری نەبوو، تاکە نیازەکەی بدرکێنێ، بەڵام هیچ کات بەو شێوەیە خۆی یەکلایی نەکردبۆوە، دایک و باوکیشی بەو جۆرە ئامادەسازییەی ئێستای نەیانبینیبوو: بۆچی دەڕۆی...ئەدی چەند

جاریتریش ئەمەمان باس نەکردووە؟

- دەزانم زۆرجار باسمان کردووە، هەموو جارێکیش هەمان قسەمان دووپاتکردۆتەوە، ئێستاش پێناچێ شتێکی نوێتان هەبێ بۆمی باسبکەن.

بیری لەخۆی دەکردەوە: بۆچی دەبێ لەپێناوی کەسانێ بژیم، ئەدی ژیانی خۆم و خواست و ویستی خۆم، گوناهم چییە کە هەر دەبێ وەک زیندانییەک لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بژیم، ئەو چیرۆکانەی بۆ منیان گێڕاوەتەوە، دەڵێن خەتای ئیڤلۆردە، ئەو بۆە هۆی دەرکردنمان تا سەرزەمینی حەوتەم بێ پاشا بمێنێتەوە. تەواوی ئەمانەش کە هەیە لە پێناوی مرۆڤدایە، نازانم ئێمە چیمان لەمرۆڤ داوە و ئەوانیش چییان لە ئێمە داوە؟ لە هەموی ناخۆشتر ئەوەیە کە دەڵێن تۆ لەبەر خاتری ئەوان دەژی، تۆ لە پێناو بەختەوەری ئەوان ژیان بەرێ دەکەیت و دەشبێ چاوەڕێیان بین...باشە تاکەی؟ لە کاتێکدا رەسەنی مرۆڤ لە خەیاڵیشیدا ئاگای لە ئێمە نییە..کەواتە بۆچی ژیانی خۆم بکەمە قوربانی رەسەنێکی وا، هەروەها پێناچێ لەنێویاندا هیچ پاشایەک سەرهەڵبدات.

ئەم گفتوگۆیەی ناو دەرونی خۆی ئاسودەیی پێدەبەخشی و لەبەرخۆیەوە دەیگوت: نا...بەدڵنیاییەوە بڕیارێکی باشم داوە، چیدیکە چاوەڕێ

نابم، خۆم دەڕۆم ڕاستییەکان دەدۆزمەوە، ئەو ڕەسەنی مرۆڤەی کە هەر لە منداڵییەوە مێشکی منیان بە حیکایەتەکانی پڕکردووە، دەبێ بڕۆم و لە نزیکەوە بیانبینم و بزانم چین و کێن و چی دەکەن و چۆن ژیان بەسەر دەبەن.

بەدەنگی ئۆلاندێڵ وەخۆهاتەوە: تێڕدلینا دەزانی ئەمە گەورەترین بڕیارە لە ژیانتا هەنگاوی بۆ دەهاوی؟

- بەڵێ دەزانم.

- دەشزانی کە ئەو سەرزەمینەی تۆ باسیدەکەی نەناسراوە و مەترسیدارترین شوێنە؟ دەشزانی هەر خودی پەیڤەکانت لە قسەی هەندێ لە ڕەسەنە نایابەکان دەچێ، کە ئومێدیان بە مرۆڤ نەماوە و لەڕاستی و بون و ڕەسەنمان دوورڵێن، خراپەکاری و دوورڵی تێکەڵ بە ژیان و خاکی ئەو سەرزەمینە بووە؟

- بەڵێ ئەوەش چاک دەزانم، باسی ئەو ڕەسەن و کەسانەت بۆ کردوم کە لە ڕێگە لایانداوە و ئێستاش بێپەروایانە و بێهیوا لەنێو مرۆڤ و بندنیاییەکان پەرت و بڵاوبونەتەوە و دەسوڕێنەوە، بەڵام ئایا ئێوە منیش بە یەکێک لەوان دەزانن؟

هەستی بە نائومێدییەکی زۆر کرد، لەوەی کە چ خواست و خەونێ سەری پێهەڵگرتوە و بەرامبەرەکانیشی چۆن لێکی دەدەنەوە، ئۆلاندێڵ

دووبارە درێژەی بە قسەکانیدا: دەزانم باش بیرت کردۆتەوە، بەڵام با ئەو ڕاستییەت پێ بڵێم، سەرزەمینی پیرۆز سەردەمێکی دوور و درێژی بەسەردا تێپەڕیوە لەبەرئەوە لەپێشچاوان بزربووین، ئەو مرۆڤەی کە ئەوەندە قوربانیمان بۆ داوە و خۆمان لە پێناویاندا بەخت کردووە و بەهەزاران ساڵ لە چاوەروانیاندا دەژین، لە تاریکترین سەردەمدا ژیان بەسەر دەبەن و هێشتا نەیانتوانیوە سەرەتا ونەکە بدۆزنەوە.

- بەڵێ دەزانم ئەمەتان چەندین جار بۆ گێڕاومەتەوە.

- بەڵام هەر دەبێ پێت بڵێم و بزانی کە زۆرێ لە ڕەسەنە نایابەکان وەک دەستڕەنگین و پێکراوەکان و پیتۆڵ و زانا و جوان و سەرنجڕاکێشەکان باوەڕیان لەق بووە و بێهیوا ماون بە تواناکانی مرۆڤ، بەوەش لەو ئەرکەی پێیان سپێردرابوو دوورکەوتونەتەوە، زیبای دەریاکان چوونەتە دوورترین و قوڵترین زەریا و ئاوەکانەوە و بەیەکجاری لێیان بێئاگاین و نازانین چییان بەسەرهاتوە، هەموو پێیانوایە کە رابردوو چ ڕاستییەکی تێدا نەبووە و نییە، هەرچییەکیش کە باسدەکرێ تەنیا چیرۆک و سەرگوزەشتەی هەڵبەستراون، لەبەرئەوە ئەو شوێن و جێیانە بەجێدێڵن کەپاش تێکشکانەکەی شەڕی یەکەممان دەستنیشانکرابوو، دەچن بەرەو سەرزەمینی ڕەسەنی مرۆڤ و بندنیاییەکان، بەڕاستی قسەکانی تۆ و ئەم بڕیارەشت زۆر بەوەی ئەوان دەچێ...

بەگرانی وشەکان لەزاری دەردەچون: تۆ لەرەسەنی دەستڕەنگین و پێکراوە و رەسەنی پاک و فریادرەسیت، هەرچی بەخششی ئەم سروشتە هەیە لە جوانی و خۆشی و ژیانێکی هەتا هەتایی بە تۆ دراوە، پیر و لاوازیی و بێچەوسەڵەیی شتێکن بەلای رەسەنی تۆدا نایەن، هەر کاتێ لە سروشت دوورکەوتیتەوە و پێت نایە سەرزەمینی مرۆڤ، ئیدی لەم بەخششانە بێبەش دەبیت و ئازار پوو لە جەستەت دەکا، خواردنی هەنگوین و گوڵ و میوەجات ج تامێکیان لەسەر زارت نامێنێ، گەر لەوێ نەبێتە تاوان. ئیتر بۆنی خۆشی گوڵزارەکان ناچێتە سنگتەوە، ڕۆشنایی ژیانت بەرەو کزبون دەچێ.

تێۆدلینا بێدەنگ بوو، سەری کەمێک بۆ لای چەپ سوڕاند و تەماشای دیمەنە دڵڕفێنەکانی سروشتی دەڤەرەکەیانی دەکرد، وەک ئەوەی بیەوێ چاوەکانی تێر بن و ئەمە دواییین جاری بێ بیانبینێتەوە. ڕۆنا بەوردی سەرنجی دەدا و خەمی کچەکەی ناچاریکرد، چەند ئامۆژگارییەکی بەگوێدا بدات:

تێۆدلینا...تۆ نەوەی دووەمی رەسەنە نایابەکانی...هەریەکە لەم رەسەنانە هێز و توانای خۆی هەیە. بۆچی ئارام ناگریت و هەوڵبدەی ئەو هێزە شاراوانە لەخۆتدا بدۆزیتەوە، ئەوکات خۆشەویستی و شادی و جوانییەکی بێسنور دەبینی، ئەو شتانە کە زۆر سەختە لەنێو رەسەنی

مرۆڤدا بیانبینی، پێت وا نەبێ ئەوانە لەنێو مرۆڤدا هەبن، ئەوانە مەگەر لە خەوندا سەردانیان بکەن.

رۆنا وەک بیەوێ پازێکی تاڵ ئاشکرا بکات، لەسەرخۆ گوتی: من و باوکت بەچاوی هەڵۆ و سیمورغ و ڤینکیس لەدوای یەکەم شەڕ بەرەو سەرزەمینە نادیارەکان کۆچمان کرد، لەسەر خواستی ئێمە جاروبار بەسەر سەرزەمینی مرۆڤدا هەڵدەفڕین، هەمیشە دوکەڵی ڕەش و ئاگرمان دەبینی، ئەو هەواڵانەی لە بێدەنگی ناخەوە لەگەڵ ڕەسەنە دوورەکانیتر پێمان دەگەیشت و ئەوەی لە جموجوڵی ئەستێرەکان پێمان رادەگەیەنرێ، هیچیان ئومێدبەخش نەبون، هەموی ئێش و ئازار و ڕەنج و ماندوبون و ئەشکەنجە و ناڕەحەتیە، سەردەمەکە سەردەمی تاریکیە.

خەریک بوو قسەکان کاریگەرییان لەسەر تێۆدلینا دادەنا، بەڵام بەپەلە سەری سوڕاند و چاوەکانی نوقاند، نەیدەویست گوێیان لێڕادێرێ، لە دەرفەتێک دەگەڕا تا زوو قسەکانیان تەواو بکەن. ئۆلاندێڵ-ی باوکی تێگەیشت کە کچەکەیان گوێ ناگرێ، بۆیە پێیگوت: بڕیاری ڕۆشتنت داوە، بەڵام بزانە ئەم بڕیارە بەرەو چارەنوسێکی پڕ لە مەترسی و نادیارت دەبات، دوورکەوتنەوە لە سروشت و جوانیەکانی و نزیکبونەوە لە مرۆڤ بە کۆمەڵە کارەساتێکت ئاشنا دەکا کە ناخت

بە وێرانەیی دەسپێرێ، هەر کاتێکیش بێئومێد و بێهیوا بووبت، ئەوا ئەو وێرانەیە وەک ڕەشەبایەکی بەهێز گوڵی ناخت دەژاکێنێ و پەڕ بە پەڕی دەوەرێنێ و کۆتاییەکەشی لە شوێنێکی دوور لە ئێمە و جێیەکی نادیار سەردەنێیتەوە و دەمری.

تێڕدلینا بیری لەوە دەکردەوە کات بەفیڕۆ نەدات، بۆیە گۆچانەکەی لە زەوی گیرکرد و گوتی: من تەمەنم سەد و حەڤدە بەهارە، وەک ئێوە بەهەزاران ساڵ نەژیاوم، ڕەنگە بە بەراورد لەگەڵ ئێوە هیچیشم نەبینیبێ و هیچم نەکردبێ، بەڵام گیانێکی سەربەخۆ و سەرکێش لەم جەستەیەدا هەیە، تینووە...بڕسییە..دەبێ ئازاد بێ.

هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی و دوبارە گوتی: زەمانێکی دوور و درێژە ئێوە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەژین و چاوەڕێن پەردە لەسەر بێسەروشوێنبونی هۆڵمان شا لادرێ و ڕاستییەکانتان بۆ ڕونبێتەوە و ڕەسەنی مرۆڤ سەرەتای ونبونی خۆی و روناکی بدۆزێتەوە، تەماشاش دەکەن شتەکان پێچەوانەوە دێنەوە، ڕەسەنی مرۆڤ نەک هەر نەیدۆزییەوە، بەڵکو زۆریش لێی دوورکەوتونەتەوە.

قسەکانی شادی بەخش نەبون، بەڵام هەر بە زاریدا هاتن: هەرشتێ دەکەم ئێوە دەڵێن ئێمە لە ڕەسەنە نایابەکانین لەسەرزەمینە زۆر دوورەکان هاتوین، لەبەرئەوە نابێ هیچ هەنگاوێ بهاوین، هەرشتێ

هەڵدەبژێرم دووبارە پێمدەڵێن نابێ لەبەر خاترى مرۆڤ وا بکەین، ئێ کەواتە ژیانی من چ مانایەکی هەیە؟ بونی من بۆچییە؟ شەو بدەمە دەست رۆژ و رۆژ بەڕێ بکەم تا شەو دادێ، بێئەوەی بۆم هەبێ شتێ بۆ خۆم دەستنیشان بکەم و خۆم چارەنوسسازی خۆشی و ناخۆشی خۆم بم، ئینجا کە هیچ ناکەم و هیچ چارەنوسێک بەدەست خۆم نەبێ، چۆن هێز و توانا نهێنییەکانی خۆم بدۆزمەوە؟ تاکەی چاوەڕێی رەسەنی مرۆڤ بم بۆ ئەوەی چاوی بکرێتەوە؟ بەڕاستی پێتانخۆش بێ یان نا، هیچ پێناچێ ئەوەی ئێوە لە رەسەنی مرۆڤ چاوەڕێی دەکەن، بێتەدی؟!

تورەیی دەمارەکانی گرژ دەکرد، لەو هەڵچونەی دەچوو کە تۆلاندێڵ لە گۆڕەپانی جەنگدا توشی دەهات: لەوەتەی چاوم کردۆتەوە لەم شارەدا بەسەر ئەم دارە زەبەللاحانەوە دەڕێم، سەد و حەفدە بەهارم تێپەڕاند بەبێئەوەی شتێکی نوێ لە ژیانم ڕوبدات.

خەم بەسەر هەستەکانیدا زاڵ بوو: هەموو وەختەکان لەیەکدەچن، شەو و رۆژ لەلام چ جیاوازییەکیان نەماوە، هەردەم لەگەڵ ئەو چیرۆکانەدا گەورە بومە کە بە منداڵی بۆتان دەگێڕامەوە، رۆژ بە رۆژ پرسیار و حەز و خولیای لا دروستەدەکردم، وا ئێستا گەورە بوم خولیاکانم بەشی ئەم شارە ناکات، سیەکانم هێندە گەورە بون، هەوای ئێرە بەشی

هەناسەدانی من ناکات، خەریکە دەخنکێم، ژیانم هیچ ئامانج و بونێکی تێدا نەماوە، دەمەوێ خۆم دەرباز بکەم.

تەماشایەکی دایک و باوکی کرد، نیگەران بوو لەوەی کە لە بەردەمیاندا دەنگی بەرز کردۆتەوە، بەسۆزداریی و ئارامییەکی زۆرەوە تکای لێکردن: حەز دەکەم بژیم، خۆم سازدەری چارەنوسم بم، حەز دەکەم سنورەکان ببەزێنم، دەمەوێ بزانم لە پشت ئەو چیا بەرزانەوە چ جیهانێکیتر هەیە، لەودیو ڕوبار و زەریا و شەڵاڵە ئاوەکانەوە چ سەدایەکی جیاوازتر دەبیستم، دەشتەکانی دوور لە ئێرە چۆن سەوز دەبن، لەنهالەکان چی هەیە و چ ڕوەدا، ئاخۆ ئەم ویستانەی من هیچ گوناهێکیان تێدایە؟ لێمگەڕێن با بژیم، با سەرمام بێ، با گەرمام بێ، با خۆشی و ناخۆشی بچێژم، با ئازار بکێشم، بەڵام ڕێگەم لێمەگرن، دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بڕیاری خۆمم داوە، لەم سەرزەمینە هیچیتری بۆ من تێدا نەماوە، بهێڵن بڕۆم.

دایک و باوکی هەستانە سەرپێ، دڵنیابون کە کچەکەیان گەلێ بەڕۆشە بۆ جێهێشتنی ئەم سەرزەمینە، ئاسانیش نییە ڕێی پێبدەن هەروەک سەختیشە ڕێی لێبگرن، ڕۆنا بەزمانێکی پڕ پاڕانەوە پێیگوت: تیۆدلینا...ئێمە ناتوانین ڕێگریت بکەین، بەڵام ئەوەی تۆ هەڵتبژاردوە، گەلێ مەترسیدارە...تکایە پەشیمان بەوە.

نۆلاندێڵ ڕوی تێکرد و بەدەنگێکی ئاوێتە بە باوکایەتی و تورەبون: ئەم ڕۆشتنەت زۆر دوورە لە نەریتی ئێمە، تۆ بە یەکێ لە بێباوەڕ و گومڕاکان هەژمار دەکرێی کە پشت لە ڕەسەنی خۆت دەکەیت، گەر بڕۆیت ئیتر جێگەت لەنێوماندا نابێتەوە و چ مافێکت نامێنێ بگەڕێیتەوە لامان.

تێۆدلینا ئەم قسەیەی دوایی باوکی یەکجار پەرێشانی کرد، دەیزانی دژی بڕیارەکەی دەوەستنەوە، بەڵام هیچ وەختێ لەو باوەڕەدا نەبوو، وەڵامێکی لەو چەشنە بدرێتەوە، بەرچاوی ڕەش بوو، ئیدی بۆ ئەو وەڵامێکی وا، جۆرێ بوو لە یەکلاکردنەوە کە دوورکەوتنەوە مانای بێبەرییونە، ڕوی وەرگێڕا و چاوەکانی سور ببون: کەوایە دەبێ بێ مۆڵەتی ئێوە بڕۆم.

هەنگاوی پاشەوپاش نا و ڕۆشت، ڕۆنا چاوەکانی پڕ فرمێسک بون، وبستی دوای کچەکەی بکەوێ و نەهێڵێ بڕوات، بەڵام نۆلاندێڵ دەستی گرت: لێگەڕێ با بڕوات، بڕیاری خۆی داوە و پەشیمان نابێتەوە، ناتوانیت رای بگۆڕیت تەنیا ئەوە نەبێ هێڤیخواز بین ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە.

تێۆدلینا نەوەستا و ئاوڕی نەدایەوە، دەیویست هەرچی زووە لەو شوێنە دەرچێ و چیدیکە نەگەڕێتەوە، بەرەو شوێنی شۆڕبونەوە هەنگاوی نا،

هەموو کات دووکەس لەوێدا دەوەستان کە لەناو شاردا بە سەرە کاریان بەسەردا دابەشکرابوو. دوو جۆر بەردی ئەفسوناوی هەبوو، پەیوەست بە زنجیرێ و بەسەر یەکدا دەسوڕانەوە بۆ شۆڕبونەوە و سەرکەوتن بەکار دەهات، دوای ئەوە دەبەسترانەوە بەسندوقێکەوە، کە تەنیا رێگەیەکە بۆ دابەزین لەسەر دارەکان و بێجگە لەوەش هیچ دەریچەیەکی دیکە نەبوو.

چارشێوە سەوزە تۆخەکەی دا بەسەریدا و گۆچانەکەش بەدەستیەوە، سواری سندوقە گەورەکە بوو، کە بۆ شۆڕکردنەوە و بەرزکردنەوەی دە کەس دروستکرابوو، یەک لە دوو کەسەکە لە سەرێ دەستیکرد بە سوڕاندنەوەی دوو بەردەکە تا شۆڕپی بکاتەوە بۆ کەسی دووەم لە خوارێ، بەڵام لەناکاو دەنگێک هاواری لێکردن: بوەستن.

بەسەرسوڕمانەوە ئاوڕی دایەوە، زەینی بۆ هیچ کەسێ نەچوو، چاوەڕێی چ کەسێکیشی نەدەکرد، بەڵام چاوەکانی بە دادە ئاشنا بونەوە، کە بەپەلە بەرەو لای ئەم دەهات، ئێلندیا خۆی ئامادە کردبوو، چارشێوێکی سەوزی پۆشیبوو وەک رۆژە یەکەمینەکانی جەنگ و چۆخە و تیروکەوانی لەخۆی بەستبوو، دوو شمشێر و خەنجەرێکی سەرنجڕاکێش تایبەت بە رەسەنی پاک و فریادرەسەکان لە قەدی گیرکردبوو، دەرگای سندووقەکەی کردەوە و بێدەنگ لە تەنیشتیەوە

دانیشت، تیۆدلینا سەرسام ببوو: ئەوەی چی دەکەی؟ بۆ کوێ دەڕۆیت؟

بێئەوەی تەماشای بکات گوتی: بۆ ئەو جێیەی کە تۆ بۆی دەچیت.

تیۆدلینا وێستی قسەیتر بکات، بەڵام ئێلندیا بواری نەدا و بە پاسەوانەکەی گوت: تکایە شۆڕمانکەرەوە خوارێ.

دەرگای سندووق داخرا و بریسکە لە بەردەکان دەرچون و وردە وردە گوریسەکان کەوتنە جوڵە و سندووقەکە ڕووەو خوارێ شۆڕبۆوە، لەخوارێ دارستانەکانی دەوروبەر دیاربون کە لە تاو میوەکانیان، لقەکان کەوتبونە سەر زەوی. جێیەکی خامۆش و فێنک، وەک ئەوەی هەرگیز پێی لەسەر نەنرابێ. هەر کە دابەزین ئێلندیا یەکێ لە شمشێر و خەنجەرەکەی دایە دەست تیۆدلینا و گوتی: ئەمانە بگرە بۆ خۆت. ئەو خۆشحاڵ بوو کە دادەی لەگەڵدایە: ئەمانەم بۆچییە، خۆ ناچینە مەیدانی جەنگ؟

سەری سوڕاندەوە و شێلگیرانە گوتی: ئەدی پێتوایە بۆ کوێ دەڕۆیت، بۆ سەیران و گۆڤەند؟ نەخێر دەچینە جێیەک زۆر لە گۆڕەپانی جەنگ خوێناویترە.

ئێلندیا بە ڕوخسارییەوە دیاربوو کە ئەم سەفەرەی بەلاوە سەختە و بەڕێگەی هات و نەهاتی دەزانێ، بەوردی خەریکی خۆڕێکخستن بوو،

خەنجەر و شمشێرەکەی کرد بە کێلانەکەدا و لەپشتی گیرکرد، تیۆدلینا لێی وردەبۆوە، لەبەرخۆیەوە دەیگوت: نازانم دادە ئەم شتانەی بۆچی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، چ ئیشمان پێیەتی؟

- کە کاتی خۆی هات، ئەوجا دەزانی.

تیۆدلینا هەستیکرد کە دادە گەلێ لێی تورەیە و لەبیانویەک دەگەڕێ تا شەڕە قسەیەکی باشی لەگەڵدا دەست پێبکات و بەسەریدا دابارێ، چونکە دڵنیابوو ئەو سەفەرە گەڕانەوەی تێدا نییە و گەر تیۆدلینا بەتەنیا بڕوات توشی چەندین کارەساتی ناهەموار دەبێتەوە، لەسەرخۆ پێیگوت: دەستت خۆش بێ دادە، خۆشحاڵم کە لەگەڵمدایت، بەڵام بزانە کە هاتنت و یاوەریکردنم دوورکەوتنەوە و دابڕانتە لەهەموو خۆشەویست و ئازیزەکانت، من چیدیکە ناگەڕێمەوە و بە باوکیشم گوتوە، بۆیە لەمەودوا بە بێباوەڕ و ئەو کەسانە هەژمار دەکرێم کە لە ڕەسەنی خۆیان هەڵدەگەڕێنەوە و جارێکیتر بۆم نییە بگەڕێمەوە نێویان، کە لەگەڵم دێیت دڵنیابە توشی هەمان چارەنوسی نادیاری من دەبیتەوە، کە ئیتر ڕەسەنە نایابەکان باوەشت بۆ ناکەنەوە.

دادە هیچی نەگوت، گەیشتنە سەرزەوی و دەرگای سندوقیان کردەوە و بەڕێ کەوتن. ئاسمان نێوچەوانی بەرەو گرژی دەچوو، هەورەکان بەشوێن یەکتریدا دەگەڕان. تیۆدلینا بیستەوەی قسە لەگەڵ ئێلندیا بکا

بەرەو نێو دارستانەکە کشا و لەوێ درەختە زەبەللاحەکان هێندەیتر ئەستور ببون. لەگەڵ رۆشتنی بەردەوام تەماشای دەوروبەری خۆی دەکرد، هەزاران پەپوسلێمانکەی رەنگاورەنگ لەو نێوەدا چینەیان بوو، سپی و جوان و سحراوی بەدەم ئاوازی گوڵ و خونچەوە دەفڕین و حیلەی سەدان ئەسپی بێ زین و هەڤسار ئەو ناوەی پڕ کرد بوو. هەتا نزیکی رۆژاوابون رێگەیان بڕی، خۆر هێشتا مابوی لە پشتی چیاکان خۆی حەشار بدات، ئیدی وردە وردە هەورە باراناوییەکانیش لە یەکتری نزیکدەبونەوە، ئەمانیش شەقاو شەقاو بەرەو ژیانێکی نادیار و پڕ لە مەترسی نزیکدەبونەوە.

ئەو یەکەمین کەسە لەنێو رەسەنە نایابەکان لەسەرزەمینی خۆی کۆچ بکات، باوکی پێیگوتبو زۆرێ لە نەوەی نوێی رەسەنە نایابەکان بە تێپەڕبونی ساڵانێکی زۆر بڕوایان بە مرۆڤ و ڕاستییەکان نامێنن، بەهۆی بێئومێدی و بێمتمانەییەوە سەرزەمینەکانی خۆیان بەجێ دێڵن. لەبری ئەوەی مرۆڤ چاوی بکرێتەوە و روناکی تیشکی خۆی بهاوێتە نێو گیانیانەوە و نهێنیەکانی سەرەتای بونی خۆیان بدۆزنەوە، نائومێدی و نائارامی لەدڵی رەسەنە نایابەکاندا جێگیر دەبێ و ناتوانن لەجێی خۆیاندا ئۆقرە بگرن. ژیانی ئەو نەوە نوێیەی رەسەنی نایابەکان لەگەڵ ژیانی خەڵک تێکەڵ دەبێ و هەست و نەستەکانیان وەک پێشانیان

رۆشن نابن، هەرچییەک پەیوەستە بە بیروباوەڕ و سەبورییەوە، لەدەستی دەدەن و لە چاوەروانی بێزار دەبن، بەمۆتەکەیەکی قورسی دادەنێن لەسەر سنگیان، بۆیە نایانەوێ درێژە بەو ژیانە بدەن کە شەو و رۆژەکانی وەک یەکن. تێۆدلینا لە تێروانینی هاورەسەنەکانیەوە هەمان دۆخی بەسەردا هاتبوو، ژیانێکی دیکەی هەڵبژارد، لە هەست و نەستی خۆی کەوتبوە دوودڵی و بەردەوام قسەکانی دایکی و باوکی زەنگۆڵەیەک بون لە گوێیدا دەزرینگانەوە، ناڕەحەتی و دڵگرانی پەی بە دەمارەکانی دەبرد، بۆ چرکەیەک وەستا و ئاورێکی بۆ دواوە دایەوە، بۆ سەرزەمینی پاشای دارەکان، ئەوە دواجاری بوو نیگاکانی پڕ بکات لە دیمەنی ئەوێ، بەپەلە ڕوی وەرگێڕا تا هێندە لە ناخیدا ڕەگ دانەکوتێ و بیری نەکات. خێرا بەرەو پێشەوە چوو، بەڵام خۆر وەک پرتەقاڵێک لە پشتی کێوەکانەوە ڕەنگی سەرزەمینەکەی گۆڕیبوو، هەورە بروسکەکان شریخەیان دەستپێکرد، دەنگی گەلێ گەورە هاتە بەر گوێی تێۆدلینا و پێدەچوو سروشتیش لەم سەفەرە سەختەیان نیگەران و خەمبار بێ.

# سەرخەوێ لەنێو وێرانەیەکدا

لەنێو قوڵایی کانی شەکرە کونێکی بچوک هەبوو، دەچڕوە سەر ئەشکەوتێکی گەورە و سەیر و سەمەرە، دیوارەکانی بەوێنەی رەنگاوڕەنگ و ئاژەڵە درندەکان نەخشێنرابوو. هەر جارێ کە ئەلفین و نۆردمەن و هاوڕێ دەهاتنە ئەوێ، دەچونە نێو ئەشکەوتەکە و بەساکاوییەوە لە وێنەکانیان دەڕوانی، زۆرێ لەو ئاژەڵانەیان نەدیتبوو کە نیگار کێشرابون، بۆیە کە دەگەڕانەوە بۆ گوندەکەیان، لای کەس باسیان نەدەکرد کە چییان دیوە، وەک نهێنیەک لەنێو خۆیاندا بە شاراوەیی هێشتیانەوە. بەڵام جارێ لە جارەکان بەردێکی بریقەداریان لەو ئەشکەوتەدا بینی، ئەلفین گەردنبەندێکی لێدروستکرد کە هەستێکی سەیری بەرامبەر هەبوو، کردیە گەردنی ئیڤای خوشکی.

هەرسێکیان ئەمجارە لەدەوری سێکوچکەکە دانیشتبون و کەوەکەیان دەبرژاند، ئەلفین سەرنجی ئاگرەکەی دەدا، چاوەکانی ئیڤای وەبیرهاتەوە قسەکانی ئازاری دەدا، ئاخر هیچ جارێ ئیڤا هێندە پەرۆشی نەنواندوە بۆ دوورکەوتنەوەی ئەلفین، وەک ئەوەی دەنگێ لە ناخیەوە بە گوێیدا بچرپێنێ کە بیانووی زۆر بگرێ تا براکەی نەڕوات و بەتەنیا نەبێ، هەستێکی ئاوێتە بە خەمگینی و نیگەرانی و ترس گرتی، کاتێ سەرنجی

دوو هاوەڵەکەشی دا، ئەوانیش خامۆش و بێدەنگ لەجێی خۆیاندا بێ قسە و بێ پێکەنین دانیشتبون، تەنانەت گەر پرسیارێکیش لە زاری یەکێکیان هاتبا دەرەوە، بە وەڵامێکی کورت دەقۆزرایەوە. گوشتی کەوەکە بەرەو ڕەشبونەوە دەچوو، دوکەڵی بەرزبۆوە، وەک جارانی پێشوو ئارەزوی خواردنیان نەبوو، هەروا بەبێ ئەوەی دەستی بۆ بەرن لەسەر سێکوچکەکەیان لادا، هەریەکەیان قورساییەک لەسەر سنگی جێگیر ببوو. ئەڵقین دوور لەوان و سێکوچکەکە هێشتا ڕەشەبای ڕستەکانی خوشکەکەی دەیهێنا و دەیبرد و جار جار لە بێزاریدا سەری بەملاو بەولادا دەسوڕاند.

ئەوان شارەزای زمانی سروشت نەبون و لێی تێنەدەگەیشتن، بەڵام ئەمجارە ئەڵقین بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن دەنگی نالّە و هاواری دارستانەکانیان دەبیست، ئەوێ شوێنێ بوو تەڕی لە دەنگی کەو و باڵندە و مەلە جۆراوجۆرەکان، کە ڕۆژ گەیشتە ناوەندی ئاسمان، هەموو شتێ لە دەوروبەریان خامۆش بوو، قورس و گران، تەنانەت لقی درەختەکانیش نەدەشەکانەوە. دوای کەمێ شنەبایەک لەنێو درەختەکاندا هەڵیکرد و گەڵاکانی بەیەکدا دا، دەنگ و جموجوڵێکی تێبەردان، دەنگی ڕەنج و ئازاری کەسانێ بو، کە گیان دەسپێرن و دەمرن.... دەنگەکان بەو شێوەیە بەرگوێی هەرسێکیان دەکەوت، گریان

و هاوار و فیغانێ بون، موی سەردەستیان ڕاست ببونەوە. سروشت دەگریا بەڵام هیچ کەسێ فرمێسکی نەدەبینی، هەستێکی نوێ بوو کە خەمباری و نیگەرانی دەوروبەریان دەرک پێبکەن. ئەڵقین هەستیکرد گەروا بمێنێتەوە ئەقڵی لەدەست دەدات، هەستایە سەرپێ و پاڵی دا بە تاشەبەردەکانی نزیک ئەشکەوتەکەوە و هاواریکرد: ئەرێ پێم ناڵێن، ئێمە چیمانە و توشی چی هاتوین؟

ئەو هاوارە دەرفەتێ بوو کە بێتە گۆ: وا هەستدەکەم سروشت دەگریەت، گوێم لە نالّە و ئازاریەتی.

هامۆندە قوت بە ناڕەحەتیەوە گوتی: منیش نازانم چیمە بەڵام وا خەریکە دڵم دەتەقێ، هەرچی هەستێکی ناخۆشە وا لەبن پێستمەوە دێن و دەچن و خۆیان فرێدەدەنە نێو سەرمەوە، وای لێکردوم حەز دەکەم خۆم بکێشم بەو تاشە بەردەدا.

نۆردمەن بەو قسەیە تورە بوو، ڕوێکردە هامۆند و گوتی: تۆ هەر قسە مەکە، هەموو خەتای تۆ بوو کە هاتینە ئێرە، کارێکت کرد ئێمەشت ناچار کرد بۆ ئێرە بێین، چەندێ پێمگوتیت تکایە واز بێنە، کەم تەشقەڵەمان پێبکە، بەڵام کۆڵت نەدا و ئێمەت فرێدایە نێو ئەم ڕێگە توشەوە.

هامۆند بینی کە هاتنی ئەمجارەیانی خراوەتە ئەستۆی ئەوەوە، بەپەلە

تەماشای ئەڵفینی کرد و گوتی: خۆ ئەمە ئێکەمین جارمان نییە دێینە ئێرە، هەموو بەهارێ هاتوینەتە سەر ئەم کانیە و خۆشترین کاتی خۆمان تێدا بەسەربردوە، هەموو جارێکیش چۆخەکانمان پڕ لە گوڵ و گیا کردوە و گەڕاوینەتەوە بۆ گوندەکەمان، کەسیش رۆژێ لە رۆژان گلەیی و گازەندەی نەبوو، وانییە ئەلفین!؟

نۆردمەن هێندەیتر هەڵچو: ئەلفین مەکەرە پشت و پەنای قسەکانت، پێشتر هاتوین، بەڵام نە بەمشێوەیە و نە بەو جۆرە، تۆ دەتگوت شێتیت و ئەقڵت لەدەستداوە، دەهاتی و دەڕۆشتی و قسەت دەکرد و وازت نەدەهێنا و نەدەهێنا تا بەزۆرەملێ ناچارت کردین بچینە ژێر باری زۆرکردن و قسەکردنتەوە و بێین، هەر هیچ نەبایە، با ئەمجارە کۆڵت بدایە و دڵی ئیفات نەشکاندایە کە تا لە پێشچاوی بزربوین، فرمێسکی بەدواماندا ڕشت.

هامۆندە قوت گەلێ بەو قسانە قەڵس بوو، وێستی توندتر وەڵامی بداتەوە، هەستایە سەرپێ و لەپشت چیاکانەوە لەدوورڕا چاوی بەدوکەڵێکی ڕەش و تاریک کەوت، خواستی سروشت وابوو، کە هەرسێکیان لە ڕوداوێکی دڵتەزێن ئاگادار بکاتەوە، شنەبایەک بۆنی دوکەڵ و سوتوەکەی لەوێوە هێنا و کردی بەنێو دارستانەکەدا و لەگەڵ هەوای بن گەڵاکاندا چووە سینەیانەوە، بۆنی سووتان و ئاگر تێبەربونی

دار و دره‌خت و به‌رد و گۆشت، تێکه‌ڵ به‌یه‌کتری ببون، هه‌واڵی مه‌رگی به‌و شوێنه‌دا بڵاوکرده‌وه. هامۆند په‌شۆکا و دڵی توند بوو جه‌سته‌ی سه‌راپا هاته له‌رزه، هاواریکرد: ته‌ماشاکه‌ن...ئه‌وه چییه، چی قه‌وماوه؟

هه‌ردوکیان ئاوڕیان له هامۆند دایه‌وه و له‌جێی خۆیان به‌رزبونه‌وه و چاویان بڕییه ئه‌و شوێنه‌ی هامۆند په‌نجه‌ی بۆ درێژ ده‌کرد، سه‌راسیمه ببون و چاویان ورد ده‌کرده‌وه، ده‌یانویست خۆیان فریو بده‌ن که به‌و شوێنه ئاشنا نین، دوکه‌ڵی ڕه‌ش سه‌ری کردووه بۆ ئاسمان، به‌ڵام هامۆند وه‌ئاگای هێنانه‌وه و هاواریکرد: ئه‌وه سه‌رزه‌مینی ئێمه‌یه... ئه‌وه گوندەکه‌مانه ده‌سوتێ.

ته‌ماشای یه‌کتریان کرد، هامۆند فرمێسک ته‌زیبوه چاوییه‌وه، ئه‌لڤین له‌خه‌ونێکی قوڵ سه‌رشێتانه بێدارکرایه‌وه: ئه‌مه چییه.یانی شتێ زۆر خراپ له‌وێ ڕوویداوه...

ئه‌لڤین دۆخی زۆر شه‌پرێو بوو، ئازار ده‌مارەکانی گرژ ده‌کرد، هه‌ناسه ته‌نگ ببوو گیانی ده‌له‌رزی و ئاره‌قه‌یه‌کی سارد له‌نێوچه‌وانیدا دڵۆپ دڵۆپ قه‌تیس مابون، قسه‌ی بۆ نه‌ده‌هات زاری به‌سترابوو، زۆری له‌خۆی کرد که به‌دره‌خته‌که‌وه خۆی ڕابگرێ، هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ی بۆ کرا به‌ده‌نگێکی له‌رزۆکه‌وه گوتی: نازانم..باشتره بڕۆین..هه‌ر ئێستا ده‌بێ

بڕۆین.

چاوەڕێی هاوەڵەکانی نەکرد، بێئەوەی ئاوڕ لە کەلوپەلەکەی بداتەوە، بەرەو دارستانەکە غاری دا، ئەوانیش کە بینیان دۆخی هاوەڵەکەیان تەواو شێواوە، بە پرتاو شوێنی کەوتن تا چیدیکە کات بەفیڕۆ نەدەن. دارستانیان هێندەی چاوتروکانێک بڕی. پێشتر داربەستێکیان دروستکردبوو، کە بەهاران دەهاتن بەهۆیەوە ئەمبەر و ئەوبەریان دەکرد، لەسەرەوەی ڕوبارەکەوە هەڵیانبەستبوو، بۆ ئەوەی زوتر بگەنە ئەوبەری ڕوبارەکە خۆیان فرێدایە نێو ئاوەکە، کە قوڵاییەکی وای نەبوو بۆ ئەلفین و نۆردمەنی، بەڵام بۆ هامۆند توشی کێشەیەکی گەورە هاتەوە بەهۆی بەژن و باڵا کورتەکەیەوە، کە وەختە بوو ژێر ئاو بکەوێ. نۆردمەنی بە ماندوێتی و هیلاکییەکی زۆرەوە گەڕایەوە دواوە و دەستی هامۆندی گرت و بڵندیکردەوە کە بڕە ئاوێکی زۆر چوبوە گەرووییەوە و چاوەکانی زەق کردبۆوە، بەدوای خۆیدا ڕایکێشا و بەدەستی چەپی، نوساندی بەخۆیەوە تا بە یەکجاری لە ڕوبارەکە پەڕینەوە. گەیشتنە کەناری ڕوبارەکە، چ پشوویەکیان نەدا و دووبارە کەوتنەوە غاردان، بەچیاکاندا هەڵدەگەڕان بەسەر تاشەبەردەکاندا بازیان دەدا، جلکەکانیان لەچەندین لاوە لەدار و بەرد گیردەبوو، دەدڕا و بریندارى بەشێ زۆری جەستەیانی داگیرکردبوو. خۆیان لەبیرچۆبوەوە

هەستی ماندوێتیان بزر کردبوو، ڕێگەیەکی دوور و درێژ، تەواوبونی بۆ نەبوو، بەڵام خەمێکی گەورە سەری بەو سیانە هەڵگرتبوو، کە نەیدەهێڵا برسێتی خاویان بکاتەوە یان خەو شلیان بکا، شەو و ڕۆژ هەنگاویان دەنا و بەرەو گوندەکەیان شەقاویان دەهاوێشت. ئەستێرەکان شاهێدی هیلاکی و ماندوبونیان بون، جەستەیان گەرم داهاتبوو. هەورە ڕەشەکان لە ئاسماندا وەخۆ کەوتن و بەسەر سەریانەوە دەسوڕانەوە، لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا دڵەخورپە دەیتاساندن و پێیەکانیان خێراتر دەبون. هەرچی بیرۆکەی تاڵ و کارەساتاوی بوو بەبەرچاویاندا دەهات و موچڕکەی دێنا بە لەشیاندا. هامۆنده قوت لەهەمویان نیگەرانتر بوو، ئازار دەیخواردەوە، هەر لەبەرخۆیەوە دەیگوت: زۆر دەترسم ئەوەی لەو چیرۆک و سەرگوزەشتانەی شەوانی زستان بۆیان دەگێڕاینەوە لە حکایەتەکانی کوشتن و تاڵان و وێرانکاری سەرزەمینە دوورەکان، لەگوندەکەی خۆمان قەوما بێت، گەر وابێ...ئاخ...ئەوجا چیبکەم لە حاڵی خۆم؟ نۆردمەنی پێی خۆش نەبوو ئەم گەشتە بکا...خوشکە بچکۆلەکەی ئەلڤین چەند پارایەوە و تکای کرد، چەندێ گوتی مەڕۆن.. گەر هەر دەڕۆن منیش لەگەڵ خۆببەن...چاوەکانی پڕ فرمێسک بون... نازانم ئەو هەموو دیمەنە چۆن بە ئاگای نەهێنام، چۆن وا کەڕ و کوێر بوم و وازم نەهێنا و نەهێنا، تا گەیاندنمە ئەم دۆخە.

تەماشای هەردو هاوەڵەکەی کرد و دڵی خۆی دەداوە: نا...نا..بەڵکو هیچ ڕوینەدابێ، بەدڵنیاییەوە هیچ ڕوینەداوە، ئاخر لەو سەرزەمینەی ئێمەدا دەبێ چ ڕوبدات، ئێمە لە هەموو شتێ دوورین، تەنیا و تەنیا هەر خۆمانین و خۆمان، کەس ئاگای لەم سەرزەمینە دوورەی ئێمە نییە و کەسیش ڕێگەی ئەوێ نازانێ...نا نا هیچ ڕوینەداوە.

کاتێکیش سەری هەڵدەبڕی و دوکەڵە ڕەشەکەی دەدی، ئەژنۆی دەشکا و هەنگاوەکانی سارد دەبونەوە، تەنیا ماوەی شەو و ڕۆژێکیان بڕیبوو، بەڵام دوکەڵ وەک ئەوەی پێش هەناسەیەکی ئەمان ئاگری خۆشکرابێ، ئاوا بە ناخی ئاسماندا هەڵدەکشا، دەستەکانی بەیەکدا دەکێشا و لەخۆی تووڕە دەبوو: گەر هیچ ڕوینەداوە، ئەی ئەو دوکەڵە ڕەشە چییە، ئەو بۆنە ناخۆش و قێزەونە لەکوێوە دێت؟!

تا گەیشتنە بن چیای گوندەکەیان، ئەلفین وشەیەک لەزاری نەهاتە دەرێ، خۆی دەخواردەوە و هەرچی خەیاڵی خراپ بوو لە مێشکیدا ڕیزیان بەستبوو، دەمێک دایک و باوکی خۆی دەدیت کە خەڵتانی خوێن بون، دەمێ قسەکانی ئیڤا وەک زەنگۆڵەیەکی سەنگین لە گوێیدا دەزرنگانەوە، جاروبار خۆی فریو دەدا وەک هامۆندە قوتە وای نیشان دەدا هیچ نەبوە تا بتوانێ ڕێ بکات، دەیویست هەرچی زووە بگاتەوە گوندەکەی خۆیان و وەک هەموو بەهارانێ ئیڤای خوشکی لەدوورڕا

بەدەنگێکی پڕ خۆشەویستی و سۆزەوە، هاوار بکا: ئەڵقین...ئەڵقین برا ئازیزەکەم هاتیتەوە...یاخوا بەخێر بێیتەوە، نازانی چەند بۆت دڵتەنگ بووم.

وەک هەموو جارێ غاری دەدا، تریقەی پێکەنینی ج شادییەکی گەورەی دەبەخشیە ڕوخساری ئەڵقین.

دوو ڕۆژ و شەوبان بەڕێکرد، تەنیا ماوەیەکی کەمیان مابوو بگەنە گوندەکەیان، هەڵگەڕان بەچیاکەدا بەڵام ماندو شەکەت، ئەوەشی تەواو ترساندنی و خراپترین دیمەنی بەپێشچاویاندا هێنا، ئەو سوتماک و خۆڵەمێشانە بون کە لێرە و لەوێ دەیانبینی، لەرز گرتنی و هەنگاوەکانیان خێراتر کرد، تا ڕادەیەکی زۆر دڵنیاببون کە گوندەکەیان توشی بەڵا و کارەساتێ گەورە و چاوەروانەکراو هاتوە، ئەڵقین لە پێشەوە و نۆردمەن و هامۆندش لەدوایەوە ڕێبان دەبڕی، سێ ڕوخساری هیلاک و ماندو، چاوەکانیان خوێنی تێزابوو، گەیشتنە سەر گۆڕەپانی چیاکە کە گوندی سەروکانی لەسەر ئاوەدان کرابۆوە. لەگەڵ یەکەمین دیمەندا لە شوێنی خۆیاندا ڕەق وەستان و نەیانتوانی چیدیکە هەنگاو هەڵێنن، باوەڕیان بە بینایی خۆیان نەبوو، وایاندەزانی خەونێکە، مۆتەکەیە و نیشتۆتە سەر سنگیان..دەبێ ئەمە خەون بێ، خەونێکی ترسناک و نەفرەتلێکراو یان مۆتەکەی مەرگە...نە...نە.. ئەمە لە

راستی و ژیانەوە دوورە، بەڵام هیچیان نەبوو، بەڵکو راستییەکی تاڵ و ئاشکرابوو، کە چیدیکە ناتوانن خۆیان بدزنەوە، دەستوپێیان هاتە لەرزین، هەناسەکانیان بەزەحمەت لە سنگیاندا دەهات و دەچوو.

هێشتا دوکەڵ لەنێو داروپەردوی ماڵەکانەوە بەرزدەبۆوە، بەشێ زۆریان تەنیا خۆڵەمێشەکەی مابۆوە، چەند خانوبەک تێکوپێک درابون، قەڵەڕەشەکان بەسەر لقە دارەکانەوە هەڵنیشتبون و قارەیان دەهات، لە هەڵێک دەگەڕان دابارن بەسەر لاشە بەڕەژوو بوەکان کە تەنیا ئێسکەکانیان بەیڵنەوە. لە ئاسمانیش دالاشەکان دەسوڕانەوە و چاوەڕێیان دەکرد لەگەڵ ژەمێکی چەوردا رۆژ بەسەر بەرن.

خانوو و ماڵەکان بە ئاستەم دەناسرانەوە، هامۆندە قوتە بەرەو شوێنەواری ماڵە خاپور و سوتاوەکەی خۆیان غاری دا، تەرمی چەند کەسێک لەنزیکیەوە کەوتبوو، دیاربوو بەدەم ئاگرەوە لەنێو ماڵەکەدا هەڵاتبون و ئێتر لەدەرێ پا گرێ ئاگر زۆری بۆ هێنابون و وشکی کردبون. هامۆند دەیناسینەوە هەر کە هاتە بەردەمیان دەستەوئەژنۆ کەوت بەسەریاندا و فرمێسک وەک رووبار بەچاویدا هاتە خوارێ و هاواری کرد. ئەلقین قەڵەمی ئەژنۆی شکابوو، تەنیا چاوی لە دەرگا شکاوەکەی ماڵی خۆیان بوو، کە با گەمەی پێدەکرد و جار جار جیرەیەکی لێوە دەهات، نۆردمەن لە هەردوکیان زیاتر دۆخی نالەبارتر بوو، ماڵەکەیان

دار و بەردی بەسەریەکدا تێکدرابوو، چ پاشماوەیەکی تێدا نەمابوو ئامازە بە ئاوەدانی بکا، بەپەلە و بە چاوی فرمێسکاوییەوە بەشوێن تەرمی پیرەدایک و هاوژینەکەیدا دەگەڕا، کە تەنیا بیستویەک رۆژ بوو بەیەک گەیشتبون، گریا... زۆر گریا، ئەو تەنیا دایکێکی پیرەژنی شک دەبرد، زۆری خۆشدەویست، باوکی پارسالّ لە ناکاو گیانی سپارد، ئیدی دایکی بەتەنیا مایەوە، هەمیشە سەیری نۆردمەنی کوڕی دەکرد و خەمی لێدەخوارد کە تاک و تەنیایە، بۆیە بیری لە هاوسەرێ کردەوە لە گوندەکەی خۆیان، تا مالّەکەیان بە نەوە و نەوەزاکانی ئاوا ببێ. هادریانی هەلّبژارد کە روخساری لە سیمای کوڕەکەیەوە نزیکبوو، هەردوکیان چاوشین و مو زەرد، هاوەلّی منداڵی یەکتر بون و پێکەوەش گەورە بون. کاتێ ڕاست و چەپیان لە یەکدی جوداکردەوە، هادریان شەرمی لە نۆردمەن دەکرد، هەرچەندێ دەیبینی کولّمەکانی سور هەلّدەگەڕان، دایکەی تاک و تەنیا ئەوی بە شیاوترین هاوژین دانا بۆ کوڕەکەی. لە یەکێ لە شەوەکانی بەهار، ئاگرێکی گەورە لە ناوەندی گوند هەلّکرا و پەتاتە و کوارگ و قارچکیان لەسەر برژاند و سەما و هەلّپەڕکێی شادی بەدەوری ئاگرەکەدا سازدرا، هەردوکیان دەستیان کەوتە لای یەکتر، تەزوێەکی راچلّەکێنەر هەردوکیان بزواند و پاش کەمێ لەنزیک درەختێک دانیشتن و خۆشەویستییان بۆ یەکتر

درکاند، ئیدی بەو شێوەیە بەیەکگەیشتن. هادریان دوو خوشک و سێ برای هەبوو لەگەڵ باوک و دایکی کە تەنیا مانگێک لە تۆردەمەنی جودا دەکردنەوە.

چاوی دەگێڕا دڵنیابوو دایکی مردوە و بەرگەی ئەو شاڵاوە بێبەزەییانە ناگرێ، چەند هەنگاوێ چوە پێشەوە و تەرمەکەی دۆزییەوە، هێندەی نەمابوو دڵی بوەستێ، سەری گێژ بوو، هەناسەتەنگ بە تەواوی بەرچاوی ڕەش ببوو، هیچی نەدەدیت، لەناکاو دای لە پڕمەی گریان و لە خەمدا هاواری دەکرد: ئاخر بۆچی...بۆچی؟

توند لە باوەشی گرت، ئاخر سی و سێ بەهارە لە ئامێزی دایکیدایە، هێندەی ئەمجارە پەرۆش نەبوو کە جارێکیتر بگەڕێتەوە و سەربنێتە سەر ئەژنۆی و سەرخەوێکی دوای سەفەرێکی دوور بشکێنێ. هاوژینەکەی وەبیرهاتەوە، بۆ چەند ساتێکی کەم تەرمەکەی دایکی دانا و چاوی گێڕا بە تەرمەکاندا، هەرچەندێ سەری دەسوڕاند بەملاوبەولادا، تەرمی منداڵ و کوڕ و کچ و ئافرەت و پیاوەکانی دەدی، ئەوانەی کە پێش چەند ڕۆژێ لەگەڵیاندا دادەنیشت و قسەی لەگەڵدا دەکردن و پێدەکەنین...سەرسام ببوو، بەپەلە هەنگاوی نا ڕووەو حەوشەی خانووی هاوژینەکەی کە بەسەر بەرزاییەکەوە بوو، دەرگاکەیان کرابۆوە، دوو تەرم لە پێش هەیوانەکەیان کەوتبوو، نەیدەوێرا تەماشایان بکا،

لەناخەوە ئارەزوی دەکرد کە ئەوەی دەیبینێ بەڵکو مۆتەکەیەکی ترسناک بێ. هەموو شوێنێ بۆنی مەرگی لێوەدەهات، تێکەڵ بە ئاوازی گریانی هاوڕند و نۆردمەنی ببوو. ئەڵقین بەرەو دوو تەرم چوو کە لەپێش ماڵەکەیان کەوتبون، بەدەستماڵە سپییەکەیدا یەکێکیانی ناسییەوە کە دایکیەتی، خێرا خۆی گەیاندێ و خوێن لە دەمارەکانیدا وشک بوو، چەشنی بێهۆشێ بەسەریانەوە وەستا و بەدیاریانەوە دۆش داما، وردە وردە نوشتایەوە بۆ سەرزەوییەکە و دەستماڵە سپییەکەی دایکی گرت بەدەستەوە و بردی بۆ چاوەکانی، بەکوڵ بەسەریدا گریا. هەروەک نۆردمەن سەرنجی بەشوێن ئیڤادا وێڵ بوو، ملی بۆ لای ڕاست و چەپ سوڕاند، چ تەرمێکی دیکەی لەنزیک ماڵەکەیاندا نەبینی، بیری کردەوە کە ڕەنگە تەرمی ئیڤا لە ژورەوە بێ، بەپەلە هەستایە سەر پێ و بەرەو ژورەکان ڕایکرد، چاوی گێڕا بەڵام چی نەدیت، لەبەرخۆیەوە وەک وڕێنە بکا: تەرمەکەی ئیڤایان چی لێکردووە، ئەو دڵڕەشانە لەکوێ فڕێیانداوە؟

هەر دەگەڕا و مێشکی لە بیرکردنەوە وەستابوو، کەمێک وەستا و دووبارە تەماشای دەوروبەری خۆی کردەوە، وای بۆ چوبوو کە سەرجەم گوندنشینەکان کوژراون و کەس بە زیندویی نەماوە، زۆرینەی خانووەکان وێران کراون یان ئاوریان تێبەردراوە، تەنانەت لەوێ دەنگی

باڵندەکانیش نەمابوو، پێدەچوو بەرەو شوێنێکیتر کۆچیان کردبێ. لە هەر ژوورێکی دەرەوانی ڕوخساری ئیڤای دەهاتە پێشچاو، بەردەوام ئەو ساتەوەختەی بۆ دووبارە دەبۆوە:

ئیڤا ئەو ڕۆژە بە زەینێکی بێگەردەوە تکای لێکردم لەگەڵ خۆمدا ببەم، ئەو دڵی ئاگاداری کردبوو کە توشی کارەساتێک دەبن، چۆن دەرکم پێنەکرد، ناڕاستەوخۆ داوای لێکردم لەو مەرگەساتە دەربازی بکەم...ئاخ...بۆچی گوێم بۆ نەگرت؟

هەرچییەک هەبوو لە ماڵەکەیاندا ئەمدیو و ئەودیوی پێکرد، چ ئامازەیەکی نەدۆزییەوە ڕێنیشاندەر بێ بۆ ئیڤا، چوە ژورەکەی خۆی و لەوێ لە بانیژەکەوە ڕوانیە ئەوبەر، هاتە نێو ژورەکەی ئیڤا و لەسەر تەختی خەوتنەکەی چەند دڵۆپە خوێنێکی وشکهەڵاتووی بینی، بەشوێن دڵۆپە خوێنی دیکەدا گەڕا و تەختەی نووستنەکەی هەڵگێڕاوە، دەستی بەر شتێک کەوت گومانی لەدڵدا دروستکرد، دەستی درێژ کرد و هەڵیگرتەوە، بەوردی لێیڕاما: ئەمە چییە و بۆچی لێرەدایە؟

هەرچەندێ سەیری دەکرد، نە ئیڤا شتی وای هەیە و نە لە ماڵەوەشیان شتی وایان هەبوە، کۆمەڵێ ددانی تیژی درێژ بون لە شێوەی گەردنبەندێکدا دانرابوو، ئەڵقین حەوسەڵەی نەبوو لەوە بکۆڵێتەوە، ئەو ئیڤای بەلاوە گرنگ بوو، کە بە زووترین کات چارەنوسی

دیاری بکردایە، بەڵام بەبێ ئەوەی هەست بە خۆی بکا، دەستی بۆ گەردنبەندەکە برد و توند لە مستیدا قایمی کرد، چووە دەرەوە بۆ دۆزینەوەی ئیڤا. چاوی بە هامۆند کەوت کە تەرمی ئازیزانی لەجێیەکدا خڕەکردەوە، نۆردمەنیش تەرمی دایکی دابوو بە کۆڵیدا و لە تەنیشت تەرمەکانی هامۆنددا داینا، بەڵام هێشتا لاشەی هادریانی نەدۆزیبۆوە. ئیدی ئەمیش دەبوو تەرمی دایک و باوکی هێنابا، بەڵام لە خەمێکی دیکەدا دەهات و دەچو، گرێکوێرەیەک بوو بۆی نەدەکرایەوە، بۆیە خەیاڵێ لە هێنانی تەرمی دایک و باوکی بەرەو جێیەکەیتر ئاڕاستەی گرتبوو، چەندین پرسیار لە مێشکیدا دەسوڕانەوە، لە فەوتان و مەرگی دایک و باوکی دڵنیابوو، ئەوەی مەراقی پێکردبوو دۆزینەوەی ئیڤا بوو، تەرمێ دیار نییە و چ ئاسەوارێکیشی بەجێ نەهێشتووە، هەزاران خەیاڵ گاڵتەی بە سەری دەکرد:

تۆ بڵێی لە ترسان هەڵاتبێ و چوبێتە نێو دارستانەکان خۆی حەشار دابێ؟ یان لە شوێنێکدا تیاچووە و تەرمەکەی لەوێ کەوتووە؟

ئیدی وازی لە تەرمی دایک و باوکی هێنا و شوێن چارەنوسی ئیڤا کەوت، دەستی بە گەڕان کرد لەنێو کون بە کون و کەلاوە بە کەلاوەی گوندەکەدا، بێهودە و بێمایە گەڕایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بێئومێد نەبوو، ڕوبکردە دارستانەکە و گوتی: ڕەنگە بۆ ئەوێ هەڵاتبێ.

بەرەو دارستان غاری دا و ئاوڕیدایەوە بۆ هاوڕێکانی و نۆردمەن، کە بە سەراسیمەییەوە تەماشایان دەکرد:

تەرمی ئیڤام لەنێو کوڕاوەکان نەدۆزییەوە، رەنگە لە دارستانەکە بێ. نۆردمەنی لەنزیکی هاوڕێکانەوە وەستابوو بەپەلە هاتە گۆ: منیش تەرمی هادریانم نەدۆزییەوە.

ئەلڤین توشی سەرسوڕمان هات لە وەڵامەکەی نۆردمەن و هەنگاوەکانی خاوبونەوە، ئەو وشانە گەلێ بۆی ئومێدبەخش بون، وەستا و پێیگوتن: هەریەکێکتان بەرەو جێیەکی دارستانەکە بڕۆن، یەکێکتان بۆ ڕۆژهەڵات و ئەویترتان بۆ ڕۆژاوا، منیش بۆ لای سەرەوە دەچم، رەنگە ڕایانکردبێ و خۆیان لە مردن قوتار کردبێ.

بەدڵێکی گەشبینانەوە چونە نێو دارستانەکەوە، نۆردمەنیش وەک ئەلڤین چرایەکی گەورە لە دڵیدا هەڵکرا، هەرسێکیان بەنێو دارستانەکەدا بڵاوبونەوە و بەدەنگێکی بڵند کەوتنە بانگکردنی ئیڤا و هادریان، ئەمسەر و ئەوسەری دارستان دەنگی دەداوە. ماوەیەک بەو شێوەیە بون، بەڵام لە بێئومێدی و بێ وەڵامی چیدیکەیان دەست نەکەوت و چ ئاماژەیەکیان نەدۆزییەوە، سۆراخی ئەو دوو بزربوەی پێبکەن، گەلێ گەڕان، بێجگە لە هیلاکی و ماندوێتی، هیچی دیکەیان نەچنیەوە، ناچار لە ناوەندی گوندەکەدا بەیەکگەیشتنەوە. ڕەنگیان

ڕەش داگەڕابوو، لە پەنای دیوارە ڕووخاوەکاندا دانیشتن، هامۆند کە دۆخی زۆر شەپرێو بوو، سەرنجی وردی لە تەرمەکان دابوو، ڕوپکردە هەردو هاوەڵەکەی و گوتی:

هادریانی نۆردمەن و ئیڤای خوشکی ئەڵفین، چ سۆراخێکیان نەبوو، بەڵام تەنیا ئەو دوانە نین کەوا بزرن، ئێوە سەرنجتان داوە زۆر تەرمی کچ و ئافرەتی دیکەی گوندەکەمان لەنێو کۆڕاوەکاندا دیارنین.

نۆردمەن وەک بێهۆشێ وەناگا هاتبێتەوە: مەبەستت چییە لەو قسەیە؟ بێدەنگ بون، بۆ ماوەیەک تەماشای یەکتریان کرد و دواتر ڕویان بەرەو تەرمەکان وەرگێڕا و هامۆند بە بێزارییەکی زۆرەوە وەڵامیدایەوە: نازانم. ئەڵفین کە لە تەرمەکان وردەدەبۆوە، بەدەنگێکی کزۆڵەوە گوتی: تەماشا بکەن، ناکرێ ئازیزەکانمان ئاوا بەجێ بێڵین، دەبێ بەزوویی بیانشارینەوە.

سکی برسی و ماندو، بێخەوی و تەیکردنی ڕێیەکی دوور و درێژ، بڕستی لەبەر بڕیبون، لەگەڵ ئەوەشدا تاویاندایە خۆیان و لە پاشماوەی داری ماڵەکان ئاگرێکی گەورەیان خۆشکرد و بەنێو خانوەکاندا گەڕان و دوو خاکەناس و بێڵێکیان دۆزییەوە. ئەو کاتەی دنیا بەرەو تاریکی و ساردی دەچوو، دەستیانکرد بە گۆڕلێدان، تا وەختێکی درەنگ سەرقاڵی گۆڕهەڵکەندن بون، ئەوجا تەرمەکانیان یەک بەدوای یەکدا

خرکردەوە، نزیکەی دووسەد کەس بون، هەمویان بە کۆمەڵ خرانە نێو چاڵێکی گەورەوە و خاکیان بەسەردا کرا، بە بەرد کوتایانەوە و دایانپۆشین. تەواو بون و خۆر لە بنکەلی چیاکانەوە سەری دەرهێنا، ئەمانیش ماندوێتی بە تەواوی شەکەتی کردبون، هەر لەنزیک گۆڕەگەورەکە دانیشتن و تا رادەیەک وەک لەهۆش خۆچون هەریەکەیان لەجێی خۆیدا خامۆش ڕاکشا و چاوەکانیان لێکنا، چەشنی ڕێبوارێ کە سەدەیەکە بەڕێوەیە و بێوچان دەڕوات و لەدواجاردا بەرەو نیشتمانی دەگەڕێتەوە، هێندەی پەڕۆشی ئەو بۆ تۆزێ خەو، پەڕۆش بون، هەر کە پێڵوەکانیان داخست، خەونێکی قورس و گران جەستەی شل کردن و هەزاران بیری ئاڵۆز و خەمەکانیان دایە دەست جیهانێکیتر.

* * *

تا وەختێکی درەنگ لە ڕۆژی پاشتر، چاویان لە خەودا بوو، هیلاکییەکی زۆر لە جەستەیان دەرچوو، بێداربونەوە و تا رادەیەک هێز و توانایان وەبەرهاتەوە و خۆیان لەنێو گۆڕەگەورەکەدا بینییەوە، یادی کەس و ئازیزانیان چەشنی کاروانێ بە بەردەمیاندا گوزەری دەکرد. هامۆندە قوت خەمی دووجار خەم بوو، مانّی خۆیانی لەدەستدابوو، بەڵام هەستکردنی بە گوناهێکی گەورە ئۆقرەی لێبڕیبو، قەومانی ئەو کارەساتەی خستبوە گەردنی خۆیەوە، ئەو وا بیری دەکردەوە گەر

بهاتایه و ئەو رۆژە سەرسەختی نەنواندبا لەگەڵ دوو هاوڕێکەی، رەنگبوو بیانتوانیبا رووبەڕووی ئەو شاڵاوە ببنەوە، یان هەر هیچ نەبێ دەبونە بەردەبازێ بۆ خەڵکی گوندەکەیان و بەشێ زۆریان رزگاردەکردن، کەوتە لۆمەکردنی خۆی و دەستەکانی بەیەکدا دەدا و دەگریا، دوو هاوڕێکەی دڵنەواییان دایەوە کە ئەوە کارەساتێکە و تازە ڕوویداوە و چارەسەر لە لۆمەکردنی هیچ کەسێکدا نییە، بۆیە بە باشتریان زانی، کە بیر لەوە بکرێتەوە ئەنجامدەری ئەم پەلامارە دەبێ کێ بێ و چۆن سەرزەمینێک کە سااڵنێکە لە ئارامیدا دەژی و شوێنەکەی بەنهێنی ماوەتەوە، تێکەڵی ئەم شەڕ و کوشتارە بوو، کێ ژانی و هەواڵیدا کە خاک و دەڤەرێکی ئارام هەیە و پێویستە خاپور بکرێ، خەڵکێک کە دوژمنایەتی کەسیان نەکردوە و لە شەڕەنگێزی خۆیان پاراستوە، چۆن وا تێوەگلان و بونە نێچیرێکی ئاسان بۆ کۆمەڵێ درندە؟

نۆردمەنی دایک کوژراو و هاوژینە بێسەروشوێنکراوەکەی بەدەنگێکی لەسەرخۆیانە گوتی: کەسوکارمان هەموی تەفر و تونا کران، تەنیا تەرمی ئیڤا و هاوژینەکەم و چەند کەسێکیتر نەدۆزراونەتەوە، ئاخۆ دەبێ چیبیان بەسەرهاتبێ؟

ئەلڤین لەشوێنی خۆی دۆش دامابوو، گەردنبەندەکەی توند گرت، کە

به کۆمەڵە ددانێکی تیژ لەگەڵ کلیلێکی ترسناک نەخشێنراو بون، خوێنی وشکەوەبوی پێوە بوو، لە ژوری ئیڤا دۆزیبۆوە، تەماشایکرد و گوتی: ئەمەم لە ژوری ئیڤا دۆزیوەتەوە..

هەردوکیان ڕوویان بۆ لای ئەڵفین وەرگێڕا و سەرنجی گەردنبەندەکەیان دا، چەندێ لێیوردبونەوە هیچ جۆرە بایەخێکیان تێدا نەبینی، ئەڵفین هەستیکرد گەردنبەندەکە هیچیان ناهەژێنێ، ڕونکردنەوەی زیاتری دا: دەبێ ئەم گەردنبەندە هی ئەو کەس و گیانلەبەرانە بێت، کە گوندەکەیان نفرۆی ئەم کارەساتە خوێناوییە کردوە.

نۆردمەن تەنیا لە خەیاڵی هاوژینەکەی و ئیڤادا بوو کە سۆراخێکیان بکەن: بەڵام بۆچی تەرمی ئەوانەمان نەدۆزییەوە؟

ئەڵفین هەر لە گەردنبەندەکەی دەڕوانی، وەک تەنیا بەڵگەیەک کە لەبەردەستدا بێ: نازانم کاری کێیە و چیان بەسەرهاتوە، بەڵام ڕەنگە ئەم گەردنبەندە بەم کلیلە ڕەشەوە، کە هیچ هەستێکی خۆشم پێنابەخشێ، ببێتە کلیلی دۆزینەوەی ڕاستیەکان.

تەماشای هەردوکیانی کرد و گوتی: تا سێ شەو و ڕۆژی دیکە لێرە دەمێنینەوە، هەر شوێنێک بەخەیاڵماندا هات بۆی دەچین و بەدوایاندا دەگەڕێین، چونکە گەر ڕایانکردبێ ئەوا پاش چەند ڕۆژێک دڵنیا دەبن و لەم نێوە نزیکدەبنەوە کە هەستبکەن مەترسی و هەڕەشەکان

نەماون...کەواتە ئێستا با هەستین شتێک پەیدا بکەین بۆ خواردن و توانای گەڕانەکەمان هەبێ.

هامۆند بەسەرسوڕمانەوە پرسی: باشە ئێمە لێرە هیچمان نەماوە، بۆچی سێ رۆژ لێرە بمێنینەوە؟

نۆردمەن کە پەنگی دەخواردەوە و لەدەرفەتێ دەگەڕا تووڕەبونی خۆی بەسەر هامۆنددا هەڵڕێژێ، ئیدی ئەو ساتە هات و بەسەریدا تەقییەوە: تۆ چیتە، بەدڵت نییە، ئاسودە نەبویت؟ بەتەمای چیت؟ تەماشایەکی دەوروبەرت بکە، چاوت بکەرەوە، بێجگە لە وێرانی و کوشت و کوشتار و کارەسات، شتێکیتر دەبینی، ئەوەت دەویست، ئەوەتا هاتە دی، چەندێ تکام لێکردی، لێت پاڕامەوە کە نەڕۆین و نەڕۆین، بەڵام وازت نەهێنا تا سەری هەمویانت خوارد.

هامۆند زۆر بەو قسانە شڵەژا و لێوەکانی لەرزین، ڕووی وەرگێڕا و قوڵپی گریان لە گەرویدا پەنگی خواردەوە، نۆردمەن وێستی شاڵاوەکەی دووبارە بکاتەوە تا تینوێتی بشکێ، بەڵام ئەلقین زوو هاتە وەڵام:

ئەو قسانە چین دەیکەی؟ نەتبینی هامۆند بەدەستی خۆی تەرمی باوک و دایک و سێ برای لەگۆڕ نا؟ ئەویش وەک ئێمە بەشێکە لەم کۆستە و کەسمان پێمان خۆش نەبوە شتی وا ڕووبدات و تەرمی ئازیزانمان بشارینەوە، بێجگە لەوەش گەر نەڕۆشتباین، چارەنوسی

ئێمەش رەنگە هەروەک ئەوان بوایە.

نۆردمەن هێور نەدەبۆوە: بریا لێرە بوینایە و لە کەناری ئازیزانمان بمردینایە.

بەپەلە هەنگاوی نا بەرەو دارستانەکە و ئەلڤین و هامۆند بەجێهێشت، بەڵام هامۆند تەواو بە قسەکانی نۆردمەن دۆخی تێکچوو بوو، ئەلڤین هەستایە سەرپێ و وەک دڵنەواییەک پێیگوت: هەموو بەهارێ هاتوین بۆ کانی شەکرە، ئەو کارەساتە نە لە دوور و نە لە نزیک گوناهی تۆی تێدا نییە...ئیتر ئەوە بەڵایەکە و هاتوە.

بەڵام هامۆند هەر بێزار و بێتاقەت بوو، سەرێکی بادا و گوتی: نا... نۆردمەن ڕاست دەکا، هەموی خەتای منە، خۆزگە منیش ئێستا لەتەنیشت دایک و باوک و براکانم بومایە و ئەو خاکەی بەسەر سنگی ئەوانەوەیە، بەسەر جەستەی منیشەوە ئارامی بگرتایە، چەند بێزارم کە دەبینم ماوم و ئەوان کوژراون، پێم ناڵێی تازە ژیان چ مانایەکی ماوە، هەبم یان نەبم چییە؟ بارێکی قورس و گران هاتۆتە سەرشانم، ژیان بەبێ ئەوان ئازار و ئەشکەنجەیەکی گەورەیە، من بەرگەی ناگرم.

ئەلڤین چی نەگوت، هامۆند خەمی گرانتر بوو، هەستکردن بە خەتا سات بەسات لە دەرونیدا گەشەی دەکرد و گەورە دەبوو، ئەمیش بە بەهانەی دۆزینەوەی خۆراک بەرەو دارستانەکە بەڕێ کەوت. هەردوکیان

وبستیان لەگەڵ خەمەکانیان لەنێو دارستانەکەدا تەنیا بن، ئەڵقین لەدوورەوە سەرنجی دەدان، وازی لێهێنان و شوێنیان نەکەوت. بڕوای وابوو دەبێ یەکێکیان لە گوندە خاپورکراوەکەدا بمێنێتەوە، نەبادا ئیڤا و هادریان بگەڕێنەوە، دڵنیا لەوەی کە هێشتا کەسانێکی گوندەکە ژیان ماون. گەرچی پێشنیازی خۆی بوو کەوا سێ رۆژ لە گوندەکە بن بەڵام بیری دوورتر رۆشت، گەر کەس نەگەڕاوە، ئەوسا چی بکەن، بیرۆکەیەکی دڵخۆشکار نەبوو، هەرچەندێکیش تەماشای دەوروبەری دەکرد، چ ئامارەیەکی ژیانی تێدا نەمابوو. دوو رۆژ و دوو شەویان بەڕێکرد، مردووەکان هەر خۆیان بون و چ زیندوویەک لەو نێوەدا زیادی نەکرد، گەرچی لە گەڕانەوەی ئیڤا و هادریان بێئومێد نەبون، بەڵام لەدڵیان چەسپیبوو بەهەر شێوەیەک بووە دەبێ ئیڤای تەمەن حەوت بەهار بدۆزنەوە، بڕیاریاندا چیدیکە لەوێ نەمێنن و هەنگاو هەڵێنن بۆ دۆزینەوەی ونبوەکان.

بۆ رۆژی سێیەم کە هەستان لە خەوێ، ئیتر بیریان لەدوایەمین رۆژدا دەسوڕایەوە، کە پاش ئەو رۆژە چی بکەن، بەڵام ئەڵقین پرسی: ئێمە هیچ کاتێ سنوری ئەم سەرزەمینەمان نەبەزاندوە و نازانین لەودیوی سنور و سەرزەمینەکەمان چ باسە و چی هەیە و نییە؟ رێگەوبانی سەرزەمینەکانی دیکە شارەزا نین و بەچیمانەوە ملی ئەو رێگەیانە

بگرینەبەر؟ ئایندە و ژیانمان بەرەو کوێ دەچێ؟ ئاخر لەو سەرزەمینە نەناسراوانە ئیڤا چۆن بدۆزینەوە؟

هەریەکەیان لەناخیدا گرکانێ تاوی سەندبو هەستی تۆڵەسەندنەوە چەکەرەی کردبوو، بڕیاریاندا کە ئەنجامدەرانی کارەساتەکە ناکرێ بەبێ سزا دەرباز ببن.

هێشتا هەورەکان زۆر لەیەکتری نزیک نەببونەوە، تەواوی دارە وشکەکانی کۆکردەوە و بەپەلە ئاگرێکی کردەوە پێش ئەوەی نمە نمەی باران دەست پێبکا، لەژێر گوێسەبانی ماڵێکی ڕوخاودا هەڵتروشکا و چاوی بڕییە تولەڕێی گوندەکەیان کە دەچوە نێو دارستانەکە، چاوەڕێ بوو لە ناکاو ئازیزێکیان بگەڕێنەوە. بارانێکی لەسەرخۆ باری و تا نیوەی ڕۆژەکە بێئەوەی لەجێی خۆیان بجوڵێن هەرچاویان لەسەر تولەڕێیەکە بوو، بەڵام لەناکاو جوڵەیەکی بەپەلە و خشەخشێکی دیار لەنێو دارستانەکەدا سەرنجی ڕاکێشا، ئەلڤین چاوەکانی زەقکردنەوە و هەستایە سەرپێ، نیگای خستبوە سەر لقە درەختەکان کە جاروبار بەملاو بەولادا شۆڕ دەبونەوە، دڵەکوتێ گرتی و هەم شادییەک لەناخەوە ختوکەی دەدا، دڵخۆشی خۆی دەداوە و وایدەزانی کە ئەوە ئیڤایە و گەڕاوەتەوە، ئەمیش وەک هاوڕێ دڵناسودە نەبوو، بیری لەوە دەکردەوە، گەر ئەوی ڕۆژێ لەگەڵ خۆی هاوردبا، ڕەنگبو ئێستا

پێکەوەبان، چەندە پەرۆش بوو کە جارێکیتر لەنێو درەختەکانەوە بەڕاکردن و تریقەی پێکەنینەکەی باوەشی پێدا کردباوە. چاوی لەسەر لانەبرد، ئومێدی هەبوو کە هەریەکێکیان بێ ئیڤا یان هادریان، بۆ ئەو باشە، هەر هیچ نەبێ دەزانێ کارەساتەکە چۆن پوویداوە و ئەم کارە دڕندانەیە لەلایەن کێوە ئەنجام دراوە. جموجوڵی نێو دارستانەکە جار بەجار زیادی دەکرد. ئیدی خەیاڵەکانی ئاراستەیەکی ترسناکتریان وەردەگرت، وا هات بەخەیاڵیدا کە رەنگە ئەوانە تەنیا ئیڤا و هادریان نەبن، بەڵکو دڕندەکانیشیان لەگەڵدا بێ و دووبارە گەڕابنەوە. دڵی تووندبوو، هەستایە سەرپێ و خۆی بۆ ڕووبەڕووبونەوە ئامادە کرد، بەڵام وەک ئەوەی ئاو بە ئاگردا بکرێ، ئاوا سارد بۆوە و لەجێی خۆی وشک ڕاوەستا. سەر و ڕوخساری نۆردمەن دەرکەوت و ئەلڤینی خستەوە نێو ئاغومێدی و پەرێشانی خۆیەوە، زۆری پێنەچوو هامۆندش بە کۆمەڵێ ڕێواس و کوارگەوە لەنێو دارستانەکە هاتە دەرەوە و گەیشتنە بەردەم ئەلڤین. باران بەردەوام دەباری، هەموو گیانی ئەلڤین تەڕ ببوو، هامۆند هەندێ ڕێواسی لەبەردەمیدا دانا و چوە نزیکی ئاگرەکە و دانیشت بۆ چاککردنی کوارگەکە، بەڵام لەگەڵ نۆردمەن ڕوویان لە یەک وەرگێڕا و قسەشیان پێکەوە نەکرد.

کاتێ خواردنەکەیان چاککرد، هەریەکەیان لەنێو قاپێکی داربیان کرد

و هاتنه دەرێ و لەنزیک ئەڵقین خواردیان، شەویش بێئەوەی ئاگرەکە بکوژێننەوە، بە سەرە ئێشکچی بون، بارانیش بەدرێژایی ئەو سێ شەوە وچانی نەدا، رۆژی پاشتر دڵنیابون نە ئیڤا دەگەڕێتەوە و نە هادریانیش، ئیدی مانەوەی خۆیان لەو سەرزەمینەدا بە بێسود دانا. سەرلەبەیانی رۆژی چوارەم ئەڵقین بە هەردوکیانی گوت: مانەوەمان لێرە چ سودێکی نەماوە و ئیتر ناتوانین لەم چاوەروانیە نەزۆکەدا بژین، دەبێ خۆمان ئامادەی ڕۆشتن بکەین.

گەرچی هاوڕند لای ڕوون نەبوو، کە گوندەکەیان شوێنی ژیانی تێدا مابێ یان نا، بەڵام هەر پرسی: بۆ کوێ دەڕۆین، چ شوێنێ شارەزایت تا بەرەو ئەوێ بەڕێ بکەوین؟

ئەڵقین خۆیشی نەیدەزانی بۆ کوێ هەنگاو دەنێ، سەرقاڵی خڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بوو: خۆشم نازانم، بەڵام ئەوەندە دەزانم دەبێ لەو سەرزەمینە دەرچین، شوێنێکمان بۆ مانەوە لێرە نەماوە...دەڕۆین... دەبێ بە هەر شێوە و نرخ و بەهایەک بووە ئیڤا بدۆزمەوە.

نۆردمەن کە زۆر پەرۆش بوو بۆ دۆزینەوەی هادریان، چۆخەکەی پڕ لە پێداویستییەکان کرد و هەستایە سەرپێ: کەواتە با بڕۆین، چاوەڕێی چی دەکەین؟

هاوڕند بینی هەردوکیان مکوڕن، دەستیکرد بە خڕکردنەوەی هەندێ

کەلوپەل لە دەوروبەری ماڵەکان و ئەمیش هەگبەکەی پرکرد. هەرسێکیان لەژێر نمەی باراندا بەرەو سەرزەمینە نەناسراوەکان بەڕێ کەوتن و یەکەم هەنگاویان بەرەو دارستانەکە هاوێشت.

# ئامۆژگارییەکەی گوڵستان

ترس و تۆقین هەموو دەمارەکانی جەستەی گرژ کردبوو، بەدەست خۆی نەبوو، بەردەوام تەماشای لای ڕاست و چەپی خۆی دەکرد، هەستی بە شتێکی نائاسایی دەکرد کە لە دەوروبەر و بەرامبەریدا خۆی حەشارداوە و چاودێری دەکا، چاوەکانی زەقکردبۆوە و ئاراستەی ناو دارستانەکەی کردبوو. دەیویست وا خۆی نیشان بدات کە ئارام و لەسەرخۆیە. هیچ شتێ نەکەوتبوە بەرچاوی، بەڵام بەهۆی هەستە بەهێزەکانیەوە دڵنیابوو، کە چ کەس و گیانلەبەرێ یان بندنیاییەک لەدەوروبەریان دەسوڕێنەوە، زۆر بەوریاییەوە هەنگاوی دەنا و ئاگاداری تێۆدلینا بوو، کە لە خۆشی و خرۆشییەکی بێئەندازەدا ڕێی دەکرد. هەرچەندە بیدەنگییەکەی بۆ خۆی ئامازەیەک بوو بۆ هەڕەشەیەک، سات بەسات لێیان نزیکدەبۆوە، چەند جارێ لە پشت دارەکانەوە، دیمەنی گیانلەبەرێکی بەرچاو دەکەوت، کە تەماشای نێچیرەکانی دەکا و چاوەڕێی دەرفەتێکی گونجاوە بۆ هێرشکردن، گەلێ بەئارامی سەرنجی دەدان.

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا هەردوکیان ڕێگەیەکی دوور و درێژیان بڕی و بە تەواوی لەسەرزەمینی پاشای دارەکان دوورکەوتبونەوە، گەیشتبونە

گۆرەپانێکی بەرینی بێ شاخ و چیا، بەڵام پەنگاورەنگ و ئاڵا و والا لە گوڵ و گوڵزار، دارستانی پەرت و بڵاو، نەک بەو شێوە چڕەی لەسەرزەمینی خۆیاندا هەبون، ئیدی لەسەرخۆ تێدەپەڕین بە نێویاندا. سەرزەمینێکی سەرنجڕاکێش بوو، جار بەجار دەگەیشتنە دەشتاییەکی بێ دار و درەخت کە تەنیا گژوگیا و گوڵی رەنگاورەنگی تێدابوو. پەپوولەکان بەکۆمەڵ هەڵدەفڕین و بەسەریانەوە دەنیشتنەوە، دواتر دەگەیشتنەوە بەردەم دارستانە پەرت و بڵاوەکان. ئەو دەڤەرەی ئەوانی بۆ چون، سێ روباری گەورەی پێدا تێدەپەڕی، لە دەوراندەوریدا چیا بەرزەکان چوبونە نێو هەورەکانەوە و قەدپاڵەکانیان بە بەفر سپی پۆش ببون. لەوێ باڵندەکان لەسەر درەختەکان هەڵدەنیشتن و ئاوازە جۆراوجۆرەکانیان دەچڕی. تێۆدلینا چاوی تینوی دەگێڕا و ئاگاداری هیچ هەڕەشە و مەترسییەک نەبوو، رۆچوبوە نێو قوواڵایی ئەو سروشتەوە کە گەورەترین چێژی پێبەخشیبوو. ئاخر ئەمە یەکەمین سەفەر و دوورکەوتنەوەی بوو لەسەرزەمینی پاشای دارەکان و دایک و باوک و ئازیزانی. یەکەمین جاریشی بوو خۆی لەدەشتێکی وا پان و بەرینا ببینێخوڕەی ئاوی روبار ببیستێ، ماسیەکان ببینێ چۆن لەنێو بەردەبازەکاندا خۆیان دەدەنە دەم نەرمە قەڵبەزەکانی ئاوەوە، چاوەکانی گەش ببونەوە و تەواوی خۆشی ئەو سروشتەیان تێدا

بەرجەستە ببوو. لە باڵندەیەکی تازە ئازادکراو دەچوو، دەیویست بفڕێ و هەموو چڵەداڕێک تاقی بکاتەوە، گوێی بۆ هەموو ئاوازەکان دەگرت و لەگەڵیدا چاوی دادەخست وەک ئەوەی لە خەونێکی شیریندا بێت و نەیەوێ بێداربێتەوە، پێدەکەنی و ڕایدەکرد و حەزی منداڵێتی تێدا ژیابۆوە، دەچوە لای گوڵەکان و چەپکێکی لێدروست دەکردن و خۆی نغرۆی بۆنە خۆشەکان دەکرد و بەڕاکردن دەگەڕاوە لای ئێلندیا و چەپکە گوڵەکەی دەدایێ، دەیویست ئەویش لە بەخششی ئەو سروشتە بێبەش نەبێ. دووبارە غاری دەدا و دەچۆوە ئامێزی سروشتێکی ڕەنگین، گەڵێ بێخەم و بێگەرد بوو، هەر پێدەکەنی بەپێچەوانەی ئێلندیا کە هەستکردنی بە مەترسی زیاتر هەڵدەکشا و چاوەڕوانی هەڕەشە نەزانراو و نەناسراوەکان بوو، ئەو دەرکی بەوە کردبوو لە پشت دارەکان، لەودیوی چیاکان کە هێشتا لە دوورڕا دیارن، ڕاوچیەکان دەجوڵێنەوە و سات بەسات لێیان نزیکدەبنەوە، بەڵام لەوە دڵنیا نەبوو کە ئەوانە چین و بەتەمای چین. ئێلندیا ئەزمونێکی پێشینەی هەبوو لەبارەی سنوری نێوان سەرزەمینی پاشای دارەکان و سەرزەمینی مرۆڤەکان کە تەواوی ئەو دەڤەرەی نێوانیان لەلایەن بندنیاییەکانەوە داگیرکراوە و پاسەوان و چاودێرێکی زۆریشیان لەو نێوەدا داناوە، تا ڕەسەنی مرۆڤ ئاگاداری ڕاستی و نهێنیەکان نەبن

و دڵ و دەرون و گیانیان بە ڕۆشنایی ئاشنا نەبێ و بەردەوام لە تاریکی و بێئاگاییدا بژین و ژیانێکی بێئامانج تێپەڕێنن، ئەو وایدەزانی بندنیاییەکان و شەڕکەرانی ئیفڵۆرد گەڕاونەتەوە بۆ سەرزەمینی ڕوبارە ڕەشەکانی ئیفڵۆرد، ئەمانیش لەدوای وێرانکردنی شوێنە پیرۆزەکان بێئەنجام بون، ئیدی یان گەڕاونەتەوە یان چونەتە نێو ئەشکەوتە تاریک و قوڵەکان، لەوێ ماونەتەوە و چاوەڕوانی سەردەمی هاتنی مرۆڤ دەکەن، بەڵام شتەکان وا نەهاتنەوە و ترس دایگرتن، ئەوە بۆیان ئاماژەیەک بوو کە کارەساتێکی گەورە لەڕێدایە، ئەوان پێشتر بەو جۆرە هەستانە ئاشنا نەبون، نە تورەیی و نە ترس و نە دڵەڕاوکێ و نە ئەفیندارێ، هیچ یەکێ لەوانە لە ناخیاندا گەرای دانەنابوو، ئەوان کاتێ دابەزین بۆ سەرزەمینی حەوتەم کە دیاری پاشای نور بوو بۆ یەکەمین پاشای ڕەسەنی مرۆڤ، بە تێپەڕینی کات ئەو هەستانە لە جەستەیاندا چڕی کرد و گەورە بوو.

ئێلندیا بەجۆرێ ترس و دڵەڕاوکێ تەنگی پێهەڵچنیبوو، توانای شاردنەوەی نەمابوو، تێڕدلینا بە تەواوی هەستی پێکرد، ڕوی تێکرد و بەبێزاریەوە پێیگوت: زۆر ناڕەحەت و سەراسیمەیت، چیبە هیچ شتێ ڕوویداوە؟

چارەی نەبوو دەبوو هەرچۆنێ بێت ڕازەکانی خۆی بۆ تێڕدلینا

ئاشکرا بکات، چونکە لەو شوێنە دەرچون و دووبارە گەیشتنەوە نێو گۆڕەپانێکی پڕ لە گوڵ و پووەکی بۆنخۆش کە دوو سێ جۆگەی بچوکی ئاوی تێدا گوزەر دەکرد و پاش ماوەیەک دەڕژانە نێو روبارێکی شین و لەسەرخۆ دەشتەکانی دەبڕی، ئێلندیا بە نیگەرانییەکی زۆرەوە گوتی: لەبەرەبەیانی ئەمڕۆوە هەستەدەکەم شتێکی مەترسیدار لەناو دارستانەکاندا چاودێریمان دەکەن، پێناچێ نیاز و ئامانجیان لەگەڵماندا باش بن، بە بەردەوامی لە دەورمان دەسوڕێنەوە، هەمیشە چاویان لەسەرمانە، بۆیە دەبێ بە ئاگادارییەکی تەواوەوە بجوڵێینەوە، دیارە ئەوان چاوەڕێی دەرفەتی لەبار دەکەن.

تێۆدلینا چاوەڕوانی ئەو قسانەی نەدەکرد، زۆر لەسەر دڵی گران کەوت، هەنگاوەکانی خاوبونەوە و ئێلندیا گەیشتە لای و هەردوکیان بە ئارامی کەوتنە بڕینی ڕێگاکە، زۆرجاریش بەوردی تەماشای دەوروبەری خۆیانیان دەکرد، بەڵام هیچ شتێکی نائاساییان بەرچاو نەکەوت. تێۆدلینا توشی نیمچە ترسێ هات، ئاوڕی بۆ ئێلندیا دایەوە و گوتی: ئاخۆ دەبێ ئەوانە بۆچی چاودێریمان بکەن؟ دەمانکوژن، دەمانخۆن، دەبێ چیمان لێبکەن، ئاخر چاوەڕێی چ شتێکی مەترسیدار لەو سەرزەمینە بکەین؟

ئێلندیا بە پەلە وەڵامیدایەوە: خێراتر پێهەڵگرە با بەزووترین کات

لەم شوێنە دوورىكەوينەوە، من چاوەڕێی هیچ شتێكی مەترسیدارم لەم سەرزەمینە نەكردوە، هیچیش بەرچاو ناكەوێ، بەڵام هەست بە نیگای چاوە خوێناوییەكانیان دەكەم، سات بەسات لێمان نزیكدەبنەوە، هەرچەندێ ببریش دەكەمەوە، نازانم چییان لێمان دەوێ؟

هەردوكیان هەنگاوەكانیان خێراتر كرد، هەرچەندێكیش پەلەیان كردبا، ئێلندیا هەستی بەنزیكبونەوەی زیاتری چاو پڕ لە خوێنەكانی دەكرد، بۆیە بەزوویی تیر و كەوانە سپییە تایبەتەكەی لەملی هێنایە خوارێ و تیۆدلیناش شمشێرەكەی لە كێلان دەركێشا.

لەدەستی ڕاست و چەپیان لەنێو دارستانەكەدا هەستیان بە جموجوڵێكی نائاسایی كرد، هەتا زیاتر دەڕۆیشتن زێدەتر دەبوو، لەناكاویش دەنگێكی گەورەی ترسناك ڕایچڵەكاندن. ئێلندیا دڵنیابوو كە هەستكردنەكەی لەجێی خۆیدا بوو، بەڵام هێشتا هەر نەیدەزانی ئەو بونەوەرە مەترسیدارانەی كە بەرەو ئەوان دێن چین، وای بۆ دەچوو كە ماوەی چەند شەو و ڕۆژێكە بەكڕی و خامۆشی لە پشتی دارەكان و لە پەنای تاشەبەردەكاندا خۆیان مەڵاس دابێ و لە چاودێریكردندابن تا دەرفەتێكی لەبار بێتە پێشەوە و هەڵكوتنە سەریان. هەریەكە لە تیۆدلینا و ئێلندیا چاوەڕێی چ مەترسی و هەڕەشەیەك لەو دەڤەرە نەبون، نەشیاندەزانی چی بكەن و بە چ شێوەیەك ڕووبەڕوویان بوەستنەوە،

بۆیە تەنیا شێوازێکی بەرگری کە پەنابان بۆ برد، پەلەکردن بوو لە رۆشتن و هەنگاوەکانیان خێراتر دەکرد، بۆ ئەوەی بگەنە روبارەکە و بەهەر هیلاکییەک بێت خۆیانی تێفڕێبدەن، بەو ئومێدەی لەدەست ڕاوچییەکان دەربازبن. دەنگەکان گەورەتر دەبون و خورپەی دەخستە دڵیانەوە، کە رەنگە لە هەر ساتەوەختێکدا بێ، بکەونە بەر هەڵمەت و هێرشێکی توند، ئێلندیا بەپەلە گۆچانەکەی دانا و تیرێکی پەرسپی لە کۆڵەپشتەکەی دەرهێنا و لەنێو کەوانی گیرکرد، تیۆدلیناش شمشێر و گۆچانەکەی بەدەستەوە ئامادەبوو بەرەو روبارە شینەکە غاری دەدا، ئێلندیا دڵنیابوو کە درندەکان رەنگە لە چاوتروکانێکدا بگەنە سەریان، هاواریکرد: ئامادەبە...

قسەکەی تەواو نەکرد دەنگی خرۆشان و هاواری گیانلەبەرەکان لەنێو دارستانەکەدا بەرزبۆوە و پۆل پۆل باڵدارەکان بەرەو ئاسمان هەڵفڕین و ئەوێیان بەجێدەهێشت، وەک ئامازەیەک بۆ دوورکەوتنەوە لە کارەساتێکی چاوەڕوانکراو. هەرچەندە وەرزەکە بەهار و دنیا سەوز و ڕەنگاورەنگ بوو، بەڵام هەوا لەو شوێنەدا گەرم داهاتبوو، بۆیەکەمین جار لەدوای سەد و حەفدە بەهار تیۆدلینا لەنێو جیهانێکدایە، هەستی ترس و هەڕەشە دەچێژێ، ئێلندیا زیاتر هاواریکرد:غاردە..تیۆدلینا، پەلە بکە دەبێ خۆمان بدەینە دەم روبارەکە، مەوەستە.

بەهەموو گوڕ و تینی خۆیانەوە هەڵدەهاتن، بەڵام لەناکاو لەدەستی ڕاستیانەوە لەنێو دارو دەوەنەکەدا، دوو گیانلەبەری زەبەلاحی سەرگەورەی دەستڕەش و چاوسور، کەڵبەتیژ هێرشیان برد، ئێلندیا هەر هێندەی پێکرا بە گوڕێکی زۆرەوە کەوانەکەی ڕاکێشا و ژیرانە سێرەی لە گورگە ڕەشەکە گرت، کە چاوەکانی سور هەڵگەڕابون و بەرەو ڕویان غاری دەدا، تیر لە کەوان دەرچوو، هەورە بروسکەیەکی خێرا بوو لە سنگی چەقی و لەنێو خوێنی خۆیدا گەوزا و لمۆزی بەرەو ئاسمان بڵند کردەوە و ئەو ناوەی ڕەنگرد لە لوڕەیەکی ترسناک. گورگی دووەم بەو دیمەنە هەراسان و هار بوو، چنگەکانی لەزەوی گیرکرد و سەری سوڕاند و لوراندی، ئیدی ئەوە ئامادەیەک بوو، کە تۆڵەی هاوەڵەکەی لە هەردوکیان دەکاتەوە. ئێلندیا لەو نیگا ئاگراویانەی گورگەکە گەیشت، بۆیە بەپەلە تیرێکی دیکەی ڕاکێشا و خێرا فڕێیدایە نێو کەوانەکەوە، ئاراستەی گورگی دووەمی کرد، بەڵام ئەو هێندە بەپرتاو بوو لە تیر دەرباز بوو، ئیتر ژیانی هەردوکیان کەوتبوە نێو مەترسییەکی گەورەوە، بەدەم ڕاکردنەوە تیرێکی دەرهێنا و لە کەوانی گیرکردەوە و سوڕایەوە و نیشانی لەنێوچەوانی گورگەکە نایەوە، تیر بە خێرابیەکی یەکجار گەورە دەرچوو، لە کەللەسەریدا گیرسایەوە و بەدەم ناڵە و نەڕەیەکی زۆرەوە لەنزیکی گورگی یەکەم کەوتە سەر

زەوییەکە، ئەوجا هەناسەیەکی قوڵیان هەڵمژی و دەستیان خستە سەر ئەژنۆکانیان تا وچانێ بدەن، بەڵام هەر هێندەی چاوتروکانێ بوو لەلای چەپیانەوە گورگێکی دیکە دەرپەڕیە دەرەوە، ئێلندیا سەرسام بوو لەجێی خۆیدا وشک وەستا و دەستی گۆی نەکرد تیرێ ئامادە بکا، لەو چرکەساتە کەمەدا مەرگی بەچاوی خۆی بینی. گورگەکەش زیاتر لێیان نزیکبۆوە، چنگەکانی بەرزکردەوە و خۆی فرێدا بەرەو تیۆدلینا، ئەو شمشێرێکی بەدەستەوە گرتبوو، بەوپەڕی توانایەوە شمشێرەکەی بەرزکردەوە و ڕاستەوڕاست ڕووەو گورگەکە ڕایگرت کە چەقییە سنگیەوە، تیۆدلینا خۆی بەلادا خست تا گورگەکە نەکەوێ بەسەریدا، شمشێرە تیژەکە کاری خۆی کرد و سنگی کردە دوو پارچەوە. بە کوشتنی گورگی سێیەم هەڕەشەکان لەسەریان کەمبونەوە. ئێلندیا زانی کە ئەوانە گورگن، بەڵام مەترسی ئەوە دایگرت کە بەوزوانە کۆڵ نادەن، ڕەنگە گەلەگورگێ بن و هەرچەندێ ڕەسەنێکیان بکوژرێ، ئەوانی دیکەیان دڕتر و ترسناکتر دەبن، دەشێ ئەمجارە بە کۆمەڵێکی گەورەتر پەلاماریان بدەن. ناچار هەڵاتن و گەیشتنە نزیکی ڕوباری شین کە لەوبەریانەوە دارستانێکی چڕ خۆی خامۆش دابوو، ئێلندیا پێی لە تاشەبەردێ هەڵکەوت و بەپشتا کەوت، تیۆدلیناش لە پێشیەوە ڕای دەکرد. گورگەکانیش لەدوایانەوە هەڵمەتیان دێنا و نزیکتر دەبونەوە،

ئێلندیا و تیۆدلینا دڵنیابون کە ناتوانن بەئاسانی ڕووبەڕووی پێنج درندەی بێبەزەیی و زەبەللاح ببنەوە. ئەو ماوەیەک ڕۆشتبوو، بەزوویی وەئاگا هاتەوە کە ئێلندیا لەگەڵیدا ڕێ ناکات، وەستا و ئاوڕی بۆ دواوە دایەوە، بەپەلە بەرەو ئەو غاری دا و گەیشتە سەری، کە لە زەوییەکەدا درێژ ببوو گورگەکانیش بەرەو ڕووی دەهاتن، ئێلندیا هاواری لێکرد: مەوەستە..مەوەستە..بڕۆ زووکە بڕۆ.

بەڵام بێدوودڵی بەئاراستەی ئێلندیا ڕۆشت و بەهەموو هێزییەوە هاواریکرد بەسەریدا: هەستە..هەستەوە زوبە گەیشتین..

ئێلندیا بەنیگەرانییەوە هاواری کرد: ڕامەوەستە بە پەلە پێ هەڵگرە.. چاوەڕێی من مەبە و خۆت ڕزگار بکە. بڕۆ..بڕۆ زوبە.

تیۆدلینا توڕە بوو و بە نیگەرانییەوە پێیگوت: دەزانی بە جێت ناهێڵم. بێئەوەی چ قسەیەکی دیکە بکات، ملی ڕێی گرتەبەر و بەهەموو توانایەوە لە زەوییەکە بڵندبۆوە، گەرچی ژێر پێی و لاملی زۆر بریندار ببوو، دڵۆپ دڵۆپ ڕوناکی دەکەوتە سەر زەوییەکە و ئەوەندەیتر بۆنی ئەو ڕوناکیە وەک خوێن گورگەکانی هارتر دەکرد و زیاتر هەوڵی نزیکبونەوەیان دەدا. بەڵام نەدەکرا بوەستن و بەهەر شێوەیەک بووە دەبوو خۆیان بگەیەندایەتە ڕووبارەکە، پێنج گورگەکە تەنیا چەند شەقاوێکیان مابوو بگەنە لایان. دەستی یەکتریان گرت و خۆیان فڕێدایە

نێو روبارەکە، هێندە بەخوڕ نەبوو جڵەو لەدەست بدەن، دەیانویست بەهەرشێوەیەک بووە بچنە ئەوبەری روبار، هیچیان مەلەیان نەدەزانی، بۆیە تەنکاییەکانیان هەڵبژارد. گورگەکان لە کەناری روبارەکەدا وەستان و لە ئاوە شینەکە دەسڵەمینەوە، دووبارە لمۆزیان کردەوە ئاسمان و لووراندیان. بەماندوبونێکی زۆر گەیشتنە ناوەندی روبارەکە، شارەزا نەبون لەناکاو تیۆدلینا کەوتە نێو گێژەنێکەوە وەختە بوو لەگەڵ خۆیدا لولی بدات و بیخنکێنێت، ئێلندیا هاواریکرد: مەترسە و مەپەشۆکێ.

بە کڕکە و ئاڵۆزییەوە وەڵامی داوە: ترس و پەشۆکانی چی، بە پەلە شتێک نەکەیت دەخنکێم.

بەزوویی دادە چاوی بۆ گۆچانەکەی تیۆدلینا گێڕا بەڵام دیار نەبوو، کەوانە سپیەکەی بۆ درێژ کرد و هاواری لێکرد: بەپەلە دەستی لێگیر بکە.

هیچ ئەزموونێکی لەو جۆرەی نەدیتبوو، بۆ ئەو ئەمە ڕووداوێکی چاوەروانەکراو بوو، نەیدەزانی چی بکات، بەگوێبیستی ناوی خۆی ئاوڕی دایەوە و دەستی بۆ کەوانەکە درێژ کرد و توند گرتی، بەڵام گێژەنی ئاوەکە گەلێ بەهێز بوو، کەوان لەدەستی هەردوکیان خلیسکا و ئاو بردی. تیۆدلینا کەوتە دۆخێکی مەترسیدارەوە بەتەواوی لەمردن

نزیکببۆوە. ئێلندیا دەستی بۆ کێلانی شمشێرەکەی برد و بۆی درێژ کرد: ئەمجارە بە قایم بیگرە.

گورگەکانیش کە چاویان لەو کەین و بەینە بوو، بەرەو سەرەوەی روبارەکە هەڵکشان و چوونە سەر چەند تاشەبەردێکی گەورە و لەدەرفەتێ دەگەڕان بۆ قۆستنەوەی لاشەی هەردوکیان، چاویان برپیبوە ئەو بەردە گەورانەی لە روبارەکەدا بون، کە بەهۆیانەوە بازبدەنە ئەوبەر.

ئێلندیا بەهیلاکییەکی زۆر تێۆدلینای رزگار کرد، بەڵام کەوانەکەی لەدەست دا و بەوەش چەکێکی کاریگەری بەرامبەر هەڕەشە و پەلاماری گورگە ڕەشەکان یان هەر مەترسییەکی دیکەی چاوەروانەکراو لەکیس چوو. لەکاتێکدا ئەوان لە ململانێدان تا روبارەکە ببڕن، گورگەکان بە بازدان چوبونە ئەوبەری روبار و لەوێوە کەڵبەکانیان تیژ دەکردەوە. بەهەناسەبرکێ گەیشتنە کەناری روبارەکە، چ هێز و توانایەک لە جەستەیاندا نەمابوو، تێۆدلینا دڵی بەتوندی لێیدەدا، دەستی خستبووە سەر سنگی و بە سەرسامییەوە لەخۆی دەڕوانی، بەڵایەوە سەیر بوو لەماوەی چەند رۆژێ کەمدا، ئەو هەموو گۆڕانکارییانە لە ژیانیدا ڕووبدات، سەرجەم شتەکان نوێ بون، گورگە درندەکان، خۆفرێدانە نێو روبار و کەوتنە نێو گێژەنی ئاوەوە، هەست بەترس و باوەشکردن

بەژیاندا، ئەوانە هەستی گەلێ نوێی بۆ ئاشکرا دەکرد، کە پێشتر نەیدیتبون، دەرکی پێنەکردبون، هیچ کاتێ وەک ئێستای ترسی تاقی نەکردۆتەوە. گورگەکان زیاتر نزیکدەبونەوە و دەیانلوراند، ئەمانیش هەناسەیان لەبەربڕابوو، تیۆدلینای ماندو و نیگەران گوتی: پێناچێت وا بە ئاسانی وازمان لێ بهێنن.

ئێلندیا بەهەناسەبڕکێ وەڵامیدایەوە: تا نەمانکوژن و نەمانخۆن پێناچێت هەروا بە ئاسانی واز بێنن.

تیۆدلینا بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە گوتی: نەخێر پێناچێت .. پێ هەڵگرە... تا پێت دەکرێت پێ هەڵگرە، کاتی وەستان نییە.

توانای ڕووبەڕووبونەوەی گورگەکانیان نەمابوو، دووبارە مەرگ یەخەی گرتنەوە، ئیتر دڵنیابون کە چارەنوسیان لەوێدا کۆتایی دێ، بەڵام دوایین پەلەقاژێیان ڕووکردنە نێو دارستانە چڕوپڕەکان بوو، کەوا ببریان دەکردەوە ئاکامەکەی هەر تیاچونە هەرچۆنێ لەدەست گورگەکان هەڵبێن، لەگەڵ ئەوەشدا چونە نێو قوڵایی دارستانەکەوە و بۆ چەند چرکەیەک لە پێشچاوی گورگەکان بزربون. بەنابەڵەدی هەنگاویان دەنا و نەیاندەزانی بەرەو کوێ دەڕۆن، تەنیا لەیەک شت دڵنیابون کە گورگەکان هەروا بەئاسانی دەستبەرداریان نابن و بە شوێنیانەوەن.

بیریان لەوە دەکردەوە ئاخۆ تاکەی هەروا هەڵبێن و تا کەنگێش توانای ڕاکردنیان دەبێ، دارستانەکەیان تەی کرد تا لەناکاو ڕاوەستان و خۆیان لەبەردەم چیایەکی بەرزدا بینییەوە، کە چیدیکە نەیاندەتوانی بەرەو پێش بچن، بەناچاری شمشێریان هەڵکێشا و چاویان بڕییە تولەڕێیەکەی کە لێوەی هاتبون، زۆری پێنەچوو گورگە ڕەشە چاوسورەکان لە پشت دارودرەختەکانەوە هەڵمەتیان هێنا و بەرامبەریان ڕاوەستان، بەجۆرێ کە چاوەڕوانی لەتوپەتکردنی دوو نێچیری چەوری خۆیان بون. تێزدلینا و ئێلندیا مەرگێکی نکوڵی لێنەکراو بەپێشچاویاندا دەهات و دەچوو، توند شمشێرەکەیان گرتبوو، دڵەکوتە ئارامی نەدەدان. گورگەکان نیمچە بازنەیەکیان بەدەوریاندا دروستکرد، هەتا دەهات بەرتەسکیان دەکردەوە، تێزدلینا بە پەلە پرسی: ئێستا چی بکەین؟

ئێلندیا زەردەخەنەیەکی تاڵ لێوەکانی گرت: پێدەچێت بتوانین شتێک بکەین.

تێزدلینا بە متمانەوە شیری توند لە دەست گرت: ڕێگا نادەین وا بە ئاسانی بکوژرێین.

- وا دەکەین، نابێت بە ئاسانی لە گەڕوویان بچێتە خوارەوە.

- بەڵام وریابە گورگە ڕەشەکان تا دێت بازنەکەیان بچووک و بچوکتر دەکەنەوە..

قسەی تەواو نەبوو دوانیان دەستپێشخەرییان کرد و هاتنە پێشەوە و کەوتنە پەلاماردان. تیۆدلینا و ئێلندیا شمشێرەکانیان بەحەوادا دەسوڕاندەوە و دایاندەهێناوە بۆ نێوچەوانیان، ئامادەنەبون هەروا بەسانایی جەستەیان رادەستی گورگە برسییەکان بدەن، بۆیە سێ گورگەکەی دیکەش هاتنە پێشەوە و شەڕەکەیان زیاتر جۆشدا، جاروبار نوکی تیژی شمشێرەکان لە جەستەی گورگەکان ڕۆ دەچوو، هاوار و نالّە بەرزدەبۆوە و کەشێکی تۆقێنەری بە دارستانەکە دەبەخشی. لەگەڵ ڕژانی هەر دڵۆپە روناکیەکدا دەمارگیر و شێتتر دەبون. ئیدی هەردوکیان لەبەردەم تەسککردنەوەی زیاتری نیمچە بازنەکەدا بەرەو دواوە دەچون تا بە تەواوی پشتیان لە تاشەبەردە زەبەللاحەکانی چیاکە گیربوو. گورگەکان تەنیا یەک شەقاو لەوانەوە دوور بون، لیک لە زاریان دەهاتە خوارێ و دڵنیابون ئەمجارە چنگیان لە نێچیرەکانیان گیر دەکەن، بۆیە دەیانویست هەر پێنجیان بەیەکجار هەڵمەت بەرنە سەر هەردوکیان، تیۆدلینا تەماشایەکی ئێلندیای کرد و فرمێسک تەزییە چاوییەوە، چونکە هەستی بە گونامێکی گەورە دەکرد، لەخۆی دەبۆوە کە بەهۆی حەز و خولیایەکەوە چۆن ئێلندیای خستە نێو مەترسییەکی گەورەوە، ئەو وای لێکدابۆوە سەفەر بەرەو سەرزەمینە نوێکانە و دیتنی دنیای تازەیە، نەیزانی کە ڕێگەکەیان پڕ کەند و

کۆسپە و چارەنوسیان دەکەوێتە ژێر بەزەیی چرپنوکی چەند گورگێکی برسی. گورگەکان خۆیان سازدرا و وردە وردە نزیکبونەوە، تیۆدلینا بەوپەڕی چاونەترسیەوە گوتی: کە ئێتر ئەمە کۆتایی بێت، دەی وەرن. وەرنە پێشەوە.

هاڵاوی دەمیان دەگەیشتە لای هەردوکیان، ئەمانیش بە ناچاری شمشێرەکانیان دەهێنا و دەبرد و دەستیان دەلەرزی، لەناکاو دە تیری بچوک لە چیاکانەوە بەسەر تیۆدلینا و ئێلندیا گوزەری کرد و دابارییە سەر گیانی گورگەکان، هەنگاوێ چونە دواوە، دووبارە چەند تیرێکی دیکە لە جەستەیان چەقی، لەدەروبەری خۆیان ڕامان و ویستیان هەڵبێن بەڵام لە پڕا دە کەسی کورتە باڵای گوێ تیژ و نیمچە ڕووت، لەنێو بەردەکانەوە هاتنە دەرێ، کە نێوقەدی خۆیان بە پارچە چەرمێ داپۆشیبوو، تیر و کەوان و نێزەی کورت بەدەستیانەوە، دوانیان لەڕاسەری تیۆدلینا و ئێلندیا خۆیان فرێدایە خوارەوە، بەکۆمەڵ پەلاماری گورگەکانیان دا و بە سەختی بریندارییان کردن. تیۆدلینا و ئێلندیا بە سەرسوڕمانەوە تەماشای دەروبەری خۆیانیان دەکرد، بۆ ئەوان دیمەنێکی گەلێ سەرنجڕاکێش بوو، سەرسام ببون و لەجێی خۆیاندا وشک وەستابون. ئێلندیا بە سەر سوڕمانەوە پرسی: ئەمانە کێن؟!

تیۆدلینا بە خۆشحاڵیەوە گوتی: نازانم بەڵام هەرکەس بن بۆ ئێمە فریادڕەسن.

گورگەکان تیۆدلینا و ئێلندیایان لەبیرچۆوە و ڕوویان وەرگێڕا بۆ کورتە باڵاکان، بە کەڵبە تیژەکانیان سێ پیاو و ئافرەتێکیان لەخوێندا سورکرد، تیۆدلینا دەرکیکرد کە ئەوانە ژیانی خۆیان خستۆتە مەترسییەوە، بۆیە تاوی دایە شمشێرەکەی و ڕووەو گورگەکان شاڵاوی برد، پێکڤە لە ماوەیەکی کەمدا سێ گورگیان کوشت، دوانەکەی دیکە هەڵاتن. بۆ ساتێ ئەوێ خامۆشی باڵی بەسەردا کێشا، تەنیا دەنگی هەناسەتەنگەکان دەهات، کە ماندوێتی بڕستی لێبڕیبون. پاش کەمێ کورتەباڵاکان لەگەڵ یەکتری کەوتنە قسەکردن، بەڵام بەزمانێ ئاخفێن تیۆدلینا و ئێلندیا بەئاسانی لێی تێنەدەگەیشتن. ئەوان باڵایان گەلێ کورتە، بەڵام جەستەی جەنگاوەرێکی لێهاتوو لەو بەژنەدا خۆی نمایش دەکا، بەجەرگ و چاونەترس، ئەو خەسڵەتەیان بەرونی لە بەگژداچوونەوەی گورگەکاندا نیشانی تیۆدلینا و ئێلندیا دا. ئەگەر کەمێک درەنگتر بهاتبان، هەردوکیان لە ڕیزی مردواندا بون. بە وردی سەرنجیان دەدان، گورج و گۆڵ و بە خێرایی دەجوڵانەوە، لەدەوری گورگ و دوو پیاو و ئافرەتە کوژراوەکە کۆبونەوە. لە بن درەختێک چەند کورتە باڵایەک بەزەنگن و خاکە ناس، سێ گۆڕیان

لێدا و سێ تەرمەکەیان خستە نێو چاڵەکەوە، بەشێکی دیکەشیان خەنجەرە بچکۆلەکەی بەرقەدیان دەرهێنا و لێزانانە کەوتنە گوروتی پێستی سێ گورگە کوژراوەکە، لەوێ دەجوڵانەوە و گوێیان نەدەدایە تیۆدلینا و ئێلندیا وەک ئەوەی هەر بونیان نەبێ، سەرقاڵی کوتانەوەی گۆڕەکە بون، بە ئاواز و دەنگێکی خەمگین خۆڵەکەیان دەپەستاوت، ئیدی خوێیەکی زۆریان بە پێستەکەدا کرد تا بۆن نەداتەوە، ئەوجا چیلکەدارێکی زۆریان لەدەوروبەری لاشەی سێ گورگەکە کۆدەکردەوە و ئاوڕیاندایەوە، دواتر بەرەو ناو دارستانەکە هەنگاویان نا. تیۆدلینا و ئێلندیا هەروا وەستابون و تەماشایان دەکردن، لەناکاو یەکێ لە گەنجە کورتەباڵاکان ئاوڕی دایەوە و تەماشای هەردوکیانی کرد، لە تەنیشتەکانیەوە موی سەری لابردبو، لەناوەندی کەللەسەریشیەوە قژی بڵند کردبۆو تا پشتەوەی سەری، ڕمێکی تیژی بەدەستەوە گرتبوو وەک جەنگاوەرەکانیتر پارچە چەرمێکی لەنێو قەدی خۆی بەستبوو، بنی پێیان هێندە لەسەری ڕۆشتبون، ساف و تۆکمە و هیچ گوێیان لە بەردەڵان و هەوراز و نشێو نەبوو، توانایان هەبوو بەهەموو شوێنێکدا گوزەر بکەن. لێیان هاتە پێش و بە سەروزمانێکی سەیر پێیگوتن: بەدوامدا وەرن... ئێرە بۆ ئێوە شوێنێکی گونجاو نییە و مەترسیدارە.. خێراکەن پێ هەڵگرن...زووبن.

چاوەڕێی وەڵامی نەکردن، پووی وەرگێڕا و بەرەو هاوەڵەکانی چوو، کە وردە وردە لە پشت درەختەکانەوە بزردەبون، تیۆدلینا و ئێلندیا تەماشای یەکتریان کرد و دڵنیابون کە ئەم رەسەنانە جێ متمانەن و چاوەڕێی چ مەترسیەکیان لێناکەن، بۆیە بەبێدەنگی بەدوایاندا چوون. گەرچی تیۆدلینا جاروبار لەژێر لێوەوە دەیگوت: ئاخر ئێمە بۆ کوێ دەچین؟

ئەوان خێرا دەجوڵانەوە، خەریک بوو بە تەواوی لەبەرچاویان بزر دەبون، ناچارییەکی گەورەش بوو کە دەبوو شوێن پێیان هەڵبگرن، تیۆدلینا ئیدی بۆی ڕوونبۆوە کە سەفەرەکەی و تێپەڕبون بەو سەرزەمینانەدا، ڕێگەبڕینێکی بێ مەترسی و سامناک نییە، ئاوڕیدایەوە بۆ ئێلندیا و گوتی: زووبە با دوانەکەوێت، خەریکە لەپێشچاوم ون دەبن.

ئێلندیا خۆی لێبببووە با: نابێ بزانین ئەمانە کێن و بۆ کوێمان دەبەن؟

- گرنگ نیە کێن و بۆ کوێمان دەبەن، وەرە با شوێنیان بکەوین و بەخۆمان وەڵامی ئەو پرسیارانە بدۆزینەوە، گەر تێکەڵیان نەبین ئاسان نییە لەمانە بگەین.

ئێلندیا بە ناچاری هەنگاوەکانی خێراتر کرد، کوڕ و کچە کورتەباڵاکانیش تا رادەیەکی زۆر دڵنیابون کە ئەم دوو کەسە غەوارەیە چارەیان نییە

و هەر دەبێ شوێن ئەوان بکەون، بۆیە ڕەوتی خۆیان خاو نەکردەوە و بێڕاوەستان هەنگاویان دەنا. لە دارستان چوونە دەرێ و گەیشتنە گۆڕەپانێکی سەوزی پڕ گوڵ و گوڵزاری بۆنخۆش، دیمەنێ بوو هەردوکیانی سەرسام کرد و لەجێی خۆیاندا وەستان، سروشتێکی دڵڕفێنی دەگمەن. باوەڕیان بەچاوی خۆیان نەمابوو، ئەوێ جێیەک بوو لە ئەقڵ و وێناکردنی ئەوان گەلێ بەدوور بوو، چاویان زەق کردبۆوە و دەمیان داپچڕیبوو، سەریان بادەدا و تەماشای یەکتریان دەکرد، جێیەک بوو نە ئێلندیای تەمەن هەزاران ساڵ و تێۆدلینای تەمەن سەد و حەفدە بەهار لە چیرۆکەکانیشدا نەیانبیستبوو، سەیری کورتەباڵاکانیان کرد: ئەی هاوار ئەمانە چین، بڕوانە چەند سەیر و سەمەرەن؟

تێۆدلینا بوو کەوا بە جۆش و خرۆشەوە دەپرسی. ئێلندیا نەیدەزانی چ وەڵامێکی بداتەوە، ناچار لەجێی خۆی بێدەنگ بوو. زۆر بەوردی سەرنجیان دەدان، هەرگیز شتێکی وا گەورەیان نەبینیوو، لەبەرئەوە نەیاندەزانی ئەوە چییە، بەڵام بۆ من و تۆ و بەو پێوەرەی ئێستەی زمان بەوانە دەڵێن کیسەڵ..بەڵێ کیسەڵ، بەڵام نەک ئەو کیسەڵە بچکۆلانەی ئێستا کە لێرەو لەوێ دەیانبینین، بەڵکو ئەوانە چوار پێیەکی زەبەللاح بوون، دە هێندەی بەژن و باڵای خۆیان دەبون،

نزیکە بیست کیسەڵی زەبەللاح لەوێدا بون، کە هەریەکەیان لەسەر پشتی چادرگەیەک هەڵدرابوو، پلیکانەکانیش کرابوو بۆ سەرکەوتن و دابەزین، لە پشتیانەوە چەندین قاپی گەورە و خڕ بۆ عەمبارکردنی ئاو دانرابون، ئەمە جگە لە هەگبەیەکی گەورە کە تەواوی پێداویستییەکانی ناومااڵی هەر لە بیرک و قەزمە گەنیف قازان و قۆری...لەخۆگرتبوو، بەماڵێکی گەڕۆک دەچوو. لەسەرەوەشرا هەوسارەکەی بەدەستی سوارۆیەک بوو. لەوێ نزیکەی چل تا پەنجا کوڕ و کچ بەجلکێکی پۆشتەترەوە وەستابون، درێژییان تەنیا چەند بستێک دەبوو، بەاڵم کەسیان ئاوڕیان بۆ دوو میوانە غەریبەکە نەدایەوە، کە لە بینینی ئەم دیمەنە ئەفسوناوییە حەپەسابون.

کوڕ و کچە نێزە بەدەستەکان بە پێخاوسی بەرەو کیسەڵە زەبەللاحەکان بەڕێ کەوتن و قەرەباڵغییەکی زۆر دروستبوو، چونە بەردەم کەسە بەتەمەنەکانیان و پێستی گورگەکانیان لەبن پێیان دانان، قسەیان دەکرد، باسی ڕووداوی کوشتنی گورگەکان و تیاچونی هاوەڵەکانیان بۆ دەکردن، پیاوە بەسااڵچوەکە بەوردی گوێی بۆ دەگرتن و سەرێکی بۆ بادان و هیچی نەگوت. زۆرێ لە کوڕ و کچە کورتەباڵاکان بە پلیکانەکاندا هەڵزنان و چوونە نێو چادرگەکانەوە، دیاربوو کە گەلێ ماندون و پێویستیان بە حەوانەوە هەیە. کیسەڵە زەبەللاحەکان لەسەرخۆ ملیان

شۆڕ دەکردەوە و گیایان دەخوارد. تیۆدلینا هەرچەندێ تەماشای دەکردن لەدڵی خۆیدا دەیگوت: رەنگە گوڵ و گیای ئەم دەڤەرە سیحراوییە وای لەو کیسەڵانە کردبێ، هێندە گەورە بن. دواتریش سەری بادەدا و دەیگوت: رەنگە ئەمانە رەسەنێکی جیابن، وەک مانگا و گامێشەکان دەبۆڕێنن.

هەرچۆنێ بێ تیۆدلینا دڵنیابوو کە ئەوان لەگەڵ رەسەنێکدان کۆچەرین و ئەم کیسەڵە زەبەللاحانەش کە هەموو پێداویستییەکی ماڵداری تێدایە، ئەوە هەموو ماڵ و حاڵێکیانە و لەهەر شوێنێکدا بارگە داخەن، شوێنی نیشتەجێبونیان ئەوێیە.

هەمان ئەو کۆڕە گەنجەی داوای لێکردبون بەدوایدا بێن، دووبارە پێیگوتنەوە: وەرن. وەرن. مەترسێن.

بەڕێ کەوتەوە بەرەو هاورەسەنەکانی خۆی کە لە شەست کەس تێدەپەڕی، بەپەلە دەجوڵان، چونکە خۆر بەرەو ئاوابون دەچوو، نیشتبونە سەر گوڵەکان و بەدارێکی تیژی درێژ شیلەی گوڵەکانیان دەردێنا و دەیانخستە نێو گۆزەیەکی بچوکەوە، هەرچەندێ پرپان دەکرد، دەچونە پشتی کیسەڵەکان و لەوێ لەنێو بەرمیلێکی تەختەیان دەنا. بەشێکیتر لە کۆڕ و کچەکان زەنبیلە حەسیرییەکانیان بەدەستەوە دەگرت و جۆرێکی تایبەتیان لەگوڵ دەچنی و بەدەم گەڕانەوە لەسەرخۆ

ئاوازێکی دەستەکۆییان دەچڕی، هەر کاتێکیش حەسیرەکانیان پڕکردایە، دەیانبردەوە بۆ نێو چادرگەکە و لەوێ خاڵیان دەکردەوە. تێۆدلینا بەسەرسوڕمانەوە تەماشای ئێلندیای کرد، هەستێ پڕ شادی و ئارامی گرتبوویەوە، پێیگوت: پێم بڵێ هەرگیز لە ژیانتا شتی وا سەیر و سەمەرەت بینیووە؟ ئەمانە چین و لەکوێ هاتوون؟

ئێلندیا هەروەک ئەو سەرسامی گرتبوی، لە مێژە بوو تێۆدلینای بەو ڕوخۆشی و کراوەییە نەدیتبوو، بە زەردەخەنەیەک وەڵامیدایەوە: ئەمانە برا بچکۆلەی گورگە ڕەشە چاوسورەکانن کە دەیانویست بە ئارامی بمانخۆن، فەرموو پێشکەوە با بڕۆین، مزگێنی کوژرانی برا گەورەکانیان پێبدەین تا بزانین چی دەڵێن.

دنیا بەرەو تاریکبون دەچوو، دەستیانکرد بە خرکردنەوەی کەلوپەلەکان و یەک یەک خستیانە سەر پشتی کیسەڵە زەبەللاحەکان. کوڕە گەنجەکەش بە سەر ئامارەی بۆ هەردو میوان کرد، کە سەرکەونە سەر پشتی ئەو کیسەڵەی ئەو بۆی دەچن. تێۆدلینا بێئەوەی چ قسەیەک بکا بەرەو پێشەوە بەڕێ کەوت و بە پلیکانەکاندا سەرکەوت تا گەیشتە نێو چادرگەی پشتی کیسەڵەکان کە وەک داربەستێکی گەورە دروستکرابوو، دواتر بە چەندین داری کەوانەیی چنرابون کە چادرەکەیان بەسەردا درابوو، لە پێشەوەش بازنەیەکی ئاسنین هەبوو

که دیاربوو بۆ ئاوێزانکردنی روناکی یان چرا بۆ ڕۆشنکردنەوەی بەرپێی خۆیان بەکار دەهات. تیۆدلینا بەهەستێکی پڕ لە ئارامی و خۆشنودی تەماشای دەروبەری خۆی دەکرد، ئەوێ خێوەتگەیەک بوو بە ئاسانی جێی دە کەسی تێدا دەبۆوە. گەنجە جەنگاوەرێک دوو جۆر بەردی لە گیرفان دەرهێنا و چەخماخەی پێ لێدان و فانۆسە کریستاڵیەکەی هەڵکرد و خستیانە نێو بازنە ئاسنینەکەوە کە ئاوێزان کرابوو بەهەوساری کیسەڵەکەوە. تیۆدلینا لە پێشەوەی چادرگەکە دانیشتبوو، سەرنجی کیسەڵە زەبەللاحەکانی دیکەی دەدا، کە هەریەکەیان چرایەک لە پێشیەوە بەرپێی ڕۆشن دەکردنەوە. سێ کوڕ و سێ کچ سەرکەوتنە نێو چادرگەکەوە، چاوشین و ڕوخسار جوان و سەرنجڕاکێش بون، لە سیمایاندا سەرسوڕمانێ دیاربوو، چون لە نزیکی تیۆدلینا و ئێلندیاوە دانیشتن.

کیسەڵە زەبەللاحەکان لەسەرخۆ بەرێ کەوتن، نزیکەی بیست دانە دەبون، دەنگی قاپ و قاچاخە هەڵواسراوەکان وەک زەنگوڵەیەک لەو شەوە خامۆشەدا دەنگیان دەهات، هێندە ئارام دەڕۆشتن، هیچ کەسێ هەستی بە جوڵەی کیسەڵەکان نەدەکرد. تاریکی شەو داهات، تیۆدلینا وەک کوڕ و کچە کورتەباڵاکانی نێو خێوەتگەکان هیلاک و ماندو بوو، هەریەکە لە عاستی خۆیەوە شل بوو، ئەوی سەرنجی تیۆدلینای

ڕاکێشا شێوازی خەوتنەکەیان بوو، کە پێش ئەوەی وەنەوز بیانباتەوە، چەند جارێ چاویان دەتروکاند، ئەوجا بە یەکجاری دەخەوتن. ئەمیش ئاگای لەخۆی نەما و لەجێی خۆیدا خامۆش بوو خەوت، خەونێک کە چەندێ کیسەڵە زەبەللاحەکان دارستان و دەشت و زۆزانەکانیان بڕی و دوورکەوتنەوە، وەئاگا نەهات. تا بەرەبەیانی ڕۆژی داهاتوو ڕێگەیان تەی کرد، گەیشتنە گۆڕەپانێکی پان و بەرین کە بەرامبەری تاقگەیەک لە چیاکەوە قەڵبەزەی دەکرد و دەڕژایە نێو دەریاچەیەکی شین و بێگەرد، پڕ لە ماسی ڕەنگاورەنگ، دواتر تەسک دەبۆوە و دەبووە ڕوبارێکی مەنگ و هێدی هێدی دەشتەکانی دەبڕی بەرەو سەرزەمینە دوورەکان. دەوروبەری گۆڕەپانەکە کۆمەڵە چیایەک بون، باوەشیان بە ئاسماندا کردبوو، چەند تۆپەڵەیەکی بەفر هێشتا لە لوتکە و قەدپاڵەکانیاندا خۆیان بەدەستەوە نەدابوو هەر مابونەوە، لە خوارێش تەپۆڵکەکان دیمەنێکی دڵڕفێنیان بەچیاکان دابوو، لەو دەڤەرە دارستانەکان بەرەو تەنکی دەچوون و درەختەکان پەرت و بڵاوببونەوە، بەڵام مێرگێکی پڕ لە گوڵ و گیابوو، لە دوورڕا بۆنی خۆشی دەهات، ڕەگی گەورەی درەختەکان کە ڕۆچوببونە ناخی زەویپەوە گەواهیدەری تەمەنێ دوور و درێژیان بون.

تیۆدلینا و ئێلندیا هێشتا لە شیرین خەوی خۆیاندا بون، ئاگایان لە

رەوتی کاروانی کیسەڵە زەبەللاحەکان نەبوو، کە لە کوێدا بارگەی داناوە و دەحەوێتەوە، تا پاش پشوویەکی کەم سەفەر دەست پێبکاتەوە.

لەگەڵ وەستانی کارواندا کورتەبالآکان زوو دابەزین و لە نزیک دەریاچە شینەکەدا خێوەتیان هەڵدا، کۆمەڵ کۆمەڵ دابەشبون و هەندێکیان چون دار و چیلکە وشکەکانیان کۆکردەوە و ئاوریان لەسەر خۆشکرد. هێندەی چاوتروکانێک قازانی پڕ ئاویان بەداردەستێک ئامادە کرد و ئاگر خرایە ژێری، بەشێوەیەک دەهاتن و دەچون وەک ئەوەی چ هەڕەشە و مەترسییەک لەو نێوەدا نەبێت. بەشێکیان بە زەنبیلە بچووکەکان کەوتنە نێو دەشت و دەرەکە بۆ کۆکردنەوەی گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکان، دوایەمین کۆمەڵیشیان بە لێنانی خواردنەوە سەرقاڵ بون، بە چەشنێ دابەش بون کە هەریەکەیان هەستیدەکرد ئەرکێکی لەسەرشانە و کارێکی بۆ دیاریکراوە، ئیدی بەو جۆرە سەرقاڵ ببون.

لەنێو ئەو ئاپۆرە و دەنگە دەنگەدا، ئێلندیا هێشتا خەو یەخەی بەرنەدابوو، بەڵام تێژدلینا بێدار بۆوە و تەماشای دەوروبەری خۆی کرد، وەبیری هاتەوە کە لەکوێدایە و لەگەڵ کۆچەرەکاندا بەسەر کیسەڵە زەبەللاحەکانەوە هاوسەفەرن، چاوی بەنێو خێوەتگەکەدا گێڕا، سێ کوڕ و کچەکەی شەوی رابردوی نەدیت، شمشێرەکەی خستەوە سەر ملی، بەڵام بوخچەکەی لەنێو خێوەتەکەدا بەجێهێشت و

به پلیکانەکاندا شۆڕبۆوە بۆ خوارێ.

خۆر بە ئارامی لەپشت چیاکانەوە دەهاتە دەرێ و ڕووەو ئاسمانی شین دەچوو، ئاوازی خۆشی باڵندەکان لەهەموو جێیەک دەنگی دەداوە، ژیان لەوێدا بەجوانترین شێوە لەنمایشدا بوو، شادییەکی بێپایان لەدەمارەکانی جەستەی تێۆدلینا گوزەری دەکرد، چاوی لە هیچ دیمەنێک نەدەتروکاند، حەزی وا نەبوو کات بڕوات، لەناکاو ئاوڕی دایەوە بۆ دواوە، یەکێ لە کچەکانی دوێنێ شەوی نێو خێوەتگەکەی بینی، کە لەگەڵ هاوەڵەکانیدا بە زەردەخەنەیەکی زۆرزانانەوە لێی وردەبونەوە، لێی هاتە پێشێ و توند دەستی گرت، بەهەمان ئەو زمان و قسەکردنەی کە کوڕە گەنجەکەی ڕۆژی پێشتر لەگەڵیدا دەئاخفی، بەهەمانشێوە بە تێۆدلینای گوت: وەرە...وەرە لەگەڵم.

گەڵێ دڵخۆش بوو کە کەسێکی دیکە دەتوانێ لە زمانی بگات و پێکەوە بپەیڤن، لەگەڵیدا ڕۆشت تا گەیشتنە ناوەندی خێوەتگەی نزیک دەریاچەکە، بۆنی خواردنێکی زۆر بەتام و تیژ دەهات، کە دیاربوو لە گەڵا و گوڵە بەهاریەکان دروستکرابوو، پێکەوە دەست لەناودەست بەنێو خێوەتەکەدا گەڕان، تێۆدلینا مەراقی بوو کە بزانێ ئەوە چ جۆرە خواردنێکە، لە یەکێ لە ئافرەتەکان نزیکبۆوە کە سەرقاڵی تێکدانی خواردنەکە بوو بە کەوچکێکی تەختە، ئافرەتەکە هەستیکرد

تیۆدلینا پەرۆشە، دوو سێ کەوچکی کردە قاپێکەوە و دایە دەستی و بەزمانێکی سەیر و تایبەت گوتی: وریا بە زۆر گەرمە، دەمت نەسووتێ. هەڵمی گەرمی لێهەڵدەستا، سییەکانی پڕ کرد لە بۆنی خۆشی و چاوەکانی لێکنا تا چێژێکی زیاتر وەربگرێ، پفی لێکرد ئەوجا بە ئارامی پارووی لێنا، تامێکی چەشت لە ژیانیدا هەرگیز ئەو چێژەی نەکردبوو، کاتێ تەواو بوو بە زەردەخەنەیەکی شیرینەوە قایەکەی دایەوە دەست ئافرەتەکە و سەری بۆ نەوی کرد وەک ڕێزلێنانێ، ئەویش بە زەردەخەنەوە قاپەکەی لەدەست وەرگرت.

ڕۆشتن بەرەو کەناری دەریاچەکە، بە پێکەنینەوە پێیگوت: ئێوارەی ئەمڕۆ پێکەوە دێین بۆ سەر ئەم دەریاچەیە و مەلە دەکەین، تۆش دەبێ لەگەڵمان مەلە بکەی.

تیۆدلینا سەری سوڕما، چونکە ئەوە یەکەمین جاریەتی ئەو وشەیە ببیستێت: باشە بەڵام مەلە چییە؟!

کچە کورتەبالاکە هێندەیتر پێکەنی، زانی کە تێنەگەیشتوە، بۆیە بە ئیشارەت تیۆدلینای تێگەیاند کە خۆیان فرێدەدەنە ئاوەکە و وەک ماسیەکان لەمسەر بۆ ئەوسەری ئاوەکە دەچن و لاسایی ئەوان دەکەنەوە.

تیۆدلینا لەنێو ڕەسەنی خۆیدا لەسەر(ئاو) تەنیا خۆشوشتنی دەزانی،

ئەو لە خاکی خۆیدا روبار و جۆگە و جۆبار و تاقگەکانی دیتبوو، بەڵام هیچ کاتێ دەریاچە و ماسیە رەنگاورەنگەکانی نەدیبوو، نەشیدەزانی مەلەوانی چییە، بۆیە هیچی نەگوت، شۆخە کورتەباڵاکەش لەمسەر بۆ ئەوسەر غاری دەدا. گەیشتنە ناوەندی مێرگوڵانەکە، کە کوڕ و کچەکان سەرقاڵی دەرهێنانی شیری گوڵەکان و چاندنی تۆوی گوڵی دیکە بون، کاتێ چاویان بە تیۆدلینا کەوت بەڕوویەکی خۆشەوە پێشوازییان لێکرد: بەخێر بێیت زیبا.

پێی سەیر بوو، کەوا بە زیبا ناوی دەبەن، بۆیە بەپەلە وەڵامیدانەوە: من ناوم تیۆدلینایە.

زەردەخەنەیەکی شیرینیان بۆ کرد و پێیانگوت: تیۆدلینای زیبا.

دوای ئەوە قسە هەر زوو گۆزەیەکیان دایە دەستی بۆ خڕکردنەوەی شیری گوڵەکان وتیان: ئەوە لەنێو قەدت ببەستە. ئینجا کریستاڵێکی نوک تیژیشیان پێدا، ئیدی تیۆدلینا تێگەیشت کە ئەویش دەبێ وەک ئەوان دەستبەکاربێ و هەم ڕازیبونێکی دەستەکۆییش بوو، کە تیۆدلینا لە کۆمەڵگەکەی خۆیاندا جێی دەبێتەوە، دڵخۆش بوو بەو متمانەیە و بەڵایەوە هاندەر بوو کە ئاشنابێ بە دابونەریتەکانیان و شێوازی ژیانیان زیاتر بناسێ. لە یەکەمین هەنگاوی کارکردنیدا کریستاڵە نوک تیژەکەی بۆ گوڵێک درێژ کرد، بەڵام بەزوویی لە نزیکیەوە کچە کورتە

باڵا پرچ زەردەکە دایە تریقەی پێکەنین و سەری بادا، تیۆدلینا یەکسەر تێگەیشت کە گوڵە دروستەکەی نەپێکاوە، تەماشای کچەکەی کرد و برۆکانی بەرزکردەوە: پێم بڵێ کامیان ئەو گوڵەن کە ئێمە دەمانەوێ؟ بەپەنجەکانی ئاماژەی بۆ پێنج شەش جۆری گوڵی سور و زەرد و سپی نایاب دا، کە بەنێو گوڵەکانی دیکەدا دانسقەبوون، ئیدی زانی کە هەموو گوڵێک ناکرێ شیری لێدەربێتن، بەوجۆرە شانی بەشانی ئەوان کەوتەگەڕ و بە ئارامییەکی تەواوەوە شیری گوڵەکانی دەکردە نێو گۆزەکەوە و دواتر بەباشی سەری قەپات دەکرد.

ئەوکاتی تیۆدلینا سەرقاڵی کار بوو، ئێلندیا لە خەو بێدار بۆوە، پرچە سپیەکانی ڕێککرد و شمشێرەکەی بەپشتیەوە بەست و ئەمیش بوخچەکەی لەنێو خێوەتگەکە بەجێهێشت و لە پلیکانەکان هاتە خوارێ و چاوی بۆ تیۆدلینا دەگێڕا. لە دوور پا بینی زەردەخەنە و شادییەکەی جارانی بۆ گەڕابۆوە، بەجۆش و خرۆشانێکی زۆرەوە هەڵمەتی بۆ گوڵەکان دەبرد و شیری لێدەگرتن، هیچ کاتێ تیۆدلینای بەو چالاکییەوە نەدیتبوو، وەک باڵندەیەکی ئازاد دەهاتە پێشچاوی کە ماوەیەکی زۆربێ لە قەفەسدا بەندبوبێ، گەلێ خۆشحاڵ بوو لەدڵەوە دەیزانی کە تیۆدلینا پێویستی بە ژینگەیەکی وایە و لە کەشێکی ئازادانەدا دەتوانێ بژی، کە چەندین ساڵە لێی بێبەشە. نەچوو بۆ

لای، حەزیکرد هەروا لەدوورەوە چاوی لە زەردەخەنە و پێکەنینەکانی بێ، بیبینێ پەپولەئاسا بەسەر گوڵەکاندا دەسوڕێتەوە، ئەمیش بەرەو هەمان خێوەتگەی نزیک دەریاچەکە بەڕێ کەوت و لەوێ لەگەڵ پیاو و ئافرەتەکان کەوتە قسەکردن و یارمەتیدانیان.

دنیا گەرم دەبوو، خۆر وەک تۆپێکی ئاگراوی لەناوەراستی ئاسماندا وەستابوو، تەواوی کوڕ و کچ و پیاو و ئافرەتەکان لەدەشت و زۆزانەکان دەگەڕانەوە، هەرکەسە و گۆزە شیرەکەی نێوقەدی دەکردە بەرمیلی سەرپشتی کیسەڵەکان، کە لەسەرخۆ سەریان بۆ گژوگیاکە شۆڕکردبۆوە و کاوێژیان دەکرد، زەنبیلە پڕ گوڵەکانیشیان کردە نێو تەلیسەکانەوە. تێۆدلینا چاوی لەوان کرد و شیری نێو گۆزەکەی لەسەرخۆ ڕشتە نێو بەرمیلە تەختەکانەوە، گەڕایەوە بۆ لای خێوەتگەکە و چاوی بە ئێلندیا کەوت کە خەریکی ئیشکردنە، بەخۆشحاڵییەوە بەرەو لای غاری دا و توند باوەشی پێدا کرد و گوتی: ئەم ڕەسەنە چەندە بەسەبر و ئارامن، ژیان لەنێویاندا چەندە خۆش و دڵگیرە، هەست بە ئازادی و هێمنیەک دەکەم هەرگیز دەرکم پێی نەپژاوە، هەست و نەستێکی سەیر لەدەمارەکانمدا دەبزوێ، پێشتر نەمناسیون، نازانم چۆن دەریانبڕم بەڕاستی وەسفکردنیان ئاسان نین، بەڵام هێندە دەزانم کە لێرە دەجوڵێمەوە، دەسوڕ ێمەوە، هەرچییەک دەکەم، دڵخۆشم

دەکا.

ئێلندیا بەشادییەوە سەرنجی دەدا: دلینا گیان، دەزانی چەندە شادمانم کە ئاوا دەتبینم، خۆ بێزار و بێتاقەت نیت؟

- نا...نا..زۆر شادم، نازانم چۆنت بۆ باسکەم.

یەکێ لە ئافرەتەکان قاپەدارێکی گەورە و گەرمی لە شلەی گوڵ و گیا و کوارگی بەهارانەی دایە دەست تێۆدلینا و یەکێکی دیکەش بۆ ئێلندیا. هەردوکیان بەرەو دەریاچەکە رۆشتن، لەوێ کوڕ و کچەکان لەدەوری یەکتری کۆببونەوە، لەگەڵیاندا دانیشتن و پێکڤە خواردنەکەیان نۆشکرد، دواتر چەند کوڕ و کچێک قاپەکانیان کۆکردەوە و بەجۆرە ڕووەکێک لە نزیک کەناری دەریاچەکە شوشتیان. پاشان لە پەلکی سەوزی ڕووەکەکان جۆرە خواردنەوەیەکی دیکەیان ئامادە کرد و هەریەکەیان قاپێکی گچکۆکەیان لێخواردەوە، دواتر کەس هەڵنەستا بۆ کۆکردنەوەی شیری گوڵەکان، تێۆدلینا تێگەیشت کە ئەو کارە تەنیا دەمەوبەیانیان دەکرێ لەگەڵ ئێوارانێکی درەنگ، کە دڵۆپی ئاونگ لەسەریان دەگیرسێتەوە.

دنیا گەرمتر بوو، کوڕ و کچە کورتەباڵاکان خۆیان ڕوتکردەوە و جلەکانیان داکەند و بە غاردان بەرەو دەریاچەکە ڕایانکرد و خۆیان فڕێدایە نێو ئاوەکەوە، بووە گاڵتە و پێکەنینێ کەس کەسی جیا

نەدەکردەوە. ئەو کێژەی سەر لەبەیانی دەستی تێوەلینای گرتبوو بۆ نێو خێوەتگەکە، بەرەو تێوەلینا هات و دەستی گرتەوە و بۆ لای دەریاچەکەی ڕاکێشا: هەستە وەرە.

ئێلندیا بەزوویی دەستی تێوەلینای گرت و گوتی: ئەوە چی دەکەی؟ تێوەلینا زۆر شاد بوو بەو دیمەنە دەگمەنانە: نابینی، دەڕۆم مەلە دەکەم.

ئێلندیا بە سەرسوڕمانەوە لێیڕوانی: بەڕاستتە؟ ئاخر تۆ لەکوێ مەلەوانی دەزانی، پاشان چۆن خۆت لەبەرچاوی ئەم خەڵکە ڕووت دەکەیەوە، نازانی ئەوە عەیبە؟!

تێوەلینا بەرەو پێشەوە دەچوو، پێدەکەنی و بەدەنگێکی پڕ متمانەوە گوتی: عەیب لە عەیبدارانە.

تێوەلینا چوو دەستە جلکێکی تەنکی ژێرەوەی پۆشی، بێنەوەی مەلە بزانێ، بێ ترس و بوێرانە خۆی هاوێشتە نێو ئاوەکە، ئاوێکی سارد، یەکەمجاری بوو هەست بە ساردیی جەستەی خۆی بکات، نەیتوانی سەر ئاو بکەوێ، وردە وردە شۆڕ دەبۆوە بۆ ژێری ئاوەکە، چاوەکانی کردبۆوە و تەماشای ئەو جیهانە تازەیەی دەکرد کە لەنێو ئاودا هەیە، ماسیە ڕەنگاورەنگەکان بەلایدا تێدەپەڕین، هێندە سەرسام بوو، وردە وردە لەهۆش خۆی دەچوو، ئاو هەڵکشا بۆ نێو سیەکانی، کوڕ و

کچەکانی دەوروبەری سەریان کرد بە بن ئاوەکەدا و بەپەلە هێنایانە دەرەوە، ئێلندیا ترس زاڵ ببوو بەسەریدا: ئەوە چیە خۆ ئاگای لەخۆی نییە، چیەتی پێم بڵێن؟

تیۆدلینا کەمێ ئاو چوبوە گەرووی، بەحاڵ و نەحاڵ چاوەکانی کردەوە و کۆکەیەکی بۆ کرد: هیچ نییە خۆت مەشڵەژێنە. دواتر کوڕ و کچەکان تیۆدلینایان فێرکرد کە چۆن دەست و قاچەکانی لەنێو ئاودا بجوڵێنێ، ئەوجا چۆنێتی وەستان لەنێو ئاودا، خەسڵەتێ کە سەرسوڕمانی لە سیمای کوڕ و کچە کورتەباڵاکاندا نەخشاندبوو، زوو فێربونی تیۆدلینا بوو، کە چەشنی ماسیەکان لەناو ئاوەکەدا دەهات و دەچوو، لەگەڵ هاوەڵە بچکۆلەکەیدا بە ئارەزوی خۆیان گەمەیان بە ئاو کرد. جوانی و مەستی تیۆدلینا بێوێنە بوو، هەموان بە شادی و سەرسامییەوە لێیان دەڕوانی، جوانییەک بوو لەرادەبەدەر، هیچ چاوێک نەیدەتوانی خۆی لە تەماشاکردنی بشارێتەوە. مەلەکردنی هێندە لا خۆشەویست بوو تا نزیکی ئێوارە لەنێو ئاوەکەدا مایەوە. ئاگرێکی گەورە لەنزیکی خێوەتگەکە هەڵکرا و دووبارە قازانەکانی شێولێنان ئامادە کرانەوە، پاش نانخواردنی ئێوارە کەلوپەلەکانیان هەڵگرتەوە و جموجوڵیان تێکەوت، ئیدی ئەوە نیشانەیەک بوو، کە دەبێ خۆیان بپێچنەوە بۆ بەجێهێشتنی ئەو شوێنە. دیمەنی کۆکردنەوەی بار و بارخانەکانیان،

ئەو ساتانەی هێنایەوە پێشچاوی تیۆدلینا، کە باوکی بێبەزەییانە بەسەریدا هات و وشەکان دووبارە وەک زەنگێ بەسەر بەرد بکەون، ئەوها لە مێشکیدا دەزرینگانەوە: ئیتر تۆ لەپیزی بێ بیروباوەڕەکان هەژمار دەکرێی، کە رۆیشتیت مافی ئەوەت نییە دووبارە بگەڕێیتەوە. ئەو وشانە چرایەکی لە زەینیدا هەڵکرد و وەبیری هاتەوە، کە ئەو بۆ سەرزەمینێ بەڕێکەوتوە، بواری ئەوەی نادات ئاوێزانی ئەو شێوازە ژیانە بێت، کە کورتەبالاکان بەسەری دەبەن، بیری کردەوە کە دەبێ ئەمیش وەخۆبکەوێ و ڕێگەکە بەنیوەناچڵی بەجێ نەهێڵێت، خەونی گەیشتن بە سەرزەمینی ڕەسەنی مرۆڤەکان، خولیایەک بوو لای حەوانەوەی نەبوو. سەری بڵندکردەوە بۆ ئاسمان، چ ئەستێرەیەکی گەشی نەبینی، ڕێگەی خۆی پێ بدۆزێتەوە، شارەزا نەبون، تەنانەت ئێلندیاش پێنەدەچوو ئەو دەڤەرە ئەفسوناوییە بناسێ. تیۆدلینا تەماشای ئێلندیای کرد، تا تێیبگەیەنێ کە ئیتر کاتی ڕۆشتنە. پێکەوە دریژەیان بە سەفەرەکەیان دا، خۆیان دایە دەست قەدەرێ، بۆ هەر کوێیەکیان بەرێت پازین. تیۆدلینا ئەم گەشتەی بەلاوە گرنگ بوو، بەڵام نەیدەزانی بەچ شێوەیەک لە هاوڕێ کورتەبالاکانی بگەیەنێ، کە چونی بۆ سەرزەمینی ڕەسەنی مرۆڤ، سەفەرێ گەلێ چارەنوسسازە و چیدیکە ناتوانێ دوای بخات، کوڕ و کچە کورتەبالاکان سەیری

هەردوکیانیان کرد و زانییان که نیازی رۆشتنێ بێگەڕانەوەیان هەیە، لەدەوریان خڕبوونەوە و بەتوندی دەستیان گرتن، ئەوان دەیانویست ڕێڕەوەکەیان پێ بگۆڕن و بەرەو لای کیسەڵە زەبەللاحەکانیان ببەنن، کە باریان بە تەواوی ئامادەبوو، بەڵام تێۆدلینا نیازی سەفەری خۆی بەهیچ شتێ نەدەگۆڕییەوە، پێیگوتن: نا...دەبێ ئێمە بڕۆین، دەبێ بڕۆینە سەرزەمینی ڕەسەنی مرۆڤەکان.

هەموو بە یەکجار ئاوڕیان بۆ تێۆدلینا دایەوە و ڕوخسارەکان حەپەسابون، هەندێکیان ترس گرمۆڵەی کردن، پێکەنین و زەردەخەنەکان لە چاوتروکانێکدا بزربون، تێۆدلینا خۆشی سەرسام ببوو، ئەو قسەکەی زۆر بە ئاسایی فرێدایە نێویانەوە، بەڵام ئەوان وەک تۆپەڵە ئاگرێ وەریانگرت، لەجێی خۆیاندا وشک هەڵاتن و تەماشای تێۆدلینایان کرد: ئاخر من چیم گوت، وا ئێوە هەموو تاسان؟

بێدەنگ بون بۆ ماوەیەکی کەم، یەکێ لە کوڕەکان لێی هاتە پێشەوە و گوتی: گوڵستان دەزانێ تۆ باسی چی دەکەی.

دوان لە کوڕ و کچەکان بەرەو لای کیسەڵە زەبەللاحەکان غاریان دا و لەنزیک پیاوە بەسالاچووەکانیان وەستان، تێۆدلینا هێندەیتر توشی سەرسوڕمان هات: بۆ قسە ناکەن، چی قەوماوە، ئەوەی کە من گوتم هێندە مەترسیدارە؟

کەس لەخۆی رانەدەبینی وەڵامی بداتەوە، ئەو دوو کوڕ و کچەی غاریاندا لەگەڵ ئافرەتێکی بەتەمەن گەڕانەوە، کە پێدەچوو ئەوە گوڵستان بێت، لێیان نزیکبۆوە و بەدەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: ئەوێ نەفرەتلێکراوە... سەرزەمینێکی دوور و زۆر مەترسیدارە.

تیۆدلینا شێوا بوو: ئێوە باسی کوێ دەکەن؟

- ئەو سەرزەمینەی ئێوە بۆی دەڕۆن، نەفرەتلێکراوە، دوورە، ترسناکە. تیۆدلینا نەیدەویست باوەڕ بە گوێیەکانی خۆی بکات، ئەو هەر مکوڕ بوو لەسەر سەفەری خۆی: ئەگەر ڕێگەکەمان پێشان بدەن، دەتوانین بیدۆزینەوە.

- نەخێر..نا بە کەسمان نادۆزرێتەوە، ئەمرۆژانە هێزە ترسناک و درندەکان لەوێ دەسوڕێنەوە.

ئەوە یەکەمینجار بوو کەسێ ئەو ڕازە لەنێویاندا بدرکێنێ، تیۆدلینا توشی ئەوپەڕی بێئومێدی بوو، هاواریکرد: ئەمە مانای چییە؟

گوڵستان بەدەنگێ ئارامتر پێیگوت: سەرزەمینەکان وەک خۆیان نەماون، تەژی بون لە هێزی ترسناک و گیانلەبەری درندە و هەڕەشە دەخەنە سەر سەرزەمینەکانیتر. ئێلندیا لەدوای کۆتاهاتنی یەکەمین شەڕەوە، هەستی بەهیچ هەڕەشە و مەترسییەک نەکردبوو، بەتایبەتیش هەڕەشەیەک لەسەرزەمینی ڕەسەنی مرۆڤەوە، کە گەلێ لەدەڤەری

کیسەڵەکەدا تەماشای دووریان دەکرد، مێشکیشیان دەریایەک بوو لە پرسیار و ئاڵۆزی، شەپۆلی دەدا بەبێ ئەوەی کەنارێ ئارام شک بەرێت.

# لە سەرزەمینی کیسەڵە کۆچەرییەکان

نەیاندەزانی هەنگاوەکانیان بەرەو کوێیان دەبا. چیاکانیان بڕی و بەدۆڵ و نشێوەکان گەیشتن، رۆچوونە نێو دارستان و مێرگە سەوزەکان، بەڵام بەڵای هەر گوند و ئاوەدانیەکدا گوزەریان دەکرد، پەشایی بەرزدەبۆوە و ئاسمانی شینی ماتەم دەکرد. تۆزقاڵێ ئومێد و هیوا لەو جێیانەدا نەمابوو، بەدەمیەوە بچن، هەموو جێیەک وەیشومەی مەرگ تارومارێ کردبوو، گڕ لە ماڵەکان بەرز دەبۆوە، پەنجەرە و دەرگاکان تێکشکابون و لاشە کەرت و پەرتبوەکانیش لێرە و لەوێ فڕێدرابون، ڕ زیندەوەرێ نەبوو نوزەی ژیانی تێدا مابێ، تا بتوانن پرسیارێکی لێبکەن، کە ئەم مەرگەساتە لەکوێوە هات و کێیە وا شمشێری لەدژی سەرزەمینەکان هەڵکێشاوە و بڕیاریداوە کەس نەهێڵێت. ئەو دیمەنانە هێندەیتر دەیڕوخاندن و باری شانیان سەنگینتر دەبو، بەدیاریانەوە دۆش دادەمان، لە دیوارێکی ڕوخاو و پەنجەرەیەکی شکاو و قرچە قرچەی شمەکەکان لەنێو ئاگرەکەدا، هەستیاندەکرد کە دۆزینەوەی ئازیزانیان چەندە سەخت و دژوارە. ئەڵقین سەرێکی بادا و چاوەکانی لێکنا وەک بیەوێ ئەو کارەساتە لەبەرچاوی بزر بێ» مەرگ مەودا بە هیچ شوێنێ نادا، هەمووی بەسەر دەکاتەوە و باڵەکانی هێندە بەهێزن،

سەرجەم دەڤەرەکان دادەپۆشێ».

نۆردمەن چاوی بەدەوری خۆیدا دەگێڕا، ترس پەلاماری جەستەی دەدا: تەنیا ئاگر و وێرانەخاک دەبینین، هیچ گوندێ ماوە کاول نەبووبێ؟! هامۆند تەواو نائومێد ببوو، تەماشای نۆردمەنی کرد: پێناچێ کەس بە زیندوویی قوتار بووبێ، ئاخۆ ئەمە کاری کێیە و بۆچی وادەکا؟!

ئەڵقین لەو خاکەساریيە ورد دەبۆوە و بیری دەکردەوە» هەرکەسێ ئەم کارەی کردبێ، پێناچێ مرۆڤ بێ.. کەسێکیش نییە ئالیکارمان بێ و ڕاستی ئەم ڕووداوانەمان پێ بڵێ».

ماوەیەک لەو گوندە سوتاو و دڵڕەنجاوانە ڕامان، بەڵام چارەیان نەبوو بەجێیان هێشتن و ڕێگەی نادیاری خۆیان گرتەبەر، ئەوە نزیکەی حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بوو، چیاکانیان یەک لەدوای یەک دەبڕی، دۆڵ و شیوەکانیان بەسەر کردەوە، لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەشتەم کە ماوەی سێ ڕۆژ بوو باران وچانی نەدابوو، لەدارستانە چڕ و پڕەکان هاتنە دەرێ و دەشتێکی پان و بەرین گرتنیە باوەش، هەندێ لە درەختەکانی دیاربوو تەمەنێکی دوور و درێژیان بەڕێکردبوو، سەریان بۆ ئاسمان هەڵکشابوو. لەسەرخۆ پێیان بە گیاکەڵەکاندا دەنا و دەیانویست وەک هەر دەڤەرێتر بیهاوێنە پشتی خۆیانەوە، کاتێ سەریان هەڵبڕی لەجێی خۆیاندا ڕەق وەستان. دەمیان کردەوە و تەماشای یەکتریان کرد،

چەشنی هەورەبروسکە لەبەر پێی دابن، ئاوها وەستان و وشەکان لە گەرویاندا گیری خوارد و نەهاتنە دەرێ، هەرگیز چاوەڕێی ئەو دیمەنە نەبون.

هامۆند سەرێکی ڕاوەشاند وەک ئەوەی ئاوەزی لەدەستچوبێ و بیەوێ بیهێنێتە ڕاستەڕێی خۆی، بە سەرسوڕمانەوە تەماشای دوو هاوەڵەکەی خۆی کرد: ئەو خەڵکە کێن وا لەو قوڕ و لیتە و لمەدا دێن و دەچن، هەر من ئەوە دەبینم یان ئێوەش؟!

ئەلفین بەوردی لێی ڕاما، دوای چەندین ڕۆژ ئەوە یەکەمین جارە خەڵکێ ببینن، کەسانێ هەژار و داماو لەنێو شوێنێکدا بەیەکدا دەهاتن و دەچون، ئەوێ باراناوی چەند ڕۆژی ڕابردوو کردبویە قوڕ و لیتەیەک، تا کلاوەی ئەژنۆیان لە هەڕدا نغرۆ ببوو، پێیان هەڵدێناوە چ کەوش و پێتاوێکیان نەدەدی، هەر پیر و گەنجێ، یەکی بوخچەیەک لە ملیاندا بوو، زۆرێکیان بەپێ دەڕۆیشتن و هەندێکیشیان لە ژن و منداڵ و بەسالاچوەکان خزابونە نێو گالیسکەیەکی چوار خلۆکەییەوە و گامێشە شاخدارە لەڕەکان ڕایاندەکێشان، ئەمان بە بینینی ئەو ئاژەلانە سەرسام ببون، هەرگیز ئاژەڵی لەو چەشنەیان نەدیتبوو گالیسکە کێش بکا. لە سەرزەمینی ئەوان کە دەڤەرێ شاخاوی بوو، بەردەوام بە پێ هاتوچۆیان بوو، هیچ ڕەشەوڵاخێکیان نەبوو، تەنانەت بۆ جوتکردنیش

هەر پشتیان بەهێز و بازووی خۆیان بەستبوو. ئەو خەڵکەی لەوێ بون یەک و دوان و دە و سەد نەبون، بەهەزاران کەس بون باریان لە شان خۆیان نابوو، وەک ئەمان ملی ڕێیەکی نادیاریان گرتبوەبەر.

ئەڵقین گەڵێ بیری کردەوە، هەستیکرد ئەمانەش لێقەوماوانێکن: تەماشایان بکەن، پێدەچێ ئەوانەش وەک گوندەکەی ئێمە ڕووبەڕووی کارەسات و مالوێرانی هاتبنەوە، لەسەرزەمین و شوێنی خۆیان ئاوارە بونە، ئەمانە خەڵکی ئەو گوندە وێرانکراوانەن کە بەلایاندا تێپەڕین.

نۆردمەن حەپەسابوو: بەڵام لەوە ناچێ هەموویان بۆ یەک شوێن بڕۆن، هەندێکیان ڕوو لە سەرەوە دەکەن و ئەوانی دیکەشیان بۆ خوارێ.

بەیەک ئاراستەدا نەدەڕۆیشتن، کەس ئاوڕی لە کەس نەدەدایەوە، هەروەک ئەوەی بونیان بۆ یەکتر نەبێ، جۆرێ لە سەرلێشێواوی لە سیمایاندا ڕەنگی دابۆوە، تەنانەت سەریان لەمانیش شێواندبوو، نەیاندەزانی شوێن کام کۆمەڵەیان بکەون و چ ئاراستەیەک بگرنەبەر، هامۆند پێیگوتن: خۆ ناکرێ هەروا بمێنین، دەبێ بڕیارێ بدەین.

ڕوخسارەکان کارەساتی گەورەیان دەگێڕاوە، ئەمانیش بیریان لەوە دەکردەوە کە کام ئاراستە هەڵبژێرن، لەناکاو شڵەژانێ ڕوویکردە نێو خەڵکەکە و لە ئاراستەی باکوردا دەیان کەس بەهەڵەداوان گەڕانەوە و هاواریان دەکرد: ڕاکەن...ئەی هاوار..ڕاکەن.

ترس و لەرز هەموو لایەکی تەنییەوە و هەریەکە پڕی دەدایە بوخچە و پریاسکەکەی و دەردەچوو، دەنگەکانیش تا دەهاتن بەرزتر دەبونەوە: هاتنەوە... ڕاکەن.. هاتن.

ئالۆزییەکی زۆر ڕویکردە خەڵکەکە و بە تاساوییەوە لەیەکتریان دەڕوانی، ئاوڕیان بۆ دواوە دایەوە، هەر لەدوورڕا دێوەزمەی مەرگ دەستی هەڕەشەی لێڕادەوەشاندن، ئەوان خەڵکێکی شەکەت و ماندوبون، بەو نیوە گیانیەی خۆیانەوە، هەڵاتن و ئەوی پێیدەکرا، خۆی توند دەکردەوە و دەرۆیشت، کەس ئاوڕی لەکەس نەدەدایەوە، قامچیەکان بەحەواوە دادەبارینە سەر پشتی ڕەشەوڵاخەکان و هاواریان بەسەردا دەکردن، دەیانزانی گەر بگەنە سەریان، نەک هەر خۆیان بەڵکو ڕەشەوڵاخەکانیشیان دەرباز نابێ، هەموو بۆنی کارەساتێ گەلێ گەورەیان کردبوو، بۆیە هەریەکە لەخەمی خۆیدا بوو، یەکەم شمشێر و یەکەم نێزە بەر ئەو نەکەوێ. لەدوورەوە دەنگ و هاواری سەدان سوارۆ بەسەر هێسترە گەورە و تووکنەکانەوە، چیا و دۆڵەکانی کاس کردبوو، زەوی لەبەر پێیاندا دەلەرزی، شمشێرەکانیان بادەدا و زرێکانیان دەسوڕاند، هەرچییەک وەبەر پێشیان بهاتایە سوریان دەکرد و هەر پارچەی بەلایەکدا هەڵدەفڕی.

نۆردمەنی گەورە لەو دیمەنە سەرسام ببوو، تەماشای هەڵاتنی خەڵکەکەی

دەکرد، ڕووی وەرگێڕا بۆ سوارۆکان، موچڕکە بەگیانیدا دەهات، ئەو هەرگیز لە ژیانیدا ئەو جۆرە هێسترانەی نەدیتبوو، بەڵام هەرچەندێ لێیان ورد دەبۆوە، دیمەنی کوشتنی دایکە پیرەکەی و هادریان و سوتانی گوندەکەیان بە بەرچاویدا دەهات و دەڕۆشت، خەیاڵێکی وا لە زەینی چەسپیبوو، کە هەر ئەم سوارۆیانە بوون بێبەزەییانە دەستیان چۆتە بینی ئازیزانی و دیاری مەرگیان بۆ بردون، بەرچاوی ڕەش بوو، تۆڵەسەندنەوە دەمارەکانی گرژ دەکرد. خەڵکەکە ڕووەو دارستانەکان هەڵاتن، ئەوێ تەنیا پەناگەیەک بوو، تا نەبنە چۆڕاوگەیەک لەو ڕوبارە خوێنەی ڕەنگە چەند ساتێکیتر هەستێ. نۆردمەنی بیری لەوە دەکردەوە ئامبازیان بێتەوە و ئەوەندەی پێیدەکرێ لێیان بکوژێ، بەڵام ئەڵفین وەستانەوەیەکی وای بە خۆکوشتن دانا، قۆڵی گرت و بەسەریدا هاواریکرد: نەکەی...ئەوە بێهودەییە، هیچ ئەنجامی نییە.

نۆردمەنی خۆی ڕاپسکاند و لێی دوورکەوتەوە، دیاربوو ژیان ئەو بەهایەی لەدەستدابو، بۆیە بڕیاری خۆی دەبردەسەر کە بەگژداچونەوەیە.

هامۆندە قوت توشی سەرسوڕمان هاتبو، تەماشای هێسترسوارەکانی دەکرد و لە نۆردمەنیش ڕادەما: ئەوە شێت بووە، دەیەوێ چی بکا؟ خۆی دەکوژێ.

دۆخەکە مەترسیدارتر دەبوو، سوارۆکان گەیشتنە نێو ئاپۆرای خەڵکەکە

و ڕاست و چەپیان دەستپێکرد، نۆردمەنیش تەنیا چەند چرکەیەک بوو گەیشتبوە نێو قەرەباڵغییەکە، ئەڵقین لەدوورەوە تەماشای دەکردن، لەدەرونەوە هەستیکرد کە نۆردمەنی گەورە لەسەر کەللەڕەقی خۆی بەردەوام بێ، بەدڵنیاییەوە تێدەچێ. خەڵک هەموو هەڵدەهاتن، ئەمانیش وێستیان ڕێچکەی ئەوان بگرنەبەر، بەڵام نۆردمەن دەست و پێی بەستبون، نەدەکرا بەجێی بێڵن، لەدڵی خۆیدا گوتی: ئەم سەرزلە دەماندا بەکوشت بێنەوەی لەهیچ تێبگەین.

دەستی دا بەیەکدا و ناچار بوو بەدەم هاوەڵەکەیەوە بڕوات و هامۆند بەجێ بێڵێت. هامۆند ئاوڕی لە هاوڕێکەی دایەوە بەتوڕەییەوە گوتی: ئەو بێمێشکە بەرەو مردنمان دەبات، بۆ کوێ دەچی؟

خەڵکەکە واقیان وڕمابوو، لەشکرێکی وا درێندە کە هەموو کەسێ لەبەریان هەڵدێ، سێ گەنج بەرەو ڕووی ئەو درێندانە دەچن و ئامبازیان دەبنەوە، هەڵوێستێکی چاوەڕواننەکراو بوو، هەموو حەپەسابون و هەندێکیان سەریان بادەدا و ئەو کارەیان بە گەمژەیی دەزانی، بۆیە ڕێڕەوی خۆیان نەگۆڕی و دووبارە بەرەو ناوجەرگەی دارستانەکە بەڕێکەوتن.

سوارۆکان کە زانییان وا چەند کەسێ بوێرانە دەیانەوێ ڕووبەڕوویان بوەستنەوە، سەرباری ئەوەش چەند کەسێکیان لێ کوشتون، بۆیە

بڕیاریاندا گەمارۆیان بدەن و بەدەردێکیان بەرن، ببنە پەند بۆ هەموو کەسێ کە بێتە سەر ڕێیان.

مەرگ تەنیا چەند شەقاوێ لێیانەوە دوور بوو، لافاوێک لە دڕندەی جۆراوجۆر بەرەو ڕوویان هاتن و هەرچییەک لەبەر ڕێگەیاندا بوایە بەئاسانی ڕایاندەمالّی، ئەمانیش هەروا تەماشایان دەکردن، لەوێدا سنووری نێوان ژیان و مردن سڕابۆوە، هەر زەبرێکیان دەسرەواندە یەکێ، دیمەنی گوندە سووتاوەکان لە زەینیاندا ڕۆشن دەبۆوە، بەدەیان تەرمی ئازیزانی خۆیان دەهاتەوە پێشچاویان، وردە وردە دەمارەکانیان گرژ دەبوو، خوێن بەری چاوی دەگرتن و ددانەکانیان چیرپەدەکردەوە، ئیدی چونە پێشەوە، شەڕکەرەکان تا دەهاتن زیاتر و زیاتر دەبون، بەدەوریاندا دەسوڕانەوە و شمشێرەکانیان با دەدا و بەشوێن کەللەسەرەکاندا دەگەڕان، لەشانەکانیان جیابکەنەوە. هاوێند لەهەمویان پەرۆشتر بوو، زرێکەی دەستی تاودا و رایدەوەشاند، بەڵام چەند نووکە شمشێرێ بەر جەستەی کەوت شەڵاڵی خوێن بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵی نەدا و بەردەوامبوو لەهێرشبردن، تا لەناکاو لەدەستی چەپیەوە شمشێرێ ئاراستەی سەری کرا، هەرچەند هەوڵیدا خۆی قوتار بکا، نەیتوانی تیغی کرد، خوێن جۆگەلەی بەست و دەموچاوی سور بوو، گورزێکی کوشندەتریان تێسرەواند، ئیتر هێندە خوێنی لەبەر

رۆیشت، وردە وردە دنیا لەبەرچاوی تەڵخ بوو، دارایەوە سەر زەوییەکە و کەوت.

نۆردمەنی گەورە سەری سوڕاند و هامۆند بینی خەڵتانی خوێن بوە، بەرەو لای غاری دا، هەر کە لێی نزیکبۆوە، چەند شەڕکەرێ دەورەیان دا، ناچار بەڕوویاندا وەستایەوە و چەند لێدانێکی بەزەبری ئاراستەکردن، بەڵام یەک و دوان نەبون، وەک شارەمێرولە ئالابونە نۆردمەنی و ژمارەیان سات بەسات لە زیادی دەدا، تەواو چەواشە ببوو، لەناکاو ژانێکی بەسوێ کەللەسەری لول دا و وا هەستیکرد هەموو دنیا داڕمیوە بەسەر سەریدا، جڵەوی خۆی لەدەستدا و هەنگاوەکانی شل ببون و بەرپێی خۆی نەدەپێکا، بەزەحمەت خۆی رادەگرت، کەوتە سەر ئەژنۆ و تەماشای دەورویەری خۆی دەکرد، بەتەواوی لەو کەسانە دەچون کە لە گیان کەنیشتدان و دەیانەوێ پڕ بەدیدەیان ژیان ببینن، لەونێوەدا چاوی کەوتە سەر ئەلڤین، کە هێشتا شمشێرەکەی بەڕاست و چەپدا دەگێڕا، پێڵوی چاوەکانی شل بون و وردە وردە دیمەنەکان بچوک دەبونەوە و پەردەیەکی ڕەشیان بەسەردا دەدرا، تا لە کۆتاییدا چاوەکانی بەیەکجاری لێکنا و لەشوێنی خۆیدا تەخت بوو.

بەڵام ئەوە هەر ئەوان نەبون کەوا ڕووبەڕووی کارەساتە چاوەڕواننەکراوەکان ببنەوە، چونکە لەوێ لە سەرزەمینی باکور،

لە دەڤەرێ دوور.. یەکجار دوور.. تیۆدلینا و ئێلندیا چەند شەو و رۆژێکی پڕ لە دڵەڕاوکێیان بەسەربرد، قسەکانی خاتوو گوڵستانی بەتەمەن ئارامی لێهەڵگرتبون، ئەو بەردەوام پێیدەگوتن کە لەگەڵیاندا بن و بیر لە سەرزەمینە نەفرەتکراوەکە نەکەنەوە، ئەوێ دەڤەری درندە و لەناوبەرەکانە، هیچ شتێ وەک خۆی نەماوە. هەردوکیان بەبێدەنگی بیریان دەکردەوە، جاروبار چاویان تەڕ دەبوو، بە پەنهانی فرمێسکێکیان دەڕشت. نوقمی دنیایەک ببون نە ئەمسەری دیار بوو نە ئەوسەر، بۆ هەرلایەک ڕێچکەیان دەبەست ڕووبەڕووی سەراب دەبونەوە، سەریان هەڵبڕی بۆ ئاسمان و بەشوێن تروسکاییەکدا وێڵا بون، بەڵام هەراوهۆریای دەرەوە هەموو خەیاڵێکی پساندن، گوێیان لەدەرەوە گرت، ئاڵۆزی و قەرەبالغییەکی سەیر هەبوو. بەپەلە لە بن خێوەتی سەر کیسەڵەکەوە، تەماشای دەرەوەی کرد، لەبەرخۆیەوە گوتی: ئەی هاوار.. ئەمانە کێن و ئێمە گەیشتینە کوێ؟

ڕوویکردە ئێلندیا: وەرە تەماشاکە.

ئێلندیا چوە تەنیشتیەوە و تەماشای دەرەوەی کرد، سەرسامی گرتی و چاوەکانی زیاتر زەقکردەوە، ئەو دیمەنانە یەکەمینجارە بە بەرچاویدا گوزەر بکەن، هەرگیز تێر نەدەبوو بەردەوام چاوی دەگێڕا، کۆمەڵێ بێشوومار لە کورتەباڵا لەدەوروبەری کیسەڵە زەبەللاحەکان ئاپۆرەیان

بەستوە، لەدووریشەوە چەندین کیسەڵی هاوشێوەیان بینی، ئەوێ شارێ گەورە بوو، بەهەزاران خانووی تێدا دروستکرابوو، هەموو بەداری ڕەش ڕازێنرابونەوە، دیمەنێکی سەیر و سەمەرەیان هەبوو، درەختەکان ڕەنگێ سەوز و ڕوون و بریقەداریان هەبوو، میوەکان هاوشێوەی سێو و هەنار و پرتەقاڵ بون، بەڵام ئەمانیش هەر ڕوون بون چەشنی شووشە و ئاو وابون، ناوک و تۆوەکانیان دەبینران. ئەو جێیە دەشتێ بوو، دەیڕوانیە سەر دەریاچەیەکی پان و بەرین، کە ئاوەکەی لەهاوین سارد و کەللەتەزێن، لە زستانیشدا شیلەتێن دادەهات، چەندین گردی بچووک و گەورە جاروبار تەختایی دەشتەکەیان دەشێواند، بەڵام لەنێوەندیدا چیایەکی گەورە قوت ببۆوە، چەندین تەلاری گەورە و سەرنجراکێش هەبون، کە پێنەدەچوو دەستکردی ئەو خەڵکە بن، لەدوورایی شارەکەوە چەندین درەختی بەرز بۆ پاراستنی ئەو شارە سەریان چوبوە ئاسمان. ئەو تەلارانە کەوتبونە لوتکە و قەدپاڵەکەیەوە، گۆڕەپانی پڕ لە گوڵی ڕەنگاورەنگ، ئەفسوناویتری کردبون، وا پێدەچوو ئەو کۆشک و تەلارانە بۆ سەردەمی هاتنی پێنج ڕەسەنە نایابەکە بگەڕێتەوە، کە کاتی خۆی لەو سەرزەمینانەدا دەستیان بە ئاوەدانکردنەوە کردبو.

هەموو خانوێک باخچەیەکی خنجیلانەی لەبەردەمدابوو، سەری دەرگاکان بەگوڵی سور و زەرد داپۆشرابون، هەریەکەشیان چرایەکی

کریستالّی پێوەبەندبوو. ئێوارەیەکی درەنگ بوو، خەڵک چراکانی پێش دەرگاکانیان هەڵدەکرد، تەنیا کۆشک و تەلارە سەرسوڕهێنەکان نەبێ، کە بەسەر لوتکەی چیا لە ناوەندی شاردا گیرسابونەوە، کەس دەستی بۆ چراکانی نەدەبرد و پێدەچوو قەدەغە بێ و کەس توخنی نەکەوێ. خەڵک لەدەوری کاروانەکە جەم بون، بۆ پێشوازی ئازیزانیان هاتبون، هەموان دابەزین و بەیەکتر شادبونەوە، تیۆدلینا و ئێلندیاش بەپلیکانەکاندا شۆڕبونەوە و هاتنە خوارێ، هەرکەسێ دەیبینین بە سەرسوڕمانەوە سەرنجیان لێدەدان، وەک ئەوەی یەکەمجاریان بێت، کەسێ لە رەسەنی پاک و فریادرەسەکان تێکەڵ بە کاروانیان بوبێ، تەنانەت نەشیاندەزانی ئەمدوانە سەر بە چ رەسەنێکن و لەکوێوە هاتون. بۆیە لەنێو ئاپۆرەی بەیەکگەیشتنی ئەو خەڵکانەدا، هەواڵی دوو کەسی نامۆ و غەوارە لەنێو شاردا بڵاوبۆوە، ئەوانەی کە گوێبیست بون، بە تامەزرۆییەوە لە ماڵ دەهاتنە دەرێ بۆ تەماشاکردنی دوو شتە سەرسوڕهێنەکەی ئەمجارەی کاروانچییان. لەو نێوەدا دەنگی گریانی چەندین پیاو و ئافرەت بەرزدەبۆوە، کە کەسوکاری کۆڕاوەکان بون، ئەوانەی بەهانای دووکەسە نامۆکەوە، کەوتنە بەر پەلاماری گورگە چاوسورەکان، ئافرەتە بەتەمەنەکان لەدەوریان جەم دەبون و دڵنەواییان دەدانەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو وشەیەک و فرمێسک و

دڵدانەوەیەکیشدا نیگایەکیان دەگرتە تیۆدلینا و ئێلندیا، نیگایەک پڕ لە گلەیی و ڕق و کینە، هەر بە چاو پێیاندەگوتن کە ئەوان هۆکاری لەناوچونی کەسوکاریان بونە. هەستیان بەتەنگەتاوییەکی یەکجار گەورە دەکرد، نەیاندەزانی ڕوو لەکوێ بکەن، لەجێی خۆیاندا وەستابون، ئەم دیمەنە پیرەمێردێکی سەرقاڵ کرد، بەوردی لەهەردوکیانی دەڕوانی، سەری بۆ لای خەڵکەکە سوڕاند و بەتوندی هاواریکرد بەسەریاندا: هەموو بڕۆنەوە بۆ ماڵەکانتان، کەس لێرە نەوەستێ.

بەزمانێک پێیگوتن، کە تا ڕادەیەک تیۆدلینا و ئێلندیاش لێی تێدەگەیشتن، ئەوجا ئاوڕی دایەوە بۆیان و ئەمجارە بەزمانی پێنج ڕەسەنەکان هاتەگۆ: غەریبەکان.. ئێوەش بەدوای مندا وەرن.

هەردوکیان سەرسام بون، کەوا ئەو پیرەمێردە لە زمانی ئەوان شارەزایە و دەتوانێ بناخڤێ. ئەوەی ئازاری دەدان، مامەڵەی خەڵکی ئەوێ بوو، کە بەشێوەیەکی قێزەون لێیاندەڕوانین و بەدیتنیان چ خۆشحاڵ نەبون، بیریان دەڕۆشت کە ئاخۆ ئەم پیرەمێردە بۆ کوێیان بەرێ. بەهەر شوێنێکدا گوزەریان دەکرد، بە نیگەرانیەوە تەماشایان دەکردن، بەڵام تەنیا مۆڕەیەکی پیرەمێردەکە هەموو شتێکی دەڕەواندەوە، ئیدی وردە وردە گۆڕەپانەکە چۆڵ بوو، تەنانەت ئەو کوڕ و کچانەش کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هاوسەفەری ئەوان بون، لەوێدا بزر بون. ئێلندیا

و تێۆدلینا بەدوای پیرەمێردا دەڕۆشتن، لە پەنجەرەی ماڵەکانەوە نیگاکان دزەیان دەکردە دەرەوە. خانووەکان لەنێو پەلک و گەڵای درەختەکاندا نغرۆ ببوو، زۆربەی هەرە زۆری ئەو شارە لە باوەشی ڕەگوڕیشەی درەختەکاندا بوو، دیمەنێ سەرنجڕاکێش بوو، بەڵام هیچ شتێ دڵی ئەو دوانەی نەدەهەژاند، پێشوازییە سارد و سڕەکە دڵی تۆراندن.

پیاوە بەتەمەنەکە نزیک تەلارێ بۆوە کە کەسی تێدا نیشتەجێ نەبوو، دەرگا زەرد و نەخشێنراوەکەی کردەوە، کە بەزمانی خۆیان ڕازێنرابۆوە، یەکڕاست دەچۆوە سەر هۆڵێک، چەند کورسی و مێزێکی لەدار داتاشراوی تێدا بوو، پڕ لە میوە و تابلۆی ڕەنگاورەنگ دیوارەکانی شاردبۆوە، دوو پەنجەرە بەرەو دەرەوەیان دەڕوانی، لەبەردەمیاندا مێزێکی نەخشین و چەند کورسییەک دانرابون، لە پشتی تەلارەکەوە خوارنگە دروستکرابوو، دوو تا سێ ژوری حەوانەوە و نووستن هەبون، دەکەوتنە نێوانی خوارنگە و هۆڵەکە، هیچ دەرگایەک لەنێوانیاندا نەبوو، چەند مافورێکی دەستچن ڕاخرابون، هەر بەدیواری هۆڵەکەوە نیمچە کتێبخانەیەک دانرابوو. پیرەمێرد لەوێشدا نەوەستا و بەرەو پشتەوەی تەلارەکە بەڕێکەوت، کە چەشنی کۆگایەکی بچکۆلە وابوو، پڕ لە کەلوپەل و بێرکە، ئاوڕی لێدانەوە و گوتی: وەرن، مەوەستن.

بەدوایدا چوون بەبێ ئەوەی پرسیاری لێبکەن، کە بەرەو کوێیان دەبا، رێگەیەکی دیکەیان گرتەبەر، لەناکاو خۆیان لەبەردەم دەروازەیەکی پان و بەرینیدا دیتەوە، کە لە بەرد هەڵکۆڵرابوو، ئەمان هێندە تێگەیشتن کە رووەو ژێرزەمینێ دەڕۆن، رووناکییەکی ئەفسووناوی لەوێوە شەوقی دەداوە. پیرەمێردەکە پەلەی بوو، لەدەروازەکە شۆڕبۆوە بۆ خوارەوە، تێۆدلینا و ئێلندیاش بەشوێنیدا ڕێچکەیان بەست، ئەوەی ئەوان بینیان توشی سەرسوڕمانێکی لە ئەندازەبەدەری کردن، چاویان دەنووقاند و دەکردەوە، لەدڵی خۆیاندا دەیانگوت ڕەنگە ئەمە خەون بێ، دنیایەکی پڕ لە دیاردە و شتی سەیر و سەمەرە و بەدوور لە ئەقڵ و ئاوەز، تەزوویەک سەراپای جەستەی ڕاوەشاندن، شەبەنگێکی ڕووناک لە ڕەگوڕیشەی دارە ڕەشەکانەوە دەهاتەدەرێ، ئەو ناوە هەمووی دەبریسکایەوە، ئەوێ ژێرزەمینێ بوو بەدەیان تونێلی دیکەی لەخۆدەگرت، وەک ڕۆژ ڕووناک و ڕەگەکان بەوانیشدا بڵاوببونەوە و دووبارە دەچونەوە بەناخی زەویدا، ئەو ڕەگانە بێجگە لەوەی ژێرزەمین و تونێلەکانیان ڕۆشن دەکردەوە، هەوای پیس و شێداری ئەوێی هەڵدەمژی و لەبری ئەوە شنەبایەکی فێنک و پاکی دەبەخشیەوە بە ژێرزەمینەکە. نێو تونێلەکان وەک عەمبارێ پڕ بوو لە دەیان شتی سەیر و سەرسوڕهێن، شمشێر و نێزە و زرێ لەسەر یەک کەڵەکە ببون،

چەندین تابلۆ و پەرتوک و دەستکردی نایابی لەخۆگرتبوو، کە زۆرینەی ئەو شتانە لەلایەن ئێلندیاوە نامۆ نەبون و دەیزانی کە خاوەندارێتی ئەوانە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەسەنە نایابەکان، بەڵام ئەوەی سەرسامی کردبوو، بونی ئەو شتانە بوو لەم سەرزەمینەدا.

هەرچەندێ لێکیدەداوە، وای بەخەیاڵدا دەهات، کە ئەمە شارێکی ژێرزەمینیە و دەبێ زۆر نهێنی بێ، هەریەکە لەو خانوانەی کە لە سەرەوەن، دەروازەیەکیان هەیە بۆ خوارەوە و دێنەوە سەر ئەم تونێلە ڕووناکانە. گرێکوێرەی ئێلندیا لە پەیدابونی ئەم پیرەمێردەدا بوو، کە بۆچی هێناونی بۆ ئەم شوێنە غەریبە. ئێلندیا لەبیرکردنەوەی خۆی وەئاگا هاتەوە، بینی تەنیا ئەم سێ کەسە نین، لەنێوانی تونێلەکاندا دێن و دەچن، بەڵکو کەسانێکیش هەن زۆر بەپەلە دێن و دەڕۆن وەک ئەوەی کارێ خێرا و تەنگاویان هەبێ، ئاورپشیان لەکەس نەدەداوە. ئەمان هەر چاویان لەسەر پیرەمێردەکەی بەردەمی خۆیان بوو، چونکە شوێنەکە هێندە پێچاوپێچ بوو، بۆ ساتێکی کەمیش چاویان لەسەر کەل بکردایە، بەتەواوی بزریان دەکرد.

ماوەیەکی دوور و درێژیان بڕی، تا گەیشتنە دەروازەیەکیتر کە زۆر شێوەی جیاواز بوو، لەوێشەوە شۆڕبونەوە بۆ خوارەوە، وا دەڕۆشتن وەک ئەوەی شوێنەکە کۆتایی نەبێت، هەنگاوەکانیان خێراتر دەبوو،

دواجار چاویان بەدەرگایەکی تەختە کەوت کە لە کۆتایی یەکێ لە تونێلەکاندا بوو، دەرگایەک هێندە بەژنی کورتەباڵاکان، سادە و بێ نەخش، بە رەنگێکی سور داپۆشرابوو، پارچە ئاسنێک لەناوەندیدا بوو، سەری کیسەڵێکی کۆڵراوی لەسەر دانرابوو، پیاوە بەتەمەنەکە پێش ئەوەی بچێتە ژورەوە، سەری کیسەڵە ئاسنینەکەی سێجار بەدەرگاکەدا کێشا، لەپشتی دەرگاوە نوزەیەک دەهات کە هەر بە زمانی کورتەباڵاکان دەچوو: کێیە، چیت دەوێ؟

پیرەمێرد بە ئەدەبەوە وەڵامیدایەوە: میوانمان هاتووە.

- کێن؟!

- نازانم..بەڵام دەبێ بیانبینی، لەدۆستە کۆنەکانت دەچن، بەڵام سەرگەردان بونە.

چەند چرکەیەک بێدەنگی لەبەردەمی دەرگاکەدا دروستبوو، وەک ئەوەی دووڵ بێ لە بینینیان، دواجار رێگەی دان: وەرن..وەرنە ژورێ. دەرگا کرایەوە، بەڵام لەناوەوە پێچەوانەی دەرگا بچوکەکە، ژورێکی گەورە و فراوان، بنمیچێکی بەرز، سێ ئەوەندەی بەژنی رەسەنە نایابەکان دەبوو، پڕ لە شتی نایاب و دانسقە، وەک تونێلەکان ڕەگوڕیشەی دارە ڕەشەکان ئەوێشی ڕووناک کردبۆوە. تابلۆی رەنگین و دەسترەنگینی سەرزەمینە دوور و نەبینراوەکان بەدیوارەکەدا

هەڵواسرابون. خاکەناس و بێرک و زەنبیلی کۆن، لەوێڕا دانرابون، کە وای نیشان دەدا ئەوان بەدەستی کەسانێکەوە بون، بەناخی زەویدا ڕۆشتون و خەزێنە شاراوەکانیان هێناوەتە دەرەوە و پاراستویانە. لەدیواری ژورەکەدا بەردی گرانبەها و بەدەگمەنی وەک یاقوت و پیرۆزە و ئەڵماس، خزێنرابونە درزەکانیەوە و هەرکاتێ ڕۆشناییان بەردەکەوت، دەبریسکانەوە و هێندەیتر هۆڵەکەیان ڕووناک دەکردەوە. زۆر شتیتر هەبون کە جێدەستی ڕەسەنە نایابەکانی پێوە نەبوو، بەڵام سەرجەمیان وەک نەختینەیەکی بەدەگمەن پارێزرابون. لە بەشی سەرەوەی هۆڵەکە پشتی مێزێکی بچکۆلە پڕ لە کتێب و نەخشەی جۆراوجۆر بوو، پیرەمێردێکی زۆر بەسالاچوو، پرچ و ردێنێ سپی بەردابۆوە، چاوەکانی دەبریسکانەوە و ژیرییەکی گەورە و ئەزموونێکی دوور و درێژی نیشان دەدا، کاتێ ئەوان بەژور کەوتن، سەری هەڵبڕی و لەبینینی ئەو دوو کەسە سەرسام بوو، لەپشتی مێزەکە هاتە دەرێ و بەڕەو ڕوویان هەنگاوی نا، لێیان وردبۆوە: دوو میوانی سەرزەمینە دوورەکان...ئادەی وەرنە پێشەوە با بە وردی تەماشاتان بکەم.

چاوەکانی بچووک کردنەوە و بە ئێلندیای گوت: تۆ لە ڕەسەنی پاک و فریادڕەسەکانی، وایە؟

ئێلندیا سەری سوڕما: چۆن زانیت؟

- باڵا بەرز و پڕچ سپی و چاو سەوز... هەر تەنیا ئەو ڕەسەنە وان، چۆن نازانم.

دواتر سەیری تیۆدلینای کرد: ئەمەیان سەرم لێدەرناچێ..پرچی ڕەشە و چاوشینە، ئەمە لە چ ڕەسەنێکە؟

تیۆدلینا بەخۆی وەڵامیدایەوە: من لەڕەسەنی پاک و فریادڕەس و دەستڕەنگین و پێکراوەکانم..من ئاوهام.

زیاتر لێیوردبۆوە، چاوەکانی زەق کردەوە وەک ئەوەی شتێکی دێرینی وەبیر هاتبێتەوە: بە کەسێکی ناسیار و خۆشەویستم دەچی... کێ.. کێ..ئا..دیتمەوە.. شاژن ڕۆنا..ئێستا وەبیرم هاتەوە، گەلێ بەو دەچی.

تیۆدلینا موچرکە بەگیانیدا هات: تۆ لەکوێ شاژن دەناسی؟!

بەزەردەخەنەیەکەوە: چۆن ناینناسم، هەمومان یەکەمین شاژن دەناسین. کەمێک خەمبار بوو: بەڵام دەمێکی زۆرە لەو ڕەسەنە نایابانە دوورکەوتومەتەوە.

ئیدی لە تیۆدلینای نەپرسی کە چ پەیوەندییەکی بە شاژن ڕۆناوە هەیە، بەڵکو زیاتر لەخەمی مەسەلەی دیکەدا بوو: کەوایە لەو ڕەسەنانەن، پێم بڵێن ئەوانە لەکوێن و چیان بەسەرهاتوە؟

ئێلندیا شڵەژابوو، سەری لەو پیرەمێردە دەرنەدەچوو: ئەی پیرەمێرد، تۆ پێمان بڵێ کێیت، چۆن ئەو ڕەسەنانە دەناسیت؟

- من هاوڕێی کۆنی فەرامۆشکراوی یەکەمین سەردەمم. بەڵێ یەکەمین سەردەم.

نیگاکانی بۆ دوور دەیانڕوانی، بۆ ئەو ڕۆژانەی کە ساتەکانی لەگەڵ ڕەسەنە نایابەکاندا بەسەر دەبرد: باسی ئەو سەرەتایە دەکەم، کە شەش مانگ و ڕۆژ پێکەوە دەردەکەوتن و ئەستێرەکان بە ڕۆژی ڕووناک دەبینران، ڕەسەنە نایابەکان تاک تاک و پۆل پۆل بەباڵە درەوشاوەکانیان شۆڕبونەوە و بەیەکەمین تیرۆژی خۆر بونە سەدان پارچەی بچکۆلە و بریقەدار..

تیۆدلینا و ئێلندیا بەو چیرۆکە شێوان، چونکە دەرکیان کرد کە دەبێ ئەم پیرەمێردە خاوەن چ تەمەنێ بێ، بۆیە دووبارە ئێلندیا پرسی: ئێوە چین و پەیوەندیتان بە ڕەسەنە نایابەکانەوە چیە، ناوت چییە؟ نەمانزانی تۆ کێیت؟

پیرەمێرد بیری دەکردەوە: ناوم.. بەڕاستی ناوی خۆمم بیرنەماوە، هەزاران ساڵ تێپەڕیوە، زۆر ناوم هەیە و بەزۆر ناویش بانگ کراوم، بەڵام من کێم و چیم، بۆچی پێتان بڵێم، میوانی ناکاوی منن، پێم بڵێن ڕەسەنە نایابەکان ئێستا لەکوێن.

ئێلندیا وەڵامیدایەوە: لەسەرتاسەری سەرزەمینەکانی باکور تا دەگاتە چیا و دارستان و دەشت و سۆزان و سارا و دەریا و ئوقیانوسەکان،

بڵاوبونەتەوە.

- ئا..شتی وام زۆر بیستووە، بەڵام بۆ کوێ رۆشتون؟

ئەمجارە تیۆدلینا وەڵامیدایەوە: بۆچی باوەڕت پێبکەین تا پێت بڵێین؟ پیرەمێرد بەزەردەخەنەوە تەماشایکرد: ئەوە من نیم هاتومەتە سەرزەمین و ماڵ و حاڵی تۆ، بەڵکو تۆ لە سەرزەمینی منداید و پارێزراوی و هیچ هەڕەشەیەکت لەسەر نییە.

ئەوجا ئێلندیا گوتی: پاک و فریادرەسەکان لەسەرزەمینی پاشای دارەکانن، ڕەسەنی دەستڕەنگین و پێکراوەکان لەدوای شەڕ بونە دوو دەستەوە، یەکێکیان بە سەرپەرشتی ساراوان لەپێشچاوان بزر بون، ئەوانی دیکەش بە سەرپەرشتی ئالان بەرەو شوێنە بەرز و چیا و دارستانەکان ڕۆشتن کە تەنیا بەفر تێیدا سەردەستە.

- ئەدی سیانەکەیتر چیان بەسەرهات؟

- شاژن ئانابێڵ لەگەڵ ڕەسەنی زیبای دەریاکان چوونە نێو قوڵایی ئوقیانوسەکانەوە، زانا و پیتۆڵەکانیش بەرەو دەشت و ڕوبار و تاڤگەکان چون، شاژن سیدراش لەگەڵ ڕەسەنی جوان و سەرنجڕاکێش ڕێی سارا و کانیە ئاوەکانی زەمزەمیان هەڵبژارد.

پیرەمێرد خەم دایگرت و ساڵە دوورەکان بە بەرچاویدا گوزەریان دەکرد، سەرێکی ڕاوەشاند: بەڵێ..دەزانم..دوای شەڕ ژیان و گوزەران

کارەساتبارتر بوو، هەموو بڵاوەی لێکرد و هەریەکە گەیشتە شوێنێ، سەرزەمینی پیرۆز داگیرکرا، رەسەنی مرۆڤ لە تاریکیدا چاوی کردەوە..هێشتاش چاوەکانی هەر رووناک نەبۆتەوە، سااڵنێکی زۆرە چاوەڕێی فووی دوازدە کچی سپی پۆشی دەروازەکانی سەرزەمینی پیرۆزین، بەڵام پێناچێ بەمزوانە گوێمان لەدەنگی ئەو شەپورانە بێ. لەوە زیاتری نەگوت، چاوەکانی لێکنا و کردنیەوە و زۆرزانانە گوتی: ئێ پێم بڵێن، زۆر دوور کەوتونەتەوە، بەدوای چیدا وێڵن و لەم سەرزەمینە دوورە چی دەکەن؟

ئێلندیا و تیۆدلینا تەماشای یەکتریان کرد، هیچیان ئامادە نەبون هۆکارەکە بدرکێنن، پیرەمێرد تەماشای کردنەوە: چیتانە بۆ قسە ناکەن؟

تیۆدلینا دوودڵ بوو لە وەاڵمدانەوە: ئێمە ئێستا لە چ سەرزەمینێکداین؟

- لەکوێن؟ ئێوە لە سەرزەمینە ئەفسوناوییەکەی کۆچەرانی سەرپشتی کیسەڵەکانن، ئێرە سەرزەمینێکە کەس بۆی نەهاتوە و کەسیش لێیەوە گوزەری نەکردوە، دەڤەرێ نەناسراوە، دوورە لە هەموو رەسەنەکان، بەتایبەتیش لە رەسەنی ئێوە کە زۆر دوورکەوتونەتەوە، ئێوەش یەکەمین کەسێکن لەدەرەوەی ئەم دەڤەرە پێیان نابێتە ئەم سەرزەمینە. بەاڵم هەر وەاڵمی پرسیارەکەی منتان نەداوە، ئێوە لە

سەرزەمینێکی زۆر دوورەوە هاتون، بۆچی گەیشتونەتە ئێرە، بۆ کوێ دەچن و بەتەمای چین؟

تیۆدلینا تێگەیشت کە خۆشاردنەوە لە بەرامبەر پیرەمێردێکی وا بێسودە، دووبارە سەرنجێ قوڵی داوە، جلکێکی رەنگاورەنگی پینەدار، کڵاوێکی درێژی نوک تیژی زۆر سەیر، ئامازەیە ئاشکرابو کە بەئاسانی دەتوانێ بەرامبەرەکەی بخوێنێتەوە، بۆیە بەناچاری پێیگوت: بەرەو سەرزەمینی رەسەنی مرۆڤەکان دەچین؟

پیرەمێرد روخساری شێوا و ئەو وەڵامە یەکجار دڵگرانی کرد، سەرێکی بادا و هەناسەیەکی قوڵی داوە، ئەو بە ئائومێدییەکی زۆرەوە لێیپرسی: ئاوها..ئێوەش لەو کەسانەن کە پشتتان لە بیروباوەڕی رەسەنەکانتان کردوە، دەچنە رێزی گومرا و ونبوەکان؟

دیمەنی باوکی هاتە پێشچاوی کاتی پێش رۆشتنیان پێیگوتبوو، یەکجار شڵەژا و دڵی توندبو، وەختەبو بگریەت: بۆچی وا دەڵێیت؟

- من وا نالێم، خۆتان وا دەڵێن، رۆشتن بۆ ئەو شوێنانە و جێهێشتنی رەسەنەکەتان، تەنیا یەک مانای هەیە.

پیرەمێردەکە وەک باوکی تیۆدلینا قسەی دەکرد، هەست بە ئازار و مەینەتیەکی زۆر گران لە وشە بەوشەی پستەکانیدا رەنگیدەداوە: سالانێکە چاوەڕێی وەڵامێکی دڵخۆشکارم، کەچی دوای ئەو هەموو

ماوەیە گوێم لەچی دەبێ...بۆچی دەڕۆن؟

ئێلندیا ویستی شتێ بڵێ، بەڵام تیۆدلینا تورەیی گرتی و حەزی بەو پرسیار و وەڵامانە نەبوو، چونکە هەموو پرسیارێکی پیرەمێردەکە تێروانینێکی وای پێدەبەخشین کە گەشتەکەیان هەڵەیەکی گەورە بووە، بەگرژییەوە گوتی: ئەوەیان پەیوەندی بەخۆمانەوە هەیە.

پیرەمێرد دڵگرانتر بوو، دەیزانی بەرامبەر کەسێ وەستاوە ئەوپەڕی سەرسەختی دەنوێنێ بۆ بەرگریکردن لە ڕاست و دروستی گەشتەکەی، بەدەنگێکی ئارام و سەبورانە هاتەگۆ: کەسانی وەک ئێوە و پێش ئێوەش بەداخەوە تەنیا کارەسات لەگەڵ خۆیاندا بۆ سەرزەمینەکانیان دێنن، زۆر هەواڵی ڕەسەنە نایابەکانم لە سەرزەمینە دوورەکانەوە بۆ هاتووە کە لەنێو لەخۆونبوندا نغرۆ بون، هەر ئەوانەش نەفرەتیان بۆ خاکەکەیان دروستکردوە. تەماشای دەوروبەری خۆتان بکەن، ئەوەی کە دەیبینن لە کەلوپەلی جەنگی و دانسقە، خاوەندارێتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی لە نێو دارستانەکان بزربون، کوژران، بەشێوەی نادیار بێسەروشوێن بون و ئاسەواری گیانییان نییە و ئەم پاشماوانەیان بەجێهێشتوە یان دەستبەرداری بون و فڕێیانداوە.

تاوێ بێدەنگ بوو، لەنیگای هەردوکیانی دەڕوانی تا بزانێ قسەکانی چەندێ ڕۆچۆتە ناخیانەوە: پێناچێ چارەنوسی ئێوەش لەوانەی پێشوو

باشتر بێ، ڕەسەنی مرۆڤ لەخۆی و لەهەموو شتێک ونە، هیچ شتێ لەنێویان نادۆزیتەوە، بگەڕێنەوە باشترە، لەو سەرزەمینەی ئەوان هیچ شتێکی بۆ ئێوە تێدا نییە، بەتاریکی هاتون و لەنێو تاریکیدا ژیان بەڕێدەکەن و هەر بە دڵ و چاوێکی تاریکیشەوە بڕەو بە پاشماوەی ئەوەی لە ئایندەدا دێ، دەدەن.

تێۆدلینا بۆ دووەمین جار توشی نائومێدی هات، جارێکیان باوکی ئاگاداری کردەوە کە شوێن سەراب کەوتوە، ئەمجارەش پیرەمێردێکی نەناسراوی بەئەزمون بۆی دووبارە دەکاتەوە، لەخۆی و لەهەموو شتێ تورە بوو: تۆ ئێمە ناناسی و نازانی چی لەدڵماندایە، چۆن بەخۆتی ڕەوا دەبینی شتی وامان پێ بڵێیت؟ ڕۆشتن و نەڕۆشتنمان دوریانێکە خۆمان دەستنیشانی دەکەین، ئەو هەموو ڕێگەیەم نەبڕیوە تا بگەڕێمەوە، ئەگەر دەتوانن ئالیکاربن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەکە، چاو بەڕەو ژێرتانین، ئەگەر نا ئێمە هەر دەڕۆین.

پیرەمێرد دڵنیابوو کە ئەم دوانە ئامادەنین ڕای خۆیان بگۆڕن، بەڵام بونی دوو کەسی لەو جۆرە لەهەر سەرزەمینێکدا مانای کارەسات و نەگبەتی و بەڵا بوو، ئەوان لە ڕوانگەی پیرەمێرد و ڕەسەنە نایابەکانەوە، لەخۆونبون و پشتیان لەبیروباوەڕی خۆیان کردوە، بۆیە بچنە نێو هەر سەرزەمین و خاکێ، نەفرەت بەدوای خۆیاندا دێنن، بە

نارەحەتیەوە پێیگوتن:

ناتوانین یارمەتیتان بدەین، ئێوە تەنیا ئەمشەو میوانی ئێمەن، لێرە چیدیکە جێگاتان نابێتەوە، ئێوە لە گومراکانن و لەگەڵ خۆتاندا کارەسات دێنن، رەسەنی مرۆڤە لەخۆونبوەکانیش ئێستا بونەتە هەڕەشەیەکی ترسناک بەسەر هەموو سەرزەمین و دارستانێکەوە، بەردەوام دەسوڕێنەوە، هیچ شتێ وەک خۆی نەماوە و پێدەچێ رۆژ بەرۆژ بەرەو خراپتریش بڕوات و مەترسییەکان گەورەتر ببن، ئایندە تاریکە و هیچ پاشایەک سەرهەڵنادات، سەرزەمینی حەوتەم هەروا بە بێ پاشا دەمێنێتەوە..

نێوچەوانی گرژ بوو، حەزی نەکرد لەوە زیاتر قسەیان لەگەڵدا بکا. تیۆدلینا ئەمەی بەدەرکردنێکی بێ پێچ و پەنا دانا، پیرەمێرد پشتی لێوەرگێڕان و گەڕایەوە سەر مێزە بچکۆلەکەی خۆی و چیدیکە تەماشای نەکردنەوە. تیۆدلینا و ئێلندیا تێگەیشتن کە ئەمە کۆتایی دیدارەکەیە، کشانەوە و پیاوەکە پێشیان کەوتەوە و لەدەروازەی هۆڵەکە هاتنە دەرەوە، تیۆدلینا دڵی قوڵپی دەدا، ئێلندیاش نەیدەویست لەوە زیاتر بە قسەیەک یان پێشنیازێ دڵگرانتری بکا، بێدەنگ بون و هەردوکیان لەو شوێنە هاتنە دەرەوە، پیاوە نامۆکە ئاوڕی لێدانەوە و شێلگیرانە پێیگوتن: وەک ئەوەی گوێتان لێبوو، بەیانی زوو پێش کەوتنی خۆر

و دنیا روناکبون، دەبێ ئەم سەرزەمینە جێ بێڵن و جارێکیتر بۆ ئێرە نەگەڕێنەوە، ئەوەی بینیوتانە و بیستوتانە بۆ خۆتان هەڵیگرن و لای کەس باسی مەکەن.

بۆیان دەرکەوت کەس ناخوازێ میواندارێ لەوان بکا،بەناچاری چوونە لای یەکێ لە کیسەڵە زەبەللاحەکانەوە، لەوێ هەگبە و بوخچەکانیان لەپێش خۆیان دانا و دانیشتن. تیۆدلینا خەمێ گەورە لولی دا و چارەنوسی لە بیژنگ دەدا: نازانم چ شتێکی هەڵەم کردوە؟ من تەنیا ویستم بەخواستی خۆم بڕیم، ژیانم لەدەستی خۆمدا بێ، ڕێگە نەدەم کەسیتر بڕیار لە چارەنوسم بدا، گەر ئەمە ژیان بێ، ئەدی خواست و ویست لەکوێی ئەو ژیانەدایە؟

لەناخەوە خۆی دابوە بەر ڕێژنەی پرسیار: بونی من وەک ڕەسەنێکی نایاب، ئەم باجە سەختە چییە لەسەری دانراوە، ئەو هەموو پەرژینە چییە نابێت لێی دەرچین و لەنێو بازنەکەیدا بسوڕێینەوە تا مۆڵەتمان دەدەن، ئەم ڕەسەنی مرۆڤە چییە تا لە پێناوی ئەواندا هێندە لەنێو کۆتوبەندا بین، ڕەسەنێکی وا قێزەون و لوتبەرز کەی ئەوە دێنن، وا ئێمە لەم ئازار و مەینەتیەدا بژین؟

دۆخێکی ئاڵۆز ئەشکەنجەی دەدا، سەری داخستبوو، ئەژنۆکانی گرتبوە باوەش، ئێلندیاش کە هەر لەسەرەتاوە بیرۆکەی سەفەری بەدڵ نەبوو،

رویکردە تیۆدلینا بەو ئومێدەی رازی بکا: دلینای نازدار، واز لەم سەفەر و رۆشتن و رەسەنی مرۆڤە بێنە، ئەوەندەی تا ئێستا بینیمان و بیستمان زۆری زیادە و ئیتر بەسە با لێرەدا بوەستین، هێشتا کات لەبەردەستماندایە و باشترە بگەڕێینەوە.

تیۆدلینا دەماری گرژتر بوو، چاوەکانی سور هەڵگەڕان: ئێوە کە هێندە بێزارن لەو رەسەنی مرۆڤە، ئەی لەپێناوی ئەوان نەبوو، باڵە بریقەدارەکانتان لەدەستدا و دابەزینە سەرزەمینی پیرۆز و شار و گوندتان بۆ ئاوەدانکردنەوە..هەر ئێوە نەبون؟

- ئەوە راستە، بەڵام ئەگەر قسەکانی شاژن رۆنا و باوکیشت پەسەند ناکەیت، خۆ گوێت لە قسەی پیرەمێردەکە بوو، چی پێگوتین، تەنانەت ئەویش دەزانێ مرۆڤ لەخۆی و لەهەموو شتێک و لە سەرەتای ون بووە، لە تاریکترین سەردەمدا دەژی، ئەوان ئێستا شایستە نین، بەڵام تۆ کچی شا و شاژنێکی لە رەسەنە نایابەکان، رەسەنی مرۆڤ دڵت دەشکێنن، وازبێنە لەم بیرکردنەوەیەت.

- ئێوە ئێستا رەسەنی مرۆڤ بە ناشایستە دەزانن، ئەی ئەو قسەیەی خۆتانتان لەبیرچوە کە نوسیوتانە ئێمە لەوانین و ئەوانیش لە ئێمەن، ئەگەر ئەوان نەبونایە ئێمەش بە یەکجاری بونمان نەدەبوو، ئەو رەسەنە نایابەش کە تۆ باسی دەکەی، ئەوە نییە پێیان لەهەموو شتێک ناوە

و له بیروباوەڕی خۆیان کشاونەتەوە، ئەوەی مرۆڤ نایکات، ئەوان دەیکەن و بەخراپترین شێوەش ئەنجامی دەدەن.

کەمێ ئارامبۆوە و دواتر دەستی پێکردەوە: بونی من وەک کچی پاشا و شازنێ، هیچ لە بونی من ناگۆڕێ، خۆم بە سادەترین کەس دەبینم. ئێلندیا لێی نزیکبۆوە و دڵنەوایی دایەوە: من تەنیا خەمی سەلامەتی تۆمە، حەزناکەم توشی کارەسات و نەهامەتی ببیت.

- دەردی من پەیوەندی بە کارەسات و نەهامەتیەوە نییە، کێشەی من هەڵبژاردنی رێگەیەکە زۆر بیرم لێکردۆتەوە، بەباشترین شێوەم زانیوە کە بۆ لەمەودوای ژیانی خۆمی دابنێم، جا هەر چییەکم بێتە پێ چ ناخۆش بێ و چ کارەسات بێ، ئەوە دەکەوێتە ئەستۆی خۆمەوە و کەسی تێدا گوناهبار ناکەم.

- بەڵام باش دەزانی کە ئەم خەڵکەی ئێرە لەخۆڕا قسە ناکەن، پێدەچێ هێزە نەناس و نادیارەکان لەو شوێنە سوڕابنەوە، کە پێیدا تێپەڕین و رەنگە ڕوبکەنە سەرزەمینی مرۆڤەکانیش، بەو پێیە بێجگە لە نەهامەتی و بەڵا و مەرگەسات توشی هیچ شتێکیتر نابین.

تیۆدلینا چاوەکانی کردنەوە: ئەمجۆرە شتانە پێش ئەوەی بەڕێبکەوین دەمانزانی، تۆ بوێری بەڕوداوەستانەوەت بەرامبەر مەترسییەکان نییە، بەتۆم گوت هەر لەسەرەتاوە گەر لەگەڵم دێیت ئەوا بزانە کە بواری

گەڕانەوەمان نابێ و نییە.

ئێلندیا زۆر نیگەران بوو، هەستیدەکرد لە تیۆدلینا ناگات، بۆیە بەبێزارییەوە پێیگوت: تەنیا پێم بڵێ، تۆیەک هێشتا ڕەسەنی مرۆڤت نەدیوە و نەناسیوە، بۆچی هێندە پەرۆش و شەیدایت بۆیان؟

تیۆدلینا یەکسەر وەڵامی نەدایەوە، کەمێ بیری کردەوە ئەوجا هاتەگۆ: من لەپێناوی مرۆڤدا ئەم سەفەرەم نەکردوە، بەڵکو بۆ خۆم بووە و بەس، دەبێ خۆشی و ناخۆشییەکان بەچاوی خۆم ببینم و ڕاستییەکان لەنزیکەوە هەستیان پێبکەم.

ئێلندیا بێهودەیی لە گفتوگۆکەدا دەبینییەوە، هەستایە سەرپێ و گوتی: ڕۆشتنمان تەنیا کوشتن و لەناوچونی بەدواوەیە، تکایە با بگەڕێینەوە و دڵنیاش بە ڕۆنا و ئۆلاندێڵ تۆیان لەهەموو شتێ زیاتر خۆشدەوێ و لێت دەبورن، هیچیان لەدڵدا نامێنێ.

تیۆدلینا بەو قسەیە تورە بوو: تۆ دەتوانیت بگەڕێیتەوە، بەڵام چاوەڕێی من مەکە بڕیاری وا بدەم، گوێت لێنەبوو باوکم چی پێگوتم، مافی ئەوەت نییە دووبارە بگەڕێیتەوە، بەس پێم بڵێ دوای ئەو قسانە من چۆن بگەڕێمەوە؟

دەنگی لوڕەی گیانلەبەرەکان لەدوورەوە دەهات، جار و بار لە پەنجەرەی ماڵەکانەوە سەرێک دەجوڵا و تەماشای دەرەوەی دەکرد، تیۆدلینا

خۆی ئامادەکرد بە پلیکانەدا سەرکەوێتە نێو خێوەتگەی سەرپشتی کیسەڵەکە، کەمێ وەستا و بە ئێلندیای گوت: وەک دایکی خۆم تۆم خۆشدەوێ، بەڵام چیدیکە نامەوێ لەم سەفەرەمدا یاوەرم بیت، بەرەبەیان بەتەنیا بەرێ دەکەوم، تۆش دەبێ بگەڕێیتەوە بۆ سەرزەمینی پاشای دارەکان، دەزانم رۆنا و ئۆلاندێڵ زۆر لێم تورەن، بەڵام تکایە پێیان بڵێ گەردنم ئازاد بکەن، چونکە کچەکەیان ناگەڕێتەوە.

چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بون و ئێلندیاش لەجێی خۆی وشک وەستا، نەیدەزانی چی پێ بڵێ، ئەو چوە نێو خێوەتەکە و تاوێ بیری کردەوە لە سەفەرە تەنیاکەی، هەرچی دیمەنێکیشی دێنایە پێشچاوی رویەکی گەشبینانەی نەدەدایێ.

# سیمورغی پیر

تیۆدلینا گوێی بەدەنگەکە ئاشنا بوو، چاوەکانی کردەوە، دەستی ئێلندیای بینی کە شانی رادەوەشاند و پێیگوتەوە: هەستەوە.. هەستە.. لەنێو خێوەتگەی سەرپشتی کیسەڵەکانی، باشترە هەستییەوە..

دووبارە لە ئێلندیا تورە بۆوە و پێیگوت: ئەدی شەوێ پێمنەگوتی برۆرەوە لای رۆنا و ئۆلاندیڵ، لێرە چی دەکەی، بۆچی نەرۆشتویت؟

- جارێ تۆ لەخەو هەستە، ئەوجا خۆت تورە بکە، ئاخر بەبێ من بۆ کوێ دەڕۆیت، پێم ناڵێیت؟

- نەخێر بەتەنیا دەڕۆم، حەز ناکەم کەسم لەگەڵ بێ.

تیۆدلینا هەستایەسەرپێ، خۆی دەکێشاوە و تەماشای ئێلندیای کردەوە: هەرچییەک بێت لەگەڵ من نایەیت، گەریش بێیت ئەوا بەقسەی خۆتت کردوە و بۆت نییە هیچ گلەیی و گازەندەیەک بکەیت.

- نا..نا.. خەمت نەبێ، بەقسەی خۆم و بەدڵی خۆم دێم، دڵنیاش بە گلەیی ناکەم، هەردەبێ بێم و ئەم رەسەنی مرۆڤە کەس نەدیو و نەناسە ببینم وا تۆی شەیدا کردوە، تا بزانم ئەمانە چ شتێکی نەبینراون.

دەستیدایە بوخچەکەی و لەپلیکانەکانەوە هاتەخوارێ و بە ئێلندیای

گوت: واز لەو قسانە بێنە، ئەوەی گرنگە ئێستا ئێمە لەکوێین و دەبێ بۆ کام شوێن پێ هەڵگرین؟

ئێلندیا تەماشای دەوروبەری خۆی کرد، سروشتێکی دڵڕفێن و ئارام، خۆر بە ئەسپایی لەپشتی چیاکانەوە وەدەردەکەوت، خەڵکی ئەوێ هێشتا لەگەڵ خەوندا دەست لەملانێ بون، نیگای بۆ هەموو کون و کەلەبەرێ دەگێڕا، بەڵام زیاتر لەسەر کۆشک و تەلارە بەرزەکان وەستا، کە هەر لەدیمەنیانەوە دیاربوو، مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا، بۆ ئەو سەردەمانەی یەکەمین جار پێنج رەسەنە نایابەکە هاتن بۆ سەرزەمینی حەوتەم و ئاوەدانیان کردەوە. ئێلندیا دوێنێ ئێوارە گەیشتبووە ئەو شوێنە و بەو ڕونیەی ئێستا دەیبینێ، ئاوها نەیدیتبوو. بەتەوسەوە سەرنجی دەدان، هەستی بەسام و شکۆیەکی گەورە دەکرد، بەلایەوە پرسیار بوو کە بۆچی بەدرێژایی ئەو ساڵانەی رابردوو، کەس بۆ ئەوێ نەڕۆشتوە و کەسیش لەنێویاندا نەژیاوە. ئێلندیا سەری بڵندکردەوە بۆ ئاسمان و چاوی بە ئەستێرەیەکی گەش کەوت، هەمان ئەو ئەستێرەیە بوو، زۆرجار بەنهێنی بەتێڕدلینا دەگوترا: شوێن ئەم ئەستێرەیە بکەوە، دەتگەیەنێتە سەرزەمینی مرۆڤەکان. ئێلندیا دڵی خۆشبو یەکسەر گوتی: ئەوەتانێ با بەدوای ئەو ئەستێرەیەدا بڕۆین.

تیۆدلینا دوودڵ نەبوو لەدەسپێکردنەوەی سەفەرەکەی، دەیویست بەزووترین کات ئەوێ بەجێ بێڵێت، کەلوپەلەکانیان پێچایەوە و ئێلندیا تیروکەوانێکی لەپشتی قایمکرد، کە لەخانوەکانی نێو دارودرەختە رەشەکاندا پڕی دابوین و لەگەڵ خۆیدا هێنابوی. تازە بەتازە لە پەنجەرەی ماڵانەوە سەرەتاتکێ دەکرا، تا بزانن دوو میوانەکە ئەوێیان بەجێهێشتوە یان نا، بەڵام ئەوان هەنگاویان دەنا و شارە سەیر و سەمەرەکەیان بەجێدەهێشت.

بەدرێژایی نێ شەو و نێ رۆژ لە رۆشتن بەردەوامبون، لە رۆژی دەیەمدا گەیشتنە بەردەم دارستانێکی چڕ و درەخت بەرز، کە بەبەیەکدائاڵابون و بەسەختی لەنێویدا شینایی ئاسمان دەبینرا، ئەوەشی کە زیاتر نیگەرانی کردبون، ئەستێرە گەشەکە بەیەکجاری لێیان بزر بوو، کە هەموو ئومێدێکیان ئەو بوو تا بگەنە سەرزەمینی رەسەنی مرۆڤەکان. رایانوابوو تا بەرەو باشور ئاراستە وەربگرن، ڕاست و دروستیان پێکاوە، ئەوان لەسەر ئەو بڕوایە رێیان تەی دەکرد، کە هەموو رەسەنە نایابەکان بەشی باکوریان هەڵبژاردوە و لەوێ نیشتەجێ بون، رەسەنی مرۆڤیش بەشی خوارەوەی ئەوانیان دەستنیشانکردوە، ئیڤڵۆردیش بەشی باشور. بەڵام لەراستیدا ئەوان لەو دارستانە چڕەدا سەرگەردان ببون، بێئەوەی هەست بکەن بە بەردەوامی لەدەوری خۆیان دەسوڕانەوە،

ماندو و شەکەت بون، ئیدی گەیشتبونە ئەو بڕوایەی کە هەرچۆنێ دێن و دەچن، هەمان ئەو دیمەن و درەختانە دەبینێنەوە، کە پێش چەند ساتێ بەلایدا گوزەریان کردبوو، برسێتیش وەک بەڵایەکی دیکە تەنگی پێهەڵچنیبون، بۆیە ئێلندیا ئارامی لێبڕا و گوتی: تیۆدلینا راوەستە.. پێدەچێ ڕێگەمان بزر کردبێ.

تیۆدلینا هەناسەتەنگ ببوو، ئەو هەواڵەش بێزارتری کرد: هەواڵێکی زۆر خۆشە...

ئێلندیا لەشوێنی خۆی وەستا و دەرکی کرد، کە چیدیکە ناتوانن بەو شێوەیە بەردەوام بن: راوەستە با تۆزێ بحەوێینەوە و شتێ بخۆین.

تیۆدلینا توانای هەنگاونانی نەمابوو، خۆی بەچڵی پیرەدارێکەوە ڕاگرتبوو، بەو قسەیەی ئێلندیاش سەراسیمە ببوو، بە سەرسوڕمانەوە پێیگوت: فەرموو دایەگیان..ئەوە سفرە و خوانی پڕ لەمیوە و گوڵ و هەنگوین.

- سەری مرۆڤەکان خۆش بێت..ئەم سەرگەردانی و برسێتی و تینوێتی و دەرکردنە هەر لە ڕێماندا دووبارە دەبێتەوە.

لەسەر وشکەدارێکی کەوتوو دانیشت و بوخچەکەی سەرشانی داگرت و لەکەناری خۆیەوە دایناء تیۆدلیناش لە نزیکیەوە ئارامی گرت: جا مرۆڤ چ گوناهێکی لەوەدا هەیە، خۆ ئەوان هەر ناشزانن ئێمە هەین

یان نین.

ئێلندیا بوخچەکەی کردەوە، لەوەتەی لە سەرزەمینی خۆیان دەرچون ئەو بوخچەیە نەکراوەتەوە، بۆیە یەکێ لە مەراقەکانی تیۆدلینا ئەوەبوو کەئاخۆ دەبێ چی لەخۆگرتبێ، بۆیە کاتێ لێی پرسی بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامیدایەوە: دیارە لەمێژە دالّفەت لەو بوخچەیە داوە؟

سەری بۆ لەقاند و ئەویش دەیویست زیاتر تامەزرۆی بکا: ئەوە شتێ زۆر گرنگی تێدایە، ناتوانم پێت بڵێم.

- بیکەوە بزانم چییە، وا هەمیشە دەستت لێی بەرنابێ؟

بەزەردەخەنەوە پێیگوت: ئەوە نەختی تۆ و ئەوە..ئەو کوڕە سوارچاکەی لە رەسەنی مرۆڤەکانە.

تیۆدلینا هەستیکرد گاڵتەی پێدەکا: نەختی من و جوامێری چی، ئەی بۆ نەختی تۆ و ئەو پیرەمێردە نەبێ کە هێشتا نەهاتوە و نەتبینیوە؟ تیۆدلینا تاراەیەک لە قسەکەی خۆی پەشیمان بوو، بەڵام بیرۆکەیەکی دیکەی بەزەیندا هێنا وەک ئەوەی شتێکی زۆر گرنگی بیرهاتبێتەوە: ئەرێ بەڕاست ئێلندیا، ئەوە چۆنە تا ئێستا مێردت نەکردووە و منداڵت نییە؟

هەرگیز بەو شێوەیە لەگەڵ ئێلندیادا نەئاخڤیوە، بێئەوەی ئاوڕی

لێبداتەوە زۆر شێلگیرانە وەڵامیدایەوە: دەمویست شو بە ئۆلاندێڵی باوکت بکەم، بەڵام رۆنای دایکت لەدەستی ڕفاندم.

تیۆدلینا بەو قسەیە سەرسام بوو، قاقای پێکەنینی لێدا: ئەو قسەیەت لەکوێ هێنا، بەڕاستی زیرەکیت، زۆر دوور ڕۆشتیت، لەوێ دابڕاوین زرنگ بویت، بۆ پێشتر ئەو قسەیەت نەکرد، بەسە با بگەڕێینەوە ئەوجا ئەم قسانە بکە..

لە قسەکردن وەستا، وەک ئەوەی هەورە بروسکە لەبەر پێی دابێ، شڵەژا و لەجێی خۆی وشک بوو، نەیزانی ئەو قسەیەی دوایی چۆن لەزار هاتەدەرێ، باسی لە چ گەڕانەوەیەک کرد، دەرکیکرد کە چیدیکە ناگەڕێنەوە، ئێلندیاش هەستی بەو شڵەژانەی تیۆدلینا کرد، وای لێکدایەوە فڕێدانی قسەیەکی وا، هەڵگری ئاوات و خواستێکی شاراوەیە بۆ گەڕانەوە، ئەو شان بەشانی رۆنا تیۆدلینای بەخێوکردوە و باشی دەناسی، هەر بە زەردەخەنەوە سەرقاڵی کردەوە: تەنیا ئەوەندە بزانە کە تۆ هەر کچی شاژن رۆنا نیت، بەڵکو کچی منیشی.. ئا..کچی من و ئۆلاندێڵ.

تیۆدلینا ئەم قسەیەی لاسەیر بوو: چۆن من کیژی تۆم؟

ئێلندیا شوشەیەکی ڕەنگاوڕەنگی پڕ هەنگوینی لە بوخچەکە هێنایەدەرێ و دایەدەستی: جارێ ئەوە بخۆ با هێز و توانات بۆ بگەڕێتەوە و

دەمارەکانت وریا ببنەوە.

شوشەکەی لەدەست وەرگرت، بەڵام کۆڵی لە پرسیارەکەی نەدا: دەی پێم بڵێ چۆن من کێژی تۆ و ئۆلاندێڵم... بوەستە بوەستە دیارە شاژن رۆناش بەربوک بووە..ها وانیە؟

ئێلندیا قاقای پێکەنینی لێدایەوە: ئەها بزانە چەندە ژیری، من کورتەباسێکی مەسەلەکەم کرد، کەچی تۆ هەموو سەرەداوەکانت دەرخست، ئێ هەروایە شەوێکی مانگەشەو وەک شەوی پێش هاتنمان لەسەر بانیژەکە، خۆم دایە دەست ئەشقی باوکت و ئیدی لەو دووگیان بووم، بەڵام تا ئەم ساتەوەختە نهێنیەکەم پاراستووە.

تیۆدلینا خواردنەکە لە گەروی گیرا و پاروەکە لەدەستی کەوتە خوارەوە، کەمێک کۆکی و دواتر چاوەکانی زەقکردنەوە: ئەوە بەڕاستتە یان گاڵتەم لەگەڵدا دەکەی؟

ئێلندیا پێکەنی: ئەرێ ڕاست دەکەم.

- دە برۆ..ئەوە چی دەڵێیت، تۆش کات و ساتێکی خۆشت بۆ گاڵتەکردن دۆزیوەتەوە.

باڵندەکان لەسەر لقەکان وەک ئەوەی شتێ هەراسانیان بکا، یان بیانترسێنێ، بەجارێ باڵەفڕیان کرد و ئەوێیان بەجێهێشت، ئەمانیش شڵەژان و لەجێی خۆیان هەستانەسەرپێ، زانییان ئەو باڵندانە لەخۆڕا

لە شەقەی باڵ نادەن، گەر درندەیەکیان نەدیتبێ یان هەستیان بەنزیکبونەوەی هەڕەشەیەک نەکردبێ، خێرا شمشێریان لەکێڵان دەرکێشا و ئامادەسازییان وەرگرت. بەڵام لەدەرونەوە زۆر نیگەران بون، دەترسان توشی هەمان ئەو گورگە چاوسورانە ببنەوە، کە پێشتر هێرشیان بۆ بردبون. لەرینەوەی چڵ و پۆپی درەختەکان زیاتر دەبوو، ئیدی ئەوە بەس بوو بۆیان کە تێبگەن، شتێک لێیان نزیک دەبێتەوە و تەنیا چەند شەقاوێ دوورە، دڵیان توند لێی دەدا و لەگەڵ خرچەی گەلا و چڵە وشکەڵاتوە کەوتوەکاندا ئاوازی ترسەکەیان گەورە و گەورەتر دەکرد، لەناکاو لە پشتیانەوە جوڵەکە وەستا و هەستیانکرد ئەوەی چاوەروانی دەکەن، لە پشتەوە بۆیان هاتوە، لەجێی خۆیان وشک وەستان، دەنگێک شڵەژاندنی: سڵاو هاوڕێیان..

سەریان سوڕاندەوە و دەنگەکە لەو سەرزەمینە نامۆیەدا لە گوێیان ئاشنا بوو، هەناسەیەکی ئاسودەیان هەڵمژی و تەماشایان کرد، هەمان ئەو کوڕە گەنجە کورتەباڵایە، کە پاش لەناوبردنی گورگە چاوسورەکان، داوای لە تیۆدلینا و ئێلندیا کردبوو، یاوەریان بن، بەسەر پشتی کیسەڵە زەبەلاحەکەوە تەماشای دەکردن، بەلاشیانەوە سەیر بوو کە ئەم کەسە لەوێدا چی دەکا، ئەو بواری ئەوەی نەدان پرسیار بکەن، خێرا گوتی: پەلە بکەن، وەرن دەی وەرن، پێتانوایە بۆ

کوێ دەڕۆین، دەمێکی زۆرە بەدواتاندا دەگەڕێم.

هەردوکیان سەیری یەکتریان کرد، تێگەیشتن کە ئەمە ڕێکەوت نییە و شوێنیان کەوتوە، بەڵام نەیاندەزانی هۆکارەکەی چییە، دووبارە هاواری بەسەرداکردنەوە: دەی زووبن، با شەومان بەسەردا نەیەت، خۆ بڕیار نییە شەوێکی درێژ چاوەڕێتان بکەم، وەرن دەبێ زوو بڕۆین، ئەم دارستانە ترسناکە جێی ئێمە نییە.

ئەوان بەتەواوی سەرگەردان ببون و ڕێیان بزر کردبوو، نەیاندەزانی بۆ کوێ دەڕۆن، بەپەلە خۆیان ڕێکخست و بەپلیکانەکەدا سەرکەوتنەوە سەر پشتی کیسەڵەکە، گەرچی ئەو ئازەڵانە هەموی لەیەک دەچون، بەڵام بەخێوەتەکەی پشتیدا دەیانناسییەوە. بەدرێژایی ڕێگە دوای ئەو هەموو شەو و ڕۆژە پڕ ماندوێتی و دڵنائگادارییانە، خەوێکی ئارامییان کرد. ڕۆژی دواتر گەیشتنە گۆڕەپانە پڕ گوڵ و گوڵزارەکە، تێزدلینا ئەو دەمەی وەبیرهاتەوە کە لەگەڵ کورتەبالاکاندا کەلوپەل و زەنبیل و بوخچەیان دەپێچاوە و دەچون شیلەی گوڵانیان دەگرت، بەڵام ئەمجارە وەک پێشو، سندوقەکانی بەرچاو نەکەوت کە لەوێدا شیلەکانیان هەڵدەگرت، گەنجە کورتەبالاکە هاواری لێکردن کە بێنە پێشەوەی کیسەڵەکە و لەگەڵیدا دانیشن. هاتنە نزیکیەوە و لەسەرخۆ دەستی بەقسان کرد: من ناوم بۆتینە، ئەوە ناوی چیایەکی بەرزە لە

شوێنێکی دوور و فەرامۆشکراوە، خۆم ئەو سەرزەمینە فەرامۆشکراوەم نەبینیوە، ئەوێ خاکێکە زۆر هەوڵی ونکردنی مێژوو و ڕاستییەکانی دراوە، بەڵام نەوە لەدوای نەوە ڕاستییەکانیان بۆ یەکتری گواستۆتەوە و وەک ئەمانەتێک پاراستویانە، بەوێ دەگوترێ سەرزەمینی شامێران و مێرخاسان و مەردان و خۆڕاگران، سەرەڕای ئاوارەبون و ئاورتێبەردان و وێرانکردنی چل گوند و چەوسانەوە و دوورخستنەوەیان، کەچی ڕاستی و مێژووی بست بەبستی ئەو خاکە بزر نابێ.

تیۆدلینا سەرنجی دەدا و پێی سەیر بوو، کەوا قسە دەکا، چونکە ئەو ڕۆژە تەنگانەیەی بەهانایانەوە هات، وشەیەک لەزاری نەهاتە دەرێ، بۆیە لێی پرسی: ڕۆژی یەکەممان تۆ هیچت لەگەڵ ئێمە نەگوت؟

ئەو هێشتا هەوساری کیسەڵەکەی بەدەستەوە بوو، بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی: ئاخر ئێمە لەگەڵ غەریبەکان قسە ناکەین.

ئێلندیا پرسی: کەوایە بۆچی ئێمە لەو گورگە چاوسورانە و ئەم سەرگەردانیەی ئێستا دەرباز کرد؟

ڕاست دەکەی دەبایە بمانهێشتبا گورگەکان بتانخۆن، بەتایبەت لای ئێمە زانراو بوو کە ئێوە کەسە لەخۆونبوەکانن و دەتانەوێ بۆ سەرزەمینی ڕەسەنی مرۆڤ بچن.

تیۆدلینا بەو ڕستەیە نیگەران بوو: جا بۆچی بەدواماندا هاتیت؟

- دڵم نەهات، دەزانم نامۆن و لەو دارستانە مەترسیدارەدا بەیەکجاری سەرگەردان دەبن و لەکۆتاییدا ڕێ وێڵ دەکەن، بەڵام بێخەم بن کەس نازانێ کە من هاتومەتە لاتان.

کەمێ وەستا و ئەوجا درێژەی بەقسەکانی دا: بەداخەوە ناتوانم زۆر دوور لەگەڵتان بم، بۆ گەیشتن بە سەرزەمینی ڕەسەنی مرۆڤەکان تەنیا یەک ڕێگە هەیە، کە ئێستا بۆ ئەو ڕێگەیەتان دەبەم.

تێۆدلینا بەم هەواڵە خۆشحاڵ بوو: ئەو ڕێگەیە لەکوێیە؟

دەستی بۆ لای ڕۆژاوا درێژکرد، بەڕەو چیا بەفراوییەکان کە زنجیرەیەکی نەبڕاوە بون: لەسەر دوندی ئەو چیا بەرزانە ئەشکەوتێ هەیە، جار جار باڵندە گەورە و نەناسراوەکان لەوێوە بەسەر سەرزەمینی ڕەسەنی مرۆڤدا هەڵدەفڕین، دواتر لەو ئەشکەوتە گەورەدا لە دەوری یەکتری خڕدەبونەوە.

توشی سەرسوڕمان هاتن، بە پەرۆشییەوە پرسییان: بۆچی لەوێدا کۆدەبونەوە؟

هەوساری کیسەڵە زەبەللاحەکەی کەمێ بەڕەو لای خۆی هێنا و چەند تەکانێکی پێدا، تا ئاژەڵەکە خێراتر هەنگاو بنێ و پێش تاریک داهاتن ئەو شوێنە بەجێ بێڵن: ئاخر دەبێ ئێوە داوا لەو باڵندانە بکەن، بتانبەنە سەرزەمینی ڕەسەنی مرۆڤەکان، ڕێگەیەکی ئەوەندە دوور و

درێژ و پڕ مەترسییە، مەگەر باڵندەکان بتوانن هاوکار بن تا یەکێ بگاتە ئەو سەرزەمینە، ئەمە تەنیا رێگەچارەیەکی ئێوەیە گەر بتانەوێ سەرکەوتوو بن، لەبەرئەوە دەبێ بەهەر شێوەیەک بووە، سەرەتا باڵندەکان ڕازی بکەن.

ئاگادارییەکی دڵخۆشکار نەبوو بۆ هەردوکیان، بەنیگەرانییەکی زۆرەوە تێڕدلینا گوتی: باشە لەباریکی وادا چی بکەین، خۆ ئێمە زمانیان نازانین، چۆن قسەیان لەگەڵدا بکەین و چۆنیان تێبگەیەنین؟

ئێلندیا خێرا وەڵامیدایەوە: لەوبارەوە خەمت نەبێ، من لە زمانیان تێدەگەم و دەشزانم لەگەڵیان بناخڤم، کاتی ئەوەش هاتوە خۆت بەم شتەوە خەریک بکەیت. بەڵام گەر هاتوو ڕازی نەبون، داواکاری ئێمە چی بەسەر دێ و ئەوکات چی بکەین، ئەوان ناچار نین بەگوێمان بکەن.

بۆتین شانی هەڵتەکاند وەک ئەوەی کە ڕازیبون و ڕازینەبونی باڵندەکان کێشەیەکە تایبەتە بەو دوو کەسەوە نەک ئەم: ئەوەیان نازانم، بەڵام وەک پێمگوتن دەبێ بەهەر حاڵێ بووە باڵندەکان ڕازی بکەن، ئەگەر نا دەبێ بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆتان، چونکە ڕۆشتنتان بۆ سەرزەمینێکی وا بەبێ ئالیکاری باڵندەکان مەحاڵە.

بەناچاری ڕووەو زنجیرە چیاکە ملیان نا، دنیا بەرەو تاریکی دەچوو،

تیۆدلینا لەناکاو پرسی: شتێترم وەبیرهاتەوە، ئەو کۆشک و تەلارانەی لەناوەندی سەرزەمینەکەتان بوو، بۆچی کەسی تێدا ناژی و هێندە بەسامە؟

چاوەکانی دەرپەڕاند و چاوەروانی پرسیاری وای نەدەکرد: بۆچی ئەم پرسیارە دەکەی؟!

- هەروا ...چونکە وا پێدەچن زۆر ڕاز و نهێنیان لەخۆگرتبێ.

- دەبێ وابێ، دەڵێن ئەو کۆشک و تەلارانە نهێنی پارێزی کارەساتێکی زۆر کۆنن، کە کەس بۆی نییە باسی بکا و بچێتە نێویانەوە، ئەو کۆشکانە یەکێکە لە شتە قەدەغەکراوەکان.

ئێلندیا لەدەستی ڕاستییەوە نزیک بوو لەهەردوکیان، لەپشت سەریانەوە دانیشت، بەوردی گوێی بۆ قسەکان رادێرا تیۆدلینا تەماشای کرد و دووبارە پرسی: ئەو کارەساتە نازانی چییە؟

- نە..نە..ئەوەشی کە دەزانێ مافی نییە باسی بکا، دەڵێن گوتن و گێڕانەوەی، کارەساتی گەورەتر و مەرگەسات بەدوای خۆیدا دێنێ.

هەرسێکیان بێدەنگ بون، بۆتین لێوەکانی کرۆشت و سەرێکی بادا، ئەوجا گوتی: گوایە دەڵێن کلیلی ڕاز و نهێنیە ونبوەکانی تێدا پارێزراوە، بەڵام کەسمان نازانێ ئەو راز و نهێنی کلیلە چییە، ئەوەندە نەبێ کە ئێمە لە سەردەمێکی زۆر زۆر کۆن و دێرین، ڕۆچوبوینە ناخی زەوییەوە

و بەشوێن خەزێنەکانی بندنیادا دەگەڕاین.

ئێلندیا رەنگی گۆڕا و هەستیکرد، راستییەکی شاراوەی بۆ ئاشکرابوە، تێگەیشت کە بۆتین نەوەی کورتەبالآکانە، ئەو کەسانەی لە رۆژە سەرەتاییەکان بە هەگبەیەکی پێستەی نەرم کە وشکبونی نەبوو، بەجلوبەرگی رەنگاورەنگەوە و بە خاکەناس و زەنگن و قاپ و قازانەوە بۆ شوێنە جیاجیاکان پێیان هەڵگرت و لەدەسپێکی ئالۆزییەکان چ هەواڵێ لەبارەیانەوە نەبوو. بۆیە ئێلندیا لێی پرسی: چ شتێک لەبارەی مێژوی خۆتەوە دەزانی؟

- بەسالآچووەکان زۆر شت دەربارەی سەردەمانی پێشوو دەزانن، بەڵام گەنجەکان شتێکی وا نازانن بۆ باسکردن بشێ.

ئێلندیا بڕوای نەهێنا: بەڵام تۆ بۆ خۆت چی دەزانی؟

- شتێکی وا نازانم، هەر ئەوەندەیە کە ریشسپی و گەورە زانایانی ئێمە دەیزانن، ئەوەی ئێوە لەنێو تونێلە رووناکەکان قسەتان لەگەڵدا کرد، چونکە زۆرینەی کات و ساتیان وەک باب و باپیرانمان لەناخی زەویدا بەسەربردوە، هاوکات سەرقاڵی خوێندنەوەی لاپەرە کۆنەکانە، کە بەزمانێکی سەیر و سەمەرە و پڕ ڕاز نووسراونەتەوە، ئەو تەنیا کەسێکە زۆر شت دەزانێ، بەتەمەنترین کەسە لەنێو خەڵکی ئێمەدا، دەبێژن تەمەنی بۆ سەرەتای ون دەگەڕێتەوە.

تەماشایەکی هەردوکیانی کرد، وەک ئەوەی بیەوێ کاریگەریی گێڕانەوەکانی چەندێکە لەسەریان: بەڵێ..دەگوترێ ئەو دۆستی ڕەسەنە نایابەکانە، کە ئێستا چونەتە باکور و شوێنە جیاجیاکانی، بۆ سەرزەمینە زۆر دوورەکان.

ئێلندیا دڵنیابوو کە بۆتین لەو ڕەسەنە بەتوانایانەیە، کە کەس ئاگاداری بزربونیان نین، ئەمان ڕاوچییەکانی خەزێنەی بندنیا بون، لەدەسپێکی سەرهەڵدانی شەڕدا، هیچ کەس ئاگای لەوان نەبوو، ئەوکات ئەوان بێسەروشوێن بون، ئەو دەمانە زۆرێ پرسیاریان دەکرد، کە دەبێ چیان بەسەر هاتبێ، ڕێگەیەکی گەڵێ دوورییان هەبوو. ئێلندیا و تیۆدلینا دەربارەی ئەم قەومە زۆر سەرگوزەشتەیان بیستبوو، بۆیە پرسییان: ئێوە لەبن زەویدا بەدوای بەردە پرشنگدارەکان دەگەڕان، چی ڕوویدا وا هاتنە سەر زەوی؟

- زۆر نازانم، بەڵام ئەوەندەی بیستبێتم زازاک پاشا باشتر دەزانێ... ئەو پیرەمێردەی کە ئێوە بینیتان، زۆرجار باسی ڕۆژەکانی سەرەتای ونبوی دەکرد، ئەو دەڵێ لەکات و ساتە ناکاوە لەناخی زەوی، لەپڕدا لاو و کچەکان بزر دەبون و دەنگی تێکشکان و قڵیشانی زەوی ڕۆژ بەڕۆژ بەرزتر و بەرزتر دەبۆوە و ئەشکەوتەکان تا دەهات مەترسیدارانە ناخیان دەلەرزی، هەندێکیان دادەڕمان، لەو شوێنانەی درز دەکەوتە

نێو زەوییەوە، لەجێیان شەپۆلی ئاگر دەردەپەڕی و دەنگی ترسناک و تۆقێنەر دەهات.

تێۆدلینا هەر لە منداڵییەوە بەم چیرۆکانە گۆشکرابوو، زۆر حەزی لێبوو لە کەسێکەوە بیبیستێ، کە قەومەکەی شاهێدعەیانێکی ئەو پوودداوانە بن: ئەدی پاش ئەوە چ قەوما؟

لەسەرخۆ کەوتە گێڕانەوە: دەڵێن بارودۆخەکە تا دەهات زوو لە مەترسی و خراپی بوو، بەشێوەیەک ئیتر کەس توانای مانەوەی لەنێو ئەشکەوتەکاندا نەما، بەڵام لەوەیش کارەساتبارتر درندە و شەپکەرە ترسناکەکانی بندنیا و نیشتەجێی روبارە ئاگرینەکان بون، کە بەهەزار هەزار دەردەهاتن و سەریان هەڵدا، کەوتنە کوشتن و بڕین و ئەشکەنجەدانی هەرچییەک بەر چنگیان کەوتبا، کەسانێ لە قەومی ئێمە هێشتا ئەو ڕۆژە پڕ نەهامەتیانەیان لەبیرە.

ئاراستەی کیسەڵە زەبەللاحەکە ڕووەو چیا بەفرینەکان بون بەرەو ڕۆژاوا، ئەو دیمەنە بەتەواوی تێکەڵ بەقسەکانی بۆتین ببوو: لەو کاتەدا هەواڵی پێکهێنانی لەشکرێ گەورەمان بیست، ئیدی ئێمەش بۆ ئەوەی بەشداری لەو شەڕە بکەین، بەکۆمەڵ ئەشکەوتەکانمان بەجێهێشت بەرەو سەرزەمینی پیرۆز بەڕێ کەوتین.

کیسەڵەکە لەشوێنی خۆیدا کەمێک وەستا و ئەمانیش وەئاگا هاتنەوە،

ڕێگەیەکی بەردەڵان و کەم داروباری هاتبوە پێش، بۆتین بەدەست ئاماژەی بۆ ڕێگەکە کرد: ئەمە ئەو ڕێگەیە کە ئێمە بەرەو لوتکەی چیا بەرزەکان دەبا، دە شەو و ڕۆژێک دەخایەنێ، ئەوێ جێگەی باڵندە گەورەکە و هاوەڵەکانیەتی کە پێشتر بۆم باسکردن.

ڕێگەیەکی ئاسان نەبوو، دنیاش خامۆشتر دادەهات و وردە وردە ئەستێرەکان پرشنگدارتر دەبون، بۆتین چرا کریستاڵییەکەی هەڵکرد و بە بەر ڕووناکی چراوە کیسەڵ لە بەڕێکردنی ڕێگەکە بەردەوام بۆوە. تیۆدلینا بەقوڵی چوبوە نێو قسەی چاوساغەکەوە: ئێ..بۆتین بڵێ، دوای ئەوە چی ڕوویدا؟

- بەدروستی نازانین بۆچی بەشداری شەڕمان نەکرد، بەڵام لەم سەرزەمینەی ئێستا کە سەرزەمینی کیسەڵە کۆچەرییەکانە، شتێکی گەورە و چاوەڕواننەکراو و مەترسیدار ڕوویدا، تا ئێستاش هەر بەنهێنی ماوەتەوە، ئیدی بریاریش درا هەروا بەنهێنی بمێنێتەوە.

دەنگی نزمکردەوە، چەشنی کەسێ بیەوێ پەردە لەسەر نهێنیەک لادا، بەپسکە پسک گوتی: دەڵێن ئێمە پاسەوانی شتێکی زۆر بەنرخ و بەهاین.

هەردوکیان چاویان زەقکردەوە و حەپەسابون، ڕوویان لەیەکتری کرد و لەسەرخۆ بەچپە گوتیان: ئەم شتە گرنگە دەبێ چی بێت؟

- کەس لەئێمە نازانێ، تەنیا زازاک پاشا دەزانێ، بەڵام هەموو پەی بەوە دەبەین، کە شتە بەنرخەکە لەنێو گەورەترین تەلاری سەر لوتکەی گردەکە حەشاردراوە و کەس بۆی نییە بچێتە ناوییەوە.

تێۆدلینا سات بەسات تامەزرۆی زیاتری ئەو هەواڵە نوێیانە دەبوو، کەمێ بیری کردەوە و ئەوجا پرسی: ئەدی ئەو دارە رەشە ڕەگ زلانە لەنێو خانوەکاندا دەسوڕاوە و ئەو رۆشناییەی نێو ناخی زەوی چی بون؟

- ئا..ئەوانە بەڕوکەش ڕەشن و لەناخەوە پڕ بەها و ڕووناکن، ئەمانە هێمای ئەو راستییانەن کە هەموو شتێ دەکرێ دوو دیوی هەبێ، بۆیە ڕوکەش بەتەنیا باشی یان خراپی، زانا و نەزانی کەسێک یان شتێ ڕوون ناکاتەوە، بۆ دۆزینەوەی خەزێنە شاراوەکانی ناخی کەسێ یان شتێک، دەبێ هەوڵ و ماندوبون و ڕەنج بکێشیت تا بیاندۆزیتەوە، ئاخر خەزێنەیەک ئاشکرابێ، ئیدی ناکرێ پێی بگوترێ خەزێنە، تەنیا ئەوانەش خەزێنە پڕ بەها و شاراوەکان دەدۆزنەوە، کە بە ڕوکەش فریو ناخۆن و شەیدای گەیشتن بە ناخی هەموو شتەکانن. زۆرجار بەردە ڕەشەکان کە دەشکێن چەندین ڕەنگی جوان و درەوشاوە لەخۆ دەگرێ، جاری واش هەیە گاز لە سێۆێکی تامخۆش دەگریت، دەبینی لە ناوەوە ڕزیوە و کرمێ بووە.

تیۆدلینا و ئێلندیا بەم قسانە سەرسام بون، بۆتین بە زەردەخەنەیەکەوە پێیگوتن: جا لەبیرتان بێ، هەموو کەنارگیرێکی گەڕۆک یان دیمەنێکی فریودەرانەی لە روخساردا جێگیرکردووە یاخود خەزێنەیەکی شاراوە. ئێلندیا بیری بۆ دوورتر ڕۆشت، کە هیچ کات و ساتێ لە سەرزەمینەکانی باکور بەرگوێی نەکەوتوە، هەڕەشە و مەترسی لە سەرزەمین و دارستانەکاندا بسوڕێتەوە: ئێمە لەوە دڵنیابوین کە هێزەکانی ئیفڵۆرد و بندنیا ناتوانن لەو سەرزەمینانە بمێننەوە کە وزەی ئەرێنی تێدایە، یان ئەوەیە بەرەو باشور ڕۆشتون یان چونەتە قوڵایی ئەشکەوتەکانەوە.

- بەڵێ ڕاست دەکەی، بەڵام ئەو سەردەمە بەسەرچو، ئێستا هێزە ترسناکەکان لە سەرزەمین و دارستانەکاندا بەئارەزوی خۆیان دەسوڕێنەوە، یەکێ لەوانەش کە باس دەکرێ» پێ گەورە»یە، دەڵێن دووگیانە لەنێو یەک جەستەی سامناکدا جێگیر بووە و دەژی، کەس نازانێ چیە و چۆنن...

دەنگی کەمێک هێواش کردەوە و گوتی: ئەو گیانەوەرە ترسناکانە دەڵێن نێرینەکانیان وەک ئێمە وان، بەڵام دە جار لە ئێمە گەورەترن، دەبێژن دوو لاقی زۆر درێژ بەدرێژایی بەژن و باڵای ئێوە، سەرو سەکوتیان گەورە و خڕ، لە پێشەوە لە مرۆڤ دەچن و لەپشتیشەوە بە کرم، بەڵام زۆر ناشرین و تۆقێنەرن، دوو چنگی سێ پەنجەیی تیژیان

هەیە، پێیەکانیان گەورەن، بۆیە بە»پێ گەورە» ناویان دەبەن، هەندێجاریش پێیان دەڵێن دووگیان.

تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد: زۆرجار لێرە و لەوێ شوێن پێی لەنێو دارستانەکەدا دۆزراوەتەوە، لە سەرزەمینە دوور و نزیکەکانیشەوە گوێمان لە دەنگە سامناکەکەی بوە، دەڵێن جار جار گوێیان لەگریان بوە، کەس ناوێرێ لێیان نزیکبێتەوە، هەموو کەسێ خۆی بەدوور دەگرێ.

سەری لە تیۆدلینا نزیککردەوە و بەهێواشی پێیگوت: وا دەگێڕنەوە کە ئیڤڵۆرد بە ئەفسون و جادو، دوو گیانی لەنێو یەک جەستە داناوە تا بتوانن لەناو دارستانەکاندا بسوڕێنەوە، شەڕکەرەکانیان لەو جۆرە درندەیەن، بۆیە سەرزەمین و دارستانەکان وەک خۆیان نەماون و شوێنێکی سەلامەت نین، ئێوەش دەبێ خۆتان بپارێزن بەتایبەت لەو پێ گەورانە کە لەو سەرزەمینانەدا دەسوڕێنەوە، وام بیستوە کە سەریان هێندە گەورەیە دەتوانن بە ئاسانی مێردمندالێک بکەنە پارویەک.

هیچ کەسێ لە رەسەنە نایابەکان ئاگاداری ئەم خۆسازدانەی ئیڤڵۆرد نەبوو، کەوا لەشکرێ لە دووگیانەکان بەمەبەستی پەلاماردانی سەرزەمینەکان و شوێنە پیرۆزەکان، هەریەکە لە تیۆدلینا و ئێلندیا

خەمی سەرزەمینەکانی باکوریشیان بۆ دروستبوو، کەوا رەنگە هەڕەشەکان ئاراستەیان بەرەو ئەوێ بگۆڕێ. رێگەکە بەرەو هەوراز ملی دەنا و سەختر دەبوو، هەوایەکی سارد هەڵیدەکرد و گەمەی بەخێوەتگەی سەرپشتی کیسەڵەکە دەهات، دەیویست لەگەڵ خۆیدا لولی بدا. بۆتین بەپەلە هەوسارەکەی دایە دەست تیۆدلینا کە توند بیگرێ و خۆشی غاری دا بۆ نێو خێوەتەکە. بەرەوتی کیسەڵەکە و بێزارییەکەیدا دیاربوو، کە یەکەمین جارە لەو رێگەیە بدات، دەنگی هەورە بروسکە جەنجاڵییەکی لە ئاسماندا دروستکردبوو، هەموو تاشەبەردێ وێنەی تارماییەکی دەنەخشاند، کیسەڵ هێندەیتر هەراسان بوو. بۆتین سەرقاڵی ئەوە بوو کە پەتی خێوەتگەکە توند بکاتەوە و نەپسێن، بەڵام گوڕ و تینی ڕەشەباکە نە لە توانای کیسەڵدا بوو، نە لە توانای بۆتین، پەردەکانی برد بەحەوادا و فڕێیدانە نێو دۆڵێکی قوڵەوە، کیسەڵی ماندو لەجێی خۆی وەستا، بۆتین بەپەلە هاتە پێشەوە و هەوسارەکەی لە تیۆدلینا وەرگرت، تا دووبارە ڕێ بکەنەوە، بەڵام بێئاکام بوو. بۆتین ناچار بوو بەدەنگێکی بڵند پێیان بڵێ: چیدیکە ناتوانین بەرەو پێشەوە بڕۆین، یان دەبێ لەگەڵمان بگەڕێنەوە یاخود هەردوکتان درێژە بە ڕۆشتنەکەتان بدەن.

تیۆدلینا و ئێلندیا دڵنیابون، کە ناکرێ جارێکیتر بگەڕێنەوە، بۆیە

بڕیاریان دابوو بەهەر شێوەیەک بوە، درێژە بە سەفەرە تۆشەکەیان بدەن، چ ئومێدێکیان بە بۆتین نەما، تێۆدلینا یەکلایی کردەوە: چارە نییە دەبێ بەتەنیا بڕۆین.

بۆتین نیگەرانی گرتی: ئەگەر ئەم رێگەیە کە بەدەوری چیاکەدا دەسوڕێتەوە بەرنەدەن و لە ڕۆشتن بەردەوام بن، دەگەنە لوتکەی چیا و ئەشکەوتەکە، کە باڵندە پیرەکەی تێدا جێگیرە.

بۆتین لە هەگبەکەی خۆیدا بەشی چەند ڕۆژێ خۆراکی بۆ دانان: ئەمە لە ڕۆژە تەنگانەکان بە هاناتانەوە دێ.

بەپەلە خواردنەکەیان وەرگرت و خستیانە بوخچەکانیانەوە، ئەوجا لە پلیکانەکان هاتنە خوارێ، تێۆدلینا دەستی بەرزکردەوە بۆ بۆتین: دەستت خۆش بێ، هیچ کات چاکەت فەرامۆش ناکەین و لەبیرمان ناچێ، ڕۆژێ گەر پێمکرا بۆت قەرەبو دەکەمەوە.

ئیدی ماڵئاوابیان لەیەکتری کرد، بۆتین بەکیسەڵەکەیەوە رێگەی گەڕانەوەی گرتەبەر و ئاوڕێکی لێدانەوە: بێ خەم بن، ڕەنگە ڕۆژێک یەکتری ببینینەوە، ئاگاداری خۆتان بن.

ئەو گەڕایەوە و ئەمانیش رێگەی هەورازیان گرتەبەر، ڕێیەکی دژوار و سەخت، پڕوشەی بەفر دەهات و ڕوخساریانی دەتەزاند، ئەوان بەو وەرزە سارد و توشە رانەهاتبون، سەرزەمینی ئەوان تەنیا یەک

وەرزی دەنواند و بەردەوامیش دنیا سەوز دەچۆوە، هەوا فێنک بوو، هەرگیز هێندە سەرمایان بەخۆوە نەدیتبوو، بزانن هەڵەرزین چییە. بۆیە بڕینی ئەو ڕێگەیە چەشنی شەڕێکی گەورە بوو لەگەڵ سروشتدا دەستەویەخە ببونەوە. جلوبەرگەکانیان تەڕ بوو، لە تولەڕێیەکە دەرباز بون و خۆیان لەنزیکی دوندی چیاکەدا بینییەوە، کونی ئەشکەوتەکە تەنیا چەند شەقاوێک لێیانەوە دوور بوو، ئامێکیان وەبەردا هاتەوە، کە دواجار بەزیندویی توانییان بگەنە ئەو شوێنەی لەوێوە گرێکوێرەکانیان ڕەنگە بکرێتەوە. هەنگاویان نا و چونە نێو ئەشکەوتەکەوە، بەڵام ئەوێش کونەبایەک بوو بۆ خۆی، تەنیا ئەوەندە بوو لە کڕێوەی بەفر دەپاراستن. دنیا تاریک داهات، تاریکیی بۆ ڕەسەنە نایابەکان گرفتێکی گەورە نەبوو، ئەوان هێزی بینابیان بەرادەیەک بوو، لە شەوێشدا بەباشی چاویان بڕی دەکرد. چاوەڕێی ئەو باڵندە پیرەیان دەکرد، کە بۆتین باسی کردبوو، تا بیانگەیەنێتە سەرزەمینی مرۆڤەکان. چونە نێو قوڵایی ئەشکەوتەکەوە و وردە وردە هەستیان بەگەرمییەک کرد، دواتر گوێبیستی دەنگێ هاتن، ترس گرتنی چونکە دەنگەکان پتر لە نەڕە و نەعرەتەی دوو گیانەوەری گەورە دەچوو، لەگەڵ یەکتریدا بە شەڕ هاتبن. ڕاوەستان و نەیاندەزانی چی بکەن، لەیەکتری وردبونەوە وەک ئەوەی پرس بە یەکدی بکەن کە چارە چی بێت. تێۆدلینا ئارامی نەما

و گوتی: چارەمان نییە، خۆ ناکرێ دوای بڕینی ئەو هەموو رێگەیە لێرەدا بوەستین...هەر دەبێ بڕۆین.

شمشێرەکانیان لە کێلان دەرکێشا و خێراتر بەرەو پێشەوە چون. گەیشتنە نزیکی چەند بەردێکی گەورە لە تەختاییەکدا کە لە سەرێڕا کونێکی ڕۆشنایی هەبوو، وردە کڵۆی بەفر دەهاتە خوارێ، چاویان بەگیانەوەرێکی زەبەللاح کەوت، بەرامبەر باڵندەیەکی پیر وەستابون و گوڕیان بۆ یەکتری دەخواردەوە، باڵندەکە هەر بەوە دەچوو، کە بۆتین بۆ تێۆدلینا و ئێلندیای باسکردبوو، ئەویتر ئەژدیهاکێکی ڕەش و سور، دەیویست بەهەرشێوەیەک بووە باڵندە پیرەکە شەکەت بکا، کە یەکجار ماندو ببوو، لەبارێکی شەپرۆدا بوو، ئومێدی ئەوەی تیا نەمابوو بەرامبەر ئەژدیهاکەکە خۆی ڕابگرێ، هەرچەندی بکردایە لە چنگی درندەکە ڕزگاری نەدەبوو، ئەژدیهاکە ڕێگەی چونە دەرەوەی لە باڵندەکە گرتبوو، گوڕی خواردەوە و بەهەموو هێزیەوە نیشتە سەر باڵندەکە، دیاربوو ئەوە دوایەمین هێرشیەتی و لەوێدا بەیەکجاری لەناوی دەبات. تێۆدلینا و ئێلندیا بەدەست خۆیان نەبوو، غاریان دا بەرەو ئەژدیهاکە و بە شمشێر کەوتنە سەر پشتی، ئەوەی چاوەڕێی نەدەکرد، پەلاماری دوو کەس بوو لەدواوە، بۆیە ئەژدیها سەری بڵندکردەوە و بەدەم ناڵەوە سەری سوڕاندەوە، هیچ دەرفەتیان نەدا و

دایانە بەر نێزەی شمشێرەکانیان، ئەژدیها باڵندە پیرەکەی لەبیرچۆوە و پشتی تێکرد، رویکردە تیۆدلینا و چاوەکانی ئاگری دەپژاند، ئێلندیا دڵنیابوو گەر دەستوبرد نەکا ئەوا بە ئاسانی لەناوی دەبا، هەڵیکوتایە سەر شانی و چەند شمشێرێکی تێچەقاند. جەستەی شەڵاڵی خوێن بوو، بەڵام دڕندەتر و ترسناکتر بوو، سەری هێنایە پێشەوە و ویستی بەددانەکانی سەری تیۆدلینا لە لاشەی جودابکاتەوە، چەلەنگانە لەدەستی دەربازبوو، لەگەڵیشیدا سێ گورزی دیکەی سرەواندە کەللەی ئەژدیها، ئێلندیاش بەردەوام شانەکانی دەکوتایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەژدیها نەدەکەوت و هەر پەلاماری دەدا، بەرامبەری لێگرتبون، لەناکاو پیرە باڵندە هەڵفڕییە سەر پشتی و چڕنوکەکانی گیرکرد لە چاوەکانی، تیۆدلینا و ئێلندیاش بەدەرفەتیان زانی، لە پێشەوە دایانە بەر نێزە و ئەژدیها کەوتە ناڵە و هاوار، دەیویست خۆی لە چڕنوکی باڵندەکە قوتاربکا، لەناکاو تیۆدلینا شمشێرەکەی چەقاندە دڵییەوە، دەمودەست لەپێ کەوت و باڵەکانی شل بون و دارمایە سەر زەوییەکە. باڵندەکە زۆر بەداخ بوو، سەری ئەژدیهاکەی لێکردەوە، ئەوجا تەماشای هەردو خانمەکەی کرد، ئێلندیا بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی: دەستخۆشی ناوێ. تیۆدلینا سەرسام ببوو کە ئێلندیا داخۆ لەگەڵ کێدا قسە دەکا، دووبارە ئێلندیا گوتی: ئێمە لە رەسەنی پاک و فریادرەسەکانین، لە رەسەنە

نایابەکانین، کە سەرەتا بە باڵە بریقەدارەکانمانەوە هاتینە سەرزەمینی حەوتەم.

تیۆدلینا توشی سەرسوڕمان هات: ئەوە لەگەڵ کێ قسە دەکەیت؟

ئێلندیا ئاوڕێکی لێدایەوە: وەڵامی پرسیارەکانی ئەو باڵندەیە دەدەمەوە.

- ئاخر ئەو بیزمانە کوا قسە دەزانێ؟!

ئێلندیا پێکەنی: بێدەنگی و کپبون بە بەهاترین دەنگن..ئەو لەناخەوە قسە دەکا، دەبێ گوێ لەناخی بگریت..قسەی بێگەرد و دروست لەناخەوە هەڵدەقوڵێ.

- باشە چۆن دەزانی کە ئەو چی دەڵێت؟

- زۆر پەرۆشیت بزانی چی دەڵێت؟

- بەڵێ زۆر حەز دەکەم.

- کەوایە چاوەکانت داخە و گوێ لە لێدانی دڵی خۆت بگرە، ئەوجا لێدانی دڵت لەگەڵ لێدانی دڵی ئەو باڵندەیە یەک بخە..دواتر رۆدەچیتە ناخیەوە..تواناکانت چڕ بکەرەوە.

چاوەکانی لێکنا، بە ئارامی گوێی لە لێدانی دڵی خۆی گرت و لەگەڵ هەر تڕپەیەکیدا زیاتر دەچوە قووڵایی ناخی خۆیەوە و چەشنی ماسییەک لەنێو دەریایەکدا گەشتی دەکرد، ئەوجا وردە وردە گەڕایەوە بۆ دەنگەکانی تڕپەی دڵی خۆی و چاوی کردەوە، ئەزمونێکی دڵخۆشکار

بوو بۆی، ئەمجارەیان چاوی لێکنایەوە و گوێی لە ترپەی دڵی باڵندەکە گرت و لەگەڵ لێدانی دڵی خۆیدا یەکدەنگییەکی سەرسوڕهێنی پێکهێنا، شۆڕبۆوە بۆ ناخی باڵندەکە، لەناکاو گوێی لەدەنگێک بوو، هەستێکی سەیر رایچڵەکاند، یەکەمین جاری بوو لەنێو بێدەنگی گیانەوەرێکدا دەنگ ببیستێ، ئەو دەمەی لە سەرزەمینی شادارەکان بوو، زۆرجار هەوڵی دەدا لە جریوەی باڵندەکان بگا و لە گمەی کۆتر و ئاوازی بولبول و تەواوی ئەو ئاژەڵانەی لەوێ دەیبینین، دەیویست لەزمانی ئەوان حاڵی بێت، بەڵام هەرگیز پەی بەوە نەبردبوو، ئەوان بە بێدەنگی وشەکان دەردەبڕن، خۆشحاڵ بوو زەردەخەنە کەوتە سەر لێوەکانی: گوێم لێیە.

ئێلندیا بە خۆشحاڵییەوە: کەواتە دەتوانیت وەڵامیشی بدەیتەوە.

تیۆدلینا گوێی لەناخی باڵندەکە بوو دەیپرسی: بۆچی هاتون؟

هەر بە بێدەنگی لەناخی خۆیەوە وەڵامیدایەوە: رێگەیەکی زۆر دوور و درێژمان بڕیوە، سەختیەکی فرەمان دیوە تا گەیشتوینەتە ئێرە، هاتووین یارمەتیمان بدەیت، دەخوازین بۆ سەرزەمینی رەسەنی مرۆڤەکانمان بەریت.

- وەرن بەشوێنمدا.

باڵەکانی بەیەکدا دا و بۆ لایەکەیتری ئەشکەوت هەڵفڕی، ئەمانیش

شوێنی کەوتن و لە تەختاییەکی گەورەدا لە نزیک باڵندەکەوە دانیشتن.

ئەوجا باڵندەکە بەبێدەنگی کەوتە ئاخاوتن: چیتان دەگوت، ئەوکاتە باش تێنەگەیشتم؟

تێۆدلینا بەئارامی وەڵامیدایەوە: هاتوین یارمەتیمان بدەیت، بمانگەیەنیتە سەرزەمینی رەسەنی مرۆڤەکان.

- سەرزەمینی مرۆڤەکان؟! ئاخر بۆچی بۆ ئەوێ، پیربوم و ماوەیەکی زۆرە بەسەر ئەو سەرزەمینە نەفرەتلێکراوەدا هەڵنەفڕیوم.

دواتر سەری راوەشاند و پێیگوتن: نابینن چەندە پیرم، خەریک بوو ببمە خۆراکی ئەو ئەژدیهایە.

تێۆدلینا دەیزانی ئەو کارە تەنیا بەو دەکرێ: ناوت چییە؟

منجە منجێکی کرد , بەڵام دواتر وەک ئەوەی بە بیری هاتبێتەوە بەنارەحەتیەکی زۆرەوە وەڵامی دانەوە: من...ئا هەڵۆی سپی و ڤینکیسی پەرسور بە سیمورغ ناوم دەبەن، ئێستاش کە هەزار ساڵێک بەسەر تەمەنمدا تێپەڕیوە پێم دەڵێن پیرەسیمورغ..سیمورغی پیر ئەوە ناوەکەمە.

تێۆدلینا لەخەمە گەورەکەیدا بوو: رێگەیەکی دوور و درێژمان بڕیوە، پڕ مەترسی و کەند و کۆسپ، تا گەیشتوینەتە لات، تۆ دوایەمین ئومێدی ئێمەیت.

سیمورغ نەیدەزانی چۆن خۆی لەوەڵامەکانی بدزێتەوە: لەو ئەشکەوتە چی دەکەم؟..ئا وەبیرم هاتەوە، ئەوە چەند رۆژێکە چاوەڕێی هاوڕێکانم دەکەم، هەڵۆ و ئینکیس، کە جار جار لەم شوێنە کۆدەبینەوە و قسە و گفتوگۆ دەکەین، هەموو شتێک بە یەکتری دەڵێین، تایبەت باسی مرۆڤ زۆر دەکەین، ئێستاش لێیان بێ هەوالّم، ئاخر دەمێکی زۆرە نەمبینیون، نازانم چیان بەسەرهاتوە، هەر بێ بەڵا بن.

تیۆدلینا قسەکانی بەدڵ نەبوو: تۆ پێمان بڵێ دەتوانی بمانبەی؟

سیمورغ دووبارە سەری بادایەوە: بارودۆخی سەرزەمینی رەسەنی مرۆڤەکان گەلێ مەترسیدار و پڕ ئاشوبە، چوار سوارۆ بەسەر چوار ئەسپی سور و رەش و زەرد , لمی و سەوز بۆ لەناوبردن دەسوڕێنەوە، لەئاسمانەکەشیدا ئەژدیهاکان و باڵندە سامناکەکان بەشوێن نێچیردا وێڵن، بۆیە نەمتوانیوە هەڵفڕم بەسەر ئەو سەرزەمینەدا.

خەم دڵی تیۆدلینای گرت، قسەکانی سیمورغ چ گەشبینییەکی تێدا نەهێشت، هێندەیتر ماندوێتی زاڵ بوو بەسەر جەستەیاندا. سیمورغ بەبێدەنگی لێیان رادەما، هەستی بەناحەرەتی و بێتاقەتی دەکردن، زانی رێگایەکی زۆر دووریان بڕیوە , ژیانی خۆیان خستۆتە مەترسیەوە و لە مردنێکی مسۆگەر زرگاریان کردووە. لەبەرئەوە بەشێوازێکی نەرمتر گوتی: ئێوە منتان لەدەستی ئەو ئەژدیهایە رزگار کرد، ئا...

ئا هەرچەندە زۆریشم پێ خۆش نییە بۆ سەرزەمینی رەسەنی مرۆڤە لە خۆ ونبوەکان بفرم، بەڵام ناچارم حەقتان لە سەر شانم هەڵگرم. ئا...دەبێت وا بکەم. بەڵام نە...نە ناتوانم ئێستا بەو هەوا بەفراوی و سەرمایە. رەنگە هاورێکانم بێن.. چۆن دەکرێت ئەوان بێن و خۆم لێرە نەبم...ها..نە...نە نابێت , ناتوانم.

وەک ئەوەی لەگەڵ خۆی قسە بکا، دووبارە درێژەی بە قسەکانی دا: بەڵام رەنگە هەر نەیەن...هم...هم...چەند رۆژە چاوەرێمە نەهاتون و خەبەرێکیان لەبارەوە نیە. ئا...ئێستاش قەرزدارم و دەبێت قەرزەکەم بدەمەوە. چی بکەم...چی نەکەم...؟

بیری دەکردەووە تێۆدلینا و ئێلندیا بێئارامانە چاوەرێ بون، کە بزانن سیمورغی پیر چ بریارێ دەدات، زۆری نەخایاند بریاری یەکلاکارانەی دا و گوتی: ئا...ئا...ئەوان چەند رۆژێکە نەهاتون، ئێوەش رێگەیەکی دوور و درێژتان بڕیوە، ماندو و شەکەت و بێهیوا، میوانی کات و ساتەکانی تەنگانەی من، ناچارم هەر دەبێ بتانبەم، بەڵام با بەفر بوەستێ...

بەگوێبیستی ئەو هەواڵە زۆر دڵخۆش بوو، بەڵام ئێلندیا بە بیستنی ئەو چوار سوارۆیە کە گوایە دێن و لەسەر چوار ئەسپی سور و سپی و سەوز و زەرد، نیگەران بوو، چونکە ئەوانە لەدواجاردا مزگێنی

کۆتاهاتنی دەسەڵاتی رەسەنی مرۆڤ رادەگەیەنن. ئەو وەبیری هاتەوە کە پاشای نور گوتبوی: هەرکات رەسەنی مرۆڤ سەرگەردان ببێ، چوار سوارۆ بۆ لەناوبردنیان دەنێرێت. ئێلندیا دوای تێپەڕینی هەزاران ساڵ، هێشتا ئەو قسانە لەگوێیدا دەزرینگانەوە، بەڵام لەوبارەوە هیچی بۆ تێۆدلینا نەدرکاند.

کاتێکی زۆریان بۆ بەرەبەیان لەبەردەستدا بوو، سیمورغی پیر سەرنجی دەدان: ئەرێ رەسەنە نایابەکان، بۆچی دەچن بەرەو ئەو سەرزەمینە شوم و مەترسیدارە؟

تێۆدلینا بەو پرسیارە قەڵس دەبوو: ئەوەیان حیکایەتێکی دوور و درێژە، وازی لێ بێنە و بەردێکی لەسەر دانێ، بەڵام تۆ بەسەر ئەو سەرزەمینانەدا دەفڕی، پێمان بڵێ چی دەزانی و هەواڵ چییە؟

سیمورغ هەموو گیانی پڕ لە سەرگوزەشتە بوو: چی بڵێم، پیر بومە و وەک جاران شتەکان بەئاسانی نایەنەوە خەیاڵم..شتێ کە دوایەمین جار بینیومە و هێشتا هەر لە زەینمدا رۆشنە، ئەوەیە لەنێو رەسەنی مرۆڤدا یەکێکی زۆر بەهێز پەیدابووە، پێدەچێ ببێتە ئیمپراتۆری سەرزەمینی مرۆڤەکان.

ئێلندیا بەخۆشحاڵییەوە پرسی: واتە نهێنیەکانیان دۆزییەوە؟

- نا..نا..نهێنی چی و حاڵی چی..ئەوان لە هەموو راستی و نهێنییەک

گەلێ بەدوورن.

دواتر پیرەسیمورغ دەستی بە قسە کردەوە: دەڵێن هێزێکی ترسناک لە سەردەمی تاریکی لەپشت سەری ئەو پاشا بێ تاجەیە.

شتێکی گرنگتری وەبیردا هات، کەمێ وەستا ئەوجا دەستی پێکردەوە: ئەوەی کەس نازانێ، هێزێکی چەپەڵ هەر لە یەکەم سەردەمەوە، لە پشت هێزەکانی تاریکیەوە بووە، دەڵێن لەبەر کارە خراپەکانیان تەمەنێکی زۆریان پێبەخشراوە.

هەردوکیان زۆر بەوردی گوێیان گرتبوو: خەون و ئاوات و هیوا و ئومێدەکان هەموو بەئاودا چون، پێناچێ هیچ پاشا و سەردارێک لە رەسەنی مرۆڤ و رەسەنە نایابەکان سەرهەڵبدات.

بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ ئەم قسەیەی بۆ کێی دیکە کردوە، بێدەنگ بوو ئەوجا گوتی: ئا ڕاستە.. بۆ ڤینکیس و هەڵۆی سپیم گوتوە.

وتەکانی بۆ تیۆدلینا و ئێلندیا تروسکاییەکی ئومێدی تیانەبوو، لەدەرێش بەفر وچانی نەدەدا، لە کونی بنمیچی ئەشکەوتەکەوە بەفر دەهاتە ژوورێ، تیۆدلینا یەکسەر خەیاڵی بۆ بۆتین و کیسەڵەکەی ڕۆشت: ئاخۆ دەبێ چییان بەسەردا هاتبێت.

دواتر بیری دوورتر ڕۆشت بۆ سەرزەمینی شاداڕەکان و دایک و باوکی. هێندەی ڕێگە بڕیبوو، بەتەواوی نەیدەزانی کە چەند شەو و

رۆژە لە ماڵەوە دوور کەوتۆتەوە، بەڵام لەوە دڵنیابوو کە دوو کەسی زۆر خۆشەویستی بەجێهێڵاوە، هەرچەندە بەوپەڕی بڕواوە بڕیاری جێهێشتنی ئەوێی دا تا لەنهێنی ڕەسەنی مرۆڤەکان بگات، ئەوەی بیستی تەنیا بێئومێدی بوو لە ڕەسەنی مرۆڤ، بەردەوام لەخۆی دەپرسی: بۆچی وا هەموو نائومێدن بەرامبەر ڕەسەنی مرۆڤ، تۆ بڵێی من بڕیارێکی هەڵەم دابێ، ئەو هەموەش ڕاست و دروست بێ، بەڕاستی پێدەچێ مرۆڤ ڕەسەنێکی تەپیو و تێکشکاو بن، لەهەموو ڕاستی و نهێنیەک بەدوورن و هیچ پاشایەک لەنێویاندا دروست نەبێ، حەوتەمین سەرزەمینیش هەروا بە بێ پاشا بمێنێتەوە، دڵی دایک و باوکیشم شکاند، سەرەڕای ئەو متمانە و باوەڕەی بەمنیان هەبوو، لە منیش بێئومێدبون و کارێکی وامکردوە کەس نەیکردوە، بەشێوەیەک منیان لە سەرزەمینەکان بێبەش کرد، کە بۆم نییە بگەڕێمەوە.

هەموو کات دەیویست دوایەمین دیمەنی خۆی و باوک و دایکی لە چاوان بەدەر بکات. ئێلندیا خەیاڵێکی قورستر گرتی کە تەواو نیگەران و بێتاقەتی کرد، چونکە گەیشتە ئەو بڕوایەی ڕەسەنی مرۆڤ ئەوە ناهێنن، کە ئەم هەموو قوربانیدانەی بۆ بدرێ و پشت لە ڕەسەنی خۆی بکا، بەڵام چارەی نەبوو، نەدەبوو تێۆدلینا بە تەنیا بەجێ بێڵێت. ئێستاش کە بیر دەکاتەوە، سەرباری ئەو هەموو ڕووداو و پێشهاتانە،

دەرکی بەوە کردبوو کە مەترسی گەورەتر چاوەڕێیان دەکا و ئەوەشی بەسەریاندا هاتوە تەنیا سەرەتا بوە. هەردوکیان هیلاک و ماندوبون، تێوەدلینا لە سەرمان هەڵدەلەرزی، سیمورغ هەستیکرد کە سەرمایانە، باڵەکانی بڵاوکردەوە و پێیگوتن: زۆر سارده، وەرن... بێنە ژێر باڵەکانم تا گەرمتان بێتەوە.

سەرما ناچاری کردن خۆیان بخزێننە ژێر باڵی سیمورغەوە، گەرم و خۆش و ئارامبەخش، خەونێکی قوڵ هەردوکیانی گرت. زۆری پێنەچوو لەدەنگی سیمورغ وەئاگا هاتنەوە کە بێداری دەکردنەوە، ئەوان پێیانوابوو کە تەنیا چاوتروکانێکە و دووبارە دەخەونەوە، بەڵام شەکەتی دوێنێ شەو هێندە کاریگەر بووە، تەنیا یەک جار چاویان کردەوە کە رۆژ بۆوە، تیشکی خۆر لە کونی بنمیچەکەوە رژابوە نێو ئەشکەوتەکەوە و رووناکی کردبۆوە. پیرەسیمورغ لەسەر پێیەکانی وەستا و بەهەموو هێزییەوە باڵەکانی راوەشاند، دەورووبەری خۆی کردە تۆز: هەستن کاتی رۆشتنە، رێگەیەکی زۆر دوورمان لە پێشە.

باڵەکانی خاوکردەوە و نیشتە سەر زەوی: وەرن و توند خۆتان لەسەر پشتم بگرن.

ئەزموونێکی نوێ بوو بۆ ئەوان، بەزوویی نیشتنە سەر شانی سیمورغەکەوە و تەماشای یەکتریان کرد، سیمورغ دووبارەی لێکردنەوە:

توند خۆتان بگرن.

سیمورغ چەند شەقاوێکی هاوێشت و باڵەکانی بەیەکدا کێشا، وردە وردە پێیەکانی لە زەوی بەرز دەبۆوە، زیاتر گوڕی دایە خۆی و بەیەکجاری لەکونی ئەشکەوت دەرچوو، هەڵفڕی بەرەو ئاسمان، گەڵێ بەرز بۆوە لەچیاکانیش رەتی دا، تێۆدلینا و ئێلندیا بەترسەوە تەماشای خوارەوەیان دەکرد، هەموو شتەکان بچوک ببونەوە، بەڵام لەبەرئەوەی لە رەسەنە نایابەکان بون، دەیانتوانی وردتر ببینن، چاویان دەگێڕا لەناکاو تێۆدلینا پەنجەی راکێشا بۆ جێیەک و ئێلندیای ئاگادار کردەوە، کە بۆتین دەبینێ بە ئارامی لەسەر پشتی کیسەڵەکە رێگە دەبڕێ. سیمورغەکە هەستیکرد ئەوان تەماشای دۆستێکی خۆیان دەکەن، کەمێ نزم بۆوە و سێ چوار جارێک هاواریکرد، بۆتینیش سەری هەڵبڕی و دەستێکی بۆ بڵندکردنەوە.

لە فڕین بەردەوامبوو تا ئەو کاتەی رۆژ ئاوا بوو، گەشتێکی بێوێنە بوو، چەندین چیا و نهالیان بینی، هەندێجار کۆشک و تەلاری گەورە و بچکۆلەیان لە قەدپاڵ و لوتکەی شاخەکاندا دەبینی، لەنزیکی روبارەکان چاویان بەو هەموو پەیکەرە سەرنجراکێشانە گەورە دەکەوت، تێۆدلینا لە تەماشاکردنی ئەو سەرزەمینە دوورانە تێر نەدەبوو، بەڵام لە ناخیشەوە هەستی بەمەترسییەک دەکرد، بەتایبەتی کە قسەکانی گوڵستان و زازا

پاشای پیرەمێرد و بۆتینی وەبیر دەهاتەوە، توشی دڵەخورپە دەهات، پیرەسیمورغیش ئاگاداری کردبونەوە کە مەترسیدارترین و سامناکترین هێزەکان لەو شوێنە جیاجیایانە دەسوڕێنەوە.

سیمورغ ئاسمانێکی زۆری تەی کرد، ڕێگەی هەزار و یەک شەوی بە ڕۆژێک بڕی، پێدەچوو لەسەرزەمینی ڕەسەنی مرۆڤ نزیکبوبنەوە، ئاوڕێکی بۆ دانەوە و پێیگوتن: چی وامان نەماوە بگەینە سەرزەمینی مرۆڤەکان.

نیۆدلینا گەلێ دڵخۆشبوو دەستی هێنا بەسەر شانی ئێلندیا و بەخۆیەوە نوساند کە دواجار ئومێدەکەی هاتەدی. بەڵام ئەم خۆشییە زۆری نەخایاند، حەوت باڵندەی ترسناکی سکلیتۆر کەوتنە شوێن پیرەسیمورغ، ئەو باڵندانە جەستەیەکی درێژی کەم گۆشتیان هەبوو، لەشیان بەخاڵی سور و سەوز داپۆشرابوو، باڵەکانیان وەک باڵی شەمشەکوێرە وابوو، سەریان بە هەفتیار دەچوو، گەورە و ددان تیژ، چاوەکانیان بچکۆلە بەڵام تیژبین، دوو سمی زۆر بەهێز و دوو دەستی بچکۆلەی دوو چرنوکی، کلکیشیان دووفاق و درێژ، وەک برسییەک پەلاماری سیمورغیان دا، هەرچەندە بە جەستە بچوک بون، بەڵام خێراتر دەفڕین و بەپەلە دەجوڵانەوە. ئەو جۆرە باڵندانە بە پاسەوانی سنوری ئاسمانی نێوان سەرزەمینەکانی ڕەسەنی مرۆڤ و ڕەسەنە

نایابەکان ناسرابون.

سیمورغ هەستی بەترس کرد، سکلیتۆرەکان زیاتر تاویان دایە خۆیان، بۆیە گوتی: تکایە خۆتان توند رابگرن.

تیۆدلینا شلەژابوو، بە سەرسامییەوە پرسیاری کرد: ئەو باڵندە ترسناکانە چین؟

سیمورغ هەناسەی لێبڕابوو، بە پچڕ پچڕی وەڵامیدایەوە: ئەوانە.. چاودێری ئاسمانەکانن و خزمەتکاری ئیڤڵۆردن، لەبن شەپۆلەکانی ئاگر لە بندنیاوە سەریان هەڵداوە...

سیمورغ نەیتوانی وەڵامەکە تەواو بکا، دوو لە سکلیتۆرەکان سێرەیان لە پشتی سیمورغەکە گرتبو، توانی لەدەستیان رابکات، بەڵام هەر چرپنوکەکانیان گەیاندە چەند شوێنێکی جەستەی و برینداریان کرد، بەجۆرێ هاوسەنگی لەدەستدا، وەختەبوو تیۆدلینا و ئێلندیا لەسەر پشتی بەربینەوە، بەهەر شێوەیەک بوو توانییان خۆیان راست بکەنەوە. پیرەسیمورغ ناچاربوو لە رووی زەوی نزیک بێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند جارێ باڵندەکان لێی نزیکبونەوە و جەستەی سیمورغیان لەخوێندا سور کرد، ئیدی توانای فڕینی بەیەکجاری نەما، سەرباری ئەو هێرشانە، ماوەیەکی زۆریش بوو بەرەو ئەم سەرزەمینە هەڵنەفڕیبوو. هەوڵیدەدا رووەو دارەکان بچێ و هەردو هاوەڵەکەی رزگار بکا، تیۆدلینا

و ئێلندیا بە ئاستەم خۆیان لەسەر پشتی سیمورغەکە راگرتبوو، دیار بوو کاتی لەناوچونی سیمورغ نزیک ببۆوە، بۆیە دەیویست کەمێ پشوو بدات و ئەوجا دەست پێبکاتەوە، لەپڕ دوو باڵندەی بەهێز لە پشتیانەوە پەیدابون، دوو دەنگی ئاشنابون، سەریان سوڕاندەوە و تێڕدلینا پرسی: ئەمانە چین؟

پیرەسیمورغ چاوەڕێی هیچ فەریادرەسێکی نەدەکرد، بەڵام خۆشحاڵ بوو: هەڵۆی سپی و ڤینکیسی هاورێمن.

ئەوان دوای هەڵفڕینی سیمورغ گەیشتبونە ئەشکەوتەکە، لەوێڕا باڵندە دڕندەکەیان دیتبوو، ئیدی نیگەران ببون، چونکە وایان مەزەندە کردبوو، کە ئەو دڕندەیە پەلاماری سیمورغی داوە و لە شوێنێکدا بە بریندارێی بەجێی هێشتوە، بۆیە کەوتنە تەیکردنی ئاسمان تا لەوێدا دۆزییانەوە، کاتێ لە یەکتری نزیکبونەوە بە سەرسوڕمانەوە پێیگوت: ئەوە شێت بوویت گەیشتویتەتە ئێرە، ئەمانە کێن هەڵتگرتون؟ خەریکی چیت.. دیارە پیریی ئەقڵ و ئاوەزی نەهێشتویت!.

هەناسەبڕکێی تێکەوتبو: مافی خۆتانە وا بڵێن..ئەگەر ئەو دوو خانمە نازدارە نەبونایە، ئێستا لەمێژە ببومە خۆراکی ئەژدیها.

باشە ئەوە تێگەیشتین، بەڵام بۆ کوێ دەڕۆیت؟

ڕۆر ئاسایی وەڵامی دانەوە: نابینی؟ دەچم بۆ سەرزەمینی مرۆڤەکان.

هەڵۆی سپی تەماشای ئینکیسی کرد: نالێم پیر و شێتیش بووە.
سیمورغ گەلێ ماندووبوو، بڕستی لێبڕابوو، ترسی ئەوەی هەبوو بەو خێرایییە لە ئاسمان بەربێتەوە و هەردو خاتونەکەش بەخۆیەوە لەناوبەرێ: بەڵێ پیر بوومە، ئێستا کاتی ئەو قسانە نییە، هەوڵبدەن ئەو بەڵایانەم لەکۆڵ بکەنەوە، دووریان بخەنەوە.. بەڕاستی توانای فڕینم زۆر نەماوە، گەر وا بڕوات بەر زەوی دەکەوم.
دەیانزانی سیمورغ هێندە ماندوە چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێ لە پڕدا بەربێتەوە سەر زەوی، سەرباری ئەوەی سێ سکلیتۆریان کوشتبوو، بۆیە هەڵۆی سپی و ئینکیس گوڕیان دایە خۆیان بۆ سکلیتۆری چوارەم.
سیمورغ هاواری لەدوو خاتونەکە کرد: هاوڕێیان لەسنوری سەرزەمینی رەسەنی مرۆڤ نزیک بوینەتەوە، لێرەدا ناچارم لە شوێنێک داتان بنێم و ئیتر دەبێ خۆتان بەتەنیا ڕێگەکە ببڕن.
تێۆدلینا چەندێ تەماشای دۆخەکەی دەکرد، دەبێ مل بۆ ئەم ناچارییە بدات، لەبەرئەوە گوتی: باشە.
بەپەلە لەوێ دەرچون و گۆڕەپانێکی بێ دار و درەختی بینی، خێرا نیشتەوە و لەسەر پشتی دابەزین، سیمورغ پێیگوتن: ئێمە ناتوانین لەوە زیاتر بڕۆین، دەبێ خۆتان ئەو سنورە تێپەڕێنن، خۆتان بەڕێ بکەون بەرەو شاری نهێنی و لەخۆونبوەکان و گومراکان، بە هاوکاری

ئەو کەسانە دەتوانن لە سنور بپەڕنەوە و درێژە بە رێگەتان بدەن، شار تێکەڵ و پێکەڵ و ئاڵۆزە، دەبێ وریای خۆتان بن.

سیمورغ بەدەنوکە گەورەکەی پەڕێکی سپی لەسەر دڵی بوو وەک نیشانە لێکردەوە و لەسەری تێۆدلینای چەقاند، پەڕەکە لەنێو پرچیدا درەوشایەوە و حەوت موی زەرد لەنێو پرچە ڕەشەکەیدا پەیدابون، ئەوجا پێیگوت: ئەوە پەڕی سەر دڵمە کە لەنێو پرچی تۆدا بوە حەوت موی زەرد، ئیدی لەهەر شوێنێک بیت دەتوانم بتدۆزمەوە، گەر داوەکان سپی نەبون ئەوە بزانە من زیندوم و نەمردوم، کە سپیش بون دڵنیابە کە مردوم، ئێستا خێراکەن بڕۆن..بڕۆن زۆر لە شارەوە دوور نین.. من دەبێ بڕۆم بەدەم هاوەڵەکانمەوە.

تێۆدلینا نەیدەتوانی لەباوەشی بگرێ، تەنیا بەچاوێکی پڕ خۆشەویستییەوە تەماشای کرد و لەگەڵ ئێلندیا بەرەو نێو دارستانەکە چوون، سیمورغیش بەرەو لای هاوەڵەکانی هەڵفڕی.

ماوەیەکی زۆر بوو رێگەیان دەبڕی، سات بە ساتیش لەو شارە نزیک دەبونەوە کە سیمورغ بۆی باسکردبون، تێۆدلینا لە پێشەوە دەرۆشت و ترس و لەرز گرتبوی، گەیشتنە گۆڕەپانێکی ڕووتی و بێ دار و درەخت، لەناکاو لەشوێنی خۆی وەستا و لە پێشی خۆی ڕاما، ئێلندیا لەدوایەوە دەهات، بە وەستانەکەی ئەو شپرزە بوو، بەپەلە بەرەو

پێشەوە هات: چی بووە بۆچی وەستایت؟

تیۆدلینا ببری لە قسەکانی بۆتین دەکردەوە، دەستی بۆ پێشەوە ڕاکێشا. ئێلندیا بە سەرسوڕمانەوە تەماشای ئەو شوێنەی کرد، پەشۆکا و گیانی کەوتە لەرزین: نە ڕاست نییە..

- بەڵێ ڕاستە..ڕەنگە هێشتا لەو دەوروبەرەش بێت.

- کەواتە ژیانمان کەوتۆتە مەترسییەوە.

- بەدڵنیاییەوە..ئەو شوێن پێی پێگەورەیە، شوێن پێی دووگیانی ناو یەک جەستەکە، تەماشا بکە لەهەموو جێیەک دەیبینی، بۆیە دەڵێم ڕەنگە لەو ئاقارە بسوڕێتەوە.

- دەبێ ئەو بێت؟

- دڵنیام و زۆریش دڵنیام ئەوە شوێن پێی ئەوە.

تیۆدلینا زۆر خەمبارانە لە شوێن پێکانی دەڕوانی، قسەکانی بۆتین بەزوویی هاتنەدی، ئیدی چاوەڕێی مەرگێکی بێ چەندوچونیان یەکلایی بۆوە.

# دەریاچەی تەرمەکان

بە نێش و ئازارێ زۆرەوە چاوی کردەوە، بەڵام هێشتا لەدەوروبەری خۆی حاڵی نەببوو، سەری سوڕاند گوێی لە تەقە تەقێ بوو، لەگەڵیشیدا جەستەی ئەمی دەجوڵاندەوە، ئیدی ئەڵقین تێگەیشت کە لەنێو گالیسکەکەدایە و بریندار بووە، نۆردمەنی و هاوێندش حاڵیان باشتر نەبوو، لە تەنیشتیەوە درێژ کرابون، گوێی لە نرکە و ناڵە و هەناسە قوڵەکانیان بوو، هەر بە خرەی سەرسنگیان زانی کە برینەکانیان قوڵە. چاوی بەدەوروبەری خۆیدا گێڕا، نیگای کەوتە سەر کچێ باڵابەرز و پرچ خورمایی درێژ، خاوەن روخسار و لەش و لارێ بوو، چەشنی رەسەنە نایابەکان، بەڵام هیچ کەسێ لەوان بونەوەرەکانی سەر بە رەسەنە نایابەکانیان نەدیتبوو. ئەڵقین سەری دێشا، هەوڵی دەدا ئەزنەقێ بدا و لەجێی خۆی بەرز بێتەوە، بەڵام سەری قورستتر دەبوو، ناچار پێڵوەکانی دەکەوتنە سەر یەک و دنیا لەبەرچاوی دەبوە تەمێکی رەش و سپی. هەرچەندێ چاوی دەکردەوە، بەچەندین خەڵکی هەژار و تۆقیوی دەدی، رێگەیان دەبڕی، ئەوان لە گوندە سنوریيەکانەوە بەزۆر دەرکرابون و هەڕەشەی کوشتن و ستاندنەوەی ژیانیان لێکرابوو، ئەو کارەساتانە بون و نەبونی پێچابونەوە و چارەنوسیان دابوە دەست

قەدەرێکی نادیار.

کچە پرچ خورماییەکە ئاوڕی دایەوە و بینی ئەلفین وەهۆش خۆی هاتۆتەوە، نزیکبۆوە و بەروخسارێکی سارد‌ەوە، بێ هیچ سۆز و گوزارشتێ: ها وەئاگا هاتیتەوە؟

- بەڵێ بەڵام هەموو جەستەم دێشێ.

- گەر ئازار بێت قەیناکا، خۆشحاڵ بە کە نەکوژرای.

ئەوجا وەبیری هاتەوە کە لەگەڵ دوو هاوڵەکەی لە شەڕێکی سەختدا بون، گەلێ لە مەرگ نزیک ببونەوە، بەڵام نەیدەزانی دواتر چی بوەو ڕ قەوما، بەسەرسوڕمانەوە پێیگوت: باشە ئێستا ئێمە لەکوێین و لە کەیەوە خراوینەتە نێو ئەم گالیسکەیە؟

- دە شەو و ڕۆژێک دەبێ.

چاوی زەق کردەوە، وەک ئەوەی ئەم وەڵامە جێگەی متمانە نەبێ، زۆر بەهەند وەرینەگرت، لەسەرخۆ خۆی راستکردەوە و دانیشت، ئازاری سەری زیاتر دەبو، دەستی گرت بە سەریەوە و بەبێزارییەوە گوتی: تۆ کێیت و ئێمە لەکوێین؟

- ناوم تافێنە، لەنزیک سەرزەمین و شارە گەورەکەی میرغەزەبین، ئەوەی کە ئاگریان بەردایە گوندەکانمان و خەڵکیان توشی ئاوارەیی و مەرگەسات و ماڵوێرانی کرد.

- ئەی ئێمە چیمان بەسەرهات و چۆن نەکوژراوین؟

- خەڵک کە بینی سێ گەنج چاونەترسانە بەرامبەر سوارۆکان وەستاونەتەوە و بەگژیاندا دەچنەوە، هەستیان جوڵا و بوێری گرتنی، دڵیان نەهات لەوێ بەجێتان بهێڵن، بۆیە بەتەواوی هێز و توانایانەوە نەمجارە لەبری هەڵاتن، هاتن بەهاناتانەوە و پەلاماری سوارۆکانیان دا، چونکە ژمارەی ئەوان کەم و ئەمانیش زۆر بون، نەیانتوانی بەردەوام بن لە راوەدونانی خەڵکەکە، ناچار هەڵاتن، ئێوەش لەگەڵ بریندارەکانی دیکەدا خرانە نێو ئەم گالیسکەیەوە تا چاک ببنەوە.

تاقێن دووبارە تەماشای کردەوە: ئەوەی ئێوە کردتان شێتیش وا ناکات..ئاقڵ شتێک دەکا قازانجی زیاتر بێ لە زیانی، یان هەر زیانی نەبێت.

کوڕێ گەنج بەجلوبەرگێکی شڕ و کون کونەوە، کە رەنگێکی شڵەژاو و سەرشێتانەی هەبوو، هاتە تەنیشت گالیسکەکە و بەپەلە پەل کەوتە قسەکردن: تاقێن..مردم لە برسان، چەند رۆژ دەبێ هیچم نەخواردوە، پێدەچێ خۆراکی ئەم خەڵکە بەرەو تەواوبون بڕوات، کەس ئامادە نییە پارویەک نانی لێ زیاد بێت.

تاقێن لە هەگبەکەیدا پارچە نانێکی دەرهێنا و دایە دەستی و پێیگوت: ها ساویلک، ئەمە دوایین پارچە نانە، ئیتر تەواو هیچمان نەما.

ساویلک دیاربوو چەند رۆژێ بوو هیچی نەخواردبوو، بەپەلە قۆستیەوە و خواردی: باسی ئەوە دەکرێ دەبێ کاوڕەکان سەربپڕین، تا خواردنێکمان دەست بکەوێ.

پاشان تەماشای ئەڵقینی کرد، کە لە دوو هاوڕێکەی ورد دەبۆوە، پێیگوت: خەم هەڵمەگرە، رەنگە بمرن، رەنگیشە نەمرن..پیرەمێرد سەردانی کردون؟

ئەڵقین هیچ وەڵامێکی نەداوە، چاوەکانی خستەوە سەر یەک و ئاگای لەخۆی نەما، ساویلک بەپەلە گوتی: ها وا بزانم مرد.

تاقێن سەرنجیدا و دڵنیابوو: نە..نەمردووە، لەهۆش چوە.

- ئا..خەون دەبینێ، رەنگە خەونێکی خۆش ببینێ.

- خەونی چی و حاڵی چی، ئەوانە وەک ئێمەن، هەموو خەونێکی شیرین لەم سەرزەمینەدا بۆتە مۆتەکەیەکی ترسناک.

خەڵک پۆل پۆل شوێن ئومێدێ کەوتبون و بە برسێتی و تینوێتی رێگەیان دەبڕی، ئەوان دەیانویست بچن بەرەو سەرزەمینی میرغەزەب، سەرزەمینەکان بەتەواوی نەیاندەزانی ئەو مەرگەسات و کارەساتانەی بەسەریاندا هاتوە، لەلایەن کێوە ئەنجام دەدرێ. میرغەزەبی گەورە لە سەرزەمینەکانی ناوەراست سەرقاڵی کۆکردنەوەی لەشکرێکی گەورە بوو، کە تۆڵەی خەڵک بکاتەوە و کۆتایی بە دەسەڵاتی سەرزەمینەکانیتر

بێنێ، دەنگۆی ئەوەش هەبوو کە هەر کەسێ بەشداری لە لەشکرەکەی بکا، ئەوا تێر خواردن دەکرێ و لە هەڕەشەی دوژمنەکانی سەرزەمینی دەوروبەری پارێزراو دەبێ، لەبەرئەوە خەڵک بەکۆمەڵ بەرەو شاری میرغەزەب کۆچیان دەکرد. ئەوان دەیانزانی دێهاتە دوورەکان و سەرزەمینە شاخاوییەکان چیدیکە جێگەی ژیانیان تێدا نەماوە و گوزەران لەوێ ئەستەمە، شەڕ تا دەهات رووبەری فراوانتر دەبوو، بەرە بەرە شەپۆلی ئاگر دامێنی هەموو سەرزەمینەکانی دەگرتەوە.

چەند شەو و رۆژێ بوو ئەلڤین و هاوەڵەکانی نەهاتبونەوە هۆش خۆیان، جار جار پیرەمێردێکی لاواز، کە خۆشی رۆژ بە رۆژ بەرەو ناساغڵەمی دەچوو، سەردانی دەکردن و هەندێ دەرمان گیای دەکوتا و لەگەڵ ئاو تێکەڵی دەکرد و دەینا بەدەمیانەوە، ئەو جۆرەها گیای لە سەرزەمینە شاخاوییەکان لەگەڵ خۆی هێنابوو، زۆر کەم بەکاری دێنان، بەڵام کاتێ لەو سێ گەنجەی دەڕوانی هەستی بەجۆرە ئاسودەییەک دەکرد و بەدەست خۆی نەبوو، حەزی وابوو خزمەتیان بکا، زۆر پەرۆش بوو کە بەزوویی چاک ببنەوە. ئەو هەستە پڕ سۆز و بەزەیی و لەخۆبردوویە لە سەرزەمینی مرۆڤەکان دەمێک بوو کۆچی کردبوو، بەڵام هێشتا لە گوندە سنورییەکاندا لەبرەودا بوو. ئەلڤین چاوی هەڵێنا، خۆی و دوو هاوەڵەکەی لەبن سێبەری پیرەدارێکدا

بینییەوە، هەندێ کەلوپەلیان خستبوە ژێر سەریانەوە، تەماشای ئەملاوئەولای خۆی کرد، کەسی نەدیت، نە تاقێن و نە ساویلک و نە ئەو خەڵکەی کە پێش لەهۆشچونەکەی بەیەکدا دەهاتن و دەچون. وا بەخەیاڵیدا هات کە ئەو خەڵکە بێزاربون و نەیانتوانیوە لەگەڵ خۆیاندا بیانبەن، بۆیە لەبن دارەکەدا بەجێیان هێشتون، زۆری بەخۆی هێنا تا هەستایە سەرپێ، تەماشای هاوڵەکانی کرد، هەناسەدانیان ئاسایی بوو، دیاربوو کە باریان بەرەو باشی دەروات، ئەوەش سەبوربیەکی پێبەخشی، بەڵام هەر لەوە نیگەران بوو کە ئەو خەڵکە چی بەسەر هات، دووبارە بەوردی چاوی گێڕا، نیگای کەوتە سەر سێکوچکەیەک کە هێشتا دووکەڵێکی سپی لەبنیەوە بڵند دەبۆوە، ئیدی ئەوە ئاماژەیەک بوو کە پێش چەند ساتێکی کەم ئاگرێک لەوێڕا کراوەتەوە، دواتر دوو سێ بوخچەی بینی بێجگە لەوانەی خۆیان، کە دوورتر دانرابون، تا رادەیەک گەشبینیەک گرتی کە تەنیا نین. شتێکی وەبیرهاتەوە، دەستی برد بۆ بوخچەکەی و گەردنبەندەکەی دۆزییەوە کە لە ژوری ئیڤا کەوتبوو، ئاخر ئەو پێیوابوو خاوەنی ئەو گەردنبەندە خوشکەکەی رفاندوە و رەنگە رۆژێ لە رۆژان ئەو نیشانەیە ببێتە رێنوێنیەک و بیگەیەنێتەوە بەخوشکەکەی. کەمێ ئاسودەیی رووی تێکردەوە، بەڵام گەرما ئارەقەیەکی زۆری پێکرد، لەو شوێنە وەرز

کۆتایی بەهار بوو، چەشنی کوێستان و دەڤەرە چیاییەکان نەبوو، ئیتر گیا و روومکە خۆڕسکەکان بەرەو زەردبون دەچون، بەردەوام دڵۆپە ئارەقەکانی نێوچەوانی دەسڕی، لەدوورڕا چاوی کەوت بەتاقێن کە بەرەو لای ئەمان دەهات، دڵنیانەبوو وایدەزانی ئەم وەرزە گەرمە ڕێشکە و پێشکە بە چاوی دەکا، زیاتر لێی وردبۆوە، تاقێن بوو کۆمەڵە دارێکی وشکی دابوو بە شانیدا و ساویلکیش بەدوایەوە و لەدوای ئەویش پیرەمێرد و کوڕە گەنجێکی دیکە دەرکەوتن. هەر چواریان بەبێدەنگی لە ئەلقین رامان و ئاگری نێو سێکوچکەکەیان گەشکردەوە، تاقێن لەنێو زەنبیلەکەی چەند پارچە گۆشتێکی دەرهێنا و خستیە سەر شوڵە دارەکان. هامۆند و نۆردمەنی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن بریندەکانیان چاپۆوە، پیرەمێرد لێیان نزیکبۆوە و بە زەردەخەنەیەکەوە پێیگوتن: ها..پێدەچێ گژوگیاکە کاری خۆی کردبێ.

ساویلک بەشەپرێوی هاتە پێشەوە: نەمگوت یان دەمرن یان چاک دەبنەوە.

پێکەنی و سەرێکی بادا: ئەو پیرەمێردە جادووگەری گوندەکەمان بوو، زۆر کەسی چاک کردەوە، بەڵام هەرچەندێ پێی دەڵێم کەمێک لەو ئەقڵەتم بدەرێ، دەڵێت ئەوە تاجە ناچێتە سەری هەموو کەسێ.

کوڕە گەنجەکەیتر لاواز و ئەسمەر و چاوزەرد بوو لێی هاتە قسە:

ساویلک وەرە یارمەتیمان بدە، ئەگەر نا هیچت بەرناکەوێ.

بەپەلە غاری دا: ئۆرام.. ئۆرام.. هاتم.

تاقێن کە زانی بەتەواوی وەهۆش خۆیان هاتونەتەوە، بەرەو لایان هات و روویەڕووی پرسیاری ئەلقین بۆوە: چی بووە، ئەدی ئەو خەڵکە چی بەسەرهات؟

بەسارد وسڕییەوە وەڵامیدایەوە: هەموویان بەرەو سەرزەمینی میرغەزەب بەڕێ کەوتون، لەڕێگە خەڵک توشی بێ خۆراکی هاتن، لە ناچاریدا ئاژەڵەکانمان سەربڕی تا لە برسان نەمرین، بەڵام کە ئەوەشمان کرد، کەس نەما ئێوە هەڵگرێ، کەسیش ئامادە نەبوو چاودێریتان بکا، هەر کەس بەوەدا گەیشت خەمی خۆی بخوات و بەزووترین کات بگاتە شار تا لەبرسان نەمرێ، دەڵێن میرغەزەب لەشکرێکی زۆر گەورەی پێکهێناوە، بۆ ئەوەی تۆڵەی ئێمە لە سەرزەمینەکانی دەوروبەر بستێنێ.

- ئێوە بۆچی نەڕۆشتن؟

- تەماشای دەوروبەرت بکە، من تەنیا ئافرەتێکم کە کەسم نەماوە، ساویلک و ئۆرام و باپیرەی پیرەمێردیش کەسیان نەماوە، هەروەک پێناچێ ئێوەش کەستان مابێ، ئەگەر بەجێمان هێشتبان لەمێژبوو ببونە خۆراکی گیانلەبەرە درندەکان، ئەوە نیبە باپیرەش بە گوڵ و گیاکانی تیماری کردن، بەڕاستی دڵمان نەهات بەجێتان بێڵین، بەڵام

دەبێ هێز بدەنە بەرخۆتان، چونکە ئەوەی ئێستا دەیخۆین دوایەمین ژەمی خۆراکمانە، زۆر دوور نین لە شارەوە، وەک هەموو ئەو خەڵکەش دەبێ بەزووترین کات بگەینە نێو شار، ئەگەر نا لە برساندا دەمرین. نۆردمەن هاتبوە سەر خۆی و سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد: ئێمە لەکوێین...چی قەوماوە؟!

هامۆند دەمێ بوو چاوی کردبۆوە، دیمەنی گۆڕەپانی شەڕەکەی لەیاد نەچوبو، بۆیە بە نیمچە گاڵتەپێکردنێکەوە وەڵامی دایەوە: هەستە.. نابینی هاتوینەتە گۆڤەند، هادریان خانم خوانێکی رەنگینی بۆ ئامادە کردوین.

بەگوێبیستبونی ناوی هادریان، هەموو دەمارەکانی گیانی گرژ بون، تورە بوو هەستاوە سەرپێ و ڕووەو هامۆند شاڵاوی هێنا، بەڵام ئەلڤین و تافێن توند گرتیان و هاوەڵەکەی هاواریکرد: چیتە شێت بووی، ئارام بگرە تێر نەبویت لە پەلاماردان؟ نازانیت بەو کردەوەیەت چی وای نەمابو هەمومان بەکوشت بدەیت؟

نۆردمەن بێدەنگ بوو، بەڵام بەمۆڕەوە تەماشای هامۆندی دەکرد، تافێن پێیگوت: بەسیەتی ئەوە خەڵکێکە هەوڵی کوشتنمان دەدەن، بۆچی لێرەش ئەو کوشتارە لەنێو خۆماندا دووبارە بکەینەوە، سەیری دەوروبەری خۆتان بکەن، چی دەبینن؟ کەس دەبینن.. تەنیا خۆمانین

و خۆمان، پێویستمان بەوەیە ئەقڵمان بەکاربێنین.

ساویلک کە سەرقاڵی چاککردنی پلە گۆشتە بە شوڵکراوەکان بوو، لەبەرخۆیەوە گوتی: تاجە.. تاج.. ناچێتە سەری هەموو کەسێک، وانیە پیرەمێردی جادوگەر؟

پیرەمێرد بێئەوەی ئاوڕی لێبداتەوە: هیچ کەس لەگوندمان نەماوە، هەموو کوڕ و کچ و خزمانم لەپێشچاوم کوژران و لەگوندی سەروکانی تەنیا ئەم چەند کەسە ماوینەتەوە، ئێستا ئێوەش وەک کوڕی من وان، دەبێ لەسەرخۆ بین، هێشتا رێیەکی دوورمان لەپێشە.

ئەڵقین لە قسەکەی هاموند نیگەران بوو، کە لەخۆڕا تورەبوونێکی خستە نێویانەوە:

واز لە تەشقەڵە بێنە، ئەگەر نا خۆت توشی لێدانێکی گەورە دەکەیت، ئەوکات کەسمان دەستی نوردمەن ناگرین، ئاگاداربە.

- لەبیرت چوو ئەو سەرزلە وەختەبوو هەمومان بەکوشت بدات، ئێستاش پشتیوانی لێدەکەی.

ساویلک بردنیە نێو دنیایەکی ترەوە: بۆنی گۆشتی برژاو گەڵێ خۆشە.. بەرامەکەی ئێرەی پرکردوە و هێندەیتر برسی کردوم.

لەناکاو هاوەڵەکەی هاواری لێکرد: کورە ساویلک هەمویت سوتاند، هەستە هەستە، ئەوە ئیش کەی وادەبێ؟

ئۆرام بوو وریای کردەوە، کە بینی جاروبار پشکە گۆشتێ دەخاتە دەمیەوە، ساویلک لەجێی خۆی بەرزبۆوە و بەپەلە پلە گۆشتەکانی بەسەریاندا دابەشکرد، خەریکی خواردن بون، پیرەمێرد هەر سەرنجی دەدان، ئیدی ئۆقرەی نەگرت و پرسی: ئێوە ناوتان چییە؟

ئەلفین پێش هەموویان وەڵامی دایەوە: من ناوم ئەلفینە، ئەو دوو هاوڵەشم نۆردمەنی گەورە و هامۆندە قوتن.

ناوی بابت چییە؟

ناوی باوکم؟!

بەلایەوە سەیر بوو، هەرگیز وا پێکنەکەوتووە کەسێ هەواڵی ناوی باوکی بپرسێ، یەکسەر کۆمەڵێ یادەوەری لە زەینیدا ژیاندەوە، وێنەکانی دایک و باوکی و ئیڤای خوشکی: باوکم هۆڵماکە و ناوی باپیریشم تیۆدۆسە.

- کەواتە ناوت ئەلفین هۆڵماک تیۆدۆسە؟

ئەلفین بە سەر وەڵامی دایەوە، لە مەبەستی پیرەمێردەکە نەدەگەیشت کە بۆچی ناوەکان لەبەرخۆیەوە دووبارە دەکاتەوە، دووبارە پیرەمێرد سەری هەڵبڕییەوە: ئەلفینی کوڕی هۆڵماک نەوەی تیۆدۆس، رەنگە ئێوە بنەماڵەیەکی ناودار بن؟

پێش ئەلفین هیچ وەڵامێ بداتەوە، پیرەمێرد پرسی: ئێوە خەڵکی

کوێن؟

ئەڵقین لەو قسانە حەپەسابوو، بەڵام پێشتر لەسەرزەمینەکان پێیان گوترابوو کە قسە و ڕازی خۆیان بۆ خەڵکانی ڕۆژاوا نەدرکێنن و خۆیان بپارێزن، هەرچەند ئەڵقین چەندێ بیری کردەوە، ئەو ئامۆژگارییانە وادەیان بەسەرچوە، تازە گەر پیرەمێردێ ناوی باب و گوندی بزانێ یان نەزانێ، چی بە چی دەگۆڕێ، بۆیە بێپەروایانە گوتی: ئێمە خەڵکی گوندی سەروکانین.

زیاتری خستە سەر قسەکانی: لە گوندی خۆمان تەنیا ئەو سیانەمان بەزیندویی ماوین، تەنیا تەرمی خوشکی حەوت بەهارم و هاوژینی نۆردمەن لەنێو مردو و کوژراوەکاندا نەدۆزرانەوە، ئێمە خۆمان وای بۆ دەچین کە ڕفێنراین و هێرشبەرەکان لەگەڵ خۆیان بردبێتیان، ئێمە لە بنەچەدا بۆ سەرزەمینی میرغەزەب هاتین تا سۆراغێکی خوشک و خێزان و هاوگوندییەکانمان بزانین، گەرچی پێشتر ناوی ئەم سەرزەمینەمان نە بیستوە و نە دیومانە، بەڵام لە ڕێگەدا چاومان بەو خەڵکە کەوت و زانیمان ئەوەی بەسەر ئێمە هاتوە، زۆرینەیەکی دیکەش پشکی خۆی تێدا وەرگرتوە.

تاقێن کە لەدووریانەوە دانیشتبوو، گوێی لە قسەکانی ئەڵقین بوو: پێتان وایە ئێمە بۆ کوێ دەڕۆین؟ هێشتا بەتەواوی دیار نییە کە

کام شەڕکەری سەرزەمینەکان ئەو کارەساتانەی خولقاندوە، سەرزەمینەکانیتر زۆر دوور و گەورەتر و مەترسیدارترن، ئەگەر بشڕۆن دڵنیابن پێتان نادۆزرێتەوە.

بەو قسەیە دڵگران بون، هەستیاندەکرد لەنێو بازنەیەکی داخراودا دەسوڕێنەوە، پیرەمێرد ئەو بێتاقەتیەی لە روخساریاندا خوێندەوە: ناڤێن ڕاست دەبێژێ، بەڵام وەک دەڵێن هیچ نەبێ میرغەزەب سەرقاڵی ڕێکخستنی لەشکرێ گەورەیە تا تۆڵەی ئێمە بسێنێ، ئێستاش زۆر دوور نین، ڕەنگە چارەنوسیشتان وابێ، کە بەرەو شاری میرغەزەب بڕۆن، هیوا و ئومێدتان لەدەست مەدەن، دیارە کە چارەیەکی دیکەتان لەپێشدا نییە.

سێ هاوڕێکە بەوردی لەدۆخی خۆیان وردبونەوە و قسەی پیرەمێردەکەیان بە ڕەوا زانی، سەیری یەکتریان کرد و سەرێکیان بۆ لەقاند، بەڵام نۆردمەن کە ئارەزوی تۆڵەسەندنەوە جار بەجار لە دەمارەکانیدا قوڵپی دەدا، خۆی پێڕانەگیرا و گوتی: کەواتە با بەرەو شار بەڕێ کەوین و شان بەشانی ئەو جەنگاوەرانە خۆمان ڕێکبخەین کە بەشداری شەڕ دەکەن.

ساویلک بە پێکەنینێکی سەیرەوە قسەکەی نۆردمەنی قۆستەوە: ئا.. ئا هەمومان دەڕۆین و منیش دەبم بە...بە..

ئۆرام زوو قسەکەی بڕی: تۆ خۆت کڕکە، لەو دەشتە نەخش و نیشان دەکێشین، با بگەینە شار ئەوجا بڕیار بدە.

ئەلڤین بیری لەوە کردەوە کە سەرزەمینە دراوسێکان زۆر دوورن، گەورەن و شارەزایی ئەو شوێنانە نین و لەگەڵ هاوەڵەکانیدا هیچیان پێناکرێ، بۆیە چون بەرەو شار تەنیا رێیەک بوو کە لە پێشیان بێت، رەنگە لەو شارە هەواڵی زیاتری دەستبکەوێ لەبارەی سەرزەمینەکان و بەوەش بتوانێ سەرەداوێکی لە چارەنوسی خوشکەکەی و خێزانی نۆردمەن چنگ کەوێ، هەرچۆنێ شەن و کەوی دەکرد، پێشنیازەکەی پیرەمێرد و تافێن باشترین رێگەچارە بوو: زۆرباشە بەرەو شار دەچین... سەرزەمین و شارێکی نەناسراو.

تافێن دەرکیکرد کە ئەمە دوا بڕیاریانە، لەجێی خۆی هەستا و گوتی: کەواتە دەستوبرد بن لە نانخواردنەکەتان و خێرا خۆتان گورج بکەنەوە. بەپەلە نانەکەیان خوارد و کەمە ئاوێکیش لە کوندەی تافێندا مابوو، خواردیانەوە، نەدەکرا بۆ شەوێکیتر خۆیان دوابخەن، چونکە کات عەسرێکی درەنگ بوو، وردە وردە هەوا فێنکی دەکرد، هەگبەکانیان پێچایەوە و ساز بون بۆ رۆیشتن. دۆزینەوەی رێگەی شار کارێ ئەستەم نەبوو، ئەوەندە خەڵک بەو رێیەدا چوبون، رێگەکە تەخت ببوو، ئاسەواری رۆیشتنی خەڵکێکی زۆری لەسەر دەرچوبو. لەبەر

گەرمای رۆژ و برسێتی، بڕیاریاندا کە دەمەو ئێواران و شەو رێگا ببڕن، بەرۆژیش لەبن سێبەری درەختەکاندا بحەوێنەوە. پیرەمێرد لە پێشەوە هەنگاوی دەنا و ئەوانیش بەدوایەوە، حەوت کەس کە هەریەکەیان لە جێیەکەوە هاتبون، کارەسات یەکی خستبون کە لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژاوا و ناوەندی هەموو سەرزەمینەکان بەئومێدی دیتنەوەی هیوا و ئومێدەکانیان کەتبونەڕێ. شەوانە بەهۆی ماندوێتی رێگەبڕینەوە هەستیان بە ئازاری جەستە نەدەکرد، بەرۆژیشدا چاویان بەچەندەها تەرمی کەوتو دەکەوت و هاڵاوی ئەو مردوانە کاسی دەکردن، دیمەنێ بەردەوام لەبەرچاویان دووبارە دەبۆوە، تەرمی کۆرپە تازە لەدایکبوەکان بوو، کە لە لاڕێیەکاندا دانرابون و درابونە دەست چارەنوسێ نادیار و مەرگ دەیپێچانەوە، هێندە تەرمی مردویان بینی، سایەی مەرگ هەمیشە بەسەریانەوە بوو. دڵنیابیون کە ئەمانیش هەر رۆژێ دێت لە کەناری ئەو رێیەدا و لە پەنا درەختێکدا خەویان لێدەکەوێ و جارێکیتر هەڵناستنەوە. ئەوێ سەرزەمینێکی پڕ مەترسی بوو، کۆمەڵێک کەسیان بینی لە باشورەوە بەرەو لای ئەوان دەهاتن، لەدوور دوور جموجوڵێکی نائاسایی هەبوو، خەڵکێک بەخێرایی دەهاتن، ئەمان سەرسام بون، ئومێدیان لەوێ دەبینی، کەچی وا خەریکە دۆخەکە پێچەوانە دەبێتەوە، تاقێن لەجێی خۆی وەستا: ئەوان بەرەو لای ئێمە دێن.

پیرەمێرد سەری ڕاوەشاند: نازانم. بەڵام زۆرجار باب و باپیرانم گوتوویانە خۆمان لە باشور و خەڵک و جموجوڵیان بپارێزین.

تاقێن موچڕکەیەک بە لەشیدا هات و ترس دەیلەرزاند: باب و باپیرت ڕاست دەکەن، زووبن من باوەڕ و متمانەم بەهیچ کەسێ نەماوە.

ئالۆزییەک کەوتە نێویانەوە، ئەلقینیش ئاسوودە نەبوو: منیش هەستدەکەم کە بە هاتنی ئەوانە ئاسوودە نیم، هەرچەندە ئەم بەرەبەیانە زۆر ماندو بوین، بەڵام باشترە لێیان دوور بکەوینەوە، با ئەوان بەرەو شوێنێکیتر بڕۆن.

هەموو یەک بڕیاریان دا، شەقاوەکانیان خێراتر کرد، بەڵام هەرچەندێ هەنگاویان دەنا، جموجوڵەکە لە باشورەوە چڕتر دەبۆوە، ترسی خستە نێو دڵی حەوت ڕێبوارەکەوە، چ پشوێکیان نەدا و بەردەوام ڕێیان بڕی بێئەوەی ئاوڕ بدەنەوە، ئەو ڕۆژە تا خۆر ئاوابوو وچانیان لەخۆیان ڕەتاند، دواجار گەیشتنە دەریاچەیەک کە دەکەوتە نێوانی چەند گردێکی پڕ لەداروبار، ئەو گردانە هەندێ کونە ئەشکەوتیان لەخۆگرتبو، کە کۆمەڵێ پەیکەر لەبەردەم کونەکانیاندا داتاشرابون، پەیکەرەکان وێنەی بونەوەری تۆقێنەر و قێزەون بون، ئەو شێوانە نەبون کە بۆ جوانی دانرابن، پێدەچو بۆ پەرستن بن. لەهەموو سەرزەمینی مرۆڤەکان، وتەکان جێی خودایان گرتبۆوە و دەپەرستران

و قوربانیان بۆ دەکرا. بە سەرسامی بەلای پەیکەرەکاندا گوزەریان کرد، شوێنەکە سامێ تایبەتی هەبوو، ئەوێ بۆ مرۆڤ جێیەکی ئاسایی نەبوو، رەنگە ئەوێ شوێنی جادوگەران و رەسەنی نامرۆڤ بوبێ، هەستێکی نائارامی بەجەستەیاندا دەگەڕا، بەرادەیەک ئەو جێیە سڕی کردبون، ئاگاداری ئەو هەموو جەستە و تەرمە کەوتوە نەبون کە لەناو دەریاچەکە سەرئاو نیشتبون، بۆیە بێئەوەی تێبینی ئەوە بکەن، دەمیان نا بەئاوی دەریاچەکەوە و خواردیانەوە. جموجوڵی باشوریان لەبیرچۆوە و وێستیان ئاگرێ خۆش بکەن، لەناکاو ساویلک گوتی: ئا...ئا..پێیبکەن..ئاگر خۆشکەن، با باش سەرمان سور ببێ، ئەویش گەر شانستان هەبێ و بە پەڕ و باڵەوە نەخورێین.

نۆرام بەسەرسورمانەوە ئاوڕیدایەوە: ئەوە چی دەڵێیت هەی شێتی مااڵوێران؟

- هیچ ..هیچ بەڵام با یەکەمجار تۆ بخۆن.

پێکەنی..پێکەنینێک کە روخساریکی شێتانەی پێبەخشیبوو. پیرەمێرد بەخواردنەوەی ئاوەکە زۆر تێکچو، بەترسەوە گوتی: ساویلک راست دەکات، کێ نااڵێ ئەو جموجوڵەی باشور، هاتنیان نییە بۆ سەر ئەم ئاوە؟

نۆرام بەسەرسوڕمانەوە تەماشای ساویلکی کرد: ئەوەی لە کەیەوە

ژیر بویت؟

پێدەکەنی و سەری ڕادەوەشاند: لەوەتەی تاجەکە لەسەر سەرت نەماوە..ها..ها..

قسەکەیان تەواو نەکرد، لەنێو دارەکانەوە دەنگی هەراوهوریایەک هات، لەو تاریکستانەوە هیچیان لێوە دیار نەبوو، بەڵام دەنگەکە ئامازەی بە گیانەوەری درندە دەدا، هاوکات بۆنێکی ناخۆش و بێزارکاریش وردە وردە هەوای شوێنەکەی دەشێواند، بەترسەوە لەیەکتریان ڕوانی، خەیاڵیان بۆ ئەوە دەڕۆشت کە ئەگەر ئەوانەی باشوریش بووبن، چۆن وا بەو دەستوبردە گەیشتوونەتە ئەوێ، ئەڵقین بەپەلە هاواریکرد: زووبن، خێرا پێ هەڵگرن، با بچینە ئەو ئەشکەوتانە خۆمان حەشاردەین، ناتوانین زۆر دوورکەوینەوە، دەماندۆزنەوە.

خێرا خۆیان پێچایەوە و پیرەمێرد لەپێ کەوتبوو، ئۆرام و نۆردمەن چونە ژێر باڵییەوە و بەرەو ئەشکەوتەکان چون، لەوێ هەر دوو کەس و سێ کەسێکیان خۆیان هاوێشتە ئەشکەوتێکەوە، ئەو کونانە پڕ ئێسک و پروسکی مرۆڤ بون، شوێنەکە وای نیشان دەدا کە ئەوێ جێی درندە و گیانەوەرە ترسناک و غەیرەمرۆڤەکانە، لەوێڕا مرۆڤەکان کەلەپاچە دەکەن، تەژی بوو لە مشک و جرج.

ئەو دەمە مانگەشەو بوو، تەواوی دەڤەرەکە ڕووناک ببۆوە، لە کونی

ئەشکەوتەکانەوە بەبێدەنگی هەڵتروشکابون و بەدڵێکی پڕ ترسەوە تەماشای دەرەوەیان دەکرد. زۆری پێنەچوو بەهەزاران تارمایی ڕژانە دەرویەری دەریاچەکەوە، لەبەر ڕۆشنایی مانگەشەوەکە چاوەکانیان زەرد و سپی دەچۆوە، جەستەیەکی تێکەڵاو لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا، شیر و تیر و نێزەی ژەنگاوی و کڵاو و قەڵغانیان لەخۆیان ئاڵاندبوو، دەمیان نا بە ئاوەکەوە، ئەوەشی کە دەرفەتی ئاو خواردنەوەی نەبوو، نورە نوری دەهات و زۆری نەدەبرد لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەردەبونە گیانی یەکتری، هەراوهۆریایەکی نائاسایی بەرپا کرد، ئەوەی زیاتر ڕێبوارانی نێو کونە ئەشکەوتەکانی تۆقاند، بەسەر شانی هەندێکیانەوە تەرمی مردو تەکەی دەهات، زۆر بەو تەرمانە دەچون کە لە لاڕێیەکاندا کەوتبون. تەرمەکانیان فڕێدایە ناوەندی خۆیان و بەزمانێکی نیوە ئادەمی یەکێکیان هاواریکرد: لەسەرزەمینەکانی ئێڵۆرد گۆشتی تەڕی ئادەمیمان دەخوارد، ئێستاش کە دوورکەوتوینەتەوە دەبێ گۆشتی تەرمە گەنیوەکانیان بخۆین.

یەکێکی دیکەیان هەڵیدایە: ئا..ئا..بەڵام بەڵێنی گۆشتی تەڕی بونەوەری سەرزەمینە دوورەکانی باکور و سەرزەمینە ونەکانمان پێدراوە، ئەوکات لەخواردنی گۆشتی مرۆڤ تێر دەبین.

گەلێ برسی بون، چرپنوکیان لە لاشەکان گیرکرد و بە کەڵبە پارچە

پارچەیان کردن، دادی نەدان و تێری نەکردن، ئاوڕیان بۆ دەریاچەکە دایەوە، لەبەر تیشکی مانگەشەوەکە لاشە سەرئاو کەوتوەکانیان بینی، پڕپاندایە و هێنایانە دەرەوە و ژەمی ئەو شەوەیان پێ بەسەر برد. بەڵام هەندێکیان بەهیچ کلۆجێ دەستیان بۆ گۆشتی مردوەکان نەبرد. ئەم دیمەنە تۆقێنەرە ترس و لەرزێکی زۆری خستە دڵ و دەرونی حەوت ڕێبوارەکەوە، باوەڕیان بەچاوی خۆیان نەدەکرد، دڵەکوتە گرتنی و ئارەقەیەکی زۆریان هەڵڕشت. ساویلک زۆری نەمابوو لەهۆش خۆی بچێ، خەریک بوو ئەقڵ و ئاوەزی لەدەست بدا، هەستایە سەرپێ هاوار بکا، خێرا هامۆند دەستی خستە سەر دەمی و بێدەنگی کرد. تاقێن دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک بەچاویدا دەهاتە خوارێ و ئەڵقین حەپەسابو، هەرگیز بەخەیاڵیدا نەدەهات ڕۆژێ لە ڕۆژان دیمەنێکی وا تۆقێنەر ببینێ. خامۆشی و ترسێ زۆر، ئەشکەوتەکانی تەنیبۆوە، لەناکاو ڕیزێک کۆکە قورگی پیرەمێردی گرت، هەرچەند خۆی بڵندکردەوە تا جڵەوی کۆکەکەی بکا، بەڵام هاڕەی سنگی دەهات، نۆردمەن و نۆرام بەپەلە هەستانەوە و دەستیان خستە سەر دەمی پیرەمێرد تا شوێنیان ئاشکرا نەبێ، بەڵام ئەو دڕندانە گوێکانیان قوتکردەوە و بەئاراستەی دەنگەکە وەستا، سەریان سوڕاند بۆ لای ئەشکەوتەکان و کونەلوتیان زیاتر کردەوە و بۆنیان دەکرد، لەپڕ یەکێکیان گوتی: بۆن دێ..بۆنی

گۆشتی تەپی ئادەمی دێ.

چاوسوڕێتر بۆی قۆستەوە: ئا وایە پێدەچێ گۆشتی تەپی ئادەمی لەم دەوروبەرە حەشار درابێ.

لورەیان لێدا و یەکێکیان بەشادییەوە دەیگوت: با لەهەموو جێیەک بگەڕێین، رەنگە ئەمجارە گۆشتی تەڕمان دەستکەوێ.

پەرت و بڵاوبونەوە و هەڵگەڕان بەرەو ئەشکەوتەکان و بەدەوروبەری خۆیاندا موشەیان دەکرد، حەوت ڕێبوارەکەش فزەیان لەخۆیان بڕیبوو، ئاخر ئەوە مەترسیدارترین ساتەوەختی ژیانیانە، سادەترین جموجوڵ بەیەکجاری ئاشکرای دەکردن، هێشتا دەستی هاوێند بەسەر دەمی ساویلکەوە بوو، هەموو جەستەی دەلەرزی، پیرەمێردی نەخۆشیش خرپە خرپێکی ترسناک لە سنگیەوە دەردەچوو، بەهیچ کلۆجێ وەستانی نەبوو، تاقێن دڵی پڕببوو، لێوەکانی دەلەرزین: ئەلڤین..وا گەیشتنە لامان، با هەڵبێین.

ئەویش بە چپەوە وەڵامیدایەوە: زۆر دواکەوتین، هەرچۆنێ بجوڵێین دەمانگرن و دەماندۆزنەوە..

قسەکەی تەواو نەکرد، دووان لە درندەکان پەرینە نێو ئەشکەوتەکەیانەوە، هەر زەندەقیان چوو، نەیانتوانی لەجێی خۆیاندا ببزوێن، دڵیان وەختە بوو لە قەفەزەی سنگیان بێتە دەرێ، گیانیان نیشتە سەر ئارەقە،

دڕندەکە بڕیاخی دەکردەوە و بۆنی هەردو ئادەمیەکەی دەکرد و سەری با دەدا، هێندەی چاوتروکانێ شمشێری لەکێلان هێنایە دەرەوە و نەڕاندی: گۆشتی تەڕ، هیچ دەنگە دەنگێ مەکە، هەر خۆمان لێرەین، بەڕاحەت دەیانخۆین، ئەگەر نا ئەوانیتر بزانن، پلە گۆشتێکمان بەرناکەوێ.

دڕندەی دووەم بەوردی چاوی دەگێڕا، تاقێن و ئەلقینیش لە حەژمەتا نیوە گیان ببون. دڕندەی یەکەم بەهێواشی هەنگاوی دەنا: وەرە.. تەنیا دوو دانەن، یەکێکیان بۆ تۆ و ئەویتریشیان بۆ من، بچکۆلەشن، بەڵام گۆشتیان زۆر تەڕە..تەنیا بەشی من و تۆ دەکا، هەر خۆمان دەیانخۆین، لەتوپەتیان دەکەین و ناهێڵین ئەوانیتر بزانن.

هاوڕێکانیان لە ئەشکەوتەکانی دیکە لەجوڵە کەوتبون، دڵنیابببون کە دوای خواردن و لەناوبردنی تاقێن و ئەلقین، نۆرەی ئەوانیش دێ، بەڵام نۆردمەن کە یەکەمین جاری بوو ترس خۆی بهاوێتە هەناوییەوە و دەمارەکانی داگیربکا، بیری لەوە کردەوە کە کۆتاهاتنی ژیانیان شتێکە نکوڵی لێناکرێ، بۆیە باشترین ڕێگەیەک بە مێشکیدا هات، ئەوە بوو کە بەخێرایی لە ئەشکەوتەکە بچێتە دەرەوە و هاوار لە هاوڕێکانی بکات، هەر هیچ نەبێ دوای شەڕێکی قورس بکوژرێن، نەک نووچ بدەن و بگرێەن و دواتریش بخورێن، دەستی هێشتا لەسەر دەمی پیرەمێرد

بوو، تۆرام لە ترسان بە ئەسپایی هەناسەی دەدا، پێ لەقەیەکی لە نۆردمەنی دا و بەئاستەم گوتی: راوەستە...چی دەکەی هەمومان بەکوشت دەدەی.

چاوسورە گەورەکە وێستی بەرەو ئەلڤین و تاڤێن هێرش بەرێ، کەچی لەجێی خۆی وەستا و چاوی بڕییە چاوی هەردوکیان، وردە وردە مرخە مرخی هێواش بۆوە و سوراییەکەی چاوی کاڵ دەبۆوە، تاڤێن و ئەلڤین وێنەیەکی شاراوەیان لە سیمای ئەو درندەیەدا بۆ دەرکەوت، روخساری بونەوەرێکی بەسۆز، مرۆڤێکی بەداخ، باوەڕیان بەچاوی خۆیان نەدەکرد، لەناکاو شمشێری ژەنگاوی راکێشا و لە پشتی درندەکەی یاوەری توند کرد و نوکەکەی لە سنگیەوە هاتەدەرێ، کە چنگەکانی بۆ ئەلڤین و تاڤێن درێژ کردبوو، شمشێری لەنێو پشتیدا سوڕاند و رایکێشایە دەرەوە، ئیدی ئەو دێوە گەورە چەند شەقاوێ بەرەو کونی ئەشکەوتەکە رۆشت و کەوت. درندەکە بەبێدەنگی لە ئەلڤین و تاڤێن ڕاما و بێ هیچ قسەیەک گەڕایە دواوە و بەدەنگێکی بەهێز هاواریکرد: بگەڕێنەوە هیچ شتێ لێرە نیە، ئەوە بۆنی کەسانێکە بەم دەڤەرەدا تێپەڕیون و هێشتا بۆنیان لێرەدا ماوە.

پشتی لە ئەلڤین و تاڤێن کرد و لە ئەشکەوتەکە هاتە دەرەوە و دووبارە هاواری کردەوە: دەی زووبن، چاوەڕێی چی دەکەن...بگەڕێنەوە، هیچ

نێچیرێ لەم شوێنە نییە، دەبێ دووبارە بەڕێ بکەوینەوە، رێگەمان بەرەو باکور و دیوارە بەرزەکانە، ئەوانەی پێش ئێمە رۆشتون چاوەڕێمان دەکەن، نابێ دوابکەوین.

هیچ یەکێ لە درندەکان هەستیان بە بزربونی یەکێ لە هاوەڵەکانی خۆیان نەکرد، لە بەرزایی شاخەکە هاتنە خوارەوە و لە دەوری دەریاچەکە خڕبونەوە، درندە چاوڕەشەکەیان هاواریکردەوە: هیچمان نەدۆزییەوە، بۆنی مرۆڤەکان هێشتا لەم شوێنەدا ماوە، بۆنیان لەگەڵ هەوادا دەسوڕێتەوە، نابێ چیدیکە خۆمان دوابخەین و سەرقاڵ بین بە بۆنی مرۆڤەوە.

سەرکردەکەیان کە تێر گۆشتی مردوی خواردبوو، لەهەمویان زلتر و ترسناکتر دیاربوو، پەلەی رۆشتنی بوو، سەری بۆ لەقاند و هاواریکرد: رەنگە وا بێ، لەکاتی گەیشتنمان بۆ سەرزەمینی مرۆڤەکان، بۆنی گۆشتیان دەهات، کەواتە پەلە بکەین، سەرزەمینەکانی باکور چاوەڕێمانە، دەبێ زوو خۆمان بگەیەنینە دیوارە بەرزەکانیان و دەروازەکانی بەرەو باکور ببڕین، وەک فەرمانمان پێکراوە دەبێ بەزووترین کات سەرزەمین و دارستانی پێنج رەسەنە نایابەکان داگیر بکەین و چیمان بەر دەستکەوت بیانکوژین، ئەوکات بەیەکجاری کۆتایی بەسەردەمی مرۆڤ دێت و چەرخی خۆمان و گەورەمان دەست پێدەکات.

یەکێک لە نزیکیەوە وەستابو گوتی: بەڵام لە سەرزەمینەکانی رۆژاوا جموجوڵێکی رەسەنی مرۆڤ هەیە، بەدوای چوار شتی نهێنیدا دەگەڕێن، دەبێ پێش ئەوان بگەینە سەریان. زۆر ناومان لە سەرزەمینەکانی باکور و رۆژاوا و رۆژهەڵات بیستوە، شارۆن رۆنا و تۆلاندێڵ و ئافدوور و سورکە، کە تێکەڵاو بەرەسەنی مرۆڤن لە رۆژاوا، بۆیە بەلامانەوە نامۆ نین، بەڵام زۆربەیان سەرگەردان بونە، هەرچەندە دەگوترێ لە سەرزەمینی رۆژهەڵات لە رەسەنی کۆنە پاشای یەکەمین، یەکێک سەرهەڵدەدات...دڵنیابن هیچ پاشایەک سەرهەڵنادات و کەس نابێ بەپاشا تا تاجی ونبوی یەکەم پاشای هۆڵمان شا نەدۆزێتەوە، دەڵێن ئەو تاجە ونبووە، لەسەر لوتکەی چیایەکە بەوردی پاسەوانی دەکرێ و دەپارێزرێ.

گەورەکەیان هەڵیدایە و گوتی: زۆر قسە کرا، یەکەم ئەرکی ئێوە دۆزینەوەی تاجی پاشایەتیە، ئێستا با بەڕێ بکەوین.

دەستی بەرزکردەوە و ئاماژەی دا بە رۆشتن، ئیدی بووە هەراهۆریا و ڕێی باکوریان گرتەبەر. حەوت رێبوارەکە گوێیان لەهەمو شتێ بوو، ئەڵقین و تافێن بەتایبەتی باوەڕیان نەدەکرد، کەوا هێشتا لەژیاندا ماون، بارودۆخیان هاتەوە سەرخۆی، بەڵام هەریەکە لە تافێن و ئەڵقین بیریان لەو ساتەوەختە دەکردەوە، کە درندەیەک تێیدا گۆڕا بۆ

بونەوەرێکی دڵ پڕ بەزەیی، بەتەواوی سەرسام ببون، تا ئەو رادەیەی که چەند جارێ بانگی ئەڵفینیان کرد، بێئەوەی وەڵام بداتەوە، دواجار تاقێن تێیکوتا: ئەڵفین ئەوە چیتە نابینی رۆشتن؟

هێشتا دیمەنی چاوی بونەوەرەکە لە بینایيدا بزر نەدەبو، بە دالّغەلێدانەوە وەڵامی دایەوە: بەڵێ رۆشتن.. هەستە با بەزووترین کات لەم شوێنە دوورېکەوینەوە.

لە ئەشکەوتەکە هاتنە دەرەوە، تاقێن هێشتا بە ترسەوە لە تەرمی دێوە کەوتووەکەی دەڕوانی، بەپەلە خۆی گەیاندە نۆردمەن و نۆرام، کە پیرەمێردەکەی هوشیار دەکردەوە، چەند جارێک رایتەکاند بەڵام چ جوڵەیەک نەبوو، جەستەیەکی سارد و سڕ، چاوەکانی پڕ فرمێسک بون: هەستەوە..نابینی هاوڕێکانمان خڕپونەتەوە و دەبێ بڕۆین، نەکەی جێت هێشتبین.

نۆردمەن لە پیرەمێرد نزیکبۆوە و بەنیگەرانیەوە تەماشای ئەڵفینی کرد، بە سەر ئامارەیەکی بۆ کرد کە ژیانی پیرەمێرد کۆتا هاتوە، تاقێن لەجێی خۆیەوە شڵەژا و هاتە پێشەوە: چیە بۆ قسە ناکات؟ پێم بڵێن چیتان لە پیرەمێرد کردوە؟

نۆرام دڵی پڕ ببو: پیرەمێرد هەڵناستێتەوە..وا بزانم پیرەمێردم کوشت..

تاقێن باوەڕی نەدەکرد، لە پیرەمێرد نزیکبۆوە و کەمێک بزواندی، بەڵام بێهودە بوو، ئیدی هاواری لێ بەرزبۆوە: نابێ..چۆن شتی وا دەبێ.

ئەلقین توشی سەرسوڕمان هات، لە نۆردمەن و نۆرامی پرسی: چۆن مرد؟

نۆردمەن هیچی نەگوت، نۆرام بەدەنگێکی لەرزۆکەوە: من پیرەمێردم کوشت..خەتای من بوو.

- چۆن چۆنی واتکرد؟

- کۆکە بواری نەدەدا، زیاتر دەکۆکی، ئێمەش بۆ ئەوەی درندەکان هەستمان پێنەکەن و نەماندۆزنەوە، دەستم خستە سەر دەمی تا چیدیکە نەکۆکێت و شوێنمان ئاشکرا نەبێ، بەڵام دیارە دەستم زۆر بەتوندی داگرتوە و نەمهێڵاوە هەناسە بدات و خنکاوە.

ساویلک و هامۆندش بە پرتاو هاتن بەسەر شینی تاقێندا کە هاواری دەکرد: هەی پیاوکوژ، پیرەمێردت کوشت، بە نەفرەت بیت..بەنەفرەت.

ساویلک لە پڕدا گوتی: باپیرەش مرد..ئەگەریش نەمردبا هەر دەمرد..

ئێستا ئەو مرد..باشترە لەوەی بەزیندویی بخورابا..بکوژ..ئێ نۆرامی بکوژ..

هەموان نیگەران بون، ئەلقین تەماشای پیرەمێردی کردەوە: پێناچێ نۆرام بە نەنقەست وای کردبێ، ئێستاش پیرەمێرد مردوە و هیچمان

پێناکرێ، باشترە درێژە بە رێگەی خۆمان بدەین و لەم سەرزەمینە وێرانەیە دەربچین.

نۆردمەن کاتێ لە ئەشکەوتەکە هاتە دەرەوە، لەجێی خۆی وەستا: ئاخر ناشکرێ جەستەی پیرەمێرد لێرە بەجێ بێڵین، هەر هیچ نەبێ وەک سەرزەمینەکانی خۆمان شوێنێک بکەینە ئارامگەی و لەژێر خاکدا بیشارینەوە.

ئەڵێن قسەکەی نۆردمەنی پەسەندکرد: راستە پیرەمێرد شایستەی ئەوەیە، ئێمەی لەمەرگ رزگار کرد، ناتوانین لێرە تەرمەکەی بە فڕێدراوی بەجێ بێڵین، دەی هەستەوە نۆرام کاتی گریان و شیوەن نییە.

تاڤێن هەڵمەتی دایە خۆی و شەقێکی سرەواندە بناگوێی نۆرام: بەنەفرەت بیت..هەرگیز قسەت لەگەڵ ناکەم، لێت خۆش نابم تۆ بکوژی پیرەمێردێکی نەخۆش و بێدەسەڵات بویت، نازانم چۆن دڵت هات..ها؟

بەدەم گریانەوە لە ئەشکەوتەکە چووە دەرەوە، ئیدی رویانکردە تەرمی پیرەمێردەکە و هێنایانە دەرەوە، نۆردمەن تەرمەکە خستە سەرشانی خۆی و بە پەلە لەو پەرستگا شومانە دوورکەوتنەوە. هەناسەی تەنگ ببو، لاشەکە بەسەرشانیەوە قورستر دەبوو، لە بن دارێکدا داینا،

هاوڕێ پێیگوت: دەبێ گۆڕێکی بۆ هەڵکەنین، بەڵام هیچ کەلوپەلێکی پێویستمان پێ نییە.

ئەڵقین پێی خۆش نەبوو، بەو شێوەیە تەرمەکە بەجێ بێڵن، مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە هەر دەبێ شتێ بکەن: خۆ دەست و پەنجەمان هەیە. ئەڵقین سەرەتا لەخۆیەوە دەستی پێکرد و کەوتە خۆڵ لادان، ئیدی هاوەڵەکانیشی هەمان ڕێچکەی ئەویان گرتەبەر و توانییان نزیکەی پێنج بست لە خاکەکە هەڵکۆڵن، ئەڵقین و نۆردمەن لاشەکەیان لەنێو گۆڕەکەدا دانا، لەگەڵ هاوڕێ و ساویلک بە بەرد سەری گۆڕەکەیان پۆشی، وردە وردەش تیرۆڕ سەری دەردێنا، بەڵام ئەوانە هیچیان خەمی دڵی تاقێنیان کەم نەکردەوە و ئاگری نەفرەتکردنیشی لە نۆرام خامۆش نەکرد. بێئەوەی کەسیان چاوەڕێ بکەن، کۆکەیەکی زۆر بەربینی ئەڵقینی گرت و بارودۆخی تێکچو، کەوتە ڕشانەوە و سەرگێژییەکی زۆر ئارامی لێبڕی، بە زەحمەت دەیتوانی خۆی بەسەر پێوە بگرێ، هەرچەندی کرد جڵەوی بەسەر خۆیدا نەمابوو، ئاوی پیسی دەریاچەکە ئێستا کاریگەریی خراپی دەنوێنێ، بەرچاوی تاریک بوو، وردە وردە شۆڕبۆوە و کەوتە سەر زەوی، بەتەواوی هۆشی لەدەستدا، وەک تەرمی مردوویەک لەپێشچاوی هاوەڵەکانی دارایەوە و لەجوڵە کەوت.

# فرمێسکەکانی پێگەورە

ئاسەواری بەجێماوی پێگەورەیەکی سەرگەردان لەناو دارستانەکەدا، کە پێشتر بۆتین بۆی باسکردبون، بەتەواوی توشی ترس و دڵەڕزەی کردن، ماندوێتی و شەکەتی خۆیان بیرچۆوە، بۆ چەند چرکەیەک راوەستان و نەیاندەزانی بەردەوام بن یان بگەڕێنەوە، دواجار بڕیاریاندا ئەوێ بەجێ بێڵن و لەو شوێنە دوورببکەونەوە، بەڵام لەپێ کەوتن و هەنگاوەکانیان جار بەجار خاوتر دەبۆوە، لە ناچاریدا پشویان دا و دانیشتن، بەوردی لە دەوروبەری خۆیان ڕامان. جێیەکی ئارام، دەنگی باڵندەکانیش تەنیا لەدوورەوە دەهات، مانگەشەو سەرلەبەری دەڤەرەکەی ڕۆشن کردبۆوە، لە پشتی دارودرەختەکانەوە ڕەوە پەزی کێوی و ئاسک جاروبار دەردەکەوتن و بزردەبون. شەوێکی یەکجار ئەفسوناوی بوو شنەبایەکی فێنک تێکەڵ بە بۆنی خۆشی گوڵ و شەوبۆکان، جەستەی ماندوی هەردوکیانی دەحەواندەوە، بۆ ئەوان یادگارییەکی قوڵی ڕۆژانی پێشوویان زیندو دەبۆوە، کە زۆرجار ئەو شنەبا عەتراوییە لە بانیژەکەوە دەهاتە ژوورێ و هەموو شتێ بۆنی دەگرت. بەڵام سەرەڕای ئەو ئاسوودەییەش، هەستیاندەکرد لە دەوروبەریان شتێ نائاسایی هەیە، هیچیان بەچاوی خۆیان نەبینیبوو،

دڵخەکە و ئەو قسانەی بۆیان باسکرابوو، سێبەری دڵەخەکانیشی لێکردبونە تارمایی، تێۆدلینا بەرگەی ئەوەی نەگرت: دایە ناتوانم تاقەتم پڕوکا..دەبێ لە جێیەک ئارام بگرین و بوەستین.

ئەویش بەنیگەرانیەوە لەدەروبەری خۆی ڕوانی: ئاخر هەستەدکەم شتێ لەدەروبەرمان دەسوڕێتەوە، ئێمە بەتەنیا نین، ناتوانین متمانە بەم دارستانانەش بکەین، بۆیە هەردەبێ درێژە بە ڕێگەبڕینەکەی خۆمان بدەین تا دەگەینە ئاوایێک.

- نا..هێز لەگیانمدا نەماوە، هیلاک و ماندوم، چیدیکە ناتوانم هەنگاو بنێم، با ڕاوەستین، بەنۆرە پاسەوانی دەگرین..باشە؟

ئێلندیا پێی خۆش نەبوو لەوێڕا بوەستن، تەماشای تێۆدلیناشی دەکرد بەڕاستی هێزی پێی نەمابوو: ئاخ..چیت لێبکەم، باشە ڕادەوەستین تا کەمێک بێیتەوە سەرخۆت.

هەردوکیان لەجێی خۆیان وەستان و یەکسەر دانیشتن، ئێلندیا پێشوەخت تێۆدلینای ئاگادارکردەوە: گوێ بگرە..ناتوانین بەهیچ کلۆجێ ئاگر بکەینەوە، ئەگینا بەشوێنمان دەزانن.

- باشە، پێویستم بە ئاگر نییە، تەنیا بخەوم..هەر ئەوەم دەوێ.

- کەلوپەلمان لەشوێنێک دادەنێین و خۆشمان دەچینە سەر دارەکان، چونکە ئاگادارم دوو چاوی گەورە لە پشت دارەکانەوە مرخی لێ خۆش

کردوین و چاودێریمان دەکا و هەڕەشەیە لەسەرمان.

- نا..نا..چۆن بەسەر دارەوە خەوم لێدەکەوێ، گەر ئەوەم بتوانیبا، لە رۆشتن نەدەوەستام.

ئێلندیا بە توانجەوە پێیگوت: سەد و حەڤدە بەهارە بەسەر شادرەختەکانەوە دەخەویت، چۆن ناتوانی ئێستا بخەویت؟

- ئاخر ئەم دارانە لەکوێ و ئەوەی شای دارانیش لەکوێ؟ ئەوێ تەختی نەرم و خۆش و ئێرە لقە داری وشک، هێندەی زەوی و ئاسمان لەیەکترەوە دوورن.

- هەردەبێ سەرکەوین، تا سەنگی شای داران بزانیت.

تیۆدلینا دەیویست یەکلایی بکاتەوە: من نەدەتوانم و نە حەوسەڵەی چونە سەر دارم هەیە، تەنیا پێم بڵێ چ کاتێ من بەسەر دارەکاندا هەڵزناوم تا ئێستا بیکەم؟

- راست دەکەیت، بەڵام ئێستا چارەمان نییە، ئەگەر وا بکەین هیچ گیانلەبەر و کەسێ ناتوانێ بەئاسانی هێرشمان بکاتەسەر، بەتایبەتی ئەو گیانەوەرانەی بە شەودا ڕاو دەکەن.

بەدەنگێکی ئارامتر قسەی لەگەڵدا کرد: گیانەکەم هەر دەبێ سەرکەوین، بەڕاستی لێت ناشارمەوە، هەست بەنیگای ئاگراوی گیانەوەرێکی نەناسراو دەکەم لە پشت دارەکانەوە.

تیۆدلینا ئاگای لە چ هەڕەشەیەک نەبوو، هەر مکوڕ بوو لەسەر بۆچون و رای خۆی: بەهیچ کلۆجێ ناکرێ بچمە سەر داران، بەڕاستی ناتوانم، گەر بمتوانیبا دەهاتم، ئێستاش زۆر ماندوم، وازبێنە با سەرخەوێ بشکێنم، پێناچێ کەس هێرشمان بێنێتەسەر، ئەگەر نا ئەوا دەمێ بوو دەیکرد و لەمێژە ببوینە خۆراکی ئەو گیانەوەرە.

لەبن داربەڕوویەکی پیر خۆی دا بەزەویدا و بوخچەکەی خۆی کردە سەرین، چاوی لێکنا و شیرین خەوێکی قوڵ گرتی، وەک ئەوەی زەمانێکی درێژ بێت نەخەوتبێ، هێندە بە پەرۆشی و تامەزرۆییەوە خەوی لێکەوت. ئێلندیا لە ناچاریدا لە تەنیشتیەوە دانیشت، بڕوا و متمانەی نەبەخشییە دارستانەکە بیانپارێزێ، بە وریاییەوە چاوی کردبۆوە و دەستیکرد بە کۆکردنەوەی دارو چڵە وشکبووەکان، بەو شێوەیە لەبەردەم ئاگرێکی کزدا شەوی بەڕێکرد، بۆ ئەوەی زیاتر پارێزراو بن، بەشێکی زۆری دار و لقە درەختەکانی بەدەوری خۆیاندا ڕیزکرد لە چەشنی کەپرێکدا، دواتر بوخچەکەی لەدوور دانا، تا بزانێ ئەوەی بە شوێنیاندا هاتوە و بۆنیان دەکا کێیە. دڵی نەهات بەدرێژایی ئەو شەوە درێژ و خەیاڵییە، تیۆدلینا لەخەو بێدارکاتەوە. لە دوا دواییەکانی شەودا، تیۆدلینا هەستیکرد یەکێ شانی رادەتەکێنێ، چاوی کردەوە دەستی ئێلندیای بینی، کە یەکڕاست دەستی خستە

سەر دەمی و بەدەستەکەی دیکەی ئامازەی بۆ دەرەوەی پەرژینە شێوە کەپرەکەی دا. تێژدلینا کاتێ خەوت ئەو نیمچە کەپرەی نەدیبوو، سەرەتا وایزانی کە کێشکراوەتە نێوییەوە، دواتر وردبۆوە زانی کە لەجێی خۆی نەبزواوە، هەستا و بە ئارامی تەماشای دەرەوەی کەپرەکەی کرد، سەری سوڕما لە گەورەیی ئەو گیانلەبەرە، کە دوو هێندەی باڵای ئەو دەبوو، سەرێکی گەورە پاشان وەک کرم وردە وردە باریک دەبۆوە و لە کۆتاییدا جەستەیەکی تیژی پێکدێنا، پێیەکانی وێنەی جەستەی گەورە بون، وەک هەر مرۆڤێ دوو دەستی هەبوو، بەڵام سێ پەنجەی درێژ و باریکی لێوە دەرچوبون لەگەڵ دوو لاقی درێژ. لەنێو بوخچەکانی ئەماندا بەپەلە پەل بەشوێن شتێکی دیاریکراودا دەگەڕا. دڵیان لەسەر دەستیان بوو، هەناسەکانیان تەنگتر سینەی جێدەهێشتن، هەستیاندەکرد لەنێو ئەو نیمچە کەپرەدا گیریان خواردوە و تازە هیچ رێگەچارەیەکیان بۆ دەربازبون نەماوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی نەیاندەزانی ئەو گیانلەبەرە بەنیازی چییە. تێژدلینا زیاتر لێی ورد دەبۆوە: ئەمە پێگەورەیە کە بۆتین بۆی باسکردین.

ئێلندیا لەدۆخی خۆیان رازی نەبوو، بەنیگەرانیەوە گوتی: گەر بە گوێت بکردمایە و لەسەر دارەکان ئارامان بگرتایە، ئێستا توشی ئەم دۆخە ناهەمواوە نەدەبوین. بەڵێ خانم خۆیەتی و باشتریشە بێدەنگ بیت با

هەستمان پێنەکات، بەڵام ئاخۆ بەدوای چیدا بگەڕێت؟!

پێگەورە هیچی نەدۆزییەوە، تەماشای دواوەی کرد، وەک ئەوەی هەست بکات شتێ لەنێو نیمچە کەپرەکەدا هەیە، سوڕاوە و بەئارامی بەرەو کەپرەکە هات، بەوریاییەوە بەدەوریدا گەڕی خوارد، هەستی بە بونی ئەوان کردبوو، ئەمانیش جوڵەیان لەخۆیان بڕی، چەشنی دوو جەستەی بێگیان، بێدەنگ و بێ سەنگ دانیشتن، پێگەورە وازی نەهێنا و بۆ جاری دووەم بەدەوری کەپرەکەدا سوڕایەوە و سەری دەهێنایە پێشەوە تا بزانێ چی لەنێودایە، بۆنی هەردوکیانی دەکرد بەڵام هیچی بەرچاو نەدەکەوت، ئیدی دووبارە بەرەو بوخچەکان گەڕاوە و هەوڵیدەدا بیانکاتەوە. تێۆدلینا بەدوورکەوتنەوەی پێگەورە، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و دەستەکانی دا بەیەکدا بۆ ئەوەی خۆی ڕێکبخات، پێی لە دارەکان هەڵکەوت و نیوەساتمەیەکی تووش هات، بەشێوەیەکی چاوەروانەکراو سەرلەبەری کەپرەکە بەسەر سەریاندا داڕما و خشەخشێکی زۆر لەو نێوەدا بەڕپا بوو، هەردوکیان بە ڕاوەستاوی ئاشکرابون، بەهیچ کلۆجێ نەیاندەتوانی خۆیان حەشار بدەن یاخود هەڵبێن. پێگەورە ئاوڕیداوە و چاوەکانی دەرپەڕاند، هەردوکیانی بینی، هار بوو چونکە بۆ ئەو ئەمانە هەڕەشەن و دەبێ لەناوببرێن، یەکڕاست بە نەڕەیەکی گەورەوە بەرەو هەردوکیان غاری دا، ئەمانیش تەواو

شڵەژابون تەنانەت بواری ئەوەشیان نەبوو بیر لە چونە سەر دارەکان بکەنەوە، لەبەرئەوەی هەرچەندێ بیریان لەخێرایی ئەو گیانلەبەرە دەکردەوە، ئەوەیان بە مەحاڵ دەزانی، ئێلندیا تەنیا لەخەمی تیۆدلینا بوو، بەپەلە پێیگوت: لەجێی خۆت مەجوڵێ..ڕانەکەیت.

- چی نەجوڵێم نابینی بەرەو ئێمە دێ، ئەوە خەریکە دەگاتە سەرمان.

- ئەمجارەیان بەگوێم بکە و لەشوێنی خۆت تەکان مەخۆ...مەجوڵێ.

بەگوێی کرد و هەردوکیان بەترس و لەرزێکی زۆرەوە لەجێی خۆیان چەقین، پێگەورە بەچەند هەنگاوێک لێیان نزیکبۆوە، ئەوجا وەستا و بەرامبەریان دەمی کردەوە و نەعرەتەی لێدا بەشێوەیەک کە هەوا و هەڵمی نێودەمی، پرچی ڕەش و سپی هەردوکیانی پەرێشانتر دەکرد. زەندەقیان چوو، لەو سەفەرەیاندا هەرگیز ئاوا ڕووبەڕوو خۆیان بەرامبەر بە گیانلەبەرێکی وا نەبینیوە، لەگەڵ ئەوەشدا دانیان بەخۆدا نا و لەجێی خۆیان هەڵنەهاتن، بەڵام گیانلەبەرەکە بەهەڵمژینی بۆنی جەستەی هەردوکیان ئارام بۆوە و بەوردی تەماشایکردن و سەری لێ نزیک دەکردنەوە. گیانلەبەرەکە ڕووی پێشەوەی جەستەی بریتی بوو لە سەرو چاوێکی گەورە، کە بەسیمای پیرەپیاوێ دەچوو، چاوەکانی زۆر گەورە هێندەی کەللەسەری مرۆڤێ دەبوو، لەئاوێتەبونی ڕەسەنی مرۆڤ و گیانەوەرێکی دیکە دەچوو، کە بەشێوەیەکی سەیر و سەمەرە

بە ترسناکترین شێوە ئەم تۆخمەی لێکەوتۆتەوە، چونکە پێیەکانیشی وەک پێی مرۆڤ وابون.

تێۆدلینا و ئێلندیا هەر چاوەڕێ بون کە ئەم گیانلەبەرە بیانکاتە ژەمێکی ئاسان، کەچی بە سەرسوڕمانەوە بەدەوریاندا سوڕاوە و تەماشایکردن، بێئەوەی هیچیان لێبکات گەڕایەوە دواوە و بەرەو بوخچەکان دەستیکردەوە بەچینەکردن تێیدا وەک ئەوەی بەشوێن شتێکی دیاریکراو و زۆر پێویستدا بگەڕێ. هەردوکیان سەرسام بون، تێنەگەیشتن ئەو گیانلەبەرە بۆچی وا بەوشێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ دەکا، چونکە ئەو هەڵسوکەوتە پێچەوانەی ئەو سەرگوزەشتانە بوو، کە بۆتین دەربارەی ئەم گیانلەبەرە باسیکردبوو. ئەندێشەیەکی سەیر بە مێشک و ئاوەزی تێۆدلینادا دەگەڕا، لەسەرخۆ ئەم مامەڵەکردنەی لێکدەدایەوە، دووبارە بەوردی نیگای خستەسەر پێگەورە، بەدوور لە پێشبینی و بۆچوونی ئێلندیا، یەکەمین هەنگاوی بۆ نزیکبونەوە لە گیانلەبەرە نامۆکە نا، ئەو موچڕکەیەک بەگیانیدا هات و بە ئەسپایی و دەنگێ لەرزۆکەوە وریای کردەوە: نا..ئەوە چی دەکەی؟

تێۆدلینا کردیە دووەم هەنگاو و ئاوڕی بۆ دواوە نەداوە، بەرامبەر پێگەورە وەستا، تەماشای سەروسیما بەسالاچوەکەی کرد لەبری ترس و تۆقین خەمناکییەک گرتی، ئەو چەندین ئازار و نەهامەتی

لەو روخسارەدا دەخوێندەوە، کە وا ناوی رۆشتوە درێندەیەکە بەزەیی بەکەسدا نایەت، تیۆدلینا زیاتر بە سیمای ئاوێتە دەبوو، قسەکانی بۆتینی وەبیرهاتەوە، کە ڕەگ و ڕیشە ڕووناکەکانی درەختە تاریکەکانی بۆ شیدەکردەوە، قسەکانی وەک زەنگێ دەڕژانە ئاوەزییەوە: ئەوانە درەختێکن بە ڕوکەش ڕەش و تاریکن، ناخیان ڕووناک و شاراوە.. ئەمانە هێمای ئەو ڕاستیانەن کە نابێ بەهیچ کلۆجێ بڕوا و متمانە لەسەر ڕوکەشی هەرکەسێ یان هەر شتێ بونیات بنرێ، بریار لەسەر کەسێ بدرێ لەسەر ڕووی دەرەوەی، بەبێ ئەوەی ناخ و قوڵایی و ڕاستییە شاراوەکان دەرک پێبکرێ. کەواتە لەبیرت بێ ڕوکەشێکی درەوشاوە یان دەرونێشێکی هەژار و گەڕۆک، ئاوازێکی فریودەر یان خەزێنەیەکی شاراوەی تێدا جێگیر بووە.

تیۆدلینا وشەکان لەنێو مێشکیدا دەهاتن و دەچون، دەنگێ ئارام و چاوەڕواننەکراو تێکەڵ بە سەدای وشەکان بوو، پێیدەگوت: تۆ شەڕەنگێز و درێندە نیت..

پێگەورە سەری هەڵبڕی و سەرنجێکی قوڵی خستەسەر تیۆدلینا بێنەوەی دەنگێ یان نووزەیەکی لێوەبێ، دووبارە سەری کردەوە بەنێو بوخچەکاندا، هەر ئەم دەست و ئەودەستی پێدەکرد، بەڵام بۆی نەدەکرایەوە. تیۆدلینا بێئومێد نەبوو، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا

و بەدەنگێکی ئارام کەوتە قسەکردن: پێگەورە من ناوم تیۆدلینایە، ئازارت نادەین..پێم بڵێ ناوەکەی دیکەت چییە؟..بەدوای چیدا دەگەڕێیت با یارمەتیت بدەم؟

تیۆدلینا لەوە دڵنیابوو، کە پێگەورە ئەو درندە بێبەزەییە نییە بۆتین قسەی لەسەر کردبوو، روخسارێکی پیری هەبوو بەڵام ترسناک و تۆقێنەر نەبوو، زیاتر خەم و پەژارەیەکی زۆری تێدا دەبینرا، چاوەکانی دەبریسکانەوە. تیۆدلینا بیری کردەوە کە رەنگە باشتر بێت بە نەست گفتوگۆی لەگەڵدا بکا: پێم بڵێ ناوت چییە و لەچی دەگەڕێیت با یارمەتیت بدەم، دڵنیابە من هاوڕێتم.

پێگەورە یەکسەر لە کنەکردنی نێو بوخچەکان وەستا و سەری بەرزکردەوە و تەماشای تیۆدلینای کرد، چاوەکانی پڕبون لە فرمێسک و زەقی کردنەوە، ئەمیش بەنەست وەڵامیدایەوە: هاوڕێ...هاوڕێی من؟!

ئێلندیا بە سەرسوڕمانەوە لەهەردوکیانی دەڕوانی، تیۆدلینا دووبارە دڵنیایی پێدەبەخشی: بەڵێ هاوڕێی تۆ.

پێگەورە لەناکاو تورە بوو، بەپەلە روخساری تێکچوو:

نەخێر..نەخێر..من هاوڕێم نییە و نەشمبوە.. ناشمبێت.. هاوڕێ.. هەموو ڕادەکەن.. هەڵدێن..دەترسن، من بەتەنیام... تەنیا.

- من ناترسم و هەڵنایەم...پێم بڵێ ناوت چییە، بەشوێن چیدا وێڵیت، من ئامادەم یارمەتیت بدەم.

- ناوم..ناوم..من ناوم نەبووە و نییە.کەس ناوی لەمن نەناوە، تەنیا ئەوە نەبێ کە دایکم پێیدەگوتم کیژۆڵەکەم..بەڵام دواتر کە خەڵکیتر دەیانبینیم وەک تۆ پێیان دەگوتم پێگەورە و دڕندەی دووگیان، سەرگەورە و سەدان ناو و ناتۆرەم پێگوتراوە...هەروەک تۆ چۆن پێم دەڵێیت پێگەورە..ئا..پێگەورە، چونکە ناوێکی دیکە بە مێشکتا نایەت، هەروام پێ بڵێ.

- پێتخۆشە ناوێکیترت بۆ دابنێم؟

پێگەورە لەشوێنی خۆی وەستا وەک ئەوەی بیربکاتەوە، ئارام بۆوە و سەرێکی بادا: ئا...پێمخۆشە، بەڵام تۆ ناتوانیت.

- بۆچی ناتوانم؟

- تەنیا پاشا یان شاژن دەتوانن ناوم لەسەر دابنێن، هیچ کەسێتر بۆی نیە ناوم بنێ، تۆش هێشتا نەبویتەتە شاژن، بەڵام کە وات گوت بەڵێنم بدەرێ ئەگەر هات و دەورانێ بویتە شاژن بە ئامادەبونی ژمارەیەک میوان، ناوێکم بۆ دانێ، بۆ ئەوانەش کە پێویستیان بە ناو هەیە.

تێۆدلینا بەو قسانە سەرسام بوو: ئەوە چی دەڵێیت پێگەورە، بۆچی وا دەڵێیت، چۆن دەزانیت وا قسە بکەیت؟

تیۆدلینا موچڕکە بە گیانیدا دەهات، ئەو قسانە بۆ ئەو گەلێ مەحاڵ و سەخت بون، سەری ڕادەوەشاند و لەبەرخۆیەوە دەیگوت: چۆن.. چۆن شتی وا دەبێ؟!

- دەبێ و چاکیش دەبنەوە، بمبینە هەم لە ڕەسەنی مرۆڤ و لە گیانلەبەریش دەچم.. لەو سەرزەمینانە کچۆڵەکان لەلایەن خودی ڕەسەنی بەپوکەش مرۆڤ بەدیل دەگیرێن و ڕادەستی گیانلەبەرەکانی تاریکستان دەکرێن، تا دووگیان بن و نەوەیەکی تێکەڵ لەنێوان مرۆڤ و گیانلەبەراندا بێننە بون..لەشکرێکی زۆریان لەو دوو ڕەسەنە هێناوەتە دنیاوە، ئێستاش لە سەرزەمینەکانی دیکە بەشوێن ڕەسەنە نایابەکاندا دەگەڕێن، بەشوێن سەرزەمینە نهێنی و شارە هەرەدوورەکانەوەن، بەتایبەت گەڕانەکەیان زیاتر بۆ چنگکەوتنی تاجە ونبوەکەی یەکەمین پاشایە، کە پێدەچێ لەو سەرزەمینە لە شوێنێکدا هەڵگیرابێ.

ئێلندیا کە گوێی لەو قسانە بوو، دڵنیابوو کە پێگەورە جێی مەترسی نییە، ئیدی نزیکبۆوە و شان بەشانی تیۆدلینا بەرامبەری وەستا و گوێی شلکرد بۆ سەرگوزەشتەکان، دواتر لێی پرسی: باشە دوایی چی دەکەن؟

پێگەورە بێزار بوو: چیدی قسە ناکەم، بۆچی قسە بۆ غەریبان بکەم.. ها؟

ئەوجا رووبکردە تیۆدلینا: بۆچی بەڵێن نادەی..لەچی دەترسی، چیت هەیە لەدەستی بدەیت؟ خۆ تۆ دەرکراویت و دوورکەوتویتەوە، کێ دەڵێ کوڕە چاوڕەش نادۆزیتەوە و پێکەوە لە باوەشی ئەفیندارێدا دنیایەک لە ئەشق بەڕێناکەن؟

ئەم چاوڕەشە سەر بە چ رەسەنێکە و کێیە؟ رەنگە ئەمە لەرەسەنە نایابەکان بێ، لە رەسەنی پیتۆڵ و زاناکان، چونکە لەنێو پێنج رەسەنەکەدا تەنیا ئەوان قژ و چاویان ڕەشە، ها مەبەستت کێیە؟

تیۆدلینا پێکەنینێکی کورت گرتی، بەڵام دواتر بیری لەخۆی کردەوە، کە چ برپارێکی داوە بۆ گەیشتن بە سەرزەمینی رەسەنی مرۆڤەکان، خۆی گەیاندە چ شوێنێ پڕ بەسەرهاتی سەیر و لە ئاوەز بەدەر، وازی لەو کورسی پاشاییە هێنا، کە رۆژێ لە رۆژان لەسەری دادەنیشت، کەچی وا پێگەورە مەزەندەی ئەوەی بۆ دەکا دەبێتە شاژن، هەرچەند بیری لێدەکردەوە پێشبینیەکەی پێگەورەی لا مەحاڵ بوو، بەڵام لەدەرونەوە دڵنارام بوو، کە لەناخی ئەم گیانلەبەرەدا رەسەنی دایکی زاڵە بەسەر خودە ئاژەڵی و باوکە ناخ تاریکەکەیدا، بۆیە گەر رۆژێ ببێتە شاژن، دەتوانێ پێگەورە دڵخۆش بکا: بەڵێن بێ هەر کاتێ بومە شاژن، کە هەرچەندە گەلێ دوورە و پێشناچێ من بگەمە پلەی وا، بەڵام ناوێکی شایستەت لەسەر دادەبڕم.

بەڵام پێگەورە بە هەڵچونەوە وەڵامی دایەوە: من ڕازی نیم، هێشتا ئەوە بەس نییە.

تیۆدلینا حەپەسا: بۆ ئێستا چی بوە ئەدی نەتگوت بەڵێنم بدەرێ؟

- ئەی ئەوانەی لەجۆری من و خراپتریشن، ئەوانیش دەیانەوێ ناخیان ڕۆشن بێتەوە لە گیانلەبەرە درندەکان، ئەوانە چی؟ تەنیا ئەوە دەردی من نییە، بەڵکو زۆرێک ئەو خەمەی هەیە، من لەناخەوە دەسوتێم کە مەسەلەکە تەنیا بەمنەوە پەیوەست نییە، خۆ گەر هەر خۆم بوایە ئەوا ئاسودە دەبوم.

تیۆدلینا بە ناخی ڕۆشنی پێگەورە سەرسام بوو، هەستیکرد کە ڕەسەنی دایکی زاڵترە بەسەر دەرونیدا، بۆیە بەخۆشحاڵییەوە پێیگوت: بەڵێنت پێدەدەم، وەک خۆت گوتت ئەوانەی ڕێی ڕووناکی دەگرنەبەر و لەناخی تاریکی خۆیاندا دەیدۆزنەوە، ئەوانەی لە سەرگەردانی و دوودڵی، دێنە سەر ڕاستەڕێ و بەسەر ئەنگێزەی درندەییدا زاڵ دەبن و دەبنە بونەوەرێ شایستە، دڵنیابە بەردێکی سپی بە ناوێکی دیکەوە وەربگرن.

پێگەورە ئەمجارە ئومێد و گەشبینییەکی زیاتر لە چاوەکانیدا بریسکانەوە، بەپەلە گوتی: ئەوە بەڵێنە و ماڵە بەسەرتەوە تا ڕۆژی خۆی دێ، کەواتە ئێستاش هەنگوینم پێبدەن چونکە ئێوە هەنگوین

خۆرەکانن، دەمێکە دووراودوور بە شوێنتانەوەم، ئەوکاتی لەسەر پشتی باڵندە پیرەکە دابەزینە نێو دارستانەکە، من لەو کاتەوە چاودێریتان دەکەم.

تێۆدلینا حەپەسا و بۆ ماوەیەک بە پێگەورەدا ڕاما، ئەوجا خەیاڵی بەرەو هەڵۆی سپی و سیمورغ و ڤینکیس هەڵفڕی، لەدڵی خۆیدا گوتی: ئاخۆ دەبێ چیان بەسەر هاتبێ؟!

پێگەورە هەستیکرد تێۆدلینا لەچی دەگەڕێ، لەناکاو پێیگوت: خەمیان هەڵمەگرە، بە سەرکەوتویی لە شەڕەکانیان لەگەڵ باڵندەکانی سەرزەمینی ئیڤڵۆرد دەرباز بون، دووبارە بەرەو سەرزەمینی دووری باکور هەڵفڕیونەتەوە.

ئەو هەواڵە هەردوکیانی دڵخۆشکرد، بەڵام نیگەرانی باڵی بەسەر تێۆدلینادا کێشا، ئەو بیری لەو لەشکرە دەکردەوە، کە لەدوو ڕەسەنی مرۆڤ و ئاژەڵ هاتونەتە بون و لە سەرزەمینی ئیڤڵۆرد بەڕێدەکرێن. دوای کەمێ هەگبەکانیان کردەوە و شوشەیەکی کریستاڵی هەنگوینیان دەرهێنا، کە ئێلندیا لە سەرزەمینی پاشای دارەکانەوە هێنابوی، دایە دەست پێگەورە، گۆزەی شیلەی گوڵەکانیش کە بۆتین بۆی ئامادەکردبون، تا لەڕۆژانێکی تەنگانەدا سودی لێ ببینن، خرایە بەردەمی تێۆدلینا. پێگەورە لەشوێنی خۆی دانیشت و بەنینۆکە تیژەکانی سەری شوشە

کریستاڵییەکەی کردەوە و دەستیکرد بەهەنگوین خواردن. تیۆدلینا و ئیلندیاش بەرامبەری دانیشتن، تیۆدلینا مەراقی بوو زیاتر لەبارەی ئەم بونەوەرە بزانێ، ئیدی لەوە باشتر دەرفەتی لەبەردەستدا نەبوو: باسی خۆتم بۆ بکە، لەکوێ هاتوی بۆ سەرزەمینە، چۆن لێرە گیرسایتەوە؟ هێشتا ملچەی دەمی دەهات: لە سەرزەمینی ئیڤڵۆرد، لەو شوێنەی رەسەنی مرۆڤ کۆت و زنجیر دەکرێ، کچەکان جودا دەکرێنەوە، پیاوەکانیش بۆ کاری سەخت و دژوار دەبرێن، بەتایبەت بۆ کۆشک و تەلارە ڕەشەکان، لەوێ شوێنی دەسەڵاتی ئیڤڵۆرد بە جوانترین شێوە دەڕازێننەوە، پیر و گەنج لەوێن، ئەوەشی بەدڵیان نەبێ، دەیکەنە خۆراکی گۆشتخۆرەکان.

خەم چاوەکانی گرت و درێژەی بە قسەکانی دا: منیش دایکم لەرەسەنی مرۆڤە، باوکم درندەیەکی گەورەی دوو پێیە. ئیڤڵۆرد و لەشکرەکەی بۆ ماوەیەکی درێژ بەهۆی بۆنی خۆشی گوڵ و گوڵزار و جوانی و تینی هێزە ئەرێنیەکان ناتوانن لەسەرزەمینی رەسەنە نایابەکان بمێننەوە، بۆیە هەمویان لە سەرزەمینی ئیڤڵۆرددا وەگەڕ خراون تا شوێنێک بۆ نیشتەجێبونیان هەبێ. بۆیە باوکم دوای شەڕی یەکەم لە (سیدان) کە یەکێ لە سەرزەمینەکانتان بوو، بەڵام بەهۆی بۆنی خۆشیەوە، وەک ئەوانیتر گیان و جەستەی لەئازاردا بوو، هەندێک بەرگەی نەدەگرت و

دەمردن، لەبەرئەوە بەرەو ئەشکەوتە تاریکەکان و سەرزەمینی ئیڤلۆرد کۆچیان کرد.

بێدەنگ بوو رکوکینە باڵی بەسەردا کێشا هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی و گوتی: لەوێ بیریان لەو رەسەنە نوێیە کردەوە، کە زۆر بەهێز و زۆر درێندەش دەردەچێ، هاوکات لەبەرئەوەی نیوەی مرۆڤە، توانای مانەوەیان لە شوێنە پیرۆزەکان دەبێ و دەشتوانن بەبێ گرفت بۆنی گوڵ و گیا بۆنخۆشەکان بکەن و هیچ ئازارێکی جەستەیی و گیانییش نەچێژن، بەوەش دەتوانن کۆتایی بەرەسەنە نایابەکان بێنن و ئایندەی مرۆڤ بەتەواوی بسڕنەوە...بەڵام جوڵەیەک هەیە بۆ دۆزینەوەی تاجی یەکەم، پاش ئەوەی بەسەر سەری هیچ پاشایەکەوە نەگیرسایەوە، ترسێ هەیە کە مرۆڤ نهێنیە شاراوەکان بدۆزنەوە، باکور و باشور و رۆژهەڵات و رۆژاوا...ئەمانەی کە باسی دەکەن.

تیۆدلینا گەلێ بەلایەوە سەیر بوو، کە پێگەورە بەوشێوە رەوانە دەتوانێ قسە بکا و ئەو هەموو زانیارییەشی لایە: ئاخر پێم بڵێ چۆن ئەو هەموو شتە دەزانیت، چۆن ئەم هەستی مرۆییەت وا زاڵە بەسەر ئەنگێزە ئاژەڵی و درێندەییەکەدا؟

پێگەورە دەستی لەخواردن کێشایەوە، تەمێ لەخەمباری بەسەر روخساریەوە نیشت: من وەک گیانەوەرێ درێندە لەسەرزەمینی

ئیفلۆزد هاتمە دنیاوە، بەشێوەیەک بوو کە زۆری نەمابوو دایکم لە ئێشوئازاردا بمرێ، گەلێ ناشرین و دزێو بووم، سەرەڕای ئەوەش دایکم خۆشی دەویستم و بەسۆزەوە لەباوەشی دەگرتم، بەهەزاران جار خۆی بەقوربان دەکردم و لەگەڵم دەپەیڤی، قسەی هەرەناخۆشی «کیژۆڵە شیرینەکەم» بوو، سەرباری ئەو هەموو دەرد و ڕەنج و ئازارکێشانە، بەئومێد و پەرۆشییەوە باسی ڕۆژە پڕ بەختەوەرەکانی ڕابردوی وەک خەونێ خۆش دەگێڕاوە، باسی ڕەسەنی خۆیانی دەکرد، سەرگوزەشتەی لێدان و ماندوبونەکانی دەهۆنییەوە، هیچ کات چاوی لێ کەل نەکردبوم، بەڕاستی لەناخەوە منی دڕندەی خۆشدەویست. لە سەرزەمینی ئیفلۆزد نهێنیەکان ئاشکرابون، هەموان دەیانزانی چی دەقەومێ، ئاخر زۆرێ لە دڕندەکان لەکن کچە گیراوەکان زۆر هەواڵیان باسدەکرد، هەموو بابەتێکی نهێنی و ئاشکرا وەک ڕۆژی ڕووناک دەهات و دەچوو...خۆشەویستی دایکم وایکرد هەستی مرۆییم لەناخی تاریکمدا چەکەرە بکا و گەورە ببێ، بەرادەیەک بەسەر ئەنگێزەی دڕندەییمدا زاڵ بێ، ئیدی ئەو سۆزە و تەواوی شتەکانی دیکەم بەمیراتی لەدایکمەوە بۆ جێماوە...

تێۆدلینا مەراقی لە شتێکی دیکە دابوو، بەپەلە قسەکانی پێ بڕی: پێم بڵێ دایکت چی بەسەر هات؟

بەو پرسیارە گرژ بوو:دایکم رێی نەدا منی لێ جودا بکەنەوە، ئیدی لەسەر ئەوە کوشتیان..کوشتیان... بێبەزەییانە دایانە بەر خەنجەر و شمشێر..لەپێشچاوی من و خەڵکێکی زۆر.

تیۆدلینا و ئێلندیا دڵگران بون، بێدەنگ بون و فرمێسک تەزییە چاوی هەردوکیان، تیۆدلینا تێگەیشت کە چ هەڕەشەیەکی گەورە روویەڕووی سەرزەمینەکان بۆتەوە، بەڵام لەوە تێنەگەیشت کە خودی پێگەورە چارەنوسی بەکوێ دەگا: ئەدی بەسەرهاتەکانی تۆ چین، سەرزەمینی ئیفڵۆرد گەلێ دوورە لەباشور، چۆن هاتوویتەتە ئێرە و بە سەرزەمینەکانی مرۆڤدا تێدەپەڕی؟

شەڕکەر...شەڕکەر..بەهەزارانی وەک من و چەندین جۆریتر لە سەرزەمینی ئیفڵۆرد رێکدەخرێن، ئینجا بۆ سەرزەمینی شەڕکەران لەسەر سنوری مرۆڤەکان دەهێنرێن، لەوێشەوە بۆ سەرزەمینی مرۆڤ کە هاوبەشە لەگەڵ شەڕکەرەکانی مرۆڤ و لەرێگەکانی رۆژهەڵاتیەوە بەرەو باکور لادەدەن و بەنهێنی دەهێنرێن. بەڵام من و زۆرێ لە شەڕکەرەکانی سەرزەمینی ئیفڵۆرد لەبری ئەوەی بۆ سەرزەمینی شەڕکەرانی ئیفڵۆرد لەسەر سنوری مرۆڤ بهێنرێن، بردرانە سەرزەمینی سێبەرە ترسناکەکان لە باکوری رۆژهەڵات کە هاوپەیمانی ئیفڵۆردن، لەوێشەوە بۆ سەرزەمینی دارستانە هەمیشە تاریکەکان، کە بەدرێژایی

چیاکانی سنوری گەورە برسییەکان و رەسەنی مرۆڤی لەخۆگرتوە، بەهەزاران ئەشکەوتی تێدایە، بە سەرزەمینی بندنیاییەکان ناسراوە، مرۆڤ هەر لەسەرەتای هاتنیان تا ئێستا ئەو ئەشکەوتە تاریک و نوتەکانەیان هەڵبژارد و شان بەشانی بندنیاییەکان لەخزمەتی ئیڤلۆردن، ئیدی ئێمە خۆمان گەیاندە شەرکەرانی ئیڤلۆرد کە لەسەر سنوری رەسەنە نایابەکانن و ئەرکیان پاسەوانکردنە لەنێوان مرۆڤ و رەسەنە نایابەکان و نهێنیە شاراوەکانیان لەئەستۆدایە، ئەویش لەبەرخاتری ئەوەی سەرزەمینی باکور داگیر بکرێ..ئا..ئا..ئەوە کۆتاییە..شەڕ گەورەکان لەرێگەدان و هەموو سەرزەمینێ دەتەنێتەوە، بەڵام ئیتر من ڕامکرد..هەڵاتم، ئەوان دایکی منیان کوشت، باوکم هەر ئەوەندە بووە کە سکی دایکمی پڕکردوە و ڕۆشتوە، بەڵام ئەوەش دەزانم کە ئەو لەرەسەنی دێوەکان بوو، ئەوانەی پێیان دەڵێن نیڤلیۆم و لەسەرزەمینی نڤلیۆمەکان لە باکوری ڕۆژاوای سەرزەمینی ئیڤلۆرد، کە هاوسنوری لەگەڵ سەرزەمینی شەرابی سور. نڤلیۆمەکانیش خۆیان بۆ شەڕێکی گەورە بۆ ئەو سەرزەمینە و سەرزەمینی گوڵەکان ئامادە کردوە.

لە قسەکردن وەستا وەک ئەوەی وێنەی دایکی بە بەرچاویدا تێپەڕێ، ئەوجا دەستیکردەوە بە قسان: هەر هەموی دەرد و مەینەتی بوو،

سەرزەمینی ئیڤلۆرد سەرقالّی بونیاتنانی ئیمپراتۆریەتێ بون، بەکۆمەڵ بەرد و باری گرانیان بەو خەڵکە دەکێشا، زۆربەیان دەکەونە بەر شەپۆل و گڕەی ئاگر و تیادەچون، بەڵام هیچ کات زەردەخەنە و خۆشەویستی بەرامبەر بەمن کەم نەبۆوە، دەسەڵاتی نەبوو..ئەگینا بەردەوام پێکەوە دەبووین..

دڵی پڕبوو، فرمێسکەکان ڕیزیان بەست، بەلای تیۆدلینا و ئێلندیاوە زۆر سەیر و سەمەرە بوو، کە دڕندەیەک لە ساتەوەختێکی وادا دەتوێتەوە و دەبێتە پارچەیەک لە سۆز و ئەندێشە و گریان، ئەوانیش نارەحەتی تەنگاوی کردن، تیۆدلینا بەدەنگێ لەرزۆکەوە پێیگوت: ئەوانەی وەک تۆ وان و دوو ڕەسەنن، هەروەک تۆ خاوەنی ئەم هەموو هەست و سۆزەن؟

- نا..نا..زۆربەی هەرە زۆریان دڕندەیەکی بێبەزەیی زاڵە بەسەر گیان و جەستەیاندا، خۆراکیان گۆشتی زیندوو و مردووی مرۆڤە، ئەوانەشی کە وەک منن گەلێ زۆرن، بەڵام نازانن چۆن لەو دڕندەییە ڕزگارین، سەرکردەیەکیان نییە کۆیان بکاتەوە، ئەوان دەبێ بەردی سپی و ناوێکی دیکە وەربگرن، زۆرێکیان هاوڕێی دێرینی منن و دوور دوور بێتەوەی هەست بکەن، چاودێرییان دەکەم و خەم بۆ حاڵیان دەخۆم، زۆرجار لەبری ئەوان دەگریەم، ئێستاش شەڕکەرەکان بەشێوەیەکی

بەرفراوان بەشوێن تاجە ونبووەکەی هۆڵمانی یەکەمین پاشادا دەگەڕێن ..هەموو ڕەسەنەکان دەزانن کە بەبێ ئەو تاجە هیچ کەسێ نابێ بە پاشا، بۆیە دەبێ پێش ئەوەی مرۆڤ نهێنییەکان و تاجەکە بدۆزنەوە و پاشایەک سەرهەڵبدا، ئەوانە بدۆزرێنەوە.

بۆ چرکەیەک وەستا و بە سەرسوڕمانەوە تەماشای تیۆدلینا و ئێلندیای کرد، بە گومانەوە لێیڕوانین: بەڵام بۆچی ئەو هەموو پرسیارانەتان لێکردم؟ ئێستا دەبێ بتانکوژم..بەڵێ دەبێ بتانکوژم..چونکە زۆر قسەم کرد، ئێوەش ئێستا زۆر دەزانن، ئەمە نابێ وابێ..

هەردوکیان بەو قسەیە حەپەسان و ترسان، پێگەورەش دەرفەتی پێنەدان بیر بکەنەوە: نا..دەبێ بتانکوژم، بەڵام بوەستە..ئێوە بۆنتان لە بۆنی مرۆڤ ناچێ، تۆ لەپاشازادە دەچی، ناتوانم بتانکوژم، بەڵام پێم بڵێن بەتەنیا لەو دارستانە ترسناکانەدا و لەم سەردەمە تاریکەدا چی دەکەن؟

تیۆدلینا کە گوێبیستی ئەو ڕەفتارانەی مرۆڤ دەبوو، کە هاوەڵانی خۆیان یەخسیر دەکەن و بەرەو سەرزەمینی ئیفڵۆرد بەڕێدەخەن، دڵشکاو و نیگەران دەبوو لە ئامانجی سەفەرەکەی، کە سەرگوزەشتەی دایکی پێگەورەی وەبیر خۆی دێناوە، چرایەکی گەورەی ئومێد لە دڵیدا هەڵدەبوو. هەردوکیان دڵنیا کە چیدیکە سەرزەمینی ڕەسەنە

نایابەکان بەئارامی و بێوەیی نامێننەوە، شەڕ یەخەیان دەگرێ و مەرگ باڵ بەسەریاندا دەکێشێ، گەلێ دوورکەوتبونەوە بەڵام دەرکردنەکەشی ئەو هەستەی زیاتر لا گەڵاڵە دەکرد، کە بیر لەگەڕانەوە نەکاتەوە و بەردەوامبن لە رێگەبڕین و سەفەرەکەیان، وەک ئەوەی چارەنوسی تێۆدلینا لەسەرزەمینی مرۆڤەکاندا نوسرابێتەوە و لەگەڵ مرۆڤدا پێوەندبێ. چاوڕەشێک، قسەیەک بوو دووبارە بەمێشکیدا سوڕایەوە، بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی:

بۆ سەرزەمینی مرۆڤەکان دەڕۆم تا شەرەفی ناسینی کەسانێکی وەک دایکی تۆم هەبێ، یان بە قسەکەی خۆت توشی چاوڕەشێک ببم.

پێکەوڕە بێدەنگ بوو، کەمێ تەماشایکرد و ئەوجا گوتی: خۆ ئەوەش دەزانی کە لەنێو رەسەنی مرۆڤدا هەن، تەنیا لە ڕوخساردا مرۆڤن و لەناخەوە کردار و زمان و نیاز و ئامانجیان دڕندەیەکی مرۆخۆرن.

تێۆدلینا بەترسەوە وەڵامیدایەوە: لەقسەکانی تۆوە وادەردەکەوێ کە وابێت.

- ئا..دەبێ ئاگاداربیت هەیانە بەزەردەخەنەی سەرنجڕاکێش و زمانی شیرین وەک هەنگوین خوێنت دەمژن، ڕۆشتن کاری خۆتانە و من چ ڕێگریەکتان ناکەم، بەڵام دەبێ وریابن. ئێستاش ناتوانن بەتەنیا لە سنور تێپەڕن، جموجوڵی هاتنی لەشکری دڕندەکان چڕ وپڕە و

جاربەجاریش زیاتر و زیاتر دەبێ.

ئێلندیا ئەمجارە لەبری تیۆدلینا وەڵامیدایەوە: شارێ هەیە لەم نزیکانە کە بریتین لەخۆونبوەکان و دەتوانن یارمەتیمان بدەن بۆ ئەوەی بەنهێنی لەسنور تێپەڕین، خۆ ئەو شارە پێدەزانی؟

- ئمم.. رەسەنی مرۆڤ و لەخۆونبوەکانن، رەسەنی سەیر و سەمەرە لەنێویاندا دێن و دەچن، بەڵام شوێنێکی مەترسیدارە بۆ دوو خانمی وەک ئێوە.

تیۆدلینا دەستی خستەسەر دەستی پێگەورە: ئەگەر دەتوانی رێگەمان پیشان بدە، دەبێ لەم شوێنە بڕۆین، شەڕ و ئاگر بەرێوەیە و سەرزەمینی هیچ یەکێ لە رەسەنە نایابەکان پارێزراو نییە، سەردەمی شەڕی سەرتاسەریی دەستی پێکرد.

- پێناچێ رەسەنە نایابەکان ئاگایان لەو رووداوانە هەبێ، باڵندەی پیر و هاورێیەکانیم زۆرجار بینیوە کە بەسەر سەرزەمینەکاندا هەڵفڕیون، هەواڵەکانیان وایە کە کۆبونەوەیەکی بەرفراوان لە شوێنێکی نهێنی سازدەکرێ، تێیدا بڕیارێ دەدرێ، ئێستاش کە نیازتان رۆشتنە بۆ شاری لەخۆونبوەکان، دەتوانم تا نزیکی لەگەڵتان بم، بەڵام بزانن کە ئەوان نە دۆستتانن و نە هاوپەیمانن، نە لە رەسەنە نایابەکانن، نە لە سەرزەمینە دوورەکانن، نە لەگەڵ مرۆڤن و نە لەگەڵ ئیڤڵۆردن. ئەوان

دەڵێن ئێمە دەبێ پاشایەتی سەرزەمینی حەوتەم بەدەست بێنین، نە مرۆڤ و نە ئیفلۆرد و نە رەسەنە نایابەکانن کە هەزاران ساڵە چاوەڕێی سەرهەڵدانی مرۆڤن و بەو ئومێدەوە خۆیان شاردۆتەوە، خۆیان بەجەنگاوەری ئازادی و سەربەخۆ دەزانن، لێرەمێن گەورە و سەرکردەیانە، دەبێ ئەمەتان وەبیربێ.

تێڕادلینا نەیدەزانی چی بکا، دەورانێکی زۆرە لە سەرزەمینی خۆیان دوورکەوتۆتەوە، ئاگای لە رووداو و بەسەرهاتەکان نیە، هەستی بەگوناهێ گەورە دەکرد بەرامبەر دایک و باوکی و هاورەسەنەکانی. هەڕەشە یەخەی هەمویانی گرتوە بە سەرزەمینی پاشای دارەکانیشەوە، کەوتبوە نێو دوودڵییەکی زۆرەوە، لەلایەکەوە دەیویست بگەڕێتەوە بۆ سەرزەمینی خۆی و شان بەشانی دایک و باوکی بجەنگێ، لەلایەکی دیکەشەوە رێگەیەکی زۆری بڕیبوو، تەنیا یەک شەقاوی ماوە بگاتە سەرزەمینی مرۆڤ، نەیدەزانی چی بکا و چ بڕیارێ بدات. ئێلندیا دەرکی بەو ئالۆزییەی تێڕادلینا کرد و لەبەر خاتری دلینا دەستی خستە سەرشانی و هێوری کردەوە: چارەنوسی شاژن رۆنا و ئۆلاندێڵ و سەرزەمینەکانی باکور بەدەست ئێمە نییە، بمانەوێ و نەمانەوێ هەموو رووبەڕووی ڕووداوەکان دەبینەوە، ئێستەش رێیەکی دوور و درێژمان بڕیوە، هەر دەڕۆین چ خۆش بێ یان ناخۆش بەرەو ڕووی چارەنوسی

خۆمان دەبینەوە، ئەوەش پێگەورە پێشمان دەکەوێ، چونکە دوا بڕیارمان هەر ئەوەیە، بەڕێدەکەوین بۆ شاری خۆونبوەکان و لێومێنی سەرکردەیان.

پێگەورە لەسەرخۆ رووبکردە تیۆدلینا: کەوایە بڕیارتان نەگۆڕە و لەڕۆشتن بەردەوام دەبن، کەواتە هەستەسەر پێ با بچین، ئەمە ڕێگەی سەرەکی هاتوچۆی لەشکری ئیڤڵۆرد دەبێ، کە ئێمە تێیدا وەستاوین، دەبێ لەڕێگەیەکی دیکەوە نزیکی شارتان بکەمەوە بەڵام بەڵێنەکەت لەبیر مەکە کە هەردەبێ ناوێکم بۆ دابنێی و بەردە سپییەکان و ناوەکانیتریش لەبیر نەکەی.

تیۆدلینا زەردەخەنەیەکی وشک کەوتە سەر لێوی: نا بێخەم بە ئەوەم لەبیر ناچێ.

پێگەورە بەزەردەخەنەوە و دڵێکی خۆشەوە پێشیان کەوت، بەرەو شاری لەخۆنبوەکان، بەڵام لەپشتی دارەکانەوە هەستیان بەجموجوڵێکی زۆر و دەنگە دەنگێکی ترسناک دەکرد.

# کۆبوونەوەی نێو شادرەختەکان

شاژن نیگەران بوو وەک ئاوابونی ئەو رۆژە، هێشتا دیمەنی بەجێهێشتنی تیۆدلینا ئامادە نەبوو لە چاوەکانی و لە یادەوەری بسڕێتەوە، دڵی ناڕاحەت و بەردەوام لەخەمیدا بوو، بەڵام دەشیزانی کە ئەوە بڕیاری خۆی بووە و ئیدی دەسەڵاتی نەبوو سەربارەی هەڕەشە و مەترسییەکان دەست بخاتە ڕێی، هەرچەندە بەوە سەبوری خۆی دەداوە کە ئێلندیای لەگەڵدایە و ڕەنگە ئەو بەشارەزایی و ئەزمونی خۆی ئاگاداری بێ، ئیتر بەوە فێنکاییەکی بەدڵدا دەهاتەوە.

لەپاش تێپەڕینی هەزاران ساڵ جوانی و نازداریەکەی تۆزقاڵێ کەمی نەکردوە، هەروەک پێشان شۆخ و شەنگ دەینواند، تەماشای ئاسۆی دەکرد و بیری دەکردەوە، کە ماوەیەکی زۆرە هیچ باڵدارێ ڕووی نەکردۆتە ئەم سەرزەمینە و هەواڵێ بێنێ. شاژن خەم و نیگەرانییەکەی هەر تەنیا هەواڵ و سۆراغی تیۆدلینا نەبوو، بەڵکو ماوەیەک بوو گوێبیستی ئەو هەواڵانە دەبوو، کە هێزە ترسناکە نەناسراوەکان دەمێکە وەخۆکەوتون و بێئەوەی هیچ هێز و کەسێ بتوانێ ڕووبەڕوویان بوەستنەوە، بەردەوامن لە پێشڕەویکردن و پەلاماردانی سەرزەمینەکان. ڕۆنا لەوە گەیشتبوو کە ڕەسەنی مرۆڤ هێشتا سەردەمێکی تاریک

دەگوزەرێنێ و هیچ ئومێدێ نییە سەرەتا ونبوەکەی خۆی بدۆزێتەوە و پەی بە راستیەکان بەرێت. ئیڤلۆردیش لەهەموو کات و ساتێکیتر زیاتر لەئارەزوەکانی نزیکبۆتەوە، بە رەوانەکردنی شەڕکەرەکانی بۆ سەرزەمینەکانی باکور، کە بەلای شاژن رۆناوە هەنگاوێ وا تەنیا یەک پەیام دەگەیەنێ ئەویش کۆتاهاتنی ئێکجارییە.

ئۆلاندێڵ بە ئەسپایی هاتە بانیژەکەوە و لەپشت رۆناوە وەستا، هەنگاوێکی نا و هاتە دەستی پاستییەوە، ئەویش بەوردی سەرنجی خۆرئاوابونی دەدا، بێئاوڕدانەوە شاژن چاوەرێ بوو ئۆلاندێڵ شتێ بڵێ: شای خاتونەکان.. دواین هەواڵمان لەبارەی تیۆدلیناوە پێگەیشت.. پیرەسیمورغ و هاوەڵەکانی هەڵۆی سپی و ئینکیس لەنزیک سەرزەمین و شاری لەخۆونبوەکان تیۆدلینا و ئێلندیایان دابەزاندوە، ئێستاش بەرەو شار و سەرزەمینی رەسەنی مرۆڤ بەرێوەن.

شاژن بەم قسەیە دڵی ئارام بوو، بەڵام لەوەش سەرسام بوو کە چۆن توانیویانە ئەو هەموو رێگە پڕ کەند و کۆسپ و ترسناکە ببڕن، بیرۆکەیەکی خەمهێنتر لە زەینیدا هەڵگیرسا: پێناچێ وازبێنێ، دیارە لە بریار و رۆشتنی خۆی بەردەوامە.

ئۆلاندێڵ لەوە دڵگران بوو، کە کچەکەی بە دڵشکاوی بەجێی هێشتن و کۆمەڵێ قسەی ڕەق و توندی دەرهەق بەباوکی کرد، لەوەش نیگەران

بوو که پێیگوتبوو ئیتر مافی ئەوەت نییە بگەڕێیتەوە، بەردەوام کە بیری لەو گفتوگۆ تونده دەکردەوە، لەناوەوە خۆی دەخواردەوە، تەماشای شاژنی کرد و پێیگوت: رەنگە لە دایکی فێربوبێ، کە بەهێز و باوەڕ توندوتۆڵ بێ، ئەو بریارەی بەوپەڕی ئاوەزییەوە داوە و تا دوایەمین هەناسە شەڕی لەسەر دەکات و رادەستی نوچدان نابێ.

ڕۆنا بەزەردەخەنەیەکەوە لە ئۆلاندێڵی ڕوانی: ئاخر هەموو دایکێ دایک نییە، هەموو باوکێکیش بێگوناح نییە لە پەروەردەکردنی کچێکی بەهێز و بەویست و چاونەترس.

ئۆلاندێڵ لەناخەوە ئارەزوی دەکرد، زەمەن بگەڕێتەوە دواوە و بەکچەکەی بڵێ کە ئەو هەر کێژۆڵە خۆشەویستەکەیانە و هەموو دەمێ باوەشیان تامەزرۆی دەست لەملانێی ئەوە، سەرێکی بادا و بەشاژنی گوت: خاتونەکەم ئێستا هیچمان پێناکرێ.

شاژن ئومێدی دەخواست کە جێهێشتنی کچەکەیان بەبێ زیان بگەڕێتەوە، کەوتبوە دوودڵییەوە لەبەرخۆیەوە گوتی: کێ دەڵێ بەهێز و ویستە کۆڵنەدەرەکەی ڕێگەی خۆی نادۆزێتەوە، رەنگە لە کۆتاییدا ئەو لەهەمومان ڕاستتر دەربچێ..کێ دەڵێ وا نابێ؟!

ئۆلاندێڵ کەنەیدەویست بۆ چرکەیەکیش لە شاژن ڕۆنا دووربکەوێتەوە، بەنارەحەتیەوە پێیگوت: چارەنوسی تیۆدلینا چیدیکە لەدەستی ئێمەدا

نییە، ئێستا هەواڵی ئەوەمان پێگەیشتوە کە میوانەکان تا چەند ساتێتر دەگەنە ئێرە بۆ کۆبونەوە ناڕاساییەکە، بەڵام لە چوار ڕەسەنەکە تەنیا سیانیان هاتون، دەستڕەنگین و پێکراوەکان بە سەردەستەی ساراوان و زیبای دەریاکان لەگەڵ شازن ئانابیل تا لێدانی شەپوری دوازدە کچی پاک و فریادڕەسی سپیپۆش، پاسەوانانی دوازدە دەروازەی شاری پیرۆز لە پێشچاوان ونبون و چونەتە نێو قوڵایی زەریاکانەوە، هیچ هەواڵێ لەبارەی ئەوانەوە نییە و پێناچێ بەدەم ئەم بانگەوازەوە بێن، چونکە بەڕاستی ئەوان تا گوێیان لە دوازدە شەپوری سپی نەبێ، ناتوانین پەیمانەکەی پێش ڕۆشتن و ونبونیان بێنینە دی.

شازن دەیزانی ئەوان تەنیا وەڵامی دوازدە شەپور دەدەنەوە بۆ ئەوەی بەدەم ڕەسەنی مرۆڤەوە بێن، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا: دڵنیابوم ئەوان بەدەم بانگەوازەکەوە نایەن، ئەو ڕۆژەی سەرزەمینی دابڕان بەڵێنەکەمان جۆرێتر بوو..

قسەکەی تەواو نەکرد، دەنگی شەپوری سێ کچی سەر بە ڕەسەنی پاک و فریادڕەسەکان بەرەو ئاسمان بەرزبۆوە، ئەوە نیشانەی گەیشتنی ئالان بوو لە ڕەسەنی دەستڕەنگین و پێکراوەکان، شازن سیدرا لە ڕەسەنی جوان و سەرنجڕاکێشەکان و سەهەند لە ڕەسەنی پیتۆڵ و زاناکان.

وا بزانم گەیشتن، با بچین لە تەلاری کۆبونەوە پێشوازی لە میوانەکان بکەین.

بەئارامی بەلای تەلارەکەی خۆیاندا تێپەڕین و نزیک شوێنی دارە گەورەکان بۆ دابەزین بونەوە، چل جەنگاوەریش لەدوایانەوە بەرەو ئەوێ بەڕێ کەوتن و لە پشتیانەوە وەستان، هەموو شمشێر و تیر و نێزەی سپیان لەگەڵ کڵاوی نەخش سور پۆشیبوو، هەمان ئەو جلوبەرگە بوو کە لە یەکەم شەڕ لە سەرزەمینی سیدان پۆشیبویان.

وردە وردە دنیا تاریک دادەهات، شاژن گەڕایەوە بۆ کۆشکی پێشوازی میوانان و ئۆلاندێلیش لە چاوەروانی گەیشتنی میوانەکاندا وەستا، هەموو شتێ خامۆش و بێدەنگ، جیڕە جیڕی سندوقە تەختەکان زۆر بڵند بون و وریای کردنەوە، کەوا میوانەکان لەدەیان سندوقی لەوجۆرە بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێن، سێ شا و شاژن بەرزکرانەوە بۆ ناو شار، جەنگاوەرەکانیشیان هەریەکە بە جل و رەنگی تایبەت خۆیانەوە بەدوایاندا سەرکەوتن. بۆ یەکەمینجار دوای هەزاران ساڵ پێکدەگەنەوە، ئالان و سیدرا و سەهەند بەنێو دارە گەورەکاندا هەڵدەکێشران، کە بە هەزاران ڕۆشنایی سەوز و سور و زەرد لەدەوروپشتیان دەبریسکانەوە و سەرسامی کردبون. گەیشتنە سەر سەکۆی سندوقەکان و دابەزین، ئۆلاندێڵ لێیان نزیکبۆوە، کە هیچ شتێ لە ڕەسەنە نایابەکان نەگۆڕابوو،

روخساریان هەروەک پێشوو وابوو، ئالان و جەنگاوەرانی دەستیان کردە ملی ئۆلاندێڵ، بەرگێکی سەوزی تۆخیان پۆشیبوو، بە نەخشی زەرد و سپییەوە. شاژن سیدرا و هاورەسەنەکانی چاوەکانیان هەنگوینی پڕ لە گەشبینی تێکەڵ بە پرچێکی خورمایی درێژ تا سەرشانیان پەخشابوو، هەمان جلوبەرگی رابردویان پۆشیبوو کە شین و سپی بوو. سەهەند و هاوەڵەکانیشی هەر جلکە سورەکانی هەزاران ساڵ پێش ئێستایان نەگۆڕیبوو، کە نەخشێکی زیرەیی سەرنجڕاکێشتری کردبوو، بەرەو رووی ئۆلاندێڵ چون و سەریان بۆ یەکتری دانەواند، ئۆلاندێڵ بە ڕێزەوە پێیگوت: بەخێربێن شاژن ڕۆنا لە تەلاری میوانەکان چاوەڕێتان دەکا. سەهەند بە زەردەخەنەوە وەڵامیدایەوە: دەستخۆشیتان لێدەکەین، هەر کە هەواڵەکەمان پێگەیشت، یەکسەر لەگەڵ جەنگاوەران خۆمان پێچایەوە و وەڕێ کەوتین.

- هاتنتان جێی ڕێزە.

ئۆلاندێڵ خۆی سوڕاند و پێشیانکەوت، تا گەیشتنە تەلارێ گەورە کە دەیڕوانیە سەر شارەکە، چەشنی کەپرێ زەبەللاح وابوو، دەوروپشتی کراوە، هەرچەندە شەو بوو، بەڵام ڕۆشنایی مانگەشەو و بریسکەی ئەستێرەکان بەتەواوی ڕووناکی کردبۆوە. تەلارەکە چەندین کورسی و مێزی گەورەی لەخۆگرتبوو، کە لەسەر هەریەکەیان سینی و گۆزەی

کریستاڵی دانرابون، پڕکرابون لە میوەی جۆراوجۆر. ڕەسەنی پاک و فریادڕەسەکان حەزیان بەخواردنی گوڵ بوو لەگەڵ هەنگوین، بۆیە بەشێ لە سینیەکان جۆرەها پەڕەی گوڵی ڕەنگاورەنگی لەسەر دانرابوو. نزیکەی چل کەس بون کە هاتنە هۆڵەکەوە، لەگەڵ وەژورکەوتنی ئەواندا شاژن ڕۆناش لە سەرەوەی هۆڵەکە هاتە ژورێ و لەسەر کورسییە گەورە سپییەکە دانیشت. هەموان سەری ڕێزیان بۆ نەوی کرد، شاژنیش بە زەردەخەنەیەکەوە:

بەڕێزان ڕەسەنە نایابەکان هەر شەش سەرزەمینەکەی نورپاشا، بەخێرهاتنتان دەکەم کە بەدەم هاواری ئێمەوە هاتن بۆ ئەم کۆبونەوە ناڕاساییە، هاوکات مەترسیداریش، ئێستاش فەرمون لەجێی خۆتان دانیشن.

ساراوان و ئۆلاندێڵ لەنزیکی کورسی شاژنەوە لەدەستی ڕاست و شاژن سیدرا و سەهەندیش لەدەستی چەپی لەگەڵ دوو فەرماندەدا لەسەر کورسییەکان دانیشتن. شاژن بێ پێشەکی چوە نێو بابەتی بانگەوازەکەوە:

بەڕێزان هێزێ ترسناک، ترسناکتر لە شەڕکەرانی شەڕی یەکەم لە سیدان و دارستانەکانی باکور، بەژمارەیەکی زۆر بڵاوبونەتەوە و بەپێچەوانەی شەڕکەرانی پێش هەزاران ساڵ، ئەمان دەتوانن

رووبەڕووی زۆر هێزی نائاسایی بوەستنەوە، ئەمانە دەتوانن بەڕووی وزە ئەرێنیەکاندا بوەستنەوە، دەتوانن خۆراگربن لەبەرامبەر بۆنی خۆشی گوڵ و گوڵزارەکاندا، بەرگەی دەگرن و هەست بە هیچ ناڕەحەتیەک ناکەن. بێگومان ئەمەش شتێکی گرنگ دەگەیەنێ کە لەشکری ئیڤڵۆرد پیلانێکی بەرفراوانی داناوە بۆ لەناوبردنی ئەو سەرزەمینانەی کە هەیە، ئیڤڵۆرد هەستی بەبونی چەند راستییەک کردوە و بەشوێن تاجی یەکەمین پاشادا وێڵە، رویکردۆتە سەرزەمینی باکور و دەیەوێ لەوێ پشکنینێکی تەواو بکا بۆ دۆزینەوە و وەدەستهێنانی ئەو تاجە، ملی ناوە بەرەو شاری پیرۆز و سەرزەمینی رەسەنە نایابەکان، مەبەستیەتی بە یەکجاری پاشەرۆژی حەوتەمین سەرزەمین بەکۆتا بگەیەنێ، کە بەداخەوە تا ئێستا هیچ پاشایەک یان کەسێکی بەهێز بە ئامانجی سەرهەڵدانی رووناکی و درپدان بە تاریکی سەری هەڵنەداوە.. بانگکردنتان تەنیا بۆ ئەوە بوو کە دەبێ بەپەلە پێکەوە بڕیارێ لەسەر ئەم بارودۆخە تازە و ترسناکە بدەین، چی بکەین و چۆن خۆمان ساز و ئامادە بکەین.

سەهەند لە رەسەنی پیتۆڵ و زاناکان سەبارەت بەو دۆخە ئاگادارییەکی هەبوو، بە ئارامی هاتە نێو باسەکەوە و گوتی: راستە زۆرێ لە گەنجەکانی ئێمە بەهۆی بێباوەڕی و نائومێدییەوە، لەخۆونبون و وەک

ئەوان بەرەو سنور و سەرزەمینی مرۆڤەکان کۆچیان کردوە، بەڵام زۆر گەنجیشمان بۆ هوشیارکردنەوە و هاوکاری و ئالیکاری و پەیامگەیاندن، هەروەک چۆن بڕیاردرابوو، بەبێئەوەی هەست بە رەسەنەکانیان بکرێ بەرەو سەرزەمینەکانی ناوەند رەوانە کردوە، وەک مرۆڤ لەنێو مرۆڤەکاندا دەسوڕێنەوە.

سەهەند پشوویەکی کورتی دا و دووبارە تێهەڵچۆوە: لەسەرەتاوە مرۆڤ بەشێوەیەکی سەیر و سەمەرە رووبکردە ئەشکەوتە تاریکەکان و هەزاران ساڵی خایاند تا هەندێکیان توانییان لەو ئەشکەوتە تاریک و نوتەکانە بێنە دەرەوە و بەرەو ڕووبار و پێدەشتەکان بڕۆن، پەییان بە کارێکی پیرۆزی وەک جوتیاریی برد، ئەمە هاندەریان بوو کە گوند و شارەکان دروست بکەن و ژیانێکی نوێ هەڵبژێرن.

سەرەڕای راستییەکی تاڵ، ناچاربوو پەنجەی بخاتەسەر: گۆڕانکاری بەسەر ژیانی مرۆڤدا هات، بەڵام وەک ئەوەی ئیڤلۆرد بە نوورپاشای گوت هێشتا لە راستی و نهێنیەکان زۆر بەدوورن، سیفەتە خراپەکان دووریان دەخاتەوە لەوەی ناخێکی ڕووناکیان هەبێ. پێدەچێ دواین ڕۆژەکانی پێنج رەسەنەکە و ئایندەی مرۆڤ بەرەو شۆڕبوونەوە بچێت. تا ئێستاش زۆرێ لە رەسەنی مرۆڤەکان جیاوازییان لەگەڵ دڕندەکانی ئیڤلۆردیان نییە و بە بەردەوامی لە ئەشکەوتەکان وەک ئاژەڵ دەژین.

شاژن سیدرا زۆر نیگەران بوو گوتی: رۆژە پڕ کارەساتەکانی ئێمە ئیتر لێرەوە دەست پێدەکات، کە گومان و دوودڵی دەمانخواتەوە، بەڵام پێشنیارەوەی ئێمە شتێ بڵێین، پێمانخۆشە رای شاژن رۆنا بزانین؟

- ئێمە ناتوانین خۆمان رادەستی ویستی ئیفڵۆرد بکەین، ناشتوانین ئێستا بەرەو سەرزەمینی مرۆڤ هەنگاو بنێین، بۆیە دەبێ لەشکرێ پێک بێنین بۆ بەگژداچوونەوەی شەپکەرانی ئیفڵۆرد، کە ئێستا بە هەزارانیان بەردراونەتە دارستانەکانی باکور و لەوێ دەسوڕێنەوە، لەهەموی گرنگتریش دەبێ بەهەر شێوەیەک بوە دەبێ هاوپەیمانییەک لەگەڵ جەنگاوەرانی حەوت گوندەکە و ئاڤدوورێ سەرکردەیان ببەستین، تەنانەت لەگەڵ لیۆمێن و جەنگاوەرانی سەرزەمینی لەخۆونبوەکانیش، تا پێکەوە بەشداری شەڕەکە بین.

سەهەند هەرچەندە پێیخۆش نەبوو، دەست بەرووی شاژنەوە بنێ، بەڵام لەناچاریدا هەر قسەی خۆی کرد: خاتونی شاژن هیچ یەکێ لە پێنج رەسەنەکان، نە پاشا و نە شاژن ناتوانن ئەمرۆ پەیمانی سەرزەمینی دابڕان بەبێ بەشداری ئالان و ئانابێڵ جێبەجێ بکەن، چونکە بەشدارنەبونە، ئێمە ناتوانین بەشداری شەڕ بین.

شاژن رۆنا بۆ خۆی ئەم راستییەی دەزانی، زۆر دڵگران بوو: کەواتە رێگەچارە چییە؟

شاژن سیدرا بە رووخسارە تەماوییەکەی رۆنا بێتۆقرە ما، ویستی دڵی بداتەوە، گوتی: ئێمە دەتوانین پێکەوە لەشکرێکی سنوردار پێک بێنین، بەڵام کەسمان نییە و بۆ چ شاژن و شایەکیش نییە لە رەسەنەکان سەرکردایەتی ئەم جەنگاوەرانە بکا، ئەمەش خۆت دەزانی پێچەوانەی پەیمانی سەرزەمینی دابڕانە، لەبەرئەوە کارەکەمان بەربەستی لە رێدایە.

شاژن رۆنا هەرچەند سەری دێنا و بیری دەکردەوە، هیچ رێگەچارەیەکی بۆ نەدەدۆزرایەوە، ئۆلاندێڵ تا ئەو دەمە بێدەنگ بوو، بەڵام نارەحەتی و بێتاقەتی هاوژینەکەی هەراسانی کردبوو، دەیزانی بەوشێوەیە هیچ یەکێ لە رەسەنەکان بەشداری لە شەڕ ناکەن و بارودۆخەکەشیان هێندەیتر نالەبارتر دەبێ، بیری لە چارەسەرێ دەکردەوە، رەسەنە نایابەکان پابەندن بە بەڵێنێکەوە، کە پێش هەزاران ساڵ لە سەرزەمینێکدا بە یەکتریان دابوو، گەر هەرواش چاوەروانی بڕیارێ بکەن، رەنگە شەڕکەرانی ئیفڵۆرد بگەنە بەردەمی ماڵەکانیان، لەلایەکیترەوە تێۆدلینای کچی رووی لە چارەنوسێکی نادیار کردوە و لە دەرونەوە هەستی بە گوناهێ گەورە دەکرد، کە هیچ نەبێ نەیتوانی وەک باوکێ ماڵئاوایی لێبکا، تەماشای رۆناشی دەکرد، دڵی چەندین جار دەگوشرا، لەگەڵ خۆیدا کەوتبوە گفتوگۆ و ئاخاوتن: چەندێ

جوان و سەرنجڕاکێشیت، هەزاران ساڵە هاوسەرمیت، بەڵام هیچ وەختێ تۆزقاڵێ لە خۆشەویستی و سۆزت لەلام کەمی نەکردوە، ئای چەندە خۆشم دەوێی، چەندیشە دڵگرانم کە ئاوا دەتبینم.

هەورەکان لە ئاسماندا پەرت و بڵاودەبونەوە، ئاسمان وردە وردە بەرەو ساماڵی دەچوو، ئەستێرەیەک درەوشایەوە و بەئاسماندا کشا لەمسەر بۆ ئەوسەر، دواجار تیشکەکەی خامۆش بۆوە، تۆلاندێڵ نیگای لە دەریچەکە بڕیبوو، دەیبینی چۆن پریشکەکانی لێدەبێتەوە، ئەوجا کۆتایی دێت. کەمێ نیگەران بوو دواتر تەماشای ڕۆنای کردەوە، وەک ئەوەی یەکەمجاری بوبێ ببینێت. لەجێی خۆی هەستایە سەرپێ، بەتەواوی لەو سەردەمەی دەچوو، کە بووە سەرلەشکری جەنگاوەرانی هەر پێنج ڕەسەنەکە پێش هەزاران ساڵ، شاژن ڕۆنا وەک ئەوەی چەقۆیەک لەسەر دڵی گیر بکەن، هەستی بە ئازارێ زۆر کرد، ئەو دەیزانی بۆچی تۆلاندێڵ هەستاوەتە سەرپێ، چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بون، سەری داخست بۆ ئەوەی کەس بەو شێوەیە نەبینێ.

تۆلاندێڵ بەئارامی ڕوخسەتی قسەکردنی وەرگرت و گوتی: شاژنەکەم.. بەڕێزان، من نە پاشا و نە پاشا زادەشم، یەکێکم لە جەنگاوەرانی شەش سەرزەمینی نورپاشا، کە بۆ سەرزەمینی حەوتەم وەک ئێوە بەباڵە بریقەدارەکانمەوە دابەزیم، ئێستاش کە بۆ هیچ پاشا و شاژنێ

نییە پێش جەنگاوەران بکەوێ، ئامادەم ئەو ئەرکە بخەمە ئەستۆی خۆمەوە، لەگەڵ ئەو جەنگاوەرانەی ئێوە دەستنیشانتان کردون بەرەو دارستانەکان و سنور بەرێ بکەوم، رووبەڕووی شەڕکەرانی ئیڤلۆرد بوەستمەوە و تیۆدلینای کچیشم کە بۆ بینینی رەسەنی مرۆڤ بەجێی هێشتین، بیدۆزمەوە و بیهێنمەوە.

رۆنا رومەتەکانی سور هەڵگەڕان و فرمێسک بەچاوییەوە نەوەستا. هەواڵی رۆشتنی تیۆدلینا لەلای رەسەنە نایابەکان مەسەلەیەکی نوێ نەبوو، هەر لە یەکەم رۆژەوە وەک هەواڵێکی سەیر و سەمەرە لەنێو رەسەنە نایابەکاندا بڵاوبۆوە، بەڵام کەس نەیدابۆوە لەرووی شاژن رۆنا و ئۆلاندێڵ. هۆڵەکە پسکە پسکی تێکەوت، ئۆلاندێڵ لەوە دڵنیابوو کە دوایەمین بڕیار لەو بارەوە دەبێ لای شاژن رۆناوە دەربچێ، بۆ کۆتایی هێنان بەو گرێکوێرەیە تەماشای رۆنای کرد: شاژنی بەرێز خۆتان دەزانن بارودۆخەکە ئاسایی نییە و جار بەجار ترسناکتر دەبێ، دەبێ بەپەلە شتێ بکرێ، فەرمانی بەرێزتان چییە؟

بڕیار بۆ رۆنا ئاسان نەبوو، هەرچییەکی گوتبا، مانای دوورکەوتنەوەی ئۆلاندێڵ بوو، ئیدی بەرگەی ئەو خەمە گەورەیەی نەدەگرت، لە یەک کاتدا هاوسەری و کچەکەشی لێی دوورکەونەوە، بۆیە بڕیاردان وەک نۆشینی پیاڵە ژەهر وابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا دەبوو وەک شاژنێ

بەهێز بڕیار بدا، تەنانەت گەر بڕیارەکەش لە بەرژەوەندی خۆی و خێزانەکەی نەبێ، هەستایە سەرپێ و لەگەڵیدا شاژن سەهەند و سیدرا و ساراوانیش بەرزەپێ وەستان، سەهەند پێشوەخت دەستپێشخەری کرد و گوتی: جەنگاوەران لەهەموو کات و ساتێکدا ئامادەن، گەر بڕیارتان لەسەربێ، لەگەڵ بەرەبەیاندا بەڕێدەکەوین.

شاژن بە بێزارییەوە لەدڵی خۆیدا گوتی: ئەگەر بڕیار ئەمەیە، با وابێ.. رووبکردە هەموان و هاواریکرد: بەرەبەیان بەڕێکەون.

هەموان بەرێزەوە گەڕانە دواوە و هۆڵەکەیان جێهێشت، شاژن لەگەڵ چوار کەسی سەر بە رەسەنی پاک و فریادرەس چونە دەرێ، هەرچەندیکرد نەیتوانی تەماشای نۆلاندێڵ بکا. خواردن و خواردنەوە بۆ میوانەکان ئامادە کرا، نۆلاندێڵ نەیتوانی بەجێیان بێڵێت، گەرچی لەدڵەوە حەزیدەکرد بڕواتە لای رۆنا و بۆ تاوێک پێکەوە دانیشن پێش ئەوەی بەرەو چارەنوسێکی نادیار بەڕێ بکەوێ.

# بۆسەیەک لەسەر سنوور

چرپە چرپێ زۆر لێیانەوە دوور نەبوو، لە پشتی درەختەکانەوە دەنگی دەهات، توشی دڵەخورپەی کردبون، لەگەڵ پێگەورەدا نوزەیان لەخۆیان برپیبوو، تا دواجار نیگایان چوەسەر رێیە دوورەکەی پشت درەختەکان، کە ژمارەیەکی زۆر لە شەپکەری چەک بەدەست، بەدەم نەرە نەرەوە رێگەکەیان دەبڕی، بەرەو باکور کە دیاربوو بۆ دۆزینەوەی ئاجی ونبوی هۆڵمان شا دەچون، ئەمانیش بە ئارامی و خامۆشییەکی زۆرەوە خۆیان شاردبۆوە، دەشیانزانی پێش ئەوەی هەست بە بونیان بکەن، باشترە بۆ سەلامەتی گیانیان ئەوێ بەجێ بێڵن. پێگەورە پێشینەیەکی هەبوو لەسەر ئەوان، بۆیە هەڕەشەیەکی یەکجار گەورەی لێدا دەخوێندنەوە، بە ئەسپایی پێیگوتن: وەرن..ئێرە جێگەی ئێوە نییە، دەبێ بەزووترین کات ئەم شوێنە بەجێ بێڵن و دووربکەونەوە. نیۆدلینا بە بینینی ئەو بونەوەرانە سەرسام ببوو، نەیدەتوانی چاویان لەسەر کەل بکا، حەپەسابوو کاتێ ئێلندیا دەستی خستەسەر شانی، راچڵەکی و رەنگی هەڵبزڕکا، هێوری کردەوە: لەسەرخۆ تیۆدلینا.. وەرە با بڕۆین.

دەستی گرت و بەئەسپایی شوێن پێگەورە کەوتن، لە رێگەی سەرەکی

دوورکەوتنەوە و سوڕانەوە بەدەوری دارستانەکەدا تا بەهیچ کلۆجێ شەڕکەرانی ئیڤلۆرد پێیان نەزانن. بەوجۆرە لەدارستان هاتنەدەرێ و بەرەو بەرزاییەکان چون، نزیکەی سێ رۆژ رێگەی شاخاوییان بڕی تا گەیشتنە لوتکەی یەکێ لە زنجیرە چیاکان، ئەوجا بەرەو خوارەوە شۆڕبونەوە، کە روبارێکی شین چەمەکەی کردبوە دوو بەشەوە. بە ماندوبونێ زۆر گەیشتنە رۆخی روبارەکە، تیۆدلینا و ئێلندیا پێیان وابوو کە تەنکاییەکە و دەتوانن بەئاسانی ببڕن، بەڵام وا دەرنەچوو خەریک بوو بە ناڕاگایی خوڕپی روبارەکە ڕاپێچیان بکا. پێگەورە لە کەناری روبارەکەدا بەدەنگێ بەرز هاواریکرد: وەرن..وەرن..هیچمان نەماوە..کەمێکیتر دەگەین.

بۆ ئەوان هەواڵێ گەشبینانە بوو، تاویاندایە خۆیان و هەنگاوەکانیان خێراتر کرد. دەورووبەریان سروشتێکی یەکجار دڵڕفێنی لەخۆگرتبو دەنگی خوڕەی روبارەکە مەستی کردبون. لەوێ دەرچون و گەیشتنە نزیکی دەریاچەیەکی پان و بەرین، سەرچاوەی چەندین روباری سەرزەمینە دوورەکانی باکوری رۆژهەڵات بون کە دەڕژانە نێوییەوە. هەندێ لە روبارەکان بەشێوەی تافگە تێکەڵی دەبون، کە لە بەرزاییەوە قەڵبەزەی دەکرد و تۆزێکی گەورەی لە خوارێ بڵاودەکردەوە، ئەوجا لە دەریاچەکەوە دووبارە لقی لێدەبۆوە بەرەو سەرزەمینەکانی باشور

دەچون. پێگەورە ئارامی نەبوو، قسەکردن بۆ ئەو بەدەم رۆشتنەوە کارێ سەخت بوو، بۆیە بە رامان و ئاوەز تێیدەگەیاندن کە دوای بکەون. بەجێیەکی سەختدا سەرکەوت، ئەوانیشی ئاگادارکردەوە کە پێویستە شوێن پێی ئەو هەڵبگرن، نەبادا وردە بەرد لە ژێر پێیان بخلیسکێ و هەڵیاندێرێ، لەناکاو پێگەورە خۆی لەبەردەم تافگەیەکدا بینییەوە و لە تولەڕێیەکەوە چونە ژێر تافگەکە و لەپێشچاویان بزربوو. تێۆدلینای ماندو سەرسام بوو، هەرچەند چاوی گێڕا پێگەورەی نەدۆزییەوە: پێم بڵێ پێگەورە ئێمەی بەرەو کوێ هێنا؟

لەبەر هاژەی تافگەکە، ئێلندیا بەزەحمەت گوێی لە قسەکانی دەبوو، بەدەنگێ بەرز گوتی: پێدەچێ ئەمە شوێنی نهێنی پێگەورە بێ، کەس پێی نازانێ، رەنگە ئەمە ئەو رێگە نهێنی و کورتە بێت بۆ سەرزەمینی لیۆمێن.

- ئاخر لە بنی تافگە کەی رێگە دروستکراوە؟!

سەری پێگەورە لەنێو شەپۆلی هاتنە خوارەوە ئاوەکەدا دەرکەوت، وەک ئەوەی چاوەڕێیان بێ: ئەوە بۆچی نایەن..ها...چاوەڕێی چی دەکەن؟ زووکەن پێ هەڵگرن، هیچی وامان نەماوە بگەینە جێ.

دووبارە سەری بردەوە ژورەوە، ئەمانیش بەناچاری شوێنی کەوتن و وەک ئەو چونە بن تافگەکەوە، تەواوی جلوبەرگ و بوخچەکانیان تەڕ

بوو، بەڵام هەر کە تێپەڕبون گەیشتنە بەردەمی ئەشکەوتێکی گەورە، پێگەورە لەسەرخۆ پێیگوتن: ئەم ئەشکەوت و دەریاچەیە شوێنی حەوانەی منن و نهێنیشن، زۆر جار دوای ئەوەی سەرگەردانی نێو دارستانەکان بێزارم دەکەن، روو دەکەمە ئێرە و لێرە پشویەک دەدەم. ئێستاش کە ئێوەم بۆ ئێرە هێناوە، بەهیچ کلۆجێ بۆتان نییە ئەم نهێنییە بە کەس بڵێن.

تێۆدلینا سەری بۆ ڕاوەشاند: بەدڵنیاییەوە خەمت نەبێ.

پێگەورە بە زەردەخەنەیەکەوە تەماشای کردن: کەواتە بەدومدا وەرن. بەڕێ کەوتن بەرەو قوڵایی ئەشکەوتەکە، چەندین لاڕێی تێدابوو، بەڵام پێگەورە هەر بە یەک ڕێگەدا دەڕۆشت، چ ئەملاو ئەولای نەبوو. ئەشکەوتەکە گەڵێ پان و پۆڕ و گەورە بوو، لە هۆڵە گەورەکەی پاشای سەرزەمینی کیسەڵە کۆچەرەکان دەچوو، بەردەکانی ورشەیان دەهات، لەدوور و نزیک ڕۆشناییان لێوە دەردەچوو، چ جێ پێیەک و چ ئاسەوارێ لە ئەشکەوتەکەدا بەرچاوی تێۆدلینا و ئێلندیا نەکەوت، ئیدی بۆیان ڕوونبۆوە کە ئەم شوێنە تەنیا پێگەورە هاتوچۆی تێدا کردوە. ئەمیش هەر هەنگاوێکی دەنا دەیگوت: لەنێو ئێرە شوێنێکم هەیە کە ئێوە پێیدەڵێن ماڵ، هەر شتێ لەنێو دارستانەکە بدۆزمەوە دەیهێنم و لەوێ عەمباری دەکەم.

تیۆدلینا لەسەرخۆ هەنگاوی دەنا، خۆی گەیاندە تەنیشتی و بەشادییەوە پێیگوت: بەڕاستتە، کەواتە مااڵت لێرەیە، بۆچی ئێمە نابەیتە مااڵەکەت؟

- نا..نا..ئەوەتان پیشان نادەم.

تیۆدلینا بێدەنگ بوو زانی کە پێیخۆش نیە کەس مااڵی بزانێ، بەاڵم وازی نەهێنا لە پرسیارکردن: کەواتە پێم بڵێ چیت عەمبار دەکرد؟

- زۆر شت، بەاڵم لەنێو ئەو شتانەی کە کۆمکردونەتەوە و زیاتر لەهەمویان دڵخۆشم دەکا، ئەوانەن کە ئێوە پێیدەڵێن گەردنبەند و بازنە و گوارە و ئەنگوستیلەی بریقەدار و رەنگاورەنگ.

بەسەرسوڕمانەوە تیۆدلینا لێیپرسی: بەڕاست؟!

پێگەورە سەرێکی بادا بەاڵم روخسارێ کەمێ ماتەمینی لەسەر نیشت، تیۆدلینا پێی سەیر بوو: بۆچی وا بێتاقەت بویت؟

- زۆرجار ئەو شتانە کە خرپان دەکەمەوە، کاتێکی زۆر لێیان ورد دەبمەوە و لەخۆم دەپرسم ئاخۆ ئەم شتە بریقەدارانە دەبێ کام ئافرەت و کچی جوان و نازدارێک پۆشیبێتی؟ حەزمدەکرد منیش وەک ئەوان جوان و سەرنجڕاکێش بومایە و بمتوانییا ئەو بەردە رەنگاورەنگ و بریقەدارانە لەخۆم بپۆشم، دەزانی چەند حەز دەکەم، ملوانکەیەک بکەمە ملم، ئەنگوستیلەیەک بکەمە پەنجەکانم، هەموو

ئەوانە وام لێدەکات پەست و بێتاقەت بم، لەوانەش ناخۆشتر ئەوەیە لە سەرزەمینە دوورەکانی باکور شتێکی ئەفسوناویم دۆزییەوە دەتوانی وێنەی خۆتی تێدا ببینی، زۆرجار کە تەماشای خۆمم دەکرد، زۆر ناقۆڵا و ناشیرین و ترسناک دەردەکەوتم، ناچار پارچەیەک قوماشم بەسەردا داوە، پێمخۆش نییە بەو شێوەیە خۆم ببینم.

تێۆدلینا ئەو قسانە سەرسامی کردبون، باوەڕی نەدەکرد پێگەورە دەرکی بەو شتانە پڕابێ، خۆ ئەگەر بێتو رۆژێ لە رۆژان ناوێ لەسەر پێگەورە دانێ، ئاخۆ لەو جەستە زەبەلاحە رزگاری دەبێ، تێۆدلینا بیری لەوە دەکردەوە گەر ئەو رۆژە بێت، دەبێ پێگەورە چ جۆرە مرۆڤێکی لێدەرچێ.

پێگەورە بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاشان پرسی: تۆ باسی سەرزەمین و مالّی خۆتت بۆ نەکردم، سەرزەمینی ئێوە چۆنە و لەکوێ هاتون؟

دنیایەک یادەوەری لە زەینی تێۆدلینادا ژیاندەوە، بە زەردەخەنەوە گوتی: گەورەترین و بەرزترین درەختەکان تەنیا لەو سەرزەمینە دەڕوێن، بۆیە ناونراوە سەرزەمینی پاشای دارەکان، ئەو درەختانە هێندە بەتەمەن و بەرز و بەهێزن، شارێکی گەورە لەسەر ئەو درەختانە دروستکراوە، سەرزەمینەکە هەر چوار وەرزەکەی بەهارە، پڕە لە گەڵای سەوز و گوڵی رەنگاورەنگ و زەوییەکی بۆنخۆش، لەبەرئەوە

نە گەرمە و نە سارد. شەو و رۆژ نەرمە بارانێ دەبارێ، ئەو بارانە وایکردوە سەرزەمینەکە هەردەم سەوز بێ و بەهەزاران گوڵی جۆراوجۆر و نایاب لەوێ شین ببێ. بەیانیانی فێنک، دڵۆپی ئاونگ لەسەر گەڵای درەختەکان دەوەستێ، هەر کاتێ تیرۆژ لێیدەدا، چەندین ڕەنگی سەوز و زەرد و سور دروست دەبن، دارستانەکانی هەتا چاو بڕ بکات، باڵندە جوانەکانی تێدا دەبینی، پەپووسلێمانکە هەموو شوێنێکیان ڕەنگاوڕەنگ کردووە، لە باوەشی سروشتێکدا ژیان بەڕێ دەکەن، کە چەشنی خەیاڵێکە هەرگیز وێنەی بزر نابێ.

ئێلندیا سەری لە قسەکانی تیۆدلینا سوڕما، هەرگیز نەیتوانیوە بەو شێوەیە وەسفی سەرزەمینی خۆی بکا، بۆیە بەگاڵتەوە پێیگوت: ئەدی خانم کە هێندە سەرزەمینێکی خەمناکە، ئێستا بۆ ئێمەت توشی ئەم ئەشکەوتە کرد.

تیۆدلینا تەماشای پێگەورەی کرد و سەرێکی ڕاوەشاند: پێگەورە گوێ مەدە قسەکانی.

پێگەورە بەو وەسفانە مەست ببوو، دیمەنەکان بە بەرچاویدا دەهاتن و دەچون، هەناسەیەکی هەڵکێشا: ئاخۆ دەبێ ئەو سەرزەمینەی ئێوە چەند خۆش و نازدار بێ، هەرکات ڕۆژی خۆی هات، لەگەڵ هاوڕێکانم داوات لێدەکەین لەو سەرزەمینە بەخۆشی و بەختیاری بژین.

- زۆرباشە بەڵام هەر نەڵێیت بەڵێنی پێشکەشکردنی ئەو سەرزەمینەم بدەرێ.

- نا..نا..بەڵێنم ناوێ، بەڵام کێ دەڵێ رۆژێ لە رۆژان داوای ئەو سەرزەمینەت لێناکەین و تۆش نەتوانی بڵێیت نە.

تیۆدلینا قسەکەی پێگەورەی بەهەند وەرنەگرت: بلا..بلا..کەس ئاگای لە رۆژەکانی داهاتو نییە، بەڵام پێناچێ هێندە لە یەکتری نزیک بینەوە، بەپێچەوانەوە ئێمە چرکە بە چرکە لە یەکتری دوور دەکەوینەوە.

- ئم...ئممم..ڕاست دەکەی.

ماوەیەکی زۆر بەبێدەنگی نێو ئەشکەوتەکەیان بڕی، تا رۆشناییەک پەڕیە بەردەمیان و کۆتایی بە سنوری ئەشکەوت هات، خۆیان لەبەردەم داروبارێکی چڕدا بینییەوە، لەو سەریانەوە دۆڵێ بوو هیچ ئەشکەوتێکی تێدا بەدی نەدەکرا، رووبانکردەوە دەشتێکی پان و بەرین، دوو روباری بچکۆلەی پێدا تێدەپەڕی و دواتر دارستانێ دەهاتە ڕێ، کە شارێکی گەورەی لە هەناوی خۆیدا بە شاراوەیی جێکردبۆوە. پێگەورە سەری بۆ لای هەردوکیان سوڕاند، بە نیگەرانییەوە پێیگوتن: تیۆدلینا سوێند و پەیمانت لەبیر نەچێ، کە کاتێ بویت بە شاژن ناوێکی شایستەم بەسەردا دابپڕی و بەردی سپی و ناویتر بە هاوڕێکانم بدەیت. ئێستاش چیدیکە ناتوانم لەگەڵتان بم، ئێرە دوایەمین شوێنە

من بتوانم بێمه ناوی، لێره بەدواوە دەبێ خۆتان بەتەنیا بچنە شاری لیۆمێن، کە دەکەوێتە نێو ئەو دارستانەوە، بەڵام ها بزانن ئەمە تەنیا شارێ نییە کە خەڵک بۆی بڕوات، بەڵکو زۆر شار و گوندی دیکە هەن، کە لەنێو قوڵایی دارستانەکاندایە و دروستکراون، خودی لیۆمێنیش لە یەکێ لەو شارانە جێگیرە، بۆیە ناتوانن ببینن. ئێستاش گەر زوو پێ هەڵگرن، پێش ئەوەی دنیا بە یەکجاری بەرەو تاریکبون بچێ، دەگەنە شاری لەخۆونبوەکان. تەماشاکەن ئەو چیا بەرزانەی پشت دەشتەکە، سنوری نێوان رەسەنە نایابەکان و سەرزەمینی مرۆڤە، بەڵام بە وریایی و تووندییەکی زۆرەوە لەلایەن شەرکەرانی ئیڤڵۆردەوە چاودێری دەکرێ، با لەبیرتان بێ ئێوە بەتەنیا نین و زۆر کەسی دیکەش هەوڵی بەزاندنی ئەو سنورە دەدەن..ها بزانن کە هەموو بەرەبەیانێ زۆر کاروان لەوێوە بەرەو سنور بەڕێ دەکەون، دەبێ ئێوە ئەو کەسانە بدۆزنەوە، ئەگینا بەتەنیا ئەو سەفەرەتان پێناکرێ.

تێۆدلینا لە پێگەورە چوە پێشەوە، باسکەکانی کردەوە و باوەشی کرد بە پێگەورەدا و رومەتی ماچکرد، بە سۆزێکی قوڵەوە پێیگوت: هاورێی خۆشەویستم، جوانی ڕوکەش بە جلوبەرگ و کراس و خشڵەوە دەخەملێنرێ، جوانیی ناخیش بە رەفتار و کردار و گوفتاری باش، هیچ کات لەبیرت ناکەم و بەڵێنەکەشم لەبیرە و لە بیرم ناچێ..دڵنیابە.

پێگەورە چاوەکانی پڕ فرمێسک بون، پەنجەکانی خستەسەر شانی تێژدلینا، لێیروانییەوە و وەک جاری یەکەمی پێیگوتەوە: چاوڕەش دەدۆزیتەوە، پێدەچێ لەمەودوا چارەنوسی منیش لەدەستی تۆدا بێ، ئیتر منیش چاوەڕێی تۆ دەکەم، ئەوەش بزانە هەر کات ویستت دەمدۆزییەوە یان دەتدۆزمەوە، کە لە سنوری مرۆڤ بۆ سەرزەمینەکانی باکور ئەگەر خواستی گەڕانەوەت هەبوو، بەڵام لەوە دەچێ ئەو کات باری سەرشانت گرانتر ببێ نەک سوکتر. ئێستاش بەڕێ بکەون چونکە ئێوارەیەکی درەنگە و پێش ئەوەی شەوتان بەسەردا بێ، دەبێ خۆتان بگەیەننە شار.

ئێلندیا ئەم ناوهێنانەی پێگەورەی بەلاوە سەیر بوو، کە ئەوە جاری دووەمە لەگەڵ تێژدلینا دووبارەی دەکاتەوە، لێی نزیکبۆوە و رومەتی ماچ کرد. ئەوان رۆشتن و پێگەورەش رووەو ئەشکەوتە نهێنییەکەی گەڕاوە، بەڵام تا لە بەرزاییەکە هاتنە خوارەوە و لەچاو بزربون، هەر تەماشای دەکردن، ئەو کاتە چوە نێو ئەشکەوتەکە کە هەردوکیان گەیشتنە سنوری شاری نێو دارستانەکان، ئەو دەمە دنیا تاریکی کرد. رۆچونە نێو دارستانەکەوە، لەناکاو پێنج کەس لە پشتی درەختەکانەوە دەرپەڕینە دەرەوە، بە شمشێر و تیر و کەوانەوە راوەستان، ئەوان پاسەوانی ئەو سەرزەمینە بون. دیار بوو لە پشتی درەختەکانەوە

پاسەوانی دیکە هەبون، خۆیان حەشاردابوو، یەکێکیان بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد: غەریبەکان، ئێوە کێن و بۆ کوێ دەچن؟

ئەو پیاوێکی قژ سپی و چاو سەوز بوو، جلوبەرگێکی سەوزی پۆشیبوو، پێچەوانەی پاسەوانەکانی دیکە، کە جلوبەرگی سپییان لەبەرکردبوو، شاڵێکی سوری تێری دابوو بەسەرشانیدا، دیاربوو لە رەسەنی پاک و فریادرەسەکانە.

تیۆدلینا بەئارامی وەڵامیدایەوە: لە رەسەنی پاک و فریادرەسەکانی سەرزەمینی پاشای دارەکانین، مایەی هەڕەشە و ترس نین، هاتوین ئەمشەو میوانتان بین و بەرەبەیان لەسنوری ئێرە دەردەچین بەرەو سەرزەمینی رەسەنی مرۆڤ.

ئەو پیاوە رەسەنەکانی بە شەویش دەدیت، بەوردی تەماشای هەردوکیانی کرد: سەرزەمینەکان رۆژ بەرۆژ بەرەو مەترسیدارتر دەچن، ئێمە شێلگیرانە پاسەوانی دارستانەکان دەکەین، زۆر لە جەنگاوەرانیشمان کە ئێستا لەنێو دارستانەکانن، سەرقاڵی ڕاوکردنی دێوە دووگیانەکانن، بۆچی بەتەنیان؟ نازانن ئێستا شەڕ لە سەرزەمینەکانی باکور بەرپا بووە؟

- ئێمە نە جەنگاوەرین و نە جەنگاوەریشمان لەگەڵ خۆماندا هێناوە، لە شەڕ و هەڕەشە بۆ سەرزەمینی ئێوە بەدوورین، تەنیا هاتوین بێرەدا

تێپەڕین.

پیاوەکە دووبارە لێی ڕاما، دڵنیابوو کە ڕاستگۆن: ڕوخسەتتان پێدەدرێ بەڕەو پێشەوە بڕۆن، گەر نیازتان تێپەڕینە لەسنور، دەبێ بۆ بەڕەبەیان زوو خۆتان بگەیەننە سەیرانگای بێسنور، بەڵام ئاگادار بن لەوبەری سنور سەرزەمینێکە شەڕێکی گەورەی تێدا بەرپا بووە و ئێستا بەدەست جەنگاوەرانی سەرزەمینی ناوەندەوەیە، پڕ لە نائارامی و پشێوی بووە.

- ئەوەمان لەبیر دەبێ و دەستخۆشیتان لێدەکەم، ئێستا ئێوە ڕێگەمان بدەن با بەردەوام بین لە ڕۆشتن.

لەسەر ڕێگەکەیان لاچون، ڕۆشتن و گەیشتنە شارێکی قەرەباڵغ، پڕ بوو لە جەنگاوەری ژن و پیاو، بەیەکدا دەهاتن و دەچون، بێجگە لە ڕەسەنی زیبای دەریاکان، ژمارەیەکی بەرچاو لەهەر چوار ڕەسەنەکە لەوێ دەگەڕان. ئەم شارە لەروکەشدا وا دەردەکەوت کە زۆر هەڕەشەی لەسەر نەبێت، پتر شارێکی بازرگانی بێ، تێکەڵەیەک بوو لە سەرجەم ڕەسەنەکان و هەموو جۆرە گیانلەبەرێکی تێدابوو، ئێرە وەک شارەکانیتر کە لێژمێن و جەنگاوەرانی دروستیان کردبوو، لە شوێنە جیاجیاکان، سنورەکەی بەدەست شەڕکەرانی ئیفلۆردەوە بوو، چونکە هاوسنور بوو لەگەڵ سەرزەمینی ڕەسەنی مرۆڤ. ئەم شارە بەپێچەوانەی شارەکانی

دەورانی یەکەمی سەرزەمینی پیرۆز، کە بە لەبەرچاوگرتنی هێزی چەرخ و وزەی ئەرێنی لەدروستکردنیاندا بەهەند گیرابون، بەڵکو زۆر هەڕەمەکیانە و بێسەروبەرانە بونیات نرابوو. بۆیە کاتێ هەورەکان ڕیز دەبون و باران دەباری، سەرلەبەری دەبوە قوڕ و لیتە، جادە و ڕێیەکان بەردڕێژ نەکرابون ئاوەڕۆی نەبوو، لەهیچ شوێنێکی ئەو شارەدا پەیکەرێکی ڕازاوە و سەرنجڕاکێش نەبوو، کە دیمەنی شارەکە بەهۆیەوە جوانتر بنوێنێ. بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە مەشخەڵی ئاگر لەبەردەرگای ماڵەکان هەڵواسرابون، قاترەکان بارکرابون و لەسەرخۆ لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر دەبران، دیاربوو ئەو هێسترانە بە ڕێگەیەکی شاخاوی سەختدا گوزەریان کردووە، ئەوە باشترین ئاژەڵ و بەهێزترینە بۆ بڕینی ئەو ڕێگە توش و هەڵدێرانە. ئەمان گەیشتنە جادەیەکی گەورەتر، قەرەبالّغییەکی زۆر ڕژابووە نێوییەوە، ناشارەزا بەنێویاندا تێدەپەڕین، لەدوورەوە چاویان بە پیاوێ کەوت لە ڕەسەنی دەستڕەنگینەکان، کە بۆنی میسک و عەنبەری دەفرۆشت، بەڕەو لای چون کە لە بەردەمی دەرگای دوکانێکدا کاڵاکەی دانابوو. ئەو شوێنە نزیکی سنور بوو، بۆنی گوڵ و گیا بۆ ڕۆح و دەرونی ڕەسەنە نایابەکان، گرنگییەکی زۆری هەبوو، ئاخر ئەو بۆنە خۆشانە لە سەرزەمینی مرۆڤەکان بەدەست ناکەون.

فرۆشیاری بۆن بە سەیرکردنەکانیاندا تێگەیشت کە ئەم دوو کەسە بەرەو سەیرانگەی بێسنور دەڕۆن و یەکەمجاریش نیە ئەو پرسیارەی ئاراستە بکرێ، بۆیە یەکسەر پێیگوتن: ئەم جادەیە بەرنەدەن تا لە شار دەچنە دەرەوە، لەدەرەوەی شار چاوتان بە پێنج سەیرانگە دەکەوێ، خەڵکێکی زۆر لەوێ خرپونەتەوە و خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ تێپەڕبون لە سنور، سەیرانگەی بێسنور یەکێکە لەو پێنج سەیرانگەیە کە دۆزینەوەی زۆر سەخت نابێ بۆتان.

پێکەوە بەدڵخۆشییەوە وەڵامیاندایەوە: دەستخۆش بۆ چاوساغیکردنەکەت.

بەڕێ کەوتن بەرەو دەرەوەی شار، کە ڕێگەیەکی لماوی بوو، جاروبار گوشاری گالیسکە بەبارەکانی دەکەوتەسەر و قوورو و لیتەی چینەکانی زێرەوەی دەهێنایە دەرێ، زەوییەکی فشۆڵ بوو، هەر کەسێ پێیدا دەڕۆشت تا ئەژنۆی دەچەقی، حەشاماتێ زۆر سێرەیان لەوێ گرتبوو، کەس ئاوڕی لە کەس نەدەدایەوە. وەک ئەوەی بۆنفرۆشەکە پێیگوتبون گەیشتنە پێنج سەیرانگەکە کە کۆمەڵێ داری سنوبەری بەرز ببوە پەرژینیان. سەیرانگەی بێسنور لە کۆتایی هەمویاندا بوو، لە چوارەکەی دیکە گەورەتر بوو، لە پێش دەرگاکەیدا دەیان هێستر بەبار و بێ بار هەوساریان بە دارەکانەوە بەسترابۆوە. لەپێش سەیرانگەکەدا وەستان

و دەرگاکەیان کردەوە کە جیرپەیەکی گەورەی لەو نێوەدا بەرپاکرد، تێۆدلینا و ئێلندیا یەک بەدوای یەکدا چونە ژورەوە، شوێنێ گەلێ گەورە و فراوان بوو، چەند سەد کەسێک جێی تێدا دەبۆوە، دیوارەکانی بە بەردی گەورە و بچووک هەڵچنرابون، بۆ راگرتنی بنمیچەکان دارەڕایان کردبوو. لە ناوەندیدا هۆڵێکی گەورەی سێ ئاگردانی گەشبۆوە دانرابون، کە هەریەکەیان سێ بەرازی کێوی بەسەریەوە لە سیخ درابون و سوور دەکرانەوە، جار بەجارێکیش یەکێ دەهات و سیخەکانی دەسوڕاندەوە تا باشتر ببرژێ. ئەم سەرزەمینە ڕاوکردن تێیدا ئاسایی بوو، بەپێچەوانەی سەرزەمینەکانی زێڕین و پاشای هۆری. مێزە بەنەخشەکان بەژمارەیەکی زۆر ڕیز کرابون و مەشخەڵە ئاگرینەکانیش بەدەوراندەوری هۆڵەکەدا هەڵواسرابون کە سەرانسەریان ڕۆشن کردبۆوە، بەڵام لەبەرئەوەی مێزەکان ڕەنگی قاوەییان بەسەردا زاڵ بوو، زیاتر هۆڵەکە تاریک دەردەکەوت. زیاد لە سەد و پەنجا کەس لەهەر پێنج ڕەسەنەکە لەوێ دانیشتبون، نزیکەی پەنجا کەسێکیش لە ڕەسەنی مرۆڤ هەر لەوێ ئارامیان گرتبوو. ئافرەتەکان جلوبەرگێکی تەنکیان پۆشیبوو، بەشێوەیەک زۆرینەی سینەیان لەڕوو بوو، سەرخۆش و مەست لە باوەشی پیاوەکاندا تەراتێنیان بوو، ئیدی زوو زوو قاقای پێکەنینێک بەرز دەبۆوە. سێ ئافرەتی جلک تەنکیش خەریکی ژەنینی

ئاوازێ بون، ئەمە بێجگە لە پێنجی دیکەش لەناوەندی هۆڵەکەدا سەمایان دەکرد و جار بەجارێکیش لە مێزەکان نزیک دەبونەوە. بۆنێ ناخۆش هەموو لایەکی تەنیبۆوە. تێۆدلینا سەرنجی مێزێکی دەدا، کە پڕ لە پەیمانەی مەی و گۆشتی بەرازی کێوی بوو، شەش کەس و چەند کەسێ لە رەسەنە نایابەکان لەدەوری کۆببونەوە، هەموو سەرخۆش و مەست ببون. ئەوانەی دەوروبەریان لە رەسەنە نایابەکان نەبون، ئێلندیا لە پشت تێۆدلیناوە بوو، توند باسکی گرت و وەستاندی: نزیکی ئەوانە مەبە، نابینی لە رەسەنی مرۆڤن.

ئەویش لێیان وردبۆوە، تەماشایکرد کەسانی سەر بە رەسەنە نایابەکان، ئارامانە گۆشت و مەیەکە دەخۆن و لەسەرخۆ مەست دەبون، بەڵام ئەوانیتر وەک درندە قەپیان لە گۆشتەکە دەگرت و مەیەکەیان دەنا بەدەمیانەوە، کە نیوەی بە لادەمیاندا دەهاتە خوارێ، جلوبەرگێکی پیسوچڵکنیان پۆشیبوو، بۆنێکی تیژیان لێوە دەهات. هەروا لێیان رادەما و بیری دەکردەوە، تا لەدواوە دەنگێکی زل وەئاگای هێناوە: چیتان دەوێ؟

ئاوڕی دایەوە پیاوێکی تەنگەئەستوری بۆگەن بوو، تێۆدلینا نەیدەزانی ئەوە درندەیە یان نا، توشی نائومێدی هات لەوەی ئەوانە لەو رەسەنی مرۆڤەن، کە ئەو دەمێکە عەوداڵە بە شوێنیاندا، نەیتوانی

وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوە، چونکە بەشێوازێکی تۆپەتر دووبارەی لێکردنەوە: ها چیتان دەوێ، دەی زووبن؟

ئێلندیا لەبری تیۆدلینا وەڵامی دایەوە: هاتوین لەگەڵ ئەو کاروانە بڕۆین کە بەرەبەیان لە سنور دەکاتە ئەوبەرەوە، دەمانەوێ لەگەڵیاندا بین.

- زۆری وامان نەماوە پێتان بدەین، بەڵام دەتوانن مێزێک وەربگرن، گەر نیازی ڕۆشتنتان هەیە، ئەو کەسەی کە خەڵکی ئاودیو دەکرد، دەڵێن گیراوە و بێسەروشوینە، چەند ڕۆژێکە کەسێکی نەناسراو لەبری ئەو ئەم کارە دەکا و چاوساغی خەڵکە، بەرەبەیان کە هێشتا ئەستێرەکان بە ئاسمانەوەن، دەبێ ئەو کاتە ئامادەی ڕۆشتن بن، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانن تێپەڕن، دەبێ زێڕ یان زیو یان ئەڵماس و یاقوت ئامادە بکەن.

ئێلندیا یەکسەر پێیگوت: کەواتە خێرا مێزێکمان بۆ ئامادە بکە، هیچ شوێنێکمان بۆ حەوانە نییە، تەنیا ماوەیەکی کەمان ماوە بۆ بەرەبەیان.

- بەدوامدا وەرن.

پێشیان کەوت، لە گۆشەیەکی تاریکدا مێزێکی پیس و چڵکنی بۆ دەستنیشان کردن، پیاوەکە قاپ و سینیەکانی لەسەر هەڵگرت و دەستێکی هێنا بە مێزەکەدا و ئەوجا پێیگوتن: دانیشتنتان بەخواردن و بێ خواردن یەک سکەی زێڕە.

ئێلندیا دڵنیابوو کە خواردنەکەیان بەکەڵکی ئەوان نایە، بەپەلە گوتی: هیچ ناخۆین، تەنیا چاوەروانی ڕۆشتن دەبین، سکەی زێڕەکەش دەدەین، لەوە دڵنیابە.

- کەواتە چاوەڕێ بن، هەروەختێ هات ئاگادارتان دەکەم.

تێۆدلینا دانیشت بەڵام هەر داڵغەی لەوە دەدا، ئاخۆ کارێ باشی کردوە سەرزەمینی خۆی بەجێهێشتوە و شوێن ئەو سەودایەی خۆی کەوتوە، کە ناوی ڕەسەنی مرۆڤە، بە سەرسوڕمانەوە لێیدەڕوانین. بیری دەکردەوە و شتەکان لە میشکیدا کۆنەدەبونەوە، بە ئێلندیای گوت: ئاخر چۆن دەربازدەبین؟ زێڕ و زیو و یاقوت و ئەڵماسمان پێ نییە، ئەوانە لەکوێ دەهێنی؟

بەزەردەخەنەوە ڕووی تێکرد: خەمی ئەوەت نەبێ، لەگەڵ خۆم هێندەم هێناوە، دەمزانی بەبێ ئەوە ناتوانین سنور ببڕین.

بۆ ئەوەی تێۆدلینا دڵنیابێ، بوخچەکەی هێنا و لەسەر چۆکی دانا: وەرە ئێرە با بزانین چیمان پێیە.

تێۆدلینا تەماشای کرد: هێشتا چەند شوشەیەکی بچکۆلە هەنگوین ماوە، لەگەڵ شوشەی پڕ لە بۆنی خۆش و چەند بەردێکی بریقەدار، لەگەڵ گوڵی وشکراوە و پارچە سکەی زەرد.

ئەوجا بە سەرسوڕمانەوە گوتی: پێم بڵێ ئەمانەت لەنێو بوخچەکەدا

هەڵگرتبوو، وا هێندە ئاگاداریت دەکردن؟

زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوی و بەتیۆدلینای گوت: ئێستا با تەماشای هەگبەکەی بۆتین بکەین.

ئێلندیا کردییەوە کە پێش جیابونەوەیان لە بۆتینی وەرگرتبوو، چەند شوشە شیرینیەکی گوڵ بون، لەگەڵ بۆنی خۆش، کە تەواوی ئەوانە لە سەرزەمینی رەسەنی مرۆڤ بەکەڵک دێن. ئێلندیا بەدەم سەیرکردنیانەوە گوتی: ئەم شتانە بۆ ماوەیەکی باش دەتوانن لەسەرزەمینی رەسەنی مرۆڤ لە ژیان بمانهێڵنەوە.

سەیرانگەکە تا دەهات ئاپۆرەکەی زیاتر و زیاتر دەبوو، دەنگە دەنگ و غەڵبە غەڵبی هاتوەکان وایکردبوو، کەس گوێی لە قسەی کەس نەبێ. بەڵام ئەو دیمەنانەی تیۆدلینا دەیدیت لەبارەی رەسەنی مرۆڤەوە، دڵخۆشکار نەبون و لەناخەوە هەستی بەدڵشکاوییەکی گەورە دەکرد، لێیان وردەوردەبۆوە پتر لە دڕندە دەچون، بۆنێکی ناخۆش لە گیانیانەوە دەهات، دنیای بیرکردنەوەی تیۆدلینایان سەراوژێر کردبۆوە، بەڕاستی خۆی بە کەسێ سەرگەردان دەهاتە پێشچاو، هەر کاتێ رووی وەردەگێڕا و سەیری مرۆڤەکانی دەکرد، لەدەست مامەڵە و هەڵسوکەوت و رەفتارە سوک و بێماناکانیان دڵگران دەبوو، تاڵاوێک قوڕگی دەگرت و خەریک بوو هەناسەی لەبەر دەبڕا. ئێلندیاش بەهەمانشێوە باریکی قورس

کەوتبوە سەر گیانی و هەرچەندێ لە تیۆدلینای دەپوانی، هەستیدەکرد لەدەستی دەدا و دوورکەوتنەوەی وەک خەیاڵێ بە بەرچاویدا دەهات و دەڕۆشت، نیگاکانی قوڵتر دەکردەوە، لە سنوری سەرزەمینی ڕەسەنی مرۆڤ نزیکدەبۆوە و ڕووداو و سەرگوزەشتەکانی دەدیت، کە چۆن پێچەوانە دەبنەوە و هەموو شتێ دوور لە هێز و ویستی ئەوان بەڕێوە دەچێ، تیۆدلینای دەبینی وردە وردە لێی دوور دەکەوێتەوە، کە چەندین سەدەیە لەگەڵ یەکتریدا لە سەرزەمینەکانی باکور و ڕەسەنە نایابەکان پێکڤەبون، تیۆدلینای لەنێو مەحشەرێکدا دەبینی کە هەموو شتێکیان لەو جیاوازە.

نزیکی بەرەبەیان پیاوی سەیرانگەکە هاتە ڕاسەریان و هاواری لێکردن: هەستن خێراکەن، چاوساغ و ڕێبەر پەیامی ناردووە، ئەوانەی دەیانەوێ لە سنور دەرچن، هەر ئێستا بگەنە دۆڵی ڕەش.

- دۆڵی ڕەش؟ دۆڵی ڕەش لەکوێیە؟

- بەرەو سنور بڕۆن..نازانم بەڵام خۆ بەخۆی نایەت.. بێخەم بن بەتەنیا نین، هەر کە بتانبینن لەگەڵیاندا دەڕۆن، ئێستاش بۆ دانیشتن و مانەوەتان سکەی زێڕم دەوێ...وەرن بەدوامدا.

ئێلندیا یەک سکەی زێڕی پێدا و وەدووی کەوتن بەرەو دەرەوەی سەیرانگەکە، کە پەنجا قاتر ئامادە کرابون بە بارەوە و کەسانێک

لەسەری دانیشتبون، چاوەڕێ بون. پیاوی سەیرانگەکە پێیگوتن: ئەمانەش لە سنور تێدەپەڕن.. ئێستا لەگەڵیاندا بڕۆن..مەوەستن. چاوەڕێی نەکرد تیۆدلینا و ئێلندیا هیچ قسە و پرسیارێکی دیکە بکەن، بەجێی هێشتن و چووە ژورەوە. تیۆدلینا و ئێلندیا هێندەیتر سەغڵەت بون، کاتێ بینیان چ قاتڕێ نەماوە بۆ ئەوان، ناچار بە قسەی خەربەند-یان کرد، کە لە ڕەسەنی مرۆڤ بوو، بەوەی هەریەکەیان سواری یەکێ لە هێسترە بەبارەکان بن، ئیدی بەو جۆرە بەرەو باشور و چیا بەرزەکان بەڕێ کەوتن، لەوێشەوە بۆ دۆڵی ڕەش. گەیشتنە ئەوێ مانگ لەنیوەی ئاسمان تێپەڕیبوو، دنیا بەرەو تاریک ولێڵی دەچوو، لە بن چیاکان دۆڵی ڕەش دەرکەوت کە زۆر قوڵ و تاریک و ترسناک بوو، چاویان بە پیاوێ بەژن مامناوەندی لاوازی ڕەشتاڵە کەوت، ددانەکانی ناڕێک و چاوەکانی زەرد هەڵگەڕابون، بەسەر هێسترێکی چڵکنەوە هەڵنیشتبوو، بەتەنیا نەبوو بەڵکو دە سوارۆیتر کە ڕوخساری خۆیان پێچابوو، بە دانیشتوانی سەرزەمینە دوورەکانی بیابان دەچون، لەدەوری جەم ببون. تیۆدلینا لە بینینی «چاوبۆق» ئاسودە نەبوو، ئێلندیاش باری تێکچو. بەدەنگێکی قرخنەوە هاواری کرد: سکەی زێڕەکانتان ئامادە بکەن، ئێستا بەسەرتاندا دەگەڕێین و لێتان وەردەگرین.

بەخۆی و پیاوەکانی کیسەکانیان دەرهێنا و بەسەر خەڵکەکەدا گەڕان بۆ کۆکردنەوەی کرێکەیان، خودی چاوبۆقیش دەگەڕا، هاتە پێش هەریەکە لە تێۆدلینا و ئێلندیا، چاوەکانی دەرپەڕاند و دەمی کردەوە، حەپەسابوو بە توانجەوە سەرێکی بادا و گوتی: دوو ئافرەتی جوان و سەرنجڕاکێش لە رەسەنە نایابەکان! پێم بڵێن بۆ کوێ دەچن؟

تێۆدلینا نەیهێشت ئێلندیا وەڵام بداتەوە، بە توندی گوتی: ئەوە پەیوەندی بەخۆمانەوە هەیە.

پێکەنینێکی گاڵتەئامێزانەی بۆ کردن: باشە.. باشە.. تۆڕە مەبن، بەڵام با بزانم چیتان پێیە؟

ئێلندیا بوخچەکەی کردەوە و دوو سکەی زێڕی دەرهێنا و کردیە کیسەکەیەوە، بەڵام چاوبۆق هەر تەماشای تێۆدلینای دەکرد. پیاوێ لە رەسەنی پیتۆڵ و زاناکان نیازی تێپەڕبونی لە سنور هەبوو، لێیان نزیکبۆوە و بە دەنگێ هێواش گوتی: گوێ مەدەنێ، رەسەنی مرۆڤ رەسەنێ سەیر و سەمەرەن، رووکەش و دەرونیان وەک یەک نییە و بەشێوەیەک ژاراوین تەنانەت ناخی رەسەنە نایابەکانیشیان بەخۆیانەوە ئالودە کردوە.

تێۆدلینا و ئێلندیا بە سەرسوڕمانەوە ئاوڕیان لێدایەوە، تێگەیشت کە لەخۆڕا متمانەی پێناکەن، نەرمەکۆکەیەکی بۆ کردن و گوتی:

ببورن..خۆم پێ نەناساندن..ناوم ئۆرایە، هاوڕێکانی دیکەم بەنهێنی بەمەبەستی گەیاندنی پەیامی رووناکی بۆ نێو رەسەنی مرۆڤ رۆشتون و زۆربەشیان نەگەڕاونەتەوە و بێسەروشوێنن، دەمەوێ وەک ئەوان بۆ ئەو سەرزەمینە بڕۆم، تا بتوانم یارمەتیان بدەین سەرەتای ونبوی خۆیان بدۆزنەوە و رووناکی لە تاریکستان سەرهەڵبدا و کۆتایی بە سەردەمی تاریکی بێت.

دووبارە هەردوکیان بە بێدەنگی تەماشایان کردەوە، وەک ئەوەی ئارەزویان نەبێ لەگەڵ کەسێکی نامۆ قسان بکەن. بەڵام ئۆرا هەر درێژەی بە قسەکانی دا و پرسی: ئەدی ئێوە بۆ لە سنور دەریاز دەبن؟ تێۆدلینا بەو پرسیارە هەڵچو: بۆ پیاسەکردن..نابینی..پێتوایە بۆچی دەڕۆین؟

ئۆرا سەری سوڕما بەو شێوە توندە وەڵام بدرێتەوە، ئیدی لە شوێنی خۆیدا بێدەنگ بوو، چاوبڕق بەدەنگێ بەرز هاواری کرد، کە کاروانەکە ئامادەی رۆشتن بێت، لەگەڵ دە سوارۆ دەموچاو پێچراوەکەدا بەرەو دۆڵی ڕەش شۆڕبونەوە.

لەسەر لوتکەی چیا بەرزەکانەوە، تروسکایی ئاگری پاسەوانەکانی سنور دەبینران، ئەوە نیشانە بو کە ئەوبەری چیاکان سنوری سەرزەمینی رەسەنی مرۆڤەکانن، ئەو رێگەیە زۆر نهێنی بوو، پێدەچو

هیچ شەڕکەر و پاسەوانێ خۆی لە قەرەی ئەو رێگەیە نەدابێ، یان لەروکەشدا وادیاربوو کە کەسی پێدا نەڕۆشتوە. بەپەلە دەرۆشتن، دەیانویست پێش ئەوەی رووناکی لەوێ بدات، لەدۆڵی ڕەش تێپەڕن و بگەنە سەرزەمینی مرۆڤ. هەرچەندێ پێشڕەوییان دەکرد، دۆخی ئێلندیا بەرەو خراپی و ئاڵۆزی دەچوو، ناڕاماییەکی گەورە پەلی کێشابووە نێو دەمارەکانیەوە، خۆی گەیاندە لای تیۆدلینا و شان بە شانی یەکتری دەرۆشتن بە رێگەیەکی تەسک و سەختدا، کە تەنیا جێگەی دوو هێستری تێدا دەبۆوە، ئەمان لە کۆتایی کاروانەکە بون و تەنیا دە کەس و ئۆرا لە پشتیانەوە بون، ئێلندیا ئارامی لەبەر بڕا و بە تیۆدلینای گوت: گوێ بگرە تیۆدلینا هەرچییەک بقەومێ، ئارامیت لەدەست نەدەیت و لەسەرخۆ بە، دڵم باش ناڵێت و هەست بە دڵ تووندییەکی زۆر دەکەم.

تیۆدلیناش بە پەرێشانیەوە پێیگوت: منیش هەستێکی وام هەیە، نازانم چیمە، زۆر بێزار و بێتاقەتم، ئەو چاوزەقە ئاڵۆزییەکی زۆری لە دەرونمدا دروستکردوە.

- راست دەکەی، ئەو پێناچێ ناخێکی پاک و باشی هەبێ.... بەڵام تیۆدلینا گوێ بگرە، بزانە چیت پێدەڵێم، ئەو هەستکردنانەی من لە خۆڕا نییە و پێناچێ لەم سەفەرەدا بتوانم درێژە بە یاوەریت بدەم و

دڵم دەڵێ کارەساتێکی گەورە ڕووەدا..

تیۆدلینا حەپەسا و ڕوویکردە ئێلندیا: ئەمە چ قسەیەکە دەیکەی، کەی وەختی ئەم قسە ناخۆشانەیە؟

بەدەنگێکی ئارام دەستیکرد بە تەواوکردنی قسەکانی: بزانە چیت پێدەڵێم، ئەمە نهێنییەکە دەبێت لەگەڵ خۆتدا هەڵیبگری تا ڕۆژی گونجاوی خۆی دێت، من ئاگاداری هاتنی ئەو چوار ئافرەتە سپیپۆشەی یەکەمین ڕۆژەکانی سەرەتاییم، لەگەڵ پیاوە گۆچان بەدەستەکە، تا لەوێوە سندوقەکان و گۆچانەکە دابەش بکرێت بەسەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا و باکور و باشور، سندوقەکانیان هێنایە لای دایکت، ئاخر ئەو هاوەڵی دێرینی منە لە شەش سەرزەمینەکەوە، جێی باوەڕی بوم و پێش بەڕێکردنی چوار ئافرەت و پیاوە گۆچان بەدەستەکە، نهێنییەکی بەگوێی منداچپاند، کە تەنیا من و ئەو دەیزانین، یەکێ لە ئەگەرە سەرەکییەکان ئەوە بوو، گەر خوانەخواستە بەڵا و کارەساتێ بەسەر شارێندا هات یان بێت، ئەوا من دەبمە دادای تۆ، ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو نهێنییەت پێڕابگەیەنم، بۆ ئەو مەبەستەش لەم سەفەرەدا یاوەرت بوم تا چاوم لێت بێ و هەم ئەو نهێنییەشیت بۆ بدرکێنم.

تیۆدلینا سەرسام بوو: ئەوە چی دەڵێی دادە..ئەم قسانە چین؟

هێواش..هێواش..با کەس گوێی لێت نەبێ، ئێستا گوێ بگرە هێشتا

قسەکەم تەواو نەکردووە، پەیامێ هەیە کە دەبێ بە تۆی بڵێم و تۆش لە رۆژی شیاوی خۆیدا بە ڕەسەنی مرۆڤی بڵێیت.

وا هەستیدەکرد کە ئێستا کاتی شیاوی خۆیەتی نهێنیەکە بۆ تیۆدلینا بدرکێنێ، خۆی لە نزیک کۆتاییەوە دەبینیەوە، دەترسا چیدیکە دەرفەتێکی بۆ نەڕەخسێ، رازەکەی بڵێ، بۆ ئەوەی کەس گوێی لێ نەبێ، تەماشای ئەملاوئەولای خۆی کرد، دڵەکوتەی گرتبوو، دەمی لە گوێی تیۆدلینا نزیککردەوە تا هەمان چپەکەی شاژن ڕۆنای بۆ دووبارە بکاتەوە، کە پێش چەندین سەدە لە تەلارێکی گەورەی ڕوپۆش بە پەنجەرەی کریستاڵی بەرامبەر بەندەرەکە پێی گوتبو. ئەو دەمە گەیشتنە گۆڕەپانێکی پان و بەرین، وەک ئەوەی بۆسەیان بۆ نرابێتەوە، لەپڕدا پەنجا کەس لە ڕەسەنی مرۆڤ بە دەموچاو پێچراوی بە غاردان هێرشیانکردەسەر کاروانەکە، بەدوایاندا پەنجا کەسی دیکەش لە شەڕکەرانی ئیفلۆرد لە تەنیشت و پشتەوە، بە شمشێر وەشاندن دەوریان دان. ترس و تۆقینێ زۆر بەنێو خەڵکەکەدا بڵاوبۆوە، دەنگە دەنگ و هاوار بەرزبۆوە: بۆسەیە...بۆسە..بەپەلە خۆتان دەرباز بکەن..هەڵبێن.

کەس نەیدەزانی بۆ کوێ هەڵبێ، هەر کەسە و لە خەمی خۆیدابوو، لەهەموو لایەکیشەوە ڕم و شمشێر دادەباری بەسەر ئەو خەڵکەدا،

مەرگ ببوە میوانێکی سایەقورسیان، ئیدی ئێلندیا شڵەژا و نەیتوانی ڕازەکە بە تیۆدلینا بڵێ، هێسترەکان لەجێی خۆیان هەڵدەبەزینەوە و ئارامیان نەدەگرت. ئەوان بەو شێوەیە هێرشیان هێنا کە تەواوی بار و کەلوپەلەکان و خەڵکەکەش یەخسیر بکەن، بەڵام چەند کەسێ ئامادە نەبون خۆیان بەدەستەوە بدەن، هەڵیانکێشایە شمشێر و ڕووبەڕوویان وەستانەوە، ئیدی کە تیۆدلینا و ئێلندیا ئەوانەی بینی، لە هێسترەکان دابەزین و خۆیان ساز دا بۆ جەنگ و بە سەختی کەوتنە شەڕەوە.

بەرەبەیانێکی زوو بوو بەزمانی من و تۆ لەم سەردەمی مەشین و دوکەڵە ساتێکی مابوو ڕۆژ خۆی بۆ ئاسمانی شین هەڵکێشێت، لەبەر دۆڵی ڕەش هێشتا دنیا بە نیوە لێڵی مابۆوە، بەڵام ڕەسەنە نایابەکان بە تاریکیش دەیانتوانی ببینن، بۆیە بە ئاسانی دەجوڵانەوە و زەبریان لە شەڕکەران دەوەشاند. هەر بە زووبی ئۆرا هاواریکرد: ڕامەوەستن.. بجوڵێن بەرەو پێشەوە، زۆرمان نەماوە.

ئەوانیش بەقسەی ئۆرایان کرد و خێرا بەرەو پێشەوە ڕایانکرد، بەڵام لەناکاو چەند شەڕکەرێ بەرەو تیۆدلینا و ئێلندیا هاتن و دەوریان دان، شەڕ یەخەی گرتن و بەناچاری شانیان دایە بەری. چاوبۆق هیچ هەواڵێکی نەبوو، لەگەڵ پیاوە دەموچاو پێچراوەکانی زۆرزانانە لە چاوتروکانێکدا بزر بون، بۆیە خەڵکی کاروانەکە وایان لێکدایەوە

کە ئەو بۆسەیە پیلانی هەردولایان بووە، رەنگە هەر ئەویش بوبێتە هۆکاری بێسەروشوێنبونی چاوساغەکەی پێشوو. شەڕکەرەکان درێدانە هێرشیان دەبردە سەر کاروانەکە و هێسترەکانیان گلدەدایەوە، کە پتر بە بارەکانەوە سەرقاڵ بون، بۆیە ئەوانەی بۆ تێۆدلینا و ئێلندیا هاتبون، لە بەرامبەر هێسترێکی بارهەڵگردا وەستان و دەرفەت بۆ هەردوکیان و ئۆرا ڕەخسا لەدەستیان دەرباز بن.

جەنگاوەرێکی سەر بە ڕەسەنە نایابەکان، کە شەڕێکی سەختی لەگەڵدا کردن، بەپەلە بەلایاندا گوزەری کرد و هاواری لێکردن: وەرن بەدوامدا.. ئەوانیش بەپەلە شوێنی کەوتن، لە گۆڕەپانی شەڕەکە دوورکەوتنەوە، بەڵام زۆری پێنەچوو تیرێ ڕەش و بەهێز لەدوور پا هات و چەقی بە پشتی جەنگاوەرەکەدا، لەجێی خوێن ڕووناکییەکی سپی هاتە دەرێ، هەرچەندە بەدەوری هاتن و چون هیچیان پێنەکرا، وردە وردە گیانی دەرچوو. لەبەر ئەوەی هێسترەکانیان لەدەست چوبو، ناچار بە پێ دەستیان بە رێگە برین کرد، لەدوورەوەش هەر دەنگی هاوار و قیژە دەهات، تێۆدلینا سەیری دەوروبەری خۆی کرد، سەری لەهیچ شتێ دەرنەدەچو: ئێستا چی بکەین، بەرەو کوێ بچین، ئێمە شارەزای ئەم رێگەیە نین.

ئۆرا بەئارامی: ناتوانین بگەڕێینەوە و پێدەچێ ئەمە تەنیا رێگەیەک

بێت، بمانگەیەنێتە سەرزەمینی مرۆڤ، دەبێ پەلە بکەین و پێش ئەوەی دنیا رووناک بێ، پاسەوان و شەڕکەرەکان بەو سەرزەمینەدا بڵاوببنەوە، با خۆمان لەم سنورە دەربکەین و دوورببکەوینەوە.

ئێلندیا بە پەرێشانیەوە گوتی: کەواتە پەلە بکەن.

بەیەکجاری لەدڵی ڕەش دەرچون، بەڵام هەستیان بە هیچ جۆرە ئارامییەک نەدەکرد، بەترسەوە لە دەوروبەری خۆیان رادەمان، وەک ئەوەی شتێ لەدەوروپشتیان بسوڕێتەوە، دڵیان توند ببوو، هێندەی نەخایاند سێسەد شەڕکەر وەک درندە دەرپەڕینە دەرەوە بۆیان، تا رادەیەک بەشێ بون لە بۆسەکەی پێشوو گەمارۆ دران، دەنگێ لەنێویانەوە بەرزبۆوە، کە هەمان دەنگی چاوبۆق بوو: خۆتان بەدەستەوە بدەن، ئەگەر نا قوتاربونتان نابێ.

تێۆدلینا دەنگەکەی ناسییەوە، کە چاوبۆقی سەر بەڕەسەنی مرۆڤە و دەستی لەگەڵ شەڕکەرانی ئیڤڵۆرددا تێکەڵ کردوە، شمشێرەکەی لە کێلان بەنیوەیی هێنایە دەرەوە، بەڵام بەزوویی ئۆرا دەستی گرت و بەهێواشی: نا..ئەوە چی دەکەیت؟ تکایە وا مەکە رزگار نابین، نابینی چەندە زۆرن.

گەلێ زۆربون، بە شمشێرەوە وەستابون و چاوەڕێی بچوکترین جوڵەیان دەکرد، کە فەرمانیان پێبدرێ و کۆتایی بەو سێ کەسە بێنن، تێۆدلینا

هەرچەندێ سەیری دەکردن، بێزارتر دەبو خەمۆکی دایدەگرت، چونکە ئەوە سەرزەمینی مرۆڤە کە بەردەوام لە ژیانیدا خەونی پێوە دەدیت. چاوبڕق لە ولّاخەکەی هاتە خوارێ و دەستیکرد بە لێکردنەوەی کێلان و شمشێر لە کەمەریان، بوخچە و هەگبەکانی لەشان کردنەوە و بردنی بەرەولای هێزەکانی ئیڤلّۆرد، کە ئەوان وەک مرۆڤەکان نەیاندەتوانی سواری ئەسپ و ولّاخە بەرزەکان ببن. هەر سێکیان تەواو خەمبار و تێکشکاو بون، چ قسەیەکیان نەکرد و لەدەرونەوە پارچە پارچە دەبون، لەو خەیالّاتانە پڕ نائومێدییەی خۆیاندا بون، کە کسپە لە شانیانەوە هات، ئازارێ توندیان پێگەیشت، نەیانتوانی ئاوڕ بدەنەوە، چونکە قامچییەکی دیکە بەرەو رووبان هات و بە توڕەییەوە هاواریان بەسەردا کرا: دەی زووبن، پێ هەلّگرن.. پێتانوایە بۆ کوێ دەڕۆن؟ واتان دەزانی هەروا بە ئاسانی لەدەستمان دەرباز دەبن؟

دووبارە قامچی سەرشانی داخکردنەوە، ئیدی ئێلندیا تێگەیشت کە نارەحەتی و بێتاقەتیەکەی لەخۆڕا نەبوو، ئەو بەردەوام بیری لەم دۆخە ترسناکە دەکردەوە، کە توشیان دەبێ، ئەوەشی زیاتر ئازاری دەدا، هێشتا نەیتوانیوە نهێنیەکەی شاژن ڕۆنا بە تیۆدلینا بگەیەنێ، لەبەرئەوەی دلّنیابوو لەدوای ئەم رووداوە چی دیکەیان بەسەر دێت و چارەنوسیان بەرەو کوێ مل دەنێ. هەرچەندێ تەماشای ئەملاوئەولای

خۆی دەکرد، چ دەرفەتێکی تێدا نەدەبینیەوە، رازەکە بۆ تیۆدلینا بدرکێنێ، ئەوان پێکەوە بەسترابونەوە و رادەکێشران و بەرەو نێو قوواڵیی دارستانەکانیان دەبردن، دەیان پرسیاری ترسناک لەمێشکی ئێلندیا دەسوڕانەوە، نەیدەزانی ئەو درندانە بۆ کوێیان دەبەن، لەو بیرۆکەیە تۆقیبو کە ئەگەر بێتو لە دارستانەکەدا دەست بەخواردنیان بکەن و لەناویان بەرن. تیۆدلینا بەدەم رۆشتنەوە دڵی پڕ ببو، قسەکانی باب و دایکی وەبیردەهاتەوە، کە پێیانگوتبو(پێتوایە لە سەرزەمینی مرۆڤ چی دەبینی؟) ئەو رستەیە بەردەوام لەمێشکیدا دەسوڕایەوە و خەم و ئەشکەنجەیەکی زۆر گیانی دەتەنییەوە، لەتاو بۆگەنی جەستەیان حەپەسابوو. خۆر لە پشتی چیاکانەوە گەیشتە ئاسمان و رۆژ بۆوە، ئێلندیا سەرنجی تیۆدلینای دەدا و هەستی دەکرد لەیەکتری دادەبڕێن و چیدیکە چاویان بەیەکدی ناکەوێ، بۆیە دەیویست بەهەر شێوەیەک بوە نهێنیەکەی پێرابگەیەنێ، بەڵام هەڵاتنەوەی قامچیەکان بۆ سەر جەستەیان بواری هیچی نەدەدان، بەپەلە دەجوڵانەوە، لەناکاو دەیان تیری وێڵ لەناو درەختەکانەوە بەسەر سەریاندا فڕین، تیرەکان سپی و پەڕدار بون، هاوکات دەیان کەس بە سواری ئەسپی بەرز و بەهێز و ڕەنگ ڕەش و سور و سپییەوە، بەرەو سێسەد شەڕکەرەکە دەرپەڕین، کە جلوبەرگێکی نامۆ

و سەیریان پۆشیبو، هێرشیان بۆ بردن و ناڕاگایانە پەلاماریان دان و شەڕێکی سەخت لە نێوانیاندا رووبدا. لە گەرمەی ئەو شەڕەدا ئێلندیا بە دەرفەتی زانی لە تیۆدلینا نزیکبێتەوە و نهێنییەکەی پێ بڵێ، بۆیە یەکسەر هاواری کرد: تیۆدلینا.. بەپەلە وەرە.

دەستەکانی بەسترابونەوە و بە پەشۆکاوییەوە سەری بۆ لای ئێلندیا سوڕاند، بەپەلە سەری بردە لای گوێی، بە چپە کۆمەڵێ قسەی بۆ تیۆدلینا کرد، تیۆدلینا چاوەکانی زەق کردنەوە و سەرسام بوو، نەیزانی چی بڵێ، سەری ڕاوەشاند وەک ئەوەی بڕوا نەکا، بەڵام هاوار و قیژەی شەڕکەرەکان بۆ ئەوەی خۆیان لەو پەلامارە ناکاوە قوتار بکەن، پەتەکەی دەستیان ڕاکێشا بەدوای خۆیاندا و بەرەو قوڵایی دارستانەکەیان دەبردن، یەک دوو جارێ کەوتە سەر زەوی، بەڵام شەڕکەرەکان دەستبەرداری نەبون و بەردەوامبون لە کێشکردنی، بەرادەیەک تیۆدلینا هەستیکرد کە رەنگە ئیتر ئێلندیا نەبینێتەوە، چونکە ئەوان هێشتا لە دوورڕا دیار بون و نزیکەی بیست نەفەرێ لەدەوری کۆببونەوە، پڕ بەدەمی هاواری لە دادەی کرد، کە پێ هەڵبگرێ و بەدوایاندا بێ، بەڵام بێسود بوو. لەو شەڕەدا جەنگاوەرە نەناسراوەکان بەپەلە گەیشتنە سەر تیۆدلینا، ئیدی شەڕکەرەکانی ئیڤڵۆرد شمشێرەکانیان سوڕاند بەرەو تیۆدلینا تا لەناوی بەرن و

بەکەوێتە دەستی جەنگاوەرە نەناسراوەکان، بەزووبی تیربارانیان کردن و تیۆدلینا و ئۆرایان لەدەست دەرهێنان. ئێلندیا وەپێش شەڕکەرانی ئیلڵۆرد و چاوبڕق درابوو، بەپەلە خۆیان لەبەرچاوان بزر کرد، بەو جۆرە ئێلندیا کە یاوەرێکی بەردەوامی تیۆدلینا بوو لە سەفەرەکەیدا، لە یەکتری دابڕان و دادەیان بەرەو نادیاریی بەرێکرد.

تیۆدلینا هێشتا دەستەکانی نەکرابونەوە، چاوی بڕیبوە قولاپی دارستانەکە، ئەو شوێنەی ئێلندیای بۆ برا، بەدڵشکاوییەوە لێیدەڕوانی و دڵی گوشرا، وردە وردە فرمێسک لە چاوی هاتە خوارێ، چەند هەنگاوێکی نا و بەربۆوە، دەیویست شوێن ئێلندیا بکەوێت و هەرچی زیان و مردنێکە پێکەوە بەرێی بکەن، دووبارە ویستی هەستێتەوە و بڕوات بەڵام لەجێی خۆی کەوت، ئەمجارەیان سوارۆیەکی باڵابەرز دەستی درێژ کرد و تیۆدلینای بڵند کردەوە و بەرزیکردەوە بۆ پشتی خۆی: خۆت توند بگرە..

سوارۆیەکیتریش ئۆرای لە پشتی خۆی دانا، دەنگی شەپور هات و سوارۆکان بەرەو رۆژاوا کشان. تیۆدلینا فرمێسکەکانی ئارامیان نەدەدا، سەیری دواوەی کرد و هاواریکرد: تکایە...دادەم..بەجێمان هێشت.. تکایە بوەستە بگەڕێوە.

هەنگاوەرەکە نەوەستا و بەدەنگێ بەرز پێیگوت: هیچمان پێناکرێ،

دەبێ بەزووترین کات ئەم سەرزەمینە بەجێ بێڵین، ئەو سێسەد نەفەرەی کە بینیت، بەهەزارانی دیکەیان لەنێو دارستان و قەڵا بەرزەکانی سەر لوتکەی چیاکان بەدرێژایی سنور جێگیر کراون، ئەگەر ئەم شوێنە بەجێ نەهێڵین، دەگەنە سەرمان.

تیۆدلینا ئیدی دڵی پڕ بوو دایە پرمەی گریان.

لەماوەیەکی کەمدا ئەو سەرزەمینەیان بەجێهێشت و دوورکەوتنەوە، گەیشتنە جێیەکی شاخاوی و پێیدا هەڵگەڕان چەشنی ئەوەی شوێنێکی نهێنی لەوێدا بێت، لەودیوەوە گۆڕەپانێکی پان و بەرین بەسەر بەرزایی چیاکەوە، سەدان چادر و خێوەت هەڵدرابوو، چەندین سێکوچکە و ئاگر لە بنیان خۆشکرابون، قازانی گەورە بەسەریانەوە هەڵمی لێهەڵدەستا.

لەناوەندی گۆڕەپانەکە خێوەتگەی سەرکردەکەیان دیاربوو، کە چوار جەنگاوەری لەدەوری وەستابون، کاتێ هێزەکەیان بینی بەرەو ڕوویان دەهاتن، تیۆدلینا و ئۆرا باری تەندروستیان باش نەبوو، لە ئەسپەکانیان هێنانە خوارێ و پەتەکانی دەستیان کردنەوە، سوارۆکە بە شێوەی فەرمان پێیگوتن: بارودۆخیان زۆر خراپە، خزمەتیان بکەن، بە ئاوی گوڵ بیانشۆن، بۆنی خۆشیان بۆ ڕێکبخەن تا بێنەوە سەر خۆیان.

جەنگاوەرەکان بەڕێزەوە: بەڵێ بەرێز ئاڤدوور فەرمانتە.

نیۆدلینا ئاگای لەخۆی نەبوو، نەیدەزانی چی لە دەوروبەری دەگوزەرێ، نەگەر لەهۆش خۆی با و گوێی لەو ناوە بوایە، دەیزانی ئاڤدوور ئەو کەسەیە کە لە سەردەمی یەکەم شەڕدا لەگەڵ حەوت گوندەکە خۆیان بەدەستەوە نەدا و لەهەموو کات و ساتێکدا گورزی کاریگەریان لە مێزەکانی ئیڤلۆرد دەوەشاند، بەڵام شتێ کە دەبوە سەرسوڕمان بۆ نیۆدلینا ئەوە بوو، ئەمانە جەنگاوەری سەر بە رەسەنە نایابەکانن، چی دەکەن لە سەرزەمینی رەسەنی مرۆڤدا. نیۆدلینا رادەستی دوو ئافرەت کرا و برایە نێو خێوەتگەیەکی سپی گەورەوە، چەشنی گەرماوێ بوو بۆ خۆشوشتن، لەوێ رەسەنە نایابەکان زۆر بایەخیان بە پاک و خاوێنی دەدا، بۆنخۆشیی پێداویستییەک بوو بۆ جەستەیان. لەگانەیەکی گەورە لەنێوەندی خێمەکەدا دانرابوو کە پڕ کرابوو لە پەڕەی گوڵی سور و زەرد و سپی بۆندار. لەسەر مێزەکانیش چەندین مۆم پێکرابون و لەگەڵ جۆرەها بخوردی سەندەلی، کە بۆنی خۆشیان لەنێو خێمەکەدا بڵاودەبۆوە، بەپەلە جلە پیس و خۆڵاوییەکانیان لەبەر داکەند، کۆڵەوانەیەکی سەوزی تۆخی بۆنداریان بە شانیدا دا، چونکە ئەو بۆنە ناخۆشانەی لە چەند رۆژی رابردودا مێشکی پڕکردبوو، بەتەواوی ئالودەی کردبوو، ئازارێ زۆری بەدەستەوە دەکێشا. نیۆدلینایان بەپەلە خستە نێو لەگانە گەورەکەوە و هەڵمی بۆنخۆشییان بەسەردا دەپرژان،

جەستەیان بەگوڵاو شووشت. دواتر وەهۆش خۆی هاتەوە، جلوبەرگی شیاویان لەبەرکرد، وەک پۆشاکی سەرزەمینی پاشای دارەکان و لەسەر تەختێ نەرم بە پەڕی سیمورغ و قینکیس چاککرابوو، دریژیان کرد بۆ ئەوەی ماوەیەک بحەوێتەوە. تیۆدلینا نیوەی رۆژێک بۆی خەوت، بەدەنگی ئافرەتێکی گەنج کە جلوبەرگی جەنگاوەری لەوت گوندەکەی پۆشیبوو هاتەوە سەر خۆی، زریپەکیان پۆشیبوو وێنەی خۆرێکی پێوە بوو، بەرەنگی زەرد نەخشێنرابوو ئالاکانیشیان هەروا بوو، ئافرەتەکە پێیگوت: بەرێز ئاڤدوور بۆ نانخواردن چاوەرێت دەکا، لە پێش خێوەتەکە چاوەرێت دەکەم تا ئامادەبیت بۆ بن خێوەتی ئاڤدوور.

تیۆدلینا سەری بەرزکردەوە و هێندەی چاوتروکانێک رووداوەکانی وەبیرهاتنەوە، کەوتە سەرزەنشتکردنی خۆی: بریاری هاتنم بۆ سەرزەمینی مرۆڤ دا، دڵی دایک و باوکم شکاند، دادەشم لەگەڵ خۆم توشکرد.

هەموو رووداوەکان وەک کۆمەڵە وێنەیەک بە بەردەمیدا دەهاتن و سەمایان دەکرد، گلێنەی چاوەکانی بێئۆقرە بەنێو وێنەکاندا دەگەڕان، لەپڕ هاواریکرد: ئێلندیا...

بێجگە لە هاواری دەنگی هیچیتری نەبینی، بەپەلە خۆی ڕێکخست

بەو ئومێدەی بروات بەشوێن ئێلندیادا و لەدەستی شەڕکەرانی ئیڤلۆرد دەربێنێ، دەستێ جلوبەرگ لە تەنیشتەوە دانرابوو، یەکەمین جاری بوو شەروالّ ببینێ، بۆی رونبۆوە کە دەبێ ئەوە لەپێ بکات، ڕەنگی گۆشتییەکی کاڵ لەگەڵ شاڵێکی گەرم و کراسێکی بۆ دانرابوو، بێجگە لە شمشێر و خەنجەرێ کە بەزوویی لەنێو قەدی خۆی بەست. لەبەرئەوەی پاک و خاوێن ببۆوە و جلکێکی بۆنخۆشی پۆشیبوو، کاتێ هاتە دەرەوە لە خێوەتگەکە، ببوە جێ سەرنجی هەموو کەسێ کە دەیبینی، تەنانەت سەرنجی ئاڤدووریشی ڕاکێشا، سەیرکردنەکەی بە کەسێ دەچو ئەوە یەکەمین جاری بێ ئافرەتی دیبێت، بەتایبەتی لەنێو ڕەسەنە نایابەکاندا. ئاڤدوور بەوردی سەرنجی دەدا، پرچێکی ڕەشی قەترانی بەحەوت داوی زەرد وەک پرشنگی خۆر دەدرەوشانەوە، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان پیرەسیمورغ پەڕێکی سەر دڵی لێکردبۆوە و لە پرچی چەقاند، ئیدی بەشێوەیەکی ئەفسوناوی بووە حەوت داوی ڕەنگ زەرد، ئاڤدوور گەلێ سەرسام بوو لەجێگەی خۆی هەستا و دڵی توند لێیدەدا، فەرمووی لێکرد: تکایە بەسەرکەوە، وەرە لەنزیکم دانیشە. نیۆدلینا گەیشتە نیوەی خێوەتگەکە، بەڵام دوای ئەوە هەنگاوی نەنا و لەجێی خۆی وەستا، ئاڤدوور بەلایەوە سەیر بوو: ڕەسەنی نایاب بۆ کێیت و بۆ کوێ دەچی، ئێرە دەزانی چ سەرزەمینێکی پڕ شەڕ و

ئاشوبە؟

تیۆدلینا تەنیا خەیاڵی لای دیتنەوەی ئێلندیا بوو، بیری لەوە دەکردەوە بەجۆرێ قسە بکات، ئەم جەنگاوەرانە رازی بکا، یارمەتی بدەن بۆ رزگارکردنی ئێلندیا: من ناوم تیۆدلینایە، لەگەڵ ئێلندیای دادەم لە سەرزەمینە دوورەکانەوە هاتین بۆ سەرزەمینی مرۆڤ، هۆکاری هاتنەکەمان گرنگ نییە، بەڵام ئێستا دادەم گیراوە و ئاگاداری چارەنوسی ئەو نیم، کەسێکی دیکەش لەگەڵمان بوو بەناوی ئۆرا، نازانم چی بەسەر ئەویش هات!.

ویستی قسەیتر بکا، ئۆرا بە جلکێکی نوێوە هاتە ژورەوە و لە تەنیشتیەوە راوەستا، تیۆدلینا بە بینینی دڵخۆش بوو، دووبارە درێژەی بە قسەکانی دایەوە: داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکەم کار بۆ رزگارکردنی دادەم بکەن و یارمەتیم بدەن.. تکاتان لێدەکەم.

سەرکردەکەیان بەپێویستی زانی خۆی بناسێنێ، تەماشای هەردوکیانی کرد: من ناوم ئاڤدوورە، لە رەسەنی دەستڕەنگین و پێکراوەکانین و بە شۆڕشگێڕانی حەوت گوندەکە ناسراوین، کە هەر لەیەکەمین سەردەمی شەڕ و سەرهەڵدانی ئیڤلۆرد، بەردەوام بوین لە بەرگریکردن و ڕۆژ بە ڕۆژ گەنجی سەر بە رەسەنە نایابەکان پەیوەندییان پێوە کردوین، ئاگامان لە هاوڕەسەنەکانمانە، ئاگاداری هەواڵی سەرزەمینە

دووره‌كانين، ده‌زانين له‌دواى شه‌پى سيدان له سه‌رزه‌مينى دابڕان، له‌يه‌كتر جيابوينه‌ته‌وه و چاوه‌ڕێى رۆژێك ده‌كه‌ين بۆ به‌يه‌ككه‌يشتن و چون به‌ده‌م داواكارييه‌كانى مرۆڤه‌وه.

تيۆدلينا چاوه‌ڕێ بوو زوو قسه‌كانى ئاڤدوور ته‌واو بێ، تا دووباره داواكارييه‌كانى بخاته‌وه روو: مێژووى رۆژ و مانگ و ساڵى رابردووى هه‌موان باش ده‌زانين، هه‌موو ئاگادارى ئه‌و رابردوو و سه‌رگوزه‌شتانه‌ين، به‌ڵام ئێستا ته‌نيا يه‌ك داواكاريم هه‌يه، ئه‌ويش يارمه‌تيدانمه له دۆزينه‌وه‌ى دادام.

ئاڤدوور له‌جێى خۆى هه‌ستا و هه‌نگاوێ هاته پێشه‌وه، به نێوچه‌وانێكى گرژه‌وه گوتى: به‌داخه‌وه ناتوانين يارمه‌تيت بده‌ين، چونكه ژماره‌ى جه‌نگاوه‌رانى ئێمه به‌و راده‌يه نين رووبه‌ڕووى سه‌دان هه‌زار شه‌ڕكه‌رى ئه‌وان بوه‌ستێته‌وه، ئه‌وان به‌درێژايى سنور چه‌ندين هه‌زار درنده و شه‌ڕكه‌ريان داناوه، جه‌نگاوه‌رانى ئێمه ده‌سته‌ى بچوك بچوكن، له‌مبه‌ر و ئه‌وبه‌رى سنوره‌كان و سه‌رزه‌مينه‌كانى باكور و سه‌رزه‌مينى مرۆڤ، له‌كاتى گونجاودا لێدانێ ئاراسته‌ى ئه‌وان ده‌كه‌ن و به‌پێله به‌ره‌و شوێنانى ديكه ده‌ڕۆن و ده‌گه‌ڕێنه‌وه، دادای تۆش يه‌خسير كراوه له‌گه‌ڵ هه‌زاران دیلى ديكه‌دايه، هه‌زاران شه‌ڕكه‌ر پاسه‌وانييان ده‌كه‌ن، هێزى ديكه‌يان هه‌يه به‌ره‌و ناوه‌راستى سه‌رزه‌مينه‌كان به‌ڕێوه‌ن. ئه‌و سه‌رزه‌مينه به

خاکی میرغەزەب ناسراوە، ئێستا زۆرینەی سەرزەمینەکانی ناوەراستی داگیرکردوە و لەهەموو شەڕەکانیشیاندا سەرکەوتوبون، تەنیا خاکێک بەوان نەگیرابێ سەرزەمینەکانی رۆژاوا و گوڵەکان و شەرابی سورە، بەداخەوە دەبێ ئەوە بزانی کە کەسانێ لەو سەرزەمینانە نەگەڕاونەتەوە و نازانین چیبان بەسەردا دەهێنن. بۆیە ناتوانین هیچت بۆ بکەین و تەنانەت بەدوایشیدا بڕۆیت دڵنیابە نایدۆزیتەوە. لەهەموی باشتر ئەوەیە لەگەڵمان بێیت و بگەڕێیتەوە بۆ سەرزەمینەکانی باکور. چونکە لەدواجاردا گەر بۆ گوندەکانی رۆژاوا و سەرزەمینی گوڵەکان و شەرابی سوریش بڕۆیت، شەڕ هەر یەخەی ئەو سەرزەمینانەش دەگرێ.

قسەکانی بۆ تێۆدلینا دڵخۆشکار و ئومێدبەخش نەبون، باری دەرونی ئاڵۆزتر کرد، ئاڤدوور سەرنجیدا چ کاردانەوەیەکی نییە، درێژەی بە قسەکانی دا: تێۆدلینا لەگەڵمان وەرە، شەڕ تەنیا فراوان و فراوانتر دەبێ و دوای بڵاوبونەوەی گیانلەبەرە دووگیانەکان لەسەرزەمینەکانی باکور و بەهێزتربونی میرغەزەب و تەواوبونی بورج و کۆشک و تەلار و قوللەکانی ئیمپراتۆریای ئیڤلۆرد، سەرزەمینەکان ترسناکتر و کارەساتبارتر دەبن.

تێۆدلینا ئاگای لە چ قسەیەکی ئەوان نەمابوو، بەڵام بیری لەوە دەکردەوە کە ئەمە کۆتایی نییە و ناشکرێ لەگەڵ ئاڤدوور بگەڕێتەوە،

بۆیە شێلگیرانە گوتی: بەداخەوە ناتوانم لەگەڵتان بێم، دەبێ شوێن دادام بکەوم و ئەو شتەی کە بۆی هاتوم بیکەمە ئامانج و مەبەستی خۆم.

ئاڤدوور هەرچەندێ لە تیۆدلینا وردەبۆوە، هەستێکی نامۆ خنوکەی دەدا و دەمی وشک دەبوو، پڕ بەدڵ حەزی نەدەکرد لێی دووربکەوێتەوە، بەنەرمی پێیگوت: ڕۆشتنت تەنیا لەناوچونی خۆتی لێدەکەوێتەوە، ئێلندیا چارەنوسی بەدەستی خۆیەتی و تۆ هیچت پێناکرێ، لەگەڵمان وەرە پەیمان بێت بەهەموو جەنگاوەرەکانم بتپارێزم.

- دادا لەبەر خاتری من ئەو هەموو ڕێگەیەی بڕی و لە پێناوی منیش توشی ئەو کارەساتە هات، بەراستی ناتوانم بەجێی بێڵم، تەنانەت گەر بشکۆژرێم هەر بەدوایدا دەڕۆم.

تیۆدلینا مەراقی ئەوەشی هەبوو، کە بەردەوام لەژیانیدا پەرۆشی ئەوە بوو مرۆڤ ببینێ، بەڵام تا ئەو چرکەساتە بەو شێوەیە نەیبینیوە تینوێتی بشکێنێ، ئاخر نەدەکرا ئەوە کۆتایی بێت و تەواوی مرۆڤەکان بەو شێوازە بن کە تا ئێستا بینیویەتی، بۆیە لەسەرخۆ گوتی: کە ناتوانن یارمەتیم بدەن، تکایە بهێڵن درێژە بە سەفەرەکەم بدەم، ئەگەر دەتوانن ئەسپێک و هەندێ هەنگوین و بۆنی خۆشی گوڵم پێببەن، چونکە چیدیکە ناتوانم دوا بکەوم.

ئاڤدوور هەناسەیەکی هەڵکێشا و لەناچاریدا دەستەکانی بڵاوکردەوە: ئیتر ئەمە کە دواین بڕیاری تۆ بێت، ناتوانین ڕێگەت لێبگرین، ئەسپ و پێداویستییەکانی ڕێگەت بۆ دابین دەکەین، بوخچەکەی تۆ و ئێلندیاش کە لەنێو دارستان لێتان جێمابوو، جەنگاوەرەکانم هێناویانەتەوە و پێناچێ پێویستت بەهەنگوین و بۆنی خۆشی ئێمە هەبێ.

بە سەر ئامازەی بۆ ئافرەتە جەنگاوەرەکەی یاوەری کرد، تێگەیشت کە پێویستە ئامادەکارییەکان بۆ تێۆدلینا فەراهەم بێ، چووە دەرەوەی خێوەتەکە. ئاڤدوور تەماشای ئۆرای کرد و پێیگوت: پێمگوتراوە کە ئەرکێکی گرنگ لەسەر شانتە و خۆت بەختکردوە بەنهێنی بەرەو سەرزەمینی ڕەسەنی مرۆڤ بڕۆیت و پەیامی ڕووناکی بەنێویاندا بڵاوبکەیتەوە، ئێستا دەتەوێ چی بکەی؟

ئۆرا بە ڕێزەوە: ئاگادار کراوم کە لەگەڵ جەنگاوەرەکان بەرەو ڕۆژاوا بڕۆم، ئەگەر ڕێگەم بدەی لەگەڵتان بێم تا سەرزەمینی مرۆڤ و گوندەکان، کە تروسکاییەک ڕووناکی لەنێویاندا سەری هەڵداوە، چونکە پێوەندییەکی باش هەیە و پێشکەوتنی باشیشیان بەدەستهێناوە، بەشێوەیەک کە بونەتە خاوەن خانوەکانی ڕووناکی، هەمان ئەو کتێبخانەیەی کە ئێمە لە یەکەم سەردەم هەمانبو، زۆر لەوانیش بەشێوەیەکی بەرچاو ڕویانکردۆتە سروشت و دۆزینەوەی نهێنییەکانی،

که لەوێش تەواو بوم ئینجا بەرەو سەرزەمینەکانی ناوەراست و سەرزەمینی میرغەزەب دەڕۆم کە تاریکی فەرمانڕەوای ئەوێیە.

- بە ئەرکێکی گەورە و مەترسیدار هەڵدەستی، راستەکەی سەرزەمین و گوندەکانی ڕۆژاوا چالاکی و جموجوڵێکی زۆری تێدایە، ئەمەش زیاتر بۆتە جێگەی مەترسی بۆ میرغەزەب، ئێستاش مۆڵەتدراوی لەگەڵمان سەفەر بکەیت، چونکە ئێمە دەبێ لە ڕۆژاواوە لە سنور بەرەو سەرزەمینەکانی باکور تێپەڕین، هەواڵی ئەوەمان پێگەیشتوە کە ڕەسەنە نایابەکان کۆبونەوەیەکی گرنگیان ئەنجامداوە، جەنگاوەرێکی لێهاتویان دەستنیشانکردوە لەگەڵ جەنگاوەرە هاوپەیمانەکان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی شەڕکەرانی ئیفلۆزد.

تێۆدلینا دڵی توند بوو، کۆبونەوەیەک لە سەرزەمینی ئەوان کرابێ، لەمێشکیدا پرسیارەکان خولیان دەخوارد بەپەلە گوتی: ئەو جەنگاوەرە کێیە؟

ئاڤدوور بەلایەوە سەیر بوو: جا بۆچی دەپرسیت؟!

- نا..نا..حەز دەکەم بزانم ناوی چییە؟

ئاڤدوور تەنیا هەواڵی ئەوەی هەبوو کە سەرجەم جەنگاوەرەکان تەنانەت لیۆمێنیش لە ئامادەباشیدان، بەڵام ناوی ئەو فەرماندەیەی نەدەزانی کە بۆ ڕووبەڕووبونەوە دەستنیشانکراوە: نازانم بڕوا بکە،

بەڵام دەبێ لە ئێستاوە خۆمان بۆ ڕۆشتن ساز بدەین، چونکە دەمانەوێ بە کۆبونەوەکەدا ڕابگەین، بەشێک بین لەو جەنگاوەرانەی شاژن ڕۆنا فەرمانی لەسەر داوە.

تێۆدلینا بەگوێبیستبونی ناوی دایکی، موچڕکەیەک بە گیانیدا هات و ڕەنگی سور هەڵگەڕا، نەیدەویست ئاشکرا بێ و بزانن کە ئەو کچی شاژنە، لەو بیرکردنەوانەدا بوو کە زەمینلەرزەیەک هەمویانی ترساند، دەنگی بەهێزی هەورەکان لە ئاسماندا ئامازەیان بۆ ڕۆژانێ پڕ ئاشوب دەکرد، بۆ تێۆدلینا لە پەلاماری گورگە چاو سورەکان تۆقێنەرتر بون، بەڵام ئاڤدوور گەلێ ئارام بوو، وەک کەسێ ڕەفتاری دەکرد، کە چەندین جار ڕووداوی لەو جۆرەی تێپەڕاندوە، لەسەرخۆ گوتی: لەسەرزەمینەکانی ڕەسەنی مرۆڤ، زەوی شکان و زەمینلەرزە زۆرجار ڕوودەدەن، گەردەلولی بەهێز و ترسناک هەڵدەکات، لەدەریاکانەوە شەپۆلە زەبەللاحەکان هێرش دەبەن و ناخۆشی و کارەسات دەخەنەوە، پێدەچێ ئەمە سزای پاشای نور بێ بەسەریانەوە، هەموو پیسی و خراپیەک لەبەرامبەر یەکتر و سروشت دەکەن، بۆیە بزانە ئەمە یەکەمین جار و دواجار نابێت شتی وا ڕووبدات و ببینی، هەرچەندێ زیاتر بچیتە قوڵایی سەرزەمینی ڕەسەنی مرۆڤەوە، کارەسات و هەواڵی مەرگ زیاتر دەبیستی و دەبینی، بەتایبەت ئێستا چوار سوارۆی ئەسپ

سپی سور و ڕەش و لمی بەتیر و کەوان و شمشێرێکی گەورەوە شایانێکیان بەدەستەوەیە و بەناوی مەرگەوە بەسەر سەرزەمینەکانی مرۆڤدا دەسوڕێنەوە، ئەوەش تەنیا یەک شت دەگەیەنێ، کە سەردەمی مرۆڤ بەرەو کۆتایی دەچێ.

تێۆدلینا ناوی ئەو چوار سوارۆیەی لە پیرەسیمورغ بیستبوو، دەیزانی کە دەبێ خۆی لە تورەیی ئەو چوار سوارۆیە بپارێزێ. ئافرەتە جەنگاوەرەکە هاتەوە نێو خێوەتەکە و بەرێزەوە گوتی: جەنگاوەران ئامادەی ڕۆشتنن و ئەسپی تێۆدلیناش زین کراوە.

- کەواتە فەرمون بەڕێ کەوین.

هەموویان چونە دەرەوە، هەزار جەنگاوەر بە کوڕ و کچەوە هەمان جلکی تێۆدلینایان پۆشیبوو، ئالای نیوە خۆر بەسەر ئەسپەکانەوە دەشەکایەوە، بەرەو سەرزەمینی ڕۆژاوا دەچون. دوو ئەسپ یەکیان ڕەش و ئەویتر سپی هێنرانە پێشەوە، ئەسپە سپیەکە درایە تێۆدلینا و ئەویتریش بۆ ئافدوور، هەوساری ولاخەکانیان بەدەستەوە گرت، سوار بون. ئافدوور بەردەوام چاوی لەسەر تێۆدلینا بوو، دەیویست لەدواییں جاریشدا رازی بکا بە پاشگەزبونەوە: ڕەسەنی مرۆڤ ئەوە ناهێنێ، خۆتی بۆ بکەیتە قوربانی و نارەحەتییان بۆ بکێشیت، ئەوانە شایانی خۆشەویستی تۆ نین، هەر کات بێئومێد بویت و پێویستت بەهاوکاری

بوو، بەرەو سەرزەمینەکانی رۆژاوا و گوندەکانیان پێهەڵگرە، ئیتر من بێ یان جەنگاوەرەکانی دیکە بێ، دەماندۆزییەوە.

تیۆدلینا پێشتر ناوی ئاڤدووری زۆر بیستبوو، ئەو یەکێ بوو لە جەنگاوەرە ناودارەکانی رۆژە یەکەمینەکانی شەڕی نێوان رەسەنە نایابەکان و لەشکری ئیڤڵۆرد، لە شێوەی رادەما و هەستیدەکرد کە سۆز و خۆشەویستیەکی زۆری لەدڵدا بۆ هەڵگرتوە، لە سیمایدا دیاربوو جەنگاوەرێ چاونەترس و بەتوانایە، بەڵام لە کاتێکدا یەکتریان ناسی کە هەردوکیان رووبەڕووی دۆخ و چارەنوسی ناهەمواری خۆیان دەبونەوە، ئەوەی لەبەرچاو بوو کە ئاڤدوور وەک فریادرەسێ لەدەست شەڕکەرانی بندنیای قوتار کرد، بۆیە بە زەردەخەنەوە لێی چووە پێشەوە: قسەکانت لەبیر ناکەم، خۆم بە قەرزاری تۆ دەزانم، هەمیشە خاوەن ماڵ بن.

ئۆراش هاتە پێشەوە: لەسەرزەمینی رۆژاوا تەواو بوم، ئیدی بەرەو سەرزەمینەکانی ناوەراست و سەرزەمینی میرغەزەب دێم، بەڵام پێناچێ هیچت بۆ من پێبکرێ، چونکە رەنگە چارەنوسی منیش وەک هاوڕێکانم بێ، بەزیندویی لەنێو شارەکان بە پاساوی جادوگەری بمانسوتێنن.

تیۆدلینا پەلەی رۆشتنی بوو، دەیویست پێش ئەوەی شەڕکەرانی ئیڤڵۆرد بەرەو سەرزەمینەکانی ناوەراست و سەرزەمینی میرغەزەب

بڕۆن، وەپێشیان کەوێ: سەرکەوتن بۆ هەموو لایەکتان، کێ نالێت یەکتری نابینینەوە، هێڤیدارم قسەی ئۆرا وا نەبێ.

سەری ئەسپی سوڕاند و پێلەقەیەکی لە بن سکی دا و لە گۆڕەپانەکە بەرەو چیاکە چوو، دەنگی دەیان شەیپور بەرەو ئاسمان بەرزبۆوە، ئاڤدوور لە پێشەوە لەگەڵ هەزار سوارۆ و ئۆرا بەرەو سەرزەمینەکانی رۆژاوا کەوتنە جوڵە، وردە وردە هەردوکیان لە یەکتری جیابونەوە، نیۆدلینا وەک ڕەشەبا بەرەو سەرزەمینە ترسناکەکان ئەوانی جێهێشت.

# لە قەڵای هەڤسار

ئیدی تیۆدلینا ناچار بوو بەتەنیا ملی ڕێگەیەکی هات و نەهات بگرێتەبەر، دەبو پشت بەخۆی ببەستێ و شوێن پێی شەڕکەرانی لەشکری ئیڤڵۆرد هەڵبگرێ، ئەو هەستی بە بارگرانییەکی دەرونی گەورە دەکرد، ئاخر بەهۆی ئەوەوە ئێلندیا بەدوی کەوت و چارەنوسی لەنێو پڵپڵەی زنجیری شەڕخوازاندا گیرسایەوە، بێئارامی دەیخواردەوە و وێنەی دەستوپێ بەندکراوی دادای لەبەرچاو نەدەسڕایەوە. باڵی بە ئەسپە سپییەکەی دەگرت، شوێن پێیەکانیان لە خاکەکەدا دەرچوبو، بەلایەوە سەیر بوو کە ئەو لەشکرە لەهیچ شوێنێ، بارگەی حەوانەی دانەخستوە و سوتوی ئاگرێکیان گەرمی بەهیچ بەردێ نەبەخشیوە، بەڵام دڵنیابوو لەگەڵ ئێلندیادا زۆرێ لە دیلەکانی سەرزەمینی باتیف و سەرزەمینی باکور بەڕێخراون بەرەو سەرزەمینی مرۆڤ، ڕەنگە ئێستاش لەوێ تێپەڕبوبن بەرەو سەرزەمینەکانی ناوەراست و خاکی میرغەزەبیان ببەن. لەشکری ئیڤڵۆرد توانایەکی ئەفسوناویان هەبوو، خێراتر دەڕۆشتن بەجۆرێ هەرچەند تیۆدلینا چاوی بۆ ئاسەوارێ گچکەش دەگێڕا نەیدەدۆزییەوە. ئەو سەرزەمینی باتیفی تێپەڕاند، دیمەنەکانی موچڕکەی بەگیانیدا دێنا، خاکێ بوو ڕەشەبای مەرگ

لەگەڵ خۆیدا دروێنەی کردبوو، هەر داروبەردێکی حیکایەتی سالانێکی لە شەڕ و وێرانکاری دەگێڕاوە، ئەوێ قوربانی دەورانێک بوو لە تاریکی هەموو کوچە و قوژبنێکی دڕندەیی سەردەمێکی وەڕوودەخست، گوزارشتی لەوە دەکرد کە رەنگە گەورەترین جەنگ و ململانێ لەوێدا ڕوویدابێ و شەڕکەرانی میرغەزەب ڕاست و چەپیان بەسەر هەموو زیندوویەکدا هێنابێ. هێشتا هەندێ جێگەی ئاسەواری شەڕی پێش چەند ڕۆژ و هەفتەی پێوە دیاربوو، لێرە و لەوێ دوکەڵێکی کەوەیی لە بن داروپەردوی ماڵە داڕوخاوەکانەوە دەردەچو و لەسەرخۆ بەرەو ئاسمان هەڵدەفڕین، پێوەی دیاربوو کە دەستە دەستە شەڕکەران لەو سەرزەمینەدا بڵاوەیان پێکراوە، بەوجۆرە خەڵکی ئەوێ لەترسی ژیان و گوزەرانی خۆیان لەگەڵ بەشێ لە جەنگاوەرەکانیان بەرەو دارستانەکان هەڵاتبون و لەوێ پەلکی درەختەکان شاردبونیەوە، بەڵام ئەو کارەیان ڕۆژێک و دوو ڕۆژ نەبوو، برسێتی تەنگی پێهەڵچنیبون، هەتا توانییان بەروبومی درەختەکانیان خوارد، دواتر کەوتنە وێزەی باڵندە و ئاژەڵەکان، ئەوانەش دادی نەدان و داینەمرکاندنەوە، دواجار ئەوەی مەترسی لێدەکرا ڕوویەڕووی بونەوە، لیکیان بۆ گۆشتی یەکتری ڕژا و چوونە پێستی ئەو ئاژەڵە دڕندانەوە کە پێش ماوەیەک ڕاویان دەکردن، لەنێو دارستانەکاندا ژینگەیەک پەیدابوو، دۆست لە دوژمن

جودا نەدەکراوە، هەمو کەسێ لە بۆسەدا بوو بۆ ئەویدیکە.

ئەم وێنە تاڵ و ڕووخێنەرە، زنجیرەیەکی درێژ بوو لەو سەرگوزەشتە زیندووانەی ڕەسەنی مرۆڤ، بە بەرچاوی تیۆدلینادا دەگوزەران، تەزوبەکی ترس دەیلەرزاند و هوشیاربۆوە، چاوەکانی زیاتر کردەوە، تەواوی ئەندامانی جەستەی خستبووە هۆشداربیەوە، شوێنەکەی کە پێیدا تێدەپەڕی، دەڤەرێ ئاسان نەبوو، سەرزەمینی شەپکەر و تاڵانچی و دز و جەردە و بکوژ و برسی بوو، چەندێکیش ئاوڕی لەو خاکە دەداوە، دڵشکاوی فرمێسکی هەڵ ادەدایە سەر گۆناکانی، تا ئەو ساتەوەختە شتێک و ئاکارێکی لە ڕەسەنی مرۆڤ نەدیتبوو، جێی گەشبینی و دڵخۆشی ئەو بێت، هەرچییەکی بینی وڕە ڕووخێنەر بوو، کەسێ نەبوو لەو ڕەسەنە مەشخەڵێ لە دەرونیدا هەڵبکا. هەست و بیرکردنەوەکانی بەرامبەر ڕەسەنی مرۆڤ ڕوو لە ئاڵۆزی بوو، ئەو بەردەوام لەگەڵ چیرۆک و حیکایەتەکاندا بەیاوەری ئەوان گەورە ببوو، تەواوی خەون و ئارەزوەکانی هەمیشە مرۆڤێ شان بەشانی ئەو ڕێی تەی دەکرد، ئەوەی تا ئێستا بینیویەتی خەیاڵێکی نەزۆکە و لەو خەونە خۆشانەی بێدار دەکاتەوە، وردە وردە شەپۆلە گەرم و گوڕەکان و ئارەزوو و تینوێتیەکانی بۆ بینینی مرۆڤ، لەدڵیدا خەفە دەبن، تەنیا تروسکاییەکی کەم ماوە، کە جاروبار وەک بروسکەیەک لە نێو

هەورەکانەوە سەری دەردێنێ و بەزوویی بزر دەبێ.

بەهار وردە وردە ئەو دەڤەرەی جێدەهێشت و گژوگیاش رووی لە زەردی دەکرد، ئەوان لەوێدا پاکشابون و بەرزی گیا و هەرێزەکان حەشاری دابون، بەجۆرێ ئاسان نەبوو لەلایەن رێبوارانەوە ببینرێن. تیۆدلینا کە دوای جیابونەوە لە ئاڤدوور لاڕێیەکی گرتبووەبەر تا دووربێ لە چاوی رەسەنی مرۆڤ، پاشان پێگەورە ئاگاداری کردەوە کە خۆی بپارێزێ لە بینینی دووگیانەکان، ئیدی چاوەڕێی کرد و دواتر کە دڵنیا بوو، ملی ڕێی گرتەبەر، بەڵام چارەنوسی وا هاتەوە کە تەنیا چەند هەنگاوێ لە ئەلڤین و هاوەڵەکانیەوە دوور بێ. لەسەر پشتی ئەسپە لاوازەکەی بەنێو دارستانەکەدا تێپەڕی. بەهۆی بەرزی گیاکەوە، نە ئەم هەستی بەوان کرد و نە ئەوانیش بەهۆی ماندوێتی و خەولێکەوتنیانەوە ئاگایان لەم بوو، بەڵام چەند هەنگاوێکی نا و ئەسپەکەی وەستا، تیۆدلیناش ئاوڕی دایەوە بۆ بن پیرەدارەکان، وەک ئەوەی هەستی بە بونی شتێک لەوێدا کردبێ، هەستێکی نامۆ گرتی، بەدەست خۆی نەبوو هێزێک هەبوو لەوێدا ڕایدەکێشا و نەیدەهێڵا ڕێی خۆی بگرێتەبەر، چەند جارێ هەوساری ئەسپەکەی توند گرت کە رووی وەرگێڕێ، بەڵام نەیتوانی و بۆ چەند چرکەیەک سەرنجی ئەوێی دا، دواتر خۆی ڕاپسکاند و بەرەو دوورتر چوو، سەرباری ئەوەی هەستی بە قورساییەکی زۆر دەکرد، کە

نیشتبوەسەر جەستەی، بۆیە لەسەرخۆ لەنزیکیانەوە تێپەڕی.

ئەلفین خەونێکی قوڵ یەخسیری کردبوو، گیانی هەڵفڕی و بەرزبۆوە، ئافرەتێکی جوان و سەرنجڕاکێشی لەجلکی جەنگاوەریدا بینی، لەسەرخۆ هەنگاوی دەنا، شەرواڵ و کراسێکی گۆشتیی تۆخی پۆشیبو، چارشێوێکی بەگوڵ نەخشێنراوی دابوو بەسەردا و پرچێکی ڕەشی دەیجوریبیانە لەژێریدا پەخش ببوو، چاوی سەوز لەنێو ڕوخسارێکی شەبەنگیانەی ئەفسوناویدا دەدرەوشاوە، ئارام ئارام هەنگاوی دەنا و کەوشەکانی تەڕ دەبون کاتێ دەکەوتنە باوەشی ئاونگاوی گژوگیاکەوە، ڕووەو ئەسپێکی سپی لەنێو دارستانەکەدا هەنگاوی نا، ئەلفین لەخەونەکەیدا لەبن درەختێکدا وەستابوو، بەوردی سەرنجی دەدا، سەرسام ببوو لە شۆخ و شەنگی ئەو ئافرەتە نەناسراوە، هەناسەی توند دەبوو، دڵی بەپەلە لێیدەدا، دەمارەکانی گرژ ببون، هەستیدەکرد کە جەستەی بەرەو گەرمبونێکی زیاد لەرادە دەچێ. چاوەڕێی دەکرد شۆخەکە سواری ئەسپەکە بێ و بزانێ بەرەو کوێ دەڕوات. ئەسپەکە کەوتە جوڵە و دواتر لەجێی خۆیدا وەستا، شۆخە سوارۆکە ئاوڕی دایەوە بۆ ئەلفین، دەمارەکانی وەختەبوو دەتەقین و هەموو گیانی نیشتە سەر ئارەقە، دەیویست وشەیەک لە زاری بێنێتە دەرێ، بەڵام هیچ یەکێ لە پیتەکان ڕێی خۆیان لە ڕستەیەکدا نەدۆزییەوە، لەسەرخۆ

شۆخە سوارۆکە دوور کەوتەوە، ئەڤین دەستەکانی بەرزکردەوە وەک ئەوەی بیەوێ هاوار بکات، کە نەڕوات، بەڵام دەنگی خنکابوو، ئەویش لە پشتی دارەکانەوە بزر بوو. دەستیکرد بە ڕاکردن بەدوایدا، لەناکاو لەجێی خۆی بەدەم هاوارکردنەوە ڕاپەڕی. هاوەڵەکانی لەتاو شڵەژاوی ئەڤین بێداربونەوە و بەپەلە هەستانەسەر پێ و تەماشای دەوروبەریان کرد، بڕوایان وابوو کە دوژمن ڕەنگە دەورەی دابن. لە ئەڤینیان پرسی چی ڕوویداوە، چاویان بەملاو بەولادا گێڕا، هیچیان بەدی نەکرد، ئارام بونەوە، سەیری ئەڤینیان کرد هەناسەبڕکێ و ڕەنگ پەڕیو لەجێی خۆیدا چەقبەستو، تاقێن بە حەپەساوییەوە ڕووی لێکرد: بۆچی وا هەناسەت توند بوە و لە شەڵاڵی ئارەقەدایت؟

ئەو هێشتا لەژێر کاریگەری خەوەکەیدا بوو، لەدارستانەکە وردبۆوە، سەری سوڕما بوو، ئەوێ هەمان ئەو دارستانەیە کە خەونی پێوە بینیوە، نەیدەزانی بەچ شێوەیەک وەڵام بداتەوە، ساویلک ئاوڕی دایەوە و بەزەردەخەنەوە پێیگوت: ئەوە چیتە خۆ هەورەبروسکەت بەرنەکەوتوە، ئەها..ئەوە کەم کەم بەرەو شێتی دەچێ و وەک من دەبێتە هۆزانڤان.

قسەکانی چ کاردانەوەیەکی نەبوو، کەس وەڵامی نەداوە، هاوەڵەکانی نیگەران بون، تەنیا لەدەوری دانیشتن و تەماشایان دەکرد، هامۆندەقوت

شەقاوێ هاتە پێشەوە و ئەلفینی بڵند کردەوە: ئەلفین چی ڕوویداوە، پێمان بڵێ؟

سەری قورس ببوو، خۆی لەسەر پێ ڕانەدەگرت: خەون...خەونێکی زۆر سەیرم بینی.

ساویلک پێکەنی: خەون...خەون! ئێ باشە تۆ تەنیا بە شەو خەو دەبینی، بەڵام من بە ڕۆژیش دەیبینم..

تافێن خەوی زڕابوو: دە وس بە ئەمانە چ قسەیەکن دەیانکەیت..تکایە واز بێنە..یانی چییە خەونی دیبێ، ئەوە شتێکە هەمومان دەگرێتەوە و خەون دەبینین، یەک لە یەکی ناخۆشتر و ترسناکترە، ئێستاش هیچ نەبوە...بەپەلە بگەڕێنەوە سەر جێی خۆتان و بخەون، چونکە بەڕاستی خەوم دێ و ژانەسەر بێتاقەتی کردوم، چی وای نەماوە لە برسان و لە تینوان بمرم.

ئەلفین لێیان ورد دەبۆوە، چاوەکانی زەق کردەوە و بەسەرسوڕمانەوە پێیگوتن: خەونی چی و ترسناکی چی؟ نا..نا.. دەبێ هەر ئێستا بەڕێ بکەوین، دەی زووبن، خێرا هەستنەوە.

تافێن شڵەژا و بەحەپەساوییەوە تەماشای ئەلفین کرد: ئەوە چ دەڵێیت، بۆ کوێ بڕۆین؟ نابینی هەموی چاوتروکانێکە پشومان داوە، هیلاک و ماندوین، توانای ڕێگەبڕینمان نییە.

ئەڵقین بەدەست خۆی نەبوو، ئاگای لە ماندوبون و برسێتی نەمابوو، هەر مکوور بوو لەسەر رای خۆی و دووپاتیکردەوە: نا. هەردەبێ ئێستا بڕۆین..خێراکەن زوو پێ هەڵگرن.

لەروخساری دیاربوو گاڵتە ناکات، دەستیکرد بەهەنگاونان، ناچاربون بەپەلە کەلوپەلەکانیان کۆبکەنەوە، شوێن ئەڵقین بکەون، کە ئەویش بەشوێن ئەو هەنگاوانەدا دەگەڕا، لە خەونەکەیدا شۆخە سوارۆکە هەڵیگرتبوو، هەمان ئاراستەی ئەسپ سواری خەونەکەی گرتەبەر، هاوەڵەکانیشی قاچەکانیان خێراتر خستەگەڕ.

تێۆدلینا لەسەرخۆ دەرۆشت بەڵام دڵەکوتە گرتبوی، جاروبار ئاوڕێکی بۆ دواوە دەداوە، وەک ئەوەی تارماییەک جێ پێی هەڵبگرێ. لە پڕدا هەستیکرد دەنگی خشپە و شکاندنی ئەو لقەدارانە دێتە گوێی، کە هەنگاوە خێراکان بەسەریاندا دەڕۆن، ئەسپەکەی ئارامی ڕووی تێکرد، وەستا و خێرا خۆی سوڕاندەوە و بەوردی سەرنجی دارستانەکەی پشتەوەی دا، بەڵام هیچ شتێکی بەرچاو نەکەوت. دڵخۆشی خۆی بەوە داوە کە ترس زاڵبووە بەسەریدا و گوێی خەیاڵ دروست دەکا. تاوێ ڕۆشت بەڵام هەمان ئەو دەنگانە بەرگوێی کەوتنەوە، ئەسپەکەی تەواو بێئارام بوو، چوار پەلی بەزەویدا دەدا، ئەمیش بەتوندی هەوسارەکەی گرت و باوەشی بە ملیدا کرد تا فڕێی نەداتە خوارێ، لەسەرخۆش

دەستی بە شان و ملیدا دێنا تا هێزربێتەوە، ئەسپەکەی چەموشتر دەبوو، خەریک بوو رەشمەکەی لەدەست بەربێتەوە، نەیدەزانی چی بکات، چاوەڕێی کرد تا بزانێ ئەو شتانە چین لەدەوری دەسوڕێنەوە و ئەسپەکەی بێتارام دەکەن. دڵنیابوو لەوەی سەرزەمینەکانی رەسەنی مرۆڤ لە سەرزەمینەکانی باکور ترسناکترە و هەموو جۆرە گیانلەبەر و شەرکەرێکی ئیفڵۆرد و درندەی تێدا دەسوڕێتەوە، ئەوێ جێیەکی وەحشەتناک بوو، کوشتن و لەناوبردن تەنیا زمانێ بوو بونەوەرەکانی ئەوێ پێی ئاشنا بون. ئەسپەکە بە ئاشکرا پێوەی دیاربوو کە دەترسا، تێڕدلینا بەهەموو هێزیەوە لەگەڵیدا هەوڵی دەدا بەرەو پێشەوەی بەرێ، بەڵام لەجێی خۆیدا مانی گرتبوو نەدەجوڵا، لەپڕ هەرایەک لەنێو درەختەکانەوە بەرز بۆوە، ئیدی وەڕوو کەوتن کە حەوت پیاو و سێ ئافرەتی ددان کرمێی جلوبەرگ شڕ و درِاو هێرشیان هێنا، نینۆکە درێژەکانیان ڕەش هەڵگەڕابون، چاویان سور دەچۆوە، ئەو پەلاماردەرانە رەسەنی مرۆڤ بون، برسێتی ناچاری کردبون خۆیان لەنێو درەختەکاندا مەڵاس بدەن، کاتێ ئەسپەکەیان دیتبوو، لیک بەلادەمیاندا چۆڕاوگەی بەستبوو، واشیان رادەبینی خواردنی ئەسپەکە برسێتی چەند رۆژێکیان لەبیر دەباتەوە. تێڕدلینا هێشتا لە سەرنجدانی دەوروبەری خۆیدابوو، کە بەردێکی گەورە بەر سەری

کەوت، دارستانەکە لەبەرچاوی ڕەش بوو، هەموو جەستەی سست و خاو بۆوە، لەهۆش خۆی چوو. دەستی لە هەوسارەکە شل بوو، کەوتە خوارەوە بۆ سەر سەوزەگیاکە، ئەسپەکەش لەترسان هەڵات و دوورکەوتەوە. دە کەسەکە گوێیان نەدایە تیۆدلینا، بەهەڵەداوان شوێن ئەسپەکە کەوتن و لەگشت لایەکەوە ڕێگەکانیان لێگرت. ژمارەیان زۆر بوو لەماوەیەکی کەمدا گەمارۆی ئەسپەکەیان دا و بەدار و شمشێر و خەنجەری ژەنگگرتوەوە کەوتنە سەر و پۆتەڵاکی و دایان بەعەردا، بەگاز و خەنجەر گیانیان پارچە پارچە کرد، دواتر بە کاڵیی کەوتنە خواردنی گۆشتەکەی. خواردنی ئەسپەکە سەرقاڵی کردبون، ئاگایان لە تیۆدلینای لەهۆشچو نەبوو، چونکە گەر تێریان نەکا، ئەوا بەرەو ونجڕکردنی جەستەی ئەویش دەگەڕێنەوە. وردە وردە چاوی کردەوە، بەڵام هێشتا هەر سەری قورس بوو، دیمەنەکانی دەوروبەری بە تەڵخی دەبینی، تەنیا تارمایی پێنج کەسی دیکەی هاتە پێشچاو، کە نیشتبونە سەر لاشەی ئەسپەکە. تیۆدلینا چاوەکانی ڕوونبونەوە، بینی ئەسپەکەی هەر پارچەی بەدەستی یەکێکەوەیە، زەندەقی چوو بەپەلە لەجێی خۆی ڕاپەڕی و تەماشای ئەملاوئەولای کرد، وێستی بەزووترین کات ئەو شوێنە بەجێ بێڵێ، چاوی بۆ بوخچەکەی گێڕا کە بۆنی خۆشی گوڵ و هەنگوینی لەدوور را دەهات، دیاربوو زۆر لێیەوە دوور

نەبوو، بە ئەسپایی بەرەو لای کشا تا هەڵیگرێتەوە و لەوێ نەمێنێ. لەو ئارامیەدا پێنج لە ئەسپخۆرەکان لە پڕ سەریان سوڕاند و تێڕدلینایان بینی، چاویان هێندەیتر سور هەڵگەڕا و دەستیان لەنێو جەستەی ئەسپەکە هێنایە دەرێ، بۆ ئەوەی بە هەڵدڕینی جەستەی ئەمیشدا بگەن. تێڕدلینا لەو سەیرکردنانە تێگەیشت کە نابێ وەخت بەفیڕۆ بدا، خۆی گورج کردەوە و هەڵات. گۆشتخۆرەکان ئەو کاتە وەبیریان هاتەوە کە نێچیرێکیان لەدەستچوە، خواردنی رۆژێتر لە بەردەمیان دەرپەڕی، بەوپەڕی هێز و توانایانەوە دەستیان لەگۆشتی ئەسپەکە هەڵگرت و شوێنی کەوتن. بەهەناسەبڕکێ لەنێو دارولقە درەختەکاندا گوزەری دەکرد، جلکەکانی لە چڵەکان گیر دەبون و بەشێ زۆری درا، جاروبار بە پەلە ئاوپی دەداوە بۆ دواوە و بەگوڕ و تینێکی گەورەترەوە بازی دەدا و هەڵدەهات، بەڵام دواجار پێی هەڵکەوت و کەوتە نێو گۆماوێکی پیسەوە، هەموو جەستەی لەنێو قوڕ و لیتەدا نغرۆ بوو، زوو تاویدایە خۆی و لە گۆمەکە هاتە دەرەوە و غاری دا، لە پشت سەریەوە دەنگ و هاواری گۆشتخۆرەکان سات بەسات لێی نزیک دەبۆوە و ترسەکەش لەدڵی تێڕدلینا گەورەتر دەبوو، کاتێ بەخۆی زانی پازدە کەس لە دەوروبەری دەسوڕێنەوە، چ چارەیەکی نەما لەجێی خۆی وەستا و شمشێری لە کێڵان هێنایە دەرێ و بڕیاریدا بەهیچ شێوەیەک خۆی

رادەستیان نەکا.

دەنگ و هاواری گوشتخۆرەکان بەجۆرێ بوو، سەدای دەگەیشتە لای ئەلفین و هاوەڵەکانی، کە لەو گوزەرە نزیک ببونەوە، ئیدی دڵنیابون کە هەڕەشەیەک لەوێدا هەیە، ئەوان پێشینەیەکیان لە مامەڵەی ئەو درندانە هەیە و دەزانن چەندە بێبەزەیین، بۆیە ئەلفین زوو پێی هەڵگرت بەرەو ئاراستەی دەنگە دەنگەکان، نزیکبۆوە لەنێو لقی دارەکانەوە کچێکی شمشێر بەدەستی بینی، هەموو گیانی لە قوپاودا دەچۆڕا و لە ئامادەباشیدا بوو بۆ ڕووبەڕووبونەوەی پازدە مرۆڤی درندە.

تافێن و ساویلک و هامۆند و نۆردمەن بەپەلە بەدویدا هاتن و بێدەنگ لە پشت تاشەبەردێ خۆیان حەشاردا و تەماشای دیمەنەکەیان دەکرد، ئەلفین ئاوڕی لێدانەوە و بەچپە پێیگوتن: بێدەنگ بن، بزانین لەم نیوەشەوە لەنێو ئەم دارستانە چ دەقەومێ؟

تافێن تورە بوو: ئێوە چین؟ خەڵک لەم بەڵا و کارەساتانە هەڵدێ و خۆی دەپارێزێ، ئێوەش وەک شێت بەغاردان بۆی دەچن!

چاویان بەتەماشاکردنەوە گیرۆدە بوو، دوان لە درندەکان بە شمشێرە ژەنگگرتوەکانیانەوە هێرشیان بۆ تیۆدلینا برد، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بە پەڕۆشی و تامەزرۆیی بۆ بینینی ڕەسەنی مرۆڤ، سەرزەمینە دوورەکانی باکوری جێهێشتبوو، ئەمێستا ناچارە بەرگری لەخۆی بکا

و بەرەو ڕووی ئەو ڕەسەنە بوەستێتەوە کە ئەم گەشتە دوورەی خستە ڕێیەوە. هەنگاوێ چوە دواوە و پاشان شمشێرەکەی بەرزکردەوە و دایهێنایەوە بە ئاسۆیی بەرەو نێوقەدی هەردوکیان و فڕێیدانە سەرزەوییەکە و خەڵتانی خوێنی کردن.. ئەوانیتر لەدوو هاوەڵەکەیان وردبونەوە و تەماشای یەکتریان کرد، هەموو پێکەوە کەوتنە نەڕە نەڕ و نەعرەتە لێدان، تیۆدلینا هەستیکرد بەهیچ کلۆجێ ناتوانێ لە لێدانی ئەو هەموو شمشێرە قوتار بێ. ئەڤین ئارام ئارام تەماشای دەکرد، ئیدی زانی کە دوای چاوتروکانێ و هەناسەیەک کوشتارگەیەک لەوێدا هەڵدەستێ، ئەگەر بێتوو بەهانای ئەو ئافرەتەوە نەچن، دەستیدایە دارێکی کوتەکئاسا و بەرەو دارستانەکە غاری دا و کەوتە وێزەی سێزدە دڕندەکە، بەجۆرێ شڵەژان کەس ئاگای لە تیۆدلینا نەما، خستیە پشتی خۆیەوە، هامۆند بەپەلە بەدویدا هات و هاواریکرد: ئەی هاوار چیتکرد وا لەناکاو گەرم بویت.

نۆردمەنیش گەیشتە گۆڕەپان و فریای هاوەڵەکەی کەوت، بەزنجیرەکەی دەستی دروێنەی گیانی دڕندەکانی کرد. تیۆدلینا سەرسام ببوو، نە لە خەون و نە لە خەیاڵیشدا فریادرەسی بەو چەشنەی بەدی نەکردبو، چونکە ئەوانەی بەهانایەوە هاتن لە ڕەسەنی مرۆڤ بون و بەرگرییان لە ژیانی کەسانێکی لێقەوماو دەکرد، کە هێزەکانی تاریکی ژیانیان

خستبوە مەترسییەوە، تەنانەت ئەوەی زیاتر سەراسیمەی کردبوو، وەک شورایەک بەدەوریدا وەستابون تا هیچ گورزێکی بەرنەکەوێ. دواتر هامۆند و ئۆرام و ساویلک و تاڤێن بەرەو ڕووی مرۆڤخۆرەکان بونەوە، ژمارەیان زیادی کرد و بووە دەرفەتێ بۆ تێۆدلینا بەشمشێرەکەی سیانی دیکەیان بکوژێ، لەو نێوەدا تەنیا پێنج لە درندەکان مابونەوە، چاریان نەبوو هەڵاتن نەبێ، بۆیە بەهەڵەداوان دوورکەوتنەوە. تیۆدلینا چەندێ لەو ڕووداو و کارەساتانەی یەخەی دەگرتن دڵتەنگ بوو، بەهۆی ئەوەی سەبەبکارەکانی ڕەسەنی مرۆڤ بون، هێندەش خۆشحاڵ بوو کە فریادرەسەکانی هەر خودی ڕەسەنی مرۆڤن. ئیدی ئەوە مۆمێکی ئومێدی لەدەروندا هەڵگیرساند، چونکە هەرچەندێ بیری لە دەستدانی ئێلندیا دەکردەوە، لە بەرامبەر ئەو ڕەسەنەدا دۆش دادەما و چ متمانەیەک لەدڵیدا نەدەما، تەماشای دەکردن و نەیدەزانی ئاخۆ ئێستا متمانەیان پێبکا یان نا، نەیدەزانی ئەو فریادرەسە نوێیانە بەتەمای چین و چی وایلێکردون بەهانایەوە بێن. وەستابوو چاوەڕێ بوو یەکێکیان پرسیاری لێبکا، ئەڤین ڕووی بۆ وەرگێڕا کە سەراپای لە قوڕ و لیتە گیرابوو، بەڵام هەستێ لەدەرونەوە بەزەینیدا دەچپاند کە ئەوەی لەخەونیدا بینیویەتی گەڵێ لێیەوە نزیکە، بە شڵەژاوی تەماشای ڕاست و چەپی خۆی کرد، کەچی ئەو شۆخە نازدارەی بەسەر ئەسپێکی سپییەوە

سەرنجی دەدا نەیدەدیت، دووداڤییەکی سەیر گرتبوی بەرادەیەک رەفتار و ئاکاری بوە جێی سەرسوڕمانی هاوەڵەکانی، بەوردی چاودێرییان دەکرد، دەروونێکی ئاڵۆز و شێواو، بەملاو بەولادا چاوی دەگێڕا، هاوەڵەکانی سەیری یەکتریان کرد، کەسان لێکدانەوەیەکی بۆ ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانەی ئەلڤین نەدەدۆزییەوە. بەڵام ئەوە هەر هاوەڵەکانی نەبون وا بە سەرسوڕمانەوە لێی بڕوانن، بەڵکو سەرنجی تیۆدلیناشی راکێشابوو، روخسارێکی نامۆ نەبوو بەلایەوە، چەشنی تارماییەک لەنێو دارستانەکەدا دەهاتەوە پێشچاوی، لێی نزیکبۆوە و بەوردی چاوی خستەسەر ئەلڤین، باڵا بڵندێکی قژ و برۆ رەشی رومەت سپی، کاتێ لێی ورد دەبۆوە، لەناکاو قسەکانی پێگەورە لە مێشکیدا زرینگانەوە: دڵنیابە..چاوڕەشی خۆت دەدۆزیتەوە.

تەماشای دەکرد و لەدڵی خۆیدا دەیگوت( نا..نابێ شتی وا مەحاڵە رووبدات...قسەی پێگەورە هەرگیز پەیوەندی بەم کوڕەوە نییە، کە هەڵسوکەوتی بە کەسێکی ئاسایی ناچێ، تەماشا چەند ئاڵۆز و شێواوە، دواتر ئەمە لە رەسەنی مرۆڤە و هیچ پەیوەستییەکی بە رەسەنە نایابەکانەوە نییە). لەگەڵ ئەو دڵنەواییدانەوەیەی خۆشیدا نەیدەتوانی چاوی لەسەر لابدات، گەرچی پووی وەردەگێڕا بەڵام دووبارە نیگای دەنیشتەوە سەر ئەو.

ئەڤین بیری لە خەونەکەی دەکردەوە، ئەو دەنگێ لە مێشکیدا دەیچرپاند کە کچی خەونەکەی لێیەوە نزیکە. تاڤێن لە تیۆدلینای ڕوانی، ترسی لە ڕوخساریدا دەخوێندەوە، لەسەرخۆ چووە لای و دەستی خستەسەر شانی: نیگەران مەبە، ئێمە ئازار بەکەس ناگەیەنین، ئێمە لەسەرزەمینەکانی ڕۆژهەڵاتین، بەناچاری ملی ڕێگامان گرتۆتەبەر و بۆ پاراستنی ژیانمان بەرەو سەرزەمینەکانی میرغەزەب دەچین.

تیۆدلینا بەوردی لەتاڤێنی ڕوانی، کە ڕوخساری تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕەسەنی نایاب و سەرنجراکێشەکان دەچوو، ئەو هێندە بێمتمانەیی لە ڕەسەنی مرۆڤ دیتبوو، بەگومانەوە قسەکەی تاڤێنی وەرگرت، بەباشی زانی کە تەنیا سەرێکی بۆ بابدا و لەجێی خۆی کپ بێت. تاڤێن ئۆقرەی نەگرت و درێژەی بە قسەکانیدا: ئەم دارستانە جێگەی مەترسییە، لەبەرئەوە دەبێ لەگەڵماندا پێ هەڵبگری و بەزووترین کات ئێرە بەجێ بێڵێن، لێرە بمێنینەوە درێندەی زیاتر ڕووبەڕوومان دەبنەوە، تەنیا دوو شەو و ڕۆژێکمان ماوە بگەینە شاری میرغەزەب، وا بزانم تۆش دەتەوێ بەرەو ئەوێ بچیت، وانییە؟

تیۆدلینا بێدەنگ بوو، چاوەڕێی ڕووداو و کارەساتی دیکەی دەکرد، تاڤێن بۆ ئەوەی دڵنیابێ دووبارە دەستی بە قسان کردەوە: لەگەڵمان وەرە، پارێزراو دەبیت، مەترسە وەک پێمگوتیت ئێمە ئاوارەکانی

سەرزەمینی رۆژهەڵاتین، لە سنوری گورگە برسییەکان بەهۆی شەڕ و شۆڕەوە، ناچارکراین سەرزەمینی خۆمان بەجێ بێڵین.

نۆردمەن و هامۆند و نۆرام لەدەوری ئەلفین جەم بون، دەیانویست لەو دۆخە نائاساییەی بێننە دەرەوە. ساویلک نزیکی تافێن و تیۆدلینا بۆوە بە زەردەخەنەوە لەوی پوانی: وا بزانم ناوی تریشقەیە، ئەوە نییە یەکێکی شێت کردوە و خۆشی شەرمەزاریی دەیخواتەوە و قسەی پێناکرێ.

لە قسەکانی نەگەیشت، پێشنیارەی زاری بکاتەوە بۆ پەیڤێکی دیکە، تافێن دەستوبردی کرد: برۆ وازبێنە..بزانە ئەلفین وەک تۆ شێت نەبووە؟!

تیۆدلینا تەماشای هەردوکیانی کرد و لەدڵی خۆیدا گوتی( ئەلفین.. دیارە شێت بوە، بەڵام ناوێکی خۆشە، وامدەزانی ناویان گورگ و مار و دووپشکی زەرد و سور و ڕەشە). بیری هاتەوە کە لە رۆژەکانی دەسپێکدا، کاتێ توانای قسەکردنیان کرایەوە، ئەو ناوانەیان لەسەر یەکدی دادەنا، ئێستا هەزاران ساڵ بەسەر ئەو دەورانەدا تێپەڕیوە، لەدڵی خۆیدا دووبارەی دەکردەوە( ئەلفین..ئەمە ناوی کوڕە چاوڕەشەکەیە).

شمشێرەکەی کردەوە بە کێڵاندا، ئارامی و ئاسودەیی باڵی بەسەردا

کێشایەوە، ئەو پێشتر جوڵەی نائاسایی خەڵکێکی لە سەرزەمینەکانی رۆژهەڵات بینیبوو، لەسەرخۆ بەزمانێ کە جیاواز لە زمانی ڕەسەنە نایابەکان بە تاقێنی گوت: ئەوە بۆچی وای بەسەرهاتوە؟

تاقێن ئاوڕی دایەوە، دڵنیا نەبوو کە تیۆدلینا پرسیاری لێبکا: ئەڵقین.. مەبەستت ئەڵقینە، وازبێنە ئەوە هەمومانی شێت کردوە، دەڵێ خەونێکی سەیرم بینیوە، بەڵام پێیناگوتوین خەونەکەی چییە، ئیدی هەمومانی لەخەو هەستان و بەشێواوی و شپرزەیی بەرەو نێو دارستانەکە غارمان دا، لەوێ تۆمان دۆزییەوە.

تیۆدلینا چاوەکانی درەوشانەوە و سەرسام بوو، ئەڵقین هەر بەدەوروبەری خۆیدا دەسوڕاوە و چاوی دەگێڕا، هیچی نەبینییەوە، بەبێزارییەوە گوتی: خێراکەن پێیەڵگرن بابڕۆین.

بەپەلە بەرێ کەوتن، تیۆدلینا بوخچەکەی بە کۆڵیدا دا و تاقێنیش بەشوێنیدا. سەرلەبەیانی بێتەوەی هیچ کەس قسە لەگەڵ ئەویتر بکا، گەیشتنە سەرزەمینێکی وشک و کەم داروبار، لە بەرامبەریاندا چیاکان بەرز هەڵکشابون، دار قەزوانەکان بەسەر ڕوخساریاندا شینی دەنواند، بەڵام هیچ گوڵ و گوڵزارێک لەو نێوەندەدا نەبوو، نە مێشە هەنگەکان و نە پەپوسلێمانکە پەڕ ڕەنگاورەنگەکان، پێدەچو بە سەرگەردانیش ڕوویان نەکەوتبێتە ئەو سەرزەمینە، لەدوورەوە لە

چیاکان قەلەڕەشەکان دەهاتن و دەنیشتنەوە، ئیدی دیار بوو ئەوە سنووری شاری گەورە شەڕکار(میرغەزەب)ـە. برسێتی و تینوێتی شەکەتی کردبون، هەرچەندە ئەوێ خاکێ نەبوو تێیدا پشوو بدەن، چونکە دەبوو چاوەروانی هەموو ناگەهانی و مەترسییەکیان کردبا، ئەڵقین ئامازەی بۆ ئەشکەوتێ کرد کە بەپەلە خۆیان بگەیەننە ئەوێ، مەگەر لەوێ بتوانن قاچەکانیان وا لێبکەن توانای ڕێ بڕینێکی دیکە بگرێ. تێۆدلینا لەدوور ئەوانەوە پاڵی بە دیواری ئەشکەوتەکەوە دا و یەکسەر خەوی لێکەوت. ئەڵقین و هاوەڵەکانی لەتاو ماندوێتی زێڕ چاویان ڕەش هەڵگەڕابوو، برسێتی و تینوێتی لێوەکانی وشک کردبون، ئاگایان لەخۆیان نەما و بەدرێژایی ئەو ڕۆژە وەک بێهۆش لەنێو ئەشکەوتەکەدا شل بون و کەوتن.

دەمە و ئێوارە خۆر پرتەقاڵی دەنواند و لەپشت چیاکانەوە ئاوا دەبوو، ئەمانیش تێرخەو بەڵام برسی و تینو. تێۆدلینا پێش هەموویان بێدار ببێوە و چوبوە نێو قوڵایی ئەشکەوتەکەوە، دوو چین خوارتر ڕۆشت، ئەو گوێی لە کەوتنە خوارەوەی دڵۆپی ئاو بوو، شوێن دەنگەکە کەوت تا بتوانێ قوڕ ولیتەی سەر ڕوخسار و سەرو پرچی لێبکاتەوە، بەڵام ئاوەکە هێندە نەبوو، بۆی دەرکەوت چینی زێڕەوەی ئەشکەوتەکە بەهۆی کەوتنە خوارەوەی دڵۆپە ئاوەکان کە هەزاران ساڵی بەسەردا

تێپەڕیبوو دروستبووە. تێۆدلینا پێشوەخت گۆزەیەکی بچکۆلەی لەبن دڵۆپە ئاوەکە دانا تا هاوەڵەکانی لەتینوان نەمرن، خۆشی تینوێتی شکاند. کاتێ پڕ بوو بردییەوە بۆ لایان و لەسەر تاتە بەردێ داینا، کە هەریەکێکیان لەخەو بێداربوونەوە بیبینن. تێر خەون بون و هەستانەوە، بە سەرسوڕمانەوە لە گۆزە ئاویان ڕوانی و نەیاندەزانی کێ بۆی هێناون، بەگومانەوە تەماشای تێۆدلینایان کرد، ئەویش دەستەکانی خۆی گوشی و پەنجەکانی لەیەکدی ئاڵاند، بەدەنگێ تێکەڵ بە شەرمەوە پێیگوتن: بخۆنەوە...جێی مەترسی نییە.

ساویلک زۆر پەرێشان بوو، بەپەلە هەستایەسەرپێ و پێش هەمویان دەستی بۆ گۆزە ئاوەکە برد، تاڤێن بەپەلە هاواری لێکرد: ڕاوەستە... ئەوە چی دەکەی.

ئەلڤین دۆخی لەهەمویان نامەموارتر بوو، پێیگوت: وازی لێبێنە. تاڤێن چاوی لە ساویلک زەقکردەوە، وەک هەڕەشەدانێ: زۆر نەخۆیتەوە، با بەشی هەمومان بکا.

ئەوجا لێوەکانی تەڕ کرد و کەمێکی خواردەوە، ئەلڤین دوایەمین کەس بوو دەمی نا بە گۆزەکەوە، ئەم ئاکارەی جێی سەرنج و تێڕوانینی تێۆدلینا بوو، ئیدی بۆی دەرکەوت کە هەرگیز شێتێک هێندە لەخۆبردویی تێدا نیە، بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ هاوەڵەکانی بکا.

ئاوەکە تەنیا بۆیان بەس نەبوو، هەرچەندە لە شاری میرغەزەب نزیک ببونەوە، بەڵام برسێتی هەنگاوەکانی خاو کردبونەوە، جاروبار سەریان هەڵدەبڕی بەرەو ئاسمان، قەلەڕەشەکان بەسەریاندا دەسوڕانەوە چاوەڕێیان دەکرد لە کوێدا پەکیان کەوێ و بنیشنە سەر لاشەیان و هەنجڕ هەنجڕیان کەن. تیۆدلینا گەلێ لەو دیمەنە دەترسا و هەنگاوەکانی خێراتر تاو دەدا، دەستیبرد بۆ بوخچەکەی و یەکێ لە شوشە کریستاڵیەکانی دەرهێنا، کە کەمێک هەنگوینی تێدا مابوو، بەرەو لای ئەلڤین چوو، شان بەشانی ئەو ڕێی کرد و شوشەکەی دایە دەستی، ئەلڤین بە سەرسوڕمانەوە لە شوشەکەی ڕوانی و ڕووی تێکرد، برسێتی هۆشی لەدەستدابوو، بێئەوەی ئارەزو بکا دەستی بۆ درێژ کرد و بەر پەنجەکانی تیۆدلینا کەوت، چەشنی بروسکەیەک مەشخەڵێ لە دڵ و مێشکیدا هەڵبوو، هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی وەک کەسێ تازە ژیانی بە بەردا هاتبێتەوە، چاوەکانی لێکنا و دەیان وێنەی کچی خەونەکەی بە بەردەمیدا ڕەت دەبوو...تیۆدلیناش موچڕکەیەک هەموو جەستەی لەرزاند و لە یەک چرکەدا خۆی لەنێو دارستانەکەدا بینییەوە، تەواوی ئەو وێنانە بە پەلە گەڕانەوە نێو دیدەیان، کاتێ ساویلک بەدەنگێ بەرز لەنێوانیاندا هاواریکرد: ها..تریشقە...ئەوە چییە..ئەمجارە چیمان دەدەیتێ؟

تیۆدلینا بەپەلە دوو سێ شەقاو لە ئەڵفین دوورکەوتەوە، وەک ئەوەی ترسابێ شوشەی دووەمی دەرهێنا و دایە دەست ساویلک و بەزەردەخەنەیەکی دروستکراوەوە گوتی: لەنێو دارستانەکەدا دۆزیمەوە، ئەمجۆرە خواردنانە لە مردن پزگارمان دەکەن.

ساویلک نەیدەزانی سەری شوشەکە بکاتەوە، تیۆدلینا لەدەستی وەرگرت و بۆی کردەوە، بەسەرسوڕمانەوە پێیگوت: ها تریشقە ئەم شتانە چۆن دەزانی؟

پەنجەیەکی بەناو هەنگوینەکەدا کرد و بردی بۆ دەمی: ئای کە خۆشە، ئەمە یەکەمجارە شتی وا تام بکەم، پێم بڵێ ئەمە چییە؟

تیۆدلینا پێی خۆش نەبوو بە (تریشقە) ناوی ببرێ، بەڵام ناچاریش بوو گوێی نەداتێ، بۆیە بە ساردییەوە وەڵامی دایەوە: نازانم...لەنێو دارستانەکە دۆزیمەوە.

ئەڵفین لەتیۆدلینا رادەما سەرسام دەبوو، ئەو لەهیچ کچێتر نەدەچوو، بەدرێژایی ژیانی زۆر کچی دیتبوو، بەڵام نە ڕەوت و ڕۆشتنی، نە قسەکردنی، نە مامەڵە و ڕەفتاری، نە سەیرکردنی...هەموو شتێکی جیاواز بوو، ئەوەشی زیاتر پەشێوی دەکرد، ڕووخساری بوو، لەدڵی خۆیدا گوتی ( ئەو لەکوێی بوو ئەم هەموو جوانیە، ئەم چاوە سەوزانە گەڵێ سیحراوین و دەبریسکێنەوە، ئەم ڕووخسارە لە ڕەسەنی مرۆڤ

ناچێ).

شوشه هەنگوینەکەی دایە دەست تاقێن و خۆشی بەرەو تیۆدلینا ڕۆشت، هەرچەند لێی نزیک دەبۆوە، ئەو دوورتر دەکەوتەوە، ترس و شەرم ئاوێتەی یەکتر ببون، لە ئەشکەوت چونە دەرەوە، لەپڕ ئەلڤین پێیگوت: بوەستە.

تیۆدلینا نەیدەزانی چی بکا، سەیری زەوییەکەی دەکرد، نەیدەویست ڕووبەڕوو تەماشای بکا، ئەوە گومانێ زۆری لەدڵی ئەلڤیندا دروستکرد، بەڕاستی دەیخواست بەتەواوی ڕوخساری ببینێ، لێکچونێکی تێدا دەبینی لەگەڵ شۆخی خەونەکەی، زۆر نزیکبۆوە: ناوت چییە و خەڵکی کوێیت...خانم؟

ئەو وا چوبوە مێشکیەوە کە نابێ ڕەسەنی مرۆڤ ئاگاداری پلان و نەخشەکانی ئەو بن، کەمێ دوودڵ بوو: ناوم تیۆدلینایە، خەڵکی گوندێکی زۆر بچکۆلەی دوورەدەستم، وەک گوندەکانی ئێوە کەوتینە بەر پەلاماری شەڕ و وێرانکاری.

لەگەڵ ئەوەشدا کە قسەی دەکرد، ڕووی بۆ ئەلڤین وەرنەگێڕا، بەڵام ئەو وازی نەهێنا و پرسیاری دیکە لە زەینیدا دروست دەبوو: ناوێکی زۆر سەیرت هەیە، زۆر چیرۆکی بەرئاگردانم بیستوە، لە ڕۆژە بەفر و شەختەکاندا باسی چەندین باڵندەی ئەفسوناوی و شنەبای سەرزەمینە

دوورەکان کراوە، بەڵام لەهیچ یەکێ لەو سەرگوزەشتانە ناوی لەو جۆرەم نەبیستوە.

تێۆدلینا پەشۆکا و لەدڵی خۆیدا گوتی( نا ئەوە شێت نییە، زۆر دەزانێ، دەبێ وریابم ئەگینا هەموو پاستییەکم ئاشکرا دەکا، ئێستا من کەی کاتی ئەوەمە) بەپەلە وەڵامیدایەوە: ئێ چی تێدایە...ئەوا ئێستا بیستت، رەنگە ناوەکەم ناخۆش بێت..بەڵام چیبکەم ئیتر ئەمە ناوی منە.

زەردەخەنەیەکی کەم روخساری ئەلفینی گەشکردەوە، تێۆدلینا لە ژێرەوە تەماشایکرد(نا شێت نییە، زۆر دەزانێ...زەردەخەنەیەکی شیرینی هەیە..رەسەنی مرۆڤ ئەمەشی تێدایە، بەڵام ئەی هاوار چۆن توش بوم..بۆچی واز ناهێنێ..گوناهی ئەو نیە، ئەو نازانێ چی لەناخمدا هەیە و لەکوێ هاتوم و چیم بەسەردا هاتوە..نازانێ لەپێناوی رەسەنی مرۆڤدا لەدایک و باوک و هاوڕەسەنەکانم دابڕاوم، داداشم لەکیس چوو، وای بەو کاتەی هەست بکا. ئاخۆ چیم پێ بڵێ گەر دایک و باوکم ئاگاداری شتێکی وابن، چی دەقەومێ؟)

ئەلفین دەستبەرداری نەبوو، لەسەر زەردەخەنەکەی بەردەوام بوو: نا.. ناوت خۆشە، مەبەستم بوو بڵێم تا ئێستا ناوێکی وەک ئەو ناوەی تۆم نەبیستوە، بەڵام پێم بڵێ پێشنیارەی بتدۆزینەوە ئەسپێکی سپیت پێ

نەبوو؟

تیۆدلینا سەرسام بوو( کلیلی سەرزەمینی سروش و غەیبی پێیە، ئەگینا ئەو لەکوێوە دەزانێ من بەسەر ئەسپێکی سپییەوە بووم یان ڕەش، بەڵام من کاتێ ئەوانم بینی ئەسپەکەم لەژێر چنگی درندەکاندا بوو، دواتر شەڕ لەگەڵ من دەستی پێکرد، ئەوان ئەسپی منیان نەبینیوە، چۆن ئەوە دەزانێ). بەهەڵبزڕکاوییەوە وەڵامیدایەوە: نا.. نا..ئەسپم نەبووە..هەر بەپێ ڕێگەکانم بڕیوە.

ئەلڤین لەو وەڵامە نائومێد بوو، دووبارە تەماشای تیۆدلینای کردەوە، بەڵام هێشتا گومان لە مێشکی دەسوڕا. تیۆدلینا لەنیازی پرسیارەکان نەدەگەیشت: بۆچی ئەو پرسیارانەم لێدەکەیت؟

ئەلڤین دووبارە بەوردی لێیڕاما و دوای چەند چرکەیەک بیدەنگی وەڵامیدایەوە: هیچ نەبوو هەروا ویستم قسەیەک بکەم.

گەڕایەوە لای هاوڕێکانی کە هەندێ هەنگوینیان بۆ هێلانەوە، بە سەرسوڕمانەوە لە شوشە کریستاڵییەکانیان دەڕوانی، تام و چێژێکی تایبەتییان لە هەنگوینەکە وەرگرت، تاڤێن هێندە شوشەکانی لا جوان بوو، دووبارە تەماشای کردنەوە و بەزەردەخەنەیەکەوە خستنیە نێو بوخچەکەی خۆیەوە. هێز و حەوسەڵەیان بۆ گەڕایەوە، هەستیانکرد لەشار نزیکبونەتەوە و پێویست ناکات چیدیکە کات بەفیڕۆ بدەن،

ئەڵقین پێیگوتن: باشترە بەردەوام بینەوە لە رێکردنەکەمان، گەر بەدرێژایی ئەمشەو پشو نەدەین، رەنگە بەرەبەیان بگەینە شاری میرغەزەب.

بەڕێ کەوتن بەڵام تەنیا دەنگی هەنگاوەکانی ئەوان لەو ڕێیەدا نەبوو، پێشئەوەی دنیا بە یەکجارەکی بەرەو تاریکبون بچێ، کەسانێ زۆر بە پیادە و سوار بەرەو شاری میرغەزەب دەچون. ماوەیەکیان بڕی لەناکاو عەردەهەژێنێ ترسناک و ڕەشەبایەکی بەهێز بە تەپ و تۆزێ خەستەوە لە پێشیان هەڵیکرد، هەمویانی تۆقاند. ئەوان هەرگیز دەنگ و هاژەی بومەلەرزەیان نەبیستبوو، بێجگە لە تیۆدلینا کە ئەو دەمەی لەنێو جەنگاوەرانی ئاڤدوور چەند ساتێکی بەسەربردبوو، ڕووداوێکی لەو چەشنەی بینیبوو. نەوەستان و هەنگاوەکانیان خێراتر کرد، تیۆدلینا لەگەڵ خەڵکی ئاوارە و لێقەوماوی سەرزەمینەکان تێکەڵ بوو، لەبەرەبەیاندا گەیشتنە نزیک ئاستانەی شارە گەورەکەی میرغەزەب. ئەوێ لە دەشتێکی پان و بەرین و کەم درەخت و سەوزاییدا بونیاتنرابوو، لێرەو لەوێ چیا و بەرزایی ئاساییی بەرەو ئاسمان هەڵچوو بون. ئەوانە لە هەندێ شوێندا درێژ دەبونەوە و تاشەبەردیان دەنەخشاند، لەدوورەوە هەروەک درەختێکی گەڵاچڕ خۆیان دەنواند. هەستیان بە ڕاچڵەکینێ گەورە کرد بە دیمەنی چەندین ماری خەوتوو

لە بن سێبەری تاشەبەردەکاندا خۆیان پەپکە دابوو، ئیدی لەسەرخۆ هەنگاویان دەنا تا بێداریان نەکەنەوە. دەروازەی شار دوو دەرگای گەورەی ئاسنینی ڕەش و قورس بون، کۆمەڵە نەخشێکی نائاسایی لەسەر کرابوو، گیانلەبەرێ بون نەدیتراو و بێوێنە. دەرگاکە دەکراوە و دادەخرا، لەژێر چاودێرییەکی توندی پاسەوانەکاندا بون کە بەسەر قوللەکانیشدا ڕیز ببون، لەنێوانیاندا دیواری پان و بەرین، بە بەردی سوری گەورە داڕێژرابون. ئەوە تەنیا دەروازەیەک نەبوو، لە باشوری شار دەروازەیەکی دیکە هەبوو ڕووەو سەرزەمینە دوورەکانی باشور و سەرزەمینە نەناسراوەکانی ئیڤڵۆرد، کە بۆ کەسانی تایبەت و دەستنیشانکراو بوو بەوێدا تێپەڕن و بێنە ژورەوە. بەڵام ئەم دەروازەیە بە بەردەوامی کراوەبوو، ئەوان چێژیان لە هەوای ژاراوی سەرزەمینە دوورەکانی ئیڤڵۆرد وەردەگرت و دەیانویست بەردەوام لەکوچە و کۆڵان و دەمارەکانیاندا بسوڕێتەوە. لەبەردەمی هەردو دەروازەکەدا، جوتێک پەیکەری ئافرەت دانرابوو، شۆخوشەنگ و سەرنجڕاکێش بەڵام تاجێکیان لەسەر نابون، نارێک لە ئێسک و پروسکی ئاژەڵان دروستکرابون، ڕەنگی بەردەکانیان ڕەش بە جۆرێ تراشرابون کە هێمای خواوەندە شەڕەنگێزەکانیان بوو. لە دەروازەی باکور تێپەڕین و ئاپۆرایەکی بێ سەروبەر لەوێدا بەیەکدا دەهاتن و دەچون، دیار بوو کە

ئامادەسازییەکی باش بەڕێخرابوو بۆ شەڕێکی گەورەتر لە شەڕەکانی سالانی رابردوو، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستیان بە شەڕکەرێکی زۆرتر هەبوو. گەیشتنە ناوەندی شار، لەوێ قەرەباڵغییەک لەبەردەم بینایەکدا دروست ببوو، ئاوارە و لێقەوماوان لەوێ دەبوو خۆیان بناسێنن. لەنێو ڕیزی شەڕکەرانی میرغەزەبدا کەسێ لەسەر مێزێکی گەورە وەستابوو پڕ بە قوڕگی هاواری دەکرد:

میرغەزەب گەورەی هەموو گەورەکان، تۆڵەی ئێوەی ئاوارە و لێقەوماو لەوانە دەکاتەوە کە بەڵا و کارەساتی بەسەر سەرزەمینەکانتاندا هێناوە...وەرن..وەرن بۆ ڕیزەکانی میرغەزەبی گەورە تا پارێزراو بن، تا بەڕێز و بەهاتر و پڕ خواردنتر بن...ئەوە بزانن تەنیا لە ڕیزەکانی لەشکری گەورە و بەهێزی میرغەزەب شکۆتان بۆ دەگەڕێتەوە...لەوێ بایەخ بەژیانی شەڕکەران دەدرێ و بەهێز و دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتو دەبن، لە لەشکری میرغەزەب دەبن بە کەسێ خۆشەویست لای میرغەزەبی گەورەی هەموو گەورەکان.

بەدوای ئەودا دوو کەسیتر لە نزیکیەوە، هاوارەکەیان لەدەم وەردەگرتەوە و فویان پێدا دەکرد.

ئەو شارە لە چەندین گەڕەک پێکهاتبوو، بەچاوپێداخشاندنێکی خێرا ئاستی دەسەڵات و کۆمەڵایەتی خەڵکی ئەو کۆڵانانە ڕوون دەبۆوە،

کامیان هەژار و کەمدەرەتانن، کامیشیان ساماندار و کیسە پڕن. ئەڵقین و هاوەڵەکانی ئاراستەی ڕۆشتنیان ڕوو لە گەڕەکە هەژارەکان بوو، کە دەکەوتە بەشی باکوری شارەکەوە، لەوێ بازاڕێ زۆر گەورە و بێسەروبەر هەبوو، تێیدا کڕین و فرۆشتن بەهەموو شتێک دەکرا، هەر لە منداڵەوە تا دەگاتە کچ و ژن، لەوێشەوە بۆ ڕەشەوڵاخ و ئامێرەکانی جەنگ لە تیر و خەنجەر بێجگە لە خواردن و خواردنەوە و شوێنی تایبەتی کەیف و سەفا و بەزم و ڕەزمی ڕابواردن و کاتبردنەسەر، گۆڕەپانی زۆرانبازی و گەمەکردن لەسەر زێڕ و ئافرەت. بەشی باشوری شارەکە شوێنی سەرەکی دەسەڵاتداریێتی ئیمپراتۆریاکەی میرغەزەب بوو، بەسەدان تەلار و خانوی گەورە لە نزیکی یەکترییەوە بونیاتنرابون، دیوارەکانیان بەرز و قایم، دەرگاکانیان یەکپارچە ئاسنێکی ڕەنگ ڕەش، ئامازەگەلێ بون کە کەسانی دەستڕۆیشتوو لەچوار دیواری ئەو ماڵانەدان و هەر ئەوانیشن ئیمپراتۆریاکەی میرغەزەب هەڵدەسوڕێنن، پاسەوانێ زۆر لەبەردەم دەرگای هەریەکەیاندا ڕەپ وەستابون، نێوچەوانیان سێبەری کردبوو، بۆیە بەهیچ بیانویەک کەسانی گەڕەکە هەژارەکان بۆیان نەبوو بەو کۆڵانانەدا تێپەڕن. گەڕەکەکانی باشور بێجگە لە بنەماڵەی میرغەزەب، کۆمەڵێ کەسی تێدا نیشتەجێ ببون، کە دەستوپێوەندی میر بون، ناسراوترینی ئەوانە هەفسار بوو، ڕاوێژکار و دڵسۆزی بێ

ئەملاوئەولای میر، بەجۆرێ جێی متمانە بوو کە میر هەندێ کاری بە کچەکەی هەڤسار رادەسپارد، کە شۆخ و شەنگێکی نازدار بوو بەناوی»سایە» لە جوانی و سەرنجراکێشیدا لەو سەرزەمینە دەنگی دابۆوە، تەمەنی لە چەند بەهارێ بازی نەدابوو، بەڵام پێشکەشی میرغەزەبی کردبوو. هەڤساری گەورە باوەڕپێکراوی میر زۆر بەوردی و نهێنی پیلانەکانی جێبەجێ دەکرد، یەکێ لە کارە نهێنیەکانیشی دەستنیشانکردنی کچە جوانەکان بوو بۆ شەوە سورەکانی میرغەزەب، بۆیە زۆرجار هەڤسار خەیاڵ دەیبردەوە، کە ئاخۆ ڕ کاتێ نیگای برسی میرغەزەب بکەوێتە سەر خوانی جەستەی کچەکەی، لەبەرئەوە هەموو کات ئەو خوانەی بە یەکێکیتر دەڕازاندەوە. بەشی زۆڤەڵاتی شار شوێنی دابینکردن و دروستکردنی پێداویستیەکانی ئیمپراتۆریای میر بوو، لەوێڕا شمشێر و خەنجەر و نێزە و سپەر و کڵاوی ئاسنین لەنێو کورە ئاگرەکاندا خۆشدەکران، جلوبەرگی جەنگاوەران بەپێی پلە دەدوران و ڕێکدەخران، لەرووی ڕەنگیشەوە ڕەش و خاکەسەری و سور و جەرگییەکی تێر بەسەریاندا زاڵ بوو، هێندەی سەرە دەزوویەک ڕەنگەکانی سەوز و زەرد و شین و سپی تێدا نەدەبینران. لە بەشی زۆڤاوای شاریش بنکە وبارەگای نشینگەی هێزەکانی میرغەزەب بون، چەندین قەڵا بونیاد نرابوو، لەوێ کۆڵەگەکانی دەسەڵاتی میر بەسەر

ئیمپراتۆریادا چەسپاون. زۆرجار لەنێو شاردا بە چپە دەگوترا کە حەشارگەی نهێنی لەبن زەوی و قەڵاکانی رۆژاوادا دروستکراون و تا بەشی باشور و کۆشکەکانی میرغەزەب درێژبونەتەوە، کەسیش بەچاوی خۆی ئەو ڕازانەی نەدیتبوو بەڵام دەماودەم دەگوازرانەوە، خاوەنێکی ناسراویان نەبوو، کێ دەیوێرا بە ئاشکرا ئەو قسانە بدرکێنێ، ئاخر گوێچکەکانی میرغەزەب لە تەواوی سەرزەمینەکانی ئیمپراتۆرەکەیدا بڵاوبوو، ئەوان دەیانزانی مردن و کوشتنێک لەلایەن میرەوە بێت، بەدڵنیاییەوە مەرگێکی ئاسان نییە.

ناوەندی شار گۆڕەپانێ بەرین بوو، لە چەقەکەیدا پەرستگایەک لەشێوەی تەلارێکی رازاوەدا بەرزکرابۆوە، دەوروبەری کۆمەڵێ پەیکەری قەوارە جیاواز دانرابون، سەریان بۆ ئاسمان هەڵبڕیبوو، ڕوخسارەکانیان تۆڕە و نێوچەوانیان گرژ و مۆن، ترسی دەخستە دڵی هەر کەسێکەوە کە لەناکاو چاوی بە ڕوویاندا دەتەقی. دیاربوو ئەوانە وەک خواوەندەکان ناوزەد کرابون و قوربانیشیان لەپێناودا دەدرا. ڕێبوارە تازەکان کە دەهاتنە نێو ئەم شارەوە، هەموو دیمەن و شتێکیان دەبینی، تەنیا ئەو جێیانە نەبێ کە کتێبیان تێدایە. لەنزیکی پەرستگاکە دەیان کەسی داربەدەست وەستابون، لەگەڵ دەیان قەمە و تیلا و قامچی و تەور، ئیدی ڕووندەبۆوە کە لەوێدا خەڵکێکی

نەخوازراو هەڵدەواسن و ئەشکەنجەیان دەدەن یان لەناویان دەبەن، یاخود دەیانکەنە قوربانی بۆ خواوەندەکان. خەونێک کە دانیشتوانی هەموو گەڕەک و سەرزەمینەکانی سەر بە ئیمپراتۆریایی کۆدەکردەوە، ئارەزوی گەیشتن بەدەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی بەهەر بەهایەک بووە. گرنگ نەبوو بە چ شێوازێ پێی دەگەن بۆیە لە تەنگانە و ناکاودا کەس دەستی یارمەتی و کۆمەکی بۆ کەسیتر درێژ نەدەکرد، ئەو رۆژانەی کەسێ دەکەوتە نەهاتیەوە، دەبوو بە ژێر پێیان و راست نەدەکرایەوە، لەوێ ئیرەیی چاوی کوێر کردبون، ئەوی ناوی زەینڕووناک و ویژدان بوو، بەڵایانەوە نامۆ بوو، تەنیا دەرونێکی تاریکیان شک دەبرد، رق و کینەی پێ هەڵدەڕشتن، بۆیە هەموو رەنگێکی جوانیی لەنێو ئەو تاریکستانەدا رەنگ و بۆی خۆی لەدەست دەدا.

ئەڵقین و هاوەڵەکانی لەو گەڕانە کورتەدا، توشی پەشێوییەکی زۆر هاتن، نەیاندەزانی چی بکەن و لەکوێدا بگیرسێنەوە، لە گەڕەکە هەژارنشین و بێدەرامەتەکانەوە دەستیان پێکرد و بە سەرسامییەوە لێیان دەڕوانین، ئاپۆرایەکی زۆر لەنێو قوڕ و چڵپاوی گەڕەکەندا دەهاتن و دەچون، هەرگیز دیمەنی بە شار نەدەچو، بۆیە بەردەوام لەبەرخۆیانەوە دووبارەیان دەکردەوە: ئەمەیە شار!.

ئەوان بەدرێژایی تەمەنیان لە گوندەکانی خۆیان نەهاتبونە دەرەوە، لە

ژینگەیەکی سادە و ئاسان، هەموو کەس یەکتری دەناسی و چەشنی یەک خێزان بون، نە هەرا و هۆریا نە ئەو تێکەڵ و پێکەڵیەی ئێستا دەیبینن، گوێیان بەدەنگی شنەبا و ئاوازی باڵندەکان راهاتبوو، بۆ ئەوان بزربونی ئەو دەنگانە جێی سەرسوڕمان بوو. تێۆدلینا لەهەموان زیاتر پەشێوتر دەردەکەوت، ئەو شاری بەپاستییەکی پڕ کارەسات دەزانی، ترس و دڵەڕاوکێ جەستەی تەنیبۆوە، خەڵکی بەشێوەیەکی شەپرێو دەبینی، چ ئومێدێ لە چاویاندا نەدەبریسکانەوە، هەرچەندێ لێیدەڕوانین لەخۆی دەپرسی (کوا ئەو مرۆڤە ناخ جوان و سەرنجڕاکێشانەی نێو چیرۆک و سەرگوزەشتەکان؟ کوا ئەو رەسەنە پاکەی شەش سەرزەمینەکانی پاشای نور؟) سەری دەسوڕاند و لەهەموو حیکایەتێ کەوتبوە گومان، تەنانەت لەوەش ئومێد بڕاو بوو، کە لەو شوێنە پڕ نەهامەتیەدا دادای بدۆزێتەوە، چاوی گێڕا و بەشوێن تروسکاییەکدا وێڵ بوو، نیگای کەوتە سەر ئەلفین(هەر هیچ نەبێ باش بوو ئەمانەشم ناسی، منیان لە مەرگێکی مسۆگەر دەرباز کرد، بێئەوەی بمناسن، دەیانتوانی بڕۆن و ژیانیان لەبەر خاتری کەسێکی نەناسراو لەو دۆخە تاریکە نەخەنە مەترسییەوە، ئەوێ شەوێ لەنێو دارستان بون، کەس ئاگاداری ئەوان نەبوو، دەیانتوانی ئاراستەی رێگە بگۆڕن، بەڵام وایان نەکرد..ئاخۆ بۆچی گەڕابنەوە؟ خۆ رەسەنی مرۆڤ لەو سیفەتانە بەدوورن...ئەوە

نیە لێرە شوێن پەیکەر و دەسەڵات کەوتون و دەپەرستن..راستی و سەرەتای خۆیان لێ ون بوە...دەستیان بە دەزویەکی باریکیش نەگەیشتوە...هەرچەند تەماشای ئەلفین و هاوەڵەکانی دەکەم توشی سەرسامی دەبم، هەستێکی نامۆ دەمگرێ، لێی تێناگەم، نازانم ئەمانە چیان لەو رەسەنە جیاوازە تا ئێستا بینیومن؟!)

زیاتر لە ئەلفین وردبۆوە ( دەبێ چاوەرێ بم بزانم ئەمانە بەتەمای چین، ئاخر هەر هیچ نەبێ لەگەڵیان دەبم تا ئەو دەمەی هەواڵێ لەبارەی دادامەوە دەبیستم، رەنگە لەگەڵ ئەمانیشدا زیاتر پارێزراو بم). ئەلفین و هاوەڵەکانی بۆ ماوەیەک بەو گوزەرەدا سوڕانەوە، بەڵام چ رێگەچارەیەکیان نەبینییەوە بێجگە لەوەی کە خۆیان بدەنە دەست قەدەرێکی نوێ، رووەو خانەی وەرگرتن هەنگاویان نا، کە پەیوەندی بکەن و بەشدار بن لەپرۆسەی شەڕکەرانی میرغەزەب. ئەوە پوختەی دەرەنجامی سوڕانەوە و بیرکردنەوەکەیان بوو، کە تەنیا بەو شێوەیە دەتوانن جێی حەوانەوە دابین بکەن و تێر خواردن بن، هەم رێگەیەکیش بوو کە لێیەوە سۆراغی هەواڵێکی ئیقای حەوت بەهار و هادریانی هاوژینی نۆردمەن بکەن، ئەلفین ئاوڕی دایەوە: با بچینە بنکەی وەرگرتنەکە، ئەوەی خەڵک رووی لێدەکەن.

نۆردمەنی گەرموگوڕتر بوو بەپەلە گوتی: هەروا دەکەین و بۆ ئەمەش

هاتوین.

ساویلک بەپێکەنین و خۆشحاڵییەوە: بەڕاستی خۆشە..دەبینە جەنگاوەر..ها جەنگاوەر.

تیۆدلینا ئەو بریارەی لاسەیر بوو، دوێنێ شەو تاقێن تەواوی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی بۆ گێڕابۆوە، کە ئەلفین و هاوەڵەکانی چ مەینەتیەکیان بەڕێکردوە. ئەلفین پێش هەمویان کەوت، لە گوزەرەکەدا هەر کەسە و بۆ خۆی چ بە پیادە یان بە گالیسکە و سوارۆ بە ئۆلاق و ئەسپە لاغرەکان، بە یەکدا دەهاتن و دەچون. گوزەرەکە گەلێ قەرەباڵغ بوو، لە ساتەوەختێکی سەیردا تیۆدلینا وا هەستیکرد کە ئەوان پێیانخۆش نییە لەگەڵیان بێ، لەجێی خۆی چەقی و نەبزوت، بەتایبەتی کەس داوای لێنەکرد بەدویاندا بڕوات، ترس و ئالۆزییەکی زۆر جەستەی داگیر کرد و سەری بەلای ڕاست و چەپدا دەسوڕاند، دڵی پڕ ببوو( ئێستا من چی بکەم و بۆ کوێ بڕۆم؟ لەوە دەچێ ئەمانەش چ جیاوازییەکیان لەگەڵ ئەو مرۆڤانەدا نەبێ کە پێشتر بینیومن، چۆن جێیان هێشتم و دامیانە دەست گرێکوێرەی شارێکی غەریب..دیارە هەر لەسەرەتاوە بەهەڵەدا چوبوم..) قسەکەی تەواو نەکرد، ئەلفین لەتەنیشتیەوە وەستا و بەشێواوییەوە سەری بۆ لای سوڕاند، هاوەڵەکانیشی بەدوایدا هاتن و وەک ئەلفین تەماشای تیۆدلینایان کرد، تاقێن لەنێوانیاندا هاتە

گۆ: بڵێن چی لێبکەین؟!

ئەڤین بەتورەییەوە: مانای چییە ئەو قسەیە، خۆ ناکرێ لێرەدا دەستبەرداری بین..هیچ کەس بەجێ ناهێڵین..تێگەیشتن..لەگەڵمان دێ و لەگەڵمان دەبێ.

بەشپرزەییەوە تەماشای تێۆدلینای کرد: تێۆدلینا بۆچی وەستاویت، پێ هەڵگرە، لەگەڵمان بە.

تێۆدلینا سوڕاوە و هەستی بە ئاسودەییەکی گەورە کرد، لەژێرەوە زەردەخەنەیەک گرتی و تەماشای ئەڤینی کردەوە و لەدڵی خۆیدا کەوتەوە گفتوگۆ ( خراپ لێتان تێگەیشتوم، هێشتا بە باشی شارەزای سروشت و ئاکاریان نیم..بەڵام خۆ داوا ناکات بەڵکو فەرمان دەدات کە پێ هەڵگرم، نەتدی چی گوت پێ هەڵگرە لەگەڵم دێیت). بەڵام هەر زوو خۆی وەڵامی خۆی دایەوە: (ئێ تۆش زۆر سەیر و سەمەرەیت..بەتەمای چیت؟! خانم خۆ کەس نازانێ تۆ چیت..ئەوان نازانن من پاشازادەم و شەوان لەسەر تەختی پەڕی سیمورغ و ڤینکیس دەخەوتم، خواردنم گوڵ و هەنگوین، دادات لێرە نییە تا نازت بکێشێت...ئەم کەسانەی رەسەنی مرۆڤ ئاگاداری سەرزەمینی رەسەنە نایابەکان و باکوربییەکان نین، ئەمانە سەرگەردانن، هێشتا نازانن چ رێگەیەک بگرنەبەر).

لێیان نزیکبۆوە تا لەنێو ئاپۆرەکەدا هاتنە دەرێ بەرەو گۆڕەپانەکە،

کە خەڵکێ بە ڕیز وەستابون، کابرای دەنگ گەورە لە سەروبیانەوە هاواری دەکرد: میرغەزەبی گەورەی هەموو گەورەکان دەتانپارێزێ.. ئەو شەڕ بۆ هەژار و نەدارەکان دەکات تا خاک و زەویتان لەبندەستی داگیرکاران دەربێنێ..وەرنە ڕیزەکانی جەنگاوەران..لێرە ئایندەی گەشی سەرزەمینەکان فەراهەم دەبێ.

ئەلفین لە ڕیزەکەدا وەستا و ئەوانیش بەدویدا قەتارەیان بەست، مێزێکی چەپەڵ، پیاوێکی قژ و ردێن سپی درێژ لە پشتیەوە دانیشتبوو، بەسالاچو تورە و بێ حەوسەڵە، یەکسەر نەڕاندی: ها..خەڵکی کوێن و چەند کەسن؟

ئەلفین چاوەڕێی ئاکار و مامەڵەیەکی باشتر بوو بەدڵگرانییەوە وەڵامیدایەوە: خەڵکی سەروکانین..حەوت کەسین.

سەری هەڵبڕی و دەستی هێنا بەڕیشیدا: سەرۆکانی...سەرۆکانی..ئەم لەعنەتیە لەکوێیە؟

دارێکی بەدەستەوە بوو، تفێکی کردە سەر زەوییەکە و دارەکەی دایە دەست یەکێ لە شەڕکەرەکان و پێیگوت: ئەمانە دوایەمین دەستەن.. بیانبەن بۆ قەڵای جەنگاوەرانی هەڤساری گەورە.

ئاکار و قسەکانی ئەو کابرایە، ئەلفین و هاوەڵەکانی گەلێ نیگەران و تورە کرد، نۆردمەن خۆی ڕاپسکاند تا ئامبازی بێتەوە و هەموو گیانی

تێکبشکێنێ، بەڵام ئەلفین بەزوویی هاتە دەست و هێوری کردەوە، هامۆندە قوت بۆ ئەوەی راپسکاندنەکەی نۆردمەن بشارێتەوە، پرسیاری کرد: قەڵای هەشاری گەورە لەکوێیە و بۆ کام شوێنمان دەبەن؟ دەرفەتی وەڵامدانەوەیان پێنەدا، شەڕکەرەکە تەماشایکردن: زووبن بەدوامدا وەرن.

گەردن و سەردەستەکانی پڕ ئێسک و پروسک بون، وەک ملوانکە لە ملیدا شۆڕببۆوە. لەنێو هەراو هوریای گەڕەکە هەژارنشینەکاندا بەڕێ کەوتن بەرەو گەڕەکەکانی رۆژاوا و لەوێشەوە بەرەو دەرەوەی شار. گەیشتنە ڕێیەکی خاکی و گردەڵان و لەمبەر و لەوبەریەوە داربەڕوەکان بەشکۆوە وەستابون، جادەکە دیار بوو هاتوچۆی زۆری لەسەرە، بێئەوەی پشویان پێبدات، ڕێی پێ برین تا قەڵایەکیان بەرچاوکەوت، قەڵایەکی بێ دەرگا بوو کە داخستنی نەبوو، بەڵکو هەمیشە کراوە بوو بەسەر هەردو دەروازەی باکور و باشوری شاردا، کە تونەوتۆڵ کرابوو بە پاسەوانەکان. دیواری قەڵاکە بەرز و چوارگۆشەیی بوو، پێنج قات بوو لەسەر یەک، سێ قاتی یەکەمی شوێنی حەوانەوەی پاسەوانەکان بوو، قاتێکیش بۆ شوێنی کۆبونەوە و دوایەمین قات بۆ نانخواردن و عەمبارکردنی خۆراک، بێگومان دوو قاتیش لەژێر زەویدا بونیاتنرابون، کە یەکێکیان شوێنی کاتبردنەسەری شەڕکەران بوو، ئەویتریشیان

عەمباری تالآنییەکان بوو کە لە گۆڕەپانی شەڕدا دەستیان دەکەوت.
ناوەندی قەڵا گۆڕەپانێ گەورە بوو کە جێی دەیان هەزار جەنگاوەری تێدا دەبۆوە، دەوراندەوری قەڵاکەش بورج دروستکرابون لە جۆرە بەردێکی سور، کە لەو شوێنەدا وێنەی نەبوو. ساویلک دوایەمین کەس بوو غاری دا و خۆی گەیاندە لای ئەلفین، کە نزیکەی پازدە هەنگاوێ لە جەنگاوەرە رێنیشاندەرەکەوە دوور بون، بە پەشۆکاوییەوە گوتی: ئەلفین بەرەو کوێمان دەبەن، سەیر بکە ئەم شوێنە چەندە گەورەیە.
شەڕکەرەکە لە پێشیانەوە دەڕۆشت بەدەنگێ بەرز هاواریکرد: گومانتان لەوە نەبێ کە میرغەزەب بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە، بایەخ بە جەنگاوەرانی دەدات و تەواوی پێداویستییەکانیان بۆ دابین دەکا، تا بەجۆش و خرۆشەوە بەشداری لە ڕیزەکانی سوپادا بکەن، ئەوانەشی بەشداری ناکەن بارودۆخیان هەروا بە نەهامەتی و نەگبەتی دەمێنێتەوە وەک گەڕەکە هەژارەکان، خەم مەخۆن، لەپێناو خزمەتکردنی میرغەزەبدا درێغی مەکەن، لەهەژاری و دەستکورتی پارێزراو دەبن، ئەوەی ئارەزوی لێدەکەن، پێیدەگەن.
کەسیان هیچیان نەگوت،لە دەروازەی شارەوە گەیشتنە نێو گۆڕەپانی پان و بەرینی ناو قەڵا، بەسەدان جەنگاوەری دیکەی لاو لە ڕەنگ و ڕەسەنی جۆراوجۆر لە سەرزەمینە دوورەکانەوە لەوێدا گردببونەوە.

هەندێکیان بەجلوبەرگی جەنگییەوە و راهێنان و مەشقیان دەکرد، هەندێکیتریش دانیشتبون و بەشێکی دیکەشیان بە یەکدا دەهاتن و دەچون، لە بێتارامیدا دەسوڕانەوە. زۆری نەبرد یەکێ لە راهێنەرەکان لەنێوەندی ئەو ئاپۆرایە بەرەو لایان هات، جەنگاوەرە چاوساغەکەیان دارە سورەکەی بەدەستەوە بوو، لەبەردەمیدا وەستا و خستیە مشتییەوە: ئەمانە بۆ نێو جەنگاوەرە قەڵغان سورەکان رەوانە کراون، ئێستا دەکرێ پێنجسەد شەرکەری باش پێکبێن، ئەوەشی بەکەڵکی شەڕ نایەت، بڵاوەیان پێدەکەین بۆ کاروباری نێو قەڵا.

ئیدی پشتاوپشت گەڕایەوە و سوڕاوە بۆ نێو شار. دیاربوو دارەسورەکە جۆرە ئامازەیەک بوو بۆ بواری جەنگیی. راهێنەرەکە بەژن بڵندێ سەر ڕووت و سمێڵ گەورە بوو، چاوەکانی بچوک لە سەروقەڵافەتی نەدەهات، بەڵام بەگشتی سامێکی تەواوی پێبەخشیبوو، بەوردی تەماشای کردن و بەساردییەوە هاتە گۆ: ئێرە یەکێکە لە قەڵا گەورەکانی سەرزەمینی ناوەند، لەژێر فەرمانی فەرماندەی گەورە (هەڤسار)دایە، کە لە سەرزەمینە دوور و نزیکەکان فەرمایشتەکانی میرغەزەب بەجێ دەگەیەنێ. کوڕ و گەنجە لێقەوماوەکانی سەرزەمینانیتر، کە مالّیان وێران بوە، رۆژ بەرۆژ لەم قەڵایەدا ژمارەیان بەرەو زیادبون دەچێ، لەدەستەی پێنجسەد و هەزار و پێنج هەزار و دە هەزاردا دابەشکراون، جەنگاوەری لێهاتون

و خۆیان تەرخانکردوە بۆ خزمەتکردنی سەرزەمینەکانی ژێردەسەڵاتی میرغەزەبی گەورەی هەموو گەورەکان، دەبێ شتێکیش هەیە لە یادی نەکەین، ئێمە بۆ هەموو خۆشی و شادییەک سەری سوپاسگوزاری و ڕێزمان بۆ خواوەندەکان نەوی دەکەین، ئێوەش ئێستا بەشێکن لەو جەنگاوەرانە و لەدەستەی پێنجسەد نەفەری و ڕیزی قەڵغان سورەکان دەبن..با پێتان بڵێم ئەوە شانازییەکی زۆر گەورەیە بۆ ئێوە لەڕیزی جەنگاوەرانی میرغەزەب شمشێرەکانتان بادەن و تیر و کەوانەکانتان بکێشن و قەڵغانەکانتان ڕمی دوژمنانتان بشکێنن.

ئۆرام ڕوویکردە تافێن: قسەکانی خۆش و شیرینن..بەدڵی هەمومانە.. وانیە تافێن.. گەروا بێ هەمومان دڵشاد دەبین.

تافێن هێشتا مردنی پیرەمێردە بەستەزمانەکەی نێو ئەشکەوتی لەزەیندا نەدەسڕاوە، ئەو گەلێ توڕە بوو، ئارەزوی قسەکردنی لەگەڵ هاوگوندییەکەی نەبوو، دوو سێ شەقاو لێی دوورکەوتەوە و لەنزیک نۆردمەن وەستا، هامۆندە قوت لەگەڵ تەواوبونی قسەکان بەپەلە گوتی: ئەی ئەو دارە سورە مانای چییە؟

مەشقدارەکە دیاربوو حەزی لە پرسیار نەبوو، بەتوڕەییەوە گوتی: دیارە گوێت لێنەبوو، وەک گوتم جەنگاوەرەکان دابەش دەکرێن، داری سور کە وەرتانگرتووە مانای ئەوەیە کە ئێوە لەدەستەی قەڵغان سورەکانن،

ژمارەتان دەبێ پێنجسەد کەس بێ، ئێستا تێگەیشتی؟

هامۆند پاشەوپاش کشایەوە و لەدڵی خۆیدا گوتی (وای کە تۆپەیە).

هەمویان ئاواتێکی گەورەیان لەسەرزەمینی میرغەزەب بونیاتنابوو، هیچ رێگەیەکی دیکەش بۆ سەرزەمینەکانیتر نەمابوو، تیۆدلینا لەهەمویان زیاتر ناڕامی دەیخواردەوە و بە سەرسورمانەوە لەدەروبەری خۆی دەڕوانی، بەلایەوە سەیر بوو کە ئەم خەڵکانە مەشقیان پێدەکرێ بۆ ئەوەی یەکتری بکوژن. مەشقدەرەکە دووبارە دەستی بەقسان کردەوە: بابیرتان بێنمەوە، نابێ زۆر پرسیار بکەن، ئێوە تەنیا گوێ دەگرن و هەر ئەوەش جێبەجێ دەکەن کە پێتان دەگوترێ و لەوە زیاتر ناکەن، ئەگەر نا توشی سزای توند دێن، بەڵام با ئەوەشتان پێ بڵێم، لە چەند رۆژی داهاتودا خودی جەنابی هەڤسار لەگەڵ چەند ئەفسەر و پایەدار و ژن و کچدا دێنە ئەم قەڵایە و تەماشای مەشق و راهێنانەکان دەکەن، دەبێ کاتێ خۆش بەسەر بەرن.. ئاگادارین ئێستا بەدوامدا وەرن.. لەبیرتان نەچێ زۆر پرسیار نەکەن.

خەیاڵێکی وای بردە مێشکیانەوە کە هەڤسار جەنگاوەرێکی گەورە و بەشان و شەوکەتە. قەڵاکە گەورە بوو هەموو شوێنێکی تێدا فەراهەم کرابوو، لەهۆڵ و شوێنی خواردن و نووستن، نێوان دە هەنگاوێک پێنج قاتێ وەک ڕاڕەو بەدەورانەدەوری قەڵادا دەسوراوە، بەدینگەی

بەرز و بەردین راگیرابون، چەشنی زۆر شوێنی نێو شار، پەیکەری خواوەندەکان لەنزیک یەکدیەوە بازنەیەکی فراوانیان پێکهێنابوو. لای دەرەوەی قەڵاکە چەند پەنجەرەیەکی بچوک هەبون، دیار بوو کە ئەوانە دروستکرابون بۆ ئەوەی کەس لە دەرەوەی قەڵاکەوە نەتوانێ دزە بکاتە نێویەوە، تەنیا جێیەک کە پەنجەرەکانی گەورە بوو قاتی پێنجەم و ئەو تەلار و کۆشکانە بوو، کە لە گۆشەکانی قەڵاکەدا بونیاتنرابون، ئەو بینایانە سەریان بۆ ئاسمان هەڵکشابوو، چ ترسێکیان لەسەر نەبوو. قاتی زەمینی لە ڕێی پلیکانە پان و پۆڕەکانەوە دەچۆوە سەر قاتی یەکەم و هەر بەو جۆرەش سەردەکەوت بۆ قاتی دووەم، ئەوجا بەرەو ئاراستەی باکوری ڕۆژهەڵات دەسورانەوە و پاش سێ هەنگاوێک دەرگایەکی دار دەردەکەوت، کە بەڕەنگ و تەختەکەیدا دیاربوو تەمەنی هێندەی عومری خودی قەڵاکەیە، لەوێشەوە دەچوە سەر هۆڵێکی گەورە کە ئاگردانێکی ڕەش تێیدا ئاخنرابوو لە وشکەدار و ئەوێی گەرمدەکردەوە. لەو بەشەی قەڵا بێجگە لە هۆڵە گەورەکە، دە ژوری دیکەش هەبون کە هەریەکەیان چوار تا پێنج تەختی نوستن و حەوانەوەی لەخۆگرتبوو.

چاوساغەکەی پێشیان گوتی: جەنگاوەرانی ئەم قاتە بەشداری شەڕی سەرزەمینەکانی (باتیف)یان کرد، بەڵام کەسیان بەزیندویی نەگەڕانەوە،

ئەدی زۆرینەی ژورەکان چۆڵن و دەتوانن هەریەکەتان بە ئارەزوی خۆی ژوورێک دەستنیشان بکا، نزیکەی چەند رۆژێکی دیکەش جەنگاوەرانی قاتی پێنجەم بەرەو سەرزەمینەکانی دەوروبەر دەبرێن، سەرزەمینی ئەرابی سور، گەر بەخت یاوەرتان بێ ئەوا زۆرینەیان ناگەڕێنەوە و دەکوژرێن، ئەوکات رێگەتان بۆ دەکرێتەوە بچنە قاتی پێنجەم..بەڵام هەتا ئەو کاتە لە قاتی دووەم دەمێننەوە..کەواتە ئێستا دەتوانن بچنە گەرماوەکانی قاتی یەکەم لەوێ با کچەکان سەرتان پاک بشۆن و خۆتان لە تەپوتۆز خاوێن بکەنەوە، هەم جەنگاوەرەکانی دیکەش توشی نەخۆشی کوشندە نەکەن..ئێوە ماوەیەکی زۆرە لە سەرزەمینەکانیتر دەسوڕێنەوە، جلوبەرگەکانتان فڕێدەن و جلکی نوێ بپۆشن، بۆتان دانراوە...بۆ مەسەلەی خواردنیش فوو کرا بە شەیپوردا واتە لە قاتی یەکەم ئامادە دەبن، لەنزیک عەمباری خۆراک و چەکەکاندایە دەکەوێتە بەشی باشورەوە، بەرە بەیانیش دووبارە دەنگی شەیپور ئاگادارتان دەکاتەوە بۆ مەشق و راهێنان، دێنە ناوەندی گۆڕەپانی نێو قەڵاکە و لەوێ کۆدەبنەوە.

قسەکانی تەواو کرد ئیدی چیدیکە نەوەستا و رووەو دەرەوە ڕۆشت، بێنەوەی چاوەڕێی پرسیار و ڕوونکردنەوەپێدانێکی زیاتر بکا. تێۆدلینا خۆشحاڵ بوو لەوەی هەریەکەیان ژورێکی بەردەکەوێ: زۆرباشە..با

بچینه ژوره‌کانمان.

یه‌کړاست خۆی کرد به‌نێو ژوورێکدا و ده‌رگای له‌سه‌ر خۆی داخست، کوړه‌کان و تاقێن به سه‌رسوړمانه‌وه له ره‌فتاره‌که‌ی تێۆدلینایان ړوانی، که‌مێ دۆش دامان و دواتر هه‌ریه‌که‌یان به‌ره‌و ژووړێ ملی نا. ئه‌لقین دوایه‌مین که‌س بوو له‌جێی خۆی جوڵا، ته‌نیا ئه‌و ژوره‌ی بۆ مایه‌وه که له ته‌نیشت ژوره‌که‌ی تێۆدلیناوه بوو، هه‌روه‌ها ده‌شکه‌وته به‌رامبه‌ر تاقێن. ساویلک به پێکه‌نینه‌وه له ژوره‌که‌ی خۆیه‌وه هاواری ده‌کرد: گه‌رماو..کچ، گوێتان لێبوو..ئیدی پێویست ناکات خۆمان ماندو بکه‌ین، سه‌رمان ده‌شۆن، نانمان ده‌ده‌نێ، جلوبه‌رگی نوێمان له‌به‌رده‌که‌ن، هه‌ریه‌که‌مان ژووړێک به‌ته‌نیا بۆ خۆی...له‌وه زیاتر چیمان بوێ..خێراکه‌ن با زوو بچینه گه‌رماوه‌که.

به‌په‌له جله‌کانی خۆی داکه‌ند، نۆرام و هامۆند له ژوره‌کانی به‌رامبه‌ری بون، به‌و شێوه‌یه بینیبیان، هاواریان لێکرد: ئه‌وه چیته...پارچه قوماشێ له‌نێو قه‌دت ببه‌سته..زۆر ئێسک سوک نیت.

- ئه‌وه چ ده‌ڵێن...هه‌زار شۆخه کچ له‌م قه‌ڵایه‌دایه، ئێستا ده‌بینن کاممان ئێسک سوکین.

نۆرام به گاڵته‌وه پێیگوت: ئا..دیاره..ئه‌و کاته‌ی به‌نێو قه‌ڵادا تێپه‌ڕین بینیمان ژماره‌یه‌کیان له‌به‌ر پێتا چۆن به‌ده‌مدا ده‌که‌وتن.

هاوڕندش نەیویست زیاتر ئاگرەکە خۆشبکا: بڕوا بکە هێندە تەمەنیان بەڕێکردبوو، ددان لەدەمیاندا نەمابوو.

ئەلفین لەژورەکەی خۆیەوە گوێی لە قسەکانیان بوو، بە زەردەخەنەیەکەوە: ساویلک خەم مەخۆ، پیرەژنەکانیان داناوە بۆ هاوڕند و ئۆرام.

ئۆردەنی گەورە چ قسەیەک لەزاری نەهاتە دەرێ، تاڤێنیش حەزی بەو جۆرە کۆڕ و قسانە نەبوو، بەتورەییەوە گوتی: کوڕینە زۆر خۆتان بێتام کردووە، ئاخر پێم بڵێن کێ دڵی بۆ ساویلک لێدەدات، دیارە ئەو کچەی لەبەردەمیدا دڵی نەرم دەبێ، بەدڵنیاییەوە وەک خۆی شێتە.

ساویلک بەپەلە بەرەو گەرماوەکە ڕۆشت: دەباشە چی دەڵێن بڵێن.. بەڵام با زوو بچین، چونکە دەزانم لەسەر من شەڕ و چەلەحانێیە.

جلوبەرگەکانیان هێنا و هەریەکەیان نێوقەدی خۆیان پۆشی، بەڵام پێش ڕۆشتن ئەلفین ئاوڕی دایەوە: ئەی تێۆدلینا لەکوێیە...ئەو نایەت؟!

تاڤێن زانی کە مەبەستێتی بانگی بکا، خێرا خۆی گەیاندە پشت دەرگای و چەند جارێ لێیدا: تێۆدلینا...تێۆدلینا..ئەوە چی دەکەی؟ وەرە بابچینە گەرماو و سەرمان دەشۆین.

تێۆدلینا حەزی بەو جۆرە شوشتنە نەبوو، وەڵامیدایەوە: خەمتان نەبێ، ئێوە بڕۆن دواتر من دێم..گەرماوەکە دەدۆزمەوە و هۆڵی نانخواردنیش.

تاقێن تەماشایەکی ئەلڤینی کرد و شانێکی هەڵتەکاند: نایەت...چی لێبکەین؟!

ئەلڤین کەمێ بێدەنگ بوو، دوایی گوتی: قەیناکا با بڕۆین دواتر خۆی دێت.

جلوبەرگە خاوێنەکانیان دا بەشانیاندا و لە ژورەکانیانەوە ڕووەو قاتی دووەم شۆڕبونەوە. دنیا بەرەو تاریکبون دەچوو، گڤەی بایەکی سارد لەدوورەوە دەهات و پاییزی بەهەموو لایەکدا پەخش دەکردەوە، بەنیمچە ڕووتی ڕووەو گەرماوەکە بەڕێ کەوتن، ئەوێ یەکجار گەورە و گەڵێ قەرەباڵغیش بوو، پڕ بوو لە ئاوارەکان، لە سێ بیری ئاو کە کەوتبونە ناوەندی قەڵاکە، ئاویان ڕادەکێشا. قازانە گەورەکان لەسەر ئاگر جۆشدرابون و هەڵمیان سەراپای گەرماوەکەی تەنیبوو. کوڕ و کچ سەریان دەشوشت، جەستەیان بەهۆی گەرمی شوێنەکەوە وردە وردە خاودەبۆوە.

ڕاستیەک کە لای نۆردمەن نهێنی بوو، ئەوە بوو ئەلڤین پێشئەوەی لە ژورەکەی بێتە دەرەوە، ڕستە هێسک و پڕوسکەکەی دەرهێنا، کە پێشتر لە ژوری ئیڤای خوشکیدا دۆزیبۆوە، بەئارامی بەردێکی لەدیوارەکە دەرهێنا و ڕستەکەی کردە نێوییەوە، پاشان بەردەکەی لەجێی خۆی داناوە. هامۆندە قوت ئەم دیمەنەی بینی، ئەلڤینیش

دەرکی بەوە کردبوو کە ئەو لە پشتەوە دەیبینێ، بەڵام چونکە منمانەی پێی هەبوو، هەڵنەستا بە جێگۆڕکێی پستە هێسک و پروسکەکە. ئەوەی لای هامۆند و نۆردمەن ئاشکرا نەبوو، سەرنجدانە فۆڵەکانی ئەڵقین بوو، تێبینی وردی سەرجەم گەردنبەند و دەستبەند و کڵاوی جەنگاوەرانی ئەم سەرزەمینەی کردبوو، لەهەمویان پامابوو، بەڵام هیچیان لەو ئێسک و پروسکە نەدەچون، کە لە ژورەکەی ئیڤا هەڵیگرتبۆوە، بۆیە ئەوە وەک پرسیارێکی پڕ گرێ و گۆڵ بوو، کە هێشتا سەرەداوێکی لەبارەوە دەستنەکەوتبوو.

لەنێو گەرماوەکە کچێکی بێ جلک بە ڕووتی بەپەلە دەستی ئەڵقینی گرت و بەدووی خۆیدا رایکێشا: وەرە با سەرت بشۆم.

پێویست ناکات، خۆم دەتوانم.

ساویلک بەپەلە هاتە نێوەوە: من...من..ئەو دەتوانێ، بەڵام من ناتوانم سەرم بشۆم.

گوێی نەدایە ساویلک: خۆ ناتەوێ بە کوشتنم بدەی..ئەوە کاری منە.. گەر وا نەکەم دەکوژرێم.

ئەڵقین و هاوەڵەکانی زووتر ئاگادارکرابونەوە کە نابێ زۆر پرسیار بکەن، تەنیا ئەو کارە دەکەن کە پێیان ڕادەسپێردرێ، هەر سەرپێچیەکیش لە فەرمانەکان بکەن، بەتوندی سزا دەدرێن، ئیدی زانییان کە ئەو کچە

لەخۆشی خۆی نەهاتۆتە ئەوێ و ئەوە گەمەیەک نییە تا بۆ ئارەزو تێیدا بەشدار بێ. ئەلڤین بەناچاری لەگەڵی رۆشت و لەنێو تەشتێکی گەورەی پڕ لە ئاوی گەرمدا دانیشت...هاوەڵەکانی دیکەشی هەمان ڕێچکەی ئەویان گرتەبەر و هەریەکەیان کچێ دەستیکردە شوشتنیان. ئەوان جۆرێ ڕووەکیان بەکاردێنا بۆ شوشتنی جەستە، کچەکە ڕیشاڵێکی چڕی کەفاوی بەدەستەوە بوو لە شانی ئەلڤینی دەسوو: کوڕە تۆ.. تازە هاتونەتە ئێرە؟

- ناوم کوڕە نییە..ئەلڤینە.

زەردەخەنەیەک گرتی: ئەلڤین...مەلڤین..لێرە کەس گوێی پێنادات.. سەری هەزارانی وەک تۆم لێرەدا شوشتوە، دوای چەند شەو و ڕۆژێ نێردراون بۆ شەڕ و چیدیکە نەبینراونەتەوە...پێناچێ چارەنوسی تۆش زۆر لەوانە جیاواز بێ.. سەرت پاک دەشۆم و ئەمشەو تێر سکت نان بخۆ، چونکە هەموو ڕۆژێ ئەم بەزم و سەفایە نییە..لێرەوە مۆتەکەی ترسناکیی دەنیشێتە سەر ژیانت.

- بۆچی ئەم قسانەم بۆ دەکەی؟

- نازانم..بەڵام زۆر دەمێکە لێرەم..گەلێ شتی سەیر و سەمەرەم بینیوە.

دەنگی هێواش کردەوە و بە چپە وشەکان لەزاری دەردەپەڕین:

لەمرۆژانە جەنابی هەڤسار لەگەڵ پۆلێ میوان دێنە ئێرە، هەرجارێ کە گوێبیستی هاتنی ئاوارەی تازە بن، وا دەکەن.

نەماشایەکی ئەملاو ئەولای کرد دووبارە بەدەنگێکی هێواش، گوتی: ئافرەتی جوانم بینی لەگەڵتاندا، وریای بن بیانشارنەوە..هەرچەندە بێسودە، هیچتان پێناکرێ.

دڵەخورپە گرتی و دەمارەکانی ئەڤین گرژ بوو: جا ئەوانە چیبان بەسەر دێت؟!

جامۆڵەیەک ئاوی گەرمی بەسەر ئەڤیندا کرد: بەسەر هەموماندا هاتوە و هیچ کچێکی تازەش لەوە دەرباز نەبوە.

ئەڤین توڕە بوو: ئاخر پێم بڵێ چیان بەسەر دێ؟

زۆر پرسیار دەکەی.. ناتوانم چیدیکەت پێ بڵێم..هەر ئەوەندە بوو کە پێمگوتیت، ئێستەش دەی هەستە تەواو بویت.

خێرا دەستی هەڵگرت و بەجێی هێشت. ئەڤینی بە پەشێویی سپارد، سەری سوڕاندەوە تا باشتر بیناسێ و شناسایی بکاتەوە بۆ جارێتر بەڵام لەبەرچاوان بزربوو، ئیدی بەتەنیا مایەوە و لەسەرخۆ قسەکانی دەهێناوە یادی خۆی، لەوە دڵنیابوو کە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر کچ و ژنە ئاوارەکان هەیە، ئیتر بیری بەرەو لای تیۆدلینا هەڵفڕی، ئەوەش پتر بێتاقەتی کرد، رووبکردە تافێن کە وەک منداڵ گەمەی

به ئاوەکە دەکرد: تیۆدلینا نەهات، لەکۆیێە ئەدی نەیگوت پاش ئێوە دێم، دیارە گەرماوەکە پێنازانێ دوای سەرشوشتنمان دەبێ بچین بۆ خواردنگە، وا بزانم کەسێکیش نییە ئەو جێیانەی نیشان بدات؟

- نازانم چونکە ئەو وەهای گوت، خۆشت گوێت لێبوو.

هامۆند خۆی وشک دەکردەوە و جلکی نوێی پۆشی، بە زەردەخەنەیەکەوە قسەکانی لەدەم وەرگرتنەوە: تیۆدلینا خاتون پێیوایە لەماڵی خۆیدایە، هەر کاتێ ویستی ئەو کاتە دێت..نا ئەمە شوێنی مەشق و راهێنانە لەسەر جەنگ، دوای ئەم پشوە، نۆرەی مەشقی جەنگیی دێت، تەنیا خۆشی و شادییەک کە لەمەودوا ببینین هەر ئەمشەوە، ڕێزمان لێدەگرن تا ڕەوانەی شەڕگەکانمان دەکەن، پێتان وا نەبێ ئاشقی بەژن و بالآمان بوبن، ئەوجا با تیۆدلینا خاتون نازمان بەسەردا نەکات، چونکە دبێژن کچی پاشا و پاشازادەیە..ئێمەش..

تاقێن قسەکەی برێ و بەتوڕەییەوە گوتی: وازبێنن لەم قسانە، ئەوە یەکەم ڕۆژمانە، هێشتا کەسمان لەسەر ئەم ژینگە نوێیە شەقاوی دووەممان نەناوە، ڕەنگە لێرە زۆر شت فێر بین، پەلە مەکەن هەروەختێ بێ پەیدا دەبێ، پاشان کەسێ لێرە نەبێ باش نییە قسەی لەسەر بکرێ، هەرکاتێ هات ئەو گلەییانە ڕووبەڕوو ئاراستەی بکە.

نۆردەمەن بە مۆڕەوە تەماشای هامۆند کرد و سەری ڕەزامەندی بۆ

ناڤێن لەقاند. هامۆند بەو ئاماژەیەی نۆردمەن زۆر بێزار بوو، بەڕوویدا تەقییەوە: هەرگیز بڕوام نەدەکرد هێندە دڵڕەش بیت، گەر تۆ دایکت کوژرابێ من هەموو خانەوادەکەم تیاچون..تۆ هەر بیر لەخۆت دەکەیەوە، وا دەزانی کەسێکی بێپەروام، من لەناخەوە خۆم دەخۆمەوە، نەتبینی بەدەستی خۆمان ئازیزانمان کردە زێر گڵەوە، ئەو هەموو خەڵکە ئاوارەبوەش هەر خەتای منە، ئەم کچە بێدەسەڵاتانەی نێو قەڵاکەش بەگوناهی منەوە دەتلێنەوە، دەزانی دڵت وەک قەلەڕەشێکی قێزەونی لێهاتوە و بەهیچ کلۆجێ تۆزقاڵێ تروسکایی تێدا نەماوە.

ئەڤین هەستیکرد دۆخەکە بەرەو بارگرژیی تەواو دەروات، یەک وشەی دیکە لەزاری یەکێکیانەوە بێتە دەرەوە، دەست دەدەنە یەخەی یەکتری. هاتە نێوانیانەوە: واز لەم سەرسەختی و پەنگخواردنەوەیە بێنن، ئێمە کاتی هەموو شتێکمان بێ، وەختی ئەم پێکناکۆکییەمان نییە، تکایە واز بێنن.

دەنگی شەپور بەرزبۆوە، جلوبەرگی نوێیان پۆشی، کەوشێ درێژیان بۆ دانرابوو کە لەسەرما و قوڕ دەپاراستن و لە چەرم دروستکرابون، هەموویان یەکجۆر جلوبەرگیان پۆشیبوو لەگەڵ پشتوێنێکی ڕەش. خۆیان کۆکردەوە بەرەو خواردنگە بەڕێ کەوتن..

دنیا بە یەکجاری تاریک ببوو، گەرماوەکەش چۆڵ، ئەوجا تیۆدلینا

کە پێویستییەکی زۆری بە خۆشوشتن هەبوو، لەژورەکەی سەری هێنایە دەرێ و تەماشای ئەمسەر و ئەوسەری ڕاڕەوەکەی کرد، بەپەلە خۆیکرد بە گەرماوەکەدا و خێرا کەوتە سەر شوشتن و چ چارەیەکی نەما کە دەبێ لە ماوەیەکی یەکجار کورتدا خۆی پاکژ بکاتەوە. ئەو بەشە ئاوە گەرمانەی لەنێو قازانەکاندا مابونەوە، کۆیکردنەوە و بە پاشماوەی ئەوان جەستەی خاوێن کردەوە، جلوبەرگەکانی پۆشی، بەڵام بیری کردەوە کەوا ناتوانێ بەو شێوە لە گەرماوەکە بێتە دەرەوە، هێشتا مەترسی ئەوەی دەکرد کە سوارۆ دەمامکدارەکان گەر بەو جۆرە ببینن، بەدڵنیاییەوە دەیناسنەوە، ئەوان بەزوویی بۆنی جەستەی ڕەسەنە نایابەکانیان دەکرد، لەبەرئەوە گەر ئەوانیش شوناسایی نەکەن ئەوا لە چاوبۆقەکان دەرباز نابێ، ئیدی ڕێگەچارەی نەبوو کە بەهەرشێوەیەک بووە ئێلندیا بدۆزێتەوە و لەچاوتروکانێکدا ئەو سەرزەمینە بەجێ بێڵێت. زەینی بۆ ئەوە چوو چارشێوێکی درێژ بدۆزێتەوە و بەهۆیەوە بەشێکی زۆر لە ڕوخساری بشارێتەوە..ئەوەشی پەیدا کرد، بەڵام بەس نەبوو، بەردەوام غایلەی دیکە بە میشکیدا دەهات، هەستا هەندێ خۆڵەمێشی هێنا و لە چەند دڵۆپە ئاوێکی وەردا و دەموچاوە ڕۆشنەکەی پێ سواغ دا، بەوەشەوە نەتوانرا شۆخ و شەنگیی خۆی بشارێتەوە، بەڵام برسێتی زۆری بۆ هێنابوو، وەک

ڕۆژانی پێشوو هەنگوین و گوڵە بۆنخۆشەکانی نەمابوو، بێئەوەی بە دەست خۆی بێت هەستیدەکرد، تامەزرۆی بینینی ئەلڤین دەکات، شادییەکی سەیر دەکشایە نێو دەمارەکانیەوە، بڕوای وابوو لە کەناری ئەودا ئارامییەکی بێپایان سەراپای دەگرێتەوە، لەبەرئەوە ئێکەمجار جلەکۆنەکانی خۆی بردەوە ژوورێ و ئەوجا بەرەو خوارنگە شۆڕ بۆوە. گەیشتە ئەوێ هۆڵێکی گەورە بوو، زۆر کەسی لێ دانیشتبوو، چاوی گێڕا هیچ یەکێ لە هاوڵێکانی بەدی نەکرد، لەسەرێ گوێی لەناوی خۆی بوو، سەری سوڕاندەوە هەموو یەک جلوبەرگیان پۆشیوە، کەس کەسی نەدەناسییەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەلایەوە سەیر بوو ئەلڤین چۆن لەنێو ئەو ئاپۆرایەدا ناسییەوە. خۆی گەیاندە لایان و لە تەنیشت تافێنەوە وەستا، کوڕ و کچێک لەدوایەوە تورەبون و دەنگیان بڵند کردەوە کە نۆرەبڕی کردوە، تیۆدلینا سەری لەو قسانە دەرنەدەچوو، ئەو بۆ خۆی ئەوە یەکەمین جاریەتی بۆ خواردن لە ڕیزێکی وادا بوەستێ. بۆی دەرکەوت لێرە ڕێسا و یاساکان جیاوازن، لەسەرخۆ لەڕیزەکە هاتە دەرەوە بەرەو دواوە بچێت، گەیشتە عاستی ئەلڤین، دەستیگرت و تیۆدلینا موچڕکەیەک بە جەستەیدا هات: بۆ هیچ شوێنێک ناڕۆیت، وەرە لەگەڵماندا بوەستە.

نۆردمەنی گەورە ئاوڕیدایەوە بۆ هەمووان و بەدەنگێکی بەرز هاواریکرد:

بێ خەم بن هێندە زۆرە بەشی هەموتان دەکا، خۆتان شوشت و جلکی نوێتان پۆشی، ئێستاش خواردنێ گەرم نۆش دەکەن..ئیتر پەلەی چیتانە؟

یەکێ لەنێو ڕیزەکەدا دەنگی بڵند کردەوە: پێتوایە بۆچی؟ هەر بۆ ئەوەیە ڕۆژێک زووتر بگەیەنرێنە شەڕگەکان تا بکوژرێن.

یەکێ لە دوایەوە بەتوڕەیی پێیگوت: کوڕە دەمت داخە، ئەم قسانەت دەگەنەوە بە گوێیەکانی میرغەزەب، ئەوکات دڵ و جەرگت لەو سەرزەمینەدا لەمێخ دەدرێ.

ئیتر هەریەکە لەلای خۆیەوە بەجۆرێ سەرکۆنەی ئەو کابرایەیان دەکرد، کەس ئاگای لە تیۆدلینا نەما. لەناکاو شەش جەنگاوەر خۆیان بەژوردا کرد و ئاپۆڕا و غەڵبە غەڵبەکە خاکی مردوی بەسەردا باری، بەدوای ئەواندا کەسێ هات کە قاپێکی ڕەشەوەبوی بەدەستەوە گرتبو لەگەڵ نانێکدا. تیۆدلینا یەکەمجاری بوو نان ببینێ و بۆنی گەنم و جۆ بەلوتیدا بچێ، هەستێکی خۆش بەدەمارەکانیدا گەڕا کە سروشت بەرهەمێکی دیکەشی پێشکەش دەکا. تام و چێژی شۆرباکە لەو جۆرە نەبوو، کە لەسەرزەمینەکانی باکور لێدەنرا، بەوەی جۆرەها ڕووەک و گیای تێدەکرا، لەبەرئەوە خواردنێکی بێڕەنگ و تامدار نەبوو. وەریانگرت و هەریەکە لە جێیەکدا دانیشت، تیۆدلینا لەنێوانی هاموند

و نۆردمەن جێی خۆی کردەوە بەرامبەر ئەڵقین، تاڤێن و نۆرامش لەدەستی راست و چەپی.

ئەڵقین سەری هەڵبڕی و بەوردی لەتیۆدلینای ڕوانی: سەرت شوشت و جلکی نوێت پۆشی، بەڵام ئەو خۆڵەمێشە چییە لە ڕومەتت داوە؟! بیری لەوە نەکردبۆوە ڕووبەڕووی پرسیارێکی وا بێتەوە، دوودڵی هەراسانی دەکرد، وشەکانی لەبێژنگ دەدا کە چی بڵێ و چۆن جارێتر پەردەیەکی تاریک بەسەر ڕازەکانی خۆیدا بدات هەروەک چۆن لەوەتەی پێی ناوەتە سەرزەمینی مرۆڤ، نەیتوانیوە شتێک بێ پێچ و پەنا بڵێ، بۆیە بێدەنگییەکی کورتی هەڵبژارد، بەڵام ساویلک بەپێکەنینەوە هاتەوە بەسەر پرسیارەکەی ئەڵقیندا: دەی تریشقە پێمان بڵێ؟

تیۆدلینا هەستی بە تەنگەتاوییەکی زۆر کرد، دڵنیابوو هەروا بەو بێدەنگییە واز ناهێنن، وەک بروسکە بیرۆکەیەک لەزەینیدا چەخماخەی دا: لە گوندەکانی ئێمە وا باوە و لە باو و باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە، خۆڵەمێش لە ڕوخسارمان دەدەین تا ڕۆحە سەرگەردانەکان پەییمان پێ نەبەن و لە بەرامبەر ئازار و ناکاوەکانمدا بەهێز بین، خۆڵەمێش هێزێکی ئەفسوناوی هەیە.

تەماشایکردن ئەوان بە سەرسورمانەوە لێیاندەڕوانی، لەناخەوە خەمی دەخوارد کە هەموو جارێ دەبێ پەنا بەرێتە بەر درۆیەک و خۆی دەربباز

بکا، تاقێن ئارامییەکی زیاتری پێبەخشی کاتێ گوتی: دەبێ وابێ... ئاخر لەگوندەکانی ئێمەش ئەو جۆرە بڕوایانە هەیە، هەندێ لە کچەکان بۆ ئەوەی هاوسەرێکی باش ببینن‌ەوە، پەنایان دەبردە بەر جادو.

هامۆند بە پێکەنینێکی گاڵتەئامێزەوە قسەکەی لێوەرگرت: ئەو کچەی بەجادو ببێتە خاوەن هاوسەر دەبێ چ جۆرە پیاوێکی دەستبکەوێ؟!

تاقێن شڵەژا: ئەمە چ گاڵتەپێکردنێکە!

نۆرام بۆ ئەوەی تاقێن نیگەرانتر نەبێ رووپکردە هامۆند و توند پێیگوت: تۆیەک کە بڕوات بەشتێ نییە پێویست ناکات گاڵتە بە قسەی تاقێن بکەی.

تاقێن کپ بوو هەروەک هامۆندش زۆری لەسەر نەڕۆیشت، خێرا نانیان خوارد..دڵنیابون سبەینێ ژیانیان دەگۆڕێ بەڵام نەیاندەزانی بە چ ئاراستەیەکدا گوزەر دەکا. لە نیوە شەوی درەنگی پایز، بایەکی ساردی هەراسانکار کە هەواڵی زستانێکی قورسی رادەگەیاند، ناچاری کردن هەریەکەیان بەرەو ژورەکانی خۆیان بگەڕێنەوە.

نۆردمەنی گەورە هێشتا ئازار گینگڵی پێدەدا لەنزیک ژورەکەیەوە وەستا و ئاوڕیدایەوە بۆ ژورەکەی هامۆند و لەسەرخۆ بەرەو ئەوێ هەنگاوی نا، هامۆند پشتی لە دەرگاکە بوو، کاتێ سورایەوە بە سەرسوڕمانەوە: نۆردمەنی گەورە بە سەروچاوی ژاکاوییەوە لە ژوری من چیدەکا؟ خۆ

بۆ ئەوە نەهاتویت تۆڕەیی زیاترم بەسەردا بڕژێنی؟

ئێستێک لە دڵیدا بوو نەیدەزانی چۆن بەزمانی بێنێت، دوای هێرکردنەوەیەکی زۆر توانی قسەکانی ڕێک بخات، بەئارامی و لەسەرخۆ ئەمجارە بە هەموو هەست و نەستیەوە، نۆردمەن سەرێکی بادا و نەماشایکرد: دایک و باوک و سێ برات وەک دایکە پیرەکەی من کوژران، هەمومان ئێستا بێکەسوکارین، بەدەستی خۆمان ئازیزانمان لەژێر خاکدا شاردەوە..گوێ بگرە ئەم قسەیە لەناخمەوە دێت، تۆ هۆکاری هیچ کارەساتێکی من نەبویت، ئەو نەهامەتیانەی بینیمان پەردەیەکی ڕەشی بەسەر چاوما هێنا، ڕق و کینە وای لێکردبووم هیچم نەدەبینی، تۆش ئازارت بینیووە زۆرێکمان لەدەستداوە، ئەوەتا تەنیا ماوینەتەوە...داوای لێبوردنت لێدەکەم کە پێشتر ڕاستیەکانم نەدەدیت. بەڵام ئێستا ئەوانی کە لە ژیان ماون کەسوکار و خوشک برای ئێکترین.

هاۆند چاوەڕێی ئەو قسانەی نەدەکرد، ئەو دەمێ بوو ناخی لە ناڕامی و هەستکردن بە گوناهێ گەورە دەژیا، زۆرجار بەخۆی دەگوت کە ئەو سەبەبکاری کارەساتەکان بووە . بەڵام دوای قسەکانی نۆردمەن، بارێکی قورس وگران لەسەرشانی هەستا، ئارامییەکی مەزن جێی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی گرتەوە، بەدەست خۆی نەبوو چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بون،

بەهەمان گەرم و گوڕییەوە دەستی بۆ نۆردمەن درێژکرد بە هەمان گەرم و گوڕی دەستی بۆ نۆردمەن درێژ کرد و گوتی: من لەم غەریبیە هیچ برایەک لە تۆ باشتر نادۆزمەوە، هەر چۆن تا ئێستا لە ژین و ژیان پێکەوە بوین , لەمەودواش هەر وا دەبێ.

-ئەوەتا تەنیا ئێمە ماوینەتەوە...تکا دەکەم با برا و پشتیوانی یەکتر بین.

هامۆند کە گوێبیستی قسەکانی نۆردمەنی گەورە بوو، بارێکی گران لەسەر شانی سوک بوو، چاوەکانی پڕ فرمێسک بون، بەرەو ڕووی چوو دەستی بۆ درێژ کرد: لەم بێکەسیەمدا لە تۆ ئاشناتر کەسێک نادۆزمەوە، تۆ هەمیشە برا گەورەی من بوویت..دڵنیابە هەر پێکەوە دەبین.

ئاسودەییەکی زۆر هەردوکیانی پێچایەوە، شادییەک لەسەر ڕوخساریان چەکەرەی کرد، کە ماوەیەکی زۆر بوو لێی بێبەش بون، نۆردمەن بە ئارامییەوە گەڕایەوە ژورەکەی خۆی. تیۆدلینا زۆر بەوردی گوێی لە قسەی هەردوکیان بوو، سەرسام بەو جۆرە ئاکارە و بڕوای وا نەبوو ڕەفتاری وا لە ڕەسەنی مرۆڤ بوەشێتەوە، سۆزێکی قوڵ موچڕکەی بەگیانیدا هێنا، فرمێسکێ لەچاوەکانیدا بەسەر ڕومەتیدا شۆڕبۆوە و دڕی بەخۆڵەمێشەکە دا، هێڵێکی ڕووناک بەسەر گۆنایدا وەک ڕوبارێ

ڕێی خۆی بڕی تا گەیشتە گەردنی. لە ژورەکەیدا ئارام و دوور لە هەڕەشەی نێو دارستان و چیا و نهالەکان، بەڵام ئارامیەک نەبوو لەدڵەکوتەی دوور بخاتەوە، هەرچەندێ دیمەنی ئەو قەڵایەی دەدیت قورساییەک دەنیشتە سەر سینگی. چاوی لەسەر ئەو تەختە ڕەق و ناخۆشە لێکدەنا، بەڵام هەر بە بێداری دەماوە، بیری بۆ قسەکانی نێلندیا گەڕایەوە، پێش دابڕان چەند چپەیەکی بەگوێی تێۆدلینادا، سەرباری دەنگی سمکۆڵانی ئەسپەکان و هەرای سوارۆکان و شەڕکەرانی ئیڤڵۆرد لەسەر سنور و ئاڤدوور، گوتەکانی نێلندیا هێشتا لەگوێیدا دەزرینگانەوە. هەر هەموی بە وردی لە بیر بوو. ئەوە چەپکە قسانە زۆر گرنگ و نهێنی بون، کە دەبایە لە ڕۆژێکی گونجاو بە کەسێکی شایستەی بڵێت، ئەرکێ بوو کەوتبوە ئەستۆی، بەڵام ئەرکێکی گەلێ گرنگ و سەخت.

دەستی لەسەر دڵی دانا و دواتر پەنجەکانی لەنێو پرچیدا نوقمکرد، سیمورغی پیر هاتەوە پێشچاوی کە پەڕێکی لەسەر دڵی دەرهێنا و لەنێو پرچی چەقاند، ئیدی پەڕەکە بوە حەوت داوی زێڕین. خەیاڵی بەرەو هەڵۆی سپی و بۆتین و کیسەڵە گەورەکان هەڵفڕی، لەوێ دیمەنی ئەو قەڵایە بە بەردەمیدا گوزەری دەکرد، کە بە بەرزایی گردێکەوە بونیاتنرابوو، ئەو دەمانە بۆتین پێیگوتبوو کە چەندین نهێنی

لەوێ حەشار دراون، بەڵام کەس ناتوانێ دەستی پێبگا، ئا...ئەوە وای گوت.

دووبارە لە خۆی پرسیەوە: دەبێت چییان لەوێ حەشار دابێت؟ بەڵام لەو سەرزەمینە تۆنێلەکانی ژێر زەوی کە ڕەگ و ڕیشەی دارە ڕەشەکان ڕووناک بون، لە هەموو شتێ زیاتر جێی تێرامان بون..

لەوە نیگەران بوو کە بەڵێنی بە پێگەورە دابوو، بەڵام کە بیری لێدەکردەوە چاوەکانی پڕ لە فرمێسک دەبون، ئاخر پێگەورە زۆر گوناح و بێگەرد بوو، دڵێکی زێڕین گەرچی پڕ لە ڕەنج و خەم بوو. دەبێت ئێستا لە کام دارستانی تاریک بە سەرگەردانی بسوڕێتەوە؟ ئاوات و ئارەزوی بوو کە شاژنێ یان پاشایەک ناوێکی شایستەی لەسەر دانێت تا لەو جەستە ترسناکە ڕزگاری بێت، سۆزێک لە من وەرگرێت کە ڕەنگە نەتوانم بۆی بەجێ بگەیەنم، ڕەنگە هیچ کات و ساتێک بە سەرزەمینەکانی باکور شاد نەبمەوە. بەڵام خەمی پێگەورە هەر خەمی خۆی بە تەنیا نەبوو، ئارەزوی ئەو هەموو هاوڕێکانی بوو، کە ناخ و دەروونیان لەگەڵ ئێکتر لە ململانێدابون، تا بە بەردە سپیەکان بەهرەمەند بن.

زەینی وەک پاسارییەکی بزێو ئارامی نەدەگرت، ئۆرا لە دالّغەکانیدا زیندوبۆوە، کە پێیگوتبوو لەگەڵ ئاڤدوور بەرەو ڕۆژاوا دەروات، دواتر

بۆ گەیاندنی پەیامی ڕووناکی بەرەو سەرزەمینەکانی ناوەڕاست دێ. تێۆدلینا دەمێ بوو کەسێکی لە هاوڕەسەنەکانی خۆی نەدیتبوو، بینینی ئۆرا جۆرە سەبوورییەک بوو. بەڵام ئەوەی پێگوتبوو گەر بمبینی پێناچێت هیچت بۆ من پێبکرێت.

ترس دایگرت لەوە تۆقی چی بکات گەر شەڕ و کوشتار سەری بۆ باکوریش کێشابێ، بەهۆی لەشکری دووگیانی سەرزەمینەکانی ئیفلۆرد، دەبێ چ وێرانکارییەکیان لەوێ ئەنجام دابێ. بێئارامی لولی دەدا و وێژدانی سەرکۆنەی دەکرد، کە لەدەمێکی وا ناسکدا دایک و باوک و هاوڕەسەنەکانی جێهێشتوە، سەرەڕای ئەو جێهێڵانەش بوە هۆکاری لەدەستدانی ئێلندیا.

ئازار و بیرکردنەوە بەتەنیا تێۆدلینای پێچ نەدابوو، هەریەکەیان لەژورەکانی خۆیاندا چاویان بڕیبوە بنمیچەکە و خۆیان گرمۆڵە دەکرد، ئەلقین لە کاتێکدا مەشخەڵی ئاگری هەڵپەسارد بە دیوارەکەوە کەم کەم کز دەبو و تەماشای دەکرد , لەبەر سەرما بەتانیەکی بێ ڕەنگ و تەنکی خاکی بەسەر خۆیدا ڕاخستبوو، بیری لە دایک و باوکی پیر و بە تایبەت ئیڤای خوشکی دەکردەوە: ئێستا دەبێت لە کوێ بێت و چی بەسەر هاتبێت؟ سۆزم پێدابوو کە بگەڕێمەوە و لێی دوور نەکەومەوە. ئەگەریش دوورکەوتم , لە هەر شوێنێک بێت بیدۆزمەوە..ئا پێم گوت

کە من ئەو گەردنبەندەم لە گەردنت کردوە، تۆ و هاوڕێکانت لە مەترسیەکان دەپارێزێت. بەڵام هیچ وا دەرنەچوو. هەرچەندە پێیخۆش نەبوو بەڵام بە ترس و لەرزەوە ئەم پرسیارە فکری زیاتر شڵەقاند: دەبێت زیندو بێت , گەردبەندی هێسک و پروسک هەڵگری کلیلی رەش و ترسناک هی کێیە؟ چۆن بیدۆزمەوە؟

نوقمی ئەو راستیە تاڵانە بوو، نەیدەزانی لەکوێوە دەست بەسۆراغی بکا، گەرچی بەڵێنی بەخۆی دابوو هەر دەبێ بیدۆزێتەوە. چەند چار لە گەردنبەندە ئێسکیەکەی ورد ببوو، دەیویست پەیوەندییەک لەنێوان ئەو گەردنبەندە و دێوە چاوسورەکانی نێو ئەشکەوتەکەی نزیک دەریاچەی پەرستگا ترسناکەکە ببینێتەوە، بەڵام هیچی سەوز نەکرد...لەگەڵ ئەوانەشدا تروسکاییەک لەناخیدا هەڵدەبوو، سەرێکی بادا و بە سەرسورمانەوە لەبەرخۆیەوە گوتی:

نازانم بۆچی وا هەستدەکەم ئیڤا لەم دەوروبەرەیە و زۆر لەمنەوە دوور نییە!.

# غونچە گوڵە خوێناویەکان

هەورەکان لەیەکتری نزیکدەبونەوە و بە نمە بارانێ پاییزانە خاکیان لێنک دەکردەوە، زۆری نەبرد تیشکی خۆر کونی کردن و هەموو شتێ قاوەیی و زەرد دەچۆوە، لە چیاکانەوە هەوایەک هەڵیدەکرد و دەیکێشا بەرووی جەنگاوەرە مەشقدراوەکاندا، کە ماوەی پازدە رۆژ بوو راهێنانێ چڕ وپڕیان وەرگرتبوو. ئەوان پەنجا کەس بون و پیزکرابون لە گۆڕەپانەکەدا، سەراپای جەستەیان لە قوڕ ولیتەدا نغرۆ ببوو، بەو خوساوییەی خۆیانەوە هەوا سارد و گەپیدەکەش باوەشی پێدا دەکردن و دەیهێنانەنە لەرزین. لەوێ وەستابون و چاوەرێ بون لە قەڵاکەوە بەرەو چ شوێنێکی دیکەیان رەوانە بکەن، هەموو گوێ قوڵاخ بون، لە دوورڕا جەنگاوەرە سەرپووتە چاو هەنگوینیەکە بە ردێن و سمێڵە ئەستورەکەیەوە هات و لەنێویاندا سورایەوە، بەوردی لە قەڵافەتی دەڕوانین.

ئەلفین و هەتا تێۆدلیناش بە ناچاری بەشداری راهێنان و مەشقەکانیان دەکرد، هەرچەندە لە رۆژانی رابردوو هەڵسوکەوتی ئەلفین لە چاو کوڕ و کیژەکان جیاوازبوو پێچەوانەی هەڵسوکەوتی ئەو سەرزەمینەبوو. ئاخر ئەلفین سەردانی هەموو کەسێکی نەخۆشی لەو قەڵایە دەکرد و نانیشی

لەگەڵ کەسانیکی برسی دابەش دەکرد. ناوی هەموو کوڕ و کچەکانی لەبەر بوو، هەر هەموشیان وەک هاورێیەکی خۆشەویست لێیاندەروانی، هەرچەندە لە شەوە تاریکەکان بۆ پەرستگاکان دەبران، بەڵام هیچ هەست و نەستێکی بەرامبەر خواوەندە دەست تراشەکان نەبوو. ئاخر ئەو و هاورێکانی لە ناو سروشت گەورە ببون، کە بە سەرچاوەی ژین و ژیانیان دەزانی. ئێستاش کە لێی دوورکەوتونەتەوە، هەستیان بە بۆشاییەک دەکرد لە ناخیاندا، بە تایبەت بۆنە خۆشەکانی. بتەکان بۆ ئەوان خواوەندی بێ رەنگ و بێ جوڵە بون.

هەر کەسێک کە پێوستی بەگوێگرێک بایە ئەلفین گوێی بۆ دەگرت و نهێنیەکانی دەپاراست. سەیر بوو لە هەر شوێنێک با ، کوڕ و کچەکان بە گەرم و گوڕی لێی خڕ دەبونەوە.

لە ئاستی جەنگاوەریش لە پێش هەموویان بوو. تیۆدلینا بە وردی چاودێری هەڵسوکەوتەکانی ئەلفینی دەکرد، هەرکاتێکیش ئەلفین هەستی پێکردبا، رووی بۆ شوێنێکیتر وەردەگێڕا، بەو جۆرە مانایەک لە نیگاکانیان بۆ یەکتری پەیدابوو. بە چاوە رەشەکانی لێی رادەما کە بزانێت لە کوێیە و چی دەکات و حەزی دەکرد بە بەردەوامی شان بە شانی بێت. هەستەکانی بەرامبەر تیۆدلینا نائاشنا بەڵام شیرین و بە جۆرێ لە جۆرەکان مانای ژیان و هەستێکی پڕ لە بەختەوەری پێ

تیۆدلینا لەسەر دەستی باوکی هونەرە جەنگییەکانی وەرگرتبوو، بەڵام بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێ، ناچار بوو خۆی وەک ناشارەزایەک پیشان بدا، لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەویست لەبەر هەر هۆیەک بێت لە ئەلڤین و هاوەڵەکانی دابببڕێ و هەریەکەیان فڕێ بدەنە شوێنێکەوە، ئەو بڕوای وابوو بەو شێوەیە دەتوانێ سەرەداوێک لە گرێکوێرەی چارەنوسی ئێلندیا بدۆزێتەوە، کە لە سەرزەمینەکانی سنوری باکور بەرەو سەرزەمینەکانی ناوەراست و باشور رەوانە کرابوو.

ئەوانە بە تەنیا لە رۆژدا مەشق و راهێنانیان هەبوو، شەوان دەرفەتی پشودانیان دەدانێ، بۆیە هامۆند هەر لە یەکەم رۆژییەوە بەهۆی ئەوەی پێشتریش زۆر شتی نەدیبوو، دیمەنی قەرەباڵغی نێو شاری سەرنجی رادەکێشا و ختوکەی دەدا، کە شەوان لە قەڵا بچێتە دەرەوە، ئەو لە ناخەوە متمانەی بە ئەلڤین هەبوو، خۆشی دەویست و زۆرجار تکای لێدەکرد کە پێکەوە بڕۆن، ئەلڤین ئەوەی بەدەرفەت زانی بچێتە دەرەوە و لەرێگەیەوە شتێک لەبارەی گەردنبەندەکەوە بزانێ، بەڵام چەند گەڕان هیچیان نەدۆزییەوە، تەنانەت جارێکیان کابرایەک زۆر لێیان تووڕەبوو: دەزانن ئێوە زۆر پرسیاری ئەو سەرزەمینانە دەکەن، پێتان بزانن خاوەنی سەری خۆتان نابن.

ئەڵقین هەستی بە ئاسودەیی بەرامبەر ئەو شارە نەدەکرد، بەڵام زۆرکردنی هامۆند، نەک هەر ئەو بەڵکو نۆردمەن و تافێن و تیۆدلینا و ئۆرام و ساویلکیشی هاندا، شەوانە تا درەنگانێکی بەرەبەیان لەنێو شاردا بسوڕێنەوە. ئەو شارە پڕ جموجوڵ بوو، هەموو شتێ لەنێویدا تێکەڵی یەکتری بوو، زۆرینەی کوچە و کۆڵانەکان پڕبون لە کەسانی سەرخۆش، زۆرجار ئەو شوێنانە دەبونە گۆڕەپانی پێکدادان و کوشتاری لێدەکەوتەوە. لاشەی کوژراو و مردوەکان خڕدەکرانەوە، لەوێ گۆڕستان نەبوو، بەڵام نە دەسوتێنران و نە پارچە پارچەش دەکران، کەس نەیدەزانی چیان لێدێ و چۆن بزر دەبن. تیۆدلینا دوای سێ رۆژ ئارەزوی بۆ چونە نێو شار نەما، بەردەوام وێنە ترسناکەکانی ئەوێی دەهاتەوە پێشچاو، ناچار شەوانە لەگەڵ ئەڵقین یان تافێن و ئۆرام و ساویلک کاتی دەبردەسەر.

گەر ئەڵقینیش نەهاتایە هامۆند بەزۆرەملێ نۆردمەنی لەگەڵ خۆی دەبرد، لەو کوچە و کۆڵانانە گوێیان لەزۆر شتی سەیر و سەمەرە دەبوو، بەرەبەیانێک لەنێو کۆڵانێکی تەسک و خەماویدا بەرەو قەڵای هەڤسار هەنگاویان دەنا، پیاوێکی باڵابەرزی نورانی لەپڕ هاتەسەر رێیان، وێستیان لابدەن و تێپەڕن، بەڵام پیاوەکە لەسەرخۆ گوتی: دنیا راست و تەخت نییە، بەڵکو خرپە و بەدەوری خۆی و خۆریشدا

دەسورێتەوە، بڕۆن بۆ سەرزەمینی باکور کە لێی بێبەشکراون، لەوێ نهێنیەکان بدۆزنەوە، کریستاڵەکان هەموی لەوێن..

هەردوکیان لەو قسانە سەرسام بون و تێنەگەیشتن مەبەستی چییە، لای ئەوان دنیا راست و تەختە و لەسەر شاخی گامێشێکی گەورە سەقامگیربووە، هەردوکیان دەیانزانی گوتنەوەی قسەکانی ئەو کابرا نورانیە، مەرگی بەدواوەیە، بۆیە گوێیان نەدایە و وێستیان تێپەڕن، بەڵام کابرای نورانی پڕی دایە دەستی هامۆند و کریستاڵێکی جوان و درەوشاوەی خستە دەستییەوە و لێی دووبارەکردەوە: بەرەو سەرزەمینەکانی باکور و بەندەری ئاواتەکان بڕۆن، سەرەتای ون بدۆزنەوە.

پێش ئەوەی شتێ بڵێن، کابرا لە بەردەمیان بزربوو، هەرچەندێ تەماشای دەوروبەریان کرد، هیچیان نەبینی، تەنیا سەیری کریستاڵەکانی ناودەستی خۆی کرد و نۆردەمەن بە سەرسورمانەوە گوتی: هامۆند دەبێ ئەوە چی بێت؟

- نازانم دەبێ پیشانی ئەلقینی بدەم، زۆر جوانە، بەڵام ئەو باسی سەرزەمینی باکور و بەندەری ئاوات و سەرەتای ونی کرد..نازانم گوتیشی کریستاڵەکان لەوێن، تێنەگەیشتم مەبەستی چی بووە!.

کریستاڵەکە یەکجار درەوشاوە و جوان بوو، بەپەلە شاردیەوە چونکە

ئاشکرابونی شتێکی وا سەریان دەخوات، بەپەلە لە شار دەرچون و بەرەو قەڵا هاتنەوە، یەکڕاست چونە ژوری ئەڵفین و لەخەویان بێدارکردەوە، چیان بینیبوو، بیستبوو گێڕایانەوە. ئەڵفین سەری لێشێواببوو، خەو هێشتا چاوەکانی بەرنەدابوو، بەڵام کە کریستاڵەکەی بینی خەو لە چاوی تۆرا و سەرسام بوو: نازانم بەڵام با پیشانی تیۆدلینای بدەین، ئەو رەنگە شتێکی لەبارەوە بزانێ، لەبیرتانە پێش گەیشتنمان بۆ شار لەنێو ئەشکەوتەکەدا شتێکی بەتامی داینێ لەنێو بابەتێکی ئاوەهادا بوو.

تیۆدلینا ئەو بەرەبەیانە لەخەو هەستا، هێشتا خۆڵەمێشەکەی لە رومەتی نەدابوو، لە ژورەکەی هاتە دەرەوە یەکسەر ئەوانی بینی، گەلێ جوان و سەنجراکێش هاتە پێشچاویان، بەلایەوە سەیر بوو: چیبە خێرە بەو بەرەبەیانە لەبەرامبەرم راوەستاون؟!

هامۆند بە ئارامی پێیگوت: دەنگت نەوی بکە، با کەس گوێی لێمان نەبێ.

سەری سورما: دەی زووین چی بوە؟

هامۆند کریستاڵەکەی دەرهێنا و پیشانی دا: پیاوێکی سەیر و سەمەرە پێیگوتین دنیا خرپە و لەدەوری خۆر دەسورێ، برۆن بۆ سەرزەمینەکانی باکور و بەندەری ئاواتەکان، سەرەتای ون بدۆزنەوە،

هەموو کریستاڵەکان لەوێن.

تیۆدلینا وەک ئەوەی هەورەبروسکە لێیدات، ئاوەها شڵەژا، ئیدی زانی کە ئەم کریستاڵە لە سەرزەمینەکانی باکورەوە هاتوە بە دەستی یەکێ لە رەسەنە نایابەکان، سەری سورما نەیزانی چ وەڵامێکیان بداتەوە، کەمێ بیری کردەوە خەیاڵی بۆ ئۆرا چوو کە لەگەڵ ئافدوور بەرەو سەرزەمینەکانی رۆژاوا رۆشتوە، تا رادەیەک دڵنیابوو کە ئەو کەسەی هەریەکە لە هامۆند و نۆردمەن بینیویانە ئۆرا بوە، ئەوەشی بۆ روونبۆوە هەر کەسێ کریستاڵ هەڵگرێ و ئەو جۆرە قسانە بکا دەکوژرێ، لەبەرئەوە گوتی: نازانم چیبە، زۆر لەو شتە دەچێ کە پێیدەڵێن کریستاڵ، ئەوەی تافێن لەگەڵ خۆی هێنابوی و هەنگوینتان تێدا خواردەوە، وەک شتێکی بەنرخ دەپارێزرێ و پێویستە لە شوێنێک بشاردرێتەوە نابێ کەس هەستی پێبکات، ئەگەر نا هەموومان دەکوژن، ئێستاش بڕۆن و باسی ئەم شتە بۆ کەس نەکەن.

قسەکانی تیۆدلینا بۆ ئەوان دڵخۆشکار نەبوو، بەڵایانەوە سەیر بوو تیۆدلینا بەو شڵەژاوییە وەڵامی دانەوە.هامۆند ئەوە لە مێشکی چەسپی، کە پێویستە ئەم کریستاڵە و شوشەکەی تافێنیش لە شوێنێکدا بشارنەوە، خێرا چوە لای تافێن و لێیوەرگرت بە پاساوی ئەوەی کە جێی مەترسیە. هامۆند لەگەڵ نۆردمەن پێش ئەوەی بچنە

مەیدانی مەشق، چونە دەرەوەی قەڵا و لە شوێنێکی چۆڵ لە بن دارێکی بەتەمەن کریستاڵ و شوشەکەیان کرد بە ژێر خاکەوە.

زۆر شەو نۆردمەن و هاوڕێ بەدزییەوە لە قەڵا دەردەچون بۆ ئەوەی کابرا نورانیەکە بدۆزنەوە، بەڵام گەڕانەکەیان بێهودە بوو، لە هیچ شوێنێک لە ناو شار و کوچە و کۆڵانە پیس و پەلۆس و تەسک و تاریکەکان سۆراغیک لەو پیاوە نەناسراوە نەبوو. ئێستاش دوای تێپەڕبونی شەو و رۆژە ساردەکانی پایز، لە ناوەندی گۆڕەپانی قەڵا بە ڕێز راوەستابون کە کامیان بۆ دەستە جەنگیەکان یان شوێنێکی تر هەڵدەبژێردرێن. ئیدی پازدە رۆژی مەشقیان بەڕێکرد و چاوەڕێ بون ئاخۆ کامیان هەڵدەبژێرن بۆ پلەی جەنگاوەرێکی شیاو.

جەنگاوەری سمێڵ ئەستور شمشێری ڕاکێشا و خستیە سەر شانی چەند کەسێ و جیای کردنەوە، ئیدی ئەوە ئاماژەیەک بوو، کە ئەوانە کەسە خوازراوەکانن و لەڕیزی جەنگاوەرە بەدەستەکان هەژمار دەکرێن. نۆردمەن یەکێ بوو لەوانە لە پێش هەمویانەوە خرانە لای دەستی ڕاستەوە، ئەوجا نۆرەی ئەلڤین و هاوڕێدە قوت و دەیان کەسیتر هات. هێشتا تێۆدلینا و تاڤێن و ئۆرام و ساویلک و بیست کەسیتر مابون، بەڵام تەنیا پێویستیان بە دە نەفەری دیکە هەبوو. ئەوەندەی کە جیاکرانەوە بەس بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ چەندین نەفەری

دیکەدا پێشتر دەستنیشانکرابون، هێزێکی پێنجسەد کەسی پێک بێنن بۆ کارێ تایبەتی میرغەزەب و هەڤسار، پاشماوەکانیشیان بۆ بەجێگەیاندنی کاروبارەکانی نێو قەڵا دەهێڵاوە. جوداکردنەوەی ئەم کەسانە لە یەکتری دڵەڕاوکێ و نیگەرانی خزاندە دڵیانەوە، تێۆدلینا لەهەموو کەسێ زیاتر بێتاقەتی پێوە دیاربوو، ئەڤینیش دڵی توند ببوو، دەترسا هەریەک لە تێۆدلینا و تاڤێن لەنێو قەڵاکەدا بهێڵنەوە، چاوەڕێی هەواڵێکی خەم ڕەوێن بوو تا لەناکاو شمشێر خرایە سەر شانی تاڤێن و لەڕیزەکە هێنرایە دەرێ، بەدوای ئەودا تێۆدلینا و هەشت کەسیتر، وەک ئەوەی دەمێ بێ یەکترییان نەدیتبێ، بەوجۆرە بەچاو تەماشای یەکتریان دەکرد و بە زەردەخەنەوە پێشوازی لێکردن. ساویلک و ئۆرامیش چاوەڕێ بون، بەڵام جەنگاوەرەکە تەماشایکردن و بە سەر بادانێکەوە پێیگوتن: ئێوە نەک هەر بە کەڵکی جەنگاوەریی نایەن، بەڵکو بەدەردی هیچ ناخۆن، دەی خێرا زووبن بڕۆن بۆ لای خواردنگە و عەمبارەکە، پەلە بکەن و لەوێ چاوەڕێ بن تا بزانین دواتر چیتان لێبکەین.

ئۆرام وەختە بوو لە خەمان دڵی بوەستێ، بەتایبەت جوداکردنەوەی لە تاڤێن پەرێشانییەکی گەورەی لەدەروندا بەرپاکرد، تا ئەو کاتەش دەرفەتێکی بۆ نەڕەخسا لای تاڤێن پەرێزی خۆی پاک بکاتەوە،

بەهۆی مەرگی پیرەمێردەکەوە بەردەوام بە نیگەرانیەوە لێیدەپوانی و زۆر بە زبری قسە و توانجی تێدەگرت، ڕقێ لە دڵیدا کۆپەی سەندبوو، بەپێچەوانەی ئۆرامەوە کە دنیایەک سۆز و خۆشەویستی بۆ هەڵگرتبوو، بەناچاری لەنێو دڵی خۆیدا حەشاری دا بۆ کات و ساتێکیتر گەر تەمەن مەودای بدا. بەهەمانشێوە نارەحەتی، سیمای پێکەنیناوی ساویلکیشی گرت و بۆ یەکەمینجار فرمێسک لە چاویدا بینرا، تەماشای دەکردن وەک ئەوەی ماڵئاوایی یەکجارەکی لە یەکتری بکەن، ئۆرام چاوی بڕیبە چاوی تاقێن و هێندە بەگەرمی لێیڕوانی تاقێن شڵەژا دڵی خورپەی کرد، دەمارەکانی خرۆشان و بە ئاشکرا ئەو سۆزە بەتینەی لە سیمای ئۆرامدا دەخوێندەوە، هەستێکی نوستوی لە قوڵایی تاقێندا بێدار کردەوە، نەیدەزانی بۆچی وا لەو دابڕانەدا نیگاکان هێندە گەرم دەبن، ئاسمانی دڵ گەنج و سەرزەمینی دڵ پڕ لە غونچە گوڵە نەپشکوتووەکان بە هەورە ڕەشەکان و فرمێسکی غونچەکان خەملێندران , هەر چەندە توڕە بوو , بەڵام ئیتر خۆشەیستی بەرامبەر ئۆرام هەستێکی خرۆشاو بوو کە تا ئەو چرکەساتە دانی پێدا نەنابوو، لە پێش چاوە توڕەکانی، دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی بێدەنگ خۆی حەشار دابوو. بە چاوە فرمێسکاوییەکانی کە هیچ توانای تەماشکردنی ئۆرامی نەبوو، بە ناچاری و دڵێکی سیخناخ لە ئێش و ئازار و خەم و

نیگەرانی رووی وەرگێڕا و دواتر بۆ ئەوەی نەیبینێتەوە، چاوی خستە سەر زەوییەکە.چارەیان نەبوو، ناچار بون بەرەو خوارنگە و عەمبار شەقاو نێن، بەڵام لە ناکاو دەنگی شەپور و هاواری ئاڵۆزی پر لە ترس و دڵتۆقێنەر بەرزبۆوە و دەنگێ گەلێ بەرز هاواریکرد: هەڤساری گەورە و میوانەکانی هاتن...سەرتان نەوی کەن.

مەشقدەر کە تا ئەو کاتە گەلێ لوتبەرزانە، مامەڵەی لەگەڵدا دەکردن، شڵەژا و بەترس و لەرز و پەلە پەل وەخۆکەوت، بەدەستەکانی ئیشارەتی دەکرد: بکەونە سەر چۆکان...هەموتان دەی زوو سەرتان نەوی کەن.

بەخۆی کەوتە سەر چۆک، وەک بتێک بە زەویدا چەقێنرابێ، بێ جوڵە نقەی لەخۆی بڕی. هەموو بەدویدا سەریان خوارکردەوە، دەیان سوارۆ و گالیسکەی رەنگاورەنگ خۆیان بەنێو قەڵادا کرد، بێئەوەی ئاوڕ لە کەس بدەنەوە، بەلای ئەلقین و هاوەڵەکانیدا تێپەڕین، ئەمانیش دەرفەتیان هێنا بە وردی لەژێرەوە تەماشایان کردن، ژن و پیاو تێکەڵ بون، جلوبەرگێ ڕەش و خاکستەری و سوریان پۆشیبوو، کەوشەکانیان چەرمی ئاژەڵە کێوییەکان بوو، بە شمشێر و قەڵغان و گۆی بەزنجیر خۆیان چەکدار کردبوو، هەریەکەیان گەردنبەندێکی لە ملی ئاڵاندبوو، بە لوت بەرزییەکی بێئەندازەوە دەجوڵانەوە، وەک ئەوەی تەنیا

ئەوان هەبن و لە ئاستی خواوەندا بن، پاسەوانەکانیش بەشلّەژاوی بەشوێنیاندا غاریان دەدا، شانۆگەرییەکی پڕ لە درۆ و فرت و فێڵ، تاریک پەرستان بە زمانی شرینی ناخ دۆزەخ بە درۆ و قسەی بەتاڵ، قوربان قوربان و گەورەم گەورەم هەمیشە ویردی سەر زاریان بوو، هەموو کەس ڕێی چۆڵدەکرد و لەبەریان دەچەمایەوە، تەواوی کوڕ و کچی نێو بیناکان هێنرابونە دەرێ بۆ پێشوازی، ترس لەناوچەوانیاندا نەخشی کردبوو، دەلەرزین و دامانی ئافرەتەکانیان ماچ دەکرد. پاسەوانەکان بەسەر قەڵاکەدا دابەش ببون، هەر چەند نەفەرێکیان دەچونە ژورێکەوە، دیار بوو بەپێی ئەو هاتنەیان، دەستکەوتی گەورەی جەنگەکانیان دەگواستەوە، دوای ئەوەی لە سەرزەمینە دوورەکان چەندین هێرش و پەلاماری سەرکەوتوانەیان دابوو، بەدەیان گالیسکەی پڕ کەلوپەل کران بەناو قەڵادا و بەپەلە ڕووەو عەمبارە تایبەتەکان بەڕێخران، ئەوانە عەمباری خودی هەڤسار بون، کە بەشی سەرەکی عەمباری میرغەزەبە. ئەو عەمبارانە لەوەی گشتی جیابون، خەڵک بەهیچ کلۆجێ بەشی لەو دەستکەوتانەدا نەبوو. ئەڤین و هاوەڵەکانی تا ئەو کاتە لەسەر چۆک بون، لەو کەین و بەینانە تێنەدەگەیشتن و لەنێو ئەو ئاپۆرەیەدا نەیانزانی کامە هەڤسار و کامە (سایە)ی کچە بەناوبانگەکەیەتی. جەنگاوەری مەشقدەر بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە

شانازیکردنەوە هەستایە سەر پێ و گوتی: هەڤسار و سێ کوڕ و سایە خانـ ی کچی و میوانەکان گەیشتن، تا چەند رۆژێتر لێرە دەبن، بۆیە تا مانەوەی ئەوان مەشقمان نابێ، ئیتر نۆرەی مەی نۆشین و سەفا و کەیف و خۆشییە. ئێستا دەڕۆین چونکە کارمان زۆرە، دەبێ لەناوەندی گۆڕەپان ئاگرێ هەڵکەین و مەی لە عەمبار بێنینە دەرێ..سەما و خۆشی دەستپێکرد..دەی با بڕۆین.

ژورەکان پڕبون لە جەنگاوەرەکان، ئیدی جێی ئۆرام و ساویلک نەما، هاتنی هەڤسار و میوانەکانی هەستێکی بەوان نەبەخشی، ئارامی و خەمڕەوێنیەک بخاتە دەروونیانەوە، بەڵکو قورساییەک کەوتە سەر سنگیان بەهێندەی ئەو جموجوڵ و شایلۆغانەی نێو قەڵاکەی گرتبۆوە. جەنگاوەرەکان زەردەخەنە و پێکەنین لێویانی بەجێ نەدەهێشت، پێدەچوو ئەو مەراسیمە پیشەی هەر کاتێکیان بوبێ، کە هەڤسار خۆی بەنێو قەڵاکەدا دەکرد. تاقێن تەواو بێزار بوو، دڵەکوتە گرتبوی وەک ئەوەی هەستکات رۆژێ یەکجار ڕەش چاوەڕێیانە، خەم بەیەکجاری بارگەی خستبوو، سەرنجی دا زۆرینەی کچەکانی نێو قەڵاکە ترس ڕوخساری تەنیبونەوە و یەک بەگوێی یەکدا دەچرپێنن، هەندێکیشیان فرمێسک دەتەزییە چاویانەوە. ئەڤین بە سەرسورمانەوە لەو دیمەنە رادەما، شڵەژا قسەی کیژی گەرماوەکەی وەیاد هاتەوە (ئاگاتان لە

ئافرەتەکانتان بێ). کاتێ لەو حەشاماتە ورد دەبۆوە، دەیزانی هیچی پێناکرێ، بەڵام زەینی بۆ خراپ و خراپتر دەچوو، دواتر سەری بادەدا بەو ئومێدەی خەیاڵەکەی لەجێی خۆیدا نەبێ. تێۆدلینا لەهاتنی هەڤسار و میوانەکانی، پەردەیەکی ڕەش بەسەر چاویدا هات، بیری بۆ دنیایەکی پڕ لە ئاشوب دەچوو، هەرچەندێ دەنگی پێیەکان لە ژورەکان نزیکدەبۆوە، سایەیەکی قورس قەڵای دادەپۆشی، کەس شتێکی نەبوو لەبارەوە بیڵێ، لەسەرخۆ دەم وچاویان شوشت، بەڵام هەموو خەمبار و تووڕە، جۆرێ لە پەشیمانی لە سیمایاندا ڕەنگی دابۆوە. تاڤێن چەندێ لە ساویلک و ئۆرام دوور دەکەوتەوە، ئازارێ زیاتر بست بە بستی جەستەی داگیر دەکرد، ئاخر لەدوای دایک و باوک و خوشک و براکانی، لە گوندەکەی خۆیان تەنیا ئەو و پیرەمێردەکە و ئۆرام بە زیندویی دەرچون، هاوڕێی سەفەرە توشەکەی یەکتری بون، کەچی لە ناچاریەکدا لە سەرزەمینێکی نامۆ لە یەکتر دادەبڕێن و تەنیا دەمێنێتەوە. هەستی بە نامۆیی و تەریکبونێ زیاد لەرادەی دەکرد، هیچ کاتێ هێندەی ئەو وەختە تامی تاڵی بێدەسەڵاتی خۆی نەچەشتوە. لەدەرگای هۆڵەکە درا، بیست لە جەنگاوەرەکانی هەڤسار وەستابون و یەکێ لە پشتیانەوە دەڕۆشت، هاتە ژورێ و ئێسک و پروسک بە گەردەنیانەوە شۆڕ ببۆوە، کەللەی ئاژەڵێ ترسناکیشیان

،ابوه سەریان، چاویان سور بە رەسەنی مرۆڤ نەدەچون، لەناوەندی هۆڵەکە وەستا و هاواریکرد: وەرنە دەرەوە...زووبن.

تاڤێن بە هەراسانیەوە گوتی: ئەمانە کێن و چیان دەوێ؟

لەگەڵ تیۆدلینا زەندەقیان چوو، ئەو هاوارە پەیامێکی ترسناک بوو سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنوسیان، وای بۆ دەچون کە هەواڵی رووداتی کارەساتێکی دڵتەزێنیان پێدەدەن. ئەڤین وتوردمەن وهامۆند شڵەژابون، سەردانێکی ناکاو بەڵام ئەوەی زیاتر ترساندنی، بێپەروایی ئەو جەنگاوەرانە بوو کە بە ئارەزوی خۆیان دەهاتن و دەچون، بۆیە لە ژورەکانیان هاتنە دەرێ و بێدەنگ وەستان لە چاوەروانی فرمانێکدا. جەنگاوەری پێشیان بەوردی تەماشای دەکردن، بەڵام چاوی زیاتر لەسەر تیۆدلینا و تاڤێن وەستا، یەکسەر شانی هەڵتەکاند: ئێوە هەردوکتان پێ هەڵگرن و لەگەڵم وەرن.

ئەوجا تەماشای هامۆندشی کرد: تۆش وەرە، خێراکەن زووبن.

ئەڤین تورە بوو، هەرچەندە پێشوەختە ئاگادارکرابونەوە کە نابێ پرسیار بکەن، ئەرکی ئەوان تەنیا بەجێگەیاندنی فەرمانەکانە، خۆی راپسکاند و بەتورەییەوە گوتی:

- بۆ کوێ بێن؟

پرسیارێ وا لەو شوێنەدا سەری خاوەنی دەخوارد، بەڵام ئەوان لە

شەپی سەرزەمینە دوورەکان گەڕابونەوە، حەوسەڵەی کوشتنی کەسیتریان نەمابوو، تەنیا ئاوڕێکی دایەوە و بەتوڕەییەوە گوتی: بۆ خۆشی و کەیف و سەفا، دیارە زۆر گێلیت وا نازانی؟

ئاشکرابوو گەر نەشڕۆن بەزۆرەملێ دەیانبەن، چونکە ئەمانیش وا فەرمانیان بەسەردا دابون. ئەڵقین و نۆردمەن وێستیان رێیان لێبگرن، جەنگاوەرەکان شمشێریان لە کێڵان هێنایە دەرێ و ئەوی پێشەوەیان گوتی: نەجوڵێنەوە، گەر نا هەموتان هەر لێرە دەکوژرێن و لە ناوەندی ئەو قەڵایەش زیندەبەچاڵ دەکرێن، ئێستاش زوو بڵاوەی لێبکەن تا لەسەر کوشتنتان بڕیارم نەداوە.

ئەڵقین تێگەیشت هەر جوڵەیەک لەلایەن ئەوانەوە، کوشتنی هەموان بەدوای خۆیدا دێنێ، لێوەکانی دەکرۆشت و لە نۆردمەن راما، لەتاو بێدەسەڵاتی و ناچارییەکی کوشندەدا وەختەبوو دڵی لەلێدان بکەوێ، هەرچەندێ سەرنجی تێزدلینا و تاڤێنی دەدا، بە ئاشکرا ئەو تکا و پاڕانەوەیەی دەخوێندەوە، کە داوایان لێدەکرد لەو ساتەوەختە ناسکەدا دەستبەرداریان نەبن، دەرونی شەقار شەقار دەبوو، ڕووی وەرگێڕا بۆ ئەوەی شاهێدی بردنی هاوەڵەکانی نەبێ بەرەو چارەنوسێکی نادیار، دنیا لە پێشچاوی تاریک بوو، لەوەش دڵنیابوو کە بەهەر شێوەیەک بوە، دەبوو شتێ بکا چ چاک بێ یان خراپ، گرنگ نییە بەلایەوە ،

بۆیە بێ بیرکردنەوە خۆی فڕێدایە نێویانەوە و وێستی تێۆدلینا لەژێر دەستیان دەربێنێ، بەڵام لەچەندین لاوە گورزی بەرکەوت و بەبێهۆشی کەوتە سەر زەوی. نۆردمەن و هامۆندش لەو دیمەنە سەرسام بون، هەمارەکانیان گرژ بوو، خۆیان ڕاپسکاند بەرەو هێرشبردن، بەڵام بەزووبی شمشێریان لێڕاکێشان و شمشێرێکیش خرایەسەر گەردنی ئەلفین و هاواریانکرد: یەک هەنگاویتر بێنە پێشەوە، کۆتایی بەژیانی دێنین.

تێۆدلینا حەپەسا بوو، دەرکیکرد گەر زوو هەنگاوێ نەنێ، لێرەدا کۆتایی بە ژیانی هەمویان دێ، بەدەنگێکی لەرزیوەوە هاواریکرد: نە... نە...مەیکوژن، لەگەڵتان دێم.

نۆردمەن و هامۆند لەجێگەی خۆیان چەقین، تێۆدلینا بەدڵێکی پڕ لە کوڵەوە ڕوویکردە جەنگاوەرەکان: تکایە واز بێنن...لەگەڵتان دێم. شمشێرەکانیان لەسەر گەردنی ئەلفین هەڵگرت، دەستی تێۆدلینا بە تاقێن و هامۆندیان گرت و خستنیانە پێشی خۆیانەوە، تێۆدلینا پێشنەوەی لە هۆڵەکە بچنە دەرێ، سەری سوڕاندەوە تەماشای ئەلفینی کرد، بەڵام لە پشتەوە پاڵێکیان پێوەنا بەرەو پێشەوە، لەوێشەوە بۆ قاتی دووەم شۆڕبونەوە و دواتر گەیشتنە گۆڕەپانی قەڵا، ئەوجا بەکراست بۆ کۆشکی گەورە کە دەکەوێتە گۆشەی باشوری ڕۆژهەڵاتی

قەڵاکەوە . بەڕازاوەیی کۆشکەکەدا دیاربوو کە هەڤسار لەوێ دادەنیشێ، هەر لە دوورڕا دەنگ و هاوار و قاقای پێکەنین دەبیسترا. کاتێ بەرەو ئەوێ دەبران ئەوجا دەرکیکرد تەنیا نین، بەڵکو بەدەیان کیژی دیکە، کە لە تاو ئاوارەیی و بێحاڵی پەنایان بۆ ئەوێ هێنابوو، بەرەو کۆشکی هەڤسار بەڕێدەخران. ئاپۆرایەکی نائاسایی لەنێو قەڵاکەدا جمەی دەهات، کچە تۆقیوەکانیان جودا کردەوە و یەکڕاست رەوانەی ژوورێتر کران، هامۆندش لەدەرگایەکی دیکەوە بەرەو دەروازەیەکی زۆر گەورە برا، بەپێچەوانەی شوێنەکانیتری قەڵاوە، هەمووی لە بەردی مەرمەڕی ڕەش نەخشێنرابون، ژمارەیەک پەیکەر و مافوری سەرنجڕاکێشیش لەوێڕا دانرابون، یەکێ لە جەنگاوەرەکان بەتوڕەییەوە گوتی: لێرە مەجوڵێ و چاوەڕێکە تا بانگ دەکرێیت، تێگەیشتی؟

هامۆند بەڕاستی لەهیچ نەگەیشت، پێش ئەویش تاقێن و تیۆدلینا و کچەکانیتر بەئاراستەی هۆڵێکی گەورە بران، کە بنمیچەکەی بە ئەستووندی مەرمەڕی زۆر پان ڕاگیرابوو، بەدەیان پەیکەری جۆراوجۆر داتاشرابون، پڕ بوو لە مێز و کورسی و جێگە و بان، ئاگردانێکی گەورەشی تێدابوو، چەندین مەشخەڵ هەڵواسرابون، هەرچەندێ چاویان دەگێڕا چ تابلۆ و نیگارێکیان نەدەدیت، هەروەک لەهیچ سوچێکی ژورەکەشدا گوڵ و گوڵزارێ نەدەبینرا، ئەو دەمە تیۆدلینا بیری

هاتەوە کە ئەوان لە سەرزەمینێکدان نە گوڵی تێدا دەپشکوێ و نە هەنگیش دەتوانێ لەوێدا هەنگوین بەرهەم بێنن، ئەوان کاتێ پێیان نایە سەرزەمینی میرغەزەب، تەنیا قەڵەڕەشەکانیان بینی کە پڕ پڕ لەسەر لقی دارە وشکهەڵاتووەکان هەڵتروشکابون. پەیکەرەکانیش ی جوانکارییەکیان تێدا ئەنجام نەدرابوو، ئەوانە خواوەندەکان بون، هەریەکەیان بۆ مەبەستێ دەپەرستران، ئەوەی سەیر و سەمەرە بوو بەلای تێڕدلیناوە، فرۆشتنی خواوەندەکان بوو تا یارمەتیدەر بێ بۆ کاروبارەکانی کڕیار. دوان لە پەیکەرە گەورەکان لەسەرەوەی هۆڵەکە دانرابون. لەوێ لەسەرەوەی هۆڵەکە پیاوێکی باڵابەرز و سەر و گەردن گەورە کەوای دەنواند، هەر ملی نەبێ، چاوەکانی سوور و گەورە، روخسارێکی ترسناکی بەخاوەنی بەخشیبوو. لە دەروبەریشیدا دەیان پیاو و ئافرەتی نیوەڕووت بەسەر تەختەکانی شاهانەوە پاڵیان دابۆوە، مەییان دەخواردەوە و پیاوەکان وەک گورگی برسی لە کچەکانیان دەڕوانی، ئەمانیش بێچارە لەجێی خۆیاندا هەڵدەلەرزین، ئاخر ئەوان بەنیازێ گەلێ جیاواز لەمەی ئێستایان پەنایان وەبەر سەرزەمینی میرغەزەب هێنابوو. بەدوای کچەکاندا پەنجا جەنگاوەریش هێنرانە هۆڵەکە، کە لەو ئاوارانە بون لەتاو شەڕ ڕوپانکردبووە ئەوێ، دەنگێ هاواری لێکردن: بیانهێنن..بابێن.. کەیف و سەما بکەین.

پاڵ بە کوڕ و کچەکانەوە نرا و بەرەو پێشەوە چون، هەر چەند کچێ بەسەر پیاوەکانی هەڤساردا دابەشکران و کوڕەکانیش بەسەر کچەکاندا، پەیتا پەیتا دەنگێکیش هاواری دەکرد: دەی زووبن..شەراب بێنن.

ئیدی دەروازە کرایەوە و بۆشکە مەی و شەراب کرا بە ژوردا، جامەکان لێوانلێو کران، دەهۆڵێ لە پێستی گیانەوەر خۆشە کرابوو، گرمەی لێ بڵند بۆوە، لەگەڵیدا کۆمەڵێ کچی سەماکار هاتنە نێوەندی هۆڵەکەوە. گەنجێ تەمەن هەژدە بەهار لە سەرەوەی هۆڵەکەوە نزیکی پیاوە چاوسورەکە دانیشتبوو، بەکەسێ دەسەڵاتدار دەچوو، باڵا بڵند و چاو خورمایی و قژێ درێژ تا سەرشانی هاتبوو، ردێن و سمێڵی بەرنەدابۆوە، رەزمی پۆشیبوو، بەروخسارە ماندوەکەی دەریدەخست کە تەمەنێکی زۆری لە شەڕدا بەرێکردووە. تێۆدلینا بەرەو لای ئەو کێشکرا، زۆر تەماشای نەکرد، تەنیا جامێکی بۆ نزیککردەوە و بەبێدەنگی لەجێی خۆی دانیشتەوە. تێۆدلینا زەندەقی چوبو، نەیدەزانی چارەنوسی ئەڤین بەکوێ گەیشتوە، دەترسا لە تێکەڵبونی لەگەڵ رەسەنی مرۆڤ، زۆر وریا بوو کە توشی هیچ بریننێ نەبێ تا رۆشنایی جەستەی بەرچاوی کەس نەکەوێ و ئاشکرا نەبێ کە سەر بە رەسەنێکی دیکەیە. هەرچەندە لەوێ لە سەما و شادییەکدا بون، کەس ئاگای لە جوانی و

سەرنجڕاکێشی تێۆدلینا نەمابوو. بۆنی جەستەی پیاو و ئافرەتەکان تێکەڵ بە بۆنی گۆشتی برژاوی گیانەوەرە نەناسراوەکان ببوو، تێۆدلینای کاس کردبوو، گیان و جەستەی خستبوە ئازارێ زۆرەوە، باوکی پێشتر پێیگوتبوو کە ئەوێ سەرزەمینێکە بەپێچەوانەی گیان و دەرونی ئەوان بەرێوە دەچێ. هەستایە سەر پێ و جامەکەی پڕ کرد لە مەی، بە نیگەرانیشەوە چاوی بۆ تاقێن گێڕا، تا لە پەنایەکدا بەدیکرد، لە نزیکی پیاوێکی بە سالاچودا دانرابوو، بە پێکەنینەوە دەستی تاقێنی رادەکێشا بۆ ئامێزی خۆی، مەست ببوو هاوسەنگی لەدەست دابوو، بەملاوبەولادا لار دەبۆوە، زۆرینەی کچەکانی ئەوێ ئەوە بارودۆخیان بوو، بەزۆرەملێ فرێدەدرانە باوەشی کەسانی نەناسراو، ئیدی دیار نەبوو تا بەرەبەیان چارەنوسیان بەچی دەگات، چونکە لە هەندێجاردا پیاوەکان تووڕە دەبون و بەخەنجەر برینداریان دەکردن گەر نەیانکوشتبان.

ئەم ئاهەنگی کات بەسەربردن و مەی خواردنەوەیە، بۆنەیەکی ئاسایی و پیشەی زۆربەی کاتەکانیان بوە، هەروەختێ گوێبیستی هاتنی کچی نوێ بۆ ناو قەڵا بونایە، وەک گەلەگورگ کۆدەبونەوە و رویاندەکردە قەڵا و لەگەڵیاندا چێژ و ئارەزوەکانی خۆیان خاڵی دەکردەوە. بەتەنیا پیاوەکانیش نەبون بەشوێن چێژ و ئارەزووی جەستەییدا بگەڕێن،

بەڵکو ئافرەتەکانیشیان بۆ ڕاوەپیاو دەهاتن و لەدەوری ئەو کوڕە گەنجانە جەم دەبون، کە تازە هاتبونە نێو قەڵاکەوە، دەیانبردنە ژورەکانی خۆیانەوە و تا بەرەبەیان دەست لەملانێیان دەبون، ئەوجا یان بە کوژراویی یان بەزیندووی بەرەڵایان دەکردن.

لەدەستی چەپی تەلارەکەوە هاوڕند لە چاوەروانیدا وەستابوو، جەنگاوەرێ لەو سەرەوە بانگی کرد: هێی تۆ..تۆ دەڵێم، زووبە پێیەڵگرە.

هاوڕند دڵنیانەبوو بانگی ئەو دەکرێ، تەماشای دەوروبەری خۆی کرد ئەوجا لەسەرخۆ هەنگاوی نا و بەڕاڕەوە پان و بەرینەکەدا گوزەری کرد، گەیشتە لای و لەوێوە هاتە نێو هۆڵی گەورە کە پلیکانەیەکی فراوانی لەسەر بوو، بەشێوەی کەوانەیی دەسوڕاوە بۆ قاتی دووەم، لەوێش دوو دەرگای ئاسنینی ڕەش کە وێنەی شەڕ و جەنگە دێرینەکانی لەسەر نەخشێنرابوو. دوو پاسەوانی سەر و گەردن ئەستور بەجلوبەرگی تایبەتی پاسەوانەکانی هەڤسار وەستابون، شمشێر لە کەمەر و قەڵغان بەدەست، کە وێنەی سەری ئەژدیهایەکی ڕەشی تۆقێنەری لەسەر دروستکرابوو. یەکێکیان بەمۆنیەوە تەماشای هاوڕند کرد: بوەستە تا بانگ دەکرێیت.

هاوڕند سەرسام بوو، ئەو بەتەمای هیچ جۆرە بانگکردنێ نەبوو،

بەشڵەژاوییەوە لەبەردەم دوو پاسەوانەکەدا وەستا، زۆری نەبرد دەرگا کرایەوە، ئافرەتێکی کورتەباڵای پشت کوڕ، چاوێ سور هەڵگەڕاو، ئەویتریشی یەکپارچە تەمێ سپی نیشتبووە سەر گلێنەکانی، بەدەنگێ گرفەوە گوتی: کورە وەرە ژورێ.

هامۆند دڵی توند سنگی دەکوتا، هەنگاوەکانی لەدوای خۆی جێدەما، بەزەحمەتێ زۆر گەیشتە ئەودیو دەرگاکە، هەمان دەنگە گرفەکە هاتەوە گۆ: سەر و کەللەت بەرز نەکەیتەوە، چاوت بکەوە، ئەو چوار سندوقەی نزیک ئاگردانەکە لای تەختەکە دانێ، کە تەواویش بویت ناوەستی، دەچیتە عەمبارەکە و تەختە بۆ ئاگردانەکە دێنیت و ئاویش بۆ ژورێ رادەکێشیت..خێراکە ئیشمان زۆرە.

لەوبەری ژورەکە چاوی بە ئافرەتێکی پەشپۆش کەوت، رووکردە لای سندوقەکان گەڵێ گران بون، بەدەم چونیەوە سەرنجێ زیاتری رەشپۆشەکەی دا، زانی کە ئافرەتێکی جوان و نازدارە و تا رادەیەک لە تەمەنی خۆیدایە، شانەبەدەست و لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، پرچی شانە دەکرد، شتێکیشی بەدەستەوەبوو، کە دەست و پەنجەی ئەژدیهایەکی لەدەور پێچرابوو. رەشپۆشەکە لە ژورێ گەورەدا ئارامی گرتبوو، لەبەردەمی کورسیەکەی تەختێ هەبوو نزیک پەنجەرەیەکی گەورە بەرامبەر سەرزەمینەکانی باشور، دووبارە ئەو شتە دانرابۆوە

کە دەست و پەنجەی ئەژدیها دەپارێزێ. مەشخەڵەکانیش بە زەیت ئاوریان تێبەردابون، لەهەر سوچێکدا دانەیەک هەڵکرابوو. لە پێشی تەختەکە پێستی سێ ورچی ڕەشی نێر گەورە کەوڵ کرابون و دوو پێستەی گورگیش لەبەردەم ئاگردانەکەدا، ئیدی ئەوانە بریتی بون لەهەموو ڕاخەر و مافووڕێ، بەڵام پەیکەری خواوەندەکان لەنێوان چەند هەنگاوێکدا دانرابون. ڕەشپۆشەکە بە ئارامی پرچی شانە دەکرد و تەماشای ئەو شتەی بەردەمی دەکرد و دەچوو بە خەیاڵدا و خەم دایدەگرت، بەهیچ شێوەیەک ئامادەیەکی ژیانی تێدا نەدەما. بێجگە لەم خانم و ئافرەتە پشت کوڕەکە، دوو کیژی دیکەش دوورتر لەدەستی چەپ و ڕاستی ئەو خانمە بێ قسە لە ڕاسەرییەوە وەستابون، هامۆند سەری بەرزنەکردەوە بەڵام تەواوی ئەوانەی لە چاوتروکانێکا بەدیکرد. سندوقەکان گەورە بون و تاوێ تەماشای کردن کە پەیوەندی بە کاروباری خانمە ڕەشپۆشەکەوە بوو، نهێنیەک کە هامۆند لەو نێوەدا نەیدەزانی، ئەوە بوو هەر کەسێ هاتبێتە ژوری خانمەوە یەکەمجار و دواجاری دەبێ بەزیندویی ببینێ، چونکە دوای تەواوبونی کارەکان، دەستبەجێ لەلایەن پاسەوانەکانەوە لەنێو دەبرا. بۆیە مەرگ هەنگاو بە هەنگاو لە هامۆند نزیک دەبۆوە، قوربانیەکانی پێشوش لەتێروانینی خانمدا پێویست بون، تا نهێنی و ڕازەکانی بە شاراوەیی بمێننەوە.

دەستی بۆ یەکێ لە سندوقەکان دریژ کرد و توند گرتی و بەزەحمەتێکی زۆر بەرزی کردەوە تا لای تەختەکەی هێنا، بەڵام هێندە گران بوو لەناوەندی ژورەکەدا لەدەستی بەربۆوە و بەر عەرد کەوت: ئەوە چیتکرد هەی گێلی بێکەڵک؟

دەنگی ئافرەتە پشت کوڕەکە بوو لەدوایەوە، هاوڕند دڵنیابوو گەر پاسەوانەکان بانگ بکرێن لەسەر ئەم رووداوە، سزای تووندی دەدەن: ناتوانیت سندوقێ بەرز بکەیتەوە؟

دووبارە ئافرەتە پشت کوڕەکە هاواری لێکردەوە، بەڵام ئەمجارە دەنگێ سارد و بێ هەست هاتە بەر گوێی هاوڕند: وازبێنە..بۆچی هێندە هاواری بەسەردا دەکەی.

هەر بەردەوام بوو لە شانەکردنی پرچی و دریژەی بە قسەکانی دا: دیارە تۆش یەکێکی لە کوڕ و کچەکانی سەرزەمینی رۆژهەڵات، وەک هەواڵمان پێگەیشت، جەنگاوەرەکانی میرغەزەب ئایندەتان دەپارێزن و لەناز و بەخششدا نغرۆتان دەکەن، هەی گێل و نەفامینە وایە یان نا؟! هاوڕند بە پەشۆکاوییەوە تەماشای دەوروبەری کرد، زانی ئەو پرسیارە ئاراستەی ئەو کراوە، بە ئەدەبەوە وەڵامیدایەوە: بەڵێ..بەتەنیا نیم.. چەند هاوڕێکیشم لەگەڵدایە.

بەکەسێ دەچوو کە دەمێکە قسە و گفتوگۆی لەگەڵ کەسدا نەکردبێ،

بۆیە بە تامەزرۆییەوە پرسیاری ڕیز کرد: خەڵکی کوێن و بە چ ناوێ ناسراون؟

بەترس و شەرمەوە: خەڵکی گوندی سەروکانین لە سەرزەمینە دوورەکانی ڕۆژهەڵات، دەکەوینە سەر سنوری گورگە برسییەکان.

یەکێ لە کچە کارەکەرەکان لەو پرسیار و وەڵامانە تۆقیبوو، بەدەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: خانم..ئەوە چی دەکەی؟ ناکرێ لەگەڵ ئەم ڕەشوڕوتانە قسە بکەی، ئەوانە کەی شایانی ئەوەن لەگەڵتدا دەم بکەنەوە، تۆ پێشکەشکراوی میرغەزەبی گەورەی، کە ڕەنگە لەم ڕۆژانەدا بۆ کۆشک داوا بکرێیت.

ڕەشپۆش لەو سەرنجە تورە بوو، چونکە زۆرجاریتریش سەرزەنشتی کارەکەرەکانی لەسەر ئەو پرسیار و تێبینیانە کردبوو، بۆیە چیدیکە ئارامی نەما و بەڕوویدا تەقییەوە: من خۆم بڕیار دەدەم شایانی چیم و شایانی چی نیم..ئێستاش زووبن هەموتان لەم ژورە بچنە دەرێ.. لەخۆتان و زمان و بەزم و ڕەزمتان بێزار بومە...

بەپەلە سەریان نەویکرد و بەچاوێکی هەڕەشاوییەوە نیگایان گرتە هامۆند، بە ئاماژە تێیانگەیاند کە پێویستە ئەویش بێتە دەرەوە، هەمویان پاشەوپاش گەڕانە دواوە، بەڵام ڕەشپۆش دەستی بۆ هامۆند درێژ کرد و بەدەنگێکی بەرز گوتی: تۆ بمێنەرەوە..کێ پێی گوتوی

بچیتە دەرەوە.

هامۆند لەجێی خۆی وشک بوو، ئەوانیش بەڕق و دەموچاوێکی گرژەوە چوونە دەرەوە و دەرگایان داخست. هامۆند گەڵێ پەشێوحاڵ بوو، نەیدەزانی چی بکا، دڵی کەوتبوە پەلە پەل لێدان: وەرە پێشەوە.

هەنگاوەکانی شەپرێو ببون تا خۆی گەیاندە بەردەمی، بێئەوەی سەری بسوڕێنێ، ئەو شتەی لەبەردەمیدا دانیشتبوو، رووی وەرگێڕا بۆ بەردەم دەموچاوی هامۆند و گوتی: تەماشاکە، چی دەبینی؟

هامۆند حەپەسا و هەرچەند ورد دەبۆوە سەری لەو شتە دەرنەدەچوو، چوارچێوەیەکی گەورەی بەستراو بە چوارچێوەیەکی دیکەی تەختەوە و لەسەر پنتێکی خڵۆکەیی راگیرابوو، تا بە ئاسانی ئەملاو ئەولای پێبکرێ، ئەو خۆڕسکانە گوتی: کوڕێکی کورتە باڵا و سەرلێشێواو بەرامبەر خانمێکی جوان و ڕەشپۆش دەبینم، بەڵام خانمەکە زۆر خەمبار و بێزارە، لەناخەوە نیگەرانە و چ گەرموگوڕییەکی ژیانی تێدا بەدی ناکەم، بەڵام ئەو کوڕەی لێرەدا دەیبینم، هەمان قسەکانی من بەزاری ئەویشدا دێت، هەرچەندە نازانم ئەوانەی لەنێو ئەو پەنجەرەیەدان کێن، ڕەنگە خەڵکی ئەوپەری دنیابن، بەڕاستی دڵنیانیم.

بەدەست خۆی نەبوو، خانمی ڕەشپۆش زەردەخەنە گرتی، پێدەچوو سااڵنێ زۆر پێنەکەنی بێ، هەستێکی سەیر بوو ڕوخساری کەمی

گەرموگوڕی تێکەوت: ئەوە ئاوێنەیە کە من و خۆتی تێدا دەبینی.

سەری سورما: ئاوێنە...ئاوێنە چییە؟! پشتی خاڵی و تەنکە بەڵام هەموو شتێکی تێدایە و پێدەچێ چاوی بینینی ئەوپەڕی دنیابێ.. تکایە با زماندرێژیی و بێئەدەبی هەر هەمووی پێکەوە نەبێت، بەڵام پێم ناڵێیت چۆن من و خانمێکی جوان و سەرنجڕاکێش ڕۆشتونەتە نێو ئەم ئاوێنەیەوە..خۆ من بەتەنیا بۆ ئەم ژورە هاتم و هیچ بیریشم نایەت چوبمە نێو ئەم ئاوێنەیەوە..ڕەنگە ئاگام لەخۆم نەمابێ و جادوم لێکرابێ!! ئاخر من لێرەم، چۆن دەبێ لەوێ بم؟!

خۆی پێڕانەگیرا دایە قاقای پێکەنین، پێکەنی بە قسە سادە و ڕاستگۆکانی، سەری سوڕاند و بەوردی لێیڕوانی: تۆ ناوت چییە؟

پرسیارێ چاوەڕواننەکراو بوو، بە شەرمەوە وەڵامیدایەوە: من...من ناوم هامۆندە.

- بەڕاست هامۆند دەزانی من کێم و خەڵکی کوێم؟

بەدڵنیاییەوە نەیدەزانی، زەردەخەنەیەکی تێکەڵ بە شەرم دایگرت: نا..نازانم..بەڵام بۆچی لەو کوڕە ناپرسی کە لەنێو ئەو شتەدایە پێیدەڵێیت ئاوێنە..ڕەنگە ئەو پێش من لێرە بوبێ، ئەو باشتر دەزانێ. ئەم قسەیەی هێندە لاسەیر بوو، دووبارە قاقایەکی توند بەربینگی گرت و چاوەکانی بریسکانەوە: ڕاستەکەی..ڕاستە..ڕەنگە ئەو کوڕە باشتر

بزانێ..دەی زۆر باشە..کەواتە برۆ لێی بپرسە بزانە دەزانێ من کێم. هامۆند دووڵ بوو، خانمە ڕەشپۆشەکە بەدەستی ئاماژەی بۆ کرد: دەی هامۆند برۆ لێی بپرسە، بزانە چ دەڵێ؟

لەدووبارەبونەوەی هەموو ساتێکی ژیانی بێزار بوو، ئەوە یەکەمینجاری بوو لەدوای دەورانێکی درێژ ڕووبەڕووی سادەیی و ڕاستگۆیی ناخی کەسێ ببێتەوە، هەروەک خۆشحاڵیش بوو کە زەردەخەنەی بۆ گێڕایەوە و بەهەستێکی ئاشناکردەوە کە دەمێ بوو لێی دابڕابوو، ئەو ماوەیەکی زۆر لە شادی دوورخراوەتەوە، بۆیە کە لە هامۆند دەڕوانی، هەستیدەکرد بەرامبەر کەسێ دانیشتووە، کانییەک لە شادی لەدەرونیدا هەڵدەقوڵێ و بۆ ئەمیش دەرفەتە قومێک لەو کانیە بخواتەوە. هامۆند تەماشایکرد خانمی ڕەشپۆش چاوەڕێی وەڵامە، بەناچاری چوە بەردەم ئاوێنەکە و بەرامبەر خۆی وەستا، خۆی نەدەناسییەوە، شێلگیرانە پرسی: برام من نازانم..بەڵام تۆ دەزانی، پێم بڵێ ئەم خانمە کێیە؟

چ دەنگ و نوزەیەک لە ئاوێنەکەوە نەهات، لەوە دەترسا خانمی ڕەشپۆش تووڕە ببێ، بۆیە لە ئاوێنەکە نزیککردەوە و بەزمانێکی پڕ لە پاڕانەوە لەسەرخۆ گوتی: کورە بۆ وا کەللەڕەقی وەڵام نادەیتەوە.. تۆشی کارەساتێکم مەکە، خۆم بارم لارە با ئەمەشی نەچێتەسەر، وای بەحاڵی هەردوکمان گەر بێدەنگی لێبکەیت..ئیتر ئەوە کەیفی خۆتە و

ئاگادارم کردیت، هەرچییەک بوو خەتای تۆیە.

خانمی ڕەشپۆش لەناخەوە پێدەکەنی، شتی وا سەیر و سەمەرەی نەدیبوو، دواتر بەزەردەخەنەوە تەماشای هاوڕند کرد:وەرە..وەرە پێشەوە.

هاوڕند هەنگاوە لەرزۆکەکانی لە خانمی ڕەشپۆش نزیککردەوە و ڕەق وەستا: گەر تۆ نەزانی ئەویش نازانێ، ئەوەی لە ئاوێنەکەدا دەیبینی وێنەی خۆتە و تۆیت، کەسیتر نییە، ئیدی من ناوم سایە-یە کچی هەڤسارم.

حاڵی پەشێو بوو بەپەلە سەری بۆ نەوی کردەوە و زمانی بەیەکدا دەهات: خانم داوای لێبوردن دەکەم، ئێستا وا هەستدەکەم سەرم بە ئاسماندا هەڵدەفڕێ بەهۆی ئەو قسە و خواستانەی من کردم.. تکایە لێم ببورە..خەتای من نییە، زۆر هاورێیەتی ساویلکم کردوە و واملێهاتوە وەک ئەو قسان دەکەم..بەڵام نا خەتای ئەویش نییە..هەر خۆم وام..بەڵێ هەر خۆم وام و گوناهی کەس نییە.

خانمی ڕەشپۆش ترسێکی زۆری لە سیمای هاوڕنددا خوێندەوە:

- مافی خۆتە بترسیت..چونکە هەر کەس هاتبێتە لای من بۆ ئەم ژورە، دوای تەواوبونی کارەکانی بێسەروشوێنکراوە و جاریتر نەبینراوەتەوە، پێدەچێ چارەنوسی تۆش هەروا بێ.

هامۆند زمانی بەیەکدا دەهات: زۆر شادم بەو هەواڵە خۆشانە...کەواتە ئەمە دوا ساتەکانی ژیانمە..وایە؟!

ئا..وا پێدەچێ.

-ئەوجا دەبێ چی بکەم؟!

- جارێ پەلەم نییە مۆڵەتت نادەم بڕۆیت، تۆ یەکەمین کەسیت قسەی خۆشت بۆ من کردبێ و توانبێتت زەردەخەنە بۆ سەر لێوم بگەڕێنیتەوە..کەواتە ئێستا باس و خواستی هاوەڵەکانتم بۆ بکە.

هامۆند ویستی قسە بکات، سایە پێی بڕی: جارێ بوەستە بابڕۆینە نزیک سۆباکە، لەسەر پێستی گورگەکان دانیشین..زۆرم سەرمایە. چووە ئەوێ و دانیشت..هامۆندش هێشتا لەجێی خۆیدا ڕەق وەستابوو، بە زەردەخەنەوە پێیگوت: هامۆند مەترسێ..گورگەکان زیندو نین تا بتخۆن.

هامۆند لەنزیک سۆباکەوە دانیشت، ئاگرەکەی باش خۆش نەکرابوو، دوکەڵێکی ڕەش بەرز بۆوە، بەڵام بەهۆی ساردی ژورەکەوە، ناچار ببون لە نزیکیدا هەڵتروشکێن.

- ئێ ئێستا باسی خۆت و هاوەڵەکانتم بۆ بکە، لە چ سەرزەمینێکەوە هاتون...چونکە من هیچم نەبینیوە، بە بەردەوامی ژیانم لەنێو چواردیواری کۆشکەکاندا بووە و خزمەتکار و خوڵام هەموو شتێکیان

بۆ کردوم، وەک دەبینی هەر ئاوا ژیانم بەسەر بردوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی باوکم منی پێشکەش بە میرغەزەبی گەورە کردوە، ئەو کاتەی داوام دەکات یەکراست دەبێ پێشکەشی بکرێم.

هامۆند سەری سورما: چۆن پێشکەشی کردویت؟!

- واتە لەوەتەی خۆم ناسیوە، چ مافێکم نەبوە و نییە، بەدرێژایی ژیانم لەنێو چوار دیواردا گوزەراوم و بەتوندی چاودێری دەکرێم، تا شەوێ لە شەوەکان میرغەزەب داوا لە باوکم بکا و منی بۆ بەرێت. ئێستاش ئەوەی نیگەران و بێتاقەتم دەکا، پێدەچێ لە چەند رۆژی ئایندەدا رووبدات، کە مەرگ بەلامەوە گەلێ لەوە ئاسانتر و شیرنترە، لەو رۆژانە دەمبەن بۆ دیوان و کۆشکی میرغەزەب، لەبەرئەوەشە هێنراومەتە ئەم قەڵایە تا ئامادەکاری رۆشتنم بۆ بکرێ.

لەسەرخۆ قسەی بۆ دەکرد، لەگەڵ هەر وشەیەکدا هامۆند کۆمەڵێ ژان و ئازاری تێدا دەبینی، ئیدی بۆی دەرکەوت رەنگ زەردی و ساردی و بێتاقەتی خانمە ڕەشپۆشەکە لە چییەوە سەرچاوەی گرتوە. سایە دەیویست چەندێ لە چرکەساتەکان بۆ هەناسەدان و زەردەخەنەیەک لە ژیانیدا ماوە، بەدوور لە بیر و هزر و خەیاڵە ڕەشەکان بەسەر بەرێ، ئەو ساتە زێڕینانەشی لە ڕستە و سەرگوزەشتەکانی هامۆنددا بینییەوە، بۆیە دووبارە رویکردەوە هامۆند و گوتی: دەی ئێستا واز

بێنە، باسی خۆتم بۆ بکە.

هاوڕێند بە ئارامی دەستیپێکرد: من و هاوەڵەکانم ئەڵقین و نۆردمەن خەڵکی سەرزەمینە دوورەکانی رۆژهەڵاتین، نزیکین لە سنووری گورگە برسییەکانەوە، لەدەڤەرێکدا بووین نەماندەزانی لە شوێن و سەرزەمینەکانیتر چی دەگوزەرێ و چ دەقەومێ. دەڤەری ئێمە شوێنێکی چیایی و جوان و نازدار بوو، پازاوە بوو بە چیا بەرزەکانیەوە، رەنگین بوو بە سەدان گوڵ و مێرگوزاری جۆراوجۆرەوە، دڵکراوە بوو بە بۆنە خۆشەکانیەوە، رەنگاڵەیەکی سەرنجڕاکێش بوو بەدیمەنی سەوز و سور و شین و نارنجی، ئەفسوناوی بوو بە دۆڵ و نهالەکانیەوە، سازگار بەکانی و قەڵبەزەی تاڤگەکانیەوە. ژیانێکی سادە رۆژانەی خەڵکی بەرێ دەکرد، خانوەکان لەدامێنی بەرزاییەکان گیرسابونەوە، هەموو بەهارانێ گەشتە خۆشەکان دەستی پێدەکرد بۆ کانی شەکرە و دۆست و ئازیزان لە یەکتری کۆدەبونەوە.

هاوڕێند بەوردی وێنە بە وێنەی گوندەی خۆی دەگێڕاوە، قۆشمەیی خەڵکەکەی و قسەزلیی زارۆکەکانی و گەمەی کوڕ و کچانی لەنێو باخەکاندا و شەوچەرەی شەوانیان و پێکەنینی گەنجانیان، بەزمێ بون بڕانەوەیان نەبوو، سایە سەرسام ببوو، چاوەکانی هێندەیتر کرانەوە و خەیاڵ دووباڵی پێدەبەخشی بەرەو گوندەکەی هاوڕێند هەڵدەفڕی و ماڵ

بە مالّی بەسەر دەکردەوە.

هاوڕند کە بەو دیمەنانەدا دەچۆوە دڵی تەنگ دەبوو، بێدەنگ رادەمایە بەردەمی خۆی، سایە گوێی لە حیکایەتێکی تەواو نوێ گرت، کاتێ هاوڕند خاموّش دەبوو، بەپەلە خەیاڵ دەیهێنایەوە نێو ژورەکەی خۆی، بە پەرێشانیەوە گوتی: بۆچی بێدەنگ بویت؟

هاوڕند تەماشایکرد: ئەو دەقەرەی بۆم باسکردیت ئێستا هیچی نەماوە، کەوتە بەر شاڵاوی هێزێکی نەناسراو، شەپۆلی مەرگ هات و هەموو جوانییەکی لەوێ راماڵی، ئازیزانمان لە هەناسەدانێکدا بزربون، دایک و باوک و کەسوکارمان کوژران، تەنیا من و ئەلڤین و نۆردمەن ماینەوە، ئەو کاتە ئێمە لە کانی شەکرە بوین، دوور لە گوندەکەی خۆمان، کاتێ هاتینەوە بێجگە لە گوندێکی وێران چیدیکەمان بەرچاو نەکەوت، بەجەستە چەند کەسێ لەو گوندەدا دیار نەبون، لەوانە ئێڤای خوشکی ئەلڤین و هادریانی هاوژینی نۆردمەن....دیارە بێسەروشوێنکراون. تاڤێن و ئۆرام و ساویلک هەر خەڵکی سەرزەمینەکانی لای ئێمەن، بەڵام تێۆدلینا لە ئێمە جیاوازە، ئەو بۆ ئێمە نەناسراو بوو، بەپێی قسەکانی خۆی خەڵکی گوندێکی بچکۆلەی سەرزەمینەکانی باکورە. ئێستا من و تێۆدلینا و تاڤێن لێرەین و بەرۆرەملێ هێنایانین بۆ سەما و خۆشی، ساویلک و ئۆرام بۆ خوارنگە و عەمبار، ئەلڤین و نۆردمەنیش

لە شوێنی جەنگاوەرەکانن.

سایە هیچوەخت گوێی بە سەرگوزەشتەیەکی وا ئاشنا نەببوو، بەسەرسورمانەوە لێیدەڕوانی، هامۆند هەستیکرد پێویستە زیاتر بڵێ: بۆ کەسوکارە کوژراوەکانمان پێناچێ هیچمان بۆ بکرێ، بەڵام ئومێدێک هەیە بۆ دۆزینەوەی ئیڤا و هادریان، کاتێ بەرەو سەرزەمینەکانی ناوەراست بەڕێکەوتین، ئەڵقین گەردنبەندێکی لە بن تەختی ئیڤا دۆزییەوە.

سایە بە قوڵی چووە نێو گێڕانەوەکەی هامۆندەوە، بەپەلە پرسی: گەردنبەند... چ جۆرە گەردنبەندێ؟!

- کاتێ گەڕاینەوە بۆ گوندەکەمان، بۆنی دوکەڵ و سوتانی ماڵەکان و قرچەی جەستە برژاوەکان دەهات، ئیڤا و هادریان و چەند کچێکی دیکە لەنێو تەرمەکاندا نەبون، بۆ ماوەی سێ رۆژ لە گوندەکەمان و دەوروبەری گەڕاین، تا توانیمان تەرمەکان کۆبکەینەوە و لەژێر خاکدا بیانشارینەوە، ئەو بزربوانەمان نەدۆزییەوە، هیچ سۆراغێکیان نەبوو. ئەڵقین بەدوای ئیڤادا دەگەڕا، لەژوری خوشکەکەی لە بن تەختەکەیدا گەردبەندێکی دۆزییەوە لە ئێسک و پروسک و کلیلی رەش دروستکرابوو، بەزمانێکی سەیر لەسەری نووسرابوو، پێدەچێ ئەو کەسانە خاوەنی بن کە هەستابون بە وێرانکردنی گوندەکەمان،

بۆیە گومانەکە لەسەر ئەوانە گیرساونەتەوە، رەنگە هەر ئەوانیش ئیڤا و هادریان و زۆر کچیتریان رفاندبێ.

سایە بە پەرۆشەوە پرسی: ئەو گەردنبەندە چۆن بوو؟

- لە ئێسک و پروسک و کلیلی رەش دروستکرابوو، چەند شتێکی لەسەر نووسرابوو، لەوە نەدەچوو زمانی ئەم دنیایە بێ.

سایە کەوتە بیرکردنەوەیەکی قوڵەوە، وەک شتێک لەبارەی ئەم گرێکوێرەیەوە بزانێ: ئەو گەردنبەندەی باستکرد، لەکوێیە دەتوانم ببینم؟

هامۆند ئەو پرسیارەی لاسەیر بوو، بەساردییەوە وەڵامیدایەوە: لای ئەلڤینە، لەنێو دیواری نزیک تەختی نووستنەکەی شاردۆتەوە، بەڵام بۆچی ئەو گەردنبەندە هێندە سەرنجی راکێشاوی؟

- نازانم بەڵام هەستێکی سەیرم بەرامبەر گەردنبەندەکە هەیە، لە ئێستادا هەرچەند مێشکم دەگوشم نازانم ئەو هەستە چییە؟

کەمێ بیریکردەوە و دواتر پرسییەوە: ئەو گەردنبەندەی باستکرد، دەتوانم ببینم؟

هامۆند بۆی لێکنەدەدرایەوە، سایە بۆچی هێندە مکوڕە لەسەر بینینی گەردنبەندەکە، پاشان ئەو بیری لەوە دەکردەوە چارەنوسی ئەلڤین دیار نییە، سەرباری ئەوانەش چارەنوسی خۆی لەسەر تاڵەمویەکی

زۆر باریک بەندە و رەنگە ئەمە دوایەمین شەوی بێت، دوای تەواوبونی حیکایەتەکەی، یاساوڵەکان بیبەن و سەری لەجەستەی جودا بکەنەوە، بۆیە بەسانایی وەڵامیدایەوە: ئاخر چۆن دەبێ پەیدای بکەم و چۆنیش بۆت بێنم؟

سایە دەیزانی هامۆند لەکوێوە ئەو پرسیارە دەکا: خەمت نەبێ ئەمشەو ناکوژرێیت، لەبیرت چوە من کچی هەڤسارم، پێشکەشکراوی میرغەزەبی گەورەم و کەس ناتوانێ و ناوێرێ لە فەرمانم دەرچێ، بێجگە لەوانەش هەموان خەریکی رابواردن و کەیفی خۆیانن، کەس ئاگای لە کەس نییە و ئەم شایلۆغانە تا چەند رۆژێتر بەردەوام دەبێ، واتە تا ئەو کاتەی باوکم لەلایەن میرغەزەبەوە بانگ دەکرێ و دواتر منی پێشکەش دەکەن.

هامۆند بەنیگەرانیەوە گوتی: ئەدی نەتگوت دەکوژرێم، ئەوانی پێش منیش هەر مردن چارەنوسیان بوە، ئیتر من چیم لەوان زیاترە؟

- راستە وامگوتوە، ئێستاش هەمان شت دەڵێم، بەڵام بەجۆرێ لە جۆرەکان خۆت بردە پێشەوە، نازانم چۆنت تێبگەیەنم، جێگەیەکت لەدڵم گرتوە، بەدرێژایی ئەم ماوەیەی رابردوو بێجگە لە تۆ کەس نەیتوانیوە زەردەخەنە و پێکەنین بەدڵی مردوم ببەخشێ، کەس نەیتوانیوە کاریگەریی لەسەر هەست و نەستم دابنێ، تا ئەم چرکەیە

ژیانی خۆم لا هیچ بوە، بۆیە ژیانی کەسانی دیکەش لەلام بێ بەهابوە، ئیدی هەرکەس هاتۆتە ئەم ژورە، ژیانیم بەمردن سپاردووە یان بێسەروشوێن کراوە، مەرگی هیچ یەکێ لەوانەش هەرگیز ناخی نەروووژاندوم و هێندەی تۆزقاڵێ هەستم بەوە نەکردوە کارەساتێ بەهۆی منەوە بەرپا دەبێ، بەڵام کە تۆم ناسی و دڵی خۆت بۆ کردمەوە و بەسەرهاتەکانت بۆ گێڕامەوە دەنگێ لە ناخمەوە بەرزبۆوە، بەهارێکت لەنێو زستانی جەستەمدا چاند، بەسەرزەمینگەلێکت ئاشنا کردم، تەنیا رەنگی رەش بالادەست نییە، دەزانی چ ئاسوودەییەکت پێبەخشیم کە هیچوەخت تامم نەکردبوو، هەست دەکەم ئاشنایی بەتۆ ناسینێکە خۆشی و شادیم دەداتێ، ئەوانەت بە من داوە ئیدی خەمی ئەوە لەدڵ مەگرە لەنێو دەچی یان نا کەس ئاگای لەمن و تۆ نییە، هەموو لەدەرەوەی ئەم ژورە مەست و بێئاگان، هەریەکە لە باوەشی یەکێکیتردا خەوتوە و تا ئێوارەی رۆژی دواتر بێدار نابنەوە، ئەو کات مۆڵەتت دەدەمێ برۆی ئەو گەردنبەندەم بۆ بێنی کە باستکرد، بەداخەوە ئەمشەو هیچم بۆ هاوەڵەکانت پێناکرێ، چارەنوسی ئەوان بەدەستی من نییە بەیانی دەردەکەوێ کە چییان بەسەرهاتوە.

هامۆند بەم قسانە ئارامبۆوە، لەگەڵ ئەوەشدا دڵی خترەی دەکرد، سایە چەندە بەسۆز بێ کچی هەڤسارە، کە ئاسمان و ڕێسمان لەیەکتری

«وون»، بەڵام جێیەک بۆ میهرەبانی و سۆز هێشتا لەدڵیدا مابوو، بێئاگا دەستی درێژ کرد و چەشنی دڵنەواییەک دەستەکانی گرت و سەرێکی بۆ راوەشاند، خانمی رەشپۆش موچرکە بەگیانیدا دەهات و فرمێسک نەزیبە چاوەکانیەوە، چەند بەدوای ئارامیەکی لەو شێوەیە دەگەڕا، نەماشای ئاگری سۆباکەی دەکرد، بەڵام لەرز و سەرمایەک لەجەستەی دابوو بەهیچ گەرم نەدەبۆوە، نزیکبۆوە و لە ئامێزی هامۆنددا خۆی گرمۆڵە کرد.

ئەلفین لەژورەکەی خۆی راکشابوو وردە وردە چاوی کردەوە بەڵام سەری قورس ببوو، ژانێکی زۆر وچانی پێنەدەدا، ژورەکە لەبەرچاوی دەسوڕاوە ماوەیەک بەو ئازارەوە دەینااڵند تا کەمێ هێوربۆوە، چاوی هەڵێنایەوە نۆردمەنی بینی بەنیگەرانیەوە لە ژورەکە دەهات و دەچوو، تەماشای ئەملاو ئەولای دەکرد و دەستی گرت بەسەریەوە و هەستایەسە پێ، بەپەلە گوتی: ئەوانیتر چیبان بەسەرهات؟

نۆردمەن لێی نزیکبۆوە: نازانم...هەر ئەوەندە دەزانم لەگەڵ کۆمەڵێ کوڕ و کچ بۆ کۆشکەکان بران.

لە حەژمەتا بێدەنگ بوو، وردە وردە رووداوەکانی دەهاتەوە پێشچاو، سەرێکی لەقاند و بەرەو دەرگای ژورەکە رۆشت و چووە دەرەوە، نۆردمەنیش بەدوایدا پاشان شۆڕبونەوە بۆ خوارەوە بۆ ناوەندی قەڵا

که له چەند شوێنێکی جیاجیادا ئاگر هەڵکرابوو، گۆشت بە شیشدا کرابوو، کوڕ و کچەکانیش سەمایان پێدەکردن. هەردوکیان سەریان لەو دیمەنە سوڕما، بەنێویاندا تێپەڕین و خۆیان گەیاندە لای چەند کوڕ و کچێ کە بەهۆی مەشقی بەیانیانەوە یەکتریان ناسیبوو، لەگەڵ دوو سێ گەنجی دیکەدا مەیان دەخواردەوە و پێدەکەنین، کاتێ ئەلفین و نۆردمەنییان بینی پێکەکانیان بۆ بەرزکردنەوە و فەرمویان لێکردن: وەرن...وەرن هاوڕێیان..وەرن لەگەڵمان پێکێ بنۆشن، چ کچێکیشتان لەم قەڵایە دەوێ، دەستنیشانیان بکەن و جێگەی ئەمشەوتان گەرم بکەن.

ئەلفین بەو قسەیە حەپەسا: ئەمە مانای چییە؟! ئەدی سێ لە هاوەڵەکانی من رەنگە ئەم بەرەبەیانە بینیبێتان، بۆ کوێ بران و چییان بەسەرهات؟

کوڕەکان پێکەنین: ئەوە چی دەڵێ، دیارە ئێوە نازانن لەم سەرزەمینەدا پیاوەکان ئارەزوی هەر کچێ بکەن، دەتوانن بۆ خۆشی خۆیان دەستنیشانیان بکەن، هیچ کچێکیش بۆی نییە کەس رەتبکاتەوە. ئافرەت و کچەکان بۆ کۆشکەکان براون بۆ خۆشی و چێژوەرگرتنی میوانەکانی هەڤسار و خودی هەڤساریش، ئەمشەو تا بەرەبەیان لەوێ لەلایان دەبێ.

خوێن بەرچاوی ئەڤین و نۆردمەنی گرت چونکە ژیانی تیۆدلینا و نافێن کەوتۆتە ئەوپەڕی مەترسییەوە و دڵنیابون لەوەی گەر بە پەلە نەجوڵێن دەستدرێژی دەکرێتە سەریان، سەریان لێشێوا بوو توڕەیی شێت و هاری کردبون، چارەیان نەما هاواریانکرد: کۆشکی هەڤسار کامەیە؟

بەپێکەنینەوە دەستیان بۆ باشوری رۆژهەڵات درێژ کرد، کە هەردوکیان لەوێن: ئەمە ئەو کۆشکەیە کە هاوەڵەکانی ئێوەی بۆ براوە بەڵام هیچ خۆتان مەشڵەژێنن، ئەوە ئیتر یاسای جەنگاوەرانە تەنانەت بەسەر ئەو کچ و ئافرەتانەشدا پەیرەو دەکرێ، کە شان بە شانی پیاوەکان بەرەو گۆڕەپانی جەنگ دەڕۆن، لەهەر شوێنێ و لەهەر کاتێ پیاوەکان حەز بکەن و ئارەزویان لێبێ لەگەڵیاندا جوت دەبن، دەبێ ئارەزوی پیاوەکان جێبەجێ بکرێ بێ چەندوچون.

ئەڤین بە بیستنی ئەو قسانە بەیەکجاری شڵەژا و نێوچەوانی گرژ کرد، بەدەوری خۆیدا سوڕایەوە و نەیدەزانی ڕوو بکاتە کوێ، لەو کوڕ و کچە سەرخۆشانە دوورکەوتەوە، کە بیریشی دەکردەوە لەوەی بەرەو تەلاری هەڤسار بڕوا، بەلێشاو پاسەوانی دەبینی ئیدی سەرکەوتنی لەو ئەرکەدا بۆ دەبوە مەحاڵ، نۆردمەن سور هەڵگەڕابوو ماخۆلانی تێکەوتبوو، ڕوویکردە ئەڤین: چی بکەین خۆ ناکرێ لەو دۆخە نامەمواردا

بەجێیان بێڵین؟

ئەڵقین چ وەڵامێکی نەبوو، لەتاوا گیانی دەلەرزی، چاوی دەگێڕا و بیری دەکردەوە، کۆمەڵێ کۆڕ و کچی دێکەیان لە ژورەکاندا بەڕۆرەملێ هێنایە دەرەوە و ڕەوانەی تەلاری هەڤساریان کردن، ئاشکرابوو چارەنوسی ئەوانە بەچی دەگات، ئیتر قسەی ئافرەتی نێو گەرماوەکە وەک زەنگێ لە مێشکیدا کەوتە لێدان، ئەو پێش چەند ڕۆژێ ئاگاداریکردەوە کە ئافرەتەکانیان لەدەست دەردێنن و هیچیشیان پێناکرێ، ئاخر تەواوی نەهامەتی و دەردەسەرییەکانیان پێشتر دیتبوو، بۆیە نوقڵانەی ڕووداوێکی وایان بە ئەڵقین دا. خەیاڵ زیاتر دەیبردەوە کەوا ئەو ئافرەتە بێ وەڵام و ڕونکردنەوەیەک بەجێیهێشت، لە قاقای پێکەنینی سەرمەستەکانی نێو تەلارەکان وەهۆش خۆی هاتەوە.

ڕۆحی تێۆدلینا بە ئازارێکی کوشندەوە دەتلایەوە، هەموو ئەگەرێکی خراپی هێنایە پێشچاوی خۆی، کە کۆتایی ئەو شەوە بە باشی ناگوزەرێ. تاقێن لەتاو بێدەسەڵاتی خۆی دڵی پڕ ببوو، فرمێسک دڵۆپ بەدوای دڵۆپ چاوەکانی جێنەدەهێشت. لەنزیکی بەرەبەیان هەر پیاوە و دەستی دوو سێ کچی گرتبوو بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی، کەسانێکیش کە لوتیان لە ئاسماندا بوو، تەنیا بە ئیشارەت دوو سێ کچیان دیاریدەکرد و پاسەوانەکان بەهەڵەداوان ئامادە و بەڕێیان

دەکردن بۆ ژورەکانیان. ئەو کچانەی ئارەزووی ڕۆشتنیان نەکردبا، هەر لەوێدا دەدرانە بەر شەپازللە و چەپۆک پێداکێشان، سەرەڕای ئەوەش بە شەق و لێدان فڕێدەدرانە ژورەکانەوە. ئەوەشی کە تیۆدلینا و تاڤێن لێی دەترسان ڕووبەڕووی بونەوە، جەنگاوەرەکە هەستایە سەر پێ و پاسەوانەکانی دەوروبەری هاتن و لە بەردەمیدا ڕەق ڕاوەستان، چاوەڕێ بون دەستبخاتە سەر یەکێکیان، ئەویش بەدەست ئاماژەی بۆ تاڤێن کرد و خۆی ڕۆشت، ئیدی پاسەوانەکان تێگەیشتن کە دەبێ بۆی ببەنە ژورەکەی، تاڤێن فرمێسک لەچاوی بووە بارانێکی بەخوڕ و هاواریکرد: وازم لێبێنن...تکایە لێمگەڕێن.

تیۆدلینا ڕەنگ پەڕیوتر و هەموو جەستەی دەلەرزی، چونکە پیاوەکەی لای ئەویش لەسەرخۆ دەیخواردەوە، یەکێ لە پاسەوانەکان لێی هاتە پێشەوە، ئەمیش ئاماژەی بۆ تیۆدلینا کرد، ترس گرتی کاتێ پاسەوانەکە هاواری بەسەر تاڤێندا کرد: نا مانای چییە، دەی زووبە و بەڕێکەوە، ئەی لەتۆ وایە بۆچی هاتوویتەتە ئێرە؟

تیۆدلینا چارەنوسی خۆی لەتاڤێن خراپتر دەبینی، لەجێیەکیشدا هەرچییەکی بکردبا، کاردانەوەی ترسناکی بەدوادا دەهات، بۆیە تەنیا یەک بیرۆکە لە زەینیدا هەڵبوو، پلانەکەی وا کێشا، خۆی کڕ بکات تا دەگەنە ژورەکە و لەوێ لەگەڵیدا بەتەنیا بێ، ئەوجا دەتوانێ

رووبەڕووی بێتەوە و لەناوی بەرێ، ئیدی رێی بۆ ئاوەڵا دەبێ ئەم سەرزەمینە بەجێ بێڵێ. بەڵام لە ئێستادا بەتەنیا ناتوانێ بەڕووی ئەو هەموو پاسەوانەدا بچێتەوە، لەناکاو لە پشتەوە پاسەوانەکە پاڵێکی پێوە نا: دەی زووبە بەڕێکەوە.

تێۆدلینا بە پلانەکەی دڵخۆش بوو، بۆیە کەوتە هەنگاونان بەڵام کەمێ بێزار بوو، چونکە بیری لە ئەلفین و تافێن و هاوەڵەکانی دیکەی و ئێلندیا نەکردبۆوە. لەوێ لە هۆڵەکە هاتنە دەرەوە هێشتا قەرەباڵغییەک مابوو، بەدەیان پیاو و ئافرەت لەباوەشی یەکتریدا بە سەرخۆشی لە عەردەکەدا درێژ ببون. تێۆدلینایان بردە بەردەم دەرگایەکی ئاسنین، کە دوو پاسەوان لە بەردەمیدا وەستابون یەکێ لە پاسەوانەکانی یاوەر بە تێۆدلینا گوتی: دیاری ئەمشەوی هێرۆدۆسمان هێناوە.

پاسەوانەکان بەزەردەخەنەوە دەرگاکەیان کردەوە، ژوورێکی زۆر گەورە و تەختێکی شاهانە، سەرعەردەکە بەپێستی جۆرەها گیانلەبەر داپۆشرابوو، دیوارەکانیشی کەللەسەری مامز و ئاسک و کەڵەکێوی پێدا هەڵواسرابوو، ژوورێکی بەسام بوو بۆ تێۆدلینا، ئەو هەرگیز دڵی نەدەهات ئازاری ئاژەڵ بدا، بۆیە بەلایەوە سەیر بوو لێرە کوشتنی ئەو گیانلەبەرانە بە چ چێژ و جۆشێکەوە بۆ رازاندنەوەی ژورەکان بەکاردێنرێن. تێۆدلینا بۆی دەرکەوت تەنیا ڕەسەنی ئەوان دۆست

و هاوڕێی سروشتن، لە سەرزەمینی خۆیان زیاتر، هیچ بەهایەک بۆ سروشت و بونەوەرەکانی نێوی دانانرێ، هەرچەند تەماشای کەللەسەری ئاژەڵەکانی دەکرد، خەریک بوو لەخۆ دەچوو. چاوی گێڕا هێرۆدۆس لەوێ نەبوو، پاسەوانەکان چونە دەرەوە، لەوە دڵنیابون کە کچێ وا هێندە جێی مەترسی نییە نەوێرن لە ژورێکدا بەتەنیا بەجێی بێڵن. تێۆدلینا بیری لەوە دەکردەوە گەر هێرۆدۆس هاتە ژورەوە و ویستی دەستدرێژی بکاتە سەری، بێ چەندوچون بیکوژێ و لە قەڵاکە هەڵبێ، چونکە لەوە زیاتر چ چارەسەرێکی دیکەی نەبینییەوە. لەناکاو هێرۆدۆس خۆی کرد بە ژوردا، بێئەوەی گوێ بداتە تێۆدلینا، جامێ شەرابی لەسەر مێزەکە دانا، کە لە پەنجەرە داخراوەکەوە نزیک بوو، دەستیدایە جلوبەرگێک و رووەو ژورێتر چوو، تێۆدلینا سەرسام بوو لەگوێ پێنەدانی و نەیدەزانی هەڵسوکەوتەکانی ئەم کەسە لە چییەوە سەرچاوەی گرتوە. خۆی گۆڕی و هاتەوە، کەمێ لە تێۆدلینا وردبۆوە و بە ساردییەوە پرسی: ناوت چییە؟

دوودڵ بوو لە وەڵامدانەوە، هەرچەندێ بیری کردەوە ئاشکراکردن و نەکردنی ناوەکەی چ لە بارودۆخی ناگۆڕێ: تێۆدلینا.

ئەوجا تەماشایکرد و بەزەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێزەوە بە پەنجەی ئامازەی بۆ کرد: تێۆدلینا کچێکی وەک تۆ لە رەسەنە نایابەکان و لە

دوورڕا هاتوی لە سەرزەمینەکانی باکور بۆ ئەم سەرزەمینی ناوەندە کە پڕە لە مەترسی بن عەرد و سەرعەرد، دەزانی گەر ئاشکرا ببیت، تەنیا کوشتنێکی پڕ لە ئازار و بەسوێ زیاتر هیچی دیکە پێشکەش بە جەستە و گیانی خۆت ناکەیت..ها بیرت لەوە کردۆتەوە؟

تیۆدلینا سەد ڕەنگی گۆڕی، وەختە بوو لە حەژمەتا دڵی بوەستێ، ترس هەموو جەستەی تەنییەوە، چۆکی هاتە لەرزین، بەئاسانی خۆی لەسەر پێ ڕانەدەگرت، تەواوی دنیا لەبەرچاوی دەسوڕاوە، سەرسام ببوو چۆن نهێنی هاتنی بۆ ئەم سەرزەمینە ئاشکرابوو، بیری لەوە کردەوە کە ڕەنگە بێجگە لەم کەسە، کەسانیتریش دەرکیان پێکردبێ، لەهەموو بارێکدا چاوەڕێی مەرگەساتترین کاردانەوەی دەکرد، بە سەرسوڕمانێکی زۆرەوە لەهێرۆدۆس نزیکبۆوە، باوەڕی وانەبوو کەسێکی وا هەمیشە مەست هێندە پڕ لە ڕاز و نهێنی بێ، هێرۆدۆس لە ڕوانینەکەی تیۆدلینا تێگەیشت کە توشی شڵەژانێ گەورەی کردوە، بۆیە سەرێکی لەقاند وەک ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بکا، بەڵام تیۆدلینا خێراتر هاتەگۆ: تۆ کێیت و چۆن من وا دەناسی؟!

بەزەردەخەنەیەکەوە پڕ لە ئارامی و مێشک ساردی گوتی: ئەوە منم پرسیار دەکەم نەک تۆ، بەڵام قەیناکا وەڵامی پرسیارت دەدەمەوە، دەشزانم بۆچی وا بە ئاسانی ملت نا و لەگەڵ پاسەوانەکاندا هاتیتە

ژورەوە، تۆ بیر لە کوشتنی من دەکەیەوە، بڕیارتداوە دوای لەناوبردنم ئەم سەرزەمینە جێبێڵیت.

تیۆدلینا دەمی کردەوە و حەپەسا، هەرگیز بڕوای وا نەبوو خۆی لەبەردەم کەسێکی هێندە سەیر و سەمەرەدا ببینێتەوە، ئەو بەردەوامی بە قسەکانی دا: ئێستاش ناوی منت پرسی، خانمەکەم من ناوم هێرۆدۆسە، باوکم ناوی ئامووئە، بەدرێژایی سااڵنێ زۆر لە خزمەتی میرغەزەبی گەورەدا بووە، دوای ئەوەی باوکم لە شەڕەکانی سەرزەمینی رۆژاوا نزیک سەرزەمینی گوڵەکان کوژرا، من جێگەی ئەوم گرتەوە و بەخوێنی ئامووئی باوکم سوێندم خوارد و پەیمان و بەڵێنم بەست لەسەر رێگەی باوکم بەردەوام بم بۆ خزمەتکردنی میرغەزەبی گەورە، لەدەیان شەڕدا بەشداریمکرد و سەرکەوتنم بەدەستهێنا، ئەوەی پێمکراوە کردومە، ئێستاش یەکێکم لە کەسە متمانەپێکراوەکانی هەڤسار و تەواوی نهێنییەکانی سەرەتا وئبوەکانی وەک میرغەزەبی گەورە و هەڤسار و هێزەکانی سەرسنور و بن زەوییەکانی ئیڤڵۆرد و تۆش دەزانم...دەزانم جەنگاوەرە دووگیانەکان بڵاوبونەتەوە بە سەرزەمینی رەسەنە نایابەکاندا و وێڵن بەدوای تاجی وئبوی پاشایەتی هۆڵمان، کە لە یەکێ لەو سەرزەمینانە پارێزراوە، بەدڵنیاییەوە دەگەڕێن و وا چاوەڕوان دەکرێ کە تەنیا چەند شەقاوێ

لێیەوە دوور بن. حاڵی حازر لەلایەن ڕەسەنە نایابەکانەوە لەشکرێ ڕێکخراوە بە سەرکردایەتی تۆلاندێڵ هاوژینی شاژن ڕۆنا و بەهاوکاری ئاڤدوور، بەئومێدی دۆزینەوەی سەرەتا ونبوەکەوەن، بەڵام بەهۆی ڕەسەنی مرۆڤەوە هیچیان پێناکرێ و پێشنیارەوەی تاجی هۆڵمان پاشا بدۆزنەوە، میرغەزەب ئەوە یەکلایی دەکاتەوە و دەبێتە یەکەمین پاشا. تیۆدلینا بەبیستنی ئەو هەموو نهێنیانە لەجێی خۆیدا وشک بوو، ئەو تەنانەت ئاگاداری باوکیشی بوو کە لەشکری دروستکردووە، ئیدی ڕەنگی پەڕی و چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بون، لەو قسانەوە تێگەیشت کە بۆچی ئاڤدوور لە باسکردنی جەنگاوەری هەڵبژاردە نیگەران دەبوو، بەو قسانە خەمێ گەورە لەدڵیدا هەڵیکرد و گوناهێ گەورە هەستی هەژان، کە نەدەبوو لەو کاتەدا بەجێیان بێڵێ، چونکە ئەویش دەبوە جەنگاوەرێ و شان بەشانی باوکی بەشداری شەڕەکانی دەکرد. ئیدی خەمی باوکیشی هاتەسەر کە ئێستا بۆ بەڕەنگاربونەوەی لەشکری دێوە دووگیانەکان بەڕەو سنوری سەرزەمینی ڕەسەنی مرۆڤ بەڕێ کەوتووە.

هێرۆدۆس هەموو پازەکانی ئاشکرا کرد، پێشتریش پێگەورە زۆر شتی بە تیۆدلینا گوتبوو، قسەکانی سیمورغیشی هەر لەیاد مابوو.تیۆدلینا مەراقێکی دیکەی بۆ زیاد بوو: باشە هێرۆدۆسی کوڕی ئاموون، تۆ ئەم

هەموەت دەزانی، بۆچی منت لەسەرەتاوە ئاشکرا نەکرد و نەکوشت؟ لەبری ئەوە منت هێناوەتە ژورەکەت و نهێنیەکان بۆ کەسێکی نامۆ و نەناس دەگێڕیەوە؟!

هێرۆدۆس بەقوڵی بیری کردەوە، ئەو دەمێ بوو لەناخەوە دەنگێ دەیهەژاند و سروشتێکی گەرم و گوڕ و جیاواز لەهەر ساتەوەختێکیتر ختوکەی دەدا، رووی لە تیۆدلینا کرد: من جەنگاوەرم..جەنگاوەرێ کە رووبەڕوو لە مەیدانی ئاشکرای شەڕەکاندا بە شمشێر و قەڵغان بەرووی دوژمنەکانیدا دەوەستێتەوە، من و تۆ ئێستا لە گۆڕەپانی جەنگدا نین، تۆ نامۆیەکی ڕێ بزرکردویت، ئەوەی بەلای منەوە پرسیارە، چی تۆی بۆ ئەم سەرزەمینە هێناوە؟ چونکە تۆ لە سیخوڕ ناچیت، لە کەسانی هاوڕەسەنەکانیشت ناچیت کە خۆیان بە هەڵگری پەیامی ڕووناکی دەزانن، لەوانەش ناچی کە پێیان دەڵێن لەخۆونبوەکان.

تیۆدلینا نەیدەزانی چۆن وەڵامی بداتەوە، هێرۆدۆس چاوەڕێی وەڵام بوو، هەستا جامە شەرابەکەی هێنا و قومێکی خواردەوە، دەیویست بێدەنگی تیۆدلینا بۆ قسە بگۆڕێ: ناسینی تۆ کارێ سەخت نییە، زۆرێکم لە ڕەسەنە نایابەکان بینیوە، کە لەنێو ڕەسەنی مرۆڤدا سەرگەردانانە دەسوڕێنەوە، یان لەخۆونبوەکان ئەوانەی لە سەرزەمینی لیۆمین نیشتەجێ بون، پێیانوایە ئێمە ئاگاداریان نین و هیچیان

لەبارەوە نازانین، بەڵام ئێمە هەواڵمان لە ورد و درشتیان هەیە، دەزانین چی دەکەن و بەنیازی چین، دیارە ئەوان نازانن گوێیەکانی میرغەزەب لەهەموو شوێنێ هەیە.

هێرۆدۆس بە متمانەیەکی زۆرەوە قسەی لەسەر خۆی و باوکی دەکرد، کە لەپیزی سوپاکەی میرغەزەبدا چ شانازییەکیان بەجێهێشتوە، بەڵام ئەو کاتانەی بەخەیاڵدا دەچوو، رەنگدانەوەی ناخی لەسەر ڕووخساری دەردەکەوت، کە چیرۆکێکی دیکەی وەڕوو دەخست، پێچەوانەی ئەو ئاسودەیی و شانازیکردنە بوو بۆ تێۆدلینای دەگێڕاوە. تێۆدلینا لەسەرخۆ پێیگوت: ڕەنگە لە ساتەوەختێکدا بەخوێنی باوکت سوێندت بۆ میرغەزەب خواردبێ، درێژەپێدەری خزمەتکردنەکانی باوکت بیت بۆی و تا دوا دڵۆپی خوێن گیانفیدایی بۆ بکەیت، بەڵام تۆ بەدرێژایی پەیمان بەسەربردنەکەت، کار و خزمەتت بەشتێ کردوە پێچەوانەی ڕاستییەکان و ناخی خۆت بوە، ئەوەی تۆ کردوتە تەنیا خۆفریودانێک بوە، بەشداریکردنت لە شەڕەکان خزمەت نەبوە بە ئاواکردنی سەرزەمینەکان، بەپێچەوانەوە باوکی تۆ و هەزارانی وەک ئەو لەگەڵ گوند و شارۆچکەکان بونە قوربانی کورسی و بەردی بریقەدار و مەی و باوەشی لەشفرۆش و کۆشک و تەلار و خەزێنەکان، کە پڕن لە ئارەقە و خوێنی هەژار و بێدەرامەتەکان.

وشەکان وەک خەنجەر لەدڵی هێرۆدۆس ڕۆدەچون، تیۆدلیناش لەخۆی دڵنیابوو بەمتمانەیەکی زۆرەوە پێیگوت: تۆ جەنگاوەرێ لێهاتوی و خاوەنی چەندین شانازیت، بەڵام بەداخەوە لەپیزەکانی تاریکستانێ شمشێر رادەوەشێنی، کە دەبوو پێچەوانە بوایە، باش لەوە گەیشتویت بۆیە پێچەوانەی هەموو پیاوێ لەم شەوەدا قەرەبوی بێزاری خۆت بە نۆشینی شەراب دەکەیەوە، دەتەوێ خۆت لەو ململانێیەدا بێئاگا بکەیت، لە شەڕێکی گەورەدایت لەگەڵ ناخی خۆت، بۆیە تەماشاکردن و بەسەربردنی کاتێکی خۆش لەگەڵ هیچ ئافرەتێکدا دادت نادات.

هێرۆدۆس یەکجار بێتاقەت بوو، لەوە پەرێشان بوو کە هێشتا نەیتوانیوە ئەو ململانێیە بەلایەکدا ڕاست بکاتەوە، تەماشای تیۆدلینای کرد کە بە وردی توانیبوی ناخی بخوێنێتەوە: ڕەنگە قسەکانت وابن، بەڵام ئەوە چ لەدۆخی من و تۆ دەگۆڕێ!

- بەڵێ دەگۆڕێ، گەر واز لە میرغەزەب و سەرزەمینەکەی بێنی و هەنگاو بۆ سەرزەمینەکانی ڕۆژاوا بنێیت.

سەرێکی ڕاوەشاند و بەدەنگێ بەرز گوتی: تۆ تێناگەیت.. زۆر شەڕم کردوە، خوێنی زۆر هەژار و بێدەرامەتم ڕشتوە، لە کەس خۆش نەبووم، نە لە پیر نە لە گەنج، نە ژن و نە پیاویش، ئێستەکانێ فەرمانم بەسەردا بدرێ دووبارە لەبەر ئەو سوێند و بەڵێنەی بە خوێنی باوکم

داوە، هەمان رەفتار دووبارە دەکەمەوە...ئەوە سوێندە تەنانەت گەر پێچەوانەی خواست و ناخیشم بێ.

تیۆدلینا ئارامتری کردەوە، وێستی بەهەر شێوەیەک بووە رازی بکات واز لە میرغەزەب بێنێ، لەدەرونەوە دەرکی بەوە کردبوو ئەم کوڕە گەنجە سەربازی کردەوە خوێناوییەکانی، بەڵام ناخی تروسکاییەک لە رووناکی تێدایە و دەکرێ لەو چاڵە بێنرێتە دەرەوە: تۆ سوێند و پەیمانت لەکاتێکدا بەستوە کە راستیەکان لەلات روون و ئاشکرا نەبون، دەرفەتیان لە ناخی پاک و جوامێریت هێناوە و بۆ مەرامی خۆیان بەکاریان هێناویت، بۆیە دەتوانی پاشەکشە بکەیت...تەنیا دڵت بۆ رووناکی بکەوە، هەمان تروسکاییەکەی رابردوت گەورە دەبێ و دەرونێکی ئارامت پێدەبەخشێ چونکە خۆت لەگەڵ خۆتا ئاشت دەبیتەوە.

هێرۆدۆس پێیخۆش نەبوو ببێتە دیلی قسەکانی تیۆدلینا، تورەبوو: بەسیەتی، تۆ یەکێکی لەو کەسانەی بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئ...ێمە هەژمار دەکرێیت، چیدیکە حەوسەڵەی قسەکانتم نییە..بەڵام پێم بڵێ بۆچی لەو سەرزەمینە دوورەوە هاتویتە ئێرە؟

تیۆدلینا مەبەستی بوو ئارامی بکاتەوە، لەسەرخۆ گوتی: راستدەکەی من لە رەسەنە نایابەکانم لە سەرزەمینە دوورەکانی باکورەوە هاتوم،

هەر لە منداڵیمەوە بەچیرۆک و سەرگوزەشتەی پڕ لە شانازی و رەفتار و کرداری باشی رەسەنی مرۆڤ لە شەش سەرزەمینەکە گوێشکراوم، بەجۆرێ کە خۆشەویستییەک لە دڵمدا بەرامبەر رەسەنی مرۆڤ دروستبوو، سەرزەمین و کەسە ئازیزەکانی خۆم بەجێ بێڵم و لەسەر سنور لە دادام دابڕام و کاتێ زانیم بەرەو سەرزەمینەکانی ناوەراستیان بردبوو، بە ئومێدی دۆزینەوەی سەرم بۆ ئەم سەرزەمینە هەڵگرتووە. خەمبار بوو، جامی شەرابەکەی دانا و رووەو تیۆدلینا چوو، بەرامبەری وەستا و چاوی بڕییە چاوی بە ئارامی پێیگووت: بەتەمابویت چی لە سەرزەمینی مرۆڤ بدۆزیتەوە...نا پێم بڵێ تا ئێستا چیت دۆزیوەتەوە؟

- هێشتا وەڵامی ئەو گرێیانەم نەدۆزیوەتەوە، لەنێویاندا توشی ئاڵۆزی و سەرگەردانی بووم.

دەستی بۆ درێژ کرد و دەستی گرت و گوتی: وەرە بەدوامدا.

تیۆدلینا بەپەلە گوتی: هەر شتێکی ناکاو بکەیت یان تۆ دەکوژم یان خۆم.

هێرۆدۆس بە زەردەخەنەیەک وەڵامی دایەوە و سەرێکی ڕاوەشاند کە ئامازە بوو بۆ دوو بیرکردنەوەی تەواو لە یەکتر دوور، بردیە ئەو ژورەوە کە لەوێدا خۆی گۆڕی، ژوری نووستن بوو، تەختێکی شاهانەی تێدا هاتبوە ڕازاندن: خەیاڵت با دوور نەڕوات، تیۆدلینا پیلانەکەت

بۆ من رۆون و دیارە، تەنانەت پێشنەوەی خۆشت قسەت کردبێ. تۆم بۆ ئەوە نەهێناوەتە ئەم ژورە لە باوەشمدا بخەویت، بەڵام بۆنی تۆ لەم سەرزەمین و قەڵایە وەک شنەبا دێت لەنێو ڕەسەنی مرۆڤدا، کە تا ئێستا هیچ یەکێ لە هاورەسەنەکانت نەهاتونەتە ئێرە، دەبێتە جێی سەرسوڕمان و پرسیار، بۆیە هەر لە سەرەتاوە ئاگادارم نەکردی تا کەس هەست بە من و بۆنی تۆ نەکا، ئێستا لەگەڵم وەرە تا لە ژوورێتر دانیشین، باسی دادای خۆتم بۆ بکە، چی بەسەر هات، بەڵام پێشنەوەی هیچ شتێ بڵێیت دەبێ ئەوەت پێ بڵێم هەر کات و ساتێ لە مەیدانی هەر شەڕێکدا بە شمشێر و قەڵغان بەرەو ڕووم بوەستی، بزانە ڕەچاوی هیچ شتێ ناکەم، ئەویش لەبەر ئەو سوێندەی بۆ میرغەزەبم خواردوە.

- باشە هێڤیدارم تا ئەو کاتە مەشخەڵێکی ڕووناکی جێی ئەم هەورە ڕەشە بگرێتەوە، بەڵام گەر وانەبوو، دڵنیابە ناچارم دەکەی بتکوژم.

هێرۆدۆس بەم ئازایەتی و بوێرییەی تیۆدلینا سەرسام بوو، پێکەنی: کەواتە لە یەکگەیشتین، دەی ئێستا بۆم باسکە.

تیۆدلینا بڕوای وابوو هێرۆدۆس خاوەن توانایەکی گەورەیە و ئاگاداری هەموو ڕاز و نهێنییەکانە، بۆیە دەتوانێ چارەنوسی ئێلندیاشی بۆ ئاشکرا بکا، بە وردی تەواوی بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاوە، بەڵام لەبارەی

ئەڵقین و هاوەڵەکانی هیچی نەدرکاند، چونکە پێیوابوو ئەمە رازێکی تایبەتە بەوان و بۆی نییە لە خۆڕا بەسەرهاتی ئەوان بۆ جەنگاوەرێ بگێڕێتەوە کە نایانناسێ. لەدوای تەواوبونی چیرۆکی بێسەروشوێنکردنی ئێلندیا، هێرۆدۆس زۆر بیری لێکردەوە و ئەوجا گوتی: من نکوولی لەوە ناکەم کە ئەو جۆرە کارانەمان نەکردوە، ئەوە کاری ئێمەیە و بە سەدان لە هاورەسەنەکانت لە سنور یان گیراون یاخود کوژراون، بەڵام ئەوی گیرابێ رەوانەی سەرزەمین و تەلاری پۆڵای رەشی هەزار قاتی سەرزەمینەکانی ئیڤڵۆرد کراون، یاخود هەر لە دنیای بن عەرد بەزنجیر بەستراونەتەوە و کاریان پێدەکرێ، دۆزینەوەی دادای تۆ وەک دۆزینەوەی دەنکە مرواریپەکی دیاریکراوە لەنێو دەریایەکدا.

قسەکانی هیوا بەخش نەبون، ئائومێدییەکی زۆری خستە دڵی تیۆدلیناوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر پێیگوت: تۆ دەتوانی یارمەتیم بدەی، ئێلندیای کۆتوبەندکراو بدۆزمەوە، پێتدەکرێ هاوەڵەکانم بپارێزی تا دەستدرێژی نەکرێتە سەریان، چونکە ئێستا یەکێ لەوانە بەناوی تاڤێن خزێنراوەتە یەکێ لە ژورەکان بەزۆرەملێ براوە، نازانم چی بەسەر دێنن؟

- بەداخەوە بۆ هاوەڵەکانت هیچم پێناکرێ، یاسای ئەم سەرزەمینە وایە و هەرواش بووە و بەو جۆرەش دەمێنێتەوە، چارەنوسی تاڤێن

بەدەستی هیچ یەکێ لە ئێمە نییە و بەرەبەیان دەردەکەوێ چی بەسەرهاتوە، بەڵام هێڤیدارم میوانەکەی هێندەی مەی نۆشیبێ لەهۆش خۆی چوبێ و ئاگای لە تاقێ نەمابێ.

تیۆدلینا هێندەیتر پەرێشان بوو، بەپەلە گوتی: کەواتە تۆ چیت لە من دەوێ و بە تەمای چیت؟

پێکەنی: بەتەمای چی بم؟! هیچ..تۆ لەسەر تەختەکە بخەوە و منیش لەسەر عەردەکە دەنوم، بەرەبەیانیش وەک ئافرەتەکانیتر دەگەڕێیتەوە شوێنی خۆت، تا لێرە بم هەموو شەوێ داوا دەکەم تۆم بۆ بێننە ئەم ژورە، لە چارەنوسی ئێلندیاش دەپێچمەوە، بزانم چ هەواڵێکم دەستکەوێ، بەڵام ئێرە شوێنێ نییە بۆ ماوەیەکی زۆر تێیدا بمێنیتەوە، چونکە ئەمرۆ بێ یان سبەی ئاشکرا دەبیت و ئەنجامێکی یەکجار ترسناک وەردەگری.

تیۆدلینا بەو قسانە شاد بوو، بەخۆشحاڵییەوە گوتی: دەزانم... دەزانم..بەڵام ئەی هاوەڵەکانم؟

هێرۆدۆس برۆکانی بەرز کردەوە و روانیە تیۆدلینا: جارێ نازانم دەبێ بیرێ لەوەش بکەمەوە..بەڵام تا لەم سەرزەمینە بیت، نابێ هیچ یەکێ لە هاوەڵەکانت سەبارەت بە گفتوگۆی نێو ئەم ژورە ئاگادارین.

- زۆرباشە هیچیان پێنالێم.

- نا دەبێ بەڵێنم پێبدەی.

- بەڵێن بێ تا پێم لەسەرزەمینی میرغەزەب بێ، هیچ شتێ سەبارەت بە قسە و گفتوگۆکانی نێوانمان لەم ژورەدا نەچێتە دەرەوە و بۆ هیچ یەکێ لەو هاوەڵانەم وشەیەک نەدرکێنم.

کەوتنەوە گفتوگۆ و دنیا بەرەو رۆشنبونەوە دەچوو. هامۆند لەگەڵ سایە، تیۆدلینا لەگەڵ هێرۆدۆس، هەریەکەیان لە ژورێکدا خەمێکی گەورەیان بۆ دەرەوەی خۆیان جێهێشتبوو. ئەلفین و نۆردمەن بەدرێژایی ئەو شەوە چەندین شوێن گەڕان، دواجار لە سەرماندا پەنایان بردە بەر ئاگرێک کە لەدووری قەڵای هەڤسار گەش کرابۆوە، لەبەردەمیدا دانیشتن و چاوەروانیش بۆ چارەنوسی هاوڕێکانیان بێئۆقرەی کردبون، چاویان بەدەوری خۆیاندا دەگێڕا بەو ئومێدەی لە جێیەکەوە تافێن یان تیۆدلینا دەرکەوێ..

# لە زیندانی بندنیاییەکان

چارەنوس زۆری لە هەگبەدا حەشارداوە، هێشتا دۆخێ ترسناک ئەلفین و هاوەڵەکانی دەپێچاوە، بەجۆرێ زۆرجار تێۆدلینا لەبیری دەچو، ئێلندیا بۆ ماوەیێ دوور یاوەری سەفەرە سەختەکەی بوە، ئەو دەمەی لە سنوری سەرزەمینی رەسەنی مرۆڤەوە، لەگەڵ ئەو و ئۆرادا تێپەڕین، لیکی ئارەزوە دنیاییەکانی چاوبڕق و دارودەستەی روخسارە دەمامکدارەکان، بە چەناگەیاندا شۆڕبۆوە و چەشنی پارویەکی ئامادە رادەستی درندەکانی کردن، بەڵام لەوێ بەخت بەهانای تێۆدلینا و ئۆراوە هات، جەنگاوەرانی ئاڤدوور لە چنگیان دەرهێنان، ئیدی ئێلندیا هەر ئەو دەم بە پرچێکی سپی پەرێشان، سیمایەکی پڕ حەسرەت و پۆشاکە پارچە پارچەبوەکەیەوە، بەبێدەنگی خرایە نێو کاروانێکی دوور و درێژی یەخسیرکراوەکانەوە، ئەوان ژمارەیەکی زۆربون لە ژن و منداڵ و پیاوانی سەر بە رەسەنی مرۆڤ، کە بەنیازبون سەرزەمینی بێئامانی خۆیان بەجێ بێڵن بەرەو سەرزەمینی باکور کۆچ بکەن، بەڵام کەوتنە نێو بۆسەی ئەم هێزانەوە و خرانە ناو گالیسکەی گەورە گەورە و قەفەسی پۆڵایینەوە. هەر یەکە لەو گالیسکانە شەش گامێشی زەبەللاحی سم سور پایدەکێشان.

ماوەی چەند رۆژێ بوو، ئەم گالیسکانە کە زیاد لە پەنجا دانە دەبون، بێوەستان رێگەیان دەبڕی. دەوروبەری گالیسکەکان بە شەڕکەرانی بندنیا تەنرابوو، بەوردی پاسەوانیی دەکران. ئەوان رێگەیەکی لاچەپیان گرتبوو، دوور لە هەموو ئاوابیەک، بەدەشتە کەم دار و بارەکاندا دەڕۆشتن، چیا ترسناکەکانیان بەجێهێشت، سەرما چۆقەی بەددانەکانیان دێنا. سەرگوزەشتەی ئێلندیا لەوێوە دەستی پێنەکرد، دەیان شەو پێش ئەوە لەگەڵ کاروانی قاچاخچیاندا بە سەرپەرشتی چاوبۆق ساردیی پاییزیان بەڕێکرد تا لە سنور تێپەڕین و لەوێ کەوتنە بەر هەڵمەتی پاسەوانانی بندنیا، دواتر لەگەڵ جەنگاوەرانی ئاڤدوور ئامبازی یەکتری بونەوە و لەو نێوەدا ئێلندیا ئاگای لە تیۆدلینا نەما. بەدەم وەشاندنی قامچیەوە بۆ سەر جەستەی، بە پەلە لە دارستانەکەوە لە پێشچاوی تیۆدلینا و جەنگاوەرانی ئاڤدوور بزر کرا. هەناسەی لەبەر برابوو، بەڵام کۆڵیان نەدا و گەیاندیانە بن زنجیرە چیایەکی بەرز...یەکجار بەرز بەدرێژایی سنور راکشابوو. ئێلندیا لەوێڕا چاوی بە قەڵایەکی گەورە کەوت، لە بن چیاکەدا ڕەش دەچۆوە، دیاربوو هەموو بستێکی بە پۆڵا و ئاسن دروستکرابوو. بەدرێژایی ئەو سنورە دیوارێک لێدرابوو کە نێوانی سەرزەمینی مرۆڤ و ڕەسەنە نایابەکانی دوورتر دەخستەوە، ئەوێ بە مەبەست وا بونیاتنرابوو، خواستێ هەبوو، کە

ڕەسەنی مرۆڤ لە سەرزەمینەکانی باکور و دۆزینەوەی نهێنییەکان و سەرەتا ونبوەکە خافڵگیر بکرێ. ئەو قەڵا ئاسنینە ڕەشە تاقانە نەبوو، بەدەیان قەڵای هاوشێوە لەسەر ڕێگەی سەرەکی و دامێنی چیاکەدا بونیاتنرابون. ئەوان لە دەرگایەکی پانی پۆڵایین نزیکبونەوە، کرایەوە و بەپەلە هەموویان کران بەنێویدا و گەیشتنە گۆڕەپانێکی بەرین، بەڵام لەوێش ئارامیان پێنەگرتن و نەیانهێڵانەوە، بەڵکو ڕووەو دەروازەیەکی فراوانتر ڕەوانە کران، شوێنێ بێ پەنجەرە و سیخناخ لە شاپڵیتەی ئاگر، کە بە دیوارەکانەوە هەڵواسرابون، لەوێ بە پلیکانە شۆڕبونەوە بۆ ناو ناخی زەوی، دووبارە خۆیان لەبەردەم گۆڕەپانێکی گەورەدا بینییەوە، کە لە دەستی ڕاست و چەپییەوە، دەیان پەیکەری دێوەزمەیی دانرابون، ئەوانە خواوەندەکانی بندنیا بون، هەریەکەیان مەشخەڵێکی گەورە خرابوە دەستیانەوە. کۆتایی دەروازەکە دووبارە دەگەیشتەوە بە دەرگایەکی پڕ نەخش لە ئێسک و پروسکی گیانلەبەرە بندنیاییەکان، بەو هێڵکارییانەی سەری دیاربوو کە ئەوە دەرگای بندنیایە. ئێلندیا ئازارێ زۆری چەشت، بەردەوام گوێی لە نالە و نرکە و گریان و هاواری هەزاران کەسی گەنج و پیر و منداڵ بوو، ئیدی جەستەی گەرم داهات و ژانێ گەورە ڕۆحی شێلا.

زیندانی بندنیا لە شارە مێروڵە دەچوو، بەدەیان تونێڵی پێچاو پێچی تێدا

لێدرابوو، سەدان ژور بۆ ئەشکەنجەدان ئامادەکرابون، هەندێکیتریش بۆ عەمبار و بۆ کورەی ئاگر و تواندنەوەی ئاسن و پۆڵا. بۆنی ئارەقەی زیندانیان و خوێنی گیانلەبەرەکانی بندنیا، هاڵاوێ خنکێنەری لەو نێوە بەردابوو، دەریچە و کونێ نەبوو هەوا لێیەوە دەرچێ، لە هیچ شوێنێکیش باکێشێ نەبوو ئەو هەوا ژاراوییە ئاڵوگۆڕ پێبکات. ئەو زیندانانە لەناو جەرگەی شاخەکەدا هەڵکۆڵرابون پێشیان بە شیشە پۆڵاییەکان تەنرابوو ئیتر لە ناوەوە بە ئاسانی چاودێری دەکران. لەنێو ژوری زیندانەکاندا چەندین رەسەنی جۆراوجۆری تێدا بەندکرابوو، بەشێ لەو ژورانەش تەنیا پاشماوەی ئیسک و پروسکێ بەجێمابون کە بەهۆی بۆنی ژاراوی و برسێتی و ئەشکەنجە و بێ رۆشنایی گیانیان سپاردبوو. لە کون و کەلەبەرەکانەوە مشک و جرج بەبێ ترس لەو نێوەدا تەراتێنیان بوو، چاوەکانیان سور هەڵگەڕابون هێندە گۆشتی مردوەکانیان ونجڕ ونجڕ کردبوو،کە ببوە ژەمی چەوری رۆژانەیان، سات بە سات ژمارەیان لە زیادی دەدا، دیمەنێ تەواو تۆقێنەریان بە زیندانەکە بەخشیبوو. ئەوێ ساماناکترین جێ بوو، کە ئێلندیا بەدرێژایی هەزاران ساڵی تەمەنی دیبێتی. پاسەوانە درندەکان چ وشەیێ لە زاریان نەهاتە دەرێ هەروەک ئاژەڵەکان لەبەرخۆیانەوە دەیانمڕاند و ئێلندیایان بە لێدان دایە پێش خۆیان و خزاندیانە ژورێکەوە، بێئەوەی رۆشنایی و

تروسکاییەکی تێدابێ. ڕەسەنە نایابەکان هەرچەندە بە شەودا بینابیان ڕۆشن بوو، بەڵام ئەمجارە بەهۆی لاوازی و بێزاری و ژاراویبونی ئەو هەوایەی هەڵیاندەمژی بینابیان پەردەیەکی تاریکی بەسەردا درا، بندنیا لەپێشچاویان ڕۆشن نەبوو، ساخڵەمیشیان لەوپەڕی خراپیدا بوو، ئێلندیا بە ئاستەم هەناسەی دەدا هەر چرکەیەکیش سییەکانی پڕ دەبون، هەستی بە ئازار و ئەشکەنجەیەکی گەورە دەکرد، هەموو چاوتروکانێ باوەشێ هەوای ژاراویی خۆی فرێدەدایە هەناوییەوە، بۆیە جار بەجار دۆخی بەرەو خراپتر و نالەبارتر هەنگاوی دەنا. شەو و ڕۆژەکان یەک بەدوای یەکدا تێدەپەڕین، ئێلندیا هێزی بیرکردنەوەی بەردەوام ڕوو لە لاوازی بوو، بێدەسەڵاتی دەستی نابوە بینەقاقای و سەبورانە چاوەڕێی مەرگ بوو، ئیتر خۆی سازدابوو کە دواییین چرکەکانی ژیانی دوور لە هاوڕەسەنەکانی و سەرزەمینی باکور و دوور لە تیۆدلینا هەژمار بکا و بیداتە دەست زیندانێکی تاریک. حەوت شەو و حەوت ڕۆژ جەستەیەک بە ئاستەم نوزەی تێدا مابوو، لەنێو زیندانێکدا قانگ درابوو بە دوکەڵی کورەکانی ئاگر و هەوای ژاراوی بندنیا، دووبارە هەناسەیەکی وەبەردا هاتەوە، هەروەک یەکەمین ڕۆژ پاسەوانەکان فرێیاندابووە نێوییەوە، بەهەمانشێوە هاتنەوە وێزەی و لەزیندانە تاریکەکە هێنایانە دەرەوە، بەڵام لای ئاشکرا نەبوو ئاخۆ

شەوە یان رۆژ. شەش پاسەوان لە رەسەنی بندنیاییەکان، ترسناک و تۆقێنەرتر لە رەسەنی مرۆڤ، درندانە و بەهەستێکی ساردەوە کۆت و زنجیریان کرد و دایانە پێش خۆیان، سێبەری جەستە وشکەهڵاتوەکەی ئێلندیا لەبەر رۆشنایی مەشخەڵەکاندا، لەسەر دیوارەکان سەمای شێتانەی بەرپا کردبوو بەرێخرا بەرەو سەرەوە رۆشنایی دەرکەوت، چاوەکانی ئازار دەدا و نەیدەتوانی دەوروبەری بە باشی ببینێ، نەیدەزانی لەگەڵ کۆمەڵێ دیلی دیکەدایە کە ژمارەیان خۆی لە پەنجا کەس دەدا، بەتۆپزی خزێنرانە نێو گالیسکە ئاسنینەکانەوە، دووبارە بەرەو سەرزەمینێکی نادیار بەرێکران.

ئێلندیا وردە وردە بەرچاوی رۆشن دەبۆوە، خۆی لەنێو قەفەسی گالیسکە گەورەکاندا بینییەوە، کە هەر هەمان گامێشە سم سورەکان کێشی دەکەن، رووی وەرگێڕا بەملاو بەولادا، ژمارەیەکی زۆر ژن و پیاوی لەنێو گالیسکەکاندا بینی. رووبکردە دەرەوە، سنگی پڕ کرد لە شنەبایەکی فێنکی پاییزانە، گیان و دەروونی ژیاندەوە و بەرە بەرە چاوەکانی روونتر دەبونەوە. تیشکی خۆر لە رووخساری دا، هێز و توانای بۆ گەڕایەوە، کەمێ جێگەکەی خۆی لەگالیسکەکەدا باشتر کرد، چونکە هەر قەفەسێکی گالیسکەکان لە یەخسیرەکان سیخناخ کرابون. ئێلندیا دەستیگرت بە شیشەکەوە، خەمی لەدووری تیۆدلینا

دەخوارد، بیری لەوە دەکردەوە کچێ لە سەرزەمینی دار و درەخت و لە باوەشی سروشتێکی پڕ گوڵ و گوڵزاردا، چۆن دەتوانێ لەنێو ڕەشەبا و وەیشومەی نەهامەتی سەرزەمینەکانی باشوردا بژی، دووبارە دیمەنی سەفەرە سەختەکەیان بێتەوەی ئارەزوو بکا، بە بەردەمیدا گوزەری دەکرد و هێندەیتر خەمی تەنیایی تێۆدلینا دەیخواردەوە. کاروانی گالیسکەکان دڕیان بە شەکەتی دەدا و شەو و ڕۆژیان نابوە سەر یەک و بوێرانە دەشت و چیا ترسناکەکانیان دەبڕی، بەڵام جاروبار هەوڵیاندەدا بەرەو ڕووی ڕەسەنی مرۆڤ و ئاوایيەکانیان نەبنەوە، دواجار شارێ گەورەیان بەدیکرد. ئێلندیا و دیلەکانی دیکە چاویان بە قەڵایەکی زۆر بڵند ئاشنا بوو، بڵند تا ئەو ڕادەیەی دەیویست دەستی بگاتە هەورەکان. دیمەنێ بەسامی گەیاندە بینایيان، ئیدی چ ئاوات و ئومێدێکی نەخستە دڵ و دەرونیانەوە، هەستیاندەکرد بەرەو جێیەکی نادیار ڕەوانە دەکرێن، شارەکەیان لێ بزر کردن و زۆر دوور لەوێ ڕێگەیەکی نهێنییان گرتەبەر، کە دیاربوو تەنیا تولەڕێی بندنیاییەکان بوو، ئەوێ بەردەبازێ بوو دوور لە چاوی ڕەسەنی مرۆڤ. لەناکاو خۆیان لەبەردەم کونی ئەشکەوتێکدا بینییەوە، کە بەسەر چیاکەدا سەردەکەوتن، هەرچەندێ دەچونە پێشەوە بۆ نێو ئەشکەوت، ڕووبەری بەردەمیان فراوانتر و فراوانتر دەبوو. چەند شاپڵیتەیەکی گڕ

لێرە و لەوێ دانرابون، ناو ئەشکەوتەکەی رۆشن کردبۆوە، گەیشتنە بەردەم دەرگایەکی پۆلایینی زۆر گەورە، کە تەژی بوو لە نەخش و وێنەی بندنیاییەکان. بێدوودڵی و مۆڵەت وەرگرتن گالیسکەکان چونە ژورێ، ئەوێ شارێکی گەورەی ژێر زەمین بوو، بەڵام پیس و پۆخڵ، بەردی بەسەر بەردەوە نەبوو، پڕ لە جۆگەی زەلکاو بەنێو کۆڵانەکاندا گوزەری دەکرد. ئاوی پیس لە بنمیچی ئەشکەوتەکەوە دەهاتە خوارێ، بن دیوارەکان ئێسک و پروسکی بچکۆلە و گەورەی تێدا فرێدرابوو. کاروانی حەپەساوی یەخسیرەکان نەوەستا و لەو قەرەبالّغیە ترسناکە تێپەڕین تا گەیشتنە ئەوپەڕی شار، کە مەیدانێ پان و بەرینی دەورە دراو بە مەشخەڵی ئاگر بوو، ئاپۆرەکە لەوێ کاڵ دەبۆوە، بەڵام پاسەوانییەکی تۆکمە دەکرا. دەرگای پۆلاییینی قەفەسەکان کرانەوە و دیلەکان دەرهێنران، شەلاق و چزەی قامچیەکان نیشتە سەر جەستەیان ، کسپەی لەدڵیان دێنا، بەڵام ئافرەت و منداڵەکان بەرگەی ئەو هەموو ئازارەیان نەدەگرت، دنیایان لە گریان و هاوار سیخناخ کردبوو. بەزۆرەملێ ڕووەو ژورەکانیان بەڕێکردن، کە هەریەکەیان تەژی بون لە ڕەسەنی مرۆڤ. ئێلندیا نەیدەزانی ئەوە کوێیە، لەگەڵ ژمارەیەک پیاو و ئافرەت و منداڵدا فرێدرانە ژورێکی تاریکەوە و دەرگای پۆلاینیان لەسەر داخستن، بێئەوەی زنجیر و پلپلەکان لەدەست و پێیان

بکرێنەوە. زیندانەکان کە پێشتر سیخناخ بون لە خەڵک، سەرباری ناهەمواری دۆخی خۆیان، بەدەستە لەرزۆکەکانیان دیلە نوێکانیان راکێشایە تەنیشت خۆیانەوە و بەدەنگێکی ئارامەوە لەگەڵیاندا کەوتنە قسەکردن. ئێلندیا تەواو شەپرێو بوو لەسەر پێ خۆی رانەدەگرت، وردە وردە چاوەکانی لێکدەنا، بەزوویی دوو سێ ئافرەت هەستیان پێکرد و چوونە ژێر باڵییەوە، لەسەرخۆ لە عەردەکەدا درێژیان کرد، یەکێ لە ئافرەتەکان پارچە پەڕۆیەکی دڕاوی پێبوو دای بەسەریدا، هەموو گیانی دەلەرزی، چەشنی کەسێ بوو لە زۆرانبازییەکی قورس گەڕابێتەوە، بە ئاستەم گوێی لە گفتوگۆی ئافرەتەکان بوو کە یەکێکیان دەیگوت: تەماشاکەن ئەم ئافرەتە لە رەسەنی سەرزەمینە دوورەکانە، خەڵکی زۆر باسیان دەکەن، سەیری پرچی سپی و روومەت و چاوە سەوزەکانی بکەن، چەندە جیاوازە!

ئافرەتێکیتر بۆی سەندەوە: راستدەکەیت، ئەم ئافرەتە لە رەسەنی ئێمە نییە، بەڵێ ئەمە لە رەسەنی نایابەکانە، هەواڵ و دەنگوباسیان بەزۆر شوێندا بڵاوە، بەڵام ئەمە لێرە چیدەکات؟

پیرەمێردێک لە نزیکیانەوە بوو، دیاربوو تەمەنێکی درێژی لەگەڵ زیندانداا بەسەربردبوو، بەهێواشی هاتەگۆ: دەڵێن زۆرێ لەم رەسەنانە لەسەرزەمینە فرە دوورەکانی باکور دەژین، ئەوانە سنوریان بەزاندوە

و لەنێو ڕەسەنی مرۆڤدا دەسوڕێنەوە...وابزانم دەڵێن پێنج ڕەسەنن، ناوی هەر پێنجیان بیستراوە و زۆریش دەگوتراوە، بەڵام زەینم بەهۆی زیندانەوە سست بووە، ناویانم لەبیر نەماوە، گەرچی ئەوەم لەبیرە و گوێم لێبوە، ئەم ڕەسەنانە پێش هاتنی ڕەسەنی مرۆڤ بۆ سەرزەمینی حەوتەم، پێیان ناوەتە ئێرە، تا ئاوای بکەنەوە و سازیدەن بۆ کاتی هاتنی هۆڵمان شا، ئەوجا پێشکەشی ڕەسەنی مرۆڤی بکەن. وەک لە چپە چپ و فیسکە فیسکی بندنیاییەکان تێگەیشتوم، هۆڵمان شا لە سەرزەمینی شەشەم شان بەشانی نورشا دژی هێزەکانی ئیفلۆرد شەڕیکردوە و سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێناوە، بۆیە لەلایەن شانورەوە ئەم ڕەسەنە زۆر خۆشەویست و بەڕێز بون..

ئافرەتێکیتر دیاربوو ئەو قسانەی زۆر بەدڵ نەبوو هەڵیدایە و گوتی: ئەمانە هەمووی قسەی هەڵبەستراو و ئەفسانەی سەرزەمینە دوورە نەناسراوەکانن، هەر بە حیکایەتە جادوییەکان دەچن، پاشای چی و حاڵی چی، ئەگەر ئێمە لە ڕەسەنی پاشا و پاشازادەین و سەرزەمینی حەوتەم بە دیاری بە ئێمە دراوە، ئەدی پێم ناڵێن ئەمە چ بەدبەختی و ناهەمواریيەکە تێیدا دەژین؟!

ئێلندیای نیوە ئاگا گوێی لە قسەکان بوو، زانی کەوا ڕاستی و نهێنیەکان بۆ بەشێ لە ڕەسەنی مرۆڤ شاراوە نییە، بەڵام دۆخی زیاتر

بەرەو شلەژان و ناجۆری دەچوو، بەرچاوی وردە وردە تاریک دەبوو، تا رادەیەکی زۆر دڵنیابوو، کە پێدەچێ گیانی لەم زیندانە تاریکەدا بۆ دواجار جەستەی جێبێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ دنیای ئاسمانەکان. موچڕکە بە لەشیدا دەهات و ئارەقەیەکی سارد نێوچەوانی سارد دەکردەوە، ئیدی خۆی شل دەکرد تا باڵندەی ڕۆحی بەزوویی هەڵفڕێ، بەڵام لەپڕدا دەستێکی بچکۆلە لەسەرخۆ دەستی گرت هەموو گیانی هەژاند چەشنی ئاوێ بوو بنیشێتە سەر ئاگرێ و گڵۆکۆی دامرکێنێتەوە، ڕۆشناییەک پەڕیە نێو دەروونییەوە، هێز و وزەیەکی گەڵێ سەیر، هێدی هێدی دەڕژایە ڕۆحیەوە. ئێلندیا هەستی بە گوڕ و توانایەکی زیاد لە رادەبەدەر کرد، تەمەنە بەسەرچوەکەی بۆ دواوە دەگەڕایەوە و ڕەنگی گەش بۆوە، زۆری لەخۆی کرد بەدووجار هەستایەوە، چاوەکانی لەسەرخۆ کردەوە، شتەکانی بە تەڵخی دەدیت، بەڵام وای مەزەندە دەکرد دوو ئافرەتی گەنج دەبینێ، هیچ کامیانی بە باشی نەدەدیت، یەکێکیان کچێکی گەنجی تەمەن بیست بەهار بوو ئەویتریشیان چاوشینێکی تەمەن منداڵ، ئەوی دەستی ئێلندیای گرتبوو کێژێ بچکۆلەی چاوسەوزی تەمەن حەوت ساڵان بوو بە سەرسوڕمانەوە لێیدەڕوانی، شتێ ڕۆشن لە ژێر کراسە شرەکەیەوە دەدرەوشایەوە، تەنیا چاوی ئێلندیا بەڕوونی دەیبێکا، بەڵام ئەوە

رووناکییەک بوو بەو نامۆ نەبوو پڕ لە نهێنی و وزە و توانایەکی لەرادەبەدەر بوو، دڕەوشانەوەکە لە گەردنبەندەکەوە دەردەچوو، هەر شەبەنگێکی بەرچاوی ئێلندیا دەکەوت، بەشێوەیەکی ئەفسوناوی کاری لێدەکرد و هەستی پڕ لە شادی و بەختەوەری سەرزەمینە دوورەکانی تێدا دەژیاندەوە. ئەو چ هەواڵێکی لەو هەستکردن و ڕۆشناییە پەنهانە نەدەزانی، چ لێکدانەوەیەکیشی شک نەدەبرد، کە کچێ لە مەترسیدارترین ساتەکانی ژیانیدا تەنیا چەند چرکەیەک لە مەرگەوە دوور بوو توانی ئێلندیا لە تاریکیەوە بێنێتە دەرەوە و بە ڕۆشنایی شاد بکاتەوە، بۆیە لەخۆی دەپرسی»ئەوە چ پەرجۆیەکە لەم کاتە ناسکەدا ڕژایە دەرونمەوە!».

تەماشای دەوروبەری خۆی کرد، بینایی ڕوونبۆوە ژورەکە جمەی دێ لە خەڵکدا، بەڵام هەمویان بە سۆز و خۆشەویستییەوە لە کێڕە حەوت بەهارییەکە دەڕوانن، ئاپۆرە دەبەستن و لەدەوری کۆدەبنەوە تەنانەت ئەو سێ ئافرەت و پیرەمێردەش کە لە نزیکیەوە وەستابون، هەستیان بە وزە و گوڕێکی تازە دەکرد وا تێکەڵ بە جەستەیان دەبێت.

ڕۆشنایی بەردە حەشاردراوەکەی ژێر کراسی کێڕە حەوت ساڵانەکە، تەنیا چاوی ڕەسەنە نایابەکان دەرکیان پێیدەپژا، ئێلندیا دووبارە لە خۆی پرسییەوە: ئەو هەستە چییە دەمگێڕێتەوە بۆ سەرزەمینە

دوورەکان...دوور لە رەسەنی مرۆڤ؟!

بە نیگەرانییەوە لە کچە منداڵەکەی روانی: من لە کوێم؟

ئەویش لەسەرخۆ وەڵامیدایەوە: نازانین...بەڵام هێندە دەزانین لەسەر ئێمە، شارێکی گەورەی سەرزەمینە نەناسراوەکانی ناوەڕاستە، ئێرەش شارێکە لە ناخی زەوی، لەوانەی کە پێیان دەبێژن»بندنیاییەکان».

یەکێ لە سێ ئافرەتەکە بە بێزارییەوە گوتی: ئێمە دەزانین تۆ لە رەسەنە نایابەکانیت، ناوبانگی ئێوەمان زۆر بیستوە، بەڵام ئەوە یەکەمینجارە کەسێکی وەک تۆ دەبینین...ئاخر ئەوانەی لە رەسەنی تۆن، دەگیرێن و زۆرینەی هەر زۆریان رەوانەی سەرزەمینی ئیڤڵۆرد دەکرێن، ئەوەندەی بزانین کەسێکیش چوبێتە ئەوێ، نەگەڕاوەتەوە..

ئافرەتی دووەم نیگەرانتر وەگۆ هات: بەڵێ وایە، بەڵام ئێرەش هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ سەرزەمینەکانی ئیڤڵۆرددا نییە، هەموو شتێ هەر کوشتن و ئەشکەنجەیە، تەنانەت زۆرێ لە ئافرەتە گەنجەکانیان بردوە تا لەگەڵ دێوە ترسناکە سەرزلەکان کە پێیان دەڵێن نیڤلیۆم جووت بن و رەسەنی جیاواز بۆ مەرامە شەڕەنگێزەکانیان بخەنەوە.

ئێلندیا یەکسەر خەیاڵی بۆ قسەکانی پێگەورە رۆشت، ئەویش دایکی لە رەسەنی مرۆڤ و باوکی لە دێوەکانی نیڤلیۆم بوو، بەوپەڕی سۆز و خۆشەویستییەوە کۆرپەکەی گەورە کردبوو. بەباشی وەبیری

دەهاتەوە کە چۆن پێگەورە باسی مەزنیی دایکی دەکرد و لەگەڵ هەر وشەیەکیشدا فرمێسک لەچاوی دەباری، ئەو سۆزە قوڵە بوو کە هەستێکی مرۆڤانەی بە ڕەگ و ڕیشەوە لە دەروندا چاندبوو زاڵ ببوو بەسەر هەوەس و ئارەزووەکانی باوکیدا. ئێلندیا سەرنجیدایە کیژۆڵە حەوت ساڵەکە و دایکانە دەستی میهرەبانی بەسەریدا هێنا، بە ئارامی پێیگوت: کیژۆڵەی چاوجوان، پێم بڵێ ناوت چییە؟...ئەوە چ گەردنبەندێکە لە زێر کراسەکەتەوە لە ملت کردووە؟

هێشتا دەستە بچوکەکانی لەنێو دەستی ئێلندیا بوو، بەری نەدا و هەستیدەکرد کە متمانەیەکی زۆری بەو ئافرەتە نامۆیە هەیە، هەرچەندە لە ڕەسەنی خۆیان نییە، دەستەکەی تری خستەسەر گەردنبەندەکە بەدەنگێ ناسک گوتی: ئەمە...ئەمە گەردنبەندی براکەمە، پێشنیارەوەی لەگەڵ هاوەڵەکانی سەفەری بەهارانەی بکات، کردیە گەردنم.

بێدەنگ بوو، کەمێ بیریکردەوە، قسەی براکەی وەبیردەهاتەوە، تەماشای ئێلندیای کردەوە و بە ڕوویەکی گەشەوە دەستی بە قسان کردەوە: براکەم پێشنیارەوەی بڕوات، پێیگوتم ئەم بەردە درەوشاوەیە بەهێزترین و بەنرختترین و خاوێنترین و گەورەترین ڕاز و نهێنی لەخۆگرتوە، بەشێکی خەوتوی منی تێدا پارێزراوە، منم لەگەڵتدا دەبم و لێت دوورناکەومەوە، کاتێکیش من لەلات نەبم، ئەم بەردە هێز و توانات پێدەبەخشێ،

چونکە هێزێکی نایاب و بێوێنەی هەڵگرتوە، خۆت و هاوەڵەکانت لە هەڕەشە و مەترسییەکان دەپارێزێ، تەنانەت لە تاریکترین سەردەم و شوێندا بن، هەر پارێزراو دەبن، لە چاوەروانەکراوترین کات و ساتدا دووبارە بۆ لای منت دێنێتەوە.

ئیدی کچەکە وردە وردە گەردنبەندەکەی لەژێر کراسەکەوە دەرهێنا و پیشانی ئێلندیای دا: تەماشای بکە بزانە چەندە جوان، هەر پێناچێ لەم سەرزەمینانە هاتبێت.

ئێلندیا لێیوردبۆوە...باوەڕی بە چاوەکانی نەدەکرد...دەستی بۆ درێژکرد و کەمێ بەملاو بەولایدا دا و چاوەکانی زەقکردەوە، وەک ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بدوێ: نا...نابێ..هەرگیز شتی وا نابێ؟ ئاخر چۆن ئەمە گەیشتە ئێرە؟

لەو تاریکیەدا ڕاستییەکی گەورەی بۆ ئاشکرا بوو، وەختەبوو لە هۆش خۆی بچێ هەرگیز لە زیندانێکی وادا چاوەروانی ڕووداوێکی لەو چەشنەی نەدەکرد، لە سەرزەمینێکیش کە ترسناک و دوورەدەست و نەناسراوە، ئەوجا دەرکیکرد کە بۆچی وا هەستەکانی جار بەجار بێدار دەبنەوە، ئەو چاوی بە نهێنییەکی پڕ لە بەها و ونبوی پێش هەزاران ساڵێ کەوتوە. ئێلندیا دڵنیابوو لەبەردەم کێژۆڵەیەکدایە، هەڵگری گەورەترین و بەنرختترین نهێنییە، بەڵام پرسیارێ مێشکی

دەخواردەوە کە ئاخۆ ئەمە کێ بێ و چۆن دەتوانێ بەرگری لەخۆی و نهێنییەکە بکا، بە چ شێوەیەک دەتوانێ خۆی بپارێزێ و لەنێو ئەو زیندانە ترسناکەدا قوتاربێ، بۆیە لەبەرخۆیەوە کەوتە گۆ: دەبێ بەهەر شێوەیەک بووە ئەم کچە بپارێزم..دەبێ رێگەچارەیەک بۆ دەربازبوونمان بدۆزمەوە و بەزووترین کات ئێرە بەجێبێڵین...بەم ئەمانەتەوە بەرەو سەرزەمینەکانی باکور پێ هەڵگرین..بەڵام ئاخ لە پشت ئەم میلە ئەستورانەی زیندانەوە و بەم پاسەوانکردنە تووندوتۆڵەوە، چۆن هەڵبێین؟ پێناچێ ئەمە کارێ ئاسان بێ..

بەقوڵی بیریکردەوە، شەن و کەوێ زۆری کرد، نەیدەویست چ شتێ لەبارەی پلانەکانیەوە بزانرێ، دڵنیابوو هیچ یەکێ لەوانەی سەر بە رەسەنی مرۆڤن، ئاگاداری گەورەیی ئەو گەردنبەندە نین، کە پاشەرۆژی رەسەنەکەیان لە مەترسی و کارەسات دەپارێزێ، بۆیە هەر هێندەی پێگوت: براکەت راست دەکا، ئەوە گەلێ بەنرخ و بەهێزە، زۆرباشە تا ئێستا بەو شێوەیە لای خۆتت پاراستوە، لەمەودواش هەروا بکە، چونکە نایابە و رەنگە رۆژێ لە رۆژان ئێمە بەرەو لای براکەت بەرێ.

بە سۆزێکی دایکانەوە پێیگوت: ئەی دایک و باوکت لەکوێن؟

بەو پرسیارە یادگارییەکی تاڵی تێدا ژیاندەوە، روخساری گۆڕا و بەدڵێ خەمگینەوە گوتی: دایک و باوکم نەماون..هەر هەمویان کوژراون،

کەس لە گوندەکەمان نەما....ناشزانم برا و دوو هاوەڵەکەی چییان بەسەر هات.

ئێلندیا پەست بوو، سێ ئافرەت و پیرەمێردێکیش کە لە نزیکیانەوە بون، گوێیان لە قسەکانیان بوو سەرێکیان راوەشاند و بە سۆزەوە سەیری کیژۆڵەکەیا کرد، ئیدی ئێلندیا دڵنەوایی دایەوە: منیش هیچ کچێکم نییە، ئەوەشی هەمبوو لە سنور لە یەکتر دابڕاین، ئێستاش نازانم چی بەسەرهاتوە، کەوایە تۆ دایکت نەماوە، منیش لە کچم دابڕاوم...حەز دەکەی ببیە کچم؟

فرمێسکەکانی چاوی سڕی و گەشبۆوە، دەستەکانی خۆی هەڵگڵۆفی: ئا...حەز دەکەم.

هەردو دەستی گرت و لەخۆی نزیککردەوە: پێت نەگوتم خەڵکی کوێیت و ناوت چییە؟

بەدەستی ئاماژەی بۆ ئافرەتێکی گەنج کرد، کە لە پشتیەوە وەستابوو، گوتی: ئەوە هاوگوندی منە و هاورێمە لە گوندی سەروکانیە، ناوی هادریانە و منیش ناوم ئیڤایە.

# سزای بێدەنگی و تووڕەیی

ئەڵقین و نۆردمەن لە بێچارەیی خۆیاندا ئەو شەوە خەو لە چاویان زڕا، هەر کە دەرگای کۆشکەکەی بەرامبەریان کرایەوە، لەجێی خۆیان بەرزبونەوە و چەند شەقاوێ هاتنە پێشەوە، بەڵام بەزوویی لەلایەن پاسەوانەکانەوە پاشەکشێیان پێکرا. کوڕ و کچەکان یەک یەک و دوو دوو لەوێوە بە روخسارێکی تەماوییەوە دەهاتنە دەرێ، لە سیمای هەریەکەیاندا چیرۆکی هەپرون بە هەپرونبونی دوێنێ شەویان دەگێڕاوە. ئەمانیش بە خەمباریەوە ڕەق وەستابون، دڵنیا کە بەرەو ڕووی بەیانییەکی پڕ لە بەڵا و نیگەرانی دەبنەوە، یەکەم کەسێ تاقێن بوو بەجلوبەرگێکی پارچە پارچە و سنگێکی ڕووت و چاوێکی نفرۆبوو لە فرمێسک پرچێکی ئاڵۆزکاو، بە ئاستەم لەسەر پێ جەستەی ڕادەگرت، لاشەیەکی بێ گیان لەسەرخۆ هەنگاوە تەواونەکراوەکانی دەبڕی، هەر چاوی بە ئەڵقین و نۆردمەن کەوت دایە پرمەی گریان و بەرەو ڕوویان رایکرد کەوتە باوەشی ئەڵقینەوە، دەموچاوی شین و مۆر ببۆوە، دیاربوو دوێنێ شەو بێبەزەییانە ئازار و لێدانێکی زۆری چەشتبوو، ئەڵقین چوە ژێر باڵیەوە و بەرەو قەڵای بردەوە، سەری سوڕاند بۆ نۆردمەن و بە بێزارییەوە گوتی: لێرە چاوەرێ بە، ڕەنگە

کەمێکیتر هاورێکانی دیکەمان بێنن گەر تاڤێنم گەیاندە شوێنی خۆی دێمەوە لات.

ئەڵفین تا ڕادەیەکی زۆر دڵنیابوو، کە باری هامۆند و تیۆدلینا بەهیچ کلۆجێ لە تاڤێن باشتر نابێ. نۆردمەن مایەوە، ئەڵفینیش بە سەختی و نارەحەتیەکی زۆر تاڤێنی گەیاندە لای پێ پلیکانەکان و بردیە لای ژورەکەی، لەوێ لەسەر جێگە و بانەکە درێژی کرد. تاڤێن هەموو جەستەی دەڵەرزی لاشەی سارد دەبۆوە، ئەڵفین بەشیاوی نەدەزانی لە دۆخێکی وادا پرسیاری شەوی رابردوی لێبکا، بۆیە بەکپی تەماشای تاڤێنی دەکرد کە لە ناخەوە دەتوایەوە و ئازار لولی دەدا. ئەڵفین هەستایەسەر پێ بەرەو لای نۆردمەن بگەڕێتەوە بەڵام تاڤێن توند دەستیگرت و بەگریانەوە هاواریکرد: نەڕۆیت...تکایە مەڕۆ، بەجێم مەهێڵە.

ئەو بیری لە چارەنوسی تیۆدلینا و هامۆند دەکردەوە، ئیدی لەبەر پاڕانەوە و تکای تاڤێن لە شوێنی خۆی دانیشتەوە. تاڤێن پەیتا پەیتا فرمێسکی دەڕشت و توانای بینینی کەسی نەمابوو، ژیان لەبەرچاوی ببوە کێوێکی سەخت و گران و لەسەر شانی سووک نەدەبوو، لەوپەڕی بێئومێدی و بێچارەییدا گینگڵی دەدا ڕوویکردبوە دیوارەکە و دەستێکی خستبوە سەر چاوی و بەدەم گریانەوە گوتی:

رادەستی نەبوم زۆر بەرگریم لەخۆم کرد، گەلێ سەرخۆش بوو لەمن بەهێزتر بوو، هەتا توانیویەتی لێیداوم ئەو تام و چێژی لە ئازاردانی من وەردەگرت لەگەڵ هەموو مشتەکۆڵەیەکدا قاقای پێکەنینی دەگەیشتە ئاسمان، هەزاران جنێوی بەسەردا دابارانم ڕق و کینەی بەهیچ شتێ خامۆش نەدەبوو.

بێدەنگبوو بۆ تاوێ قوڵپی گریان وچانی نەدەدا، دواتر بەهەردو دەستی چاوەکانی گرت: ئیتر هێز و توانای لە لاشەمدا نەهێشت، منی لەسەر تەختەکە دڕێژکرد تەنیا شتێ لە ژیانمدا مابوو، دڕندانە لە منی زەوتکرد.

ئەڵقین لە خەمان وەگۆ نەدەهات، ئەوە چیرۆکی ڕاستییە تاڵەکانی نێو ئەم سەرزەمین و قەڵایە بوو، کە پێشتر ئافرەتێ هۆشداری پێدابوو: لەو ژیانە چیم ماوە بۆی بژیم...هیچم نەماوە...ژیانیان لە من وەرگرتەوە، ئەمە تەنیا جەستەیەکی بێگیانە، منیان سوتاند، تەنیا خۆڵەمێشەکەم ماوە..دەزانی چەند لەخۆم نیگەرانم کە نەمتوانی خۆشەویستیم بۆ ئۆرام بدرکێنم، کە ئێستا دوورکەوتۆتەوە، دەزانی چەند گەمژە و لووتبەرز بوم..نازانم بۆچی وا بوم؟ ئێستا گەر بزانێ ئاوهایان بەسەر منداا هێناوە، چیم پێدەڵێ؟ من دەمزانی ئەو هەموو وەختە منی خۆشدەویست، هەوڵیدەدا لێم نزیکبێتەوە، بەڵام کوژرانی پیرەمێردەکە

لەنێو ئەشکەوتی نزیک دەریاچە ترسناکەکەم خستە ئەستۆی ئەوەوە، دەشمزانی ئەو لەترسی ئەوەی نەبادا پیرەمێرد هاواری لێ بەرزبێتەوە وایکرد، بە ئەنقەست نەبوو، ئەویش وەک من پیرەمێردی خۆشدەویست بەڵام من هەر وازم نەهێنا و دڵی نۆرامم ئازار دا، کەچی ئەو هەر منی دەویست...ئێستا نەفرەتم لێدەکا.

سەری سوڕاند بۆ لای ئەلڤین و دەستەکانی گرت: ئەلڤین حەز ناکەم چیتر بژیم..هێندە بوێر نیم دەستم بچێتە خۆم، بەڵام تکایە بە شمشێرەکەت کۆتایی بە ژیانم بێنە...تکایە.

ئەلڤین زۆر بێتاقەت بوو سەرێکی بادا و دەستی خستە نێو دەستییەوە، لەسەرخۆ پێیگوت: نا...شتی وا نابێت..خەمت نەبێ با چاوەرێ بین تا هاوەڵەکانی دیکەمان دەگەڕێنەوە، هەر ئەمشەو ئەم سەرزەمینە نەفرەتلێکراوە بەجێدێڵین..نۆرام گەر بەڕاستی تۆی خۆشبوێ، شان بەشانی تۆ خەمەکانت لەگەڵدا بەش دەکات و دەزانێ چ کارەساتێ بەسەر تۆدا هاتوە و ئەوەی رووبداوە، دوور لە توانا و ویستی تۆ بوە...با چاوەرێ بین.

- نا...نا..نابێ نۆرام بەهیچ کلۆجێ ئەمە بزانێ، ناتوانم تەماشای بکەم، چیدیکە بەرگەی بینینی ناگرم.

لەو نێوەدا نۆردمەن و هامۆند و تیۆدلینا هاتنە ژوورێ، ئەلڤین یەکسەر

هەستایە سەر پێ و بەرەو ڕووی تیۆدلینا چوو، بەوردی لێیڕوانی، ڕەنگ و ڕووی پەڕیبوو، بەڵام وەک تاقێن حاڵی شەڕێو نەبوو، بەپەلە لێی پرسی: تیۆدلینا...تۆ چۆنیت؟

بەڕوویەکی پڕ لە خۆشەویستییەوە بەدەمیەوە هات: من باشم...خەمی منت نەبێ.

وەک بەڵێنی بە هێرۆدۆس دابوو هیچ باس و خواستێکی لەبارەی دوێنێ شەوەوە ئاشکرا نەکرد، کاتێ چاویشی بە تاقێن کەوت ئەو هەلەی قۆستەوە کە خۆی لە حیکایەتی شەوی ڕابردوو بدزێتەوە، بەپەلە چوە تەنیشتیەوە دانیشت. ئەڵقینیش سەیری کرد و سەدان پرسیار لە مێشکیدا دەخولانەوە، نەیدەزانی لە کوێوە دەست پێبکات بە ناچاری بەرەو هاموند چوو: ئەی تۆ بارودۆخت چۆنە؟ لەنێو کۆشکی هەڤساردا چیت بەسەرهات، پێم بڵێ؟

دەمی هەڵێنایەوە قسە بکات، ئۆرام و ساویلک لەناکاو هاتنە ژوورێ، ئۆرام یەکسەر بەرەو لای تەختی تاقێن چوو، ئەو ڕەنگی پەڕیبوو، گۆناکانی بونە پشکۆیەک ئاگر، شڵەژا و سەری بۆ لای دیوارەکە سوڕاند نەیدەتوانی سەیری بکا، شەرمی دەکرد ئۆرام بەو شێوەیە ببینێ. ئۆرام لەو هەڵبزڕکانە دڵەخورپە گرتی و بەباشی زانی ژورەکە تەنیا خۆی و ئەوی تێدا بمێنێ، دەنگێکی خنکاو لە گەروی هاتە

دەڕێ: تکایە هەموتان بچنە دەرەوە.

نۆردمەن نزیکبۆوە تا ئۆرام هێور بکاتەوە، بەڵام ئەو خۆی ڕاپسکاند و شێتانە هاواریکرد: بڕۆنە دەرەوە...تکایە...دەرەوە.

ناچار تەماشای یەکتریان کرد و بە سەر ئامارەیان بۆ یەکدی دا، کە باشترە ژورەکە شاهێدی قسەکانی ئەم دوو کەسە بێ، ڕۆشتنە دەرەوە و لەنێو ڕاپەوە گەورەکەدا ئەڵقین بەرەو لای تیۆدلینا هەنگاوی نا: تیۆدلینا پێم بڵێ، لە قەڵا چی قەوما؟

بەوردی سەرنجی دا و پەڕۆشییەکی ئاوێتە بە خۆشەویستییەکی قوڵی تێدا دەخوێندەوە، حەزیدەکرد سەر بنێ بە سنگیەوە و چی بینیوە و بیستوە بۆی باسبکا، بەڵام بەڵێنەکەی دەیگەڕاندەوە دواوە و خۆی ئاسایی دەکردەوە، وەک ئەوەی یەکەمجاری بێت ئەڵقین ببینێ: پێمگوتیت هیچ نەبوە، هیچ شتێکی خراپ نەبوە، خەمی منت نەبێت. بۆ ئەوەی ئەڵقین پرسیار بارانی نەکا، ڕووی وەرگێڕا بەرەو ژورەکەی و بەپەلە دەرگاکەی کردەوە، لەودیوەوە کڵۆمی دا، ئەڵقین گەلێ لەو ئاکارەی دڵگران بوو، چ لێکدانەوە و تێگەیشتنێکی بۆ سارد و سڕی تیۆدلینا نەدیتەوە. نۆردمەن و هامۆندش بە سەرسوڕمانەوە لە دەرگا داخستنەکەی ئەویان ڕوانی هاتنە لای ئەڵقین و نۆردمەن دەستی بەسەرشانیدا هێنا: خەم هەڵمەگرە براکەم، دڵنیام کاتی خۆی دێت و

هەموو راستیەکانت بۆ دەگێڕێتەوە.

بۆ ئەوەی ئەلفین بە مەسەلەیەکیترەوە سەرقاڵ بکات، رووبکردە هاوڕێ: ها پێمان بڵێ حیکایەت و بەسەرهاتەکانی تۆ چی بون؟

هاوڕێ بە وردی سەرگوزەشتەی خۆی گێڕاوە، بەڵام باسی گەردنبەندەکەی نەکرد، کە ئەلفین لە ژێر تەختی ئیڤای خوشکیدا دۆزیبۆوە، هەروەها ئەوەشی بۆ ئاشکرا نەکردن کە سایەی کچی هەڤسار مەرجی بۆ داناوە، بەدزییەوە بچێ و گەردنبەندە دۆزراوەکەی بۆ بەرێت. ئەو بەسەرهاتانە بۆ هەردوکیان چاوەروانەکراو بوو، تێنەدەگەیشتن چۆن کچی هەڤسار لە سەرزەمینێکدا کە ئەفیندارێ بە چەقۆ و شمشێر سەردەبڕن، دڵی خۆی بۆ هاوڕێیەک دەکاتەوە، کە تەنیا نیوە شەوێ ناسیویەتی، ئەمە جگە لەوەی نەدەچوە ئەقڵیانەوە کچی کەسێکی وا دەستڕۆیشتوو ئاشقی هەژار و بێدەسەڵاتێکی وەک هاوڕێ ببێ. بۆیە تەنیا تەماشای هاوڕێیان دەکرد و هیچیان نەدەگوت، نەیاندەویست لەو خەونە خۆشەی بێدار بکەنەوە، بەڵام ئەلفین بە پێچەوانەی هەمویانەوە دڵی لەو سەرزەمینە ڕەنجابوو بە نیگەرانییەوە پێیگوتن: هەر کە تاریکی داهات، یەکەم دەرفەت بۆمان بێتە پێشەوە، پێشئەوەی پاسەوانەکان دیسانەوە کوڕ و کچەکان جەم بکەنەوە، دەبێ ئەم سەرزەمینە جێبێڵین، ئیتر جێگەمان لێرە نەماوە و دڵم ناکرێتەوە

ئەقڵم ئاگادارم دەکاتەوە کە کارەساتی گەورەتر بەڕێوەیە.

ئەوجا رووبکردە هاوڕێند: هاوڕێند ئەو ئەفینەت یەکلایی بکەوە، دەبێ بەزووترین کات خۆشەویستەکەت ئاگاداربکەیتەوە، کە ئەم سەرزەمینە جێدێڵین.

پێشنیارەی هاوڕێند وەڵامبداتەوە، ئۆرام چاوەکانی سور هەڵگەڕابون و بێئۆقرە هاتە دەرێ: جارێ باسی جێهێڵانی ئەم سەرزەمینە مەکە، من کارێکم لێرە ماوە.

دیاربوو گوێی لە قسەکانی ئەلفین بووە، بەڵام ئەو لەسەرخۆ لێی چووە پێشەوە، هەردو دەستی کردەوە: مانەوەمان لێرە کارەساتی گەورەتری بەدواوەیە، باشترە هەر ئەمشەو ئەم سەرزەمینە وێرانەیە جێبهێڵین.

هاوڕێند لە هەردوکیان وردەبۆوە، دڵنیاش بوو ئەلفین لەخۆڕا قسە ناکات، بەڵام ئەمیش بەڵێنێکی بە سایە دابوو، نەیدەتوانی لەگەڵیاندا پێ هەڵگرێ و ئەوێ بەجێ بێڵێ، ئەو بیری لە چارەنوسی سایە دەکردەوە، کە دواتر بەرەو ڕووی چ ئازار و مەینەتیەک دەبێتەوە، ئیدی پێی بە جەرگی خۆیدا نا و گوتی: منیش ناتوانم ئەلفین، پەیمانم بە سایە داوە، گەر بڕیاریش بێ و لە ناچاریدا ئەم سەرزەمینە بەجێبهێڵم، ئەوا دڵنیابە بەبێ سایە هەنگاو نانێم، ڕێم بدە ئەمشەو لەگەڵ سایە قسە بکەم بەڵکو لەگەڵ خۆماندا بیبەم و لەم ژیانە تاریک و زیندانەی

کۆشک و تەلارەکانی دەربار بکەم، بەڕاستی پێت بڵێم ناتوانم سایە جێبێڵم هەر دەبێ لەگەڵمدا بێ.

تیۆدلینا لەودیوی دەرگاوە گوێڕادێر بوو، بەپەلە ئەویش هاتە دەرێ و تەماشایکردن بەڵام دوودڵ بوو لەوەی قسەی خۆی بکات و مەرج هەڵڕێژێ، چونکە ئومێدی هەبوو کە بتوانێ لە رێگەی هێرۆدۆسەوە سەرەداوێکی لە بارەی ئێلندیاوە بۆ ئاشکرابێ، چونکە ئەو پەیمانی پێدابوو هەواڵێکی یەکلاکارانەی بداتێ، ساوێلک بە سەرسوڕمانەوە تەماشایکرد: ها تیۆدلینا تۆ چی دەڵێیت؟

هەموو سەریان بۆ لای ئەو سوڕاند، ئەلفین بەلایەوە سەیر بوو: تیۆدلینا...تۆش؟!

- من چی؟! جارێ نا...

دڵی توند لێیەدا قسەکەی تەواو نەکرد بەپەلە بەرەو ژوری تافێن چوو دەرگاکەی لەدوای خۆی داخست، ئەلفین هێندەیتر نیگەران و بێزار بوو بە تورەییەوە گوتی: دەبوایە خۆتان هاوارتان لێهەستایە کە ئەمشەو ئێرە بەجێ بێڵین، دەزانن ئەمشەوی رابردوو لەبەر سەرما و خەمی ئێوە، چ شەوێکی سەختمان بەرێکرد، باشە من نازانم ئێوە بەتەمای چین، نابینن ئەو سەرزەمینە کەوا هێندە پەرۆشن تێیدا بمێننەوە، چی بەسەر هێناون؟

رووبکردە هاوڕێند: دەزانم سایەت خۆشدەوێ و ناشبێ بێئەو ژێرە بەجێبێڵین، بەڵام مانەوەمان سەری هەمومان دەخوات...لەبەرئەوە لە ناچاریدا تەنیا ئەمشەو ئەو هەلەت لەبەردەستدایە، قسەی لەگەڵدا بکەی و پێی بڵێیت شەوی داهاتوو ناچارین، ناتوانین لەم سەرزەمینە بمێنینەوە.

رووی لە نۆردمەن و ساویلک کرد: لەبەر دڵی ئۆرام و هاوڕێند و تێۆدلینا، ئەمشەو دەمێنینەوە، بەڵام سبەی شەو خۆشمان بێ و ناخۆشمان بێ، تێیدا نامێنینەوە.

بە تورەیی بەرەو ژورەکەی خۆی ڕۆشت، یەکجار پەرێشان بوو کەوا هاوەڵەکانی پێداگیری لەسەر مانەوە دەکەن، ساویلک لە خەمان قسەی بۆ نەکرا، بەدڵێکی شکاوەوە بەرەو عەمبار گەڕایەوە، دڵنیابوو گەر کەمێکیتر هاواری لێبکەن و لەوێ نەبێ، سزایەکی توند بۆ خۆی دەبڕێتەوە.

هاوڕێند و نۆردمەن چوونە ژورەکانیان تا درەنگانێ کەس لە ژوری خۆی نەهاتە دەرێ، هاوڕێند دڵنیاییەکی زۆر لە دڵی چەسپیبوو کە قسەکەی ئەلڤین دروستەو و تەنیا ئەمشەویان بەدەستەوەیە بۆ خۆدەربازکردن، دەبێ ئەمشەو سایە رازی بکا لەگەڵیاندا ئەم سەرزەمینە سەرەخۆرەیە بەجێبێڵن، ئەگەر نا ئەوا ئەلڤین قسەی خۆی بەجێدەگەیەنێ و دەڕوات،

ئیدی ئەمشەو دوا دەرفەت بوو بە هاوەڵەکانی دابوو.

تیۆدلینا ئەو ئێوارەیە لای تافێن مایەوە و دڵنەوایی زۆری کرد، بەڵام لەگەڵ لێڵبونی زیاتری ئێوارەدا دڵەکوتە دەیگرت، چونکە ئەوە پیشەی ئێوارانی ئەوێ بوو بەزم و ڕەزمی شەوانە دەستی پێدەکردەوە و کەسیش نییە ڕێگرییان بکا، بەڵام تیۆدلینا بەڵێنی بەخۆی دابوو لە بەرامبەر پاراستنی هاوەڵەکانی و دۆزینەوەی ئێلندیا، شەوانە میوانی هێرۆدۆس بێ و لەنێو قەڵاکەدا ڕۆژ بکاتەوە، هامۆندش دەبوایە گەردنبەندی دۆزراوەی بن تەختی ئیڤای ڕادەستی سایە کردبا، بەجۆرێ کەس پەی پێنەبات، هەرچەندیش بیری لەو ئەرکە دەکردەوە بۆی ڕووندەبۆوە چۆتە ژێر باری چ سەختی و دژوارییەکەوە، ئاخر ئەڤین لە ژورەکەی خۆی دەرنەدەچوو. ئەوی ڕازێکی هەڵگرتبوو، ئۆرام بوو کە خوێن بەری چاوی گرت کەس نەیدەزانی بەتەمای چییە، بەڵام دیاربوو بە دوور و درێژیی قسەی لەگەڵ تافێن کردبوو، ئەویش بە ناچاری ورد و درشتی خەم و نەهامەتیەکانی خۆی بۆ گێڕابۆوە، ناو و نیشانی ئەو کەسەشی پێدابوو کە شەوی ڕابردوو چی بەسەر هێناوە. ئیدی ئۆرام کڕیبوو، چ وشەیەکی لە زار نەهاتە دەرێ، تووڕەیی و سەرشێتی لە ناوەوە دەیخواردەوە، هەستایە سەر پێ و بەپەلە تافێنی جێهێشت.

ئەو شەوە ئەڤین و نۆردمەن و هامۆند لە ژورەکانیان وەدەرکەوتن

و له هۆڵه گەورەکەدا دانیشتن. تیۆدلینا دڵنیابوو کە ئەو شەوەش دەمێننەوە، هەروەک ئەوان لە ژوری تاقێن هاتە دەرێ بەو ئومێدەی بەرەو لای هێرۆدۆس بچن، بەڵام کاتێ ئەوانی لە هۆڵەکەدا بینی لە شوێنی خۆی ڕەق وەستا، ئەو نەیدەویست دڵی ئەلڤین بڕەنجێ هەرچەندە لەنێوان دوو ڕەسەنی جیاواز خۆشەویستییەکی لەو جۆرە نیمچە مەحاڵێ بوو، ئیدی دۆخێکی پڕ ناچاری بوو لەوێ تروسکاییەک ئومێدی بۆ دیتنەوەی ئێلندیا شک دەبرد، بۆیە پێهەڵگرتنی بەرەو سەرزەمینێکی دیکە بڕیارێ یەکجار سەخت بوو. ئەلڤین بەو پەنهانکردنەی تیۆدلینا لە ماجەراکانی شەوی ڕابردوو، سەرگەردانتر بوو، ئەو نەیدەزانی بە دروستی چی ڕوویداوە ئازار چەشتنەکەشی پتر لەوەدابوو، نەیدەتوانی فەرامۆشی بکا، ئەو لەنێو تەواوی کوڕ و کچی سەرزەمینەکاندا لە چاوی ئەمدا سەرنجراکێشترینیان بوو، هەستیدەکرد بەهەموو شێوەیەک خەیاڵ و بیرکردنەوەی داگیرکردووە، چەندێکیش دووربکەوێتەوە نیگەرانییەکی زیاتری پێدەبەخشێ، هەر وەختێ دیار نەبوایە ڕێ و ڕۆشتنیشی شپرزەیی دەیگرت، بەڵام لەدوێنێ شەوەوە گۆڕانێکی سەیری تێدا بەدیدەکرد ئەو باشتر لەو نیگایانەی دەگەیشت کە تیۆدلینا خۆی لێدەدزییەوە. لە پڕ دەرگا کرایەوە و دەیان پاسەوان هەروەک شەوی ڕابردوو وەژورکەوتن، ئەلڤین و هامۆند و نۆردمەن

لەجێی خۆیان بەرزبونەوە، ئەمجارەیان بێجگە لە هامۆند هەردوکیان شمشێریان راکێشا و رووبەڕوویان وەستانەوە، پاسەوانەکان زۆر بە ئارامی لە شوێنی خۆیان وەستان و کەسیان هەوڵی ئەوەی نەدا شمشێر لە کێلان بێنێتە دەرەوە، یەکێکیان بەڕێزەوە هاتە پێشەوە و سەری نەویکرد: داوای لێبووردن لە بەڕێزتان دەکەین، کە لە ناکاو هاتینە ژورەوە، ئێمە تەنیا دەمانەوێ سڵاوی بەڕێز هێرۆدۆس بە خاتوو تیۆدلینا بگەیەنین.

تیۆدلینا ئیدی زانی کە هێرۆدۆس پێشوەخت پاسەوانەکانی ناردوە، چەند هەنگاوێ هاتە پێشەوە، پاسەوانی یەکەم بە ڕێزەوە سەری بۆ نەوی کرد. ئەلڤین سەرسام ببوو لەو دیمەنە تێنەدەگەیشت، ئەو بینی شەوی رابردوو بەزۆرەملێ وەپێش خۆیانیان دابوو کەچی ئەمشەو بە نەرمونیانی و بێ بگرە و بەردەیەک لێیان دێتە پێشەوە، تازەش دەرکی بەوە کرد کە تیۆدلینا لە چاوەروانی پاسەوانەکاندا بووە، حەپەسابوو تەماشای نۆردمەنی دەکرد و رووی وەردەگێڕاوە بۆ لای تیۆدلینا و پاسەوانەکان، کە وردە وردە رێگەکەیان بۆ چۆڵدەکرد تا لە نێوانیاندا پێ بکا و ئەمانیش ئەمبەر و ئەوبەر پاسەوانی بکەن. تیۆدلینا تەماشای ئەلڤینی نەکرد، چونکە نەیدەتوانی لەو کاتەدا ئەم هەموو ڕێورەسمەی بۆ روونبکاتەوە، ئەوان بەڕێ کەوتن و ئەلڤینیان لە

دۆخێکی ئاڵۆزدا بەجێهێشت. چووە ناوەراستی هۆڵەکە و لە تورەییدا شمشێرەکەی دا بە زەویدا و هاواریکرد: بینیتان...چەند بە ئاسانی پێشیان کەوت، تەنانەت ئامادەش نەبوو تەماشایەکم بکا و بڵێ مەمێڵە بمبەن!!.

ئەلڤین لە بێزاریدا دەمات و دەچوو، دەستەکانی بەیەکتریدا دەکێشا و جار جار دەوەستا و تورە دەبوو، ددانەکانی چیڕ دەکردنەوە، هامۆند و نۆردمەن ئەو هەست و سۆزە شاراوەیان لەودا بەڕوونی دەبینی، بەڵام دڵنیابون کە رەنگە تیۆدلینا هۆکاری تایبەتی خۆی هەبێ، نۆردمەن بە ئارامییەوە پێیگوت: خۆت تەنگاو مەکە، تیۆدلینا ڕازێکی هەیە و رەنگە نەتوانێ بە کەسمان بڵێ، کاتی خۆی دێ و هەموو ڕاستیەکانت بۆ دەدرکێنێ...پێویست ناکات خۆت دڵگران بکەیت.

هێندە گرژ بوو نەیزانی چۆن وەڵامی نۆردمەن بداتەوە، تەنیا سەیری کرد و هاواریکردەوە: دەڕۆم بۆ خوارنگە، کەمێ خواردن بۆ تاقێن دێنم، کەستان لەگەڵمدا دێن؟

هامۆند لە پەرۆشی بەجێگەیاندنی بەڵێنەکەی خۆیدا بوو، بیری لەوە کردەوە کە ئەمە باشترین دەرفەتە دزە بکاتە نێو ژورەکەی ئەلڤینەوە و گەردنبەندەکە ببا و دواتریش بیگەڕێنێتەوە بێئەوەی هەستی پێبکرێ، بۆیە بەپەلە هاتە گۆ: ئەلڤین گیان ببووڕە کە لەگەڵت نایەم، چونکە

وەک پێمگوتیت دەبێ کەمێکیتر بەرەو کۆشکی هەڤسار بڕۆم.

ئەڤین وەستا و پێیگوت: هاوڕند ئاگاداری خۆت بە، لە یادی مەکە تۆ تەنیا ئەمشەوت بەدەستەوە ماوە تا سایە پازی بکەیت، سبەی شەو ئەم سەرزەمینەمان بەجێهێشتوە.

ئەڤین و نۆردمەن بەرەو قاتی زەمینی بەرێ کەوتن، هاوڕندش وەرگەڕا بەرەو ژوری ئەڤین، ئەو لە یەکەمین ڕۆژەوە ئاگادار بوو کە لەنێو دیوارەکەدا حەشاری دابوو لە پشت پارچە بەردێ دابنابوو، خێرا شوێنەکەی دۆزییەوە و لەسەرخۆ گەردنبەندەکەی دەرهێنا و خستیە گیرفانیەوە، بەئارامی بەردەکەی خستەوە جێی خۆی و کەمێ فوی لە دەوروبەری قەراخ بەردەکە کرد. ئەوجا بە پەلە لەوێ هاتە دەرەوە و ڕێی کۆشکی هەڤساری گرتەبەر. ناوەندی قەڵا هەوایەکی سارد گەمەی تێدا دەکرد با لە سووچی دیوارەکانەوە نالەی دەهات، ئەوێ وەک شەوی ڕابردوو قەرەباڵغ بوو هەروەک ئەو کاتیش لەنێو ئاپۆرای کوڕ و کچەکاندا نغرۆ ببوو. هاوڕند گەیشتە بەردەرگا و خۆی بە پاسەوانەکان ناساند، دیار بوو پێیان گوترابوو، بەزووبی دوو پاسەوانەکە بە بێزارییەوە لە هاوڕندیان ڕوانی و هاتنە پێشەوە، بە توڕەییەوە پێیانگوت: بەدواماندا وەرە.

هاوڕندیان خستە ناوەندی خۆیانەوە و ڕۆشتن بەڵام بەرەو کۆشک ملیان

نەنا، هامۆند دڵی خورپەی کرد وای بۆ چوو کە ئەوانە نیازیان باش نییە و رەنگە توشی کارەساتێکی بکەن، تەماشای ئەملاو ئەولای خۆی کرد و وێستی پێ هەڵگرێ و لەدەستیان قوتار بێ، دوو پاسەوانەکە بە تووندی گرتیان و بگرە و بەردە لەنێوانیان پەیدابوو. هامۆند ئاگاداری ئەوە نەبوو کە ئەم دوو پاسەوانە و چەندانی دیکەش هەن لەلایەن پیرەژنە یەک چاوەکەوە وەک سیخوڕ لە دەوروبەری سایە دانراون، راسپێردراون هەر کاتێ هامۆند هات بەرەو شوێنێکی نادیاری بەرن و لەوێ کۆتایی بە ژیانی بێنن. ئیدی شەڕ و ململانێ لەنێوان هامۆند و دوو پاسەوانەکە دەستیپێکرد گەیشتە رادەی شمشێر کێشان، لەو قرەقرەی ئەوان چوار پاسەوانی پێش دەرگای سایە لێیان نزیکبونەوە و بەدەنگێکی توڕە هاواریانکرد: ئەو دەنگە دەنگ و هەرایە چییە؟

هامۆند بەپەلە وەڵامیدایەوە: من لەلایەن سایەخانەوە داواکراوم کە بچمە خزمەتی، بەڵام ئەمانە رێگریم دەکەن.

دوو پاسەوانەکە یەکسەر سڵەمینەوە، چوار پاسەوانەکەی دیکەش هاتنە پێشەوە، بەوردی سەیری دوانەکەیان کرد، بەڵام یەکێکیان خێرا گوتی: راست ناکات، ئەم کابرایە بەنیازی خراپەکارییە.

یەکێ لە چوار پاسەوانەکە لە هامۆند هاتە پێشەوە: ها...ناوت چییە؟

- هامۆند.

- ئۆو..ئەمە ئەو کوڕەیە بەدوایدا وێڵین.واز بێنن...خاتوو سایە داوای کردوە، دەی زووبە..خێرا بەڕێکەوە.

دوو پاسەوانەکە بە مۆڕەوە تەماشای هامۆندیان کرد، ئیدی تێگەیشت ئەمجارە بەردەستیان بکەوێ هەنجڕ هەنجڕی دەکەن. چوار پاسەوانەکە هامۆندیان دایە پێش خۆیان بەرەو کۆشک، یەکڕاست بردیانە بەردەم دەرگای سایە، هەروەک دوێنێ شەو دوو پاسەوانەکە لەبەردەم دەرگاکەدا بون: ئەمە ئەو کەسەیە خاتوو سایە داوایکردوە.

دوو پاسەوان بێئەوەی شتێ بڵێن، پێش دەرگایان چۆڵکرد و بە سەر ئاماژەیان دا بۆ هامۆند بچێتە ژورەوە. ئەمجارە بەدڵنیاییەوە دەرگاکەی کردەوە، هەمان پیرەژنەکەی دوێنێ لەوێ بوو بە بێزارییەوە لە هامۆندی روانی، چوار ئافرەتی گەنجیش لەنێو ژورەکەدا بون، پیرەژن زانی پیلانەکەی سەری نەگرتوە نێوچەوانی گرژ کرد، سایەش وەک خووی دوێنێ لەبەردەم ئاوێنەکەدا پرچی شانە دەکرد، بەڵام رووخساری گەش ببۆوە و زەردەخەنەیەکی شیرین لێوەکانی کردبونەوە، گۆناکانی دەنکە هەناریی دەبریسکانەوە. چەشنی کەسێ دەمێ بێ چاوەروانی خۆشەویستەکەی بکا، بەو شێوەیە لە هامۆند دەروانی بەزوویی چاوی خستەوە سەر ئاوێنەکە، چونکە پیرەژن مەکربازانە لە ژێرەوە سەرنجی هەردوکیانی دەدا. سایە بیریکردەوە گەر کارێ نەکات شەوێکی بێهودە

بەسەر دەبات، تۆپەبوو ئاوڕیدایەوە بۆ هەموویان: ئەمشەو زۆر کارم هەیە، زووبن ئەم ژورە بەجێ بێڵن.

هیچ کامیان ڕووبەڕووی قسەکەی نەبونەوە، پیرەژن گەلێ بێزار و تۆپە هەستایە سەر پێ و دووبارە نیگایەکی ئاگراوی گرتە هامۆند و چووە دەرەوە، بەڵام دەرگاکەی لە پشت خۆیەوە دانەخست و درزێکی بچوکی بەکراوەیی هێشتەوە، نە هامۆند و نە سایە ئاگاداری ئەم کردەوەیەی نەبون لەودیو دەرگاوە خۆی داگرت، بینی چۆن سایە یەکسەر لەبەردەم ئاوێنە هەستا و باوەشی بە هامۆنددا کرد و لێوەکانی یەکتریان دەکرۆشت، ئەوجا پێکەوە دانیشتن و دەستیان نابوە نێو دەستی یەکترییەوە.

هامۆند تەماشای سایەی دەکرد وەک ئەوەی سەردەمێ زۆر بێ لەیەکتری دوورکەوتبنەوە، قسەکانی لەمێشکی خۆیدا ڕیز دەکرد تا بە باشی هەڵیانبژێرێ و کات بە فیڕۆ نەدا: سایە خانمەکەم... ئێمە.. مەبەستم من و هاوەڵەکانمە، چیدیکە ناتوانین لەم سەرزەمینە بمێنینەوە و لەژێر سێبەری ئەم هەموو دەستدرێژییەدا ژیان بەڕێ بکەین، ئەوەی لێرە بینیمان پێچەوانەی ئەو هیوا و ئاواتانە بوو، کە لە خەیاڵماندا نەخشابوو، دوێنێ شەو دەستدرێژی کرایە سەر تاقێن و دۆخی لەوپەڕی خراپیدایە، بۆیە بڕیارماندا شەوێکیتر لێرە

نەمێنینەوە، ئەو دەمەی هەموان مەست و بێهۆش دەکەون، دەرفەت دێنین و دەڕۆین، بەڵام هەرچەند ببرم لێکردۆتەوە ناتوانم لێرە بە تەنیا جێتبێڵم، داوات لێدەکەم لەگەڵم بە و خۆت لەو ژیانە رزگار بکە.

سایە رووبکرایەوە و چاوەکانی شادیبان دەباراند: بەڕاستتە؟

- بەڵێ زۆریش نەک کەم.

باڵەکانی رادەوەشاند وەک باڵندەیەک تازە لە قەفەس هاتبێتە دەرەوە: هامۆند بەدرێژایی هەموو ژیانم ئارەزوی ئەوەم کردوە، رۆژێ لە رۆژان ئەم سەرزەمینە پڕ کارەسات و ناخۆشی و نەگبەتیە بەجێ بێڵم، ئێستاش هاوژینی خۆم دۆزیوەتەوە، بۆ هەر شوێنێ دڵت ئارەزوو بکا، لەگەڵت دێم، ناخۆش بێ یان خۆش بێ، ئامادەم لەگەڵتا ئەم سەرزەمینە بەجێبێڵم.

دەستەکانی هامۆند گرت و بە زەردەخەنەیەکەوە پێیگوت: ئەو کاتەی رۆشتین و ئێرەمان جێهێشت، لەقەدپاڵی چیایەک ماڵێکی خنجیلانە دروستدەکەین، وەک ئەو ماڵانەی دوێنێ شەو بۆت باسکردم، لەو بەرزاییەوە هەموو دارستان و گوڵ و گوڵزار و تافگەکان ببینین، گیانمان دەدەینە دەم شنەبایەکی بەهاری و لە ئامێزی یەکتردا تەماشای مانگ دەکەین، ئەستێرەکان دەژمێرین، سواری باڵی خەیاڵێکی خۆش دەبین و هەڵدەفڕین، هەرچی خەم و دەردی ئەم سەرزەمینە هەیە لە خۆمانی

دەتەکێنین.

وەک گڕکانێ هەزاران ساڵ خامۆش بوبێ و دووبارە جۆشی دابێتەوە، گەرموگوڕییەک گرتبوی ناخی قوڵپی دەدا، قسەکانی هێندە تەلیسماوی بون، هامۆند لەو باوەڕەدا نەبوو بەو جۆرە بەرەو رووی داواکارییەکەی بێتەوە. زیاتر لێی نزیکبۆوە و لەباوەشی گرت، گەردنبەندەکەی لە گیرفان دەرهێنا و خستیە مشتی سایەوە ئەویش بەوردی تەماشای کرد و باوەڕی بە چاوەکانی نەبوو، کەوا گەردنبەندێکی لەو چەشنە لەنێو دەستیدا بێ، هەورەبروسکەیەک بەسەر سەرییەوە شریخەی دا، راچڵەکی و گیانی لەرزی، بەڕەنگێکی هەڵبزرکاوەوە گوتی: هامۆند ئەم گەردنبەندەت لەکوێ هێناوە؟

ئەو بەلایەوە سەیر بوو، چ وا زوو رەنگ و ڕووی سایە تێکچوو: ئەوە هەمان گەردنبەندەکەیە، کە دوێنێ شەو بۆم باسکردی، بۆچی چی بووە؟!

خەیاڵ مێشکی دەگوشی، سەری دەسوڕا، جارێتر بۆ دڵنیابونەوەی بینایی خۆی تەماشایکردەوە، بەڵام هیچ جێگەی گومان نەبوو گەردنبەندەکەی ناسییەوە و دەیزانی خاوەنەکەشی کێیە، ئیتر لەجێی خۆیدا وەک لاشەیەکی بێگیانی لێهات. هامۆند پەرۆشتر بوو، دەستی هێنا بە روخساری سایەدا: بۆچی وا رەنگت لەسەرخۆی نەماوە...سایە

چیبوە، تۆ پێشتر ئەم گەردنبەندەت دیوە؟

فرمێسک تەزیبە چاوەکانی، بەدڵگرانییەوە گوتی: هامۆند...دەبێ خۆت و هاوڕێکانت بەزووترین کات ئێرە بەجێبێڵن... ئەم سەرزەمینە جێگەی ئێوە نییە.

هامۆند توشی سەرسوڕمانێکی زۆر هات: خۆت و هاوڕێکانت مانای چییە؟ ئەدی ئێستا نەتگوت ئازیزم بۆ هەر جێیەک بڕۆیت دێم، لە خۆشی و ناخۆشیم بەشدار دەبی و لەگەڵمدا دەبی؟!

سەری داخست: نا...هامۆند ئێستا ناتوانم لەگەڵتان بێم...بڕوا بکە ناتوانم.

لەم بادانەوە حاڵی نەدەبوو، بە خەمبارییەوە پێیگوت: بۆچی ناتوانی لەگەڵم بێیت..لەچی پەشیمان بوویتەوە؟

لێیڕادەما و دەیویست تەواو لە تەماشاکردنی تێربێت: هامۆند من تۆم خۆشدەوێ، بەڵام دەبێ ئەم سەرزەمینە بەجێ بێڵیت، هێنانی ئەم گەردنبەندە ئەرکێ قورس و گرانە، لەبەرخاتری ئەڤیندارێ بۆ منت هێناوە، بەڵام بە هێنانی ئەم گەردنبەندە راسپاردەیەکت خستە ئەستۆم کە ناتوانم هیچی لەبارەوە بڵێم، گەر تێیدا سەرکەوتوش نەبم، هەردەبێ هەوڵێ بدەم، ئەگەر نا تا دواین چرکەکانی ژیانم شەپۆلەکانی ئاگر ناخم دەسوتێنن و هیچ وەختێ ناتوانم لەگەڵت بەختەوەر بم،

بەڵام گەریش راسپاردەکەم بە سەرکەوتوویی جێبەجێکرد خەمت نەبێ بەدواتدا دێم و لە هەر جێیەک بیت دەتدۆزمەوە، ئەگەر نەهاتم دڵنیابە مردوم و نەماوم.

هامۆند تەواو سەرگەردان کەوت و چی لە قسەکانی سایە نەگەیشت، بەتوندی گوتی: سایە دەبێ چیبکەیت؟ پێم بڵێ باسی چیدەکەیت؟

- ناتوانم لەوە زیاترت بۆ ڕوونبکەمەوە، بەڵام هەر کات بۆت دەرکەوت، ئەو کات خۆشەویستیت بۆ من هێندە بەتین دەبێ کە دڵت لێم زوێر نابێ.

- من نازانم تۆ باسی چیدەکەی، بەڵام دڵنیابە ئەشقی من ناگۆڕێ.

- ئێستا هامۆند تۆ ئاگادارنیت، بەڵام کاتێ ڕاستییەکانت بۆ ئاشکرابوو، دەزانی چ هیوایەکت پێدەبەخشم.

- باشە بۆ ئەم قسانە دەکەیت... هەستە با پێکەوە ئەم سەرزەمینە بەجێ بێڵین، گەر تۆ نایەیت منیش ناڕۆم و بەجێت ناهێڵم..

بەپەلە دەستی لەسەر دەمی هامۆند دانا: نا ئەم قسەیە مەکە... مانەوەت کۆڕانی هەموتانی لێدەکەوێتەوە، هیچ کامتان بە زیندویی لەم سەرزەمینە نامێننەوە، گەردنبەندەکەی ئەلفینت هێناوە، بەڵام ناتوانم بۆت بگێڕمەوە، لەلای خۆم دەبێ.

- دەزانی من ئەو گەردنبەندەم بە نهێنی و بێ پرسی خاوەنی هێناوە،

ئەڵقین بە رۆح و گیان دەیپاراست، گەر بزانێ شتێکی وامکردوە، نازانی چیم بەسەر دێنێ، ئەمە تەنیا کلیلێکە بەرەو ئیڤا و هادریانمان بەرێ.

- نازانم چۆنت بۆ باسبکەم، بەڵام دەبێ باوەڕت بە من هەبێ.

هامۆند زۆر هەوڵیدا سایە ڕازی بکات گەردنبەندەکەی بۆ بگێڕێتەوە، بێهودە بوو، لێی دووپاتکردەوە کە ئەڵقین بە متمانەیەکی زۆرەوە گەردنبەندەکەی لەبەرچاوی ئەو شاردبۆوە، ئیتر سایە بێجگە لە نەگەڕاندنەوەی گەردنبەندەکە، پتر مکوور بوو کە لەگەڵیان ناچێ و دەمێنێتەوە، دواجار سایە دەستەکانی هامۆند گرت: زۆرم خۆشدەوێی، ڕۆژێکیش کە زانیت بۆچی نەهاتوم، لێم تێدەگەی و زیاتر منت خۆشدەوێ.

تا دەمەوبەیان گفتوگۆی ئەو دووانە هەر بە کۆتا نەهات، دەمە و لێڵی بەیان بوو پاسەوان و شەڕکەرەکان ژمارەیان زیادی دەکرد و بە پەشێوییەوە دەهاتن و دەچون. لە ڕێورۆشتنەکەیان دیاربوو کە شتێکی نائاسایی ڕوویداوە. کەس ئاگای لە هامۆند نەبوو یەکڕاست بەرەو قاتی دووەم بەڕێ کەوت و چوە ژورەکەی، ئەو شوێنەی کە گەردنبەندەکەی تێدا دانرابوو زیاتر وێران کرابوو، پارچەی بەردەکان کەوتبونە سەر عەردەکە، تەواوی کەلوپەل و جێگەوبانەکان شێوا بوو، تەنانەت تاڤێنیش لە شوێنی خۆی نەمابوو ئیدی دڵەکوتە گرتی کە

بارەکە یەکجار نائاساییە و هەڕەشەیەکی گەورە بەرەو لایان دێت، هەرچەند سەیری ئەملاو ئەولای دەکرد کەسی نەدەبینی، لە ناکاو بیست شەڕکەر خۆیان بە ژوردا کرد و بێئەوەی چ قسەیەک بکەن، کەوتنە وێزەی هاوڕند و هەریەکە لەلای خۆیەوە لێیدەدا، بەپەلە زنجیر کرایە دەست و پێی و بەدوای خۆیاندا رایانکێشا.

زیندانی نێو قەڵاکە دەکەوتە لای باشورەوە، کە دەروازەکان دەکرانەوە پلیکانەکانی بەرەو ناخی زەوی شۆڕ دەبونەوە، ئەوێ پڕ بوو لە کوڕ و کچێ کە بە ژیانیان خۆر لە روخساری نەدابون، جەستەیەکی لاواز ئێسکەکانیان لە پێستیانەوە دەرپەڕیبون. بێوەستان هاوڕندیان بەرەو ئەوێ برد و بە شەق و پاڵنان فڕێیاندایە ژورەوە، بووە میوان لای زیندانیە ئێسکەکان. تاریک بوو، چاوەکانی هێشتا ڕۆشن نەببۆوە، گوێی لە نوزەیەک بوو بانگی دەکرد: هاوڕند...هاوڕند.

سەری بۆ دواوە سوڕاندەوە نۆردمەن بەرامبەری وەستابوو، لەلایەک شاد بوو کە هاوەڵەکەی بێوەیە، لەلایەکیش سەری سوردەما کە بۆچی لەو زیندانەدایە، دواتر ئەڤین و ساویلکیش هاتن: هاوڕند تۆ باشیت؟ هەموو گیانی دەینالاند: بەڵێ بەڵام تاڤێن و تێۆدلینا لەکوێن؟

ئەڤین بە نیگەرانییەوە وەڵامیدایەوە: تەندروستی تاڤێن زۆر باش نییە، لەو سووچەدایە هەر بۆ خۆی دەگرێت، تێۆدلیناش دیارە لەگەڵ

هێرۆدۆسی خۆشەویستیدا کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن، جێگەکەی نەرمە و ئاگای لە ئێمە نییە.

کەمێ وەستا و درێژەی بە قسەکانی دا: ئۆرام گیراوە و دیار نییە لە کوێیە، بەڵام ئەوەی بیستومانە دوێنێ شەو نازانین بە چ شێوەیەک بووە، ئۆرام خۆی گەیاندۆتە ناوەندی سەما و بەزم و ڕەزمەکە، ئەو کابرایەی دۆزیوەتەوە کە دەستدرێژی کردبووە سەر تافێن، شوێنی کەوتووە بۆ ژورەکەی و لەوێدا دەم و دەست کوشتویەتی...ئەو پێشنیارەی جێمان بێڵێ زۆر تووڕە بوو، خوێن بەرچاوی گرتبو کاتێ ڕۆشت گوتی کارێکم هەیە تەواوی دەکەم، ئەوجا ئەم سەرزەمینە بەجێدێڵم، ئیتر بەڕاستی چاوەڕێمان نەدەکرد بەو ئاسانیە بچێتە قەڵای هەڤسار و ئەو کابرایە لەنێو بەرێ.

ساویلک بە ترسەوە گوتی: دیارە زانیویانە ئۆرام لەگەڵ ئێمەیە، وا بڕوات هەمومان دەکوژن...ئا..هەمومان دەکوژن.

هامۆند دووبارە پرسییەوە: ئەی تیۆدلینا؟

ئەلڤین لەو پرسیارە گەلێ تووڕە بوو: پێم نەگوتیت ئەو جێگەی خۆشە، ئیتر ئەو یەکێ نییە لە ئێمە.

ئیدی نەوەستا و بەرەو لای تافێن ڕۆشت.

تا بەرەبەیان تیۆدلینا لەسەر ئێلندیا قسەی بۆ هێرۆدۆس کرد،

چەندێکی لەبارەی هاوڕێکانیەوە گوت، بەڵام بە سۆز و هەستێکی قوڵترەوە ناوی ئەلڤینی دێنا، هێرۆدۆس لەو پەیڤانە تێگەیشت کە تێۆدلینا ئەلڤینی خۆشدەوێ. بەرەبەیان پێشنیارەی ژورەکە بەجێ بێڵێت، بەتوندی لە دەرگای هێرۆدۆس درا، ئەو تێگەیشت گەر رووداوێکی گەورە نەقەومابێ، هیچ یەکێ لە پاسەوان و شەڕکەرەکان ناوێرن بەو جۆرە لە دەرگای ژوری ئەو بدەن. ئەو شەوە نەخەوتبوو، هێشتا جلوبەرگی جەنگیی لەبەردابوو هەستایەوە و یەکڕاست بەرەو دەرگا چوو کردیەوە. یەکێ لە جەنگاوەرەکان بە رەنگ پەشۆکاوییەوە لێی نزیکبۆوە و چەند وشەیەکی بەگوێیدا چپاند، ئەویش بە ئارامی وەڵامیدایەوە. جەنگاوەرەکە پاشەوپاش کشایەوە هێرۆدۆسیش بەرەو تێۆدلینا هات و بە زەردەخەنەیەکی سادەوە پێیگوت: شەوی رابردوو یەکێ لە میوانەکانمان لە ژورەکەی خۆی کوژراوە، هێزەکانمان لەنێو قەڵادا لە ئامادەباشیدان، بارودۆخەکە ترسناکە و بۆ خۆت باشترە لە ژورەکەم بمێنیتەوە با تەپ و وشک پێکەوە نەسوتێن، ها ئەوە پێت دەڵێم دەرنەچیت تا دەگەڕێمەوە.

تێۆدلینا بەو هەواڵە زۆر پەشۆکا: نا...ناتوانم بمێنمەوە..دەبێ بچمە لای هاوڕێکانم، ناکرێ بە تەنیا بەجێیان بێڵم، ژیانیان لە مەترسیدایە و دەبێ منیش لەگەڵیان بم.

هێرۆدۆس چاوی زەقکردەوە: جەنگاوەرەکان ئاگادار دەکەمەوە رێگەت پێنەدەن لەم ژورە دەرچیت.

- تکایە هاوەڵەکانم...ئاگات لێیان بێ، بیانپارێزە تکایە.

هێرۆدۆس دەرگای کردەوە و کەمێ وەستا، ئاوڕیدایەوە: ناتوانم چ بەڵێنێکت بدەمێ.

چووە دەرەوە و دەرگاکەی بەدوای خۆیدا داخست.

هێرۆدۆسیان بردە ژوری میوانان لەوێ جەستەی خوێناوی کەسێ دانرابوو، لاشەی یەکپارچە جێی خەنجەر و شمشێر بوو، ئەو بازرگانێ بوو کە دوێنێ شەو میوانی قەڵای هەڤسار بووە ئەنجامدەری ئەو کوشتنەش ئۆرام بوو، دوای لێدان و ئەشکەنجەدانێ زۆر بۆیان دەرکەوت کە ئۆرام کێیە و لەسەر چ بنەمایەک پەلاماری بازرگانەکەی داوە و کوشتویەتی، زانیشیان کە هاوەڵەکانی کێن، بەپەلە هەڤسار لەو رووداوە ئاگادارکرابۆوە فەرمانیدا خۆی و هاوەڵەکانی دەستگیربکرێن، ئەو بڕیاری کوشتنی هەمویانی لە مێشکدا چەسپیبوو، هەرچەندێ هێرۆدۆس بیری لە پلان و نەخشەیەکی دیکە دەکردەوە، بەڵام هەڤسار مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە ئۆرام هیچ جۆرە چاوپێداخشانەوەیەکی تێدا نەماوە، هەر دەبێ لەناو ببرێ.

هێرۆدۆس گەڕایەوە ژورەکەی خۆی و بە نیگەرانییەوە بە تیۆدلینای

گوت: دوێنێ شەو یەکێ لە هاوەڵەکانت بەناوی ئۆرام، میوانێکی خۆشەویستی هەڤساری کوشتوە ئێستاش هەموو گیراون و فەرماندراوە لە ناوەندی قەڵا سەریان بپەڕێنن تا ببنە پەند بۆ هەموو کەسێ.

تیۆدلینا لەرز گرتی و چارەنوسی یەک بە یەکیانی وەپێشچاو دەهاتەوە، کە چۆن بە کەساسی و دەستوپێ بەستراوی دەیانبەنە ناوەندی قەڵا و لەوێ ملیان لە لاشە جودا دەکەنەوە، چاوەکانی پڕ فرمێسک بون و چوە بەردەم هێرۆدۆس: من سەرزەمینەکانی باکورم لەبەر خۆشەویستی مرۆڤ بەجێهێشتوە، گەر ئەوان شتێکیان بەسەر بێ، نەخشەی ژیانم تەواو تێکدەچێ..من ئەڤینم خۆشدەوێ، لەناوچونی ئەو کوژاندنەوەی رۆشنایی ژیانی منە، تکایە هێرۆدۆس هاوەڵەکانم بپارێزە تا لەم سەرزەمینە دەرباز دەبین.

سەرسام بوو بەو ئەڤیندارییەی بۆ رەسەنی مرۆڤ هەیەتی لە دەروونەوە ئیرەیی بە ئەڤین دەبرد، کە هێندە لە دڵیدا شیرینە، بەڵام ئەو پێشتر بەڵێن و پەیمان و سوێندی بۆ تیۆدلینا خواردبوو کە بەهیچ کلۆجێ نیازی خراپی لەگەڵدا نییە و هەموو جۆرە ئەڤینداریییەکیش مەحاڵە: جارێ ناتوانم ڕ بەڵێنێکت پێبدەم، بەڵام وەک پێمگوتیت نابێ لەم ژورە بچیتە دەرەوە، چونە دەرەوەت بۆ هاوەڵەکانت جێگەی مەترسییە و بارودۆخەکە ترسناکتر دەکا، بمێنەوە تا دەگەڕێمەوە.

هێرۆدۆس چووە دەرەوە، لە هۆڵە گەورەکەدا هەڤسار و کۆمەڵێ شەڕکەر لە دەوری کۆببونەوە، بە ئالۆزی و تورەییەکی زۆرەوە باسی کوژرانی بازرگانەکەیان دەکرد. هەڤسار کەسێکی قەڵەوی سەر و جەستە گەورە بوو بە تورەییەوە هاواری لە شەڕکەرەکان کرد: ئەمرۆ هەر هەمویان سەردەبڕن و دەیانکوژن، دەبێ ببنە پەند.

هێرۆدۆسی بینی بەدەست ئاماژەی بۆ کرد: وەرە سەرەوە کوڕی نامۆن. سەرکەوتە سەرەوە، هەڤسار بە نیگەرانی و سەرسوڕمانەوە هاتە گۆ: هێرۆدۆس ئەمە یەکەمجارە شتی وا ڕووبدات، چۆن دەبێ کەسێ لە ئێمە بەدەستی لات و لوتی سەرزەمینە دوورەکان بکوژرێ، دەبێ هەر هەمویان بکوژم، ها...تۆ چی دەڵێیت؟

هێرۆدۆس بە شوێن پاساو و بیرۆکەیەکدا دەگەڕا، بەهۆیەوە هاوەڵەکانی تێۆدلینا رزگار بکا دەشیزانی ئەو کارە هێندە ئاسان نییە سەرپێی لێی بڕوانێ، لەسەرخۆ گوتی: کوژرانی بازرگان هەواڵ و ڕووداوێکە نابێ لەو قەڵایە بچێتە دەرەوە و ناشبێ میرغەزەب هیچی لەبارەوە بزانێ، ئەم گەنجانە دەمێکی زۆرە ڕاهێنانی جەنگیان پێدەکرێ تا بچنە ڕیزی قەڵغان سورەکانەوە، ڕەنگە لەمرۆژانە میرغەزەبی گەورە داوامان لێبکا شەڕکەر بەرەو سەرزەمینەکانی ڕۆژاوا بنێرین، کە لەوێ جموجوڵێ ترسناک هەیە لەسەر دەسەڵاتی سەرزەمینەکانی ناوەڕاست،

گەر بیانکوژین و میرغەزەبیش داوای سوپا بکا، چی وەڵام بدەینەوە، بڵێین لەبەر کوژرانی کەسێ لەنێو قەڵادا، هەڤسار هەمویانی قڕ کرد؟ کوژرانی بازرگانێ بۆ میرغەزەب ج بایەخێکی نییە، ئەو جەنگاوەر و شەڕکەری بەلاوە گرنگە، شەڕکەرێکی بەلاوە گرنگە شمشێری بۆ بوەشێنێ.

بێدەنگ بوو تا قسەکانی کاریگەری لەسەر مێشک و دەروونی هەڤسار دروست بکەن، کەمێ ڕۆشت و هەڤسار وەستا و تەماشایەکی هێرۆدۆسی کرد وەک ئەوەی ئەقڵی قسەکانی بگرێ، سەرێکی ڕەزامەندی بۆ ڕاوەشاند، ئەوجا هێرۆدۆس سەرپشکی کرد: ئینجا ئەوە ئارەزووی خۆتانە ج بڕیارێ دەدەن، بەڵام کوشتنی ئەوانە لەم کات و ساتەدا، لە بەرژەوەندی کەسمان نییە، بەتایبەتیش میرغەزەب، من دەزانم قەڵغان سورەکان بۆ سەرزەمینەکانی ڕۆژاوا ڕەوانە دەکرێن، ئەگەر لە شەڕ کوژران ئەوە سزای خۆیان وەرگرت، خۆ گەریش نەکوژران و لە شەڕەکان سەرکەوتوو بون، با بە دەستی جەنگاوەرە دوورەکان لەو سەرزەمینە لەناو بچن، کە کەس گومانیان لێناکات با ئەوان بێسەروشوێنیان بکەن، بەمشێوەیە هەم میرغەزەب خۆشحاڵ دەبێ و هەم تۆش بە ئامانجی خۆت دەگەیت.

بیرۆکەکە بەدڵی هەڤسار بوو، چاوەکانی دەبریسکانەوە و

زەردەخەنەیەک گرتی: ڕاستدەکەی...نابێ بەهیچ شێوەیەک میرغەزەب تووڕەبێ...تووڕەبوونی ئەو بۆنی خوێنی لێدێ...هاوا دەکەین بەرەو سەرزەمینەکانی ڕۆژاوایان دەنێرین با لەوێ بکوژرێن، گەر نەشکوژران، جەنگاوەرانی خۆمان بەدواياندا بچن و لەوێ لەناویان بەرن.

هێرۆدۆس دڵنیاسودە بوو، بەڵام زۆری نەخایاند ملی باداوە بە بێتاقەتیەوە گوتی: بەڵام نا...ڕاوەستە...ئەو ئۆرامە هەر دەبێ سزا بدرێ.

گفتوگۆیەکی زۆریان کرد لەسەر نەکوشتنی ئۆرام، بەڵام هەڤسار لە کەلی شەیتان نەهاتە خوارەوە و دووبارەی کردەوە: دەبێ لە پێشچاوی هەموو گەنجەکان بکوژرێ...تەواو ئەمە دوایەمین قسەمە.

هێرۆدۆس کۆڵی دا کە چیدیکە هەڤسار ڕاوبۆچونی ناگۆڕێ و گەر زۆریش مکوڕیش بێ لەسەر نەکوشتنی، ڕق و کینە دەیگرێ و ئەوانیشی لەبەرچاو دەکەوێ و ڕەنگە پەشیمان بێتەوە لە مانەوەیان، بۆیە بە ناچاریی بێدەنگی هەڵبژارد. دەرگا کراوە و هەڤسار تەماشای دەکرد، جەنگاوەرێ بەپەلە لە ڕێیەکی دوورەوە هاتبوو، بە پەلە پەیامێکی دایە دەستی بە بینینی پەیامەکە نەشڵەژا، دیاربوو دەمێ بوو چاوەڕێی هەواڵی لە سەرزەمینەکانی ڕۆژاوا دەکرد، زۆر باسوخواس و نهێنی هەبون لەو سەرزەمینانەوە کە بەو دواییانە گەیشتبون، دەبوو پشتڕاست

بکرێنەوە، هاوکات میرغەزەبیش بێتۆقرە بوو لە گەیشتنی ئەو هەواڵانە. لەجێی خۆی بەرزبۆوە و دوو سێ شەقاو بەرەو جەنگاوەرەکە ڕۆشت، ئەو لە برسان و سەرمان لەپێ کەوتبوو بە چۆکدا هاتبوو، هەڤسار هاواریکرد بەسەریدا: هەستە سەرپێ و زووبە، قسە بکە.

جەنگاوەرەکە هەستا: گەورەم هەواڵەکان لە گوێیەکانی میرغەزەبەوە بیستراون و زمانەکانی ئەو بە ئێمەیان گەیاندووە، هەر هەمووی پشتڕاستکراونەتەوە، ئەوەی گوتراوە و بیستراوە بەو جۆرەیە وایە.

ئەم هەواڵە بەلایەوە دڵخۆشکار نەبوو، ئەو دەیزانی کە تووڕەبونی میرغەزەبی لێدەکەوێتەوە، بە ناچاری بەرەو لای ئەو بەڕێ کەوت تا هەواڵەکەی پێڕابگەیەنێ، هەرچەندە دەترسا کە ڕەنگە هەواڵێکی وا سروشتی ئاکار و بیرکردنەوەی بشێوێنێ، ئەوکات ئەوی لە بەردەمیدا وەستابێ بەخۆی لەناوی دەبات، بۆیە پێیخۆش نەبوو ئەو کەسە لەناوچووە بێ، بەڵام بێجگە لەویش کەس نەیدەتوانی ئەم هەواڵەی پێڕابگەیەنێ، ڕوویکردە هێرۆدۆس: دەبێ بچمە لای میرغەزەب و دواییین هەواڵی پێڕابگەیەنم، هەروەک خۆت گوتت یەخسیرەکان نەکوژرێن باشە، جەنگاوەرانی قەڵغان سور ئاماندە بکەن، چونکە پێدەچێ شەڕکەر بۆ سەرزەمینەکانی ڕۆژاوا ڕەوانە بکرێ.

خۆی و پاسەوانەکانی چوونە دەرەوە، لە نزیک دەرگاکە وەستا و

شتێکی وەبیرهاتەوە و سەری سوڕانەوە: هەر ئەمڕۆ پێش گەڕانەوەم لە شار، دەبێ ئەو کوڕە ئۆرام لە پێشچاوی هەموان لەسەری بدرێ. بەرەو دەرەوە ڕۆشت... هێرۆدۆس بە سەرقاڵییەکی زۆرەوە تەماشای ڕێوڕەوتی هەڤساری دەکرد و لێوەکانی دەکرۆشت.

# سەردانێ بۆ زیندانی بندنیا

پێشتر هەواڵەکانی پەیوەست بەسەرزەمینەکانی رۆژاوا بە میرغەزەب گەیشتبون، بەڵام چاوەرێ بوو دوایەمین بڕیاری خۆی لەسەر بنەمایەکی دروست دابڕێژێ، ئەوجا بەشێ لە سوپاکەی پەوانەی ئەوێ بکا. ئێستا جەژنی سەرکەوتنی لە شەڕە گەورەکانی چەند رۆژێ رابردوو لەسەر سنورەکانی گوڵان و سەرزەمینەکانی شەرابی سور بەجۆش و خرۆشێکی زۆرەوە دەگێڕێت، هەروەک بەزم و ڕەزمی نێو قەڵاکەی هەڤسار، کچ و شەراب و سەما هەموو کوچە و قوژبنێکی گرتبۆوە، لەوێ لە کۆشکەکەی میرغەزەبدا ئاپۆرایەکی گەورە لە کەیف و خۆش بەسەربردندا بەچێژترین کاتیان بەڕێ دەکرد. کۆشکی گەورەی میرغەزەب یەکێ بوو لە ترسناکترین و گەورەترین تەلارەکانی ئەو سەرزەمینە، بە بەردە ڕەشەکان بونیاتنرابوو کە لە دوورەوە بریسکەی دەهات، لە شەشسەد و شەش قات پێکهاتبوو، شەشسەد و شەست و شەش قوواڵەی گەورە و بچووکی لەسەر دانرابوو، بورجی ناوەندی لەسەر بڵندییەکی یەکجار بەرز ڕاگیرابوو، کە زۆرجار لەنێو هەورەکاندا نوقم دەبوو. ئەوێ هێندە بەرزبوو لە دوورییەکی زۆری دەرەوەی شاریش، هەتا چاو بڕی کردبا دەبینرا. ئەو کۆشکە لە ناوەندی شار

نەبوو، بەڵکو دەکەوتە باشوورییەوە نزیک بوو لە هەمان دەروازەی
روو لە سەرزەمینە دوورەکانی ئیڤڵۆرد. لە دەرەوەی ئەم کۆشکە
چەندین تەلاری دیکە هەبون لەوێڕا جەنگاوەرە متمانەپێکراوەکان و
کاربەدەستان و پارەدارانی تێدا نیشتەجێ بون، تەلاری ئەوان لە سێ
تا دە قات بوو. بێگومان ئەوە تەنیا کۆشکی میرغەزەب نەبوو، زۆرجار
پیرەسیمورغ کۆشک و تەلارە شاراوەکانی میرغەزەبی بەسەر لوتکەی
چیا دوورەکانەوە دەدیت، لەو شوێنانەی نزیک لە سنوری سەرزەمینی
ئیڤڵۆرد و دوور لە چاوی هەژار و بێدەرامەتەکان، ئەو کاتانەی
پیرەسیمورغ لە ئەشکەوتی نزیک لوتکەی چیا بەفرینەکانی باکور
لەگەڵ ڤینکیس و هەڵۆی سپی کۆدەبۆوە، بەسەرهات و حیکایەتی
سەرزەمینەکانی باکور و باشور و رۆژهەڵات و رۆژاوایان بۆ یەکتری
دەگێڕاوە. زۆرجار دوور لە چاوی خەڵک بۆ بەجێگەیاندنی مەرامە
نهێنییەکانیان لەوێ کۆدەبونەوە، گەرچی بەدەست و بازووی خەڵکە
هەژارەکە دروستکرابون، بەڵام کەس بۆی نەبوو پێ بۆ ئەو تەلارانە
هەڵگرێ، هەر کەسێ لەو سنورە بگیرابا دواتر بێسەروشوێن دەکرا،
ئاخر ئەو جێیانە تەنیا بۆ ئارەزوەکانی میرغەزەب و دەوروبەرەکەی
دروستکرابون.

ئێستا میرغەزەب بەهاری رابردوی وەبیر دەهاتەوە، کە چاوی لە

هەڤسار سور کردەوە و رایسپارد بە وردی هەواڵ و زانیاری لەسەر سەرزەمینەکانی رۆژاوا کۆبکاتەوە، کە ببونە ژانەسەر و نائاسودەیی بۆ میرغەزەب، ئەوێ خاکێ بوو بەپێچەوانەی سەرزەمینی ناوەراست کە دەوراندەوری خستبوە ژێر رکێفی خۆیەوە و میرغەزەب فەرمانی بەسەر داروبەردیدا دەکرد و ئەوی ویستبای بێ دوودڵی ئەنجامی دەدا، ئەو سەرزەمینە لەنێو سروشتە جوانەکەی خۆیدا دەست لەملانێ بوو، رۆژ بە رۆژ پەییان بە زانینەکان دەبرد و لە نهێنی هەسارەکانیان دەکۆڵییەوە. لەوێ خۆشەویستی و ژیانی ئاسودە و پێکەوەژیان سەردەست بوو. میرغەزەب دەمێ بوو مەراقی لەو سەرزەمینە دابوو، بەڵام بەهۆی سەرقاڵبونی بە شەڕی سەرزەمینەکانی باکور و گوڵەکان و شەرابی سور و بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ سەرزەمینی گورگە برسییەکان و پیلانی ژێرانژێریی، ئەو کاتە نەیتوانی شەڕکەرەکانی رەوانەی ئەوێ بکا، بەڵام ئێستا دۆخەکە گۆڕاوە سەرزەمینی گورگە برسییەکان هاتنە ژێر سایەی ئەوەوە و تەواوی شەڕکەرەکانیان بونە هێزی تۆکمەی میرغەزەب و بەوانیش توانی شەڕی سەرسنوری گوڵەکان و شەرابی سور بەلای خۆیدا بشکێنێتەوە و لە هێرشێکی فراواندا کۆتایی بەدەسەڵاتی ئەو دوو سەرزەمینە بێنێت، بۆیە بێئارام چاوەڕێی هەواڵی دەکرد تا بە زووبی ئاوارەی سەرزەمینەکانی رۆژهەڵات تەیار

بکا و ڕووەو ئەوێیان بنێرێت.

میرغەزەب کەسێ باڵابەرزی چاوسور بوو، ڕووخسار و شێوەی بە دێوێکی تۆقێنەر دەچوو، لە هەموو کەسێکی ئەو سەرزەمینە بەهێزتر و بەسامتر بوو، لەسەر تەختێکی زۆر گەورە دانیشتبوو. سیمایەکی مردوو، ئێسک و پروسکی گیانلەبەرە بندنیاییەکانی بە دوو شاخەوە پێچابوو، وەک کڵاوێکی قەڵغان ئاسا لەسەری نابوو، گەردنبەندێکی زۆر تایبەتی لەمل کردبوو کە ددانی درندەیەکی نەناسراو بوو بە زمانێ سەیر و سەمەرە چەندین وشەی لەسەر هەڵکۆڵرابوو، کلیلێکی ڕەشیش بەهەمان نەخش و زمان بە گەردنیەوە بوو، ئیدی هەموو کەس دەیزانی ئەو گەردنبەند و کلیلە تایبەتن بە میرغەزەب و پێن لە ئەفسون و نهێنی. کەس نەیدەزانی ئاخۆ ئەو گەردنبەندە جادوو یان تاج و کلیلی چ دەرگایەکی ترسناکی ئەوپەڕی دنیایە؟ شتێ کە شاراوە نەبوو تەنیا دوو گەردنبەندی لەو جۆرە هەن، ئەویش لە ملی کەسانی تایبەت و دەستنیشانکراودا بون، بێجگە لەوەش ئەنگوستیلەیەکی ڕەش بە بەردی بریسکەدار لە پەنجەی دەستی چەپی کردبوو. بەردەکەی نێوی جاروبار سور هەڵدەگەڕا وەک لەگەڵ تاوسەندنی شەپۆلی ئاگردا بێ، هەمان ئەو سوورییەی دەنواند کە لە چاوی میرغەزەبدا دەگیرسایەوە. میرغەزەب بەردەوام جلوبەرگی جەنگاوەری دەپۆشی بەڵام ئەو شەوە

تەنیا پارچە چەرمێکی لەناو قەدی گرێدابوو، کەوشەکانی فرێدابوو، بەپێخاوسی لەسەر تەختە پان و بەرینەکەی دانیشتبوو، جامێ شەرابی بەدەستەوە گرتبوو. لەمبەر و ئەوبەری چوار کچ بەجوانترین شێوە ڕازابونەوە و بە ئاوریشمی سپی و شین و سەوز جەستەی سیحراوییان داپۆشرابوو، جۆرەها گەردنبەند و دەستبەندیان لە خۆیان ئاڵاندبوو، هەندێ کچی دیکەش لەسەر تەختەکە بە نیمچەڕووتی دانیشتبون. لە تەلارەکەی میرغەزەبدا زیاد لە سەد پیاوی تێدابوو، بە ڕوخسار و جلوبەرگ هەر لە میرغەزەب دەچون، بەڵام هیچیان وەک ئەو بەژن بڵند و خاوەن سیمای ترسناک نەبون، ڕەنگە سەیرترین ئاکاریان ئەوە بوبێ، کە لە ژیانی هیچ یەکێکیاندا سەرشوشتن نەبوو، بە پێچەوانەی جەنگاوەرانی نێو قەڵای هەڤسار، بۆیە بۆنێکی زۆریان لێوە دەهات، ددانەکانیان ڕەش و کرمێ، نینۆکەکانیان درێژ و چڵکن، وێنەیەکی ڕاستەقینەی دنیای تاریکیان نیشان دەدا، کەچی کچ و ئافرەتەکانیان بە جوانترین شێوە دەڕازێنرانەوە، پاک و خاوێن وەک ئەوەی لە ئاسمانەکانەوە هاتبن.

میرغەزەب پاڵیدایەوە و سەرمەست بوو، پیاو و ئافرەتە ناچارەکانیش بارودۆخیان وەک میرغەزەب بوو، ئەوانیش کەللەیان گەرم داهاتبوو. ئەو شەوە پێچەوانەی شەوەکانیتر دڵخۆش و شاد بوو.. ئەمە لەوێ

شتێکی زۆر نامۆ بوو، لەوێ هەموو کەس شارەزای ببون، هەمیشە میرغەزەب چاوەسورەکانی زەق کردبۆوە و نێوچەوانی گرژ و مۆن، وەک کۆیلە تەماشای هەمووانی دەکرد، خۆی بە یەکێ لە خواوەندەکان دادەنا. هەر شتێک دڵی تەنگ کردبا، بێ یەک و دوو سەری لە جەستەی جودا دەکردەوە، بۆیە بەردەوام ترس لە دڵی خەڵکەکەی دەوروبەریدا هێلانەی کردبوو، دەبوو لە هۆشداریيەکی پەی دەر پەیدا بونایە کە چ سات و کاتێ میرغەزەب تورە دەبێ بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن، هەموان ئەو سەردەمەیان لەبیر بوو، کە میرغەزەب چۆن ژێراوژێر پیلانی کوشتنی دۆست و هاوپەیمانەکانی باوکی بەجێگەیاند و دوورخستنەوەی کەسە دڵسۆزەکانی دەوروبەری باوک و براکانی، تا لە شەوێکدا سەری باب و برای پەڕاند و لە ناوەندی شاردا هەڵیواسین، ئیدی لەو کاتەوە دەسەڵاتدارێتی خۆی سەلماند و بوە هەڕەشە بەسەر سەرزەمینەکانی نزیکیەوە، چەشنی ڕەشەبایەکی وێرانکار بەسەریاندا دەدا و دار و پەردوی بە حەوادا دەپێچانەوە. بەو جۆرە دەنگوێەک لە تەواوی سەرزەمینەکاندا بڵاوبۆوە، کە ترس و تۆقینی خستە دڵی هەموو کەسێکەوە، میرغەزەب بەدەستی خۆی گوێیەکانی بڕیوە و لە سەرتاسەری سەرزەمینەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا هەڵیواسیوە، تا گوێی لە هەموو پسکە پسک و قسەیەک بێ، ئەمە وایکردبوو کەس

نەوێرێ بەرامبەر میرغەزەب سەردەربێنێ یان وشەیەک یاخود گوتەیەک پێچەوانەی میری تورە بڵێت.

لەنێو قاقای پێکەنیندا هەڤسار هاتە نێو تەلاری میرغەزەبەوە، لەبەرئەوەی دەیزانی میر حەزی بە پاکژی نییە و رۆحی دەکەوێتە ئازار و ئەشکەنجەوە، بەجلکێکی شێواوەوە هات و پێستەی گیانەوەرێکی مردارەبوی لەسەر سەری دانابوو. بەهۆی سەما و مەستییەوە کەس ئاگای لە هەڤسار نەبوو، ئەو بە ترسەوە وەژور کەوت و لە بن پێی میرغەزەبدا بە چۆکدا هات نەیوێرا چ قسەیە بکا، چاوەرێ ما تا میرغەزەب هەستی پێبکا و ئەوسا مۆڵەتی هاتنە گۆی بداتێ، زۆری پێنەچوو سەری سوڕاندەوە یەکڕاست سیمای گۆڕا وەک ئەوەی بزانێ هەڤسار بۆچی هاتوە، چونکە هەر خۆی ناردبوی کە بێتە ئەوێ، پەلەی بوو گوێی لە قسەکانی بێ، بەدەنگێ زل هاواریکرد: زوو قسە بکە، هەواڵەکان ڕاستن؟

هەڤسار بە ترس و لەرزەوە هاتەگۆ بێئەوەی سەر بڵند بکاتەوە: بەڵێ گەورەی گەورەکان، میری میرەکان، تەواوی ئەو هەواڵانەی پێشتر پێمانگەیشتون، هەر هەمووی ڕاستن لەو سەرزەمینە نە داری تەڕ دەبڕن، نە ڕاوێش دەکەن...

چاوەکانی سورتر بون، هەرچی مەستیی و ئارەزوو بوو لە کەللەی چوە

دەرەوە، دووبارە قیراندی: چی...چی..ئەی چیدەکەن؟

دەبوو بە زووبی وەڵامبداتەوە و نەهێڵێ میرغەزەب پرسیار دووبارە بکاتەوە، ئەگینا سزایەکی گەورە بۆ خۆی دەبڕیتەوە، ئارەقە لەنێوچەوانی جۆگەی بەستبوو، بەدەنگێکی لەرزۆک گوتی: میری میران ئەو گوندانە نە داری تەڕ دەبڕن و نە ڕاویش دەکەن، لەناو دارستانەکان شتی سەوز و سوور و زەرد و ئاودار هەیە وەک سێو و پرتەقاڵ و گێلاس دەهێنن و دەیخۆن. لە کلۆڕی و بنی چیا و گوڵەکانیش وەک ناومان بیستون شتێ دەردێنن پێیدەڵێن هەنگوین، کردویانەتە خۆراکی ڕۆژانەیان.

سەری هەڵبڕی و تەماشای نێوچەوانی میرغەزەبی کرد، بە مەشخەڵێکی ئاگر دەچوو، تێگەیشت دەبێ درێژە بە قسەکانی بدا: لەو سەرزەمینانە سەری خواوەندەکان شکێنراون و تەنیا یەک خواوەندیان هێشتۆتەوە، زۆر هەوڵماندا بزانین ئەمانە کاری کێن و ئەو ترسنۆکانە کێن کردەوەی وا دەرهەق بە خواوەندەکان دەکەن، بەڵام لە هەر کەسێکیان پرسیوە گوتویانە ئێمە نازانین، لەو خواوەندە بپرسن کە تێکوپێک نەدراوە، ئەو شاهێدی ڕووداوەکانە و هەموو شتێکی بینیوە، دەبێ ئەو بزانێ چونکە ئەو خواوەندە و بە توانا و کارایە، ئێمە لە کوێ بزانین، ئێمە هەرچەندێ لەو خواوەندانە دەپارێینەوە و لێیان دەپرسین لەجێی

خۆیان نابزوێن و قسە ناکەن.

میرغەزەب هێندە تورە بوو هەستایەسەر پێ و چیدیکە بواری نەدا قسەکانی تەواو بکا، بەهەموو تینیەوە هاواریکرد:نننننـــــــــــــا....

بەوپەڕی هێزییەوە پێ لەقەیەکی کێشا بەدەمی هەڤساردا، بەو جەستە قەڵەو و سەنگینەیەوە لەبەردەمی دەرپەڕی و فڕێیدا و بە پشتا کەوت، دەوروبەری دەمی یەکپارچە پڕ بوو لە خوێن. میرغەزەب هێشتا جامە شەرابەکەی بەدەستەوە بوو، هەرچی مەستی و شادییەکی هەبوو لەمێشکیدا بووە هەڵم، تەماشای هەڤساری کرد و گوتی: دەمێکە چاوەڕێی ئەم رۆژە دەکەم، هەر ئێستا لەگەڵ قەڵفان سورەکان، کە لە ئاوارە تازە پێگەیشتوەکانی دەوروبەر و گوندەکان رێکخراون، بەپێی ئەو نەخشەیەی دامانڕشتوە، ئامادە بن و رەوانەی سەرزەمینەکانی رۆژاوایان بکەن، با گوندەکانیان لەگەڵ زەویدا تەخت بن، ئەوی لە پووتاندا بوەستێ بیکوژن، ئەوانی دیکەش بە یەخسیری بێنن، ئەگەر نا سەرت لە لاشەت جیادەکەمەوە.

ئەمجارە تورەتر لە هەڤساری پوانی: بەباشی ئەم قسانە لە گوێ بگرە، زۆر کاتمان لەبەردەستدا نییە، خۆت لەگەڵ هێرۆدۆسی کوڕی ئامۆن بەهەموو شەرکەرەکانتانەوە بەرەو سەرزەمینی گوڵەکان و شەرابی سور دەچن، دەبێ زوو پێ هەڵگرن، کات نەماوە، دەمەوێ

جەنگاوەران سەرزەمینەکانم بۆ وێران بکەن، هەواڵی دۆزینەوەی تاجی ونبوم پێگەیشتوە، دوای گرتنی ئەو دوو سەرزەمینە ئیمپراتۆریەت رادەگەیەنم و وەک یەکەمین پاشا لەسەر کورسی دادەنیشم، بەڵام ئەمە دەبێ پێش دۆزینەوەی چوارەمین سندوق بێت کە بەسەر سەرزەمینی شیندا دابەشبوە لەو چوار سندوقە، ئەوی باشور و رۆژهەڵات و رۆژاوا دۆزراونەتەوە، بەڵام جموجوڵێکی گەورە لەو سەرزەمینانە لەدژی ئێمە و ئیفڵۆرد بەڕێوە دەچن و رووەو سەرزەمینەکانی باکوریش بەڕێخراون، بۆ دۆزینەوەی سندوقی چوارەم و سەرزەمینی ونبو. دەبێ ئێمە دەستپێشخەر بین..دواییین شەڕی ئێمە لەگەڵ سندوق هەڵگرەکان دەبێ، کە لە سەرزەمینە دوور و نزیکەکانی رۆژهەڵات و رۆژاوا و باشور لەگەڵ رەسەنەکانی سەرزەمینەکانی باکور بەیەکگەیشتون، ئەوانەی پێیاندەڵێن رەسەنە نایابەکان، دەبێ قەڵاچۆیان بکەین و لە بون بیانسڕینەوە، ئێستاش دەسپێک دەبێ سەرزەمینەکانی رۆژاوا بە سزای خۆیان بگەن.

جامە شەرابەکەی فرێدایە نێو ئاگردانەکەوە، کە خەمە گەورەکان لەدەوری دەسوڕانەوە، چووە دەرەوەی تەلارەکە و بەدەنگێکی بەرز هاواریکرد: ئەمشەو کچێکی پاکیزە لە یەخسیرەکانی سەرسنوری سەرزەمینی گوڵەکان و شەرابی سورم بۆ بێنن.

لەدەرگای تەلارەکە چووە دەرەوە و لە پێشچاوان بزر بوو، دڵنیابوو کە خزمەتکارەکان بە پەلە داواکەی بەجێدەگەیەنن، پشتملی کچێک بەو تایبەتمەندییانەی میرغەزەب داوایکردوە دەگرن و بۆی دەبەن، سەرلەبەیانی رۆژی داهاتوش چارەنوسی ئەو کچە روونەدەبێتەوە یان کۆڕاوە یان دەکەوێتە دەست خزمەتکارەکان، ئەمەش یەکەمین جار نییە شتی وا رووبدات بەڵکو پیشەی هەموو شەوێ بوو.

هەڤسار بە دەم و ددانی خوێناوییەوە هەستایە سەرپێ، بەپەلە رۆشتە دەرەوەی تەلارەکە، دەیزانی رووبەڕووی کارەسات دەبێتەوە گەر دەستوبرد نەکا. بەنێو پیاوە مەستەکاندا تێدەپەڕی کە پێش چەند ساتێ پێدەکەنین، بەڵام ئێستا هەموو خامۆش و بێدەنگ کڕبوون، لە ژێرەوەش بە رکوکینەیەکی زۆرەوە لە هەڤساریان دەڕوانی، کە خۆشی ئەو شەوەی لەباربردن.

سەرەڕای بایەکی سارد، هەڤسار بەخۆی و دوو سەد سوارۆوە گەڕایەوە نێو قەڵا، لەلایەک ئاسودە بوو کە بە گوێی هێرۆدۆسی کرد و یەخسیرەکانی نەکوشت و چ هەواڵێکیشی لەبارەی کوشتنی بازرگانەکەوە نەدرکاند، لەلایەکی دیکەش بیری لەوە دەکردەوە ئۆرام لەناو بەرێ یان نا، چونکە ئەو بەپەلە بەرەو لای میرغەزەب بەڕێ کەوتبوو، بەهێرۆدۆسی گوتبوو کە هەموو کۆڕ و گەنجەکانی نێو قەڵا

کۆبکاتەوە و لە ناوەندی گۆڕەپانەکەدا ئۆرام بۆ سەربڕین ئامادە بکرێ.
بەرەبەیان ئەڵقین و هاوەڵەکانی ئاگاداری چارەنوسی خۆیان نەبون،
کەسیان هەواڵی ئەویتریانی نەدەزانی، پاسەوانەکان هاتن و بەرەو
گۆڕەپان بەڕێیانخستن، لەوان وابوو سەرلەبەریانی سزای مەرگ دەدرێن،
بەڵام لە جێیەکدا رایانگرتن وەک ئەوەی چاوەڕێی کەسێکیتر بن.
زۆری پێنەچوو پۆلێ جەنگاوەر کە ژمارەیان لە سەد نەفەرێ تێپەڕی
دەکرد، هاتنە ناوەندی گۆڕەپانەکە و کەسێکیش لەنێویاندا دەست و
پێ زنجیرکراو، لەبەر ئاپۆرای شوێنەکە نەدەزانرا کێیە، سەروچاوی
نەدەناسرایەوە هێندە ئاسەواری ئەشکەنجەی پێوە بوو، لەگەڵ
ئەمەشدا ترس لەنێو چاوی باری کردبوو، لەنێو ئەو قەرەبالّغیەدا،
چاوە فرمێسکاوییەکانی تاقێنی ناسییەوە.

یەکێ لە جەنگاوەرەکان هاتە پێشەوە و بەدەنگێکی بەرز گوتی: ئێوە
جەنگاوەری میرغەزەبی گەورەن، جێگەی متمانەی ئەون و پاشەرۆژێکی
گەش چاوەڕێتان دەکا، لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەودا پارێزراون،
هەواڵی ئەوەتان پێرادەگەیەنم کە لەمرۆژانەدا بۆ وەرگرتنی تۆڵەی
ئازیز و خۆشەویستانتان لە رِیزەکانی قەڵغان سورەکان بە پاڵپشتی
لەشکری گەورە بەرەو سەرزەمینەکانی رۆژاوا رەوانە دەکرێن، کە
پشتیان لە خواوەندەکانی ئێمە کردوە، سەرکەوتوانەش دەگەڕێینەوە،

دەستکەوتەکانی شەڕ بۆ خۆتان دەبێ و کەس بۆی نییە لێتان وەرگرێتەوە، لەوانەش گرنگتر بەخششی میرغەزەب بەسەرتاندا دەڕژێ و پاداشت و خەڵات دەکرێن، بەڵام ئێستا ئەم ناپاکە، ئەم تاوانبارە، شەوی رابردوو هەستاوە بە کوشتنی یەکێ لە میوانە ئەزیزەکانی میرغەزەب، سزاکەشی سەربڕینە تا هەموان بزانن ئەوە سزای ناپاک و ئەو کەسانەیە لە ڕێزی میرغەزەب یاخی دەبن.

ئەلفین و تافێن و هامۆند و نۆردمەن تەماشای نۆرامی هاوەڵیان دەکرد بە دەست و پێی زنجیرکراوەوە، هەناسەیان هەڵدەکێشا و چ دەسەڵاتێکیان نەبوو لەو سەختیە دەربازی بکەن، دۆخی تافێن لەهەمویان زیاتر ناهەموارتر بوو، ئازارێکی زۆر ناخی دەخواردەوە. نۆرامیان بردە بەردەم کوتینە و بۆ دواجار ئاوڕی بۆ هاوەڵەکانی داوە و لەبەرخۆیەوە گوتی: تافێن هەموو کاتێ تۆم خۆشویستوە.

ئەو لە دوورەوە خەریک بوو دادەڕوخا، چەند هەنگاوێ هاتە پێشەوە و بێئەوەی هەست بەخۆی بکا، غاری دا بەرەو لای نۆرام، بەڵام لەدواوە گرتیان و بەدەم گریانەوە هاواریکرد: نا...مەیکوژن...تکایە مەیکوژن. هەر بواریان نەدا بچێتە پێشەوە، تەماشای نۆرامی کرد: نۆرام...بزانە کە زۆرم خۆشدەوێیت.

بەگوێبیستبونی دەنگی تافێن، نۆرام نیگەرانی و بێزارییەکەی ڕەوییەوە

و تەماشای کرد و بە زەردەخەنەیەک وەڵامیدایەوە، ئیتر چ باکی بە مردن نەما، ئەو خۆشەویستییەک لە دڵیدا چەکەرەی کردبوو، هێندە گەورە ببوو، تەنانەت مەرگیشی لەئامێز دەگرت. جەنگاوەرەکە ئۆرامی هێنایە بەردەم کوتینەکە و لە پشت سەریەوە وەستا، لە پێیەکانیان دا، ئۆرام کەوتە سەر ئەژنۆ و دوو نەفەری دەمامکدار سەری ئۆرامیان لە بن کوتینەکە دانا، چاوەڕێی فەرمانی سەربڕینەکە بون، تاڤێن پڕمەی گریان گەروی گرت، دیمەنەکە چەشنی خەونێک بوو بە بەرچاویدا دەهات و دەچوو، فەرماندرا و کوتینە هاتە خوارێ و سەری ئۆرام لە جەستەی جودابۆوە، تاڤێن لە حەژمەتا لەهۆش خۆی چوو کەوتە سەر عەردەکە. سەکۆی کوتینەکە بەخوێن سور بوو، کەس لەوێدا توانای جوڵەی نەمابوو، هەموو حەپەسابون، فرمێسک لە حەسرەتا دڵۆپ دڵۆپ بەسەر روومەتیاندا دەهاتە خوارێ. ئەلڤین لەجێ خۆی وشک بوو، هێندەی دیکە ڕقی لەو سەرزەمینە هەڵگرت، بۆی ڕوونبۆوە کە هێزێ ترسناک ئەم خاکەی جڵەو کردوە، ئیدی خەمی لەوە دەخوارد لە جێیەکی وادا کە بونەوەرەکانی ئەم درندانە بن دەبێ ئیڤای خوشکی چۆن بدۆزێتەوە.

جەنگاوەرەکان جەستە و سەری ئۆرامیان بەدوای خۆیاندا راکێشا و بردیان. لەو سەرزەمینە گۆڕستان نەبوو کەس نەیدەزانی مردوو و

کوژراوەکان بۆ کوێ دەبەن و چیان بەسەر دێنن.

جەنگاوەرەکە لە سەرەتادا وتارێکی دا، بەهەمانشێوە هاتە پێشەوە و بە دەنگێ بڵند گوتی: تاوانبار بە سزای خۆی گەیشت...ئێستاش هەموتان بۆ ژورەکەتان بگەڕێنەوە، هەر سەرپێچیەکیش رووبدات، سزا دەدرێن، ئەمجارە هەڤسار لێتان خۆش نابێ.

بەبێدەنگی رووەو ژورەکانیان بەڕێ کەوتن، جەنگاوەرەکان هاتنە نزیکی ئەلڤین و هاوەڵەکانی، زنجیری دەستوپێیان کردنەوە و یەکێکیان بە گاڵتەپێکردنەوە پێیگوتن: دەبوو سەری ئێوەش فڕیبا نازانم بۆچی لە کوشتنتان پەشیمان بونەوە؟ دەبوو ئێوەش لەناوچونایە.

ئەلڤین بەو قسەیە راچڵەکی و هاوەڵەکانی تەماشای یەکتریان کرد: بۆچی وا دەڵێ؟

ئەلڤین زیاتر چووە پێشەوە لە جەنگاوەرەکان: مانای چیبە فەرمانی کوشتنمان دەرچوو بوو، بەڵام پەشیمان بونەوە؟!

جەنگاوەرێکیتر لەو لایەوە لە هاوەڵەکەی ڕاما و بەتوڕەییەوە گوتی: ئەمە کاری تۆ نییە قسەی وا بکەیت، وازیان لێبێنە.

ئەوجا توڕەتر تەماشای ئەلڤینی کرد: بگەڕێنەوە بۆ ژورەکانتان، لاشەی ئەم کچەش لە پێشچاوم بزرکەن...دەی زووبن بەڕێ کەون، لەبیرتان نەچێ کەس بۆی نییە خەڵک لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە، تێگەیشتن؟

تەواوی ئەم رووداو و جەرەیانانە لەدوای رۆشتنی هەڤسارەوە رێچکەیان لەنێو قەڵادا بەست. هەڤسار شەو گەڕایەوە، سەرزەمینێکی تاریک تێکەڵ بە مەرگەساتەکانی ببوو، ئەڤین لەگەڵ هاوەڵەکانی دەستیاندایە تاڤێنی لەهۆشچوو، بڵندیان کردەوە و پێکەوە بردیانە ژورەوە کە تێکوپێک درابوو، ئیدی ئەوە ئامارەیەک بوو کە بە چڕ و پڕی پشکنین بۆ ژورەکانیان کراوە. ئەڤین گەڵێ لەو دۆخە نیگەران بوو، یەکڕاست بەرەو دیواری تەختی نووستنەکەی چوو، دڵەکوتە گرتبوی کە دەستکاری ئەوێیان نەکردبێ، دڵنیابۆوە کە دەستی بۆ نەبراوە، لەسەرخۆ بەردی لەجێی خۆی دەرهێنا بەڵام چاوەکانی زەقبونەوە و وشک وەستا، بەردەکە لە دەستی کەوتە خوارەوە، باوەڕی نەدەکرد: نا...ناکرێ...چۆن شتی وا دەبێ..؟

هەرچەند دەستی خشاند و هێنای و بردی، چ گەردنبەندێکی چنگ نەکەوت، وەک هەورەبروسکە لێیدابێ ڕەق وەستا و یەکپارچە بووە خەم و گرژیی و گەڕایەوە دواوە لەسەر تەختەکەی دانیشت، لە خەمان سەری خۆی گرتبوو، چاوە شینە پڕ فرمێسکەکانی ئیڤای خوشکی دیمەنێ بوو لەبەردەمیدا دروست دەبوو، هێشتا دواین هاواری پێش جێهێشتنی بۆ کانی شەکرە لە گوێیدا دەزرینگایەوە، ئومێدێکی زۆری لەسەر گەردنبەندەکە بونیات نابوو، دەیویست بەو سەرە داوە بگاتە

دیاریکردنی چارەنوسی خوشکەکەی، کە بەهۆیەوە پێیان نایە نێو سەرزەمینێکەوە هەموو رۆژێ ئاوات و هیواکانی تێدا زیندەبەچاڵ دەکرێ، لەهەمووی کارەساتبارتر تەنیا بەڵگەکەی لەدەست دا.

هامۆند لەدووری چەند هەنگاوێکەوە وەستابوو دڵتەنگیی ئەڵقینی بینی، لەدەروونەوە خۆی دەخواردەوە، بەرەو ڕووی ڕۆشت بەڵام ئەو هێندە دۆخەکە لەسەر دڵی قورس بوو هەستی بە بونی نەکرد. هامۆند بە خەمگینیەوە لە ئەڵقینی دەڕوانی، ئەو ئاگاداری کەین و بەینی نێوان هامۆند و سایە نەبوو، لە زەینی خۆیدا بزربونی گەردنبەندەکە وا وێنەی کێشابوو، کە کاری جەنگاوەرانی نێو قەڵایە، چ گومانێکی لەوەدا نەبوو، بۆ چاوتروکانێکیش خەیاڵی بەلای هامۆنددا نەچوو، کە هەستابێ بە بردنی گەردنبەندی هاوەڵەکەی، بۆیە ویژدانی زۆر ئازاری دەدا و نەیدەزانی بە چ سەرەتایێ ڕاستییەکانی بخاتە بەردەست. هەرچەندێ بیری دەکردەوە بەلایەوە دروست نەبوو، ڕاستیەکە بشارێتەوە، چونکە هەر رۆژێ دێ ئەڵقین خۆی بزانێ، بۆیە بە ئارامیەوە گوتی: ئەڵقین... سەری بەرزکردەوە: ها...هامۆند ببورە، ئاگام لێنەبوو هاتیتە ژورەوە، بەڵام تەماشای دیوارەکە بکە، چ کارەساتێکیان بەسەر هێنام... گەردنبەندەکەیان بردوە.

ئیتر بێدەنگ بوو، هامۆند هیچ کاتێ ئەوی وا بە داڕووخاوی نەبینیبوو،

ئەلڤین بە بێتاقەتیەکی زۆرەوە گوتی: ئێستا من چۆن ئیڤا بدۆزمەوە؟ هامۆند دانی بە جەرگیدا نا و بەپەلە گوتی: ئەوان نەیانبردوە...من بردومە.

ئەلڤین شڵەژا و بە سەرسوڕمانەوە لە هامۆند پرسی: چیت گوت؟!

- من گەردنبەندەکەم بردوە.

ئەلڤین سەرسام ببوو: تۆ بۆچی بردوتە؟!

هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی و گەروی وشک ببوو، بە ناڕەحەتیەکی زۆرەوە گوتی: ئەلڤین من گەردنبەندەکەم بردوە.

ئەلڤین لە جێی خۆی پاستبۆوە: یانی چی تۆ بردوتە؟!

سەری شۆڕکردبوو چەشنی گوناهبارێ لە سەیرکردن و تەماشاکردنی ئەلڤین خۆی لادەدا، لەسەرخۆ گوتی: سایە بە جۆرێکی سەیر کە باسی ڕووداوەکانم بۆ کرد، سەرنجی چووە سەر حیکایەتی گەردنبەندەکە، تێنەگەیشتم بۆچی ئەوە سەرسامی کرد، داوایکرد گەردنبەندەکە ببینێ، پێمگوت نابێ هیچ کەس بزانێ بۆت دێنم، تەماشای دەکەیت و دواتر دەیگەڕێنمەوە، نەمویست دڵی بشکێنم، پێموابوو دوای سەیرکردنی دەمداتەوە و بێ کێشە دەیخەمەوە جێی خۆی، بەڵام لەوەم نەکۆڵییەوە بۆچی وا سایە هێندە داکۆکی دەکا بۆ بینینی گەردنبەندەکە، بۆیە ئەو کاتەی هیچ کامێکتان لێرە نەبون بەدزییەوە هاتم و شوێنەکەم

پێدەزانی، گەردنبەندەکەم دەرهێنا و بەردەکەم خستەوە جێی خۆی، هەر کە سایە بینی رەنگی تێکچوو شڵەژا، یەکسەر گوتی خێرا ئەم سەرزەمینە جێبێڵن، داوام لێکرد لەگەڵماندا هەڵبێ، سەرەتا زۆر خۆشحاڵ بوو، چاوەکانی لە شادییاندا دەبریسکانەوە بێدوودڵی پێیگوتم لەگەڵتاندا دێم...بەڵام کە گەردنبەندی بینی هەموو شتێ گۆڕا، ترس گرتی و سایە رۆشت و کچێکی دیکە هاتە جێی...ئەو کچە نەما کە من دەمناسی، لە هاتن پەشیمان بۆوە، هەرچەند هەوڵمدا هۆکارەکەی بزانم، هیچی پێنەگوتم زۆر دەترسا، تەنیا ئەوەندەی گوت دەبێ بەزووترین کات ئەم سەرزەمینە جێبێڵن، نیگەرانی من مەبە، کارێکم هەیە تەواوی دەکەم ئەوجا بە دووتاندا دێم لە هەر شوێنێ بیت دەتدۆزمەوە، بەڵام گەردنبەندەکەی لای خۆی هێڵایەوە و نەیدامەوە.

ئەڵقین لەگەڵ هەموو وشەیەکی هامۆنددا دەمارگیرتر دەبوو، سەری قورس بوو دنیا لەبەرچاوی دەسوڕاوە، قسەکانی هامۆند ئازاری دەدا و بەپەلە گوتی: چی... ئەوە چی دەڵێی، باسی چیدەکەی؟

هامۆند دووبارە قسەکانی بۆ گوتەوە، دوای کەمێ بێدەنگی گوتی: باشبوو گوێمان لە تیۆدلینا گرت و بەردە درەوشاوەکانی کابرا نەناسراوەکەمان نەهێنا، کە خەزێنەی قسەی سەیر و سەمەرە بوو، ئەو شتە ڕووناکەمان نەهێنا کە شیرمان تێدا دەخواردەوە، باش بوو لە

دەرەوەی قەڵا لە بن پیرەدارێ کردمانە ژێر ئاخەوە، ئەگینا هەمومان دەکوژران.

ئەم قسەیەی دوایی ئەلفینی سەرشێت کرد و قیڕاندی بەسەر هاموندا: ئەوە تۆ چی دەڵێی، ئەقڵت لەدەستداوە، شێت بویت، تۆ دەزانی چیتکردوە؟ ئێستاش هاتووی چیرۆکی پچڕ پچڕی بێمانام بۆ دەگێڕییەوە؟

تاڤێن هێشتا نەهاتبوە هۆش، لە ژورەکەی خۆیدا ڕاکشابوو، گوێی لە چ قسە و باسێک نەبوو، بەڵام تۆردەمەن هاوارەکەی ئەلفینی گوێ لێبوو، بەپەلە هاتە ژوڕێ: ئەلفین چی بووە؟

بەتوڕەییەوە تەماشای هامۆند کرد: لەو بپرسە با ئەو پێت بڵێ.

چوە دەرەوە، هامۆند بەدوایدا ڕۆشت: ئەلفین..ئەلفین گوێ بگرە، هیچمان لەم سەرزەمینە نەماوە، دەبێ ئەمشەو بەجێی بێڵین.

ئاوڕیدایەوە و بە توڕەییەوە: تۆ ناپاکیت لە هاوەڵەکانت کرد و ڕاستییەکانت شاردەوە، من وەک تۆ نابم، تەماشای دەوروبەرت بکە، نابینی تاڤێن چ کارەساتێکی بەسەر هێنراوە، هەر ئەمڕۆ دڵخوازەکەشی سەری لە جەستەی جودا کرایەوە، بەدبەختی و ئازار لە هۆشی خستوە و ئاگای لەم دنیایە نەماوە، بەتایبەتی لە ناپاکییەکەی تۆ.

ئەوجا توڕەتر بەسەریدا هاواریکرد: هێشتا چ هەواڵێ لەبارەی تیۆدلیناوە

نازانین، ئاگادارنین ماوە یان مردوە، کەس بەجێ ناهێڵین، تێگەیشتی؟ پاشان پێم بڵێ بۆ کوێ بڕۆین...ها دەی پێم بڵێ؟

هاوڕند نەیتوانی بە وشەیەکیش وەڵامی بداتەوە و هەستی بە شەرم کرد، کە چۆن وا بێباکانە باس لە ڕۆشتن دەکا بێئەوەی چارەنوسی هاوڕێکانی یەکلایی بێتەوە، لەوەش دڵنیا بوو ئەڵقین هیچ یەکێ لە تاقێن و ساویلک بەجێ ناهێڵێ، هەروەک هەواڵێکیش لە تێۆدلینا وەرنەگرێ، مەحاڵە ئەم سەرزەمینە بخاتە پشت خۆیەوە.

ئەڵقین چیدیکە نەوەستا و چوە دەرەوە، نۆردمەن لە نێوانیاندا سەرسام ببوو، چووە بەردەم هاوڕند: چی بوە؟

هاوڕند بە ناچاری تەواوی سەرگوزەشتەکەی بۆ نۆردمەن گێڕایەوە، ئەمیش دەمارەکانی گرژ بوو: چۆن کاری وات کردوە؟!

هاوڕند نەیزانی ئەم کارەی هێندە خراپ لەسەری دەکەوێ و دڵی هاوڕێکانی بەتوندی دەڕەنجێ، ئەو دەیویست ڕوونی بکاتەوە کە ج مەبەستێکی شەڕەنگێزی لەوەدا نەبوە، بەڵام کە ئەوانی بە نیگەرانی و توڕەیی دەدیت، زمانی لێکدەئاڵا و هیچی بۆ نەدەگوترا. نۆردمەن هەستیکرد یەکجار پەرێشانە، لێی چوە پێشەوە و دەستی خستە سەر شانی هاوڕند: دەزانم نیازت باش بووە، بەڵام سایە چی لێهات؟

- هەر بەیانی لێکجودابوینەوە، هەریەکەمان بەڕێی خۆی.

هامۆند وایدەزانی سایە هێشتا لە ژورەکەی خۆیەتی، بەڵام لەگەڵ هاتنە دەرەوەی ئەو لە ژورەکەی و چونی هەڤسار بۆ لای میرغەزەب، لەگەڵ یەکێ لە خزمەتکارە متمانەپێکراوەکانیدا سواری گالیسکەیەک بون بەرەو تەلاری خۆیان کە لەنێو شاردا بونیاتنرابوو، نزیکبوو لە کۆشکە بە سامەکەی میرغەزەبەوە. سایە چ هەواڵێکی نەبوو لەبارەی کوژرانی میوانەکەی باوکی بەدەستی نۆرام، لەبەرئەوە ئاگاداری گرتنی ئەلڤین و هاوەڵەکانیشی نەبوو، بۆیە بیری لەوە کردەوە پەلە بکات لە ئەنجامدانی کارێکی گرنگ و هەر ئەو شەوە لەگەڵیاندا ئەم سەرزەمینە بەجێبێڵێ. لەنێو تەلارەکەدا بێئارامانە دەهات و دەچوو، خزمەتکارەکەی نارد بۆ لای یەکێ لە جەنگاوەرە باوەڕپێکراوەکانی باوکی کە لە زۆرینەی شەڕەکاندا لەگەڵی بوە، ئاگای لە ورد و درشتی کارەکانی هەڤسارە، کە بەزووترین کات بگاتە لای سایە. زۆری پێنەچوو دەرگای گەورەی ئاسنین کرایەوە و خزمەتکارەکە بە هەناسەبڕکێ هاتە ژورەوە، سەری نەویکرد و گوتی:

- خاتونی گەورە، مەردۆک هاتوە، لەپێش دەرگا چاوەڕێی فەرمانتانە.

- بابێتە ژورەوە.

مەردۆک وەک هەموو جەنگاوەرەکانی نێو قەڵا، شەوی رابردوو مەیێکی زۆری خواردبۆوە، مەست و گێژ ببوو، بەزەحمەتێکی زۆر لە جێی

خۆی هەستابۆوە، پێی سەیر بوو لەو بەیانیەدا زۆرینەی خەڵک هێشتا چاویان لەخەودایە، بێداربکرێتەوە بەڵام گەر کچی هەڤسار نەبوایە بێ دوودڵی بۆی دەخەوتەوە، لەبەرئەوە بە باشی نەزانی بەدەم داواکەی کچی هەڤسارەوە نەچێ، بەپەلە خۆی گەیاندە تەلاری هەڤسار. سایە هیچ کاتێ قسەی لەگەڵدا نەکردبوو، بەدواشیدا نەناردبوو، ئیدی ئەم ناردنەی بەلاوە نامۆ بوو، جاروبار بەدەم ڕێگەوە مێشکی بۆ هەموو خەیاڵێ دەچوو، دەترسا ڕەنگە ناجۆرییەکی کردبێ و سزا بدرێ. خزمەتکارەکە پێیگوت: مۆڵەتت درا بچیتە ژورەوە، سەر بڵند ناکەی، تەنیا تەماشای مەڕمەڕی سوور و بن پێت دەکەیت.

مەردۆک باش لەو قسانە گەیشت، بە ترس و لەرزەوە دەرگای ئاسنینی کردەوە و کەوتە سەر چۆک، هێشتا سەرخۆشی دوێنێ شەو کەللەی بەرنەدابوو، بە ترس و لەرزەوە گوتی: خاتونی گەورە چ فەرمایشتێکتان هەیە؟

سایە پێشوەخت ئامادەسازیی بۆ ئەو دیدارە کردبوو، پێیگوت: هەستەوە.

مەردۆک دەیزانی ئەوە پێچەوانەی ئادابی ئەم سەرزەمینەیە:

- خاتونی گەورە، ناوێرم بمبورە.

- من فەرمانت پێدەکەم کە ئەمجارە هەستیت...دەی هەستە سەر پێ.

مەردۆک هەستا و سەرلێشێواو بوو، لەدەوروبەری خۆی رادەما، سایە دەرفەتی نەدا بیربکاتەوە، بەزوویی ئامازەی بۆ سندوقە پڕ زێڕ و زیو و بەردە بریقەدار و گەردنبەند و ئەنگوستیلەکانی کرد، کە هێندە قورس بون بە تاکە نەفەرێ بەرز نەدەکرانەوە، ئەوجا پێیگوت: مەردۆک کارێکی زۆر گرنگم پێتە، من دەزانم لەهەموو دەرچونێکی باوکمدا تۆ شان بە شانی ئەو ڕێت کردوە و یەکێکی لە متمانەپێکراوەکانی، ئاگاداری هەموو نهێنی و ورد و درشتێکی باوکمیت.

مەردۆک هێشتا لە مەبەستەکە نەدەگەیشت، تەنیا سەرێکی ڕاوەشاند بۆ پەسەندکردنی قسەکانی سایە، بەڵام کچی هەڤسار دەنگی گۆڕی و بە شێوەی هەڕەشە گوتی: پرسیارێکت لێدەکەم، گەر راستیەکەم پێ نەڵێیت، نابیتەوە بە خاوەنی سەری خۆت، بەڵام گەر پێچ و پەنات لەگەڵدا نەکردم ئەوە سندوقێکی پڕ زێڕ، چی تێدا ئارەزوو دەکەی بیبە، تەنانەت بۆ سەرزەمینەکانی دیکەش دەتوانی بڕۆی و چێڕ لەو سامانە ببینی و وەک پاشایەک ژیان بەسەر بەریت.

لەژیانیدا هێندە زێڕی نەدیبوو، بێئەوەی بیر لە پرسیارەکە بکاتەوە، بەپەلە ڕەزامەندی نیشان دا: هەر فەرمانیشتێکتان هەبێ، سەرم لە ڕێتایە.

سایە دڵنیابوو کە زێڕەکە هەست و هۆشی لە مەردۆک وەرگرتوە،

بەرامبەری وەستا، بۆنی شەراب و ئارەقەی گیانی دەهات، لەگەڵ ئەوەشدا ناچار بون لێی نزیک بێتەوە، دەستمالّەکەی دەرهێنا و گرێیەکەی کردەوە، لەسەر دەستی دانا و بۆ لای مەردۆکی درێژکرد: مەردۆک ئەم گەردنبەندە دەناسییەوە؟

مەردۆک سەرەڕای مەستیەکەی، بەوردی لە گەردنبەندی نێو دەستمالّەکەی ڕوانی پێویستی بە بیرکردنەوە نەبوو، هەر بەزوویی ناسییەوە بەلّام هیچی نەگوت، سایە بە تورەییەوە پێیگوت: مەردۆک گوتم ئەم گەردنبەندە دەناسیەوە؟

مەردۆک بەپەلە هاتە گۆ: بەڵێ خاتون دەیناسمەوە.

- هی کێیە؟

مەردۆک لەژێر لێوەوە منجە منجێکی کرد، لە مەبەست و ئامانجی سایە نەدەگەیشت، دەیویست لێزانانە خۆی لە وەلّامەکە دەرباز بکات: خاتونی گەورە ئەم پرسیارە بۆچی لە من دەکەی؟ خۆشتان باش دەزانن ئەو گەردنبەندە هی کێیە...هەموو کەسێ دەزانێ!

سایە ئەم وەلّامەی بەدڵ نەبوو، زۆر توڕە بوو: پێتدەڵێم هی کێیە، زوو وەلّام بدەرەوە؟

مەردۆک سەرسام ببوو، لەلایەک دەترسا جلّەو بۆ وەلّامدانەوە شل بکا و ئاکامەکەی لە بەرژەوەندی ئەودا نەبێ، لەلایەکی دیکەش

خەمی دەخوارد کە ئەو زێڕ و سامانەی لەدەست بچێ، بۆ ئەوەی نە لەمیان ببێ و نە لەویان گوتی: خاتونی گەورە، ئەو گەردنبەندە هی باوکتە هەڤساری گەورە، هەموو کەس لەم سەرزەمینە دەزانێ و تەنانەت جەنابیشتان ئاگادارن کە ئەمە گەردنبەندە هەرە بەنرخەکەی میرغەزەبە، لەبەر خزمەت و کارەکانی باوکتان خەڵاتی کردوە.

سایە خۆی لە یەکەمین چرکەوە کە هامۆند گەردنبەندەکەی نیشان دا، ناسییەوە کە خاوەنەکەی باوکیەتی، بەڵام نەیدەتوانی سەرگوزەشتە و ڕازەکەی بۆ بدرکێنێ، گوتی: مەردۆک منیش دەزانم کە ئەوە هی هەڤساری باوکمە، بەڵام پێم بڵێ گەردنبەندی هەڤساری بابم لە سەرزەمینەکانی ڕۆژهەڵات نزیک سنوری گورگە برسیەکان و گوندەکانی ئەو سەرزەمینانە چی دەکات..ها؟

چ مەستییەک لە کەللەیدا نەما، چەشنی جادوگەرێکی بەسەرهات کە جادوەکەی پووچەڵ بوبێتەوە، خێرا ئاڵۆزی ڕووی تێکرد و ڕەنگی پەشۆکا، چاوەڕێی ئەو پرسیارەی نەدەکرد، نەیدەزانی چی بڵێ، سایەش بێئارام لە جێی خۆیدا پێی کوتا بە زەویدا و هاواریکرد: زوو وەڵامم بدەرەوە...بە قسەیەک دەبیتە خاوەن سامانێکی گەورە، ئیتر بۆچی بێدەنگ دەبی؟

مەردۆک چاوەکانی خستەوە سەر سندوقە زێڕەکە و دوودڵ بوو، دووبارە

سایە پێیگوتەوە: بۆ دواییین جار لێت دەپرسمەوە مەردۆک وەڵام. بەترسەوە هاتەگۆ: پێتدەڵێم بەڵام کە هەموو شتێکم بۆ باسکردیت، دەبێ خەڵاتەکەم بەتەواوی وەربگرم و لەم سەرزەمینەش نەمێنم، ئێرە بەجێ بێڵم.

- دڵنیابە خەزێنەکە وەردەگری و بەزووترین کاتیش ڕێت پێدەدەم ئەم سەرزەمینە بەجێ بێڵی.

مەردۆک ئیتر دڵنیابوو دەبێتە خاوەنی گەورەترین خەزێنە، تەماشایەکی ئەملاو ئەولای کرد وەک ئەوەی سیخوڕی بەسەرەوە بکرێ، بەدەنگێکی هێواش و لەسەرخۆ گوتی: سەرزەمینەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا لە ئامێزی سروشتدا دەژیان، ئەوان لە تاریکی بەدوور بون، ئەمە مێشک و بیرکردنەوەی میرغەزەب و هێزە ترسناکەکانی دیکە و سەرزەمینی ئیفڵۆردی تۆقاندبوو، توشی ئاڵۆزی ببون، هێرشکردن بۆ سەرزەمینەکانی ڕۆژاوا پێویستی بە کاتێکی زیاتر و جەنگاوەرێکی زۆرتر هەبوو، بۆیە میرغەزەب هەستا بە ڕاسپاردنی هەڤساری بابت کە هەموو شەڕکەرەکان ئامادە بکا و جلوبەرگی سەرزەمینە دراوسێکان بپۆشن و هێرش بکەنە سەر گوندەکانی ڕۆژهەڵات و دار و بەردیان بەسەر یەکدا تێکدەن، ئەوی بەردەستیان بکەوێ بیکوژن و واش لەنێو خەڵکیدا بڵاوبکەنەوە کە هێزی سەرزەمینی دراوسێکان

پەلاماری گوندەکانی رۆژهەلاتیان داوە، بەو جۆرەش خەڵکەکەی ئەوێ، ئەوانەی لەو کوشتارگەیە دەرباز دەبن، بەناچاری ملی ڕێ دەگرنەبەر بۆ سەرزەمینەکانی ناوەراست، برسێتیش هانیان دەدا بەرەو ئێرە کۆچ بکەن و ببنە بەشێ لە جەنگاوەرانی میرغەزەب و شەڕە شمشێریان بۆ بکەن، ئیدی ئەوان لە ئامێزی سروشت دێنە دەرەوە و چیدیکە مەترسی بۆ سەرزەمینەکانی ناوەراست دروست ناکەن.

سایە بۆی ئاشکرا بوو، باوکی و براکانی لە چ تاوانێکی گەورەدا بەشداربیان کردوە، ئیدی بیری لەوە کردەوە گەر هامۆند ڕاستی و دروستی ئەم کارەساتانە بزانێ دەبێ چۆن لێی بڕوانێ، ڕەنگە ئەمیش بداتە پاڵ دڕندەکانی دیکە، ئەو دڕندە و خوێنخۆرانەی کە هامۆند بە دڕێژایی شەوێک بۆی باسکردبوو. سایە دڵگران بوو ئازارێکی زۆر تلاندیەوە، بڕیاریدا کە دەستبەرداری بیرۆکەی هەڵاتن لەگەڵ هامۆند ببێ، لە بەرامبەریشدا رکوکینەیەکی زۆر لە دڵیدا چەکەرەی کرد بەرامبەر باوک و براکانی. بێئارامی و بێئۆقرەیی کاسی کردبوو، هەستیدەکرد پێویستە شتێ بکا تا ئاوێ بەسەر ئەم ئاورە هەراسانبونەیدا بڕێژێ و کپی بکاتەوە، لە ڕاستیدا دەیویست قەرەبوی تاوانەکانی باوک و سێ براکەی بەکارێکی دروست بکاتەوە، ئەگەر نا مەگەر تا مردن لە بێ سەبوریدا بژێت. گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دەبێ ڕاستییەکان

بەهامۆند بڵێ بۆ ئەوەی بەردەوام پێکەوە بن و لە سەرزەمینێ دووردا سەرەتایەکی نوێ دەست پێبکەنەوە. بریاریدا هەر ئەمڕۆ پێش ئەوەی تاریک دابێ و خۆشەویستەکەی ئەم سەرزەمینە بەجێبێڵێ، ئێڤا و هادریان بەهەر نرخێ بووە بدۆزێتەوە و لەگەڵ خۆی قوتاریان بکا. سایە بڕوای هێنا ئەمە تاکە ڕێگەیە ژیانی لەو تاریکی و نائومێدییە بێنێتە دەرەوە، بە تووڕەییەوە تەماشای مەردۆکی کرد: ئەم گەردنبەندە لە گوندی سەروکانی لە ژوری کچێک بەناوی ئێڤا دۆزراوەتەوە، کەواتە دەبێ پێم بڵێی یەخسیرەکانی گوندی سەروکانی لەکوێن و چیان بەسەر هاتون؟

- خاتوونی گەورەم لە ڕۆژهەڵات سەدان گوند کەوتنە بەر پەلاماری ئێمە، بەڕاستی نازانم گوندی سەروکانی کامەیانە؟

لەگەڵ ئەوەی دەترسا هەموو نهێنییەکان بدرکێنێ، زۆر بە ئارامیەوە گوتی: بەڵام ئەوەندەی من بزانم هەموو دیلەکانی سەر بە سەرزەمینەکانی ڕۆژهەڵات بۆ ئاوایی بن شار ڕەوانە کراون.

سایە بە سەرسوڕمانەوە پرسی: ئاوایی بن شار لەکوێیە؟!

دەنگی زیاتر نزم کردەوە: شاری گەورە کە پێیدەگوترێ شاری بندنیاییەکان، بە شاری (مەرگ)یش ناو دەبرێ، ترسناکترین و بەسامترین شار لە بن ئەو شارە ئاوا کراوە، کە تەنیا چەند کەسێکی

وەک باوکت و من دەیزانین. لەو شوێنەدا کەس لە رەسەنی من و تۆ بە ئازادی ناسوری ـ ئاتەوە، ئەوەشی لەوێ بە ئازادی دەگەڕێ، هیچ کامیان لەرەسەنی مرۆڤ نین. بە سامترین گیانلەبەری زیندو و مردو لەوێ دێن و دەچن و حوکمی بەشێ لە بندنیایان بەدەستەوەنا... هیچ کەسێ لە رەسەنی مرۆڤ لەوێ نەیتوانیوە ئازادانە بسوڕێتەوە، کەم کەسیش هەبوە لەوێ بە زیندویی گەڕابێتەوە.

بەدرێژایی تەمەنی سایە گوێبیستی ئەو شوێنە ترسناکە نەبوە کە مەردۆک باسی دەکا، لەجێی خۆی حەپەسابوو، مەردۆکیش زیاتری لەبارەوە گوت: دیلەکانی سەر بە گوندەکانی رۆژهەلات هەمویان لە ژورەکانی کۆتایی زیندانی کراون، ئەو ژورانە پێیاندەگوترێ شەش ناودەمەکەی ئەژدیهای سور، گەر ئەوانەی تۆ باسیان دەکەیت هێشتا زیندو بن، ئەوا لەوێ دەدۆزرێنەوە..

بێدوودڵی مەردۆکی بێدەنگ کرد: چۆن بگەمە ئاوایی بن شار؟

گەر هەواڵی مەرگیشیان پێدابا هەر ئەوەندە دەشڵەژا: نا...نا... رۆشتنت بۆ ئەوێ، دڵنیابە کارێکە کەس بیری لێناکاتەوە، دەتەوێ خۆت بکوژی؟ تا ئێستا کەم کەس بەزیندویی لەوێ گەڕاونەتەوە.

- تۆ خەڵاتی خۆت وەردەگری، تەنیا پێم بڵێ چۆن بگەمە ئەو شارە. دڵنیابوو کە سایە لە قسەکانی پاشگەز نابێتەوە و تازە بڕیاری

خۆی داوە، کەمێ هاتە پێشەوە: بەتەنیا سێ ڕێگە هەیە، یەکێکیان لە بن تەلاری ڕەش و بەرزی میرغەزەبە، دووەم لە دەرەوەی شار کە دەروازەکەی بە شێوەیەکی سیحراوییانە تەنیا بۆ بندنیاییەکان دەکرێتەوە و کەس لە ڕەسەنی مرۆڤ پێی نازانێ و پێشچاوی هیچ کەسێ نەکەوتوە...

سایە هەردو ڕێگەکەی بە مەحاڵ زانی، بێتارامانە گوتی: ئەدی ڕێگەی سێیەم؟

- لەبن پەرستگا ڕەشەکەی ناوەندی شار، لەدواییں نهۆمیدا ئاگردانێکی زۆر گەورە هەیە، دوو سەری خواوەندەکانی بندنیای پێوە پەیوەستە، تەنیا بە ئاگری بن دنیا ئەو ئاگردانە گەش دەبێتەوە. ناوەندی ئاگردانەکە بەردێکی ڕەشی نەخشێنراوە، کە بریتیە لە پەیکەرێ زمان و نەخشێکی سەیری لەسەر هەڵکۆڵراوە، کەس لێی تێناگات ئەو هێمایانە چین. کاتێ گەردنبەند دەکەیە ملت، دەستی چەپت لەسەر بەردەکە دانێ چەشنی ئەوەی تەلیسمێک بێ لە گەردنبەندەکەوە دەرچێ، ئاگردانەکە لە شوێنی خۆی دەبزوێ و بۆ لای چەپ وەردەگەڕێ، بەوەش وەک دەرگاکردنەوە بواری دروست دەبێ بۆ چونە ژورەوە، کە کرایەوە چاوت بە گۆڕەپانێکی زۆر گەورە دەکەوێ، کۆتایی گۆڕەپان دەروازەیەکی پان و بەرینە، لەوێوە پلیکانەیەک هەیە بۆ هەر حەوت قاتە تاریکەکەی

بندنیا شۆڕ دەبێتەوە. ئەو کلیلەی بە گەردنبەندەکەوە دەیبینی، کلیلی دەرگای بندنیایە، قاتی یەکەم هەمان شارە ترسناکەکەی بندنیایە، کەس نازانێ لە شەش قاتەکەیتر چی دەگوزەرێ و چ دەقەومێ، تەنیا میرغەزەب ئاگاداڕە و هەر تەنیا ئەویش حەوت قاتەکەی بینیوە، دەڵێن شتێک هەیە کە ئێمە نازانین چییە و چی پێدەگوترێ، لە بەرامبەر تاجی هۆڵمان شا یەکەمین پاشای ڕەسەنی مرۆڤ، کە هیچ وەختێ لە سەرزەمینی حەوتەم لەسەر کورسی پاشایەتی دانەنیشتووە و تا ئێستاش تاجەکەی بێسەروشوێنە، ڕۆحی لەوێ جێهێشتووە. بەڵام با وەبیرت بێنمەوە کە ڕۆشتیت بۆ ئەوێ، دەبێ ئەو گەردنبەندە لە مل بکەیت. بندنیاییەکان باشی دەناسنەوە، چونکە هەر لەوێوە هاتوە، بەخۆی تەنیا سێ لەو گەردنبەندە پێشکەش بە ڕەسەنی مرۆڤ کراوە، یەکێکیان بە میرغەزەب کە کلیلی حەوت قاتی بندنیای لایە، دووەم بە باوکت کە کلیلی قاتی یەکەمی لایە و سێیەمیش کەس ناوێرێ ناوی بێنێ و کەس لە ئێمە نازانێ کێیە، تەنیا باوکت و میرغەزەب دەزانن، هەر کەسێ گەردنبەندەکەی لە مل بێ، بندنیاییەکان فەرمانی جێبەجێ دەکەن و ڕێگری لێناکەن. بۆیە دەبێ لەناو شار و قەڵەبالّغییەکەوە تێپەڕی و خۆت بگەیەنیتە کۆتایی شار کە دەکەوێتە باشوری ئاوایی بن شار، دیلەکان هەموو لەوێن.

سایە بەو قسانە سەرسام بوو، چەندین پرسیار و گرێگۆڵەی لە مێشکدا دروستکرد، دەرکیکرد کە هێشتا زۆر نهێنی و ڕاز و کارەساتی ئەم سەرزەمینەی نەزانیوە بەڵام کاتی بەدەستەوە نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا پرسی: چۆن بزانم ئەم قسانەی تۆ ڕاستن؟

- لەگەڵت دێم تا ئاگردانەکەت پیشان دەدەم، بەهۆی کەیف و سەفاکەی دوێنێ شەوەوە ئێستا پاسەوانەکانی پەرستگا هەموو سەرخۆشن، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە ئەوێ ترسناکترین و بەسامترین شوێنە بۆ مرۆڤ، تەنیا کەسانی هەڵبژاردە و دەستنیشانکراو بۆیان هەیە بۆ ئەو سەرزەمینە پێهەڵگرن، بۆیە ناتوانم لەگەڵت بەردەوام بم.

- زۆر کاتم لەبەردەستدا نییە، دەست بدەرە سندوقی خەزێنەکە، کە بەڵێنم پێدابویت، گەر وابوو ئاگردانەکە وەک ئەوەی باستکرد کرایەوە، ئەوا خەڵاتی خۆت ببە و برۆ، گەر واش نەبوو دڵنیابە سەرت دەپەڕێنم. مەردۆک بەپەلە بەرەو سندوقەکە غاری دا و هەڵیگرت: بەڵێ خاتون با بەڕێ بکەوین.

دەستی دایە سندوق و بەپەلە گوتی: بەدوامدا وەرە.

سایە خێرا بە شوێنیدا هەنگاوی نا، خزمەتکارەکەی بێئاگا لەوەی ێ دەقەومێ و بۆ کوێ دەچن، لە قاتی دووەم هاتنە خوارەوە و یەکڕاست بۆ گالیسکە چوار ئەسپییەکە، سایە بەدەنگێ بڵند هاواریکرد: بۆ

پەرستگە.

قامچی بۆ سەر پشتی ئەسپەکان سوڕاند، بەرەو ناوەندی شار ماوەیەکی زۆر ڕۆشتن، بەلای کوچە و گوزەرەکاندا تێپەڕین کە جموجوڵی تێکەوتبوو، قەرەباڵغتر بەیەکدا دەهاتن و دەچون، ئەوێ شوێنی هەژار و بێدەرامەتەکان بوو، کە بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستان بۆ پەیداکردنی بژێوی و نان، بە پێچەوانەی کۆڵانە دەوڵەمەندەکانەوە کە کش و مات، تەنانەت پیاوانی پەرستگە ڕەشە دە قاتەکەش بە نەوەد و نۆ بورجەکەیەوە سرتەیەکیان لێوە نەدەهات، ئەمەش کاری سایەی ئاسانتر کرد. گالیسکە لە پێش دەرگای پەرستگە وەستا، مەردۆک و کاژینی خزمەتکار بەپەلە دابەزین و لە دەرکەی گەورەوە تێپەڕین بەرەو هۆڵی سەرەکی پەرستگە، کە سەدان پەیکەر و نەخش و نیگاری جۆراوجۆری لەخۆگرتبوو، هەر هەموی بە گرانیتی سور و ڕەش دروستکرابون بەڵام یەک پەیکەر لە سەرەوەی هۆڵەکە دانرابوو، کە لە هەموویان گەورەتر و ڕووخسار تۆقێنەرتر بوو، ئیدی دیاربوو ئەوە خواوەندی خواوەندەکانە. مەردۆک زۆر شارەزایانە بەلای چەپدا سوڕا، دەروازەیەکی گەورە دەچۆوە سەر کۆمەڵێ ژوریتر، لە کۆتایی شەش پلیکانەی پان و بەرین هەبوو کە دەچووە ژێر زەوی، لەوێ شۆڕبونەوە بۆ قاتی زەوی، ئەویش لە دەیان هۆڵ و ژور پێکهاتبوو.

سایە تەنیا لە منداڵیدا سەردانی ئەو پەرستگەیەی کردبوو، هەستێکی نائاسودەی بەرامبەر هەبوو، بۆیە هیچ کاتێ لە خواستیدا نەبوو سەردانی پەرستگە بکا. لەوێ نەوەستان و چەند پارەوێکی دوور و درێژیان بڕی، کە هیچ پەنجەرەیەکی لەسەر نەبوو، تەنیا مەشخەڵی ئاگرەکان نەبێ کە بە دیوارەکانەوە هەڵواسرابون، گەیشتنە لای ئەو دەرگایەی کە لە هەموو دەرگاکانی دیکەی پەرستگە گەورەتر بوو. مەردۆک سندوقی خەزێنەکەی دانا و لەگەڵ سایە و کاژین بە ناڕەحەتیەکی زۆرەوە پاڵیان بە دەرگاکەوە نا ئەوجا کرایەوە. هۆڵێکی گەورەی پڕ لە تەپوتۆز، جاڵجاڵۆکە تەونی تێدا چنی بوو، دەوراندەوری هۆڵەکە پەیکەری زۆر بەسامی خواوەندەکان بوو، بۆن ساردییەکی زۆری لێوە دەهات، بەرامبەریان گەورەترین ئاگردان جێگیرکرابوو، کە سایە لە ژیانیدا دیمەنی وا ترسناکی نەبینیبوو، هەروەک مەردۆک پێیگوتبوو دوو پەیکەر لە پەیکەرەکانیتر دێوەزمەتر دروستکرابون، سایە نەیدەزانی کە تێکەڵاوییەک لەنێوان ڕەسەنی مرۆڤ و دێوە ترسناکەکانی نیفلیۆم هەیە، لەمبەر و ئەوبەری ئاگردانەکە بەردی گەورەیان دانابوو لە ناوەندیشیدا بەردێکی ڕەش بەرچاو دەکەوت. مەردۆک لەگەڵ کاژین بەرەو ئاگردانەکە چون و وەستان، ئاوڕیدایەوە بۆ سایە: ئێستا گەردنبەندەکە لە مل بکە و دەستی چەپت بخەرە

سایە گەردنبەندەکەی کردە ملی، لەناکاو هەستی بە بارگرانیەکی زۆر کرد لەسەر شانی و جۆرە ئالۆزییەک دەروونی پێچایەوە، بەپەلە دەستی چەپی خستەسەر بەردە پەشەکە.

وەک هەورەبروسکە لێیبدات و وێنەیەکی ترسناک لەبەر چاویدا بێت رەنگی پەشۆکا، ئاخر وێنەکانی بندنیا لەو چرکەساتەدا وەپێشچاوی دەهاتن. گوێی لەدەنگی و هاوار و گریان بوو، چەشنی کەسێ هەزاران خەنجەر لە گیانی بدەن، ئاوا ئازار و ئێش بە جەستەی دەگەیشت. چەندجارێ ویستی دەست لەبەردە پەشەکە هەڵبگرێ، بەڵام بێسود بوو، بەردەکە لەدەستی نەدەبۆوە و بەری نەدەدا، بۆیە وێنەکان تا دەهاتن قێزەونتر و دەنگەکانیش تۆقێنەرتر دەبون. ڕۆحەکانی بندنیا پەلاماری گیانیان دەدا تاقیان دەکردەوە کە مۆڵەتی بدەن بێتە ژورەوە یان نا، زۆری پێنەچوو دەستی فرێدرا و دوو سێ هەنگاو پاشەوپاش کەوت، لە ئاگردانەکە دوورکەوتەوە، هەموو گیانی دەئێشاو بەئاسانی خۆی لەسەر پێ ڕانەدەگرت. مەردۆک ئەو دیاردەیەی بەلاوە سەیر نەبوو، چونکە بەخۆی لەگەڵ هەڤسار چەندین جار بەو ئەزموونەدا تێپەڕیبون، بەڵام کاژێن هەموو گیانی دەلەرزی، بەپەلە چوە لای سایە و هەڵیساندەوە. ئاگردانی گەورە وەک ئەوەی زەوی شەق بەرێ،

دەستی بەجولّە کرد و بۆ لای چەپ وەرگەڕا، تۆز و خۆڵ بەسەریاندا باری، بۆنێکی ناخۆش ئەو نێوەی گرتبۆوە، ئاگردان جولاّ و پارەوێکی پان و بەرین وەدەرکەوت. مەردۆک زۆر دەترسا و دەیویست هەرچی زووە ئەو سەرزەمینە بەجێبێڵێ: مەشخەڵێکی ئاگر لەگەڵ خۆت بەرە، پارەوەستە، لە کۆتایی ئەم پارەوە حەوت پلیکانە هەیە هەریەکەیان نەخش و نیگاری تایبەت بەخۆی هەیە، زۆر بە وردی تەماشای نیشانەکانی سەر کلیلە پەشەکە بکە، دەبێ وەک ئەو نەخشانە بن کە لە پلیکانەکانەوە شۆڕدەبێتەوە، گوێبگرە پلیکانەکان ئاسایی نین، بڕینی هەر پلیکانەیەک بە شێوەیەکی سەیر قوڵتر و قوڵتر بۆ بندنیات شۆڕدەکاتەوە، لەبیرت نەچێ کات و ساتی سەردنیا و بندنیا زۆر لە یەکتری جیاوازن با فێڵت لێنەکرێ، هەرچییەکت گوێ لێدەبێ و هەرچییەک دەبینی فەرامۆشی بکە، رێگەی ئاسان بۆ بەرەوپێشەوەت دەبات و رێگەی سەختیش بۆ سەرکەوتن، کاتێ گەیشتیتە سەر عەرد چاوت بە گۆڕەپانێکی زۆر گەورە دەکەوێ، تەنیا یەک دەرگای پەشی تێدایە بەهەمان ئەو نەخشانەوە کە لەسەر کلیلەکە هەیە، لە کۆتایی و بەرامبەری خۆت دەیبینی، ئەوە دەرگای شاری بندنیایە بەشێوەیەکی سیحراوی بەو کلیلە دەکرێتەوە...ئێستاش ناتوانم لەگەڵت بێم و دەبێ بەهۆی ئاشکرابونی ئەو نهێنیانە، بەزووترین کات ئەم سەرزەمینە

بەجێبێڵم.

سایە واقی وڕما: مەردۆک تۆ ئەو هەموو زانیارییەت لەکوێ بوو؟

سەری سوڕاندەوە: باوکت بە بەردەوامی سەردانی ئەم شارەی کردوە، تا پێش دەرگاکە لەگەڵی چومە، بەڵام ئێستا ئارەزوو ناکەم جارێتر بچمەوە بەر ئەو دەرگایە، دەبێ ئێستا برۆم.

بەپەلە بەڕێ کەوت و هێندەی چاوتروکانێ خۆی بزر کرد، سایە دڵنیابوو کە مەردۆک چیدیکە ناتوانێ لەم سەرزەمینە ژیان بگوزەرێنێ، بۆیە پەلەیەتی زوو خۆی کۆبکاتەوە و بڕوات. کاژێن لە ترسان دەلەرزی و ڕەنگی سپی هەڵگەڕابوو، بە پەشۆکاوییەوە هاتە پێشەوە: خاتوون دەتەوێ چی بکەیت؟

سایەش بۆ خۆی سەرسام بوو، دڵی توند لێیدەدا و نەیدەزانی هەنگاوی پاشتری چی دەبێ و چی دەقەومێ، بەوردی لە کاژینی ڕوانی و گوتی: گوێ بگرە چیت پێدەڵێم وا بکە، کە ڕۆشتم تۆش بەزووترین کات ئێرە بەجێدێڵی و خۆت لە شوێنێ حەشار دەدەیت، کە کەس نەتدۆزێتەوە، تا ئەو کاتەی کە هەستتکرد من هاتومەتەوە، ئەگەریش تا شەو نەگەڕامەوە، ئەوە بزانە شتێکی خراپم بەسەردا هاتوە، ئەوجا بەپەلە خۆت دەگەیەنیتە هامۆند، ئەو کوڕەی دەهاتە لام، لە هەر شوێنێ بێت دەیدۆزیتەوە..تێگەیشتی، هەتا ئەگەر پێویستی کرد ئەم سەرزەمینە

بەجێبێڵی بڕۆ بە شوێنیدا بگەڕێ، گەر نەگەڕامەوە تۆ دەبیتە ئومێدی هەموان، لەبیرت نەچێ پێی بڵێ کە بە ئەڵقین رابگەیەنێ خاوەن گەردنبەندە دۆزراوەکەی ژوری ئیقای خوشکی، باوکی سایەیە، ئەویش بۆ دۆزینەوەی خوشک و هاوژینەکەی نۆردمەن لە بن پەرستگەی رەشەوە بەڕێ کەوتوە بۆ ئاوایی بن شار، ئەوەی کە خۆت بینیت، هەموو دیلەکان بەتایبەتیش یەخسیرەکانی سەر بە سەرزەمینەکانی رۆژهەڵات لەوێن...تێگەیشتی؟

کاژین سەراسیمە ببوو، هەر ئەوەندە سەری ڕاوەشاند: بەڵێ خاتون.

سایە مەشخەڵێکی ئاگری لە دیوارەکە کردەوە و ڕۆشت، هەر لە ئاگردانەکە تێپەڕی بۆ ئەوبەر، دووبارە چۆوە جێگەی خۆی وەک یەکەمجاری لێهات و کاژینیش لە دەرەوە هێندەیتر ترس و سەرسامی گرتی.

سایە تێگەیشت رێگەی گەڕانەوە سەختە و دەبێ درێژە بە گەشتەکەی بدات، هەنگاوەکانی خێراتر کرد و ڕاڕەوەکەی جێهێشت، لە کۆتاییەکەیدا حەوت پلیکانە هەبون و هەر یەکەشیان نەخشی تایبەت بەخۆی لەسەر هەڵکۆڵرابوو، سایە بەوردی بەراوردی لەنێوان نەخشی کلیلە ڕەشەکەی خۆی و دەروازەی پلیکانەکاندا دەکرد، دواجار هاوشێوەکەی لە پلیکانەی سێیەمدا دۆزییەوە، کە دەکەوتە دەستی ڕاستییەوە.

بێدوودڵی بەرەو پلیکانەکان چوو هەنگاوی یەکەمی نا، بەڵام هەر شەقاوێکی سەدان بەژنی زەلامێ درێژ بوو بۆ ناخی زەوی شۆڕدەبۆوە، هەرچەندیش زیاتر دەچوە قوڵاییەوە، وێنەکان لە پێشچاوی ترسناکتر و دەنگەکان تۆقێنەرتر دەبون. هەستی بە ترسێ زۆر کرد، مۆتەکە دەنیشتە سەری و دەروونی تێکدەدا، هەر بەردەوام بوو تا لەناکاو پێیەکانی خۆی لەسەر زەوییەک بینییەوە و چیدیکە پلیکانە نەما. دەستی بەرزکردەوە بۆ رۆشنکردنەوەی دەوروبەری، گۆڕەپانێ پان و پڕ لە ئێسک و پروسکی مرۆڤ و پەیکەرە ترسناکەکانی بندنیا. وردتر چاوی گێڕا دەرگا ئاسنینە ڕەشەکەی دۆزییەوە، کە مەردۆک باسیکردبوو، نەخشەکانی هەمان نەخشی سەر کلیلەکە بوو کە لە ملیدا بوو، بەڵام لە هەر کات و ساتێکیتر زیاتر دەترسا، گەردنبەندەکەی لە مل داکەند و کلیلەکەی خستە جێی کلیلدانەکەوە، چونکە کلیلی بندنیا رۆشناییەکی سوری لێوەدەرچوو، هێواش هێواش نەخشەکانی سەر دەرگاکە وەک دەماری خوێن سور هەڵگەڕان و دەرگاش بە بەرزاییەکی زۆر کەوتە سەر پشت، بەهەمانشێوە تۆز و خۆڵی لەسەر نیشتوی بە گۆڕەپانەکەدا بڵاوبۆوە. سایە بەپەلە کلیلی دەرهێنا و دووبارە گەردنبەندەکەی کردەوە ملی، کە دەوری گەردنی ئازار دابوو، چەشنی بازنەیەکی سور شوێنەکەی لەسەر پێستی گەردنی سایە دەرچوو بوو،

چارشێوەکەی وا بەخۆوە پێچا کە گەردنبەندەکە نەبینرێ، تونێلێکی دوور و درێژ ڕاست و چەپی هەر پەیکەری گەورە و زەبەللاح بوو، بە نێوانیاندا تێپەڕی و گەیشتە کۆتایی، پردێ بە درێژی پێنجسەد شەقاو هاتە بەردەمی، ژێرەوەی روبارێ بوو لە ئاگر و جاروبار گڕ و بڵێسەی چەشنی شەپۆلە سەرشێتەکانی دەریا بەرز دەبونەوە، لەوبەرێشەوە دوو پاسەوانی بەژن بڵندتر لە ڕەسەنی مرۆڤ، سەر و ملیان بەجۆرێ بوو کە ملیان دیارنەبێ، بەبێ لوت و چاوێکی سور و دەمێکی زۆر گەورەی نائاسایی، پۆشاکێکی ئاسنینیان پۆشیبوو، بە شمشێر و خەنجەرەوە وەستابون. ئەوان هەستیانکرد کەسێ لەوبەری پردەکە بەرەو لایان دێ، ئیدی تێگەیشتن ئەوە لە دەرگای بندنیاوە تێپەڕیوە بۆ نێو ئاوایی بن شار، لە سەراپایان دەڕوانی لە ژێرەوە مرخە مرخیان دەستپێکرد، چاوەڕێیان کرد بزانن ئەم میوانە نوێیە تا کوێ دێت، سایەش هەموو گیانی دەلەرزی و بە وریاییەوە لەسەر پردەکە پەڕییەوە، ئاخر تەنیا جێی یەک کەسی دەگرت، هەرچەندێ لێیان نزیکبۆوە ئەوان زیاتر دەکەوتنە گومانەوە، چونکە هیچ کەسێ بە چارشێوکراوی و بۆنێکی خۆشەوە بەو پردەدا تێنەپەڕیوە، بەڵام بۆ ئەوەی گومانەکانیان بڕەوێنێتەوە، بەشێ لە چارشێوەکەی لادا تا بتوانن گەردنبەندەکەی ببینن. دوو پاسەوانەکە کە بینیان یەکسەر

خۆیان لادا وەک ئەوەی کەسێکی تۆقێنەر و بەدەسەڵات بەرەو ڕوویان بێت، پێش پردیان چۆڵکرد، سایە نەیوێرا سەری بەرز بکاتەوە و لە ڕوخساریان ڕابمێنێ، بە ترس و لەرزەوە هەنگاوی نا، هەرچەندێ گوێی لە نەڕە نەڕ و سیخە سیخ بوو، بەڵام ڕێی خۆی گرتەبەر تا گەیشتە ناوەندی ئاوایی بن شار، سەرزەمینێ بوو شەپۆلەکانی ئاگر فەرمانڕەواییان تێدا دەگێڕا، کوچە و کۆڵانەکانی پیس و زەلکاوی، بەهەزاران گیانلەبەری قێزەون لە دوو پێ و چوار پێ و بچوک دەسوڕانەوە. لە هەر سەری کۆڵانێکەوە جۆگەیەک لەبۆگەنی و سیان ڕێچکەی بەستبوو، ئەستوندەکان گەورە بەرەو بنمیچەکان هەڵچووبون. سایە هەنگاوەکانی بەیەکدا دەهاتن، ئەو بندنیاییەکانی دەبینی کە پەنجەکانی دەستیان لە دوان و سیان و چوار تێپەڕی نەدەکرد، چرپنوکەکانیان درێژ و چڵکن، هیچ یەکێ لەوانە خاوەنی پێنج پەنجە نەبون. زۆرێکیان جلکی جەنگیان پۆشیبوو، بەڵام بەبێ کەوش، پێیەکانیان هەروەک دەستەکانیان بوو، شێوەیەکی تۆقێنەریان هەبوو بەرادەیەک سایە نەیدەتوانی زۆر چاو لەسەر هیچ کامێکیان ڕابگرێ. بێئۆقرەیی بندنیاییەکانی خستبووە جوڵەوە، بێئارامانە دەسوڕانەوە، دوور و نزیک دەبونەوە، دەنگە دەنگیان تێکەوت. بە بینینی سایە توشی جۆرە شڵەژانێک هاتن و هەستیان بە ئازار و ئەشکەنجەیەک

دەکرد، بێئەوەی ببیبنن جەستەیانی بەرەو بێتاقەتی دەبرد، بونی سایە لەو شارەدا سرەوتی لێبڕین. ئەو ئازادانە دەسوڕاوە و هێشتا وەک بونێکی مرۆڤ و دەرونێکی پڕ ڕۆشنایی دەدرەوشاوە، ئەو لە ناوەوە هەڵگری گەنجینەی بەمرۆڤبونی خۆی بوو، بۆیە هەم ڕۆشناییەکەی و هەم بۆنە مرۆییەکەی، ببوە هەڕەشەیەکی گەورە بەسەریانەوە، هەرچەندێ هەنگاوی زیاتر دەنا، زۆرتر لێی نزیکدەبونەوە و هەستیان بەناخی دەکرد، لەبەرئەوە بەشێ لە بندنیاییەکان بیریان لە پەلاماردان و ملشکاندنی کردەوە، لەنێویاندا بوە هەرا و قاڕە قاڕ، ئاڵۆزییەکە هەموو لایەکی تەنییەوە، وردە وردە نزیکبونەوە، سایە دەرکیکرد گەر ڕەوشەکە وا بڕوات، لە پێگەیەکی باشدا خۆی نابینێتەوە، مەرگ بەرەو لای ئەو دێ و ڕەنگە دوای چەند چرکەیەکیتر بە چڕنوکەکانیان بیخنکێنن، بەپەلە گەردنبەندەکەی ملی زیاتر وەڕووخست، هەموو بە ترسەوە چونە دواوە و سەریان شۆڕ کرد و پشتا و پشت کشانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دووراودوور لێیان دەڕوانی وەک ئەوەی هەست بکەن ئەم کەسە بە فێڵێک هاتۆتە ئەم شوێنە، ئێرە جێی ئاسایی ئەو نییە. بەو ناڕەحەتیە لەنێویاندا گوزەری کرد و گەیشتە ئەوپەڕی شار بەو چەشنەی مەردۆک بۆی ڕوونکردبۆوە. ئیدی دڵنیابوو کە دەبێ دیلەکان لەوێ بن. ئەو گۆڕەپانەی مەردۆک وەسفی کرد، نزیکەی دوو

سەد پاسەوانی لێبوو، هەموو بیست کەسێکیان لە دەوری یەکتری کۆببونەوە، کاتێ سایە لێیان نزیکبۆوە، هەمویان هەستانە سەر پێ و نزیکەی سێزدە جەنگاوەریان بە شمشێر و خەنجەرەوە هاتنە پێشێ: ئەمە چ مرۆڤێکە هێندە جەسورە، رێگەی شاری بن دنیای گرتۆتەبەر و پێی ناوەتە ئەم سەرزەمینە، خێرا خۆت بناسێنە؟

سایە بێدەنگ بوو، سەری بەرزکردەوە بۆ ئەوەی بەباشی گەردنبەندەکەی ببینن، هەر کە چاویان پێکەوت، بەچۆکدا هاتن و سەریان نەوی کرد، هەر هەمان کەس کە داوایکردبوو خۆی بناسێنێ، گوتی: گەورەم فەرمایشتان.

بێنەوەی خۆی تێکبدا، بەبڕوابەخۆبونێکی زۆرەوە گوتی: هاتوم بۆ یەخسیرەکانی سەرزەمینی رۆژهەڵات، خواوەندەکان لەسەر زەوی پێویستیان بە چەند قوربانییەکە، ئێستاش بۆ ئەوەی تۆڕە نەبن، دەبێ بەزووترین کات قوربانییان بۆ بکەین، هەر ئێستا وە پێشمکەون هەروەک چۆن لای خواوەندەکان راسپێردراوم، دەبێ چەند قوربانییەکی شایستە هەڵبژێرم.

- بەڵێ گەورەم...خواوەندەکان پێویستیان بە قوربانیدانە.

پێشتریش زۆرجار قوربانییان بۆ خواوەندەکان کردبوو، گۆشتی مرۆڤ خۆراکی رۆژانەیان بوو، بۆیە چ دوودڵییەک نەیگرتن لەداواکەی

سایە، دواتریش نەک هەر گۆشتی یەخسیرەکان بەڵکو هەموو جەستە مردووەکانی ئەو سەرزەمینە لە رێگەی هەڤسار و میرغەزەبەوە رۆژانە بۆیان رەوانە دەکرا، ئیدی هیچ قەبرستانێ لەو سەرزەمینەدا بونی نەبوو، بەڵکە تەنیا سەرزەمینی بندنیا خاکێ بوو تەژی لە ئێسک و پروسک.

بەپێشی کەوتن تا لە گۆڕەپان دەرچون و بەدەرگایەکیشدا تێپەڕین کە بە ئێسک دروستکرابوو، لەوێ گوزەریان کردو کەوتنە نێو تونێلە ترسناکەکانەوە کە دەنگی نالّە و نرکە و گریانی خەڵک دەهات، ئەو دیمەنە فرمێسکی تەزاندە چاوی سایەوە کە باوکی لەگەڵ رەسەنێکدا مامەڵە دەکا و بەشدارە لە خولقاندنی چ کارەساتێکدا، کە بەدرێژایی چەندین ساڵە لەژێر شارەکەیاندا ئەنجام دەدرێ. ئێستا بۆی روونبۆوە باوکی خزمەت بە کەسێ دەکا، تەنیا ئاگر و مالّوێرانی و ناخۆشی و مەرگ لەگەڵ خۆی دێنێ، ئەوەشی بۆ دەرکەوت کە لە تاریکیدا مرۆڤ یەخسیر دەکرێ و هاوڕەسەنەکانی بە چ دەرد و ئازارێکی دەبەن، بە تەواوی دڵی لە باوکی و لەو سەرزەمینە تۆزا کە تەمەنێکی تێدا بەسەر بردوە. ئیتر ئەو راستیەی لا ئاشکرابوو، لە جێیەکدا ژیاوە زەردەخەنە و بەختەوەری تێدا ناپشکوێ. بێئەوەی بوەستن تونێلەکەیان بەجێهێشت، لەهەر ژورێک سەدان دیل و یەخسیر هەبون،

گەیشتنە بەردەرگای زیندانێ کە دەرگاکانی بە میلی ئاسنین کڵۆم درابون، بەوردی لێی ڕوانی...ئەوە ئەو جێیە بوو بۆی دەگەڕا، سەری شەش ئەسکەلەی سپی لەناو دەمی شەش ئەژدیهای سور، هەمان ئەو ئامازەیە بوو کە مەردۆک پێیگوتبوو، لەسەرخۆ پێیگوتن: بگەڕێنەوە.

- فەرمانتان گەورەم، خزمەتکاری خواوەندەکانی سەردنیاین.

دەرگای ئاسنین کرایەوە، زیندانیەکان وا ڕاهاتبون هەمیشە لە کردنەوەی دەرگاکاندا پەیامێ بخوێننەوە، کە ئەوە نیشانەی بردنیانە بۆ مەرگ و ئەشکەنجە، لە ترساندا خۆیان خزاندە گۆشە و کونجە دوورەکانەوە. سایە مەشخەڵەکەی لە جەنگاوەرەکان وەرگرت، ئەوەی خۆی دەمێ بوو گرەکەی کز ببوو، بۆ ئەوەی کەس بەدوایدا نەیەت و نەزانن بۆ چ نیازێ هاتووە، بەپەلە پێیگوتن: لێرە چاوەڕێ بن تا قوربانیەکان بۆ خواوەند هەڵدەبژێرم و لەگەڵ خۆمیان دێنم.

ئەوان ڕاوەستان و کەس نەیوێرا قسەشکێنی بکات. کڵاوی لەسەر نابوو، ئەوەش زیندانیانی سەرسام کردبوو، نەیاندەزانی ئەمە سەر بە دنیایە یان لە بندنیاییەکانە، تا ناوەندی زیندان ڕۆشت، خەڵکێکی زۆر لەوێ توند کرابون، هەر لە منداڵەوە تا پیر درێغیان لێنەکردبون. کڵاوەکەی لەسەر سەری لابرد و ڕۆشنایی مەشخەڵەکە ڕوخساری ڕووناک کردەوە، زیندانیەکان ئافرەتێکی سەرنجڕاکێشیان بینی، توشی

سەرسورمان هاتن، ئارامتر بونەوە، وردە وردە دەهاتنە پێشەوە و نزیکدەبونەوە. سایە پەلەی بوو بەدەنگێ بڵند هاواریکرد: من بەدوای ئیڤای خوشکی ئەلڤین و هادریانی هاوژینی نۆردمەن دەگەڕێم، ئەوان سەر بە رۆژهەڵاتن لە گوندی سەروکانین.

هەموان خامۆش بون، سایەش چاوی دەگێڕا بێجگە لە خەم و بەدبەختی چیدیکەی لە روخسارەکاندا بەدی نەدەکرد، لەناکاو لە گۆشەیەکی تاریکەوە دەنگێ گوتی: ئەوانەی ناوت هێنان، چ کارێکت پێیانە؟

- من ناوم سایەیە، دۆستی هامۆندم، کێ قسە دەکا با بێتە پێشەوە. ئاپۆرەی خەڵکەکە خۆیان لادا، تا ئەوسەری زیندان تولەڕێیەک کرایەوە، سایە بەرەو ئەوێ چوو، ئافرەتێکی پڕ سپی باڵابەرز، چاوەکانی سەوز بون بە وردی تەماشای سایەی کرد، پێیگوت: بەدوای ئیڤادا هاتوم، پەلە بکەن، زۆر کاتم لەبەردەستدا نییە، دەبێ بەزووترین کات ئەم شوێنە بەجێ بێڵین.

ناخی سایەی دەخوێندەوە، دڵنارامی گرتی، هەنگاوێ بەرەو لای راستی چوو لە پشت سەریەوە کچێکی حەوت بەهاران بە چاوە شینە بریقەدارەکانیەوە وەستابوو، سایە هیچوەخت ئیڤای نەدیبوو، بەڵام هەستیکرد ئەو کچە بچکۆلەیە خۆیەتی، خۆشحاڵ بوو کە زیندوە، دانیشتە سەر چۆکان و گەردنبەندەکەی دەرهێنا و پیشانی دا:

- ئەم گەردنبەندەت لەیادە؟

ئیڤا بە بینینی گەردنبەند سڵی کردەوە و یادەوەری گوندە وێرانبوەکەی هاتەوە پێشچاوی، سایە دەیویست دڵنیای بکاتەوە، بە ئارامی پێیگوت: ئەم گەردنبەندە ئەلڤینی برات دوای گەڕانەوەی لە کانی شەکرە لە بن تەختی تۆدا دۆزیبۆوە، ئەلڤین و هامۆند و نۆردمەن بێوەین و ئێستا لە سەروی شاری سەردنیان لە قەڵای باشور چاوەڕێمان دەکەن.

ئیڤا بە ترس و لەرزەوە گوتی: من ناتناسم..لێرە دەمێنمەوە.

هێندە ناخۆشی و کارەساتی ترسناکی بینیبوو، باوەڕ و متمانەی بە کەسانی غەریب نەمابوو، بەتایبەتیش لە رەسەنی مرۆڤەکان، بەلایەوە سەیر بوو کەسێکی سەر بەو رەسەنە بتوانێ ئازادانە لەنێو بندنیاییەکاندا بگەڕێ، سایە لە چاوەکانی ئیڤادا ئەو بێ متمانەییەی خوێندەوە، بۆیە لێی دووبارە کردەوە: لەبیرت دێ براکەت پێش رۆشتنی گەردنبەندێکی بریقەداری کردە ملتەوە، خۆ من لەوێ نەبووم، تەنیا ئەلڤین و نۆردمەن و هامۆند بەو چیرۆکەی تۆ دەزانن، من ئەمەم لە هامۆند بیستوە.

ئیڤا بە سەرسوڕمانەوە گوتی: هامۆند ئەمەی بە تۆ گوتوە؟!

سایە دەستێکی بە رووخساریدا هێنا: بەڵێ هامۆند پێیگوتم.

ئیڤا و هادریان بە بیستنی هەواڵی ئازیزانیان کەوا زیندون و هیچیان بەسەر نەهاتوە، لە سایە نزیکبونەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەر

بێ متمانەیی زاڵ بوو بەسەر مێشکیاندا، سەرباری ئەوە بەراوردی قسە و ئاکاری سایەیان دەکرد، گەیشتنە ئامانجێ کە ئەم خانمە لە بندنیاییەکان نییە. سایە دڵخۆش بوو کە توانیویەتی تا رادەیەک تۆوی متمانە لە دەروونیاندا بچێنێ، پێیگوتن: زووکەن، پێ هەڵگرن، دەبێ پەلە بکەین، چونکە ئەوان ئەمشەو رەنگە بە ناچاری لەگەڵ هاوەڵەکانی دیکەیان تاقێن و ئۆرام لەگەڵ ساویلک و تێۆدلینا ئەم سەرزەمینە جێبێڵن، بەڕاستی ئەوان لە هەواڵی ئێوە دەگەڕێن، ێ زانیارییەکیان لەبارەی چارەنوسی ئێوەوە نییە، بۆیە بڕیاریانداوە ئەمشەو بڕۆن.

ئێلندیا کە گوێی لەناوی (تێۆدلینا)بوو، راچڵەکی و بەپەلە گوتی: تێۆدلینا...گوتت تێۆدلینا.

سایە بە سەرسوڕمانەوە: بەڵێ تێۆدلینا هاوەڵی ئەلقینە.

ئێلندیا دەیویست دڵنیابێ: ئەو کچێکی باڵابەرزی چاوسەوزی پرچ ڕەشە؟

- بەڵێ هامۆند وای باسکردوە، بەڵام تۆ چۆن ئەو دەناسی؟

ئێلندیا گەشبۆوە: من ئێلندیام دادای تێۆدلینام، هاوەڵی سەفەرێکی دوور و درێژی بوم، لەسەر سنور بە ناچاری لە یەکتر دابڕاین، منیان گرت و ئێتر لەو کاتەوە ێ هەواڵێ لەبارەیەوە نازانم.

- ئێستا خەمی ئەوت نەبێ، لەگەڵ ئەلفین و هامۆند و هاوەڵەکانیەتی.. بەڵام زووبن کاتمان بەدەستەوە نەما، خاوەنی گەردنبەندەکەی ملم بندنیاییە و هەر ئەوەش کلیلی دەرگایە بۆ سەر دنیا، ئێستا ناکرێ ئەو وردەکاریانەتان بۆ باسکەم... تکایە زووبن.

ئیڤا دەستی ئێلندیای گرت و گوتی: نا...ئەی ئەو خەڵکە، ئەوان چیان بەسەر دێ؟

سایە بێتارام بوو: ئێستا ناتوانم هەمویان رزگار بکەم، بەڵام کات و ساتی گونجاو و چاوەروانکراوی خۆی دێت، رووناکی دەکەوێتە سەر ئەم سەرزەمینە تاریک و قوڵە، ئەوجا دەرگاکان لەسەر هەمویان دەکرێتەوە.

ئیڤا رووناکی و هێزێکی وریەبەخش بوو بۆ زیندانیانی ئەوێ، بۆیە بە سۆزەوە لێی نزیکبونەوە و پێیانگوت: خەمی ئێمەت نەبێ، دەبێ تۆ برۆیت و چیدیکە دوانەکەوی.

چاوەکانی پڕ فرمێسک بون، سەرباری پەرۆشی بۆ براکەی: نا...ناڕۆم. دووبارە دەستیان خستەوە سەر شانی: گەر تۆ نەڕۆیت، ئومێد بۆ ئێمەش نابێ، دەبێ برۆی.

خۆشەویستیی خەڵکەکەی بینی، بەڵام دەستی ئێلندیای بەرنەدا: بەبێ ئێلندیا ناچم بۆ هیچ شوێنێ.

سایە زوو وەڵامیدایەوە: بەدڵنیاییەوە ئەو دەتوانێ بێت، بەڵام نابێ وشەیەک لە زارتان بێتە دەرەوە تا لە ناوەندی شار دەرباز دەبین و دەگەینە دەرگای پەشی ئەوبەری پرد.

سەری سوڕاند و گوتی: دە وەرن.

زیندانیەکان رووبانکردە ئیڤا و بە شادییەوە ماڵئاواییان لێکرد: زووبن پەلە بکەن...مەوەستن خەمی ئێمە هەڵمەگرن.

لەزیندان هاتنە دەرێ و پاسەوانەکانی بندنیا بە شمشێر و خەنجەرەوە چاوەڕێیان دەکردن، یەکێکیان بە زەردەخەنەوە گوتی: قوربانیی باشت بۆ خواوەندەکانمان هەڵبژاردوە، گەورەم زنجیر ئامادەیە بۆ دەست و پێیان.

سایە دووبارە کڵاوەکەی کردەوە سەری و بە توڕەییەوە گوتی: ئەم قوربانییانە لەگەڵم دێن، ناتوانن لەبەر فەرمانی خواوەندەکانمان هەڵبێن.

کەسیان بەهۆی گەردنبەندەکەی ملیەوە فەرمان شکێنیان نەدەکرد، سەریان هێنایە خوارەوە و پاشەوپاش کشانەوە. سایە و ئێلندیا دەترسان کە نەتوانن بە سەرکەوتویی بگەنەوە سەردنیا، بەپەلە شەقاویان دەهاوێشت و دەیانوبست لە گۆڕەپانەکە نەمێننەوە، کە سێسەد پاسەوانی لێبوو، هەندێکیشیان بەگومانەوە دەیانڕوانیە سایە

و یاوەرەکانی. گەیشتنە ناوەندی شار، بەڵام دەنگی نەپە و نالەی بندنیاییەکان تا دەهات زیاتر و زیاتر دەبوو، جموجوڵێکی نائاسایی هەموو لایەکی گرتبۆوە، هەستیاندەکرد ئەم چەند کەسە هەڵگری هێزێکن، زۆر ئازاریان دەدەن، جاروبار لێیان نزیکدەبونەوە بەڵام بەپەلە سایە گەردنبەندەکەی زیاتر زەقدەکردەوە، بەوەش رێگریەک لەبەردەم پەلامارەکەیاندا دروست دەبوو. بندنیاییەکان بەلایانەوە سەیر بوو رەسەنی مرۆڤ ئازادانە بەبێ زنجیر و کۆتوبەند بەنێویاندا تێپەڕێ، ئەوان لیک بەدەمیاندا دەهاتە خوارێ و لمۆزیان دەبزواند، ئارەزوی خواردنی ئەو چەند کەسەی رەسەنی مرۆڤیان دەکرد. بەهەر شێوەیەک بوو لە ناوەندی شار تێپەڕین و گەیشتنە نزیکی پردەکە، گەردنبەندەکەیان بینی و پردەکەیان بۆ چۆڵ کردن، یەک بەدوای یەک شوێن سایە کەوتن و چونە ئەوبەری پرد کە دەروازەیەکی گەورەیە، بندنیاییەکان لەوبەر چ دوودڵیەکیان نەما کە ئەوانەی پێش کەمێ پەرینەوە هەڵگری رووناکین، بە شمشێر و خەنجەر و نێزە کەوتنە غاردان بەدوایاندا.

چ رێگەیەک لەبەردەم سایەدا نەما، تەماشای ئێلندیا و ئیڤا و هادریانی کرد: پلانەکانمان ئاشکرابوو، گەر پەلە نەکەین دەگیرێین...خێراکەن غاردەن.

یەک بەدوای یەکدا ڕایانکرد و بە یەکجاری لە دەروازە گەورەکە تێپەڕین، بەڵام چرکە بە چرکە لە پشت سەریانەوە جموجوڵ زیادی دەکرد و ئەوەندەی پێیانکرا لە پردەکە پەڕینەوە ئەمبەر، دەرگا ڕەشەکە داخرا، سایە زانی کە کلیلە ڕەشەکە دەتوانێ بیکاتەوە، پەنجەکانی لە ترسان دەلەرزین، بەپەلە گەردنبەندەکەی دەرهێنا و کلیلە ڕەشەکەی نێو دەرگای دەرکرد.

ئیڤا زۆر دەترسا هاواریکرد: هاتن... نزیکبونەوە.

ئێلندیا نیگەرانتر لە ئیڤا: پەلە بکە.

- نابینی وا خەریکم.

ئێلندیا تەماشایکرد خەریکن بەتەواوی لێیان دێنە پێشەوە، چەند شەقاوێ دوورکەوتەوە و بڕیاریدا ڕێگریان بکا و دەستەوپەخە بەرامبەریان بوەستێتەوە، بۆ ئەوەی کاتێکی زیاتر لەبەردەم ئەواندا بێت بۆ دەربازبون. سایە کلیلی خستە نێو کلیلدانەوە، هەروەک هاتنەکەی دەرگا بەهەمانشێوە ڕووناکیەکی سور چەشنی خوێن لە کلیلەوە دەرچوو، بڵاوبۆوە بە سەرانسەری نەخشی دەرگاکەدا، بندنیاییەکان بەخێرایی پێشڕەوییان دەکرد، نیازیان ئاشکرابوو کە دەبێ بیانگرن و لەنێویان بەرن، ئەوان پشتیان کردە دەرگاکە لە چاوەروانی کردنەوەیدا بون، هەم چاویشیان لە شاڵاوی ئەوان بوو بەرەو ڕوویان دەهاتن،

دەرگا جێڕە جیڕی تێکەوت و دووبارە تۆز و خۆڵ دابارى بەسەریاندا، بندنیاییەکان بەشێوەیەکی چاوەروانەکراو لە جێگەی خۆیان وشک بون و وەستان. سایە بەو وەستانە کتوپڕییە سەرسام بوو، ئێلندیا و هادریان و ئیڤا خۆشحاڵ بون، کە کارەساتە پێشبینیکراوەکە لەوێدا وەستا و دەرگاکەیان بۆ کرایەوە. نەیاندەویست کات بەفیڕۆ بدەن، ئیتر ئەوە دواییین شەقاو بوو بۆ دەرچون لە بندنیا و پەڕینەوە بۆ سەردنیا، رووبانکردە دەرگا کراوەکە بەڵام سایە لەجێی خۆی ڕەق ڕاوەستا و دەمی کردەوە وەک ئەوەی هەورە بروسکە لێیدابێ، ئەوجا تێگەیشت بۆچی بندنیاییەکان بە ترسەوە لەجێی خۆیان وەستان و چیدیکە شوێنیان نەکەوتن.

# پەپوسلێمانکەی سپی

بەپێچەوانەی شەوی رابردوو کە پێکەنین و سەما و پێکهەڵدانی مەی روخساری زۆرێکی گەشکردبۆوە، ئەمشەو هەڤسار لەگەڵ سێ کوڕەکەی لە تەلاری گەورە لەچاوەڕێی هێرۆدۆسدا کاتیان بەڕێ دەکرد. دەبوو پێکەوە رێوشوێنی پێویست بۆ رەوانەکردنی قەڵغان سورەکان و جەنگاوەرە پاڵپشتەکان بەرەو سەرزەمینەکانی رۆژاوا بگرنەبەر، دەشیانویست بەپەلە وەخۆکەون و بەرەبەیانی رۆژی پاشتر هیچ ئاسەوارێ لە فەرامۆشی نەهێڵنەوە. بەڵام هێرۆدۆس بەهۆی سەرقاڵبونی بە ئەنجامەکانی کوژرانی بازرگانەکە و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی هەڤسار، بەتەواوی سەر و دڵی گیرابوو، بەدرێژایی ئەو رۆژە نەگەڕایەوە ژورەکەی، ئیتر تیۆدلیناش وەک زیندانییەکی بێئۆقرە دەهات و دەچوو، بێئاگا لە هەواڵەکانی دەرەوەی ژورەکەی، بێئارامانە بەدەوری خۆیدا دەسوڕاوە، چەندجارێکیش هەوڵی چوونە دەرەوەی دا، بەڵام پاسەوانەکان رێگریان دەکرد. پێشتر تەنیا خەمێک دەیبردەوە و بێ سەبورییەکەی بۆ ئێلندیا بوو، ئێستا هاوەڵەکانی ئەم سەفەرەشی هاتە بان، شتێ کە زیاتر بیروهۆشی داگیرکردبوو، هەستکردنە نوێکانی بوو بەرامبەر ئەلڤین، ئەو زۆرجار دەبووە میوانی خەیاڵ و

دالّغەکانی و هەندێجاریش خانەخوێ، شەپۆلێ سەیر دەیهێنا و دەیبرد، یەکەمین جاریەتی لە پاش سەد و هەڤدە بەهار گەرموگوڕییەک ژیانی بتەنێتەوە و شادی پێببەخشێ، ئەو ئەندێشەیە رەنگ و چێژێکی دیکەی دەدایێ کاتێ بیری لەوانە دەکردەوە، چاوەکانی سەوزتر دەبون و دەبریسکانەوە.

ئەو دەیزانی ئەمە ئەڤینی نێوان دوو کەسە لە هەموو شتێکدا جیاوازن، لە رەنگ و جۆر و رەسەندا، تەنیا ئاسمانیان یەکە، بەڵام خۆشەویستییەک چرۆی کردووە هیچ بەربەست و جیاوازییەکی نەدەخوێندەوە، ئەو ئەڤینی خۆشدەویست، راستییەک بوو بە ئاشکرا لە خۆیدا دەرکی پێدەکرد. کاتێ زیاتر شۆڕدەبۆوە بۆ ناخی خۆی، رووندەبۆوە ئەم خۆشەویستییە دەمێکە پشکوتووە، ئەو دەمەی لە دارستانەکەدا لەدەست مردووخۆرەکانی دەربازکرد.

* * *

چاوەروانییەکەی هەڤسار کۆتایی هات، بەپەلە ئامازەی بۆ دا: وەرە.. زۆر کارمان هەیە و دەبێ بەپەلە ئەنجامیان بدەین.

چووە پێشەوە و لە تەنیشت هەڤسارەوە دانیشت، سەرنجیدا روخساری رەش و مۆر هەڵگەڕابوو، ئاسەواری پێلەقەکەی میرغەزەب بە سیمایەوە دەرچوو بوو، ئیدی هێرۆدۆس تێگەیشت کە میر توڕە بووە، هەڤسار

تەواوی بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاوە کە دەبێ سبەی بەیانی شەڕکەرانی قەڵغان سورەکان و جەنگاوەرانی پاڵپشت بەڕێ بخرێن، دوای ئەوانیش خۆیان لەگەڵ شەڕکەرەکانیاندا بەرەو سەرزەمینی رۆژاوا لەشکرکێشی بکەن، ئەوەشی درکاند کە میرغەزەب مزگێنی راگەیاندوە لە دۆزینەوەی تاجە ونبووەکەی هۆڵمان شا نزیکبۆتەوە و لە ماوەیەکی کەمدا وەک ئێکەمین پاشا لە سەرزەمینی شین لەسەر کورسی دەسەڵات دادەنیشێ و ئیمپراتۆریای خۆی بانگ دەدا. کەمێ وەستا و پاشان وەک ئەوەی شتێکی گرنگی وەبیرهاتبێتەوە، شێلگیرانە بە هێرۆدۆسی گوت: بەڵام نابێ هیچ یەکێ لە جەنگاوەرانی قەڵغان سور بە زیندوێتی بگەڕێتەوە یان دەرباز بێ.

هێرۆدۆس سەرێکی بۆ لەقاند: هەروا دەبێ.

هەڤسار دەستی بردەوە بۆ سینگی و دووبارە بێزاری و خەمۆکی دایگرتەوە، ئەو ماوەیەکی زۆر بوو گەردنبەندەکەی بزرکردبوو هەمیشە لەوە دەترسا رۆژێ لە رۆژان میرغەزەب بە فەرمانێ بینێرێ بۆ ئاوایی بندنیا، چونکە ئەو کات ئاشکرا دەبوو کە گەردنبەندەکەی پێ نییە، ئەوە دیاری و خەڵاتی دەستخۆشانەی میرغەزەب بوو بۆ هەڤسار، گەر بیزانیبا سەری خۆی و خاووخێزانی بە ئاسماندا هەڵدەفڕاند. بەڵام هەموو کات بەخت دەبوە یاوەری و کارێ دەهاتە پێشی لە چونی

بۆ لای بندنیاییەکان دەرباز دەبوو. لەدوای شەڕ و وێرانکارییەکەی سەرزەمینی رۆژهەڵات، رێک نەکەوتبوو هەڤسار لەلایەن میرغەزەبەوە راسپێردرێ، لەگەڵ ئەوەشدا بزربونی گەردنبەندەکەی کارەساتێ بوو خەوی لەچاوانی ڕەتاندبوو، دەیزانی هەر رۆژێ دێت ئاشکرا بێ، بۆیە بە وریاییەوە هەڵسوکەوتی دەکرد و ئەوپەڕی خۆپارێزی لە هەندێ قسەوباسدا دەنواند. بەهێرۆدۆسی گوت: هەر ئێستا لەگەڵ سوارچاکانت بۆ شار بگەڕێنەوە و ئامادەکاری رێکخستنی جەنگاوەرانت بکە، خۆشم تا بەرەبەیان دەگەڕێمەوە و سەرپەرشتی ئەو ئاوارانە دەکەم لە ڕیزەکانی قەڵغان سورن.

هێرۆدۆس ئەم فەرمانەی لا سەیر نەبوو، دەمێ بوو چاوەڕێی هەواڵی لەشکرکێشییەک بوو بۆ سەرزەمینەکانی رۆژاوا، بەڵام بیری بە تیۆدلیناوە جەنجاڵ بوو کە لە دواجاردا تاکەی لەنێو چوار دیواری کۆشکەکەیدا بێ و چیشی پێدەکرێ بۆ هاوەڵەکانی، کێشەکەشی لەوەدابوو دەبوو بەدەم فەرمانەکەی هەڤسارەوە چوبا، ئەو پێشتر سوێندی بە خوێنی نامۆنی باوکی خواردبوو کە تا مردن خزمەتکاری میرغەزەب بێت و وەک جەنگاوەرێکی دڵسۆز بەرگری لە عەرشی میرغەزەب بکا، هەستا و رووبکردە هەڤسار: هەر ئێستا لەگەڵ سوارچاکان دەگەڕێمەوە بۆ شار. ئیدی چووە دەرەوە. هەواڵی دەستپێکردنی شەڕ وەک ئاگر لە کا

بەربووبێ بەو جۆرە لە نێو قەڵاکەدا بڵاوبۆوە، بۆیە ئەو شەوە سەما و رابواردن و خواردنەوە هەڵگیرا، دە سوارۆی نێردراو بەپەلە بۆ ئاگادارکردنەوەی جەنگاوەرانی قەڵاکانی دیکە بەرێ کەوتن.

ئەلڤین بەخەم و نائاسودەییەکی زۆرەوە سەیری جموجوڵی شەڕکەرانی دەکرد، نۆردمەن و هامۆندش بە گوێبیستبونی ئەو شەڕە چاوەڕوانکراوە نیگەران بون، دەبوو بڕیارێکی دەستەکۆیی وەربگرن، چوونە لای ئەلڤین بۆ گفتوگۆ و راگۆڕینەوە، نۆردمەن پێیگوت: گوێت لەو هەواڵەیە کە بەرەبەیان رەوانەی سەرزەمینەکانی رۆژاوا دەکرێین؟

ئەلڤین هیچ هەوڵێ نەبوو دڵخۆشی بکا، خەمی لەدەستدانی گەردنبەندەکە و دیارنەمانی تیۆدلینا زاڵ ببوو بەسەر زەینیدا، بە پەستییەوە گوتی: بەڵێ گوێم لێبوە.

- ئینجا چی دەڵێیت..ئەمشەو ئەم سەرزەمینە بەجێبێڵین؟

- نا...هێشتا تیۆدلینا نەگەڕاوەتەوە...رەنگە ئەمشەو بگەڕێتەوە.

بەڵام وا دەرنەچوو ئەو شەوە تا بەرەبەیان هیچ کامێکیان خەویان لێنەکەوت، چ هەواڵێکیشیان لەبارەی تیۆدلیناوە پێنەگەیشت، سەرلەبەیانی گۆڕەپانی قەڵا قەرەباڵغییەکی فراوانی بەخۆوە دیت بێجگە لە پێنجسەد جەنگاوەری قەڵغان سورەکان، پێنج هەزار شەڕکەری پاڵپشتیشیان ڕژاندبووە ئەوێ کە بەپێی نەریتی قەڵاکە

دەبوو لە دوای قەڵغان سورەکانەوە بڕۆن، ئیدی لەو نێوەدا دەنگ و هەرای شەڕکەران و هاتوچۆی گالیسکە و ئەسپ و گامێشەکان تێکەڵ بە ویزەی با سارەدەکە بوو، مزگێنی شەڕ و کوشتارێکی دیکەیان بە پێدەشتەکان دەدا. شەپۆری خڕپونەوە لێدرا، ئەلڤین و هاوەڵەکانی ئەو جۆش و خرۆشەی یەکەمجاریان تێدا نەمابوو کە ئامادەبون ئەم سەرزەمینە نیشتمانی خۆیان بێ و شەڕی مان و نەمانی بۆ بکەن، ئەوەی لێرە بینیان پێچەوانەی خەون و خەیاڵەکانیان بوو، گوڵی ژیانی تاڤێنیان ژاکاند، بێبەزەییانەش ئۆرامیان لە بەرچاوی پارچە پارچە کرد، ئەو دوو ڕووداوە بەس بوو کە لەم سەرزەمینەدا بەرگریکردن لە هەژار و لێقەوماوان شتێ نییە شایانی باس بێ.

ئەلڤین تا بەرەبەیان خەوی لێنەکەوت، هەستا خواردنی بۆ تاڤێن برد و بە تەنیا لە خواردنگەکە دانیشت، کە چۆڵ بوو لە جەنگاوەرەکان و هەمویان چووبونە گۆڕەپان، خۆیان ساز دەدا. بێئەوەی پەلە بکا بەکاوەخۆ نانی خوارد و بەدەم جوینی پاروەکانەوە بیری لە بێهەوالّی تێۆدلینا دەکردەوە، گەر بێتوو هەروا بێسەروشوێنکرابێ ئەوان ئەمان ناچار دەبن بەجێی بێڵن چونکە دوو شەو لەبەرخاتری ئۆرام و هاوڕێ سەفەرەکەیان دواخست، لەبەرخراپی تەندروستی تاڤێنیش بە ناچاری دانیشتنەوە بەڵام شەوی رابردوو دەرفەتیان لەپێش بوو لە پێناو

تیۆدلینادا لەدەستیان دا.

نۆردمەن و هاموند بەرەو لای ئەلڤین هاتن، نۆردمەن هەرچەندە ئەو راستییەی پێناخۆش کە بەزمانیدا بێت، بەڵام بە دڵگرانیەوە گوتی: ئەلڤین...تیۆدلینا نایەتەوە.وەک دیارە ئێمەی بەجێهێشتوە و لە یەکێ لە کۆشکەکاندا بەخۆشی کات بەسەر دەبات، بەڕاستی ئێستاش کاتمان لەبەردەستدا نەماوە دەزانین تۆش زۆر چاوەڕێت کرد، بەڵام دڵنیابە ناگەڕێتەوە.

ئەو قسانە ئازاری دەدا، بەدرێژایی ئەو دوو رۆژە بەردەوام خۆی دەخافڵاند وەک ئەوەی بیەوێ کات بە فیڕۆ بدات، چەندین پاساوی دەبینییەوە بۆ دواخستنی سەفەرەکەیان، بەو ئومێدەی هەواڵێ لە تیۆدلیناوە دەرکەوێ، بۆیە وەڵامی ئەو بۆچونەی نەدایەوە کە هاوەڵەکانی هەمیشە بە گوێیاندا دەدا، ئیدی لەو کاتەوە حەزی دەکرد ساتەکانی لە تەنیاییدا بەسەر بەرێ. نۆردمەن کۆڵی نەدا و شێلگیرانە پێیگوت: ئەلڤین هەروەک چۆن بە ئێمەت گوت ساویلک جلکی جەنگاوەری قەڵغان سورەکان دەپۆشێ و لەگەڵ تاڤێن چاوەڕێمان دەکەن...واتە ئێمە ناچارین برۆین، هەر کاتێکیش لەو سەرزەمینە دوورکەوتینەوە هەروەک چۆن بڕیارماندارە، ئەمە دواییین دەرفەتە بە بیانوی چون بۆ سەرزەمینەکانی رۆژاوا، لەوێ جەنگاوەرانی ئەو هێزە

بەجێدێڵین و بەڕێی خۆماندا دەچین، ئیتر دەبێ ئێستا بڕۆین... برام تێدلینا نایەت.

ئەڵقین بەرگی جەنگیی پۆشیبوو، دەرکیکرد کە چ چارەیەکی لەبەردەمدا نەماوە، بێئەوەی وەڵامی نۆردمەن و هامۆند بداتەوە لەسەر کورسییەکەی هەستا و بەبێزارییەکی زۆرەوە بۆ گۆڕەپانەکەی ناوەندی قەڵا چوە دەرەوە.

شەپۆری ئامادەبون فوی پێدا کرا، بەپەلە پێیان هەڵگرت بەرەو گۆڕەپان. هامۆند و نۆردمەن هاتنەدەرێ، ئەڵقینیش لە خوارنگەکە دەرچوو، لە نزیک ساویلک و تاڤێنەوە وەستا کە جلکی جەنگیان پۆشیبوو، بەڵام بەهۆی ئاڵۆزی و بەیەکداهاتنی ئەو ژمارە زۆرەی شەڕکەران کەس تێبینی ئەوانی نەکرد.

پێنجسەد نەفەر لە کوڕ و کچی گەنجی گوندەکان تێکەڵ ببون، هەریەکەیان شەروالّ و کوتەکێکی لەبەرکرابوو، دواتریش شانۆشێک لە چەرمی ئاژەڵان، دەستە دەستە وەستابون لە چاوەڕێی فەرماندا، لەسەر شانی هەریەکەیان ئێسک و پروسک دانرابون، ددانی تیژیش لە ملیاندا و کەللەسەری درندەکان وەک کڵاو لەسەریان نابون. ئەوانە بێجگە لەو مەشقەی لەنێو قەڵا پێیاندرابوو، چ ئەزمونێکی زیندوی شەڕیان نەبوو. شمشێر و خەنجەر و تیری نوک ژەنگاوی و کەوان و قەڵغانی پۆڵایی،

بەڵام ڕەنگ و نەخشی ترسناک بەسەریانەوە هەڵکۆڵرابوو، ڕەنگێکی سوور وەک خوێن بریسکەی دەهات بۆیە پێیاندەگوتن قەڵغان سورەکان. هەڤسار لەنێویاندا دەسوڕایەوە وەک ئەوەی بە شوێن یەکێکدا بگەڕێ سەرپەرشتی شەڕەکەی لە ئەستۆ بنێ، هەرچەند چاوی گێڕا ڕوخسارەکان یەکجار سادە و ساکار بون، لەو جۆرە نەبون لەگەڵ شمشێر و خوێندا ئاوێزانی یەکتر بووبن، ئیدی لەو شێوانە بێزار بوو لەدڵی خۆیدا گوتی: هەر هەمویان تەنیا بۆ ئەوە خولقاون بکوژرێن و لە پێشی شەڕەکاندا دابنرێن، لەوە زیاتر بەکەڵکی هیچ شتێ نایەن. دڵخۆشی خۆی بەوە دەداوە کە ماوەیەکی باش مەشق و ڕاهێنانیان پێکراوە، بایی ئەوەندە فێربون بتوانن گوندەکانی ڕۆژاوا خاپور بکەن، یەخسیرەکانیان بکوژن، بەڵام هیچ یەکێ لە جەنگاوەرانی کورد و کچ ئاگاداری ئەو پیلانە دڕندەخییە نەبون، کە ئەگەر ئەوان لە شەڕەکەشدا سەرکەوتوو بن و نەکوژرێن، ئەوا لەلایەن هێزی پاڵپشتییەوە لەناو دەبرێن و بە فەرمانی هەڤسار نابێ هێزی قەڵغان سورەکان بەزیندویی لەو شەڕە بێنەوە. ڕاهێنەرە چاو بچکۆلەکە بە هەڤساری ڕاگەیاند کە ئەڵقین جەنگاوەرێ باشە و بۆ ئەوە دەشێ سەرپەرشتی پێنجسەد کەسەکە بێ، بۆ ئەوەی کات بەفیڕۆ نەچێ، خێرا فەرمانەکەی میرغەزەب بەجێ بگەیەنرێ، هاواریکرد: ئەڵقین کێیە با بێتە پێشەوە.

ئەلفین لەگەڵ هاوڕند و نۆردمەن وەستابوو، گوێی لەناوی خۆی بوو سەری سوڕما، بێئەوەی بشڵەژێ لەسەرخۆ چووە پێشەوە و بەرامبەر هەڤسار وەستا و چاوی بڕییە چاوی. هەڤسار سەری بڵند کردەوە و بە وردی لێیڕاما، هەستی بە ئاسودەیی نەدەکرد لە بینینی ئەو گەنجە، بەپەلە رووبکردە لایەکی دیکە و گوتی: هەواڵی شکاندنی خواوەندە گەورە و پیرۆزەکانمان لە رۆژاواوە پێگەیشتوە کە گەورەترین تاوانە، لەبەرئەوە هەر ئێستا دەبێ بەرەو گوندەکانی رۆژاوا بەڕێ بکەون، بە پشتیوانی جەنگاوەرە پاڵپشتەکان کە پێنج هەزار کەسن سەرلەبەری گوندەکانیان خاپور بکەن.

دووبارە تەماشای نێوچاوی ئەلفینی کرد وەک ئەوەی لە شتێکی بێبەها بڕوانێ: ئەم جەنگە لە ئەستۆی تۆدایە، ئەوی بەرامبەرتان رادەوەستێ دەمودەست سەری لە لاشە بکەنەوە و شوێنەکەی ئاگر تێبەردەن و ژن و کچەکانیشی بەدیل بگرن تا جەنگاوەرانی پاڵپشت بیانگوازنەوە، ئەو کاتەی ئێوە کۆتایی بەو شەڕە دێنن جەنگاوەرانمان دەمێننەوە، ئێوەش لەکاتی سەرکەوتن و گەڕانەوەتان لەلایەن میرغەزەبەوە خەڵات دەکرێن...فەرموو ئێستا بەڕێکەون، لە پێشتانەوە یەکێ لە سوارچاکەکانم بۆ چاوساغی لەگەڵتان دەبێت.

سەری سوڕاند و رۆشت دەستێکی بەنێوچەوانیدا هێنا، شوێنی پێ

لەقەکەی میرغەزەب ئازاری دەدا. لەدڵی خۆیدا گوتی: هیوادارم هیچ کامتان بە زیندویی نەگەڕێنەوە.

ئەڵقین هەستی بە نیگای پر لە رق و کینەی هەڤسار کرد بەڵام هیچی نەگوت و تەنیا تەماشایەکی قوڵی کرد، گەرچی دیتنی هەڤسار ناخۆشترین هەستی لە قوڵایی ئەودا دەبزواند، بە دەست خۆی حەزیدەکرد شمشێر بەرووییدا هەڵکێشێ و هەر لەو جێیەدا سەری لە لاشەی جودا بکاتەوە، وەک ئەوەی ناخی هەڤساری خۆیندبێتەوە. لەو کاتەدا دەنگی شەپور جارێتر بەرزبۆوە و کاروانەکان بەڕێخران کە سەدان گالیسکەی پڕ لە خۆراک کەوتنە جوڵە رووەو دەروازەی باکوری شار. ئەڵقین هەوساری ئەسپەکەی گرت و ئاورێکی دیکەی بۆ قەڵاکە دایەوە ئەوجا لەجێی خۆی بزوت. ئەمەش هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەی خێرای هێرۆدۆسدا بۆ قەڵا، سەرجەنجاڵییەکی زۆر بە سیمایەوە دیاربوو، لای ئاشکرا بوو هاوڵەکانی تێڕدلینا بەرەو سەرزەمینەکانی رۆژاوایان دەبەن، بێئەوەی توانیبێتی سەردانی ژورەکەی بکات، بە شێوەیەک لە شێوەکانیش بەسەرهاتەکەی بۆ روونبکاتەوە ئازارێ زۆری چەشت و ئۆقرەی نەما و لەجێی خۆی هەستا و کەمێ هات و ڕۆشت، دواتر بریاریدا بگەڕێتەوە بۆ ژورەکەی. تێڕدلینا دەمێ بوو هەراسانی دەپێچایەوە، ئارامی نەما بوو یەکسەر گوتی: چی بەسەر هاوڵەکانم

هاتوە؟

لەبەر کات کەمی، بەخێرایی هەموو شتێکی پێراگەیاند و دواتر گوتی: بەداخەوە بۆ ئۆرامی هاورێت، نەمتوانی چی بۆ بکەم، بەڵام جارێ هاوڕێکانی دیکەت چ مەترسییەکیان لەسەر نییە.

هێشتا هەر دڵی دەترسا، بەپەلە گوتی: یانی چی جارێ، دیارە کارەساتی دیکە لە ڕێدایە؟

بەنیگەرانییەوە پێیگوت: گوێبگرە تیۆدلینا، بارودۆخەکە گۆڕاوە، کاتی پێویستم لەبەردەستدا نەبوو، هەواڵێ لەبارەی داداتەوە بزانم، ئێستاش ئاگادارکراوین بۆ بەشداربون لە شەڕێکی گەورە و دەبێ بەرەو سەرزەمینی گوڵەکان و شەرابی سور بڕۆین، ئەگەر لەگەڵم بێیت دەتپارێزم و ئەو کات ئێلندیاش گەر لە ژیاندا مابێ، هەوڵدەدەم بیدۆزمەوە، بەڵام گەر بمێنیتەوە دڵنیابە ئاشکرا دەبیت و دەشتکوژن.

تیۆدلینا لەم گوتەیە ساکا و بە نیگەرانییەوە لێیپرسی: بۆ هیچ شوێنێ بە زیندویی لەگەڵت نایەم، هاوڕێکانم بەجێ ناهێڵم، تۆ باش دەزانی من ئەڵێنم خۆشدەوێ و ناتوانم دەستبەرداری بم.

هێرۆدۆس سەرێکی بادا و گوتی: بەداخەوە هەر پێش چەند چرکەیەک هاوڕێکانت لەقەڵا دەرچون بۆ شەڕی سەرزەمینەکانی رۆژاوا.

شڵەژا و وەختەبوو دڵی بوەستێ: چۆن ڕۆشتن و منیان جێهێشت؟!

سەری داخست و لەبەرخۆیەوە گوتی: ئاخر ئەوان چ شتێن لەبارەی من و هێرۆدۆسەوە دەزانن؟!

تیۆدلینا زۆر بیریکردەوە دۆخەکەی وا دەبینی کە هیچ هەنگاوێ ناڕێتە بەرژەوەندی ئەوەوە، هاوەڵەکانی ڕۆشتن و پێناچێ وا بە ئاسانی ئێلندیاش بدۆزێتەوە، ئیدی ڕوویکردە هێرۆدۆس و گوتی: ناتوانم لەگەڵت بێم، چارەنوسی ئێلندیاش لەدەستی منداناەماوە و بێ ئەڤینیش مانایەک بۆ ژیانم نادۆزمەوە، بۆیە دەبێ بە شوێنیاندا بڕۆم. هێرۆدۆس لە دڵەوە ئارەزوی تیۆدلینای دەکرد و خۆشی دەویست، پێی ناخۆش بوو بە چارەنوسێکی بسپێرێ ئەمسەر و ئەوسەری دیار نییە، بە پەستییەوە پێیگوت: ئاخر نازانی ڕۆشتنت تەنیا مەرگ بەدوای خۆیدا دێنێ.

بە گومانەوە تەماشایکرد: بۆچی ...بۆچی ئەم قسەیە دەکەیت؟

- ڕەنگە ئەمە دوایین شەڕم بێت و بەزیندویی نەگەڕێمەوە، بەڵام ڕاستییەک هەیە دەبێ بیزانی، هیچ یەکێ لە هاوەڵەکانت لەو شەڕە بە زیندویی ناگەڕێنەوە، تەنانەت گەر لە شەڕەکەش نەکوژرێن بەدەستی جەنگاوەرانی پاڵپشت لەناودەبرێن.

تیۆدلینا دەرکیکرد هێرۆدۆس لەخۆڕا ئەو قسانە ناکا، پێدەچێ هاوڕێکانی ببنە قوربانی پیلانێکی ئەم سەرزەمینە: کەواتە مردنی

منیش لەگەڵ ئەوان دەبێ....دەستخۆشیت لێدەکەم بۆ هاوکاری و پاراستنی هاورێکانم و هەم ئاشکرانەکردنی منیش، تۆش هەروەک پێمگوتیت ناخت رۆشنە و پێچەوانەی کردارەکانی هێزی تاریکین، یان ئەم سەرزەمینە جێبێڵە و لەگەڵمان وەرە یان رێگەم بەردە و چیدیکە لەم ژورە بە زیندویی رام مەگرە.

هێرۆدۆس دەمێ بوو هەستیکردبوو کردارەکانی پێچەوانەی خواست و ببرکردنەوەکانیەتی، بەقوڵی نیگایەکی خەماویانەی بڕییە چاوەکانی تیۆدلینا و هیچی نەگوت.

تیۆدلینا زانی کە سوێندی بە خوێنی باوکی خواردوە تا دواین چرکەکانی ژیانی بۆ میرغەزب شمشێر دەوەشێنێت، مەگەر شمشێرەکەی بشکێ ئەوجا واز دێنێ. پێویستی بە هیچ قسەیەکی تر نەبوو چاوەکانی هێرۆدۆسی باش خوێندبوەوە. بەرەو دەرگاکە ڕۆشت، بەزوویی پاسەوانەکان وەک جارانیتر ڕێگرییان لێکردەوە، تیۆدلینا ئاوڕیدایەوە بۆ هێرۆدۆس و تەماشایکرد، ئیدی تێگەیشت کە نیازی خۆی یەکلایی کردۆتەوە بۆ ڕۆشتن و دڵیشی تەنیا جێگەی یەک کەسی تێدا دەبێتەوە. بە پەستییەوە ئاماژەی بۆ پاسەوانەکان دا کە ڕێی بدەن، چەشنی باڵندەیەک لە قەفەس ئازاد کرابێ ئاوها هاتە دەرێ، لە قاتی سەرەوە بەرەو خوارەوە و ڕووەو دەرەوەی کۆشک تا گەیشتە

قەرەبالّغی و ئاپۆرای جەنگاوەرەکان، لەنێو ئەو هەراوهۆریایەدا قەڵای جێهێشت و شوێن جەنگاوەرەکان کەوت کە لە دوور پا دەبینران.

خۆر لەسەرخۆ بەرەو ناوەندی ئاسمان هەڵدەکشا، زستانیش تەنیا چەند رۆژێکی دیکەی مابوو بە تەواوی بگاتە ئەو سەرزەمینە، بەهەوا ساردەکەیدا مزگێنی وەرزێکی سەختی دەدا، گەرچی ئەو وەرزە گونجاو نەبوو بۆ ناردنی جەنگاوەران و شەڕپێکردنیان لە سەرزەمینە دوورەکاندا، بەڵام ژیان لەو سەرزەمینە چ بەهایەکی نەمابوو، بۆیە بەلایانەوە گرنگ نەبوو شەڕ لە چ وەرزێکدا بکەن.

ئەلڤین هێشتا خەمێکی گەورەی لە ئامێزگرتبوو، بیری لە تێۆدلینا دەکردەوە کە هەروا بە ئاسانی بەجێیهێشت، بێئەوەی چ هەواڵێکی لەبارەوە بزانێ.

لەگەڵ هاورێکانی بەپیادە لە پشت سەری سوارۆ دەموچاو پێچراوی رێگا پیشاندەری سەرزەمینەکانی رۆژاوا بەرێ کەوتن , هێزەکە لە قەڵاوە گەیشتنە ناو شار تا لەوێوە بەرەو سەرزەمینەکانی رۆژاوا بچن، فەرمانەکە وا بوو کە ئەم هێزە بەناوەندی شاردا تێپەڕن و گۆڕەپانە گەورەکە ببینن، کە لەوێدا تاوانباران هەڵدەواسران و ئاوریان تێبەردەدرا. شار چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتبوو، کوچە و کۆڵانەکان هەروەک پێشان نغرۆی پیسی و ئاوەڕۆکان بوو، بۆنێکی ناخۆش لەوێوە

دەهات. بۆنێک تێکەڵاو بە لاشەی مردوو، بە ترس و بەخوێن، هاڵاوێکی خنکێنەری لە گەڕەکە پەراوێزخراوەکاندا بڵاوکردبۆوە.

تیۆدلینا شوێن جەنگاوەرانی پاڵپشت کەوت و دووبارە چاوی بە دیمەنە تاریکەکانی ئەو شارە کەوتەوە، کە لە هیچ کوچە و کۆڵانێکدا درەختێ یان خونچە گوڵێ نەدەلەرینەوە، ئیدی رووتر لە دەرونی چەسپی کە ئێرە پێچەوانەی سەرزەمینەکانی باکور و رەسەنە نایابەکانن، سەرباری ئەوانەش جموجوڵێکی زۆر ئەو شارە بێسەروبەرەی تەنیبۆوە، بەهەزاران جەنگاوەر بە ئامادەیی تەواوەوە بە تیر و کەوانی پەشەوە بەرەو دەرەوەی شار ڕۆشتن، ژمارەیان نزیکەی سەد هەزارێ دەبوو تیۆدلینا بە ڕەنگ و ڕوخسار و جلەکانیاندا دەیناسینەوە کە ئەمانە شەڕەکەرەکانی هەڤسار و هێرۆدۆسن و بەرەو سەرزەمینی گوڵەکان و شەرابی سور ڕەوانە دەکرێن، بەو پێیەی دوایەمین شەڕی گەورەی سەرزەمینەکانی مرۆڤ لەوێ بەرپا دەبێ و سەرکەوتن بەدەست دێنن. هێرۆدۆس ئەوەی بە تیۆدلینا نەگوتبوو کە میرغەزەب پاش ئەم شەڕە هەموو شەڕەکەرەکانی ئاراستەی ڕەسەنە نایابەکان دەکا و کۆتایی بە زەمان و سەردەمیان دێنێ.

هێشتا خۆر مابوی بگاتە نێوەڕاستی ئاسمان بەڵام زیاتر لە ڕۆژەکانیتر خەڵک ئاپۆڕایان بەستبوو لە دەوری تاتەبەردە بەرزەکە، لەوێ دەنگی

چەقاندنی مێخ و ئاسن دەهات، لە بنەوەشی چڵەداری وشک جەم دەکران، دیمەنەکە گومانی هەڵنەدەگرت کە یەکێ لە یەخسیرەکان بەزیندویی لەپێشچاوی خەڵک دەسووتێنرێ، بندنیاییەکان ترسناک و باڵاکورت , چاو سور و کەسک وەک درندەکان پڕ لە ئاو، پێدەچوو ئازاریان پێبگات کاتی بریسکەی رووناکیان بەردەکەوت، دەموچاو ڕووت و بێ موو , خاڵ خاڵۆکی سور بە سەر و جەستەیانەوە دیاربوو , لێوەکانیان شەقار، بێ گوێ و بێ لوت، تەنیا گوێچکەکانیان ئاشکرابوو. بندنیاییەکان لە ڕەسەنی مرۆڤەکان زیاتر لە ئامادەسازیدا بوون بۆ بەجێگەیاندنی ئەو کردەوەیە، مەشخەڵە ئاگرەکانیان وەدەستەوە گرتبوو، شمشێرەکانیان لە کێڵان کێشابوو، بەجلوبەرگێ ڕەش و قێزەونەوە دەهاتن و دەچون، تا دەهات ژمارەیان ڕووی لە زیادی دەدا. بەندکراوەکە بەبێ ترس و شڵەژان لەکاتێکدا دەیزانی تا چەند چرکەیەکیتر جەستەی دەبێتە نێچیری شەپۆلەکانی ئاگر و ڕاموسانی مەرگ، ئەو لەوێ بە ئارامی وەستابوو، چاوەڕێی چارەنوسی خۆی دەکرد. چاوی دەگێڕا بە ڕوخسارە مات و خامۆشەکاندا، کە سایەی هەورە ڕەشەکانی نەزانین و نائومێدی , ونبون لە خۆ و ڕاستیەکان، سایەی بەسەر چاو و دەروونیاندا کێشابوو.

نیگای بۆ ڕوخسارە مات و مەلولەکانی مرۆڤ دەگێڕا. مردنی و

خرپبونەوەی ئەو خەڵکە لە شانۆگەرییەک دەچوو کە ئیفلۆرد رێکی خستبوو. مردن بە تێپەربونی چرکەکان نزیک و نزیکتر دەبۆوە و تەنیا ئێک شەقاو مابوو تا لە پێناو خۆبەختکردن بۆ مرۆڤ بە ئێکجاری مالئاوایی لە ئەستێرەی شین بکات. لەنێو ئاپۆرای خەڵکەکە چاوی بە ئەلفین و هامۆند و نۆردمەن کەوت، کە هێشتا لەوێ تێپەڕ نەببون، بەدەست خۆی نەبوو هاواری لێکردن: هێی خەڵکینە..هێی..

ئەوان زۆرجار ئەو هەوالانەیان بیستبوو کە خەڵک دەبەنە ئەو گۆڕەپانەو لەوێ دەیانسوتێنن، بەڵام ئەوە یەکەمین جارە بەڕاستی رووداوێکی وا ببینن، سەریان سوڕاند بۆ لای کابرای بەندکراو، خەڵکێ زۆر لەدەوری کۆببۆوە، تەنانەت لە دوورەوە سەرنجی تیۆدلیناشی راکێشا، تەماشایکرد بەڵام دڵی پەلە پەل لێیدەدا و شپرزە بوو، لەهەوڵی ئەوەدابوو دڕ بە خەڵکەکە بدا و بچێتە نزیکیەوە، بەڵام یەخسیرەکە چاوی لەسەر ئەلفین و هاوەڵەکانی بوو، هاواریکرد: زەوی خڕە، بەدەوری خۆی و خۆردا دەسوڕێتەوە.

بەو قسەیە بندنیاییەکان توشی ئالۆزیی هاتن، بە قامچی بەربونە گیانی و خەڵتانی خوێنیان کرد، یەکێکیان هاواریکرد: ئەم تاوانبارە جادوگەرە، دەبێ جادوگەر و نەزان و گومڕایان بسوتێنرێن تا لە توڕەبونی خواوەندەکان بەدوورببین.

بەندکراوەکە بەوەشەوە وازی نەهێنا، پڕ بەدەمی هاواریکرد: ئێوە لە نهێنییەکان بێبەشکراون، بڕۆن لە باکور دەیدۆزنەوە...کریستاڵەکان هەمووی لەوێن...بەرەو بەندەری ئاواتەکانتان پێهەڵگرن...پاشای هەموو پاشاکان شانورە...سەرەتای ون..

تیۆدلینا کە گوێی لەو وشانە بوو، لەجێی خۆی وشک وەستا، ترس و لەرز گرتی، ئەو دەنگەکەی ناسییەوە، لەدڵی خۆیدا گوتی: ئا...ئەوە دەنگی ئۆرایە.

وەبیری هاتەوە کە ئۆرا لەگەڵ ئێلندیا لە سنور تێپەڕین و گیران، دواتر بێجگە لە ئێلندیا بەدەستی جەنگاوەرانی ئافدوور ئازادکران، پاشان لەگەڵ تیۆدلینا بۆ سەرزەمینەکانی ناوەڕاست نەهات بەڵکە لەگەڵ ئافدووردا ڕۆشت، ئەو هەڵگری پەیامی ڕووناکی بوو. ئەوجا بیریکردەوە کە ئۆرا پێیگوتبوو: لەکاتێ من دەبینی، پێناچێ تۆ هیچت بۆ من پێبکرێ.

ئێستا تێدەگا مەبەستی ئەو دۆخەیە کە نوکە تێیکەوتوە. ئۆرا چاوی بە تیۆدلینا نەکەوت، پێش ئەوەی بتوانێ شتێ بکات زوو ئاگریان لە دارەکە بەردا و گڕی ئاگر کڵپەی سەند و بەرزبۆوە، هێشتا ئۆرا چاوی بڕیبوە ئەلفین و بە زەردەخەنەیەکەوە تەماشایکرد، لەسەرخۆ گوتی: نهێنییەکان و کریستاڵەکان..سەرەتای ون بدۆزەوە.

وەک چپە لەژێر لێوەوە گوتی، بەڵام سەداکەی گەیشتە بەرگوێی ئەلڤین، ئەو رەنگی هەڵبزڕکا، لەگەڵ هاوەڵەکانی سەریان لەو کابرایە سوڕما، قسەکانی وەک ئەو کەسە نەناسراوە بوو، کە لە کۆڵانە تەسک و باریکەکاندا چەند بەردێکی بریسکەداری کریستاڵی پێدابون، تا ئێستاش نەیاندەزانی ئەو بەردانە چین و بۆچی بەکاردێن، شوێنەکە گەلێ قەرەباڵغ بوو دەرفەتی راوەستان تێیدا نەبوو، بەڵام نیگای قوڵی ئەو کەسە لە پێشچاوی ئەلڤین بزر نەدەبوو. نۆردمەن و هامۆند بەپەلە خۆیان گەیاندە لای ئەلڤین: ئەمە هەمان ئەو کابرایە بوو کە بەرەبەیانێ لە شارەوە بۆ قەڵا دەگەڕاینەوە لەنێو کۆڵانەکەدا بینیمان و هەندێ قسەی سەیر و سەمەرەی کرد و بەردە بریسکەدارەکانیشی پێداین، ئەوە هەمان پیاوە کە ئێستا ئاوریان تێبەردا.

ئەلڤین وەک هەموو خەڵک دەرچونی رووناکی لە گیانی بەندکراو بینی و سەرسام بوو. نەیدەزانی چۆن و بە چی ناوی بێات؟ سیحر و جادو و یان خەون و خەیاڵ؟ بێجگە لە رەسەنی مرۆڤ تەنیا دێوە ترسناکەکانی دەریاچەی تۆقێنەر کە هیچی نەمابوو بە دەستیان بکوژرێن و بخورێن شتێکیتری نەبینیبوو , هیچیشی دەربارەی رەسەنە نایابەکان و باکور نەدەزانی.

ئۆرا لەنێو ئاگرەکەدا سوتا بێئەوەی هاوارێ بکا و دڵی بندنیاییەکان

خۆش بکا، سەفەرێکی بێدەنگی کرد و لەم دنیایە دەرچوو، چونکە لە رەسەنە نایابەکان بوو شەپۆلی ئاگرەکە رووناکییەکی زۆری لە جەستەی دەرهێنا کە تەواوی بندنیاییەکانی تۆقاند. تیۆدلینا هەر بەدەوری گۆڕەپانەکەدا دەسوڕاوە، ئەو هەرگیز مەرگی کەسێکی بەو شێوەیە نەبینیبوو.

ئەم رووداوانە هاوکات بون لەگەڵ رۆشتنی هەڤسار و سێ کوڕەکەی بۆ ژوری کچەکەی تا مالئاوایی لێبکا، ئەوە نەریتی هەموو جارێکی بوو کە دەچوو بۆ جەنگێ، دەهات مالئاوایی لە سایە دەکرد. دوو پاسەوانی پێش دەرگاکەی هەر کە هەڤساریان بینی، خێرا بەردەرکەیان چۆڵکرد، پاڵی بە دەرگاوە نا و بەدەنگێ بەرز: سایە...

کەس وەڵامی نەدایەوە، دووبارەی کردەوە: سایە...سایە؟!

بۆ چەند چرکەیەک چاوەڕێ ما، بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە، سەری سوڕاند و ژوورەکان گەڕا، کەسی نەبینی، بەنیگەرانی و بەدەنگێ بەرز هاواریکرد: پاسەوان.

پاسەوانەکان ترس گرتنی و نەیاندەوێرا سەر بڵند بکەنەوە، بەپەلە هاتنە ژوورەوە: بەڵێ گەورەم.

- سایە و خزمەتکارەکانی لەکوێن؟

پاسەوان بە سەرسوڕمانەوە گوتی: گەورەم دەبێ لە ژوورەوە بێت،

گەریش لەوێ نەبێ نازانین، بەڵام ئەوەندەی ئێمە بزانین، کەس هاتوچۆی ئەم ژورەی نەکردوە.

هەڤسار زۆر کاتی بەدەستەوە نەبوو، شەڕکەرەکان لە گۆڕەپانەکەدا چاوەڕێیان دەکرد، ددانەکانی چیڕ کردەوە و بە تورەییەوە چووە دەرێ، یەکجار نیگەران و سەخڵەت بوو، هەرگیز بێئۆقرەیی وا گەمارۆی نەدابوو، ئاڵۆزیی مێشکی دەکوتا و خەمی سایە ماخۆلانی پێگرتبوو، لەبەرخۆیەوە دەیپرسی: دەبێ لەکوێ بێت؟!

بەرەو گۆڕەپانەکە چوو، هەنگاوەکانی کەمێ خاوکردەوە و ئاوڕیدایەوەبۆ کوڕە ناوەنجیەکەی: بڕۆ بزانە سایە چی بەسەر هاتوە و لەکوێیە؟ زووبە هەواڵێکم بۆ بێنە.

- فەرمانتە.

ئیدی لەگەڵ دوو کوڕەکەی خۆیان گەیاندە لای هێرۆدۆس، کە لە ناوەندی گۆڕەپانی قەڵاتەکەدا سواری ئەسپێک ببوو، هەموو ئامادەکارییەکی سازدابوو بەو جۆرەی کە هەڤسار لێی خواستبوو. لەگەڵ دوو کوڕەکەی سواری ئەسپەکان بون، سی شەڕکەری پیادەش لە پێشیانەوە ڕێزبون، هەڤسار دەستی بڵند کرد و دەنگی شەیپور بەرزبۆوە، شەڕکەرەکان بەڕێ کەوتن و لە دەروازەی باکوری قەڵا تێپەڕین. زۆری پێنەچوو کوڕە ناوەنجیەکەی هەڤسار بەپەلە خۆی گەیاندە ئەوان و لە باوکی

نزیکبۆوە، هەڤسار هێشتا لەبێئۆقرەییدا ئارامی بەخۆی نەدەگرت، بواری نەدا دەم بکاتەوە: ها چیت زانی؟

- بەرەبەیان سایە بە گالیسکە بینراوە بەرەو کۆشکی خۆمان هاتووە.. هیچ جێگەی دڵەڕاوکێ نییە.

بەڵام هەڤسار ئەو قسەیەش ساردی نەکردەوە، گومان لەناخیدا گەرای دادەنا: بۆچی سایە بەو بەرەبەیانە گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە؟!

سەری لێدەرنەدەچوو، لە بێچارەییدا دڵخۆشی خۆی دایەوە: هیچ نییە... چی بوە، ماڵ پڕە لە خزمەتکار و پاسەوان.

بێئاگابون کە سایە خۆی فرێداوەتە نێو مەترسیدارترین هەڵوێستەوە، ئەو پەردەی لەسەر نهێنییەکانی ئەو سەرزەمینە لادابوو، تەنیا چەند هەنگاوێکی مابوو بۆ یەکجارەکی لە بندنیاییەکان دەرباز بێ بەڵام دەرگای ڕەشکرایەوە و هەموو شتێ بە ترس و سیمایەکی تۆقیوەوە لەجێی خۆیان وشک هەڵاتن، لەوێدا ئومێد و هیواکان بونە هەڵم، ئێلندیا و هادریان و ئیڤا ئەو کەسەیان نەدەناسی کە هەموو بونەوەرێکی لەوێ هێنایە لەرزین، بەڵام کە لێیاندەڕوانی دەرکیان دەکرد ئەمە کەسێکە تەنانەت درندەکانیش لێی دەسڵەمنەوە. لە پشتییەوە ژنێکی کورتە بالا خۆی نیشان دان، سایە باوەڕی بە چاوەکانی خۆی نەدەکرد پڕ بە گەروی هاواریکرد: هەی ناپاک...بەدرێژایی هەموو تەمەنم یاوەرم

بویت، چۆن توانیت ئەم ناپاکیەم لەگەڵ بکەیت؟

پیاوە کەلله زلەکە وردە وردە سور هەڵدەگەڕا و شێوەی ئاگری دەگرت، تورەیی و ڕق بست بە بستی جەستەی دەتەنییەوە، گەردنبەندێکی لە ملدابوو وەک ئەوەی هەڤساری باوکی. پیرەژنە یەکچاوەکەش بە پێکەنینێکی بێزارکارانەوە پەنجەی بۆ ڕاکێشا: بۆچی واتدەزانی من لەبەر خاتری تۆ لەگەڵتام هەی نەزان؟ نا.باش حاڵی نەبویت.. من گوێ و چاوی میرغەزەبی گەورەم، ئەی تۆ بۆ ئەو نەکراویتەتە دیاری؟ ئەوجا بەڕێزەوە تەماشای پیاوە کەلله زلەکەی کرد، بچوکی و کارەکەی خۆی بۆ نوێکردەوە. سایە تەنیا میرغەزەبی لە دوورەوە بینیبوو، بەڵام دڵنیابوو کە ئەوە خودی میرغەزەبە بەرامبەریان وەستاوە. پیرەژنە یەکچاوەکە هەر لەیەکەم ڕۆژی هاتنی هامۆند بۆ ژورەکەی سایە کەوتبوە گومانەوە. ئەوێ ڕۆژێ کە سایە هەموانی کردە دەرەوە، دەرگاکەی بە باشی دانەخست، پیرەژن بە وردی گوێی لە قسەکانیان بوو، سایەشی دیت لە ئامێزی هامۆنددا، بەرەبەیان پاش ڕۆشتنی چووبوە ژورەکەی و لەوێ نەیبینیبوو، ئیتر دڵنیابیوو کە سایە بە چ نیازێ کۆشکی جێهێشتووە، پیرەژن خۆی بە یەکێ لە گوێیەکانی میرغەزەب دادەنا بەپەلە خۆی گەیاندە لای و تەواوی سەرگوزەشتەی سایە و هامۆندی بۆ گێڕایەوە.

بندنیاییەکان مرخە مرخیان دەستپێکرد ئەوان میرغەزەبیان بە پاشای سەردنیاکان دادەنا، ئامادەبون هەموو فەرمانێکی بێ چەندوچون جێبەجێ بکەن، ئاخر میرغەزەب هەر حەوت قاتی بندنیای دیتبوو، لەوێ رۆحی بەرامبەر تاجی هۆڵمان شا جێهێشتبوو.

میرغەزەب بەرەو رووبان هات و بەهەموو هێز و توانای خۆیەوە شەپازلەیەکی سرەواندە رومەتی سایە، جێ پەنجەکانی بە روخساریەوە دەرچون و کەوتە سەر زەوی، فرمێسک تەزیبە چاوی و لێوەکانی لەرزین، دڵی پڕ ببوو، ئیڤا چاونەترسانە یەکڕاست چووە لای دەستەکانی گرت و بڵندی کردەوە، ئێلندیاش بەپەلە چوە نزیکییەوە و وا خۆیان نیشان دا کە ئەمجارە بەزیندویی خۆیان رادەستی بندنیاییەکان نەدەن. میرغەزەب بە رکوکینەیەکی زۆرەوە چاوی بڕیبوە کلیلەکەی دەستی سایە:

باوکت هەموو ژیانی لە خزمەتکردنی منداً بەسەر بردوە، تەنیا یەک شەڕی ماوە ئەنجامی بدات، دواتر خزمەتکارییەکەشیم ناوێ، کەسێ نەتوانێ ئەوەی پێم بەخشیوە بیپارێزێ و کچەکەی بێتە نێو بندنیاییەکان و هەوڵی ئازادکردنی یەخسیرەکان بدات، چیدیکە نابێ لە ژیاندا بمێنێ...دەزانی لەمرۆژانە بەتەمابووم لە باوەشت بگرم؟

سایە کە چاوەرێکردنی ژیان لەلای ببوە مەحاڵ، بوێرانە هەستایەوە

و رووی تێکرد: پێتوانەبێ زۆر پەرۆش بوبم و چاوەڕێی تۆم کردبێ، هەموو کات مردنم لا خۆشتر بوە تا لە تۆوە نزیک بم، بەتایبەتیش ئەو ئارەزوەم زیاتر بوو کاتێ زانیم تۆ چیت.

چاوەکانی هێندەیتر سور بون: کەواتە لەم بندنیایە لەگەڵ هاوڕێکانت دەمری و دەبیە ژەمێکی بەتامی ددان تیژەکان، بەڵام پێشنیارەکەم بڕۆم با دوا مزگێنیشت پێرابگەیەنم، دوای تەواوبونی ئەو شەڕە باوکت و سێ براکەت هەروەک چۆن پیلانیان بۆ لەناوبردنی خۆشەویست و هاوڕێکانت داڕشتبوو، خۆشیان بە هەمان چارەنوس دەگەن، دوای سەرکەوتنیان لە شەڕەکان کارم پێیان نامێنێ و دەبێ بکوژرێن.

تەماشای بندنیاییەکانی کرد کە بە ترسەوە چاوەڕێ بون: بیانکوژن... هەر چواریان خۆراکی ئەمرۆتانە.

چیدیکە نەوەستا و دەرگا ڕەشە ئاسنینەکەی بەسەر سایە و ئیڤا و ئێلندیا و هادریاندا داخست، بندنیاییەکان لە میرغەزەبەوە مۆڵەت دران پەلاماریان بدەن، بۆیە وردە وردە لێیان نزیکدەبونەوە و ئەوانیش هەرچەندێ تەماشای ئەملاو ئەولایان دەکردو ڕێی دەربازبونیان شک نەدەبرد. ئیتر مەرگ هەنگاو بەهەنگاو لێیان نزیک دەبۆوە. بندنیاییەکان دادنەکانیان تیژتر کردەوە، چڕنووکەکانیان ئامادەبون مەرگ لە جەستەی هەر چواریاندا نەخش بکەن، سایە بەدڵەکوتە بەرەو

دواوە پاشەکشەی کرد، لەگەڵ مردندا خەریک بوو دەبونە هاوەڵ، مردنێ دوور لە هامۆند، هامۆندیش بێئاگا لە رووداوەکان، نەیدەزانی کە سایە لەبەر خاتری خۆشەویستی و رزگارکردنی ئازیزەکەی و سوککردنی تاوانەکانی باوک و برایەکانی، بەرامبەر کار و کردەوە کارەساتبارەکانیان بۆ سەرزەمینەکان , پێی لەسەر هەموو ژیانی ناوە و ئێستا لە مەترسیدارترین شوێن لە بندنیا ئاخەرین چرکەکانی ژیانی تێدەپەڕێنێت. لە جێیەکی دوور فکر و خەیاڵی سایە لە باوەش دەگرێت، ئەویش هەروەک ئەلفین لە بێدەنگی خۆیدا نغرۆ ببوو. ئەوان بە یەکجاری لەشار دوورکەوتنەوە بەرەو سەرزەمینەکانی رۆژاوا. بەڵام تێۆدلینا نەیتوانی بەئاسانی لەنێو قەرەباڵغییەکەی ناو شار قوتار بێ، لەگەڵ ئەوەشدا بێئومێد نەبوو، ملی رێگەی گرتەبەر و شوێن پێنج هەزار جەنگاوەرە پاڵپشتەکان کەوت. ئەم هێزەی ناوی جەنگاوەرە پاڵپشتەکان بوو تێکەڵەیەک بون لە رەسەنی مرۆڤ و بندنیاییەکان، بەڵام ئەوانەشی کە لە رەسەنی مرۆڤ لەگەڵیاندا بون، لە درندەییدا هاوشانی بندنیاییەکان بون، ئەوانە تەنیا گوێڕایەڵی فەرمانەکانی میرغەزەب بون، ئامانج و بیرکردنەوەیان هەر کوشتن و بەسوتماککردن و وێرانکاری بوو، ئەوە راستییەک بوو کە زۆرینەیەک لەبارەی ئەم هێزەوە نەیدەزانی. تێۆدلینا هەرچەندێ تەماشای سەر و سەکوتی

دەکردن، ئەو مەترسی و هەڕەشانەی تێدا دەخوێندنەوە بۆیە بەڕاستی خۆی لێدەپاراستن، هەرچەندێ هەوڵی دەدا لە لارێگەکانەوە بچێ و بگاتە لای هاوەڵەکانی، بەڵام تێپەڕبون لە پێنج هەزار شەڕکەری دڕندە و بێبەزەیی سەرکێشییەکی گەورە بوو، هاوکات رێگەکەشی هێندەی دیکە دوور دەخستەوە، بە ناچاری دەگەڕاوە دواوە بێئەوەی کەس هەستی پێبکا. نزیکەی دە رۆژ و دە شەو بەو سەرما تاقەت پرۆکێنە رێگەیان بڕی، هێزی قەڵغان سوڕەکانیش لە پێشەوە، سوپایەک بون لە گەنجی گوندەکانی ئەو سەرزەمینانەی بەر وێرانکاری کەوتبون، لەنێو بەفر و سەرماکەدا رێیان تەی دەکرد، وەک ئەوەی بیانەوێ بە ئەنقەست بەرەو ئەوێیان بەرن تا بە یەکجاری بنبڕیان بکەن، چونکە ژیانی ئەو گەنجانە بۆ ئەوان چ بەهایەکی نەبوو، هەروەها مردنی ئەوانەشیان بە قازانجی خۆیان لێکدەدایەوە، ئەوانە نەوەیەکی نوێی بەهێزیان لەو ڕەسەنانە نەدەویست، لەبەرئەوە گەر لە هەڵمەتەکەشیاندا سەرکەوتوو بونایە، هەر ڕووبەڕووی لەناوچونیان دەکردنەوە.

تێۆدلینا ئەو دەمەی لە سەرزەمینی خۆیدا تەنیا چاوی بە بەهار ئاشنا ببوو، کاتێکیش هاتە سەرزەمینی ناوەڕاست پاییز و هاوینی بینی، ئێستاش لەم سەرزەمینە نوێیەدا چاوی بە بەفر و زستان و کرێوە دەکەوێ، هەرگیز باوەڕی وا نەبوو وەرزێکی وا سەرنجڕاکێش

و جوان، هێندەش بێبەزەیی و کوشندە بونی هەبێ. ئەو بە تەواوی لە سەرزەمینی میرغەزەب و ناوەڕاست دوورکەوتبۆوە، ئیدی ئەوە باشترین دەرفەت بوو بۆی وەک هاوڕەسەنەکانی پشت بە چاوی هەڵۆ ببەستێ، کە لەو دەمەدا بەسەر هێزەکاندا دەسوڕاوە، بەو جۆرە توانی هەموو رێگەکان ببینێ. پێش ئەوەی شەڕکەرەکان بگەنە بن چیا و لەوێوە بسوڕێنەوە بۆ لای دارستانێ، کە روبارێکی پان و بەرین دەهاتە پێشی، تیۆدلینا پێش ئەوان تولەڕێیەکانی گرتەبەر و گەیشتە نێو دارستان، کەوتە پێش سوپای پاڵپشت و دواوەی هێزەکەی ئەلڤین. ئەلڤین و هێزەکەی گەیشتنە بەردەمی روبارەکە و دەبوو بەسەر دارێکدا بپەڕنەوە کە بە ناڕەحەتیەکی زۆر گالیسکەکانی بەسەردا دەڕۆیشت. ئەو بەدرێژایی سێ رۆژی رابردوو کاس ببوو بەدەست پرسیارەکانی نۆردمەن و هاموند و تاڤێن و تەنانەت ساویلکیش، کە رۆژانە لێیان دەپرسی ڕ وەختی ئەم هێزە بەجێدێڵن، بەڵام ئەو هەرچەندێ دەیڕوانیە روخساری ئەو هەموو گەنجە بێدەسەڵات و هەژارەی شوێن پێی ئەو هەڵدەگرن بەرەو چارەنوسێکی نادیار، ڕادەما و بەقوڵی دەکەوتە نێو داڵغە و خەیاڵاتێکی زۆرەوە، لەناخەوە پەشیمانی دەیگرت کە بەجێیان بێڵێ، هەستیدەکرد بەرپرسیارە لە ژیانی ئەو پێنجسەد گەنجە جەنگاوەرە، بەڕاستی نەیدەتوانی بەجێیان بێڵێ، بۆیە هەموو

کاتێ بە هاوەڵەکانی دەگوت: بوەستن...ئەمشەو گونجاو نییە، بیخەنە شەوێکیتر.

بەڵام شەوەکەی تریش دەهات و هەر لەنێو هێزەکەدا دەمانەوە، بەو شێوەیە رێگەیەکی دوور و درێژیان بڕی. کاتێ گەیشتنە نزیکی پردەکە ئەڵقین هاواریکرد: بوەستن...

بەفرێ زۆر پردەکەی پۆشیبوو، مەترسی لێدەکرا، ئەڵقین رۆشتە ئەوبەر و دووبارە گەڕاوە، دڵنیابوو کە جێی مەترسی نییە، ئەوجا بە نۆردەنی گوت: برۆ ئەوبەری روبار و هاوکاری ئەو جەنگاوەرانە بکە کە دێن.

جەنگاوەرەکان بەم کردەوەیەی ئەڵقین سەرسام بون، چونکە پێشتریش بەو ئەزموونانەدا تێپەڕیون، بەڵام هیچکاتێ فەرماندەکان ئامادە نەبون سەرەتا قوربانی بەخۆیان بدەن و هێندەش خەمخۆری جەنگاوەرەکانیان بن، لەبەرئەوە بە پرسیار و سەرسوڕمانەوە تەماشای یەکتریان دەکرد، وردە وردە هەنگاویان نا بەرەو پەرینەوە، ئەوی کێشە و گرفت بۆیان، گالیسکەکان بون کە خۆراکێ زۆریان هەڵگرتبوو، بە ناڕەحەتیەکی زۆرەوە ئەڵقین هەر پێنجسەد جەنگاوەرەکەی بە گالیسکەکانەوە بەڕێکرد، ئیتر هەر خۆی مابوو، تەماشای ئەوبەری کرد بۆ دڵنیابون ئەوجا پەڕییەوە. هەمویان چوونە ئەوبەر، ئاگاداری

ئەوە نەبون تێۆدلینا بە پەلە بەرەو لای پردەکە دێت، لەخۆشی ئەوەی کە ئەلفین و هاوەڵەکانی دۆزیوەتەوە، بەپەلە وەسەر پرد کەوت و بەڕاکردن بەرەو ئەمبەر هات، چونکە بەفری لەسەر بوو هەم روبەرێکی بچوکیشی هەبوو، پێی هەڵخلیسکا و بێئەوەی دەرفەتی هاوارکردنیشی هەبێت، کەوتە نێوەندی روبارەکەوە، نوقم بوو و جارێتر سەر ئاو کەوتەوە .هەموو جەنگاوەرەکان بینییان کە یەکێ لەنێو روبارەکەدا پەلە قاژەیەتی، دەوروبەری خۆی تێگەیاند، بەڵام هیچ کامیان مەلەیان نەدەزانی و نەشیاندەزانی چی بکەن، هاوکات فێریش نەکرابون دەستی یارمەتی بۆ کەس درێژ بکەن، هەر کەسێکیان لێ کوژرابا هەر لەخۆی دەرۆشت و بەلای کەسەوە گرنگ نەبوو. ئەلفین زانی دۆخێکی نائاسایی هەیە، یەکێ کەوتۆتە نێو روبارەکەوە، بێ دوودڵی خۆی فرێدایە نێوی و بە نیمچە مەلەزانییەک خۆی گەیاندە لای لێقەوماوەکە، ئەم کردەوەیەی ئەلفین جەنگاوەرەکانی سەرسامکرد، ئاخر ئەوان ماوەی چەندێکە لە سەرزەمینی ناوەڕاست فێری ئەوەیان دەکەن، هەر کەسێ پیر و لاوازە یان توشی رووداوێک بوە و بریندار بوە، باشترە بمرێ و نابێ دەستی هاوکاری و یارمەتی بۆ درێژ بکرێ، بۆیە ئەم ئاکارەی ئەلفین شتێکی گرنگی لەناخدا جوڵاندن. هاموند خێرا لە کەناری روبارەکە نزیکبۆوە و بەدوای هەردوکیاندا دەگەڕا، هاواریشی لە جەنگاوەرەکان کرد:

چاوەڕێی چین وەرن... وەرن.

هەموو جەنگاوەرەکان لە کەناری روبارەکە ڕیز بون و شوێن پێی هاموندیان هەڵگرت. بارودۆخی تیۆدلینا زۆر مەترسیدار بوو. ئەو لە هەموو ژیانیدا تەنیا یەک جار مەلەوانی کردبوو، ئەویش لە دەریاچەی روویاک لە سەرزەمینی کیسەڵە گەورەکان. بۆیە ئالۆزییەکی گەورە بوو بۆی ئەو کاتانەی ژێر ئاو دەکەوت و بەپەلە پێیەکانی دەبزواند تا خۆی لە مەرگێکی مسۆگەر رزگار بکات. دەبوایە بە هەر شێوەیەک بوایە ئەلفین خۆی بگەیەنێتە لای و دەربازی بکات، چونکە سەرمای ئاوەکە خەریک بوو هەست و هۆشی لەدەست دەدا و تواناکانی لاواز دەکرد. ئەلفین بە ماندوبونێکی زۆر گەیشتە لای تیۆدلینا و توند باوەشی پێدا کرد، بەهەموو توانایەوە دەیویست بیگەیەنێتە لای کەناری روبارەکە، هاموند خێرا لقەدارێکی درێژی بۆ شۆڕکردەوە تا خۆی پێوە بگرێ، ئەویش توند دارەکەی گرت و ئیدی نۆردمەن و هەندێ لە جەنگاوەرەکان بەپەلە هاتن لقە دارەکەیان ڕاکێشا تا هەردوکیان هێنانە کەناری روبارەکە. تیۆدلینا ئاوێکی زۆر چووبوە سیپەکانیەوە لە سەرمان دەلەرزی، جەنگاوەرەکان بە سەرسوڕمانەوە لە ئەلفینیان دەڕوانی، کە خۆی خستە ڕ مەترسیپەکەوە لەپێناوی کەسێتردا. ئەلفینیش سەرمای ببوو، بەڵام کاتێ بە وردی سەیری رزگاربووەکەی کرد، دڵەکوتە گرتی،

ئەوە یەکەمین جار بوو تیۆدلینا بە بێ خۆڵەمێشی سەر گۆنای ببینێ، هاتەوە پێشچاوی کە ئەمە هەمان ئەو کچەیە لە خەونیدا لە دارستانەکە بینیبوی بە سواریێ ئەسپەوە شەوقی دەداوە، هێندە خۆشحاڵی و شادی گرتی، سەرما و لەرزی لەبیرچۆوە، ئیتر زانی کە تیۆدلینا سەلامەتە و دواجار پێیگەیشتەوە. بەڵام دۆخی تیۆدلینا هێندە باش نەبوو قسەی لەگەڵدا بکا، بە جەنگاوەرەکانی گوت: یارمەتی بدەن، لەنێو گالیسکەکاندا شوێنێکی گەرمی بۆ ئامادە بکەن با پشو بدات.

گالیسکەیەکیان ئامادە کرد و ئەلڤین راخەر و پێخەفی گەرمی راخست، تیۆدلینای هەڵگرت و بردیە ئەوێ، جلوبەرگی بۆ ئامادە کرد، تاڤێن و سێ کچی بانگ کرد، کە پۆشاکەکەی بگۆڕن، بەخۆشی جلوبەرگە تەپەکەی لابرد، چونکە خەریک بوو جەستەی لە سەرما دەیبەست، بەڵام سەرما لە جەستەی تیۆدلینا نەدەبۆوە، لەرز چۆقە چۆقی خستبوە ددانەکانیەوە، زیاتر پێخەفیان بەسەردا دا و گەرمیان کردەوە. جەنگاوەرەکان ئەم فیداکاریەی ئەلڤینیان بینی، جۆرێک لە ئومێد لە ناخی دڵەشکاوەکانیان سەری هەڵداوە و هەستی خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی جێگای رق و کینەی گرتەوە.

چاوساغی هێزەکە لەسەرخۆ لەو رووداوانەی دەڕوانی، ئامارژەیەکی بۆ کردن کە زۆر دواکەوتوون و پێویستە پێ هەڵگرن. نۆردمەن و هاوڕێ

و تاڤێن و ساویلک به بینینی تیۆدلینا گەلێ خۆشحاڵ بون، ساویلک به پێکەنینەوە لێی نزیک بۆوە و پێیگوت: دەڵێی تریشقە گەڕایەوە. تاڤێن وەک ئەڵڤین بە پەلە جلەکانی تیۆدلینای بە هاوکاری سێ کچەکە گۆڕی و لە ناو ئێک لە گالیسکەکان کە بێجگە لە خواردەمەنی، چەند بەتانیەکی تێدابوو لەسەر ئێک دانرابون، بەسەر کەوت و دەستی تیۆدلینای گرت و رایکێشایە نێوبیەوە. دوو دانەی لە بەتانیەکانی بەسەردا دا، ئەوانیتریشی ولە دەوربەری دانا. سەرەڕای ترس و سەرما بە پرچە ڕەشە قەترانیەکانی و چاوە کەسکەکانی دەدرەوشانەوە و ڕومەتی ڕووناک و کەمێک سور بەڵام جوان و سیحراوی بون , جوانترین و سەرنجراکێشترین کچی سەرزەمینەکان بوو. جەنگاوەرەکان هەر لە کۆڕ و کچەکان نوقمی سەیرکردنی ببون، بەڵام تیۆدلینا کە لێوە سورەکانی لە سەرمان دەلەرزین بە هەموو خۆشەویستییەکەوە لە ئەڵفینی دەروانی. ئەو ژیانی لە مردن رزگار کردبوو. ئەمەش ئێکەمین جار و دووەمین جار نەبوو. سەیر بوو , هەموو کات لە تەنیشت ئەڵفین هەستی بە ئەمان دەکرد. ئێستاش کە دووبارە بۆ لای ئەڵفین گەڕابۆوە هەمان هەستی ئارامشی لە دڵدا خانەنشین بووەوە.

نۆردمەن دەستی خستە سەر شانی ئەڵفین: بە بێوەی بۆت گەڕایەوە.

- سوپاس هاوڕێیان.

ئەلقین زۆری پێبوو بۆ تیۆدلینای بڵێ هەر لە پرسیار و سەرگوزەشتە و ڕازەکانی خۆی، بەڵام کاتەکەی گونجاو نەبوو، بەلاشیەوە گرنگ بوو تیۆدلینا بحەوێتەوە. ئەوەی ساویلک دەمێکی درێژ بوو دەیزانی , ئەوە ئێستا زانی کە مەبەستی لە تریشقە چیە. ئا.. تریشقە...تریشقەی خۆشەویستی کە لە دڵی دابوو.

لە سەرزەمینی ڕۆژاوا نزیکدەبونەوە، پێشتر دەگەیشتنە ئاستانەی هەر خاکێ ئاڵۆزی و پشێوی ڕووی تێدەکردن، بەڵام بۆ ئەم سەرزەمینە هەستیان بە حەوانەوەیەکی دەرونی گەورە کرد، لە دوورەوە خاکێک سپی دەچۆوە لە بەفردا، باڵندەکان بە ئاوازی جۆراوجۆر گەمەیان لەگەڵ شەکرە بەفردا دەکرد. شەویان بەسەردا هات و شەختە هەموویانی هێنایە لەرزین، نەیاندەتوانی لەوە زیاتر بەرەو پێشەوە بچن، بەتایبەتی باری تەندروستی تیۆدلینا بەرەو خراپی دەچوو، دەبوو لە شوێنێ ئارامیان بگرتایە و خێوەت هەڵدەن و ئاگرێ بکەنەوە. لە بن چیایەکی بەرز کە ڕەشەبا زۆر نەیدەگرتەوە، جەنگاوەران بار و بارخانەیان دانا، تەواوی پێداویستییەکانی گەرمبونەوە و خواردنیان ئامادە کرد. هامۆند لە ئەلقین نزیکبۆوە و پرسی: نازانم بۆ ئێمە شەڕی گوندەکانی ڕۆژاوا بکەین؟

ئەلقین تەماشای ئاگرەکەی دەکرد هێشتا هەر توڕەییەک لەدڵیدا

بەرامبەر هاوڕێ مابوو، نەک لەبەرئەوەی کە گەردنبەندەکەی بردوە بەڵکو لەبەر بێمتمانەییەکەی بە ئەڵفین، کە ئەگەر بەدروستی مەسەلەکەی تێگەیاندبا، رەنگ بوو بەخۆی گەردنبەندەکەی پێدابا، چ وەڵامێکی بۆ هاوڕێ نەبوو، نۆردمەن لێیان نزیکبۆوە و لەبری ئەڵفین گوتی: دەڵێن خوداوەندە گەورەکانی ئێمەیان تێک و پێکداوە و لە ژێر فەرمانی میرغەزەب دەرچونە، تاوانبارەکانیش ئاشکران و ئامادەش نین رادەستیان بکەن، لەبەرئەوە دەبێ بکوژرێن و بە سزا بگەیەنرێن. ئەمجارە هاوڕێ لەسەرخۆ قسەی کرد، وەک ئەوەی گوێیەکانی میرغەزەب لەو نێوەدا بن: بەڵام یەک خوداوەند سەری لێنەکراوەتەوە و هەموو شتێکی بینیوە، گوندەکانی رۆژاوا دەڵێن ئەو خوداوەندە دەزانێ کێ وایکردوە لەو بپرسن، با هەموو شتەکانتان بۆ بگێڕێتەوە، باشە ئەو خوداوەندە بۆ قسە ناکات و کەسەکان ئاشکرا ناکات؟

نۆردمەن نەیزانی چۆن وەڵامی بداتەوە، هاوڕێ درێژەی بە قسەکانی دا: باشە بۆچی تا ئێستا قسەیان نەکردوە؟ ئەرێ چۆن ناوەوەی خوداوەند، بەردی شاخە و بەدەست دەتراشرێ؟ پێم بڵێن ئەو پیاوە بۆ ئاگری تێبەردرا؟ بۆچی گوتی عەرد خرە و بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، مەبەستی چی بوو لەوەی لە نهێنیەکانی سەرزەوی بێبەشکراوە بیدۆزنەوە؟ کریستاڵ چییە و لەکوێیە؟ ئەو رووناکیە چی

بوو لە گیانی دەردەچوو؟

ئەڵقین و هاوەڵەکانی لە سەرزەمینی خۆیاندا بت و بتسازیان نەبینیبوو، ئەوان لە شوێنی خۆیاندا سەرنجیان لە سروشت دەدا، لەنێویدا گەورە ببون بۆیە خواوەندیان لە بتدا نەدەبینی و تێروانینێکی ئەڕێنیان لەسەر ئەو باوەڕە نەبوو، کاتێ گوێی لەو مشتومڕانە بوو گوتی: قسەکانتان هەر هەموی ڕاستە، خواوەندە دەست تراشییەکان نە ڕەنگ و نە دەنگ و نە جوڵەیان هەیە، ئەوان هەر ئەو شاخ و داخ و بەردەن، کە لەدەوروبەرماندایە و بەدەستی خۆیان دروستی دەکەن، ئەو بەردانە خواوەند نین، بەڵکو هەر تاشەبەردەکانن و لەوە زیاتر چیدیکە نین.

ئەڵقین پێی خۆش نەبوو شەوگارەکە بەو قسانە بەرنە سەر، بەتایبەتی ڕوخساری ئەو پیاوەی هەر لەبەرچاو بوو، کە سەرنجی دەدا و دواتر چپەیەکی بۆ نارد پێشنیارەی بیسوتێنن : هیچی دیکەتان نییە باسی بکەن؟

نۆردمەن بە نیگەرانییەوە وەڵامیدایەوە: ئەدی چی بڵێین، ئەمە زیاد لە چل شەوە پێمان هەڵگرتووە و سەرزەمینەکانی میرغەزەبمان جێهێشتوە، هیچ بەڵگە و پاساو و بیانویەکمان لەدەستدا نەماوە، ڕیزەکانی ئەم جەنگاوەرە قەڵغان سورانە بەجێ نەهێڵین، نابینی تەنیا چەند ڕۆژێکمان ماوە بگەینە گوندەکانی ڕۆژاوا و گۆڕەپانی شەڕ گەرم

بێ، من نازانم تۆ چاوەڕێی چیت، ئەدی ئەمە بڕیار و پلانی خۆت نەبوو؟ تۆ نەتگوت لە یەکەمین دەرفەتدا ئێرە بەجێدێڵین؟

هامۆندش هەڵیدایە: زۆر کاتمان لەبەردەستدا نییە، ئێستاش کە تیۆدلینا گەڕاوەتەوە، ئەمشەو باشترین دەرفەتە خۆمان رزگار بکەین. ئەڵقین ورد دەیڕوانیە مەسەلەکە و لەسەرخۆ پێیگوتن: کە کاتی هات ئەوجا پێتان دەڵێم.

- ئا..بەڵام کاتمان ئیتر نەماوە، ئەوە لە گوندەکانی رۆژاوا نزیکبوینەتەوە. نۆردمەن زۆر شێلگیرانە پێیگوت، ئەڵقین چ وەڵامێکی نەبوو هەستایە سەر پێ بڕوات سەرێ لە تیۆدلینا بدات، بەڵام لەناکاو دە نەفەر لە جەنگاوەرەکانی هەڤسار بەرەو ڕوویان هاتن. جەنگاوەرەکان شمشێریان هەڵکێشا و راوەستان، هاتنی ئەوان لە ناکاو بوو، هەر دە کەسەکە چوونە بەردەمی ئەڵقین و یەکێکیان گوتی: هاتوین کچەکان ببەین.. شەڕگەکانمان چ چێژێکی تێدا نییە با بێن خزمەتمان بکەن.

ئەم داواکارییە لەسەرزەمینی میرغەزەبدا زۆر ئاسایی بوو، چونکە ئەوان کچ و ئافرەتیان لە ڕیزەکانی سوپادا بۆ کەیف و سەفای خۆیان بەکاردێنا، دەبوو ئەوانە خۆیان ڕادەستی ئارەزوی پیاوەکان بکردایە، ئەگینا دەکوژران گەر داواکارییەکەیان ڕەتبکرابایەوە. ئەوان دەیانزانی لەنێو هێزی قەڵغان سورەکان کچ و ئافرەتی جەنگاوەری تێدایە،

کە ژمارەیان نزیکەی پەنجا کچێ دەبوو، دەیانویست هەمان بەزمی نێو قەڵا لەو سەرزەمینە دووبارە بگێڕن. ئەڵقین ئەم دیاردەیەی بینیبوو، کچەکان توشی شڵەژان هاتن و لە ئەڵقینیان دەڕوانی کە چ بڕیارێ دەدا، ئەڵقین تەماشایەکی کردن بێگونامی و بێدەسەڵاتی تێدا دەخوێندنەوە، دەشیزانی ڕەتکردنەوەی داواکارییەکە لادانە لەڕێزەکانی میرغەزەب، بەڵام دیمەنی تاڤێنی هەر لەپێشچاو بوو کە بە چ شێوەیەک دەستدرێژییان کردەسەری و دواتریش ئۆرامی دڵخوازیان سەر بڕی، ئەمە بێجگە لە سوتاندنی پیاوە نەناسراوەکەش، هەموو ئەوانە بە بەرچاویدا دەهاتن و دەچوون، دیسانەوە لێیان دووبارە کردەوە: چیە گوێت لێ نەبوو کە ئێمە بۆچی هاتوین...چاوەڕێی چی دەکەی؟ دیمەنی کوشتنی دایک و باوکی و گوندە سوتێنراوەکان، دەمارەکانی گرژتر کرد، دووبارە سەیری کچەکانی کردەوە، دەیزانی چ چارەنوسێک چاوەڕێیان دەکات، گەر ڕادەستی ئەو دڕندانەیان بکا، ڕوویکردە پیاوەکان و نەترسانە ڕووبەڕوویان بۆوە: نە...ئەو کچانە لێرە دەمێننەوە.

سەیری یەکتریان کرد و پێکەنین: چی...چی..شێت بویت؟ دەزانی چی دەڵێیت؟ ئەمە فەرمانشکاندنی میرغەزەبە، ئەنجامەکەی ئاورتێبەردانە. ئەمەی باش دەزانی، بەڵام بەهەمان بوێرییەوە پێیگوتنەوە: باش

گوێتان لێبوو، کچەکان مۆڵەت نادرێن و لێرە دەمێننەوە.

- تۆ کێیت وا قسە دەکەیت؟

ئەلفین بیری لە پیرەمێردەکەی هاوسەفەریان کردەوە، کە ناوی باوکی لێ پرسی شێلگیرانە تەماشای هەر دە کەسەکەی کرد: ئەلفین کوڕی هۆڵماک تیۆدۆسم، ئێستاش کە زانیتان بگەڕێنەوە، دڵنیابن هیچ یەکێ لەو خواستانەی بۆی هاتون جێبەجێ ناکرێ.

چاویان سور بوو، چاوەڕێی ئەو وەڵامەیان نەدەکرد وێستیان شتێ بڵێن، نۆردمەن و هامۆند و تافێن و ساویلک بەرامبەریان وەستانەوە و گوتیان: گوێتان لێبوو، ئێستاش بگەڕێنەوە هیچ کچێ لەگەڵتان نایەت. تیۆدلینا سەرباری خراپی باری تەندروستی گوێی لەو قسانە بوو، دەیویست بزانێ ئەلفین چ بڕیارێ دەدات. دە نەفەرەکە شمشێرەکانیان ڕاکێشا، بەڵام هەر پێنجسەد جەنگاوەرەکە هاتنە دەست و شمشێریان لە کێلان هێنایە دەرێ، هەرگیز چاوەڕوانی هەڵوێستێکی وایان نەدەکرد، حەپەسان و چەند هەنگاوێ چونە دواوە، رکوکینەیەکی زۆریان لێدەباری: لەبیرتان بێ کە چ فەرمان شکێنیەکتان کردوە، ئەمە بە ئاسانی بەسەرتانەوە ناچێ.

سورانەوە و ڕۆشتن، ئەلفین بە نۆردمەنی گوت: شوێنیان بکەوە تا بە تەواوەتی دوور دەکەونەوە.

نۆردمەن و هاوڕێ دوویان کەوتن و سێ جەنگاوەریش بەشوێنیاندا، بێئەوەی کەس پێیان بڵێ.

ئەڵقین بەدەنگێ بەرز کە جەنگاوەرەکان گوێیان لێبێ، هاواریکرد: وریا بن، نۆبەتی پاسەوانیی بگرن نەوەک لە پڕدا بەسەرماندا بدەن.

جەنگاوەرەکانی دابەشکرد هەر چەند کەسێکیان لە شوێنێکدا پاسەوانی بگرن و چاودێری ڕێگەکان بکەن، بەخۆشی چووە سەر تاتەبەردێک لەسەر بەرزایی چیایەک و دانیشت. لەسەرخۆ چاوی بڕیبوە ئەستێرەکان و بە سەرسوڕمانەوە لەبەرخۆیەوە دەیگوت: ئاخۆ دەبێ ئەمانە چی بن؟!

ئەو وا هەمیشە گۆشکرابوو کە زەوی تەختاییەکە و لەسەر شاخی گامێشێکی گەورە وەستاوە و هەموو شتێ بەدەوریدا دەسوڕێتەوە، ئەڵقین هەمیشە مەراقی ئەوە بوو کە ئەو گامێشە دەبێ چەند زەبەللاح بێ و شاخەکانی چەندە بەهێز بن، ئیدی بیری لەوە دەکردەوە کە تەختایی ئەم زەوییە لە کوێدا کۆتایی دێت. تەواوی ئەم پرسیارانە هاواری ئەو پیاوە سوتێنراوە لە مێشکیدا وروژاندنی کە گوتی زەوی خڕە. دووبارە کەوتەوە خەیاڵ و بیرکردنەوەی دوورتر فڕی بۆ قوڵبونەوە لە جەوهەری بونی خۆی کە ئەو چییە و لەکوێ هاتوە و بۆچی دەمرێ. مەرگ لەهەموو شتێکیتر زیاتر گینگڵی بە مێشکی دەدا، بەڵام هیچ

یەکێ لەو پرسیارانە وەڵامێکی پێنەبەخشی تینوێتی زانینی بشکێنێ. ئەڵفین دەیزانی رێگەنەدانی بە بردنی کچەکان، زۆر گران لەسەری رادەوەستێ، بەڵام دەنگێ لە ناخیدا هاواری لێدەکرد کە رادەستیان نەکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەستێکی خۆش سەراپای تەنیبۆوە، رازی بوو بە بریارەکەی ئەنجامەکەشی هەرچییەک بێت. گەنجە جەنگاوەرەکان لەو هەڵوێستانەی ئەڵفین و هاوەڵەکانی رادەمان، گۆڕینێ لە ناخیان بەرپا بوو، ئیتر لەگەڵ یەکتریدا کەوتنە قسەکردن و پێکەنین و جۆرێ لە متمانە و دۆستایەتی زاڵ بوو بەسەریاندا، بەڵام لەگەڵ ئەو هەستانەشدا نیگەرانی و ترس لە چاوەکانیاندا چەکەرەی دەکرد، ئەوان دەرکیان بەوە پژابوو، ئەو شەڕکەرانە تەنیا چەند ساتێک رێگە لەوانەوە دوورن و چادریان هەڵداوە، لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی ئەڵفین لە کەسیان خۆش نابن و لەناویان دەبەن، وردە وردە هەندێکیان بێئۆقرەیی دەیپێچانەوە و چەند کەسێکیان دەنگیان لێ بەرزبۆوە: دەزانین بەو بڕیارەت دۆست و یارانی ئێمەت پاراست، بەڵام دەشزانین چیدیکە رزگاربونمان نابێ، پێش ئەوەی بگەینە گۆڕەپانی جەنگ، بەدەستی شەڕکەرانی هەڤسار دەکوژرێین.

ئەڵفین بەخۆشی دەیزانی کە کارێ ئاسانی نەکردوە، ئەو لە فەرمانێ یاخی ببوو، کە دەورانێکە رەوشەکە بەو شێوەیە بەرێوە چووە، بەڵام لە

پێناوی ئەو هاوەڵانەشی، مایەوە و تەریکی نەکردن بەدەم چارەنوسی خۆیانەوە، لەبەر ئەوانیش بوو فەرمانشکێنی کرد و بووە یەکێ لە یاخیبوەکان، چیدیکە لەو سەرزەمینەی هەڤسار تێیدا بالآدەست بێ جێی نابێتەوە، بۆیە پلانێ لە مێشکیدا سەری هەڵدا،کە ئەو کوڕ و کچانە بەرەو سەرزەمینێکی دوور بەرێت.

ترس لەنێویاندا جار بەجار گەورەتر دەبوو، چاویان برپیبووە ئەڤین بە تیۆدلیناشەوە، کە برپیار و هەڵوێستەکەی ئەڤینی لا پەسەندبوو، ئیدی قسەکانی ئێلندیای بیرهاتەوە کە لە گەرمەی شەڕ و شۆڕی جەنگاوەرەکانی ئاڤدوور و شەڕکەرەکانی سەرسنور بە گوێیدا چپاندبوو، کە لە کات و ساتێکی گونجاودا هەندێ راز و قسە هەن بە کەسێکی سەر بە رەسەنی مرۆڤی رابگەیەنێ. ئەو قسانەی ئێلندیا پەردەلادان بوو لەسەر یەکەمین رۆژی سەرەتا کە چوار سندوق و گۆچانێک بەسەر زەویدا بڵاوکرانەوە، ئەگەر رۆژێک شاژن رۆنا شتێکی بەسەرهات، ئەوا ئێلندیا ورد و درشتی شوێنی ئەو نهێنیانە بە کەسێکی وەک تیۆدلینا بڵێ تا ئەویش کەسێکی گونجاو لە رەسەنی مرۆڤ ببینێ و پێیرابگەیەنێ. تیۆدلینا هەرچەند سەرنجی ئەڤینی دەدا، هەستیدەکرد ئەو کەسە شیاوەکەیە، کە هەڵگری نهێنیەکان بێ و بیانپارێزێ، لەگەڵ ئەوەشدا دوودڵی دەیگرت و پەشیمان دەبۆوە، چونکە دڵنیانەبوو ئاخۆ

ئەڵفین شەڕ بەو جەنگاوەرانە دەکات هەروەک هەڤسار نەخشەی بۆ کێشاوە یان نا.

لەناکاو دەنگی لەرزۆکی تیۆدلینا، بێدەنگییە سامناکەی ئەوێی شڵەقاند: چ ئێستا و چ دوای شەڕپش، لە هەردو دۆخەکەدا بڕیاری کوشتنتان بەدەستی هەڤسار دەرچوە و هیچ کامێکتان بە زیندویی ناگەڕێنەوە. هەموو تاسان و بە شڵەژاوییەوە ئاوڕیان بۆ دەنگە لەرزۆکەکە دایەوە، تیۆدلینا ئەو کاتەی بە گونجاوترین وەخت زانی، رازە شاراوەکەیان بۆ بدرکێنێ، ئاخر ئەوان هەمویان بازنەیەکیان لەدەوری ئەڵفین دروستکردبوو، چاوەڕێ بون قسەیەکی دڵنیابەخش بڕژێنێتە دەرونیانەوە، ئەو بە باشی زانی تەواوی پیلان و مەترسییەکان بخاتەروو، هەریەکەیان راست و چەپی خۆی بزانێ و ئاگادار بێ بەرەو کوێ مل دەنێ:

هەڤسار بۆ تۆڵەسەندنەوە لە خوێنی بازرگانەکە، فەرمانی کوشتنی هەموتانی دەرکردبوو، بەڵام دواتر فەرمانەکەی کورتکردەوە بۆ کوشتنی ئۆرام و ئێوەش بەر بەزەییەکی کاتیی کەوتن و ئازاد کران، ئەمەش لەبەرئەوە نەبوو هەڤسار ئاگری تۆڵەسەندنەوە و تورەییەکەی دامرکابێتەوە و لە ئێوە خۆش بوبێ..نەخێر بەهیچ شێوەیەک وا نییە، بەڵکو ئێوە بەرەو سەرزەمینەکانی رۆژاوا بەڕێخران بۆ شمشێر

وەشاندن، لەوێدا یان دەکوژن یاخود دەکوژرێن، ئەگەر بەخت یار و یاوەرتان بێ و لە گۆڕەپانی شەڕ قوتار بون لە شەڕێک کە شەڕی ئێوە نییە و هیچ لەبارەی راستییەکانیەوە نازانن، ئەوا ئەو جەنگاوەرانەی بەدواتانەوەن کۆتایی بە ژیانتان دێنن.

ئالۆزییەکی زۆر کەوتە نێو کوڕ و کچەکانەوە، غەڵبەغەڵبێ لەنێویاندا دروستبوو، یەکێکیان ئارامی نەگرت، دەنگی بەرزکردەوە: تۆ لەکوێوە ئەم شتانە دەزانی..ها..کێ پێیگوتیت؟!

تیۆدلینا بێ پێچ و پەنا وەڵامیدایەوە: هێرۆدۆسی جێگری هەڤسار پێیگوتم.

یەکێ لە کچە جەنگاوەرەکان بە سەیرکردنێکی زۆرزانانەوە پێیگوت: تۆ هێرۆدۆست لەکوێ بینیوە؟ پاشان کەسێکی وەک ئەو چۆن ئەو نهێنییە گەورەیە بۆ تۆ ئاشکرا دەکات؟

کوڕە جەنگاوەرێ لە تەنیشتیەوە بوو، بە زەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێزەوە بۆی سەندەوە: بۆچی ئاشکرای ناکات..ها..ئەو چەند شەو و رۆژێ لە ژورەکەی ماوەتەوە، رەنگە دەزگیران و دڵخوازی بێ..

ئەو قسانە خەنجەرێ بون و لەدڵی ئەڤین رۆدەچوون، پەشۆکا و رەنگی هەڵبزڕکا. تیۆدلینا هەر زوو هەستی بە بێزاری و هەراسانی ئەو کرد، وەخۆی کەوت تا ئەڤین هێندەیتر پەشێوحاڵ نەبێ، بەپەلە

هاتەگۆ و ئەو ڕازەی فڕێدایە نێویانەوە کە دەمێ بوو حەشاری دەدا: من خۆشەویست و دڵخوازی هێرۆدۆس نیم، بەڵکو دڵی خۆم بە کەسێ بەخشیوە کە هێشتا خۆشی ئاگادار نییە.

سەرنجێکی ئەڵقینی دا کە لەنێو حەشاماتەکەدا خۆی دەخواردەوە.. تێۆدلینا پێشتر پەیمانی بە هێرۆدۆس دابوو، لە ژێر گوشاری هیچ باروودۆخێکدا،چ ڕاستییەک بۆ هاوەڵەکانی ئاشکرا نەکا هەتا لە سەرزەمینەکانی ناوەڕاستدا بێ، نەبادا ژیانی خۆی و هاوەڵەکانیشی بخاتە ژێر هەڕەشەوە، بەڵام ئێستا زۆر لەو سەرزەمینەوە دوورە، ئیدی پەیمانشکێنی نییە گەر لەوێ ڕاستییەکان بەهەموان بڵێ، بۆیرانە هاتە پێشەوە و پێیگوتن: بەخواست و ئارەزووی خۆم نەچومەتە لای هێرۆدۆس، وەک هەموو کێژەکانیتر بەزۆرەملێ براوم گەر ڕۆشتبم چونم بۆ ڕزگارکردنی ژیانی هاوەڵەکانم بوە، ئەو دەمەی لە ژورەکەی هێرۆدۆس بوم وەک زیندانییەک وابوم، بەڵام هێرۆدۆس خاوەن دڵ و دەروونێکی پاک بوو، منی لەزۆر مەترسی گەورە پاراست، گرفتی سەرەکی ئەو فەرماندەیە،سوێندەکەی بوو کە بەخوێنی باوکی خواردبوی، خزمەت بە ڕێزەکانی میرغەزەب بکا، ئەو سوێندە کۆت و بەندێ بوو لە گەردنیدا و نەیدەتوانی بیشکێنێ، هەرچەندێ ڕووناکییەک لەدڵیدا هەڵبوو، زۆرجار ڕێگری دەکرد بە کردەوەی خراپە هەستێ، ئەوەش

وایکرد لەو رۆژەدا هەموتان نەکوژرێن، گوتە و بیری ئەو بوو بۆیە چاکەی ئەو فەرماندەیەتان لەبیرنەچێ، کە لە سەرزەمینی ناوەراستی دوورخستنەوە هیچ رێگەچارەیەکیتری نەبوو، بۆیە راستیەکانی بە من گوت تا لە کاتی پێویستدا ئاگادارتان بکەمەوە...ئێستاش خۆتان سەرپشکن و ڕاستییەکان دەزانن، دەتوانن بڕیار بدەن، چ لە گۆڕەپانی شەڕدا بن بەرامبەر سەرزەمینەکانی رۆژاوا، کە لەروناکی نزیکدەبنەوە، مەرگێ بۆ خۆتان مسۆگەر بکەن، یان بەدەستی شەڕکەرانی هەڤسار بکوژرێن، کە لەگەڵ هێرۆدۆس بۆ کۆتایی هێنانی دەسەڵاتی سەرزەمینی گوڵەکان و شەرابی سور لەشکریان بەڕێخستووە.

ئەلڤین بەوردی گوێی لە قسەکانی تیۆدلینا راگرتبوو، ئەو دەمەی لەنێو قەڵادا بون ئازار پێچی دەدا، کە دەیدیت بەرەو ژوری هێرۆدۆس دەبرێ، هەرچەندە تەمی گومانێکی خەست لەسەر دڵی پەوییەوە، بەڵام کە زیاتر تێدەفکری نەیدەزانی ئەو متمانە گەورەیەی هێرۆدۆس لە چییەوە سەرچاوەی گرتوە، وا هەموو ورد و درشتێکی بە تیۆدلینا گوتووە، هاوکات مەراقیشی بوو ئاخۆ ئەو کەسە کێیە، دڵی تیۆدلینای بۆ خۆی بردوە.

هامۆند و نۆردمەن لەگەڵ چەند گەنجێکدا گەڕانەوە، ئەلڤین چەند هەنگاوێ لە شوێنی خۆی چوە پێشەوە و گوتی: ئێمە شەڕی هیچ

کەسێ ناکەین بەتایبەتیش سەرزەمینەکانی رۆژاوا بە پاساوی ئەوەی خواوەندەکانیان تێکشاندوە، لای من خواوەندەکانیان بەدەست داتاشراون، بێڕەنگ و بێجوڵەن و مافی خواوەندییان بەسەرەوە نەماوە، ئێمە کە لەنێو سروشتدا گەورە بوین، بە پاستییەک گۆشکراوین کە ئەوان خواوەند نین و تا ئێستاش چ قسەیەک لەبارەیانەوە نەکراوە.

بۆ کاریگەری قسەکانی لە سیمای هەمویاندا دەگەڕا، سەراپا مات و حەپەساو، ئەوجا بەدەنگێ بەرز گوتی: دەبێ هەر ئەمشەو کەلوپەل و پێداویستییەکانمان جەم بکەینەوە و بەزووترین کات تا پێمان دەکرێ و لاقمان بڕ دەکا، لە شەڕکەرانی هەڤسار دوورببکەوینەوە.

دەنگە دەنگ لەنێویاندا پەیدابوو، دواجار یەکێکیان بە بێزارییەوە وەڵامیدایەوە:

لەم شەوە سارد و تاریک و نوتەکەدا و بەم درەنگ وەختە چۆن بەڕێکەوین؟ ئێمە شارەزای ئەم سەرزەمینە نین، نازانین بۆ کوێ دەچین؟ گەر مکوور بی یان بزر دەبین یان لە سەرمادا گیان لەدەست دەدەین.

تێۆدلینا شارەزای ئەو سەرزەمینە نەبوو، بەڵام وەک هاوڕەسەنەکانی شەوانە چاوی بەباشی بڕی دەکرد و چەشنی رۆژی رووناک شوێنەکانی جیادەکردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نوزەی لەخۆی بڕی تا بزانێ ئەو

حەشاماتە دەگەنە چ بڕیارێ، هەرچەندە ئاڤدووری گەورە جەنگاوەر پێشتر پێیگوتبوو، لە سەرزەمینەکانی رۆژاوا لە هەموو سەرزەمینێکیتر زیاتر لە رووناکی و سەرەتا ونبووەکە نزیکدەبینەوە.

جەنگاوەرە چاوساغەکە بە درێژایی ئەو گەشتە لە پێشیانەوە دەڕۆیشت و پێ نیشاندەریان بوو، دەستمالّەکەی لە روو لادا و دەموچاوی ئاشکراکرد:

من بۆ خۆم یەکێکم لە جەنگاوەرانی سەرزەمینەکانی رۆژاوا، بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی دەمێکە لەنێو سەرزەمینەکانی ناوەراستدا دەسوڕێمەوە، تا ئێستاش نەتوانراوە ئاشکرا بکرێم، زیاد لەوەش توانیومە ببمە جێی متمانە و بڕوای هەڤسار کە پێیوابوو یەکێکم لە خزمەتکارانی و لە سەرزەمینەکانی رۆژاواوە زانیاری بەسودی بۆ دەهێنم. .لەبەرئەوە شارەزای ئەو رێگانەم کە دەچنەوە نێو سەرزەمینە دوورەکان، کراومەتە چاوساغی ئێوە، بەڵام شتێ کە ئێوە نایزانن ئەوەیە جەنگاوەرانی سەرزەمینەکانی رۆژاوا ئاگاداری هاتنتانن و ئەرکی منیش بردنتانە بۆ نێو بۆسەکەیان تا یەک بە یەکتان بکوژن.

ئەو قسانە چەشنی بروسکەیەک لەنێویاندا چەخماخەی دا، هەموویانی راچڵەکاند و لە خەوێکی قوڵی بێدارکردنەوە، پڕیان دایە خۆیان و شمشێرەکانیان هەڵکێشا، پڕ بە گەرویان هاواریانکرد: هەی فێڵبازی

قێزەون... بەنیازی هەمومان بەرەو مەرگ بەریت؟

چەند هەنگاوێ چونە پێشەوە، ئەڤین بەپەلە هاتە ڕێیان و دەستی بەرزکردەوە: ڕاوەستن..ئارام بگرن.

لە جەنگاوەرە ڕێبەرەکە نزیکبۆوە: وەک جەنگاوەری سەرزەمینەکانی ڕۆژاوا، هەر ئەوە چاوەڕێ لە تۆ دەکرێ، کە ئەرکی خۆت بەجێگەیاندوە، ج گوناهێکت لەوەدا نییە، بەڵام هەروەک گوتم ئێمە خوازیاری شەڕ نەک لەگەڵ سەرزەمینەکانی ڕۆژاوادا نین، بەڵکو لەگەڵ ڕۆژهەڵات و باشور و باکوریشدا ئەوە ناکەین، ئەوانە هەمویان بەخۆمان دەزانین و خۆمانیش بەوان دەزانم، سنورێکی جوداکەرەوە لەنێوانیاندا نابینین، تەنیا ئەوە نەبێ بە زۆرەملێ تخوبێ دەستنیشانکراوە، هەورە ڕەشەکان دڵ و دەروون و چاوی زۆر کەسی تاریک کردوە، ئەگەر لە تەواوی سەرزەمینەکان، لە هەر ڕەنگ و ڕەسەنێ پێویستییان بخوازێ، ئێمە ئامادەین بەرگری لە هەژار و لێقەوماوان بکەین، بەڵام ئێستا پێنج هەزار شەڕکەر ئاگاداری فەرمانشکێنی ئێمەن و تەنیا چەند فەرسەخێکیش لێمانەوە دوورن... بەدواماندا دێن، دەبێ هەر ئێستا لەم شوێنە گەمارۆ دراوە بەرەو جێیەکیتر بچین، هیچ نەبێ بڕۆینە جێیەک بتوانین باشتر بەرگری لە خۆمان بکەین..بۆیە دەبێ پێ هەڵگرین.

جەنگاوەرە ڕێبەرەکە هێشتا نهێنی دیکەی لە هەگبەدا حەشاردابوو،

پێیگوت:

بەڵام دەبێ باش بزانن شەڕکەرانی هەڤسار سەرلەبەریان سەر بە رەسەنی مرۆڤ نین، شەڕکەرە پیادەکانیان پێیان دەگوترێ شەڕکەرانی ئیفڵۆرد و بندنیا، ئەوانە جەنگاوەرێکن رووبکەنە هەر جێیەک، مەرگ و وێرانکاری تێدا دەچێنن و سەرزەمینەکەی دەکەنە سوتماک.

نۆردمەن لەو ناوانە سەرسام بوو: جەنگاوەری ئیفڵۆرد و بندنیا چین و کێن؟ تۆ ئەمانە لە کوێ دەزانی؟

ئاوڕی لێدایەوە: ئەوە دواتر بۆتان باسدەکەم، بەڵام راستیەک هەیە دەبێ ئاگاداری بن، شەڕکەرانی ئیفڵۆرد و بندنیا ناتوانن سواری ئەسپ و هەر جۆرە ڕەشەوڵاخێ بن، بەهۆی ناخی تاریکیانەوە هیچ ئاژەڵێ ئامادە نییە لەسەر پشتی خۆیانی دابنێ، شتێکیش کە هیچ یەکێکتان گوێبیستی نەبون، بەردەوامیی شەڕی ڕەسەنە نایابەکانە لە سەرزەمینەکانی باکور لەگەڵ جەنگاوەرە دووگیانەکان، ئیتر نهێنییەکان چیدیکە بە شاراوەیی نەماونەتەوە، سندوقەکانی ناوەراست و باکور دۆزرانەوە، لەگەڵ دۆزینەوەی سندوقی سەرزەمینەکانی ڕۆژاوا، دەبێ ڕەسەنی مرۆڤ بۆ سەرزەمینەکانی باکور و بەندەری ئاواتەکان پێ هەڵگرێ و لەگەڵ سندوقی ڕۆژهەڵات، هەر چواریان ئێک بگرنەوە. ئەو قسانە بۆ کوڕ و کچەکان جێی سەرسوڕمان بوو، ئەڵقین و

هاوەڵەکانی بەو گوتانە پستەکانی نۆرایان وەبیرهاتەوە، کە لە ناوەندی گۆرەپانی شار بە زیندویی سوتێنرا، ئەڵقین لەبەرخۆیەوە گوتی: سندوق و نهێنییەکانی سەرزەمینی باکور و بەندەری ئاواتەکان...ئەم قسانە چین و مانایان چییە؟!

جەنگاوەرەکەی رۆژاوا پێیدا دیار بوو ڕەسەنە نایابەکانی دەناسییەوە بەتایبەتی تێۆدلینا، بە سەرسوڕمانەوە تەماشای کرد و گوتی: بەڵام هەر من بە تەنیا نیم کە نهێنیم هەبێ، کەسێکی دیکەش لێرە هەیە زۆر نهێنی بەنرخ و گرنگی پێیە، هێشتا ئاشکرای نەکردوە.

لە تەماشاکردنەکەیدا لە هەمویانی گەیاند کە مەبەستی تێۆدلینایە، سەرجەم کوڕ و کچەکان ڕوویان بۆ لای تێۆدلینا وەرگێڕا، ئەو کاتەی بە گونجاو نەدەزانی لەوێدا پەردە لەسەر ڕاستییەکان لابدات، هاوکات پەلەیان بوو لەوێ دەرچن، خێرا خۆی قوتار کرد:

لە دەرفەتێکی لەباردا هەموو ڕازێکتان بۆ دەدرکێنم، بەڵام ئێستا لەمە زیاتر با کات بە فیڕۆ نەدەین و پێ هەڵگرین.

ئەڵقین کەمێ لە تێۆدلینا ڕاما توشی چ سەرسامییەک نەبوو، هێشتا زۆر سەرگوزەشتەی تێۆدلینای لا ڕوون نەبوو، سەرێکی ڕاوەشاند و بە جەنگاوەرە ڕۆژاواییەکەی گوت: بفەرموو با چیدیکە کات بەفیڕۆ نەدەین.

- ناتوانین پەله بکەین لە رۆشتندا ئەمرۆژانە بەفرێکی قورس دەکەوێ رەنگە بەشێکی زۆری رێگەی پێشمانی گرتبێ، ئەگەر یەکڕاست و رێک بەردەوام بین، دەکەوینە نێو بۆسەی جەنگاوەرانی رۆژاوا، ئەوان ئاگایان لەم کەین و بەین و دۆخەی ئێمە نییە، بۆیە بێدوودڵی دەمانکوژن، تەنیا رێگەیەک هەیە کە بەداخەوە چ شارەزای نیم، گەر تێیدا سەرکەوتوو بین، دەتوانین قەدبڕ لە جەنگاوەرەکان بدەین و خۆمان بگەیەنینە گوند و شارۆچکەکانی سەرزەمینی رۆژاوا، کە بەدڵنیاییەوە میواندارێتان لێدەکەن، بەڵام بمبورن ناتوانم چ بەڵێنێکتان پێبدەم بۆ گەیشتن بەوێ...بەڕاستی شارەزای ئەو رێگەیە نیم.

ئەڵقین دەیزانی چ رێگەچارەیەکی نییە، رووبکردە کوڕ و کچەکان: دەزانم دنیا تاریکە و سەرما تا ئێسک دەمانتەزێنێ، بەڵام ناچارین و دەبێ ئێستا بەڕێ بکەوین کە تۆ شارەزایت و دەزانی بەفرێکی قورس و گران لە پێشمانە و رێگریمان دەکا، گەر پێ هەڵنەگرین کەواتە پێشمانکەوە با بەزووترین کات لە هەڕەشەکانی هەڤسار دوورببکەوینەوە، خۆمان بگەیەنینە جێیەکی ئارام.

جموجوڵ و ئاڵۆزی لەنێو جەنگاوەراندا دەستی پێکرد. وەڕێ کەوتن و بایەکی سارد هەنگاوەکانی خاوەدکردنەوە، جار جار کڕێوەی بەفر روخساری دەپێچانەوە و زەمین و ئاسمانی لێکردبونە پۆشاکێکی

سپی زۆر سارد. شەڕکەرانی هەڤسار و بندنیاییەکان لە دوایانەوە بون، بۆسەی جەنگاوەرانی سەرزەمینەکانی رۆژاواش لە پێشیانەوە چاوەڕێیان دەکردن، ئیدی نە ڕێی گەڕانەوەیان بێوەی بوو نە پێشڕەویکردنەکەشیان، دەبوو خۆیان لە هەردولا دەرباز کردبا. هەورەکان سپیتر دەبون و مزگێنی بەفرێکی قورسیان دەدا. ماوەی سێ شەو و سێ رۆژ رێگەیان بڕی، خۆشیان نەیاندەزانی ڕووەو کوێ مل دەنێن. بە یەکجاری لە چیاکان نزیکبونەوە و ڕێگە پڕ کەند و کۆسپەکانیان بڕی و لەوێوە شۆڕبونەوە بەرەو خوارێ، ڕووەو دەشتێکی پان و بەرین کە چیاکان گەمارۆیان دابوو، لوتکەکانیان لە ئاسماندا ئارامیان گرتبوو، پەلوپۆی درەختی سنەوبەرەکان لەژێر باری بەفردا لوتیان داژەنیبوە زەوی.

ئەنفێن بەوردی سەرنجیدایە دەشتاییەکە، بەڵام وەک دەشت نەدەهاتە پێشچاوی لە پێشەوە دەرۆشت، چاوەکانی زیاتر زەقکردەوە، ئەوێ دەریاچەیەکی گەورە بوو لەنێوانی چیاکاندا بەهۆی سەرما و شەختەوە، چینی سەرەوەی یەکپارچە سەهۆڵبەندان بوو، ئیدی ئەنفێن هەستیکرد ڕۆشتن بەسەر دەریاچە بەستوەکەدا کارێ مەترسیدارە، لەگەڵ ئەوەشدا بواری گەڕانەوەی تێدا نەمابوو، وەستا و بە نیگەرانیەوە ئاوڕی لێدانەوە:

دەبێ یەک لەدوای یەک، دوورادوور بە ئارامی بێرەدا تێپەڕن... هیچ ڕێگەچارەیەکیترمان نییە... ئاگاداری خۆتان بن.

ئەڵقین خۆی یەکەمین هەنگاوی نا، بەدوای ئەودا تیۆدلینا، ئەوجا تافێن و ساویلک و هامۆند و نۆردمەن شوێنی کەوتن، ئیدی کوڕ و کچەکانیش لەگەڵ گالیسکەکاندا لەسەرخۆ جوڵان، جاروبارێکیش ترس و تۆقین گیانی دەلەرزاندن، کاتێ قرچەی شکان و درزبردنی سەهۆڵبەندانەکەی ژێر پێیان دەهات، بە ساکاوییەوە تەماشای خوارەوەیان دەکرد، تارمایی ماسیە گەورە و بچوکەکان لە گەمە و مەلەی خۆیان بێزار نەدەبون. لەنێو دڵەتەپە و ترسێکی زۆردا توانییان سەهۆڵبەندانەکە ببڕن، بەدرێژایی ئەو ماوەیە تەنیا چەند هەنگاوێکی کەم لە مەرگەوە دوور بون، ڕۆژێکی تەواویان لە ناخۆشترین ساتەکانی ژیانیان بەڕێکرد، تا ئەو ڕادەیەی کاتێ گەیشتنە چیا ڕەنگ سور و بەرزەکان، بەسەرسوڕمانەوە ئاوڕیان لە دواوە دەداوە، بۆیە بە گوڕ و تینێکی زۆرەوە بەرەو پێشەوە هەڵمەتیان دەبرد، دەیانویست وەک باڵدارەکان بنیشنەسەر سنگی ئاسمان و بەپەلە ئەو دەڤەرە جێبێڵن. هێشتا دنیا بە تەواوی تاریک دانەهاتبوو، چاویان بە شتی سەیر و سەمەرە دەکەوت، لە دامێنی ئەو چیا سەخت و توشانەدا پەیکەری زۆر گەورە و دەرگا و پەنجەرە هاتبونە تراشین، ئیدی دیمەنی شارێکی

دیرۆکی ونبووی لە زەینی هەریەکەیاندا دروستکرد، شارێک کە سااڵنێکی دوور لەوێدا هەناسەی داوە و خەڵکێکی تێدا بووە.

جەنگاوەرەکەی رۆژاوا شان بەشانی ئەڤین ڕێی دەبڕی، ڕوخساری سەرمابردوی شڵەژابوو، بەدەنگێکی لەرزیوەوە هاواریکرد: باوەڕ بەچاوی خۆم ناکەم، ئەوە من چی دەبینم...ڕۆژێکم لەبارەی ئەم شوێنەوە بیستوە، بەاڵم بۆچی وای بەسەرهاتوە؟!

ئەڤین پەرۆش بوو لەو مەتەڵە بگا: ئەوەی دەیزانی، دەتوانی ئێستا پێم بڵێیت.

لەسەرخۆ هاتە گۆ: ئەمە یەکێ بوو لە شارە هەرە کۆنەکانی سەرزەمینی رۆژاوا، زۆرجار بەناوی (شارە فەرامۆشکراوەکە) ناودەبرا، کەم کەس چاوی بێرە کەوتوە، ئێمە تەنیا ناویمان بیستبوو، بەاڵم کەس نازانێ کێی تێدا ژیاوە و چییان بەسەر هێناوە!.

ئەڤین ئەندێشەیەکی سەرسوڕهێنی بەرامبەر بەو شارە مێشکی داگیرکرد، وای لێکدایەوە کە هاتنیان بۆ ئەم سەرزەمینە لەخۆڕا نییە و ڕەنگە شتێکی چاوەڕواننەکراو بە دەمیانەوە بێ، بەاڵم بۆی ڕوون نەبوو ئەو شتە ئاخۆ چییە، تەنیا لەبەرخۆیەوە دەیگوت: شاری فەرامۆشکراو....

ئاوڕیدایەوە بۆ جەنگاوەرەکان و بەدەنگێ بەرز گوتی: دیارە لەم شوێنەدا کەسانێ ژیاون، گەر ئەوان توانیبێتیان لێرە گوزەران بکەن،

ئەوا ئێمەش بۆ دەربازبون لە سەرما و سۆڵە و هەڕەشەکان، دەتوانین لێرە بمێنینەوە، من هەستدەکەم ئەم سەرزەمینە بە رووداوێکی چاوەڕواننەکراو لە ئامێزمان دەگرێ.

لە دەوروبەری خۆی وردبۆوە، زیاتر سەرنجی بۆ چیا سورەکانی ناوەند دەگیرسایەوە، هێزێکی شاراوەی پڕ نهێنی بەلای خۆیدا کێشدەکرد، هەرچەندێکیش نیگای لەسەر قوڵ دەکردنەوە ئەو هەستەی بەتینتر دەبوو، هێشتا چاوی لەسەر لانەدابوو، بەدەست ئاماژەی بۆ کردن: پەنا بۆ چیاکانی ناوەند دەبەین و لەوێڕا دابەش دەبین، بەزووترین کات ئامادەکاریی بۆ رووبەڕووبونەوەی هەر هەڕەشەیەکی ناکاو بکەن. بەوێدا تێپەڕین بەڵام ئەو هەستە سەیرە هێشتا ئەڵقینی بەرنەدابوو، تێۆدلیناش دەرکی بەو هێزە دەکرد، کەمێ وەستا و بەتێڕامانەوە نیگای خستە سەر چیا سورەکان، چەندی هێنا و برد، سەری لەو هێزە پەنهانە دەرنەدەچوو. ئەڵقین لەناوەندی چیا سورەکان وەستا و هاواریکرد: بەپەلە دابەش بن، گالیسکە و ئەسپەکان بەهەر شێوەیەک بوە بەرنە نێو چیاکان، نابێ هیچ شتێکمان لەبەر چاوان بمێنێ..نابێ کەس هەست بە بونمان لێرە بکا..دڵنیام ئەوان بە شوێنماندا دێن. راستی دەکرد، چونکە هەر لە کاتی گەڕانەوەی شەڕکەرەکان بەدەست بەتاڵی، یەکجار توڕە و نیگەران بون لە هەڵسوکەوت و بەگژداچونەوەی

ئەڵقین، کە بە ئاشکرا فەرمانی میرغەزەبی شکاند، ورد و درشتیان بۆ هاوەڵەکانیان گێڕاوە، تورەیی هەمویانی تەنییەوە، بندنیاییەکان ئەمەیان بە دەرفەت زانی و چونە لای فەرماندەکەیان:

گەورەم...ئەم فەرمانشکێنیە نابێ بێ سزا تێپەڕێ...ڕێگەمان بدە بە چارەنوسی ڕەشی خۆیان بگەیەنین.

فەرماندەکەیان ردێن و سمێڵێکی درێژی بەردابۆوە، سەری ڕووت و زنجیرێ لە ئێسک و پروسک بەسەر شان و ملیدا شۆڕبۆوە، تەماشایکردن: بەڵێ دەبێ هەر ئەمشەو بەتوندترین شێوە سزا بدرێن. کەمێ بیری کردەوە، ئەوجا هاتەوە قسان: بەڵام بوەستن..نا..ناتوانین چەند هەزار جەنگاوەرێ بەدوایاندا بنێرین...ئەو ڕەش و ڕووت و بێ ئەزموونانە تەنیا هەزار جەنگاوەرێکیان بەسە.

ئەوجا چاوەکانی سورکردەوە و تەماشای شەڕکەرە ڕوخسار ترسناکەکەی بندنیای کردەوە: هەزار جەنگاوەری وەک خۆت، هەر ئێستا بەڕێ دەکەون و کەسیان بە زیندویی نەهێڵنەوە...کاروانی ئەم شەڕە بەردەوام دەبێ و ناوەستێ..هێرش بەرەو سەرزەمینەکانی ڕۆژاوا ڕاناگیرێ.

ئیدی لەوێوە دابەشبون، چوار هەزار شەڕکەری بندنیایی و درندە و برسی بەرەو سەرزەمینەکانی ڕۆژاوا، هەزاری دیکەشیان شوێن پێی

ئەڵقین و هێزەکەی هەڵدەگرن. ئەوان لەوەتەی لە سەرزەمینەکانی ناوەڕاست دابڕابون، لە خواردنی گۆشتی ڕەسەنی مرۆڤ بێبەش ببون. وەپەلە جوڵان، سەری نێزەکانیان کەللەسەر و ئێسک و پروسکەکان بوو، بەو شەوە سارده ئارامیان نەگرت، تا بەرەبەیان ڕێگەیان بڕی، دەیانویست هیچ بوارێ بە ئەڵقین و هێزەکەی نەدەن و لەبەردەستیان قوتاربن. گەشتنە شوێنی کۆبونەوەکەی ئەوان کە لەوێدا ئەڵقین داواکەی ئەوانی ڕەتکردبۆوە، گەمارۆی شوێنەکەیان دا، وردە وردە بازنەی ئابڵۆقەکەیان بچوک کردەوە و هاتنە پێشەوە، بەڵام تەنیا خێوەتێکیان بەدیکرد، ئەویش کەسی تێدا نەبوو، ئیدی زانییان ئەڵقین دەمێکە چاوەڕوانی هێرشی ئەوانە، بۆیە پێش جوڵانی ئەوان دەرفەتی لە گەڕانەوەیان هێناوە. چەشنی ڕاوچییەکی پەڕۆش شوێن پێیەکانیان هەڵدەگرتنەوە و بەدەوری خۆیاندا دەسوڕانەوە، بەڵام زۆری نەبرد بەهۆی بەفرەوە ئاسەواری ڕۆشتن و جێ پێیەکان سڕانەوە. بۆ ماوەیەک وەستا و بەدوای ئاسەواری ئەواندا گەڕان، ئەمجارەیان پەنایان بردە بەر لقی شکاوی درەختەکان، کە لە جلوبەرگی ئەڵقین و پۆشاکی هێزەکەی گیربببوو، ئیتر ئەو پاشماوانەیان کردە ڕێبەر و چاوساغیی ڕاوەکەیان.

دوور لە بندنیاییەکان ئەڵقین کە تا ئێستا نەیتوانی بوو بە تەنیا

لەگەڵ تیۆدلینا رازی دڵ و خۆشەویستی خۆی بۆ بدرکێنێت، لەگەڵ هێزەکەی، خۆیان خزاندبوە نێو شاخەکانەوە و لەوێدا جێگیر ببون. ئەو چیایانە تەنیا بەڕوکەش لە دەرەوەڕا سیمای شاخیان دەنواند، لە ناوەوە گەورە و بەدەیان ژور و کون و دەریچەی هەبوو، ڕارەوی تێدا هەڵکۆڵرابوو بۆ قوڵایی چیاکان و تەواوی ئەوانە ئامادە بون، کە پێشتر خەڵکێکی زۆر لەو شوێنەدا ژیاوە. لە ناوەوە دەیان هۆڵی گەورە داتاشرابون، بەڵام بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیبوو، تەنیا شوێنەواری دەرگا و پەنجەرەکان مابون، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنێ شیاو بوو بۆ خۆپاراستن لەو سەرما و کڕێوەیە.

لەبەر ماندوبون هەریەکەیان خۆی لە گۆشەیەک درێژ کرد و بەتانیەکی بەسەر خۆیاندا دا. خەوێکی گران لە دوای ئەوە هەموو هیلاکی و سەرمایە بە قوڵی لە باوەشی گرتن. بەڵام نیوەشەو بوو وەک ئەوەی کەسێک بانگی بکات، بە پەشۆکاوی لە جێگەکەی بەرزبۆوە، دنیا تاریک کەچی بە باشی دەوروبەری خۆی دەدەیت، هاوەڵەکانی لە شیرین خەوێکی قوڵدا ئارامیان گرتبوو بۆ ئەوەی ئاشکرانەبن، هیچ مەشخەڵ و ئاگرێکیان هەڵنەکردبوو، جێیەکەیان هەوا ساردەکە نەیدەگرتەوە بە کۆمەڵ لە نزیکی یەکدیەوە ڕاکشابون، کەشێکی گەرم بەپێچەوانەی دەرەوە باڵی بەسەردا کێشابون. ئەڵقین خۆی توشی

سەرسوڕمان هاتبوو، نەیدەزانی کێ لەو خەوە قوڵە بێداری کردۆتەوە و کێ ش بانگی کرد. تەزوێەک سەراپای جەستەی تەنییەوە هەستێ بەهێز دەیهێنا و دەیبرد و دڵی توند لێیدەدا، دەمارەکانی جەستەی راست ببونەوە، لەسەرخۆ بەوردی لە دەوروبەری خۆی ڕاما. زۆری نەبرد چاوی بە ڕۆشناییەکی سەرنجڕاکێش و ئەفسوناوی کەوت، لەوێ پەپوسڵێمانکەیەکی سپی چەشنی ئەوەی لە سەرزەمینی پاشای دارەکاندا هەیە، لە کۆتایی هۆڵە گەورەکەدا بریسکەی دەهات و شەوقی دەداوە. ئەڵقین بەدەست خۆی نەبوو شوێنی کەوت، دەیزانی هاوەڵەکانی شەکەت و ماندون، نەیویست کەس بێدار بکاتەوە و لە بینینی ئەو دیمەنە هاوبەشێکی هەبێ. لەسەرخۆ بەدوویدا ڕۆشت، هەرچەندێ لەو باڵندە نزیک دەبۆوە، ئەو دوورتر دەکەوتەوە و بەرەو قوڵایی نێو چیاکە دەچوو. ئەڵقین بێ هیچ بیرکردنەوەیەک شوێنی کەوت، لەو نیوەشەوەدا لە هاوەڵەکانیشی دوورکەوتەوە، ئیدی لەوێدا گەورەیی و فراوانی ئەو چیایانەی بۆ ڕوونبۆوە. چاوی گێڕا تەنیا پەپوسڵێمانکە سپییەکە جێی سەرنجی نەبوو، بەڵکو پاشماوەی گۆزە و دەفر و قاپی گەورە و بچوکی شکێنراو و زۆر کۆن لەو نێوەدا پەرش و بڵاوببونەوە، ئەوانە لەپاڵ کۆڵەگە گەورە و پانەکاندا ئامازەدەری دەسترەنگینی خەڵکانێ بون کە پێشتر لێرە بون، پڕ بوو لە نەخش

و نیگاری جۆراوجۆر، بەهۆی رۆشنایی پەپوسڵێمانکەکەوە ئەلفین ئەو شتە سەیر و سەمەرانەی دەدیت، کە وەک چرایەکی رۆشن ناخی ئەشکەوتەکەی رووناک دەکردەوە.

لەگەڵ دوورکەوتنەوەی، تیۆدلینا بێدار بۆوە، هەروەک ئەوەی لە خەونەکانیشدا هەست بە جێهێشتنی ئەو بکا، بەو شێوەیە لە خەو راپەڕی و تەماشای جێی ئەلفینی کرد، لەوسەری هۆڵەکە کەوتە بەردیدەی، بە سەرسوڕمانەوە لێیدەڕوانی و لەبەرخۆیەوە گوتی: ئەوە بەتەنیا بەرەو کوێ دەچێ؟!

هەستایە سەرپێ و ئارام ئارام شوێن پێی هەڵگرت، هێشتا نەگەیشتبوە نزیکی، ئەلفین لەبەرچاوانی بزربوو، هەرچەند سەری سوڕاند نەیدۆزییەوە، ناچار هەنگاوەکانی خێراتر کرد تا دواجار لە قوڵایی نێو چیاکەدا بینییەوە، بەڵام وەک تارماییەک دەکەوتە پێشچاوی بەهۆی تاریکی شوێنەکەوە، گەرچی بۆ تیۆدلینا بینایی چ کێشەیەک نەبوو، ئەو بە روونی دەوروبەری خۆی دەدیت. نەخش و نیگاری ئەستوندەکان و پەیکەرەکان بۆ تاوێ رەوتی خاو کردەوە و بەدیاریانەوە دۆش داما، تیر و کەوانە کۆنەکان لە پاڵ دیوارەکاندا بە پەرش و بڵاوی فرێدرابون. چاوی گێڕا دەیان دەرکەی بچوک و گەورەی دەدی، بەرەو ژێرەوەی زەمین هەڵکۆڵرابون، ئیدی دڵنیابوو کە ئەلفین لە یەکێ لەو دەرکانەوە

چوە بەرەو جێیەک...جێیەک کە هێشتا بۆ تیۆدلینا ساغ نەببۆوە. تیۆدلینا لە مەراقی ئەوەدابوو، ئەلفین بەو نیوەشەوە چۆن جەنگاوەرە هیلاکەکانی جێهێشتوە و بەتەنیا ملی رێیەکی نادیاری گرتۆتەبەر. بەچاوە سەوزەکانی زیاتر وردبۆوە، پێشتر شاژن رۆنای دایکی و ئۆلاندێڵ-ی باوکی پێیان گوتبوو، کە ئەو خاوەن هێز و توانایەکی گەورەی شاراوەیە، پێویستە لەسەری ژییرانە ئەو هێزانە بدۆزێتەوە و بەکاریان بێنێ. ئەو بیری لەوە کردەوە کە ئێستە کاتیەتی سوود لەو توانا شاراوانەی خۆی ببینێ بۆ دۆزینەوەی شوێن پێی ئەلفین. چاوەکانی لێکنا و مێشکی چڕکردەوە، وردە وردە پێڵووەکانی هەڵبڕی، توشی سەرسوڕمان هات، جێپێکانی ئەلفین چەشنی شەبەنگێ دەهاتنە پێشچاوی، ئیدی بێدوودڵی بە شوێنیدا چوو، کە دەرگایەک بوو لەنێوان دوو کۆڵەگەدا، گەلێ تەسک و باریک. هەنگاوەکانی خێراتر کرد و لەو دەریچەوە چووە ژورەوە، کە تەونی جاڵجاڵۆکە بەشی سەرەوەی تەنیبوو، تیۆدلینا سەرنجیدا کە تەونەکان شێواون، ئیتر دڵنیابوو کە پێش ئەم کەسێکیتر بەوێدا گوزەری کردووە. پارەوەکە پڕ پێچ بوو بەڵام دیوارەکانی سادە و بێ نەخش، پێچەوانەی دیواری ئەشکەوتەکە. دیواری دەستی چەپ بە کۆتا هات و خۆی لەبەردەم گۆڕەپانێ پان و سەرنجڕاکێشی زۆر گەورەدا بینییەوە، کە هەرگیز بەخەیاڵیدا نەدەهات

ئەشکەوتن، گۆڕەپانی وای تێدابێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەریچەکە بۆ خوارەوە شۆڕ دەبۆوە و دەیڕوانیە سەر دەیان دەرکەی دیکە، پێیدا دیاربوو کە ئەو ئەشکەوتە شوێنی جەم بون و خڕپونەوەی ئەو خەڵکەیە کە پێشتر تێیدا ژیاون.

ئەڵقین کەوتبووە ژێر کاریگەری ئەفسونی ڕۆشنایی پەپوسڵێمانکەکە، چ ئاگای لە تێۆدلینا نەبوو، بەو جۆرە خۆی لەنێو گۆڕەپانێکی پان و بەرینداً دییەوە، کە بنمیچێکی هێندە بەرزی هەبوو. ئەڵقین وای ڕادەبینی ئەوە دەچێتەوە سەر لوتکەی چیاکە، ئەوێ تەژی بوو لە کەلوپەل و زێڕ و زیو، لە شێوازی شوێنەکەدا بە جێگەیەک دەچوو ڕاوێژ و قسە و خواست گۆڕینەوەی تێدا ئەنجام درابێ، هاوکات عەمبار و خەزێنەش بوو، هەروەک چۆن نیمچە گۆڕستانێکیشی لەخۆگرتبوو، چونکە چەندین ئێسک و پروسک لەوێدا کەوتبون. بەدەم شەقاو هاوێشتنەوە چاوی لە پەپوسڵێمانکەکە کەل نەکرد و بۆ هیچ لایەکیتری نەدەڕوانی، تەنها دەڕۆشت تا گەیشتە کۆتایی ئەشکەوتەکە، ئەوجا بە ڕێڕەوێکی دوور و درێژدا تێپەڕی، دوایەمین هەنگاوی لەوێدا بە تاتەبەردێکی نەخشین گەیشت، سندوقێکی زۆر کۆنی لەسەر دانرابوو، پەپوسڵێمانکە سپیەکە لەسەر سندوقەکە ئارامی گرت، وبالّەکانی بەیەکدا دا، ئەڵقین وەک بێهۆشێ چووە بەردەمی و چاوی پێدا

زەقکردەوە، ئەو باڵەکانی جارێکیتر بە حەوادا دا و بونە سەدان پارچە ئەستێرەی بچوکی درەوشاوەی رەنگاورەنگ و بەرزبونەوە، ئەوجا بەسەر سندوقەکەدا بارین و بەشێوەیەکی ئەفسوناوی پەپوسڵێمانکە لەنێو پارچە ئەستێرە درەوشاوەکەدا بەیەکجاری بزربوو، ئیدی رۆشناییەکەش خامۆش بوو، ئەڤین وەک لە خەوێکی قورس راپەڕێ، بەو جۆرە سەری بادا و چاوەکانی دادەخست و دەیکردنەوە. ئەو دڵنیابوو پێش چاوتروکانێ شەبەنگێکی رۆشنایی لەبەردەمیدا رێگەی دەبڕی بەڵام لەناکاو نەما. ئیتر لەو وەختەوە لە زیندەخەونەکەی بێداربۆوە، لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان بوو کە مەبەستەکە هێنانی ئەو بوە بۆ سەر سندوقەکە. هەناسەبرکێی بوو، دڵی توند لێیدەدا، بەوردی لە سندوقەکەی ڕوانی، دەستی بۆ نەبرد، سندوقێکی کریستاڵی بەڵام نەیدەزانی چییە، سەرنجی نەخش و نیگارەکانی دەدا، نووسینێکی لەسەر نووسرابوو بە زمانێ کە ئەڤین نەیدەتوانی بیخوێنێتەوە. تۆز و گەردی هەزاران ساڵی لەسەر نیشتبوو، بە ئارامی دەستیکرد بە خاوێنکردنەوەی سندوقەکە، زیاتر توشی سەرسوڕمان هات، چونکە شەبەنگێکی ئەفسوناوی لێوە دەردەچوو، وێنەیەکی سەرنجڕاکێشی پێدەبەخشی، لەنێو کاریگەریی ئەو تەلیسمەدا نغرۆ ببوو، لەناکاو دەنگێکی ئاشنا بە گوێی شڵەژاندی، ناسک و چاوەروانەکراو: ئەڤین..

تۆ چوارەمین سندوقت دۆزییەوە.

لەو نیوەشەوە خامۆشەدا تەنیا خۆی و خۆی بوو، دەنگەکە وەناگای هێنایەوە، بەپەلە سەری سوڕاندەوە، بینی تێۆدلینا بە ئارامی تەنیا چەند شەقاوێ لێیەوە دوورە، لەسەرخۆ بەرەو لای ئەو هات و شان بە شانی وەستا، چاوە سەوزەکانی دەبریسکانەوە، پڕ لە خۆشحاڵی و ئومێد و خۆشەویستی بون، ڕوانیە ئەلفین، دووبارە بە شادییەوە پێیگوتەوە: ئەلفین...تۆ چوارەمین سندوقت دۆزییەوە، کە بەسەر حەوت سەرزەمیندا دابەشکرابون، هەزاران ساڵە چاوەڕێی ئەم ڕۆژە دەکرێ و مەترسیدارترین و تاریکترین کات و ساتی تێدا بەڕێکراوە، دەزانی چ مەرگ و کارەساتێک هاتون و ڕۆشتون، ئێستا ڕەسەنی مرۆڤ دەتوانێ بەرەو سەرزەمینی ڕەسەنە نایابەکان و بەندەری ئاواتەکان پێ هەڵگرێ، لە هۆڵێ کە یەکەمین سندوقی تێدا حەشار دراوە ببن بە یەک و لەسەرزەمینی دابڕان داوا لە ڕەسەنە نایابەکان بکەن بۆ سەرهەڵدانی ڕووناکی، شان بە شانی ئەوان بەرامبەر ئیڤڵۆرد و تاریکی بوەستنەوە. ئەلفین چ وشەیەک لە ڕستەکانی تێۆدلینا تێنەدەگەیشت، بە سەرسوڕمانەوە لێیدەڕوانی: تێۆدلینا...ئەوە تۆ باسی چیدەکەی...من لە زمانی تۆ تێناگەم؟

ئەلفین چ بەسەرهات و سەرگوزەشتەیەکی لە ڕووداوەکانی پێش هەزاران

سالّ و رەسەنە نایابەکان و سەرزەمینی باکور و بەندەری ئاواتەکان و سەرزەمینی دابڕان نەبیستبوو، ئیدی تیۆدلینا ناچار بوو لە سەرەتاوە بۆی بگێڕێتەوە: ئەڵێن..تۆ یەکێ لە چوار سندوقەکەی شەشەمین سەرزەمینی پاشای نورت دۆزیوەتەوە، ئەو دەمەی رەسەنە نایابەکان دابەزینە سەر سەرزەمینی حەوتەم، وەک دیارییەک پێشکەش بە رەسەنی مرۆڤ کرا، کە یەکەمین پاشایەتی لەو سەرزەمینەدا بگێڕن. ئەڵێن بەو چیرۆکانەی کە باسیان لە سەرەتا ونبووەکە دەکرد، هێندەیتر سەرسام دەبوو، هەرچەندە گێڕانەوەکان پەردەلادان بوو لەسەر راستییە شاراوە و تاڵەکان، کە چەشنی بروسکەیەک وابوو لەناو جەرگەی تاریکستاندا چەخماخەی دەدا: تیۆدلینا...هێرش و ئاگرتێبەردان و کوشتن و نائومێدی ناچاری کردین لەگەڵ نۆردمەن و هاموّند گوندی خۆمان لەسەرزەمینەکانی رۆژهەڵات بەجێ بێڵین، بەدرێژایی ئەو ماوەیە زۆر کارەسات و رووداو و بەسەرهاتی جۆراوجۆرم دیوە، بەڵام هیچیان هێندەی ئەمەی تۆ سەیر و سەمەرە نین، بۆیە لە قسەکانت ناگەم، نازانم باسی چیدەکەی؟ من چیم دۆزیوەتەوە، پەپوسڵێمانکەیەکی جوان و سیحراوی و سەرنجڕاکێشی سپی و تەژی لە رووناکی منی بۆ لای ئەم سندوقە کێشکرد، ئێستاش نازانم ئەمە خەونە یان راستی؟! ئەوەی رووەدات چ پەیوەندییەکی بە منەوە

هەیە؟!

تیۆدلینا هەستێکی ئارام وەک ئاوێکی مەنگ، بەختەوەری لەدڵدا چەکەرە پێدەکرد، ئەو ئێدی لە ئاشتبونەوەدا بوو لەگەڵ رەسەنی مرۆڤ، بە ئومێدێ ژۆرەوە تەماشای ئەڤینی کردەوە: تۆ نازانی، هەزاران ساڵە چاوەڕێی دۆزینەوەی ئەم سندوقانە دەکرێ، ئەمە ئومێدێکی نوێی بۆ ئایندەی رەسەنی مرۆڤ و رەسەنە نایابەکان گەڕاندەوە، کە ماوەیەکی زۆرە لە رەنج و ئازار و بێهیوایی و دڵشکاویی بەرامبەر بە ژیان، ساڵەکانیان لەبن سێبەری تاریکیدا بەڕێدەکەن، بەهۆی دەسەڵاتگێڕانی ئیفلۆزدەوە. دیارە تۆ شایستەیت و پەپوسڵێمانکەی سەرزەمینی پاشای نور لە خۆڕا تۆی بەرەو لای سەرەتای ون رانەکێشاوە، بۆیە پێشنیارەوەی کەسێکیتر راستییەکانت پێ بڵێ، با من بۆت بدرکێنم کە ماوەیەکی زۆرە لە ناخی خۆمدا بە خامۆشی حەشارمداوە، حەزم وابوو پێت بڵێم و دڵی خۆمت بۆ بکەمەوە، بەڵام تا ئەم ساتەوەختە نەمتوانیوە پێت بڵێم.

ئەوجا تیۆدلینا کەوتە گێڕانەوەی شەڕەکانی مان و نەمانی هێزەکانی رووناکی بەرامبەر تاریکی و چیرۆکەکانی سەرزەمینی شەشەم و شازن رۆنای دایکی و نۆلاندێڵ و ئێلندیا و هاورەسەنەکانی، ئەوەی بیستبوی هەر لە سەرەتاوە بە سەرکەوتنی پاشای نور بەسەر

تاریکیدا بە هاوکاری ڕەسەنی مرۆڤ و لە ڕێگەی جەنگاوەرە گەورە و لێهاتوەکەیانەوە (هۆڵمان) بە پەرۆشییەوە بۆی گێڕاوە.

زۆرجار هاوینان ئەڵقین لە بانیژەی ماڵەکەیانەوە دەیڕوانیە دۆڵە قوڵەکەی بەردەمیان، دواتر لە شەوە تاریکەکاندا سەری هەڵدەبڕی بۆ ئاسمانی پڕ ئەستێرە و بیری لێدەکردنەوە، نغرۆی دنیایەک لە پرسیاری سەیرو سەمەرە دەبوو، لەدواجاردا خۆی لەنێو سەرگەردانیەکی بێوەڵامدا دەبینییەوە، هێندەی ئەو کاتە و زیاتریش سەرسامی گەمارۆی دابوو بەهۆی گێڕانەوەکانی تیۆدلیناوە، بە قوڵی چووبوە نێوییەوە و گوێی دەگرت، بێئارامانەش پرسی: ئەی دوای سەرکەوتن لە شەڕەکان چی قەوما؟!

وەک ئەوەی بیر لە قسەکانی دایک و باوکی بکاتەوە، کە چۆن ڕووداوەکانیان بۆ باسکردوە، ئاهێکی هەڵکێشا: حەوتەمین سەرزەمینی بێ پاشا بە دیاری بەخشرایە هۆڵمان، بە ئامادەبونی هەموو ڕەسەنە نایابەکان لە هەر شەش سەرزەمینەکەی پاشای نور، تاجێکی بێوێنەی نەخشراو بە سەدان کریستاڵ، کە نیشانەیەک بون بۆ ئەستێرەکان لەگەڵ شەش یاقوت و زومرد وەک مانایەک بۆ شەش سەرزەمینەکەی پاشای نور، هەروەها یەک بەردی بریقەداری بێهاوتاش کە ئاماژە بوو بۆ سەرزەمینی شین لەنێوەندی تاجەکەدا دانرابوو، ئەم تاجە

خرایە سەر سەری هۆڵمان و بووە یەکەمین پاشای رەسەنی مرۆڤ، بەڵام ئیفڵۆرد دژی وەستایەوە و ئامادە نەبوو سەر بۆ یەکەمین پاشا نەوی بکا، ئەمە پاشای نوری تورە کرد و لە شەش سەرزەمینەکەی خۆی وەدەرنا، رەسەنە نایابەکانیشی ئامادەکرد بچن بۆ ڕازاندنەوە و بونیاتنانی حەوتەمین سەرزەمین، پێشنیارەوەی رەسەنی مرۆڤ و یەکەمین پاشاکەیان پێ بهاونە نێوییەوە. ئیدی بەو جۆرە رەسەنە نایابەکان بە باڵە ورشەدار و جوانەکانیان بەرەو حەوتەمین سەرزەمین هەڵفڕین، وەک تیرۆژ دابەزین و هاتن، پاشان بە سوارۆ و پیادە و کەشتی بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو سەرزەمینە لە بەندەری ئاواتەکان بەڕێ کەوتن و دابەشبون، بەڵام لەبەر هەڕەشە و مەترسییەکانی ئیفڵۆرد، چوار سندوق کە تەنیا سندوقی رۆژهەڵات نەبێ هێڵرایەوە، سیانەکەیتر باشور و باکور و رۆژاوا شاردرانەوە، بەسەر سەرزەمینی حەوتەمدا دابەشکران تا ئەو رۆژانەی نائومێدی و تاریکی باڵ بەسەر ڕووناکیدا دەکێشێ و هیوابڕاوی لەخۆ و سەرەتاکان ون دەبن، رەسەنی مرۆڤ بگەڕێ بەشوێن رۆشنایی ناخی خۆیدا و بتوانێ هەر چواریان بدۆزێتەوە، ئەوجا لە سەرزەمینەکانی باکور و باخە شینەکان و بەندەری ئاواتەکان لە یەکیان بدات و پاشان لە سەرزەمینی دابڕان داوا لە رەسەنە نایابەکان بکا شان بە شانیان کۆمەکییان بکەن، دوای

ئەوەی دوازدە جار فوو بە شەیپوردا دەکرێ لەلایەن رەسەنی سپی پۆشی پاک و فریادرەسەوە لە دوازدە دەروازەی سەرزەمینی شینەوە، دووبارە رەسەنەکان بەیەکدەگەنەوە و لەگەڵ رەسەنی مرۆڤدا یەک لەشکری زێڕین پێکدێنن، بەوەش مۆمێکی پڕ لە ئومێد لەو تاریکستانە هەڵدەکەن.

ئەلفین بەدڵنیاییەوە گوێی دەگرت، بەڵام هێشتا سەرسوڕمان بەری نەدابوو: تیۆدلینا...تۆ ئەو هەموو نهێنی و ڕازانەت شاردۆتەوە و هیچت بە من نەگوتبوو، بەڵام ئەوانەت لە کوێ و لەکێ بیستوە، ئیڤڵۆرد و جەنگاوەرانی لەکوێن و شەڕی ئێمە لەگەڵ کێ دەبێ؟!

- شەڕمان لەگەڵ ئیڤڵۆرد و بندنیاییەکان و دێوەکانی نیفیلیۆم و چاوسورەکان و هەزاران گیانلەبەری ترسناک و دڕندەی یەکچاو و سێچاو، دڕندەی دووپێ و چوارپێ، دووچنگ و چوار دەبێ. ئیڤڵۆرد لە باشور لە جێیەکی دوور دوور لە پشت سەرزەمینەکانی میرغەزەبەوە ئیمپراتۆریایەکی دروستکردوە، لەوێ سەرزەمینە ڕەشەکان و ڕوبارە ئاوڕییەکان بەدەستی یەخسیرەکان لە رەسەنە نایابەکان و رەسەنی مرۆڤ بونیات نراون، خزمەتکارە گەورەکانی ئیڤڵۆرد یەکێکیان میرغەزەبە کە تەواوی خواست و ئارەزووەکانی ئیڤڵۆرد بەجێ دەگەیەنێ.

تێڕدلینا بەدەم ئەم قسانەوە هەستی بە ئارامییەکی دەرونیی زۆر دەکرد، خۆشحاڵ و بەختەوەر بوو بەو دەرفەتە زێڕینە کە نهێنییەکانی بۆ خۆشەویستترین کەسێ دەدرکێنێ، هەناسەیەکی قوڵی هەڵمژی و درێژەی بە قسەکانی دایەوە: زۆر شتیتر هەبوە حەزمکردوە بە هەست و نەستێکی گەرمەوە پێت بڵێم، بەڵام نەمتوانیوە.

دڵەکوتە گرتبوی و ئێستا دەرکیکرد کە لەو سەرزەمینەدا هەڵسوکەوت و رەفتارەکان بۆچی هێندە ئاوێتەن بە ڕق و کینە و ستەمکاری. لەو ساتانە بیری لە ئیڤای خوشکی و هادریان کردەوە، کە چییان بەسەرهاتوە و دەبێ کەوتبنە چ شوێنێکەوە، چونکە تا ئەو وەختەش ئەلفین نەیتوانی سۆراخێکیان بکا، هەستی بە ئازار و ڕەنجێ زۆر دەکرد، ڕوویکردە تێڕدلینا و پرسی: ئەو شتانە چین، بۆ پێم ناڵێیت؟ سەری بۆ سندوقە کریستاڵییەکە سوڕاند، هەرچیەکی دەزانی باسیکردبوو، بەڵام تەنیا لەسەر خۆی چ ڕازێکی ئاشکرا نەکردبوو، ئەو خۆشەویستییەکی قوڵی لەدڵدا بۆ حەشار دابوو، هەرچەندی دەکرد بەردەبازێکی شک نەدەبرد لە ڕێیەوە تەواوی راستییەکانی خۆی بۆ بخاتەروو، دەترسا گەر پەردە لەسەر راستییەکانی خۆی بۆ لابدات، بەشێوەیەکیتر لێی بڕوانێ و دڵڕەنجاو بێ، بۆیە بەدڵەڕاوکێوە گوتی: دەترسم نیگەران بیت...چیدیکە لەدوای زانینی راستییەکان مەیلم

پێنەدەی.

گەرم و گوڕییەک تەزوی بەگیانی ئەلڤیندا هێنا، لێی نزیکبۆوە و چاوەکانی گەشبونەوە، بۆ یەکەمینجار هەردو دەستەکانی گرت و بەسۆزێکی قوڵەوە پێیگوت: تیۆدلینا...ئەوەی تۆ ناوت ناوە پاشای نور و بە پەپوسڵێمانکەیەکی سپی منی بۆ لای چوارەمین سندوق هێنا، هەر هەمان رووناکیشە تۆی بۆ لای من هێناوە.

چاوە سەوزەکانی دڵۆپە فرمێسکێک شوشتیەوە و بەوپەڕی خۆشەویستییەوە لە ئەلڤینی ڕوانی، هێشتا تامەزرۆی وشەی زیاتر بوو: شەوێکی تاریک لەنێو دارستانێکدا کچێکی سپی پۆشی بەرگ ئاوریشمی بەسەر ئەسپێکی سپییەوە دەدرەوشاوە، ڕۆشناییەکی ئەفسوناوی پەرش و بڵاوکردبۆوە، هەروەک ئەم پەپوسڵێمانکەیەی کە بینیم، لەسەرخۆ ئارنگ ئارنگ بە ڕوخسارێکی گەشەوە تەماشای کردم و لەنێو دارستانەکە گوزەڕی کرد، ئەو دەمەی تێپەڕی لە خەو بێداربومەوە، ئیدی ئەو ساتە زانیم من خەونم دیوە، بە ئاڵۆزی و پەشۆکاوییەوە هەستام بێئەوەی بزانم بەڕەو کوێ مل دەنێم، پێم هەڵگرت کاتێ نزیکبومەوە تۆم بینی، کە درندەکان دەورەیان دابویت، وامزانی تۆ هەمان خانمی خەونەکەمی، شمشێرم لە ڕووی هەموياندا هەڵکێشا، خۆ لەبیرت دێ چی ڕوویدا؟ بەڵام پاش ڕزگاربونت هەرچی

رادەمام لە دەروبەرم، قوڕ و لیتە سیمای شاردبویتەوە، پەشۆکابوم نەمدەزانی ئاخۆ ئەو شۆخە ئەسپ سواڕە بوی لە خەونمدا هاتیت و تێپەڕیت یان نا؟!

لەسەرخۆ گوێی لە ئەڵقین دەگرت، شادی سەراپای تەنیبۆوە، ئەڵقین دەستەکانی توندتر دەگوشی: ساتەکان تێپەڕین و خۆشەویستی تۆش رۆژ بە رۆژ لەدڵمدا گەورەتر دەبوو، بەجۆرێ ژیان بێ تۆ ببوە مۆتەکەیەکی ترسناک، زۆرجار سەرنجم دەدایە تۆ و گومان گینگڵی پێدەدام، هەموو دەم لەخۆمم دەپرسی ئاخۆ تۆ ئەو بیت یان نا، ئەو کاتەی لە ئاوەکە رزگارم کردیت، تەمی گومانم پەوییەوە، دڵنیابوم تۆ خانمە سوارۆیەکی نێو خەونەکەمی، تۆ ئەوە بوویت کە دڵی منت بردبوو، ئیتر لەو رۆژەوە تا ئێستا دڵێ لە سنگی مندا هەر بۆ تۆ لێدەدا، تۆی خۆشدەوێ، پێشتر بە گومانەوە لەو دنیایە ڕاماوە، تاریکی باڵی بەسەردا گرتبوو، پوکەش و گەوهەری لە یەکتر جودا نەدەکردەوە، شتەکان بەشێواوی دەهاتنە بەردیدەی، هەموو کات و ساتێ تۆم بە جیاوازتر لەم دەروبەرە بینیوە، تێۆدلینا خۆشمدەوێیت، هەرچییەکم بۆ باسدەکەی، تەنیا مەشخەڵێ زیاتر هەڵدەکەی و ئەڤینت گەرم و گەرمتر دەکەیت.

وشەکانی ئەڵقین وەک دەرمانێ، دەرونی تێۆدلینای تیمار دەکرد،

بەباشی بیری دەهاتەوە کە لەو شەوەدا هەستێکی بەهێز لەنێو دارستانەکەدا بەرەو لای خۆی رادەکێشا، ئێستە دڵنیابوو ئەو وزە سەیر و سەمەرەیە، بونی ئەڵقین بووە لەوێدا، بە پەنجەکانی فرمێسکەکەی سڕی: ئەو شەوەم باش لەیادە، ئەڵقین هەروەک خەوەکەی تۆ لەسەر ئەسپێکی سپی بووم، بەنێو دارستانەکەدا تێپەڕیم، شتێ سەرسوڕهێن منی بۆ لای خۆی رادەکێشا، نەمدەزانی چییە، دوای رزگاربونم کە باسی ئەسپی سپیت کرد، بەلامەوە سەیر بوو چۆن ئەوەت زانیوە، ئەوە بەلامەوە گرێکوێرەیەک بوو، مرۆڤخۆرە درندەکان یەکەمجار بەربونە گیانی ئەسپەکەم و خواردیان، ئەوجا بیریان لە خواردنی منیش کردەوە.

تێڕدلینا یەکەمینجاری بوو لە سەرزەمینەکانی مرۆڤدا، هەست بە ئارامی و شادییەکی لەرادەبەدەر بکا، حەزیدەکرد بەردەوام قسە بکا و چی دەزانێ بۆ ئەڵقینی هەڵڕێژێ:

با وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، دوای شەڕ چی قەوما؟ سەرزەمینی حەوتەم بەدیاری بەخشرایە رەسەنی مرۆڤ و یەکەمین پاشاشیان هۆڵمان، ئەمە توڕەبونی ئیڤڵۆردی لێکەوتەوە، پاشای نوریش هەر پێنج رەسەنە نایابەکەی رەوانەی ئێرە کرد و دابەشبون، هەموو رێوشوێنێکی پێویستیان گرتەبەر تا لە مەترسییەکانی ئیڤڵۆرد پارێزراو

بن. چوار سندوق بەسەر زەویدا دابەشکران، نزیکبونەوەی یەکەمین پاشا لە ئان و ساتدا بوو، هێرشێ چاوەروانەکراو لە شەڕی مان و نەمانی (سیدان) لەلایەن شەڕکەرانی ئیڤلۆردەوە کرایەسەر رەسەنە نایابەکان و سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، بەو جۆرە رەسەنە نایابەکان لە سەرزەمینی دابڕان بەرەو سەرزەمینە دوورەکانی باکور کۆچیان کرد بە ئومێدی ئەوەی رۆژێ لە رۆژان سەرەتای ونبوو بدۆزنەوە و چوار سندوقەکە یەکبگرنەوە و لەشکرێکی زێڕین بێتە دامەزراندن، کۆتایی بە تاریکی بێنن، بەڵام کەس نازانێ چی بەسەر هۆڵمان شادا هات و چۆن پێشوازی لە رەسەنی مرۆڤ کرا، سەرزەمینەکانی باکور بونە سەرزەمینە دوورە نەناسراو و لەیادکراوەکان، بۆ مرۆڤ نەبوو پێ بنێتە نێوییەوە، سەرزەمینی ئیڤلۆردیش دەروازە و سنوری بۆ رەسەنی مرۆڤ کردەوە و لەسەرزەمینەکانی ناوەراستدا دوور لە هەموو راستی و رۆشناییەک لەوێ مانەوە.

ئەلفین بە ئارامی و لەسەرخۆ گوێی دەگرت، تیۆدلینا پشوویەکی کورتی دا و تێهەڵچۆوە: شەڕکەرانی ئیڤلۆرد بەهۆی پاک و خاوێنی سەرزەمینەکانی باکورەوە، نەیانتوانی ئەو خاکە بخەنە ژێر چنگی خۆیانەوە، تاجی ونبووی هۆڵمان شاش بە کەس نەدۆزرایەوە. رەسەنی مرۆڤ کە کەوتبووە ژێر کاریگەریی ئیڤلۆردەوە، رەسەنێکی

نوێ لەنێوان هەردوکیاندا پەیدابوو، بۆ وێرانکردن و کۆتایی هێنان بە سەردەمی ڕەسەنە نایابەکان و دۆزینەوەی تاجی هۆڵمان شا، ئێستا ئەو ڕەسەنە نوێیە لەو سەرزەمینانە دەسوڕێنەوە.

ئەڵقین وەک ئەوەی مەسەلەیەکی گرنگی وەبیرهاتبێتەوە، بەپەلە گوتی:

لە دەریاچە ترسناکەکەی نزیک سەرزەمینەکانی میرغەزەب و لارێگەکان، شەڕکەرێ زۆرمان بینی چەشنی درێندە و دێوی ترسناک وابون، بەرەو سەرزەمینەکانی باکور دەڕۆشتن، وەک چۆن ئێستا تۆ بۆت باسکردم هەر بەو شێوەیە بون، ئێمە هیچ لە قسەکانیان نەدەگەیشتن، تەنیا ئەوەندە نەبێ ناوی ڕەسەنە نایابەکان و تاجی هۆڵمان شا و سورکە و ئۆلاندێڵ-یان دەهێنا.

تێدەلینا بەناوهێنانی باوکی، زانی لە کۆبونەوە نائاساییەکەی ڕەسەنە نایابەکاندا لە سەرزەمینی پاشای دارەکان، بڕیاری ڕووبەڕووبونەوە و بەرگریکردن بەرامبەر دووگیانەکان دراوە، ئەو وای بۆ دەچوو کە شەڕێکی سەخت لەنێوان هەردولادا بەرپا بووبێ. ئەڵقین هێشتا نیگای ئەو دێوەزلەی لەبەرچاو بزر نەببوو، کە شمشێری لە سنگی هاوڕێکەی چەقاند، چاوە سورەکانی بۆ ساتێکی کەم گۆڕان و نیگایەکی مرۆییانە جێگیرتەوە، ئەو دیمەنە بەخێرایی بە بەردەمیدا تێپەڕی:

ئەی ئەوانە کێن کە بەژنیان بڵند و چاویان سورە، لە مرۆڤ گەورەترن، گۆشتخۆرن، گەر لەبیرت بێ تیۆدلینا، ئەوەی لە ئەشکەوتەکەدا چی وای نەمابوو هاوەڵەکەی بمانکاتە پارووپەک، بەڵام هێندەی نەبرد چاوە سورەکانی گۆڕان و وەک چاوی مرۆڤێکی بە بەڕەیی سۆز و هەستێکی قوڵی تێدا نەخشا، بەهانامانەوە هات و رزگاری کردین؟

تیۆدلینا پێگەورەی وەیاد هاتەوە کە دایکی لە رەسەنی مرۆڤ و باوکی لە رەسەنی نیڤیلیۆم بوو، دوو رەسەن ئاوێتە بە یەکتری ببون، دوو ئەنگێزە لە جەستەی پێگەورەدا ململانێیان بوو، مرۆڤ و درندایەتی، رۆشنایی و تاریکی، تیۆدلینا تەماشای ئەڤینی کرد، کە هێشتا دەستی لەناو دەستیدابوو: بەدرێژایی ئەو رێگەیە کەسێکم بەناوی پێگەورە ناسی، بێگومان گەر لە نزیکەوە نەتناسیبا، زەندەقی دەبردی و لە جوڵە دەکەوتی، کەللەسەرێکی زۆر گەورە کە بە ئاسانی دەیتوانی مێردمندالێ قوت بدات، ئەم سەرە گەورە دوو لینگی درێژی هەبوو، هەریەکەیان بە درێژی باڵای کەسێکی بەژن بڵند دەبوو، پێیەکانی زۆر قەبە بون، بەڵام لە شێوەدا هەر بە پێی مرۆڤ دەچون، دەستەکانی وەک درندەکان سێ پەنجە و تیژ و ترسناک، چاوەکانی هەریەکەیان هێندەی سەری مرۆڤێ دەبون و پێشی سەری لە شێوەی کرمی ئاوریشمدا بوو، هەڵگری سۆز و میهرەبانیەکەی دایکی و درندەییەکەی

باوکی بوو، زۆرێ لەوانە ناخیان تاریک داهاتبوو تۆزقاڵێ رووناکی تێدا نەمابۆوە، سروشتە دڕندەییەکە بەسەر مرۆییەکەدا زاڵ ببوو، بەڵام هەشیانبوو وەک دوو گیانلەبەرەکان کە روکەش و ناواخنیان، هەست و نەستیان، رەفتار و پێندارییان لەگەڵ یەکتریدا لە ململانێیەکی سەختدا بون، ئەوانە هێشتا خۆیان نەدۆزیوەتەوە سەرگەردانن، بەڵام ئەوانەی وەک پێگەورەن، هەستە مرۆییەکەیان زیاتر زاڵە بەسەر سروشتە ئاژەڵی و دڕندەییەکەیاندا، ناخیان رۆشنە و بە پێچەوانەی روکەشە تاریکەکەیانە.. ئەمانە پێچەوانەی ئەوانەن کە روکەشیان جوانە و ناخیان ژاراوییە.

ئەلڤین دەیویست زیاتر بزانێ: ئەدی ئەوانەی کە من بینیم..؟!

- ئەوانیش هەر هەمان ئەو کەسانەی سەر بە رەسەنی مرۆڤ و گیانەوەرە بندنیاییەکانن، ئەوەی تۆ بینیوتە کەسێ بووە ناخی پێچەوانەی رووی دەرەوەی بوە، نیوەی لە رەسەنی مرۆڤە و هێندە زاڵبوە بەسەر نیوە دڕندەکەیا، کە لەبەر خاتری ئێوەی رەسەنی مرۆڤ رزگاری کردون، چونکە تەنیا شتێ کە دڕندە لە نادڕندە جودادەکاتەوە، هەر ویژدان و هەست و رەفتار و دەرون رۆشنبیە، نەک روکەش.

تێۆدلینا بیری لە قسەکانی پێگەورە دەکردەوە کە رۆژێ لە رۆژان بە ئومێدێکی زۆرەوە داوای لێکردبوو ناوێکی لەسەر دابنێ،

زەردەخەنەیەک گرتی و گوتی: دەزانی ئەو پێگەورەیە جارێکیان بە منی گوت تۆ چاوڕەشێک دەدۆزیتەوە، هەرگیز نەمدەزانی ئەوەی ئەو باسیدەکات، کەسێ بێ لە رەسەنی مرۆڤ، من ئەو دەمانە لە قسەکانی نەدەگەیشتم، هەرچەندە پێیگوتم گەر هاتوو رۆژێ لە رۆژان بوومە شاژن، دەبێ ناوێکی شایستەی لەسەر دابنێم لەگەڵ بەردی سپی و ناویتریش بۆ هاورێکانی، ئەوجا ئەوان وەک کرمە ئاوریشمەکان، گیانی دڕندەیی جێدێڵن و بەجۆرێکی شیاوتر دووبارە دێنەوە دنیا و ڕوکەش و ناواخنیان وەک یەک جوان و سروشتی دەبێ، بەهەموو مانایەک ڕوویان بۆ ڕوخسارێکی مرۆڤانە دەگۆڕێ.

ئەلفین تەواوی ڕووداو و شوێنەکان هەر لە دەریاچەی پەرستگەی ترسناکەوە تا ئەو کەسەی لە درەنگ شەوێکدا بەردێکی کریستاڵی بە نۆردمەن و هامۆند دابوو، بە خێرایی لەبەرچاویدا تێپەڕین، قسە سەیر و سەمەرەکانی ئەو کەسە، هێشتا لە مێشکیدا دەزرینگانەوە، دیمەنی ئەو کەسەی لە ناوەندی شاری میرغەزەبدا سوتێنرا و ڕۆشناییەکی ئەفسوناوی لە جەستەی دەرچوو، لە چاوتروکانێکدا وەبیری هاتنەوە، ئیدی تێگەیشت ئەوانە ڕووداوێکی لە یەکدی جیاواز و دابڕاو نین، زنجیرەیەکی یەک لەدوای یەکی پێکەوە بەستراون، ئەو ئەڵقە شاراوانەی لە قسە و ڕوونکردنەوەکانی تیۆدلینادا دەدۆزییەوە، بەڵام

سەرباری هەموو ئەو سەرگوزەشتانەی کە بۆی دەگێڕاوە و ڕۆشنایی دەهاوێشتەسەر، گرێیەک هێشتا بۆ ئەلقین کراوە نەبوو، بەپەلە لێی پرسی: تێۆدلینا تۆ باسی هەموو شتێک و هەموو کەسێکت بۆ کردم، بێجگە لە خۆت، تۆ کێیت و لە کوێوە هاتویت؟!

بە قوڵی سەرنجیدا و دەستی بە لاملیدا هێنا: من تێۆدلینام...لەرەسەنی دەسترەنگین و پێکراو و فریادرەسەکانم، لە ڕەسەنە نایابەکانین، یەکێکمان لەوانە لە ناوەندی شاری میرغەزەب بەهۆی گەیاندنی پەیامی نور و بڵاوکردنەوەی ڕاستییەکانەوە، ئاوری تێبەردرا...من کچی شاژن ڕۆنا و ئۆلاندێڵم، سەرزەمینەکانی باکور و پاشای هەموو دارەکان شوێنی لەدایکبونم بوە، تەمەنم سەد و هەشدە بەهارە، لەجێیەکدا بەسەرم برد کە شارێ بوو بەسەر درەختەکانەوە بونیات نرابوو، تێیدا سالّ تەنیا یەک وەرزە، ئەو وەرزەش بەهارە، بەردەوام گوێبیستی چیرۆک و حیکایەتی پڕ شانازی سەردەمێ بووم، کە جەنگاوەرانی ڕەسەنی مرۆڤ لە شەش سەرزەمینەکەی پاشای نور هەناسەیان هەڵدەمژی و پاک بون، بێگوناح بون، بەڕووتی دەگەڕان، سەرزەمینێ کە هەزاران پەپوسڵێمانکەی جۆراوجۆری تێدابوو، بەتایبەتی سپی لەنێو گوڵ و گوڵزار و مێرگەکاندا هەڵدەفڕین، ڕۆژێک خۆشەویستی و پەرۆشیم بۆ بینینی ڕەسەنی مرۆڤ، پاڵی پێوەنام ژیانم بەرەو ڕێڕەوێکی دیکە

بەرم و بڕیارێ بدەم بە پێچەوانەی هاورەسەنەکانم و دایک و باوکم، دابونەریتمان، تەنیا بۆ ئەوەی بژیم و ئازادبم و ئارەزومەندانە رەوتی ژیانم دەستنیشان بکەم، بۆ ئەوەی لەبەر خاتری خاتران و ئەم و ئەو نەژیم، ساردی و گەرمی و شیرینی و تاڵی و رەنگەکانی ژیان بە ئارەزوی خۆم ببینم، لەدوای چەندین شەوی پڕ لە بیرکردنەوە و خەیاڵ و دوودڵی، بەرەبەیانێکم بە گفتوگۆیەکی دژوار و توند بەڕێکرد، دڵگرانی دایک و باوکمی لێکەوتەوە، هەمویانم بەجێهێشت لەگەڵ دادەی خۆم ئێلندیا، کە نەیدەویست لەو دوورکەوتنەوە پڕ مەترسی و هەڕەشانە بە تەنیابم، لەگەڵمدا هات بۆ سەرزەمینەکانی ئێوە ملی ڕێگەمان گرتەبەر، بەڵام بەداخەوە ئێلندیا لەسەر سنور بەهۆی ناپاکی ڕەسەنی مرۆڤەوە یەخسیرکرا و بەرەو سەرزەمینەکانی ناوەراست و میرغەزەب برا، ئیدی ئەوە وای لێکردم بەرەو ئەو سەرزەمینە پڕ هەڵگرم و گوێ نەدەمە ئەنجامەکانی چ خۆش بن یان ناخۆش.

ئەلفین بە سەرسامییەوە گوێی رادێرابوو، تیۆدلینا روخساری ئێلندیای لەبەرچاو بزر نەدەبوو، لەناکاو قسەکانی ئەوی وەبیرهاتەوە لە ساتەکانی پێش دابڕان بە گوێیدا چپاندبوو، ئێستای بە باشترین دەرفەت دەزانی، پەردە لەسەر ئەو ڕازانە لادات، هەروەک چۆن ئێلندیا پێیگوتبوو لە کات و ساتێکی شیاودا ئەو قسانە بۆ کەسێکی شایستە

بکا، هەرچەندێکیش تەماشای ئەڤینی دەکرد لەو باشتری نەدەدی، شایانی ئەوە بێ راز و نهێنییەکانی بۆ بدرکێنێ، بەڵام خەیاڵێکی قوڵ لە زەینیدا هەڵیکرد و کەوتە باوەشی هەستێکی ئارامەوە، دەمارەکانی خاوبونەوە لە دڵنیاییدا، دەستەکانی خۆی دەگوشی، لە پڕ پەشیمانی گرتی، ئەقڵی لەنێو چەند و چونێکدا پاشە و پاش گەڕایەوە و وای بە باش زانی جارێ هیچ شتێ نەڵێ.

دووبارە دەستەکانی ئەڤین لە پەنجەکانی گیربونەوە، موچڕکەیەک بە لەشیدا هات و لێی وردبۆوە، ئەوجا گوتی: لە ساتەوەختێکدا خەریکبوو دڵم لە رەسەنی مرۆڤ و کردار و رەفتار و پێندارەکانیان بەجۆرێ بڕەنجێ، تۆزقاڵێ ئومێدم پێیان نەمێنێ، بەڵام جارێکیتر تۆ خۆشەویستی و هیوات بۆ نێو دڵم گەڕاندەوە، واتکرد لە خۆم زوێر نەبم کە لەبەر خاتری رەسەنی مرۆڤ، خۆشەویست و کەسی خۆمم لە سەرزەمینە دوورەکانی باکور بەجێهێشتوە...دەزانم بۆ ماوەیەک لەبەر هێرۆدۆس دڵت لەمن ڕەنجابوو، بەڵام ئەو هەمومانی لە مەرگێکی پڕ ناسۆر و ئەشکەنجە رزگار کرد، ئەو بەنیاز بوو یارمەتیم بدات بۆ دۆزینەوەی ئێلندیا، کاتێکیش بارودۆخ گۆڕا، پێشنیارەوەی بەرەو سەرزەمینی گوڵەکان و شەرابی سور بڕوات، داوای لە من کرد لەگەڵی بڕۆم و یاوەری بکەم، بەڵام کە بیرم لە تۆ دەکردەوە، بەرگەی دووریم

نەدەگرت، وەک کارەساتێکی گەورە وابوو بەتەواوی رایدەماڵیم...ئیدی بۆم رووندبۆوە بێ تۆ ئەستەمە ژیانم، سەرباری ئەوەی کە دەمزانی مەترسییەکی گەورە لە ئاسۆوە خۆی مەڵاس داوە.

ئاشکراکردنی دەرونێکی لێوانلێو لە خۆشەویستی، دەمارەکانی ئەلقینی دەبزواند، ئەوێ کە هەمیشە لە ئازاری بێدەنگیدا خۆی دەخواردەوە، وای هەستدەکرد لەشیرین خەونێکی قوڵدایە، کە حەز ناکا لێی بێدار بێتەوە، لە دڵەوە سەرزەنشتی خۆی دەکرد بەرامبەر بیرکردنەوە هەڵەکانی، بەنارەحەتیەوە گوتی: کەواتە بۆچی زووتر ئەو راستیانەت پێنەگوتم، دەزانی چ هەڵچونێکی بێمانام بەرامبەر نواندیت؟

- نەمدەتوانی...من بەڵێنم بە هێرۆدۆس دابوو هەتا لە سەرزەمینەکانی ناوەراست بین، هیچ وشەیەک بە زار نەهێنم...ئێستاش کە ئەمانەت پێدەڵێم لەبەرئەوە لەو سەرزەمینە دوورکەوتوینەتەوە و لەسەرزەمینی رۆژاواین...

هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو، چاوی تیۆدلینا بە شێوەیەکی ئەفسوناوی بریسکانەوە، ئەلقین پەشۆکا و بە پەلە پرسی: تیۆدلینا... چی بوە؟

بە سەرسامییەوە گوتی: بەچاوی هاورێیەکی دێرینی چاوەروانەکراو بەسەر شاخە بەرزە بەفراوییەکانەوە ئێستا دەسوڕێتەوە، جەنگاوەرێ

زۆر دەبینم بەرەو ئێرە دێن.

- تیۆدلینا چۆن شتی وا دەبێ؟!

- ڕەسەنە نایابەکان هێز و توانای تایبەت و جۆراوجۆریان هەیە بە چاوی باڵندەکان دەبینن، لە شەویشدا بیناییان ڕۆشنە، شوێن پێیەکانی تۆ کە بە چاوی کەسانیتر نابینرێ، لە پێشچاوی من ڕۆشن بون، هەر ئەوەش وایکرد بزانم لە کام دەریچەوە شۆڕبوبیتەتەوە و بتوانم بتدۆزمەوە، بەڵام ڕەسەنە نایابەکان بەتەنیا کلیلی ڕازی سەرزەمینە شاراوەکانی لا نییە، هەروەک گوێم لێبوە گۆچان بەدەست و شین و شینان لە ڕەسەنی مرۆڤ، کلیلی ئەو سەرزەمینانەیان پێدەدرێ... هەرچۆنێ بێ پەلە بکە، پێدەچێ ئێستا دەمەوبەیان بێ و کەمێتر دنیا ڕووناک بێتەوە.

ئەلڤین بە بایەخێکی زۆرەوە گوێی بۆ قسەکانی تیۆدلینا ڕاگرتبوو، هەستی بە متمانەیەکی گەورە دەکرد بە خۆی: ئەم سندوقە لەگەڵ خۆمان دەبەین و بەهەموو توانامانەوە بەرگری لێدەکەین، ئێستا بارمان زۆر لە جاران قورسترە، پێدەچێ بەشێ لە چارەنوسی ڕەسەنی مرۆڤ و ڕەسەنە نایابەکان و سەرزەمینەکانیش لەدەستی ئێمەدا بێ.

تیۆدلینا کە ڕازەکانی هێشتا بۆ کاتێکی شیاوتر هێڵابۆوە، بەپەلە گوتی: بەڕێرسیارێتی و بەرگریکردن لەم سندوقە لە ئەستۆی تۆدایە،

هەروەک گوتت باریکی قورستر و چارەنوسساز دەخەیتە سەر شانت، بەڵام لەبیرت نەچێ بەتەنیا نیت، تا دوایەمین چرکە یاوەرتم.

ئەلفین گەلێ خۆشحاڵ بوو، بەپەلە سندوقە کریستاڵییەکەی بڵندکردەوە کە تەپوتۆز و تەونی جاڵجاڵۆکەی لەسەر بوو، هەروەک چۆن هاتبون بەهەمانشێوە گەڕانەوە. نۆردمەن و هامۆند و تافێن و ساویلک دەمێ بوو لە خەو هەستابون، ئاوڕیانداوە ئەلفین و تیۆدلینا لەوسەری ئەشکەوت بە سندوقێکی کریستاڵی بریقەدارەوە دێنەوە، کاتێ نزیکبونەوە نۆردمەن بە توڕەییەوە چووە پێشوازییان: ئێوە لەکوێن؟ دەمێکە بەشوێنتاندا دەگەڕێین و چ سۆراغێکتان نەبوو؟!

ساویلکیش کە چاوی خستبوە سەر سندوقەکە، زۆرزانانە پرسی: ئەلفین ئەمە چ خەزێنەیەکی شاراوەیە؟

بەزەردەخەنەوە وەڵامیدایەوە: ساویلک راستدەکەی، ئەمە خەزێنەیەکی پڕ بەها و شاراوە بوو، پێش کەمێ دۆزرایەوە، بەڵام ئێستا نا، بەڵکو لە کات و ساتێکی گونجاوتردا هەمویتان بۆ باسدەکەم، ئێ...پێمان بڵێن بۆچی وا شپرزەن؟

تافێن خەمبارانە هاتەگۆ: دەمێکە باڵندەیەکی گەورە و ترسناک بەسەرماندا دەسوڕێتەوە و زۆریش لێمان نزیکدەبێتەوە، بەڕاستی ترسی خستۆتە دڵی جەنگاوەرانمانەوە و هیچ یەکێ لە ئێمەش ناوێرێ بچێتە

دەرەوە، چونکە هیچکامیان لە سەرزەمینەکانی خۆیاندا، باڵندەی هێندەی گەورەی نەبینیوە و ناشزانین چی دەوێ.

تیۆدلینا بەبێدەنگی ڕووەو دەرەوەی ئەشکەوتەکە چوو، دنیا تازە ڕووناک دەبۆوە، خۆر وردە وردە لە پشتی چیاکانەوە دەهاتە دەرێ. نۆردمەن لەجێی خۆیەوە هاواریکرد: ئەوە چی دەکەی...گوێت لێ نییە، ئێمە باسی باڵندەیەکی گەورەی ترسناک دەکەین لە دەرەوە بەسەرماندا دەسوڕێتەوە، بۆ کوێ دەچی؟

تیۆدلینا بە زەردەخەنەوە ئاوڕی بۆ نۆردمەن دایەوە، سەرێکی لەقاند ئەوجا ڕێگەی دەرەوەی گرتەوە بەر. دنیا زۆر سارد بوو، گەرچی چاوەڕێی بەفرێکی قورسیان دەکرد، بەڵام کە سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی، هەورێکی نەبینی خۆی لە قەرەی شینایی ئاسمان بدات. تیۆدلینا لە دەرەوە باڵندە گەورە ترسناکەکەی بینی ناسییەوە باڵندەکەش وەک ئەوەی هەست بە بونی بکا، باڵە پان و پۆڕەکانی بە یەکدا دەدا و بەرەو لای تیۆدلینا هەڵفڕی، لە نزیکیەوە لەسەر لوتکەیەک نیشتەوە، بەهۆی هێزی باڵەکانی تۆزی بەفری لەو نێوەدا بەحەوادا دەبرد. پێنجسەد جەنگاوەرەکە لە خانوی نێو شاخە سوورەکان، بە نیگەرانییەوە تەماشای تیۆدلینایان دەکرد، کە وایان دانابوو رەنگە ببێتە نێچیرێکی باشی ئەو باڵندە زەبەللاحە، ئاخر ئەوان تەنیا لە حیکایەتەکاندا باسی

بالّندەی وا زەبەللاحیان بیستبوو. تیۆدلینا بەرامبەری وەستا، بێئەوەی بەدەست خۆی بێت لێی چوە پێشەوە، توند باوەشی پێدا کرد، ئەوجا پاشەوپاش گەڕایەوە، شۆڕبۆوە بۆ ناخی و لێدانی دڵی لەگەڵ ترپەی دڵی پیرە سیمورغدا ڕێکخست، ئیدی بەو شێوەیە توانی دووبارە ئاخاوتنی لەگەڵدا بکاتەوە، بە سەرسوڕمانەوە پێیگوت: پیرەسیمورغ بە تەنیا و دوور لە چیا بەرزە بەفراوییەکان و ڤینکیسی پەڕسوور و هەڵۆی سپی لە سەرزەمینەکانی ڕۆژاوا چیدەکەی؟

ئەو بە بینینی تیۆدلینا خۆشحاڵ بوو، گوتی: پاش ئەوەی لە سنور تێپەڕیت لە هەواڵت دابڕام، زۆرجار لەگەڵ ڤینکیس و هەڵۆی سپی هەوڵمان دەدا خەبەری تۆمان دەستبکەوێ، بەڵام بەهیچ کلۆجێ شتێکمان دەست نەدەکەوت، تا بە چاوی هەڵۆ بۆ قەدبڕکردنی ڕێگەکە و خۆڵادان لە شەڕکەرانی بندنیا بەشوێن چارەسەرێکدا دەگەڕایت ئەوجا توانیمان تۆ بدۆزینەوە، بەڵام پێم بڵێ بۆچی بەتەنیایت، ئەدی ئێلندیا لە کوێیە؟ هەرچەندە پیرم و زۆر شتم لە بیرنەماوە، بەڵام چاوە سەوز و پرچە سپییەکانیم لەبیرماوە.

تیۆدلینا بە پەرۆشەوە: بە بینین و ئەم سەردانە چاوەروانەکراوەت خۆشحاڵم، هەر کە لە سنور تێپەڕین لەلایەن دەستەیەکی سەر بە ڕەسەنی مرۆڤ بەناوی چاوبۆق کەوتینە بۆسەی پاسەوانانی بندنیاوە،

لەو رۆژەوە تا ئێستا لەیەکتر دابڕاوین و چارەنوسی ئێلندیا لە دەستی کەسێکی بەهێزدایە، بەڵام پیرەسیمورغی سەرزەمینە چیاییەکان، دەمێکە ئاگاداری هەواڵ و باسی سەرزەمینەکانی باکور نیم، تۆ چی لە بارەیانەوە دەزانی؟

سیمورغ ئاهێکی هەڵکێشا: هەواڵەکان هیچ خۆش نین و شەڕکەرانی بندنیا، ئەوانەی پێیاندەڵێن دووگیانەکانەکان لە ئامادەسازیدان بۆ جەنگێکی زۆر گەورە بەرامبەر جەنگاوەرە کەمەکانی ئۆلاندیڵی باوکت، دواتریش زانیمان لەگەڵ ئافدوور لە دەروبەری شاری کیسەڵە کۆچبەرە گەورەکانن.

تیۆدلینا بەبیستنی ناوی باوکی دڵەکوتەی تێکەوت، فرمێسک تەزیبە چاوەکانی خەم و ناڕەحەتیەکی زۆر تەنیبەوە، هیچ ساتێ وەک ئێستا ئەم هەستە پڕ خەمە تەنگی پێهەڵنەچنیوە، وەک ئەوەی مەزەندەی کارەساتێکی یەکجار گەورە و چاوەروانەکراو بکا، بەتایبەت پێش رۆشتنی پێیگوتبوو» ئیتر تۆ مافی ئەوەت نیبە بگەڕێیتەوە بۆ سەرزەمینەکانی باکور» لەگەڵ ئەوانەشدا دەترسا باوکی توشی نەهامەتییەک ببێ. تیۆدلینا قسەکانی پیرەسیمورغی لە بیرنگ دەدا، بە سەرسوڕمانەوە پرسی: شەڕی گەورە بۆچی لەوێ ڕوودەدا؟ خۆ ئەوێ دانیشتوانەکەی کاروپیشەیان کۆکردنەوەی شیلەی گوڵەکانە...

ئەوانە ئازاریان بۆ کەس نییە و لە هەموو شەڕ و هەڕەشەیەک بەدوورن!.
لەنێو هوروژمی ئەو خەمانەدا خەیاڵی بۆ بۆتین هەڵفڕی، سیمورغیش بە ئارامی وەڵامیدایەوە: پاشای بێ تاج میرغەزەبی گەورە خەون بە تاجە ونبووەکەی هۆڵمان شاوە دەبینێ، کە تا ئێستاش بە کەس نەدۆزراوەتەوە، بۆ ئەوەش دەستی چوە خوێنی باوک و براکانی و لەناوی بردن، بەڵام وەک ئەوەی بزانێ تاجە ونبووەکە لەکوێ حەشاردراوە، لەشکری دووگیان و دێوەکانی ڕەوانەی سەرزەمینەکانی باکور کردوە...ئا..شتێکم وەبیرهاتەوە، قەڵای گەورە کە لەسەرزەمینی کیسەڵە کۆچەرییەکانە و دەکەوێتە سەر گردێک بەشێوەیەکی باش پارێزگاری لێدەکرێ، تا ڕادەیەک زۆرینەی هێز و جەنگاوەرەکان ڕووەو ئەوێ براون.

تێۆدلینا ئەو قەڵایەی هێشتا لەبەرچاو بوو، کە بەسەر گردێکی گەورەوە قوتکرابۆوە، دەرگا و پەنجەرەکانی داخرابون، ئەو کاتە بۆتین بە تێۆدلینای گوتبوو کە یەکێ لە نهێنییەکانی سەرەتای ونبوو لەوێدا پارێزگاری لێدەکرێ، بەڵام هیچ یەکێکیان نەیاندەزانی ئەو نهێنییە چییە. سیمورغی پیر درێژەی بە قسەکانی دا: ئەو شەڕە، شەڕێکی نابەرابەرە، ئۆلاندێڵ-ی باوکت لەگەڵ جەنگاوەرانی ئاڤدوور بۆ ئەو سەرزەمینە بەڕێوەن، بەڵام هێزەکەیتر زۆر لەوان زیاتر و گەورەترن،

پێناچێ لە بەرگریکردن سەرکەوتوو بن.

تیۆدلینا دڵی خورپەی کرد، لەناکاو گوێی لەدەنگی ئەڵفین بوو لە تەنیشتیەوە راوەستابوو: ئەمە چییە و کێیە..تیۆدلینا؟!

بە زەردەخەنەوە: ئەمە پیرەسیمورغە، یەکێکە لە هاوەڵەکانم لە سەرزەمینە دوورەکانی باکورەوە هاتووە.

سیمورغ کە تەماشای تیۆدلینا و ئەڵفینی کرد، هەستێکی گەرمی لە ناخیدا خوێندەوە: تیۆدلینا..ئەوە کەسێکە لەرەسەنی مرۆڤ و دڵی تۆی بردوە، ئەمە هیچ کات و ساتێ پەیوەندی لەو جۆرە پووینەداوە، تۆ دەزانی چی دەکەیت؟!

تیۆدلینا بۆ ئەوەی ئەڵفین گوێی لێبێ، دەمی کردەوە و گوتی: خۆشەویستی ئارەزومەندانە لە دەرگەی دڵەکان دەدات، راستە لە رەسەنی مرۆڤە، بەڵام خۆشەویستی بۆ هیچ رەسەنێ سنوری نییە و دیاری پاشای نورە بۆ هەموان.

ئەڵفین بە سەرسوڕمانەوە لە تیۆدلینای روانی: تۆ لەگەڵ کێ قسە دەکەیت؟

دووبارە زەردەخەنە کەوتەوە سەر لێوانی: من وەڵامی پرسیارەکانی پیرەسیمورغ دەدەمەوە، ئەو بە زمان قسە ناکات، بەڵام ناخی دەپەیژێ.

سیمورغ سالانێکی زۆری بەسەربردبوو، گەلێ هەوراز و نشێوی ژیانی

بڕیبوو، چاوی بڕیبە چاوەکانی ئەڵقین: ئم..ئمـــــــــم..راوەستە... راوەستە...شتێکی نامۆ و ناسراو بەڵام بزر لەم کوپەدا بەدی دەکەم...

- ناوم کوڕ نییە...ئەڵقینم.

پیرەسیمورغ و تیۆدلینا بە سەرسوڕمانەوە سەریان بۆ لای ئەڵقین سوڕاند: تۆ گوێت لە قسەکانی سیمورغی پیر بوو؟!

ئەڵقین خۆشی سەرسام بوو، بەڵام بەڕاستی گوێی لە قسەکانی ناخی پیرەسیمورغ بوو، بەدرێژایی تەمەنی ئەوە یەکەمجاری بوو، کەسێ لە ڕەسەنی مرۆڤ گوێی لەدەنگی ناخی باڵندەیەک بێ، هەرچەندێ بیری لێدەکردەوە، بێوەڵام دەمایەوە بۆیە گوتی: ئم..شتی وا هەرگیز ڕووینەداوە، نە لە سەرزەمینە دوورەکان و نە پێش چاوکردنەوەشم لەسەر ئەستێرەی شین، نەبوە کەسێ لە ڕەسەنی مرۆڤ گوێی لە قسەی من بوبێ...بەڵام پێدەچێ تۆ شتێتر لەناختا هەبێت..دەبێ چی بێت..بیربکەوە...بیربکەوە... نەخێر هیچم نەدۆزییەوە وەڵامی من بێت.

تیۆدلینا پەلەی بوو کە هەواڵی چارەنوسساز بە سیمورغە پیر بگەیەنێ، بەخۆشییەکی زۆرەوە گوتی: هەواڵی دۆزینەوەی چوارەمین سندوقم لایە، سندوقە کریستاڵییەکەی ڕۆژاوا دوایەمنیانە، ئەو هەواڵە بە ڕەسەنە نایابەکان بگەیەنە، ئێمە بەرەو بەندەری ئاواتەکان و

سەرزەمینی شین پێهەڵدەگرین.

وەک هەورەبروسکە لێیدابێ بەو جۆرە راچەنی، باوەڕی نەدەکرد، بەپەلە پرسی: کێ ئەو سندوقەی دۆزییەوە، ئەم کوڕە چاوڕەشە؟ تێۆدلینا بە شادییەوە گوتی: بەڵێ ئەم چاوڕەشە...ئەلڤین کوڕی هۆڵماکی نەوەی تێۆدۆس، سندوقەکەی دۆزییەوە.

پیرەسیمورغ بەو هەواڵە شاگەشکە بوو، هەزاران ساڵە سەرزەمینی شین چاوەڕێی ئەو رۆژە دەکا: کەواتە شەپۆری رەسەنی مرۆڤ، هەڵگرانی سندوقە کریستاڵییەکانی سەرزەمینی نور بەرەو سەرزەمینی باکور دەتوانێ دەست پێبکا..

وەک ئەوەی هەواڵێکی ناخۆشی وەبیرهاتبێتەوە، بەنیگەرانیەوە گوتی: بەڵام راوەستن...شتێکی پڕ لە هەڕەشە کە نێوە نایزانن کەوتۆتە جوڵە...بەڵێ مەترسییەکی گەورە هەیە، شەڕکەرە چاوسورە ترسناکەکانی بندنیا وا بەرەو ئێرە بەڕێ کەوتون، پێدەچێ نزیک خۆراوابون بگەن...دەبێ بزانن هەورە سپییەکان بەفرێکی قورس و گرانیان پێیە، پێش ئەوەی بێمە لای نێوە بە دژواری باڵەکانم دەبزواند، بەرەبەیانی سبەینێ ئەو بەفرە ئێرەش دەگرێتەوە و رێگە و بانەکان هەمووی دەگیرێن، پێناچێ بتوانن بەرامبەر شەڕکەرانی بندنیا و بەفر ڕابوەستن و خۆتان رزگار بکەن.

هەردو هەواڵەکە بۆ ئەلڤین چاوەڕوانکراو بوو، نەترسانە وەڵامیدایەوە: چاوەڕوانی هەردوکیمان کردوە، بەڵام نەک بەو زووییە.

سیمورغ بە نیگەرانییەوە لێیپرسی: پیرێتی زۆری بۆ هێناوم..لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دەتوانم دوو نەفەر لەسەر پشتم دانێم..ئا..ئەلڤین سندوقە کریستاڵیەکە بهێنە..تۆش تیۆدلینا دەبێ بەزووترین کات ئەم سەرزەمینە بەجێ بێڵیت...رزگاربوونتان لەم بارودۆخە ترسناکە کارێکی زۆر مەحاڵ و سەختە.

لەگەڵ ئاخاوتنەکانی ئەماندا جەنگاوەرە گەنجەکان یەک لەدوای یەک لەنێو شاخە سورەکەوە دەهاتنە دەرێ و چاوەڕێ بون بزانن چی دەقەومێ.

پیرەسیمورغ تەماشای هەمویانی کرد، ئەلڤین بێدوودڵی گوتی: هیچ یەکێ لەو پێنجسەد کەسە بەجێ ناهێڵین، بەمان و نەمان لەگەڵ یەکتر دەبین، ئەو سندوقەش کە وەک ئەمانەتێ بەردەستمان کەوتوە لەلای خۆمان دەمێنێتەوە.

سیمورغی پیر دڵنیابوو کە ئەلڤین دوابڕیاری خۆی داوە و هاوەڵەکانی بەجێ ناهێڵێ، ئیدی رووبکردە تیۆدلینا: هەر کاتێ هەورەکان بە ماتی هاتن و باڵیان بەسەر ئەو سەرزەمینەدا گرت و بەفر دەستی بە بارین کرد، چیدیکە بەو پیریەمەوە ناتوانم لە شەقەی باڵ بدەم و بفڕم،

چارەنوستان ئیتر بەدەستی خۆتان دەبێت.

کەمێ بێدەنگ بوو، ئەوجا لە تیۆدلینا چووە پێشەوە: هێشتا ئەو دەرفەتەت لە بەردەستدایە لەگەڵم بێیت و بتبەمە لای ئۆلاندێڵ-ی باوکت، پێش شەڕی مان و نەمان ببینی، رەنگە نەمبینیتەوە و ئەم هەلەشت بۆ دووبارە نەبێتەوە.

تیۆدلینا لە ناخەوە حەزیدەکرد جارێتر باوکی ببینێتەوە، بەڵام کە تەماشای هاوەڵەکانی دەکرد، ویژدانی ئاسودە نەدەبوو، بە نیگەرانیەوە رووبکردە سیمورغەپیر: نا...ناتوانم پیرەسیمورغ...ناتوانم ئەم ئازیز و خۆشەویست و کوڕ و کچانە بەجێبێڵم، با چارەنوسمان پێکەوە بێ، بەڵام هەواڵی دۆزینەوەی سندوقی چوارەم رابگەیەنە با مارشی رەسەنی مرۆڤ بەرەو سەرزەمینەکانی باکور و بەندەری ئاواتەکان دەست پێبکات، ئێمەش گەر لە شەڕەکان سەرکەوتوو بوین و بەفر و سەرماو سۆڵە چاوەروانکراوەکەی سبەی بەیانی بواری داین، لە نزیکترین دەرفەتدا بەرەو سەرزەمینەکانی باکور بەڕێ دەکەوین.

سیمورغی پیر سەری بۆ لەقاند: بەدڵنیاییەوە هەروا دەکەم.

لێی وردبۆوە و بە نیگەرانیەوە پێیگوت: دەی با بزانین چی دەبێ، هەرچەندە کاتی زۆرمان لەبەردەستدا نییە، دەبێ پێش دۆزینەوەی تاجەکە لەلایەن میرغەزەب و شەڕکەرانی، لەم کارە سەرکەوتوو بین،

ئەگینا چاوەڕێی هەزاران ساڵ و ئومێد بۆ سەرهەڵدانی رووناکی هەر هەموی بە فیڕۆ دەچێ...ئەو دەمە پاشایەک سەر کورسیەکە دەگرێ، کە ئیڤلۆرد تێیدا دەستڕۆیشتوو بێ، ئیتر بەو جۆرە قسەکانی سەبارەت بە ناشایستەیی ڕەسەنی مرۆڤ دێنەدی.

تیۆدلینا بەوردی لە پیرەسیمورغ ڕاما: هەرچەندە ئەمە کارێکی سەخت دەبێ بۆت، بەڵام گەر بتوانیت بچیتەوە هەمان ئەو شوێنەی باڵندە ترسناکەکان هێرشیان بۆ هێناین، لەوێ هاوڕێیەکی دێرینم لەنێو دارستانەکانی نزیک شاری لیۆمین بەتەنیا دەسوڕێتەوە، ناوی پێگەورەیە...

سیمورغ وەک ئەوەی گوێی لەو ناوە بووبێ، بەپەلە گوتی: ناوی پێگەورەم بیستوە، بەڵامەوە نامۆ نییە...وا بزانم باڵندە پیرەکان کە دوور دوور دەفڕین بۆ سەرزەمینەکانی باکور لەنێو خۆیاندا هەندێ چیرۆک و هەواڵیان بۆ یەکدی دەگێڕاوە، هەر ئەوانیش ناوی (پێگەورە) یان بە ئێمە ئاشناکرد... بەڵێ بەڵێ پێگەورەی سەرگەردان بۆ زۆر کەس مایەی ترس و تۆقاندن بوە، ئەوانە لامان شاراوە نییە، بەڵام پێم بڵێ تۆیەک لە ڕەسەنی پاک و فریادڕەس و دەستڕەنگین، چ پەیامێکت بۆ پێگەورە هەیە، گەر بینیم چی پێرابگەیەنم؟

تیۆدلینا بەدڵنیاییەکی زۆرەوە هاتەگۆ: سڵاوی تیۆدلینای کچی شاژن

رۆنا و تۆلاندێڵ-ی پێرابگەیەنە، پێی بڵێ رۆژی هاتوە هاورێکانی کۆبکاتەوە و بەرەو سەرزەمینی ئاواتەکان پێبەڵگرێ، ئیتر کاتی هەڵکردنی مەشخەڵێکە لە تاریکستان و سەرهەڵدانی یەکەمین پاشا لە ئارادایە، ناوی شایستە و وەرگرتنی بەردی سپی نزیکبۆتەوە، دەبێ بەشداربن لە ئێکبون و لە ڕیزی جەنگاوەرانی زێڕین بێبەش نەبن.

سیمورغ تەماشای ئاسمانی کرد، هەورەکان چین چین لەسەر یەک دەنیشتنەوە: واتە ئیتر دڵنیابم کە لەگەڵم نایەیت و هاوەڵەکانت لە ڕەسەنی مرۆڤ جێناهێڵی، بەڵام بزانە کارەکان تەنیا بەدۆزینەوەی سندوقی چوارەم کۆتایی نایەت، هێشتا دۆخێکی ترسناکتر و کاتێکی کەمتان لەبەردەستدایە، دەترسم پێش ئێوە شەڕکەرانی ئیفڵۆرد و بندنیا تاجە ونبووەکەی هۆڵمان شا بدۆزنەوە و میرغەزەب لەسەر سەری خۆی دانێ و ببێتە یەکەمین پاشا، ئیتر ئەو کات هەموو خەون و ئاوات و ماندوبونەکان و چاوەروانیشمان بەهەدەر دەچێ.

تێڕدلینا لە سیمورغ چووە پێشەوە و باوەشی پێداکرد، تەماشای یەکتریان کرد و سیمورغەپیر خۆی ئامادەکرد بۆ ڕۆشتن، کەمێ چووە دواوە و باڵەکانی ڕاوەشاند، پێش ئەوەی بفڕێ ڕوویکردە ئەلفین: لە ئاسمانە بەرزەکانەوە چاومان لێتانە، گەر لە بەندەری ئاواتەکان سەرکەوتوو بون بەرەو سەرزەمینی دابڕان بەڕێ بکەون بۆ داواکردنی

هاوکاری لە ڕەسەنە نایابەکان، تەماشای حەوت داوی زێڕینی پرچی تیۆدلینا بکە، گەر هێشتا سپی نەببوو، ئەوە بزانە هێشتا لە ژیاندا ماوم و لە ڕۆژی یەکبون کە عەیامێکە نەمدیوە دەتانبینم، بەڵام گەر حەوت داوەکە سپی ببون، ئەوا دڵنیابن کە نەماوم.

ئەلفین سەرگوزەشتەی تەواوی نێوان تیۆدلینا و سیمورغی نەدەزانی، بەڵام پیرە سیمورغی خۆش ویست، بەزەردەخەنەوە وەڵامیدایەوە: گەر بەخت یار بێ لەو ڕۆژە بەشدار دەبین، ئەرکی من پاراستنی ژیانی پێنجسەد نەفەرە و گەیاندنی ئەم ئەمانەتەیە بۆ بەندەری ئاواتەکان، تاجی پاشایەتی ڕەنگە بۆ سەری من گەورە بێ و نەگونجێ، بەڵام هێڤیدارم ئەو ڕۆژە ببینم.

سیمورغ چاوەکانی زەقکردەوە و باڵەکانی ڕاوەشاند: ڕەنگە هێشتا خۆت نەزانی، بەڵام بۆ نا هەی پاشازادە ئەلفینی کوڕی هۆڵماکی نەوەی تیۆدۆس...

یەکەمجاری نەبوو گوێی لەو قسەیە بێت پێشتریش پیرەمێردە بەستەزمانەکەی نێو ئەشکەوتەکە، بەر لە مردنی بەدەستی ئۆرام پێیگوتبوو کە ڕەنگە لە بنەماڵە گەورە لەیادکراوەکان بێ، ئەو دەمە بێدەنگی هەڵبژارد و بایەخی بە قسەکە نەدا. پیرەسیمورغ لە هەر ساتێکیتر زیاتر خۆشحاڵ و بەختەوەر بوو، هەزاران ساڵی تەمەنی

لە چاوەروانی مارشی رەسەنی مرۆڤدا بەسەربرد، تا کاروان بەرەو سەرزەمینەکانی باکور بەڕێکەوێ و سەرەتای ون بدۆزنەوە، ئەو چەندین سەدەی لە ئازار و دژواریدا بەسەربرد، ڕۆژگارێکی پڕ نائومێدی دەپێچایەوە، بۆیە بە جۆش و خرۆشێکی بێئەندازەوە، بۆ گەیاندنی مزگێنی دۆزینەوەی چوارەمین سندوقی کریستاڵی و ئامادەسازیی مارش ڕووەو سەرزەمینەکانی ڕۆژاوا و باکور، باڵەکانی بەیەکدا کێشا و چەخماخەیان دەدا، هەر بریسکەیەکی مژدەی دنیایەک هیوا بون، ئیدی بەرز...بەرز هەڵفڕی، چوە نێو دڵی هەورە ڕەشەکانەوە کە وردە وردە دەبونە میوانی یەکدی و کەپرێکی ماتەمیان بەسەر زەویدا هەڵدەبەست. پیرەسیمورغ هێشتا ڕاسپاردەکەی تیۆدلینای لەمێشکدا دەزرینگایەوە، کە دەبێ بەرەو سەرزەمینە دوورەکانی لیۆمین و لەخۆرنبوەکانی نزیک سنوری ڕەسەنی مرۆڤ بفڕێ و پێگەورە ببینێتەوە، پەیامەکەی پێرابگەیەنێ، بۆ ئەوەی ئەوانیش خۆیان بپێچنەوە بەرەو سەرزەمینی شین و بەندەری ئاواتەکان.

پیرەسیمورغ لەچاو بزربوو، کۆڕ و کاڵەکان دەروازەی چیا بەرزە سوورەکانیان بەجێهێشت، تاک تاک و کۆمەڵ بە کۆمەڵ بەرەو لای تیۆدلینا هاتن، لەرووخساری هەریەکەیاندا سەرسوڕمانێ گەورە نەخشی کێشابوو، تەنیا تەماشای ئەو دوو کەسەیان دەکرد، کە

روونکردنەوەیەکیان بدەنێ و گرێکوێرەی ئەو دیمەنە سەیر و سەمەرەیان بۆ بکەنەوە کە پێش کەمێ لەبەردەمیاندا گوزەری کرد.

تێۆدلینا یەکسەر سیمای واقورماویانی خوێندەوە و تێگەیشت ئەوەی بۆ ئەلڤینی باسکردووە، دەبێ بەهەمانشێوە بۆ ئەمانی دووبارە بکاتەوە، ڕووی تێکردن و لەسەرخۆ سەرگوزەشتەکەی گێڕاوە، هەمووان تەماشای یەکتریان کرد و سەرسامبونەکەیان چەند بەرابەربۆوە، تێۆدلینا هێشتا ئامازەی بە سندوقە کریستاڵییەکەی چوارەم نەکردبوو، سەرنجی ئەلڤینی دا، کە نۆرەی ئەوە چیرۆکەکە تەواو بکات. ئەلڤین دەستەکانی نوقاند و شێلگیرانە هاتەگۆ: ئێستاش دوای ئەو هەموو ڕووداوانە، سندوقی چوارەم دۆزرایەوە و لەلای ئێمەیە، لەبەرئەوە چیدیکە هەڵنایەین و گەر بە هەزاران شەڕکەری بندنیا هێرش بێننە سەریشمان، ئێمە دەبێ خۆراگر بین و گژیاندا بچینەوە، بەڵام ئەم بەڕووداوەستانە بەسەر کەسدا ناسەپێنم، هەر کەسێ خواستی ڕۆشتنی هەبێ، ئێستا دەتوانێ دەستوبرد بکات و پێ هەڵگرێ، ئەوەشی ئارەزووی بەرگریکردنی هەیە با گوێم لە دەنگی بێ.

وەک لە خەوێکی گران ڕاچەنی بن، حەپەسابون و بێدەنگ نیگای بێداریان خستبوە سەر ئەو دوانە، هەریەکەیان ژیانی پڕ کەند و کۆسپی خۆی بە بەردەمیدا دەهات و دەچوو، پشوی دوای دوور و پڕ

ئازاریان، هێشتا تینوێتی نەشکاندبون، لەدوای ئەو هەموو نەهامەتیەش چاوەڕێی شەڕکەرانی بندنیا بون، کە دەشێ سبەی بەیانی بگەنە ئەم سەرزەمینە بۆ ئاوقابونەوەیان. بەشێ لەوانە لە سەرزەمینە دوورەکانی رۆژهەڵاتەوە هاتبون و لێرە گیرسابونەوە، ئەوانە لە گوندی (سەروکانی) ـەوە گەیشتبونە ئەو جێیە، هەر لە منداڵییەوە لە ئامێزی سروشت و ڕازاوەیی گەڵا و گوڵ و جوانیەکانیەوە گۆش ببون، وەک باڵندەکانی گوندەکەیان شەیدای ئازادی بون، پێشتر لەگەڵ مەرگەساتێ ڕووبەڕووی یەکتری وەستابون و مەرگ یەخەی گرتبون، ئیتر دەیانزانی ئەم هێرشە ێ بەزەیی و دڵنەواییەکی تێدا نییە، چەند هەنگاوێ هاتنە پێشەوە و بێدەنگییان شکاند و لە نزیک نۆردمەن و هامۆند و تاڤێن و ساویلک شمشێرەکانیان لە کێلان هەڵکێشا و بەجۆش و خرۆشەوە هاواریانکرد: شیرمان لەگەڵ شیرت رادەکێشین و سەرمان لەگەڵ سەرت نەوی دەکەین...بۆ هەر کوێیەک بێت لەگەڵت دەبین.

جەنگاوەرەکانی دیکە لەو هاوارە بێداربونەوە و یەک بەدوای یەکدا ڕیزی ئەمبەریان هەڵبژارد، تەنانەت چاوساغە ڕێبەرەکەش کە خەڵکی سەرزەمینەکانی ڕۆژاوا و متمانەپێکراوی هەڤسار بوو، شمشێرەکەی دەرهێنا و بەشادییەوە دەنگی بڵند کردەوە: ئەی ئەلقینی کوڕی هۆڵماک نەوەی تیۆدۆس...ئێستا و ئایندەش لەگەڵت دەبین تا سندوقە

ئەمانەتەکە دەگەیەنیتە سەرزەمینەکانی باکور، ژیان و مردنمان پێکەوەیە تەنیا مەرگیش لە یەکتریمان جودا دەکاتەوە.

خرۆشانێ گەورە دەیهەژاندن، هەریەکەیان پاڵەوانێ لە ناخیدا چەکەرەی کردبوو، هەستیاندەکرد سەرکردەیەکی بەهێز لەنێویاندا سەریهەڵداوە و دەتوانێ رووبەڕووی هەموو هێزە شەڕەنگێزەکان ببێتەوە، دەتوانێ هەمویان بکاتە یەک جەستەی بەهێز، یەک گیانی ئاسودە، ئیتر ژیانیان بێ ئامانج و تاریکستان نابێ، گەرچی باریکی قورس کەوتۆتە سەرشانیان، بەڵام ئامانجێک و مەبەستێک و مانایەک بۆ ژیانیان پەیدابووە، ئەمانەتێکی گەورە کەوتۆتە ئەستۆیانەوە، بەندە بە سەرهەڵدانی رووناکیەوە، کە دەبێ بەهەر نرخێ بوە بیگەیەننە شوێنێ مەبەستی خۆی.

ئەڤین لە بینینی ئەو رۆشناییەی لە دڵی هەریەکەیاندا هەڵبیوو، گەڵێ ئارام و ئاسودە لێیدەڕوانین وەک ئەوەی خەونێکی لەمێژینەی هاتبێتەدی. تەماشای ئاسمانی کرد، کاتی زۆریان لەبەردەستدا نییە، دەستی بەرزکردەوە بۆ هێورکردنەوەیان و پێیگوتن: ئەم سەرزەمین و شارە شاخاوییە مێژوویەکی کۆنی هەیە، پێدەچێ سااڵنێ زۆر خەڵکێکی نەناسراو لێرەدا ژیابن، دوێنێ شەو لەنێو سەرما و برسێتیدا گەیشتینە ئێرە، لەبەرئەوە کەسمان لەدەوروبەری خۆمان وردنەبوینەتەوە

و پێویستە بەزووترین کات ببین بە سێ دەستەوە، دەستەیەک بەوردی بەرەو پێشەوە دەڕوات و زانیاری تەواو لەسەر دەوروبەرمان کۆدەکەنەوە، دەستەی دووەم لەنێو شارەکەدا دەسوڕێنەوە، سێیەمیش بۆ بنی شارەکە لەگەڵم بن، کە پڕە لە کەرەستە و پاشماوەی خەڵکانی پێش ئێمە، دەگەڕێین تا بزانین کەرەستەی پێویستی تێدایە بۆ شەڕ و رووبەڕووبونەوەکانمان لەگەڵ شەڕخوازانی بندنیا، بەڵام یەک شت بزانن تا پێتان دەکرێ تێر بخۆن و باش بحەوێنەوە بۆ ئەوەی ئامادەسازیی تەواوتان هەبێ، لەشکری بندنیاییەکان کاتێ دەگەنە لامان، هیلاک و ماندون، دەبێ سود لەو دەرفەتە بە باشترین شێوە بێنین، ئێستاش فەرموو با دابەش بین، پاشانیش هەموان لەچیای سور کە ئێستا تێیدا جێگیرین، بۆ دوا بریار لێرە کۆ دەبینەوە.

ئەلفین و تیۆدلینا لەگەڵ پۆلێ جەنگاوەر بەرەو شوێنەکەی شەوی رابردوو ڕۆشتن، جەنگاوەرەکانی دیکەش دوو دەستەیان پێکهێنا و بڵاوبونەوە. دەستە یاوەرەکەی ئەلفین لەو سەرزەمینە وردبونەوە، خۆیان لە بەرامبەر دوو ڕێگەدا بینییەوە، کە بەرەو ئەوێ درێژ دەبۆوە، یەکێکیان گۆرەپانێکی پان و بەرینی کەم دار و بار بوو، هەوراز و نشێوی کەم، لەهەردولای راست و چەپی زنجیرە چیای بەرز و تەژی لە داری سنەوبەر.هەرچی ڕێگەی دووەمیشە مەیدانێکی گەورەتر پڕبوو

لە درەخت و رێیەکی قەدبڕ بوو بەرەو شار. ئیدی روونبۆوە بۆ ئەڵقین کە شەڕکەرانی بندنیا بێجگە لەم دوو رێیە، چ شوێنێتر نییە لێیەوە هێرش بێننە نێو شارەکە. ئەڵقین گوتی: دەبێ کارێ بکەین شەڕکەران لەو رێگە تەسکەوە بێن، تا کەمترین دەرفەتی جوڵە و دابەشبون و هێرشبردنیان هەبێ.

روانیە زنجیرە چیا سورەکانی نزیکی، کە بەرامبەر ئەو رێگەیەن، شوێنێ گرنگ بوو، هەرچەندێ مەزەندەی دەکرد، بەباشترین شوێنی دادەنا بۆ جێگیرکردنی جەنگاوەرە تیرهاوێژەکان، هاوکات ئاسەواری دەیان مەنجەنیق لەوێدا دەردەکەوتن، دیاربوو کە کاتی خۆی بۆ بەرگریکردن لەو شارە بەکارهاتون، دوای پشکنینیان بۆیان دەرکەوت، زۆرینەیان خراپ بوو و پێویستییان بە دەستکاری و چاککردنەوە هەیە. رووبکردە نۆردمەن: لەگەڵ پۆلێ جەنگاوەر بچنە بەرزایی چیا سورەکان و مەنجەنیقەکان گوڵبژێرێ بکەن، بزانن کامیان بەکەڵک ماوە، گەر سودیان نییە ئایا دەتوانین دروستیان بکەین؟

تیۆدلینا بەپەلە هاتەگۆ: من لەسەری دایکمەوە لە رەسەنی پاک و فریادرەسەکانم، لە بابیشمەوە دەسترەنگینەکان، بۆیە لەگەڵتان دێم و یارمەتیتان دەدەم لە دروستکردنی مەنجەنیقەکان.

ئەڵقین پێشنیازەکەی بە پەسەند زانی و بەدڵنیاییەوە سەری بۆ لەقاند،

کە دەکرێ تێۆدلینا هاوکار و یاریدەدەرێکی باش بێ. تێۆدلینا لەگەڵ نۆردمەن و پەنجا کوڕ و کچی جەربەزە بەدەم فەرمانەکەی ئەلڤینەوە چون، ئەمیش لەگەڵ هامۆند و تاڤێن و ساویلک لەگەڵ سەد و پەنجا جەنگاوەریتردا بەرێ کەوتن بەرەو قولّایی زێڕ شارەکە.

بەخۆی پێشیان کەوت، هەروەک چۆن شەو ملی ئەو رێیەی گرت و لە یەکەمجاردا پەپوسلێمانکەیەکی سپی بینی، بەو شێوەیە بەرەو کۆتایی نێو شاخەکە پێی هەڵگرت کە چەشنی ئەشکەوتێکی گەورە بوو، حەوت دەرگا هاتە سەر ڕێیان، بێدوودڵی بە پلیکانەی جاری یەکەمدا شۆڕبۆوە و جەنگاوەرەکانیش بەدوایدا بێنەوەی بزانن بەرەو کوێ مل دەنێن، گەیشتنە گۆڕەپانە پان و بەرینەکە کە بنمیچەکەی بە ئەستوندی زۆر قەبە ڕاگیرابون، لەبەرگەورەیی و فراوانییەکەی پەرستگە و گۆڕستان و عەمبار هەموو پێکەوە بون. زۆر پەڕاوی کۆن و تابلۆی جوان و ڕەنگین وێنەی سروشت و جەنگ و گیانلەبەرە سەیر و سەمەرەکانی لەسەر نەخشێنرابوو، هەندێ لەو وێنانە بە تەونی داپیرۆشکە تەنرابون، لە نزیکی سندوقەکانەوە گۆزەی پڕ لە زێڕ و زیو و بریق و باقیان تەڕایی دەخستە چاوەکانەوە. جەنگاوەرەکان یەکەمجاریان بوو وێنە و پەرتوکی ڕەنگاورەنگ ببینن، بەرادەیەک ئاوڕیان لە زێڕەکە نەدەداوە. بەرەو لایان ڕۆشتن و هەریەکەیان دەستی دایە پەڕاوێ و لاپەرەکانیان

هەڵدەداوە، وەک ئەوەی بیانەوێ تینویان بەدێرەکان ئاشنا بکەن و ئاوی بدەن. ساویلک مەشخەڵێکی لەدەست بوو، وێنەکان زۆر سەرنجی راکێشابوو، کەوتبوە رامان و بەهیچ کلۆجێ لە بینینیان تێر نەدەبوو، لەناکاو بە دەنگێ بڵند هاواریکرد: ئەڵقین...ئەو خەڵکانە پێشتر لەم سەرزەمینە ژیاون، کەس نازانێ چییان بەسەرهاتوە؟! سیروسی رێنیشاندەرمان ئێرە بە شارە ونبووەکە ناو دەبات، بەڵام ئەمانە دەبێ چ توانایەکی گەورەیان بوبێ و چ جادوگەرێ بوبن، ئەگینا چۆن توانیویانە روخساری سروشت بگوازنەوە ئێرە، ئەوانە چۆن سیمای سروشتیان دزیوە؟

هەمووان وەک ساویلک سەرسام ببون، کەسیان وەڵامێ و ڕوونکردنەوەیەکیان بۆ ئەو نەبوو، ئاخر ئەم شتانەیان لە سەرزەمینەکانی خۆیاندا نەدیتبوو، کاتێکیش لەسەرزەمینی میرغەزەب بون، تەنیا دیمەنێ کە لەبەرچاویان دووبارە دەبۆوە، کوشتن و ئاگر و گومڕایی و نەزانی و دژەخودایی و پەرستگەی تاریکی بوو. دوورتر لە ساویلک هەریەکە لە هامۆند و سیروس ساکاوتر دەیانڕوانیە کەلوپەلە تۆزگرتوەکان، ئەڵقین لە پێشیانەوە بوو لەنێو کتێبەکاندا دەسوڕاوە، جار جارێ یەکێکیانی هەڵدەگرت و لاپەرەکانی هەڵدەداوە، هەردوکیان پرسیبان: ئەڵقین ئێمە بەدوای چیدا دەگەڕێین؟

ئەو کتێبێکی گرانی بەپێستە داپۆشراوی زۆر کۆن و نەخشێنراوی بەدەستەوە بوو، وەک ئەوەی شتێکی زۆر بەنرخی دەست دابێتێ، لەجێی خۆی داناوە، بێئەوەی سەری بسوڕێنێ: تەماشاکەن بزانن بۆ شەڕ، شتێکی تێدایە بەکەڵکمان بێت یان نا؟

وێنەی جەنگاوەرێ کە دەیان دێو گەمارۆیان دابوو، پێدەچوو گوزارشت لە شەڕێکی ئەو سەرزەمینە بکات، سەرنجی ساویلکی ڕاکێشا، بەدەست خۆی نەبوو، ویستی بەدەستێ بڵندی بکاتەوە، تابلۆکە گەورە و گران بوو، تۆز و خۆڵ گرتبوی، بەڵام ساویلک هەر مکوڕبوو لەسەر ئەوەی تەماشای بکات. بێتارامانە مەشخەڵەکەی لەسەر عەردەکە دانا، لەپڕ دەنگی فیشکەفیشکێکی بەهێز و ترسناک لەبن پێیان بەرزبۆوە، دووکەڵێکی ڕەش و سپی بەرەو ئاسمان هەڵکشا بەشێوەیەک سەرنجی هەموو جەنگاوەرەکانی ڕاکێشا. دەنگەکە تا دەهات بەسامتر دەبوو. تاقێن دڵی کەوتە لەرزین و هەستی بە نزیکبونەوەی کارەساتێ گەورە دەکرد، قیژاندی: ساویلک ئەوە تۆ چیتکرد، ئێستا هەمومان بەکوشت دەدەیت؟!

ساویلک بێدەنگ و حەپەساو لەجێی خۆیدا شڵەژان تەنگی پێهەڵچنیبوو، تەماشای ئەملاوئەولای خۆی دەکرد، بەترسەوە دەیڕوانیە مەشخەڵی ئاگرەکە، لەولاشەوە فیشکەفیشکەکە وەک مارێکی تورە و زامدار

بەرەو قوڵایی یەکێ لە دەریچەکان چوو، کەسیان نەیانزانی ئەوە چی بوو، لەناکاو دەنگێ بەهێز و ترسناکی تەقینەوەیەکی بەتین دەریچە تاریکەکە و بنمیچی ئەشکەوتە گەورەکەی هەژاند و تۆز و خۆڵی ئەو ناوەی بەسەر جەنگاوەراندا باراندن، دەروبەریان تاریک داهات، تەقینەوەیەکی ترسناک و چاوەروانەکراو بوو، هێندە بەتین بوو لە عەرد و بڵندی کردنەوە و پەرت و بڵاو ببون، کەس کەسی نەدەدیت لەبەر تۆز و خۆڵ و دوکەڵ، گوێیان سەنگین ببوو، هەموو تۆقیو، گێژ و بە ئاستەم دەیانتوانی هەستنەوە سەرپێ، هەندێکیان توشی کۆکەیەکی توند هاتبون. ئەڵقین بە سەروچاوێکی تۆزاوییەوە هەستایە سەرپێ و روانیە دەروبەری: هامۆند، ساویلک...تاڤێن، هاوڕێیان ئێوە باشن، لەکوێن؟

لە دوورەوە دەنگی هامۆند و تاڤێن هاتە گوێی: ئێمە باشین... بریندار نەبوینە...

زۆری نەبرد دەنگی نالّە نالّی ساویلک لە نزیک سیروسەوە بەرزبۆوە، کۆکەیەکی زۆر قورگی گرت و چاوەکانی سور هەڵگەڕابون. بۆنی تیژی سوتانێکی گەورە ئەو نێوەی پڕکرد، لەیەکتری جەم بون، تاڤێن بە سەرسوڕمانەوە پرسی: ساویلک ئەمە تۆ چیتکرد؟

ساویلک تەنیا نیازی تەماشاکردنی وێنەکە بوو، بەنیگەرانیەوە گوتی:

چ گوناهی منی تێدا نییه، تەنیا ئەوەندە بوو وێستم تەماشای تابلۆکە بکەم، مەشخەڵەکەم لەسەر عەردەکە دانا، ئیدی هەر ئەوەندەم زانی ئاگر وەک ماری هار فیشکاندی و چوە نێو ئەو دەروازەیە، دوای ئەوە نازانم چی بوو، چیش ڕوویدا.

ئەڵقین بەسەریاندا دەگەڕا، دڵنیابوو کە کەس تیانەچووە، بە ئارامی ڕووەو دەروازەکە ڕۆیشت، هاوەڵەکانیشی بەدویدا پێیان هەڵگرت، ساوێلک تۆقیبوو، هاواری لێکردن: ئەوە چی دەکەن، وەرن بگەڕێنەوە، ڕەنگە ئەژدیهایەکی ترسناکی خەوتوو لەوێدا خۆی مات کردبێ، نایەوێ کەس بێداری بکاتەوە و ئارامی بشێوێنێت، ئێوە بۆ ئەوەندە حەز دەکەن بەدوای کارەسات و بەڵادا بگەڕێن...ها؟

کەس ئاوڕی لێنەداوە، مەشخەڵ بەدەست گەیشتە شوێنی تەقینەوەکە، تۆز و خۆڵەکە وردە وردە دەنیشت، ئیدی بەرچاویان ڕوونبۆوە، بەشێکی دیکەی ئەو شارە گەورەیەی بنشاریان بۆ دەرکەوت، چەندین خانو و عەمباری گەورە لە پاڵ یەکتریدا بونیات نرابون، ئەڵقین هەر کە ئەوانەی بینی، بێ بیرکردنەوە هاوەڵەکانی دڵنیاکردەوە: ئەمە جبەخانەی کۆنی شارەکەیە.

تاڤێن بە سەرسوڕمانەوە: لەکوێوە زانیت؟!

تەماشای دەوروبەرت بکە، پڕە لە شمشێر و تیر و کەوان و قەڵغان و

کەلوپەلی جەنگ.

لەدەروبەری خۆیان وردبونەوە، ئەوی دەیانبینی راستی قسەکانی ئەلفینی سەلماند، بەڵام مەراقی ئەو لەوەدابوو، کە بزانێ تەقینەوە گەورەکە لە چییەوە هات وا زەمینی ئەوێی لەرزاند، هەر دەگەڕا تا لە یەکێ لە ژورەکان چاوی بە چەندین گۆزەی سووی شکاو و نەشکاو کەوت، مەشخەڵەکەی دەستی دایە هامۆند: لێرە چاوەرێ بکەن تا دەگەڕێمەوە.

ئەلفین چووە لای گۆزەکان، بۆنێکی سەیریان لێوە دەهات، وەک ئەو بۆنە ناخۆشە وابوو، کە پاش تەقینەوەکە بەر لووتیان کەوتبوو. زیاتر نزیکبۆوە و گەیشتە لای گۆزەکان، لێیان وردبۆوە، خۆڵێکی رەشی بینی لەنێو یەکێ لە گۆزەکان، دەستی پێداکرد و کەمێکی دەرهێنا بەرەو لووتی برد، بە وریاییەوە بۆنی کرد، نە خۆڵ بوو، نە ئەو بۆنەشی هەبوو کە لە خەیاڵیدا مەزەندەی دەکرد، بەڵام دڵنیابوو کە یەکێ لە گۆزەکان تەقیوەتەوە بەهۆی ئەو خۆڵەرەشە، گەر خۆڵەکەشی زۆر بوایە شارەکەی هەڵدەگێڕاوە، خێرا زەینی بۆ ئەوە ڕۆشت، گەر لە جەنگی سبەینێ لەگەڵ شەڕکەرانی بندنیا کەوتنە جەنگەوە، ڕەنگە ئەمجۆرە خۆڵە بەکەڵکیان بێ.

دووبارە گەڕایەوە لای هاوەڵەکانی: جۆرێ خۆڵی ڕەش لەنێو

گۆزەکاندایە، کە رەنگە بۆ جەنگ بەسود بێت، بەڵام ئێستا دەبێ گۆزەیەکی بنێرینە سەرەوە تا تیۆدلینا ببینێ، رەنگە ئەو لە ئێمە باشتر بیناسێ کە چییە و بۆچی بەکاردێ، ئەوەندەی زانیومە ئاگر کاری لێدەکات، نابێ بەهیچ کلۆجێ ئاگری لێ نزیک بکەینەوە.

مەشخەڵەکانی لەدەستی دوو جەنگاوەرەکە وەرگرت و زۆر بە ئارامی پێیگوتن: یەک...یەک بیانخەنە سەرەوە، تا پێتان دەکرێ شیر و تیر ئەوی بەکەڵک دێ، لەگەڵ خۆمان دەیبەین، گەر پێویستیش بێ دووبارە دەگەڕێینەوە.

ئیدی کەوتنە کار و یەکێ لە گۆزەکانیان بردە سەرەوە. کاتێ گەیشتنە ناوەندی سەرەوەی شاخە سورەکە، تیۆدلینا و نۆردمەن و جەنگاوەرەکان لەوێ بون، لەگەڵ کچێکی لاواز و تۆقیوی برسی و بێڕەنگ، کە وەک گومانلێکراوێ دەستگیریان کردبوو، چاوەڕێی گەیشتنی ئەڵقینیان دەکرد. ئەڵقین سەری سوڕما، تەماشای کچەکەی کرد دیاربوو رێگەیەکی یەکجار دووری بڕیبوو، ڕەنج و ئازارێکی زۆریشی کێشابوو، دەڵەرزی و تۆقی بوو، لە چارەنوسی خۆی دڵنیانەبوو. نۆردمەن دەستەکانی کردەوە و تافێن ئاوی بۆ برد، تیۆدلینا پۆشەرێکی گەرمی بە شان و ملیدا دا. ئەڵقین بێئارامانە چوە پێشەوە: تۆ کێیت و لەو سەرزەمینە دوور و سارده چی دەکەیت؟

کچەکە پێیدا دیاربوو کە ماوەیەکی زۆرە بە شوێنیانەوەیە، بەدەنگێکی لەرزۆکەوە: پەیامم لە خاتونەوە پێیە بۆ ئێوە.

-پەیام؟! پەیامی چی و بۆ کێ؟!

گەلێ ماندو و هیلاک، رێگەیەکی پڕ مەترسی و تەژی لە کەند و کۆسپی بڕیبوو، کە لە هەندێ ساتەوەختیدا ژیانی هێندەی تاڵەمویەک هێزی تێدا دەما، کەچی ئێستا سەرەڕای ئەوەی بە ئامانجی خۆی گەیشتوە، دوودڵ بوو لە قسەکردن و گەیاندنی پەیامی خاتونەکەی، بەراستی نەیدەزانی بەکامیان بڵێت. ئەڵقین بەوردی ڕوخساری پەشێوی دەخوێندەوە، دڵنیابوو کە پەیامێکی یەکجار گرنگ ئەم ڕێ دوور و درێژەی بەم کەسە بڕیوە، بەرگەی شەختە و کڕێوە و گورگ و هەفتیارە برسییەکان بگرێ، دڵی توند لێیدەدا و هەناسەکانی سەختتر لە سینەی دەهاتنە دەرێ: تۆ هەڵگری پەیامێکیت، چ خۆش و چ ناخۆش، لە هەر شوێنێکی ئەم سەرزەمینەوە هاتبیت، چ هەژار و شار و گەدا و شازادە بیت، جێت پارێزراوە و بێوەی دەبی، ئێستا بەبێ ترس دەتوانی قسە بکەی و پەیامەکەت گەر بۆ ئێمەیە و بۆ هەر مەبەستێکە، تکایە پێمان بڵێ، گەر بۆ ئێمەش نییە، دڵنیابە دەتپارێزین و لەگەڵ ئێمە دەبی تا بە شوێن و کەسی مەبەستت دەگەیەنین.

ئەو وشانە ئارامییەکی پێبەخشی، وەک باڵندەیەکی لەرزیو بەشوێن

هێلانەیەکی گەرمدا بگەڕێ، ئەوها چاوی بەواندا دەگێڕا، لەسەرخۆ گوتی: پەیامم بۆ ئەلڤین و هاوڕێ هەیە، بۆ ئەوانەی بەرەو سەرزەمینەکانی ڕۆژاوا نێردران تا تۆڵەی شکاندنی سەری خواوەندەکان بکەنەوە.

بەگوێبیستبونی ناوی خۆیان شڵەژان، تیۆدلینا ڕاچڵەکی وەک ئەوەی ئەم کچە هەواڵی لەناوچونی ئەلڤینی بداتێ، بەپەلە لێی نزیکبۆوە، تا لەناوەڕۆکی پەیامەکە بێبەش نەبێ، ئەلڤین بێئۆقرەیی لولی دەدا: من ئەلڤینم، ئەوەی لەدەستی ڕاستەم و بەرامبەرت وەستاوە هاوڕێنده، بەڵام تۆ کێیت و چ هەواڵێکت پێیە؟

کچەکە بەوردی تەماشای دەکردن، دەیویست زیاتر دڵنیابێ: ناوی خوشکت چییە؟

سەرسام بوو، لە مێشکیدا ژاوەژاوێ دروستبوو، کە ئەم کچە ناوی خوشکی ئەوی بۆچییە، پاشان چۆن دەزانێ خوشکی هەیە، چەشنی ئەوەی هەورە بروسکەیەک لێیبدات، هەموو جەستەی هاتبوە جوڵە، بەپەلە گوتی: ناوی ئیڤایە، بەڵام تکایە زوو قسە بکە، کاتمان هێندە نییە دەبێ زوو پێبەڵگرین.

ترس ڕوخساری گرتەوە، ئەمجارەیان ڕوویکردە هاوڕێنده: چاوەکانی سایە چ ڕەنگە؟

هاوڕێنده چاوەکانی زەقکردەوە و شپرزە بوو، لەجێی خۆیدا وشکەهڵات،

چونکه لەو کاتەی لەیەکتری جیابونەوە، ج هەواڵێکی لەبارەوە نەدەزانی، بەڵام بەدرێژایی رێگە بەردەوام خەیاڵی سایە مێشکی جێنەدەهێڵا، بۆیە پرسیاری کچەکە سەرسامی کرد، چونکە دەیزانی سایە کچێکە کەم کەس دیویەتی و بەدەگمەنیش دەزانرێ رەنگی چاوی چۆنە، دەیزانی دۆخەکە چاوەروانی بیرکردنەوە و بێدەنگی ناکات، بەپەلە گوتی: چاوەکانی ڕەشن.

ئیدی هەموان بە تەوسەوە گوێیان گرتبوو، سەرباری ئەوەی هێزێکی گەورەی شەڕەنگێز بەرەو لایان دێ، ئەوجا کچەکە بەدڵنیاییەوە هاتەگۆ: من کارێزەم خزمەتکاری سایەی کچی هەڤسار، پەیامی خاتونم کە رەنگە زۆرتان بەدڵتان نەبێ...

ئەڤین ناوی سایەی بەڵاوە نامۆ نەبوو، زۆرجار لە هامۆند بیستبوو، بەتایبەتی مەسەلەی گەردنبەندەکەی ئیڤای خوشکی، کە بارگرژی خستبە نێوانیانەوە، لەسەرخۆ پێیگوت: وەک گوتم هەرچییەکت هەیە و دەتوانی بیڵێیت، گیانت پارێزراوە.

تەماشایکردن و دەستەکانی خۆی توند گوشی: بەیانی پێش ئەوەی بەڕێبکەون لە قەڵا، سایە خاتون دەبوو لە قەڵا بوایە، بەڵام زۆر بە ئاڵۆزی و بەنهێنی بەدزییەوە بۆ ناو شار گەڕایەوە، بانگی منی کرد، هیچ وەختێ خاتونم بەو پەرێشانیە نەبینیوە، پێی گوتم بچم بەشوێن

مەردۆکدا کە کەسێکی متمانەپێکراوی باوکیەتی و سندوقی نهێنی و ڕازەکانیەتی، مەردۆکی سەرمەستم بانگ کرد، ئەو سەرسام بوو، چاوەڕێی ئەو بانگێشتکردنە نەبوو، زۆر بە شپرزەیی هات، سایە خاتون بێتارامانە چاوەڕێی بوو، ئەوان هەردوکیان لەژورەوە چ قسەیەکیان کردوە، من ئاگاداری ئەو وردەکارییانە نیم، بەڵام کاتێ هاتنە دەرێ، مەردۆک سندوقێکی پڕ لە زێڕ و زیوی نابوو بە شانیەوە، بەپەلە شەقاویان دەهاوێشت، سایە داوای لە من کرد بەدویدا بڕۆم، ئەوان بێ ڕاوەستان گەیشتنە بەردەم پەرستگەی ڕەش، کە هێشتا کاهینەکان لەخەو بێدار نەببون، لە ژێرزەمینی پەرستگە و بەرامبەر ئاگردانێکی زۆر گەورە خۆمان دیتەوە، مەردۆک کەوتنە ڕێنماییکردنی خاتوو سایە، کە گەردنبەندە بە ئێسک و پروسکە و کلیلە ڕەشەکە زۆر گرنگن بۆ گەشتەکەی، داوای لێکرد دەست بخاتەسەر ئاگردانەکە، ئیدی دەرگایەک کراوە ئەوجا مەردۆک زۆر شتی دیکەی بە سایە گوت، بەراستی من لە هیچیان نەگەیشتم، بەڵام پێش ڕۆشتنیان سایەخان پێی گوتم کە ئەگەر نەگەڕایەوە بەزووترین کات، ئێرە بەجێ بێڵم و شوێن ئێوە بکەوم لەهەر جێیەک بن و پێتان بڵێم کە گەردنبەندە ئێسک و پروسکەکە، هەڵگری کلیلی ڕەش، دیاری بندنیای میرغەزەب بووە بۆ هەڤساری باوکی. میرغەزەب و هەڤسار بەشداربوی سەرەکی

بون له تاڵان و کوشتنەکەی سەرزەمینەکانی رۆژهەڵات و دوور. ئەو کلیلە رەشەش تەنیا کلیلێکە بۆ کردنەوەی دەرگاکانی بندنیاکە بەجادو و هێزە تاریکەکان کڵۆم دراون.

شتەکانی تەواو کرد، بێدەنگییەکی سامناک هەموو لایەکی گرتەوە، دڵیان توند ببوو، تۆپەیی و نارەحەتی بەرەو دەمارەکانیان هەڵکشا و روخساریان یەکپارچە بووە گۆمی خوێن، چ گومانیان لە قسەکانی کاژین نەبوو، بەتایبەت ئەڵقین چونکە کەس گەردنبەندەکەی نەبینیبوو، تەنیا خۆی و سایە نەبێ، لەگەڵ هامۆند کە بۆ سایەی بردبو. کاژین پەردەی لەسەر دنیایەکیتردا لادا، بەسەر کۆمەڵێ نهێنی کە چەندین ساڵە بە شوێن سەرەداوەکانیدا وێڵ بون، ئەوان بەدرێژایی ئەو ماوەیە رزگاریی خۆیان لە میرغەزەبدا دەبینییەوە، ئێستا هەستەکەن ئەو هەمویانی فریوداوە، هەرچیەکیشیان بەسەردا هاتوە لە ئەستۆی ئەو و هەڤساردایە.

کاژین لەو بێدەنگیە دەترسا، دووبارە تەماشای کردنەوە و دەستی بەقسان کردەوە: خاتوو سایە هەر لە یەکەم رۆژەوە کە گەردنبەندەکەی بینی، ناسییەوە کە ئەمە لە ملی باوکیدا بووە، بۆیە هیچی لەبارەیەوە بە هامۆند نەگوت و بریاریدا بەخۆی دەستپێشخەریی بکات، بۆ دۆزینەوەی ئازیزانی خۆشەویستەکەی و ملی ڕێگەی گرتەبەر بۆ شاری بن شاری

میرغەزەب، کە دیل و یەخسیرەکانی سەرزەمینەکانی رۆژهەڵات و شوێنەکانیتر لەوێ بە زنجیر بەستراونەتەوە، ئەوکاتەی بەرەو ئەوێ رۆشت من خۆم حەشاردا، بەڵام زۆری نەخایاند میرغەزەب لەگەڵ پیرەژنە یەکچاوەکەی زێ دایەی سایە، کە بە چاو و گوێی میرغەزەب ناسراوە، هاتن بەرەو هەمان ئاگردان چوون و دەرگای نهێنییان بۆ واڵا بوو، میرغەزەبیش گەردنبەندێکی هاوشێوەی ئەوەی ملی سایەی پێبوو، کاتێ چوونە ژورەوە زانیم خاتوو سایە دەکەوێتە مەترسییەکی گەورەوە و چی پێناکرێ، بۆیە وەک چۆن پێیگوتم لەوێ هاتمە دەرەوە و شوێن ئێوە کەوتم تا پێتان بڵێم و ئاگادارتان بکەمەوە...

ئەلفین بەنیگەرانیەوە تەماشای رووخساری هامۆند کرد، کە ئومێدبڕاوی سەراپای گرتبوو، نۆردمەن ئارامی لەبەر بڕا و گوتی: دەبێ بگەڕێینەوە...

هامۆند لێپرسانی و بەبێ حەوسەڵەییەوە گوتی: بەڵام سایە خۆی کردە قوربانیی بۆ هەموان.

ئەلفین لێی نزیکبۆوە: خۆت ئاگاداری لەسەر ئەو مەسەلەیە زۆر دڵم لێت ڕەنجا، کاتێ زانیم بێ ئاگادارکردنەوەم گەردنبەندەکەت بردبوو، بەڵام ئەوەی ئێستا بۆمان ئاشکرابوو، راستییەک بوو کە دەمێکە بە شوێنیدا وێڵ بووین، داوای لێبووردن دەکەم هامۆند...ج وشەیەک لە

زەینمدا نییە پێت بڵێم و ئازارەکانت سوک بکەم.

ئەوپەڕی بێزاریی گەروی گرتبوو، بەزەردەخەنەیەکی تاڵەوە: ئەڵقین ج شتێ نییە لەپێناویدا داوای لێبوردنی بۆ بکەیت، ئێمە هەمیشە خۆشی و ناخۆشییەکانمان پێکەوە بووە، هەر هیچ نەبێ ئێستا دەزانین کێ ئەو تاوانە گەورانەی بەرامبەر کردوین، کێ دایک و باوک و سێ برای کوشتم، کێ بابی تۆ و دایکە پیرەکەی نۆردمەنی لەناوبرد، کێ گوندەکەی سوتاندین، زۆر بێزارم، دنیا لەبەرچاوم دەسوڕێتەوە، دەکرێ یەکێ پێم بڵێ دەبێ ئێستا چی بکەین؟

نۆردمەن کە تورەیی دەمارەکانی جەستەی هەڵاوساندبوو، بێدوودڵی گوتی: بگەڕێینەوە...باشترە بگەڕێینەوە و تۆڵەی هەموو شتێکیان لێوەربگرینەوە، ئەوەشی کە گیراوە ئازادی بکەین.

جەنگاوەرەکان کە لەوێدا جەم ببون، پشتیوانییان لە قسەکانی نۆردمەن کرد و سەری رەزامەندییان بۆ راوەشاند.

ئەڵقین تەماشای هەمویانی کرد و دوای بیرکردنەوەیەکی باش هاتەگۆ: لەسەرزەمینی دووری رۆژاواین...لەم شوێنەدا کە شارە ونبووەکەیە، سەرما و سۆڵە هەڵیکردوە، سبەی بەیانیش چاوەڕێی جەنگێکی گەورە دەکەین لەگەڵ هێزێکی درندە، ئاشکراشە هەمومان بەرەو یەک چارەنوس دەچین. ئێستا سندوقی چوارەم دوای چاوەروانیەکی چەند

هەزار ساڵی دۆزرایەوە و مارشی ڕەسەنی مرۆڤ لێدەدرێ تا بەرەو سەرزەمینەکانی باکور و بەندەری ئاواتەکان بەڕێ بکەوین، ئەمەش تەنیا یەک ڕێگەمان لەبەردەمدا دەهێڵێتەوە، کە سەختە و دەبێ بە هەموو هێز و تواناماندەوە، ڕووبەڕووی ئەو هێزە درندە ببینەوە، گەر تیاچوین ئەوا بە سەربڵندییەوە ئەرکی خۆمان بەرامبەر گیانی کەسوکارمان بەجێگەیاندوە، گەریش سەرکەوتوو بوین ئەوان یەکسەر بەرەو سەرزەمینەکانی باکور پێهەڵدەگرین، بۆ گەیاندنی ئەمانەتەکەمان. نۆردمەن بە سەرسوڕمانێکی تێکەڵ بە تورەیی: ئەڵێن...ئەدی کەسوکارمان چی؟

-هەموتان باش دەزانن کە ئەوان و ئێمەش لەبارودۆخێکی هێندە نالەباردان هیچمان پێناکرێ بۆیان، ڕەوشەکە وای لێکردوین ئێستا ناچارین بیر لەخۆڕێکخستن و جەنگی سبەینێ بکەینەوە، گەر سەرکەوتین بەرەو باکور دەچین و لەوێ لەگەڵ هێزەکانی باکور و باشور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا یەکدەگرین و بەرەو سەرزەمینی دابڕان دێین، بەهاوکاری ڕەسەنە نایابەکان دووبارە دەگەڕێینەوە، بڕوا بکە ئەمە تەنیا ڕێگەیە بۆ کۆتاهێنان بە ئیمپراتۆریای میرغەزەب، کە دەبێ ئەمە پێش دۆزینەوە تاجی هۆڵمان شا بێ، ئەگەر نا هەموو کارەکان لەدەست دەچن.

قسەکانی ئەلفین چەشنی راستییەکی نکولّی لێنەکراو چوونە مێشکی نۆردمەنەوە و جێی خۆیان گرت، بۆیە ئەلفین هاواریکرد: ئەو خاکە رەشە بێننە پێشەوە.

دوو لە جەنگاوەرەکان گۆزەکەیان هێنایە بەردەم ئەلفین، پڕبوو لە خاکێکی رەشی سەیر، بەڵام سیمایەکی ترسناکی هەبوو، بە سەرسوڕمانەوە تەماشایانکرد، ئەلفین گوتی: تیۆدلینا تەماشای ئەو گۆزەیە بکە، ئایا شتی ئاوهات دیوە، بزانە دەتوانین بۆ شەڕی سبەینێ سودیان لێوەربگرین؟

تیۆدلینا چووە پێشەوە و دەستی خستە نێو گۆزەکەوە، بە وریاییەوە بۆنی کرد، زەردەخەنەیەک گرتی: ئەمە پێیدەڵێن باروت، هەر لەسەرەتای ونەوە، کورتەباڵاکان کە بەرەو سەرزەمینە دوورەکان و بن زەوی چوون بۆ دۆزینەوەی بەردە ورشەدارەکان، ئەم باروتەیان پێبوو، بۆ تەقاندنەوە و دروستکردنی تونێل بەکاریان دێنا، وەک لە دادام بیستوە.

ئەلفین بە سەرسوڕمانەوە پرسی: بەڵام ئاگر چ پەیوەندی بە خاکەوە هەیە؟

- ئاگر خاک بەدەنگ دێنێ، ئەوجا هێز و کاردانەوەی ئەو خاکە بەدەنگ و رەنگ و جوڵە دەردەکەوێت.

- کەواتە چۆن دەتوانین ئەم گۆزانە بەکاربێنین؟

- بەدڵنیاییەوە ئێستا چوار مەنجەنیقمان چاک کردۆتەوە بەرامبەر ئەو دەشتە دامانبەستوە، کە چاوەروانی هەڕەشە و هێرشی لێدەکرێ، ئەوجا زۆرێ لە گۆزەکان دێنین و لە شوێنە جیاجیاکان دایاندەنێین. ئەڵقین رووبکردە هامۆند: تا پێتاندەکرێ گۆزەکان سەر بخەنە سەرەوە، بێئەوەی نزیکی ئاگریان بکەنەوە.

تەماشای تاڤێنیشی کرد: بەزووترین کات ئامادەکاریی بۆ خواردن بکە، نۆردمەن تۆش لەگەڵ سەد جەنگاوەر بەرەو چیاکانی هێڵی یەکەم بڕۆن لەگەڵ چەند ئەسپێکدا تا بۆ بەیانی بەکاریان بێنین بە مەبەستی زیاتر برسیکردنی بندنیاییەکان، ئاگرێکی زۆر بکەنەوە تا گەرم ببنەوە، تونێڵە شاراوەکان بدۆزنەوە کە دەچێتەوە بۆ شاخەکانی پشتەوە، بەرەبەیان دەبینە سێ هێڵی بەرگری، یەک لەدوای یەک دەکشێینەوە و لەگەڵ هەر کشانەوەیەکمان خاکە ڕەشەکان بەدەنگ دێنین و لە کۆتایی تا دوا کەسمان بەرەنگاریان دەبینەوە، بەڵام بەیانی زوو لەگەڵ بیست سوارۆی خۆبەختکار بەرەو پێشوازییان دەچین، دوای وەشاندنی تیرەکانمان، وا پیشان دەدەین کە هەڵدێین تا بەدوومانداببێن و بگەنە ئاستی هێرشی مەنجەنیقەکان، هاوکات من و بیست سوارۆ لەگەڵ نۆردمەن و سەد سوارچاک لە خانوە سورەکان جێگیر دەبین، ئەو کاتەی هەستمانکرد

لێمان نزیکبونەتەوە لەتونێلەکانی خۆمان بۆ تونێلەکانی پشتەوە، لەو شوێنەی هاموند و سەد جەنگاوەر خۆیان جێگیر کردوە، دەکشێینەوە و ئەوە دەبێتە دوایین هێڵی شەڕ و پێکدادانمان , مەبەستەکەمان ئەوە دەبێ تا دەگەنە دوایەمین گۆڕەپانی شەڕ و رووبەڕووبونەوە گەورەترین گورزیان پێبکەوێ و ئەوەیشی دەمێنێ ماندو، هیلاک، تورە و پەشێو و پەرت و بڵاو و تۆقیون.

تیۆدلینا بە سەرسوڕمانەوە تەماشای ئەڤینی کرد، کەوا پلانێکی تۆکمە و وردی بۆ شەڕی سبەینێ دارشتوە، بە شادییەوە گوتی: هەرچۆن باستکرد، هەوڵدەدەین بەو شێوەیە جێبەجێی بکەین.

ساویلک چاوی لە کاژین لانەدەدا، وەک ئەوەی تا ئێستا کەسێکی هێندە سەرنجڕاکێشی نەدیتبێ: ئەدی من و کاژین چی بکەین؟ نابینن چەندە ماندوە، پێویستە کەسێک خزمەتی بکات.

ئەڤین لە مەبەستی ساویلک تێگەیشت: باشە ساویلک خزمەتکردنی کاژینمان خستە ئەستۆی جەنابتان، ئێستاش بۆ ئامادەسازیی بڵاوەی لێبکەن، جەنگێ گەورە چاوەڕێمانە.

# شمشێری زێڕین

لەو بەرەبەیانەدا سەرمایەکی کەللەتەزێن هەڵیدەکرد و رۆدەچووە نێو مۆخی ئێسکیانەوە، چاوەکانیان پڕدەبوو لە فرمێسک، بەپەلە دەیانسڕی و نیگایان بەرەو جێیەکی دوور دەیروانی، لەسەر کۆڵی ئەسپەکانیان بێئارامانە چاوەڕێ بون تا چەند چرکە و ساتێکیتر مەترسییەکی گەورە هەڵکوتێتە سەریان. لە هێڵی یەکەم ئەلڤین و چەند جەنگاوەرێ وەستابون، بەفری ئەو بەرەبەیانە هەموو شتێکی سپی کردبوو، بەئاسانی پێشەوەی خۆیان نەدەدی، ئەلڤین لە دوورپانەکەدا خوێنی پێنج ئەسپی ڕشتبوو، لەو ڕێگەیە پەرش و بڵاوی کردبونەوە، چاوەڕێ بوو برسێتی و بۆنی خوێن، سەری شەڕکەرانی بندنیا بەرەو ئێرە کێش بکات. لەشکری بندنیاییەکان بەهۆی سەختی ڕێگە و سەرمای سەرزەمینەکانی ڕۆژاوا، بێحەوسەڵە و لاواز و برسی و ماندو ببون، بەڵام هێشتا درندایەتی لە چاوە سورەکانیاندا دەبریسکاوە، چونکە لەدواجاردا بۆنی خوێن بەر لوتیان کەوت و کەوتنە مرخە مرخ و هەنگاوەکانیان خێراتر کرد. ئەلڤین باش لەوە گەیشتبوو، ئەگەر لە ڕێگەی دووەم بسوڕێنەوە کە پان و بەرین بوو، شەڕ و بەرگریکردن کارێ سەخت و دژوارە و پلانەکانیان

توشی تێکشکان دەبێتەوە، بەڵام بندنیاییەکان و هێزی تاریکی، برسێتی و سەرما بڕستی لێبڕیبون و بیرکردنەوەی لێستاندبون، هەر کە خوێنیان لەسەر بەفرەکە بینی، شوێن پێی ئەسپە بریندارەکانیان هەڵگرت و بەرەو لای ئەلڤین و جەنگاوەرەکان کەوتنە ڕێ. لەگەڵ نزیکبونەوەیان ڕووبەڕووی هێرشێکی چاوەڕواننەکراو بونەوە، ئەلڤین و هامۆند و تاڤێن و سیروس و بیست سوارۆی دیکە، بە ڕیز تیربارانیان کردن، پۆلێ لەوان وەک گەڵای پاییز کەوتنە سەر بەفرەکە و نالّە و هاوار بەرزبۆوە، بەپەلە ئەلڤین و هاوەڵەکانی سەری ئەسپەکانیان و ڕەشمەی ئەسپە بریندارەکانیان توند گرت و بەدوای خۆیاندا ڕاکێشا و بەرە بەرە ڕووەو چیا سورەکان هەڵکشان. کاتێ زۆریان لەبەردەستدا نەبوو، هەر کە گەشتن لە ئەسپەکانیان هاتنە خوارەوە و بە توندی کێشایان بە پشتی ئەسپەکاندا تا بە گوڕ بەرەو پێشەوە غاردەن و لە هەڕەشەی بندنیاییەکان دوور بکەنەوە، خۆشیان لەبەردەم کونی چیاکاندا وەستان بۆ ئەوەی بندنیاییەکان بیانبینن. لەشکری تاریکی هێشتا لەبیری خواردنی بەرەبەیانی خۆیدابوو، کاتێ ئەو ژەمەیان لێ دوورکەوتەوە توڕەیی گرتنی و بەجۆش و خرۆشانێکی گەورەوە بەرەو پێشەوە هاتن، زۆر نزیک نەببونەوە کەوتنە بەر ڕێژنەی تیرەکان، بەڵام بەشێوەیەک دەجوڵانەوە کە بندنیاییەکان بزانن خۆیان بەکام کونە

چیادا دەکەن، بۆیە بەپەلە دوویان کەوتن و بەسەر لاشەی یەکتریدا هەنگاویان دەنا، هێرشیان بردە ناو چیاکان بەڵام توشی سەرسوڕمان هاتن، ئەمان چاوەڕێی لەشکرێ بون لەبەردەم کونی چیاکاندا ئامبازیان ببینەوە کەچی کەسیان نەدیت، تەنیا گوێیان لە دەنگی فیشکەفیشکێک بوو سەریان لەوە دەرنەدەچوو، بێئاگابون لەوەی ئەلقین و هاوەڵەکانی لە تونێلەکانەوە بەرەو بن زەوی ڕۆچوون، پێش ڕۆشتنیشیان ئاوریان بە پەتی گۆزەکانەوە نابوو، وەک ئەوەی بزانن کە تەقینەوەیەکی گەورە و هەژێنەر بەدوای خۆیدا دێنێ، ئاوهاش بەزوویی پێیان هەڵگرتبوو، چونکە هێشتا بندنیاییەکان بەدروستی نەیاندەزانی چی دەقەومێ، گۆزەکان بەرووياندا تەقییەوە، گوڕ و تینی تەقینەوەکان بەشێوەیەکی دوور لە خەیاڵ بوو، هەندێ لە بندنیاییەکانی بۆ ماوەیەکی دوور فڕێدابوو، زەوی بن پێیان تۆقێنەرانە شڵەقا، هەرچی خاک و بەردی ئەو نێوە بوو لە بن تونێلەکانەوە دابارى بەسەر ئەلقین و هاوەڵەکانیدا، کە بەڕاستی دڵیان خورپەی کرد، نەبادا تونێلەکان بەسەریاندا بڕمێ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێڕەوێکیان لەزەینی خۆیاندا کێشابوو دەیانزانی بەرەو کوێ دەڕۆن، بەهەر شێوەیەک بوو خۆیان لە شوێنی تەقینەوەکان دوورخستەوە، کاتێ سەریان دەرهێنا لەوسەری تونێلەکانەوە، جەنگاوەرە هاوەڵەکانیان چاوەڕێیان دەکردن.

بندنیاییەکان ساکاو و ترساو، سەرسام ببون، هێشتا بەتەواوەتی خۆیان ڕێکەخستبۆوە، کەوتنە بەر هێرشێکی چڕوپڕی بەردبارانی مەنجەنیقەکان. تیۆدلینا و نۆردمەن کە ئاگریان بە فتیلەی گۆزەکان بەردەدا و پێش تەقینەوەی فڕێیان دەدانە بەردەمی بندنیاییەکان، ئیتر هەر لە ئاسمانەوە بەسەر سەریانەوە دەتەقینەوە و چەندێکی لەناودەبردن.

لەنێو ئەو گرم و هۆڕەدا، ئاسمانیش بەفرێکی قورسی دابارادن و سەرمایەکی تاقەت پروکێن خۆی بەگۆڕەپانی شەڕەکەدا کرد، بۆیە کاری بندنیاییەکان هێندەیتر سەخت و دژوار ببوو، بۆ ئەوان ئەمجۆرە هێرشانە چاوەروانەکراو بوو، ئیدی خەشم و بوغزێکی زۆر لەسەر سنگیان کۆببۆوە و زیاتر ئارەزوی کوشتن و خوێنڕشتنیان تاوی سەند، بەپەلە کەوتنە جوڵە و هێرشبردن، چونکە دەیانزانی گەر لە بەردەبارانی مەنجەنیقەکان و گۆزە تەقیوەکانیش دەرباز ببن، ئەوکات شەڕی دەستەو یەخە دێتە پێشەوە، کە هەر هیچ نەبێ دەزانن لەگەڵ کێدا ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە.

تیرهاوێژەکان بەدرێژایی گۆڕەپانی شەڕ تەواو زاڵبون بەسەر بندنیاییەکاندا. تیۆدلینا و نۆردمەن بەپەلە بۆ بەهاناوەچوونی هاوەڵەکانیان لەچیا بەرزەکانەوە شۆڕبونەوە خوارەوە، تیرهاوێژەکان

ئەرکیان قورس بوو، زۆر بە وردی تیرەکانیان ئاراستەی بندنیاییەکان دەکرد، چونکە بەهەمانشێوە بەرامبەرەکانیشیان تیربارانیان دەکردن، بەڵام شتێ کە لاسەنگی کردبون، بندنیاییەکان لە چەند رۆژی رابردوو سەرقاڵی ڕێکردن بون، بەپێچەوانەی ئەمانەوە کە لە شەوی رابردوەوە پشوویەکی باشیان دا و لەوپەڕی ئامادەباشیدا بون، ئیدی دەرفەتی بیرکردنەوە نەمابوو دوودڵی قەدەغە بوو، لەشکری ئەوان تەنیا چەند شەقاوێ لێیانەوە دوور بوو، بۆیە بەهەموو هێزی خۆیانەوە تیرەکانیان ئاراستەی ڕیزی یەکەمی هێرشبەران دەکرد. ئەڵقین دەیروانیە دیمەنەکە و نۆرەی ئەوە هات کە فەرمان بدات بۆ شەڕی دەستەویەخە، دەستی بڵند کردەوە و شمشێرەکەی راوەشاند، هێندەی چاوتروکانێ هەردولا رژانە نێو یەکترییەوە، ئیتر ئەڵقین و تیۆدلینا کاریان بە مەنجەنیقەکان نەما، بەپەلە بەرەو پێشەوە غاریان دا، بەتەواوی لە دیمەنی ئۆلاندێل دەچوو لەسەرزەمینی سیدان لەگەڵ شاژن رۆنا، رووبەڕووی لەشکری تاریکی بونەوە. تیۆدلینا شان بەشانی ئەڵقین کەوتە گۆڕەپانی جەنگەوە. لەو دۆخە ناهەمواردا کە بەفرە سپیەکە لە زۆر لایەوە بەخوێنی جەنگاوەر و شەڕکەران سور هەڵگەڕابوو، ساویلک لەخەمی کاژیندا بوو، گەرچی ئەزمونێکی لە شەڕدا نەبوو، بەڵام ئیتر کەوتبوە نێو ئەو قەدەرەوە و بەڕاست و چەپدا شمشێری رادەوەشاند، چونکە

لە دڵەوە بۆی رووندەبۆوە، کە چارەنوسی لەگەڵ ئەواندا هەر یەکە و نابێ بەدوو.

نۆردمەن و هامۆند و تافێن راستیەکانیان لەبەرچاو روون ببۆوە، ئیتر دەیانزانی میرغەزەب چ وێرانکارییەکی بە سەرزەمینەکانی ئەوان بەخشیوە، هەر کە دیمەنەکان بە بەرچاویاندا گوزەری دەکرد، دەست و مەچەکیان توندتر شمشێر و گورزەکانی بەرامبەر بندنیاییەکان رادەوەشاند، تا ئەو رادەیەی چەندین شەقاو پاشەکشەیان بە بندنیاییەکان کرد، سەرباری ژمارە زۆریشیان. دنیا بەرەو تاریکبون دەچوو، پلانی جەنگ و رووبەڕووبونەوەکەیان سەرکەوتنێ بەرچاوی هێنا و یەکلاکارانە بوو، بەڵام هەموو ماندو و شەکەت بون، سەراپایان لە خوێنی رەشی بندنیاییەکان پیس و پۆخڵ ببوو. ئەڵقین بە سەختی بریندار ببوو، لەگەڵ ئەوەشدا چاوی بە دەورویەری خۆیدا دەگێڕا، تا بزانێ ئاستی زیانەکانیان چەندێکە، چاوی کەوتەسەر تیۆدلینا کە شمشێرەکەی لەدەستی راستیدا توند گرتبوو، چەند شوێنێکی جەستەی وەک هێڵێکی باریک رۆشنایی لێوە دەردەچوو، دەبریسکاوە هەروەک رەسەنەکانی خۆی لەبری خوێن، رووناکییەکی سپی لە جەستەی دەهاتە دەرێ. ئەڵقین بەو دیمەنە شپرزە بوو، یەکسەر بەرەو لای رۆشت، بەڵام پێشنیارەوەی وشەیەک لە زاری دەرچێ، تیۆدلینا پێیگوت:

من باشم خەمی من هەڵمەگرە.

بەپەلە پارچەیەک لە چارشێوەکەی لێکردەوە و برینەکانی بەست، ئەوجا رووبکردە ئەڵفین: وەک بینیت، شتێکی وا نییە جێی نیگەرانی بێت.

دڵی ئارام بۆوە و سەری سووڕاند بۆ لای هاوەڵەکانی دیکەی بینی سەلامەتن، بەڵام کوڕ و کچە تازە جەنگاوەرەکان ژمارەیەکیان کوژرابون بەدەستی بندنیاییەکان و خەمێکی گران هاوەڵەکانی گرتبوو، چونکە زیاتر لە سێسەد کەسیان لەناوچوو بون، بەپێچەوانەی پێشبینی خۆیانەوە بوو، کە بڕوایان وابوو بە ژمارەیەکی کەم کوژراو دەتوانن لەو شەڕە دەربازبن.

تاریکی سنگی خستبوەسەر چیاکان، ئەلفین بەپەلە هاواریکرد: تکایە با بگەڕێین، گەر کەسێ بریندارە لەنێو کوژراوەکاندا بەهانایەوە بچین.

پێشئەوەی تاریکتر دابێ بەفر وردە وردە کلۆی سپی دەخستە سەر تەرمەکان، ئەوی گیانی تێدا مابوو بەرەو ئەشکەوتەکانیان دەبردن. هەموو ماندو بون و لە چیا سورە بەرزەکەکە ئەلفین سندوقی چوارەمی تێدا دۆزیبۆوە، لەوێ خرپونەوە و دە دە لە پەنایەکدا هەڵتروشکان و ئاگرێکی گچکەیان بۆ خۆیان دەکردەوە. ئیدی هەریەکە و پارچە نانێکی لە هەگبەی دەرهێنا و خواردی، نیوە تێر و کەمێ جەستەیان

گەرم بۆوە، پێڵوی چاوانیان قورس بوو، خۆیان پێرانەگیرا هەریەکە لە جێی خۆیەوە شل بوو، جەستەیان دایە دەست خەون و خەونیش لەبەردەم رەشەبای ساردی بەفردا خامۆش بوو.

ئەڵقین دەیزانی ئیتر ئەمە کۆتایی نییە، بەڵکو سەرەتایەکی نوێی پڕ لە رووداو و کارەسات خۆی مەڵاسداوە، تێۆدلینا دەرکی بە خەم و پەژارەکانی ئەڵقین دەکرد، هاتە نزیکیەوە و پێکڤە لە ئاگرەکەی بەردەمیان دەروانی، هەروەک چۆن پیرەسیمورغ پێی گوتبون دەبێ چاوەروانی هەڵاتنی خۆر بکەن. ئاگاداری دەرەوەش بون کە بەفر وچانی نەدەدا، لە چەند رۆژی رابردوو بێئەوەی کەس بتوانێ پێ هەڵگرێ و خۆی لە قەرەی ئەو رێگانە بدات، هەموو شەوێکیان دەدایە دەم رۆژ، تا لە نۆیەمین شەو ئاسمان چیدیکە بەفری پێنەما، ئیدی ئەوە ئامارژە بوو کە رەنگە رۆژی دواتر سەفەری نادیاریان بەرەو سەرزەمینەکانی باکور دەست پێبکەن، بۆیە هەر هەمان شەو ئەڵقین دەستی هێنا بەسەری ئەسپەکاندا و داوای لەهەموان کرد، هەوساری ئەسپەکانیان ئامادە بکەن و خۆراک و هەگبەکانیان بپێچنەوە، بەو جۆرە شەوەکەی لەهەموو کاتێکیتر ئارامانە چاویان لێکنا، چونکە لەدوای جەنگەکەیانەوە چەند رۆژێکە چاوەرێی هەڵاتنی خۆرن، بەو شێوەیەی سیمورغی پیر پێپیراگەیاندبون، کە دوایەمین شەویان ئاسمان

بێگەرد دەبێ، ئەوکات دەبێ پێویستە پێ هەڵگرن بەرەو سەفەرە درێژەکەیان.

بەیانی بێداربونەوە و چاویان بڕییە پشتی چیاکان، هێشتا دنیا هەمان ئەو کپ و ماتیەی مابوو، کە لە ساتەوەختی بەفرباریندا خۆی کڕ دەکرد، هەورەکان ئاسمانیان بەرنەدابوو، وا پێنەدەچوو تیرۆژ بتوانێ جەرگی ئەو هەورە کەڵەکەبوانە لەت بکا، ئاسمان ماتەمی خۆی بەخشیە روخساری جەنگاوەرەکان، وەک ئەوەی چیدیکە لەو گەردونە پان و بەرینەدا، جارێتر خۆر نەبینەوە، بەدڵشکاوی بەرەو ناو ئەشکەوتەکان گەڕانەوە، دەستە دەستە دەچوونە ژورێ، بەڵام ساویلک پڕ بە گەرووی هاواریکرد: تەماشاکەن...تەماشاکەن.

سەریان سوڕاندەوە و ئاسمانیان بینی بەشێوەیەکی ئەفسوناوی هەورەکان دوورەدەکەوتنەوە و تیشکی خۆر لەسەرخۆ بەنێویاندا گوزەری دەکرد، وردە وردە هەموو شتێ دەبریسکاوە، دیمەنێ دڵڕفێن و دڵبەر بوو، لە جێی خۆیان ڕەق ڕاوەستان و بینابیان لەو سروشتە زەرد و سپیە تێرکرد، ئیدی ئەوە مزگێنی بوو کە دەتوانن ئەم سەرزەمینە بەجێ بێڵن، دەستەکانیان بۆ ئاسمان بڵند کردەوە وەک شوکرانەبژێرێ کە ئاواتێکی لەمێژینەیان هاتبێتەدی.

ئەلفین لە ئامێزی خۆشییەکی بێئەندازەدا ئۆقرەی گرت و بەجۆشەوە

روویکردە تیۆدلینا: ئێستا دەتوانین بەشێک بین لە مارشی چوون بەرەو باکور.

دەمێ بوو چاوەڕێی ئەم رۆژە بون، چونکە ڕێکردن بەرەو سەرزەمینی پیرۆز و باغی شین، ئەگەری یەککرتنەوەی هەموو رەسەنەکانی لێدەکەوتەوە، تیۆدلینا لە قەدەری خۆی دەروانی، کە چۆن رۆژێ لە رۆژان کەوتە شوێن خواست و ئارەزوویەک و چەندین رووداو و کارەساتی بەسەردا هات، هەروەک دایک و باوکی پێیانگوتبوو، توشی سەرما و گەرما و تاڵی و شیرینی دەبی، جۆرەها شوێنی سەیر و سەمەرەی بینی، بە لێشاو رەسەنی جیاوازی ناسی، بەو رادەیەی لەهەموو رەسەنەکان و بەتایبەتیش لە مرۆڤ بێئومێد بوو تا ئەلڤینی توش بوو، کە بۆشاییەکی گەورەی لە دەرونیدا پرکردەوە، ئێستاش کە سندوقی چوارەم دۆزراوەتەوە، دووبارە بەرەو سەرزەمینێ پێهەڵدەگرێ کە پێشتر دایک و باوکی لەوێ بەیەکدی گەیشتون و بەشێ لە چارەنوسی ئەمیان نەخشاند، بۆیە لەلایەکەوە هەستی بەدڵگرانیەک دەکرد، کە ئاخۆ ئەم چارەنوسە چیدیکەی بۆ حەشار داوە، بەدەم ئەو خەیاڵاتانەوە ئاوڕی لە ئەلڤین دایەوە: بەڵێ کاتی ئەوە هاتوە ئێمەش بەشێ بین لەو چارەنوسە.

لەناکاو وەک ئەوەی قسەیەکی وەبیرهاتبێتەوە، بەپەلە گوتی: بەڵام

لەبیرت نەچێ دەبێ زۆر پەلە بکەین، پێشنیارەکەی میرغەزەب تاجەکە بدۆزێتەوە، دەبێ زوو پێ هەڵگرین.

- راست دەکەی.

جوڵەیان تێکەوت، ئەوەندەی کە ئەسپ مابوو، خۆراک و کەلوپەلەکانیان لێ بارکردن و هەندێکیشیان لە گالیسکەکان بەستن، سیروس پێشیانکەوت و ئەڵفین و ئەوانیتریش بەدوایدا، لە زۆر شوێن بەتایبەتی نەهالەکان تەنیا سەری سنوبەرەکان دیاربوو، بۆیە ناچار بون بە ئارامی هەنگاو بنێن، تا ئێوارەیەکی درەنگ رێیان تەیکرد، بە یەکجاری سەرزەمینە لەیادچوەکەیان لە پشت سەری خۆیان بەجێهێشت، شەویان بەسەردا هات و دەنگ و لورەی درندەکان بەرزبۆوە، بە ناچاری ئاگرێکی زۆریان لە دەوروبەری خۆیان هەڵکرد و هەوساری ئەسپەکانیشیان بەیەکدییەوە بەستەوە تا لە ترسان هەڵنەیەن. رۆژی دواتر دووبارە درێژەیان بە سەفەرەکەیان دا و هەوا ساردتر و سروشت شاخاویتر دەبوو، بەڵام هەستیانکرد وردە وردە لە وەرزی بەهار نزیکدەبنەوە، خۆر بەردەوام ئاسمانی شینی بەرنەدەدا، جاروبار هەورەکان پاڵیان بەیەکدییەوە دەنا و مزگێنی نمە بارانێکیان بەزەوی دەدا. تێۆدلینا لە پشتی ئەڵفینەوە دەرۆشت، بەشادییەوە گوتی: خەریکە لە سەرزەمینی رەسەنە نایابەکان نزیکدەبینەوە.

ئەلڤین ئاوڕی داوە و هەوساری ئەسپەکەی شلکرد تا تیۆدلینا بگاتە عاستی، ئەو چ گومانێکی لە قسەکانی نەبوو، بەزەردەخەنەوە وەڵامیدایەوە: بۆنی خاک و گوڵ و مێرگوزار ئەم دەڤەرەی تەنیوەتەوە. تیۆدلینا بەدەستی ئامازەی بۆ پێشی خۆی کرد، ئەلڤین رووبکردە ئاراستەی پەنجەکانی، مێش هەنگوین و پەپوسلێمانکە سپیەکان لەوێدا هاتوچۆیان بوو، تیۆدلینا گوتی: ئەمانە ئامازەن کە نزیکبوونەتەوە، بەدرێژایی سەفەرەکەم لە سەرزەمینەکانی رەسەنی مرۆڤ هیچ یەکێ لەمانەم نەبینی، تەنیا باڵندەی رەش و دەنگ ناساز لەسەر لقی درەختە وشکەڵاتوەکان دەنیشتنەوە، چ خۆشبەختیەکە ئێستا ئەوانە نابینم، کەواتە ئێمە زۆر لە سەرزەمینی رەسەنی مرۆڤ دوورکەوتوینەتەوە. لەو کاتەدا سیروس وەستا و دەستی بەرزکردەوە، ئەلڤین و تیۆدلینا پاژنە پێیان لەبن سکی ئەسپەکانیان گیرکرد و بەپەلە بەرەو پێشەوە غاریان دا، چوونە سەر بەرزاییەک، کە سیروس لەوێدا وەستابوو، بەدەست ئامازەی بۆ دیوارێک کرد کە درێژ دەبۆوە وەک ئەوەی هەرگیز کۆتایی نەبێت، بەڵام لە چەند شوێنێکدا تێکوپێک درابوو: ئەمە ئەو دیوارەیە بندنیاییەکان دروستیان کرد، بۆ دوورخستنەوەی رەسەنی مرۆڤ لە سەرزەمینەکانی باکور و شاردنەوەی نهێنیەکان، ئێستا وێران کراوە و تەنیا ئاسەوارەکەی دیارە.

چاویان وردکردەوە، ئێسک و پروسکی جەنگاوەر و شەڕکەریان دەبینی لەدۆڵ و نهالەکان، هەندێکیان بەسەر دیوارەکانەوە شۆڕببونەوە، بەشێکیشی دیوار بەسەریاندا ڕووخابوو، هەر لە پاشماوەی جەنگێکی گەورە دەچوو، کە لەدێرزەمانەوە لەوێدا هەڵایسابێ.

تینیان دایە بەر ئەسپەکانیان و بە ئارامی بەرەو پێشەوە چوون، بە وریاییشەوە لەدەوروبەریان دەڕوانی، تیۆدلینا چاوی بە تیرە پەڕسپیەکان کەوت، ڕەنگی هەڵبزڕکا و زانی لەوێدا جەنگی سەختی ڕەسەنە نایابەکان و شەڕکەرانی بندنیا ڕوویداوە، بەڵام خۆی ڕاگرت و چی نەگوت تا بە یەکجاری کاروانەکەیان تێپەڕی و پێیان نایە سەرزەمینەکانی باکور.

هەر کە پێیان نایە ئەوێ تەواوی کوڕ و کچەکان هەستێکی سەیر گرتنی، خۆیان لەنێو سروشتێکی ڕەنگاورەنگدا بینییەوە، سروشتێ پڕ لە وزەی ئەرێنی و جیاواز لە هەموو ئەو شتانەی کە لەسەرزەمینەکانیتر دیبویان.

درەختەکان گەورەتر بەڵام بەهێزتر و هەڵکشاو بەرەو ئاسمان، کە هەریەکەیان سەرگوزەشتەی دێرینی ئەو سەرزەمینەی پێوە دیار بوو، گوڵەکان هێشتا نەپشکوتوو بون، لەگەڵ ئەوەشدا خونچەکان بۆن و بەرامەیەکی مەستکارانەیان دابووە ئەوێ، هەر لەبەرئەوەش

بوە هێزەکانی تاریکی دوای داگیرکردنی سەرزەمینەکانی باکور، نەیانتوانیوە لەوێ بمێننەوە.

هیچ یەکێ شارەزای رێگەکانی ئەو سەرزەمینە نەبوو، نە سیروس، نە تیۆدلینا و نە ئەلڤین و نە کەس، هەموو پشتیوانیەکیان توانا شاراوەکانی تیۆدلینا بوو، کە خۆشی نەیدەزانی چۆن لە ئامازەکان تێدەگا و بەنێو درەختە پیرەکاندا گوزەر دەکا، هەروا بەسانایی پێشیان دەکەوت و دەیگوت: لەم رێگەیەوە بڕۆین.

تەنیا توانای تیۆدلینا لە گەڕدا نەبوو بۆ چاوساغی، چونکە لەناکاو سندوقی چوارەم کە لەسەر پشتی ئەسپەکەی ئەلڤین بەسترابۆوە، وردە وردە شەبەنگی ئەفسوناوی لێوە دەردەچوو، ئیدی ئەمە ئامازەیەکی دڵخۆشکارانە بوو بۆ تیۆدلینا، کە رێگەیەکی راست و دروستی گرتۆتەبەر، هەر کاتێکیش هەڵەی لە رێگەکەدا کردبا شەبەنگی سندوقەکە کز دەبوو، شتێ بوو چەشنی جادو بەڵام جادوش نەبوو، بۆ هەردوکیان جۆرێ لە پەرجۆ بوو. پێدەچو سندوقەکە بەخۆی هەڵگری هێزێکی نهێنی بێ و پتریش ئەو هێزەی دەردەکەوێ کە دوای هەزاران بەهار و زستان بەرەو سەرزەمینی پیرۆز و باغی شین و بەندەری ئاواتەکان دەگەڕێتەوە.

هەرچەندێ هەنگاویان دەنا تیۆدلینا دڵەخورپە دەیگرت، خەمێ زۆر

سایەیەکی قورس و گرانی لەسەر سنگی دادەنا، وردە وردە دڵی قوڵپی دەدا وەک ئەوەی هەست بە کارەساتێ بکا چاوەکانی پڕ فرمێسک بون. ئەڵقین لە پێشیەوە دەڕۆشت، نائاسودەییەک تەنگی پێهەڵچنی و سەری سوڕاندەوە بۆ دواوە تێڕدلینای بەو شێوەیە بینی، خۆی پێرانەگیرا: تۆ باشیت؟!

فرمێسکەکانی وەک دەنکە مرواری دەڕژانە سەر گۆنای: نازانم چییە؟ بەڵام هەست بە ئارامی و شادی ناکەم....

قسەکەی تەواو نەکرد، حەوتسەد جەنگاوەری باڵابەرز دوو هێندەی رەسەنی مرۆڤ بە شمشێر و تیر و کەوانەوە لە پشتی درەختەکانەوە بەرزبونەوە و گەمارۆیان دان، بەشێوەیەک توانای جوڵەیان نەهێشتن، ئەڵقین پێش هەمویان شمشێری لەکێلان دەرهێنا، ئەوجا نۆردەمەن و هامۆند و سیروس. کوڕ و کچە جەنگاوەرەکان شڵەژان و تا رادەیەکیش ترس شۆڕبۆوە نێو دەرونیان، بەشێوەیەکی چاوەروانەکراو کەوتبونە ناو بۆسەیەکی گەورەوە، ئەوان چەند چیرۆکێکی کورتیلەیان لەبارەی دووگیانەکانەوە بیستبوو، بەڵام ئێستا لەبەرچاویان راستییەکە و زۆر لەوە گەورەترپشن کە باسیان بۆ کراوە، ئیدی چ رێگە و هیوایەکیان نەما لەدەست ئەم گیانەوەرە زەبەللاحانە قوتار بن. نەمانی خۆیان بەکارێ مسۆگەر لێکدەدایەوە، چونکە بەراستی نیازی خۆبەدەستەوەدانیان

نەبوو، کەوتنە ئامادەباشی و خۆگورجکردنەوە، دێوەکان جوڵەیان لەخۆیان بڕی و بە چاوە گەورەکانیان تەماشایان دەکردن، ئەڵقین دڵی خورپەی ئەوەی کرد جەنگاوەرەکان بێ پلان بکەونە پەلاماردان.. هاواریکرد: لەسەرخۆبن، گەر ئەمە رۆژی نەمانی ئێمە بێ، دڵنیابن بێ شەڕکردنێکی جەربەزانە نابێ.

تێۆدلینا هێشتا لێیان ورد دەبۆوە، کەمێ هاتە پێشەوە و چاوەکانی کرانەوە: بوەستن.

ئەڵقین بە سەرسوڕمانەوە تەماشایکرد، تێۆدلینا وشەیەکی دیکەی لەزار نەهاتە دەرێ، سەر و سەکوتێکی سەرسوڕهێنی دەرکەوت، کە کوڕ و کچە جەنگاوەرەکان لە ترساندا چەند هەنگاوێ چونە دواوە، ئەسپەکان سڵمینەوە، بەڵام هەر ئەو سەرسوڕهێنە تەنیایە نەبوو، بەڵکو سەد سواری کورتەباڵا بەسەر ئەسپە گچکەکانەوە لە پشت سەربیەوە هاتنەدەرێ، تێۆدلینا حەپەسا و زەردەخەنە کەوتە سەر لێوی، بەشادییەوە هاواریکرد: پێگەورە...بۆتین....

بۆتین سەری نەوی کرد و بەخۆشحاڵییەوە: بەڵێ خانمەکەم ئەوە منم لەگەڵ هاوەڵەکانم، بۆ ئەوەی خێراتر بجوڵێین، دەستبەرداری کیسەڵە گەورەکان بوین و پەنامان هێنایە بەر ئەسپەکان، لەدوای وێرانبونی سەرزەمینەکانمان لەگەڵ زازاک پاشا و بەهاوکاری پێگەورە و هاوەڵان

و رەسەنە نایابەکان و ئەوانەش لەدوای شەڕەکە بەزیندویی ماون، بەرەو لای شاژن رۆنا پێمان هەڵگرتووە، رەنگە زۆر نەخایەنێ چاومان بە یەکتری بکەوێ.

تێۆدلینا بەو قسەیە کەمێ شڵەژا، چونکە باوکی بەرەو سەرزەمینی زازاک پاشا و بۆتین چوو بوو، پیرەسیمورغیش پێیراگەیاندبوو کە لەوێ جەنگێکی قورس بەرپابوە، پێگەورە خەیاڵەکانی بڕی و بە سێ هەنگاو گەیشتە لای و بەدوور لە چاوەروانی هەموو لایەک کەوتە قسەکردن: بەڵێ شاژنەکەم..پەیامەکەت لە رێی باڵندەیەکی گەورەوە هات، کە پیرەسیمورغیان پێدەگوت، راسپاردە و بانگەوازی تۆی پێبوو، کە بەرەو سەرزەمینەکانی باکور پێهەڵگرین، ئێستاش هەمومان لەژێر فەرمانی تۆداین.

تێۆدلینا ئاوڕی لە هاوەڵەکانی دایەوە بۆ ئەوەی دڵنیایان بکاتەوە کە ئەم هێزە گەورە، جێی مەترسی و هەڕەشە نین بۆ ئەوان: ئەمانە دۆست و هاوڕێن...دڵنیابن نیازی شەڕ و خراپەکارییان لەگەڵتاندا نییە. شمشێرەکانیان داگرتەوە و کردیانەوە بە کێڵاندا، بەڵام ساویلک لەهەمویان زیاتر هەستی بە ترس کردبوو، چونکە دیمەنی نێو ئەشکەوتەکەی وەبەرچاو هاتەوە، کە ئۆرام لەبەر یەکێ لەم دێوانە بوو دەستی خستبوە سەر دەمی پیرەمێرد و چیدیکە نەژیایەوە،

بۆیە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و رووبکردە کاژین: هیچ خەمت نەبوایە، بە چاوی جوانی تۆ کە منی شێت کردوە و ئەو ئەقڵەشی کە هەمبوو لەسەرم دەرچوو، نەمدەهێشت هیچ یەکێ لەوانە نزیکت ببنەوە، بەنێزەی شمشێر پارچە پارچەم دەکردن، ئاخر ئەلفین تۆی بە من سپاردوە.

لە راستیدا کاژین هێندە ترسابوو، ئەم قسە هێورکەرەوانەی ساویلک دادی نەدا، تەنانەت ئاگاشی لە قسەکانی نەبوو، هامۆند لە تەنیشتیانەوە بوو، بە زەردەخەنەوە گوتی: دڵنیام ساویلک هەروات دەکرد.

پێگەورە بە بینینی تیۆدلینا خۆشحاڵ بوو، بە وردی لە ئەلفینی روانی، بەلایەوە کەسێک بوو بەهێز و جیاواز، بە ئاگری خامۆشی بن خۆڵەمێشێک دەهاتە پێشچاوی، سەری بۆ لای تیۆدلینا سوڕاند: شازنەکەم وادیارە چاوڕەشەکەت دۆزییەوە.

تیۆدلینا سەرباری نیگەرانی بۆ حاڵ و چارەنوسی باوکی، بەناچاری وەڵامیدایەوە: ئەوەش دیاری سەرزەمینەکانی مرۆڤە کە نەیهێشت نائومێد و دڵشکاو بم.

تیۆدلینا دەیویست لەبارەی باوکیەوە پرسیار بکات، بەڵام خێرا یەکێ لە دێوەکان بەرەو لای ئەلفین هات و بەرامبەری وەستا، جەستەی لە هاورەسەنەکانی دەچوو لە سەرزەمینی ئیفلۆرد، چاوەکانی وەک چاوی

مرۆڤ پڕ هەست و سۆز بون، وەک ئەوەی ئەڵقین بناسێ، بەوردی لەیەکتری رامان، ئەڵقین دڵی توند لێیدەدا، لەسەرخۆ لە ئەسپەکەی هاتە خوارێ و چەند هەنگاوێکی نا بەرەو لای و یادەوەرییەکانی دوور بردنی، چەشنی بێداربونەوەیەک لە خەونێ گوتی: تۆ ئەو جەنگاوەرە نیت لە دەریاچەی ترسناک، نزیک سەرزەمینی میرغەزەب ئێمەت لە کوشتن رزگارکرد؟

دەستە گەورەکانی خستە سەر شانی ئەڵقین و بەدەنگێ زل کە هێشتا تێگەیشتنی بۆ رەسەنی مرۆڤ ئاسان نەبوو: بەڵێ هەمان کەسم... روخسار و بۆنت لێم بزر نابێ...ئێستاش لەگەڵ هاوەڵەکانم دەنگ و شمشێرمان لەگەڵتان دەبێ.

ئەڵقین و هاورێکانی بە ژیانیان قەرزاری ئەو دێوە بون، دەستی خستە نێو دەستی: خۆشحاڵم کە ئێستا ئەو دەرفەتەم بۆ رەخساوە بەرامبەرت رابوەستم و سوپاست بکەم، هەرچەندە دەبێ شاژن یان پاشایەک بەردێکی سپی یان ناوێکی شایستەت لەسەر دابنێ، بەڵام من بە»هاورێ» ناوت دێنم.

نۆردمەن و هامۆند و تەنانەت ساویلکیش لە ئەسپەکانیان هاتنە خوارێ و یەک لەدوای یەک بەهەست و سۆزێکی وەفادارانەوە دەستیان گوشی و پێشوازییان لێکرد: تۆش دەنگ و شیری ئێمەت پاڵپشتە،

بەخێرهاتی هاوڕێ.

بەو قسەیە دەنگی کوڕ و کچەکان تێکەڵ بە جۆش و خرۆشی جەنگاوەرە دەنگ زلەکان بوو، بەڵام پێگەورە هەرچەندێ لە تێۆدلینای دەڕوانی خەم دەیبردەوە، پێشنیارێکی لێبکرێ دەستپێشخەری کرد: شارۆنەکەم لە سەرزەمینی کیسەڵەکانەوە، چ هەواڵێکی دڵخۆشکارم پێ نییە.

پێگەورە بیری کردەوە بە چ شێوەیەک هەواڵی باوکی پێرابگەیەنێ، تێۆدلینا بواری نەدا: هەڵگری هەر هەواڵێکی خۆش یان ناخۆش بیت، خۆت دەزانی دەمێکە چاوەڕێم، باشترە ئێستا بە دروستی پێم بڵێیت.

- راستیەکەی شەڕکەرانی ئیڵڵۆرد لەرووی ژمارە و هێزەوە زۆر لە جەنگاوەرانی ئۆلاندێل و ئاڤدوور لە پێشتر بون، لە چەند رۆژی رابردوودا رووبەڕووبونەوەکان خوێناویتر ببون، جەنگاوەرانی باکور چیدیکە بەرگەی هێرشە یەک لەدوای یەکەکانیان نەدەگرت و تێکشکان، سەرزەمینی کیسەڵەکان وێران و تاڵان کرا، شەڕکەرانی بندنیا هەرچی شتێکی بەبەها هەبوو لە کۆشکی سەرکردەی ئەو سەرزەمینەدا بەرەو سەرزەمینەکانی میرغەزەبیان برد، ئەو کۆشکەی کە تەنانەت کەس لە دانیشتوانەکەی بۆی نەبوو بچنە نێویشیەوە.

تێۆدلینا هێشتا لە ئەسپەکەی نەهاتبوە خوارەوە، ئیدی بۆ رووبەڕووبونەوە

کە پەڕیشانیەکەی لەخۆڕا نییە، پێگەورە درێژەی بە قسەکانی دایەوە: میرغەزەب لە سەرزەمینەکانی شەرابی سور و گوڵەکان سەرکەوت، ئێستا هەموو سەرزەمینەکانی ڕەسەنی مرۆڤ لە ژێر رکێفی ئەودان، بەبردنی ئەو شتە گرانبەهایانە، میرغەزەب بە ئاواتەکانی گەیشت.

تیۆدلینا بێئارامانە لە پێگەورەی دەروانی: ئەدی چارەنوسی ئۆلاندێل... چی بەسەرهات ئەوەم پێ بڵێ؟

پێگەورە بە نارەحەتیەوە سەری نەوی کرد، لە دەرونەوە نەیدەخواست هەواڵێکی وا کارەساتبار بە تیۆدلینا بگەیەنێ، بەڵام لەو ناچارییەدا بێئەوەی سەربڵند بکاتەوە گوتی: ئاڤدوور و زۆرێ لە جەنگاوەران کوژران، بابیشت بە سەختی بریندار بوو، ئێمە شاهێدی شەڕ و ڕووداوەکان بوین، لەبەرئەوە لەگەڵ هاوەڵەکانم توانیمان داواکەی باوکت بەجێ بهێنین کە گواستنەوەی پەرتووکە نهێنیەکانە بۆ سەرزەمینەکانی باکور و بەندەری ئاواتەکان، بەداخەوە بەهۆی سەختی بریندەکەیەوە وردە وردە هەموو ڕۆشنایی سەرزەمینەکانی پاشای نور لە گیانی دەرچوو، چ چارەیەکمان پێنەکرا...لەدواجاردا گیانی بەرەو ئاسمان هەڵفڕی، وەک کرداری هەندێ لە ڕەسەنی مرۆڤەکان لەسەر بەرزاییەک کە بروانێتە سەر دەریای شین و شاری ڕەسەنە نایابەکان، جەستەکەیمان لەژێر خاکدا حەشار دا.

بێتەوەی دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا هەبێ، فرمێسکەکانی بەخوڕ لەچاوی دابارین و لەسەرخۆ قوڵپی گریان گرتی، ئەو هێشتا روخساری باوکی لە بەرەبەیانێکدا لەبیر بوو کە بەرەو سەرزەمینی رەسەنی مرۆڤ هەنگاوی نا، هەستی بەخەتایەکی گەورە دەکرد، وا بەو جۆرە دایک و باوکی بەجێهێشت، ناخی وەک مۆمێ ئارام ئارام دەسووتا، دەیویست جارێتر زەردەخەنە و پێکەنینێکی یەکێ لە ساتەکانی باوکی بێنێتەوە پێشچاوی و بەوە سەبوورییەک بەخۆی بدا، بەڵام هەرچییەکی دەکرد، مەرگ پێشوەختە بریاری خۆی دابوو، کە ئەو دیمەنانە جارێتر دووبارە نابنەوە.

پێگەورە بە نارەحەتیەوە سەری بڵندکردەوە: ئەوەی رەسەنە نایابەکان پێی دەڵێن پەرتوک، نهێنیەکی زۆری تێدا خەوتوە و چاوەرێن یەکێ بێداریان بکاتەوە و بەزمانیان بێنن، هەر ئەوەندە دەزانین لەگەڵ زازاکی پیرەمێرد و پیرانی سەرزەمینی کیسەڵە کۆچەرییەکان رەوانەی لای شاژن رۆنا کران، لەسەر ئەو بنەمایەی کە شاژن دەتوانێ ئەو نهێنیانە شیکار بکا و بەزمانیان بێنێ.

بۆتین تەنیا گوێی لێدەگرتن، هاتە پێشەوە: کاتی مارشی رەسەنی مرۆڤ هاتووە، ئەوانیش ئێستا لەسەرزەمینی شین و بەندەری ئاواتەکان چاوەرێن، بەڵام پێیان بۆ سەرزەمینی سیدان و دابڕان هەڵگرتووە،

پێدەچێ لەوێ بەیەکتری بگەین، هەرچەندە تۆ لە ئێستادا باش نیت. تیۆدلینا تەنیا بیری لەوە دەکردەوە گۆڕی بابی ببینێ، بەچاوی فرمێسکاوییەوە گوتی: باسی هیچ شتێکم بۆ مەکەن، دەبێ سەردانی ئارامگەی باوکم بکەم، ئێستەش شوێنەکەی دەزانن، دەبێ پێشمکەون بۆ ئەوێ.

پێگەورە بە ڕێزەوە سەری نەوی کرد: بەڵێ شازنەکەم.

ئەلفین بەرەو لای تیۆدلینا ڕۆشت و دەستەکانی گرت و توند گوشی: بەداخەوە ئەو شەرەفەم پێنەبڕا باوکت ببینم، بەڵام دڵنیام کەسێ چاونەترس و بوێر و خەمخۆری خەڵکی سەرزەمینەکان بووە، ئەو بۆ بەئامانجگەیاندنی پەیامێ هات، ئەوەندەی توانی زیاد لە توانا و تاقەتی خۆی کردی، ئەویشی ماوە بۆ ئێمەی بەجێهێشتوە، لەمەودوا هەر هەنگاوێ بهاوین، ئەوە ئەوپەڕی سەبورییە بۆت کە بزانی جێ پێی باوکت هەڵدەگرین.

تیۆدلینا سەری داخستبوو، ئەلفینیش روانیە پێگەورە و بەچاو تێیگەیاند کە دەبێ بەڕێبکەون، سواری ئەسپەکان بونەوە و هەموو وەک یەک کاروان سوڕانەوە، کور و کچە جەنگاوەرەکان هێشتا نیمچە گومانێ دڵی بەرنەدەدان لە هەمبەر دێوەکان. جاروبار دەمیان لە گوێی یەکتری نزیک دەکردەوە و چپە چپێکیان دەناوە. پێگەورە لەنێوانی

پیرەدرەختەکاندا تێپەڕی. بێگومان ئەو درەختانە پارێزەرێکی سروشتی باغی شین و سەرزەمینی پیرۆز بون، کە شوێنەکەیان لە پێشچاوان بزر دەکرد، پێگەورە چەشنی شارەزایەک تولە رێگەکانی دەبڕی، هەروەک چۆن لە رۆژانی رابردوو خەڵکی سەرزەمینەکانی رۆژهەڵات و رۆژاوا بە کۆمەڵ بەوێدا تێپەڕیبون، چاوساغیشیان سندوقەکانی سەرزەمینی نور بوو، کە چەشنی سندوقی چوارەم شەبەنگی دەداوە، لەپاش بڕینی چەند هەوراز و نشێوێک، دیمەنی شارێکی کۆن بە کۆشک و تەلار و کۆتەڵی سەر گردەکانی و دوازدە دەروازەکەی دەرکەوت، کە بە کۆنی و دێرینی خۆشیەوە هێشتا جوانی و سەرنجراکێشی مابۆوە، هەتا چاو بڕی دەکرد، شار بەردەوامبوو تا دەگەیشتە بەندەری ئاواتەکان، کە چەند کەشتیەکی گەورە و بچکۆلە لەنگەریان تێدا گرتبوو. تیۆدلینا لەگەڵ ئەو چیرۆکە کارەساتبارەی باوکی، هەستێ نایاب تێکەڵ بە دەرونی بوو، یادەوەریی رۆژانێکی زووتری تێدا زیندو کردەوە، بەتایبەتی چیرۆک و رووداو و بەسەرهاتەکانی دەورانی منداڵی خۆی، کە ئێلندیا دەربارەی ئەم سەرزەمینانە بۆی باسکردبوو، ئێستا بەشێکی زۆر دێرینی ئەو مێژووە دەبینێ، هەموو سەرەتا و رووداوەکان کە دایکی و هاورەسەنەکانی بەشێک بون لێی. ئەلڤین و هاوەڵەکانی ئەوە یەکەمینجاریان بوو سەرزەمینێ جوان و

ئارام و سەرنجراکێش ببینن، هەروەک چۆن بەدرێژایی تەمەنیان زەریا و دەریاکانیان نەدیتبوو، بە سەرسوڕمانەوە لە بەرزاییەکان رادەمان و بەرەو بەندەر شۆڕدەبونەوە. پێشنیارەی بە یەکجاری رۆبچنە نێو شارەکەوە، پێگەورە بەدەستی چەپدا لایدا و بەرەو چیایەکی بردن، کە لە پێشەوەی دەیروانیە سەر دەریای شین. لە کۆتایی ئەو چیا پان و بەرینەدا دارو درەختێکی کەم هەبوو، بەڵام بە تەمەن و سەوز. ئەلقین لەوێ چاوی بە شمشێرێک کەوت لە عەردەکەدا چەقیبوو، کڵاوێکی بریقەداریش بەسەر شمشێرەکەوە کرابوو، ئیدی زانی ئەوە گۆڕی باوکی تیۆدلینایە، دەستی بڵند کرد و وەستا، هەموان لەجێی خۆیان ئارامیان گرت تەنیا پێگەورە نەبێ، هەر لە رۆشتن بەردەوام بوو، بەڵام ئەویش دوای بیست شەقاوێ لە نزیک گۆڕەکەوە لە جوڵە کەوت. تیۆدلینا لەسەرخۆ لە ئەسپەکەی دابەزی و نزیکبۆوە لە گۆڕی باوکی کەمێ لێی راما، دەنگی ئارامبەخشی شەپۆلەکان تێکەڵ بە ئاوازی باڵندەکان ببوو، وردە وردە ئەو دەنگانە لە میشکیدا کزبون و لەگەڵ هاتنە خوارەوەی فرمێسکەکانیدا، هەردو دەستی خستەسەر خاکەکە و پەنجەکانی بەنێویدا دەگەڕاند: لێم ببورە...دڵم شکاندی، هەمیشە بەهیوا بوم رۆژێ رێگەی سەرزەمینەکانی باکور بگرمەوە بەر و چاوەکانم بەتۆ شاد بێ، وەک هەموو جارێ دەستی باوکانەت، کاسەی

سەرم راژەنێ و بە زەردەخەنە خەیاڵەکانم بڕەوێنیتەوە، کە هێندە بێسنور بون نەیهێشت لەلات بمێنمەوە...لێم ببورە بابە گیان، چونکە نەمتوانی جارێک پێت بڵێم چەندە خۆشم دەوێیت..

قوڵپی گریان گەروی گرت، چەند هەنسکێ وشەکانی قوتداوە و سەری نەوی کرد، بەئاستەم نوزەیەکی لێوە دەهات: بابە گیان...خۆزگە لێرە دەبویت..ئەمە ئەو رۆژەیە کە هەزاران ساڵە چاوەڕێت دەکرد، رۆژێ بێ رەسەنی مرۆڤ سندوقەکانی سەرزەمینی نور بەرەو باکور بەرن... ئەو دەیزانی باوکی جارێکیتر هەڵناستێتەوە و جەستەی لە ناو خاکی بەرزاییەکی سەرنجراکێشی بەرەو سەرزەمینەکانی نورپاشا هەڵفڕیوە. کەمێکیتر دانیشت و دەستی هێنا بەسەر خاکی گۆڕەکەدا، تیۆدلینا توانای هەستانەوەی نەبوو. ئەڵقین لە پشتیەوە وەستابوو، دڵنیابوو کە دەبێ شان بە شانی خۆشەویستەکەی لەو میحنەتەیدا هەمیشە یاوەری بێ. لەسەرخۆ چووە بەردەمی و لە نزیکیەوە دانیشت. دەستی بە رێزەوە خستەسەر گۆڕی باوکی تیۆدلینا و ئینجا وتی: گەورەم لە هەر شوێنێک بیت، تۆ دایک و باوک و خوشک و براکانی هەموو ئەم ئازیزانەی لێرە لەدەورت کۆبونەتەوە، بۆیە بە ئارامی بەرەو سەرزەمینەکانی نورپاشا هەڵفڕە.

سەری بۆ لای تیۆدلینا سوڕاندەوە و دەستی میهرەبانانەی خستەسەر

شانی و به شانازیەوە گوتی: باوکت لە نەبەردییەکی خۆراگرانەدا گیانی لەدەست دا، رێیەکی هەڵبژارد کە ئێستە ئێمە و ئەو کوڕ و کچە جەنگاوەرانە شوێن پێی هەڵدەگرین، هیچ چارەیەک نییە و ئەوە چارەنوسی بوە، هەر چۆن ئێستا بۆ دایک و باوکم هیچم پێ ناکرێت تۆش هەروا. خەمت قورس و گرانە، بەڵام هیچ چارەیەکیترت نیە و دەبێت ئەم خەمە هەڵگری.

تێۆدلینا بەس دەگریا و هیچ قسەیەکی پێنەدەکرا. لەبەرئەوە ئەلڤین دووبارە گوتی: هیوا و ئاواتی باوکت ئەوە بوو کە رۆژێک لە رۆژان رەسەنی مرۆڤ بەرەو سەرزەمینەکانی باکور پێ هەڵگرێ و سەرەتای ون بدۆزیتەوە. کەواتە هەستەوە ئەمە ئەو رۆژەیە کە جەنگاوەر و هاورێکانت چاوەرێیان دەکرد...با بڕۆین پێکەوە خەون و هیوا و ئاواتەکانی باوکت کە خۆی بۆ کردە قوربانی , بکەینە راستی و رێگا نەدەین ئەو هیوایە بە فیڕۆ بچێت. ئەو ئەرکی خۆی جێبەجێ کردووە و ئێستاش ئەوەی کە ماوە لەسەر شانی ئێمەیە.

قسەکانی پڕ هەست و سۆز بون، کاریگەریی لە دەرونی کرد. لەسەرخۆ فرمێسکەکانی سڕی و دانەوییەوە سەر گۆڕی باوکی و خاکەکەی ماچ کرد، خۆشەویستانە تەماشای چاوە ڕەشە نیگەرانەکانی ئەلڤینی کرد و بە سۆزەوە گوتی: راست دەکەی ئەو ئەرکی خۆی جێبەجێ کرد و

ئیتر ئەرکی ئێمەیە ئەو هیوایە بکەین بە راستی. ئەمەش تەنیا شتێکە کە پێمدەکرێ بۆی بکەم، کەواتە با برۆین.

هەستایەوە سەر پێ، کڵاوی بەدەستەوە گرت و شمشێرەکەی باوکی لە عەردەکە راکێشا.

ئەلفین زانی کە هێزێکی بێوێنە جێگای خەم و نارەحەتی و پەرێشانی ناخی تێزدلینا گرتەوە. هەستاوە و لەگەڵ تێزدلینا بەرەو لای هاورێکانیان چوون.

هەموان هەستان و بەپەلە سواری ئەسپەکان بون، تێزدلینا وەک ئەوەی بزانێ بەرەو کوێ دەروات، پێی لەبن سکی ئەسپەکەی گیرکرد و دوو سێ جار تێی کوتا، ئەلفین و جەنگاوەرەکانیش بەدوایدا غاریان دا و لە چیاکانەوە بەرەو شار شۆڕبونەوە، سەرباری تێپەڕینی هەزاران بەهار و زستان، بەڵام شوێنەکە وەک خۆی مابۆوە، ئاخر هەموی بەدەستی رەسەنە نایابەکان و بەهێزی ئەرێنی دروستکرابون. درەختەکان بە رەگ و لق و پۆپەکانیان پارێزگارییان لەو شارە کردبوو، باڵندەکان هێشتا هێلانەکانیان لەسەر دیوارەکان تێک نەچووبوو. جاروبار جنۆکە بچکۆلەکان کە هەر لە سەرەتاوە لەو سەرزەمینە بون، هەڵدەفڕین و قەلە ڕەشەکان دوویان دەکەوتن، لە پشتی درەختەکانەوە چاودێری ئەم لەشکرەیان دەکرد، کە سەری بەرەو کوێ ناوە. لەشکرەکە بەبێدەنگی

بەرەو کۆشکی شاژن رۆنا دەچوو، کە لەسەر گردێک بونیاتنرابوو، دەیروانیە سەر بەندەری ئاواتەکان، هەر کە لەوێ تێپەڕین، چاویان بە سەدان کەسی جیاواز لە رەنگ و جلوبەرگ کەوت، ئەو کەسانە بە دەنگ و هاواری شادییەوە بەرەو رووبان هات، لەنێویاندا دێو و دووگیان هەبون. ئەڵقین و جەنگاوەرەکان زانیان ئەمانە بۆ پێشوازیکردنی سندوقی چوارەم هاتوون، خۆشحاڵ بون چونکە دەمێکی زۆر بوو خەڵکیان نەدیتبوو لە بۆنەیەکی وادا لەدەوریان جەم ببن. سندوقەکە هەر شەبەنگی دەداوە تا لە کۆشکە کۆنەکەی شاژن رۆنا نزیکبونەوە لە هەیوانی کۆشکەکە خەڵکێکی زۆر خێوەتی هەڵدابوو، لەگەڵ هاتنی ئەمان هەموو هەستانە سەر پێ، ئیتر لەبەر قەرەباڵغیەکە ناچار بون لەسەرخۆ برۆن. لە نزیک کۆشکەکە لە ئەسپەکانیان هاتنە خوارێ، ئەڵقین سندوقە کریستاڵیەکەی لەسەر پشتی ئەسپەکە داگرت، تێۆدلینا لە پێشەوە و ئەڵقینیش بەدویدا لەگەڵ هاوەڵەکانی، بەپلیکانەکاندا سەرکەوتن، پاسەوانەکان بە بینینی سندوقەکە رێگەیان چۆڵکرد، لەمۆڵی گەورە تێپەڕین تا گەیشتنە پێشەوەی کۆشکەکە، هەرچەندێ هەنگاویان دەنا شەبەنگی سندوقەکە زیاتر دەدرەوشاوە، یەکێ لە جەنگاوەرەکان وەک رێنیشاندەر پێشیان کەوت، ئەوجا لە پلیکانەکان شۆڕبونەوە بەرەو خوارەوە بۆ ژێر زەوی. شەش قاتیان بڕی،

دیوارەکانی لە مەڕمەڕ و بەردی رەش هەڵچنرابون، بنمیچی حەوتەم شێوەیەکی جادویی هەبوو، وەک شەوێکی مانگەشەو دەردەکەوت پڕ لە ئەستێرەی پرشنگدار، ئاسمانێ بوو جاروبار هەسارەیەک تێیدا دەکشا. لەهەمووی سەیرتر ئەوە بوو هۆڵێکی وا گەورە چ ئەستوونەکێکی تێدا نەبوو، خەڵکێکی زۆر لەوێ ئامادەبون و لەنێو یەکتریدا چپە چپیان بوو، رێنیشاندەر رووی بۆ لای تێۆدلینا سوڕاند و گوتی: کێ سندوقی رووناکی دۆزیوەتەوە؟

- ئەلفین.

- ئەدی ناوی باوکی؟

ئەلفین لەبری تێۆدلینا وەڵامیدایەوە: هۆڵماک تێۆدۆس لە گوندی سەروکانی سەر سنوری گورگە برسییەکان.

رێنیشاندەر بەرەو چوار پەیکەری ئافرەتی جوان و سەرنجراکێشی باڵدار ڕۆشت، کە وەک نیوە بازنەیەک لەکۆتایی هۆڵە گەورەکەدا دانرابون، بە بینینی سندوقی چوارەم دەنگەکان لە چپە چپەوە دەگۆڕان و بەرزتر دەبونەوە، رێنیشاندەر بەدەنگێ بڵند هاواریکرد: ئەلفین هۆڵماک تێۆدۆس لە گوندی سەروکانی، سەرسنوری گورگە برسییەکان لەسەرزەمینی رۆژهەڵات، هەڵگری دوایەمین سندوقی سەرزەمینەکانی پاشای نور بەرەو لاتان دێ.

لەپێشەوەی چوار کۆتەڵەکە، چوار بەردی سپی بە بڵندی حەوت بست و شێوە چوارگۆشە، بەسەر سیانیانەوە سێ سندوقی شەبەنگدار دانرابون و دیار بوو تەنیا ئەو سندوقە ماوە، کە ئەڵفین رێی لێکەوتبوو، بۆیە زانی ئەوە شوێنی خۆیەتی و دەبێ لە جێیە چۆڵەکەدا دابنرێ، ئیدی بێدوودڵی چوە پێشەوە سندوقی چوارەمی بە ڕێزەوە لەسەر بەردە چۆڵەکە دانا و پشتاوپشت گەڕاوە.

پیرەژنێکی بەتەمەن و برۆ سپی، گۆچان بەدەست، خاوەن ڕوخسارێکی ئارام، لەسەرخۆ هاتە پێشەوە و گەیشتە بەردەمی ئەڵفین و بێئەوەی چ قسەیەک بکات بەرامبەری ڕاوەستا، بەوردی تەماشایکرد و دەستی ڕاستی گرت، ئەوجا لێی دوورکەوتەوە، ئەڵفین چ شتێ لەم نمایشە تێنەگەیشت، پیرەژن بەدەنگێکی بڵند گوتی: وەرنە پێشەوە هەڵگرانی ڕووناکی.

بەم بانگەوازە لەناو حەشامانەکەوە پیاوێکی بەژن بڵند، بەڕوخسارێکی مەردانەوە و جلکی جەنگاوەرییەوە، بەرامبەر یەکەمین پەیکەر و یەکەمین سندوق وەستا، بە قژە زەرد و ردێنە سور و چاوە شینەکانیدا دیاربوو، خەڵکی سەرزەمینەکانی باشورە. بەشادییەوە تەماشای ئەڵفینی کرد و بە ئاوازێکی دۆستانەوە پێیگوت: ناوم تۆڵقانە لە سەرزەمینەکانی باشورم براکەم بەخێرهاتنت دەکەم.

ئەلڤینیش بەڕێزەوە سەری بۆ نەوی کرد، هاوکات لەدەستی راستەوە لەنێو خەڵکەکە، ئەمجارە کێژێ شەنگ و ئەسمەر و چاوڕەش و بالآبەرز هاتە پێشەوە، ئەویش بەهەمانشێوەی تۆلقان، بەزەردەخەنەوە خۆی ناساند: ناوم نۆرایە لەسەرزەمینەکانی رۆژاوا، بەخێرهاتنت دەکەم، سەربەرزم کە شان بە شانی ئێوە دەوەستم.

هەر سێ سندوق هەڵگر بەرامبەر سێ پەیکەرەکە وەستان، بەڵام هێشتا چوارەم مابوو، پیرەژن رووبکردە حەشاماتەکە و گوتی: خەڵکینە جێگەی چوارەم کراوەیە، هەر کەسێ ئارەزوو دەکا با بێت و جێی خۆی بگرێ.

حەشاماتەکە تەماشای یەکتریان کرد، هەریەکە چاوەڕێی ئەویتری بوو، کەس لەجێی خۆیەوە شەقاوێ نەهاتە پێشەوە، زەردەخەنەیەک لەسەر ڕووی پیرەژن دروست بوو. ئەلڤین هیچ لەو ماجەرایە تێنەدەگەیشت، تەنیا سەیری سیما و ڕوخساری خەڵکەکەی دەکرد، کە جۆرەها ڕەنگ و شێوە لەوێ جەم ببون. پیرەژن دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە، خەڵکەکەش هەموو کەوتنە سەر چۆک وەک ئەوەی لە هێزێکی گەورەی لەبن نەهاتوو بپارێنەوە. نۆردمەن و سیروس و تاڤێن و ساویلک و کاژینیش لەگەڵ جەنگاوەرە کوڕ و کچەکان و پێگەورە و دێوەکان لەجێی خۆیاندا دانیشتن. ئەلڤین حەپەسابوو، ویستی ئەمیش وەک

حەشاماتەکە بەچۆکدا بێ بەڵام نۆرا ئامارژەی بۆ کرد کە لە جێی خۆی بوەستێ، ناچار وایکرد ئەو وای بۆ چووبوو کە ئەرکەکەی لەوێدا کۆتایی دێ، ئەمانەتەکە دەگەیەنێتە دەست خاوەنی و تەواو، بەڵام نەیزانی هێشتا ئەمە سەرەتایەکی بچوکە.

خەڵکی سەرزەمینەکانی باکور و باشور و رۆژهەڵات و رۆژاوا دەستیان بە ورتە ورتێکی لەسەرخۆ کرد، چەشنی ئەوەی سروودێکی رۆحانی لەبەر خۆیان بڵێنەوە، بەرە بەرە دەنگیان بڵند دەکردەوە و ئاوازێکی سەیر لەگەڵیدا ئاوێتە دەبوو، سندوقەکان رووناکتر و رووناکتر دەبون، دەورووبەری خۆیان زیاتر رۆشن دەکردەوە، لەنێو حەشاماتەکەشەوە جۆش و خرۆش هەڵدەکشا، لەپڕ ئاسمانی ئەفسوناوی پڕ ئەستێرەی سەر هۆڵەکە، چەشنی بەرەبەیانێکی لێهات و رووناکیەکی زۆری لێوەدەرچوو، چرکە بە چرکە رەنگی شین هەڵدەگەڕا و دەنگی هەورە بروسکە دەهات، بەڵام خەڵکەکە لە گوتنی وەرینەکانی خۆیان بەردەوام بون، تا لەناکاو هەورەبروسکەیەکی بەهێز چەخماخەی دا و زەمینەکەی بن پێیانی هێنایە لەرزین، ئەوجا دەنگی ئاواز و هەورەبروسکە پێکەوە خامۆش بون، ئارام ئارام شەوقی سندوقەکان بەتین و بەتینتر دەبون تا بە یەکجاری رووناکی هەر چواریان بەرەو ئاسمان بەرزبۆوە و بەدەوری یەکتریدا سوڕانەوە و لەدواجاردا رۆشناییەکان ئاوێتەی یەکدی بون.

ئەوجا شەبەنگە ئاوێتەکە شەپۆلێکی پان و بەرینی دروستکرد و بەسەر خەڵکەکەدا پەرت و بڵاو بۆوە، لە چاوتروکانێکدا بووە هەزاران پارچەی کریستاڵی ورشەدار و باران ئاسا کەوتنە سەر زەوی، لەپێشچاوی هەموواندا بزر بوو.

دەرگای هەر چوار سندوقەکە کرانەوە بەڵام بێرەنگ و بێ رۆشنایی، پیرەژن ئەمجارە ئۆقرەی نەگرت و بەرەو لای سندوقەکان چوو، بە وردی یەک لەدوای یەک لێیروانین، گیانی کەوتە لەرزین بڕوای نەبوو بە چاوەکانی، دووبارە و سێبارەی کردەوە، لەکاتێکدا حەشاماتەکە چاوەڕێی وشەیەک بون لە زاری پیرەژنەوە دەرچێ، ناچار بوو یەکێ لە سندوقەکانی هەڵگرت و بە روخسارێکی خەماوییەوە پێشانی خەڵکەکەی دا: وەک دەبینن چۆڵ و بەتاڵە، هیچی تێدا نییە.

هەموان توشی سەرسوڕمان هاتن، ئاڵۆزی رووی تێکردن و هەریەکە لە جێی خۆی هەڵدەستاوە و دەیویست بەچاوی خۆی سندوقە چۆڵەکە ببینێ. تیۆدلینا هەر لە سەرەتاوە دڵەخورپە گرتبوی، زیاد لەهەموو کاتێکیتر نیگەرانی باڵی بەسەردا کێشا، قسەکانی ئێلندیای وەبیرهاتەوە کە پێشتر شاژن رۆنا بەگوێیدا چپاندبوو، ئەو کاتە پێیگوتبوو کە لە کات و ساتێکی گونجاودا ئەو ئەمانەتە ئاشکرا بکا، تیۆدلینا دڵنیابوو کە کاتەکە هاتۆتە پێشەوە و دەبێ نهێنیەکان بخاتەروو، رێگە لە

هەڵوەشانەوە و دابڕینی ڕەسەنەکان بگرێ، بەڵام بێئەوەی جڵەوی لەدەست بدا، بێدەنگی هەڵبژارد، لەناخەوە دەنگێ هاواری لێکرد: بوەستە ... بوەستە.

چپە چپ لەنێو خەڵکەکەدا بەڕەو زیادبون دەچوو، ئەڵقینیش هێشتا لە واقوڕماوی خۆی نەهاتبوە دەرێ، هەر تەماشای دەوروبەری دەکرد، بەڵام دەرکی بەوە کردبوو مۆمی ئومێدێکی چەند هەزار ساڵە، وا خەریکە گڕەکەی کز دەبێ و خامۆش دەچێتەوە. ئاسمانی بنمیچەکەیان وردە وردە ڕەنگە شینەکەی بزر دەبوو و ڕەش هەڵدەگەڕا، هەرچەندێ دەنگی نائومێدی خەڵک بەرزبوایەتەوە، هەورە ڕەشەکانیش زیاتر لە یەکتری نزیک دەبونەوە و جێیان بە شینایی ئاسمان لەق دەکرد. لەپڕ دەنگی کەسێ لەنێو ئاپۆرای خەڵکەکە بە توڕەییەوە هەموانی ڕاچڵەکاند: ئەو هەموو ڕێگەیەمان هەروا لە خۆڕا بڕی...ها؟!

یەکێکیتر بەرزتر هاواریکرد: ئێستا چی بکەین؟

ژنێک لە گۆشەیەکەوە هەڵیدایە: سندوقەکان ئێمەیان بەرەو ئێرە هێنا، ئێستاش نازانین چی بکەین.

سەرگەردانییەکی تەواو دەیهێنان و دەیبردن، ڕوویان لە یەکتری دەکرد و هەمان پرسیاریان بە سیمای یەکتردا دەداوە: پێم بڵێ ئێستا چی بکەین؟!

ئەلڤین تا ئەو ساتەش بە سەرسوڕمانەوە لەخەڵکەکەی دەروانی، ئیدی خۆی پێرانەگیرا و بەدەنگێ بەرز هاواریکرد: هێوربنەوە...ئارام بگرن. رووبان بۆ لای ئەلڤین وەرگێڕا و چاویان زەق کردبۆوە، لەوە سەرسام ببون کە ئەم کەسە چ نیشانەیەکی نائاسوودەیی بە رووخساریەوە نییە، هەندێکیان وەک لە دڕندەیەک بڕوانن، ئاوها سڵیان لێدەکردەوە، ئەلڤین دووبارە بە دەنگێ بەرز گوتی: خەڵکینە سندوقەکان هۆکار بون، ئەوان ئێمەیان بۆ ئەم سەرزەمینە کێش نەکردووە، بەڵکو ئەوە ئێمەین سندوقەکانمان بۆ شوێنی خۆی هێناوەتەوە.

سەریان بادەدا و لەبەرخۆیانەوە: ئەمە چی دەڵێ...ئەم قسانە مانایان چییە؟

بەڵام پیرەژن لە هەموویان بەپەرۆشتر بوو کە بزانێ دەرەنجامی ئەم بیرکردنەوە تازەیە بە چی دەگا، دەستی بەرزکردەوە: بێدەنگ...تکایە بێدەنگیی.

ئەوجا رووکردە ئەلڤین: فەرموو قسەکەت تەواو بکە.

دەرفەتی پێدرا بە خواستی خۆی بدوێ، بێئەوەی گوێ بداتە بێزاریی هەندێکیان: سەیری دەوروبەر و هاوەڵەکانتان بکەن، هەموتان لە سەرزەمینە دوورەکانەوە هاتون بە جیاوازی زمان و جلوبەرگ و ڕەنگەوە، بەڵام بۆ یەک ئامانج پێتان هەڵگرتوە و ڕێتان بڕیوە بەرەو

سەرزەمینەکانی باکور، هەموتان ئاگاداری راستی و رووداوەکانن، بەچاوی خۆتان مالوێرانی و ستەم و خراپەکارییەکانتان بینی. دەزانن کە سەرزەمینی حەوتەم لەلایەن پاشا نورەوە کراوەتە دیاری بۆ هۆڵمان شا بەهۆی شایستەیی رەسەنی مرۆڤەوە، بەڵام کەسمان نازانێ لەکاتی هاتنی هۆڵمان شا چی رووبدا و چی بەسەر هات، تاجە بەخشراوەکەی چی لێهات، بێگومان ئاگاداری سەرزەمینەکانی ئیڤلۆردیشن لەگەڵ میرغەزەب، بەڵام شتێ کە رەنگە نەیزانن ئەوەیە زۆرێ لە دۆست و ئازیزانتان لەوێ لە بن شاری میرغەزەبدا زیندانن و دراونەتە دەست چارەنوسێکی نادیار، بێگومان رزگارکردنی ئەوانە بەتەنیا کەسێک و دوان ئەنجام نادرێ، چونکە سوپایەکی گەورە لە شەڕکەرانی تاریکی شورایەکی بەهێزیان پێکهێناوە و ناهێڵن بە ئاسانی دزە بکرێتە ئەودیویانەوە...مەبەستمە بڵێم دەبێ و پێویستیشە هەمومان پێکەوە رووبەڕوویان ببینەوە، ئێستا دوای تێپەڕبونی هەزاران ساڵ و دوورکەوتنەوەی مرۆڤ لە نهێنیەکان، بەشێک لە راستیەکانتان بینی، راستە سندوقەکان بە شەبەنگەکانیانەوە یاریدەدەر بون، بەڵام ئەوە باوەڕ و ویستی ئێوەیە رایکێشاونەتە ئێرە، ئەوە خۆشەویستی و تەبایی و برایەتیە لێرە کۆی کردونەتەوە، یەکبون و یەکدەنگی ئەم هەموو رەنگ و رەسەنە جیاوازەی خستۆتەیەک، تەماشا بکەن

بزانن ئەمە مانای چییە، مانای خودی خۆتانە...مانای کۆبونەوەمانە لە سەرزەمینی پیرۆز تا بەرەو سیدان و سەرزەمینی دابڕان شان بەشانی رەسەنی مرۆڤ هەنگاو بنێین، دیوارەکانی تاریکی بڕوخێنین، ئیمپراتۆریای ئیڤڵۆرد ورد و خاش بکەین، گەر هەموو بە یەک دەنگ نەڕۆین...دەنگمان بیستراو نابێ، دڵنیابن یەکبون و رووناهی سەرچاوەی ژیانن، لەنێو سندوقەکاندا نییە و نەبووە، بەڵکو ئەو خەزێنەیە لەناو دەرونی خۆتاندایە و نایبینن، ئێوە هەڵگری خەزێنە گەورەکەن، کەواتە بۆ ئەوەی ئەم خەزێنە بە رۆشنی بمێنێتەوە، نابێ لێرە لە چاوەروانیدا دۆش دامێنین، دەبێ پێ هەڵگرین بەرەو سەرزەمینەکانی سیدان و دابڕان.

ئەڵقین تەمێکی گەورەی لەبەرچاویان رەواندەوە وێنەکەیان روونتر بینی، وەک ئەوەی گەوهەرێکی بە بەهایان دۆزیبێتەوە، زەردەخەنە گەڕایەوە سەر لێویان و دەستەکانیان بەرزکردەوە، بە شادییەوە پرستەکانی ئەڵقینیان وەرگرت، یەکێکیان بەدەستی ئامازەی بۆ بنمیچەکە کرد و لەخۆشیاندا لەجێی خۆی بەرزبۆوە، هەموان سەریان بڵندکردەوە، قریوەیان لەمسەر بۆ ئەوسەر دەرۆشت، ئاخر بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن گەوالّە هەورە رەشەکان پەرت و بڵاوبونەوە و ئاسمان شین چۆوە، لەپڕ زەوی ژێرپێیان هاتە لەرزین، لەنزیک چوار پەیکەرە سپیەکەوە

تاتە بەردەکە رۆشن بۆوە و وردە وردە بۆ ناوی زەوی شۆڕبۆوە تا بە یەکجاری لەبەرچاوان بزر بوو، لەبەردەمی ئەلڤین تیشکێکی زەرد بەرزبۆوە بەرەو ئاسمان، لەجێی ئەو سندوقە دەنگێ هات وەک ئەوەی شتێ بەر زەوی بکەوێ.

حەشاماتەکە سەرسام بون، بە سەرسوڕمانەوە لەیەکتریان روانی، بەڵام تیۆدلینا بە پێچەوانەی ئەوانەوە لەخۆشیاندا چاوەکانی دەبریسکانەوە، ئارامیەکی گەورە دەروونی تەنیبۆوە، هەستی بە شانازییەکی زیاد لەرادە دەکرد، هەرچەندێ نیگای دەکەوتە سەر ئەلڤین. تیرۆژە زەردەکە لەسەرخۆ بەرزبۆوە، گەیشتە بنمیچەکە، شمشێرێکی بریقەداری زێڕین و تیژ، بەدەسکێکی رازێنراو بە یاقوت و ئەڵماس، رۆشنایی دەداوە، کەوتە بەردەم پەیکەرەکەی بەرامبەر ئەلڤین. حەشاماتەکە و ئەلڤین حەپەسابون، نەیاندەزانی ئەو دیمەنانە چۆن ئاوها گوزەریان کرد بە بەرچاویاندا. تیۆدلینا لەجێی خۆی بە شادییەوە بەدەنگ هات: وێستی بەهێزی ئێوە هەموتانی بە یەک گەیاند، ئەوەی کە دەبوو بزانرێ زانرا، ئەوەی کە دەبوو بگوترێ گوترا، ئەو نهێنیەی کە دەبوو رۆژێ لە رۆژان ئاشکرا بکرێ، ئاشکراتان کرد.

تەماشای ئەلڤینی کرد و بە زەردەخەنەوە پێیگوت: ئەلڤین کوڕی هۆڵماک نەوەی تیۆدۆس خەڵکی سەرزەمینی رۆژهەڵات لە گوندی

سەروکانی، هێزە پەنهانەکانی رووناکی تۆیان هەڵبژاردوە شمشێری زێڕین بەدەستەوە بگری بۆ رووبەڕووبونەوەی ئیفڵۆرد و تاریکی، بەناوی مرۆڤ لە سەرزەمینی سیدان و دابڕان داوا لە رەسەنە نایابەکان بکە شان بەشانتان بجەنگن و قەڵای رەشی ئیفڵۆرد تەفروتونا بکەن.

ئەلڤین بەگومانەوە لە تیۆدلینای روانی، بەڵام ئەو لەسەر قسەکانی خۆی بەردەوامبوو: دڵنیابە لەوەی کە گوتومە راستە و بۆت نییە رەتی بکەیەوە، تۆ هەڵبژێردراوی نەک کەسێتر، ئێستاش بەرەو پێشەوە هەنگاوبنێ و دەست بدەرە شمشێرەکەت.

نۆرا و تولڤان بە زەردەخەنەوە پێیانگوت: شمشێری زێڕین بگرە دەست، دەنگمان لەگەڵ دەنگتە، ئەمە خواستی زەوی و ئاسمانەکانە.

پیرەژن هاتە پێشەوە و میهرەبانانە گوتی: کوڕم ئەمە سەرنوویشت و چارەنوستە.

ئەلڤین تێگەیشت کە چ رێگەچارەیەکی نییە و بەهیچ کلۆجێ شیاویش نییە، خەڵکەکە بێئومێد بکات، بۆیە ملی دا و گوتی: ویست و خواستی من لەگەڵ ئێوەدایە و پێکەوە بە شمشێری زێڕین بەرەو سەرزەمینی سیدان و دابڕان دەڕۆین.

ئەوجا هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و بەبڕوایەکی تەواوەوە چەند هەنگاوێ چووە پێشەوە، دەستی دایە شمشێرەکە و توند گرتی، بەرەو

لای خەڵکەکە سوپاوە و بڵندی کردەوە تا هەموان ببینن، بەدەنگێ بەرز هاواریکرد: بەڕەو سەرزەمینی سیدان و دابڕان...

لەپێدەشتە پان و بەرینەکەی سەرزەمینی دابڕان، بەهەزاران کەسی جۆراوجۆر و هەمە ڕەنگ وەستابون و چاویان بڕیبوە ئاسۆیەکی دوور، شنەبایەکی سارد لە چیاکانەوە هات و پرچی ڕەشی تیۆدلینای پەرێشان کرد، حەوت داوە زێڕینەکەی نێو پرچی وردە وردە سپی هەڵگەڕا و چەشنی خەزانی پاییز بە ئارامی بەڕەو زەوی شۆڕبونەوە، لەسەرخۆ لە پێشچاوی کەوتنە سەر زەوییەکە، ئەوە نیشانەیەکی دڵخۆشکار نەبوو، ئیتر تیۆدلینا بە خەمبارییەوە لەبەرخۆیەوە گوتی: پیرەسیمورغ نایەت، ئەم ڕۆژە بەچاوی خۆی نابینێ.

ئەڵقین چاوی بڕیبوە دارستانەکەی بەردەمیان، بەڵام ئەو قسەیەی تیۆدلینا سەرنجی ڕاکێشا و ئاوڕی بۆ دایەوە، ڕوخسارێکی ماتەمی خەمگرتوو، توند دەستەکانی گوشی وەک دڵنەواییکردنێ، زۆری نەبرد شەقەی باڵی بەهێزی دوو باڵدار لە ڕاسەریانەوە هات، بۆ ئەوان گەلێ گەورە بون، خۆیان نزمکردەوە و نیشتنە سەر زەوییەکە: پیرەسیمورغ لەرێگەی هاتنی بەڕەو ئێرە، کەوتە بەر هێرشی سەختی باڵدارەکانی ئیفڵۆرد، سکلتۆرە ترسناکەکان بون، بۆیە چیدیکە چاوەڕێی مەبن، ئەو تەواو بوو چیدیکە لەگەڵمان نابێت.

هەڵۆی سپی بە خامۆشی قسەکەی گەیاندە تیۆدلینا، ئەلفینیش بە ناخی گوێی گرتبوو، ڤینکیسی پەرسوریش خەمبارانە لەناخەوە هەڵیدەڕشت: هاوڕێ گیان هەزاران بەهارمان بەڕێکرد و بەسەر هەموو سەرزەمینەکاندا سوڕاینەوە، هەر لە یەکەم سەرەتای چاوکردنەوەی سەرزەمینی حەوتەمەوە، بەردەوام چاودێری سەرزەمینەکانمان دەکرد، بەتایبەت رەسەنی مرۆڤ هەر لە ژیانی نێو ئەشکەوتە تاریکەکانی تا کۆچیان کرد بۆ دەشت و کەنار روبارەکان و دۆزینەوەی سیحر و نهێنیە سەرنجراکێشەکانی سروشت، هەمیشە چاوەڕێی ئەم رۆژەمان دەکرد، بەڵام پیرەسیمورغ لە هەمومان زیاتر پەرۆش بوو، تا لەمدواییانە چاوەکانی بەیەکجاری تاریک داهاتبوو.

کەمێ بێدەنگ بون، ئەوجا ڤینکیس دەستی پێکردەوە: ئێستا هیچمان پێناکرێ...ڕەنگە شاژن رۆنا لەگەڵ هەر چوار رەسەنە نایابەکە تا چەند هەناسەیەکیتر بگەنە ئێرە، زیبای دەریاکانیش بینراون لەئاوە دوورەکان لەگەڵ نەهەنگ و دولفینەکان بەرەو ئێرە هاتون.

تیۆدلینا بەناوهێنانی دایکی باری دەرونی سوک بوو. چۆنی گوت هەروا هاتەدی، لەنێو دارستانە چڕەکەی بەرامبەریان بەهەزاران جەنگاوەری شمشێر بەدەست و کڵاو لەسەر بە سوار و پیادە لەسەرخۆ دەرکەوتن، لە پێشیانەوە ئاڵایەکی زێڕین بڵندکرابۆوە. تیۆدلینا کە کڵاو و

شمشێرەکەی باوکی لە پشتی خۆی بەستبوو، چاوەڕێی گەیشتنی دایکی دەکرد، کە لە پێشەوەی جەنگاوەرەکانەوە لەسەر ئەسپێکی سپی بەرەو لای ئەمان دەهات، لە پشتیشیەوە شاژن سیدرای جوان و سەرنجراکێش، سەهەند لە رەسەنی پیتۆڵ و زاناکان، ئالان لە رەسەنی دەسترەنگینەکان، ساراوان کە سەرزەمینە دوورە بەفراوییەکانی هەڵبژاردبوو، ئەوی زۆر سەرنجی تیۆدلینای راکێشا هیچ یەکێ لەوانە بە جلوبەرگی جەنگاوەرییەوە نەهاتبون. شاژن رۆنا نزیکبۆوە لە ئەڤین وەک ئەوەی پێشتر زانیبێتی شمشێری زێڕین لەدەست ئەودایە، بەرامبەری وەستا، هەر لەدوور را تیۆدلینای بەدیکرد، لە ئەسپەکەی هاتە خوارێ، کەمێ تەماشای ئەڤینی کرد، ئەوجا رووبکردە تیۆدلینا، باوەشی بۆ کردەوە و بەدەنگێکی بەسۆزەوە بانگیکرد: وەرە کچم.

تیۆدلینا سەرەتا هەر لەجێی خۆی وەستابوو، دووڵ بوو لەدوای ئەو ماوە دوور و درێژە، دایکی ئامێزی بۆ بکاتەوە، بەڵام نەیزانی سۆزی دایکایەتی دەریا بە بست دەپێوێ. چەند هەنگاوێ لێی چووە پێشەوە و دایکی باوەشی بۆ کردەوە، تیۆدلینا بەدڵێکی پڕەوە گوتی: دایە... لێم ببورە.

شاژن توند لە باوەشی گرت و نوساندی بەخۆیەوە: گوناهێکت نەکردوە، خۆت بەخەتابار بزانی و لێت ببورم.

چاوەکانی پڕ فرمێسک بون: بێسەروشوێنبونی ئێلندیا، ئەوە گوناهێکمە، لەبەر من رێگەیەکی پڕ کەند و کۆسپی گرتەبەر.

هاتنی کارێ بوو بە ئارەزوی خۆی هەڵیبژارد زۆر هەوڵماندا بیدۆزینەوە بەڵام بۆمان نەدۆزرایەوە، تەنانەت چ هەواڵێکیشی لە باڵندەکانەوە نەهات، نازانین لەکوێیە و چی بەسەر هاتووە، چارەنوس بەدەست کەسمان نییە، رێگەیەکە دروستکراوە و دەبێت بەسەریدا گوزەر بکەین، بەڵام بێهیوا نین..هەرچەندە پێدەچێ خەمێ گەورەترمان لە پێش بێت.

تێۆدلینا کەمێ چووە دواوە و شمشێر و کڵاوەکەی باوکی لە پشتی کردەوە، بەدوو دەستی بە رێزەوە پێشکەش دایکی کرد، شاژن رۆنا توند دەستەکانی تێۆدلینای گوشی: کڵاو و شمشێری باوکت لەدەستی کەسێکی شایستەدایە، دڵنیام رۆحی ئەو شادە و بە شانازییەوە لێتدەروانێ.

تێۆدلینا دڵی ئارام بۆوە، بارە قورسەکەی دەروونی هێورتر، بەلای راستیدا سوڕاوە تا شاژن رۆنا و ئەلڤین یەکتری ببینن، ئەو شمشێرە زێڕینەکەی بۆ درێژکرد و گوتی: بەناوی هەموانەوە کە یەک دەنگ و یەک ویستین بۆ ڕووخاندنی تاریکی و سەرزەمینەکانی ئیڤڵۆرد، داوا لە رەسەنە نایابەکان دەکەین شان بە شانی رەسەنی مرۆڤ بۆ

شاژن رۆنا لە ئەلڤین وردبۆوە، لەهەموو کەسێکیتر زیاتر سەرگوزەشتەی پێشینانی دەزانی و ئەو ویستە پۆڵاییەی تێدا دەخوێندەوە، کە بۆ رۆژێکی وا پێویستە، بەڵام ئەو لە بارودۆخێکدا بوو، کە نەیدەتوانی وەڵامی داواکەی رەسەنی مرۆڤ بداتەوە، بۆیە لەسەرخۆ پێیگوت: ناوت ئەلڤینە، باوکت هۆڵماک و باپیرانت تیۆدۆس، ئەوانی پێش تۆ، هەواڵیان لای ئێمە نامۆ نییە و ئاشنان بە سەرزەمینەکانی پاشای نور، جەنگاوەرانی رەسەنی مرۆڤ دەمێکە لە باکور چاوەڕێی ئەم رۆژەن، بەڵام ئەلڤین ئەو دەرفەتەتان لەدەستداوە و رەنگە نەتوانین وەڵامی داواکارییەکەت بدەینەوە، بەداخەوە چەند راستییەک هەیە دەبێ بیانزانی.

وشەکانی قورس و چاوەڕواننەکراو بون بۆ ئەلڤین، وەک رەشەبایەک بوو مەشخەڵی ئومێدی خامۆش بکات، سەرسام ببوو، خەیاڵی ئاڵۆز، توشی سەرسوڕمان هاتبوو کە چۆن شاژن رۆنا ناوی خۆی و باب و باپیرانی دەزانێ. شاژن بەدەنگێکی بەرزتر قسەکانی دەستپێکرد بۆ ئەوەی هەموان گوێبیستی بن: نهێنیە شاراوەکان چیدیکە شاراوە نین، چەند راستییەکی تاڵ هەن پێویستە ئێستا هەمووتان گوێرادێری بن، لە راستیدا ئەم نهێنیانە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو کاتەی هۆڵمان شا لە بەندەری

نور لە شەش سەرزەمینی رووناهیەوە بەهەزار و حەوت کەشتی گەورەوە بەرەو سەرزەمینی حەوتەم بەڕێ کەوتن، نەگەیشتنی کەشتیەکان و بێسەروشوێنبونی هۆڵمان شا و بێ فەرمانرەوابونی ئەو سەرزەمینە، سەرگوزەشتەیەکی ئاڵۆز و دژوارە، ئیڤڵۆرد توانی کاریگەری خۆی لەسەر نزیکترین ئەفسەری دەستە راستی هۆڵمان شا دابنێ و ناپاکی لەگەڵدا بکات، بۆیە جەنگ و دووبەرەکی کەوتە نێوانیانەوە، ئیڤڵۆرد چووە بن کڵێشەی ئەفسەرەکەوە کە ناوی (بەکرۆفیتان) بوو، بێ چەند و چوون بەگوێیدا چرپاندبوو( تۆ شایستەی پاشایەتیت نەک دراگۆ) بۆیە لە هەزار و حەوت کەشتیەکە، تەنیا حەوتیان لەگەڵ هۆڵمان شادا مانەوە، ئەوانیتر دایانە پاڵ بەکرۆفیتانی ناپاک، ئەم یاخیبونە توڕەبونی پاشای نوری لێکەوتەوە، چاک و خراپی بە نەفرەت کردن، بۆیە ڕەسەنی مرۆڤ بە ڕووتی و بێ زمان سەریان لە ئەشکەوتە تاریک و قوڵەکاندا دەرهێنا، بەڵام هۆڵمان شا بە سەختی بریندار ببوو، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا تاجی پاشای نوری بەدەستەوە مابوو، تا پێیکرا خۆی لەسەرزەمینەکانی ژێردەستی بەکرۆفیتان دوورخستەوە، هەرچەند هاوسەرەکەی دووگیان بوو بە کوڕێکەوە لە سەرزەمینی رۆژهەڵات، بۆیە لە پێ کەوت و توانای ڕێڕۆشتن و جوڵەی نەما، بەناچاری لە ئەشکەوتێکی نزیک لە کانیە ئاوێکی سازگار و شیرین ئاکنجی بون.

ئەو دەمە بەفرێکی زۆریش باری کە چیدیکە نەیانتوانی لەجێی خۆیان ببزوێن، بەڵام هۆڵمان شا چەندێ بیری لێکردەوە، وای بەباش زانی تاجەکەی پاشای نور لەدەست ناپاکان رزگار بکا و دووری بخاتەوە، بەوردی لەگەڵ هاوسەرەکەی و چەند هاورێیەکی دانیشت و قسەی بۆ کردن، کە بەرژەوەندی هەموو لایەکیان وا دەخوازێ تاجی پاشای نور لە شوێنێکی دوورەدەست حەشار بدات، بۆیە بەدڵێکی پڕ لەداخەوە بەجێی هێشتن بۆ سەرزەمینە دوورەکان.

ئەوانەی گوێیان لەم قسانەی شاژن رۆنا بوو، حەپەسابون و خوێن لە دەمارەکانیاندا وشک ببوو، ئەڵقین بەوردی گوێی دەگرت و هەرچەندی دەکرد، پەیوەندییەکی لەنێوان ئەم بەسەرهاتە و رەتکردنەوەی پشتیوانی رەسەنە نایابەکان نەدەدیتەوە. تیۆدلینا زیاتر لە ئەڵقین نزیکبۆوە، وەک ئەوەی کە دەرەنجامی قسەکانی دایکی، درکاندنی نهێنییەکی گەورە دەبێ و پەیوەندی بە ئەڵقینەوە هەیە. شاژن رۆنا کە سەرنجیدا هەموو لایەک گوێ قوڵاخی ئەون، درێژەی بە قسەکانی دا: بریتی ناپاکی چاکبونەوەی دژوارە، هۆڵمان شاش باری تەندروستی بەرەو خراپبون دەچوو، ئەو ناپاکییە لەلایەن نزیکترین ئەفسەرییەوە زۆر کاری لێکرد، بەو نارەحەتیەوە گەیشتە سەرزەمینی کیسەڵە گەورەکان و کۆچەرییەکان، ئەو کاتانە ئەوان لەگەڵ رەسەنە نایابەکاندا

بەسەرزەمینەکاندا بڵاوببونەوە و چووبونە ناخی زەوییەوە و خەزێنە شاراوەکانیان لە قوڵایی ئەشکەوتەکاندا بەدەست هێنابوو، هۆڵمان شا گەیشتە لایان بەڵام زۆر لەنێویاندا نەمایەوە، گیانی سپارد، ڕەسەنی کۆچەرییەکان بۆ ڕاگرتنی نهێنیەکان، هەموو پەیوەندییەکیان لەگەڵ دنیای دەرەوە دابڕی. لەسەر گردێکی گەورە نزیک شارۆچکەکەیان، کۆشکێکی شایستەیان بونیات نا و هۆڵمان شایان لەناوەندی کۆشکەکەدا بەخاک سپارد، تا بەردەوام لە پەنجەرە کریستاڵییەکانیەوە تیشکی خۆر لێیبدات، تاجەکەشیان لەناو جامێک لەسەر گۆڕەکە دانا.

گوێگرەکان دڵخۆش بون، جموجوڵیان تێکەوت: کەواتە تاجی پاشای نور دۆزرایەوە.

شاژن بە پەژارەوە دەستی بڵندکردەوە و هەمووان بێدەنگ بون: ئۆلاندێل بۆ بەدەستهێنانی تاجی پاشای نور و گواستنەوەی بۆ شوێنێکی بێوەی، بەرەو سەرزەمینی کۆچەرییەکان و کیسەڵە گەورەکان بەڕێ کەوت، بەڵام بەداخەوە کاتێ ئۆلاندێل و ئاڤدوور بەیەکگەیشتن، جەنگ دەستی پێکرد و شەڕکەرانی بندنیا تاجەکەیان خستبوە ژێر چنگی خۆیانەوە، سەرباری شەڕێکی خوێناوی، بەڵام نەتوانرا لەدەستیان دەربێنرێ، ئۆلاندێل و ئاڤدوور لەو جەنگە، لەخۆبردووانە و چاونەترسانە شەڕیان کرد، زۆرێ لە جەنگاوەر و کۆچەرییەکان لەوێدا تیاچون، هەرچەندە

گۆچانێ که لەگەڵ دابەشبونی چوار سندوقەکەدا حەشار درابوو، شوانێکی شایستە دۆزییەوە و لەگەڵ سورکە لە دارستانە مەترسیدار و ئەفسوناوییەکاندا، خەریکن خۆیان بگەیەننە سەرزەمینی رەش و کۆشکەسیاکانی ئیفلۆزد، دەیانەوێ بەگۆچانی سەرزەمینی پاشای نور بجەنگن، بەڵام ئێستا شەرکەرانی بندنیا گەیشتونەتە سەرزەمینی میرغەزەب و ئیفلۆزد تاجی پاشایەتی یەکەمین شا لە رەسەنی مرۆڤ دەخاتە سەر سەری. ئەمەش دەرفەت بەدوایەمین سوارۆ دەدات بەربێتە ناو رەسەنی مرۆڤ و بەهەموو توانایەکی بۆ لەناوبردنیان هەوڵبدات، ئەوان چوار سوارۆ بون سور و سپی و رەش و دوایەمینیش بەناوی مەرگ لەسەر ئەسپێکی رەنگ لمی.

قسەکانی شازن رۆنا زۆر دڵخۆشکار و هیوا بەخش نەبون، بەڵام بیریشیان لەوە دەکردەوە کە نابێ ئەو هەموو ماندوبون و هیلاکیە هەروا بەهەدەر بچێ، رێگە بدەن پاشایەک لە تاریکی حوکمی ئاگریی خۆی بکا و مرۆڤ بەرەو کۆتایی و لەناوچوون بەرێ. ئەلفین بیری لە خوشکەکەی دەکردەوە کە چۆن لەو نێوەدا بووە قوربانی، بۆیە خۆی راپسکاند و شمشێری لە کێڵان هەڵکێشا و هاواریکرد: داواکاری رەسەنی مرۆڤ بۆ لەناوبردنی زوڵم و ستەم و رەنج و ئازار و مااڵوێرانی و ترس و تۆقاندن و بندەستکردنە، جا میرغەزەب تاجی لەسەر بێ

یان نەبێ، چ لە ویستی ئێمە ناگۆڕێ، بۆیە دووبارە بەناوی ڕەسەنی مرۆڤەوە، داوا لە ڕەسەنە نایابەکان دەکەم لەم شەڕەدا شان بە شانمان بجەنگن بۆ ڕووخاندنی تاریکی.

شاژن ڕۆنا ئەم دیمەنەی ئەلڤین رایچڵەکاند، ئاخر ئەو دەیزانی ئەلڤین میراتگری کێیە و ویستێکی ڕۆشن لە پشت سەری ئەو کەسەوەیە، بیری لەوە کردەوە ڕەنگە ئەمە دوایەمین دەرفەت بێ بۆ بەشداربون لە نەبەردییەکی وادا، لەسەرخۆ پێیگوت: تۆ دڵی تیۆدلینات بردوە و هەم شمشێری زێڕینیش، زۆر کەس لە ڕەسەنە نایابەکان باوەڕیان بەم ڕۆژە نەمابوو، زۆرێکیش خۆیان بۆ ئەم ڕۆژە بەختکرد و پەیامی ڕووناکییان بۆ سەرزەمینەکانیتر گەیاند، ئەمە داواکاری شمشێری زێڕینە ، ڕەسەنە نایابەکان وەک وەفایەک بۆ ڕەسەنی مرۆڤ شان بە شانتان دەبین، ئەی هەڵگری شمشێری زێڕین، ئێستا دەتوانی فرمان بدەی، چونکە لەمەودوا لەسەر داواکاری ڕەسەنی مرۆڤ و شمشێری زێڕین فەرمانەکان جێبەجێ دەکەین.

ئەوە دوایەمین قسەیەک بوو کە ئەلڤین چاوەڕێی بوو: من تەنیا پەیامی ڕەسەنی مرۆڤم گەیاندوە، چاوم لە فەرمانداری نییە.

ڕۆنای خاتوون بە زەردەخەنەوە تەماشایکرد: بەڵام ئەوە لە ئەستۆی تۆدایە و نە کەسێتر.

ئەڵفین توشی سەرسوڕمان هات، دووڵی گرتی نەیدەزانی چی پێ بڵێ، شازن لەو سەرسامبونە تێگەیشت: زۆر راستی دیکە هەن لەبارەی بنەماڵەکەتەوە، هێشتا لات روون نییە، ئێستا کاتیەتی بیانزانیت.

- بنەماڵەی من؟!

- بەڵێ.

- ئەوەی من دەیزانم ناوم ئەڵفینە و لەگوندی سەروکانیم، بنەماڵەکەشم کەسیان نەماون، ئیڤای خوشکم لە سەرزەمینەکانی میرغەزەب بە دیل گیراوە، بێجگە لەمن لە گوندەکەمان تۆردمەن و هامۆند ماون، هادریان-ی هاوژینی تۆردمەنیش بەهەمانشێوە لەگەڵ ئیڤا یەخسیرە، لەوە زیاتر شتی دیکە شک نابەم.

- راستە ئەوانەی باستکردن وایە، بەڵام راستییەکیتر هەیە لەبارەی بنەماڵەکەت کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ.

ئەڵفین سەری سوڕما و هاوەڵەکانیشی تەماشای شازن ڕۆنایان کرد، کە چیدیکەی لە هەگبەدایە: پێشتر سەرگوزەشتەیەکم گێڕاوە و گوتم هاوژینی هۆڵمان شا دووگیان بوو بە کوڕێکەوە، بۆ ئەوەی ناوی ئەو کوڕە بزر نەبێ، هەر خودی هۆڵمان شا پێش ڕۆشتنی ناوی لێنا، دەزانن ئەو کۆرپەیە کە دواتر هاتە ژیانەوە ناوی چی بوو؟

هەمووان چاویان زەقکردەوە و بە تەوسەوە چاوەڕێی وەڵام بون، شازن

رۆنا تەماشای چاوەکانی ئەلفینی کرد: ناوی هۆڵماک بوو، دواتریش هۆڵماک لەسەر کوڕ و نەوەی هۆڵمان شا ناوی (تیۆدۆس)ی دانا.

ئەلفین بەگوێبیستبونی ئەو قسانە دڵەکوتە گرتی، بۆ تیۆدلیناش روونبۆوە کە ئەو کێیە، هاوەڵەکانی بەگومانەوە لەیەکتریان دەروانی، پیرەمێردی نێو ئەشکەوتەکەیان وەیاد هاتەوە، کە گوتبوی رەنگە لە بنەماڵە گەورە لەیادکراوەکان بێ، هەر پیرەمێردیش نەبوو ئەو رایە لە زەینیدا سەری هەڵدابێ، بەڵکو پیرەسیمورغیش هەستی پێکردبوو، کە زەنگی ئەم ناوە گەلێجار لە مێشکیدا زرینگاوەتەوە، ئەلفین ئارام و بێدەنگ چ قسەیەک بە زاریدا نەهات، شاژن بۆ ئەوەی ئەلفین لەدوودڵی بێنێتە دەرەوە: ئەلفین هۆڵماک تیۆدۆس، تۆ لە بنەماڵەی هۆڵمان شایت، باوک و باپیرانت ئەو ناوەیان هەڵگرتوە، خۆ ئەگەر باوکت یان دایکت بۆشی باسنەکردبی، چ لەو راستیە ناگۆڕێ کە تۆ نەوەی هۆڵمان شایت و میراتگری ئەوی، ئەی چۆن نەتزانیوە ئەو شتانەی لە دەوروبەرت روودەدەن، رێکەوت نین و لەخۆڕا بەو شێوەیە نایەنەوە، پەپوسلێمانکە سپیەکەی نێو ئەشکەوتەکە لە سەرزەمینی چیا سورەکان هەرەمەکیانە نەهاتۆتە لات و شمشێری زێڕین کوێرانە دەستی تۆی هەڵنەبژاردوە، دەزانی بۆچی گوندەکەتان ناوی سەروکانیە و لە سەرزەمینی رۆژهەڵاتدا گیرساونەتەوە...چونکە هۆڵمان شا بەوێدا

گوزەری کرد و خێزانەکەی بە سکێکەوە لەوێ جێهێشت، هاوەڵەکانیشت نۆردمەن و هامۆند و ساویلک و تاڤێن و خەڵکی سەرزەمینە دوورەکان و گوندەکانی دەوروبەری لەنێو چیا بەرزەکان، هەر هەمویان نەوەی هاوەڵ و جەنگاوەرە بەوەفاکانی هۆڵمان شان.

حەپەسابون، دەتگوت لە خەونێکی سەیردان کە نازانن چۆن لێی بێدار ببنەوە، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و درێژەی بە قسەکانی دایەوە: ئەوەی کە دەبوو بیزانن هەمووی گوترا، ئەوەشی گوێتان لێبوو، سەرلەبەری لە پەرتوکێکی کۆندا بەدەستنووسی خودی هۆڵمان شا لەدوایین ساتەکانی ژیانی بۆ زازاک پاشای نوسیوە لە ئەشکەوتەکان، ئەویش بەدرێژایی ئەو ساڵانە لەنێو رەگ و ریشەی دارە ڕەشەکاندا پاراستویەتی و توانیویەتی بە سەلامەتی بیگەیەنێتە دەستمان.

جەنگاوەرەکان بەخۆشحاڵییەوە هاواریانکرد: هەر بژی ئەلڤین هۆڵماک تیۆدۆس نەوەی هۆڵمان شا.

لەنێو ئاپۆراکەی پشتی شاژن رۆناوە، پیاوێکی بەساڵاچووی کورتە بااڵ لە ئەلڤین نزیکبۆوە و بەدەنگێکی پڕ ناسۆرەوە گوتی: پێش مردن و بەخاک سپاردنی هۆڵمان شا، سروشت جوانترین رەنگەکانی پۆشیبوو، هەموو شتێ تێکەڵاوی زەرد و سور و سەوز ببوو، بەاڵم مردنی هۆڵمان شا خەمی کردە بەرگی هەموو شتێ، تەنانەت سروشتیش ڕەشی

پۆشی، هەموو رۆشنایی و رووناکیەکیان دایە رەگەکانیان، وەک ئەوەی پێمان بڵێن خەزێنە شاراوەکان لەپێش چاوان نین، ئەو خەزێنەیەی لەناختە بە کەس نابینرێ. دڵنیابە.

ئەو زازاک پاشابوو، دەستی خستە سەرشانی ئەلڤین و دڵنیای کردەوە، کە دەبێ بە ئەرکی خۆی هەستێ. ئەلڤین لەدوای ئەو راستیانە هەستیکرد، کە بارەکەی سەرشانی گەلێ گرانتر بووە و دەبێ بەرپرسیارانە لە کۆڵی بگرێ، تەماشای دەوروبەری خۆی کرد، هەمووان بە ئومێد و شادییەوە لێیان دەڕوانی، چاوەڕێی پەرجۆیەکی گەورە بون، لەبەرئەوە زۆر بیری کردەوە کە نابێ ئەم ئاپۆرا لەخۆبردووە توشی هیوابڕاوی بکا. بەدەنگێ بڵند پێیگوتن: ئەوەندەی من دەزانم ناوی ئەلڤینە و کوڕی هۆڵماک و نەوەی تیۆدۆسم، لەگوندێکی سادە و ساکار هاتومەتە دنیاوە، کە کەوتە بەر ستەمی ئیڤڵۆرد و تاریکی، ئامانجم رزگارکردنی سەرزەمینەکەم و ئاشتی و پێکەوەژیانی و دادپەروەری بووە لەگەڵ هەموو شوێنێ، بەڵام وەک دەبینن ئەوە تەنیا من نیم لە شوێنی خۆم دەرکرابم و گوند و سەرزەمینمان وێران بوبێ، بەڵکو هەریەکە لە ئێوە بەهەمان چارەنوسدا گوزەری کردوە، بۆیە ئەم گردبونەوەیەمان لێرە کاری رێکەوتێک نییە، بەڵکو هیوایەک ئێمەی یەکخستوە کە دووبارە ئارامی بۆ سەرزەمینەکانی خۆمان بگێڕینەوە، بەڵام پێش ئەوە

سەرچاوەی نائارامی دەبێ دیاری بکرێ، کە ئەویش هێزێکی زەبەللاحی تاریکیە، دڵنیابن ئەویش ئێمە بە هێزێکی زەبەللاح دادەنێ، ئیدی گەر میرغەزەب تاجی هۆڵمان شاش لەسەر بنێ، دەست و پێمان نابەستێ و ناتوانێ رێگریمان بکات لەوەی لە تەختی پاشایەتیەکەی نەیهێنینە خوارێ..دڵنیابن لەسەر دەستی ئێمە دەڕوخێ.

هەر دوای ئەم قسانە، دوازدە کچی سپی پۆش لە ڕەسەنی پاک و فریادڕەس، لەسەر دوازدە دەروازەی شاری ڕەسەنە نایابەکان و بەندەری ئاواتەکان، فووبان بە شەیپوردا کرد، لە چاوتروکانێکدا بەهەزاران جەنگاوەر بە سەرکردایەتی»ساراوان» لە ڕەسەنی دەستڕەنگینەکان چەشنی ڕووناکییەکی سپی ورشەدار دەرکەوتن، کە کاتی خۆی لەهەمان شوێندا بەرامبەر شاژن ڕۆنا بزر بون. ڕەسەنی مرۆڤ کە بە هەزارانیان لەوێ وەستا بون، ئەمەیان وەک خەونێک هاتە پێشچاو، هەندێکیان ترس گرتنی و چاوەڕێی ئەو هەموو ئاپۆرەیەیان نەدەکرد، کە لە چرکەساتێکدا لەدەوریان پەیدا بون، بەڵام دەیانزانی لە ڕەسەنە نایابەکانن. ساراوان بە جلکی زێڕینی جەنگاوەرییەوە کە خۆی و کۆمەڵەکەی بۆ ماوەی هەزاران ساڵ لە پێشچاوان بزرببون و بەنهێنی لەنێو ڕەسەنی مرۆڤ و سەرزەمینەکاندا دەسوڕانەوە، ساراوان هاتە نزیکی شاژن ڕۆنا و بە ڕێزەوە سڵاوی لێکرد، ئەمیش بە زەردەخەنەوە

وەلامیدایەوە.

رەسەنە نایابەکان چاوەڕێی هاتنی زیبای دەریاکان و شاژن ئەنابڵ-یان دەکرد، کە لە بەرزاییەکانەوە دەیانروانیە دەریای شین و کەنارە پان و بەرینەکانیان، تۆردەمەن و هامۆند لەبەرخۆیانەوە پرسیان: ئێمە چاوەڕێی چی دەکەین؟

تێۆدلینا زوو وەلامی دانەوە: چاوەڕێی زیبای دەریاکان دەکەین لەگەڵ دۆلفین و نەهەنگەکان بێین، ئەوان زۆر خێرا دەجوڵێن، پێشبڕکێ لەگەڵ هەورە بروسکەدا دەکەن.

زۆری نەبرد لە چەندین شوێنی جیاوازی دەریاکەوە، لەسەر لوتی دۆلفینەکان بەرەو ئاسمان بەرز بونەوە و سەدان نەهەنگ لەکەناری دەریاکە نزیکبونەوە، ئارامی و مەنگی دەریاکەیان شێواند و شەپۆل بەدوای شەپۆل، کەنارەکەی دەشوشتەوە. شەبەنگێکی شین لەسەر شەپۆلی دەریاکان دەکەوتنە سەر لمی کەنارەکە. سەرو جەستەی کوڕ و کچەکان لەنێو ئاوەکەدا دیاربوو، لەگەڵ نزیکبونەوەیان نیوەی خوارەوەی جەستەیان لە ماسییەوە وردە وردە دەگۆڕا بۆ دوو پێ، ئیدی ئارام ئارام هاتنە سەر لمی کەنارەکە، چاوەشین و دانە تیژەکانیان دەبریسکانەوە، ئاخر ئەوان تەنیا رەسەنێ بون لەنێو نایابەکاندا گۆشتخۆر بون. هەتا دەهاتنە پێشەوە، رووناکییەکی

شینی بریقەدار دەوری جەستەیان دەئاڵا و دەبوە جلوبەرگ. ئەنابڵ و هەزاران لە هاورەسەنەکە گەیشتنە سەرزەمینی دابڕان و بەرامبەر شاژن ڕۆنا وەستان و بەڕێزەوە گوتی: گوێبیستی ئێش ئازارەکانتان بوین، ئێستاش گوێڕایەڵی فەرمانتانین.

شاژن بەخۆشحاڵییەوە بۆی سەندەوە و گوتی: کەواتە ئێستە هەموو ڕەسەنەکان ئامادەن.

دووبارە دەنگی شەپوورەکان لێدرانەوە، بەو مانایەی کە هەموو کەسێ خۆی بۆ شەڕی مان و نەمان ئامادە کا.

*　　*　　*

سەرزەمینی میرغەزەب تەژی ببوو لە خەم و نەهامەتی، هەموو ئاراستەیەک و هەموو شوێنێک بۆنی خوێنی لێوە دەهات. بەتەنیا لەسەر کورسیەکی پۆڵایینی ڕەش دانیشتووە، نەخشێنراو بە ئێسک و پروسکی تۆقێنەر، لەهۆڵێکی گەورەی کۆشکە سەد قاتیەکەیدا لەسەر سنوری سەرزەمینی ئیفڵۆرد، کە گەورەترین تەلاری میرغەزەبە، لەوێ بە بێدەنگی و خامۆشی نوقمی خەیاڵ و دنیای تاریکی ببوو. چەشنی شەڕکەرانی ئەوێ، کڵاوێکی بەهێسک و پروسک دروستکراوی نابووە سەر، هێشتا شوێنەواری گەردنبەندەکە بەملیەوە دیاربوو. ڕۆشناییەکی کەم لە پەنجەرە بچوکەکانەوە دزەی دەکردە نێو هۆڵە

تاریک و نووتەکەکە، ئەمەش وایکردبوو لەدەستی چەپی سەرمێزە ئاسنینەکە، شتێکی بریقەدار و سەرنجراکێش لەنێو ئەو دەیجورەی باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشابوو، بدرەوشێتەوە و دیار بێ، ئیدی هەر بەوەدا ئاشکرابوو کە ئەوە شتێکە بە سروشتی ئەو سەرزەمینە نامۆیە، بەڵام میرغەزەب لێی نەدەڕوانی، نغرۆی بیرکردنەوەیەکی قوڵ بوو، سەری گەرم ببوو، لە ژیلەمۆیەک دەچوو کە رەنگبوو چەند ساتێکیتر گڕ بگرێ، دەستەکانی زوو زوو دەپرواند، دیاربوو چاوەڕێی کەسێ دەکا، زۆری نەخایاند دەنگی تەپەی پێی یەکێک لە هۆڵەکە نزیکبۆوە، وردە وردە هات و روخساری دەرکەوت کە هێرۆدۆسە. تازە بە تازە لە شەڕی سەرزەمینی گوڵەکان و شەرابی سور گەڕابۆوە، چەند شەقاوێک هاتە پێشەوە، وا خۆی نیشان دا کە دڵخۆشە بە سەرکەوتنەکەیان، بەڵام لەناخەوە بیابانێکی بێوار و وشک، دڵێکی پڕ ناسۆر و شکاو، گەیشتە لای میرغەزەب، وەک جارانی رابردوو سەری نەوی نەکرد و پەیمان بەخوێنی باوکی نوێ بکاتەوە، یەکڕاست وەک هەڵۆیەکی تورە چووە پێشەوە و چاوی بڕییە چاوی میرغەزەب، تاوێک وەستا ئەوجا میرغەزەب وەئاگا هاتەوە و سەری بەرزکردەوە، بەڵام روخسارێکی سارد و بێ هەست و بێبایەخانە پێی گوت: کوڕی ئامون لە شەڕەکانت سەرکەوتوو بویت...

ئەوجا سەری سوڕاند بۆ لای شتە بریقەدارەکە، بەمەبەستی سەرنجدانی تا هێزۆدۆسیش لێی بڕوانێ: ئەمە دیاری جەنگاوەرە دووگیانەکانە لە سەرزەمینەکانی باکور بۆیان هێناوم.

کێشای بە مێزەکەدا و بەدەنگێکی توڕە هاواریکرد: ئەوە تاجەکەی هۆڵمان شایە، بەڵام شتێکی بە بەهایان لێدەرهێناوە و ناهێڵێ بدرەوشێتەوە، لە بایەخ و نرخی کەمکردۆتەوە، بۆتە ڕێگر لەبەردەم پاشابونم.

هێزۆدۆس هیچکاتێ میرغەزەبی بەو شێوەیە نەدیتبوو، دڵشکاو و غەمبار، بەلاشیەوە گرنگ نەبوو تاجەکە چۆنە و چی کەمە، میرغەزەب ئەمجارە بە توڕەیی لەجێی خۆی هەستا: ئەو تاجە بەردێکی بریقەداری شین لەناوەندیدا بوو، ئێستا ئەوە نابینم، گوێ و چاوەکانم وا هەواڵیان پێڕاگەیاندوم شەڕکەرە هیچ و پوچ و ڕووت و لاتەکانی سەرزەمینە دوورەکان بردویانە، کە لەژێر سایەی شمشێری ئێوەدابون و دەبوو لەناوتان ببردایەن، کەچی بەزیندویی بەرەو سەرزەمینەکانی ڕۆژاواتان ڕەوانە کردون، ئەمەتان لە من شاردۆتەوە...ها ئاواتان کردوە، ئێستا ئەو ڕەش و ڕووتانە لە سەرزەمینەکانی باکورن و ئەوەی پێیاندەڵێن پاک و فریادڕەس فویان بە دوازدە شەپوردا کردوە و هەموو ڕەسەنە نایابەکانیان کۆکردۆتەوە و یەکێکی ڕوتەڵە بەناوی»ئەلفین» شمشێری

زێڕینی دراوەتە دەست و یەکەم کاریان ڕوخاندنی دیواری سنورەکان بوە، ئێستاش تا دێ ژمارەیان زیاد دەکا و دەیانەوێ بەرەو ئێرە بین. هێرۆدۆس بەو هەواڵە خۆشحاڵ بوو، جۆرە دڵنیاییەک گرتی کە تێۆدلینا زیندوە و شوێن ئەلفین کەوتوە، بەڵام ڕووی لەو مەسەلەیە وەرگێڕا و بە نیمچە تورەبونێکەوە پرسی: باشە بۆچی دوای داگیرکردنی سەرزەمینی گوڵەکان و شەرابی سور، هەڤسار و سێ کوڕەکەیت ژەهرخوارد کردن و کوشتنت؟

میرغەزەب بیری لە ڕێکخستنی سوپایەکی تۆکمە دەکردەوە، لای ڕوون بوو کە شەڕێکی سەخت و خوێناوی لە پێشدایە، بێئەوەی گوێ بداتە پرسیارەکەی هێرۆدۆس، لەسەر تورەبونی خۆی بەردەوام بوو: شایانی مردن بون...سایەی کچیشی گەیشتە چارەنوسی شایستەی خۆی.

هێرۆدۆس سەرسام بوو: چیت بەسەر سایە هێناوە؟

- ئەوەی کە ڕووبەڕووی هەموو ناپاکێک دەبێتەوە...هێرۆدۆس ئێستا کاتی ئەوجۆرە پرسیارانە نییە، ئێمە لە ئاریشەیەکی دیکەداین، دەبێ بەهێزترین شەڕکەرانی بندنیا کۆبکەینەوە و بەرەنگاری میراتگری هۆڵمان ببینەوە، ئەدی وا دەزانی بۆچی سەرزەمینی شەرم هەڵبژاردووە، داواشمکردوە سەرجەم شەڕکەرانی سەرزەمینە داگیرکراوەکان و ئەوانی ناوشاریش لێرە جەم ببن، ئەم شەڕە بەدڵنیاییەوە مەرگی ڕەسەنە

نایابەکان و میراتگری هۆڵمان و شوێنکەوتووانی بەدوادا دێ.

هێرۆدۆس تەماشایەکی وردی رووخساری میرغەزەبی کرد و بێپەروایانە گوتی: خۆت دەزانی من بەخوێنی باوکم سوێندم خواردوە، هەتا ئەو کاتەی شمشێرم دەشکێ شەرت بۆ بکەم، بەڵام هەڤساڕێکت کوشت کە هەموو نهێنیەکی تۆی دەزانی، سەرجەم ئەو نهێنیانەشی بۆ باسکردوم، بە چ شێوەیەک باوک و براکان و لایەنگرانیت کوشتوە، بۆ هەریەکەشیان گوناحێکت داوەتە پاڵ ئەویتریان، یەک بەدوای یەک لەناوت بردون.

میرغەزەب پێکەنین لێوە ئەستورەکانی گرت: کەواتە زۆری بۆ باس نەکردویت!

چاوەڕێی نەکرد هێرۆدۆس وەڵامی بداتەوە: شتێ کە کەس نایزانێ، با خۆم بۆت بدرکێنم، هاوڕێی هۆڵمان شا، مەبەستم بەکروفێتانە، هەزاران ساڵ ژیاوە و بەسەر سەرزەمینەکاندا سوڕاوە و دواتر خۆی خستە باوەشی ئیفڵۆردەوە، لە قوڵایی تاریکیدا ژیا، لەنێو مار و مشک و جورج و گیانلەبەرە چاوسورەکان ژیا، لە پاداشتی ئەوەدا ئیفڵۆرد تەمەنێکی بێ مردنی پێبەخشی، بەشێوەیەکی گەلێ ئەفسوناوی ژیانی بردەسەر، ئەو هەزاران ساڵەی بەڕێ کرد، بەئاواتی دۆزینەوە تاجەکە و بون بە پاشا، هاندەرێکی باشی باوک و باپیرانمان بوو، هەر ئەو ئاشنایەتی بە ئێمەوە گرێدا.

هێرۆدۆس هەستیکرد میرغەزەب لەدۆخێکدایە نەیّنیەکان دەدرکێنێ، بەبێدەنگی و وریاییەوە گوێی دەگرت، میرغەزەب دووبارە دەستی بە قسان کردەوە: بەڵام بەئاواتی خۆی نەگەیشت، پێش دۆزینەوەی تاجەکەی هۆڵمان، سەردانی ئیڤڵۆرد و بەکرۆڤیتانم کرد، گیانی ببوە کرمێکی سووری ترسناک، زەبەللاح سەد هێندەی تۆ دەبوو، سەر و سیمای مرۆڤێکی پیری تۆقێنەری پۆشیبوو، ئەو کاتە مزگێنی دۆزینەوەی تاجەکەم راگەیاند خۆشحاڵ بوو، پێی وابوو دوای ئەو هەموو ساڵە و ژیان بەسەربردنەی لە باوەشی ئیڤڵۆرد و تاریکستاندا، دەبێتە پاشا، نەمهێڵا شادییەکەی زۆر درێژە بکێشێ.. بەدەستی خۆم کوشتم..دامە بەر نوکی شمشێر..ها...ها...کوشتم..دەزانی ئیڤڵۆرد هێندەی تۆزقاڵێکیش تورە و نیگەران نەبوو، ئاخر ئەو کەسێکی وەک من بە شایستە دەزانێ بۆ پلە وپایەی پاشایەتی، بەڵام چیبکەم ئێستا ئەو تاجە نەفرەتلێکراوە لە ناوەندەکەیدا بەردێکی شینی بریقەداری تێدابوو لەنێو شەش یاقوت و زومرِدا، نەماوە و دەریانهێناوە، بۆیە تاجەکە بێسودە و نامکاتە پاشایەک هەموو شتێ لەبەردەمدا چۆک دادات.

میرغەزەب وەک ئەوەی هێرۆدۆس لەوێ نەبێ، وشەکانی لەزار دەهاتە دەرێ، لە راستیدا کاری گرنگی پێی هەبوو، ئەگینا متمانەشی بەو نەبوو:

هێرۆدۆس ئێستا هەموو راستیەکانت زانی، کەواتە دەبێ بەهەموو هێز و تواناتەوە، کۆتایی بە رەسەنە نایابەکان و رەسەنی مرۆڤ بێنیت، سەردەمیان بەیەکجاری ئاوا بێت، ئەو کات تاج هەبێ یان نەبێ، تەنیا هەر خۆم دەبمە پاشا، سوارۆکانت کۆبکەوەرە، کاتمان نیە بەفیڕۆی بدەین، ئەمشەو بندنیاییەکان ساز و ئامادە دەبن، بەرەبەیان ئەو رەش و رووت و لاتانە رەنگە بگەنە لامان، باش خۆتان ساز دەن، بەخۆم لەهێڵی یەکەمی شەڕ دەبم و ئەو ترسنۆکانە دەبەزێنم کە هەزاران ساڵە لە باکوردا خۆیان حەشارداوە.

هێرۆدۆس تێگەیشت کە میرغەزەب جەنگی بەڕێخستووە. لە پشتی پەنجەرەی هۆڵەکەوە وردە وردە رۆژ دەبۆوە، بەهەزاران پیادە و سوار لەسەر پشتی خەمە گەورەکان و گامێشە سمسورەکان و چوار پێیە ددان تیژە پڕە موەکان و دێوەکانی نیڤلیۆم، هەموو بە شمشێر و نێزە و زنجیرەوە بەرەو پێشەوە دەهاتن، هەریەکەیان مەشخەڵێ ئاگریان بەدەستەوە بوو، دامێنی دەشتەکەیان تەواو رۆشن کردبۆوە. قسەکانی میرغەزەب راستی پێکا، ئەڤین بەخۆی و هێزەکەیەوە دیواری نێوان سەرزەمینی رەسەنی مرۆڤ و رەسەنە نایابەکانی تێکوپێک دا و پێشرەوییان دەکرد، ئەو شەڕکەرانەی میرغەزەب لەنێو نیوەدا بەرگەی شاڵاوە فراوانەکەیان نەگرت و دەکشانە دواوە، بەڵام هێشتا هەواڵێ

لەبارەی جەنگاوەرانی رەسەنە نایابەکان لەژێر سەرکردایەتی لیۆمین نەبوو.

میرغەزەب تەواوی شار و شارۆچکەکانی لە شەڕکەرانی خۆی چۆڵکرد، هەمویانی لەدەوری خۆی کۆکردنەوە، ئەویشی گومانی لەسەر هەبوایە، کە پەیوەندی بە جەنگاوەرانی رووناکییەوە هەیە، دەستگیر دەکرا و دەدرایە دەست بندنیاییەکان، بۆیە زۆرێ لە خەڵک لە ترسی ژیانی خۆیان لە شار و شارۆچکەکان بەتایبەت لە شاری گەورەی میرغەزەب هەڵاتن.

هێرۆدۆس لە پێشوازی شەڕکەرانی بندنیا چاوەرێ ما، دوای هاتنیان بە ساردییەوە پێیگوتن: بەناوی میرغەزەبەوە پێشوازیتان لێدەکەم. دێوە زەبەللاحەکان بەم پێشوازییە دڵخۆش نەبون، بە تورەییەوە یەکێکیان لە پێشەوە گوتی: دەبوو خۆی بهاتبایە پێشوازیمان، نەک مێردمندانێکی لەڕ و لاواز بنێرێ.

هێرۆدۆس زەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێزانە گرتی، سەرێکی بادا و گوێی نەدایێ، بەڵام درندو لە بیانوو دەگەڕا: لەم کات و ساتەدا لەکوێیە، خۆ نەچووە بخەوێ، نازانێ میراتگری هۆڵمان شا بە شمشێری زێرینەوە بەرەو ئێرە دێ.

-بەڵێ دەزانین

-کەواتە رێگەکەم بۆ چۆڵ بکەن و هێڵی یەکەمی شەڕم نیشان بدەن، با لەوێ چاومان بە میرغەزەب بکەوێ.

هێرۆدۆس خۆی لادا، دڕندو هەوساری چوارپێیەکەی توند کرد کە لە ئەسپ گەورەتر و لە فیل بەهێزتر بوو، بەهەزارانیان بەرەو پێشەوە بەڕێکران، جموجوڵێکی زۆر ئەو نێوەی گرتبۆوە، ئامادەکاری بۆ شەڕێکی سەخت و چارەنوسساز بە باشی دەکرد، ژمارەی بندنیاییەکان بە بەراورد لەگەڵ جەنگاوەرانی رووناکی گەلێ زۆرتر بون. بەرەبەیانی ئەو رۆژە هەموو تینوی شەڕ و خوێن و کوشتن و تاڵانی بون، بە پیادە و بە سوار ئامادەی جەنگ بون. لە پێشیانەوە میرغەزەب و هێرۆدۆس و سەرگەورەی دێوەکان(دڕندو) لە ڕیزی پێشەوە وەستابون و تەماشای دەشتێکی پان و بەرینی بەردەمی خۆیانیان دەکرد. هەروەک چۆن میرغەزەب چاوەڕێی دەکرد، لە کاتێکدا هێشتا تیشکی خۆر لەپشتی چیاکانی رۆژهەڵاتەوە سەری نەهێنابوە دەرەوە، تەمومژێکی خەست دەشت و دامێنی چیاکانی پۆشیبوو، دنیای بەشێوەیەکی گران نمایش دەکرد. جەنگاوەرانی زێڕین وەک ئەوەی بزانن لەکوێ ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە، بەرەو پێش دەهاتن و پێدەشتەکەیان دەبڕی. ئەڵقین و تیۆدلینا بەسەر ئەسپە ڕەشەکانیانەوە دەرکەوتن، بەدوایدا شاژن ڕۆنا و ئەسپە سپیەکەی، لە پشتیانەوە نۆرای چاوڕەش

و سەرنجراکێش و تۆڵقانی چاوشین و قژ زەرد، نۆردمەن و هامۆند و ساویلک لەگەڵ پێگەورە لەسەر هێڵێکی راست هەنگاویان دەنا، بێجگە لە بۆتینی کورتەباڵا کە وەک هاورەسەنەکانی خۆی بەسەر ئەسپە کورتەکانەوە، چەلەنگ و زیرەکانە رێیان گرتبوەبەر، تەنیا پێگەورە و دووگیانەکان پیادە بون. رەسەنە نایابەکان شان بەشانی یەکتری لە جلوبەرگێکی زێڕیندا خۆیان رێکخستبوو، جەنگاوەرە تیرهاوێژەکان و نێزەبەدەست چ سوار و چ پیادە لەگەڵ مەنجەنیقەکان دابەشبون... بەرامبەریشیان هێزەکانی میرغەزەب سەد بەرامبەری ئەوان ڕیز بون، لە سوارۆ و خەمەکوێر و گامێشە سمسورەکان و گیانلەبەرە ترسناکە چوارپێیەکانی بندنیا، سەد هێندەی ئەوەندەش شەڕکەری پیادە و تیرهاوێژ هاتبون بە سەدان مەنجەنیقی ژەنگگرتوەوە، بەڵام گەورە و بەهێز، هەر کەسێک بهاتایەتە سەر رێیان رایاندەمالّی، ژمارەیان لە بەراوردکردندا نەبوو. بەڵام ئەلقین بیری لەوە دەکردەوە، چەشنی شەڕی پێشوی لەدەسپێکدا گورزێکی کاریگەر لە بەرامبەرەکەیان بوەشێنێ. رقێکی گەورە لە دەروونی هەردولادا پەنگی خواردبۆوە، لەگەڵ بینینی یەکتردا، دەنگی ترسناکی سەدان شەپور بەرزبۆوە، ئیدی لەشکرە پیادەکان بە هات و هاوار بەرەو ڕووی یەکدی رایانکرد و مەنجەنیقەکان وەگەڕ کەوتن، ئەوی لەشکرەکانی میرغەزەب و ئیڵڵۆرد

خۆراگرتنی نەبوو، بۆیە دووگیانەکان لەدووڕەوە سەرنجی ئەو هێزە زەبەللاحەیان دەدا، کە مەگەر تەنیا بەتوانای ئەوان سنورێکیان بۆ دابنرێ، بۆیە یەکێکیان ڕمەکەی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە و هاواریکرد: بەرەو پێشەوە...بەرەو دێوەکان بەڕێ کەون.

هەڵمەتێکی گەورە کرایە سەر دێوەکان و ڕمەکانیان لە سنگ و لاقیان دەچەقاند، ئیدی دەکەوتنە سەر چۆکان و ئەوکات بە گورزی شمشێرێک ملیان لە لاشە دەکردنەوە.

هەر پێنج ڕەسەنە نایابەکە ڕووبەڕووی سوارۆ گامێشە سم سورەکان بونەوە، شاژن ڕۆنا لە پێشی هەمویانەوە بێ ترس هەڵمەتی دەبرد، بەڵام دوژمنێکی مەترسیدار ڕەشپۆشە شمشێر بەدەستەکان بون، کە تەنیا چاوە سورەکانیان لەژێری چارشێوەکانیانەوە دیار بوو، بەخێرا دەجوڵانەوە بەجۆرێک لاقیان بەر زەوی نەدەکەوت، وەک ئەوەی بفڕن بەڵام بە نزمی، بۆیە کەس نەیدەتوانی ئامبازیان بێتەوە، تەنیا ڕەسەنی دەسترەنگینەکان نەبێ، چونکە ئەوان دەیانتوانی لەپێشچاوان بزر ببن. میرغەزەب بە سەر و کەللە تۆقێنەرەکەیەوە، کە هەمووی بە هێسک و پروسک داپۆشیبوو، بەڕاست و چەپدا شمشێری دەوەشاند، تەواوی ڕق و کینەی خۆی لە گورزەکاندا چڕکردبۆوە، وەک ئەوەی هێزی ئیفڵۆرد لە جەستەیدا بێت، بەڵام لەو ترسناکتر دڕندو بوو کە بەوپەڕی هێزیانەوە

مەرگیان بۆ دەوروبەریان دێنا، ئاخر ئاگر لە گیانیەوە دەردەچوو، هیچ شمشێرێ کاری لێنەدەکردن، لەولاشیانەوە هێرۆدۆس بە دڵێکی شکاوەوە کەوتبوە نێو گەرمەی شەڕەوە .ئەم شەڕە نابەرابەرە تا ئێوارە درێژەی کێشا، ئاراستەی جەنگەکەش لە بەرژەوەندی لەشکری زێریندا نەبوو.

لە گەرماو گەرمی شەڕدا لەناکاو تیۆدلینا تەنیا چەند شەقاوێک لە ئەلقینەوە دوور بوو، بەڵام بینینی یەکێ لە شەڕکەرانی ئاگر، کە هەرگیز چاوەڕێی نەدەکرد چاوی پێی بکەوێتەوە، دڵی توند کرد و ئەلقینی لەبیربردەوە، ئەو شەڕکەرە هەڵگری یادەوەری خۆش نەبوو لەگەڵیدا، ئاشنا بوو بە سەروچاو و روخسارە قێزەونەکەی، بەرەو رووی رۆشت، بەڵام دوو شەڕکەری بندنیایی هاتنە سەر رێی و بەپەلە شمشێری بەسەر هەردوکیاندا سوڕاند و لەناوی بردن، نەیدەویست ئەو شەڕکەرەی لەدەست بچێ، لێی نزیکبۆوە کە ئەو دەمە شمشێری لە پشتی جەنگاوەرێکی سەر بە رەسەنی مرۆڤ چەقاندبوو، تیۆدلینا بە رق و کینەیەکی زۆرەوە هاواری لێکرد: چاوبۆق..

بە سەرسامییەوە سەری سوڕاند و چاوەکانی هێندەیتر زەقکردبۆوە: تۆ کێیت وا بەمشێوەیە ناوم دێنی؟!

- شەوێکی تاریک کاروانی کۆچبەران لە سنوری لیۆمین و رەسەنە

نایابەکان دەپەرینەوە، ناپاکیت کرد و هەمومانت دایە دەست بۆسەی بندونیاییەکان، ئایا لەبیرتە؟

- گەلێکی لەو شەوانەم بەڕێکردوە، تۆ لەکامیان دەپرسیت؟

-ئەو شەوەی کە بویتە هۆکاری دابڕانم لە دایەم.

چاوبۆق پێکەنی و بەقاقایەکی بێزارکارەوە گوتی: دەبوو هەمان شەو تۆ بکوژرایەیت. بەڵام دیارە ئێستا دەتەوێت بمریت.

چاوەڕێی تەواوکردنی قسەکەی نەکرد، بەشمشێرەکەی هێرشی بردەسەر، بەڵام تیۆدلینا پێشوەختە خۆی ئامادەکردبوو، چاوبۆق شمشێری بەڕاست و چەپدا سوڕاند بێسود بوو، تیۆدلینا بەباشی بیری لێکردبۆوە، بەدەوری خۆیدا سوڕاوە و شمشێرەکەی داهێنایەوە بۆ دەستی ڕاستی و پەڕاندی. بەوەشەوە وازی نەهێنا، بەڵکو دەستی چەپیشی قرتاند و خوێن لەهەردو دەستیەوە فیچقەی کرد و هاوارێکی گەورەی کرد: دەک بە نەفرەت بیت.

تیۆدلینا دەرفەتی نەدا قسەکەی تەواو بکا، شمشێری لەسەر گەردنی گیرکرد و لەجەستەی جودا کردەوە، ئیدی بەیەکجاری کەوتە سەر زەوییەکە: ئەمەش لە تۆڵەی ئێلندیادا.

سەری سوڕاندەوە تا بزانێ لەکوێدا وەستاوە، لەهەموو هاوەڵەکانی دوورکەوتبۆوە، بەڵام دیمەنێکی بینی لە جێی خۆیدا وشکی کرد،

ئەڵقین رووبەڕوو لەگەڵ هێرۆدۆسدا وەستابوو، دەنگی شەپۆرێکی ناوازە لە پشت سەری جەنگاوەرانی زێڕین بەرەو ئاسمان بڵندبۆوە، زیاتر لە سی هەزار سوارچاک بەجلوبەرگێ نە لەوەی جەنگاوەرانی رووناکی دەچوو، نە لەوەی لەشکرەکانی بندنیاش، هەریەکەیان شەروالّێکی چەرمی ڕەش بەداوی زێڕین نەخشێنراویان پۆشیبوو، قەڵغان و شمشێر لەدەست، دەستکێش پۆش، چارشێوێکی سوریان بە شانیاندا دابوو، دیاربوو بە روخساریاندا رێگەیەکی دووریان بڕیوە، ئەوانە لیۆمین و جەنگاوەرە لەخۆبزربوەکان بون، کە تا ئەو کات و ساتە چ هەوالّێک لەبارەیانەوە نەبوو، ئێستاش روون نەبوو بەنیازی چین و لە چ لایەک رادەوەستن. لیۆمین لە پێشیانەوە بەسەر ئەسپێکی شەرابیی تۆخەوە، چاوی خستوەسەر گۆڕەپانی شەڕەکە و وردەبۆوە، لەسەرخۆ شمشێری لە کێلان دەرهێنا و بەدەنگێ بەرز گوتی: پێدەچێ رەسەنی مرۆڤ، نهێنیەکانی دۆزیبێتەوە و بێ ویست و خواست و بێتوانا نەبێ و خەمخۆری ئایندەی خۆیان بن، وا خۆیان بەخت دەکەن. ئەوجا شمشێرەکەی سوڕاند و هاواریکرد: با ئێمەش بەدەم بانگەوازەکەیانەوە بچین و دوای دابڕان لە رەسەنەکانمان شان بەشانیان بجەنگینەوە و لەم رۆژە سەخت و تەنگانەیەدا بەشێک بین لە سەرهەڵدانی پاشا و سەردەمێکی نازاد.

سی هەزار شمشێر نوکەکانیان بەرەو ئاسمان بەرز بونەوە و لێژمینیش بەرەو پێشەوە رۆشت و هاواریکرد: هێرش...هێرش.

سوارچاکەکان تاویاندایە ئەسپەکانی خۆیان، بەرەو گۆڕەپانی جەنگ شۆڕبونەوە. دڕندەکان دەیانویست دەستیان بگەنە لای شاژن رۆنا و لەناوی بەرن، بەڵام قەرەبالّغی جەنگەکە بواری ئەوەی نەدەدان. هاوکات تێۆدلینا بەپەلە خۆی گەیاندە لای ئەلڤین، کە لە شەڕێکی گەرمدا بوو لەگەڵ هێرۆدۆس، بەدەنگێ بەرز گوتی: هێرۆدۆس بۆ من بەجێبێڵە و بڕۆ میرغەزەب بدۆزەرەوە.

ئەلڤین سەرسام بوو، چونکە نەیزانی بەرامبەر کەسێ لە شەڕدایە، کە پێش ماوەیەک هۆکاری رزگاربونیان بوو، هێرۆدۆس لەلایەکەوە بەبینینی تێۆدلینا خۆشحاڵ بوو، لەلایەکی دیکەش غەمبار بوو، چونکە لە مەیدانی جەنگدا رووبەڕووی یەکتری بونەتەوە. ئەلڤین تا ئەو کاتە بەچڕی شەڕی دەکرد و بەڕێزیشەوە لێیدەروانی وەک جەنگاوەرێکی لێهاتوو، شەڕ گەیشتبوە بەرزترین ئاستی خوێنڕشتنیەوە، بەڵام نە تێۆدلینا و نە هێرۆدۆس پەلەیان نەبوو بۆ شمشێر وەشاندن. هێرۆدۆس رووبکردە تێۆدلینا و گوتی: وەبیرت دێ کە پێمگوتی ئەگەر لە شوێن و جێیەکیتردا رووبەڕووم بوەستیتەوە بە شمشێر وەڵامت دەدەمەوە. بەزەردەخەنەوە پێیگوت: هێرۆدۆس...وەڵامی من هەر شمشێر دەبێ.

دەستێکی بەرزکردەوە و زۆر ئاسایی: کەواتە با چیدیکە کات بەفیڕۆ نەدەین.

هەردوکیان بەوپەڕی توانایانەوە شمشێریان ڕووبەڕووی یەکتری دەکردەوە، زیرەک و چەلەنگانەش خۆیان لەگوورزی یەکدی دەپاراست. ئەمە هاوکات بوو بە گەیشتنی لیۆمین و جەنگاوەرەکانی بۆ مەیدانی جەنگ، بونە ڕێگرێکی گەورە لەبەرامبەر هێرشەکانی لەشکری میرغەزەب، کە زۆری نەمابوو توشی تێکشکانێکی کەمەرشکێن ببێتەوە، هاتنی ئەم هێزە یاریدەدەرێکی باش بوو بۆ ئەلفین، کە چۆلییەکی بۆ دروست بێت و خۆی بگەیەنێتە نزیک میرغەزەب کە بەژن و بالای دوو هێندەی ئەلفین دەبوو. خوێن چاوەکانی میرغەزەبی گرتبوو، دەست و پەنجەی سور ببوو، وەک ئەوەی بزانێ شتێکی نائاسایی لێی نزیکبۆتەوە، سەری بۆ لای ئەلفین سوڕاند، کە دنیایەک ڕکوکینە تێیدا پەنگی خواردبۆوە، لێی وردبۆوە وەک ڕەسەنە نایابەکان قەڵغان و کڵاو و جلوبەرگی زێڕینی پۆشیبوو، چاوی بڕیبوە چاوی میرغەزەب، لەجێی خۆی وەستا و بەتوڕەییەوە گوتی: تۆی ئەلفینە ڕووت و ڕەجاڵەکەی سەرزەمینە دوورەکان، کە هێندە جەسور بویت، پێتوایە بەهاوکاری ڕەسەنە ترسنۆکەکانی باکور و ئاوارە بەدبەختەکان دەتوانی ئیمپراتۆریای من بڕوخێنیت...ها؟

ئەلفین بوێرانە لێی هاتەگۆ: ناوم ئەلفین کوڕی هۆڵماک نەوەی تێۆدۆس میراتگری هۆڵمان شا..ئێستاش دوایەمین هەناسەی ژاراویت لەسەر دەستی من تەواو دەبێ...دەستە چەپەڵەکانت کە بەخوێنی دایک و باوک و خوشک و برا و پیر و گەنج و منداڵەکانی زۆر لە سەرزەمینەکان سوربوە، ئەمرۆ دەیبڕینەوە.

میرغەزەب بە لوتبەرزییەوە: هەی ترسنۆک کەواتە هاتویت کردارەکانم وەبیر بێنیتەوە و هەڕەشە بکەیت، ئەوەی کردومە هەر هەمویم لەبیرە.. ئێستاش لە پێشچاوم بزر بە، چونکە کوشتنی مێردمنداڵێکی وەک تۆ لە ئاستی خۆمدا نابینم، تا شەڕی لەگەڵدا بکەم.

ئەلفین شمشێری بەرزکردەوە: فەرموو با بزانین راستدەکەیت یان نا. ئەلفین دەیزانی چارەنوسی ئەو شەڕە بە مان و نەمانی میرغەزەبەوە بەندە، لەبەرئەوە بە گشت توانایەوە بە راست و چەپدا شمشێری دەوەشاند، هەر زوو بۆ دیمیرغەزەبی لوتبەرز دەرکەوت کە ئەم کوڕە گەنجە گەلێ بەهێزە و دەبێت شێلگیرانە ڕووبەڕووی بوەستێتەوە. ئیدی لەبری ئەوەی بەرگری بکات، کەوتە هێرشبردن و ترسناکانە شاڵاوی دەبردەسەر ئەلفین. هەر ئەوان نەبوون بە تەنیا، بەڵکو نۆردمەن و هامۆند و تاڤێن و ساویلک و کاژین و تەنانەت بۆتینی کورتەباڵاش لەگەڵ هاورەسەنەکانی و پێکەوە لە نوکی شمشێرەکان

دەربار نەدەبون و سەرسەختانە لەدەوروبەری دەجەنگان.

تیۆدلینا دەیزانی هیتڕۆدۆس هەروا بە ئاسانی خۆی رادەست نادات، ئەگەریش زوو شتێ نەکات، بەدەستی ئەو لەناودەچێ، بەڵام تیۆدلینا نیازی کوشتنی هیتڕۆدۆسی نەبوو، چونکە دەیزانی کردارەکانی ئەو پێچەوانەی ناخ و دەرونیەتی، بۆیە تەنیا یەک ڕێگەچارەی لەبەردەستدا بوو، کە هیتڕۆدۆس لە کۆتوبەندی سوێندەکەی باوکی دەربێنێ و لەو تەنگەتاوییە دەربازی بکات. کەوتە هاندانی هیتڕۆدۆس کە بە شمشێرەکەی بەردەوام هێرش بکات، ئەویش بەهەموو گوڕ و تینی خۆیەوە، شمشێری بەرزکردەوە و ئاراستەی نێوقەدی تیۆدلینا کرد، بەڵام زیرەکانە کشاوە دواوە و لەجێی خۆی بەرزبۆوە، بەهەردو دەستی شمشێرەکەی گرت و کێشای بەوەی هیتڕۆدۆسدا، بەجۆرێ دەنگی پێدا کێشانەکەی چەشنی هەورەبروسکەیەک بوو، گەیشتە گوێی میرغەزەب کە چەندێکیش لێیەوە دوور بوو، ئاوڕی داوە و چاوەکانی دەرپەڕین و هاواریکرد: نا....نابێ شتی وا ڕووبدات.

توڕەتر بوو، بۆ ئەوەی بەزووبی کۆتایی بەو شەڕە بێنێت، هێرشی کردە سەر ئەلفین تا بیکوژێت و ئاستێک بۆ جەنگەکە دابنێ. بارودۆخی شان ڕۆناش باش نەبوو، درندو بەهەموو هێزییەوە پەلاماری دەدا، بەڵام بێگومان بوو کە نابێت ویستی لەبەرامبەر هێزی بندنیا هەرەس بێنێت.

تا ئێوارەی هەمان رۆژ شەڕ درێژەی کێشا و کوژراو و بریندارێکی زۆری لێکەوتەوە، دەشتە پان و بەرینەکە خوێناوی ببوو، هاوکات دەنگی ناڵە و هاواری بریندارەکان دەهات، بەسەدان داڵ بەسەر سەریانەوە دەسوڕانەوە و چاوەڕێی کۆتایی شەڕەکەیان دەکرد، کە هێشتا دیار نەبوو بە کام ئاراستەدا دەروات. بەڵام هێرۆدۆس لەجێی خۆیدا حەپەسابوو، شمشێری دەستی بوو بەدوو لەتەوە، تەماشای پارچە شکاوەکەی کرد، باوەڕی نەبوو بەوەی کە ڕوویدا، ئاگای لە مەیدانی جەنگ و هات و هاواری بریندارانی و کوژراوان نەما، تەماشای تیۆدلینای کرد، بەدەنگێکی دۆستانە پێیگوت:

هێرۆدۆسی کوڕی ئامون، شمشێرەکەت شکا و ئیتر سوێندەکەشت کە بەخوێنی باوکت خواردبوت، لەسەرت هەستا و نەما، تۆ واتگوت تا شمشێرت نەشکێ، دەستبەرداری ئەو بەڵێنە نابیت کە بە میرغەزەبت داوە، ئێستا ئازاد بویت، دڵنیابە نیازم کوشتنت نەبوە، بەڵکو ئارەزوم شکاندنی شمشێرەکەت بووە، چونکە دەزانم و زانیویشمە کە خاوەن ناخێکی ڕووناکیت، بە ژیانی خۆم و هاوەڵەکانم قەرزارت بوم، بۆیە ئێستا ئەو قەرزەم بەو شێوەیە دایتەوە، ئیتر ئارەزوی خۆتە لەم شەڕی مان و نەمانەدا، شمشێری زێڕین هەڵدەبژێری و شان بە شانمان دەجەنگێیت یان ئازادانە و سەربەرزانە گۆڕەپانی شەڕ بەجێدێڵیت.

هەرچەندە شمشێرەکەی شکابوو، بەڵام هەستی بە ئازادییەکی کەموێنە دەکرد کە تا ئەو چرکەیە نەیدەزانی تام و چێژی چییە، وەک ئەوەی تازە لەدایکبوبێ، بارێکی گران لەسەر شانی هەڵگیرا، سەری بەرزکردەوە و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا، زۆر پێویستی بە بیرکردنەوە نەبوو، ئازارەکانی کۆتاییان هات، دەمێ بوو دەیویست لە کۆتوبەندی ئەو سوێندە دەرباز بێ، کە پێیەوە گیرۆدە ببوو، شمشێرەکەی میرغەزەبی فرێدا و لەسەرخۆ شمشێرێکی رەسەنە پاک و فریادرەسەنەکانی وەرگرت وەک ئەوەی ژیانێکی تازەی پێبەخشرابێت، بەزەردەخەنەوە گوتی: شکانی شمشێر کۆتایی بە سوێند هێنا، لەم رۆژە تەنگانەیەدا بە ئارەزوی خۆم تا کۆتایی شەڕەکە لەگەڵتان دەبم و شان بەشانتان دەجەنگێم.

تیۆدلینا بە زەردەخەنە پێشوازی لێکرد، ویستی قسە بکات، بەڵام لەناکاو سی رەشپۆشی چاوسور هێرشیان بردەسەر تیۆدلینا، هێرۆدۆس لەسەر بەڵێنەکەی خۆی ئامبازیان بۆوە و شەڕە سەختەکە دەستی پێکردەوە. ئەو کاتەی دەستیدایە شمشێرەکەی زۆرێ لە شەڕکەرانی سەر بە میرغەزەب، کە لە ژێر فەرماندەیی ئەودابون، بە سەرسوڕمانەوە لێی ڕامان و تا رادەیەکی زۆر خۆیان لە گورزی شمشێرەکەی دوورەدەخستەوە، ئاخر ئەو شەڕکەرانە مێژوویەکیان

لەگەڵیدا هەبوو، نان و نمەکیان پێکەوە بوو، ئاسان نەبوو بەلایانەوە شمشێری لەرووداً بەرزبکەنەوە، توشی دڵەڕاوکێ هاتن، بۆ ماوەیەکی کورت لە جەنگکردن وەستان، ئیدی لە دڵدا بڕیاریاندا ڕووبکەنە لای فەرماندەکەی پێشویان، یەکێکیان بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە تەماشای هاوەڵەکانی کرد و هاواریکرد: شان بە شانی هێرۆدۆس بجەنگن...بەرەو لای هێرۆدۆس هەنگاو بنێن.

لەچاوتروکانێکدا بە سەدان شەڕکەر پشتیانکردە میرغەزەب و ڕووەو دێوەکان شاڵاویان برد، هاوسەنگی بەرەکانی ئاگر تێکچوو، ڕوو لە نشێو شۆڕدەبۆوە، دەرفەت بوو بۆ شاژن ڕۆنا گورزێکی کوشندە ئاراستەی سکی دڕندو کرد پێشئەوەی هەستێتەوە، هەورەبروسکەئاسا گورزەکەی بادایەوە بۆ کەللەسەری و جەستە گەورەکەی کەوتە سەر زەوی.

بارودۆخی ئەلفین لەبەر سەختی برینەکانی نوکی شمشێری میرغەزەب، بەرەو خراپبون دەچوو. بەڵام چونکە هەڵگری شمشێری زێڕین وێنەی دایک و باوکی و بەتایبەت ئیڤای دەهاتەوە پێشچاو، ئێشوئازارەکان و برینەکانی بیردەچۆوە و دوبارە هێز و تاقەتی بۆ دەگەڕایەوە و بە وێستێکی پۆڵاییەوە دەجوڵایەوە، لەبەرئەوە ئەمجارە پێشئەوەی میرغەزەب بتوانێت هیچ گورزێک بوەشێنێت، ئەو کاتەی شمشێری بڵند کردەوە بۆ سەر سەری ئەلفین، شمشێری زێڕینی لە دڵی میرغەزەب

چەقاند، بەشێوەیەک هاواری گەیشتە ئاسمان. میرغەزەب هەوڵی دەدا، نوکە شمشێرێکیش بێت بیگەیەنێتە جەستەی ئەلفین، بەڵام ئەو دەسکی شمشێرەکەی بەهەردو دەست توند گرت، و لە جێی خۆیدا سوڕاندی، ئیدی ئەوە بەس بوو کە میرغەزەب چاوە سورەکانی وەرگەڕێ و لە جێی خۆیدا وشک ببێ، دڵ و هەناوب بڕژێتە بەردەم پێی ئەلفینەوە، هێشتا کەمێ ڕۆحی لەبەردا مابوو، دەیویست شمشێر بوەشێنێت، بۆ سێیەم جار سەری کردە دوو کەرتەوە و بە یەکجاری لەجوڵە کەوت. ئەوجا لێی چوە پێشەوە و دەستیدایە گەردنبەندەکەی ملی، کە هەمان ئەو گەردنبەندە بوو لە ژوری ئیفای دۆزیبۆوە، توند رایکێشا و لێیکردەوە، بەو ئومێدەی لە جێیەکدا سودی هەبێ.

کوژرانی میرغەزەب کەمەرشکێن بوو، بەپەلە هەواڵی کوشتنەکەی لەنێو ڕیزەکانی سوپای ئاگردا بڵاوبۆوە، سێ لە فەرماندەکانی لەشکری ئاگر کەوتنە شوێن هێرۆدۆس و زۆری نەبرد، داڕمانێ گەورە لەشکری ئاگری تەنییەوە، تەنانەت ڕەشپۆشە چاوسورەکانیش بەپەلە مەیدانی جەنگیان جێهێشت، بەرەو کوچە و پەناگە و حەشارگەکانی ئاگر هەڵاتن.

دەنگی شەپیورەکان بەرزبونەوە، زرمەی تەپڵی سەرکەوتن لەهەموو لایەکەوە دەهات، شادییەکی زۆر جەنگاوەرانی شمشێری زێڕینی

گرتبۆوە، تیۆدلینا پێش هەموو کەسێ خۆی گەیاندە لای ئەلڤین، ئەمجارە بە ڕێزەوە لەبەردەمیدا وەستا و سەری بۆ نەوی کرد، بە شانازییەوە پێیگوت: سەرکەوتنی جەنگت لێ پیرۆز بێت پاشاکەم.

ئەلڤین کە تەماشای دەورووبەری خۆی دەکرد، خۆشییەکی لەرادەبەدەر ختووکەی گیانی دەدا، لە تیۆدلینا نزیکبۆوە و توند لەباوەشی گرت و دەمی لە لێوە تەڕ و ئاڵەکانی نزیککردەوە و یەکیان گرت لە ماچێکی گەرمدا: لەتۆش پیرۆز بێ شازنەکەم.

ئەو کاتە شازن ڕۆنا و سەهەند و ڕەسەنە نایابەکان گەیشتنە لایان و جەنگاوەرەکان دووبارە شمشێرەکان بەرز کردەوە و بەخۆشییەوە هاواریانکرد: بژی ئەلڤین یەکەمین پاشای سەرزەمینی حەوتەم.

هەمویان لەبەردەمیدا بەچۆکدا هاتن، ئەلڤین بەپەلە پێیگوتن: هاوڕێیانم، ئازیزانم، تکایە هەستنەوە سەر پێ، سەرکەوتن لەم جەنگە سەربەرزیی هەموتانە، نەک بە تەنیا بۆ من، تکایە هەستنەوە.

هەموو هەستانەوە و ئەلڤین بە نیگەرانیەوە پێیگوتن: لەیادتان نە چێ، هێشتا کاری ئێمە کۆتایی نەهاتوە، هەزاران خەڵک هەیە لە شاری میرغەزەب هێشتا دیل و یەخسیرن و چارەنوسیان نادیارە، بفەرمون با ئێستا بەرەو شار بڕۆین بزانین چییان بەسەر هاتوە.

جەنگاوەرەکان خۆیان ڕێکخستەوە، پێش ڕۆشتنیان ئەلڤین پێیگوتن:

بەڵام تکایە با هەندێکمان بمێنینەوە و پاڵەوانەکانمان بەڕێزەوە بشارینەوە، ئەوانی دیکەش ئاوریان تێبەردەین.

ڕەسەنە نایابەکان لەگەڵ بەشێ لە ڕەسەنی مرۆڤ بۆ شاردانەوەی پاڵەوانەکانیان مانەوە، ئیدی ئەلفین و تیۆدلینا و شاژن ڕۆنا و هاوەڵەکانی بەرەو شاری میرغەزەب بەڕێ کەوتن. بەڵام تا ئەو چرکەساتە و گوزەرکردن بەنێو وشەکاندا و هەڵدانەوەی لاپەرەکانی ئەم ڕۆمانە، کەس ئاگای لە چارەنوسی ئیڤا و هاوڕێکانی نەبوو، نەیاندەزانی کە دوای ئەوەی میرغەزەب دەرگای بندنیای بەسەر ئیڤا و سایەدا داخست و بەدرپندەکانی گوت کە بیانخۆن، چیان بەسەر هات، لەبەرئەوە کاتێک ئەلفین و جەنگاوەران هاتنە نێو شار، شارێ کپ و مات وەک خاکی مردوی بەسەردا کرابێ، نوزەیەک لە هیچ شوێنێکەوە نەدەهات، لەسەر قسەکانی کاژین یەکڕاست بەرەو پەرستگەی تاریک و ڕەشی بندونیاییەکان ڕۆشتن، کە هەموی تێکوپێک درابوو، کاتێکیش بە وردی ئاوڕیان لەدەوروبەری خۆیان دایەوە، تەواوی کۆشک و تەلارەکانی ئەو شارە بەسەریەکدا داڕمابوو، بۆ هەر لایەک دەچون، نە دیلێ نە یەخسیرێ، کەس دیار نەبوو. ڕەسەنە نایابەکان لە یەکێ لە تەلارە گەورەکان کە هێرۆدۆس ناونیشانەکەی پێدابون، تاجی بزربوی هۆڵمان شایان دۆزییەوە، بەڵام بەردە بەهادارەکەی پێوە نەمابوو.

وردە وردە هەریەکە لە تیۆدلینا و ئەلڤین و هامۆند و نۆردمەن توشی بێئومێدی دەهاتن.

شارەکە سیمای چۆڵەوانییەکی وەرگرتبوو، بەڵام راستییەک کە ئەلڤین و هاوەڵەکانی ئاگاداری نەبون، ئەوەبوو کاتێ دەرگا لەسەر سایە و ئیڤا و ئێلندیا و هادریان داخرا، میرغەزەبیش مۆڵەتی بە درندەکانی دا، بیانکەنە ژەمێکی چەوری ئەو رۆژەیان، ترس و مەرگ لەگەڵ یەکتریدا ئاوێتە بوو، بندونیاییەکان چاویان سورتر هەڵگەڕا و لیک بە لادەمیاندا دەهاتە خوارێ، ئیدی چ ئومێدێ نەما بۆ دەربازبون، ئیڤا سەرباری کەمی تەمەنەکەی لەشوێنی خۆی هەستایە سەرپێ و راستەوراست بەرەو بندنیاییەکان هەنگاوی نا، درندەکان واقیان ورمابوو، کە ئەم کچە منداڵە چی وای لێکردوە رووبەڕوویان بێت. خۆشیی و شادی درندەکانی زیاتر هاندا، بەخێرایی بەرەو لای نێچیرە منداڵەکەیان پێ هەڵگرن، چەند هەنگاوێک چون و بەردە شینەکەی گەردنی ئیڤا، بەشێوەیەکی ئەفسوناوی، کەوتە پرشنگدان و تا دەهات رۆشناییەکی زیاتر دەبوو، بەرادەیەک ئەو شوێنە تاریکەی بەتەواوی رووناک کردەوە، درندەکان بەپەلە لەجێی خۆیاندا وەستان و دەستیان گرت بەچاویانەوە، پرشنگەکە بەهێزتر دەبوو، نالەو هاواریان بەرزبۆوە و سەریان لە ئامێزی خۆیان دەنا و لە نێو ئازاردا دەتلانەوە، تاک تاک

دەکەوتنە سەر زەوییەکە، دەرگای زیندانەکان لە یەکتری دەترازان، دیوارەکان شەقیان دەبرد و بەرد بە بەردیان هەڵدەوەری، کۆت و زنجیرەکان لەدەستی زیندانییەکاندا دەپسا. دیمەنێکی سەیر رووی لەو جێیە کردبوو، هەموو شتێ بەرەو وێرانبون دەچوو، زیندانیەکان بە سەرسامییەوە لە یەکتریان دەڕوانی و لە زیندانەکان دەهاتنە دەرێ. ئێلندیا نهێنیەکانی ئەو بەردە شینەی بەباشی دەزانی و لە خۆشیاندا چاوەکانی دەبریسکانەوە و سەیری ئیڤای دەکرد، بەوپەڕی گەشبینیەوە لێیدەروانین و پێیگوتن: رووناکی سەرزەمینی پاشای نور لە تاریکی و بندنیاییەکان رزگاری کردین..ئەوان توانای تەماشاکردنی رووناکی پاشای نوریان نییە..

هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو، لە پشتیانەوە دەرگایەک رووخا و شاری بن شاری میرغەزەب کەوتە لەرزین، خەڵکەکە بەیەکدا دەهاتن و دەچوون، ئیڤا لەسەرخۆ پێیگوتن: بەدوامدا وەرن..

وا هەنگاوی دەنا وەک ئەوەی بزانێ بەرەو کوێ دەڕوات، لەسەر پردی روباری ئاگر پەڕییەوە و هاوەڵەکانیشی شوێن پێی ئەویان هەڵگرت، رزگاربونی خۆیان لەو شوێنەدا دەبینیەوە کە ئیڤا پێیدا گوزەر دەکا. رۆیشتنی سورکە لەگەڵ شوانی شایستە بۆ سەرزەمینەکانی ئیڤلۆرد، بەمەبەستی روخاندنی کۆشکە رەشەکانی ئیڤلۆرد چیرۆک و

بەسەرهاتێکی دیکەیە، هەروەک چۆن رۆشتنی ئیڤا لەگەڵ هاورێکانی و سەدان خەڵکی بێدەسەڵات لەنێو تاریکی بندنیا سەرگوزەشتەیەکی پڕ هەوراز و نشێو و سەیر و سەمەرە و پڕ رووداوە، بەڵام ئەوانە بۆ فیکر و خەیاڵی ئێوە بەجێدەهێڵم، کە شەوقێکی زیاتری پێدەدەم. دواتر بۆ ماوەیەکی زۆر رۆشتن و دواجار سەریان لە ئەشکەوتێکی بناری چیایەکی کەم داروبار دەرهێنا. هەستێکی سەیر گرتی و چاوی بەدەشت و دەرەکەی بەردەم شارەکەی میرغەزەبدا دەگێڕا، لەدوورەوە جەنگاوەرانێکی دەدی بە ئاڵای زێڕینەوە بەرەو ئەوێ بەرێ دەکەوتن، لەبەرخۆیەوە گوتی: باشتر وایە دوای ئەم جەنگاوەرانە بکەوین.

سایە بە سەرسامییەوە گوتی: پێدەچێ مارشی جەنگاوەران بێ وا بەرەو شاری میرغەزەب بەڕێ کەوتون، بەڵام کە رزگارمان بوە، وا باشترە ئەم سەرزەمینە بەجێ بێڵین.

ئێلندیا بە بینینی جەنگاوەرەکان خۆشحاڵ بوو، چاوەکانی لە خۆشیاندا دەبریسکاوە، ئەو ئاگای لە رابردوو و پێشبینیەکان و سەرهەڵدانی جەنگاوەری زێڕین بوو، بەجۆش و خرۆشەوە پێیگوتن: ڕەسەنی مرۆڤ لەگەڵ ڕەسەنە نایابەکان یەکیانگرتوە، پێناچێ ئەمە مارشی شەڕ بێ، بەپێچەوانەوە ئەوە نیشانەی سەرکەوتنە و دیارە شەڕکەرانی میرغەزەب و ئاگر تێکشکاون.

دەنگی کەسانێک لە دوورەوە بۆ ئاسمان بڵندەبۆوە: لاچن...لاچن.
جوڵەیەکی زۆر کەوتە نێو جەنگاوەران و دیار بوو رێگە بۆ کەسانێک چۆڵ دەکەن، کە هەوڵدەدەن بەرەو پێشەوە بێن. ئەڵقین و تیۆدلینا و هەموو پێنج رەسەنە نایابەکە ولیۆمین و پێگەورە و هاورێیان و بۆتین سەریان خوار کردەوە و چاویان وردکردەوە، تیۆدلینا وەک ئەڵقین و هاوەڵەکانی هەستێکی سەیر و سەمەرە گرتنی، لەناکاو نۆردمەن چاوی کەوتە سەر هادریان وەک ئەوەی خەو ببینن، تیۆدلینا تارمایی ئێلندیای دەبینی بەرەو رووی دەهات، هامۆند چاوەکانی دەپرواند بڕوای نەدەکرد ئەوە سایەیە، ئیڤا لەبەر بچکۆلەیی خۆی دیار نەبوو. هەموان بەشادییەوە رووبەڕووی یەکتری دەهاتن و کەس متمانەی بە چاوی خۆی نەمابوو، ئەڵقین هەر چاوی بۆ ئیڤا دەگێڕا، لە پلیکانەکان هاتە خوارەوە و دواجار بینی، خەم و نیگەرانی و ئازار و کوشتن و ماڵوێرانی بەپێچەوانەی ئەو رۆژە بەهارییە رووەو توانەوە چوو، کە سەرزەمینەکانی تێدا ئازاد کرا، تەنانەت گیانلەبەرەکان و باڵندە و پەپوسلێمانکەکانیش لەو سەرزەمینە ئازادانە دەهاتن و دەچون، ئەو رۆژە بەهارییە، رۆژی بەیەککەیشتنی ئازیز و خۆشەویستان بوو، کە هەریەکەیان بە دنیایەک سەرگوزەشتەی هەوراز و نشێودا تێپەڕین، رۆژی هەڵکردنی مۆمێکی تازە بوو لە ژیان.

ئەلفین پێش هەمویان باوەشی پێدا کرد و توند نوساندی بەخۆیەوە، بەدەنگێکی لەرزیوەوە گوتی: برا ئازیزەکەم دواجار هەر منت دۆزییەوە.

-نا ئیڤا گیان تۆ منت دۆزییەوە.

فرمێسک چاوی هەردوکیانی بەرنەدا.تۆردمەن و هامۆندش توند باوەشیان بە خۆشەویستەکەیاندا کردبوو. سایە بە نیگەرانییەوە لە هامۆند دەڕوانی: دەزانی چ راستییەکم لەتۆ شاردبۆوە؟

هامۆند ماچێکی کرد و نەیدەویست بەو قسانە شادییەکەی بشێوێ: نا..تۆ لێم ببورە گیانەکەم، ئێستا کە تۆم دۆزیوەتەوە، ئەوە هەموو دنیای منە، ئەوە هەموو راستییەکە کە من دەیخوازم.

ئێلندیا توند باوەشی بە تیۆدلینادا کرد و لێی دوور نەدەکەوتەوە، دوای چەند هەناسەیەکی قوڵ دەستەکانی گرت و بەوردی تەماشایکرد، فرمێسک رومەتی تیۆدلینای بەرنەدا، بەدەنگێکی پڕ گریان و شادی گوتی: دایەگیان وامزانی بەیەکجاری تۆم لەدەستدا، گوتم ئیتر نایبینمەوە.

بەزەردەخەنەوە وەڵامیدایەوە: کات و ساتێکی سەختمان تێپەڕاند، بەڵام بێهیوا و ئاوات نەبوم.

ئەوجا تیۆدلینا گاڵتەئامێزانە پێیگوت: قسە و ئامانەتەکانتم هەر نەگەیاند.

- دیارە پێویستی نەکردوە، خۆیان راستییەکانیان دۆزیوەتەوە.

ژن رۆنا بەخۆشحاڵییەوە هەمویانی یەک لەدوای یەک لەباوەش گرت. بەختەوەر بوو بە بینینی ئەو خەڵکانە کەوا ئازیزانی خۆیان دۆزیوەتەوە ئیڤا دەستی بۆ گەردنبەندەکەی برد کە پێشتر بە دیاری بۆی هێنابوو ئەم دیاریەکەتە، ئێستا تۆ پێویستت پێیەتی.

بەردە شینەکە لەدەستی ئیڤادا بوو، شاژن رۆنا بە شادمانییەوە بەرەو لای ئەلفین رۆشت و پێیگوت: بەردە بزربوەکەی تاجی هۆڵمان شا، ئێستا لە گەردنی ئیڤادا بووە.

ئێلندیا بۆی سەندەوە: لەدەستی کەسێکی بوێر و پاکدا بووە، رووناکی ئێمە لەو تاریکستانەی بنشار دەرباز کرد.

شاژن رۆنا سەری رەزامەندی بۆ لەقاند: بەدڵنیاییەوە وابوە.

ئەوجا تەماشای ئەلفینی کرد: ئێستا کاتی ئەوە هاتوە تاجی پاشایەتی بخرێتە سەر سەری یەکەم پاشا لە رەسەنی مرۆڤ لە حەوتەمین سەرزەمیندا، وانییە؟

ئەلفین دەستەکانی بەیەکدا دا: کە ئەمە چارەنوس بێ، با وابێت، بەڵام لە سەرزەمینی پیرۆز و بەندەری ئاواتەکان هەموو شتێ لەوێوە دەستی پێکردوە..

شاژن رۆنا بەزوویی گوتی: کە ئەوە خواستی پاشا بێ، هەروا دەبێت.

هەرواشیانکرد و دوای گەڕانەوەیان بۆ سەرزەمینی پیرۆز، ئالای ڕەنگاورەنگی هەموو ڕەسەنەکان لەکەنار ئالای ڕەسەنە نایابەکان بەرز ڕاگیرا.

ڕۆژێکی خۆشی بەهاری بوو، بۆنی گوڵە سەوسەن و گوڵزارەکان هەست و چێژێکی سەرمەستانەی بە خەڵک و هەزاران پەپوسڵێمانکەی سپی دەبەخشی کە لەگەڵ میلۆدی دەنگخۆشی باڵندەکاندا، ئاوازی شادی و بەختەوەرییان دەچڕی، مزگێنی ڕۆژە پڕ ئومێد و هیوا و ئاواتەکانیان دەدا و بۆ ئەمسەر و ئەوسەر دەفڕین.

بارانەکەی شەوی ڕابردوو، بەڕەبەیانێکی مەخمەڵی و تەڕ و سەوز و سیحراوی بەو سەرزەمینە بەخشی، ئەمە سەرەتا بوو، هەروەک یەکەمین ڕۆژی سەرەتا، لە ئاسمانی شین، شەش مانگ و ڕۆژ پێکەوە دەرکەوتن. بەیانیەکی زیوین و بریقەدار لە سەرزەمینی پیرۆز و بەندەری ئاواتەکان هەڵات، ئەستێرە درەوشاوەکان وەک یاقوت لە هەر حەوت ئاسمانەکە ئەفسوناویانەکەدا جریوەیان دەهات، ئەمجارەش دەیانویست شاهێدی ڕۆژەکان و پێشهاتەکان بن، بەشێ بن لە دووبارە لەدایکبونەوەی حەوتەمین سەرزەمین، ئالیکاربن لە ڕێوشوێنی پڕ شکۆی یەکەمین پاشای ڕەسەنی مرۆڤ.

هەر پێنج ڕەسەنە لەوێ بون، پاک و فریادڕەس، دەستڕەنگین و

پێکراوەکان، پیتۆڵ و زاناکان، زیبای دەریاکان، جوان و سەرنجراکێش، شاژن رۆنا و ساراوان و ئالان و ئانابێڵ و هێما و سیدرا و لیۆمین و ئێلندیا. پاشای کۆچەرییەکان و پێگەورە و دووگیانەکان، ڕەسەنی مرۆڤ لەهەموو جۆر و ڕەنگێ، لە بەندەری ئاواتەکانیش سەدان کەشتی کریستاڵیی لەنگەریان خستبوو، وەک ئەوەی ئێتر ڕەسەنە نایابەکان ئەرکی خۆیان بە کۆتا هێنابێ، و بیانەوێ بگەڕێنەوە سەرزەمینی پاشای نور.

لەو پێدەشتە پان و بەرینەدا ئەڵقین بەرامبەر بە شاژن رۆنا بە چۆکدا هاتبوو، ئیڤا بە کراسێکی سپییەوە و تاجێ بەسەر سەریەوە وەستابوو، ناوقەدی بە شاڵێکی سەوز و سور و سپی و زەرد بەستبوو، لەگەڵیشیدا تیۆدلینا و نۆردمەن و هادریان و هامۆند و سایە و لیۆمین و ئێلندیا و هێرۆدۆس و تاڤێن و هەموو ڕەسەن و ڕەنگێک وەستابون، ئەڵقین بە کراسێکی سپی نەخشێنراو و شەروالێکی ڕەش بە نەخشی زێڕین و شانپۆشێکی سور و پشتوێنی زێڕین لەناو قەد بەستبو لەگەڵ جوتێ کەوشی ڕەش. دەنگی دوازدە شەیپور لە ڕەسەنی پاک و فریادرەسەوە بەرزبۆوە، شاژن رۆنا دەستی برد بۆ تاجەکە، کە لەسەر پارچە قوماشێکی سور لەنێو سینیەکی زێڕیندا دانرابوو، بەدەستی کچێکەوە کە لەنزیکیەوە خۆی ئامادەکردبوو، تاجەکە لەسەر سەری

ئەڤین راگرت و پێشنەوەی بە یەکجاری دایبنێ، بەدەنگێکی بەرز گوتی: بەناوی پاشای نور و بە شاهێدی شەش مانگ و رۆژ و ئەستێرە درەخشانەکانی هەر حەوت ئاسمانەکان، بەئامادەبونی هەر پێنج رەسەنە نایابەکان و رەسەنی مرۆڤ لە باکور و باشور و رۆژهەڵات و رۆژاوا، لەخزمەتی هاوەڵ و دۆست و هەڵگرانی پەیامی رووناکیدا، ئەڤینی کوڕی هۆڵماک نەوەی تیۆدۆس میراتگری هۆڵمان شا، ئەم تاجە دەخەمە سەر سەری یەکەمین پاشای حەوتەمین سەرزەمین کە شمشێری زێڕینی بەدەستەوەیە و تەنیا کەسێ دەبێ لە رەسەنی مرۆڤ، کە زمانی باڵندە و گیانلەبەران بزانێ، هەموو رەسەنەکان چ بینراو چ نەبینراو لە خزمەتیدا دەبین، تەمەنێکی درێژ بە خۆی و نەوەکانی دەبەخشرێ.

ئەوجا تاجەکەی لەسەر دانا و گوتی: پاشا هەستەوە سەرپێ.

ئەڤین هەستایە سەرپێ و بەرێزەوە سەری بۆ شاژن رۆنا نەوی کرد، دەستی بۆ ئیڤای خوشکی درێژکرد و تەماشای حەشاماتەکەی کرد و دەستی بۆ بەرزکردنەوە، بە سەدان دەنگی شەپور بۆ ئاسمان بەرزبۆوە، بەردە شینەکەی سەر تاجەکە، بەشێوەیەکی سەرنجراکێش شەوقی دەداوە، ئاماژەی بۆ تیۆدلینا کرد و لەخۆی نزیککردەوە. هەموو خەڵکەکە سەری رێزیان بۆ هێنایە خوارەوە، چونکە پێشتر

ئەلفین پێیگوتبون کە کەس چۆک بۆ کەسیتر دانەدات. لە بەندەرەکەوە کەشتیەکان گەمە ئاگرینەکانیان دەتەقاندەوە و لە حەوادا دەبونە سەدان پارچەی کریستاڵی رەنگاورەنگ و لەهەموو جێیەکەوە دەنگی دەهۆڵ و زورنا دەهات، ئاخر ئەو رۆژە بەهارییە تەنیا بۆنەی بەپاشابونی ئەلفین نەبوو، بەڵکو رۆژی هاوژینیشی بوو لەگەڵ تیۆدلینا. سەرەرای ئەو خۆشی و شادییە نە ئەلفین و نە تیۆدلینا شتێکی گرنگیان لەبیر نەکرد، ئەلفین بەوردی تەماشای دەوروبەری خۆی کرد و بەدەنگێ بڵند: وەرە پێشەوە..

ئاماژەی بۆ پێگەورە کرد کە بەهەموو ژیانی چاوەرێی ئەو رۆژە بوو، هیوا و ئاواتەکانی بێتەدی بە سەرهەڵدانی پاشا یان شاژن. لەسەرخۆ هاتە پێشەوە، هەرچۆن بەڵێنیان پێدابوون، کە بۆ هەریەکەیان بەردێکی سپی و ناوێکی شایستەیان بۆ دابنێن، ئاوهاش بەردە سپیەکان ئامادەکرابوون. ئەلفین بەردە سپیەکانی دایە دەست تیۆدلینا تا هەریەکەیان ناوێکی شایستەی بۆ دابنێ، ئەویش بەزەردەخەنەوە پێشکەشی پێگەورەی کرد:

« لەم کات و ساتەدا ناوت گوڵستانە، ئەم بەردە سپیەشت لەگەڵ سەرزەمینی پادشای دارەکان بە ئاشتی و تەبایی و ئارامیی پێتدەبەخشرێت».

سەکوتێکی زەبەللاحیان هەبوو، بەڵام خاوەن دەرونێکی ڕۆشن و پاک و ڕۆژ بە ڕۆژیش جوانییەکی سەیر بۆ ڕوخسار و دەست و پێیەکانیان دەگەڕاوە، ئەمەش دیاری دەرونی ڕوناکیان بوو، کە ڕوکەشیان وەک ناخیان جوان و ڕوناک بێت. ئەڵقین بەسۆزەوە بەردێکی سپی خستە دەستیەوە و پێیگوت: لەناوی هاوڕێ شایستەتر نابینم، بانگت بکەم، شان بەشانم هاوڕێم بوویت و هاوڕێشم دەبی.

بەردە سپیەکەی وەرگرت: ئەوە شایستەترین ناوە پاشای بەڕێزم، شانازییەکی گەورەیە بۆم تا دواپین ڕۆژەکانی ژیانم شمشێرم بۆ تۆ بجەنگێ.

هەریەکە لە دووگیانەکان وەک پێگەورەکان بەردە سپیەکانیان وەرگرت لەگەڵ ناوە شایستەکاندا هەروەک چۆن بەڵێنیان پێدابون.

ئەو ڕۆژە تەنیا بۆنەی هاوژینی ئەڵقین و تیۆدلینا نەبوو، بەڵکە مزگێنی ئەوەش ڕاگەیەنرا کە ڕۆژەکانیتر یەک بەدوای یەکدا ئاهەنگی شادی بۆ هاوژینی نێوان هێرۆدۆس و تاڤێن، هامۆند و سایە، لیۆمین و ئێلندیا، ساویلک و کاژین دەکرێ. ئێوارەی هەمان ڕۆژ شاژن ڕۆنا چاوەڕێی کرد، تا خۆر بەرەو ئاوابون ملی نا، ئەوجا هەستایە سەر پێ و گوتی: کاتی ڕۆشتنە.

بەزەردەخەنەوە تەماشایکردن و گوتی: پاشایەتی حەوتەمین

پێگەورە توند بەردەکەی لەنێو لەپیدا گوشی، فرمێسکی شادی چاوی تەرکرد، وردە وردە تیشکی بریقەدار لەدەوروبەری جەستەی دەسوڕانەوە و لەبەرچاوی حەشاماتەکە بەرزبۆوە بۆ ئاسمان، تەونێکی سپی لە دەوری سوڕاوە و تا وەک تۆپێکی خڕی لێهات، سەراپای جەستەی تەنییەوە و لەجێی خۆی بڵندبۆوە، لەناکاو تەونە رۆشناییەکە تەقییەوە و لەناوەندیدا کچێکی گەنجی جوان و ناسک هاتە پێشچاوان، دووبارە لە شانیەکانیەوە ڕووابون و هەڵدەفڕی. ئەوە پێگەورە بوو لە ژیان و روخسارێکی نوێدا، ئارام ئارام دوو سێ جار بەسەریاندا هەڵفڕی، ئەوجا لەبەردەم ئەلڤین و تیۆدلینادا پێکانی خستە سەرزەوی، موعجیزەیەک بوو کە چۆن پێگەورە بۆ کیژۆڵەیەکی جوان و سەرنجراکێش گۆڕا. بەدەنگێ ناسک گوتی: سوپاس پاشا، سوپاس شاژن، بۆ رزگارکردنتان.

تیۆدلینا هێشتا هەندێ قسەی پێگەورەی لەبیر مابوو، پێیگوت: لەبیرت دێ، کە ئەنگوستیلە و گوارەت چەندە خۆشدەویست، بێئەوەی بزانی بۆچی حەزیان لێدەکەیت، لەپەنجەت دەکردن و لەگوێت هەڵدەواسین، دیارە دەتزانی دەبیتە شۆخ و شەنگێکی سەرنجراکێش، ئێستاش چۆن ئارەزوو دەکەی، وا بکە.

ئەلڤین هاوڕێ‌ی بانگ کرد، کە دێوە دووگیانەکان بون، سەر و

سەرزەمینت لێ پیرۆز بێ، ئەرک و کارەکانی ئێمە لێرەدا کۆتایی هات، بەڵام ئەرک و کاری تۆ لێرەوە دەست پێدەکات، ئەو سەرزەمینە بۆ تۆ جێدێڵین و رەسەنە نایابەکانیش ئارەزووی خۆیانە چ دەمێننەوە یان دێن.

ئەڵقین بەرێزەوە: لە تەنگانەترین کات و ساتی رەسەنی مرۆڤدا بەهانامانەوە هاتوون، هەر کاتێ بانگمان بکەن، بە شمشێرەوە شان بە شانتان دەجەنگین.

تیۆدلینای لەباوەش گرت و بەچاوێکی پڕ فرمێسکەوە: جێگەی شانازی من و بابتیت، بمێنی بەخۆشی و بەختەوەری، ئەمە دابڕان نییە، بەڵکو سەرەتایەکی نوێیە کە هێشتا پێی ئاشنا نیت و ون نەبووە.

- بەئاسوودەیی و ئارامیەوە بگەڕێوە سەرزەمینەکانی پاشای نور.

تەماشای ئێلندیای کرد، بەزەردەخەنەوە لە شاژن رۆنا نزیکبۆوە: شاژن گەر رێگەم بدەی لەگەڵ لیۆمین دەمێنمەوە، پێکەوە دەچینە ئەو شوێنەی رۆژێک لە رۆژان پێیدەگوترا»سەرزەمینی لەخۆونبووەکان».

-پیرۆز بێ، سەرلێشێواو و بزربوو بون، بەڵام هەمیشە رووناکی لەناختان خامۆش نەبوە، بۆیە ناوی سەرهەڵدان بە سەرزەمینەکانی ئێوە دەبەخشرێ.

شاژن لەگەڵ سەدان لە هاوڕەسەنەکانی بەرەو کەشتیە کریستاڵیەکان

بەرێ کەوتن، سواربون و وردە وردە کەشتیەکان چارۆگەکانیان دادایەوە و بەرەو سەرزەمینەکانی پاشای نور کشان. هەموو تەماشایان دەکردن و دەستیان بۆ بەرزدەکردنەوە. زیبای دەریاکان بریاریاندا لەگەڵ شاژن ئەنابێل بۆ دەریا و قولایی زەریاکان بگەڕێنەوە، دەستڕەنگینەکانیش بریاریاندا خۆیان لەپێشچاوان بزر بکەن و لەدنیای غەیبدا بن، تا ئەو کاتەی پاشا یان پاشایەکیتر بە شمشێرێکی زێڕینەوە بانگیان دەکەن. بەڵام زۆرێ لە رەسەنە نایابەکان لەگەڵ ئەوەدابون، شان بەشانی رەسەنی مرۆڤ بەتایبەت لە سەرزەمینەکانی باکور بمێننەوە، ئەم بریارە جێی خۆشحاڵی ئەلفین و تیۆدلینا بوو، وەک وەفایەک بۆ زازاک پاشا، بۆ پاشایەتی سەرزەمینە دوورەکانی کیسەڵە کۆچەرییەکان دەستینشانکرا.

لە سەرتاسەری سەرزەمینەکان کۆشکەکانی رووناکی بونیاتنرا، رێگە بە هیچ رەسەن و کەسێک نەدرا، پەرستگە دروست بکات و لەنێو چوار دیواردا زیندانی بکا، بەڵکو وەک یەکەمین سەرەتا نێوان ئاسمانی شین و ئەستێرەکان، باوەشی سروشت، بۆ پەرستگە دەستنیشان کرا.

ئەلفین بە سۆزەوە لە چاوە سەوزەکانی تیۆدلینای روانی و بەچپەوە پێیگوت: هەرچەندە سەرزەمینەکانی ئیڤلۆرد و شەپۆلی گڕەکان بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێن، بەڵام قەڵای ئیڤلۆرد لەجێی خۆیدا ماوە،

سەرەتایەکی نوێ بۆ رەسەنی مرۆڤ دەست پێدەکا، کە رەنگە ئێستا بە تێپەڕبونی کات سەرەتا ونبوەکە ببێتە یادەوەرییەک، بۆ هەندێکمان پەند و وانە بێ، بۆ هەندێکیشمان جێی بیرکردنەوە بێ، کە چۆن سەرەتا ونبوەکەمان تێپەڕاند و ئەم تەلارە رووناکیانەی ئێستامان بونیاتنا.

پێکەوە لە ئاسۆیەکی دووریان دەڕوانی، تیۆدلینا سەری نا بە سنگیەوە و گوتی: گەر بەوردی سەرنجی قەلا وێرانە بەجێماوەکەی ئیڤلۆرد بدەن، تێدەگەن کە دەبێ بە ڕێزەوە بەسەر ئەم سەرزەمینەدا بڕۆن و فوو لە چرای نێو ئەم تەلارە ڕۆشنە نەکەن...

لەوێ...لە سەرزەمینە دوور و یاخیبووەکان، هۆڵمانی گەورە جەنگاوەر، شان بە شانی نوورپادشا لە ترسناکترین ساتەوەختی خۆی و دوایەمین هەناسە و گورزی خوێناوی نێو گۆڕەپانی جەنگی یەکلاکارانەی روونا کی، تێکشکانی بە هێزەکانی تاریکی نۆشی ...حەوتەمین سەرزەمینی بێ تاج وەک دیاریبەکی بێهاوتا بەرامبەر لێهاتوویەکەی هاوتا کرا. بەڵام جەنگاوەرێك لە ئاگر بە ناوی ( ئێقڵۆرد) بێئارامی بڕستی لێبری و ئاهەنگی سەرکەوتنی شێواند... سەرزەمینەکانی بە ئاقاری سەرەتایەکی وندا برد، ئیتر لەوێوە ڕووداو و بەسەرهاتەکانی مرۆڤ و پێنج ڕەسەنەنایابەکان لە تاریکترین سەردەمدا بە ئومیدی هەڵکردنی مەشخەڵێك لە ئاسۆوە دەست پێدەکات...